

# لە قووڵایی سیاسەتدا

ENDÊŞE
ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئەندێشە

ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە

بەڕێوەبەری گشتیی ناوەند: هەژار مەجید

بەڕێوەبەری چاپ و بڵاوکردنەوە: سیروان مەحمود

بەڕێوەبەری هونەری: باسم ڕەسام

ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە - ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئەندێشە


سلێمانی - شەقامی مەولەوی - تەلاری بازرگانیی سیروانی نوێ - نهۆمی چوارەم

http://www.endeshe.org

andesha.library@yahoo.com ● andesha@outlook.com

http://www.facebook.com/Andeshalib

07501026400



# لە قووڵاییی سیاسەتدا

بورهان یاسین

ENDÊSE
ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

**زنجیرەکتێبی فیکر و ئەدەب**

**سەرپەرشتیاری زنجیرە**
**سیروان مەحمود**

ناوی کتێب: لە قووڵاییی سیاسەتدا
ناوی نووسەر: د. بورهان ا. یاسین
بابەت: کۆمەڵێک دیمانە و لێکۆڵینەوە
دیزاینی تێکست: دانا حەسەن
نۆبەتی چاپ: یەکەم ٢٠١٦
چاپخانە: تاران
تیراژ: (١٠٠٠) دانە
نرخ: (١٢٠٠٠) دینار
ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە (١٠٩٧)ـی ساڵی (٢٠١٦)ـی پێ دراوە.

مافی ئەم کتێبە پارێزراوە©
بەبێ ڕەزامەندیی ئەندێشە، هیچ لایەنێک ڕێگەپێدراو نییە بۆ لەبەرگرتنەوەی ئەم کتێبە، جا گەر بە شێوەی ئەلکترۆنی، کاغەزی، وێنەیی، دەنگی، یان هەر شێوازێکی تری لەبەرگرتنەوە بێت.

پێشکەشە بە

سۆلینەی کچم

# ناوەڕۆک


پێشەکی ........................................................................ ١
ڕاپەڕین سەر کەوت، با نەهێڵین دەستکەوتەکانی بەفیڕۆ بڕۆن .. ٧
گوتاری سیاسیی ڕەسمیی باشووری کوردستان هێشتا دیلی "ئۆتۆنۆمیزم"ە ........................................................................ ١٧
ئۆتۆنۆمیزم ڕێگرێکی جیددی بووە لە بەردەم بەنێودەوڵەتیبوونی کێشەی کورد ...................................... ٤٣
هاوپەیمانیی سیاسیی یەکێتی و پارتی ترسناکترین گەندەڵیی سیاسییە ........................................................................ ٥٩
دیپلۆماسی دوو هێڵی هاوتەریب بۆ نزیکبوونەوە لە کێشەی کەرکوک ........................................................................ ٧١
ترس و تۆقاندن و هەڵبژاردن ........................................................ ٨٣
نانبڕین لووتکەی فاشیزمە ........................................................ ١٠٣
کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق: ئەگەر و دەرفەت ... ١١٩
کورد لە پەراوێزی ڕێککەوتنی ستراتیژیی درێژخایەنی ئەمەریکا و عێراقدا........................................................................ ١٣٧
باشووری کوردستان دوای ٢٠٠٩/٧/٢٥: ئەرزهەژی سیاسی و ئەگەرەکان بە ڕووی داهاتوودا ........................................ ١٥٥
ناسیۆنالیزم وەک ئایدیۆلۆژیا دەبێتە جۆرێک لە دین، لە هەندێک حاڵەتیشدا، کتومت دەبێتە جێگرەوەی ................................ ٢٠٣
هەڵبژاردنەکانی عێراق ٢٠١٠ و هەندێک پرسی دیکە .......... ٢٢٥

مەبەستی دەسەڵات، کۆتوبەندکردن و سنووردارکردنێکی ترسناکی مافی خۆپیشاندانە ........................................... ٢٦١
گۆڕان لەنێوان فشاری شەقام و دەسەڵاتێکی داخراودا ...... ٢٧٣
ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باشووری کوردستان: بیست ساڵ دواتر ........................................................................... ٢٨٥
دەسەڵاتی کوردی: سووڕانەوە لە بازنەی گێژاو و بێئاڕاستەییدا دەربارەی دەوڵەتی سەربەخۆ ................................................ ٣٤١
کاتێک سیاسەت ئاڕاستە ڕاست و دروستەکانی لە دەست دەدات ......................................................................... ٣٨١
پارتی و سەرۆکەکەی هەست بە مەترسیی لەدەستدانی پێگەی سەرۆکایەتیی هەرێم دەکەن ................................................... ٣٩٧
هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩ ڕوانگەی هاوسەنگیی هێزیان لەنێوان یەکێتی و پارتیدا لە بنچینەوە هەڵتەکاند و گۆڕی ................ ٤١٩
گۆڕان هێزێکی سیاسیی ئۆپۆزسیۆنی جیاواز موتەمەیزە و بگرە ئەلتەرنەتیڤێکی جیددیشە بۆ دەسەڵات ......................... ٤٤٧
دەربارەی "کۆنگرەی نەتەوەییی کورد" ................................. ٤٦٧
هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٣/٩/٢١ و دامەزراندنی حکومەتی داهاتوو.... ٤٩١
کوردستان لە ڕووبەڕووبوونەوەی داعشدا: ڕووداو و ئەگەرە فرەڕەهەندەکان .................................................................. ٥١٧
کۆماری کوردستان لە سیاق (context)ی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا ....................................................................... ٥٧٧
جیاوازیی پێشکەوتنی ئابووری-کۆمەڵایەتی لەنێوان باکووری کوردستان و تورکیا و کێشەی کورد ................................... ٦٢٧
گەڕانەوە لە لێواری کاریسەیەکی گەورە! .............................. ٦٤٣

پاشکۆکان

١– ناسیۆنالیزمی کوردی لەنێوان بەهاکانی سەردەم و قەتیسبوون لە کۆنەپەرستیدا: کوشتنی دوعا(کان) وەکوو کێشە ............ ٦٥٧
٢– قسەیەک لەسەر قسەیەکی درەنگکەوتوو: نامەیەکی کراوە بۆ فەلەکەدین کاکەیی ............................................................. ٦٦٥
٣– تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان تیرۆرکردنی نەتەوەیەکە لە بوونیدا و تراژیدیاکەش هیی هەمووانە ............................ ٦٨١
٤– نامەیەکی کراوە بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان، مەسعود بارزانی ............................................................................ ٦٨٩
٥– ئاگاداری و ڕوونکردنەوە بۆ ڕای گشتی دەربارەی ”کۆنگرەی نەتەوەییی کورد“ .................................................. ٧٠٥
٦– تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس کاوە گەرمیانی، نیشانەی پرسیارە لەسەر شانازییەکانی دوێنێی دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان ......................................................................... ٧١٥
٧– دواجار گۆمە سیاسییەکەی باشووری کوردستان شڵەقا: ڕاگەیاندراوێک دەربارەی کاندیدبوونم! ................................ ٧٢١

# پێشەکی

دوای بڵاوبوونەوەی پەرتوکێکی پێشووترم، بە ناوی *عێراقی دوای سەدام و چارەنووسی باشووری کوردستان* لە ساڵی ٢٠٠٨دا، بە پێویستم زانی هەموو ئەو بابەت و دیمانە ڕۆژنامەوانییانەی لەدوای ئەو مێژووەوە بڵاو بوونەتەوە، لە دووتوێی ئەم پەرتووکەی بەردەستدا بڵاو بکەمەوە.

بۆ کارئاسانی و بەرچاوڕوونیی خوێنەر، پێویستە ئەم تێبینییانەی خوارەوە بخەمە ڕوو، کە دەکرێ یاریدەدەر بن لە کاتی خوێندنەوەی بابەتەکاندا:

١- بابەتەکان لەم کتێبەدا بەپێی مێژووی بڵاوبوونەوەیان ڕێک خراون، ئەوەش بەتایبەتی لەبەر ئەوەی لە کاتی خوێندنەوەی دیمانە و وتارەکان، خوێنەر هەست بکات ڕووداوەکان بە شێوەیەکی سروشتی بە تەرتیبێکی زەمەنی بەدوای یەکتردا هاتوون.

٢- هەندێک جار هەست دەکرێت هەمان بابەت لە زیاتر لە یەک دیمانە یا وتار ئاماژەیان پێ کراوە و جەختیان لەسەر کراوەتەوە، لەبەر ئەوە لەوانەیە خوێنەر هەست بە دووبارەبوونەوەیەکی ناپێویست بکات. لە لایەکی ترەوە بۆ پاراستنی ئەمانەتی دەقەکان، چ دیمانە یا وتار، هەوڵم نەداوە

دووبارەکان لا بەرم. جگە لەوەش، دووبارەبوونەوەی هەندێ بابەتی گرنگ دەکرێ وەک *جەختکردنەوە** تەماشا بکرێ تا دووبارەبوونەوەیەکی ناپێویست.

٣- نووسەر هەوڵی داوە بە هیچ شێوەیەک دەستکاریی دەقەکان نەکات، تەنها لە ڕووی ڕاستکردنەوەی هەندێ وشە و هەڵەچنی نەبێت، یا لە حاڵەتی زۆر کەمدا ڕێکخستنەوەی هەندێک وشە لە سیاقی ڕستەدا. بە هەرحاڵ، بە هەموو شێوەیەک ناوەڕۆک بە هەموو وردەکارییەکانیەوە پارێزراوە.

٤- دەکرێ گرنگترین تێبینی ئەوە بێت، کە دیمانە و بابەتەکان زۆربەیان پەیوەندییان بە ئەو ڕووداوانەوە هەیە، کە لە کاتی ڕوودانیاندا نووسراون یا بە ئەنجام گەیشتوون. لەبەر ئەوە پێویستە خوێنەر زۆر ئاگاداری *بەرواری* بڵاوبوونەوەی وتار یا دیمانە بێت لە کاتی خوێندنەوەیاندا.

٥- پرسیارێکی گرنگ دەکرێ خوێنەر بیکات ئەوەیە، ئایا بۆ گرنگە بابەتێک کە پێشتر بڵاو بووەتەوە، ئێستا جارێکی تر بڵاو بکرێتەوە؟ لە وەڵامدا دەکرێ بڵێین، هەر نەبێ سێ هۆی گرنگ هەن بۆ ئەوە: ١- زۆرێک لەو وتار و دیمانانە لە کاتی بڵاوبوونەوەیاندا دەستکەوتنی لەلایەن خوێنەر زۆر سنووردار بووە. بەم مانایەش بڵاوبوونەوەیان جارێکی تر دەرفەتێکە بۆ ئەوەی بابەتەکان بکەونە بەردەستی زۆرترین ژمارە لە خوێنەر. ٢- هەندێک لە بابەتەکان گرنگیی تیۆری و مێژووییيان هەیە، بەمەش قسەکردن دەربارەیان تەنها پەیوەستی کاتێک و ڕووداوێکی دیاریکراو و کۆتاییپێهاتوو نییە،

---

* هەموو *خواربوونەوەکان* (italic) و **تۆخکردنەکان** (bold) وەک جەختکردنەوە بەکار هێنراون.

بەڵکوو زەمەن بە ڕوویاندا کراوەیە. ٣- هەندێک لە بابەت و دیمانەکان بۆ ڕووداوێکی زۆر دیاریکراو نووسراون، لە هەمان کاتدا پێشبینیشیان تیادا کراوە ڕوو بە داهاتوو، واتە هەندێک سیناریۆیان تیادا وێنا کراوە.

ئەمڕۆ ساڵانێک دوای بڵاوبوونەوەیان، خوێنەر دەرفەتی ئەوەی دەبێ بپرسێ، کە ئایا ئەمڕۆ ساڵانێک دوای ڕووداوەکان و قسەکردن لەسەریان، دەکرێ چ دەرەنجامێکی تر لە بابەتەکان هەڵێنجین لە کاتی خوێندنەوەیان لە زەمەنێکی تری و مەرجی مێژوویی و سیاسیی تردا، بەتایبەتی ماوەیەک دوای ڕووداوەکان.

٦- هۆیەکی تر بۆ بڵاوکردنەوەی دیمانە و وتارەکان وەک خۆیان ئەوەیە، نووسەر بە خوێنەر بڵێ قسە و باسەکان، لە سیاقی مێژوویی و سیاسیدا، گوزارشت لە جیهانبینی و میتۆدێکی زانستیی دیاریکراو دەکەن و خوێنەر لە خوێندنەوەی کۆی بابەتەکان دەتوانێ خۆی بگات بە هەندێک دەرەنجام.

٧- لە کۆتاییی ئەم پەرتووکەی بەردەستدا کۆمەڵێک هاوپێچ بەرچاو دەکەون، کە دووانیان نامەی نووسەرن بۆ دوو کەسایەتیی سیاسی. گرنگیی نامەکان لەوەدایە، کە نووسەر بۆ جارێکیش پەنای نەبردۆتە بەر نامەی نهێنی بۆ بەرپرسان، بەڵکوو بە پێچەوانەوە هەر لە کاتی ناردنیاندا بە شێوەیەکی کراوە لە میدیاکاندا بڵاوم کردوونەتەوە. دوو مەبەستی سەرەکییش لەپشت ئەم میتۆدەی کارکردنەوەن: ١- خوێنەر بەشداریی پێ بکرێت لە ناوەڕۆکی نامە، واتە نامەکە لە هەمان کاتدا بۆ ئەو کەسایەتییەیە کە مەبەستی نامەکەیە، بەڵام وەک ئەوەشە نامەکە بۆ هەموو خوێنەرێکیش نووسرابێت. ٢- خوێنەر ببێ بە گەواهیدەر بۆ حاڵەتێک، ئەویش ئەوەیە کە زۆربەی

جار نامەکان بەبێ وەڵام ماونەتەوە و لەم حاڵەتەشدا خوێنەر دەرفەتی هەیە ببێ بە گەواهیدەری ڕووداوەکان و خوێندنەوەی ئەو نامانەی ڕووداوەکان پەیوەندیدار دەکەن.

هەر لە سەرەتای ١٩٩٠ەکانەوە، لە ڕێگەی نووسین و ئاخافتن، متمانەیەک لەنێوان ژمارەیەکی زۆر خوێنەر لە لایەک و نووسەری ئەم پەرتووکە لە لایەکی ترەوە، دروست بووە. لە هەمان کاتدا هەر زوو چاوەڕوانییەکیش دروست بووە، کە لەوێدا خوێنەر چاوەڕوانی ئەوەیە نووسەر ئەو متمانەیە بپارێزێ، هەروەها لە ئاستی چاوەڕوانییەکاندا بێت. ئەم پەرتووکەی بەردەستت، دەتوانێ لەم بارەیەوە وەڵامدەرەوەیەک بێت و لە ڕێگەشیەوە خوێنەری هێژا دەرفەتی هەیە نووسەر *تاقی بکاتەوە*. دواجار نووسین و ئاخافتن *بەرپرسیارێتییەکی گەورەیە*، متمانەش *ئەمانەتێکی پڕ بەهای* خوێنەرە لای نووسەر. ئەم ئەمانەتە دەبێ و پێویستە وەک گلێنەی چاو بپارێزرێت، تەراتێنپێکردنیشی گوناهێکی نەبووردراوە!

بەشێکی تر لە هاوپێچ، هەندێک هەڵوێستی نووسەرن لەمەڕ چەند ڕووداوێکی گرنگ، کە ناکرێ مرۆڤ لە ڕوویاندا بێهەڵوێست و بێدەنگ بێت. سروشتی ئەم ڕووداوانەش ئەوەیە، چەند ڕەهەندێکی گرنگ لەخۆ دەگرن، لەبەر ئەوە خودی هەڵوێستەکەش فرەڕەهەندە. بڵاوکردنەوەیان نەک هەر هەڵوێستی دوێنێی نووسەر پشتڕاست دەکاتەوە، بەڵکوو ئەمڕۆ و سبەینێش ئەم هەڵوێستە بەردەوامیی دەبێت و پارێزراو دەبێت. ئەمەش پەیامە سەرەکییەکەیە.

لە کۆتاییدا سوپاسێکی گەرم بۆ برایان کاک فازڵ نەجیب و کاک سامان سەدیق محەمەد، کە ڕۆڵی سەرەکییان هەبووە

لە فەراهەمکردنی هەڵەچنیی ئەم بەرهەمەی بەردەستت، بەڵام دواجار خۆم بەرپرسم لە هەر هەڵەیەک، لە بەرهەمەکەدا هاتبێت.

لە کۆتاییدا سوپاسێکی گەرم بۆ برای ئازیزم ئیبراهیم أ. یاسین بۆ هاوکاریی بێسنووری لە کۆکردنەوەی بابەتەکان و دانانیان لە ماڵپەڕی تاکەکەسیم و دواتریش یارمەتیدان لە پرۆسەی کۆکردنەوەی بابەتەکان لەم بەرهەمەی بەردەستتدا.

بورهان أ. یاسین،
هەولێر، پاییزی ٢٠١٥

# ڕاپەڕین سەر کەوت،
# با نەهێڵین دەستکەوتەکانی بەفیڕۆ بڕۆن

**دیمانەی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ،**
**ژمارە ٤٥٢٠، ٢٠٠٨/٣/١٣**

**سازدانی سکرتێری نووسین**

وەک زۆر پسپۆڕی تری بواری سیاسی و دیپلۆماسی (د.بورهان یاسین)ی لێکۆڵەر و شارەزا لە کێشەی سیاسیی کورد و مامۆستای زانکۆی لوندی سویدی، پێی وایە سەردانەکەی مام جەلال سەرۆککۆماری عێراق بۆ تورکیا لە کاتێکی لەبار و گونجاودا بووە. ئەو ڕای وایە پێشنیارکردن بۆ تورکەکان، کە گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بکەن، لە جێی خۆیدا بووە و ناکرێ لەوە کەمتر لە مام جەلال چاوەڕوان بکرێت. بەلاشیەوە گرنگە لە ئاستی دیپلۆماسیدا، ئەمەریکا پشتیوانی لەو پێشنیارە بکات، پەکەکەش لەوە وریا دەکاتەوە، لەدوای ئەو ڕووداوانەوە ڕوو لە غرور نەکا و باش لەو حیکمەتەی وینستن چرچل نزیک ببێتەوە کە دەڵێ، "لە گەرمەی شەڕدا بیر لە ئاشتی بکەرەوە و لە لووتکەی سەرکەوتنیشدا دان

بە خۆتدا بنێ.“ ئەمە و چەندین بۆچوونی تری سەرنجڕاکێش لەم گفتوگۆیەدا دەبینین.

کوردستانی نوێ: بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی (سی ئێن ئێن–ی تورکی) یەکێک لە ڕاسپاردەکانی مام جەلال بۆ تورکەکان، لە سەفەری ئەم دواییەی بۆ تورکیا، کردنەوەی دەزگایەکی دیالۆگ بووە لەنێوان ئەنکەرە و هەولێر... بە ڕای ئێوە ئەگەری ئەوە هەیە ئەم جارەیان تورکیا گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا قبوڵ بکات؟ ئایا ئەگەر حکومەتی ئەنکەرە قبوڵیشی بکات، سوپا و هێزە نەتەوەییەکانی تورکیا نابنە ڕێگر و کێشە؟

ب. یاسین: پێشەکی سەردانەکەی سەرۆککۆماری عێراق بۆ تورکیا هەر وا ڕووداوێکی سادە نەبوو. هەر نەبێ لە ئاستی عێراق و باشووری کوردستاندا هەندێ گفتوگۆ و بۆچوونی دژی یەکتری دروست کرد. هەر نەبێ ئەو سەردانە لە کاتێکدا هات، کە قەیرانی نێوان کورد و تورکیا تەنها چەند ڕۆژێکی کەم بوو لە لووتکەی قەیرانێکی جیددی گەڕابوویەوە. لەم کاتانەدا هۆکارە دەروونییەکان و هەست و نەست و سیاسەت لە ئاستە هەرە جیددی و هەستیارەکانیدا بەچڕی تێکەڵاو بە یەکتری دەبن، بە ڕادەیەک، کە ئاسان نییە کاردانەوەکان لەو ئاستانەدا لە یەکتر جیا بکرێنەوە. لە ڕاستیدا هێشتا لایەنەکان لەژێر کاریگەریی قووڵی دەروونیی قەیرانەکەدان. ئەوەشی لەم حاڵەتەدا کەسی سیاسی لە خەڵکی تر جیا دەکاتەوە ئەوەیە، کە سیاسی لە قووڵاییی قەیراندا *دەرفەت دەبینێ* و هەمیشە بۆ ئەو، هەر نەبێ نیوەی قەیران، دەرفەت و کرانەوەیە.

بەم مانایەش هەرچەندە لە ماوەیەکی درێژدا پەیوەندییەکانی کورد لە باشوور لە لایەک و تورکیا لە لایەکی ترەوە، ئەو ڕادە جیددییەی لە قەیران بە خۆوە نەدیوە وەکوو ئەوەی ماوەی دوایی، بەڵام لە لایەکی ترەوە، ئەم قەیرانە خزمەتی کوردی کرد، هەر نەبێ بەو مانایەی یارمەتیی هەندێک لە لایەنە پەیوەندیدارەکانی دا، کە شتەکان بە شێوەیەکی تر ببینن. بە باوەڕی خۆم، لە مەودایەکی درێژخایەندا ئەم قەیرانە خزمەتی ئاراستەی بە ئاشتییانە-چارەسەرکردنی کێشەی نەک هەر پەکەکەی کرد، بەڵکوو خزمەتی بەو باوەڕ و قەناعەتەش کرد، کە کێشەی کورد بە شەڕ و زەبروزەنگ چارەسەر ناکرێ. هەر لێرەشەوە لەو باوەڕەدام، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، لەناویشیان، ئەگەر نەڵێین لەپێشەوەیان ئەمەریکا و یەکێتیی ئەورووپا، بە شێوەیەک یا شێوەیەکی تر ئەو باوەڕەیان زیاتر لە جارێک لە کاتی قەیراندا دەر بڕی.

من باوەڕم وایە، بە پێچەوانەی هەندێ بۆچوون، کاتی سەردانەکە بەگشتی لەبار بوو، بەڵام ئەوەی سەرۆککۆمار کردوویەتی و وتوویەتی لەم سەفەرەدا، جێگەی گفتوگۆ و دژایەتیدروستکردنە. بە پێشنیاریش کە وا باشە ئەنکەرە لەگەڵ هەولێردا بکەوێتە دیالۆگ، جێگەی خۆیەتی و لەوە کەمتر ناکرێ لە مام جەلال چاوەڕوان بکرێ. لە ڕاستیدا کەمتر لەوە لە کارێکی ئەوهادا مام جەلال بەتەواوەتی لە سەرکردە و کەسایەتیی کورد دەکا بە سەرکردەیەکی عێراقی بە کەمترین ڕادەی پەیوەندی و گرنگیی بە کێشەی کوردەوە و نزیکتر لە بۆچوونی عەرەبی تا کوردی. ئەوەشی لە لایەکی ترەوە گرنگە، نەک هەر پێشنیارەکەیە، بەڵکوو هەر نەبێ دوو ڕەهەندی تری

سیاسی و دیپلۆماسیش زۆر گرنگن:
١- لە ئاستی ئیقلیمی و کوردستانیدا، بۆ ئەوەی پێشنیارەکەی مام جەلال شتێکی پۆزەتیڤیی بۆ کورد لێ بکەوێتەوە، پێویستە لەم ئاستە سیاسییەدا ئەوپەڕی یەکڕیزیی کوردی لە ئاستی هەرێم هەبێت. لەم لەیەکترگەیشتنە و خەملاندنی ستراتیژی سیاسی لەم ئاراستەیەدا، هەر نەبێ پێویستی بە یەکهەڵوێستیی سێ ڕەمز هەیە: سەرۆککۆمار، کە سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانە، سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.
٢- لە ئاستی دیپلۆماسیشدا زۆر گرنگە لایەنی ئەمەریکی هەر زوو پاڵپشتی ئەو پێشنیارە بێت.

بەبێ ئەو دوو خاڵە و بەم مانایە، سەرنەکەوتن و بێ کاریگەری ئەو پێشنیارەی سەرۆککۆمار نەک هەر لە ئاستە تورکییەکەیدا، کە هەڵبەتە ئەو ئەگەرە جیددییە، بەڵکوو لەوانەیە لە ئاستی کوردیشدا ئەو هەنگاوە بەرەو پێش نەچێ و قەتیس ببێ. هەڵبەتە لەو بارەیەوە نابێ ڕۆڵی بەغداد هەر وا بە گرنگ نەگیرێ و کورد تەنها لە چاویلکەی برایەتی و باوەڕبوون بە بەغداد، ئەو ڕۆڵە هەڵبسەنگێنێ. بە مانایەکی زۆر ئاشکراتر، من باوەڕم وایە بەغداد، یا ڕاستتر بڵێم بەغدادی عەرەبی، حەز ناکات گفتوگۆی ڕاستەوخۆ لەنێوان ئەنکەرە و هەولێر دەست پێ بکات. نەک هەر ئەوە، بەڵکوو هەر نەبێ بەشێک لە بەرپرس و هێزە عەرەبییەکانی بەغداد حەزیش دەکەن هەولێر واتە کورد لە باشوور، لەنێوان فشاری بەغداد و ئەنکەرەدا تەنگی پێ هەڵبچنرێ و پەراوێزە سیاسی و دیپلۆماسییەکانی تەسک ببنەوە.

دەربارەی ئەم پرسیارەتان یەک شت ماوە بیڵێم، ئەویش ئەوەیە کە جێگەی خۆیەتی لایەنی کوردی لە ئاستی میدیا و سیاسەتکردندا جیاوازیی هەڵوێستەکان لە تورکیا بەرامبەر بە کێشەی کورد ببینێ، بەڵام ئەو جیاوازیکردنە نابێ خۆی لە دەربڕینە دیپلۆماسییە کوردییەکاندا ئاشکرا بکات: کورد دەبێ جیاوازی بکات لەنێوان ڕاڤەکردن و هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە شتەکان لە لایەکەوە و ناردن و دەربڕینی هێما دیپلۆماسییەکان لە لایەکی ترەوە. بە مانایەکی تر، ئەوەی کورد لە ئاستی دیپلۆماسیدا پێویستە بیکات ئەوەیە، تۆپی یاریکردنی سیاسی بخاتە یاریگەی تورکەوە، جا دواتر تورکیا چۆن یارییەکە دەکات، ئەوە شتێکی ترە. تەواوکەرێکی گرنگی ئەو یارییەش لە ڕاستیدا وتاری کوردییە لە باشوورەوە ڕوو لە باکوور دەربارەی پەکەکە، هەر زێدەڕۆییییەک وەک ئەوەی وتاری کوردی لە باشوور پەکەکە بخاتە ئۆردوگای دژەوە، بۆ ڕازیکردنی دڵی تورکیا، دەتوانێ بە زیانی کورد بەگشتی و ڕێک بە لەباربردنی دیالۆگی ئەنکەرە – هەولێر تەواو ببێ، چونکە ئەو جۆرە لە سیاسەتی ڕازیکردن لەوانەیە لە ئەنکەرەوە ئەوها بخوێندرێتەوە وەکوو ئەوەی کورد لە باشوور ئامادە بێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پەکەکە. بە مانایەکی تر، لەلایەن کورد لە باشوور، تۆ بڵێ لە هەولێر، پێویستە لەو گەمەیەدا نەک هەر حساب بۆ ئەنکەرە، بەتایبەت هەندێ لە دامودەزگاکانی تورکیا بکات، بەڵکوو زۆر گرنگە لە هەڵوێست و نیەتە ڕاستەقینەکانی بەغداد بگا و وتارێکی ئەوپەڕی هاوسەنگی هەبێ لە بەرامبەر پەکەکە و جووتبوونی (یا یەکانگیربوونی) هەڵوێستەکانیشی لەو بارەیەوە لەگەڵ ئەمەریکا و کۆمەڵگەی جیهانی تا دەکرێ یەکانگیر بکات.

بەکورتی و بەچڕی، ئەو مەرجە دیپلۆماسی و سیاسییانەی ئێستا هەن، تێری ئەوە ناکەن هەر ئێستا یا تەنانەت بەم زووانەش، گفتوگۆ لەنێوان هەولێر و ئەنکەرە دەست پێ بکات. بۆ ئەوەشی ئەوە ڕوو بدات، لەبەرچاوگرتنی ئەوەی لەسەرەوە وترا گرنگە. لە ڕاستیدا قەیرانی هەرە دواییی تورکیا لەگەڵ قەندیل و هەولێر لە ڕۆژانی دواییدا گواستراوەتەوە بۆ ئەنکەرە، بە شێوەیەک، کە دوور نییە قەیرانی ئەنکەرە، بەتایبەتی درێژکردنی پەنجەی گوناهباری بۆ حکومەت و هێزی سەربازیی تورکیا، کە گوایە لەژێر فشاری ئەمەریکا هێزەکانی کشاندۆتەوە، لە ڕۆژانی داهاتوودا یا ئەوەتا فراوانتر ببێ یا ئەوەتا ئەو قەیرانە سەر لە هەولێکی تر بداتەوە بۆ هێرشکردن جارێکی تر بۆ سەر ناوچە سنوورییەکانی باشووری کوردستان، چونکە لەو قەیرانەی ئەنکەرەدا، خەریکە دامەزراوەی سەربازی بەتەواوی بەها و متمانەکەی لەدەست دەدات و شێوەیەکی ڕێگەگرتن لە پێشهاتێکی ئەوها، هێرشێکی ترە بۆ سەر باشوور بۆ گەڕاندنەوەی متمانەکەی. بە هەرحاڵ، پێشنیارەکانی *ڕۆبەرت گەیتس*ی وەزیری بەرگریی ئەمەریکا، کە بەر لە دوو ڕۆژ لە کۆتاییهاتنی هێرشەکەی تورکیا لە ئەنکەرە کردی، کە لە سێ خاڵ پێک هاتبوو: چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە ئاشتییانە، کشانەوەی یەکسەریی هێزەکانی تورکیا و فراوانکردنی هاوکاری لەگەڵ تورکیا.

کوردستانی نوێ: هەندێ بۆچوون هەن، گوایە تورکیا گەیشتۆتە قەناعەت، کە دەبێ لە بەرامبەر کێشەی کورددا لە تورکیا بکرێنەوە بۆ ئەوەی کاریگەریی پەکەکە کەم بکەنەوە، ئایا پێت وایە تورکەکان جیددی بن لەم مەسەلەیەدا؟

ب. یاسین: لە ڕاستیدا زۆر دەمێکە تورکیا گەیشتۆتە ئەو قەناعەتە. ئەوەی گرفتە قەناعەتەکە خۆی نییە، کە بە باوەڕی من، سەرهەڵدانی ئەو قەناعەتە نەک هەر نەبێ بۆ سەرەتای ١٩٨٠کانی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، بەڵکوو کێشەکە لە ناوەڕۆکی فەلسەفی و سیاسیی قەناعەتەکەدایە. بە واتایەکی تر، هەتا ئەمڕۆش بەشی هەرە زۆری دەوڵەتی ڕەسمیی تورکیا بە دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنەوە لەو باوەڕەدایە، کێشەی کورد لە دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی و ئابووریی ناوچە کوردییەکاندایە. بەم مانایەش، بە چارەسەرکردنی ئەو حاڵەتی دواکەوتووییە کێشەی کورد چارەسەر دەبێ. لە ڕاستیدا ئەم قەناعەتە بۆچوونێکی کلاسیکییانەیە، کە چوارچێوەکەی مۆدێرنیزەکردنە، وەک چەمکێکی سۆسیۆلۆژی. هەر ئەو بۆچوونەشە کە خۆی لەپشت پرۆژەی (گاپ)دا حەشار داوە، هەر نەبێ لە ڕۆشناییی ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر ماستەرپلانی پرۆژەی (گاپ)دا هات لە سەرەتای ١٩٨٠کاندا.

دوای ماوەیەکیش لە دەربڕینی ئەو چەمک و نزیکبوونەوەیە، بەتایبەتی لە ١٩٩٠ەکان، دەزگای سەربازیش بەئاشکرا هاتە سەر ئەو قەناعەتە کە بەڵێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا، یا بە زمانی ئەوان بڵێین کێشەی خوارووی ڕۆژهەڵاتی تورکیا، ئامرازە کلاسیکییە سەربازییەکان بەس نین و تەنانەت لەو کاتەشەوە هێزە چەکدارەکانی تورکیاش لە ناوچە کوردییەکان لەو ئاراستەیەدا هەندێ خزمەتگوزارییان، بەتایبەت لە لایەنی تەندروستییەوە، ئەگەر سنوورداریش بێت، پێشکەش کردووە. زۆر بە کورتی و زۆر بە چڕی: ڕاستە ئاستی ئابووری و کۆمەڵایەتی باکوری کوردستان بە بەراورد

لەگەڵ ڕۆژئاوای تورکیا، جیاوازیی یەکجار زۆرە، بە ڕادەیەک ڕاپۆرتێکی تورکەکان خۆیان لە کۆتاییی ١٩٩٠ەکان، باس لە یەکگرتنی ئەفەریقا، واتە ڕۆژهەڵات و خوارووی ڕۆژهەڵات و ئەوروپا، واتە ڕۆژئاوای تورکیا، لەناو تورکیادا دەکات. بە هەرحاڵ، تا ئەم قەناعەتە ڕەسمییەی تورکیا گۆڕانێکی بنەڕەتیی بەسەردا نەیەت، لە ئاراستەی ناسنامە و لایەنی سیاسی و کولتووری و ئایدیۆلۆژی، چارەسەری کێشەی کورد هەر لە چەمکە کلاسیکییەکەدا دەمێنێتەوە، کە ئەویش هەرگیز بۆ چارەسەری کێشەی کورد بەس نییە. لە لایەکی ترەوە کێشەی پەکەکە چۆن لەم کات و حانەدا چارەسەر دەکرێ، پێویستی بە هەندێ پێداچوونەوەی جیددی هەیە، ئەو پێداچوونەوانە دەکرێ هەندێک لێکنزیکبوونەوە بەرهەم بهێنن، کە تازەن و دەتوانن کرانەوە لە هەڵوێستی ئەکتەرە پەیوەندیدارەکاندا دروست بکەن.

کوردستانی نوێ: عەبدوڵڵا گیول داوا لە پەکەکە دەکات، چەک دابنێن و خەباتی دیموکراتی بکەن، ئایا بەبێ لێبووردنێکی گشتی ئەم کارە دەکرێ؟ ئەی بە ڕای تۆ پەکەکە تا چەند پێشوازیی لێ دەکات؟

ب. یاسین: بە باوەڕی من، ئەگەر ئەو شتە تا دوو ڕۆژیش بەر لە هێرشەکەی تورکیا مومکین بووبێت، کە دیارە نەبوو، ئەوا دوای ئەو هێرشە، ناڵێم بە هیچ جۆرێ مومکین نییە، بەڵام دەڵێم زۆر ئاستەمە. لە ڕاستیدا بەو شێوەیەی هێرشی تورکیا بۆ سەر قەندیل و باشوور تەواو بوو لە ئاستی سیاسی و دیپلۆماسی و سەربازی و جەماوەری هەروەها لە ڕووی

سایکۆلۆژیای ململانێوە، هەڵوێستی پەکەکەی زۆر بەهێزتر کرد. پەکەکە دەمێکە پێویستی بە تەکانێکی وەها هەبوو. قەیرانی دوای تەواوبوونی ئۆپەراسیۆنەکان، لە ئاستە هەرە بەرز و هەستیارەکانی سیاسەت لە ئەنکەرە، هێما و هۆیەکی ترە، کە هەڵوێستەکەی پەکەکە بەهێز دەکات. لە کاتێکدا ترسی ئەوە هەیە پەکەکە لە خوێندنەوەکانیدا بۆ قۆناغی دوای ئۆپەراسیۆنەکان زێدەڕۆیی بکات و بکەوێتە هەڵوێستێکی سیاسیی ناواقیعییەوە، لە لایەکی ترەوە زۆر ناواقیعییانەیە ئەگەر عەبدوڵڵا گیول وا بزانێ بەو ئاسانییە پەکەکە ڕازی دەبێت چەک دابنێ. تورکیا زووتر دەرفەتی لەدەست داوە، ئەو مەترسییەش هەیە، کە ئەم دەرفەتەش لەدەست بدات. ئەوەشی لەو بارەیەوە گرنگە نەک هەر هەڵوەستەی ئەنقەرە و پەکەکەیە، بەڵکوو زۆر گرنگە دیالۆگ و لەیەکتێگەیشتنێکی شەفاف و کراوەش لەنێوان هەولێر و قەندیلیشدا هەبێ. پێشتریش لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی *کوردستانی نوێ* وتوومە ئەو دیالۆگە دەبێ کراوە بێت و شێوەی نهێنی وەر نەگرێ، ئەگەرنا هەر شێوە دیالۆگێکی نهێنی لەوانەیە وەک پیلانگێڕییەکی کوردی-کوردی دژ بە تورکیا وەر بگیرێ، کە ئەوەش پێشوەچوونەکان بەرەو گرژییەکی تر دەبات. لەم بارودۆخەدا وا باشە پەکەکە بەش بە حاڵی خۆی ڕوو لە غرور نەکا و باش لەو حیکمەیەی وینستن چەرچل نزیک ببێتەوە کە دەڵێ، "لە گەرمەی شەڕدا بیر لە ئاشتی بکەرەوە، لە لووتکەی سەرکەوتنیشدا دان بە خۆتدا بنێ." سەرانی باشووریش وا باشە لە ئاستێکی هەرە سیاسییانە و بە عەقڵێکی کراوەوە لەو حاڵەتەی ئێستا نزیک ببنەوە، باری سیاسیی ئەمڕۆی کورد چۆن دەرفەت هەڵدەگرێ، ئەوەندەش ترس و نیگەرانی هەڵدەگرێ!

# گوتاری سیاسیی ڕەسمیی باشووری کوردستان هێشتا دیلی "ئۆتۆنۆمیزمە"

**دیمانەی ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی،**
**ئاڵای ئازادی ژمارە ٧٦٧، ٧٦٨، ٧٦٩؛ لە ٧/١٦، ٧/٢٢ و ٢٠٠٨/٧/٣٠**

**سازدانی: ڕەزا مەنوچەهری**

لەم ماوەیەدا چەندین کەسایەتیی سیاسی و ئەکادیمی هەوڵی خۆیان یەک خستووە بۆ ڕێکخستنی *کۆنفرانسی کوردستانی بۆ ئاشتی و دیالۆگ*، ئامانجی ئەو کۆنفرانسە، دیاریکردنی پرنسیپێکی نەتەوەییە، کە لایەنە سیاسییەکان و کەسایەتی و حیزبەکان وەکوو هێڵی سوور و هاوبەش سەیری بکەن و پێیەوە پابەند بن، ئەندامێکی کۆمیتەی ئامادەکاری ئەم کۆنفرانسە (دکتۆر بورهان یاسین)ە، لەم چاوپێکەوتنەی ئاڵای ئازادیدا تیشک دەخاتە سەر لایەنەکانی کۆنفرانسەکە و هەڵوەستە لەسەر وردەکارییەکانی دەکات.

# بەشی یەکەم

ئاڵای ئازادی: بڕیار وایە ئەم ماوەیە کۆنفرانسێکی نەتەوەیی ببەسترێت، ئامادەکارییەکانتان بۆ ئەو کۆنفرانسە گەیشتووەتە کوێ و هەنگاوەکانتان لەسەر چ پرنسیپێکە و تاکوو ئێستا چیتان بۆ کردووە؟

ب. یاسین: ئەوەی ڕاستی بێت، بەر لە دوو ساڵ ئێمە دوو پڕۆژەمان پێشکەش کردووە بە جەنابی مام جەلال و کاک مەسعود بەو سیفەتەی مام جەلال سەرۆککۆماری عێراقە و کاک مەسعودیش سەرۆکی هەرێمی کوردستانە. یەکەم پرۆژە لەسەر ئەوە بوو کە دەسەڵاتی باشووری کوردستان تواناکەی گەیشتووەتە ئەو ئاستەی بتوانێت ناوبژیوانی بکات لەنێوان پەکەکە و تورکیا. دیارە لە ئەنجامی سەرکەوتنی ئەو ناوبژیوانییەدا، پێگەی سیاسی و دیپلۆماسیی دەسەڵاتی باشووری کوردستان بەهێز دەبێت، کورد لێرە و لە باکوور سوودمەند دەبێت و ئەمریکا سەرئێشەیەکی دیکەی لە کۆڵ دەبێتەوە و پەیوەندییەکانی باشوور و تورکیا بەرەو باشبوون دەڕۆن. واتە کۆمەڵێک ئەنجامی باشمان دەبێت، لە هەمان کاتدا لەو پرۆژەیەدا ئەوەشمان خستە بەرچاو، کە لە هەوڵێکی لەو

جۆرەدا باشووری کوردستان بەهێزتر دەبێت لەبەرانبەر بەغداد، چونکە تۆ کەسایەتیی دیپلۆماسیی خۆت هەیە و پەراوێزی خۆت هەیە، کە تیایدا بجووڵێیتەوە.

پرۆژەی دووەمیان دەربارەی ئەوە بوو، کە کاتی ئەوە هاتووە باشووری کوردستان ببێت بە ناوەندێک بۆ ئەوەی لەوێ هەر چوار پارچەی کوردستان لە کۆنفرانسێکی نەتەوەییدا کۆ ببنەوە و ئەو کۆنفرانسەش تەنها سیاسی نەبێت، بەڵکوو سیاسی و ئەکادیمی بێت. جگە لەوەش کۆنفرانسەکە لەسەر پرنسیپی ئەوە ڕێک بخرێت، کە بەتایبەتی گرنگە پانتاییی هەموو نەتەوە لە پرۆژەیەکی لەو جۆرەدا بوونی هەبێت. دەبێت کۆنفرانس هەموو ئەو پانتاییە بگرێتەوە لە هەر چوار پارچەی کوردستان و لەگەڵ ئەوەشدا کوردەکانی سۆڤیەت، کوردەکانی لوبنان و لایەنە سیاسی و ئەکادیمییەکان. هەروەها بە بەشداربوونی کۆمەڵێک لە پسپۆڕانی هەرە شارەزا لە دەرەوەی وڵات، ئەورووپییەکان، ئەمەریکییەکان قسەیان ببێت لەو کۆنفرانسەدا. بڕیارە لەو کۆنفرانسەدا کۆمەڵێک پرنسیپی کوردستانی دەربچێت لە شێوەی بەیانێکی کۆتایی کە هێزەکان لەسەری کۆکن.

ئاڵای ئازادی: کار و ئامادەکاریی کۆنفرانسەکەتان گەیشتووەتە کوێ؟

ب. یاسین: لە ڕاستیدا لەبەر هەندێک هۆی تەکنیکی، یەک-دووجار کۆنفرانسەکەمان دوا خست، بەڵام ئێستا بەتەواوەتی بڕیار دراوە کە ئیدی کاتی کۆنفرانس ناگۆڕێت و لە ناوەڕاستی

مانگی ١٠ی ڕۆژانی ١٦ و ١٧ و ١٨ کۆنفرانسەکە لە هەولێر دەبەسترێت. لە ڕاستیدا کارەکانی کۆنفرانس بەتایبەتی لەو ڕۆژانەی دواییدا زۆر بەباشی چوونەتە پێش. ئەوەی زۆر باشە ئەوەیە، هەست دەکەین هێزەکانی کوردستان، هێزە سیاسییەکان، هەرچەندە لەناو خۆیاندا ململانێیان هەبێت، هەر هەموویان بەڕێزەوە تەماشای ئەو هەوڵە دەکەن و هەر هەمووشیان بۆ ئێمە جەختیان کردووەتەوە کە خۆشحاڵن بە بەشداربوون. دەتوانم بڵێم بە گرنگییەکی ستراتیژییەوە سەیری ئەو کۆنفرانسە دەکەن.

ئاڵای ئازادی: ئێوە سڵ لەوە ناکەنەوە، کە یەکێتی و پارتی و حیزبی تریش لە کوردستان لەو کۆنفرانسەدا هەندێک مەرج بەسەر ئێوەدا بسەپێنن؟

ب. یاسین: دەمەوێت لێرەدا بە ڕاشکاوانە ئەوە بڵێم، تا ئێستا هیچ ئاماژەیەک نییە بەو ئاراستەیەدا و تا ئێستا شتەکان هەموو بە دەست کۆمیتەی ئامادەکارن و هەرکاتێکیش گەیشتە ئەوەی هەست بکرێ چ پارتی یا یەکێتی یا هەر لایەنێکی تر بۆچوونی خۆی بسەپێنێت، من وەکوو خۆم و ئەندامێک لە کۆمیتەی ئامادەکار، وەکوو کەسێک کە لە سەرهەڵدانی بیرۆکەی ئەو دوو پڕۆژەیە کارم کردووە، هیچ لاریم لەوە نییە بیکەم بە قەیرانێک و بە ڕاشکاوانە قسەی لەسەر بکەم. کۆنفرانس دەبێت پانتاییی نەتەوەی کورد داپۆشێت بە هەموو بۆچوونە ئایدیۆلۆژی و سیاسییەکانەوە، یا ڕاستتر بڵێین، هەموو ئەو بۆچوونانە کۆ بکاتەوە. حەز دەکەم ئەوەش بڵێم ئێمە، لەلای

حیزبەکان جەختمان لەوە کردۆتەوە، کە *حیزب گەورەیە نەک بە ژمارەی*، بەڵکوو حیزب گەورەیە بە پرنسیپەکانی؛ ئەو پرنسیپانەی لەگەڵ ڕۆحی کۆنفرانس دەگونجێن، زۆر گرنگن و بەخێرهاتنیان دەکەین و پشتگیرییان لێ دەکەین و بەبێ سێ و دوو جێگەیان دەکەینەوە لەناو ڕاگەیاندنی کۆتاییی کۆنفرانس. هەڵبەتە ئەوە کارێکی ئاسان نییە، بۆ یەکەم جارە کۆنفرانسێکی لەو شێوەیە لەسەر خاکی کوردستان دەبەسترێت. پڕۆژەیەکی نەتەوەییی زۆر گەورەیە، پێشتر پڕۆژەی نەتەوەییی ترمان هەبووە، بەداخەوە شکستیان هێناوە، بەڵام ئیمە گەیشتووینەتە ئەو بڕوایەی، کە ناکرێت تۆ هەنگاوی زۆر گەورە بنێیت، کە کەوتنی زۆر ئاسانترە لە هەنگاوی زۆر بچووکتر. لەو کۆنفرانسەدا بەڕاستی تۆ کۆمەڵێک دەستکەوتت دەبێت: یەکەم، تێکشکاندنی ئەو دیوارە سایکۆلۆژییەی، واتە ئەو ترسەی کە هەر تاکێکی کورد بە هەر چوار پارچەکەیەوە کۆ بوویەوە، هەموو وڵاتان بێنە دەنگ و قیامەت دروست بکەن. ئەگەر بتوانین لەو کۆنفرانسەدا ئەو ترسە تێک بشکێنین، ئەوە یەک لە سەرکەوتنە هەرە گەورەکانی کۆنفرانس دەبێت، ئەگەرچی ئەو سەرکەوتنە لەوانەیە بە شێوەی نووسراو خۆی دەر نەخات.

ئاڵای ئازادی: تا ئێستا یەکێک لە گرفتەکانی ئەو جۆرە کۆنفرانسانە ئەوەیە، گرنگی بە هەندێک کوردناس نەدراوە، گەرچی هەندێکیان کوردیش نەبوون، لەسەر کورد گیراون و سزایان بەسەردا سەپاوە، ئێوە هەوڵتان نەداوە لەو کۆنفرانسەدا بەشێک لەو کەسانە بانگهێشت بکەن و گوێ لە سەرنج و تێبینییەکانیان بگیرێت؟

ب. یاسین: لە ڕاستیدا ئێمە لە کارێکی زۆر دوورودرێژدا پەیوەندیمان کردووە بە کۆمەڵێک لە کوردناسی زۆر شارەزا، هەم ئەمەریکی و هەم ئەوروپی، کە ساڵانێکی زۆرە خەریکی لێکۆڵینەوەن لە بوارە جیاجیاکاندا، هەتا بگرە هەندێک لەوانە تەنانەت لە بڕیاری ناوەندە گرنگەکانی جیهان، وەک کۆشکی سپی، ڕاوێژیان پێ دەکرێت. بەلای ئێمەوە زۆر گرنگە ئەو کەسایەتییانە ئامادە بن. لە ڕاستیدا نەک هەر ئامادە بن، بەڵکوو ئەوانە بواری چاوپێکەوتن و کۆبوونەوەی تایبەتیشیان پێ بدرێت لەگەڵ سەرکردەکان، لەگەڵ حیزبە سیاسییەکان و لەناو کۆنفرانس و لە دەرەوەی کۆنفرانس. لەوانەی لە دەوروبەری ئێمەن، ئیسماعیل بێشکچیمان لەبەرچاو گرتووە، بەڵام دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگرین، ئەگەر ئیسماعیل بێشکچی لە کۆنفرانسێکی کوردستانیدا بەشداری بکات، بۆ ئەو چی ڕوو دەدات کە گەڕایەوە تورکیا. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو یەکێکە لەو ناوانەی، کە ئێمە خەریکین بە جیددی کار بۆ ئەوە دەکەین ئامادە بێت و بیریش لەوە دەکەینەوە، بە شێوەیەکی شایستە و لە مەراسیمێکی تایبەتدا بەخێرهاتنی کەسایەتییەکی وەک ئیسماعیل بێشکچی بکرێت.

گرنگ ئەوەیە، پاش چەندین جار بینینی حیزبەکان و جاری دواییش کە حیزبەکانمان بینییەوە، شتێک گەڵاڵە بووە ئەویش ئەوەیە، هەستێک هەیە لەناو حیزبە سیاسییەکاندا و بەتایبەتی لەناو کۆمیتەی ئامادەکاری کە نابێت ئەو کۆنفرانسە ڕووداوی یەک جار بێت و کۆتایی پێ بێت، بەڵکوو دەبێت ببێت بە نەریتێک لەناو هێزە سیاسییەکان کە بە شێوەیەکی دەوری کۆ ببنەوە. لەبەر ئەوەش ناومان لێ نەناوە کۆنگرەی نەتەوەیی،

چونکە ئەمە ترسێک دروست دەکات و دەکرێت ببێ بە هۆی ئەوەی هەندێک هێزی سیاسی لەبەر هۆیە جیۆسیاسییەکان دوور بکەونەوە لە بەشداربوونی کۆنفرانسەکە. بۆیە کاتێک بیرۆکەمان هاویشتە مەیدان، دوو وشەی تریشمان پێشنیار کرد: مونتەدا یا کۆڕبەندی کوردستانی بۆ ئاشتی و دیالۆگ، واتە *ئاشتی هەم لە ناوەوە و هەم بەرەو ڕووی دەرەوە، هەم دیالۆگی کوردی-کوردی و دیالۆگی کوردی و غەیرەکوردی.* ئەم دوو وشەیە دەتوانێ هێزێکی ڕاکێشانی باشی هەبێت و دەشتوانێت وەڵامدەرەوەی ئەو پێشوەچوونانەی هاوچەرخ بێت لە سیاسەتدا. دیارە دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی هێز و چەک ڕۆژبەڕۆژ دەبێت بە نەریتێک، کە باڵ دەکێشێت بەسەر کاری سیاسیدا، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕەواندنەوەی ترسی دەرەوەش بێت، لە هەمان کاتیشدا ڕەواندنەوەی ترسی هێزە سیاسییە بەشدارەکانیش بێت. ئێمە بە زمانێک قسە دەکەین، کە نابێتە هۆی وروژاندنی هەندێک لایەن بۆ نموونە مەبەست لەو کۆنفرانسە دورستکردنی مونتەدا کۆڕبەندێکی کوردستانییە، هاوشێوەی مونتەدای دەوحە، داڤۆس، کە ساڵانە کۆبوونەوەی تێدا دەکرێت. لە کۆنفرانسەکەدا گفتوگۆ لەسەر شتە بنەڕەتی و بنچینەییەکان دەکرێت. ئێمە بەو ئاراستەیە کار دەکەین و ئەوەی کە چەند سەرکەوتوو دەبین، دەمێنێتەوە سەر خودی بەڕێوەچوونی کۆنفرانسەکە.

ئاڵای ئازادی: ئێوە وەک کۆمیتەی ئامادەکاری، دەتوانن چ میکانیزمێک گەڵاڵە بکەن بۆ ئەوەی هێزەکان لەو هێڵ و پرنسیپە نەتەوەییانە لا نەدەن، کە ئاماژەتان پێ کرد؟

ب. یاسین: لە ڕاستیدا کۆمیتەی ئامادەکاری ڕەشنووسێکی زۆر کراوە و خاو دەخاتە بەردەم هێزە سیاسییەکان، کەسایەتی و ئەکادیمییە کوردەکان و لەناو کۆنفرانس و وۆرکشۆپەکاندا باسی لەسەر دەکرێت. لە کۆنفرانسدا چوار وۆرکشۆپی هاوتەریب بۆ چوار پارچەی کوردستان بەڕێوە دەچن. وۆرکشۆپەکان لەسەر هەمان پرۆگرام قسەدەکەن. یەکێک لە خاڵەکانی ئەجێندای کۆنفرانس، ئاخافتن و گفتوگۆکردن دەربارەی ڕاگەیاندنی کۆتایی دەبێت. ڕاگەیاندنی کۆتایی وەکو ڕەشنووس دەنێردرێت بۆ هێزە سیاسیەکان و کەسایەتییەکان و لەوێشەوە بۆ وۆرکشۆپەکان و دواتر لەوێوە دێتەوە بۆ ناو کۆنفرانسە فراوانەکە و لەوێدا ئەو پرنسیپانە ڕادەگەیەندرێت. هەڵبەتە کۆمسیۆنێکی تایبەتیش پێک دەهێنین، کە زۆر تایبەت دەبێت بە داڕشتنی دەقی کۆتاییی ڕاگەیاندنەکە، دوای کۆنفرانسەکە لە پرێس کۆنفرانسێکدا ڕادەگەیەنرێت. ڕاگەیاندنەکە هەندێک هێڵی نەتەوەیی و نیشتمانیی وەک قەدەغەکردنی شەڕی براکوژی و تەبەنناکردنی دیالۆگ و هەندێک بەهای هاوچەرخی وەڵامدەرەوە بە سەردەمی ئێمەن و فەرمانڕەواییی دیموکراتی و مافی مرۆڤ و مافی ئافرەتان و... هتد، واتە کۆمەڵێک پرنسیپ لە مامەڵەکردن لەگەڵ جیهانی دەرەوە، مامەڵەکردن لەگەڵ کوردانی دیاسپۆرا وەکوو سەروەتێکی نەتەوەیی. لە ڕاستیدا ئێمە دەخوازین کۆمەڵێک شت بورووژێنین، کە پانتاییی ستراتیجی و نەتەوەییی هەموو کوردستان دەگرێتەوە و ڕێک دەخات. ئەو بۆچوونانەی جوانن و دەگونجێن، لەناو ڕاگەیاندنەکە جێگەیان دەکرێتەوە، ئەوجا ئەگەر ئەم بۆچوونانە لەلایەن حیزبێکی بچووکەوە یا حیزبێکی گەورەوە پێشنیار کرابن. کاری ئێمەش بەم کۆنفرانسە

کۆتایی نایەت، بەڵکوو ئەمە تەنها ئێستگەیەکە. بە هیوای ئەوەی کۆنفرانسەکە شتی تری بەدوادا بێت، تۆکمەتر، ڕێکوپێکتر و پێشکەوتووتر لە شێوەی ئەوەی ئێمە لەسەرەوە باس کرا، واتە *کۆڕبەندی کوردستانی بۆ ئاشتی و دیالۆگ*.

ئاڵای ئازادی: هەر وەک باستان کرد، یەکێک لە پرۆژەکانتان ئەوەیە، کاتی ئەوە هاتووە حکومەتی هەرێمی کوردستان ناوبژیوانی لەنێوان پەکەکە و تورکیا بۆ ئاشتی و چارەسەری کێشەی کورد بکات. ئێوە چەند هەنگاوتان ناوە، حکومەتی هەرێم چەند پێشوازی لەو پرۆژە و پێشنیارە کردووە، بە کوێ گەیشتوون؟

ب. یاسین: ئەم پرۆژەیە گرنگییەکی تایبەتی پێ دراوە. ئەو وەڵامەی ئێمە لە مام جەلال وەرمان گرتەوە ئەوە بوو، کە وەک سەرۆککۆمار بە ڕێگەی خۆی کار دەکات بۆ ئەو پرۆژەیە، ئەو بەڵێنیشی پێ داین ئەو کارە بکات. لە قسەکردنیشمان لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران نێچیرڤان بارزانی، ئەویش ئەوەی پشتڕاست کردەوە، کە ئەوانیش میکانیزمیان هەیە بۆ ئەو مەسەلەیە. ئەو کاتەی ئێمە پرۆژەکەمان پێشکەش بە ئەو کرد، دیارە ئەمەریکا هەنگاوی ئەوەی هاوێشتبوو، کە جەنەڕاڵێک *جۆزیف ڕالستۆن* دیاری بکات بۆ فاییلی پەکەکە. لە سەرەتادا مەبەستی ئەمەریکا ئەوە بوو، بە شێوەی دیالۆگ و ئاشتی کێشەی پەکەکە چارەسەر بکرێت، بەڵام تەرجومەی تورکیا بۆ ئەو بڕیارەی ئەمەریکا ئەوە بوو، کە ئەمەریکا لە ڕێگەی دانانی ئەو جەنەراڵەوە، بە شێوەی سەربازی هاوکاریی تورکیا

بکات. لە لایەکی ترەوە نێچیرڤان بارزانی ئەوەی پشتڕاست کردەوە، کە ئەوان خەمخۆری ئەو بابەتەن و دەشکرێت ئەو پڕۆژەیە لە چوارچێوەی ئەوەی کە پێی دەوترێت *دیپلۆماسیی نهێنی* ببرێتە پێشەوە. ئێمەش لای خۆمانەوە، واتە ئەو چەند کەسەی ئەو پڕۆژەیەمان پێشکەش کرد، باوەڕمان بەوە هێنا، سیاسەتی باشووری کوردستان بەو ئاقارەدا دەڕوات. تەنانەت لەو دوو قەیرانەی دواییشدا، کە تورکیا دوو جار پێی نایە ناو خاکی باشووری کوردستانەوە، من لەو بڕوایەدام بە شێوەیەکی گشتی کاردانەوەی دەسەڵاتی سیاسی لە باشووری کوردستان، ئەگەرچی لێرە و لەوێ هەندێک ڕەخنە و قسە هەبێت لەسەر هەڵوێستەکە، بەڵام گەر بە شێوەیەکی گشتی هەڵوێستەکە تێڕامانی بۆ بکرێت، ئەوا بە بڕوای ئێمە زیاتر وەڵامدانەوەی ئەو پڕۆژەیە بوو تا خۆدوورگرتن لەو پڕۆژەیە، چونکە ئاراستەی دەسەڵاتی سیاسی ئەوە بوو، هەمیشە تۆپەکە بخاتەوە یاریگەی تورکەکان و ئامادەییی خۆیشی بۆ دیالۆگ و چارەسەری سیاسی دووپات کردۆتەوە و ئەوەشی جەخت کردۆتەوە کە بە شێوەیەکی سەربازی ئەو مەسەلەیە چارەسەر نابیت. ئەوە لە ڕاستیدا ڕۆحی بۆچوونەکەیە، بەڵام لە ئاستە دیپلۆماسییەکەدا دیارە، خواستی ئێمە *دەستەیەک لە ڕووناکبیرانی کوردستانی* ئەوە بوو، کە هەوڵێکی لەو جۆرە زۆر دەستکەوتی بۆ باشووری کوردستان دەبێت، ئەمەریکا دەستکەوتی دەبێت، چونکە لە ڕاستیدا یەکێک لە سەرئێشەکان لە پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و تورکیا کێشەی پەکەکەیە. لایەنی کوردی لەم خاڵەدا دەیتوانی ئەو کاتەی پڕۆژەکەمان پێشکەش کرد، ئەمەریکا بهێنێتە ناوەوە و لە ڕاستیدا ئەوەش

کرا. ئەمەریکییەکان چەند جارێک خۆیان ئەوەیان دووپات کردووەتەوە، کە ڕۆڵێکی پۆزەتیڤانەی کوردەکانی عیراق بوونی هەیە و بەتایبەتی زاڵمای خەلیلزاد ئەوەی جەخت کردەوە، بەتایبەتی لە بابەتی هێنانەکایەی ئاشتی لەنێوان پەکەکە و تورکیادا. لەگەڵ ئەوەشدا، دیالۆگی دەسەڵاتی باشووری کوردستان لەگەڵ پەکەکە دیالۆگیکی تۆکمە و ڕێکوپێک نەبووە و بە میکانیزمێکی سەرکەوتوو پێش نەکەوتووە. جگە لەوەش، دیالۆگی باشوور لەگەڵ تورکیا ئەوەندە ئاسان نەبووە و دیارە ئاساننەبوونی دیالۆگی دەسەڵاتی باشووری کوردستانیش لەگەڵ تورکیا، کۆمەڵێک بۆچوون و تەفسیر هەڵدەگرێت...

## بەشی دووەم

ئالای ئازادی: لە باکوور چۆن پەکەکە لە پڕۆژەکەتان نزیک بوویەوە، ئامادە بوو بۆ ئاشتی هەنگاوی پێویست بنێت و ئەوەی پێی کرا درێغیی نەکرد، چونکە وەک ئاماژەت پێ کرد، پەیوەندییەکانی دیالۆگی باشوور لەگەڵ پەکەکە تۆکمە و ڕێکوپێک نەبووە؟

ب. یاسین: دوو خاڵ هەیە، هەڵبەتە یەکێک لەو ئەکتەرانەی هەر زوو پڕۆژەکەی دەست کەوتووە، کۆنگرەی گەل بوو، واتە بە شێوەیەک لە شێوەکان لایەنی پەکەکە بوو. پێمان گرنگ بوو ئەوان کاردانەوەیان هەبێت. ئەوان بە شێوەیەکی گشتی کاردانەوەیان پۆزەتیڤانە بوو بۆ ئەو هەنگاوە، بەڵام شتێک هەیە زۆر گرنگە، ئەویش ئەوەیە پەکەکە و کۆنگرەی گەل و ئەو ڕێکخراوانەی نزیکن لە پەکەکە، سیاسەتیان ئەوەیە، دەبێت تورکیا لەگەڵ ئەواندا گفتوگۆ بکات، بەڵام بەداخەوە تورکیا تا ئێستا بۆ ئەو گفتوگۆیە ڕاستەوخۆیە ئامادە نییە. دیارە لێرەدا پڕۆژەکە بیرۆکەیە و دەبێت جیاکاری بکەین لەگەڵ پڕۆژە (وەکوو بیرۆکە) لە لایەک و پلانێکی تۆکمە بۆ بەجێهێنانی پڕۆژەکە لە لایەکی ترەوە. ئەگەر بهاتایە دەسەڵاتی باشووری

کوردستان بە شێوەیەکی تر بەخێرهاتنیان لە پرۆژەکە بکردایە و بیانوتایە ئێوە پلانێکی جێبەجێکار و میکانیزمێک دابنێن بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکە، ئەوا ئەوکات ئێمە دەگەڕاینەوە و پلانێکیشمان پێشکەش دەکرد، بەڵام ئەوەی کاردانەوەی دەسەڵات بوو ئەوە بوو، کە بەڵێ ئێمە بە شێواز و میکانیزمی خۆمان ئەو شتە دەکەین! لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین بیرۆکەکە کەوتە سەر مێزی دەسەڵات لە باشووری کوردستان...

ئاڵای ئازادی: بە بڕوای ئێوە، ئەزموونی حەڤدە – هەژدە ساڵەی حکومڕانی لە باشووری کوردستان، گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردیی بە چ ئاراستەیەکدا بردووە و ئایا توانیویەتی ببێتە مۆدیلێک، کە چارەسەری کێشەی کوردی لێ بکەوێتەوە، یا ڕووبەڕووی کۆمەڵێک قەیرانی ناوخۆیی بووەتەوە و نەیتوانیوە تێی بپەڕێنێت؟

ب. یاسین: بە ڕای من گوتاری سیاسیی، تۆ بڵێ گوتاری ڕەسمی لە باشووری کوردستان لە چوارچێوەی ئەوەی من پێی دەڵێم ئۆتۆنۆمیزم، دەر نەچووە. من دەڵێم **ئۆتۆنۆمیزم** و ناڵێم ئۆتۆنۆمی، چونکە ئۆتۆنۆمی تەرتیباتێکی ئیدارییە، بەڵام ئۆتۆنۆمیزم چەمکێکی فرەڕەهەندە، کە تیایدا جێگەی کولتووری سیاسی و سایکۆلۆجیەتی ئەو گروپەی داوای ئۆتۆنۆمی دەکات، شێوەی خۆناساندن، خۆدیتن، پەیوەندی لەگەڵ نەتەوەی سەردەست یا نەتەوەی زۆرینە نیشان دەدات، لەبەر ئەوە من وشەی ئۆتۆنۆمیم گۆڕیوە بۆ ئۆتۆنۆمیزم. ئەگەرچی لەساڵی ١٩٩٢وەوە، بە شێوەیەکی ڕەسمی پەرلەمانی کوردستان دوای

هەڵبژاردن، فیدراڵیی پەسەند کردووە، بەڵام بە خوێندنەوەی من، فیدراڵی ناوێکی ترە بۆ ئۆتۆنۆمی، لە ڕاستیدا کۆمەڵێک ئۆتۆنۆمی لە جیهاندا بوونیان هەیە کە بەهێزترن لەو فیدراڵییەی بۆ کورد قبوڵ کراوە لە ڕەشنووسی دەستووردا. لە هەندیک خاڵدا ئۆتۆنۆمییەکەی دوورگەی (ئۆلاند) لەنێوان فینلەندا و سوید بەهێزترە لەم فیدراڵییەی باشووری کوردستان، ئۆتۆنۆمییەکەی (گرینلاند)، کە سەر بە دانیمارکە، بەهێزترە لەو فیدراڵییە، چونکە ئەوان مافی ئەوەیان هەیە، لە هەر ڕێکخراوێکدا بن یا نەبن، مەرج نییە دانیمارکیی تێدا بێت یا نا. بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٨٢ گرینلاند بڕیاری دا لە بازاڕی هاوبەشی ئەوروپی بچنە دەرەوە، کەچی دانیمارک تیایدا مایەوە. هەرێمی کوردستان مافی ئەوەیان پێ نەدراوە لە کۆمکاری عەرەبیدا نەبێت، چونکە هەرێم حەز بکات یا نا، دەبێ وەک بەشێک لە عێراق لەناو ئەو کۆمکارە عەرەبییەدا بێت. هەروەها (کەتەلۆنیا) لە ئیسپانیا - پەراوێزێکی زیاتریان هەیە لە سیاسەتی دەرەوەی ئیسپانیا تا هەرێم لە سیاسەتی دەرەوەی عێراقدا. بە هەرحاڵ، ئەوەی دەمەوێت جەختی لێ بکەمەوە ئەوەیە، گوتاری سیاسیی ڕەسمی لە باشووری کوردستان هێشتا دیلی بۆچوونی ئۆتۆنۆمیزمە.

ئاڵای ئازادی: ئەمڕۆ زۆر باسی ئەوە دەکرێت، کە باوی شەڕی چەکداری نەماوە، وەک دەشزانرێت، میکانیزمەکانی دەستڕاگەیشتن بە مافەکان گۆڕاوە. بە بڕوای ئێوە حکومەتە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان، بڕوایان بەوە هەیە ڕێگەچارەی سیاسی بۆ کێشەی کورد بگرنە بەر و پەنا بۆ چارەسەری عەسکەرییانە نەبەن؟

ب. یاسین: بە بڕوای من لە کۆتاییی پرۆسەی ئەنفالدا و لە شکستی هەرە مێژووییی جووڵانەوەی چەکداریی باشووری کوردستان، بە شێوەیەکی گشتی قەناعەتێک لەلای سەرکردەکان دروست بوو، کە ئیدی بەڕاستی بە شێوەیەک لە شێوەکان دەست لە خەباتی چەکداری هەڵبگیرێت. هەندێک لەو قسە و باسانەی لەو کاتەدا بڵاو بوونەوە ئەوە بوو، کە ئیدی دوژمن بووە بە خاوەنی چەکی کیمیاوی و بایۆلۆژی و ئێمە توانای ئەوەمان نییە ڕووبەڕووی ئەو چەکە ببینەوە. هەندێک لە بۆچوونەکانی تر، کە بە بڕوای من سەرنجڕاکێش بوون، ئەوە بوو، نەخێر شکستی خەباتی چەکداری بە هۆی جۆری چەک نییە کە بە دەست دوژمنەوەن، بەڵکوو خەباتی چەکداری بەگشتی مانا و گرنگیی خۆی لەدەست داوە. بەڕاستی کەسێکی وەک مەسعود بارزانی ئەوەی زۆر جار جەخت کردۆتەوە، کە کاتی خەباتی چەکداری بەسەر چووە. لەوانەیە ئەو قسەیەی بارزانی زیاتر ئاماژەیەک بێت بۆ پەکەکە و باکووری کوردستان، کە کاتی چەک نەماوە، بەڵام بۆخۆیشم بە شەخسی لە ساڵی ١٩٨٩ لە ستۆکهۆڵم گوێم لە مەسعود بارزانی بووە، کە کورد لە قەیران و تراژیدیایەکی هەرە مێژووییدا دەژیا دوای شکستەکەی ١٩٧٥. ئەو بەڕاشکاوی وتی کاتی خەباتی چەکداری بەسەر چووە. لەبەر ئەوە بە بڕوای من، خەریکە قەناعەتێک دروست دەبێت، کە خەباتی چەکداری ئەو بەهایەی هەیبوو لەدەستی داوە، ئەو لەدەستدانی بەهایەش، بەڕاستی لەبەر جۆری چەک نییە کە دوژمن بەکاری دەهێنێت.

ئاڵای ئازادی: ئێمە وەک کورد بڕوامان بەو گۆڕانکارییانە

هەیە، بەڵام دەسەڵاتدارانی سەردەستی کورستان تا چ ڕادەیەک قەناعەتیان بەوەیە، کە ئیدی شێوازی داپڵۆسینی کورد، شێوازی چەکداری، تیرۆری کەسایەتییە کوردەکان و سووتاندنی لادێکانی کوردستان بەکار نەهێنن. تا چەند بڕوایان بەوە هەیە، بە دانیشتن لەگەڵ کورد کێشەکە چارەسەر بکرێت واتە دەسەڵاتە سەردەستەکانی کوردستان و ئێران، تورکیا و سوریا چ قەناعەتێکیان هەیە، کە دانیشن لەگەڵ هێزێکی کوردی کێشەی کورد بە شێوەی سیاسی و دیپلۆماسی چارەسەر بکەن و شەو و ڕۆژ هێرش نەکەنە سەر لایەنی کوردی و توندوتیژی بەرامبەر کورد بەکار نەهێنن؟ ئەوان چەند بڕوایان بەو گۆڕانکارییە هەیە کە ئاماژەت پێ کرد؟

ب. یاسین: ناکرێت ئەو گۆڕانکارییە هیی ڕۆژ و شەوێک بێت. گەر تۆ وەکوو نموونە سەیری تورکیا بکەیت، کە یەکێکە لەو ڕژێمە هەرە ڕەگەزپەرستانە لەمەڕ کێشەی کورد. لە ڕاستیدا تورکیا لە ماوەی ساڵانێکی زۆردا بەرجەستەی سیستمی ئاپارتایدە (جیاکاریی ڕەگەزی)ی بەرامبەر بە کورد کردووە، بەڵام ئەگەر سەیر بکەیت لە ساڵی ١٩٩١ەوە، کۆمەڵێک گۆڕانکاریی گەورە لە سیاسەتی تورکیادا ڕووی داوە. یەکێک لەو گۆڕانکارییانە ئەوە بووە، کە لە ساڵی ١٩٩١ دانی بەوەدا نا، گەلێک هەیە لە تورکیا بە ناوی کورد، ژمارەیان ١٢ ملیۆن کەسە.

لەو هەموو ماوەیەدا، دیارە هێزگەلێک لە تورکیادا هەن، دەڵێن دەبێت کێشەی کورد بە شێوەیەکی ئاشتییانە چارەسەر بکرێت. باوەڕێک هەیە، کە کورد کێشەیەکی هەیە دەبێ بە

شێوازی ئاشتییانە چارەسەر بکرێ، بەڵام تا ئێستاش بۆچوونی باڵادەست لە تورکیا ئەوەیە، چارەسەری ئاشتییانە بە ڕێگەی گۆڕانکاریی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەبێت، بەم مانایەش، نایانەوێ لایەنە کولتووری و سیاسییەکەی کێشەکە ببینن، واتە لایەنی سیاسییانەی مافی نەتەوەی کورد نابینن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمە خۆی لە خۆیدا دانپێدانانێکە، کە کێشەی کورد دەبێت بە شێوازی ئاشتییانە چارەسەر بکرێت. ئەوان مافخوراوی کوردیان بینیوە و دەیانەوێت لە پێشخستنی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە چارەسەری کێشەی کورد بکەن، دیسان گۆڕانکارییەک هەیە و ئەو گۆڕانکارییە تێری ئەوە ناکات وەڵامدەرەوەی داواکارییەکانی کورد بێت. بەڵام دەکرێت لە پێشوەچوونەکەدا موفاجەئەیەک بە خۆیەوە ببینێت. من لەو بڕوایەدام، ڕەجەب تەیب ئەردۆگان و حیزبەکەی ئەوڕۆ، دەخوازن زیاتر کار بکەن لەوەی کە هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد. ئەم زیاترە چییە من نایزانم، بەڵام ئەوان لەو بڕوایەدان، ئەو کێشەیە دەبێت بە ئاشتی چارەسەر بکرێت. بەڵام کێشەیەکی گەورە ئەوەیە، دامودەزگای سەربازیی تورکیا، ڕێگرێکی هەرە گەورەیە بۆ ئاراستەی چارەسەری ئاشتییانە.

ئاڵای ئازادی: ئەحمەد ئاڵتان لەپاش ئازادکردنی هەشت دیلە تورکەکە لەلایەن پەکەکەوە لە وتارێکدا دەڵێت پەکەکە تاکوو ئێستا بەبەردەوامی گرەوەکانی دۆڕاندووە، واتە تورکیا گرەوەکان دەباتەوە و پەکەکە ئەیاندۆڕێنێت، بەڵام ئەم جارەیان پەکەکە گرەوی خەڵک و ڕای گشتیی جیهانی بردەوە، ئیدی لەلایەن کۆمەڵێک ڕێکخراوی گرنگەوە بەو چاوەی جاران

سەیری پەکەکەیان نەدەکرد، لە میدیاکانی جیهاندا زۆر زیاتر دەیانوت جەنگاوەرانی پەکەکە نەک تیرۆریست. قسەکەی ئەحمەت ئاڵتان ڕاستە، پەکەکە تا سەر ناتوانێت ئەو گرەوانە بباتەوە، دەستگیرکردنی ئەو گەشتیارە ئەڵمانییانە لە چی؟ تورکیا چەند لەو گرەوە قازانج دەکات؟

ب. یاسین: گومان لەوەدا نییە، کە تورکیا لە کارێکی لەو جۆرەدا براوەیە و کوردیش دۆڕاو. لە ڕاستیدا ئیتر کاتی ئەوە نەماوە تۆ هەندێک گەشتیاری ئەڵمانی یا ئەورووپی یا هەر وڵاتیک بە بارمتە بگریت، بۆ ئەوەی سیاسەتێک بەسەر ئەو وڵاتەدا بسەپێنیت، کە بە دڵی تۆ بێت، بەڵام وڵاتەکە نەیکات. پەکەکە، بە شێوەیەکی گشتی، پێویستی بە پێداچوونەوەیەکی ڕیشەیی و جیددی هەیە. بە بڕوای من پەکەکە زۆر دەرفەتی لەدەست دا بۆ پێداچوونەوەیەکی سەرتاسەری و قووڵ، دەکرا وەڵامدەرەوەی ئەو گۆڕانکارییانە بێت، کە لە کۆتاییی جەنگی ساردەوە بەسەر جیهان و ناوچەکەدا هاتوون. مەسەلەکە لەسەر ئەوە نەوەستاوە کە تورکیا چۆن هەڵسوکەوت دەکات، بەڵکوو بە هەمان ڕادە گرنگە کە پەکەکە چۆن لە هاودەم دەگات و چۆن جیهان دەخوێنێتەوە و چۆن گۆڕانکارییەکان هەڵدەسەنگێنێت. بە بۆچوونی من، ئێستاش پەکەکە لە جیهانی هەشتاکاندا دەژی و لە کولتووری ڕێکخراوێکی بەلشەڤیی توندڕەودا دەژی و خوێندنەوەی ئەم حیزبە بۆ هێزە سیاسییەکانی پانتاییی باکوور و دەرەوەی کوردستان، بۆچوونێکی نزیک لە چەوتە تا ڕاست. خوێندنەوەی ئەوی دیکە لە کولتووری پەکەکەدا لاوازە و جێگەدانان و بەڕەوازانینی خەباتی ئەوی دیکە و

بە شاییستەبینینی خەبات و قوربانییەکانی ئەوانی دی، جا بە شێوەی خەباتی سیاسی بێت یا هەر شێوەیەکی تر، لە کولتووری پەکەکەدا زۆر لاوازە، ئەوا ئەگەر بوونیشی هەبێت! بە بڕوای من، کۆمەڵێک گۆڕانکاریی ئایدیۆلۆژی، سیاسی و ڕێکخستنی، بەتایبەتی لە کولتووری سیاسیی پەکەکەدا پێویستن بۆ ئەوەی ئێمە کەشێکی باشترمان هەبێت بەرەو پرۆسەی بەئاشتیچارەسەرکردنی کێشەی کورد لە باکووری کوردستان.

## بەشی سێیەم

ئاڵای ئازادی: وەک ئاماژەت پێ کرد، کولتووری سیاسیی پەکەکە کۆمەڵێک قەیرانی هەیە، کە کەسی بەرانبەری ناخوێنێتەوە، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا کۆمەڵێک گۆڕانکاری ڕووی داوە، ئەو پێشوازییانەی پەکەکە لە ئاگربڕەکان، بوونی پەرلەمانتارانی دەتەپە لە پەرلەمانی تورکیا، خەباتی جەماوەری لە باکووری کوردستان، کە ڕۆژانە خەڵک دێنە سەر شەقامەکان، گەشەپێدانی ڕاگەیاندنی کوردی لە باکووری کوردستان و دروستکردنی چەندین ڕێکخراو لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا و گرنگیدان بەو شێوازە کارکردنە، نیشانەی ئەوە نییە پەکەکە هەوڵیک ئەدا بۆ ئەوەی لەو کولتوورە بچووکەی هی هەشتاکانە و بۆی ماوەتەوە، ئەو کولتوورە سیاسییەی کە بەرامبەرەکەی کەمتر دەخوێنێتەوە، هەروەها لەو شەڕە چەکدارییەی کە هەیە، هەندێک خۆی دوور بخاتەوە و بچێتە ناو شەقام و دامودەزگا و ناو خەڵک و بازاڕەکان. دەکرێت ئەوانە بە هەوڵێکی لەو جۆرە پێناسە بکەین؟

ب. یاسین: لە ڕاستیدا لە لایەکی ترەوە پەکەکە ئەوەی پیشانی ئێمە داوە، پیشانی خەڵکی کوردی داوە، کە توانای هەیە

داهێنانی هەبێت لە سیاسەتدا، یانی میتۆدی ڕاهێنانی هەبێت. میتۆدی ئەوەی هەبێت شتی تازە دابهێنێ، بۆ نموونە لەو کارە تازانە پەرلەمانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات، دامەزراندنی یەکەم تەلەڤزیۆنی سەتەلایتی کوردی، بەدامەزراوکردنی چالاکیی سیاسیی کورد لە دەرەوەی وڵات بەتایبەتی و دواتریشیان ئەوەیە کە لە ڕێگەی پەرلەمان و هێزە یاساییەکانی پانتاییی سیاسی لە تورکیا گوشار بهێنێت بۆ سەر ئەو وڵاتە، بەڵام بە بڕوای من، تا ئێستاش پەکەکە سەرکەوتوو نەبووە لەوەدا، یا بەو ڕادەیە خۆی ماندوو نەکردووە لەوە بگات، بۆچی ئەورووپای ڕۆژئاوا و ئەمەریکا بەو ڕادەیە حەساسیەتیان هەیە بەرامبەر بە پەکەکە، یانی پێویستە پەکەکە پێداچوونەوەی وا بکات، بە ڕادەیەکی قووڵ و هەمەلایەنە وەڵامدەرەوەی ئەو پێداویستییانە بێت کە هەن. لە لایەکی تریشەوە پەکەکە توانیویەتی لە هەندێک قۆناغدا هەندێک هەنگاو بنێت کە مناوەرەکان لە خزمەتی کێشەی کورد دەبن وەک پشتگیریکردن، بەڵام جارێکی تریش پەکەکە پشتگیریی هێزێکی سیاسی ناکات ئەگەر ئەو هێزە سیاسییە قبوڵ نەکات، لە سێبەری خۆیدا بژێت، ئەوە جارێکی تر کێشەی کولتووری سیاسیی پەکەکەیە، هێزێکی سیاسی دەتوانێت لە دەرەوەی قەڵەمڕەوی ئەو بێت، بەڵام خزمەتی هەمان ئامانج بکات بە میتۆدێکی تر. بەو مانایە ناکرێت من لەسەر ئەو کولتوورە سیاسییە بڕۆم، کە کرۆکەکەی ئەمەیە: *ئەوەی لەگەڵ من نەبێت، دژی منە*. بە هەرحاڵ، ئەو گۆڕانکارییەی دەبێت بەسەر پەکەکەدا بێت ئەمەیە: نا ئەوەی لەگەڵ من نەبێت دەتوانێت تەواوکەری من بێت، ئەوەی لەگەڵ من نەبێت بە زەرورەت دژی من نییە، ئەوەی لەگەڵ من نەبێت

دەتوانێت خزمەتی هەمان ئامانج بکات، جا بە هەر شێوە و میتۆدێکی تری خەبات دەبێت بە هەر ئایدۆلۆجیایەک دەبێت با ببێت. لە باکووری کوردستان، ئەمڕۆ ئیسلامی میانڕەویش دەتوانێت خزمەت بە ئامانجە سیاسییەکانی کورد بکات. کەواتە ئەگەر پەکەکە ئامادە نەبێت لە پانتاییی نەتەوەیییەوە تەماشای کێشەکان بکات و هەر لە پانتاییی حیزبەوە تەمەشای مەسەلە و دیاردەکان بکات، ئەوسا کێشەی خۆی لەگەڵ جەماوەری کورد، کێشەی خۆی لەگەڵ تورکیا، کێشەی خۆی لەسەر دەسەڵاتی باشووری کوردستان یا جیهان، لە قەتیسبووندا دەمێنێتەوە: قەتیسبوون لە کولتوورێکدا، کە کاتی بەسەر چووە و مانەوە و پاراستنی ئەم کولتوورەش زەرەربەخشە بۆ کورد.

ئاڵای ئازادی: چەند ساڵ پێش ئێستا خاتەمی لە ئێران دەسەڵاتی گرتە دەست و بانگەشەی ڕیفۆرمی دەکرد، بەڵام لە ڕیفۆرمەکەیدا هیچی بۆ چارەسەری کێشەی کورد پێ نەبوو. ئایا ئەمڕۆ ئاکەپە و ئەردۆغان، کە باس لە ڕیفۆرم دەکەن، پڕۆژەیەکی لەو جۆرەیان پێیە بتوانێت کێشەی کورد لە باکووری کوردستان چارەسەر بکات؟

ب. یاسین: بێگومان تورکیا زۆر جیایە لە ئێران. یەکێک لە ڕەهەندەکانی جیاوازیی تورکیا لەگەڵ ئێران ئەوەیە، تورکیا خەونێکی زۆر ستراتیژی و دێرینی هەیە. تەنانەت لە سەردەمی عوسمانییەکانەوە ئەو خەونە هەبووە بۆ ئەوەی ببێت بە بەشێک لە ”شارستانیەتی ڕۆژئاوا“ ببێت بە بەشێک لە بازاڕی هاوبەش و دواتر یەکێتیی ئەورووپا. ئەوە یەکێکە لە

جیاوازییەکان و لە ڕاستیدا بەراوردکردنی حیزبەکەی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان لەگەڵ دارودەستەی حوکم لە ئێراندا بە هیچ شێوەیەک ناکرێت. لە ڕاستیدا حیزبەکەی ئەردۆگان لە حیزبە کریستیان دیموکراتەکانی ئەوروپا نزیکترە تا لە هێزێک وەکوو تالیبان، قاعیدە، ڕژێمێکی وەک سعودیە، کە لەسەر شەریعەت دامەزرابێت و ڕژێمێک بێت، ئایدۆلۆجیای شیعیزم و توندڕەو، لە ڕەهەندی سیاسەتە ناوخۆیییەکان، لە ڕەهەندی سیاسەتی دەرەوە و لە ڕەهەندی چارەسەرکردنی کێشە نەتەوەیییەکان پیادە بکات. بە بڕوای من، بەراوردێک لەنێوان ئەو دوو ڕژێمە وامان لێ دەکات، بە شێوەیەکی گشتی بگەینە ئەو قەناعەتە، کە کرانەوە لە تورکیادا زۆر زۆر ئەگەری زیاترە نەوەک لە ئێران. پێشتر لە تورکیا پاشەکشێ مەزەندە دەکرا لەوەی بە شێوەی کودەتایەکی عەسکەری هەلومەرجە سیاسییەکە بگۆڕێتەوە و وڵاتەکە ببرێتەوە بۆ چوارگۆشەی ژمارە یەک، بەڵام بە بڕوای من ئەو کات و سەردەمە تا ڕادەیەکی زۆر لە تورکیا تێپەڕیوە و ئەو وڵاتە کەوتووەتە ناو پرۆسەیەکی سیاسییەوە، لەوێدا ئاشکرایە کە ئیسلامی میانڕەو قبوڵ کراوە. کاتێک ئیسلامی میانڕەویش قبوڵ کراوە، کۆڵەکەیەکی هەرە سەرەکی لە ئایدیۆلۆژیای کەمالیزم هەژێنراوە، ئەویش کۆڵەکەی سیکۆلاریزم عەلمانیەتە. لە ڕاستیدا دیسان بە یارمەتیی ئیسلامی میانڕەو، کۆڵەکەی ناسیۆنالیزمیش (هەڵبەتە ئەم چەمکە وەک پێناسەکراو لە چوارچێوەی کەمالیزمدا) هەژێنراوە. کەواتە لە بۆچوونێکی کوردستانییەوە، بە بڕوای من، کورد زیاتر سوودمەند دەبێت ئەگەر هەر هیچ نەبێت ئەردۆگان بۆ ماوەیەکی تریش شانسی هەبێت بەردەوام بێت. لەگەڵ ئەوەشدا بە بۆچوونی

من، کوردیش پێویستە بۆچوونی خۆی بگۆڕێت لەسەر خەملاندن و مۆبیلیزەکردنی سیاسی لە باکووری کوردستان. بە واتایەکی تر، پێویستە پەکەکە واز لەو میتۆدە بهێنێت لە خەملاندنی فەزای نەتەوە، کە ئەویش میتۆدی "چەپ، چەپ و جارێکی تریش هەر چەپە." بە واتایەکی تر، پێویستە پانتایی و فەزای نەتەوە فراوانتر ببینرێت. بە دیوێکی تردا یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی پەکەکە ئەوە بووە، پانتایی نەتەوەیی لە باکووری کوردستان و کێشەی کورد لەو بەشەی وڵات، ***سنووردار و چڕکراوەتەوە لە پانتایی چەپدا***. جا هەمیشە ئەو پانتاییە چەپە کاریگەرییەکی تورکیی زۆری لەسەرە. بە بڕوای من پەکەکە لەناو هەناو و منداڵدانی چەپی تورکی هەڵقووڵاوە و لەو هەڵقووڵانەشی تا ئێستا کاریگەری و هۆکاری چەپی تورکی پێوە دیار بووە لە سیاسەت و جیهانبینییەکانیدا، تەنانەت لە پێکهاتەی ڕێکخستنیدا و لە ئایدیۆلۆژیەتیدا ئەم دیاردەیە زەق دەبێتەوە. لەبەر ئەوە یەکێک لە کێشەکانی باکوور بەڕاستی ئەوەیە، ناکرێت ئێمە هەمیشە کورد و تورک لە بەرامبەر یەکتردا ڕاگرین بۆ تێگەیشتنی کێشەی کورد، بەڵکوو دەبێ سۆسیۆلۆژیای سیاسەتی کوردی بخوێنینەوە و بزانین لەوێدا چ کەموکووڕییەک هەیە. ئەو کەموکووڕییەی کە هەیە، بە بڕوای من سەپاندنی ڕووبەری چەپە بەسەر تەواوی ڕووبەری نەتەوەییی کورددا، ئەمەش کێشەیەکی گەورەیە.

ئاڵای ئازادی: لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ١٩٩٠ بەدواوە، شەڕی چەکداری نەماوە و حیزبەکانی ڕۆژهەڵات پاشەکەشەیان کردووە و لە باشوور نیشتەجێ بوون. دابڕانێک لەنێوان

حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و جەماوەردا دروست بووە. ئایا گرتنەبەری سیاسەتێکی لەو شێوەیە و دانیشتن لەدیوی باشوور هەڵقووڵاوی سیاسەت و ئیرادەی خۆیانە، یا سیاسەتی باشوورە بەرامبەر ئەوان؟

ب. یاسین: یەکەم، دیارە بوونی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە باشووری کوردستان مەودای ئازادیی ئەوان زۆر کەم دەکاتەوە، بەم مانایەش ئەم ئازادییە زۆر سنووردارە. دووەم، کەمبوونەوەی جەماوەر و لایەنگرانی ئەم حیزبانە تەنها لە مەسەلەی خەباتی چەکداریدا خۆی نابینێتەوە، بەڵکوو پەرتەوازەیی، دابەشبوون و حاڵەتی لێکجودابوونەوە کاریگەرییەکی زۆر گەورەی هەبووە. ئەم پەرتەوازەیییە، لە حاڵەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (سێ کۆمەڵە، دوو دیموکرات و... هتد) و هەروەها پاشەکشەیەکی گشتی لە سیاسەتە کوردییەکان دەکرێت هۆکاری سەرەکی بێت.

لە مەسەلەی خەباتی چەکداریدا زۆر زوو نووسراوێکم نووسیوە، کە زۆر ڕەخنەگرانەیە لەسەر خەباتی چەکداری و ساڵی ١٩٩١ بڵاو بووەتەوە، زیاتر لەسەر ئەزموونی باشووری کوردستانە، بەڵام دواتر لە ساڵی ١٩٩٩ وتارێکی ترم بڵاو کردەوە دەربارەی شکستی پەکەکە لە ساڵی ١٩٩٨-١٩٩٩دا، کە زیاتر پەیوەندیدارە بە دەرکردنی ئۆجەلان لە سوریا. زۆر بەکورتی: خەباتی چەکداری لە باشووری کوردستان و لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کوردی خستۆتە ناو هاوپەیمانییێکەوە و ئەم بازنەیە دوو نیوەی هەیە: نیوەی هی جووڵانەوەیەکی "ئازادیخوازییە" و نیوەکەی دیکەی هی

”خۆبەدەستەوەدانە“ لە باشوور تۆ ”ناچار بوویت“ لەگەڵ ڕژێمێک هاوپەیمان بیت، کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کوردی چەوساندۆتەوە. ئەم هاوپەیمانییە ناسروشتی بوو، ناتەندروست بوو و لە ڕاستیدا پشتشکێنیش بوو. کاتێک ساڵی ١٩٧٥ ئەو بازنەیەی هاوپەیمانییە شکستی هێنا، کورد لە باشوور تووشی تراژیدیا بوو، هەمان حاڵەت ڕووی دایەوە لە ١٩٩٨–١٩٩٩ لەگەڵ دەرکردنی ئۆجەلان و شکستهێنانی هاوپەیمانیی پەکەکە لەگەڵ سوریا، بەڵام جیاوازیی ئەم دوو حاڵەتە ئەوە بوو، لە ١٩٧٥ تۆ هیچ جێگەیەکت نەبوو پەنای بۆ بەریت، بەڵام لە ١٩٩٨–١٩٩٩ دیارە بۆشاییەکی سەربازی، سیاسی و ئیداری لە باشووری کوردستان هەبوو، کە پەکەکە خۆی پێوە گرتەوە. پەکەکە خۆی بە شتێکی تریش گرتەوە، کە ئەویش ئەوە بوو، ڕێکخستن و سەرچاوە ئابوورییەکانی خۆی لە دەرەوەی وڵات بەهێز کردبوو و توانیی بمێنێتەوە. بە هەرحاڵ، ئێمە بەڕاستی لە هەڵسەنگاندنی خەباتی چەکداریدا پێویستمان بە گوتارێکی سیاسیی سەرپێی نییە، بەڵکوو پێویستمان بە لێکۆڵینەوە هەیە. لێکۆڵینەوە لەوەی کە ئایا ئەو خەباتە چەکدارییە چەند کاریگەریی هەبووە لەسەر کۆمەڵگەی کوردەواری و چەند کاریگەریی هەبووە لەسەر هاوسەنگیی هێز لەنێوان ڕۆخ و پەراوێزێکی لاواز، کە کوردستانە، لەبەرامبەر ناوەندێکی بەهێز، کە تاران و بەغداد و ئەنقەرەیە. جگە لەوەش، پێویستە ئەو پەیوەندییە هەرێمی و نیودەوڵەتییانەی بە هۆکاری خەباتی دێنە گۆڕێ، لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێت.

## ئۆتۆنۆمیزم ڕێگرێکی جیددی بووە لە بەردەم بەنێودەوڵەتیبوونی کێشەی کورد

**دیمانەی ڕۆژنامەی میدیا**

**میدیا ژمارە ٣٦٠ و ٣٦١، تشرینی یەکەمی ٢٠٠٨**

**سازدانی: بەرهەم عومەر**

میدیا: تا چەند کورد دەتوانێت سوود لە یاسا نێودەوڵەتییەکان وەر بگرێت بۆ دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسین؟

ب. یاسین: دوو شتی جیاواز هەیە، لە لایەکەوە ئەو پرنسیپانەی جەخت لەسەر مافی چارەی خۆنووسین دەکەنەوە، بەتایبەتی ئەو پرنسیپەی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، هەر نەتەوەیەک مافی چارەی خۆنووسینی هەیە، لە لایەکی ترەوە لە واقیعی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا زۆر جار لەبری حسابکردن بۆ پرنسیپەکان لە یاسای نێودەوڵەتیدا، سیاسەتی واقیعی باڵادەست و چارەنووسسازە. بە مانایەکی تر، ئەوەی ئێستا زیاتر کاری پێ دەکرێت، سیاسەتی واقیعییە.
سەبارەت بە مافی چارەی خۆنووسین، لە سەرەتادا وەک

چەمک بۆ تاک بەکار دەهێنرا، تا کاتێک لە شۆڕشی فەرەنسیدا ئەو چەمکە گۆڕاوە بۆ مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەکان. لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە دوو جۆر سیستم هاتنە ئاراوە، سیستمی کاپیتالیزم و سیستمی سۆسیالیزم بوون، هەردووکیان قبوڵی مافی چارەی خۆنووسینیان بۆ نەتەوەکان کرد.

هەر وەک ئاماژەی پێ کرا، ئەگەر لە فەلسەفەی سیاسی و یاسای نێودەوڵەتی بترازێین و بێینە سەر لایەنی پراکتیکی، ئەوا دەبینین لەبەرانبەر یاسای نێودەوڵەتیدا، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و سیاسەتی دەوڵەتان هەن، دەکرێ زۆر جار ئەو پرنسیپانە لە لایەک و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و سیاسەتی دەوڵەتان لە لایەکی ترەوە بکەونە دژایەتی لەگەڵ یەکتردا. بە هەرحاڵ، ئەوەی گرنگە ئەوەیە، لە ئاستی تیۆریدا، کورد بەگشتی تا ئێستا داوای مافی چارەی خۆنووسینی نەکردووە. ئەوەش جیهانی دەرەوەی وا لێ کردووە، لە دەرەوەی مافی چارەی خۆنووسین مامەڵە لەگەڵ کورددا بکات.

ئەوەش وا دەکات، کێشەی کورد لە کێشەیەکی جیهانییەوە ڕاستەوخۆ ببێت بە مەسەلەیەکی نێوخۆیی لەو دەوڵەتانەی کورد تیایاندا دەژین. لێرەدا وڵاتان ناتوانن وەک دەگوترێت "لە مەلیک مەلیکتر بن،" بەو واتایەی تا ئێستا *کورد خۆی داوای مافی چارەی خۆنووسینی نەکردووە تا خەڵکی تر بێت پشتگیریی لێ بکات*. هەر بۆیە دەرەوە، واتە وڵاتان، بەردەوام چاوەڕێی ئەوە بوون، کێشەی کورد لە *چوارچێوە و ناوخۆی* ئەو وڵاتانەدا چارەسەر بکرێت، کە کورد تیایاندا دەژی.

لە لایەکی ترەوە، کاتێک باسی مافی چارەی خۆنووسین بۆ

کورد دێتە گۆڕێ، خەڵک لەپێشدا سەیری بەرژەوەندییەکانی خۆی دەکات، ئینجا دواتر لە چوارچێوەی ئەم بەرژەوەندییانەدا هەڵوێست لەمەڕ مەسەلەی ماف و داواکارییەکانی کورد وەر دەگرێت.

لە مێژووی ئەم پەنجا - شەست ساڵەی دواییدا، خەباتی کورد تووشی دوالیزم ئیزدواجیەتێکی گەورە بووە، کە بە بڕوای من پشتشکێن بووە. دوالیزمەکەش ئەوەیە، تۆ حەزێکی گەورەت هەیە بۆ بەنێودەوڵەتیکردنی کێشەکەت و کاریش بەو ئاراستەیەدا دەکەیت، لە کاتێکدا دروشمی بەنێودەوڵەتیکردنەکەت لەمپەرێکی جیددیی لەپێشە، ئەویش ئەوەیە کە تۆ خۆت لە چوارچێوەی ئۆتۆنۆمی دواتر فیدراڵی، واتە لە گۆشەنیگای *چارەسەری ناوخۆییدا* لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا قسە دەکەیت. بەم واتایە، ئەگەر بتەوێت کێشەکەت بە جیهانی بکەیت، دەبێت ئەو چەمک و جیهانبینییە، واتە ئۆتۆنۆمی، تێپەڕێنیت و داوای شتێک بکەیت، کە کێشەکەت بەرێتە دەرەوە بۆ ئەوەی دنیا باشتر لێت تێبگات، واتە داوای مافی چارەی خۆنووسین بکەیت.

بۆیە من دەڵێم، دەبێت پێش ئەوەی خەڵک تاوانبار بکەین بەوەی پشتگیری لە داوای مافی چارەی خۆنووسینی کورد ناکەن، کورد خۆی دان بەوەدا بنێت، کە شۆڕشی کورد بە شێوەیەکی گشتی، هەندێک حاڵەتی کەمی لێ بترازێت، داوای ئۆتۆنۆمی دواتر فیدراڵیی کردووە نەک سەربەخۆیی. بە تێبینی ئەوەی کە هەر وەک پێشتر وترا، *فیدراڵی تەنها دیوێکی تری ئۆتۆنۆمییە* و کێشەکە بە ***ناوخۆیی*** دەهێڵێتەوە.

میدیا: تا چەند یاسا نێودەوڵەتییەکان وەک ئەوەی کە هەن، جێبەجێ دەکرێن، چونکە وەک دەزانین، هەموو کێشە نێودەوڵەتییەکان بەپێی بەرژەوەندیی زلهێزەکان دەڕوات؟

ب. یاسین: شتێک هەیە ناوی یاسای نێودەوڵەتییە، ئەو یاسایە لە چوارچێوەی دەقێکی نووسراودا دەمێنێتەوە کاتێک بە کردار بەهایەکی سیاسیی عەمەلی وەر ناگرێت. هۆیەکی گرنگی ئەم حاڵەتەش ئەوەیە، لە بەرانبەر یاسای نێودەوڵەتیدا پەیوەندیی نێودەوڵەتی و بەرژەوەندیی دەوڵەتانمان هەیە، کە هەردووکیان دەربڕ و بەرجەستەی دەوڵەتانی سەربەخۆ و خاوەنسەروەرین. هەرچەندە ئەو نەتەوانەی خاوەنی دەوڵەتی خۆیان نین لە ماوەی سی – چل ساڵی ڕابردوودا جێگەی خۆیان لەسەر مەیدانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان کردووەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت، نەتەوە خاوەنسەروەرییەکان باڵادەستن لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا.

میدیا: فەلەستینییەکان لەگەڵ ئەوەی دەوڵەتی سەربەخۆیان نییە، لە نەتەوە یەکگرتووەکان چاودێریان هەیە، بەڵام کورد تا ئێستا ئەوەی نییە، هۆی چییە؟

ب. یاسین: کار کراوە بۆ ئەوە، بەڵام بەپێی پێویست نەبووە. لە لایەکی ترەوە، کار لەو ئاراستەیەدا، کورد دەخاتە دژایەتی لەگەڵ بەرنامە *ئۆتۆنۆمیخوازییەکەی*. کاتێک داوای ئۆتۆنۆمی دەکەیت، ئەوە خۆت دژی ئەو داوایە دەوەستیتەوە کە خۆت دەیکەیت، ئەویش بوونە بە چاودێر لە نەتەوە یەکگرتووەکان.

بەم واتایە ئۆتۆنۆمی کێشەیەکی گەورەیە بۆ کورد، چونکە ڕێگرێکی جیددییە بۆ بەنێودەوڵەتیبوونی کێشەی کورد، کە من لەم دواییانەدا بە "ئۆتۆنۆمیزم" ناوم بردووە. کاتێک وتت ئۆتۆنۆمیزم، ئیدی ئەوە دەبێتە چەمکێکی ئاڵۆزی ڕۆشنبیری، سیاسی، کولتووری و سایکۆلۆژی بۆ ئەو گەلەی داوای ئۆتۆنۆمی دەکات. بە واتایەکی تر، ئەوانەی داوای ئۆتۆنۆمی دەکەن، لە باشترین حاڵەتدا داوای **نیو ئازادی** یا **چارەکێک** ئازادی دەکەن، بەڵام ئەوانەی داوای دەوڵەتی سەربەخۆ دەکەن، داوای ئازادیی تەواو و کامڵ دەکەن. دیوێکی تری قسەکە ئەوەیە، جیاوازییەکی گەوهەری هەیە لەنێوان ئەو کەسەی، یا ڕاستتر بڵێین ئەو "کەسایەتییەی،" داوای نیوئازادی دەکات لەگەڵ ئەو کەسایەتییەی داوای ئازادیی تەواو دەکات؛ بە تێبینیی ئەوەی وشەی کەسایەتی، گوزارشت لە پێکهاتەیەکی ئاڵۆز لە ڕەگەزەکانی جیهانبینی، کولتووری سیاسی و سایکۆلۆژی دەکات، کە تاکەکەس هەڵگریەتی.

میدیا: تا چەند لە دنیای ئێستادا مۆدێلی دەوڵەت – نەتەوە جێگەی دەبێتەوە. لە کوردستانیشدا یەک نەتەوە ناژی تا تۆ داوای دەوڵەتی سەربەخۆی ئەو نەتەوەیە بکەیت کە کوردە؟

ب. یاسین: دەوڵەت – نەتەوە لە سیفەتی سیاسیدا لەسەر بناغەی دەستووری دەوڵەتێکی مەدەنی و هاونیشتیمانیبوون و بوونی جۆرێک لە گرێبەستی کۆمەڵایەتی لەنێوان تاکەکان و دەوڵەتدا ڕێک دەخرێت. بە واتایەکی تر، لە جیهانبینییەکی ئەوهادا جێگەی هەموو پێکهاتەکان، بە کورد و غەیرە کوردەوە،

دەبێتەوە. لەناو کوردستاندا پێکهاتەی تریش دەژین، بۆیە دەبێت کورد لەوە ئاگادار بێت، کە وا باشە هەر زوو چەمکی کوردستان و "کوردستانی" بەکار بهێنێت، بە *واتایەکی نیشتمانی نەوەک ئیتنیکی ڕووت.*

میدیا: تۆ دەڵێیت کوردستان هەبێت و نەتەوەکانی تریش لەگەڵ کورددا بژین، ئایا ئەمە هەمان قسە نییە کە عەرەبێک دەڵێت عێراق هەبێت و کوردەکانیش لەگەڵماندا بژین، ئەوەی تۆ دەیخوازیت، جۆرێک نییە لە دووبارەبوونەوەی هەڵوێستی دوژمنانە بەرانبەر بە کورد، بەڵام لە کاتێکی تردا و بە جۆرێکی تر؟

ب. یاسین: ناکرێت هەمان پێناسە و تێگەیشتن بێت، پێویستە جیاوازییەکی گەورە بکەین لەنێوان ئەو دوو حاڵەتەدا، چونکە ماوەی حوکمڕانیی کورد لە باشووری کوردستان بە هەموو نوقسانییەکەوە، کە هەندێک جار نوقسانیی زۆر جیددیش بوون، نموونەیەکی باش بووە لە هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ کەمایەتییەکان، چونکە پەراوێزێکی زۆر لە ئازادیی کاری سیاسی و خۆڕێکخستن و مافە کولتوورییەکانیان بۆ فەراهەم کراوە.

ئێمە دەتوانین باس لە مافی ئۆتۆنۆمی بکەین بۆ کەمایەتییەکانی ناو کوردستان، ئەگەر بێت و ئەوان بیسەلمێنن، لە پارچەیەک لە خاکی کوردستاندا زۆرینەن.

میدیا: لە دنیای ئێستادا تا چەندە کورد دەتوانێت بە شۆڕشی

چەکداری ئامانجەکانی بهێنێتە دی؟

ب. یاسین: خەباتی چەکداری دەتوانێت ئامرازێک بێت بۆ ڕاگرتنی ئاستی باوەڕبەخۆبوون و ژیاندنەوەی ئەو ڕۆحەی خەوتووە یا لاوازە لە کەسایەتیی نەتەوەدا، بەڵام ئەم جۆرە خەباتە ناتوانێت ئامرازێک بێت بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی لەسەر خاکی کوردستان، ئەوە باوەڕی منە لە هەڵسەنگاندنی خەباتی چەکداریدا.

کوردستان خاکێکی داخراوە، هەموو سنوورەکەی تۆ بەستراوە بە ئەو وڵاتانەوە، کە داگیرکەری خاکەکەتن، بەم واتایەش دەستت ناگاتە سنوورێکی ئاویی ئازاد، کە لە ڕێگەیەوە پەیوەندی لەگەڵ دەرەوەدا ببەستیت. ڕێک لەبەر ئەم هۆیە لە خەباتی چەکداریدا پەیوەندیت لەگەڵ جیهانی دەرەوە لە ڕێگەی دوژمن و داگیرکارێکی تر، تۆ بڵێ دوژمنی ژمارە دووەوە، دەبێت. بەم مانایەش، تۆ دەکەویتە ناو کۆمەڵێک هاوپەیمانی، کە نەک هەر ناموقەددەس نین، بەڵکوو پشتشکێنن بۆ کورد. زیاتر لە دوو جار، لە مێژووی سی-چل ساڵی ڕابردوودا، کورد لە باشووری کوردستان تووشی کێشە بووە لە ئەنجامی ئەم جۆرە هاوپەیمانییانە: ساڵی ١٩٧٥ و کۆتایی ١٩٨٠کان، دوو هەرەسی پشتشکێنی خەباتی چەکداری بوون، بەڵام جیاوازییەکی گرنگ لەنێوان ئەو دوو شکستەی خەباتی چەکداری ئەوە بوو، شکستەکەی ١٩٧٥ لەلایەن بارزانی بەڕاشکاوی ڕاگەیەندرا، بەڵام ئەوەی کۆتایی ١٩٨٠کان، ڕانەگەیەندرا. جیاوازییەکی تریش ئەوە بوو، ماوەیەکی کورت دوای ئەم شکستەی کۆتایی ١٩٨٠کان، سەدام حسێن هەڵە مێژووییەکەی لە پاییزی ١٩٩٠دا

کرد، کاتێک چووە ناو کوەیتەوە و دواتریش ڕاپەڕین ڕووی دا. بە بڕوای من، مۆدێلێکی تری خەباتی چەکداری هەیە تا ئێستا بەکار نەهاتووە، ئەویش ئەوەیە خەباتی خۆت لە ڕۆخێکی لاوازەوە کە کوردستانە، ببەیت بۆ ناوەند واتە "شەڕ لە ڕۆخ، بە مانایەکی تر شەڕ لە ماڵی خۆت، بگوازیتەوە بۆ ناوەند، واتە بۆ ناو ماڵی دوژمن خۆی و لەوێدا، بەڵام بە شێوازێکی نوێ شەڕی ئەو دوژمنە بکەیت." ئەگەر بتوانیت ساڵی جارێکیش لەناو ئەستەنبوڵ پردێکی گەورە بتەقێنیتەوە یا شوێنێکی ستراتیژی بکەیتە ئامانج، ئەوا بەو مانایە دێت، توانیت شەڕەکە ببەیتە ناو خاکی دوژمنەوە.

میدیا: بەڵام ئەوەش هەر شەڕی چەکداری نییە؟

ب. یاسین: بەڵی خەباتی چەکدارییە، بەڵام ئەوکات "بە شێوازێکی نوێ،" واتە تۆ شەڕەکەت لە ماڵی خۆت دەر کردووە و بردووتەتە ناو ماڵی دوژمن.

با ئێمە باسی زیانەکانی خەباتی چەکداری لە باکووری کوردستان بکەین، کە بەداخەوە زۆر کەم باس دەکرێت. یەکێک لەو زیانە کوشندانە ئەوەیە، ٣٥٠٠ گوند چۆڵ کراوە. بۆ ئێمە، وەک لایەنی کوردی، ڕاستە زۆر ئاسانە بڵێین ئەم تراژیدیایە سیاسەتێکی فاشییانەی دەسەڵاتدارانی ئەنقەرەیە، بەڵام بەو ئاسانییەش نییە، بەڵکوو بەشێکی زۆر لەو چۆڵکردنە، باجێکە داوتە لە ئاکامی بەکاربردنی شێوەیەک لە خەبات، ئەویش خەباتی چەکدارییە لە ڕۆخەوە، *لەناو ماڵی خۆتەوە*.

دەرەنجامێکی تر ئەوەیە، بەشێک لە خەڵک تۆقێندراون

و ناچار کراون لەلایەن دەوڵەتەوە بۆ هەڵگرتنی چەکی "جاشایەتی." کاتێک ئەو چەکەشی هەڵگرت، پەکەکە دێت خۆی وماڵومنداڵەکەی ئازار دەدات یا دەیکوژێت، ئەوەش وا دەکات، کورد لە ڕۆخە لاوازە دواکەوتوو و بێبەشەکەدا باجێکی زۆرتر دەدات. هەر بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٩٧ جەمیل بایک، یەکێک لە سەرکردە هەرە کاریگەرەکانی پەکەکە، لە وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەنووسێکدا کە ئایا شەڕی چەکداری لە باکووری کوردستان ئەوەندەی دەهێنا ئەو هەموو منداڵە بێ خوێندن بمێننەوە و ئەو هەموو لادێیە چۆڵ بکرێت؟ بایک لە وەڵامدا دەڵێ، "ئێمە نەماندەزانی خەباتی چەکداری بەو شێوەیە دەشکێتەوە، بە واتای ئەم دەرەنجامەی لێ دەکەوێتەوە! بە هەرحاڵ، ئەو پاساوەشی بەردەوام دەڵێ، ‹دوژمن هێرش دەکاتە سەر تۆ، لەبەر ئەوە تۆ ناچارین وەڵامی ئەو بە چەک بدەیتەوە› مانای وایە، تۆ ستراتیژێکت بۆ خەباتی خۆت هەڵبژارد، کە لە ڕاستیدا بژاردەی دوژمنە نەک هی تۆ، بگرە زۆر جاریش بە دڵی دوژمنە. ئەمە جەدەلێکی زۆر گرنگە و پێویستی بە گفتوگۆ و لێکۆڵینەوەی زۆر زیاتر هەیە!"

میدیا: بەپێی قسەکانی تۆ، ئەوەی کە ئێستا کورد لە بەغداد شەڕی لەسەر دەکات لە کاتی دانانی دەستووردا دۆڕاندوویەتی؟

ب. یاسین: ئێمە پێش دانانی دەستوور و ڕووخانی ڕژێمی بەعس و بەستنی کۆنفرانسی لەندەنیش لە کانوونی یەکەم ٢٠٠٠دا، ئەو شەڕەمان دۆڕاندبوو. کورد هەڵگری گوتارێکە، کە تێری ئەوە ناکات ئەو نەتەوەیە بخەیتە سەرپێ لە

چوارچێوەیەکدا کە زامنی ئەوە بێت، جارێکی تر بەغداد چاوی لەوە نەبێت وات لێ بکات شارەکانت بەجێ بهێڵیت و جارێکی تر لە شاخەکاندا گەمارۆت بدات و... هتد. تۆ لە پرسیارەکەتدا شتێکی باشت ورووژاند. بە باوەڕی من لە ڕۆژی ڕووخانی دیکتاتۆرەوە، کورد کەوتە ناو پرۆسەی *دروستکردنەوەی دەوڵەتێک، کە دواتر بچێت لە هەمان دەوڵەت داوای مافەکانی بکات*. ئەوە کێشەی سەرەکیی کوردە لە عێراقی دوای سەدام. ئەسڵی مەسەلەکە ئەو گوتار و جیهانبینییە کوردییەیە، کە پێیدەگوترێ "برایەتیی کورد و عەرەب". لە ڕاستیدا لەنێوان هیچ گەلێکی داگیرکەر و داگیرکراودا ئەو چەمکی برایەتییە بەکار ناهێنرێت. تەنیا کورد ئەو چەمکە بەکار دەهێنێت بۆ داپۆشینی سیاسەتێک، کە نیوەی ئەو سیاسەتە شۆڤێنیزمی نەتەوەی سەردەستە، بەڵام نیوەکەی تریشی سیاسەتی لایەنێکی لاوازە، واتە لایەنێکی کوردی کە ئەویش گوتاری ئۆتۆنۆمیزمە. لەبەر ئەوە، بە بڕوای من، ڕەنگکردنی ئەو هاوکێشە ناهاوسەنگە بە بۆیاخی برایەتی، بەنجێکی بەکۆمەڵی گەلی کوردە. ئەم "بەنجی برایەتییە" مێشکی کورد سڕ دەکات، دەیخەوێنێت، بە لاڕێیدا دەبات، ڕێی ڕاستەقینەی لێ بزر دەکات، ناهۆشیار دەمێنێتەوە و نیگەرانییەکانی ڕوو لە داهاتوو لێ دەسێنێت.

بە واتایەکی تر، ئەگەر تۆ نیگەران بوویت و بەردەوام پرسیارت کرد، ئەوا بەردەوام بەدوای چارەسەر و وەڵامەکاندا دەگەڕێیت. لەبەر ئەوەی سیاسەتی کوردی هەر لە ڕۆژی دوای ڕووخانی عێراقەوە، دروشمی ئەوەی بەرز کردەوە، کە عێراق *عێراقێکی نوێیە*، ئەوا خەڵکی کوردستان ئەو تەسەورەی لا دروست بوو، کە ئیتر کێشەکەی چارەسەر کراوە و لە

داهاتووشدا، لە چوارچێوەی عێراقێکی نوێدا، خەڵکی کوردستان هیچ مەترسییەکی لەسەر نییە.

بە بڕوای من، عێراقی دوای سەدام نەک هەر نوێ نییە، بەڵکوو دوو جاریش کۆنە: جارێکیان سیاسەت و جیهانبینیی کوردیی کۆنە، چونکە لە باشترین حاڵەتدا ئەم جیهانبینییە هی ١٩٥٠کان و ١٩٦٠کانی سەدەی ڕابردووە. جارێکی تریشیان کۆنە، چونکە ئەوانەشی لە بەغدادی دوای سەدام فەرمانڕەوان، هەڵگری *ئەقڵیەت و بیرکردنەوەی عێراقی کۆنن.*

بەم مانایەش، لەبەر ئەوەی عێراق دوو جار کۆنە، کارێکی دروست نییە بەردەوام بە گوێی خەڵکی کورددا بدرێت، کە عێراق عێراقێکی نوێیە.

میدیا: پێت وایە لە بنەڕەتدا ستراتیژیەتێکی نەتەوەییی کوردی لەئارادا بێت؟

ب. یاسین: من باوەڕم وایە، کێشەکە ئەوە نییە مەترسی ئەوە هەبێت ئێمە لە وێستگەیەکی هەڵە لە شەمەندەفەرەکە دابەزین، بەڵکوو کێشەکە ئەوەیە، شەمەندەفەرەکە تەواو بەسەر سکەیەکی هەڵەدا دەڕوات، لەبەر ئەوەش دەمانگەیەنێتە کۆتاییەکی هەڵە!

میدیا: سنووری دەسەڵاتی ئەم فیدراڵیەتەی لە کوردستاندا هەیە، بە بەراورد لەگەڵ هەرێمە فیدراڵیەکانی دەرەوەدا لە چ ئاستێکدایە؟

ب. یاسین: من دەمەوێت دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان بەراورد بکەم لەگەڵ دوو ئەزموونی ئۆتۆنۆمی، یەکەمیان ئۆتۆنۆمیی گرینلاند، کە سەر بە دانیمارکە و ژمارەی دانیشتووانی لە پەنجا هەزار کەس تێپەڕ ناکات. ئەم هەرێمە لە ساڵی ١٩٨٢ لە ڕیفراندۆمێکی ناوخۆییدا بڕیاری دا لەناو یەکێتیی ئەوروپا (هەڵبەتە ئەو کاتە ناوی بازاڕی ئەوروپای هاوبەش بوو) نەمێنێتەوە، دانیمارکیش بۆی نەبوو بڵێت نا، ئەگەرچی دانیمارک خۆی لەناو ئەو یەکێتییەدا مایەوە. ئەم دۆخە بەراورد بکەین بە دەستووری عێراق و نەبوونی هیچ بژاردەیەک بۆ کورد، کە وەک هەرێمێکی فیدراڵی لە کۆمکاری عەرەبی (جامیعەی عەرەبی)دا نەبێت، بەڵام عێراق لەناو کۆمکار بمێنێتەوە. بوونی هەرێمی کوردستان لەناو کۆمکارێکی عەرەبیدا (وەک بەشێک لە عێراق) کێشەیە بۆ کورد. بۆ نموونە هاوپەیمانیی عەرەبیی سەربازیی هاوبەش، کە لە چوارچێوەی کۆمکاری عەرەبیدا لە ساڵی ١٩٥٢ مۆر کراوە، جەخت دەکاتەوە کە ئەگەر هەر دەوڵەتێکی عەرەبی تووشی هێرش یا هەڕەشەیەکی دەرەکی ببێتەوە، ئەوا پێویستە هەموو وڵاتانی عەرەبی پابەندی ئەوە بن، بەرگری لەو وڵاتە عەرەبییە بکەن. کەواتە تۆ وەکوو کورد، دەکرێت پەلکێش بکرێیتە ناو شەڕێکی گەورەوە. ڕەهەندێکی ئەو ڕاستییەش ئەوەیە، لە ڕێگەی ئەندامێتیی عێراق لە کۆمکاری عەرەبیدا، کورد لە چوارچێوەی کۆمکارەکەدا دەبێ بە کەمایەتییەکی ئیتنی کە کەمترە لە ١٪ی دانیشتووانی ئەم کۆمکارە: کورد دوو جار، لە ڕووی ژمارەوە دەبێ بە کەمایەتی، جارێکیان لە چوارچێوەی عێراقدا و جارێکی تریشیان لە چوارچێوەی کۆمکاری عەرەبیدا.

نموونەی دووەم سەبارەت بە دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان، نموونەی هەرێمی ئۆتۆنۆمیی ئۆلاندە، کە ساڵی ۱۹۲۰، وەک هەرێمی ئۆتۆنۆمی درا بە فینلاند و نەدرا بە سوید. هەر زوو لە سەرەتای دامەزرانی ئەم ئۆتۆنۆمییەوە، بڕیار درا سویدییەکان بۆیان نەبێت یەک مەتریش خاک بکڕن لەو هەرێمە ئۆتۆنۆمییەدا، بەڵام بەپێی ئەو فیدراڵییەی لە دەستووری عێراقدا جێگیر بووە، بەپێی ماددەی ۲۳، هەر عێراقییەک بۆی هەیە لە هەرکوێیەکی عێراق نیشتەجێ ببێ و موڵکی هەبێت. ئەی ئەمە هەڕەشەیەکی جیددی نییە لەسەر هەرێمی کوردستانی فیدراڵی؟ ئەی ئەم فیدراڵییە لە ئۆتۆنۆمییەکەی ئۆلاند لاوازتر نییە.

میدیا: ڕات چییە لەسەر ئەو ڕێککەوتنە ئاسایشییەی کە بڕیارە لەنێوان عێراق و ئەمەریکادا ئیمزا بکرێت؟

ب. یاسین: دەکرێت ئەو ڕێککەوتنە ئاسایشییەی نێوان عێراق و ئەمەریکا پشتشکێن بێت بۆ کورد. من بەجیددی دەخوازم چرای سووری مەترسی داگیرسێنم. ئەگەر هات و لایەنی عەرەبی ڕێک کەوت لەگەڵ ئەمەریکا و ڕازی بوو لەسەر مانەوەی ئەمەریکا لە عێراق، ئەوکات پێگەی لایەنی عەرەبی لە عێراق زۆر بەهێزتر دەبێت بەرانبەر بە کورد. لە بەرامبەردا پێویستیی ئەمەریکا بە کورد وەک هاوپەیمان زۆر کەمتر دەبێتەوە. لە لایەکی ترەوە مام جەلال و هۆشیار زێباری و ئەو کوردانەی لە دەسەڵاتن (لە بەغداد) ڕۆژ و شەو بۆ ئەوە کار دەکەن، کە ئەو ڕێککەوتنە مۆر بکرێت. بە باوەڕی من، ئەو بانگەشە و پێداگرییەی ئەوان دوو زیانی لێ دەکەوێتەوە،

یەکێکیان ئەوەیە کە کورد لە ڕێککەوتنەکەدا جێگەی نەکراوەتەوە و باسی ناکرێت.

ئەو ڕێککەوتنە ئاساییشییەی ئێستا باس دەکرێت، لەسەر ڕێککەوتنی مالیکی و بۆش دادەمەزرێت، کە ئەویش ساڵێک پێش ئێستا مۆر کراوە. لە لایەکی ترەوە، من زانیاریم هەیە، کە فراکسیۆنی هاوپەیمانیی کوردستانی لە بەغداد، تا ئێستا بۆ پێنج خولەکیش گفتوگۆیان لەسەر ئەو ڕێککەوتنەی نێوان بۆش و مالیکی نەکردووە. ئەم ڕێککەوتنەی نێوان بۆش و مالیکی لە هەژدە بەند پێک دێت. لە بەشی سیاسی لە یەکەم پەرەگرافی ڕێککەوتنەکەدا هاتووە، کە ئەمەریکا بە هەموو تواناکانیەوە لەپشت عێراق دەوەستێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر هەڕەشەیەکی ***ناوخۆیی و دەرەکی***. شایانی جەختکردنەوەیە، لە قۆناغێکدا دەکرێ کورد وەکوو هەڕەشەی ناوخۆیی بۆ سەر ئاسایشی ناوخۆی عێراق وێنا بکرێت. ئەگەر کورد لە خانەقین و قەرەتەپە و کەرکوک و شوێنەکانی تر بەپێی بۆچوونی عێراقی عەرەبی و ئەمەریکی، کە لە ڕێککەوتنەکەدا گوزارشتی لێ کراوە، هەڵسوکەوتی نەکرد، ئەوا مانای وایە کورد بەرەوڕووی عەرەب و ئەمەریکا دەوەستێتەوە. لە پەرەگرافی دووی بەشی ئاساییش لە ڕێککەوتنەکە ئەوە هاتووە، کە ئەمەریکا پاڵپشتی عێراق دەکات لە شەڕدا دژی *گرووپە چەکدارە نایاساییەکان*. لە ڕاستیدا هەر زووتر لە کاتی کێشەکانی خانەقیندا، کۆمەڵێک پەرلەمانتاری عەرەب ناوی هێزی پێشمەرگەیان وەک *هێزی نایاسایی* هێناوە. ئەوە بەڕێکەوت نەکراوە، بەڵکوو ئەمە هەوڵێکە بۆ ئەوەی عێراقی عەرەبی پاڵپشتیی ئەمەریکا لەم کێشانەدا لەگەڵ کورد بەدەست بهێنێ. بەم مانایەش لایەنی عەرەبی بە

ئاگادارییەوە ئەوە دەکات، بەلام کورد لەم شتە بێئاگایە.

میدیا: ئایا تۆ بەتەواوی ڕێککەوتنەکە ڕەت دەکەیتەوە، یا پێت وایە دەکرێت چەند بەندێکی لێ زیاد بکرێت، کە مافی کوردی تێدا لەبەرچاو بگیرێت؟

ب. یاسین: بۆ نموونە یەکێک لەو پەرەگرافانەی عەرەبە سوننیەکانیش دژایەتیی دەکەن ئەوەیە، ڕێککەوتنەکە ڕێگە بە عێراق دەدات ڕێککەوتنی هاوشێوە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا واژۆ بکات. بە بڕوای من، لایەنی کوردی هەر نەبێت دەتوانێت هەر لەسەر ئەوە پێداگری بکات، کە لە بەردەوامیی ئەو پەرەگرافەدا ئەوە بنووسرێت، "بە مەرجێک ئەو ڕێککەوتنە دژی بەرژەوەندیی هیچکام لە پێکهاتەکانی عێراق نەبێت،" بەلام کورد تا ئێستا پێداگریی لەسەر مەرجێکی لەم چەشنە نەکردووە.

میدیا: ئەم ڕێککەوتنەی نێوان عێراق و ئەمەریکا لەکوێی پرۆژەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی گەورەدایە، کە ئەمەریکا لە ساڵی ٢٠٠٣ خستیە ڕوو؟

ب. یاسین: لە کاتی پێشکەشکردنی ئەو پرۆژەیە بە دوو قۆناغ لە ساڵی ٢٠٠٣-٢٠٠٤، باسی لە دیموکراتیزەکردنی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی گەورە دەکرد. لە کاتی بلاوبوونەوەی ئەم پرۆژەیە، لەناو کورددا گەشبینییەک هاتە ئاراوە، هەرچەندە لە پرۆژەکەدا، لە مەسەلەی کەمایەتییەکان و مافی نەتەوە بێدەوڵەتەکان، پێشکەوتنێک بەدی نەدەکرا. ئێستا لەدوای چوار ساڵ لە

بڵاوبوونەوەی پڕۆژەکە، لەناو ئەکادیمی و سیاسەتمەداراندا باسی ئەوە دەکرێت، کە ئەمەریکا لە پڕۆژەکەی پاشەکشەی کردووە، چونکە ئەمەریکا نەیتوانی ئامانجی خۆی بەتایبەتی لە ئەفغانستان بەدەست بهێنێت. جگە لەوەش، ئێستا جارێکی تر ئەم وڵاتە، واتە ئەمەریکا، کار بۆ ئەوە دەکات، ئاساییشی هاوپەیمانییەکان لە ناوچەکەدا لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی خۆی بپارێزێت، نەک بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ.

## هاوپەیمانیی سیاسیی یەکێتی و پارتی
## ترسناکترین گەندەڵیی سیاسییە

**دیمانەی ڕۆژنامەی ڕۆژنامە**
**ڕۆژنامە ژمارە ٣٧٧ و ٣٧٨، ١/٥ و ٢٠٠٩/١/٦**

ڕۆژنامە: لەم دواییانەدا چەند پرۆژەیەک پێشکەش کراون بۆ چاکسازی لە هەرێمی کوردستان، وەک پرۆژەکانی کاک نەوشیروان، مام جەلال، چوار حیزبەکە. ڕاستە ئەم نەریتە هەنگاوێکی باشە لە هەرێم دەر بکەوێت، بەڵام تا چەند دەتوانرێت سوودیان هەبێت و گۆڕانکاری بکەن؟

ب. یاسین: بەر لە هەرشتێک، باسکردن لە چاکسازی و گۆڕانکاری لە ئەزموونی باشووری کوردستاندا شتێکی تازە نییە و دەتوانین بڵێین باسکردن لە شێوەی خەملاندنی دەسەڵاتی سیاسی لەم بەشەی کوردستان و خواستی بەردەوام بۆ چاکسازی لەم دەسەڵاتەدا، هەر لە ڕۆژی سەرهەڵدان و دەستپێکردنی ئەم ئەزموونە لە ١٩٩١–١٩٩٢ لەسەر پێ بووە. لە ڕاستیدا دەکرێ هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی ئەزموونی

باشووری کوردستانەوە، باس لە دەیان هەوڵی دڵسۆزانەی نووسەران و ڕۆشنبیرانی کورد بۆ چاکسازی و بەرهەمهێنانی دەسەڵاتێکی تەندروست بکرێت. لە ڕاستیدا بەشێک لەو بیروبۆچوونانەی ئەو کاتە بڵاو کراونەتەوە و دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان زۆر بەچاکی لێیان ئاگادار بوون، ئێستاش بەهای فیکری و سیاسیی خۆیان لەدەست نەداوە.

کەواتە بەر لە هەموو شتێک و بە جەختکردنیشەوە، چاکسازی و گۆڕانکاری، پێویستی بە هەنگاو و بەرجەستەکردنی بیروبۆچوونی چاکسازین، نەک تەنها بە بەردەوامیی قسەکردن دەربارەی چاکسازی، بەبێ ئەوەی هیچ هەنگاوێک بنێت. بە هەرحاڵ، ئەوەی تێبینی دەکرێ، ئەوەیە کە ئەو هەموو هەوڵانە وەکوو چەند دوورگەیەک لە یەکتر دابڕاون و لەوەش خراپتر، زۆر جار کە لایەنێک یا کەسایەتییەک یا چەند لایەنێکی سیاسی باس لە چاکسازی دەکەن، وا باسی دەکەن، وەکوو ئەوەی نە کەس و نە لایەنی تر باسیان لەو چاکسازییانە نەکردبێ. ئەم حاڵەتەش هێما و دەربڕە بۆ شتێکی زۆر مەترسیدار، ئەویش ئەوەیە، لە پانتاییی کوردەواریدا بەگشتی و لە زهنیەتی زۆربەی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان دیاردە و کولتووری یەکترخوێندنەوە نەک هەر لاوازە، بەڵکوو زۆر جار وا هەست دەکرێت، لەپشتی هەوڵەکان نەک هەر نەخوێندنەوەی یەکتر، بەڵکوو ئینکارکردنی یەکتر و بەهەند هەڵنەگرتنی هەوڵی ئەوی تر، کەس یا لایەن، بەدی دەکرێت. ئاخر ئەوەتا ڕەوتی ڕەگ لەبەر ئەوەی داوای چاکسازی و گۆڕانکاری لە حیزب و دەسەڵات دەکات، هەڵسووڕێنەرانی ڕەگ سزای حیزبی دەدرێن، لەبری دەستخۆشی لێکردنیان. لە لایەکی ترەوە،

مام جەلال خۆی لە سەری لووتکەی ئەو حیزب و دەسەڵاتە دەبینێتەوە، کە سزا بۆ ڕەگی چاکسازیخواز دەر دەکات، کەچی ئەوەتا خۆی هاتووە بەبێ خوێندنەوە حساب بۆکردنی ڕەگ و چاکسازیخوازانی تر، پڕۆژەیەکی تری چاکسازی دەخاتە ڕوو. نموونەیەکی تر لەو شێوە هەڵوێستە، گرنگینەدانە بە پڕۆژەی چاکسازیی چوار حیزبەکە، کە دەمێکی زۆرە پێشکەش بە دەسەڵاتی سیاسیی و دوو حیزبە سەرەکییەکە کراوە، کەچی لەو هەموو ماوەیەدا ئەو پڕۆژەیە بەبێ وەڵام ماوەتەوە.

ئەم پڕۆژانە لەبەر ئەوەی لە لایەن و کەسی جیاجیا دەر چوون، ناکرێ جیاوازی لەنێوانیاندا نەبینین، بەڵام لەگەڵ بینین و خوێندنەوەی جیاوازییەکانیش لەنێوان ئەم پڕۆژانەدا، ئەو شتانەی هاوبەشن زیاترن، وەکوو دەستنیشانکردنی گرفت و کێماسیەکان و چەمکەکانی چاکسازی و خاڵەکانی لێوەدەرچوونی گۆڕانکاری.

لەژێر ڕۆشناییی ئەوەی سەرەوەدا، ئەگەر هێز و لایەنەکان، ئەوانەی ناو دەسەڵات و ئەوانەی لە دەرەوەی دەسەڵات، ئەگەر بخوازن هەوڵەکانی چاکسازی و گۆڕانکاری سەرکەوتوو بن، ئەوا پێویستییەکی حەیاتییە هەموو ئەو کەس و لایەنە چاکسازیخوازانە جارێ بەر لە هەرشتێک، یەکتر و هەوڵەکانی یەکتر بخوێننەوە. نەک هەر ئەوە، بەڵکوو تێکهەڵکێشکردنی هەوڵە بەرجەستە و جیددییەکان لەناو یەک خوێندنەوە و چوارچێوەدا مەسەلەیەکی گرنگە. ئەم هەڵوێست و نزیکبوونەوەیە هەندێ گرنگیی تایبەتی لەخۆ دەگرێ: ١- خوێندنەوەی یەکتر نەریت و هەڵوەستەیەکە، لەناو کولتووری دیموکراتی جێگەی دەبێتەوە و بەرجەستە دەبێت. ٢- هەنگاوێکی

ئەوها دەتوانێ جگە لە گرنگییە سیاسییەکەی، خۆی لە خۆیدا ڕەگەزێکی گرنگی سەرخستنی خودی هەنگاوە عەمەلییەکانی چاکسازی بێت.

ڕۆژنامە: پڕۆژەکەی کاک نەوشیروان بۆ ڕای گشتی بوو، پڕۆژەکەی مام جەلال لە مەکتەبی سیاسیی یەکێتی کاری لەسەر دەکرێت و ئەوەی چوار حیزبەکەش بۆ ڕای گشتی بوو و پێشکەش بە حکومەتیش کرا، بەڵام وەڵامیان نەدراوەتەوە، ئایا ئەمە شێوازێکی دروستی پێشکەشکردنی پڕۆژەی چاکسازیکردنە بۆ گۆڕانی سیستمی بەڕێوەبردن لە هەرێم، لە کاتێکدا ئەو هەموو گلەیی و کەموکووڕییە لە سیستمەکەدا هەیە؟

ب. یاسین: هەڵبەتە پڕۆژەکەی مام جەلال، لەگەڵ تێبینییش لەسەر ناوەڕۆک و ئەگەری جێبەجێنەبوونی تا پێچەوانەکەی، گرنگییەکی تایبەتی وەر دەگرێ، لەبەر هۆیەکی زۆر سادە، ئەویش ئەوەیە، لە هیچ کات و زەمانێکدا ئەنجامدانی چاکسازی فەراهەم نابێت، ئەگەر توانا و دەسەڵاتێکی زۆر بەهێزی لەپشت نەبێت. ئەو وەکوو سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانی و کلیلبەدەستێک لە پانتاییی سیاسیی باشووری کوردستان، دەرفەتێکی سەرکەوتنی لە بەردەستدا هەیە. لە لایەکی ترەوە، نابێ زێدەڕۆیی بکەین لە هەڵسەنگاندنی دەسەڵات و تواناکانی تاڵەبانی لەسەر مەیدانی باشووری کوردستان. ئەو دەسەڵاتە دواجار زۆر سنووردارە لەسەر ئاستی تەواوی ئەو پانتاییە، چونکە بۆ کەس شاراوە نییە، کە ئەمڕۆ پارتی دیموکراتی

کوردستان و سەرۆکەکەی، مەسعود بارزانی، نەک هەر نیوەی دەسەڵاتی سیاسی لە باشوور پێک دەهێنن، بەڵکوو هەندێک زیاتریش لە نیوەی دەسەڵات. لە ڕاستیدا پارادۆکس-موفارەقە ئەوەیە، خودی ئەو تەرتیباتە سیاسییە، کە یەکێتی و پارتی لەسەری پێک هاتوون، ئەو تەرتیباتەی زیاتر سووڕانەوە و "موئامەرەیە" لە دیموکراسییەکی ڕاستەقینە، ڕێگرە لە بەردەم هەر چاکسازییەکی تەندروست و سەرکەوتوو، کە بتوانێ لایەنە هەرە گرنگەکانی حوکمڕانیی سیاسی لە باشووری کوردستان بگرێتەوە. ئەو تەرتیباتەی یا ڕاستتر بڵێین ئەو هاوپەیمانییە سیاسییە "ناموقەددەسەی،" کە یەکێتی و پارتی لەسەری پێک هاتوون، لە باشترین حاڵەتدا سیستمێکی "حیزبۆکراتی"ی هێناوەتە بەرهەم، کە ئەمەش ترسناکترین شێوازی گەندەڵیی سیاسییە و گەورەترین کۆسپ و ڕێگرە لە بەردەم بەدیموکراتیزەکردنی ڕاستەقینەی ڕوانگەی سیاسی لە کوردستان.

لە ئەزموونی وڵاتان و میللەتانی تردا، لە چاکسازیی سیاسیدا شێوازی جیاجیا گیراونەتە بەر. چاکسازی دەکرێ بە تەنیا حیزبێک، دامەزراوەیەک یا کەرتێک لە کەرتەکانی کۆمەڵگە یا دەسەڵاتی سیاسی بگرێتەوە، بەڵام ئەزموونی باشووری کوردستان، لە زۆر ئەزموونی تری وڵاتانی جیهان جیایە؛ لە ڕاستیدا بە مانایەک لە ماناکان ئەزموونی باشووری کوردستان دەتوانێ تاکیش بێت. تەنها ئەزموونێک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زۆر لە هیی باشووری کوردستان دەچێت، ئەزموونی دەسەڵاتی نیشتمانیی فەلەستینە، واتە مەبەست ئەزموونی دەسەڵاتی سیاسی فەلەستینییەکانە

لەدوای ڕێککەوتنی ئۆسلۆ. لەو دوو ئەزموونەدا، چوار پرۆسەی گرنگ بەتوندی و بە ئاڵۆزییەکی زۆرەوە تێکەڵاو بە یەکتر بوون: ١- پرۆسەی ئافراندنی کۆمەڵگەیەکی سیاسی لەسەر بنەمای پەرلەمانتاریزم و نەریت و میکانیزمە دیموکراسییەکان و ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ... هتد. بە مانایەکی تر، زۆر بەکورتی بەرجەستەکردنی سیستمی دیموکراسی. ٢- داهێنان و بەرجەستەکردنی کۆمەڵگەی بەدامەزراوکراو، واتە خەملاندنی دەوڵەت لە بنەما هەرە سەرەکییەکانیەوە تا دەگاتە میکانیزمە هەرە ئاڵۆزەکانی کۆمەڵگەی بەدامەزراوکراو. ٣- لە هەردوو حاڵەتی کورد و فەلەستینییەکاندا، نەک هێشتا ئازادیی تەواو بەدەست نەهاتووە، بەڵکوو بە هەندێک جیاوازییەوە، کێشەی خاکی داگیرکراو و کۆمەڵێک کێشەی ستراتیژی هێشتا لە باشترین حاڵەتدا چاوەڕوانی چارەسەری دەکەن، لەوانە بۆ نموونە کێشەی دەستنیشانکردنی سنوور. ٤- کێشە و ململانێ و گرژییەکانی ناوماڵی سیاسی – نیشتمانی لە هەردوو حاڵەتی کوردی و فەلەستینیدا، بە کەمێ جیاوازیی مەقتەعییەوە، بە ڕەنگدانەوە لەسەر شێوەی مامەڵەکردن لەگەڵ حاڵەتی دەسەڵاتی سیاسی، بەگشتی هەڵوەستە لە هەر سێ خاڵی یەکەم و دووەم و سێهەمدا تێبینی دەکرێت.

لەو چوار ڕەهەندەی ڕوانگە و پێشوەچوونە سیاسییەی سەرەوە، لە لایەکەوە ئاڵۆزیی پانتاییی سیاسی و لەوێشدا کێشە و گرفتەکانمان بۆ دەر دەخەن، لە لایەکی تریشەوە، پانتایی و ئاڵۆزیی سیاسەتەکانی چاکسازیمان پێ دەناسێنن. ئەوەی زۆر گرنگە ئەوەیە، کێشەکان لە لایەک و چارەسەرەکان لە لایەکی ترەوە بە شێوەیەکی ئۆرگانیکی تێکەڵاو بە یەکتر دەبن. بەم

مانایە، هەر هەوڵێکی چاکسازی و گۆڕانکاری، کە دەخوازێت سەرانسەری بێت و وەڵامدەرەوەی پرسە مێژوویی و سیاسییە هەنووکەیییەکان و دوارۆژێکی باشتر بێت بۆ نەتەوە، دەبێ چوارچێوەیەکی هەرە فراوانی نیشتمانیی هەبێت و لە هەمان کاتدا چارەسەر بێت بۆ کێشە پەیوەندیدارەکان. واتە دەبێ چوارچێوەی هەر چوار ڕەهەندەکەی سەرەوە لە بەرچاو بگیرێن.

ڕۆژنامە: لە وڵاتانی دەرەوە پرۆژەی لەو شێوەیە چۆن کاری لەسەر دەکرێت؟

ب. یاسین: لە ڕاستیدا جیاوازیی گەورە هەیە لەنێوان وڵاتانی بە سیستمنادیموکراسی لە لایەک و وڵاتانی دیموکراسی لە لایەکی ترەوە. لە حاڵەتی یەکەمدا، پرۆژەی چاکسازی و گۆڕانکاری هیی هەڵبژاردە نوخبەیە یا ڕاستتر بڵێین، هیی تاکە سەرکردەیە، واتە ئەوەی پێی دەبێژن چاکسازی لە سەرەوەڕا بۆ خوارەوە. ئەمانەش نموونەیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زۆرن؛ وەک ئەتاتورک، ڕەزا شا و جەمال عەبدولناسر... هتد، بەڵام لە حاڵەتی دووەمدا، لە سیستمی دیموکراسیدا پرۆسەکە تەواو جیاوازە. ئەوەی گرنگە ئەوەیە، هەرچەندە میکانیزمەکان زۆرن لە حاڵەتی سیستمی دیموکراسیدا، بەڵام شتێکی سەرەکی لە حاڵەتی گۆڕانکاری لە سیستمە دیموکراسییەکان ئەوەیە کە ڕای گشتی بە چالاکی، بەبێ ئەوەی مەجبوور کرابێت، چالاکانە بەشداری لە پرۆسەی گۆڕانکاریدا دەکات. هەڵبەتە مەرجێکی گرنگی ئەو بەشدارییەش ئەوەیە، میدیایەکی تەواو ئازاد و بەبێ مەرج، بەشداری لە ژیانی سیاسی و گۆڕانکارییەکاندا بکات،

هەر لە بەرهەمهێنانی چوارچێوە فیکرییەکەی گۆڕانکاری، تا پڕۆژە، تا پلاندانان بۆ گۆڕان و تا دەگاتە خودی گۆڕانکاری لە ئاستی هەرە بەرجەستەبوون و عەمەلیدا. لە ڕاستیدا زۆرجار بۆ چاکسازی لە بوارێکدا مەسەلەی دەستنیشانکردنی کێشەکان و گەڵاڵەکردنی چوارچێوەی چاکسازی وەکوو ئەرک بە لیژنەیەکی پسپۆڕی بێلایەن دەسپێردرێت و دواتر ئەو ڕاپۆرتەی ئەو کۆمیتە پسپۆڕییە ئامادەی دەکات، دەکەوێتە بەر باس و لێکۆڵینەوەی ڕای گشتی و هەمان ڕاپۆرت ڕێگەی خۆی دەگرێت لە پڕۆسەیەکی سیاسی – پەرلەمانیدا، بەڵام گرنگە حیزبی (یا حیزبەکانی) دەسەڵاتدار و ئۆپۆزسیۆن بە شێوەیەکی ئۆرگانیکی تێکەڵاوی ئەو پڕۆسەیە ببن.

ڕۆژنامە: بە ڕای جەنابتان، ئەم پڕۆژانە بەم شێوەیەی خراونەتە ڕوو، بۆ بانگەشەکردنە یا بەڕاستی هەوڵە بۆ گۆڕانکاری؟

ب. یاسین: وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە کارێکی ئەستەمە. لە لایەکی ترەوە، لە ڕاستیدا بەراوردکردنی ئەو دەقانەی (تەنها وەک دەق) باس لە چاکسازی دەکەن، کارێکی زەحمەت نییە، هەڵبەتە جەخت دەکەمەوە تەنها وەکوو دەق، بەبێ حسابکردن بۆ ئەو لایەن یا کەسەی دەقەکەی پێشکەش کردووە، بەڵام ئەوەی زۆر زەحمەت و ئاڵۆزە ئەوەیە، تۆ تیشکێکی سۆسیۆلۆژیانە بخەیتە سەر ئەم دەق و هەوڵانەی چاکسازی، کە تا ئێستا کراون، هەر لە سەرهەڵدانی ئەزموونی باشووری کوردستان لە ١٩٩١–١٩٩٢ تا ئێستا، واتە هەڵسەنگاندنێکی هەمەلایەنەی

ئەو کەس و لایەنانە بکەیت، کە پڕۆژەکان پێشکەش دەکەن. بە هەرحاڵ، باشتر وایە ئەوە لێکۆڵینەوە و باسی تێزێکی ماستەر یا دکتۆرا بێت...

قسە و دەقی چاکسازی زۆرن، بەڵام ئەوەی نییە یا بوونی زۆر لاوازە ئەوەیە، ئێمە کەسی چاکسازی خاوەندەسەڵاتمان کەمە؛ چاکخوازەکان یا بێدەسەڵاتن یا کەمدەسەڵاتن، خاوەندەسەڵاتیش زۆر پێویستی بە چاکسازی نییە. لەوەش گرنگتر ئەوەیە، من گومان دەکەم ئەو عەقڵیەتەی سەرچاوەی ئەو دەسەڵاتە گەندەڵەی کوردستان بێت، هەر هەمان عەقڵیەت سەرچاوەی چاکسازی بێت. ئاخر هەر ئەو بۆچوون (یا گومانەیە) وای کردووە، خەڵکی کوردستان خاوەن ڕادەیەکی متمانەی هەرە نزم بن بەرامبەر بە دەسەڵاتدارانی کوردستان، بە واتای ئەوەی خەڵک متمانەی زۆر کەمە بەرامبەر بە دەسەڵاتداران. هەر ئێرەش دەرفەتە بۆ ئەوەی بڵێم، ئەو نەبوونی متمانەیە ئەمڕۆ بۆتە کێشەیەکی زۆر جیددی نەوەک هەر لە بابەتی چاکسازیدا، بەڵکوو بۆ تەواوی پەیوەندییەکانی تاکی کورد، نەک هەر بە دەسەڵاتی سیاسییەوە، بەڵکوو بەتەواوی وابەستەبوون و خۆگرێدانی بە مەفهوومی نەتەوە و نەتەوەبوون و ئەو دەسەڵاتەی کە دواجار پێویستە وەک بەرجەستەبوونی خەونێکی ئەو تاکە و باووباپیرانی بێت؛ لە ڕاستیدا بەرجەستەبوونی نەتەوە بێت لە مانا و مەغزا هەرە سیاسییەکانیدا.

ڕۆژنامە: دەکرێت ڕۆڵی پەرلەمان چی بێت لەم کاتەدا؟ ئەگەر بیەوێت یەکێک لەو پڕۆژانە بکاتە یاسا، ئایا دەتوانێت

لەم بارودۆخەدا یەکێکیان دەستنیشان بکات، پێت وا نییە گەر بیەوێت ئەوە بکات، ئەوا دەبێت هەرسێکیان بکاتە یاسا، چونکە لایەنەکەی دی عاجز دەبێ؟

ب. یاسین: جارێ بەر لە هەرشتێک، من گەشبین نیم بەوەی ئەو پەرلەمانەی هەیە بتوانێت پرۆژەیەکی هەرە فراوان، کە هەموو ئاست و ئەرکە سیاسییە گرنگەکان بگرێتەوە، ئەنجام بدات. نەک هەر خەڵک بەگشتی، بەڵکوو بەرپرسە کوردەکانیش، بەتایبەتی ئەوانەی لە بەغداد دەستبەکارن، ئەوە باش دەزانن، کە لەگەڵ بوونی زۆر کۆسپ و گرژی و گرفتیش، هەر پەرلەمانەکەی بەغداد لە پەرلەمانەکەی هەولێر "پەرلەمانتێرە،" لەگەڵ ئەوەشی پەرلەمانی کوردستان ئەوە (هەر نەبێ بە ناو) ١٧ ساڵە هەیە، بەڵام پەرلەمانی بەغداد بە بوونی زۆر کێشە و گرفت، تەمەنیشی تەنها چەند ساڵێکی "کەمە." پەرلەمانی کوردستان ئیفلیجە و دەربڕی ئەو سترەکتورە حیزبۆکراتییەیە، کە پارتی و یەکێتی بەرهەمیان هێناوە و ڕۆڵی سیاسیشی لە هی زۆرێک لە پەرلەمانەکانی وڵاتانی ئەفەریقاش کەمترە.

بەشەکەی تر لە پرسیارەکەت ئەگەرە (فەرەزیەیە)، ئایا پەرلەمان پرۆژەیەک لەوانەی کە دراون، هەڵدەبژێرێ، ئەوە ئەسڵەن ئەگەر هیچ یەکێکیان هەڵبژێرێ، یا چی دەکات. بەپێی ئەو بنەمایانەی کە دەسەڵاتی سیاسییان لە باشووری کوردستان لەسەر بینا کراوە، هەر پرۆژەیەک بەبێ قبووڵکردنی پارتی و سەرۆکەکەی زۆر ئەستەمە، بەڵکوو ئەسڵەن مومکینیش نییە تێپەڕ ببێت.

بە هەرحاڵ، ئەوەی جێگەی سەرسووڕمان و بگرە

نیگەرانییشە ئەوەیە، لە لایەنی یەکێتییەوە ماوەیەکی زۆرە نەک هەر باس و خواس دەکرێ لەسەر چاکسازی، بەڵکوو پێشوەچوونەکانی پەیوەست بەو ڕەوتەی نەوشیروان مستەفا گرتیە بەر و سەرهەڵدانی ڕەگ و زۆر شتی تر ئاماژە و هێمای ئەوە بوون، باس و خواسەکان بۆ چاکسازی تا ئێستا هەر لە ئاراستەی یەکێتییەوە هاتوون، بەڵام لە ئاراستەی پارتییەوە کەم تا زۆر باس لە پڕۆژەی چاکسازیی دەسەڵات نەکراوە. ئەم حاڵەتە نەک هەر بەرەوڕووی چاودێرانی سیاسی دەبێتەوە، بەڵکوو بۆ نموونە، بەجددی بەرەوڕووی خودی پڕۆژەکەی مام جەلال و هەر هەوڵێکی یەکێتی بۆ چاکسازی دەبێتەوە. دواجار تۆ چاکسازی لە پانتاییەکی سیاسیدا دەکەیت، کە پارتی تیایدا نەک هەر بەشدارێکی کارای سیاسییە، بەڵکوو بە زۆربەی پێوەرەکان باڵادەستیشە.

بە هەرحاڵ، گەر پەرلەمان دەستیش بەرێت بۆ مەسەلەی چاکسازیی سیاسیی سەرانسەری، ئەوا زۆر گرنگە خاڵی دەستپێکردنی پێزانین بێت بە هەموو ئەو هەوڵانەی تا ئێستا دراون بە ئاراستەی چاکسازی. ئەمە کارێکی دیموکراسییانەیە و هێمایەکە، کە هەموو هەوڵەکان دەخوێندرێنەوە و حسابیشیان بۆ دەکرێت. بەم شێوەیە هەموو لایەنێک دەبن بە خاوەن پڕۆژەکە و هەمووشیان لە بەرپرسێتیی سەرکەوتنیەوە دەگلێن و بەو مانایەش چاکسازیی سیاسی تەواوی پانتاییی سیاسی دەگرێتە خۆ؛ بەم شێوەیەش تەواوی چاکسازی لە پانتاییی سیاسیی نەتەوەدا، نەک هەر هی تاقمێک یا حیزبێک دەگرێتەوە.

# دیپلۆماسی دوو هێڵی هاوتەریب
# بۆ نزیکبوونەوە لە کێشەی کەرکوک

**لە ڕۆژنامەی ڕۆژنامە،**
**ژمارەکانی ٤٣١ و ٤٣٢، ئازاری ٢٠٠٩دا بڵاو بۆتەوە**

## ناوەڕۆک


دەستپێک ........................ ٧٢
گریمانە و خاڵی لێوەدەرچوون ........................ ٧٤
حاڵەتێک بۆ بەراورد، وانەیەک لە مێژوو ........................ ٧٥
باشووری کوردستان و ئاڵۆزیی کێشەکان ........................ ٧٨

# دەستپێک

هیچ کێشەیەک لە مێژووی هاوچەرخی کورددا، هەر نەبێ تا ئەو جێگەیەی مەبەست باشووری کوردستانە، بەقەدەر کێشەی کەرکوک چارەنووسساز و گرنگ نەبووە. لە ڕووبەڕووبوونەوەی کورد لەگەڵ دەسەڵاتداران و ڕژێمە یەکلەدواییەکەکانی بەغداد، جا سروشتی سیاسی و ئایدیۆلۆژیی ئەو ڕژێمانە هەرچییەک بووبێت، ئەوا کەرکوک دیسانەوە هەر لە چەق و ناوەندی کێشە و ململانێکاندا بووە. لە هەمان کاتدا کێشەی کەرکوک لەلایەن هێزە ئیقلیمییەکانی پەیوەندیدار بە کێشەی کوردەوە بەتایبەتی تورکیا، تا کراوە بە کوردستانی و ئیقلیمی بینراوە و کراوە. هەڵبەتە مەبەست لە کوردستانیکردن، بەزۆردەرکردنی ئەو کێشەیەیە لە پانتاییە جوگرافی و سیاسییەکەی، کە بە هەرحاڵ، ئەو پانتاییە لە ڕووە کوردییەکەوە زیاتر باشووری کوردستانە، هەروەها بەستنەوەی ئەو کێشەیەیە بە ئەگەری سەرهەڵدانی قەوارەیەکی سەربەخۆی کوردستانی (دەوڵەتێکی سەربەخۆ) لەو بەشەی کوردستان. بە واتایەکی تر، مەبەستی ئەو هەڵوەستەیەی تورکیا دەرکردنی کێشەی کەرکوک بووە لەو حاڵەتە سیاسییە دیاریکراوەی باشووری کوردستان و گرێدانی

بە کێشـە و سیاسـەتە کوردییـەکان لـە کوردسـتانی مـەزن، زۆر بەتایبەتیش کێشـە و حاڵەتە سیاسـییەکەی باکووری کوردسـتان. ئەمـەش خـۆی لـە خۆیدا پارادۆکسـێکی زۆر گەورەیـە، چونکە سروشـتیتر ئەوەیە، کورد خۆی کێشـەکانی خۆی بە کوردسـتانی ببینێ و بە کوردستانییان بکات و هێزە ئیقلیمییە پەیوەندیدارەکان ڕێگر بن لـەو بەکوردسـتانیکردنە. بـە هـەرحاڵ، لـە ڕۆشـناییی بۆچوونـی ڕەسـمیی تورکیـاوە لەو بەکوردسـتانیکردنەی کێشـەی کەرکوکدا، هـەر نەبێ دوو شـت گرنگن:

١- بەپێی ئەو بۆچوونە ڕەسمییە، هەرکاتێک کورد لە باشووری کوردسـتان کەرکوکی بەدەسـت هێنـا، ئـەوا کـورد لـەو بەشـەی کوردسـتان مەرجێکی گرنگی جیابوونـەوە بەدەسـت دەهێنێ و بەتونـدی بـەرەو سـەربەخۆیی دەڕوا. هەڵبەتـە ئەمـە زیاتـر لـەو گۆشـەبینینەوە، کـە دەڵێ هێـز و توانسـتی سیاسـی لـە هێـز و توانسـتی ئابووریدایـە و هـەرکاتێکیش کـورد ئابوورییەکـەی بەهێـز و سـەربەخۆ بـوو، هەڵبەتـە لـە گۆشـەبینینی ئـەو سیاسـەتە ڕەسـمییەی تورکیـاوە، ئـەوا سـەرهەڵدانی کوردسـتانێکی مەزنـی سـەربەخۆ دەسـت پـێ دەکات.

٢- ئەو بۆچوونە ئەو پێداگیرییە دەکات، کە هەر پێشـوەچوونێک لـە هـەر بەشـێکی کوردسـتان بەبـێ سـێ و دوو گرێـدراوە ڕاسـتەوخۆ یـا ناڕاسـتەوخۆ بـە بەشـەکانی تـری کوردسـتانەوە، زۆر بەتایبەتییـش بـە پێشـوەچوونی سیاسـی لـە باکووری کوردسـتان، هەڵبـەت ئاشکراشـە کـە گرێیەکـی بەسـتنەوەی تورکیـا بـە کێشـەی کەرکوکـەوە، جـا چ لـە ڕواڵەتـەوە بێـت یـا لـە واقیعبینییەکی سیاسـییەوە، مەسـەلەی بوونی تورکمانە لە عێراق و کوردسـتان و بەتایبەتـی لـە کەرکوک.

لەگەڵ ئەوەی کێشەی کەرکوک پێی ناوەتە قۆناغێکی هەستیار و ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش هاوکات لەگەڵ بەهێزبوونی حکومەتی ناوەندی لە بەغداد و لە چوارچێوەی پاشگەزبوونەوەی لایەنی عەرەبیدا، کێشەی کەرکوک ئاڵۆزتر دەبێ و ئاسۆی چارەسەرکردنیشی لاوازتر دەبێ. لەم سیاقە زۆر گرنگەدا، هەڵبەتە لە بۆچوونێکی کوردستانییەوە، کێشەی کەرکوک بە دابڕاوی نەبینرێ و هەڵنەسەنگێندرێ. گرێدانی کێشەی کەرکوک بە هەموو کێشە و مەسەلە ستراتیژییەکانی تر و بیرکردنەوە لە داهێنانی هەندێک بیرکردنەوەی نوێ لە چوارچێوەی ستراتیژی نوێ، کە لەوێدا هەڵسەنگاندنێکی سەرلەنوێ و پێداچوونەوەیەکی تازە لەمەڕ دید بۆ تەواوی کێشەی کورد، بەتایبەتی لە چوارچێوەی ئیقلیمیدا، خاڵی لێوەدەرچوون دەبێت. بە مانایەکی تر، لەم وتارەی بەردەستتدا کێشەی کەرکوک لە چوارچێوە هەرە فراوانەکەیدا دەبینرێ. واتە مەبەست لەم وتارە ئەوە نییە، کە لە گۆشەبینینی دەستووری عێراق و ماددەی ١٤٠ و باس و خواسە پەیوەندیدارەکان، ڕۆشنایی بخەمە سەر کێشەی کەرکوک.

## گریمانە و خاڵی لێوەدەرچوون

ئەو گریمانەیەی ئەم وتارەی بەردەستت لێیەوە دەر دەچێت ئەوەیە، بەو ڕادە و ئاستەی کە تورکیا کێشەی کەرکوکی بە کوردستانی* و ئیقلیمی دیوە و مامەڵەی لەتەکدا کردووە، بە ڕادەیەکی زۆر کەمتر لایەنی کوردی لە باشووری کوردستان

* مەبەست کوردستانی مەزنە.

ئەو گرنگییە شایستەیەی بە لایەنی کوردستانی و ئیقلیمیی ئەو کێشەیە داوە. بە مانایەکی تر، بەتایبەتی دوای کەوتنی ڕژێمی سەدام و دەستپێکردنی ئەوەی پێی دەبێژن پرۆسەی سیاسی لە عێراق، لایەنی کوردی تەواوی باوەڕی ئەوە بوو، ئەو کێشەیە لە ڕێگەی بەغدادەوە، بەتایبەتی لە ڕێگەی بەرجەستەکردنی چارەسەر لە ناواخنی دەستووری عێراق، یا ڕاستەوخۆتر بڵێین، لە ڕێگەی ماددەی ١٤٠ەوە چارەسەر دەکرێ.

لە ڕووی میتۆدەوە، ئەم وتارە لە بەراوردێکی مێژوویی لە مێژووی هاوچەرخی کورد و سیاسەتە ئیقلیمییەکان، لەگەڵ هەڵسەنگاندنی هەنووکەییانەی کێشەی کەرکوک پێ هەڵدەگرێ. مەبەستیش لەم میتۆدە ئەوەیە، لە ڕێگەی بەراوردەوە و نزیکبوونەوەمان لە مێژوو، تیشک بخەینە سەر کێشە سیاسییە هەنووکەیییەکان، هەڵبەتە لەم حاڵەتەدا کێشەی کەرکوک و ڕەهەندە کوردستانی و ئیقلیمییەکانی ئەو کێشەیە، لە لایەکی تریشەوە لە تێگەیشتنمان بۆ ڕێگەکانی چارەسەر و دۆزینەوەی ڕێگەچارەی هەرە شیاو. ئەمەش ڕێک یارمەتیدەر دەبێت لە بەرهەمهێنانی گۆشەنیگایەکی تر لە کێشەکە، کە جیاوازە لەوەی تا ئێستا باڵی بەسەر سیاسەتە کوردییەکاندا گرتووە لە باشووری کوردستان.

## حاڵەتێک بۆ بەراورد، وانەیەک لە مێژوو

لە خوێندنەوەیەکی بەپەلەی شێوەی خەملان و بەڕێوەچوونی پەیوەندییەکانی حکومەتی ناوەندی لە بەغداد لەگەڵ ئێران و کورد لە عێراقی بەر لە کەوتنی سەدام، شێوەیەکمان لە پەیوەندی

دەدات بە دەستەوە، کە لە زۆر لایەنەوە لە پەیوەندییەکانی تورکیا و کورد لە باشووری کوردستان و تورکمانەکانی کوردستان و عێراق دەچێ. لە هەردوو حاڵەتدا سێ لایەنی ململانێ بەچڕی تێکەڵاو بە هاوکێشەی جیۆسیاسی دەبن و ململانێش باڵی کێشاوە بەسەر پەیوەندییەکاندا، لە هەردوو حاڵەتیشدا هەوڵی چارەسەر هەن و دواجار لە هەردوو حاڵەتدا چارەسەرییەکان ناکامڵن. بە مانایەکی تر، پرسیار ئەوەیە: ئایا لایەنە پەیوەندیدارەکان لەو دوو حاڵەتی ململانێیەدا چ جۆرە تێگەیشتنێکیان هەبووە بۆ ململانێکان و چۆن هەڵسوکەوتیان کردووە و دەکەن لەتەک ئەو ململانێیانەدا.

وەکوو ئاشکرایە لە شەستەکان و نیوەی دەیەی ١٩٧٠کاندا، ئێران پشتگیری لە بزاڤی چەکداریی کورد لە باشووری کوردستان کرد، بە مەبەستی بێهێزکردنی دەوڵەتی عێراق و سەپاندنی مەرجەکانی ئەو وڵاتە بەسەر عێراقدا و بەگشتیش برەودان و بەهێزکردنی هەیمەنەی ئێران لە ناوچەی کەنداو و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. کاتێکیش حیزبی بەعس لە عێراق هاتە سەر حوکم لە ١٩٦٨، ئەو حیزبە بە گرنگییەکی زۆرەوە بەدوای دۆزینەوەی میتۆدێکدا گەڕا کە ئیتر ئێران لە لایەک و کورد لە عێراق لە لایەکی ترەوە لە یەکتر دابڕێنێ بەم شێوەیەش هەم لە حوکمدا مانەوەی خۆی مسۆگەر بکات و هەم تواناکانی عێراق بەشێوەیەکی چالاکانەتر بخاتەگەڕ بۆ بەهێزکردنی پێگەی عێراق لەسەر ئاستی ئیقلیمی و هەم تا بشکرێ سنووریکیش بۆ کاریگەری و هەژموونی ئێران دابنێ. زۆر بەکورتی و زۆر بەچڕی، ڕژێمی بەعس لە ماوەی پێنج ساڵدا ١٩٧٠-١٩٧٥ دوو شێوازی نزیکبوونەوەی لە حاڵەت یا

گرێکوێرەی کوردی - ئێرانیدا بەکار هێنا:
١- جارێکیان لە ڕێگەی نزیکبوونەوەی ڕژێم لە بزاڤی چەکداریی ئەو کاتەی باشووری کوردستان لە ڕێگەی بەیاننامەی ١١ ی ئازاری،١٩٧٠ بە مەبەستی بێبەشکردنی ئێران لە بەکارهێنانی ئەم بزاڤە وەکوو کارتی فشار و کەمکردنەوەی ڕۆڵی ئیقلیمیی ئێران و مسۆگەرکردنی مانەوەی خۆی لە دەسەڵات.
٢- جارێکی تریشیان تەواو بە پێچەوانەی جاری پێشوو، واتە لە ڕێگەی پەیمانی جەزائیری ١٩٧٥ بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ ئێران و هەرەسهێنان بە بزاڤی چەکداریی باشووری کوردستان.

ئەوەی جێگەی جەختکردنەوەیە ئەوەیە، ڕژێمی عێراق لە هەردوو شێوازی نزیکبوونەوەی لە پەیوەندییەکانی ئێران و بزاڤی کورد لە عێراق سەرکەوتوو نەبوو، نە لە حاڵەتی یەکەمیان و نە لە حاڵەتی دووەمدا. بە مانایەکی تر، ئەو دوو شێوازی نزیکبوونەوەیە بە مەبەستی دابڕاندن و جیاکردنەوەی هەردوو کێشەکە لە یەکتر *نەوەک بەیەکەوەچارەسەرکردنیان*، نەیتوانی نە کۆتایی بە بزاڤی کورد لە باشووری کوردستان بهێنێ و نەشیتوانی سنوورێک بۆ کاریگەریی ئێران لەسەر عێراق و هاوکێشەی جیۆستراتیژیی ئیقلیمی دابنێت.

جا، وەک بەراورد لەگەڵ پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی تورکیا و باشووری کوردستان و تورکمان، بەتایبەتی لە حاڵەتی کێشەی کەرکوکدا، پرسیار ئەوەیە: ئایا دەکرێ دەسەڵاتی سیاسی لە باشووری کوردستان بە دابڕینی تورکمان لە عێراق و بەتایبەتی لە کوردستان لە لایەک و تورکیا لە لایەکی ترەوە لە یەکتر بگاتە ئامانج، کە ئەویش چارەسەری کێشەی کەرکوکە بە گەڕاندنەوەی ئەو شارە بۆ سەر باشووری کوردستان؟

# باشووری کوردستان و ئاڵۆزیی کێشەکان

پێشوەچوونە سیاسییەکانی عێراق دوای سەدام و ئەو شێوە "چارەسەرییەی" لایەنی کوردی هەڵی بژارد بۆ کێشەکان، لەپێش هەمووشیانەوە کێشەی کەرکوک لە ڕێگەی دەستووری عێراق و تەرتیباتە سیاسییە پەیوەندیدارەکان، ئەوەی دەر خست، کە سەرکردایەتیی سیاسی لە باشووری کوردستان میتۆدی بەناوخۆییکردنی کێشە و چارەسەرەکانیانی هەڵبژارد. بە مانایەکی تر، خواست و قەناعەتی ئەو سەرکردایەتییە ئەوە بوو، کە ئیتر بەناوخۆییکردنی کێشەکان باشترین و کاراترین ئامرازی دابڕینی تورکیایە لە کێشە ناوخۆییەکانی عێراق و بەم شێوەیەش، کەمکردنەوەی ڕۆڵ و کاریگەریی ئەو وڵاتەیە لەسەر کێشەکانی عێراق و باشووری کوردستان. لە ڕاستیدا، هەر ئەوەش بوو ڕەنگدانەوەیەکی توندی دروست کرد لەسەر گوتاری سیاسی و دیپلۆماسی لە باشووری کوردستان، کە بەڵێ کێشەی کەرکوک کێشەیەکی ناوخۆییە و لایەنە دەرەکییەکان بە هیچ شێوەیەک بۆیان نییە دەست لە کاروباری ناوخۆی عێراق وەر بدەن. لە لایەکی ترەوە، بە تێڕوانینێکی بەپەلە، بۆمان دەر دەکەوێ ئەم بۆچوونە لە باشترین حاڵەتدا لە دژایەتییەکی جددیدا بووە لەگەڵ کۆمەڵێک ڕاستی، کە نەک هەر ناکرێ نەبینرێن، بەڵکوو دەبێ بە بۆچوونێکی هەرە کراوە و فراوان ببینرێن و مامەڵەیان لەتەکدا بکرێ. هەندێک لەو ڕاستییە هەرە گرنگانە ئەمانەن:

١- تێگەیشتنێک و جیهانبینییەکی لەمێژینە و بەردەوامیی تورکیا ئەوە بووە، کە هەر پێشوەچوونێک لە سیاسەت و حاڵەتە کوردییەکان لە هەر وڵاتیکی تر، بەتایبەتی لە عێراق، ئەو وڵاتە (واتە تورکیا) پەیوەندیدار دەکەن، هەندێ جاریش ئەو پەیوەندیدارکردنە دەگاتە ئاستە ستراتیژییەکان.
٢- بوونی فاکتەری تورکمان، کە ئەو بوونە ڕاستەوخۆ ڕەهەندێکی ئیقلیمی وەر دەگرێت بە ڕێگەی پەیوەندیداربوون و تێکەڵاوبوونی تورکیا بە کێشەی کەمایەتییەوە.
٣- بوونی پەکەکە لە باشووری کوردستان، تورکیای بە توندی پەیوەندیدار کردووە بە هەموو پێشوەچوونەکانی باشووری کوردستان و دەستی قورسی خۆی خستۆتە سەر پەیوەندییەکانی باشووری کوردستان و عێراق و پەیوەندییەکانی باشووری کوردستان و ئەمەریکا.
٤- بەرژەوەندییە ئابوورییەکان (لەو ڕێگەیەشەوە بەرژەوەندییە سیاسییەکان)ی تورکیا لە باشووری کوردستان. لەم ڕووەوە شاردراوە نییە کە ئەمڕۆ چالاکییە ئابوورییەکانی تورکیا لە باشووری کوردستان باڵادەستن بە بەراورد لەگەڵ چالاکییە ئابوورییەکانی وڵاتانی تر.
٥- لایەنی کوردی حەز بکات و حەز نەکات، بەغداد بەردەوام دەبێ لە هەوڵەکانی بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەنقەرە. لەم بارەیەوە لایەنی عەرەبی هەوڵی ئەوە دەدات، دەبێت تا بکرێ لە ڕێگەی ئەو پەیوەندییانەی لەگەڵ ئەنقەرەدا هەیانە، پێگەی سیاسیی لایەنی کوردی لە عێراق لاواز بکات.
٦- زۆربەی کێشە و مەسەلە سیاسییە چارەنووسسازەکانی تورکیا، بەتوندی باشووری کوردستان پەیوەندیدار دەکەن.

مەسەلەیەکی زۆر گرنگ لەم بارەیەوە ئەندامبوون یا نەبوونی تورکیایە لە یەکێتیی ئەوروپادا، بەتایبەتیش لە حاڵەتی قبووڵنەکردنی وەک ئەندام لە یەکێتیی ئەوروپادا چ جێگرەوە ئەلتەرنەتیڤێک دەکەوێتە بەردەم تورکیا.

ئەم مەسەلانە و زۆر مەسەلەی تری پەیوەندیدار ئەوەمان پێ دەڵێن، کە نەک هەر هەوڵی بەناوخۆییکردنی کێشەی کورد لە باشووری کوردستان و دوورگرتن و پاراستنی لە کاریگەریی نێگەتیڤانەی تورکیا، کارێکی زۆر قورسە، ئەوا ئەگەر ئەسڵەن بشکرێ، بەڵکوو کارکردن بۆ دابڕانێکی ئەوها، زۆریش زیان بە کورد دەگەیەنێ، بە ڕادەی یەکەم کورد لە باشوور و باکووری کوردستان و بەگشتی زیان بە بیرۆکە و سیاسەتی بەکوردستانیبینین و بەکوردستانیکردنی کێشەکە دەگەیەنێ.

لە ڕاستیدا ئەم ئاڵۆزییە جگە لەوەی حاڵەتێکە لە جوگرافیای سیاسیی کێشەی کورد لە باشووری کوردستان، ڕوانگەیەکیشە، وەک حاڵەت پرسیارێک دەهێنێتە گۆڕێ، ئەویش ئەوەیە، کە ئایا لایەنی کوردی بەتایبەتی کاربەدەستانی باشووری کوردستان، چۆن کار لەگەڵ ئەم ڕاستییە جوگرافییە سیاسییەدا دەکەن. هەڵبەتە ئەم پرسیارە زۆر ڕەهەندی گرنگ لەخۆ دەگرێ، لە هەمووشیان گرنگتر، دوو ئاستی هەرە بەرچاون، لە لایەکەوە ئاستی تیۆری سیاسی لە تێگەیشتنی کێشەکان و لە ئاستی دووەمیشدا پرسیار ئەوەیە: ئایا لە ڕووی عەمەلییەوە چەندە دەرگا و مەودا سیاسی و دیپلۆماسییەکان لە بەردەم کورددا کراوەن بۆ ئەوەی پڕ بە پێست لەگەڵ ئەو جوگرافییە سیاسییەدا کار و تەفاعول بکات.

بە بڕوای من، لە هەردوو ئاستی تیۆری و عەلمانیدا لایەنی

کوردی لە ئاست ئەو ڕوانگەی جوگرافیای سیاسییەدا بەردەوام لە دژایەتییەکدا بووە: جارێکیان پەنابردنە بۆ بەئیقلیمکردنی کێشەکانی، بۆ ئەوەی پاڵەپەستۆ بخاتە سەر لایەنی (ناوخۆیی واتە دەسەڵاتی ناوەندیی بەغداد) و جارێکی تریشیان تەواو بە پێچەوانەوە، پەنای بردووە بۆ بەناوخۆییکردنی (بە عێراقیکردنی) کێشەکان بە مەبەستی کەمکردنەوەی فاکتەرە نێگەتیڤە ئیقلیمییەکان لەسەر دۆزی کورد لە عێراق. واتە بە مانایەکی تر، دابڕینی ئاستە ئیقلیمی و عێراقییەکە لە یەکتر بە هەمان مەبەست. بە هەرحاڵ، جگە لەوەی لە ساڵانی دواییدا هەندێ ڕێگر و لەمپەر هەبوون بەتایبەتی بوونی هێزەکانی پەکەکە لە باشووری کوردستان، کە ڕێگر بوون لە خەملاندنی پەیوەندییەکی پۆزەتیڤتر، سەرکردایەتیی سیاسیی باشووریش ڕۆڵی سەرەکیی هەبووە لەدوای ڕووخانی ڕژێمی سەدامەوە لە بەتوندی بەناوخۆییکردنی دۆزی کورد و کێشە پەیوەندیدارەکانی، بە ئومێدی ئەوەی بەم شێوەیە کاریگەریی نێگەتیڤانەی تورکیا لەسەر کێشەکان کەم بکاتەوە و دابڕانێک لەنێوان ئەم دوو ئاستەدا فەراهەم بکات.

# ترس و تۆقاندن و هەڵبژاردن

**لە ڕۆژنامەی ڕۆژنامە،**
**ژمارە ٤٦٣، ئایاری ٢٠٠٩دا بڵاو بۆتەوە**

**ناوەڕۆک**

پێشـەکی ........................................................................ ٨٤
ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنەکان ...................................... ٨٧
دێواندن و تۆقاندن و هەڵبژاردن .................................. ٨٩
گرنگیی ئەم هەڵبژاردنانە ............................................. ٩٤
دەرەنجام ........................................................................ ٩٩

# پێشەکی

ماوەیەکە باشووری کوردستان جووڵە و بزاڤێکی زۆری تێ کەوتووە بە پەیوەندی لەگەڵ هەڵبژاردنە چاوەڕوانکراوەکان. دەکرێ ئەم جۆشوخرۆشە لە دوو وشەدا کورت بکرێتەوە: ئارەزوو و هیواخواستن بە گۆڕان* لە لایەک و ترس لە گۆڕان لەلایەکی ترەوە. جێگەی سەرنجە، ئەوانەی لە گۆڕان ترساون، بە ئامرازی جۆراوجۆری ترساندن و دێواندن و تۆقاندن ئەو ترسە بەرهەم دەهێننەوە بە هیوای ئەوەی ڕێگە لە گۆڕانکارییەکان بگرن، یا هەر نەبێ، گۆڕانکارییەکان ئەوەندە سنووردار و کەمکاریگەری بکەن، بۆ ئەوەی مانەوەیان لە دەسەڵاتدا بەو شێوەیەی خۆیان دەخوازن، مسۆگەر بێت.

سەرەتا گرنگە هەردوو چەمکی دێواندن و ترس (ترس بە هەردوو ڕووەکەیەوە: ترس لە ئەوی تر و ترساندن و تۆقاندنی ئەو ئەوی ترە) ڕوون بکەینەوە، وەک بۆ مەبەستی ئەم وتارەی بەردەستت بەکار هاتوون. دێواندن (ناشیرینکردن)ی ئەوی تر یا بە مەبەستی لەناوبردنی ئەوی تر یا

---

* وشەی گۆڕان لەم وتارەی بەردەستتدا بە مەبەستە هەرە گشتییەکەی وشەکە بەکار هاتووە نەک بە مەبەستی گوزارشت لە ناوی لیستێکی دیاریکراو.

بێبەهاکردنی و یا بە مەبەستی ئاسانکاریی سڕینەوەی ئەو ئەوی تره بەکار دەهێنرێت. دێواندن ئەو میتۆدەیە، کە لە هیچ کەلێنێکی کولتووری سیاسیی دیموکراسیدا جێگەی نابێتەوە، تا ئەو جێگەیەی ئەو ئەوی تره نەچووبێتە ئەوپەڕی سیاسەت و ئایدیۆلۆژیا و ئەوەشی قبوڵ بێ، کە ڕێز بۆ بەها و میکانیزمە هەره بنچینەییەکانی دیموکراسی دانابێت و خوازیاری بەشداریکردن لە پرۆسەی دیموکراسیدا بێت.

بەبێ ئەوەی لێرەدا هەوڵی پێناسەی ترس بدەین وەک دیاردەیەکی دەروونی ڕووت، دەکرێ ترس لە کاتی کۆمەڵاندنییدا ببێ بە دەربڕی حاڵەتێکی هەستکردن بە ترس لەلایەن کۆمەڵێ کەس، بزاڤێکی کۆمەڵایەتی، حیزبێک یا دەوڵەتێک... هتد. دەسەڵات و سەرکردە نادیموکراتەکان و بهتایبەتی دیکتاتۆرەکان لە دوو ڕەهەندەوە ئالوودە و ئەسیری ترسن، کە لە ڕاستیدا هەردوو ڕەهەندەکە ڕێک دوو دیوی هەمان دراو پێک دەهێنن و لەسەر هەردوو دیوی ئەو دراوە هەمان وشەی ترس نووسراوە، بەڵام بە یەک جیاوازیی گرنگەوە: لە دیوێکیان دیکتاتۆر لە جەماوەر و ئیرادەکەی دەترسێ و دەتۆقێ، بەڵام لە دیوەکەی تریان، دیکتاتۆر تا بۆی دەکرێ ئەو ئیرادەیە دەترسێنێ و دەتۆقێنێ.

لە ڕاستیدا هیواخواستن بە گۆڕان لە لایەک و ترس لە گۆڕان لە لایەکی تر، دوو خەسڵەتی لەیەکتر جیانەکراوەن لە پەیوەندی بە گۆڕانکاری و چاکسازی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، کە تیایدا هەوڵی گۆڕان و چاکسازی درابێت و بدرێت. ئەم بۆچوونە، واتە هیواخواستنی هەندێک کەس و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی بۆ گۆڕان لە لایەک

و ترسی هەندێکی تر لە گۆڕان لە لایەکی ترەوە، ڕێک مەنهەجی تێگەیشتنی شارەزای ناودار *ئێلی کیدووریـیە* لەمەڕ ڕیفۆرمەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە سەدەی نۆزدەهەمدا، بەڵام ئەوەی حاڵەتی باشووری کوردستان لەو حاڵەتە مێژووییانە جیا دەکاتەوە ئەوەیە، دژایەتییەکی یەکجار ناکۆک و بگرە کوشندەش سەری هەڵداوە لەو بەشەی کوردستان بە پەیوەندی لەگەڵ نزیکبوونەوە و جۆشوخرۆش بە ڕووی هەڵبژاردنەکانی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان، کە دەرهاویشتەیان، وەک چاوەڕوان دەکرێت، هەندێ گۆڕانکاری دەبێت.

دژایەتییەکە لە ڕەفتاری دەسەڵاتی باشووری کوردستان ئەوەیە، لە لایەکەوە بانگەشەیە بۆ دیموکراسی، بەڵام لە لایەکی ترەوە ئەوپەڕی دێواندن و ترساندن و تۆقاندنی ئەوی ترە بە مەبەستی تەسککردنەوەی پانتاییی پرۆسەی دیموکراسی. هەر لێرەوە وەکوو خاڵی لێوەدەرچوون پێویستە ئەوە بڵێین، دێواندن و تۆقاندن لە هیچ ڕەهەندێک و بڕگەیەکدا لەگەڵ کولتوور و ڕەوتی دیموکراسیی تەندروست یەک ناگرنەوە، بەڵکوو زیاتر لەگەڵ خەسڵەت و هەڵسوکەوتی فاشییانە یەک دەگرنەوە. بەم مانایە، دێواندن و تۆقاندن ئامرازی هەرە کاریگەر بوون، کە فاشییەکانی لە ئیتاڵیا لە سەرەتای بیستەکان و نازییەکانی لە ئەڵمانیا پێ هاتنە سەر حوکم.

لە نیگا و لێوردبوونەوەیەکی بەپەلە لە شێوەی هەڵسوکەوتی سەرانی کورد لە باشووری کوردستان، دەتوانین بەئاسانی ئەوە تێبینی بکەین، کە دەسەڵاتدارانی کوردستان نەک هەر ترساون لە هەڵبژاردنەکان، بەڵکوو دەتوانین باس لە حاڵەتی هیستریاش بکەین. کاتێکیش کاربەدەستانی وڵاتێک تووشی

هیستریا دەبن، یا لەو حاڵەتە دەروونی–سیاسییە نزیک دەبنەوە، ئەوا سروشتییە چاوەڕوانی هەڵەی کوشندە و بگرە هەنگاوی کاریسەئامێزیشیان لێ بکرێ.

## ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنەکان

لە ماوەی کورتی ڕابردوودا و بەتایبەتی لە هەنگاوەکانی ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنەکان، کۆمەڵێک هێما و سیگناڵی ناتەندروست و نیگەرانئامێز باڵیان کێشاوە بەسەر ئەو ئامادەکارییانەدا. ئەو هێمایانە دەربڕی هەندێک ڕەفتارن، کە لە چڕبوونەوەیاندا ئەگەری ئەوە هەیە باشووری کوردستان بەرەو ئاقاری ترسناکیش ببەن. گفتوگۆ لەسەر یاسای هەڵبژارنەکان، وەک بڵێی پەرلەمانی کوردستان لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا خەوتن، بۆ کاتێکی کورت بەر لە هەڵبژاردن دوا خرا، بۆ ئەوەی بە بەهانەی کەمیی کات، هەمان یاسای هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩١ بەکار بهێنین. مەسەلەی زامنکردنی بوودجەی هەڵبژاردنەکان یارییەکی تر و دەربڕێکی تری ترسی دەسەڵات بوو لە هەڵبژاردن. لەمانەش هەمووی گرنگتر دیارینەکردنی ڕۆژی هەڵبژاردنەکانە؛ کەچی کاتی ناونووسکردنی لیستەکانیش تەواو بوو و خەریکە کاتی گەلاڵەکردنی هاوپەیمانییەکانیش تەواو دەبێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، کاتی هەڵبژاردنەکان دیاری نەکراوە. ئەم شێوەی هەڵسوکەوتی دەسەڵات، کۆمەڵێک شت دەدات بە دەستەوە: ١- ترس و دڵەڕاوکێ لە هەڵبژاردن. ٢- دیاریکردنی ڕۆژی هەڵبژاردن بارمتەیەکە، دەسەڵات لە دەستی خۆیدا دەیهێڵێتەوە تا چرکەساتێکی چارەنووسساز. ٣-

سەروەریبوونی یاسا گاڵتەجاڕییەکە و لە ڕوانگەی سیاسیی باشووری کوردستاندا **دەسەڵاتی دەرەوەی یاسا سەروەرە.**
٤- بڕیار لەسەر لیستی داخراو ئامرازێکە بۆ تەسککردنەوەی مافە دیموکراسییەکان و ئامرازێکیشە بەدەست دوو لایەنی دەسەڵاتەوە بۆ مسۆگەرکردنی بردنەوە لە هەڵبژاردنەکان.
٥- دابەزینی پارتی و یەکێتی بە یەک لیست و بگرە هەر لە ئێستاشەوە ئاماژەدان بە دابەشکردنی پۆستە هەرە گرنگەکانی دەسەڵات، هێمایەکە بە ئاراستەی هەوڵی ئەو دوو حیزبە بۆ پاراستنی دەسەڵاتیان بۆ ماوەیەکی تریش.

ڕەهەندێکی گرنگیش لە پرۆسەی ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردن و ناهاوسەنگییەکی جددی ئەوەیە، لایەنەکانی دەسەڵات خاوەنی دەیان دامودەزگای ڕاگەیاندن و کاریگەرن و زۆریش بەر لە دەستپێکردنی پڕوپاگەندە بە ڕەسمی ئەم دەزگایانەی ڕاگەیاندن خراونەتە گەڕ بۆ کاریگەریخستنەسەر بۆچوونی هاووڵاتییانی کوردستان. جگە لەوەش، شاردراوە نییە کە دەسەڵاتی ئابووری، بەتایبەتی لە شێوەی قۆرخکردنی سەرچاوەکانی بژێویی خەڵک و (زۆر بەتایبەتییش هیی فەرمانبەرانی دەوڵەت) و بەکارهێنانیان بۆ کاریگەریخستنەسەر ڕای تاکەکان. لە ڕاستیدا ئەو حاڵەتەش نزیکترە لە کاراکتەری ئەو ڕژێمە شمولییانەوە، کە بە دڵەڕاوکێوە هەندێک ڕیفۆرمی سیاسی دەکەن بە مەبەستی جوانکردنی ڕووی دزێوی دەسەڵاتیان.

دەستنیشانەکردنی کاتی هەڵبژاردن تا دوای دەستپێکردنی کاتی خەملاندنی هاوپەیمانییەکان، نەک هەر دەربڕی ڕێزدانەنانە بۆ ئوسوڵە یاساییەکان، بەڵکوو دەربڕی حاڵەتی گومان و ترسە لەمەڕ ئەگەر و دەرهاوێشتەکانی هەڵبژاردن.

لە چوارچێوەی ئەو گومان و ترسەدا، نیشانەی پرسیارێکی پارتیش لەسەر جەدوای هاوپەیمانی لەگەڵ یەکێتیدا، گرنگییەکی تایبەتی وەر دەگریّ، هەرچەندە ئەم هاوپەیمانییە لە ڕواڵەتێکی ڕەسمیدا وا گوزارشتی لیّ دەکرێت، وەک ئەوەی ئەو هاوپەیمانییە چارەسەر بێت بۆ کۆمەڵێ کێشە و سەرئێشەی چارەنووسساز، بەڵام ڕاستییەکەی ئەم هاوپەیمانییە کۆمەڵێ کێشە و گرفتیش دەشارێتەوە، کە دواجار دەکریّ لە هەرکاتێکدا بتەقنەوە. ئاخر، بۆ نموونە، کەم نین ئەوانەی لەناو پارتیدا دابەزینی نەوشیروان مستەفا بە لیستی جیاواز بە "پیلان" تێدەگەن، بەپێی ئەم بۆچوونەش، خودی یەکێتی بێگوناهـ نییە! هێماکان ئەوەمان پیّ دەڵێن، کە ئەگەر ئەو هاوپەیمانییەی پارتی و یەکێتی تا ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانیش بەردەوام بێت، ئەوا دیسان ئەگەری ڕوودانی هەندێک "موفاجەئە" هەیە دوای هەڵبژاردنیش.

## دێواندن و تۆقاندن و هەڵبژاردن

تێبینییەکی بەپەلە لە مێدیا و ڕاگەیاندنی دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان، کە تیایدا بە زۆر شێوەی دێواندن و ناشیرینکردنی ئەوی تر و هەندیّ جاریش باسکردن لە هێڵی سوور و هەڕەشەی ڕاستەوخۆ، وەک ئەوەی لە عەبدولمسەور بارزانی کراوە، دەخوازریّ هەر لە ئێستاوە بە ئاراستەیەکی ڕوون و ئاشکرا، بەدەر لە خەسڵەتە زانراوەکانی کۆمەڵگەی دیموکراتی، کاریگەری بخرێتە سەر دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردن

بە ئاقاری مانەوەی دەسەڵات بە دەست پارتی و یەکێتییەوە. ئەگەر دەسەڵات بەردەوام بێ لە هەڵسوکەوتکردن بەم شێوەیە، ئەوا ئەگەر هەیە زۆر پێشوەچوونی نەخوازراو (لەوانەش بەکاربردنی زەبروزەنگ)ی لێ بکەونەوە.

لە خوێندنەوەیەکی بەپەلە لەو هێمایانە دەکرێ لە چەند خاڵێکدا ئەو دیاردەی دێواندن و ناشیرینکردن و تۆقاندن کورت بکەینەوە: ١- زۆر جار لە مێدیا حزبییەکان و هەندێ جاریش لەسەر زاری بەرپرسانی بەرزی دەسەڵات بۆ شێواندنی ڕوانگەی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان و تۆقاندنی خەڵک بە ئەگەرەکانی سەرکەوتنی ئەو ڕەوتە لە کوردستان، بەتایبەتی لە ڕێگەی لێکچوواندنی ئەو ڕەوتە بە حەماسی فەلەستینییەکانەوە، شێوەیەکی هەرە بەرچاوی دێواندنە. هەر لە ئێستاوە بانگەشەکردن بۆ ئەوەی سەرکەوتنی حەماس لە هەڵبژاردنەکانی فەلەستینییەکاندا کێشەی فەلەستینی بەرەو کوێ برد "دەکرێ سەرکەوتنی ڕەوتە ئیسلامییەکانی باشووری کوردستانیش بە هەمان شێوە کوردستان بەرەو کاریسە ببەن." لەم ڕووەوە مرۆڤ دەتوانێ چەند تێبینییەک بدات، کە لە لایەکەوە ناڕاستگۆیی و لە لایەکی ترەوە ترسناکیی ئەو جۆرە دێواندنەی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان دەخەنە ڕوو: أ- بە باوەڕی من، ئەم جۆرە دێواندنە دەکرێ ببێتە هۆی لەتبوونی ئەوەی من پێی دەبێژم *پانتاییی نەتەوە* لە باشووری کوردستان و بەم مانایەش دەکرێ سەرەتایەک بێت یا ڕێگەخۆشکەر بێت بۆ وەدەرنانی ڕەوتی ئیسلامی سیاسی لە پانتاییی نەتەوە. لەم ڕووەوە ترسی جیددی ئەوەیە، کە بەم شێوەی دێواندنە ئەم ڕەوتە بەرەو دەرەوەی ئەم پانتاییە پاڵ

بدرێت و لەوەش خەتەرێکی ستراتیژی دەکەوێتەوە. ب- مرۆڤ دەتوانێ پرسیارێکی جیددی بکات، کە لە ڕاستیدا لە وەڵامێکی ئەرێنیدا بۆ ئەو پرسیارە، دەکرێ ناڕاستیی ئەو دێواندنە دەر بکەوێ، پرسیاریش ئەوەیە: ئایا بۆ ناکرێ هەر نەبێ بەشی هەرە گرنگ و کاریگەر لە ئیسلامی سیاسی لە باشووری کوردستان لە حیزبی (ئاکەپە)ی تورکیا بچووێندرێت؟

بە هەرحاڵ، بە باوەڕی من، لەیەکچوواندنی یەکگرتووی ئیسلامی لەگەڵ (ئاکەپە) ڕاستیی زیاتر تیایە تا لێکچوواندنی لەگەڵ حەماس. ج- سیاسەتی پارتی و یەکێتی کەمتر کاریسەئامێز نەبووە بۆ کورد لەوەی حەماس بۆ فەلەستینییەکان. ئاخر شەڕە خۆکوژی و نەتەوەکوژییەکەی ئەو دوو حیزبە، لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو و سیاسەتە گەندەڵەکەیان لە دەسەڵاتدا، زۆر تێپەڕی کردووە لەو نەهامەتی و چەوتییانەی لە سیاسەتی حەماس کەوتوونەتەوە و بگرە هەر ئەو شەڕە نەگریسەش بوو یارمەتیی ئیسلامی سیاسیی دا لە کوردستان بۆ گەشەکردن. د- لە چوارچێوەی تەرتیباتی فیدراڵیدا، پێکهاتەکانی ماڵی کورد هەم لە بەغداد و هەم لە هەرێمیش واڵا و کراوەیە بۆ ئەوەی دەستی نەتەوەی زۆرینەی لە عێراق بەو پێکهاتانە بگا و هاوپەیمانییان لەتەکدا بکا بە مەبەستی لاوازکردنی ماڵی کورد. ڕ- پرسیارێکیش لەو کەس و لایەنانەی وا بەئاسانی ڕەوتی ئیسلامی سیاسی بە حەماس دەچووێنن ئەوەیە: ئایا دەسەڵاتی کوردی بۆ "حەماسەکانی" بەغدای قەبووڵە کە هەر نەبێ بەشێکی گرنگیان ئەمڕۆ لە گۆشەبینینێکی تەواو عوروبی و شۆڤێنیستانەوە مامەڵە لەتەک کورددا دەکەن.

زۆریش گرنگە دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی ئەوە بزانن، کە ئیتر بۆچوونی ڕەسمیی جیهانی ڕۆژئاوا بە ئەمەریکاشەوە، یەکانگیرە لەگەڵ بۆچوونی ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە پسپۆڕانی بوارەکانی ئیسلام و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (لەوانەش بۆ نموونە گراهام فولەر) کە بەڵێ ئەگەر پرۆسەی دیموکراسی دەرفەتی سەرکەوتنی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە جیهانی ئیسلامی بەگشتی هەبێت، ئەوا لە ڕێگەی بەشدارییپێکردنی ئیسلامی سیاسیی میانڕەو (جەختی دەکەمەوە، میانڕەو) دەبێت. ٢- دەسەڵات دەخوازێ کورد بەوە بترسێنێ، کە گوایە ئەو بارودۆخەی کورد لە باشوور تیایەتی ناسکە و بەو مانایەش بارودۆخەکە گۆڕانکاریی گەورە و بنەڕەتی هەڵناگرێ... بەر لە هەرشتێک، ئەوە ڕێک گووتاری سۆڤیەتی پێشوو و ڕژێمە هاوشێوەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا و ڕژێمە نادیموکراتەکانی جیهانی سێهەم و بەتایبەتییش ڕژێمە هاوشێوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە. بە لێکۆڵینەوەش دەر کەوتووە، کە جەختکردنەوەی ڕژێمە عەرەبییەکان بەدرێژاییی دەیان ساڵ لەسەر ئەوەی پێی دەوترێ "ئاسایشی نەتەوەییی عەرەب و ترس لە هەڕەشەکانی زایۆنیزم و ئیمپریالیزم،" یەکێک لە هۆکارەکانی بەهێزبوونی ڕژێمە شمولییەکانی وڵاتانی عەرەبی و دواکەوتنی ڕەوتی بەدیموکراتیزەکردنی ئەو وڵاتانە بووە. جێگەی نیگەرانییە، هەندێک جار بەشێک نووسەر و ڕۆژنامەنووسیش دەکەونە ئە هەڵەیەی کە گوایە کورد هەمووی لەناو پاپۆڕێکدایە و نغرۆبوونی دەسەڵاتی سیاسی لە باشووری کوردستان ڕێک مانای

نغرۆبوونـی تـەواوی نەتـەوەی لـێ دەکەوێتـەوە. ئـەوە ڕێـک ئـەو گووتارەیـە، کـە دەسـەڵات حـەز دەکات بـەکاری بهێنێـت و ببیبیسـتێت. هـەر ئـەو هەڵەیەشـە، کـە بەشـێک لـە نووسـەر و ڕۆشـنبیر و ڕۆژنامەنووسـانی وڵاتانـی عەرەبـی تێـی دەکـەون. ٣- ترسـاندنی ڕاسـتەوخۆ: ئـەوەش گەیشـتە ئاسـتێکی هـەرە ترسـناک لەگـەڵ هەڕەشـەکردن لـە عەبدولمسـەور بارزانـی. ڕاسـتە ئێمـە هیـچ بەڵگەنامەیەکـی نووسـراومان لـە بەردەسـتدا نییـە، کـە ئـەم هەڕەشـەیە ڕێـک بـەو شـێوەیەی لـە هەندێـک لـە مێدیاکانـدا هاتـووە، کرابێـت لەلایـەن سـەرۆکی هەرێمـەوە، بـەڵام تـا ئـەو کاتـەی سـەرۆکی هەرێـم لـەم مەسـەلەیە بێدەنـگ بـێ و بەڕەسـمی و بـە شـێوەیەکی شـەفافانە ئـەو هەواڵـە ڕەت نەکاتـەوە، ئـەوا دەتوانـرێ ئـەو بێدەنگـی و ڕەتنەکردنەوەیـە وەک پشتڕاسـتکردنەوەی ئـەم هەواڵانـە بخوێنرێتـەوە. ئەگـەر ئـەو هەڕەشـەیە نەکراوە، بـا سـەرۆکی هەرێـم ڕاگەیەندراوێکـی ڕەسـمی بـدات و کەیسـەکە بـدات بـە دادگا وەکـوو حاڵەتـی گوناهبارکـردن و تۆمەتبارکـردن بـە هەڕەشـەی کوشـتن. ئەگـەر سـەرۆکی هەرێـم خـۆی بـە هاونیشـتمانییەک دەزانـێ و خۆیشـی لەسـەرەوەی یاسـا دانانێـت، بـا ئـەو کەیسـە بداتـە دادگا! تێگەیشـتنێکیش بـۆ ئـەوەی سـەرۆکی هەرێـم کارێکـی لـەو جـۆرە نـاکات ئەوەیـە، سـەرۆکی هەرێـم ئـەم کێشـەیە لـە چوارچێوەیەکـی بنەماڵەیـی و خێڵەکیـدا دەبینێـت و لەبـەر ئـەوەش پێویسـت نـاکات ئـەو کێشـەیە بکەوێتـە قاڵبـی یاسـا و ڕەهەنـدی هاووڵاتیبـوون و دادپـەروەری!

# گرنگیی ئەم هەڵبژاردنانە

ناکرێ بەئاسانی بۆچوونێک پیادە بکەین وەکوو ئەوەی کە گوایە ئەم هەڵبژاردنانە دەبنە ئامرازی دانانی کۆتایی بۆ قۆناغی پێشوو و سەرەتادانان بۆ قۆناغێکی تەواو تازە. بە هەرحاڵ، چارەنووس لە دەرهاویشتەی ژمارەی ئەو دەنگانە نییە کە ئەو یا ئەم لیست دەیهێنێت، بەڵکوو لەوەدایە، کە تا چەند لە ڕووی چەندایەتییەوە سیاسەتەکان دوای هەڵبژاردن دەکەونە قۆناغێکی نوێوە و ئەو سیاسەتانە لە ڕووی چۆنایەتییەوە چەند گۆڕاو دەبن. لە لایەکی ترەوە، هەڵبژادنەکانی داهاتوو دەتوانن لە ڕووی ناوخۆوە، لە دوو ڕووەوە گرنگییان هەبێ، کە بە هەرحاڵ ئەم دوو ڕووە (یا ڕەهەندە) ناکرێ لە یەکتر جیا بکرێنەوە: أ- تەکاندان بە گۆمە مەنگەکەی باشووری کوردستان، کە تیایدا چیی تر گەندەڵی و ناپاکیی دەسەڵاتداران لە ئاستی هەندێ هەڵەی ئیداری یا چاوبرسێتیی چەند بەرپرسێک و هەندێ هەڵە، کە لە ئاکامی نەبوونی ئەزموونی دەوڵەتداری و بەدەوڵەتبووندا نین. گەندەڵی تەواوی دەسەڵاتی گرتۆتەوە و بووە بە شێرپەنجەیەک لە جەستەی نەتەوەی کورددا، گەندەڵی بووەتە ئەو دیاردەیەی وای لە تاکی کورد کردووە، لەبری شانازی بە کوردبوون و دەسەڵاتی باشووری کوردستان هەست بە نامۆبوون و دابڕان و بێئاراستەبوونی سیاسی و ناڕوونیی چارەنووس و ئاییندەی نەتەوەکەی بکات. دەنگدان بە ئاراستەی یا ڕاستتر بڵێین بە مەبەستی شڵەقاندنی ئەو گۆمە بۆگەنکردووە، خۆی لە خۆیدا گرنگییەکی تایبەتی وەر دەگرێ.

ب- لە لایەکی تریشەوە، دەکرێ دەرهاویشتەی هەڵبژاردن بۆ یەکەم جار لەدایکبوونی ئۆپۆزسیۆن بێت، کە لەو حاڵەتەشدا کەرەتی یەکەم دەبێت باشووری کوردستان ئۆپۆزسیۆنێکی ڕاستەقینە بە خۆیەوە ببینێت. دواجار باسکردن لە بوونی ئەزموونی دیموکراسی لە باشووری کوردستان لە ماوەی ١٨ ساڵی ڕابردوودا ناڕاستگۆیییەکی گەورە و چەواشەکارییەکی ئاشکرایە: ئاخر لەکوێی ئەم دونیایە سیستمێکی دیموکراسی بەدی دەکرێ، کە ئۆپۆزسیۆنێکی کارا و ئازادی تێدا نەبێت. لە ڕێگەی قۆرخکردنی دەسەڵات و دەستبەسەرداگرتنی پێداویستییە ماددییەکانی تاک و بژێویی ژیانیان، کۆمەڵگەی مەدەنی و حیزبەکان هۆکاری سەرەکی و ئامرازی هەرە کاریگەرە لە ڕێگەگرتن لە هاتنەکایەی ئۆپۆزسیۆنێکی کارا و خاوەنئیرادە و ڕاستەقینە. ڕەهەندێکی هەڵبژاردنەکانی داهاتووی کوردستان دەبێ باسوخواس و هەڵوەستە بێت لە ئەگەرەکانی پێشەچوونی پەیوەندییەکانی باشووری کوردستان و عێراق. لەم بارەیەوە دەبێ ئەو پرسیارە بێتە گۆڕێ. ئایا لیستە ئەلتەرناتیڤەکانی، واتە ئەو لیستانەی دەرەوەی لیستی پارتی و یەکێتی، لە هەڵبژاردنی داهاتووی کوردستاندا چەندە بۆچوونەکانیان لەگەڵ ئەوەی پارتی و یەکێتی جیا دەبێ، کاتێک باس دێتە سەر پەیوەندییەکانی باشووری کوردستان لەگەڵ حکومەتی ناوەندی. لەم بارەیەوە دەکرێ ئاماژە بە دوو تێبینی بکرێ: ١- باوەڕ ناکەم لیستەکانی دەرەوەی لیستی پارتی و یەکێتی بتوانن لە پرۆگرامی هەڵبژاردنیاندا بە شێوەیەکی ڕیشەکێش خۆیان لە پاشماوەکانی سیاسەتی پارتی و یەکێتی، بەتایبەتی گرێدانەوەی کورد جارێکی تر بە دەوڵەتی عێراقەوە،

ڕزگار بکەن. چ لیستی پارتی و یەکێتی و چ هەر لیستێکی تر بە باڵادەستی لە هەڵبژاردن دەر بچێ یا بە شێوەیەک براوە بێت، کە خۆی بتوانێت حکومەتی داهاتوو دامەزرێنێ، ئەوا لە هەموو حاڵەتێکدا حکومەتی داهاتووی کوردستان، بەرەوڕووی هەمان ئەو تەحەددا و کێشانە دەبێتەوە، کە ئەمڕۆ باشووری کوردستان بەرەوڕوویانە لەگەڵ بەغدادا. ٢- لە لایەکی ترەوە، گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە نەخشەی سیاسی و هەڵکەوتەی حکومەتی داهاتوو دەتوانێ دوو کارئاسانی بۆ کورد لە باشوور بکات: أ- ئەگەری ئەوە هەیە حکومەتێکی تازەی کوردی مەیدان لەبەر شێوەیەکی تری مامەڵەکردن لەگەڵ بەغداد و لەلایەن بەغدادیشەوە بە ڕووی کوردستان بکاتەوە. ب- حکومەتێکی نوێ، کە لەژێر هەیمەنەی پارتی و یەکێتیدا نەبێت دەتوانێ، گەر بخوازێ بە جۆرێکی تازە پێداگری لەسەر مەسەلە چارەنووسسازەکان بکات.

لە ڕووی جیهانییەوە دەکرێ ئەم هەڵبژاردنانە زۆر جیاواز بن لە دوو هەڵبژاردنەکەی پێشوو. بە بۆچوونی من، لە ڕێگەی خوێندنەوەی هەندێک هێما و پێشوەچوون، دەکرێ ئەوە بڵێین، کە هەڵبژاردنەکانی ئەم جارە بگرە گرنگییەکی ئیستسنائیش لەلای کۆمەڵگەی جیهانی وەر دەگرن. لێرەشدا دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی بە ترس و دڵەڕاوکێ لەو هێما و پێشوەچوونانە نزیک دەبێتەوە. ئاخر ئەوەتا سەرانی کورد لە لایەکەوە بە نیگەرانیی زۆرەوە هێماکانی ئیدارەی ئۆباما، بە کشانەوە لە عێراق، وەر دەگرن و ئارەزوویەکی زۆر توندیش دەر دەبڕن بۆ مانەوەی ئەو هێزانە، هەر نەبێ لە باشووری کوردستان. کەچی لە لایەکی ترەوە، هەر ئەو دەسەڵاتە

دوای بڵاوبوونەوەی دەنگۆی ئەوەی ئەمەریکا سێ بەتالیۆن دەنێرێتە کوردستان بە مەبەستی پاراستنی ئاسایش لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا، چەند ڕۆژ بەر لە ئێستا وتەبێژی وەزارەتی پێشمەرگە (جەبار یاوەر)، بەڕاشکاوی ئەوەی ڕاگەیاند، کورد پێویستی بە هێزی ئەمەریکا نییە بۆ پاراستنی هەڵبژاردنەکان. ئاخر ئەمەریکاش دەزانێ هێزە کوردییەکان توانای پاراستنی ئاساییشی، بە هەرحاڵ، هەر نەبێ ئاساییشی ناوخۆی کوردستانیان هەیە، بەڵام ئەو ڕاستییەی تریش کە ئەمەریکا دەیزانێ ئەوەیە، دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی لەوە سڵ ناکەنەوە هەر ئەو هێزە کوردییانە بەکار بێنن بۆ ترساندن و تۆقاندن و کاریگەریخستنەسەر ڕەوتی هەڵبژاردنەکان.

ئەم هەڵوێستە پڕ لە ناکۆکییەی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی، کە تەواو پراکتیزەکردنی سیاسەتی بانێکە و دوو هەوایە، دەتوانێ بە زیانی گەورە بۆ کورد تەواو ببێ، کە ئەگەری ئەوەش دەکرێ ئەو زیانلێکەوتنە بگاتە ئاستە هەرە ستراتیژییەکانیش. مرۆڤ دەتوانێ لەوە بگات، کە لێرەولەوێ بۆ نموونە، ڕژێمەکانی ئێران و سوریا بکەونە دژایەتی لەگەڵ ئەمەریکا، بەڵام هەرگیز مرۆڤ ناتوانێ لەو "ناکۆکییەی" دەسەڵاتی کوردی بگات لەمەڕ ڕەتکردنەوەی هاتنی هێزی ئەمەریکا، یا بە قسەی خۆیان، دۆست و هاوپەیمانن، بۆ کوردستان بۆ پاراستنی هەڵبژاردنەکان. ئاخر ئەو هێزانە بە گوڵ لەلایەن دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی بەخێرهاتنیان لێ دەکرا، ئەگەر بۆ پاراستنی دەسەڵاتی ئەو دوو حیزبە بهاتنایەتە کوردستان! پارادۆکس -موفارەقە ئەوەیە، کورد دەیان ساڵە خەباتێکی پڕ لە خوێن و تراژیدیاییان بۆ کرانەوەی هەرچی دەرگا و پەنجەرەی جیهان

هەیە بە ڕووی کوردستاندا کردووە، بەڵام ئەوەتا دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی، لە ترسی ئەوەی نەوەک دەرهاویشتەکانی هەڵبژاردنەکان بە دڵی ئەوان نەبێ، بە ترس و دڵەڕاوکێوە لەو دەرگا و پەنجەرە کراوانە نزیک دەبنەوە؛ بەڵێ ئەوان بە مەبەستی پاراستنی دەسەڵاتی خۆیان، زیاتر خوازیاری بەداخراوی هێشتنەوەی کۆمەڵگەی کوردەوارین.

جێی گومان نییە هەڵوێستی ئەمەریکا بۆ ئەوانە گرنگە، کە ئەمڕۆ لە دەسەڵاتدان و بۆ ئەوانەش گرنگە کە خوازیارن گۆڕانکاری بنەڕەتی لە دەسەڵات لە باشووری کوردستاندا بکەن. زۆر بەکورتی و زۆر بەچڕی: ئەو بۆچوونە هەڵەیە کە دەڵێت ئەمەریکا تا سەر، بە هەر نرخێک دەبێ با ببێ، پشتگیری لە دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی دەکات، بەڵام ئەوەش هەڵەیە گەر وا بزانرێت ئەمەریکا بە هەموو شێوەیەک پشتگیری لە هەوڵەکانی گۆڕان دەکات، لە ڕۆشنایی ئەو بۆچوونەی کە گوایە ئەمەریکا بە زەرورەت لەگەڵ ڕەوتی دیموکراسی و چاکسازیدایە. ڕاستە هەندێک هێما هەن لەلایەن هەندێ بەرپرسی ئەمەریکییەوە دەر براون، کە دەتوانرێ وەک لایەنگیربوون لە گۆڕانکاری لە کوردستان بخوێندرێنەوە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە، سیاسەتی ڕەسمیی ئیدارەی ئەمەریکا لە گۆشەبینییەکی واقیعییەوە ناخوازێ بەتوندی و ڕاشکاوانە پشتگیر بێت بۆ گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە باشووری کوردستان. لە لایەکی ترەوە، ئەمەریکا ڕێگە لەو جۆرە گۆڕانە ناگرێ، بەڵکوو بە زووییش خۆی لەگەڵدا دەگونجێنێ و بگرە بەخێرهاتنیشی لێ دەکات. دواجار ئەوە ئەمەریکا نییە شتەکان یەکلایی دەکاتەوە، بەڵکوو ئەوە ئیرادەی دەنگدەرانی کوردستان دەبێتە یەکلاکەرەوە. ئەمەریکاش بە

ئەگەری زۆر بەبێ دواکەوتن خۆی لەگەڵ گۆڕاندا دەگونجێنێ و هەوڵ دەدات پردێکی لەیەکگەیشتن لەگەڵ ئەکتەرە تازەکانی دەسەڵاتی کوردستاندا بینا بکات.

## دەرئەنجام

ئاشکرایە کە ڕوو لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی باشووری کوردستان کۆمەڵێ ئەگەری گرنگ لەخۆ دەگرن، هیوابەخشبن لە لایەک و ترس لە دەرهاویشتەی هەڵبژاردنەکان دوو خەسڵەتی هەرە گرنگی ئەو هەڵبژاردنانەن. لەم بارەیەوە دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی دەخوازن ڕوانگەی کوردستان، بە هەر جۆرێک بووە بە زمنی، وەها وێنا بکەن، وەک ئەوەی هەموو خەڵکی باشووری کوردستان لە پاپۆڕێکدان و ئەگەر خەڵکی دەنگ بەو دەسەڵاتە نەداتەوە، ئەوا ئەگەری بە تەواوەتی نقوومبوونی ئەو پاپۆڕە هەیە. لەم شێوەی گووتارە دەخوازرێ ئەوە بە خەڵکی بوترێ، بەڵێ کلیلی دواڕۆژی باشووری کوردستان لە دەست پارتی و یەکێتی دایە، هەر ئەوانیشن دەتوانن ئەو پاپۆڕە بگەیەننە ئاقاری هێمنی... بە هەرحاڵ، ڕاستییەکەی ئەوەیە، کە سیاسەتی پارتی و یەکێتی بەرپرسە لە نەهامەتییەکانی شەڕی خۆکوژی و نەتەوەکوژی و بەرهەمهێنانی دەسەڵاتێکی تا سەر ئێسقان گەندەڵ، کە بووە تەهۆی تێکشکاندن لە ناخ و ناوەوەی باوەڕ بە نەتەوەبوون و بە دواڕۆژبوون.

هەر نەبێ بەشێک لە خەڵک لە باشووری کوردستان لەوە گەیشتوون، ترساندنی خەڵک بەوەی کورد باری ناسکە و

دەوری دراوە بە ناحەز و هەڕەشەی زۆری لەسەرە و ترسی نغرۆبوونی پاپۆڕەکەی هەیە، لەبەر ئەوە باری کوردستان گۆڕانکاریی بنەڕەتی و بەرفراوان هەڵناگرێ، هیچ بنەمایەکی نییە. لە ڕاستیشدا، هەر نەبێ دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام، ئەوە بەجوانی دەر کەوت کە بانگەشەی دەسەڵات بە بوونی کۆمەڵێ هەڕەشە لەسەر کوردستان، وەک بیانووی نەکردنی گۆڕانکاریی گرنگ، تەنانەت بانگەشەیەکی ناڕاستگۆیانەش بووە. خەڵکی کوردستان بگرە بە دەسەڵاتیشەوە، ئەوە باش دەزانن، کە بەو ماوە کورتەی دوای کەوتنی ڕژێم، لایەنی عەرەبی لە عێراق، یا با بڵێین بەغداد، پێشکەوتنی زیاتری بەدەستهێناوە بە بەراوورد لەگەڵ ١٨ ساڵەکەی باشووری کوردستان. ئەمە لە کاتێکدا کە لەم ماوەیەدا هەڕەشەکانی سەر بەغدا، لە ناوەوە و لە دەرەوەڕا، یەکجار زۆرتر بوون لەو هەڕەشانەی سەر باشوری کوردستان. لە ڕاستیدا لە عێراقی عەرەبیدا کۆمەڵێک ململانێ لە ئاستی ناوخۆ و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی بەچڕی و بەتوندی یەکتریان گرتەوە تا ڕادەیەکی یەکجار ترسناک. ئاخر ئەوەتا لە لایەکەوە سەرانی هەرێم بە شانازییەوە هیچ دەرفەتێکیان لەدەست نەداوە کە تیایدا جەخت نەکەن لەسەر بوونی ئاساییش لە هەرێم بە بەراورد لەگەڵ عێراقی عەرەبی (عێراق بەبێ باشووری کوردستان) بەڵام هەر خۆیان، بۆ ترساندنی خەڵکی باشووری کوردستان، بە تایبەتی وەختێک باسی گۆڕانکاری دێتە گۆڕێ، بەهانەی بوونی کۆمەڵێک هەڕەشە لەسەر ئەو بەشەی کوردستان دەهێننەوە.

ئەوانەی لە خەمی تۆکمەیی و بەهێزیی پانتاییی

نەتەوەدان و دەیانەوێ بە شێوەیەکی تەندروست ئەم پانتاییە ڕێک بخەن، ئەوا دەبێ دوو پرنسیپی کوردستانیبوون و دیموکراتیبوون لە قووڵاییی باوەڕەوە پەیڕەو بکەن. ئەگەر ئەوەمان قبوڵ بێت، کە کورد لە باشوور بەرەوڕووی چارەنووسێکی نادیار بووەتەوە و لایەنی عەرەبییش لەوە سڵ ناکاتەوە، کە تا لە توانایدا بێت درز دەخاتە ناو ئەو پانتاییەوە و دزە دەکاتە ناوی، بە مەبەستی دابڕاندنی پێکهاتەیەک یا چەند پێکهاتەیەک لەم پانتاییە، ئەوا پێداویستییەکی حەیاتییە لە ڕۆشنایی بەکوردستانیبوون و بەدیموکراتیبوونی ڕاستەقینە مامەڵە لەگەڵ هەموو پێکهاتەکان لە پانتاییی نەتەوەدا بکرێت. بەدەر لەم دوو پرنسیپە و هەوڵدان بۆ سەپاندنی ڕەنگێکی ئایدیۆلۆژی بەسەر ئەو پانتاییەدا چەوتییەکی جیددیە و دەشکرێ بە کاریسە بۆ نەتەوە تەواو ببێ.

ڕەنگە دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان خۆشیان ئەوە بزانن، کە هەر ئەو گۆڕانکارییە ئیقلیمی و جیهانییانەی بوونە یاریدەدەر بۆ ئەوەی ئەوان دەسەڵات بگرنە دەست لەو بەشەی کوردستان، هەر ئەو گۆڕانکارییانەشن کە بە ئەگەری زۆر، زوو یا درەنگ، دەبنە هۆی لەدەستدانی هەمان دەسەڵات.

ئەگەر دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی لە خەمی ئەوەدان پاپۆڕی باشووری کوردستان بگاتە ئاقاری هێمنی، ئەوا پێویستە بە بیرێکی کراوە و لە چوارچێوەی پەیڕەوکردنی هەردوو پرنسیپی کوردستانی و دیموکراتیی ڕاستەقینە کار بکەن لەگەڵ ڕوانگە تازەکانی باشووری کوردستان.

گرنگە دەسەڵاتداران ئەوەش بزانن، کە ئیتر ڕێگەگرتن لە گۆڕانکاری دەتوانێ ببێتە هۆی نغرۆبوونی پاپۆڕەکە! ئەوانەی ئەوی تر دەدیۆێنن و ئەوی تر دەتۆقێنن بە مەبەستی مانەوە لە دەسەڵات، لە ڕاستیدا هەر ئەوانەن دەتوانن ببنە هۆی هەڵتەکانی ماڵی کورد و پەرتەوازەبوونی و هەر نغرۆبوونێکیش.

# نانبڕین لووتکەی فاشیزمە

**دیمانەی ڕۆژنامەی ڕۆژنامە،**
**ڕۆژنامە، ژمارە ٥١٧، ٢٠٠٩/٧/٢٢**
**سازدانی ڕۆژنامەنووسان**
**سامان بەشارەتی و ئارام شێخ وەسانی**

ڕۆژنامە: ئێستا ئێمە لەناو پرۆسەی هەڵبژاردنداین، بۆچوونت چییە سەبارەت بە هەڵبژاردنی ئەم جارە؟

ب. یاسین: بە بۆچوونی من، ئەم هەڵبژاردنە جیاوازە لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٥ و ١٩٩٢، ئەم جارە تایبەتمەندیی زۆر لەخۆ دەگرێت. دەتوانین بڵێین یەکەم جارە باشووری کوردستان هەڵبژاردنێک بە خۆیەوە دەبینێت، کە جۆرێک لە هیوای بە خەڵک بەخشیوە، بەو مانایەی ئەو دەسەڵاتەی لە ماوەی هەژدە ساڵی ڕابردوو مۆنۆپۆلی دەسەڵاتی کردووە لەم بەشەی کوردستان، ئیتر هیوایەک هەیە کە هیچ نەبێ ئەو مۆنۆپۆلە درزی تێ بکەوێت. وێڕای ئەو ئەگەرەی باس لەوە دەکات، لە موفاجەئەیەکدا دوای ٢٥ی ئەم مانگە، ئەو مۆنۆپۆلە کۆتاییی پێ بێت. هێزێکی تازە دەرفەتی پێ بدرێت بۆ ئەوەی

چانسی خۆی تاقی بکاتەوە، واتە لیستی گۆڕان. هەروەها دەکرێت لیستی گۆڕان و چوار حیزبەکە هاوپەیمانییەک دروست بکەن و شێوە دەسەڵاتێکی تازە بەرهەم بهێنن، بەڵام ئەمە شتێکی ئاسان نییە، چونکە لەدوای هەڵبژاردنیش کۆمەڵێک موفاجەئە ڕوو دەدات، جا لە ناو لیستەکاندا بێت یا لە هاوپەیمانیی نێوان لیستەکان. لەوانە ئەگەری ئەوەی پەیوەندییەکانی یەکێتی و پارتی موفاجەئەی جیددی بە خۆوە بگرن. هەڵبەتە ئەم موفاجەئانە دوا خراون بۆ دوای ٢٥ی مانگ، ئەمەش لەپێناو ئەوەی ئەم دوو هێزە سەرەتا بەشدار بن و بچن بۆ دەنگدان دواتر شتەکان لەنێوان خۆیاندا یەکلا بکەنەوە، چونکە هاوسەنگییە هەمیشەییەکە تێک دەچێ لە ئەنجامی ئەوەی یەکێتی دەنگێکی زۆر لەدەست دەدات، بە هۆی لیستی گۆڕانەوە.

لە بەرامبەردا پارتی بەوە ڕازی نابێت یەکێتی هاوتای ئەو بێت. هەرچۆنێک بێت، لەم جارەدا لیستەکان ڕوویەکی نوێ دەدەن بە هەڵبژاردنەکە، چونکە ماوەی هەژدە ساڵە ئەو بازنەیەی دەسەڵات دەخولێتەوە. ئەوانەی تەحەکوم بەو بازنەیە دەکەن، پارتی و یەکێتین. لە ڕاستیدا فەرمانڕەوایی ئەم دوو حیزبە مانای *حیزبۆکراتی* دەگەیەنێ نەک دیموکراتی، چونکە لە ڕێگەی مەکتەبی سیاسیی ئەو دوو حیزبەوە ئیدارەی ئەم هەرێمە کراوە.

لە لایەکی ترەوە، ئێمە حەز بکەین یا نا، هەر پێش ٢٥ی مانگیش لیستی گۆڕان گۆمەکەی شڵەقاندووە، بەڵام دەکرێت ٢٥ی مانگ شڵەقانەکە بخاتە مەدایەکی تازەوە، هەروەها دەرفەتێک بخەملێنێ بۆ شێوە دەسەڵاتێکی نوێ. ئەگەر شێوە

دەسەڵاتێکی تازەش نەیەتە دی، ئەوا دەتوانین دڵنیا بین شێوە پەرلەمانێکی تازە دێتە کایەوە. پەرلەمانێکی کاراتر و چالاکتر، کە تیایدا ئەندامانی پەرلەمان هەموویان وەک یەک بیر ناکەنەوە، بەڵکوو بەجیاوازی بیر دەکەنەوە. هەر ئەوەشە پەرلەمانەکە دەخاتە حاڵەتێکی تەندروستەوە. خاڵێکی دیکە ئەوەیە، کە بۆ یەکەم جار ئۆپۆزسیۆن دێتە کایەوە، ئەو ئۆپۆزسیۆنە دەکرێت ببێتە دڵی ئەزموونێکی دیموکراسی، کە لە ڕاستیدا لەدوای ٢٥ی مانگەوە دەست پێ دەکات. لێرەدا دیارە ئەو هەژدە ساڵەی تێپەڕی، ئەندامانی پەرلەمان، کەم یا زۆر، هەموویان وەک یەک بیریان کردۆتەوە، ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی، نە پەرلەمانێکی چالاکمان هەبووە و نە سیستمێکی سیاسیی سەرکەوتوو هەبووە. تەواوکەری ئەو قسانە ئەوەیە، خۆکاندیدکردنی چەند کەسێک بۆ سەرۆکی هەرێم گرنگییەکی ئێجگار زۆری هەیە. ئەو کولتووره سیاسییەی ئێمە پێی ئاشناین لە باشووری کوردستان ئەوەیە، کە تەنیا چەند کەسانێک شایستەی ئەوەن سەرۆکی ئەم وڵاتە بن، بەڵام کاتێک چوار کەس دێن خۆیان کاندید دەکەن، ئەوا ئەو پەیامەمان پێ دەدەن، کە بەڵێ هەر کوردێک لە باشووری کوردستان دەتوانێت لەسەر کورسیی سەرۆکایەتیی هەرێم دانیشێت. بە بۆچوونی من، ئێستا هەر پێش ٧/٢٥یش تەلیسمی سەرۆکایەتیی هەرێم تێک شکاوە، ئەمەش ڕێگەخۆشکەرە بۆ ئەوەی ترس بڕەوێتەوە، هەروەها خەڵک متمانە بە خۆی و سیاسەت و دوارۆژی خۆی بکات و ئەوە بە سروشتی ببینێت، کە هەر هاووڵاتییەک دەتوانێ ببێ بە سەرۆکی هەرێم.

ڕۆژنامە: مەبەستت ئەوەیە بەو پرۆسەیە متمانە دەگەڕێتەوە بۆ خەڵک؟

ب. یاسین: بەدڵنیاییەوە، ئەوە هێمایە بۆ گەڕانەوەی متمانە بۆ سیاسەت و باوەڕبوون بە ئیرادەی تاک لە قووڵایی سیستمدا. لە ڕاستیدا لە ماوەی هەژدە ساڵی ڕابردوودا زۆر باس لە گەندەڵی کراوە، بەڵام ڕوویەکی هەرە ترسناکی گەندەڵی ئەوەیە، جەستەی نەتەوە هەڵوەراوە و تووشی چەندین قەیرانی جیددی بووە. لەبەر ئەوە گەڕانەوەی متمانە بۆ تاکی کورد لە ڕێگەی هەڵبژاردنی چوار کەس، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، دەتوانرێت داهاتووی سیاسەت لەم وڵاتەدا گۆڕانکاریی بەسەردا بێت. بە بۆچوونی من، ئەگەر کەمال میراودەلی ١٠ یا یەک ملیۆن بهێنێت، ئەوا دواجار سەنگەکە لەوەدایە، کە میراودەلی ترسی ئەوەی ڕەواندەوە، ئەمەش گرنگییەکی تایبەتیی هەیە.

ڕۆژنامە: ئەگەر پێشبینییەکان بوونە واقیع لەدوای ٢٥ی مانگ، دوو پارتی دەسەڵاتدار تا چەند دەتوانن ئەوە قبوڵ بکەن؟

ب. یاسین: ئێمە دەبێت هیوامان بەوە بێت، کارەکان بەگوێرەی دەنگەکان بەڕێوە بچن، واتە هەموو لایەک ئەو ئەنجامانە قبوڵ بکەن. هەروەها هیچ شتێکی نایاسایی نەکەن وەک ئەوەی قەیرانێکی گەورە دروست بکەن، بۆ گەڕاندنەوەی ڕەوڕەوەی مێژوو بۆ دواوە، واتا بۆ بارودۆخی پێش ٢٥ی مانگ. ئەگەر

هەوڵێکی لەو جۆرە بدرێت، ئەوا باشووری کوردستان تووشی قەیرانێکی زۆر دەبێتەوە. لەم قەیرانەشدا ڕەنگە کۆمەڵێک موفاجەئە دەر بکەون، یەکێکیش لەو موفاجەئانە ئەوەیە کە کۆنترۆڵ لە دەستی بژاردە و نوخبەی سیاسی دەر بچێت و بکەوێتە سەر شەقامەکان و هەندێک هێزی دیکە بتوانن شەقام داگیر بکەن.

ڕۆژنامە: پێت وایە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تا چەند دەبێتە هێزی فشار بۆ ئەوەی لایەنەکان ئەنجامەکان قبوڵ بکەن؟

ب. یاسین: ئەمە پرسیارێکی جوانە. هەڵبژاردنەکانی ئەم جارە جیاوازییان لەوەدایە، گرنگیپێدانێکی جیددی هەیە لە ڕووی نێودەوڵەتییەوە، بۆ نموونە بەرپرسە ئەمەریکییەکان ڕای خۆیان نەشاردووەتەوە کە ئەوان گرنگیی تایبەت بەم هەڵبژاردنە دەدەن. ئەم جۆرە گرنگیدانەش دەبێتە ڕێگر لە بەردەم ئەو هێزانەی چیکڵدانیان تەسکە و قبوڵی ئاکامەکان ناکەن. لێرەدا ڕۆڵی ڕێکخراوە مەدەنییەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و زلهێزەکانی جیهان بەڕوونی دیارە، هەروەها لایەنە کوردییەکانیش بەڕوونی ئەوە دەزانن، کە ئەم هەڵبژاردنە جیاوازە.

ڕۆژنامە: پێت وایە هۆکاری گەشبینییەکانی خەڵک لەم هەڵبژاردنە بوونی چەند لیستێکی جیاوازە، کە پرۆسەی هەڵبژاردن و دیموکراسیی جوانتر کردووە؟

ب. یاسین: بە بۆچوونی من، هاتنەکایەی لیستێک، کە بڕیاری ئەوەی داوە بەشێک نەبێت لە دەسەڵاتی گەندەڵ، ئەگەر کەم بهێنێت یا زۆر، ئەوا خۆی لە خۆیدا هیوابەخشە تەنانەت پێش ئەوەشی ئێمە چووبێتینە ناو ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردنەوە. لەم ڕووەوە ئەم هەڵبژاردنانە موفاجەئە لەخۆ دەگرن، بۆ نموونە ئەگەر لیستی گۆڕان دەنگێکی زۆر بهێنێت، وەک ئەوەی لە تورکیا ڕووی دا لە ساڵی ١٩٥٠، کە کۆتاییهێنان بوو بە حیزبی کەمالی، هەرچەندە ئەو هێزە هەڵگری پرۆژەی مۆدێرنیزەکردنی تورکیا بوو هەر لە ساڵی ١٩٢٣وە، لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی تورکیا بڕیاری خۆی دا "تا ئێرە و بەس،" زۆربەی دەنگەکان بۆ حیزبی دیموکرات چوون، بەڵام کەمالییەکان قبوڵی ئەنجامەکانیان کرد. من لێرەدا ئەو بەراوردە دەهێنمەوە و مەبەستم ئەوەیە، کە هەر نەبێ با پارتی و یەکێتی بەقەد حزبەکەی کەمال ئەتاتورک دیموکراتیخواز بن و ڕێگە بەوە بدەن ئەگەر هات و هێزێک یا چەند هێزێک دەنگێکی زیاتریان هێنا و دەرفەتی ئەوەیان هەبوو حکومەت دروست بکەن، با لێگەڕێن حکومەت دروست بکەن. دەبێت پارتی و یەکێتی بزانن، کە ئێمە لە ساڵی ١٩٩٢دا ناژین، ئێستا بارودۆخێکی دیکەیە.

ڕۆژنامە: وەک دەزانیت، چەند نموونەیەک هەیە، کە لە خۆرهەڵات، هەندێک جار ئەنجامی هەڵبژاردن قبوڵ ناکرێت، واتا لیستی سەرکەوتوو ناتوانێت حکومەت دروست بکات، وەک ئەوەی لە فەلەستین ڕووی دا، تا چەند ئەو جۆرە سیناریۆیانە ئەگەری ڕوودانیان هەیە؟

ب. یاسین: ئەو جۆرە سیناریۆیانە نابێت بەدوور بگیرێن، بەڵام زۆریش نزیک نییە، چونکە ئەگەر بەراورد بکەین، بارودۆخی ئێمە لەگەڵ ناوچە فەلەستینییەکان جیاوازە. بە هۆی ئەوەی بەردەوام ئەوان خەونیان بەوەوە بینیوە، کە تەنانەت ٢٠٠ پۆلیسی نێودەوڵەتی لە فەلەستین چاودێر بن کەچی بۆیان نەچۆتە سەر، بەڵام لە کوردستاندا ئێمە ئاگادارین لەوەی گەورەترین زلهێزی دونیا بە پرۆژەیەکی تازە و بە هێزێکی ئێجگار زۆرەوە لێرە ئامادەیە، هەروەها گرنگیپێدانێکی زۆریش ئامادەیە. کەواتە بارودۆخەکان جیاوازە لەگەڵ ئەوەی ئەو ترسەی لە ناواخنی ئەو پرسیارەدا سەر هەڵدەدات، با ئەو ترسەمان لە بەرچاو بێت، با ڕێگر بین لەو سیناریۆیە.

ڕۆژنامە: بوونی چەند لیستێکی جیاواز بووەتە ڕێگەیەک بۆ ئەوەی خەڵک ویستی گۆڕانی تێدا مومارەسە بکات، ئایا ئەو قۆناغە کامڵ بووە کە خەڵک خواستی گۆڕانی هەبێت؟

ب. یاسین: بێگومان دەتوانین زۆر گفتوگۆ بکەین لەسەر کامڵی و ناکامڵی، بەڵام هەرگیزاوهەرگیز مرۆڤ نابێت زۆر چاوەڕوانی بکات. بە بۆچوونی من، بارودۆخی کوردستان لەبارە کە خەڵک بێ ترس خواستی گۆڕان نیشان بدات. هەڵبەتە دەزانین خواستی گۆڕان خواستێکی بەردەوامە و لەگەڵ بوونی مرۆڤیشدا سەری هەڵداوە. بۆ هەموو گۆڕانکارییەکیش دوو شت پێویستن: هێزێکی کۆمەڵایەتی، کە پێشەنگی ئەو گۆڕانکارییە بکات، دووەمیان ئەو هێز و نوخبەیەی کە دەتوانن ئاراستەی گۆڕانکاری لە بەرنامەیەکدا لە قاڵب بدەن. زۆر

گرنگە لەو پڕۆگرامەدا خەونی خەڵک بەزیندوویی ڕابگیرێت و بۆ بەجێهێنانی خەونەکەش کار بکرێت. دەکرێت بوترێت ئێمە لێرەین و دەبینە ئامرازێک بۆ وەدەستهاتنی ئەو خەونە؛ لیستی گۆڕان دەتوانێت ئەو ئامرازە بێت، بەڵام بە بڕوای من، پرسیارە گرنگەکە بۆ هەموومان ئەوەیە، ئایا دوای ٧/٢٥ لیستی گۆڕان چیی بەسەر دێت. ناردنی چەند ئەندامێک بۆ پەرلەمان لەلایەن لیستی گۆڕانەوە، پێویستی بە پشتگیریی جەماوەری هەیە، ئەو پشتگیرییە جەماوەرییەش دەبێت بۆ دوای ٢٥ی مانگیش بەردەوام بێت. لەبەر ئەوە بەردەوامیی ئەو تەوژمی پشتگیرییە دەبێت زیندوو ڕابگیرێت، هەروەها لە شێوەی ڕەوتێکیشدا لە قاڵب بدرێت، بەڵام چۆن ئەوە دەکرێت، من نازانم!

ڕۆژنامە: ئایا لیستی گۆڕان خواستی گۆڕانی بەوە کۆتایی دێت، کە هەندێک چالاکی و ئۆپۆزسیۆنبوونی لە پەرلەمان نیشان بدا و تەواو؟

ب. یاسین: بە بۆچوونی من، نابێت پێشبینیی ئەوە بکەین لە ماوەی شەو و ڕۆژێکدا هەموو شتێک بگۆڕێت. لە لایەکی ترەوە، وەک پێشتر وترا، دروستبوونی لیستی گۆڕان بەر لە ٧/٢٥یش کۆمەڵێک لە ئەرکەکانی خۆی بەجێ گەیاندووە، یەکێک لەو ئەرکانەش شڵەقاندنی ئەو گۆمە مەنگبووەیە کە ماوەی هەژدە ساڵە پێویستی بە شڵەقاندنە. ئەو شڵەقاندنە لە کۆمەڵێک ڕەهەندەوە بووە، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، لە ڕووی فیکرییەوە، لە ڕووی ئەو گفتوگۆیانەی لە شەقام و فەزای گشتیی کوردستاندا دەکرێن. هەتا بگرە دەتوانین بڵێین

دروستبوونی لیستی گۆڕان ژیانی خستەوە بەر یەکێتی و پارتی، چونکە تۆ ئەگەر بەرامبەرێکی چالاکت نەبێت، خۆت بەبێ خەم دەخەویت، بەڵام ئەگەر تۆ بزانی بەرامبەرت هەیە و داوای سەندنەوەی دەسەڵات لە تۆ دەکات لە ٢٥ی مانگ، ئەوکات خۆشت هەوڵ دەدەیت چالاکانە لەسەر پێ بوەستیت بۆ ئەوەی ئەو دەسەڵاتەی خۆت بپارێزیت.

کەواتە لیستی گۆڕان کۆمەڵێک ئەرکی بە جێ گەیاند لە چالاککردن و لە گەڕاندنەوەی متمانە بە سیاسەت و سیاسەتکردن. من تەسەور دەکەم، پێش شەش مانگ لە ئێستا خەڵکێکی زۆر بڕیاری ئەوەیان دابوو. نەچن بۆ دەنگدان، بەڵام ئێستا دڵنیام ئەوانە ٢٥ی مانگ بە متمانەیەکی زۆرەوە دەڕۆن بۆ دەنگدان، چونکە لیستی گۆڕان لەوەدا سەرکەوتوو بوو، کە هەژانێک بخاتە ناو کۆمەڵگەی کوردەواری، هەروەها بڵێت ئیرادەی خەڵک خۆی دەتوانێت کۆتایی بەم دەسەڵاتە هەژدە ساڵییە بهێنێت.

ڕۆژنامە: بە حوکمی ئەوەی لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردوو ساختەکاری ڕووی داوە، هەندێک خەڵک ترسی لەوە هەیە، ئایا ئەم جارە وێڕای هەموو ڕێوشوێنەکان، ئەگەر ساختەکاری ڕوو بدات، هەست ناکەیت حاڵەتێکی لەوەی ئێران لە کوردستاندا ڕوو دەدات؟

ب. یاسین: دەتوانم بەدڵنیاییەوە ئەوە بڵێم، کە ئەو حیزبانە سڵ ناکەنەوە لەوەی ئەگەر بۆیان بکرێت، تەزویر دەکەن بۆ پاراستنی دەسەڵاتیان، چونکە هەندێک شتی دیکەیان کردووە

ناشرینتریش لە تەزویر، بۆ نموونە *نانبڕین*. بە بڕوای من، نانبڕین لووتکەی فاشیزمە، لە ڕێگەی نانبڕینەوە بڕیاری لایەنەکانی دەسەڵات بۆ دژایەتیکردنی گۆڕان گەیشتە لوتکە. لەبەر ئەوە هەست ناکەم ئەو لایەنانەی نانی خەڵک دەبڕن، سڵ بکەنەوە لە تەزویر. بە واتایەکی تر، تا بۆیان بلوێت تەزویر دەکەن، بەڵام هەندێک ئامراز و توانا وەک ئیمکانیاتی بەغداد، کۆمسیۆنی باڵا، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و زیندوویی تاکی کورد، کە دەتوانن ڕۆڵیان هەبێت لە ڕێگەگرتن لە تەزویر. تاکی کوردستانی ئێستا تاکی ساڵی ١٩٩٢ نییە، ئێستا شێوە ڕۆشنبیرییەکی دیموکراتی هەیە، شارەزایی و ئاشنایی زۆر پەیدا بووە سەبارەت بە هەڵبژاردن.

لە لایەکی دیکەوە، زۆر قسە لەسەر ئەگەری ساختەکاری دەکرێت وەک بەراورد بەوەی لە ئێران ڕووی دا و شەقام هەڵسایە سەر پێ وەک ئەوەی ئەگەری ئەوە هەبێ لە کوردستانیش دووبارە ببێتەوە. ئەم بابەتە سیناریۆیەکی کراوەی هەیە و ڕوودانیشی دەکەوێتە سەر زۆر فاکتەر، یەکێک لەو فاکتەرانەش ئەوەیە ئاخۆ تا چەند لایەنەکان ئامادەن ململانێکان ببەنە سەر شەقام. بۆ هەر ئەگەرێکی لەو جۆرەش، هەمووان بە جیددی بەرپرسن، بەتایبەتی لیستی گۆڕان و لیستی کوردستانی و چوار حیزبەکە.

ڕۆژنامە: ئەگەر خەڵک متمانەی بە لیستی گۆڕان دا و بە قەبارەیەکی باش چووە پەرلەمان، تۆ پێشبینیی چی لەو لیستە دەکەیت، کە مۆدێلی دەسەڵاتی ڕابردوو دووبارە نەکاتەوە؟

ب. یاسین: لە ڕاستیدا من ماوەیەک بەر لە ئێستا دوو سیناریۆم باس کردووە، ئەوانیش ئەوەیە: ئایا لیستی گۆڕان لە پەرلەمان دەبێتە هاوبەشی حکومەت لەپێناو هەندێک پۆستدا یاخود بڕیارێکی کۆتایی هەیە، کە ئەو لیستە بە هەر قەبارەیەکەوە بچێتە پەرلەمان، ئەوا لە هەموو حاڵەتێکدا وەک ئۆپۆزسیۆن دەمێنێتەوە. ئەوەی من بیستوومە لە سەرچاوەی زۆر نزیکەوە، ئەوەیە کە ئەو لیستە بڕیاری خۆیان یەکلایی کردۆتەوە، ئەوان نایانەوێ ببن بە بەشێک لە دەسەڵات. ئەم پەیامە بۆ گۆڕان زۆر گرنگە و زۆریش چارەنووسسازە. گرنگە گۆڕان ئەو پەیامە دووبارە و دەبارە بکاتەوە بۆ خەڵکی کوردستان، کە ئەوان تەماحیان لە کورسی و پارە و دەسەڵات نییە. پێویستە بڵێن ئێمە خەڵکێکین بە یاسا قسە دەکەین، بۆ ئەوەش هاتووین ئەو کۆمەڵگەیە لەسەر بنەمایەکی مۆدێرن و تەندروست بەدامەزراو بکەین، کە تاکی کورد هەموو بەهاکانی وەر بگرێتەوە، ئامادەییی هەبێت و کاریگەرییشی بەسەر بڕیاری سیاسیدا هەبێت. لەبەر ئەوە بە بڕوای خۆم لیستی گۆڕان هیچ ئەلتەرناتیڤێکی دیکەی لەبەردەستدا نییە، تەنها ئەوە نەبێ، کە ئۆپۆزسیۆنبوون هەڵبژێرێت، ئەگەر دەخوازێت بەردەوامی بداتە شڵەقاندنی ئەو گۆمە. لە لایەکی دیکەوە دەبێت لەوە ئاگادار بین، ئەو جەماوەرەی پشتگیری لە لیستی گۆڕان دەکات، لەوانەیە تووشی هەمان ئەو گرفتانە ببنەوە، کە بەر لە ٢٥ی مانگ تووشی هاتن، بەتایبەتی بابەتی نانبڕین و گواستنەوە، کەمکردنەوەی پلەی وەزیفی، چەندانی دیکەش لە سزادانی هاوشێوە بەردەوام دەبن.

ڕۆژنامە: چۆن دەتوانرێت ئەو حاڵەتە چارەسەر بکرێت؟

ب. یاسین: من دەتوانم بەئاسانی ئەوە بڵێم، کە ئەگەر لیستی گۆڕان ئۆپۆزسیۆنبوون هەڵبژێرێت، هیچ نەبێت دەتوانێت هەر وەک ڕەوتی سەدر لە پەرلەمانی عێراق، کاریگەر بێت لەناو پەرلەمانی کوردستان. ئەوان، واتە ڕەوتی سەدر، ٣٠ کورسییان هەیە، بەڵام لە زۆرینەی بڕیارە چارەنووسسازەکان کلیلەکە لە دەستی خۆیاندا بووە. کەواتە ئەو شەڕەی لە شەقامەوە دەیگوازێتەوە بۆ ناو پەرلەمان، لە ڕێگەی پێداگری لە هەڵوێستی ئۆپۆزسیۆنبوون، دەتوانێت گۆڕانکاری بکات، بەڵام ئەو گۆڕانکارییە باجیشی هەیە. هەڵبەتە ئەو باجەش ئەو نانبڕین و گواستنەوە و سزایەیە بە جۆرەهای تر. من بەر لە سێ مانگ لەسەر ئەو حاڵەتەم نووسیوە، پێویستە بزانین دەسەڵات دوای ٢٥ی مانگ ناخەوێت و بەردەوام دەبێت لەو کارانە، پێویستە تۆ لە بەرامبەر ئەوەدا لە ڕێگەی زمانی یاسا و کاری پەرلەمانییەوە بۆچوونەکانت بخەیتە ڕوو و خەتی ئۆپۆزسیۆن هەڵبژێریت.

ڕۆژنامە: ئایا گۆڕان دەتوانێت ئەو ئۆپۆزسیۆنە چالاکە بێت، کە ڕێگر بێت لە دووبارەبوونەوەی زۆرێک لە مۆدێلە هەڵەکان؟

ب. یاسین: لە ڕاستیدا جارێ ئەوە دیار نییە کە ئەنجامەکان چۆن دەبن، بەڵام من باوەڕم وایە، ئەوانەی بڕیاریان داوە بە دەنگ و بڕیاری تازەوە بێنە ناو پەرلەمانەوە، دەبێت بیریان لەوە کردبێتەوە، کە ئایا ئامرازەکانی ئەو گۆڕانکارییانە چین.

چۆن دەکرێت بەشێک لە پڕۆگرامەکان وەدەست بخەین، بەڵام ئەگەر هەر بەدەست نەیەت، دەبێت تۆ هەر نەبێ ڕێگری لە دەسەڵاتە گەندەڵەکە بکەیت. واتا ئەگەر لە قۆناغی یەکەمدا لیستی گۆڕان توانی بۆ یەکەم جار لەسەر حکومەتی فەرز بکات، کە "بوودجە لە پەرلەماندا تێناپەڕێت تا دوادینار حیساب نەکرێت،" ئەوا ئەمە سەرکەوتنێکی مێژوویی دەبێت.

ڕۆژنامە: ئایا دروستبوونی ئەو بارودۆخەی ڕابردوو هۆکاری لاوازیی کۆمەڵگەیە یا بێمتمانەییی ئەو دەسەڵاتەیە بەرامبەر کۆمەڵگە، کە وەک پێویست نەبێت؟

ب. یاسین: لە ڕاستیدا هەردوو لایەنەکەیە، چونکە ئەگەر دەسەڵات بزانێت هاونیشتمانییانی ئەم وڵاتە لەسەر بنەمای پڕۆگرام و بیر و بۆچوون دەنگی پێ دەدات، ئەوا ئەو دەسەڵاتە هەرگیز پەنا ناباتە بەر ئەو جۆرە ئامرازانەی کە ئێستا هەن بۆ دەنگکڕین، نانبڕین، ترساندن و تۆقاندن، بەڵام کاتێک دەزانێ ئەو دەنگە پێویستە بەدەست نایەت، ئەوا پەنا دەباتە بەر ترساندن و تۆقاندن و نانبڕین، بەشینەوەی پارە و کەلوپەل و هەوڵدان بۆ کڕینی ئیرادە. ئەوە بەردەوامییە بە ئاراستەی تۆتالیتاری و سیستمی ئۆتۆکراتی، کە بە بانگەشە دەخوازن کۆمەڵگەکانیان دیموکراتیزە بکەن، کەچی لە ڕاستیدا هەر سیستمە ئۆتۆکراتییەکەیە. ئەوەی لێرەدا ڕوو دەدات، جیا ناکرێتەوە لەوەی لە زۆر وڵاتانی تردا هەیە، ئەو قۆناغە لە حاڵەتی ژانکردندایە بۆ پەڕینەوە بۆ قۆناغی دیموکراسیی ڕاستەقینە. خواستی گۆڕانکاریی کۆمەڵگە دەکات بە دوو

بەشەوە، بەشێکیان ئەوەیە کە ئێمە لێرەین و دەسەڵاتمان بەدەستەوەیە، ئەم دەسەڵاتەش دەپارێزین، بەڵام بەشێکی تریشیان دەڵێت ئێمە بەو دەسەڵاتە ڕازی نین و دەخوازین گۆڕانکاری بەدەست بێت. لەبەر ئەوە ئەو دووجەمسەربوونەی کۆمەڵگە، ئەوانەی لە لایەکەوە دەخوازن گۆڕانکاری بکرێت و ئەوانەی لە لایەکی ترەوە نایانەوێت گۆڕانکاری دروست بێت، ڕاستییەکی کۆمەڵایەتی- سیاسییە. ئەمە ململانێیەکە، کە هیوادارم لە پرۆسەی دەنگداندا یەکلایی بکرێتەوە.

ڕۆژنامە: وەک دەزانیت ماوەی بانگەشەی هەڵبژاردن بەرەو کۆتایی دەچێت، تۆ چ ئاماژەیەکی سەرەتاییت بۆ دەر کەوتووە سەبارەت بە تەندروستیی پرۆسەکە؟

ب. یاسین: ئەگەر لە چاوی وڵاتێکی دیموکراتییەوە سەیری بکەین، پرۆسەکە ناتەندروستە، چونکە لە هیچ وڵاتێکی دیموکراتیدا تاک نانبڕاو ناکرێت. لە کوردستان ئەو ئازادییە نییە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ ئەوە بڵێین، بەراوردێک لەنێوان باشووری کوردستان و ئەوەی لە ماوەی هەژدە ساڵی ڕابردوودا بەدەست هاتووە لە لایەکەوە و وڵاتانی دەوروبەر لە لایەکی ترەوە، ئەوا دەبینین ئەم بەشەی کوردستان شێوە گۆڕانکارییەکی بە خۆوە بینیوە. شتێکی مەترسیدارە ئێمە چاومان لە موتڵەق بێت، ئەگەر چاویشمان لەوە بێت بەبێ چاوسوورکردنەوە و ساختەکاری هەڵبژاردن بەڕێ بکەین، دەبێ دەیان ساڵی دیکە چاوەڕێ بکەین، بەڵام نابێت چاوەڕێ بکەین، دەبێت ئەو تەجروبەیەش بکەین. بە بڕوای من، دوو

حیزبی دەسەڵاتدار زیاتر لە چەند دەرفەتێکیان بەدەستەوە بوو بۆ نیشاندانی ڕوویەکی جوانتری دەسەڵات، بەڵام لەوەدا سەرکەوتوو نەبوون. تاکی کوردستانی پێویستە ڕاشکاوانە بڵێت باشە هەژدە ساڵ بوارم دا بە تۆ، بەڵام سەرکەوتوو نەبوویت، ئێستا بوار دەدەم بە هێزێکی دیکە بۆ ئەوەی بۆ چوار ساڵی داهاتوو ئەویش خۆی تاقی بکاتەوە. خەڵک لە سیستمی دیموکراتیدا دەڵێت هەرچۆنێک بێت من دەرفەتی چوار ساڵی داهاتوو بە بەدیلێکی تر دەدەم، چونکە هەژدە ساڵە ئەوی تر هیچی نەکرد، وڵاتەکەمی گەندەڵ کرد، مرۆڤی ئەو وڵاتەی بێئومێد و بێمتمانە کرد، دای بڕاند لە خواستی خەبات و شووناسی نەتەوەیی. کەواتە جێگەی خۆیەتی دەنگ بە هێزێکی دیکە بدەم بۆ ئەوەی خۆی تاقی بکاتەوە، ئەمەش مافێکی دیموکراتییە بۆ تاک و بۆ ئەو گروپەشی دەخوازرێ تاقی بکرێتەوە.

ڕۆژنامە: لە ئێستادا حکومەت بە شێوەیەکی باش کەوتووەتە خزمەتکردنی هاووڵاتییان، پرسیار ئەوەیە: بۆ لە ئێستادا، ئەی ڕابردوو؟

ب. یاسین: چونکە ئەوان ترسیان نەبوو دەسەڵات لەدەست بدەن، ئەوەندە متمانەیان بە خۆیان هەبوو، کە ئیتر پانتاییەکەیان داگیر کردبوو، هیچ دەنگێکی جیددی و دژ سەر هەڵنادات، کە ببێتە هۆی ئەوەی دەسەڵات لەدەست بدەن. لێرەدا هیچ ڕێگایەک بۆ هێزەکان نەماوەتەوە، یا دەبێ بەشێک بێت لە دەسەڵات یا دەبێ لە دەرەوەی دەسەڵات بێت. لیستی گۆڕان

بووە هۆی ئەوەی دوای هەژدە ساڵ لە دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی، ئەو دوو حیزبە بگەنە ئەو باوەڕەی، کە دەسەڵات گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەگەر نەڵێین ترسیان لەوەش هەیە دەسەڵات بەتەواوەتی لەدەستی دەدەن.

ڕۆژنامە: کەواتە ئەوە مانای ئەوەیە، لە ماوەی ڕابردوودا کار بۆ خەڵک نەکراوە؟

ب. یاسین: هیچ کەس ناتوانێت ئەو ڕاستییە بشارێتەوە، کە ئەمڕۆ پارتی و یەکێتی دوو هێزی ئابووریی زۆر بەتواناترن لەو حکومەتەی هەمانە. لەبەر ئەوە ئەو شێوە دەسەڵاتەی لە ماوەی هەژدە ساڵدا هەبووە، ئێستا ترسێکی لێ پەیدا بووە، کە لەوانەیە دەسەڵات لەدەست بدات، یا ئۆپۆزسیۆنێکی زیندوو دروست ببێت، کە شەوانە و ڕۆژانە چاودێریی دەسەڵات دەکات و چیی تر ناهێڵێت پارەی ئەم وڵاتە تەخشان و پەخشان بکرێت، بەو هۆیەشەوە ترسی لێ نیشتووە. من وتوومە دیکتاتۆر هەم *دەترسێت* هەمیش *دەترسێنێت*، ئەگەر دیکتاتۆر زۆر نەترسێت، پێویستی بەوە نابێت بترسێنێ. من بەئاسانی دەتوانم بڵێم دەسەڵاتی باشووری کوردستان نەک هەر لە حاڵەتی ترسدا دەژی، بەڵکوو لە حاڵەتی هیستریاشدا دەژی. لە وتارێکیشما نووسیومە، ئەگەر سەرکردەیەک تووشی هیستریا بوو، دەکرێت هەر هەڵەیەک بکات، لەبەر ئەوە من ترسم هەیە.

# کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق:
# ئەگەر و دەرفەت

**لە گۆڤاری والاپرێس،**
**ژمارە ٣ و ٤، حوزەیرانی ٢٠٠٩، بڵاو بۆتەوە**

**ناوەڕۆک**


دەستپێک ........................................................................ ١٢٠
کشانەوە لە عێراق ......................................................... ١٢٢
ئۆباما و کشانەوە لە عێراق ........................................ ١٢٦
نیگەرانییەکان ............................................................. ١٢٩
کشانەوە: ڕۆڵی تورکیا و کورد، ئەگەر و دەرفەت ..... ١٣١

# دەستپێک

دەمێکە مەسەلەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق بووەتە جێگەی باسوخواس. لە ڕاستیدا هەر لەدوای هاتنەناوەوەی هێزەکانی ئەمەریکا و بەتایبەتی دوای زیادبوونی بەرهەڵستکاری و تیرۆریزم، کە هەردووکیان هێزەکانی ئەمەریکایان کردبووە ئامانج، ئەم باسوخواسە چڕبوونەوەی بە خۆوە بینی. لە ڕاستیدا گفتوگۆ لەمەڕ ئەو کشانەوەیە و هەڵوەستەوەرگرتن لێی، تەنها لە تایبەتمەندیی دوو حکومەتەکەی ئەمریکا و عێراق نەبووە، چونکە لە ئاستی جیهانی و ئیقلیمی و عەرەبیشدا ئەو بابەتە گرنگیی خۆی هەبووە. لە لایەکی ترەوە مەسەلەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق بەتایبەتی و بەتوندی لایەنی کوردی لە عێراق پەیوەندیدار کردووە. لەم بارەیەشەوە دەکرێ باس لە کۆمەڵێک نیگەرانی و ئەگەر و دەرفەت بکەین. واتە نیگەرانییەکانی لایەنی کوردی و ئەو ئەگەر و دەرفەتانەش، کە پەیوەندیدارن یا دەبنە دەرهاوێشتەی ئەو خۆکێشانەوەیە.

لەم بابەتەی بەردەستتدا، هەوڵ دەدەم تیشک بخەمە سەر مەسەلەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندیی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆی بە پێگە و جێگەی

باشووری کوردستانەوە هەیە. لە هەوڵێکی ئاواشدا، گرنگە تیشک نەک هەر بخرێتە سەر کشانەوە و قەبارە و شێواز و کاتی کشانەوەکە، بەڵکوو زۆریش پێویستە، بە جەختکردنەوە لە دیدێکی کوردستانییەوە، ئەو مەسەلەیە گرێ بدرێ بە پرۆسەی سیاسی لە عێراق و چارەنووسی باشووری کوردستان لەوێدا. لە هەمان کاتدا پێویستە تیشکیش بخەینە سەر شێوەی بیرکردنەوەی ئیدارەی ئۆباما دەربارەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا، بەتایبەتی شێوەی پێشوەچوونی ئەو سیاسەتە لە ڕۆشنایی ئەو ئاراستەیەی ئۆباما ڕای گەیاند بەر لە هەڵبژاردنی وەک سەرۆککۆمار و ئایا ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر ئەو ئاراستەیەدا دێن چین و دەرهاوێشتەکانی ئەو گۆڕانکارییانە چی دەبن. هەڵبەتە بابەتێکی پەیوەندیداریش ئەو گۆڕانکاری و کاردانەوە ئیقلیمییانەن، کە لە کشانەوەی بەتەواوەتی یا کەمبوونەوەی هێزەکانی ئەمەریکا ڕوو دەدەن، لەو حاڵەتەشدا ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ کێشەی کورد و بەتایبەتی چارەنووسی باشووری کوردستان پەیوەندیدار دەکات.

بۆ ئەنجامدانی باسێکی ئاوا، گرنگە لە نزیکەوە جگە لە ڕێکەوتنی عێراق و ئەمەریکا (ناسراو بە سۆفا)، تەماشای ئەو باسوخواسانەی ئەکتەرە گرنگەکان و شارەزایان لە ماوەی ڕابردوودا کردوویانە لەمەڕ کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا بکەین. لە ڕاستیدا گرنگترین بەڵگەنامە، کە بۆچوونی ڕەسمی عێراق لە لایەک و ئەمەریکا لە لایەکی ترەوە لە قاڵب دەدات، ڕێکەوتنی عێراق و ئەمەریکایە، کە لە کۆتاییی ساڵی ڕابردوو بە ماوەیەکی زۆر کەم بەر لە هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا واژۆ کرا. لە لایەکی ترەوە بۆ تێگەیشتن لە مەسەلەی کشانەوەی هێزەکانی

ئەمەریکا لە عێراق، گفتوگۆکانی ناو ئیدارەی ئەمەریکی، لەنێوان لایەنگرانی کشانەوەیەکی بەپەلە لە لایەک و لایەنگرانی مانەوە بۆ ماوەیەکی درێژتر، شتێکی هەرە پێویستە.

## کشانەوە لە عێراق

سیاسەتی ئەمەریکا لەمەڕ عێراق، تا ئێستاش واتە دوای هەڵبژاردنی باراک ئۆباماش، یەکێکە لە پرسە سەرەکییەکانی سیاسەتی ئەمەریکا لە ئاستی جیهانی و بەتایبەتییش بەرامبەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. هەر لێرەشەوە ئەوە گرنگە بڵێین، بەتایبەتی لەدوای هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەت و زۆر بەتایبەتییش دوای ڕووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ەوە، ئیتر بەچڕی و لە زۆر ڕەهەندەوە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەک هەر کراوەیە بەرامبەر ناوچە قەیراناوییەکەی ئەفغانستان و پاکستان، بەڵکوو بەچڕی ئەم دوو ناوچەیە بە یەکەوە گرێ دەدرێن و تێکەڵاوی یەکتر دەبن. هەر لێرەوەیە بە فراوانبوونی ناوچەی قەیران و کاریگەریی ئەوە لەسەر زۆر لە مەسەلە ستراتیژییەکان و هەستیاریی زلهێزەکان، زۆر بەتایبەتی ئەمەریکا، بەرامبەر ئەو ناوچەیە زیاد دەکات. جا هەر لەو سیاق و خوێندنەوەیە گرنگیی عێراق و مەسەلەی مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لەم وڵاتە پێ هەڵدەگرێ.

لە لایەکی ترەوە، دەمێک بەر لە هاتنەسەرکاری ئۆباما وەک سەرۆکی ئەمەریکا، ڕای گشتیی ئەمەریکییەکان لە خواستی کشانەوەی بەتەواوەتی، یا هەر نەبێ بەشی زۆری هێزەکانی ئەمەریکا بەبەردەوامی لە زیادبووندا بووە. جگە لەمەش ئۆباما

لە کەمپینی هەڵبژادنەکاندا بەردەوام جەختی لەسەر کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە ماوەی شازدە مانگدا، واتە لە ڕۆژی دەستبەکاربوونیەوە کردووە. هەروەها جگە لەم دوو فاکتەرە، قەیرانی ئابووریی ئەمەریکاش کاریگەریی خۆی هەبووە لەسەر هەڵوێستی ئەمەریکییەکان لە مانەوە لە عێراق یا کشانەوە لێی، بە شکانەوەی تای تەرازوو بەلای ئەوانەی خوازیارن هێزەکانی ئەمەریکا لەو وڵاتە بکشێنەوە. ئەمەش لەبەر هەندێ هۆ، کە گرنگترینیان لەبەرچاوگرتنی تێچوونی مانەوەی هێزەکانە لە عێراق، ئەو ئەرکەی ئەو مانەوەیە بەگشتی دەیخاتە سەر شانی هێزەکانی ئەمەریکا، بارودۆخی ئەفغانستان کە لە ماوەی دواییدا خراپتر بووە و بۆتەهۆی فشاری زیاتر لەسەر هێزەکانی ئەمەریکا، مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق وەک بارگرانییەکی ئابووریيە بۆ ئەمەریکا، چونکە شەڕی عێراق و ئەفغانستان تا ئێستا زیاتر لە ٨٠٠ ملیار دۆلاری تێ چووە و کۆنگرێس ماوەیەکی کەم بەر لە ئێستا بڕیاری تەرخانکردنی٩١ ملیار دۆلاری تری دا بۆ تێچووەکانی بەردەوامبوون لە عێراق و ئەفغانستان.

لە ئاستی ئیقلیمیدا بە پلەی یەکەم ئێران پێداگری دەکات لەسەر کشانەوەی ئەمەریکا لە عێراق و ئەو وڵاتە تا بتوانێ ئەو پێداگرییە دەکات، بە شێوەی جۆراوجۆر و دەیکاتە کاریگەری و فشار لەسەر ئەمەریکا بۆ ئەنجامدانی کشانەوەکە. لەم بارەیەشەوە، ئێران کۆمەڵێک کارتی بە دەستەوەن و بەتایبەتی کارتی کاریگەریخستنەسەر شیعەکانی عێراق، بۆ ئەوەی ئەوانیش بەدەوری خۆیان فشار بخەنە سەر ئەمەریکا بۆ کشانەوە. کارتەکەی تریش پشتگیریکردنی هەندێک گروپی

چەکدارە لە عێراق بۆ نانەوەی ئاژاوە و ناهێمنی بە مەبەستی زۆربۆهێنان بۆ ئەوەی ئەمەریکا بکشێتەوە لە عێراق، بەڵام بۆ ئێرانییەکان دواتر دەر کەوت، کە ناهێمنی لە عێراق لە ڕێگەی پشتگیریی هەندێ گروپی چەکدارییەوە، بە مەبەستی فشارخستنەسەر ئەمەریکا، دەتوانێ کاریگەریی پێچەوانەی لێ بکەوێتەوە، واتە دژ بە خواستی ئێران تەواو ببێ. بەپێی ئەو بۆچوونە تازەیە، ئەگەری ئەوە هەیە ئەمەریکا ناهێمنی لە عێراق وەک بەهانەیەک بۆ پێویستبوونی مانەوەی هێزەکانی لە عێراق بۆ ماوەیەکی دوورودرێژتر بەکار بێنێ. لە ڕاستیدا بەپێی هەر نەبێ هەندێک بۆچوون، یەکێک لەو هۆیانەی وای کرد ڕەوتی سەدر چالاکییە سەربازییەکانی خۆی ڕاگرێ، ئەو ئاڕاستە تازەیەی ئێران بوو. هەر لە ئاستی ئیقلیمیشدا حەزێک لەلایەن تورکیاشەوە هەبووە بۆ کشانەوەی ئەمەریکا لە عێراق، چونکە بەپێی بۆچوونی هەندێک لایەن لە تورکیا، بوونی ئەمەریکا لە عێراق، یارمەتیدەر بووە بۆ ئەوەی پەکەکە بەردەوامی بە چالاکییەکانی بدات. لەم بارەیەوە نەبوونی هیچ هەنگاوێکی عەمەلیی ئەمەریکی بۆ لێدانی پەکەکە، بەشێکی لە تورکەکان، بەتایبەتی دامەزراوەی سەربازی، بێزار کردووە. هەر لە ڕۆشنایی ئەم بۆچوونەشەوە، کشانەوەی ئەمەریکا لە عێراق، ئازادیی تەواو دەدا بە لەشکری تورکیا بۆ ئەوەی هەرکاتێک بیەوێت هێرش بکاتە سەر بنکەکانی پەکەکە. لە لایەکی ترەوە هەڵوێستی تورکیا زۆر جیایە لە هیی ئێران و بە تایبەتییش ئەو حەزە نەبووە بە سیاسەتێکی ڕەسمیی تورکیا و پشتگیرییشی بۆ نموونە لە هیچ گروپێکی عێراقی نەکردووە بە مەبەستی فشارخستنەسەر ئەمەریکا.

لە ئاستی ناوخۆییی عێراقیشدا، لایەنەکان وەک یەک بیر ناکەنەوە لە مەسەلەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق. جیاوازی هەرە گەورە لە هەڵوێستی پۆزەتیڤانەی لایەنی کوردی بەرامبەر بە لایەنی عەرەبییە. بە هەرحاڵ، کاتێک هەڵوێستی زۆر لەیەکنزیک، یا ڕاستتر بڵێین یەکهەڵوێستی لەنێوان هێزە کوردییەکاندا بەدی دەکرێ، لەنێوان هێزە عەرەبییەکان خۆبەخۆ جیاوازی تێبینی دەکرێ. لە لایەکی ترەوە ڕەشوسپیکردنی ئەو هەڵوێستانە ئەستەمە، بەم مانایەش هەندێک جار جێگۆڕکێ و گۆڕانکاری لە هەڵوێستە "عەرەبییەکاندا" بەدی دەکرێ، بۆ نموونە لە "دژ،" واتە دژ بە مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا، بۆ "لەگەڵ" یا بە پێچەوانەوە. جگە لەوەش، هەڵوێستی تەماویی و نادیار خەسڵەتێکی تری خەملاندنی بۆچوونەکانە لەو بارەیەوە، بۆ نموونە لایەنی سوننە هەڵوێستێکی تەماوی هەیە لەبەر ئەوەی لە لایەکەوە خواستی کشانەوەی ئەمەریکا دەر دەبڕێ کاتێک ئەو حەزە دەربڕی ناسیۆنالیزمی عەرەبی و ئەنتی ئەمەریکانیزمە، لە لایەکی ترەوە خوازیاری مانەوەی ئەو هێزانەیە بۆ پارێزگاریکردن لە خۆیان لە ترسی هەڕەشەکانی شیعە و هەژموونی ئێران بەسەر عێراق و ناوچەدا.

بە شێوەیەکی گشتی، ئەوەی بەتەواوەتی بۆچوونی کورد لە هیی لایەنی عەرەبی جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە بۆ هێزە عەرەبییەکان مانەوەی ئەمەریکا کاتییە، بەڵام هیچ هێمایەک نییە بۆ ئەوەی لایەنی کوردی بخوازێ ئەو مانەوەیە سنووردار بکرێت، بەڵکوو بەتایبەتی دەخوازێ بێ سێ و دوو کوردستان واڵا بکات بۆ دامەزراندنی بنکەی سەربازیی (کەم یا زۆر) دائیمی.

# ئۆباما و کشانەوە لە عێراق

واژۆکردنی ڕێکەوتننامەی عێراق و ئەمەریکا (ناسراو بە سۆفا) لە کۆتاییی ساڵی ڕابردوو کارئاسانییەک بوو، کە ئیدارەی *بوش* بۆ ئیدارە تازەکەی ئۆبامای کرد یا بەجێی هێشت، چونکە دوای وەرگرتنی پۆستەکەی وەک سەرۆککۆمار، ئۆباما شتێکی ئامادەکراوی بۆ مایەوە کە یارمەتیی دەدات شێوازێکی سیاسەتی ئەمەریکا لەمەڕ عێراق گەڵاڵە بکات، کە لە ڕاستیدا تێکەڵاوییەکە لە سیاسەتی خۆی لە لایەک و پاشماوەیەکی سیاسەتی *بوش*یشە لە لایەکی ترەوە. ئەمە بەتایبەتی گرنگە بۆ خەملاندنی سیاسەتێک، کە پشتگیریی دیموکراتەکان و کۆمارییەکان و ئاراستە سەربازی و سیاسییەکانی ئیدارەکە لەدەوری خۆی کۆ بکاتەوە، بەگشتی پشتگیریی نەتەوەی ئەمەریکی بەدەست بهێنێ. لەبەر ئەوە هەندێک لە بەرپرسانی پنتاگۆن وای بۆ دەچن، کە ڕێکەوتنەکەی عێراق و ئەمەریکا لەمەڕ شێوەی مانەوە و کاتی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق، تەنانەت دیارییەکی ئیدارەی بوش بوو بۆ ئۆباما.

هەر لەو گۆشەبینینەوە و وەک دەربڕێکی ئەو حاڵەتە، ڕاستەوخۆ دوای هەڵبژاردنی باراک ئۆباما، *ڕۆبەرت گێیتس* لە پۆستەکەی وەک وەزیری بەرگری هێشتەوە، هەر وەک زانراوە، *گێیتس* بەردەوام دژی دەستنیشانکردنی خشتەیەکی زەمەنی بووە بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق. ئەم هەنگاوەی ئۆباما، واتە هێشتنەوەی گێیتس لە پۆستەکەی، بە دڵی زۆرێک لە ڕاوێژکارانی ئۆباما نەبووە. ئەم هەنگاوەی

ئۆباما بە شێوەی جۆراوجۆر لێک دراوەتەوە. تێگەشتنێکیش، بۆ نموونە ئەوەیە، ئەم هەنگاوە وا دەگەیەنێ، کە ئۆباما کراوە بێت بۆ گۆڕینی بۆچوونی خۆی لەمەڕ کشانەوە لە عێراق. هەروەها ئەم هەنگاوە وا لێک دراوەتەوە، کە ئەمە شێوەیەکی نزیکبوونەوەی ئۆباما بێت لە بۆچوونی جەنەراڵەکان، لەوانەش بەتایبەتی *مایکڵ مۆلن* سوپاسالار، *دێڤد پترایۆس* بەرپرس لە تەواوی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق، گەورەسەرکردەی سەربازی لە عێراق *ڕای ئۆدێرنۆ* و ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی، کە ئەوانیش زۆربەیان وەک گێیتس بیر دەکەنەوە، واتە لەگەڵ کشانەوەی لەسەرخۆ و مانەوەی بەشێک لەو هێزانەن لە عێراق بۆ ماوەیەکی درێژتر. بە مانایەکی تر، ئەو هەنگاوە وا دەگەیەنێت، ئۆباما ئامادەیە گۆڕانکاری بەسەر بۆچوون ئەو پەیمانانەی بەر لە هەڵبژاردنی وەک سەرۆککۆمار دابووی، دەربارەی کێشانەوەی هێزە جەنگاوەرەکان (combat troops)ی ئەمەریکا لە عێراق لە ماوەی شازدە مانگدا، واتە تا ناوەڕاستی ٢٠١٠. بەم شێوەیەش سەرۆک دەخوازێ دڵی جەنەراڵەکان ڕابگرێت، بەپێی زۆر بۆچوون، ئۆباما هیچ چارەی نییە جگە لەوەی سازش لەگەڵ جەنەراڵەکاندا بکات.

گرنگە هەر لێرەدا ئەوە جەخت لەوە بکەینەوە، مەبەست لە کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا تەواوی ئەو هێزانەی ئەمەریکا نین کە لە عێراقن، بەڵکوو مەبەست تەنها ئەو هێزانەن، کە خەسڵەتی جەنگاوەر وەر دەگرن، هەر ئەو چەمکەشە لە ڕێککەوتنی عێراق و ئەمریکادا بەکار هێنراوە. بەم مانایەش، لایەنەکان، بەتایبەتی ئەوانەی دەخوازن ژمارەیەکی زۆری هێز لە عێراق بهێڵنەوە، دەتوانن لەژێر ناوی هێزی ناجەنگاوەر،

بەتایبەتی هێزی پشتگیری و ڕاهێنان یا مەشقپێکردن، ئەو کارە بکەن و هەر ئەو چەمکەش بە ئەگەری زۆر لە داهاتوودا چالاکانە بەکار دێت بە مەبەستی موناوەرە بۆ فەراهەمکردنی مانەوەی ژمارەیەکی زۆری هێزی ئەمەریکی لە عێراق.

بەپێی بۆچوونی هەندێک لە بەرپرسە ئەمەریکییەکان، ئەگەر هێزەکانی ئەمەریکا بشکشێنەوە لە عێراق، ئەوا دەبێ هەر نەبێ ٥٥٠٠٠ سەرباز بە ناوی هێزی ڕاوێژ و پشتگیر و ڕاهێنەر بمێننەوە. فێڵێک، کە لەوانەیە لە عێراقییەکان و ئەو ئەمەریکییانەی دژی مانەوەی هێزە جەنگاوەرەکانن، بکرێ، ئەوەیە کە سروشتی هەندێک لە یەکە سەربازییەکانی ئەمەریکا بگۆڕدرێت لە هێزی جەنگاوەرەوە بۆ هێزی پشتگیر و مەشقپێکردن. لەوەش زیاتر، لەو دواییانەدا هەندێک سەرچاوە باسیان لەوە کرد، کە هەر لە ئێستاوە بەشی پلاندانان لە پنتاگۆن سەرقاڵی ئەوەیە، سیفەتی ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانی ئەمەریکا بگۆڕن لە جەنگاوەرەوە بۆ هێزی پشتگیر و ڕاهێنەر. مەبەستیش لەم کارە ئەوەیە، بۆ ئۆباما وەزەحمەت بکەوێ، کە ئەم هێزانە دوای گۆڕینی خەسڵەت و تایبەتمەندییان، بکێشێتەوە و بەم پێیەش هەر نەبێ مانەوەی ٥٠٠٠٠ تا ٧٠٠٠٠ سەربازی ئەمەریکی مسۆگەر بکرێ تەنانەت بۆ دوای ٢٠١١ش. لە ڕاستیدا هەر ئێستا باس لەوە دەکرێ، کە هەر نەبێ چەند یەکەیەکی سەربازی سیفەتیان گۆڕدراوە بۆ یەکەی پشتگیر و ڕاهێنەر.

لە لایەکی ترەوە، زۆر جار و بەتایبەتی لەلایەن ئۆباماوە، چەمکی کشانەوەی بەرپرسانە (responsible withdrawal) لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان و دوای هەڵبژاردنیشی بە سەرۆک بەکار هێنراوە. ئەم چەمکە لە زۆر ڕووەوە گرنگە

و دەتوانێ پەراوێزێکی موناوەرەی چاک بە ئۆباما ببەخشێ. هەتا گەر بۆ نموونە بەئاشکرا لە خشتە زەمەنییەکەی خۆی پەشیمان بوویەوە، ئەوا سەرۆک بەئاسانی دەتوانێ ئەو چەمکەی کشانەوەی بەرپرسانە بەکار بێنێت وەک بەهانەیەک، وەک ئەوەی بۆ نمونە، "بارودۆخی ئاساییش و سیاسیی عێراق ڕێگەمان نادات هێزەکان بەزوویی بکێشینەوە." لە ڕاستیدا لایەنی کوردییش دەتوانێ و دەرفەتیشی هەیە لە فراوانکردنی ئەو چەمکە و بە شارەزایی جەختکردنەوە لێی، هەڵبەتە لە دیدێکی کوردستانییەوە، زۆر سوود لەو چەمکە وەر بگرێ. لایەنی کوردی زۆر بەڕاشکاوی دەتوانێ پێ لەسەر ئەوە دابگرێ، کە کشانەوەی بەرپرسانە مانای ئەوەیە، دەبێ نیگەرانییەکانی کورد لە بەرچاو بگیرێ و گرێکوێرەکان، کە ئەمەریکییەکان بەشداربوون لە بەرهەمهێنانیان، وەک بۆ نموونە کێشەی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان و زۆر کێشەی تر، چارەسەر بکرێن و ئەمەریکا ڕۆڵی بەرپرسانەی خۆی لەو چارەسەرییەدا ببینێ.

## نیگەرانییەکان

بەگشتی ئەگەری کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق لە کۆتاییی ساڵی ٢٠١١، بۆتە هۆی کۆمەڵێک نیگەرانی، لەوانەش ترس لە هەڵگیرسانی شەڕێکی ناوخۆیی لە عێراق و بەهێزبوونەوەی ئەلقاعیدە لە عێراق و ڕووبەڕووبوونەوەی شیعە و سوننە لەگەڵ یەکتر و بەتایبەتییش ترس لە هەڵگیرسانی شەڕ لەنێوان کورد و حکومەتی ناوەندی. بەتایبەتی بینینی شتەکان لە گۆشەبینینی

بەرپرسانی هەرێمی کوردستان، نیگەرانییەکە هەمەلایەنە: ١- ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕ لەنێوان کورد و بەغداد. ٢- ئەو کێشانەی تا ئێستا بە هەڵپەسێردراوی ماونەتەوە، چارەسەر ناکرێن گەر ئەمەریکا بکشێتەوە. ٣- فشاری تورکیا و وڵاتانی ئیقلیمیی تر (بەتایبەتی ئێران و سوریا) لەسەر هەرێم زیاد دەبێت. ٤- نیگەرانیی ئەوەی ئایا ئەسڵەن پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا بەو کشانەوەیە بەتەواوەتی شکست ناهێنێت!

بەڵام بە بۆچوونی من، ئەم نیگەرانییە نە دروستە و نە لە ڕووی سیاسیشەوە جێی خۆیەتی، چونکە یەکەم پەیامی ناڕاستەوخۆی ئەم نیگەرانییە کوردییە ئەوەیە، کێشە هەڵپەسێردراوەکان تا کاتی کشانەوەی ئەمەریکییەکانیش چارەسەر ناکرێن، دووەمیان بەو نیگەرانییە کورد دەخوازێ بڵێ ئەو دەستوورەی لەگەڵ لایەنی عەرەبیدا مۆر کراوە، زامنی چارەسەرکردنی هەموو کێشەکان نییە، ئەگەرچی بە ڕواڵەت هەردەم سەرانی کورد ئەوەیان دووپات کردۆتەوە، کە هەموو کێشەکان لە چوارچێوەی دەستووردا چارەسەر کراون، سێهەمیان چەوتییەکی گەورەیە و دەتوانێ پشتشکێنیش بێت، ئەگەر لایەنی کوردی لەو باوەڕەدا بێت، مانەوەی ئەمەریکا بە زەرورەت لە بەرژەوەندیی کورد تەواو دەبێ، ئاخر گۆڕانی ئاراستەی سیاسەتی ئەمەریکا، کە بەتوندی پشتگیری لە حکومەتێکی ناوەندیی بەهێز لە بەغداد بکات، دەتوانێ بۆ کورد پشتشکێن بێت لە جیاتیی ئەوەی یارمەتیدەر بێت و کەسیش ناتوانێ ئەوە زامن بکات، کە ئەو گۆڕانە ڕوو نادات. لە ڕاستیدا هەر ئێستا پشتڕاستکردنەوەیەک هەیە، کە ئیدارەی ئۆباما دڵخۆشە بە بەهێزبوونی پێگەی حکومەتی مالیکی و بە ئەگەری

زۆر پشتگیرییش دەکات لە هەوڵەکانی مالیکی بۆ بەهێزترکردنی ناوەند لەسەر حسابی هەرێمەکان. بە هەرحاڵ، شێوەی پێشوەچوونی سیاسەتی ئەمەریکا لەمەڕ ئێران، کاریگەریی زۆر دەبێت لەسەر شێوەی نزیکبوونەوەی ئەمەریکا لە مەسەلەی شێوازی حوکم لە عێراق و خەملاندنی ئەفزەلیاتی سیاسەتی ئەمەریکا لەوە بەرامبەر ئەو وڵاتە، واتە عێراق.

## کشانەوە: ڕۆڵی تورکیا و کورد، ئەگەر و دەرفەت

کشانەوەی تەواوەتی یا کەمکردنەوەی هێزەکانی ئەمەریکا بە ڕادەیەکی زۆر، ڕاستەوخۆ کاریگەریی نێگەتیڤیی دەبێت لەسەر هاوسەنگییەکانی هێز. بە ئەگەری زۆر، یەکێک لە دەرهاوێشتەکان زیادبوونی ڕۆڵی ئێران دەبێت بە شێوەی *ڕاستەوخۆ*، بە ڕێگەی زیادکردن و بەهێزکردنی هەژموونی ئیقلیمی و پێگەی ستراتیژی وەک جێگرەوەیەک بۆ کەمبوونەوەی هێز و کاریگەریی ئەمەریکا لە عێراق، یا *ناڕاستەوخۆ*، لە شێوەی کاریگەریخستنەسەر و پەیوەندیتوندوتۆڵکردن لەگەڵ گروپە شیعییەکانی عێراق و بەگشتی کاریگەریخستنەسەر پرۆسەی سیاسی لە عێراق. لەم ڕوانگەیەوە، ئەوەی ئەمەریکا پێویستیەتی ئەوەیە، بەر لە کشانەوەی ئەو وڵاتە پێگەی دۆستەکانی لە ناوچەکەدا بەهێزتر بکات.

لەم بارەیەوە دەکرێ بڵێین، ئەگەرچی ئەم هەنگاوە گرنگە، بەڵام هەرگیز ئاسان نییە. دوو لەو ئەکتەرانەی پێویستە پێگەیان بەهێز بکرێ، تورکیا و دەسەڵاتی کوردییە لە باشووری کوردستان. لە لایەکی ترەوە، ئەگەرچی ژمارەیەکی زۆر مەرجی لەبار هەن بۆ

هەنگاوێکی ئەوها بەتایبەتی لە ڕەهەندە تورکییەکەوە، هەنگاوێکی ئەوها کۆمەڵێک کۆسپ و تەگەرەشی ڕێیە.

مەرجێکی لەبار ئەوەیە، تورکیا لە ماوەی چەند ساڵی دواییدا نیشانی داوە، کە ئەو وڵاتە ئەکتەرێکی گرنگە و ئەگەر هەر زلهێزێک، بەتایبەتی ئەمەریکا، دەخوازێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پێگەی خۆی بەهێز بکات، ئەوا هەمیشە دەبێ حسابی تورکیا بکات. جگە لەوەش، زیادبوونی ڕۆڵ و سەنگی تورکیا لەمەڕ دیپلۆماسیەتی ئاشتی و پەیوەندییە هەمەلایەنەکانی ئەم وڵاتە لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان، ئەو پێگە و ڕێگەیەی بەهێزتر کردووە. هەڵبژاردنی ئۆباما بۆ سەردانیکردنی تورکیا، پەیامێکی گرنگ بوو بۆ خودی تورکیا و زۆرێک لە ئەکتەر و هێزە ئیقلیمی و جیهانییەکان. ئەو شێوازی نزیکبوونەوەیەی ئۆباما لە تورکیا و دانی ئەو پەیامە و جەختکردنەوەی گرنگیی ڕۆڵی تورکیا، ڕاستەوخۆ گرێ دراوە بە کۆمەڵێک فاییلی گرنگەوە، لەوانەش بەتایبەتی: ١- فاییلی ئێران و دوارۆژی بەرەوڕووبوونەوەی ئەمەریکا لەگەڵ ئێران و شێوەی ئەو بەرەوڕووبوونەوەیە. ٢- فاییلی عێراق و بەتایبەتی چارەنووسی پرۆسەی سیاسی لەو وڵاتە. ٣- فاییلی کورد، هەڵبەتە بەتایبەتی بە دوو ڕەهەندی تورکیای و عێراقییەوە، واتە باکوور و باشووری کوردستان.

لە فاییلی یەکەمدا، زۆر گرنگە بۆ ئەمەریکا پشتیوانی و لایەنگیریی تورکیا مسۆگەر بکات، جا لە چوارچێوەی هەر سیناریۆیەک و پێشوەچوونێک بێت، بەرەوڕووبوونەوەی سەربازی یا گەمارۆی ئابووری یا فشاری دیپلۆماسی یا هەر شێوەیەکی تری مامەڵەکردن بێت لەگەڵ ئەم فاییلەدا. ئەم پشتیوانییە گرنگییەکی تایبەتی وەر دەگرێ، لە چوارچێوەی

جەختکردنەوەی ئۆباما لەسەر ئامراز و فشارە دیپلۆماسییەکان وەک ئەلتەرنەتیڤی یەکەم بۆ بەرەوڕووبوونەوەی ئێران و نزیکبوونەوە لە کێشە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان. لە لایەکی ترەوە، ئەمەریکا ئەو ڕاستییە باش دەزانێ، کە تورکیایەک بە کۆمەڵێک کێشە و ململانێوە سەرقاڵ بێت، ناتوانێت ئەو ڕۆڵەی کە پێویستە، بیبینێت. بەتایبەتی لێرەدا فاییلی کورد و عێراق هەردووکیان گرنگن.

کاتێک دەڵێین فاییلی کورد، ئەوا مەبەستمان: ١- کێشەی کوردە لە تورکیا. ٢- پەیوەندییەکانی تورکیایە بە دەسەڵاتی باشووری کوردستانەوە. ئەم دوو ڕەهەندە بە کۆمەڵێک جەمسەرەوە و لە زۆر ئاستی سیاسەتەوە بە یەکەوە گرێ دراون، بە شێوەیەک، کە هەوڵی لێککردنەوەیان نەک هەر ئەستەمە، بەڵکوو بگرە هەنگاوێکی ناسەرکەوتوو و هەڵەیەکی گەورەشە. بەپێی خوێندنەوەی خۆم لە سەردانەکەیدا بۆ تورکیا و کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرکردەیەکی کورد لە تورکیا (ئەحمەد تورک) و لە بەردەوامییدا سەردانی بۆ عێراق و کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرانی کورد لە بەغداد، سەرۆک ئۆباما ئەو بەیەکەوە دیتن و بگرە گرێدانەی کێشەی کورد لەمدیو و لەودیوی سنوور و پەیوەندیی هەردوو کێشەکە بە تورکیاوە، جەخت کردەوە.

بە باوەڕی من، لە ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی تورکیا و باشووری کوردستان و پێشوەچوون لە فاییلی کێشەی کورد لە تورکیا، لە هەمان کاتدا سوود بە بەرژەوەندییەکانی هەر سێ لایەنی کوردی، تورکی و ئەمەریکی دەگەیەنێت. هەر لێرەشەوەیە کە هەر هەنگاوێک بە ئاراستەی کەمکردنەوەی ئاڵۆزییەکان و دۆزینەوەی ڕێگەچارەی سیاسی و دیپلۆماسی

بۆ کێشەکان، پەیوەندییەکانی ئەو سێ ئەکتەرە لەگەڵ یەکتردا بەهێزتر دەکات. هەڵبەتە یەکێک لە دەرهاوێشتەکانی پێشوەچوونێکی ئەوها، زیادبوونی فشاری لەسەر ئێران لێ دەکەوێتەوە، ئەم مەسەلەیەش گرنگییەکی تایبەتی وەر دەگرێ لە ساتەوەختی حوکمڕانیی ئیدارەی ئۆباما.

ئەوەی سەرەوە سیناریۆیەکە و فەراهەمبوونیشی کار و چالاکیی سیاسی و دیپلۆماسیی زۆری دەوێت، لە هەمان کاتدا گرنگە ئەوە بزانین، کە فاکتەرەکانی سیناریۆیەکی ئەوها نەک هەر ئامادەن، بەڵکوو لە ڕاستیدا گەر بە شێوەیەکی کەمتر کارا و چالاکیش بێت، کەوتوونەتە قۆناغی عەمەلیشەوە. ئەوەی کە یەکجار گرنگە، هەڵبەتە لە دیدێکی کوردستانییەوە، پێویستە لایەنی کوردی: ١- باشتر لە هاوکێشە و هێماکان بگات. ٢- لە دیدێکی کوردستانییەوە و لە گۆشەیەکی واقیعبینانەوە، نەک هەر دوو کێشەکە، لەودیو و ئەودیوی سنوور لە یەکتر جودا نەبینێ، بەڵکوو هەوڵ بدات وەک ئەوەی کە هەیە، شتەکان ببینێ. لە ڕاستیدا لە دیدی شارەزایەکی وەک *هێنری بەرکی*، خاوەن کاریگەری بەسەر ئیدارەکانی ئەمەریکاوە لەمەڕ سیاسەتی ئەو وڵاتە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە دواترین ڕاپۆرتیدا، کە نزیکەی چوار مانگ بەر لە ئێستا پێشکەشی کردووە بە ئیدارەی ئۆباما، کێشەکانی باکووری کوردستان و پەیوەندیی ئیدارەی باشووری کوردستان لەگەڵ تورکیا و چارەسەری کێشەی کەرکوک، بە یەکەوە گرێ دەدات. ڕاسپاردەی بەرکی ئەوەیە، ئیدارەی ئۆباما پێویستە، هەڵبەتە بە ڕادەی یەکەم لە ڕۆشنایی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی ئەمەریکادا، بەر لە کێشانەوەی هێزەکانی لە عێراق، هەوڵی جیددی بدات بۆ فەراهەمکردنی

پێشوەچوونی پۆزەتیڤانە لە پەیوەندییەکانی حکومەتی هەرێم و تورکیا لە لایەک و یارمەتیدان لە دۆزینەوەی چارەسەرییەک بۆ کێشەی کورد لە تورکیا، هەروەها یارمەتیدان لە چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک. ٣- پێویستە ئیدارەی کوردی هەوڵ بدات نیگەرانییەکانی بەرەوڕووی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق، نەبنە سێبەرێکی قورس بەسەر پەیوەندییەکانی کورد و ئەمەریکا و دەستەپاچەییی ئەو ئیدارەیە. گرنگە ئەو سەرکردەیە خۆ دوور بگرێ لەوەی هەر لە ئێستاشەوە وەک بلێی خۆی ئامادە بکات بۆ حاڵەتێک، کە تیایدا کورد هەموو شکستەکانی بە فاکتەری ئەمەریکییەوە هەڵبواسێ. بە باوەڕی من، لایەنی کوردی دەرفەتی هەیە، یا هەر نەبێ چارەی تری نییە ئەوە نەبێ، کە نیگەرانییەکانی ئێستای ڕوو بە کشانەوە و ئەگەری کەمبوونەوەی گرنگیدانی ئەمەریکا بە کورد بکاتە وزە و ئەوپەڕی سوود لەو کات و دەرفەتە وەر بگرێ کە بەدەستەوەیە. لەوە دەچێ ڕۆژ دوای ڕۆژ بەیەکەوەگرێدانی کێشەی کورد لە تورکیا لە لایەک و پەیوەندییەکانی تورکیا بە حکومەتی باشووری کوردستانەوە توندتر و چڕتر ببێتەوە، هەڵبەتە بە جیاوازییەکی زۆرەوە. لە ڕابردوودا بە شێوەیەکی نێگەتیڤانە ئەو گرێدانە کراوە، بەڵام ئەمڕۆ بە شێوەیەکی پۆزەتیڤانە ئەوە دەکرێ، بگرە دەکرێ سبەینێ زۆر پۆزەتیڤانەتر تەواو ببێ، بە ئەگەری زۆریش هەر وا دەبێ. بە پێچەوانەشەوە خۆدزینەوەی دەسەڵاتی باشووری کوردستان و هێزە خاوەنکاریگەرییەکانی باکووری کوردستان لەو بەیەکەوەگرێدانە ئۆرگانیکییە، بە ئەگەری زۆر زیان و پاشەکشەی جیددی بۆ لایەنی کوردی (بە باکوور و باشوورەوە) لێ دەکەوێتەوە.

لە لایەکی ترەوە، لە ماوەی دواییدا هەندێ سەرچاوە ئاماژەیان بەوە کردووە، کە گوایە ئەمەریکا بەرپرسیارێتیی "پاراستنی" باشووری کوردستانی داوەتە (یا دەداتە) تورکیا، لە حاڵەتی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق. پشتڕاستکردنەوەی ئەم هەواڵە یا ڕەتکردنەوەی هەر وا ئاسان نییە، لە کاتێکدا لەوە دەچێت ئەمەریکا بخوازێ ڕۆڵی تورکیا لەمەڕ باشووری کوردستان کاراتر و توندوتۆڵتر بێت، بەڵام بەخشینی ڕۆڵی پاراستنی باشووری کوردستان بەتەواوەتی بەو وڵاتە (واتە بە تورکیا) بەبێ گوێدانە کاردانەوەی عێراق و سوریا و ئێران و بگرە وڵاتانی عەرەبییش هەر وا کارێکی ئاسان نییە.

جگە لەمەش، دەبێ لە هەنگاوێکی ئەوهادا کاردانەوە و هەڵوێستەی لایەنی کوردیش لە بەرچاو بگیرێ. بە مانایەکی تر، ناکرێ هەر وا بەئاسانی هێزەکانی ئەمەریکا بە هێزی تورکی بگۆڕدرێنەوە و بەو مانایەش بەرپرسیارێتیی ئەمەریکا بە داگیرکاریی تورکیا بگۆڕدرێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، هەواڵ و بۆچوونێکی ئەوها دەتوانێ هەر نەبێ ڕاستییەک پشتڕاست بکاتەوە، کە ئەویش زیادبوونی ڕۆڵی تورکیایە. جا دەمێنێتەوە ئەمەریکا لەکوێی ئەم پێشوەچوونە دەوەستێ و لایەنی کوردییش چۆن هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکات!

لە بۆچوونێکی کوردستانییەوە، وا باشترە لایەنی کوردی بەو ئاقارە بجووڵێتەوە، وەک ئەوەی ئیتر پرسیارەکە دەربارەی زیادبوون یا کەمبوونی ڕۆڵی تورکیا نییە، بەڵکوو پرسیار دەربارەی چۆنێتی و ئاکامەکانی زیادبوونی ئەو ڕۆڵە و چۆنێتیی هەڵسوکەوتکردنی کوردە لەگەڵ پێشوەچوونێکی ئەوهادا.

# کورد لە پەراوێزی ڕێککەوتنی ستراتیژیی درێژخایەنی ئەمەریکا و عێراقدا*

**لە ڕۆژنامەی ڕۆژنامە،**
**ژمارە ١٨٩ و ١٩٠، ئەیلوولی ٢٠٠٩دا بڵاو بۆتەوە**

**ناوەڕۆک**


پێشەکی ........................................................ ١٣٨
پاشکۆی مێژوویی ........................................................ ١٣٩
جوگرافیای سیاسیی ڕێککەوتنە ستراتیژەکە ............ ١٤١
کورد لە بنەماکانی ڕێککەوتنی ستراتیژیدا ................ ١٤٣
گفتوگۆ ستراتیژییەکان لە زەمەنێکی تردا ................. ١٤٧
لایەنەکانی گەمە: هەڵوێست و ئەگەرەکان؟ ............... ١٥٠
چ سیناریۆیەک ........................................................ ١٥٣


* لە نووسینی ئەم بابەتەدا سوود لە کۆمەڵێک سەرچاوە وەر گیراوە.

# پێشەکی

ماوەیەکە زۆرێک لە ناوەندە سیاسی و میدیایی و دیپلۆماسی لە ئاستی جیاجیادا باسوخواس دەربارەی ئەو ڕێککەوتنە ستراتیژییەی ئەمەریکا و عێراق دەکەن، ئەو ڕێککەوتنەی ماوەیەکی زۆرە کاری بۆ دەکرێ. هەندێک لەو باسوخواسانە بە مەبەستی بەدواداچوون و هەندێکیشیان بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی هەڵوێستی لایەنەکانی یا ئەکتەرەکانی پەیوەندیدار لەو ڕێککەوتنەن. ئاشکراشە جگە لە هەڵوێستی ڕەسمیی دەوڵەتی عێراق لە لایەک و ئیدارەی ئەمەریکی لە لایەکی تر، دەتوانین باس لە چەندین هەڵوێستی تر بکەین، بەتایبەتی هیی لایەنە جیاجیاکانی سەر پانتاییی سیاسی لە عێراق. لە کۆی هەڵوێستەکان، جگە لە هەندێکیان، کە دەکرێ وەک ڕەش و سپی بخوێندرێنەوە، زۆر هەڵوێستی تر هەن، کە نە ئەو ڕەش یا سپییەن و نە ئەو ڕوون و ڕاشکاوەشن.

مەبەستی ئەم وتارەی بەردەستت، لێکۆڵینەوەیەکی هەمەلایەنە نییە لەو ڕێککەوتنە و ئەگەرەکانی پێشوەچوونی سیاسی و دیپلۆماسیی پەیوەست پێیەوە. بەم مانایەش تا دەکرێ باسەکە سنووردار دەکەم لە ڕێگەی مامەڵەکردنی بابەتەکە لە سۆنگەیەکی کوردستانییەوە. هەر زووش دەبێ ئەوە جەخت

بکەینەوە، کە لایەنی کوردی وەک پێویست، جا چ دەسەڵاتی سیاسی لە باشووری کوردستان یا هێزە سیاسییەکان و چ میدیاکان، ئەو گرنگییە پێویستەیان بە بابەتی ئەو ڕێککەوتنە نەداوە. باسوخواسە کوردییەکان بەگشتی گەشبینی بەرامبەر ئەو هاوپەیمانییە و ئەگەری مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا، بەتایبەتی مانەوەیان لە کوردستان، لەخۆ دەگرن. هۆیەکی ئەم حاڵەتەش دەکرێ ئەو گەشبینییە بێت، کە لەم بارەیەوە بەگشتی تا ئێستا باڵی بەسەر بۆچوونی ڕەسمیی دەسەڵاتی کوردیدا گرتووە.

## پاشکۆی مێژوویی

لە ڕاستیدا دەکرێ باس لە پێشینەی مێژوویی ئەو ڕێککەوتنە بە دوو شێوەی تەواو جودا بکەین، هەڵبەتە لە دیدێکی کوردستانییەوە. یەکێکیان ئەو ئەزموونە مێژووییەیە کە کورد زووتر لەگەڵ دەوڵەتی عێراق هەیبووە بەر لە سەربەخۆبوونی عێراق، هەڵبەتە مەبەست سەربەخۆییی ڕەسمییە لە ١٩٣٠، لەمەڕ هەڵسوکەوتی بەریتانیای مەزن لە عێراق و ئەو سیاسەت و تەرتیبانەی لەو هەڵوێستەدا کوردی لەو وڵاتە بەتوندی پەیوەندیدار کرد و کاریگەریی ڕاستەوخۆیان خستە سەر چارەنووسی کورد و دۆزەکەی لەو وڵاتە. زۆر بەکورتی و زۆر بەچڕی ڕێککەوتنی ناسراو بە هاوپەیمانی عێراقی– بەریتانیی ساڵی ١٩٣٠ کورد و کێشەکەی لە عێراق بردە قۆناغێکی تر، کە بەگشتی دەتوانرێ وەک پاشەکشەیەکی سیاسی بۆ کورد بخوێندرێتەوە. لە ڕاستیدا نەک هەر

خوێندنەوە لە ئاستی تیۆریدا، بەڵکوو بە ئەزموون سەلمێندرا، کە پشتگیریکردنی بەریتانیا بە هەموو توانا سەربازییەکەی لە عێراق و لەوێشدا هێزی ئاسمانی بۆ شکستپێهێنان بە بزاڤی بارزان لە پاییزی ١٩٤٥، ڕێک تەرجومەی بە پراکتیکی هاوپەیمانییەکەی ١٩٣٠ بوو، چونکە زۆر بەکورتی، بەپێی ئەو هاوپەیمانییە، دەبووایە بەریتانیای مەزن بەرگری لە عێراق بکات بەرامبەر هەر هەڕەشەیەکی دەرەکی یا ناوخۆیی. بەپێی لۆژیکی بەکارهێنانی مێژوو بۆ تێگەیشتنی سیاسەت و حاڵەتە سیاسییە هەنووکەیییەکان، گرنگە بگەڕێینەوە دوێنێی عێراق و سیاسەتی کۆلۆنیالیی بەریتانیای مەزن بۆ تێگەیشتنی زۆرێک لە کێشەکانی ئەوڕۆ و سبەینێی عێراق و سیاسەتی ئەوکاتی بەریتانیای مەزن لە لایەک و تێگەیشتنی سیاسەتی ئەمەریکا لە ئەمڕۆی عێراق و سبەینێیەکەی.

بەم پێشینەیە من ئەوەم نەوتووە کە مێژوو بە زەرورەت دووبارە دەبێتەوە لە حاڵەتی ڕێککەوتنی عێراقی– ئەمەریکیدا، نەخێر، بەڵکوو ئەو لەیەکچوواندنە هەر نەبێ هەندێک شتی پێویستمان پێ دەڵێ، کە گرنگترینیان ئەوەیە، پێویست ناکات کورد هەر بە گەشبینییەوە لە ڕێککەوتنی ئەمەریکی– عێراقی بڕوانێ، بەڵکوو بگرە هەندێ لایەنی نیگەرانئامێزیشی لە بەرچاو بگرێ، هەر نەبێ بەر لەوەی ئەسڵەن شێوە و ناوەڕۆکی هەرە کۆتاییی ڕێککەوتنەکە دەر کەوتبێ. هەروەها بە نیگەرانی و نیشانەی پرسیاریشەوە لەگەڵ ئەم بابەتە هەستیار و ستراتیژییەدا کار بکات.

بەشەکەی تری پێشینەی مێژوویی ڕێککەوتنەکەی عێراق و ئەمەریکا پەیوەندیی بەو گۆڕانکارییە مێژووییەوە هەیە، کە بەسەر

هاوسەنگیی هێز لە ئاستی گڵۆباڵیدا هاتووە، دوای تەواوبوونی جەنگی سارد و خواستی ئەمەریکا لە سەرلەنوێخەمڵاندنی سیستمی جیهانی لەسەر بنچینەی هەیمەنەی ئەمەریکی. لەم چوارچێوەیەدا، دەکرێ هەر نەبێ ئاماژە بەو بۆچوونانە بکەین، کە لە ئەمەریکا دەر کەوتن، پەیوەست بە تەواوبوونی جەنگی سارد، بەتایبەتی لە ناوەڕاستی ١٩٩٠ەکانەوە، کە بەئاشکرا بانگەشەی گرنگی و ستراتیژیبوونی جێگیربوونی ئەمەریکا لە ناوچەی کەنداو و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، یا بە مانایەکی تر بڵێین ڕۆژئاوای ئاسیا بەگشتی، دەکرد. بێگومان ڕووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ و شەڕی ئەمەریکا دوو ساڵ دواتر دژی عێراق و کەوتنی ڕژێمی سەدام حسێن، دەرفەتێکی زێڕین بوو، کە زۆرێک لە ئەندازیارانی ستراتیژی و ئاساییشی نەتەوەییی ئەمەریکی خەونیان بە ڕوودان و فەراهەمبوونیەوە دەبینی.

## جوگرافیای سیاسیی ڕێککەوتنە ستراتیژییەکە

کاتێک باس لە جوگرافیای سیاسیی ڕێککەوتنەکەی عێراق و ئەمەریکا دەکەین، مەبەست جوگرافیایەکی نەگۆڕ نییە، بەڵکوو تەواو بە پێچەوانەوە، جوگرافیایەک، کە بە پەیوەندی لەگەڵ گۆڕانکاریی بەردەوام لە ڕوانگە سیاسییەکاندا، لە پەیوەندییە شاقووڵی و ئاسۆییەکاندا، گۆڕانکاریی بەردەوام بە خۆوە دەبینێ. لەم بارەیەوە دەکرێ زۆر بە کورتی ئاماژە بە کۆمەڵێک توخم بکەین، کە لە خوێندنەوەیەکی جیۆستراتیژییانە و جوگرافیای سیاسیدا زۆر گرنگن.

عێراق دەکەوێتە یەکەیەکی جوگرافیی گەورەتر، پاکستان تا باکووری ئەفەریقا، کە تیایدا کۆمەڵێ دیاردە و ڕوانگەی گرنگ هەن، کە دواجار لە کۆیاندا گرنگیی عێراق و مانەوەی دوورخایەنی ئەمەریکا لەوێ دەر دەکەوێ. هەندێک لە ڕاستی و ڕوانگە سیاسییەکانیش ئەمانەن: ١- بوون و ئاساییشی دەوڵەتی ئیسرائیل. ٢- سەرچاوەی دەوڵەمەندیی نەوت و گاز. ٣- ژمارەیەک ڕژێمی دۆست بە ئەمەریکا. ٤- ترس لە بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی و زۆر بەتایبەتییش ترس لەوەی ئێران ئەو چەکە بەدەست بهێنێ. ٥- شەڕ دژی تیرۆر، بەتایبەتی لە پێکهاتەی پاکستان– ئەفغانستاندا، لەوێدا بەتایبەتی ئەگەری ئەوەی، کە ئەلقاعیدە دەستی بگاتە چەکی ئەتۆمی. ٦- ئەگەر لە تەشەنەبوونی زیاتری پەیوەندییەکانی ڕوسیا و ئەمەریکا. ٧- خەتەری فاکتەری شیعەگەرایی بەتایبەتی لە سیاقی پرۆژەی هەژموونی و باڵادەستیی ئێراندا.

هەڵبەتە لێرەوە زۆر گرنگە ئەوە بوترێ، کە گرنگی و هەستیاریی ئەو خاڵانە، ڕاستەوخۆ کوردستانی مەزن و لەوێشدا باشووری کوردستان، کە لێرەدا زیاتر بابەتی باسە، بەتوندی پەیوەندیدار دەکەن، بەڵام بە یەک جیاوازیی گەورەوە. تا ئەو ڕۆژەی گرنگییە ستراتیژییەکانی کوردستان لە چوارچێوە و پەیوەندییەکانی وڵاتانی عێراق و ئێران و تورکیا و سوریادا مامەڵە بکرێن، ئەو گرنگییەی کوردستان نەک باش و ڕاستەوخۆ بۆ کورد بە خۆی ناگەڕێتەوە، بەڵکوو ئەگەری ئەوەش هەیە، بۆ کورد بە زەرەری چارەنووسساز و کوشندەش بگەڕێتەوە، هەروەک لە ڕابردوودا ڕووی داوە. ئەوەش ڕێک ئەو ترس و نیگەرانییەیە کە من هەمە لە ئەو ڕێککەوتنە ستراتیژییەی

لـە فۆڕمگرتنداپـە لەنێوان ئەمەریکا و عێراق. بـە مانایەکی تـر، تـا گرنگیی ستراتیژیی باشووری کوردستان وەکوو بەشێکی دانەبڕاو لـە عێراقێکی یەکپارچـە بنرخێندرێ و مامەڵـەی لەتەکدا بکرێت، ئـەوا بـە ئەگـەری زۆر لایـەنـی عـەرەبی، عێراق ئـەو ڕوانگەیـە بـەکار بهێنێ بۆ زیاتر و توندوتۆڵگرێدانی باشووری کوردستان بـە بەغدادەوە، ترسی جیددییش ئەوەیە، ئیدارەی ئەمەریکی هـەر نەبێ لاریی لـەوە نەبێت !

## کورد لە بنەماکانی ڕێککەوتنی ستراتیژیدا

بـە شێوەیەکی گشتی سـەرچاوەی گفتوگۆکانی عێراق و ئەمەریکا دەربارەی ڕێککەوتنی ستراتیژی لـە ماوەی ساڵی ڕابردوودا، بـە شێوەیەکی سـەرەکی، پێ لـە ئـەو ڕێککەوتنـە یـا ڕاستتر ڕاگەیاندنی پرنسیپەکان هەڵدەگرێ، کـە ساڵی پار لەنێوان سـەرۆکوەزیرانی عێراق نوری ئەلمالیکی لـە لایـەک و جۆرج بوش سـەرۆکی ئەمریکا لـە لایەکی ترەوە مۆر کرا. ئـەم ڕێکەوتنـەی "مالیکی– بوش" کـە لـە ڕۆژی ٢٠٠٧/١١/٢٦ ڕاگەیەندرا، لە سێ بەش پێک دێت: بەشی سیاسی و دیپلۆماسی و کولتووری بـە حـەوت بەند، بەشی ئابووری بە هەشت بەند و بەشی ئاسایش بـە سێ بەند.

لـە نیگا و خوێندنەوەیەکی بەپەلـە لـە تـەواوی ئـەو ڕێککەوتنـە، دەتوانین بەگشتی تێبینی بکەین، کـە تایبەتمەندییـە کوردستانییەکان، واتـە نـە وشـەی کـورد، نـە کوردستان و نـە دەسـەڵاتی سیاسیی هەرێمی کوردستان، بـە هیچ شێوەیەک ناویان نەهاتووە. جگـە لـەوەش، بـە ئاماژە بە سیستمی سیاسی

لە عێراق لە بەندی یەکەمدا، واتە بەشی سیاسی، باس لە سیستمی دیموکراتی لە عێراق دەکرێ بەبێ ئەوەی لە هیچ بەندێکی ئەو ڕێککەوتنەدا ئاماژە بە سیستمی فیدراڵی بکرێ. لە کاتێکدا ناکرێ ئەوە بەدوور بگرین، کە لە لایەنی عێراقییەوە ئەوە بە تەعەممود و ناپاکی لە نیەتدا نەبینرێ. لە لایەکی ترەوە قبوڵکردنی ئەو حاڵەتە، واتە دارشتنی بەندەکان بەبێ هیچ ئاماژەکردن لە بەندەکاندا بە سیستمی فیدراڵی، لەلایەن ئەمەریکاشەوە، دەکرێ هەر نەبێ وەک ڕێکبوونی ئیدارەی ئەو وڵاتە لەگەڵ بۆچوونێکی عێراقی– عەرەبی بخوێندرێتەوە. بەرامبەر ئەم حاڵەتە، دەبێ هەر نەبێ دوو شت بورووژێنین:
١- لایەنی کوردی لە عێراق هۆ و بەهانەیەکی بەهێزی هەیە، کە بە نیگەرانییەوە نەک هەر لە ڕوانگەکانی ئەو ڕێککەوتنەی مالیکی – بوش بڕوانێ و لێی نزیک ببێتەوە، بەڵکوو زۆر گرنگیشە بە گومان و نیگەرانییەکی زۆریشەوە لە ناوەڕۆک و شێوەی بەڕێوەچوونی ئەو گفتوگۆیانەی بەچڕی لەسەر پێن بۆ بەرهەمهێنانی ڕێککەوتنی ستراتیژیی درێژخایەن لەنێوان عێراق و ئەمەریکا نزیک ببێتەوە... ٢- بەئاکامگەیشتنی ڕێککەوتنی "مالیکی – بوش" بەو شێوەیەی کە هەیە، جارێکی تر بەتوندی نیشانەی پرسیار دەخاتە سەر ڕۆڵی کورد، بەتایبەتی ڕۆڵ و کارابوونی نوێنەرانی کورد لە بەغداد. لە ڕاستیدا تەنها بەر لە چەند ڕۆژێک لە ئێستا، لە ڕێگەی سەرچاوەیەکی ناو خودی هاوپەیمانیی کوردستانیی ئەوە بۆ خودی نووسەری ئەم وتارە پشتڕاست کرایەوە، کە ئەو هاوپەیمانییە لە دوور و نزیک لەناو خۆیاندا گفتوگۆیەکیان دەربارەی ئەو ڕێککەوتنەی "مالیکی – بوش" نەکردووە.

لە ڕاستیدا ڕاگەیاندنەکانی مالیکی لە ڕۆژانی دواییدا تایبەت بە ئەگەری مامەڵەکردنی تایبەتمەندییە کوردستانییەکان، بەتایبەتی حەساسیەتی ئەو دەربارەی ئەگەری دامەزرانی بنکەی سەربازیی ئەمریکی لە کوردستان، ئەو شێوە تێگەیشتنەی سەرەوە لەمەڕ ڕێککەوتنی "مالیکی – بوش" تا ڕادەیەکی زۆر پشتڕاست دەکاتەوە. ئەوەتا مالیکی بەوەش ناوەستێ، بەڵکوو لیژنەی عێراقی بۆ گفتوگۆ دەربارەی ڕێککەوتنی ستراتیژی لە کورد "پاک دەکاتەوە." لە لایەکی ترەوە، لێرەولەوێ هەندێ دەنگی عەرەبە ناسیۆنالیستەکان لە ڕۆژانی دواییدا بەرز بوونەتەوە، کە مەبەستیان گوناهبارکردنی لایەنی کوردییە بەوەی ئەو لایەنە هەوڵ دەدات عێراق ڕێککەوتنی ستراتیژی لەگەڵ ئەمەریکا مۆر بکات، بە مەبەستی مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق.

جگە لەوەی ئاماژە بە هیچ تایبەتمەندیی کوردی و سیستمی فیدراڵی نەدراوە، دەتوانرا هەر نەبێ دوو لە بەندەکانی ڕێکەوتنی مالیکی – بوش ڕاستەوخۆ دژ بە کورد بەکار بێن. لە بەندی یەک بەشی (سیاسی و دیپلۆماسی و کولتووری)دا هاتووە، "پشتگیری لە حکومەتی عێراقی لە پاراستنی سیستمی دیموکراتی لە عێراق لەو مەترسییە ناوخۆیی و دەرەکییانەی کە بەرەوڕوویان دەبێتەوە." لە ڕاستیدا دەکرێ ئەو بەندە بەئاسانی دژی کورد بەکار بێت، ئەگەر بۆ نموونە سبەینێ لەو ناوچانەی کوردیان لێ دەر دەکرێ یا لێیاندا زۆری بۆ دێت لەلایەن حکومەتی بەغدادەوە، کورد بەرگری لە خۆی بکا. ئەوە هەر نەبێ تێگەیشتنێکی عێراقی – عەرەبییە، کە خۆی لەناو ڕۆحی ئەو بەندەدا حەشار داوە. هەر ئەوەشە وامان لێ دەکات،

کە هاوپەیمانییەکەی عێراق و بەریتانیای مەزنی ساڵی ١٩٣٠ی بیر بخەینەوە.

لە بەندی دوو بەشی (لایەنی ئاساییش)دا هاتووە، "یارمەتیدانی حکومەتی عێراق لە هەوڵەکانیدا بۆ بەرەورووبوونەوەی هەموو گروپە تیرۆریستییەکان و لەپێش هەموویانەوە ڕێکخراوی قاعیدە و سەدامییەکان و هەموو ئەو گروپانەی چەکداری نایاسایین." بە باوەڕی من، لە هەندێ حاڵەتدا هێزە چەکدارە کوردییەکان، هەر نەبێ لە بۆچوونی عێراقی– عەرەبییەوە، وەکوو "گروپی چەکداری نایاسایی" تەماشا بکرێن و هەر ئەوهاش مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ، ئەگەر سبەینێ بەرەورووی تەوژمی عەرەبە ناسیۆنالیستەکانی بەغداد ببنەوە، بەتایبەتی ئەو ناسیۆنالیستانەی کە نەک کەرکوک و خانەقین، بەڵکوو شاخەکانیش بە کورد ڕەوا نابینن، لە ڕاستیدا هەندێکیان، با ئەوانە ژمارەشیان کەم بێت، مافی ژیانیش بە کورد شایستە نابینن. جگە لەوە، لە دەربڕینێکی وەکوو "هەموو گروپە تیرۆریستییەکان،" کە لەو بەندەی سەرەوەدا هاتووە، هەر نەبێ پارتی کرێکارانی کوردستان پارێزراو نییە. پرسیار ئەوەیە: ئایا بەپێی ئەم تێگەیشتنە، سبەینێ کورد لە عێراق بەرەورووبوونەوەیەکی خوێناوی لەگەڵ کوردانی باکوور بکات وەکوو بەشێک لە ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیی عێراقیدا، یا هەر نەبێ بە بەرچاوی کوردەوە لە باشووری کوردستان هێزە چەکدارەکانی عێراق ئۆپەراسیۆنێکی لەو جۆرە پیادە بکەن؟

دەرەنجام، زۆر بەکورتی و بەچڕی لە "ڕێککەوتنی" مالیکی – بوشدا کورد نەک هەر شەریکێک نییە کە وەک شەریک خوێندرابێتەوە و حسابی بۆ کرابێت، بەڵکوو لە هیچ قوژبنێکی ئەو ڕێککەوتنەدا بوونیشی بەرچاو ناکەوێت!

## گفتوگۆ ستراتیژییەکان لە زەمەنێکی تردا

ئەو گفتوگۆیانەی لەسەر پێن لەنێوان عێراق و ئەمەریکادا بۆ بەرهەمهێنانی هاوپەیمانییەکی درێژخایەن، لە ڕۆژانی دواییدا چڕ بوونەتەوە و پڕۆسەکەش بووەتە هۆی کاردانەوەی جیاجیا لە ناوەندە سیاسییەکاندا، بەڵام بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش لایەنی کوردی ڕەسمی ئەو کاردانەوە پێویستەی نەبووە. لەگەڵ ئەوەشدا، دەتوانین باس لە چەند ڕاستییەکی پەیوەندیدار بکەین: ١- بەگشتی لایەنی کوردی هەڵوەستەیەکی پۆزەتیڤانەی لەو گفتوگۆیانە و زۆر بەتایبەتییش مانەوەی هێزە ئەمەریکییەکان بۆ ماوەی دوورودرێژ لە عێراق، بەئاشکرا و شاردراوە دەر بڕیوە. ئەو هەڵوەستەیە نیگەرانئامێزە نەک دڵخۆشکەر، چونکە بەرهەمهاتنی ڕێکەوتنێکی ستراتیژیی درێژخایەن، دەکرێ نەک هەر تایبەتمەندییەکانی ڕوانگەی سیاسەتە کوردییەکان و بەرژەوەندیی کورد لە بەرچاو نەگرێ، بەڵکوو ئەو ڕێککەوتنە بەکار بهێنرێت بۆ بەهێزتر و توندوتۆڵتر گرێدانەوەی باشووری کوردستان بە عێراقەوە و کاڵکردنەوە و سنووردارکردنی دەستکەوتەکانی کورد لەو بەشەی کوردستان. بە باوەڕی من، لایەنی عەرەبی لە عێراق، تا بۆی دەکرێ کار دەکات بۆ ئەوەی کورد بێچارە بهێڵێتەوە لەو ڕێککەوتنەدا و ڕوانگەی سیاسیی کوردی لە عێراقدا بێڕەنگ بکرێ و ئیختیزال بکات. ٢- ئەو گفتوگۆیانە لە کاتێکدا چڕ دەبنەوە و کاردانەوەکانیش هاوتەریب چڕ دەبنەوە، کە تیایدا بەرەوڕووبوونەوەی بەغداد لە بەرامبەر هەرێمی کوردستان خەستییەک و ئاستێکی تایبەتی بە خۆیەوە

دەبینیٚ. ئەوە ناكریٚ وەكوو ڕێكەوت تەماشا بكریٚ، ئەوەیە كە پێویستی ئەمەریكا بەو پێداگرتنی لەسەر مۆركردنی ئەو ڕێككەوتنە لەلایەن عەرەبەوە لە بەغداد بەكار دێت، یا سوودی سیاسیی لیٚ وەر دەگیرێت، بۆ تەنگ بە كورد هەڵچنین. لەوە دەچیٚ لەو "گەمەیەشدا" لایەنی عەرەبی براوە بێت لە دوو قۆڵەوە: یەكێكیان تا دەكریٚ فەرزكردنی بۆچوونی خۆیان، واتە هیی لایەنی عەرەبی، لە گفتوگۆكانی پەیوەندیدار بە ڕێككەوتننامە ستراتیژییەكە و ئەوەی تریشیان هەر نەبیٚ بێلایەنكردنی ئەمەریكا لە ململانێی كورد و بەغداددا، ئەوە ئەگەر ئەسڵەن بەغدادی عەرەبی هەوڵی ئەوەش نەدات پشتگیریی ئەمەریكا لەو ململانێیەدا بۆ هەڵوێستی خۆی مسۆگەر بكات بەرامبەر بە دانی هەندیٚ هێمای عەرەبی بە قبوڵكردنی ڕێككەوتنەكە. لەو بارەیەوە و گرێدراو بەم بۆچوونەوە، من باوەڕم وایە، ڕووداوەكانی قەرەتەپە و یاسای ٢٤ و زۆر ڕووداوی تر دەچنە خانەی تاكتیكێكی سیاسییەوە، كە لەوە دەچیٚ بەشێك بن لە بۆچوون و ستراتیژێكی عەرەبیی فراوان و هەمەلایەن لە كات و ساتێكی زۆر هەستیار و تایبەتدا. بە مانایەكی تر، ئەو دەنگانەی (ڕەسمی و ناڕەسمی)، كە هەوڵی ئەوە دەدەن ئەم ڕووداوانە وەك "سروشتی" یا چەند ڕووداوێكی دابڕاو و دابڕاولەیەكتر بدەنە ناساندن، دەكەونە هەڵەیەكی كوشندەوە. بە بۆچوونی من، مەبەستی بەغدادی "عەرەبی" پاڵدانی كوردە بۆ ئەو هێڵەی كە بۆ دەسەڵاتی كوردی لە دەستووردا دیاری كراوە، كە ئەویش دەسەڵاتی كوردییە لەو جێگەیانەی كە لێی بوو تا ٢٠٠٣/٣/١٩ واتە تا ڕۆژێك بەر لە دەستپێكردنی ڕەسمیی شەڕی ئەمریكا دژی عێراق. جا ئەوە باسێكی ترە كە

ئایا لەو هەوڵانەیدا سەرکەوتوو دەبێ یا نا. ٣- هاوکات لەگەڵ زیادبوونی سەرقاڵیی ئیدارەی ئەمەریکی بە فاییلی ئێرانەوە، پێویستیی مانەوەیەکی ستراتیژیی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق زیاد دەکات، بەڵام بەرامبەر ئەمەش، فشاری ئێران لەسەر هەر نەبێ سەرکردە شیعەکانی عێراق زیاد دەکات لە دژی خواستی ئەمەریکا بۆ مانەوەی هێزەکانی لەو وڵاتە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ. ٤- لە دیدێکی ئەمەریکییەوە، زیادبوونی ناڕوون و بگرە نیگەرانئامێز لە پێشوەچوونە سیاسییەکانی ناو پاکستان و خەستبوونەوەی هەوڵەکانی تالیبان نەک هەر لە ئەفغانستان، بەڵکوو لە پاکستانیش، بۆ فەرزکردنی ئەجێندای ئەو ڕەوتە، زەرورەتی پێداگرتنی ئەمەریکا لە عێراق زیاتر و زیاتر دەکات. ٥- ئیدارەی بوش تا بۆی دەکرێ بە ئەگەری زۆر لە ڕۆژانی داهاتوودا هەوڵەکانی چڕ دەکاتەوە لەپێناو بەئەنجامگەیاندنی گفتوگۆکان و ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەکە بەر لە تەواوبوونی ویلایەتی بوش، بەڵام لەوە دەچێ ئەو ئەنجامە لە باشترین حاڵەتدا بەرەوڕووی ئەگەری قبوڵنەکردنی ڕێککەوتنەکە ببێتەوە، لە هەردوو حاڵەتی کۆنگرێس و پەرلەمانی عێراقدا.

بەڵام بە باوەڕی من، تا ئەو جێگەیەی شتەکە لەسەر قبوڵکردنی کۆنگرێس وەستابێ، ئەوا لەگەڵ جیاوازیی بۆچوونەکان لە ئەمەریکا تا ئێستا دەربارەی شەڕی عێراق و لەگەڵ ئەگەری ئەوەی ئایا ئۆباما یا مەکین لە هەڵبژاردنەکاندا دەباتەوە، ئەوا دیسانەوە دژایەتی لە دوورینەوەی بەری شەڕی ئەمەریکا لە عێراق و چۆنێتیی ئەو دوورینەوەیە کەمتر ناکۆکیی لەسەر دەبێ لەنێوان دیموکراتەکان و کۆمارییەکان. بەم مانایەش، ئەوانەی گرەو لەسەر ئەوە دەکەن، کە دیموکراتەکان

یا ئیدارەی ئۆباما، ئەگەر ئەو براوە بوو، قبوڵی ڕێککەوتنێکی ستراتیژی بە مانەوەی هێزی ئەمەریکی بۆ ماوەی دووردرێژ ناکەن، ئەوانە گرەوەکەیان بە ئەگەری زۆر دۆڕاو دەبێ. لە لایەکی ترەوە، ئەگەری ئەوە بەهێزە، کە بابەتی قبوڵکردنی ڕێککەوتنێک بە مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا بۆ ماوەی دووردرێژ، گرژییەکی سیاسیی زۆر لەنێوان هێزە سیاسییە عەرەبییەکانی عێراق دروست بکات، بە ڕادەیەک، کە لەوانەیە نەخشەی هاوپەیمانییە سیاسییەکان لە سیاقی عەرەبیدا، گۆڕانی جیددیی بەسەردا بێت و بەم پێیەش قبوڵکردنی ڕێککەوتنەکە لە پەرلەمان زۆر ئاستەم بێت.

## لایەنەکانی گەمە: هەڵوێست و ئەگەرەکان؟

لە هەوڵدان بۆ بەرهەمهێنانی ڕێککەوتنێکی درێژخایەن، دەکرێ باس لە چوار لایەنی سەرەکی بکرێ: ئەمەریکا، عەرەبی سوننە، عەرەبی شیعە و کورد، بەڵام دەتوانین بە شێوەیەکی تریش پۆلێنەکە بکەین، ئەم جارەیان ئەمەریکا لە لایەک و عێراق بە هەموو پێکهاتەکانیەوە لە لایەکی ترەوە. جگە لەوانەش، ناکرێ لە ئاستی ئیقلیمیدا ئاماژە بە ڕۆڵی گرنگیی ئێران نەکرێت، بەتایبەتی لە ڕێگەی کاریگەریی ئەم وڵاتە لەسەر لایەنی شیعە لە عێراق.

بە نیگایەکی گشتی بە هەڵوێست و گرنگیی لایەنەکانی عێراقدا (سوننە، شیعە و کورد) دەتوانین بڵێین سوننە و شیعە هەردووکیان پێگە و کاریگەرییان لە کورد زیاترە لەسەر ڕەوت و چارەنووسی گفتوگۆکان بە ئاراستەی بەرهەمهێنانی ڕێککەوتنێک

لەگەڵ ئەمەریکا. لایەنی کوردی، هەرچەندە ئامادەییی هەیە لە بەغداد، بەڵام کاریگەرییەکەی پەراوێزە و لە *بەپەراوێزکردنێکی بەردەوامیشدایە*. ئەم جیاوازییەش لە ڕۆڵ و کاریگەری لە چەند فاکتەرێک پێ هەڵدەگرێ: ١- شیعە قووڵاییییەکی ئیقلیمیی هەیە، کە ئەویش ئێرانە و هەوڵ دەدات سوود لەو قووڵاییییە وەر بگرێت، ئەگەر تەنها بە هێما و ئاماژەش بێت، لە هاوسەنگیی هێزدا بەرامبەر ئەمەریکییەکان. قووڵاییی سوننەی عەرەبیش وڵاتانی عەرەبییە بەتایبەتی هەندێک لەوانە، سوننەش بە دەوری خۆی سوود لەو قووڵاییییە وەر دەگرێ لە هاوسەنگییەکانی هێزدا. ئەوەی دەمێنێتەوە کوردە، کە هیچ قووڵاییییەکی ئیقلیمیی ئەوتۆی نییە، بگرە هەر خۆیشی خۆی بە بێچارە دەبینێ. لە دەرەنجامدا ئەمەریکییەکان حساب بۆ ئەو هاوسەنگییە، یا ڕاستتر بڵێین ناهاوسەنگییە، دەکەن لە خەملاندنی سیاسەتەکانیان. ٢- مەسەلەیەکی تریش بوون لە ناوەند، با بڵێین لە بەغداد، بە کاریگەرییەوە یا دژەکەی، بە کاریگەریی کەمترەوە. بە باوەڕی من، لەگەڵ ئامادەییی کوردیش لە ناوەند لە پێنج ساڵی دواییدا، بەڵام کاریگەری و جێی پەنجەی بە ڕادەی پێویست بە مەسەلە هەرە چارەنووسسازەکاندا دیار نەبووە. من گومانم لەوەدا نییە، کە لە ماوەی داهاتوودا هەوڵی شیعە و سوننە بۆ پەراوێزخستنی کورد چڕتر دەبێتەوە، ئەمەش بەشێکە لە سیاسەتێکی فراوانتر و بە ئامانجێکی دوورودرێژتر. ٣- یەک شت دەمێنێتەوە، کە ئەویش یەکانگیربوون لەگەڵ خواستی ئەمەریکایە بۆ مانەوەی دووروودرێژتر یا پێچەوانەکەی، واتە دژایەتیکردنی ئەمەریکایە لە مانەوەی سەربازیدا لە عێراق بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ. بە باوەڕی من لەنێوان ئەو دوو

هەڵوێستەدا هەر زوو لایەنی کوردی بۆچوونی خۆی بەلای قبوڵکردنی ئەو مانەوە دوورودرێژەدا ساغ کردۆتەوە، بەڵام هەڵوێستی لایەنی سوننە و شیعە (بەتایبەتی هی شیعە) زیاتر ئەگەری دژایەتی هەڵدەگرێ تا قبوڵکردن. دیارە گرنگیی ئەو ڕەهەندە زۆرتر بەندە بە پرسیاریی ڕازیبوونی ئەمەریکا بە کشانەوەی تەواوەتیی هێزەکانی لە عێراق، بۆ نموونە لە کۆتاییی ٢٠١١دا یا نا.

دیارە لە گۆشەبینینێکی کوردستانییەوە دەکرێ، وەک ڕوونکردنەوە بۆ خاڵی هەرە دوایی لە سەرەوە، بڵێین سەرکردایەتیی سیاسی لە باشووری کوردستان، هەر زوو بە ئاشکراکردنی هەڵوێستی پۆزەتیڤانەی خۆی لە مەسەلەی مانەوەی دوورودرێژی هێزی ئەمەریکا لە عێراق، دوو زیانی لە خۆی و هەڵوێستی هەرە کۆتاییی خۆی دا. هەڵوێستێک، کە ئاشکراکردنی دواتر، یا ڕاستتر بڵێین لە کاتی موناسیبتر، زۆر سوودبەخشتر بووایە بۆ کورد خۆی. جگە لەمەش، زووتر ئاشکراکردنی هەڵوێستی خۆی بووە هۆی تووڕەیییەکی ناپێویستی لایەنی عێراقیی عەرەبی و بەم شێوەیەش خۆی مەحروم کرد لە بەکاربردنی کارتێک بەرامبەر لایەنی عەرەبی. بە بۆچوونی من، هەوڵی دوورخستنەوەی توخمی کوردی لەو گروپە عێراقییەی گفتوگۆ لەگەڵ ئەمەریکییەکان دەربارەی ڕێککەوتنی ستراتیژی دەکەن، تەنها بە مەبەستی کەمکردنەوەی ڕۆڵی کورد نییە بەگشتی لە پرۆسەی سیاسیدا، بەڵکوو دەتوانێ ڕەواندنەوەی ترس و نیگەرانیی لایەنی عەرەبی بێت، لەوەی کە کورد هەر زوو هەڵوێستی پۆزەتیڤی ئاشکرایە و بەو مانایەش هەوڵ دەدات بۆ بەئەنجامگەیاندنی خواستی

ئەمەریکییەکان بۆ ماوەی دوورودرێژ لە عێراق. لەبەر ئەوە، بە باوەڕی من، کورد دەبوایە هەڵوێستی خۆی هەر وا بە سووک و ئاسانی بەو ئاشکرایی و ڕوونییە نەدایەتە دەست، بەڵکوو تا بیتوانییایە بیپارێزێت تا کاتی هەرە پێویست. هەر لەو سۆنگەیەوە، هەڵوێستی کورد بەرامبەر بە لایەنی ئەمەریکیش بەهێزتر دەبوو ئەگەر تا ماوەیەک ئەو هەڵوێستە بە ناڕوونی بمابایەتەوە، چونکە ناڕوونی لەو هەڵوێستەدا، دەیتوانی وا لە لایەنی ئەمەریکی بکات، کە ئەو شتە بکەن کە پێویستە بۆ زامنکردنی هەڵوێستێکی پۆزەتیڤ لە کورد.

## چ سیناریۆیەک؟

لە باسێکی ئەوهادا، دەکرێ مرۆڤ باس لە کۆمەڵێک سیناریۆ بکات، کە دەکرێ بخەملێنرێن، بینا لەسەر ئەگەر و پێشوەچوونی جۆراوجۆر، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندیدارن بە عێراق و ئەمەریکاوە. لەو بارەیەوە بەرهەمنەهاتنی ڕێککەوتننامەیەکی درێژخایەن تا کۆتاییی ئەمساڵ و سەرەتای ساڵی داهاتوو، کە تیایدا دەرفەتی یاساییی مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا بەسەر دەچێت، بەرهەم نەیەت، ئەوا پرۆسەکە زۆر بە زەحمەت دەکەوێت، چونکە ساڵی جارێک ڕێککەوتنەکە نوێ دەکرێتەوە و لەو ماوەیەشدا ئیدارەی بوش دەگۆڕێت.

سیناریۆیەک، کە دەبێ بەکراوەیی بمێنێتەوە، هەرچەندە ئەگەرەکە لاوازیش بێت، ئەوەیە کە ئەمەریکا لەگەڵ عێراقی عەرەبی بە بنبەست بگات و بە هیچ شێوەیەک لایەنی عەرەبی ڕازی نەبێت (نەبن) بە مانەوەی دوورودرێژی هێزەکانی

ئەمەریکا لەسەر بنەمای ڕێککەوتنێکی ئەمنیی دوورخایەن، ئەوا ئەو کاتە بە ئەگەری زۆر ئەمەریکا، بۆ ئەو مانەوەیەی خۆی، پەنا بباتە بەر کوردستان، بەڵام بەرەوڕووی ئەو ئەگەرە، دەبێ هەردوو لایەنی کوردی و ئەمەریکی ئەوە بزانن، کە ئەو تەرتیباتە فیدراڵییەی لە دەستووری عێراقدا هێڵی بۆ کێشراوە، ڕێگە بە دەسەڵاتی کوردی نادات لە یەک لاوە، واتە بەبێ بەغداد، فەرمووی مانەوە لە چوارچێوەی ڕێککەوتنێکی ئەمەریکی – کوردستانیدا لە هێزەکانی ئەمەریکا بکات. هەڵبەتە دەبێ ئەو ئەگەرەش لە بەرچاو بگیرێ، کە لایەنی عەرەبی لە عێراق هەموو هەوڵێک دەدات بۆ ئەوەی ڕێگە لە پێشوەچوونێکی ئەوهاش بگرێت.

# باشووری کوردستان دوای ٢٠٠٩/٧/٢٥:
# ئەرزهەژی سیاسی و ئەگەرەکان بە ڕووی داهاتوودا

**لە ماڵپەڕی تاکەکەسیی نووسەردا**
**لە ٢٠٠٩/١٠/١٥ بڵاو بۆتەوە**

## ناوەڕۆک


دەستپێک ........ ١٥٧
١- بەر لە هەڵبژاردن ........ ١٥٨
١-١ ئەزموونی ١٨ ساڵە ........ ١٥٨
١-٢ ڕەخنە لە دەسەڵات و خواستی گۆڕانکاری ...... ١٦٣
١-٣ کاردانەوەی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی ........ ١٦٥
٢- هەڵبژاردنەکانی ٧/٢٥ ........ ١٦٧
٢-١ دەنگدان و هەڵبژاردن ........ ١٦٧
٢-٢ هەندێک دەرهاوێشتەی گرنگ ........ ١٦٩

٣-تەحەدداو ئەگەرەکانی دوای هەڵبژاردنەکانی ٧/٢٥..... ١٧٢
٣-١ لە ئاستی باشووری کوردستاندا ........................ ١٧٢
٣-١-١ گۆڕان: تەحەددا و ستراتیژ ............................ ١٧٢
٣-١-٢ هاوپەیمانیی ستراتیژی و پارتی و یەکێتی .... ١٨١
٣-١-٣ چوار حیزبەکە ................................................. ١٨٥
٣-٢ لە ئاستی عێراقیدا ................................................. ١٨٧
٣-٣ لە ئاستی ئیقلیمی و کوردستانی مەزندا ........... ١٩٥
٣-٤ لە ئاستی جیهانیدا ................................................. ١٩٧
٤- دەرەنجام ................................................................. ١٩٩

# دەستپێک*

هەڵبژاردنەکانی ٧/٢٥ی ئەمساڵ ٢٠٠٩، ڕووداوێکی گەلێ گرنگە، بە هەموو پێوەرێک، ئەرزهەژێکی سیاسییە. ئەم ڕووداوە بۆتە چەقی گرنگیپێدانێکی زۆر لە ڕووی سیاسی و ڕۆشنبیرییەوە.

ئەم نووسراوەی بەردەستت زیاتر کۆی ئەو تێبینی و بۆچوونانەی نووسەرن، کە لە چاودێریکردنی ڕووداوەکان پێیان گەیشتووە نەک دەرهاوێشتەی پێداچوونەوەی هەموو ئەو شتانەیە، کە وتراون و نووسراون لەبارەی ئەو هەڵبژاردنانەوە. هەروەها ئەم وتارە هەوڵ دەدات بە ڕووی داهاتوودا هەندێ بۆچوون بخاتە ڕوو، کە مەبەست تیایدا زیاتر باسکردنە لەو ئەگەر و تەحەددایانەی بەرەوڕووی باشووری کوردستان دەبنەوە لە ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ٧/٢٥ و هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراق. لە لایەکی ترەوە، هەرچەندە مەبەست لێرەدا پێداچوونەوەیەکی وردەکارانەی هەژدە ساڵی ڕابردووی پرۆسە و ڕووداوە سیاسییەکانی باشووری کوردستان نییە، بە هەرحاڵ، ئاوڕدانەوەیەکی بەپەلە لە بەسەرهاتی ماوەی ١٨ ساڵی ڕابردوودا پێداویستییەکی بابەتییە.

---

* ئەم بابەتە لە سێ سیمیناری جیاوازدا، لە شاری مالمۆی سوید لە ٢٠٠٩/٨/١٥، لە ژووری *ئۆپۆزسیۆن* – پاڵتاک لە ٢٠٠٩/٨/٢١ و لە ئۆسلۆی پایتەختی نەرویج لە ٢٠٠٩/١٠/٩، پێشکەش کراوە.

# ١- بەر لە هەڵبژاردن

## ١ –١ ئەزموونی هەژدە ساڵە

لە ئاکامی ڕووداوەکانی ١٩٩٠-١٩٩١، لە داگیرکردنی کوەیتەوە تا ڕاپەڕین و کۆچڕەوی ملیۆنی، نەک هەر بزاڤی سیاسی لە باشووری کوردستان لە هەرەسێکی حەقیقی، کە لە ساڵی ١٩٨٨-١٩٨٩ تێی کەوتبوو، نەجاتی بوو، بەڵکوو هەر بە هۆی ئەم ڕووداوانە، دەرفەت و دەرەتانێکی مێژوویی بێهاوتاش بۆ کورد، بەتایبەت لە باشووری کوردستان، هاتە گۆڕێ و کورد لەو بەشەی کوردستان بوو بە خاوەن دەسەڵاتی خۆی.

لە لایەکی ترەوە، دەسەڵاتی سیاسی، یا ڕاستتر بڵێین دەسەڵات و سیاسەتەکانی پارتی و یەکێتی، لە ماوەی هەژدە ساڵی ڕابردوودا نەیانتوانی ببنە وەڵامدەرەوەی خەون و پێداویستییەکانی خەڵکی کوردستان.

بەدامەزراوکردنی بزاڤی سیاسی لە باشووری کوردستان، لە شێوەی دەزگاکانی دەوڵەتی یاسا و بەنەتەوەبوون لە ڕێگەی بەرهەمهێنانی دەسەڵاتێکی نەتەوەیی بەهێز و تۆکمە و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی، بە هەموو پێوەرێک شکستی هێنا. حیزب، بەتایبەتی یەکێتی و پارتی ڕێگرێک بوون لە بەردەم پرۆسەیەکی ئەوهادا. نەک هەر ئەوە، بەڵکوو لە ئاکامی پرۆسەیەکی ناتەندروست و پڕ لە چەوتی و هەڵەی پشتشکێن ئەو شێوە دەسەڵاتەی بەرهەمیش هاتووە، کات و توانایەکی زۆری دەوێ تا چاک بکرێتەوە. لەو دەسەڵاتەدا، حیزب کۆنترۆڵی دەوڵەتی کردووە و نموونەی دەوڵەتی سۆڤیەتی، بەو

شێوە دواکەوتووییەی کە لە جیهانی سێهەمدا تاقی کراوەتەوە، لە کوردستان پیادە کراوە. لە ئاکامی شەڕی خۆکوژی و نەتەوەکوژیی ١٩٩٤-١٩٩٨ کورد بوو بە خاوەنی دوو دانە حکومەتی ژێردەستەی دوو حیزب، کە هیچکامیان مەبەستی دامەزراندنی دەسەڵاتێکی نەتەوەییی مۆدێرنی نەبوو، بەڵکوو مەبەست بەکارهێنانی دامودەزگاکانی ئەو دەسەڵاتە بوو بۆ بەهێزکردنی حیزب و داروودەستەیەکی تەماحکار و چاوچنۆک.

عەقڵیەتی پاوانخوازی و مۆنۆپۆلکردنی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن پارتی و یەکێتییەوە باڵادەست بووە. لە ڕاستیدا دوای "یەکگرتنەوەی" دوو حکومەتەکەی یەکێتی و پارتیش، لەبری یەک حکومەت، سێ حکومەت هاتنە کایەوە:

١- حکومەتێکی بەهێزی پارتی. ٢- حکومەتێکی لاوازی یەکێتی.٣- حکومەتێکی لاوازی هاوبەش. پێکهاتەی سێ حکومەتەکە بەم شێوەیە بوو: أ- دارایی و پێشمەرگە و ناوخۆ لە هەولێر هیی پارتی بوون. ب- یەکێتیش لە "سێبەری" ئەو سێ وەزارەتەدا سێ دانە وەزیری هەبوو. ج- وەزارەتە هاوبەشەکانیش هیی ڕاپەڕاندنی کاروباری وەزارەتە "یەکگرتووەکان" بوون.

لە ماوەی هەژدە ساڵدا گەندەڵی گەیشتە ئاستی هەڕەشەکردن لە ئاساییشی نەتەوەییی باشووری کوردستان، بەتایبەتی لەم سیاقەدا چوار دانە ڕەهەندی ئەو گەندەڵییە گرنگن، کە لێرەدا ئاماژەیان پێدەکەین:

١- گەندەڵی گەیشتە ئاستێکی مەترسیدار لە ڕێگەی هاوپەیمانیی دووقۆڵیی پارتی و یەکێتییەوە. لە ڕاستیدا ئەم هاوپەیمانییە هی شاردنەوەی گەندەڵی و جیاوازییەکانی یەکێتی و پارتی و

ئیفلیجکردنی دامەزراوەکانی دەوڵەت و هێشتنەوە و بەهێزکردنی باڵادەستیی حیزب بووە لەسەر حکومەت، نەک هیی پاراستنی ئاساییشی نەتەوەیی، وەک ئەو دوو حیزبە خۆیان گوزارشت لە هاوپەیمانییەکە دەکەن. ئەم هاوپەیمانییە بە زەرورەت زامنی سەرهەڵدانی قەیران و بەرەوڕووبوونەوە لەنێوان پارتی و یەکێتیدا ناکات. لە ڕاستیدا کاتێک پارتی و یەکێتی لە ١٩٩٤ دەستیان دایە وێرانکارترین شەڕی خۆکوژی و نەتەوەکوژی، حەوت دانە هاوپەیمانی (هاوپەیمانیی دوو سەرکردە و بەرەی کوردستانی و هاوپەیمانیی دوو مەکتەبی سیاسی و... هتد)یان لەنێواندا هەبوو.

٢- لایەنێکی تری ئەو ئاستە ستراتیژییە مەترسیدارەی گەندەڵی ئەوە بووە، کە خەڵک باوەڕی بە نەتەوەبوونی خۆی و دەسەڵاتی سیاسی و حیزبە دەسەڵاتدارەکان، بەتایبەتی پارتی و یەکێتی و سیاسییەکان و دواڕۆژی خۆیان، زۆر کز بوویەوە. لە ڕاستیدا متمانەنەبوون بە دەسەڵات و دەسەڵاتداران گەیشتە ئاستێکی هەرە نزم.

٣- سەرهەڵدانی شێوازی دوو دەوڵەتی هاوتەریب، لە لایەکەوە دەوڵەتی ڕەسمی، پەرلەمان و کابینە و هەموو دامەزراوە ڕەسمییەکانی تر، کەچی لە لایەکی ترەوە دەوڵەتی شاردراوەی دوو حیزبەکان و دارودەستەیان، بە واتایەکی تر، دەوڵەتی ئابووریی ڕەش و کۆمپانیا وەهمییەکان و قاچاغچێتی بە نەوت و سەرچاوەکانی تری دەوڵەمەندی و کۆمپانیا زەبەلاحەکانی دوو حیزبەکە و کەسە بەهێزەکانی دوو بنەماڵە و هەندێ پێکهاتە، کە لە شێوازی چالاکی و ماهییەتیاندا زیاتر لە مافیا دەچن تا هەر شتێکی تر.

٤- لە ڕاستیدا دەرهاوێشتەی ئەزموونی ئەو هەژدە ساڵە بە شێوەیەک لە شێوەکان "دووبارەبوونەوەی" مێژووی لێ کەوتۆتەوە. چۆن دووبارەبوونەوەی مێژوو؟ لێرەدا بە بەراوردکردنی سێ حاڵەتی مێژوویی هەوڵ دەدەم وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە.

لە ساڵی١٩٤٣دا ڕاپۆرتێکی دوورودرێژ دەربارەی کێشەی کورد لە عێراق پێشکەش بە حکومەتی مەلەکیی ئەو کاتەی عێراق کرا. مەبەست لەو ڕاپۆرتە ئەوە بوو، کە ئەو حکومەتە لەسەر بنچینەی شارەزایی لەو کێشەیە نزیک ببێتەوە. ئەوەی لێرەدا مەبەستە ئەوەیە، ڕاپۆرتەکە بە دەرەنجامێکی زۆر گرنگ گەیشتووە ئەویش ئەوە بوو، بەپێی ئامادەکاریی ڕاپۆرتەکە، کێشەی کورد دوو لایەنی هەیە، یەکێکیان لایەنی ڕەوایی کێشەکەیە و ئەوەی تریشیان ئەوەیە، کە توێژێکی خۆپەرست دەخوازێ لەسەر حسابی ئەو مەسەلە ڕەوایە بەرژەوەندییەکانی بپارێزێ. دیسان لە ساڵی ١٩٦٩ ڕاپۆرتێکی بەرفراوان پێشکەش بە کۆنگرەی قوتری حیزبی بەعس (لە عێراق) کراوە، کە دیسان تیایدا جەخت لەسەر دوو ڕەهەندی کێشەی کورد کراوەتەوە: لە لایەکیان ڕاپۆرتەکە دەڵێ کێشەی کورد مەسەلەیەکی ڕەوا و دیموکراتی و نیشتمانی و پێشکەوتنخوازە، لە لایەکی ترەوە کەسانێک هەن، خۆیان لەپشت ئەو کێشە ڕەوایەوە حەشار داوە و دەخوازن ئەو مەسەلەیە بۆ خزمەتی بەرژەوەندییەکانیان بەکار بهێنن... ئەوەتا بۆ جاری سێهەم لە مێژووی هاوچەرخی ئەو کێشەیەدا مێژوو خۆی "دووبارە دەکاتەوە." ئەمڕۆ گومان نییە کە لە باشووری کوردستان کێشەی ڕەوای گەلێک هەیە، کە لە ڕاستیدا بەردەوامیی مێژوویەکی دوورودرێژە، بەڵام

لەپشت هێڵی ئەو کێشە عادیلەوە، توێژێکی خۆپەرست و تەماحکار و چاوچنۆک هەیە، کە نەک هەر لەسەر حسابی ئەو مەسەلە عادیلانەیە بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەپارێزن، بەڵکوو ئامادەشن ئەو مەسەلەیە بکەن بە قوربانیی ئەو بەرژەوەندییە تایبەتی و تەسکانەیان... لە ڕاستیدا ئەمڕۆ بەشێکی گرنگ لە ململانێ و کێشمەکێشی هەولێر و بەغداد کێشەکانی دەسەڵاتی شاردراوەیە، کە لە ڕێگەی دەسەڵاتە ڕەسمییەکەی هەرێمی کوردستانەوە و لە ڕێگەی وێناکردن و ناساندنی ئەو کێشانەی دەسەڵاتی شاردراوە وەک کێشەی ڕەوا و بەرژەوەندییەکانی گەل بەرەو ڕووی بەغداد دەکرێنەوە. بەم مانایەش، دۆزە ڕەواکە و خەڵکی کوردستان باجی ململانێیەک دەدەن، کە نە هیی خۆیانە و نە هیی بەرژەوەندی و ئاسایشی نەتەوەییشیانە، بەڵکوو کێشەی چاوبرسی و چاوچنۆک و گەندەڵەکانی دەسەڵاتی شاردراوەی "کوردییە." بە مانایەکی تر، کێشەی نەوت لەگەڵ بەغداد دوو ڕووی هەیە، لە لایەک مەسەلەیەکی نەتەوەییە، بەڵام لە لایەکی ترەوە مەسەلەی دەسەڵاتی کۆمپانیا نایاساییەکانی پارتی و یەکێتی و کۆمپانیا وەهمییەکانی قاچاغیکردنە بە کاڵایەکی ستراتیژی و هەرە هەستیار لە ڕووی ئاسایشی نەتەوەییەوە. لە ڕاستیدا هەر لە چوارچێوەی ئەم بۆچوونەدا، خەریکە بە شێوەیەکی بەرچاو چالاکییەکانی "دەسەڵاتی شاردراوە" لە ئاستی نێودەوڵەتییشدا دەبێتە بارگرانییەک بەسەر کێشەی ڕەوای کورد و دەشبێتە ڕێگرێک لە بەردەم کارساز و وەبەرهێنەر و سەرمایەی بیانی، کە خوازیارن لە کوردستان وەبەرهێنان بکەن. ڕووداوەکانی ئەم دواییە لە تێوەگلانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە

هەندێک سەودا لەگەڵ (د ن ۆ)ی نەرویژی و (گینەل ئەنەرژی) ی تورکی ئەوە دەر دەخەن، کە تا چ ڕادەیەکی ترسناک دەسەڵاتی شاردراوە بووەتە جێگەی مەترسی بەسەر دەسەڵاتە ڕەسمییەکەی باشووری کوردستاندا. لە ڕاستیدا پارتی و یەکێتی دوو جەمسەری یا ڕاستتر بڵێین دوو دیوی، دەسەڵات، ڕەسمی لە لایەک و دەسەڵاتی شاردراوە لە لایەکی ترەوە، بە یەکەوە گرێ دەدەن. ئەو دوو حیزبە لە لایەکەوە لە ڕێگەی حکومەت و پەرلەمان و دەزگا ڕەسمییەکانی دەسەڵاتەوە، واتە دەسەڵاتی ڕەسمی و لە لایەکی ترەوە لە ڕێگەی کۆمپانیاکانیان و چالاکییە ئابوورییە نایاساییەکانیان و کۆمپانیا وەهمییەکانیانەوە، واتە چالاکییە ئابوورییە ڕەشەکان، هەردوو دەسەڵاتی شاردراوە و ڕەسمییان کۆنترۆڵ کردووە. ئەوەی جێگەی گرنگییە ئەوەیە، ئەو دوو جەمسەرە لە ڕێگەی هاوپەیمانیی ئەو دوو حیزبە بە یەکەوە گرێ دراون و پارێزراون.

## ١–٢ ڕەخنە لە دەسەڵات و خواستی گۆڕانکاری

هەر لە سەرەتای ئەزموونی باشووری کوردستانەوە، بۆچوونێکی ڕەخنەگرانە لە بەرامبەر دەسەڵاتی کوردیدا هەبوو. ئەم بۆچوونە ڕەخنەگرانەیە لە دوو فەزا و پانتاییی جیادا خۆیان دەر دەبڕی، یەکێکیان لەناو چوارچێوەی حیزبدا، هەڵبەتە مەبەست یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە، ئەوەی تریشیان لە دەرەوەی پانتاییی حیزبدا، لەناو جەماوەردا بە بنکەیەکی هەرە فراوان. لە پانتاییی دووەمدا مێدیای ئەهلی بەتایبەتی و دواتر سایتە کوردییەکان و بەشێک لە کۆمەڵگەی مەدەنی و هەندێک لە ڕۆشنبیر و نووسەران و توخم و توێژی کۆمەڵایەتیی

جیاجیا، ڕۆڵی گرنگیان بینی. بەم مانایەش، دەتوانین باس لە دوو جەمسەری گۆڕانخوازی یا گۆڕان، بە مانا هەرە گشتییەکەی، لە باشووری کوردستان بکەین. ئەوەی ڕووی دا ئەوە بوو، کە لایەنگرانی گۆڕانکاری لە دەسەڵاتی کوردیدا لەناو حیزبەوە، واتە لەناو یەکێتییەوە، پێیەکیان هەڵگرت بۆ دەرەوەی حیزب و بەم مانایەش بواری یەکگرتنی دوو فەزای گۆڕان لە هەردوو پانتاییەکە بۆ یەک بزاڤی بەرفراوان و دواتر لیستی گۆڕان، ڕەخسا. بەم مانایەش، ڕووداوی هەرە گەورە ئەوەیە، کە ئیتر بزاڤی گۆڕان حیزبێک یا هێزێکی سیاسیی تەقلیدی یا ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی نییە، بەڵکوو *دیاردەیە*، دیاردەیەکی تەواو نوێیە. ڕەمز و ئەکتەرەکانی ڕیفۆرم و گۆڕان، پێیەکیان لەناو حیزبە و پێیەکەی تریشیان هاویشتۆتە ناو قووڵایی و پانتاییی دەرەوە، واتە پانتاییی جەماوەر بە مانا هەرە فراوانەکەی...

ئەم پێشوەچوونە کەموێنە یا کەمهاوتایە، لە مێژووی سیاسیی باشووری کوردستاندا، ئەوە ئەگەر بێهاوتاش نەبێ، تەنها بزووتنەوەیەک، کە دەکرێ بەراوردی بکەین بە بزاڤی گۆڕان، بەڵام بە جیاوازیی زۆریشەوە، جووڵانەوەی ڕیفراندۆمە. هەر لە ڕێگەی ئەو بەراوردەشەوە، لەنێوان بزاڤی گۆڕان و ڕیفراندۆم، دەکرێ هەندێ بەرچاوڕوونیمان دەست بکەوێت لەمەڕ ئەو نیگەرانییانەی کە هەن، دەربارەی دوارۆژی لیست (یا بزاڤ)ی گۆڕان، بەو مانایەی، ئەگەری ئەوەی بزووتنەوەی گۆڕان تووشی شکستێک بێت، کە دواجار بزاڤی ڕیفراندۆم دووچاری بوویەوە. هەر لەبەر ئەوەش گرنگە هەڵسووڕێنەرانی گۆڕان ئەزموونی بزاڤی ڕیفراندۆم بەزیندوویی لە بەرچاو

بگرن و کۆمەڵێک وانەی سیاسیی لێ هەڵێنجن.

لیستی گۆڕان هەر زوو، بەر لە ٧/٢٥، کۆمەڵێک ئامانجی پێکا، گرنگترینیان تێکشکاندنی سنووری داخراو و (موقەددەس)ی حیزب و ژیاندنەوە و گەڕاندنەوەی باوەڕ و متمانەی تاکی کورد بە کۆمەڵێک شت، لەوانە گرنگیی دەنگدان و سیاسەتکردن و هیوابوون بە داوڕۆژ و سیاسەتکردنێکی جیاوازتر بۆ بەرهەمهێنانی دەسەڵاتێکی جیاواز... لە ڕاستیدا هاتنەگۆڕێی ئەم لیستە، ژیان و جووڵەیەکی تازەی خستە بەر (یا ڕاستتر بڵێین ناو) خودی پارتی و یەکێتییش و لە ئەنجامدا بە گوڕوتینێکی جیاواز لە پێشتر کەوتنە خۆیان لە ململانێی هەڵبژاردندا...

## ١–٣ کاردانەوەی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی

هەر لەو کاتەی نەوشیروان مستەفا ڕای گەیاند، کە بە لیستێکی سەربەخۆ بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا دەکات، دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی کەوتنە جۆرەهای کاردانەوە، کە زۆربەی زۆری ئەو کاردانەوانە ڕەنگدانەوە و دەربڕ بوون لە ترس و نیگەرانیی ئەو دوو هێزە. سەرچاوەی ئەو نیگەرانییەش ترس بوو لە لەدەستدانی دەسەڵات، یا هەر نەبێ، کەمبوونەوەی پەراوێزی ئەم دوو هێزە لە مۆنۆپۆل و کۆنترۆڵکردنی دەسەڵات. بەر لە هەڵبژاردن پەنا بردرا بۆ زۆر شێوەی ترساندن و تۆقاندن و دێواندن–ناشیرینکردنی ئەو هێزانەی کە ئەگەری ئەوەیان لێ دەکرا بە شێوەیەکی جیدی ببنە هۆی کەمکردنەوەی دەرفەتەکانی پارتی و یەکێتی لە بردنەوەی ڕەهای هەڵبژاردنەکان.

ئیتر شتێک بۆ ئەو دوو حیزبە ئاشکرا بوو، ئەویش ئەوە بوو، کە ئیتر ئەگەری ئەوە بەهێز بوو، کە لیستە ڕکابەرەکان،

بەتایبەتی لیستی گۆڕان، ژمارەیەکی زۆر لە دەنگ بەدەست بهێنێت. لە لایەکی تریشەوە، بەتایبەتی لەناو سەرکردایەتیی یەکێتیدا، بۆچوونێک هەبوو، کە بەئاشکرا دەرفەتەکانی لیستی گۆڕانی بە کەم و لاواز دەزانی. ئەوەش دیار نییە، ئایا ئەو بەکەمزانییە لە خوێندنەوەیەکی سیاسیی هەڵەوە پێی هەڵگرتبوو، کە سەرچاوەکەی زیاتر خۆبەزلزانییە، یا زاڵکردنی حەز و هەست و نەست بوو بەسەر خوێندنەوەی سیاسیی بابەتییانەدا.

لە هەڵمەتی دێواندنیشدا کۆمەڵێک تاوانی زۆر جیددی و ترسناک خرانە پاڵ مێدیای "ئەهلی" و گروپەکانی ئیسلامی سیاسی و د. کەمال میراودەلی و... هتد، گوایە بەشێک لە مێدیاکانی باشووری کوردستان تەواوکەری ڕۆڵی دەزگا موخابەراتییە ئیقلیمییەکانە و هەندێ هێزی سیاسیی ڕەتڵی پێنجەمن و د. کەمال میراودەلیش بە یارمەتیی (میت)ی تورکی خۆی کاندید کردووە بۆ سەرۆکایەتیی هەرێم و ئیسلامی سیاسییش لە کوردستان تەنها (حەماس)ێکی ترە لە بەرگێکی کوردیدا، چەند نموونەیەکی هەرە جیددین، کە ئەو تۆمەتبارکردنەیان گەیاندە لووتکە. لە ڕاستیدا هەر گوناهبارکردنێک لەوانە بەتەنیا ئەوەندە جیددی بوون، کە ئەگەر لە هەر وڵاتێکی نیمچە ئازاد و لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، کە تا ڕادەیەکی کەمیش یاسا تیایاندا سەروەر بێت، بکرانایە، هەر وا بەبێ سزا و لێپێچینەوەی یاسایی تێپەڕ نەدەبوون. بگرە هەر گوناهبارکردنێکی لەم شێوەیەش لە کۆمەڵگە دیموکراتییەکاندا، لەوانەیە بۆخۆی بەس بێت بۆ ئەوەی قەیرانی سیاسیی گەورە بەدوای خۆیدا بهێنێت.

## ٢- هەڵبژاردنەکانی ٧/٢٥

### ٢-١ دەنگدان و هەڵبژاردن

موفاجەئەی هەرە گەورە لە ماوەی ١٨ ساڵی ڕابردوودا ئەوە بوو، کە لە هەڵبژاردنەکانی٧/٢٥دا لیستی گۆڕان ٢٥٪ی دەنگەکانی بەدەست هێنا. ئەم دەرەنجامە، کە پاشەکشەیەکی بەرچاو بوو بۆ یەکێتی و پارتی، دەسەڵاتی ئەو دوو حیزبەی تووشی ڕاچڵەکین و شۆکێکی سیاسی کرد، بەڵام دیسان جیاوازییەکیش هەبوو لە کاریگەریی دەرەنجامەکە لەسەر دوو حیزبەکە، کە دیارە زیاتر بە نێگەتیڤ شکایەوە بەسەر یەکێتیدا تا بەسەر پارتیدا. لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین، پاشەکشەکە هەمووی بەسەر یەکێتیدا شکایەوە و بگرە پاشەکشەی پارتیش ناواخنی پاشەکشەکەی یەکێتی کرا. بەم مانایەش، هەر نەبێ لە ڕووی دەروونییەوە بۆ پارتییەکان ئەوە گرنگ بوو، کە نەک هەر پشکی شێر لە پاشەکشەکە هیی یەکێتی بێت، بەڵکوو تەواوی "شکستەکە" بەر یەکێتی بکەوێ و وەک ئەوەی پارتی هیچ بەشێکی لە پاشەکشەکە بەر نەکەوتبێت. ئەم حاڵەتە، دواتر لە هاوکێشە و ڕوانگەی سیاسیی دوای هەڵبژاردن، بۆ پارتی گرنگ بوو بۆ ئەوەی لە دامەزراندنەوەی حکومەت و دابەشکردنی پۆستەکان لە بەغداد سوود لەو شکستەی یەکێتی و "سەرکەوتنی خۆی" وەر بگرێ.

لایەنێکی تری زەرەرمەند لەو هەڵبژاردنانەدا "هاوپەیمانی"ی چوار حیزبەکە بوو، بەڵام هەرە زەرەرمەند لەم سیاقەدا یەکگرتووی ئیسلامی بوو. هەرچەندە هەر چوار حیزبەکە،

هەریەکەیان لەبەر هۆیەک یا چەند هۆیەک، پێویستیان بەم هاوپەیمانییە بوو، بەڵام ئەو لایەنەی بەشی شێری لە زیانەکە بەر کەوت، یەکگرتووی ئیسلامی بوو. ئەم هاوپەیمانییە، لە لایەکی ترەوە، شتێکی پێویست بوو بۆ هەر چوار حیزبەکە بۆ ئەوەی پاشەکشەی تاکە تاکەیان لەناو پاشەکشەیەکی گشتیی هەر چواردا بشارنەوە. لەوە دەچێت بەتایبەتی یەکگرتووی ئیسلامی پێویستی بە کات و وزەیەکی زۆر بێت بۆ ئەوەی هەر نەبێ بگەڕێتەوە دۆخی "بەهێزی"ی بەر لە هەڵبژاردن.

بە هەرحاڵ، لە دیدی سێکولاریستەکانی باشووری کوردستان، یا هەر نەبێ لە دیدی بەشێکی بەرچاویان، لاوازبوونی ئیسلامییەکان لە ئاکامی هەڵبژادنەکاندا خۆی لە خۆیدا سەرکەوتن بوو بۆ هێزە سێکولاریستەکان، چونکە دەمێک بوو ئەو ئاگادارییە هەبوو، کە ئیسلامی سیاسی خەریکە دەبێ بە هێزێکی گەورە و کاریگەر لە باشووری کوردستان "لەسەر حسابی" هێز و پانتاییی جەماوەریی سێکولاریستەکان.

لە لایەکی ترەوە، زۆر گرنگە ئەوە لەبیر نەکەین، کە لەم هەڵبژاردنانەدا بۆ یەکەم جار ڕەمز و تەلیسمی دەسەڵات، واتە سەرۆکی هەرێم، بە شێوەیەکی جیددی خرایە ژێر نیشانەی پرسیارەوە بە خۆکاندیدکردنی چەند کەسێک، بەتایبەتی د. کەمال میراودەلی کە کەم یا زۆر ٢٥٪ی دەنگەکانی لە هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمدا بەدەست هێنا... گرنگییەکەی ئەم دەستکەوتە لەوەدایە، سەرۆکەکانی وڵاتی ئێمە، هەتا ئێستاش وا دەزانن و دەخوازن خەڵکیش هەر لەو باوەڕەدا بێت، لە ڕاستیدا خەڵکانیش لە ئاستی جیاجیادا هەن کە هەڵگری ئەو بیروباوەڕەشن، کە هەر ئەوانن دەتوانن و هەر ئەوانن

شایستەی ئەوەن سەرۆکایەتیی کورد بکەن. لەم ڕوانگەیەوە، دەتوانین بڵێین بە مانایەک لە ماناکان، مەغزای "سەرکەوتنی" د. کەمال میراودەلی، لە سەرکەوتنی لیستی گۆڕان کەمتر نەبوو یا هەر نەبێ تەواوکەرێکی گرنگ بوو بۆ ئەو سەرکەوتنەی لیستی گۆڕان بەدەستی هێنا. دیارە ئەم سەرکەوتنەی د. کەمال میراودەلی لە ڕووی سایکۆلۆژی و سیاسییەوە ڕێگەخۆشکەرە نەک هەر بۆ گۆڕانکاری لە دیدگە و جیهانبینییە سیاسییەکاندا لە کوردستان، بەڵکوو بۆ کاریگەریخستنەسەر ژیانی سیاسییش لە باشووری کوردستان لە ماوەی داهاتوودا...

تەزویر و خروقاتی سیستیماتیک لەلایەن حیزبەکانی دەسەڵاتەوە، بەتایبەت لە هەولێر و دهۆک، کە بەپێی هەندێک تەقدیر بە سەدان هەزارە، لە لایەکەوە دەربڕی ترسی دوو کۆڵەکەی دەسەڵات، پارتی و یەکێتی بوو لە لەدەستدانی دەسەڵات و هێمایە لە نائامادەییبیان بۆ دەستاودەستکردنی ئاشتییانە و دیموکراتییانەی دەسەڵات.

بەکورتی، ئەم هەڵبژاردنانە لە زۆر ڕووەوە ئەرزهەژی سیاسی بوون. ئەمەش گرنگە، چونکە لە مێژوودا ئەرزهەژە سیاسییەکان بوونەتە هۆی کرانەوەی کۆمەڵێک دەروازە و دەرفەت بۆ لەقاڵبدانەوەی سەرلەنوێی پەیوەندی و هاوکێشە و ڕوانگە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان...

## ٢–٢ هەندێک دەرهاوێشتەی گرنگ

ئەم هەڵبژاردنانە هێڵی جیاکەرەوەن لەنێوان دوو ماوەی زەمەنیی لەیەکتر جیا، واتە لە لایەک فەترەی بەر لە ٧/٢٥ و لە لایەکی ترەوە ماوەی دوای ئەم مێژووە، لە ڕووی:

١- ئۆپۆزسیۆن: ڕاستە لە ماوەی نێوان١٩٩٢ تا هەڵبژاردنەکانی٧/٢٥ هەندێک گلەیی و گازندە دەکران لەلایەن هەندێک لە حیزبە "بچووکەکانەوە" بەرامبەر بە دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی، بەڵام هەرگیز ئەم حیزبانە نەیانتوانی ببن بە ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینە. هەندێک جار وابەستەییی سیاسی و هەندێک جاریش تەماحی بەشداریکردن لە دەسەڵاتدا یا لەپێناو مسۆگەرکردنی بژێویی حیزب و چالاکڤانانی، زۆر جاریش ئەم سێ فاکتەرە بە یەکەوە، وایان کرد ئەو حیزبانە نەتوانن ئۆپۆزسیۆنێکی ڕاستەقینە بن. بە هەرحاڵ، هەموو هێماکان ئەوە نیشان دەدەن، کە لیستی گۆڕان ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆنبوونی بۆ خۆی هەڵبژاردووە و لەوەش دەچێ ڕەوتەکە هەر بەو ئاقارەشدا بڕوا، لەگەڵ ئەوەشی کە دەسەڵاتدارانی پارتی و یەکێتی هەوڵی بەشدارپێکرنی گۆڕانیان لە دەسەڵاتی جێبەجێکردندا داوە.

٢- بۆ یەکەم جار دەرفەتی هاتنەکایەی پەرلەمانێکی کارا هاتۆتە ئاراوە. واتە بۆ یەکەم جار پێویست ناکات "هەموو" ئەندامانی پەرلەمان وەک یەک بیر بکەنەوە، بەڵکوو لەوە دەچێ لە داهاتوودا ململانێی پەرلەمانی و جیاوازیی بیرکردنەوە لە پرسە سیاسی و یاسایی و دەستوورییەکاندا باڵادەست بن.

٣- بە ئەگەری زۆر ئەم هەڵبژاردنانە دەبنە سەرەتا و یاریدەدەرێک لە پرۆسەی لەگۆڕنانی مۆنۆپۆلکردن و قۆرخکردنی دەسەڵات لەلایەن پارتی و یەکێتییەوە.

٤- سەرکەوتنی گۆڕان و بەهێزبوونی لە بەردەوامیدا بە ئەگەری زۆر، کاریگەریی زۆری دەبێ لەسەر ناوەوەی پارتی و یەکێتی، بەڵام ئەوە زۆر دەکەوێتە سەر شێوەی پێشوەچوونی گۆڕان وەک بزاڤێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەو ستراتیژەی بۆ خۆیی

هه‌ڵده‌بژێرێ و ئه‌و تاکتیکانه‌ی په‌یڕه‌ویان ده‌کات. ئه‌گه‌ر بۆ نموونه گۆڕان له ناوچه‌ی سلێمانیدا قه‌تیس ببێ و چالاکییه‌کانی سنووردار ببن له‌و ناوچه‌یه‌ی به ناوچه‌ی باڵاده‌ستبوونی یه‌کێتی ناسراون، ئه‌وا به ئه‌گه‌ری زۆر کاریگه‌ریی گۆڕان له‌سه‌ر یه‌کێتی، نه‌ک هه‌ر له ده‌ره‌وه‌ڕا، به‌ڵکوو له‌سه‌ر خودی ناوه‌وه‌ی یه‌کێتی زۆر زیاد ده‌بێت. له سیناریۆیه‌کی ئه‌وهادا، پارتی به ئه‌گه‌ری زۆر هه‌وڵ ده‌دات سوود له‌و ململانێیه وه‌ر بگرێ و ئیستیسماری بکات بۆ به‌هێزکردنی خۆی، به‌ڵام به به‌رجه‌سته‌بوونی گۆڕان له ئاستی باشووری کوردستاندا، واته له ناوچه‌کانی باڵاده‌ستیی پارتی و یه‌کێتی، که ئه‌مه‌ش له‌وه ده‌چێ شتێکی هه‌ر وا ئاسان نه‌بێ، سروشتی ململانێ له ململانێی نێوان گۆڕان و یه‌کێتی ده‌بێ به ململانێی گۆڕان له لایه‌ک و ده‌سه‌ڵات و هه‌یمه‌نه‌ی پارتی و یه‌کێتی له لایه‌کی تره‌وه. له ئه‌گه‌ری گۆڕانکاری له سروشتی ململانێدا له شێوه‌ی یه‌که‌م، هیی نێوان گۆڕان و یه‌کێتی، بۆ شێوه‌ی دووه‌می ململانێ، واته ململانێی نێوان گۆڕان له لایه‌ک و پارتی و یه‌کێتی له لایه‌کی تر، تاکتیک و ستراتیژی ئه‌و سێ هێزه ڕۆڵی گرنگ ده‌بینن له شێوه‌ی ململانێکان: هه‌ندێک جار له شێوه‌ی سێ دانه ستراتیژی جیا (هیی پارتی، هیی یه‌کێتی و هیی گۆڕان) و هه‌ندێک جاریش دوو دانه ستراتیژ له شێوه‌ی دوو جه‌مسه‌ریدا، که جه‌مسه‌رێکیان گۆڕانه و جه‌مسه‌رێکی تریشیان پارتی و یه‌کێتییه به یه‌که‌وه.

## ٣- تەحەددا و ئەگەرەکانی دوای هەڵبژاردنەکانی ٧/٢٥

بۆ تیشکخستنەسەر ئەو تەحەددا و ئەگەرانەی کە باشووری کوردستان بەرەورووویانە و چاوەڕوان دەکرێ بەرەوڕووی هەندێکی تریشیان ببێتەوە دوای هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراق، بەتایبەتییش بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ئەگەر و ئەڵتەرناتیڤانەی لە بەردەم لیستی گۆڕانن، پێویستە ئەو تەحەددا و ئەگەرانە لە ئاستەکانی ناوخۆیی واتە باشووری کوردستان، کوردستانی مەزن و ئیقلیمی، عێراقی و جیهانیدا ببینرێن و خوێندنەوەیان بۆ بکرێ.

### ٣–١ لە ئاستی باشووری کوردستاندا

#### ٣-١-١ گۆڕان: تەحەددا و ستراتیژ

هەر وەک پێشتر ئاماژەم پێدا، گۆڕان وەک بزاڤێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەسەر دوو پێگە وەستاوە: پێگەیەکیان تا ئێستاش لەناو حیزبدا هەر نەبێ دەتوانین بڵێین تا ئێستاش بڕیاری بەتەواوەتی نەداوە کە واز لە حیزب بهێنێ یا نا، بەڵام پێگەکەی تریان لەناو جەماوەرە. تا ئێستا ئەم دوالیزمی دوو پێ (پێگە)یە سەرچاوەی هێز بووە بۆ گۆڕان، بەڵام پرسیاری گرنگ ئەوەیە: ئایا تا کەی گۆڕان دەتوانێ ئەم خاڵی هێزەی خۆی بپارێزێ. بە واتایەکی تر، تا کەی گۆڕان دەتوانێ سوود لەوە ببینێ، کە پێیەکی لەناو حیزب بێ و پێیەکیشی لە دەرەوە، بە پێچەوانەشەوە،

کەی دەکرێ ئەو دوالیزمە ببێ بە بارگرانی و کێشە بۆ گۆڕان؟ دیارە وەڵامی ئەم پرسیارە هەر وا ئاسان نییە، چونکە ئەوە تەنها لەسەر حەز و خواستی سەرکردە و جەماوەری گۆڕان ناوەستێ، بەڵکوو ئەو تاکتیکانەی یەکێتی دەیانگرێتە بەر و ئەو بڕیارانەی دەیاندات، گرنگن بۆ شێوەی پێشوەچوونی جەدەل و پەیوەندیی ئەو دوو پێگەیە لەگەڵ یەکتردا. جگە لەمەش، شێواز و تاکتیکی نزیکبوونەوەی پارتیش لەم پرسانە، جا چ بە هاوکاری لەگەڵ یەکێتی بێت، لە ڕێگەی پاڵدانی یەکێتی بە ئاراستەیەکدا، یا لە ڕێگەی تاکتیکێکی تاکجەمسەریی خۆی بێت، دیسان دەتوانێ کاریگەریی هەبێ لەسەر شێوەی مامەڵەکردنی ئەو پرسانە. بە هەرحاڵ، ئەوەی ئاشکرایە، تا ئێستاش زۆرێک لە ئەندام و کادر و ڕەمزە گرنگەکانی گۆڕان، خۆیان بە یەکێتی، یا هەر نەبێ بە یەکێتیی "ڕاستەقینە" و "خاوەنی" ئەو حیزبە دەزانن. جگە لەوەش، کەم نین ئەوانەی ئەمڕۆ لەناو یەکێتی ماونەتەوە، بەڵام "دڵ و هۆشیان" لای ئەو هاوڕێیانەی دوێنێی خەباتە، کە پێیەکیان هاویشتۆتە دەرەوە و بەم شێوەیەش پۆتانسیال (توانایەکی شاردراوە) پێک دەهێنن، کە لەوانەیە لە ساتەوەختی هەستیاردا بڕیاری یەکلاکردنەوە و ساغکردنەوەی خۆیان بە ئاراستەیەکدا چارەنووسساز بێت. لە لایەکی ترەوە، بە ئەگەری زۆر، سەران و کادیرانی گۆڕانیش هەر هەموویان بە زەرورەت وەک یەک بیر ناکەنەوە لە مەسەلەی پەیوەندی و هەڵوێستیان لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و دواڕۆژی ئەو حیزبە و شێوەی نزیکبوونەوە لە هەنگاوی داهاتوو لەمەڕ ئەو پەیوەندییەوە. بە مانایەکی تر، ئەو دوو دیوی پێکهاتە ئاڵۆزە، واتە دیالەکتیکی پێیەک لە ناوەوە و پێیەکیش لە دەرەوە، وا

دەکەن کۆمەڵێک ئەگەر لە بەردەم گۆڕاندا هەبن یا سەر هەڵبدەن:

١- ئەگەری ئەوەی گۆڕان هەوڵ بدات پێکەی دەرەوەش ڕاکێشێتە ناوەوە: ئەم ئەگەرە زۆر لاوازە، بەڵام ئەگەر ڕوو بدات یا هەتا هەر هەوڵێک لەو جۆرە دەتوانێ بۆ گۆڕان زیانبەخش و بگرە پشتشکێنیش بێت. بە هەرحاڵ، ئەوەی تا ئێستا لەسەر زاری کەسی یەکەم لە گۆڕاندا (نەوشیروان مستەفا) و هەندێک لە چالاکڤانانی ناو گۆڕان پشتڕاست کراوەتەوە ئەوەیە، کە نە بواری گەڕانەوە بۆ ناو یەکێتی ماوە و نە هیچ بوارێک ماوەتەوە بۆ ڕیفۆرمکردنی ئەو حیزبە. بە هەرحاڵ، باسکردنی ئەم ئەگەرە، هەر نەبێ لە ئاستی تیۆری و وەک ڕەنگدانەوەی ترس و دڵڕاوکێیەکیش، هەر نەبێ لای هەندێ کەس، گرنگیی خۆی هەیە.

٢- هاوپەیمانیی ستراتیژیی پارتی و یەکێتی، کەوتە بەرامبەر تاقیکردنەوەیەکی گرنگ لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی٧/٢٥دا و بە ئەگەری زۆر، هەر بەسەرهاتێک، کە سروشتی ئەو هاوپەیمانییە بگۆڕێ، دەتوانێ ڕاستەوخۆ کاریگەریی هەبێ لەسەر گۆڕان.

٣- بە بۆچوونی من، لەو سەرکردانەی لەناو یەکێتی ماونەتەوە، هەندێکیان، بەتایبەتی کۆسرەت ڕەسوڵ، کارتێکی هەرە ناجێگیرە و دەکرێ لە هەرکاتێکدا بڕیارێکی لەو شێوەیەی سەرکردەکانی تر بدەن، کە یەکێتییان جێ هێشت و دواجار چوارچێوەی گۆڕانیان بۆ خۆیان هەڵبژارد. ڕووداوێکی ئەوها زۆر ئەگەری لێ دەکەوێتەوە، کە نەک هەر بۆ داهاتووی یەکێتی گرنگە، بەڵکوو بۆ خودی گۆڕانیش بایەخدارە، بەڵام ئەوەی دەکرێ و گرنگە لێرەدا بوترێ ئەوەیە، کە ئەگەر کۆسرەت ڕەسوڵ

چوونە ناو گۆڕانی هەڵبژارد، ئەوە دەبێتە سەرچاوەی هێز بۆ گۆڕان یا بارگرانی بەسەریەوە؟ بە باوەڕی من، هەردوو ئەگەر لە هەمان کات و سات لە دوالیزمێکی ئاڵۆزدا لەئارادان، بەڵام ئەگەری دووهەمیان بەهێزترە. واتە ئەگەری ئەوەی کۆسرەت ڕەسوڵ ببێ بە بارگرانی بەسەر گۆڕانەوە ئەگەر چوونە ناو ئەو بزووتنەوەیەی هەڵبژارد.

٤- شاردراوە نییە کە یەکێک لەو مەسەلانەی بە ئیلحاح هاتوونەتە پێشەوە، بەتایبەتی دوای ٧/٢٥، مەسەلەی دوارۆژی گۆڕانە بەتایبەتی ئەوەی ئایا گۆڕان دەبێ بە حیزب یا بزاڤێکی "ڕێکخراو" و لەو دوو حاڵەتەشدا کەی و بە چ میکانیزمێک. لەوە دەچێ لەم بارەیەوە لەناو گۆڕاندا بۆچوونی جیا جیا هەبێ، بە هەرحاڵ، ئەو بۆچوونەی کە دەخوازێ گۆڕان، هەر نەبێ تا ماوەیەکی نادیار وەک بزووتنەوە یا ڕەوت بمێنێتەوە، لە ئێستادا ئاراستەی هەرە زاڵە.

بە هەرحاڵ، ماوەیەکی کەم بەر لە ئێستا نەوشیروان مستەفا بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش گوزارشتی لەو مەسەلەیە کرد، بەوەی کە نابێ گۆڕان ببێ بە حیزبێکی "ستالینی/بەلشەفی/کلاسیکی." دەکرێ لەم ئاماژەیە ئەوە هەڵێنجین، کە بەڵێ ئەگەری ئەوە کراوەیە گۆڕان ببێ بە حیزب، بەڵام نەک حیزبێکی "ستالینی/بەلشەفی!" ئەگەر ئەو خوێندنەوەیەش لە قسەکەی نەوشیروان مستەفا وا بێت، ئەوا مانای وایە تای تەرازوو بەلای ئەوەدا دەشکێتەوە، کە دواتر گۆڕان، زوو یا درەنگ ببێ بە حیزب. ئەگەرێکی تریش ئەوەیە، مەبەستی نەوشیروان لە قسەکەی ئەوە بووبێ، کە لە ڕێگەی فڕێدانی ئەو قسەیەوە گفتوگۆیەک لەم بارەیەوە بورووژێنێ و دواتر

سوود لە ئاستی کاردانەوەکان و ئاراستەکانیان ببینێ بۆ ئەوەی دواتر تەسەورێک لەم بابەتەدا بخەملێنێ. لە لایەکی ترەوە، کەم نین ئەوانەی دەخوازن گۆڕان وەکوو ڕەوتێکی یا بزووتنەوەیەکی هەرە بەرفراوانی جەماوەری بمێنێتەوە. لە ڕاستیدا ئەو بۆچوونە، وەک وترا، لە ئێستادا بالادەستە لەناو گۆڕاندا. هەڵگرانی ئەو بۆچوونە لەو باوەڕەدان، مانەوەی گۆڕان بە شێوەی ڕەوتێکی جەماوەری وا دەکات، دەروازە هەرە فراوانەکان لە بەردەم گۆڕاندا کراوە بن و مەیدانە هەرە فراوانەکانی مانۆڕی سیاسی بەردەوام والا بن لەپێش ئەم بزاڤە. بە بڕوای من، پەلەکردن لەوەی گۆڕان بکرێ بە حیزب بە ئەگەری زۆر بەرەو حیزبێکی ئێلیتیست، کەم یا زۆر دیسانەوە حیزبێکی بەلشەفی و لەژێر کاریگەریی حیزبییەکانی پێگەکەی ناو حیزب دەهێڵێتەوە. بە پێچەوانەشەوە، لەوانەیە مانەوەی گۆڕان بە شێوەی ڕەوت یا بزاڤ بۆ ماوەیەکی باش دەرفەت بدات، کە ئەگەر بشبێ بە حیزب، ئەوا ئەگەری ئەوە بەهێز بێ لە خوارەوە بۆ سەرەوە ببێ بە حیزب، نەک بە پێچەوانەوە و بەم شێوەیەش هاوسەنگیی دوو پێگەکە لە قازانجی دواڕۆژێکی باش بۆ گۆڕان بپارێزرێ. بە مانایەکی تر، ئەگەر گۆڕان زوو بە زوو لەژێر کاریگەریی پەرچەکردار و گیانی "تۆڵەسەندنەوەدا" ببێ بە حیزب، ئەوا بە ئەگەری زۆر نەک هەر تەقە لە خۆی دەکات، بەڵکوو لەوانەیە تەقەکە هیی خۆکوشتنیش بێ. لەم بارودۆخەدا ئەوەی گۆڕان پێویستیەتی، زنجیرەیەکی زۆر و دەوڵەمەندە لە سیمینار و وۆرکشۆپ، کە چالاکڤانانی هەردوو پێگەکە بەشداری و ئامادەیی و قورساییان تیادا هەبێ.

زۆر بەکورتی؛ لە کاتێکدا گرنگە گۆڕان تەنها وەک لیست

نەمێنێتەوە، گونجاوترین شێوەی خۆڕێکخستن، بە هەرحاڵ لە نزیک مەودادا، ئەوەیە لیستی گۆڕان ببێ بە ڕەوت یا بزاڤ و بەم شێوەیەش تا دەکرێ دوو جەمسەری دوو پێیەکە (پێیەک لە ناوەوە و پێیەک لە دەرەوە) لە شێوەی بزاڤێکی بەرەییی جەماوەریدا بپارێزێ.

٥- دامەزراندنی حکومەتی سێبەر: دیارە هەر زوو دوای هەڵبژاردنەکان، لیستی گۆڕان باسی لە دروستکردنی حکومەتی سێبەر کرد. ئەم مەسەلەیە بووە هۆی گفتوگۆیەکی زۆر لە ناوەوە و لە دەرەوەی گۆڕان، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا دیاردەیەکی تەندروستە. هەنگاوێکی ئەوها لە سیستمێکی تەواو دیموکراسیدا، بۆ نموونە بەریتانیا، نەک هەر مومکینە، بەڵکوو شتێکی باش و پەیڕەوکراویشە، بەڵام ڕاگەیاندنی حکومەتی سێبەر لەلایەن لیستی گۆڕانەوە، لە بارودۆخی کوردستاندا، دەکرێ هەندێک دەرەنجامی نێگەتیڤیی لێ بکەوێتەوە، چونکە بەر لە هەموو شتێک، خەڵکی کوردستان ئەزموونێکی تاڵیان لەگەڵ حوکمداری و بوونی چەند حکومەتێک لە هەمان کاتدا هەیە و بە دەستی "فرەحکومەتیشەوە" ناڵاندوویەتی. لە لایەکی ترەوە، ئەزموونی سوید، لەوەی کە ئۆپۆزسیۆن بەرامبەر هەر وەزارەتێکی دەسەڵات قسەکەرێکی خۆی دەبێ و ئەو قسەکەرە ئەندامی پەرلەمان دەبێ و پسپۆڕیش دەبێ لە بواری کاروباری وەزارەتێکی تایبەتیدا، مۆدێلێکی گونجاوە.

٦- زۆر جار لە گفتوگۆکاندا وا دەر دەکەوێ وەک ئەوەی سەرئێشەی گۆڕان تەنها کاروباری ناوخۆی باشوری کوردستان و هەڵوەستە لە مەسەلە سیاسییە ناوخۆییەکان، بەتایبەتی مەسەلەی حوکمڕانی بێت، بەڵام لەبەر کۆمەڵێک هۆ،

هەر زوو دەر دەکەوێ کە ئاستەکانی سیاسەتکردن و دارشتنی ستراتیژی کارکردن، پێویستە پێنج ئاست وەر بگرێ کە هەموو ئاستەکانیش لە سۆنگەیەک یا چەند سۆنگەیەکەوە پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە و کاریگەرییان بەسەر یەکەوە هەیە: ئاستی باشووری کوردستان، ئاستی کوردستانی گەورە و ئیقلیمی، ئاستی عێراقی و ئاستی جیهانی. ئەوە گرنگە کە گۆڕان لە هەموو ئاستەکاندا بۆچوونی خۆی هەبێت و ئەم بۆچوونەش لە کار و گووتاری بزاڤی گۆڕاندا ڕەنگ بداتەوە و کاریگەریی ئاشکرایان لەسەر دابنێ. لە لایەکی ترەوە، گرنگە گۆڕان بەردەوام بێت لەسەر جەختکردنەوە لە کێشەکانی دەسەڵات و کۆمەڵگەی سیاسی لە باشووری کوردستان و خستنەڕووی چارەسەری و ئەو کێشانە و کارکردن بەو ئاراستەیەدا. لە بەردەوامیی ئەم وتارەدا، هەوڵ دەدەم لەو ئاستانەدا بۆچوونێکی فراوانتر، لەوێشدا دەرفەت و تەحەدداکانی بەردەم گۆڕان، بخەمە ڕوو.

٧- یەکێک لە تەحەددا هەرە گەورە و جیددییەکانی بەردەم گۆڕان، کێشەی ناسنامە و جوگرافیای سیاسیی کارکردنی ئەو بزاڤەیە. کاتێکیش دەڵێین ناسنامە، ئەوا خەملاندنی ناسنامەیەکی تایبەتە بەو بزاڤە لە ڕووی ئامانجە ئایدیۆ- سیاسییەکان و بەرنامەی کار و ئاستەکانی ستراتیژ و میتۆدی کارکردن و ئامراز (ئامرازەکان)ی خەبات. بۆ ناسنامەیەکی ئەوهاش، نەک هەر خودناسین (ناسنامە لە ناوەوەڕا) گرنگە، بەڵکوو بە هەمان ڕادە خۆناساندن بە پەیوەندی لەگەڵ *دەرەوەی خۆی* (ناسنامە بە دیوی دەرەوەڕا) گرنگە. لەم بارەیەوە، تەحەددای هەرە گەورە ئەوەیە، جوگرافیای گۆڕان لە سلێمانییەوە ببێ، یا ڕاستتر بڵێین بکرێ، بە تەواوی باشووری کوردستان. جگە

لەمەش، کێشە و سەرئێشەکانی ئەو بزاڤە لە ڕەنگدانەوە و کاردانەوە لەسەر پرس و کێشەکانی یەکێتی ببێ بە بزاڤێک، کە تەواوی باشووری کوردستان و سیاسەتە پەیوەندیدارەکان لە هەموو ئاستەکانی (عێراقی، ئیقلیمی و جیهانی)دا بکات بە پانتاییی سیاسەتکردن و هەڵوەستە لە ڕەهەندەکانی وەر بگرێ.

ئەوەی ئەمڕۆ تێبینی دەکرێ ئەوەیە، بەشێکی زۆری ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ڕۆژانە بە ڕووی گۆڕاندا قسە دەکات، وەک بڵێی گۆڕان سەری هەموو کێشەکانە، بەڵام کاتێک تێبینیی ڕۆژنامەی خەبات دەکەین، زۆر بەدەگمەن باسێک لەسەر گۆڕان دەدۆزینەوە، چ جای ئەوەی کە خەبات خۆی کردبێتە مینبەری شەڕەقسە لەگەڵ گۆڕاندا، ئەگەرچی پارتی موحافیزکارترە لە یەکێتی بە ڕووی ڕیفۆرمدا. بە هەرحاڵ، لەوە دەچێت ئەجێندایەکی نەنووسراو هەبێت بۆ قەتیسکردنی گۆڕان لە ناوچەی سلێمانیدا و لەم بارەیەوە لەوە دەچێت نائاگایی و بگرە کێماسی و خوێندنەوەی بە هەڵەش بۆ شتەکان لەناو ڕیزەکانی خودی گۆڕانیشدا هەبێت.

٨- ئۆپۆزسیۆنبوون یا بەشداری لە دەسەڵاتدا؟ لەوە دەچێت گۆڕان لە ئاستی باشووری کوردستاندا بەبێ هیچ دوودڵییەک ستراتیژی کارکردن وەک ئۆپۆزسیۆنی بۆ خۆی هەڵبژاردبێت. بە باوەڕی من، بۆ بزاڤێکی تازە سەرهەڵداوی وەک گۆڕان، ئەلتەرنەتیڤی ئۆپۆزسیۆنبوون بەرامبەر بەشداری لە دەسەڵاتدا شیاوترین هەڵبژاردەیە: ١- هێشتا زووە گۆڕان لە ڕێگەی بەشداریکردن لە حکومەتدا بتوانێ خەسڵەتی دەسەڵات لەو ئاستەی گەندەڵی، کە ئێستا تیایەتی، بگۆڕێ بە دەسەڵاتێکی تەندروست و شەفاف. بە پێچەوانەشەوە، بەشداریکردن هەر

ئێستا لەو دەسەڵاتەدا ئەگەری ئەوە بەهێز دەکات، کە گۆڕان خۆشی لەناو ئەو دەسەڵاتەدا گەندەڵ ببێ، وەک ئەو دکتۆرەی بۆ چارەسەری ناساغ بچێ، بەڵام خۆی نەخۆشییەکەی ئەو ناساغە بگرێتەوە. ٢- ئۆپۆزسیۆنبوون (لە ماوەی چوار ساڵدا) دەتوانێ بۆ یەکەم جار لە ئەزموونی سیاسیی باشووری کوردستاندا شێوە بیرکردنەوە و کارکردن و بگرە کولتوورێکی سیاسییش (کە تیایدا دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن هەردووکیان گرنگن) بەرجەستە بکات. دواجار گۆڕان بتوانێ ئەوە بسەلمێنێ، کە سیستمێکی دیموکراسی بەبێ ئۆپۆزسیۆن غەیرە مومکینە و گۆڕانکاریش لەو ڕوانگە سیاسییە ناتەندروستەی لە باشووری کوردستان هەیە، بەبێ بوونی ئۆپۆزسیۆنێکی ڕاستەقینە فەراهەم نابێت. ٣- جگە لەوەش، لە ڕووی تەکتیکی سیاسی و متمانەی جەماوەر بە گۆڕان، باشترین ئەلتەرنەتیڤ بۆ ئەم لیستە-بزاڤە بوونیەتی بە ئۆپۆزسیۆن. لە دەستنیشانکردنی ئەلتەرنەتیڤ و هاوێشتنی هەنگاوە سیاسییەکاندا، لەبەرچاوگرتنی متمانەی خەڵک گرنگییەکی تایبەتی وەر دەگرێ، ئەو متمانەیەش دەبێ وەک سەرمایە و سەرچاوەیەکی هێزی سیاسی و مۆراڵیی زۆر گرنگ مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. ٤- لایەکی تری هەڵبژاردنی ئەلتەرنەتیڤی ئۆپۆزسیۆن ئەوەیە، بە ئەگەری زۆر خەڵکانێکی هەلپەرست و چاوچنۆک و ئەوانەی سیاسەت دەکەن بۆ خۆدەوڵەمەندکردن لە گۆڕان نزیک ناکەونەوە یا ئەگەر ئەمڕۆ لێشی نزیک بن، دواجار لێی دوور دەکەونەوە، چونکە ئەو توخم و کەسانە دەزانن ئۆپۆزسیۆنکردن نەک هەر مرۆڤ دەوڵەمەند ناکات، بەڵکوو لەوانەیە زیانێکی ماددیی ئەو ئۆپۆزسیۆنبوونەشی لێ بکەوێت. پرۆسەیەکی ئەوهاش دەتوانێ بوار بە گۆڕان بدات،

کە زیاتر خەڵکی خۆبەخش لە خۆی کۆ بکاتەوە نەک خەڵکی خۆپەرست. ٥- لە ڕێگەی بەئۆپۆزسیۆنبوون، گۆڕان دەتوانێ ڕێگە لە ئەگەری کاڵبوونەوەی ناسنامەی سیاسیی خۆی بگرێ. لەم قۆناغەدا، گۆڕان پێویستییەکی حەیاتی بە زەقکردنەوەی سنوورەکانی ناسنامەی سیاسیی خۆی هەیە، نەک کاڵکردنەوە و ئیختیزالبوونی ئەو سنوورانە.

### ٣-١-٢ هاوپەیمانیی ستراتیژیی پارتی و یەکێتی

یەکێک لەو شتانەی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە عێراق کاریگەریی هەبووبێ لە بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی باشووری کوردستان و پەیوەندییە دەرەکییەکانی، هاوپەیمانیی نێوان پارتی و یەکێتی بووە. لە لایەکی ترەوە لە تێگەیشتن و وێناکردنی ئەو هاوپەیمانییەشدا، زۆر بۆچوون هەن. دیارە بەرچاوترینیان بۆچوونی ڕەسمیی پۆزەتیڤانە لەمەڕ ئەو هاوپەیمانییە، هیی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی بووە. لە لایەکی ترەوە، لە بۆچوونێکی ڕەخنەگرانەوە، ئەو هاوپەیمانییە لە باشترین حاڵەتدا ڕێگر بووە لە بەردەم نوێبوونەوەی شەڕی براکوژی لەنێوان ئەو دوو هێزەدا و هیی شاردنەوەی کێشەکانی نێوان ئەو دوو حیزبە بووە تا چارەسەرکردنیان. لە خراپترین حاڵەتیشدا، ئەو هاوپەیمانییە هۆکاری یەکەم و هەرەگرنگی ئەو گەندەڵییە بووە، کە سەرتاپای سیستمی سیاسی و ئیداریی لە کوردستاندا گرتۆتەوە.

ماوەیەک بەر لە هەڵبژاردنەکان بۆچوونێکم پیادە کرد، ئەویش ئەوە بوو کە دوای ٧/٢٥ ئەگەری ئەوە هەبوو هەندێک موفاجەئەی سیاسی ڕوو بدەن و لە هەمووشیان گرنگتر دەبوو

ئەگەری هەڵوەشانەوەی ئەو هاوپەیمانییە بێ. بە هەرحاڵ، تا ئێستا پارتی و یەکێتی توانیویانە بە شێوەیەک مامەڵەی دەرهاوێشتەکانی هەڵبژاردنەکان بکەن، کە هەرچۆنێک بێت، تا ئێرە هاوپەیمانییەکە پارێزراو بێت. لە لایەکی ترەوە، زیاتر لە ئاماژەیەک هەیە کە ئەو مامەڵەکردنە ڕەنگدانەوەی لاوازبوونی پێگەی یەکێتیی پێوە دیارە و لەسەرووی هەموویانەوە، شێوەی تەکلیفکردنی سەرۆکوەزیر و دانانی جێگرێک بۆ بەرهەم ساڵح لە بەغداد (واتە پۆستی جێگری نوری ئەلمالیکی). لەوە دەچێ لە هەردووک فایلەکەدا پارتی مامەڵەی یەکێتی وەک "دۆڕاو" بکات، بەم مانایەش گومانێکی جیددی دەکەوێتە سەر دواڕۆژی ئەو هاوپەیمانییە.

لەبارەی تەکلیفکردنی سەرۆکوەزیر بەئاشکرا دوو دانە بۆچوونی جیا لە میدیاکانی پارتی و یەکێتیدا تێبینی کراون، لە یەکەمیاندا بەبەردەوامی باس لە تەکلیفکردنی بەرهەم ساڵح و ئازاد بەرواری دەکرێت، کەچی لە دووەمیاندا بە بەردەوامی جەخت کراوەتە سەر ئەوەی "تەنها" بەرهەم ساڵح بۆ ئەم ئەرکە تەکلیف کرابێ. لە ڕاستیدا لە هیچ جێگەیەکی ئەم دونیایە نەبیستراوە دوو کەس بۆ دامەزراندنی حکومەت ڕاسپێردرێن تەنها لە باشووری کوردستان نەبێت. لایەکەی تریش ئەوەیە، لە هەستیارترین کاتی پەیوەندییەکانی باشووری کوردستان و بەغداد، ئەوەتا جێگەی بەرهەم ساڵح لە بەغداد تا ئێستاش پڕ نەکراوەتەوە! لەم بارەیەوە مەسعود بارزانی لە ڕاگەیاندنێکی سەرۆکایەتیی هەرێمدا باس لەوە دەکات، کە دەستنیشانکردنی کەسێک بۆ ئەو پۆستە تەنها لە تایبەتمەندیی سەرۆکایەتی هەرێمدایە. لە لایەکی ترەوە یەکێتیی نیشتمانی ئەوەی جەخت

کردۆتـەوە، هـەر نەبێ لـە سـەرەتادا، کـە ئـەو جێگەیـە دەبێ بـە هـاوکاری هـەردوولا (پارتـی و یەکێتـی) پڕ بکرێتـەوە.

بـە بـاوەڕی مـن، ئێسـتاش کۆمەڵێک هـۆکار هـەن بـۆ ئەگەری هەڵوەشـانەوەی ئـەو هاوپەیمانییـە یـا هـەر نەبێت لێکترازان و بەرەوڕووبوونـەوە لـە قەیرانێکدا. لـە لایەکـی تـرەوە ئەمـڕۆ لـە هەمـوو ڕۆژێـک زیاتـر، لەپێنـاو پاراسـتنی مۆنۆپۆلکردنـی دەسـەڵات و بـۆ دژایەتیکردنـی بزاڤـی گـۆڕان، پارتـی و یەکێتـی پـێ لەسـەر بەردەوامیی ئـەو هاوپەیمانییـە دادەگـرن. کەواتە چین ئـەو شـتانەی وامـان لـێ دەکـەن لـە ئەمـڕۆ و داهاتووشـدا، وەک ئەگەر قەیرانی جیددی و بگرە هەڵوەشانەوەش لەو هاوپەیمانییە چاوەڕوان بکەین؟:

١- تێکچوونـی هاوسـەنگیی نێـوان پارتـی و یەکێتـی لـە هەڵبژاردنەکانـدا: ئـەم تێکچوونـی هاوسـەنگییە وای کـردووە، لەگـەڵ حـەزی پاراسـتنی هاوپەیمانیشـدا، یەکێتی وەک لایەنێکی لاوازتـر لـە جـاران مامەڵـە بکـرێ، کەچـی لە ڕاسـتیدا ئـەم شـێوەی مامەڵەکردنـە هـەر لـە پەیمانـی واشـنتۆنی ١٩٩٨ەوە باڵادەسـت بـووە لـە پەیوەندیـی ئـەم دوو حیزبـەدا، هەر ئـەو حاڵەتەش بووە، کـە بۆتـە سـەرچاوەی هەندێـک لـە ناڕەزایییەکانـی کادیـران و چالاکڤانانی یەکێتیی نیشـتمانی. کەچی تا ئێسـتاش یەکێتی هەوڵ دەدات لەگـەڵ ئـەو حاڵەتـەدا بسـازێت، بـەڵام پرسـیار ئەوەیـە، ئایا کـەی ئـەو شـێوە مامەڵەیـەی پارتـی لـە یەکێتـی، هاوپەیمانییەکـە دەگەیەنێتـە بنبەسـت؟ ئـەم پرسـیارە کراوەیـە، بەڵام شـتێک کە بە ئەگەری زۆر وا لە یەکێتی بکات، چیی تر "تەنازول" قبوڵ نەکات، ئەوەیـە کـە لەنـاو خـودی یەکێتـی، بەتایبەتـی لـە سـەرکردایەتی و ڕیـزی کادیـرە پێشـکەوتووەکانیدا، ناڕەزایـی بەرامبـەر شـێوەی

بەڕێوەچوونی پەیوەندییەکانی پارتی و یەکێتی بەئاشکرا سەر هەڵبدا و زیاتر دەرگا لە بەردەم کادیر و سەرکردەکانی یەکێتی والا بکات بۆ جێهێشتنی ڕیزەکانی یەکێتی. لە ترسی، یا لەژێر فشاری ئەگەرێکی ئەوها، یەکێتی ڕێگەیەک لەنێوان ئەم دووانەدا هەڵبژێرێ: تەنازولنەکردنی زیاتر و پێداگری لەسەر یەکسانبوونی لەگەڵ پارتیدا، یا پێچەوانەکەی، واتە سازشی زیاتر و لاوازبوونی زیاتر.

٢- شتێکی تر کە ئەگەری هەڵوەشانەوەی ئەو هاوپەیمانییە بەهێز دەکات ئەوەیە: أ- ئەم هاوپەیمانییە تا ڕادەیەکی یەکجار زۆر هیی دوو حیزب نەبووە، واتە لە ئاستی قاعیدە و سەرکردایەتیدا نەبووە، بەڵکوو بە پلەی یەکەم هیی تاڵەبانی و بارزانی بووە. ب- ئەم هاوپەیمانییە لە ئاستی حوکمڕانی و دامەزراوەی یەکگرتووی دەوڵەتدا نەک هەر بەرجەستە و سەرکەوتوو نەبووە، بەڵکوو بگرە بە پێچەوانەشەوە، دوو دەسەڵات و دوو جوگرافیای دەسەڵاتی سیاسیی جیاواز و هاوتەریبی پارتی و یەکێتیشی لێ کەوتۆتەوە. ئەم بیناسازییەی دەسەڵات و دامەزراوەکانی بە ڕووخێنەرترین شێوە لە کەرکوک ڕەنگی داوەتەوە و بە گرانیش بۆ دۆزی ئەو شارە و ناوچە دابڕاوەکان و باشووری کوردستان بەگشتی تەواو بووە.

٣- لەگەڵ ئەوەی پۆستی سەرۆکوەزیران درا بە بەرهەم ساڵح، دیسانەوە پرسی ئەوەی دەسەڵاتی ئەو بەرامبەر بە ئازاد بەرواری چەند و چۆن دەبێ و دەسەڵاتی فیعلیی وەزیرەکان چۆن دەبێ و ئەگەری ئەوەی ئایا دواجار بەرهەم ساڵح لەو پۆستەدا چوار یا تەنها دوو ساڵ دەمێنێتەوە و ئەو دوو لایەنی هاوپەیمانییە پۆستەکانی بەغداد لەنێوانیاندا چۆن دابەش دەکەن

و زۆر پرسی تریش، دەرگا لە بەردەم قەیران و هەڵوەشانەوەی ئەو هاوپەیمانییە بەواڵایی جێ دەهێڵن.

٤- مەسەلەیەک کە کەمتر قسەی لەسەر کراوە، کەچی گرنگییەکی تایبەتی هەیە، داهاتووی سیاسیی نێچیرڤان بارزانییە، کە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا بووە بە خاوەن پێگەیەکی بەهێز لەناو دەسەڵاتدا.

پرسی هەرەگرنگ دەربارەی دواڕۆژی نێچیرڤان ئەوەیە، ئایا چ ڕۆڵێکی پێ دەدرێ یا ئەو خۆی چ ڕۆڵێک بۆ خۆی موناسب دەبینێ. ئەو پرسیارە گرنگییەکی تایبەتی وەر دەگرێ، کاتێک دەزانین ئەو کەسایەتییە جێگەی لەسەر کەم کورسیی (حیزبی و ئیداری) دەبێتەوە، ئەوە ئەگەر جێگەی لەسەر کورسییەکی تر جگە لە هیی سەرۆکوەزیرانی کوردستان ئەسڵەن بشبێتەوە. بەو مانایەش، داتاشینی کورسییەک بۆی، بۆ نموونە کورسیی سەرۆکایەتیی پارتی، ئاسان نییە. بە بۆچوونی من، داتاشینێکی لەم جۆرە نە بۆ پارتی ئاسانە و نە بۆ مەسعود بارزانی و نە ئەو کارەش ئاسانە لە چوارچێوەی پەیوەندییەکانی پارتی و یەکێتیدا. لە لایەکی ترەوە، وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆکوەزیران لە نێچیرڤان، کاریگەریی دەبێت لەسەر پەیوەندییەکانی سێکوچکەی دەسەڵاتی ناو خودی پارتی (مەسعود بارزانی، مەسرور بارزانی و نێچیرڤان بارزانی).

### ٣-١-٣ چوار حیزبەکە

پێشتر لەم وتارەدا باسی هاوپەیمانی، یا ڕاستتر بڵێین یەک لیستیی یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی و سۆسیالیست و زەحمەتکێشانم کرد، وەک ئەگەرێک، کە دوای هەڵبژاردن

و لە سەروبەندی دامەزراندنی حکومەتی نوێ لە باشووری کوردستان بێتە کایەوە. لەوە دەچێت ئەم هاوپەیمانییە زۆر تەمەن نەکات، لەگەڵ ئەوەی هەندێک شتی هاوبەش یا حاڵەتی سیاسیی لەیەکچوو لەنێوان چوار حیزبەکەدا هەن بۆ بوونی ئەم هاوپەیمانییە. دواجار لەوە دەچێ هەر زوو بۆ یەکگرتوو دەر کەوتبێ، کە دوورکەوتنەوەی لەو هاوپەیمانییە باشترە لەوەی تیایدا بەردەوام بێت. مەسەلەیەکی هەرە گرنگیش لە پەیوەندی و هەڵوەستەکانی ئەم چوار حیزبە، لە ئێستادا مەسەلەی بەشداریکردنە لە حکومەتی نوێدا: لە کاتێکدا زەحمەتکێشان، هەڵبەتە مەبەست باڵی قادر عەزیزە و سۆسیالیست بە ئەگەری یەکجار زۆر بەشداری بکەن، هەڵوێستی کۆمەڵ زۆر ڕوون نییە. لە لایەکی ترەوە ئەو ئەگەرەش هەرە بەهێزە کە یەکگرتوو بەشداری لە حکومەتدا نەکات. هەروەها لە ئاستی عێراقیشدا یەکگرتوو هەوڵ دەدات هەر وەک پێشوو لە دەرەوەی هاوپەیمانیی یەکێتی و پارتیدا بمێنێتەوە، هەر چەندە ئەم جارە بە ئەگەری زۆر پارتی و یەکێتی پێداگرییەکی زۆرتر لە پێشوو لە بەشداریکردنی یەکگرتووی ئیسلامی لە حکومەتی هەرێمدا دەکەن بۆ ئەوەی ئەو حیزبە لە ئاستی عێراقیشدا ئەوە قبوڵ بکات کە بچێتە ناو هاوپەیمانیی کوردستانی. بە هەرحاڵ، سیاسەتی ئەو چوار حیزبە هەرچی ئاراستەیەک وەر بگرێ، ئەوا لە هەموو حاڵەتەکاندا ناتوانێ بە ڕادەی گۆڕان قورسایی و کاریگەریی بەسەر هاوکێشە و پرۆسە سیاسییەکاندا هەبێ.

**٣-٢ له ئاستی عێراقیدا**

دوای شه‌ش ساڵ له‌وه‌ی پێی ده‌وترێ پرۆسه‌ی سیاسی له عێراق، خه‌ریکه په‌یوه‌ندییه‌کانی به‌غداد و هه‌ولێر **بگه‌ن به بنبه‌ست**. له ڕاستیدا پاشه‌کشه و بنبه‌ست ده‌مێکه له‌سه‌ر پێیه، به‌ڵام باوه‌ڕم وایه، ئه‌و پاشه‌کشه‌یه ده‌گاته لووتکه، دوای هه‌ڵبژاردنه‌کانی داهاتووی عێراق. بۆ پاشه‌کشه ده‌گاته لووتکه و ئه‌گه‌ره‌کانی گۆڕانکاری له نه‌خشه‌ی سیاسیی ناو عێراق ڕوو له باشووری کوردستان چی ده‌بن؟

جارێ با بزانین سه‌رچاوه‌ی ئه‌و پاشه‌کشه‌یه چییه؟ واته چی ڕووی دا له سه‌ره‌تای پرۆسه‌ی سیاسی له عێراق، بۆ ئه‌وه‌ی دواتر مه‌سه‌له‌کان بگه‌نه ئه‌و ئاقاره‌ی که پێی گه‌یشتوون؟

به بۆچوونی من، کورد له عێراق پێی له خاڵی لێوه‌ده‌رچوونێکی ستراتیژی و بۆچوونێکه‌وه هه‌ڵگرت، که دواتر ده‌رهاوێشته‌که‌ی ئه‌و حاڵه‌ته‌یه که په‌یوه‌ندییه‌کانی به‌غداد و هه‌ولێر تێی که‌وتوون. ستراتیژی کارکردنه‌که‌ش ئه‌وه بوو، سیاسه‌تی کوردی به ئاراسته‌ی پته‌وکردن و به‌رجه‌سته‌بوونی سێ دانه **به هیوابوون** برد، هه‌رسێکیشیان به یه‌که‌وه ده‌ره‌نجامی ئه‌و حاڵه‌ته‌ی لێ که‌وته‌وه، که کورد خۆی ئه‌مڕۆ به‌ره‌وڕوویه‌تی:

١- هیوابوونی کورد به پڕۆژه‌ی ده‌وڵه‌تی عێراقی "دیموکراتی - فیدراڵی." ئه‌م هیوابوونه‌ش به‌رده‌وامیی ئه‌و فه‌لسه‌فه سیاسییه بووه، که ساڵانێکی زۆر بوو کورد له چوارچێوه‌یدا له باشووری کوردستان خه‌باتی ده‌کرد، که ئه‌ویش ئۆتۆنۆمیزمه، دیمۆکراتی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان. ٢- هیوابوونی

ئەمەریکا بە مومکینبوون و سەرکەوتنی پڕۆژەی دەوڵەتی عێراقی یەکبوو، کە لە چوارچێوەیدا کێشەکانی ئەو وڵاتە بە چارەسەر دەگەن. ٣- هیوابوونی سوننە بە شیعە و شیعە بە سوننە: لەم ئاراستەیەدا لایەنی کوردی هەوڵی زۆری دا بۆ ئەوەی: ١- سوننە و شیعە لە یەکتر نزیک ببنەوە. ٢- کورد مەرجی پێشوەختی لایەنێکی سوننەی (حیزبی ئیسلامی)ی قبوڵ کرد، کە بە مەرجی پێداچوونەوەی دەستوور بەشداریی لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥دا بکات. هەڵبەتە ئەم قبوڵکردنەش دواتر (لە هەلومەرجی جیاوازتردا) دەتوانێ بۆ لایەنی کوردی لە عێراقدا کاریسەئامێز بێ. ٣- لایەنی کوردی هەموو شتێکی کرد بۆ ئەوەی سوننە بایکۆت-موقاتەعەی هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥ی عێراق نەکەن.

لە کاتی کەوتنی ڕژێمی بەغداد لە ٩ی نیسانی٢٠٠٣، دوو حکومەتەکەی پارتی و یەکێتی لە دەسەڵاتدا بوون، ئەو کاتە نەیانتوانی پرسیارێکی جیددی لە خۆیان و لایەنە پەیوەندیدارەکان، بەتایبەتی لە ئەمەریکییەکان بکەن. پرسیارەکەش ئەمە بوو: ئایا کە پرۆژەی بەریتانیای مەزن لە سەرخستنی دەوڵەتی عێراقی یەکگرتوو لە ماوەی٨٠ ساڵ زیاتردا سەرکەوتوو نەبوو، ئەوە چییە وا دەکات ئەمەریکا لە هەمان پڕۆژەدا سەرکەوتوو بێت؟ بە باوەڕی من، لایەنی کوردی نەک هەر دەبووایە ئەو پرسیارەی بە ڕووی ئەمەریکی و لایەنەکانی تردا بورووژاندایە، بەڵکوو پێویست بوو بەڕاشکاوی گومانی خۆیشی بخستایەتە ڕوو، کە بەڵێ *لایەنی کوردی گومانی هەیە ئەو پڕۆژەیە سەر بگرێ!* بەڵام ئەوەی لایەنی کوردی کردی پێچەوانەکەی بوو، واتە بە باوەڕێکی زۆرەوە چوو بەرەو دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراق

و لەم ئاراستەیەشدا باوەڕی لای خەڵکانی تریش دروست کرد. بە هەرحاڵ، بەگەرمی پێشوازیکردنی لایەنی کوردی لە سەرلەنوێدامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراق، هەر وەک لەسەرەوە وترا، زیاتر دەرهاوێشتەی حاڵەتێکی ئایدیۆلۆژی و سیاسی و نەفسی بوو، کە زیاتر دەربڕی ئەسیربوونی سەرانی کورد بوو بۆ ئەوەی من پێی دەڵێم (کولتووری سیاسیی ئۆتۆنۆمیزم)، نەک بە زەرورەت دەرهاوێشتەی فشاری ئەمەریکییەکان بوو بۆ قبوڵکردنی پڕۆژەی ئەو دامەزراندنەوەیە.

دەتوانین لێرەدا ئەو پرسیارە گرنگە بکەین: ئایا چی دەبوو ئەگەر لایەنی کوردی بەپێی سیاسەتی *بێهیوابوون* و *بێهیواکردنی* لایەنەکانی تر کاری بکردایە؟ یا هەر نەبێ چالاکانە کاری نەکردایە بە ئاراستەی هیوابوونی کورد بە دەوڵەتی عێراق و هیوابوونی ئەمەریکا بەو پڕۆژەیە و هیوابوونی شیعە و سوننەی عەرەب بە یەکتر.

بەکورتی، پارادۆکس-موفارەقەکە ئەوەیە، کورد لە ماوەی شەش ساڵی ڕابردوودا بە هەموو تواناکانی دەوڵەتی عێراقی دروست کردەوە بۆ ئەوەی هەمان دەوڵەت دواتر ئینکاریی مافە هەرە گرنگەکانی کورد بکات.

ئەی ئێستا، دوای دروستبوونەوەی دەوڵەتی عێراق چی؟ بە بۆچوونی من، ئێستاش ئەگەر و *دەرفەتی ئەوە ماوە، هۆکارەکانی هەر سێ بێهیوابوونە کە بگەڕێنەوە مەیدانی سیاسیی عێراق،* بەڵام ئەو ئەگەرە لە ئێستادا لاوازترە لەوەی ڕاستەوخۆ دوای کەوتنی ڕژێمی بەغداد لەئارادا بوون، ئەو کاتەی دەوڵەتی عێراق لە تەواوی بنەماکانییەوە هەڵوەشابوویەوە.

بە هەرحاڵ، ئێستا سیناریۆیەک کە زۆر جێگەی مەترسی

و نیگەرانییە ئەوەیە، لە ئاكامی هەڵبژاردنە چاوەڕوانكراوەكانی عێراق، لایەنی كوردی بەتوندی پەراوێز بخرێ و دووچاری حاڵەتێک ببێتەوە، كە من پێی دەڵێم "حاڵەتی عێراق وەک موسڵی گەورە" واتە ئەوەی لە موسڵ بەسەر كورد هات، ئەم جارە دوای هەڵبژاردنەكانی عێراق، كەم یا زۆر، دووبارە ببێتەوە. نیگەرانی و ترسەكەش پێ لەو خاڵانەی خوارەوە هەڵدەگرێ:

١- ئەو ئەگەرەی كە هاوشێوەی ئەوەی لە هەڵبژاردنی شارەوانی لە موسڵ ڕووی دا، لە ئاستی هەموو عێراقیشدا ڕوو بدات، واتە عێراق ببێ بە موسڵێكی گەورە. چونكە لەوە دەچێت سوننەكان بە قورسایی تەواو هەتتا بەعسییەكانیش، بە ناوی تر یا لە ڕێگەی پشتگیری لە گروپێک یا چەند گروپێكی تر، بەشداری لە هەڵبژاردنەكاندا دەكەن و هاوپەیمانیی كورد و شیعەش گۆڕانی بەسەردا دێت.

٢- پرنسیپی تەوافوق بەرەو لاوازی و نەمان دەچێت.

٣- ئاراستەی هەرە بەهێز ئەوەیە، دەستووری عێراق بەر لە هەڵبژاردن هەموار نەكرێ و بمێنێتەوە بۆ دوای هەڵبژاردنەكانی پەرلەمان. لەم حاڵەتەشدا بە ئەگەری زۆر كورد دووچاری تەنازول و سازشی زیاتر دەكرێ. چونكە مەرجەكانی سیاسەتكردن و هاوكێشە سیاسییەكان دوای هەڵبژاردنەكانی پەرلەمانی عێراق كەمتر لە بەرژەوەندیی كورددا دەبێت. مانەوەی كێشە هەرە چارەنووسسازەكانی نێوان بەغداد و هەولێر بە چارەسەرنەكراوی، ئەم مەسەلەیە ئاڵۆزتر دەكا و دەرفەتی كوردیش لەم ئاراستەیەدا كەمتر دەبێتەوە.

٤- دوای هەڵبژاردنەكان، ئەگەری پەرتەوازەییی لایەنی كوردی هەیە، بەتایبەتی بە هۆی نەتوانستی پارتی و یەكێتی

لـە مامەڵەکردن لەگـەڵ ڕوانگـەی تـازەدا، کـە ئەویـش هاتنەکایـەی لیسـتێکی تازەی کوردسـتانییە لە ئاسـتی عێراقدا (لیسـتی گۆڕان). گۆڕان ئامـادە نییـە ببێ بـە پاشـکۆی پارتـی و یەکێتـی، بەڵکوو کاریـش دەکا بـۆ کۆتاییهێنـان بـە مۆنۆپۆلـی سیاسـیی ئـەو دوو حیزبە. لە لایەکی ترەوە پارتی و یەکێتی ناتوانن بەئاسـانی ئەوە قبـوڵ بکـەن، کـە گـۆڕان ببێتـە خـاوەن پێگەیەکـی سیاسـیی بەهێـز لەسـەر ئاسـتی عێـراق.

٥- لایەنـە عەرەبییەکانـی عێـراق لـە هەوڵەکانیانـدا بـۆ خەملاندنـی پانتاییی سیاسـی عێـراق بـەرەو حاڵەتێـک دەبـەن، کـە تیایدا کورد لـە ئاسـتی عێراقـدا بەبـێ هاوپەیمـان یـا بـە هاوپەیمانییەکـی لاواز بمێنێتەوە.

٦- لـە ڕووی پەیوەندییـە نێودەوڵەتییەکانـەوە، بەتایبەتـی لەمـەڕ ڕۆڵـی نەتـەوە یەکگرتووەکان و ئەمەریـکا لـە عێـراق، لایەنـی عەرەبـی هـەوڵ دەدات لایەنـی کـوردی وەک کۆسـپ و گوناهبـار بناسـێنێ: وەک ئـەوەی کـورد ڕێگـر بێـت لـە بـەردەم چارەسـەری کێشـەکانی عێـراق. مـن دەترسـم لایەنـی عەرەبـی هـەر زووتـر لـەم ڕووەوە هەندێـک سـەرکەوتنی بەدەسـت هێنابێـت، چونکـە لـە ڕاستیدا هـەر ئێستا لێرە و لەوێ، هەندێک جار ئەمەریکییەکانیش ئـەوە دەخەنـە ڕوو، کـە ئەگـەر دەخـوازرێ کێشـەکانی نێـوان بەغداد و هەولێر چارەسـەر بکرێن، ئـەوا *لەسـەر لایەنـی کوردی پێویسـتە سازشـی زیاتـر بکات*. ئەمـەش خـۆی لـە خۆیـدا شـتێکی مەترسیدارە.

ئایـا لـەم بارودۆخـەدا چـی دەتوانـرێ بکرێـت؟ دیـارە وەڵامدانـەوەی ئـەم پرسـیارە ئاسـان نییـە. بـە هەرحـاڵ، دەکـرێ مرۆڤ باس لە هەندێک ئاسـتی سیاسـی و دیپلۆماسـی بکات، کە

تیایاندا لایەنی کوردی دەتوانێ کار و کاردانەوەی هەبێ:
١- دەربارەی پەرتەوازەییی کورد و ئەگەری لاوازبوونی بەرامبەر بەغداد: بە باوەڕی من، مەرج نییە لیستی گۆڕان بە یەک لیست لەگەڵ لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی دابەزێ، بەڵام زۆر گرنگە هاوکاریی هەبێت لە بەغداد لەنێوان ئەو دوو لیستەدا. بەم مانایەش، گرنگە هەموو لایەنێک ئاراستەی گۆڕان لە شێوەی دوالیزمی **ئۆپۆزسیۆن لە کوردستان** لە لایەک و **هاوکاری لە بەغداد** لە لایەکی ترەوە قبوڵ بکەن. هەنگاوی نێچیرڤان بارزانی لە سەردانیکردنی بارەگای گۆڕان و دواتریش سەردانی د. بەرهەم ساڵح بۆ سەرکردایەتیی گۆڕان، دوو هێمای گرنگ بوون لە ئاراستەیەکی تەندروستدا و پێویستە ئەو هەنگاوانە لە هەموو ئاست و ئاراستەکانی سیاسەتدا بەرجەستە بکرێن، نەک وەکوو دوو کاردانەوەی دابڕاوی دوو سەرکردە بمێننەوە. کەواتە کارکردن بە ئاراستەی قبوڵکردنی لیستی گۆڕان تاکە ئەلتەرنەتیڤە و زۆریش گرنگە. گرنگە کوردستانیبوون و دیموکراتیبوونی ڕاستەقینە لە کارکردن لەگەڵ واقیعی سیاسیی نوێی باشووری کوردستاندا سەرپشک بێت. زۆر گرنگە دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی ئەوە بزانن، کە *ناتوانن و ناشکرێت* لە کوردستان سیاسەتی تەنگپێهەڵچنین بەرامبەر گۆڕان پیادە بکەن و وەک "دوژمن" مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، کەچی لە ئاستی عێراقدا چاوەڕوانی و داوای یەکلیستی لە گۆڕان بکەن. جگە لەمەش، ناکرێ پارتی و یەکێتی لە بەغداد داوا لە لایەنە عەرەبییەکان بکەن، پرنسیپی تەوافوق پیادە بکەن، کەچی لە کوردستان نکۆڵی لەو پرنسیپە بکەن، کاتێک قسە دێتە سەر شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ گۆڕان. گرنگیشە پارتی

و یەکێتی دەست لەو سیاسەتی دووفاقییەیان هەڵبگرن، کە لە لایەکەوە پێداگیرییە لەسەر سیستمی دیموکراسی لەسەر ئاستی عێراق و ڕوو لە بەغداد، لە لایەکی ترەوە شتێکی تەواو جیاواز بکەن لە کوردستان.

٢- لە بەرەوڕووی بەغداد و لە پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا، بەتایبەتی لە مەسەلە چارەنووسسازەکاندا، دوو ئاستی سیاسی، یەکێکیان ستراتیژی و ئەوی تریشیان تاکتیکی، لە بەردەم گۆڕاندان: لە ئاستی ستراتیژیدا واتە لە ئاستی گرێ و کێشە هەرە ناوەندییەکان و چارەنووسی پەیوەندییەکان لەنێوان هەولێر و بەغداد، جیاوازییەکی گەورە لەنێوان بۆچوونی پارتی و یەکێتی لە لایەک و گۆڕان لە لایەکی ترەوە نابینرێ. لە ڕاستیدا لەو ئاستە ستراتیژییەدا خاڵی هاوبەش زیاترن تا خاڵی جیاوازی. بۆ نموونە گۆڕان چارەسەری کێشەی کورد لە باشووری کوردستان لە مانەوە لە چوارچێوەی عێراقدا دەبینێ و میتۆدی چارەسەری کێشەکانیش گەڕانەوەیە بۆ دەستوور و دەزگا دەستوورییەکان، بەڵام لە ئاستی تاکتیکیدا جیاوازییەکە بەرچاوە، بە زەرورەتیش ئەم جیاوازییە لە زیانی کورد نییە. جیاوازییەکەش لە ئاستە تاکتیکییەکەدا بە ڕادەی یەکەم، سەرچاوە دەگرێ لە خواستی بزووتنەوەی گۆڕان بە دابەزین بە لیستی جیا لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا و نەگونجانی ئەو ئاراستەیە لەگەڵ خواستی پارتی و یەکێتی لەم بارەیەوە.

بە هەرحاڵ، لەوە دەچێ لەبەر زۆر هۆ، دابەزینی گۆڕان بە لیستی تایبەتی خۆی لە ئاستی عێراقدا، *بڕیاری هەرە شیاو بێ* بۆ ئەو لیستە، هەر نەبێ بۆ ماوەی چوار ساڵی داهاتوو. بەم مانایەش دەکرێ بەرەوڕووی بەغداد و بە

پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی ناوەندی هاوکاریی ڕەخنەگرانە و بە جەختکردنەوەی تایبەتمەندییەکانی خۆی، بەبێ ئەوەی ئەم هاوکارییە بە زەرورەت مانای توانەوە بێت لەناو یەک لیست لەگەڵ ئەو دوو حیزبەدا، سیغەی هەرە گونجاو بێت بۆ گۆڕان. نموونەی هاوکاریی یەکگرتووی ئیسلامی لە بەغدا لە چوار ساڵی ڕابردوودا لەگەڵ لیستی هاوپەیمانی نموونەیەکی باش و سەرکەوتوو بووە. گۆڕان دەتوانێ سوود لەو ئەزموونە وەر بگرێ و بۆ پارتی و یەکێتیش ئاسان نابێ، نکۆڵی لە سەرکەوتوویی و گونجاویی ئەو ئەزموونە بکەن.

٣- هەرچەندە تا ئێستا زۆر دەرفەتی مێژوویی لەدەست چوون، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە کورد لە باشووری کوردستان دەروازە لە ڕووی سێ دانە بێهیوابوون بکاتەوە، جا چ بە مەبەست و ئاراستەیەکی ستراتیژی بێت یا تەنها تاکتیکی یا هەردووکیان: ١- بێهیوابوونی کورد لە پڕۆژەی دەوڵەتی عێراق. ٢- بێهیوابوونی ئەمەریکا لە سەرکەوتنی پڕۆژەی دەوڵەتی عێراق، بەم شێوەیەش ڕێگە خۆش ببێت بۆ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە ستراتیژی ئەمەریکا لە عێراق لە مۆدێلی *یەک سیاسەتەوە بۆ دوو حاڵەت* (حاڵەتی کوردی لە لایەک و حاڵەتی عەرەبی لە لایەکی تر لە عێراقدا)، بۆ مۆدێلی *دوو سیاسەت بۆ دوو حاڵەت* (واتە سیاسەتێک بۆ کوردستان و سیاسەتێکی تریش بۆ عێراقی عەرەبی). ٣- بێهیوابوونی عەرەبی سوننی و عەرەبی شیعی لە یەکتر.

زۆر بەکورتی و بەچڕی: دەکرێ *هیوای ڕاستەقینە بۆ کورد لەم سێ بێهیوابوونەدا بێت.*

## ٣-٣ لە ئاستی ئیقلیمی و کوردستانی مەزندا

لەم ئاستەدا پەیوەندییەکانی کورد، لە باشوور و لە باکوور، لەگەڵ تورکیا بەرەو قۆناغێکی تازە پێ هەڵدەگرێ و بە بۆچوونی من، ئەو پەیوەندییانە لە داهاتوودا زیاتر دەرفەت لەخۆ دەگرن بۆ باشووری کوردستان تا هەڕەشە. بەم مانایەش، ماوەیەکە تورکیا هەوڵ دەدات ببێ بە بەشێک لە چارەسەری تا بەشێک لە کێشە. لەم بارەیەوە زۆر بەگشتی گۆڕانکارییەکان زیاتر بە ئاراستەیەکی تەندروستدا دەڕۆن: ١- کرانەوەی حیزب و حکومەتەکەی ئەردۆگان لە ڕووی جۆرە چارەسەرییەک بۆ کێشەی کورد. ٢- زیادبوونی ڕۆڵی ئیقلیمیی تورکیا. ٣- ئەگەری ئەوەی ئەمەریکا بەرپرسیارێتیی زیاتر بدا بە تورکیا، تورکیا خۆشی چاوی لەوە بێت، کە بەرپرسیارێتیی خۆی و کاریگەریی لەسەر باشووری کوردستان زیاتر بکات، بەتایبەتی هاوتەریب لەگەڵ ئەگەری کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق. ٤- ئەو قەناعەتەی کە هەر پتەوییەک و بەرەوپێشوەچوونێکی پۆزەتیڤانە لە پەیوەندییەکانی نێوان باشووری کوردستان و تورکیا بەهێزبوونی باشوورە لە ڕووی ئیقلیمییەوە، بەتایبەتی بەرامبەر بەغداد. ٥- پێداگری لەسەر ئەو ڕاستییەی کە ئەمڕۆ لە هەموو ڕۆژێک زیاتر باشووری کوردستان پێویستی بە کرانەوەی هەرچی زیاترە بەرامبەر بە تورکیا. ئەو دەرفەتەی لە تورکیا هاتۆتە کایەوە، کە بەرەو چارەسەرکردنی کێشەی کورد و کرانەوەی دەروازەی زیاترە بە ڕووی ئەو کێشەیە، بە مانای کرانەوە و پەیوەندیی توندوتۆڵتر لەگەڵ باشووری کوردستان دێت. هەر لێرەوەیە کە کورد

پێویستیی بە *بەکوردستانیکردنی* کێشـەی کورد هەیـە لەمدیو و ئەودیـوی سـنوور، تـەواو بـە پێچەوانەی *فەلسـەفەی ئۆتۆنۆمیزم*، کـە بـەردەوام لەسـەر جیهانبینییەکـەی لەسـەر بنچینـەی دابڕینـی کێشـەی کـورد لـە پارچەیەکـی کوردسـتان لـە پارچەکانـی تـری کوردسـتان و لـە وڵاتێـک لـە وڵاتەکانـی تـر بـووە.

دەرەنجام لەوە دەچێت باشـووری کوردسـتان، بە ئۆپۆزسـیۆن و حکومەتـەوە، تەنهـا یـەک ئەلتەرنەتیڤیـان لـە بـەردەم بێت، ئەویش کارکردنە بە شێوەیەکی پۆزەتیڤانە لەگەڵ هەموو ئەو پێشوەچوون و ئاراسـتانەی سـەرەوە، بـۆ بەهێزکردنـی پێگـەی باشـووری کوردسـتان و پاڵدانـی کێشـەی کـورد لـە تورکیـا بـەرەو چارەسـەر.

لە لایەکی ترەوە، بزاڤی سیاسـی لە باشـووری کوردسـتان لە ماوەیەکی دوورودرێژدا ئەسـیری کولتورێکی سیاسـیی ڕوخێنەر بـووە لـە بابەتـی سیاسـەتی حیزبـە سیاسـییەکان لـە ئاسـتی ئیقلیمیدا. بـە مانایەکـی تـر، ئامانجێکـی ئـەو پەیوەندییانـە زیاتر بۆ پشتشـکاندنی یەکتر بووە تا پەیڕەوکردنی بەرنامەیەکی سیاسیی نەتەوەیی. ئێسـتا دەرفەتـی ئـەوە هەیـە، بـۆ نموونـە بزووتنـەوەی گـۆڕان سیاسـەتێکی ئاشـکرا و ڕوون، ڕوو لـەو ئاسـتە تێکەڵاوەی کوردسـتانی مـەزن و ئیقلیمـی پیـادە بـکات و خـۆی بپارێـزێ لـە هەمـوو یارییـەک لـە پەیوەندییـە ئیقلیمییەکانـدا، کـە ڕەنگدانـەوەی خواسـتی تەسـکی حیزبی بووە و مەبەسـتیش تیایدا پشتشـکاندنی یەکتـری بـووە. لـە لایەکـی تـرەوە، گرنگـە بزووتنـەوەی گـۆڕان وەک ئۆپۆزسـیۆن لـە وتارێکـی ڕوون و ئاشـکرادا خوێندنـەوە و بۆچوونـی خـۆی لـە دیپلۆماسـی کوردسـتانی بناسـێنێت و هـەوڵ بـدات بـە هـاوکاری لەگـەڵ حیزبەکانی تر یا بەتەنیا، پەیڕەوی ئەو خوێندنەوەیـەی خـۆی لـەو ئاسـتەدا بکات.

### ٣-٤ لە ئاستی جیهانیدا

لە ئاستی جیهانیدا باشووری کوردستان بەرەوڕووی کۆمەڵێک ئەگەرە، لە هەمووشیان گرنگتر سیاسەتی ئەمەریکایە لە عێراق و ناوچەکە و کاریگەریی ئەو سیاسەتەیە لەسەر چارەنووسی باشووری کوردستان. بە ئەگەری زۆر لە ماوەی داهاتوودا ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکان بەتایبەتی ئەمەریکا و نەتەوەیەکگرتووەکان، هەست بە فشار و کەمیی کات بکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق. ئەوەی لەم بارەیەوە پێویستە بوترێ ئەوەیە، لەم سیاقەدا لایەنی کوردی بەتوندی پەیوەندیدار دەکرێ، بەتایبەتی لە مەسەلەی ململانێی نێوان هەولێر و بەغداد.

ئەوەی لێرەدا گرنگییەکی تایبەتی وەر دەگرێ ئەوەیە، لە زۆر ئاستی سیاسی و دیپلۆماسی و میدیایی و بگرە سەربازیی ئەمەریکاشدا، جەخت لەوە دەکرێتەوە، ململانێی هەرە جیددی کە بەرەوڕووی عێراق دەبێتەوە، کێشەی نێوان کورد و عەرەبە. جگە لەوەش، خەریکە بۆچوونێک، هەر نەبێ لە ئاستی میدیای ئەمەریکی و ئەکادیمیدا بەرجەستە دەبێت، ئەوەیە کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان پێویستە لایەنی کوردی سازشی زیاتر بکات، ئەم حاڵەتەش زۆر پەیوەندیی بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق هەیە، بەتایبەتی ئەو خواستەی کە فەراهەمبوونی کشانەوەی ئەمەریکا لە عێراق، نەک هەر پێویستە لایەنی هێمنی و ئاساییش لەو وڵاتە زامن کرابێتن، بەڵکوو دەبێ کێشە سیاسییەکانیش چارەسەر کرابن.

لەم سۆنگەیەوە بە ئەگەری زۆر لەوە دەچێ ئەمەریکا

لە ماوەی داهاتوودا پەلە بکات لە "چارەسەرکردنی" کێشە هەڵپەسێردراوەکان لەنێوان هەولێر و بەغداد، لەوەشدا ئەگەری ئەوە زۆرە، ئەمەریکا فشاری زیاتر بخاتە سەر لایەنی کوردی. لەبەر ئەوە ئەم ئەگەرە لەگەڵ ئەگەری ئەوەی کە کورد دوای هەڵبژاردنەکانی عێراق زیاتر پەراوێز بخرێ و لە ڕووی سیاسیشەوە زیاتر پەرتەوازە بێت، دەکرێ ببێتە سەرچاوەی جۆرێک لە پاشەکشەی جیددی بۆ لایەنی کوردی لە عێراق.

زۆر بەکورتی، لەگەڵ بوونی هەندێک پێشوەچوونی نیگەرانئامێزیشدا، لە ئاستی جیهانییەوە، تا ئێستاش بواری دەرفەت بۆ کورد ماوە. بەڵام ئەو کاتە دەرفەت بۆ کورد بەباشی دەشکێتەوە و دەبێ بە *دەرفەتێکی ڕاستەقینە*، وەختێک لایەنی کوردی خوێندنەوەیەکی شایستە و نەتەوەیی بۆ ئەو دەرفەتە بکات و هەڵسوکەوتی هەرە پێویست و شایستە بە دەرفەتەکە بکات، نەک بە هۆی پەرتەوازەیی و پەیڕەوکردنی سیاسەتی پاشقوڵلەیەکترگرتن ئەو دەرفەتە لەبار بەرێت.

بە مانایەکی تر، لە ئاستیی جیهانیدا دوالیزمی دەرفەت لە لایەک و نیگەرانی لە لایەکی تر بەدی دەکرێن، بە پەیوەندی لەگەڵ چۆنێتی پێشەوەچوونی پەیوەندییەکان لە سێکوچکەی (کورد – ئەمەریکا – عێراقی عەرەبی) لە چوارچێوەی جوگرافیایەکی سیاسیی ئیقلیمی و جیهانیی زۆر ئاڵۆزدا...

## ٤- دەرەنجام

لە هەژدەساڵی ڕابردوودا پارتی و یەکێتی سەرکەوتوو نەبوون لە ئەزموونی بیناسازیی دەوڵەتی دامەزراوە و فەرمانڕەواییی یاسا، ئەوە ئەگەر باسی کاریسە نەتەوەییەکەی شەڕە خۆکوژی و کوردکوژییەکەی ١٩٩٤–١٩٩٨ و هەندێک ڕووداو و سیاسەتی چەوتی پشتشکێنیش نەکەین.

یەکێک لە دەرەنجامە هەرە ترسناکەکانی ئەو سەرنەکەوتنە، بەرهەمهێنانی دوو دەسەڵاتی هاوتەریبی ڕەسمی لە لایەک و شاردراوە لە لایەکی ترەوە بووە. جگە لەوەش دەبێ ئاماژە بەو ڕاستییەش بکرێ، کە نەک هەر یەک دانە دەسەڵاتی شاردراوە هەیە، بەڵکوو دوو دانە هەیە: یەکێتی دەسەڵاتی شاردراوەی (دەسەڵاتی دەرەوەی یاسا)ی تایبەت بە خۆی هەیە و پارتیش دەسەڵاتی شاردراوەی خۆی هەیە. لەم سۆنگەیەوە تەحەددای هەرە جیددی، کە بۆ ماوەیەکی نادیار بەرەوڕووی ئەزموونی باشووری کوردستان دەبێتەوە، ئەو دەسەڵاتە شاردراوەیەیە کە دەکرێ لە بەردەوامیدا *تەواوی ئەزموون بخاتە مەترسییەوە*. لە ڕاستیدا کورد لە باشوور دەبێ خاوەنی یەک دەسەڵات بێت، ئەویش دەسەڵاتێکی ئاشکرا و ڕەسمییە کە دەربڕی ڕەوایەتیی دیموکراسی و بەرجەستەکردنی سەروەریی ناوخۆییە لە سیستمێکی شەفافدا. بە مانایەکی تر، بەردەوامیی دەسەڵاتی شاردراوە لە کوردستان لە درێژبوونەوەیدا، یەکێکە لە هەڕەشە هەرە جیددییەکان بۆ سەر تەواوی پرۆژەی سیاسی لە باشووری کوردستان.

بزاڤی گۆڕان بە شێوەیەکی زۆر سەرنجڕاکێش سەری هەڵدا. یەکەم جار بۆ ماوەیەکی زۆر لە دوو فەزای دابڕاو لە یەکتر، یەکێکیان لە*ناوەوە* (لەناو حزب) و یەکێکی تریشیان لە*دەرەوە*، لەدەرەوەی حیزب. ئەم ناوەوە و دەرەوەیە لە لیستی گۆڕاندا **یەکتریان گرت** و بەم شێوەیەش ڕوانگەیەکی نوێ لە سیاسەتکردن هاتە کایەوە، کە بزاڤی حیزبی و بزاڤی جەماوەری بە یەکەوە گرێ دەدات.

هاتنەکایەی لیستی گۆڕان کۆمەڵێک دەرفەت دەهێنێتە گۆڕێ و کۆمەڵێک هەڵتەکانی گرنگ بە ئاراستەی تەندروستکردنی ئەزموونی کوردی فەراهەم دەکات. بەڵام لیستی گۆڕان خۆشی بەرەو داهاتوو بەرەوڕووی زۆر تەحەددا و کێشەیە، گرنگترینیان ئەوەیە: ئایا ئەم لیستە چۆن خۆی دەکاتە ئاراستە و بزاڤێک، کە بتوانێ دواجار دوو پێیەکە یەک بکات و خۆی لە هەندێک کێشە و قەیرانی دوالیزمیی دووپێیی (دووپێگەیی) بپارێزێ. بە مانایەکی تر، پرسیار ئەوەیە: ئایا گۆڕان چۆن دەتوانێ ئەم دوالیزمە وەک *سەرچاوەی هێزی بزاڤەکە* بپارێزێ.

ئێستا بزاڤی گۆڕان لەگەڵ پێداویستییەک ڕووبەڕووە، کە بۆ ئەمڕۆی ئەو بزاڤە و بۆ داهاتووەکەشی گرنگە، ئەویش خۆساغکردنەوە و خەملاندنی ناسنامەیەکی تایبەت بە خۆیەتی. لایەنی هەرە گرنگیش لەو ناسنامەیە ئەوەیە، ئەم بزاڤە ڕۆڵی خۆی لە پێنج ئاستی ستراتیژیدا دەستنیشان بکات. بە بۆچوونی من، شێوەیەکی ئەم دەستنیشانکردنە دەتوانێ ئەوها بێت: ١- ئۆپۆزسیۆنبوون لە باشووری کوردستان. ٢- هاوکاری لە بەغداد، بەبێ ئەوەی بە زەرورەت بچێتە ناو یەک لیستەوە لەگەڵ پارتی و یەکێتی. ٣- لە ئاستی ئیقلیمیدا هاوکاریکردن

و یەکهەڵوێستی لەگەڵ حیزبەکانی تر، بەڵام بە تایبەتمەندیی خۆیەوە و خۆدوورگرتن لە گەمە کلاسیکییە دۆڕاوەکان لەگەڵ هێزە ئیقلیمییەکاندا. ٤- لە ئاستی جیهانییشدا، دوالیزمی ئۆپۆزسیۆن بوون (هەڵوێستی ڕەخنەگرانە لە دەسەڵات) لە لایەک و هاوکاری لە لایەکی ترەوە.

زۆر هێما هەن کە ئەسڵەن پارتی و یەکێتی ئامادە نین بە شێوەیەک لەگەڵ گۆڕاندا هەڵسوکەوت بکەن، وەک ئەوەی ئەو بزووتنەوەیە هەڵقووڵاوی ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی کوردستانە. لە لایەکی ترەوە، ناکرێ جەماوەری گۆڕان هەر وا بەئاسانی وەک کۆمەڵێک خەڵکی جیابووەوە لە حیزبێک لە قەڵەم بدرێن و ئەو ڕاستییەش نەبینرێ کە ئەم بزاڤە بە توانای خۆی و بە پشتگیریی بەشێکی زۆری خەڵکی کوردستان (دوور لە ئینتیمای حیزبی) هاتۆتە کایەوە. جگە لەوەش، لە ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ٧/٢٥ هەر نەبێ ٢٥٪ی دەنگی خەڵکی کوردستانی بەدەست هێناوە.

ماوەیەکە، بەتایبەتی دوای هەڵبژاردنەکان، یەکێتیی نیشتمانی هەموو هێز و تواناکانی بۆ دژایەتیکردنی گۆڕان تەرخان کردووە. جگە لەمەش، لە لای گۆڕانیشەوە هەست بە کاردانەوە دەکرێت، کە دەکرێ دواجار ئەم کار و کردارانە مەسەلەکان بەرەو پشێوی ببەن. ئەم ئاراستەیە ترسناکە و بەرپرسیارێتیی دەکەوێتە سەر شانی هەموو لایەک، کە ڕێگە لە تەشەنەبوونی زیاتری ئەم ئاراستەیە بۆ ئاستێکی شەڕخوازی و بەرەوڕووبوونەوەی خوێناوی بگرن.

# ناسیۆنالیزم وەک ئایدیۆلۆژیا دەبێتە جۆرێک لە دین، لە هەندێک حاڵەتیشدا کتومت دەبێتە جێگرەوەی

**دیمانەی گۆڤاری سەرچاوە،**
**سەرچاوە، ژمارە ٥، ئایاری ٢٠١٠ بڵاو بۆتەوە**
**سازدانی ڕۆژنامەنووس**
**مەجید ساڵح**

سەرچاوە: لە کاتێکدا جیهانگیری سنووورە سیاسییەکان تێدەپەڕێنێت و مانایەک ناهێڵێتەوە بۆ بوونی چوارچێوەیەکی سیاسیی دیاریکراوی نەتەوەیی، گووتاری ناسیۆنالیزم بەرەو کوێ دەچێت؟

ب. یاسین: لە سەرەتادا پێویستە ئەوە بڵێین، باسوخواس دەربارەی جیهانگیری، لە کەم یا زۆر، ٣٠ساڵی دواییدا چڕ بۆتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم باسوخواسە لە ڕووی تیۆرییەوە زۆر کۆنە. بۆ نموونە لە سەرەتای ١٩٧٠کانی سەدەی ڕابردوودا باس لە لادێی جیهانی(Global village) کراوە وەکوو چەمک بۆ گوزارشتکردن لە سیستمی جیهانی. هەر لەبەر ئەوەشە

کاتێک باس و لێکۆڵینەوەکان دەربارەی *سیستمی نوێی جیهانی* چڕ بوونەوە لە سەرەتای ١٩٩٠کانەوە، یەکێک لە چوارچێوە تیۆرییەکان، کە باس کراون، هەر ئەو لادێی جیهانییە بوو وەکوو مۆدێلێک بۆ تێگەیشتن لە سیستمی نوێی جیهانی. هەر بەم مانایەش زۆر جار گوزارشت لە سیستمی نوێی جیهانی کەم یا زۆر گوزارەشتە لە جیهانگیری. بە هەر حاڵ، ئەو ڕووداوەی هاوبەش بوو لەنێوانیاندا و چارەنووسساز بوو بۆ هەردوو مەسەلەی جیهانگیری و سیستمی نوێی جیهانی، کۆتاییی جەنگی سارد بوو. لە ڕاستیدا هەر ئەو کۆتاییی‌یەی جەنگی سارد بوو، کە دەرفەتی جیهانگیریی لە ڕووی عەمەلی و ئایدیۆلۆژییەوە فەراهەم کرد و چڕتر کردەوە. لە ڕووی عەمەلییەوە، هەڵوەشانەوەی سیستمی سۆسیالیست سەرکەوتن بوو بۆ بازاڕی ئازاد. لە ڕووی ئایدیۆلۆژیشەوە، هەڵوەشانەوەی ئەو سیستمە گوڕوتینێکی تازە و دەرفەتی سەرلەنوێی بە لیبرالیزم بەخشی و ئەو هەڵوەشانەوەیە وەکوو سەرکەوتنێکی مێژوویی بۆ لیبرالیزم تۆمار کرا.

ئایا بەراستی جیهانگیری مانایەک ناهێڵێتەوە بۆ چوارچێوەی سیاسیی دیاریکراو یا ئاشکرایانەتر بڵێین مانایەک بۆ دەوڵەت ناهێڵێتەوە؟

لەم بارەیەوە دژایەتییەکی زۆر لەنێوان بۆچوونەکاندا هەیە و دەرهاویشتەکانیش ئەو بۆچوونەی ناو پرسیارەکەتان پشتڕاست ناکەنەوە، کە گوایە "جیهانگیری مانایەک ناهێڵێتەوە بۆ بوونی چوارچێوەیەکی سیاسیی دیاریکراوی نەتەوەیی." لێرەدا بە چەند خاڵێک ئەم بۆچوونەم ڕوون دەکەمەوە:

١- لە ڕووی تیۆرییەوە ئەوە زیاتر لایەنگرانی تیۆری

نیولیبرالیزمن، کە لە بابەتی پەیوەندییە نێونەتەوەیییەکان بە جەختکردنەوەوە ئەو بۆچوونە پیادە دەکەن، کە گوایە لە چەرخی جیهانگیریدا مانایەک بۆ سنووری دەوڵەتان نامێنێتەوە، بەڵام لایەنگرانی مەدرەسەی ڕیالیستی و نیو - ریالیستی (neo-realist) ئەوە جەخت دەکەنەوە، کە هەرچەندە جیهانگیری کاریگەریی دەبێت، بە شێوەیەک یا شێوەیەکی تر، لەسەر دەوڵەتی نەتەوەیی، بەڵام دەوڵەت تا ماوەیەکی دووردرێژ دەمێنێتەوە، چونکە مرۆڤایەتی چوارچێوەیەکی باشتری لە دەوڵەت بەرهەم نەهێناوە بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگە مرۆیییەکان.

٢- لەبەرئەوەی کاریگەرییەکانی جیهانگیری زۆر ناهاوسەنگە لە ئاستی جیهانیدا، ئەم کاریگەرییە ناهاوسەنگە بەتایبەتی بەرچاوە لە بابەتی کاریگەری بۆ سەر بوون و دوارۆژی چوارچێوە سیاسییەکان، واتە دەوڵەتان. زۆر بەکورتی و بەچڕی: لە کاتێکدا لە ئەورووپای ڕۆژئاوا سنوورەکانی دەوڵەت کاڵدەبنەوە، لە بەشێکی تری جیهان، بەتایبەتی لە سۆڤیەتی پێشوو و ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا، ژمارەیەکی زۆر دەوڵەتی نوێ ڕاگەیەندراون و سنوورەکانیش بەردەوام بەهێز دەبن. لە کاتێکدا لە قۆناغێکی بەرزی کاپیتالیزمدا لە ئەورووپای ڕۆژئاوا پێداویستی بە فەراهەمکردنی بازاڕی کراوە ئازاد و ئاسانکاری بۆ هاتووچۆی هێزی کار و سەرمایە، بەتایبەتی سەرمایەی وەبەرهێنان، خۆی سەپاندووە و دەرهاویشتەکەشی قووڵبوونەوە و فراوانبوونی یەکێتیی ئەورووپا بووە، بەشەکانی تری جیهان ئەم پێشکەوتنەیان بە خۆوە نەبینیوە. بەم پێیەش لەو بەشەی جیهان (بەتایبەتی ئەو بەشەی وەک جیهانی سێهەم ناسراوە) پێویستی بە سنووری نەتەوەیی هێشتا ماوە

و تا ماوەیەکی تریش هەر وا دەمێنێتەوە.

٣- بەپێی بۆچوونی هەندێ لە شارەزایان، قەیرانی ئابووریی هەرە دوایی جیهان، کە سەرەتاکەی لە ئەمەریکاوە سەری هەڵدا، لە زۆر ڕووەوە بۆتە هۆی لاوازی و کزیی جیهانگیری و بەهێزبوونی دەنگ و ئاراستەی بەهێزکردنی ڕۆڵی دەوڵەت بەرامبەر هێزە "ئازادەکانی" بازاڕ و سەرمایە، لە ڕەهەندە سیاسی و ئابوورییەکانیدا. نەک هەر ئەوە، بەڵکوو هەندێک وای بۆ دەچن، ئەو قەیرانە جیهانییە بووەتە هۆی لەگۆڕنانی جیهانگیری، بەڵام بە باوەڕی من، ئەو بۆچوونە لە لەگۆڕنانی جیهانگیریی دوور ڕۆیشتنە. لە لایەکی تریشەوە قەیرانی هەرەدوایی یۆنانستان کاریگەری بووە و لە ماوەی داهاتووشدا زیاتر دەبێ لەسەر پرنسیپ و میکانیزمەکانی ئیندیماج لەناو یەکێتیی ئەوروپادا: بەکورتی و بەچڕی، هەنگاوێک بەرەو بەهێزبوونەوەی سنوورە نەتەوەییەکانی ناو یەکێتیی ئەوروپا، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا پاشەکشەیەکە لە جیهانگیری، چونکە بەردەوام یەکێتیی ئەوروپا وەک نموونەیەکی بەرجەستە لە سەرکەوتنی جیهانگیری و لاوازبوونی پرنسیپ و ئەرکەکانی دەوڵەت -نەتەوە باس کراوە.

٤- بە شێوەیەکی گشتی لەبەر تەوژم و لەژێر کاریگەریی جیهانگیریدا، لەبری توانەوەیان، ناسنامە لۆکاڵی یا ناوچەییەکان (ئیتنی، دینی، مەزهەبی، جوگرافی... هتد) نوێبوونەوە و بەهێزبوونیان بە خۆوە بینیوە. تێگەیشتنێکیش لەو حاڵەتە ئەوەیە:

أ- مرۆڤ لە سروشتی خۆیدا بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و بەم مانایەش پێویستیی بەردەوامی بە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی (تۆ بڵێ ناسنامەیەک، کە سنوورەکانی دیار و تەعریفیکراو بێت)

هەیە. ب- گەشانەوەی ئەو ناسنامە ناوچەییيانە شێوەیەکی یا میکانیزمێکی بەرگریلەخۆکردنە لە بەردەم تەوژمی جیهانگیریدا.

جگە لەوەش، تێبینیی ئەوە دەکرێ، کە دەنگ و هێزە ناسیۆنالیستییە توندڕەوەکان لە ئەورووپای ڕۆژئاوا (تۆ بڵێ لەناو هەناوی جیهانگیریدا) بە شێوەیەکی هاوتەریب لە بەهێزبووندایە. ئەمەش تا ڕاددەیەکی زۆر کاردانەوەی ڕاستەوخۆی ڕەهەندێکی جیهانگیرییە، ئەویش هاتنی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی بیانییە بۆ ئەورووپا، کە بە بۆچوونی ئەو هێزە توندڕەوانە، هاتنی ئەو بیانییانە هەڕەشەن لە کۆمەڵگە ئەورووپییەکان، هەر نەبێ لە سێ ئاستەوە: ئاساییش و هێمنیی ناو کۆمەڵگە، دەرفەتی کار و بەها کولتوورییە خۆماڵییەکانی ئەو کۆمەڵگەیانە. بەپێی زۆر بۆچوونیش، ئەم هێزە ڕاستڕەوە توندڕەوانە لە زیادبوون و فراوانبووندان و دەکرێ بەگشتی کاریگەرییەکی زۆر بکەنە سەر پرۆسەی کرانەوەیەکی زیاتری کۆمەڵگەکانی یەکێتیی ئەورووپا و سیاسەتی کرانەوە و ئینديماجی تاکەتاکەی ئەندامانی ئەو یەکێتییە.

سەرچاوە: دەکرێت بڵێین قسەکردن لەسەر جیهانگیری واتە قسەکردن لەسەر غیابی ناسیۆنالیزم؟ یاخود تێکەڵاوبوون لەنێوان خواستی ناسیۆنالی و خواستی جیهانگیریدا هەیە؟

ب. یاسین: دەبێ بۆ وەڵامدانەوەی بەشی یەکەمی پرسیارەکەتان جیاوازییەکی ئاشکرا لەم پەیوەستەدا لەنێوان دوو شێوەی ناسیۆنالیزم، کە دەکەونە ژێر کاریگەریی جیهانگیری و بەرەوڕووی دەبنەوە، بکەین: یەکێکیان ناسیۆنالیزمی دەوڵەتە،

کە زیاتر بە patriotism ناسراوە، ئەوی تریشیان ناسیۆنالیزمی ئەو ئەکتەر یا بزاڤە ناسیۆنالیستانەیە، کە خاوەنی دەوڵەتی خۆیان نین، بەتایبەتی نەتەوەی بێدەوڵەت.

شتێکی شاردراوە نییە کە دەوڵەتان بە شێوەی جیاواز سیاسەتی خۆیان لە بوارە جیاجیاکاندا دەخەملێنن، بۆ بەرەوڕووبوونەوەی جیهانگیری یا خۆگونجاندن لەگەڵیدا. لە لایەکی ترەوە بزاڤە ناسیۆنالیستییەکان، کە بزاڤی ناسیۆنالیستیی کوردی یەکێکە لەو بزاڤانە، دوو جار دەکەونە ژێر کاریگەریی جیهانگیری: ١- جارێکیان لە ڕووی بڵاوبوونەوەی بەها گەردوونییەکان و کاڵکردنەوەی ئەو ناسنامە و کولتوورانەی جیاوازی دروست دەکەن و بە پێچەوانەشەوە جیهانگیری دەبێتە هۆی بەهێزبوونی بەها گەردوونییەکان. ٢- تا ڕادەیەکی زۆر تەوژمی جیهانگیری، هەر نەبێ لە ڕووی تیۆرییەوە، بووەتە هۆی لاوازبوونی بەهانەی خەباتکردن و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی. بە مانایەکی تر، لە لایەکەوە بۆ ناسیۆنالیزم لە حاڵەتی ئەو نەتەوانەی خاوەن دەوڵەتی خۆیان نین، لەوێشدا ناسیۆنالیزمی کوردی، جیهانگیری کاریگەریی پۆزەتیڤی هەیە بەو مانایەی جیهانگیری بووەتە هۆی لاوازبوونی دەوڵەت و کاڵبوونەوەی سنوورەکانی. دەوڵەت چیی تر بە شێوازە کلاسیکییەکان، واتە لە ڕێگەی بەهێزکردنی سنوورەکانی و خۆحەشاردان لەپشت ئەو سنوورانەوە، ناتوانێ خۆی بپارێزی. بە مانایەکی تر، هەر وەک سیاسییەکی تورک دەربارەی ڕۆڵی سەتەلایت تیڤی و ئینتەرنێت لە گەشەکردنی زمانی کوردی و بەهێزبوونی هەستی نەتەوەییی کوردی دەڵێ، ”ئێمە پێویست ناکات خۆمان بە دانانی دەرگا بۆ ژوورێک

خەریک بکەین، کاتێک دەبینین ژوورەکە هەموو دیوارەکانی ڕووخاون.“ لە لایەکی ترەوە، کاریگەریی نێگەتیڤیشی دەبێت بەپێی ئەو دوو خاڵەی کە لەسەرەوە لەم وەڵامەدا خرانە ڕوو.

لە لایەکی ترەوە، دەربارەی بەشی دووەمی پرسیارەکەتان، دەتوانم بڵێم ئەوە جاری یەکەم نییە، کە بە هۆی جیهانگیرییەوە ناسیۆنالیزم و لەوێشدا ناسیۆنالیزمی کوردی، بکەوێتە ژێر کاریگەریی بەها گەردوونییەکان، بۆ نموونە، مافی مرۆڤ، ئازادییەکان و بەگشتی مافەکانی تاکەکەس، چونکە هەر لە زەمانی ڕۆشنگەرییەوە و لە بەردەوامیی گەشەکردنی ناسیۆنالیزم لە ژینگە مێژوویییە جیاجیاکانی جیهاندا، بەردەوام ئەو دژایەتییە لەنێوان *بەها گەردوونییەکان* لە لایەک و *بەها تایبەتییەکان* لە لایەکی ترەوە لەناو ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیزم و پڕۆگرامە سیاسییەکانی بزاڤە ناسیۆنالیستەکاندا هەبووە. ئەوەی جیاوازە ئەوەیە، هاوسەنگیی ئەو دژایەتییە، یا ڕاستتر بڵێین ئەو دوو ڕەهەندە دژبەیەکە: گەردوونی و تایبەتی، لەژێر کاریگەریی جیهانگیریدا تێک چووە و پەیوەندییەکە لاسەنگ بووە لە سوودی بەها گەردوونییەکان، بەتایبەتی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و ئازادییەکانی تاک و بەهێزبوونی توخمە گەردوونییەکانی ناسنامە بەرامبەر توخمە سنووردار و تایبەت و لۆکاڵییەکانی ناسنامە. هەر ئەوەشە وا لە بزاڤی نەتەوەییی نەتەوە بێدەوڵەتەکان دەکات، کە هەست بە تەحەددایەکی جیددی بکەن لە بەرامبەر تەوژمی جیهانگیریدا... هەر لەبەر ئەوەشە من لە هەندێ دەرفەتی تردا وتوومە، ئەرکی هەرە گەورەی ناسیۆنالیزمی کوردی لە قۆناغی داهاتوودا یەککردنی دژایەتییەکانە، بە شێوەیەک، کە یەکێک لەو دژایەتییانە لەنێوان

دوو ڕەهەندی بەها گەردوونییەکان و بەها تایبەتییەکان ببێ بە شێوە هاوئاهەنگییەک لە فەلسەفەی سیاسیی ناسیۆنالیزمدا.

سەرچاوە: تیۆریستی بەناوبانگ *ئارنست گێلنەر* بڕوای وایە، "ئەوە نەتەوە نییە کە دەوڵەت و ناسیۆنالیزم دروست دەکات، بەڵکوو ئەوە ناسیۆنالیزمە دەوڵەتی نەتەوە دروست دەکات،" گەر لەم بڕوایەوە بڕوانین، ئایا هێزە ناسیۆنالیستە کوردییەکان لە ڕێگەی گووتاری ناسیۆنالیستییەوە تا چەند کاریان لەسەر بەرهەمهێنانی نەتەوە کردووە؟

ب. یاسین: دەربارەی ئەم بۆچوونەی گێلنەر، مرۆڤ دەتوانێ بڵێ: ١- ئەمە تەنها یەکێکە لە بۆچوونەکان، چونکە بۆچوونی تر و بگرە دژیش لەو بۆچوونەی گێلنەر هەن. ٢- لە ڕاستیدا ئەم بۆچوونە زیاتر لەگەڵ سیاقی مێژوویی جیهانی ڕۆژئاوا گونجاوە، چونکە لە ناوچەی بەلقان و جیهانی سێهەم زۆر دەوڵەت بەرهەم هاتوون، دواتر ئەو دەوڵەتانە ئەرکی بەرهەمهێنانی ناسنامەیەکی نەتەوەیی گونجاو لەگەڵ سنوورەکانی دەوڵەت و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو دەوڵەتانەیان کەوتۆتە ئەستۆ.

دەربارەی بەشی دووەمی پرسیارەکەت، دەتوانم بڵێم، گووتارە ناسیۆنالیستییەکان بەر لە قۆناغی گەیشتن بە دەوڵەتی نەتەوەیی، ڕۆڵیان هەبووە لە بەرهەمهێنانی نەتەوە وەک باوەڕبوون بە کۆمەڵێک بەها و چوارچێوە، کە هەر نەبێ لە زیهنی ئەندامانی "نەتەوەدا" ئامادەییی هەبووە. بەهەرحاڵ، ئەوەش دیسان جێگەی جەدەل و مشتومڕێکی

زۆرە، کە ئایا ئەسڵەن بەرهەمهێنانی نەتەوە مومکینە بەر لە بەدەوڵەتبوون! لە لایەکی ترەوە، گووتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، دیارە بە شێوەیەکی گشتی گووتارێکی پڕ بووە لە دژایەتی، بەتایبەتی گووتاری حیزبە سەرەکییەکانی سەر پانتاییی سیاسیی کوردستان: لە لایەکەوە دەخوازێ نەتەوە و نەتەوەبوون بخەملێنێ، کاتێک داوای "ئازادی" لە ئەوی تر دەکات. کەچی لە لایەکی ترەوە هەر ئەو گووتارە، چونکە گووتارێکی ئۆتۆنۆمیستی بووە، وابەستەییی کورد بە چەمکی دەوڵەت - نەتەوە (تورکیا، عێراق، سوریا، ئێران)ەوە گرێ داوە، کە نەتەوەیەکی تری زۆرینە (تورک، عەرەب یا فارس)ی تیادا باڵادەست بووە. بەم مانایەش، ئەم گووتارە هیی بەخۆبوونێک و ئازادییەکی تەواوەتی نییە، بەڵکو لە باشترین حاڵەتدا، نیوبەخۆبوون و ئازادییەکی ناکامڵ و ناسنامەیەکی ئاڵۆزە.

لە لایەکی ترەوە، لە پڕۆسەی "بەرهەمهێنان" و خەملاندنی نەتەوەدا، بە مانا سیاسییەکەی، هێزە سیاسییە کوردییەکان لە ڕووی کردارەوە نەک هەر سەرکەوتوو نەبوون، بەڵکوو بەجیددی کورتیان هێناوە:

١- کولتووری سیاسیی باڵادەست لای هێزە سیاسییە کوردییەکان، لە زۆربەی هەرە زۆری حاڵەتەکاندا، نەخوێندنەوەی یەکتر و بگرە ڕەتکردنەوەی یەکتر بووە. جێگەی سەرنجە کە ئەو ڕەتکردنەوەیە، زۆر جار لە پڕۆسەیەکی زۆر تێکدەرانە و بگرە خوێناوی و تراژیدیشدا خۆی نواندووە. جا بەم مانایە، کە نموونەی لە مێژووی کورددا یەکجار زۆرن، گووتاری نەتەوەییی کوردی لە ڕواڵەتدا چەند جوان گوزارەشت لە خۆی بکات، ئەوا هەڵگرانی ئەو گووتارە بەناونەتەوەیییە، مەبەست

سەرکردە و هێزە سیاسییەکانە، لەو پرۆسە کردەییەدا، کە هیی ڕەتکرنەوەی یەکتر و پاوانکردنی پانتایی سیاسیی نەتەوە لەوەی تر و بە ناڕەوا، بۆ نموونە بە خائین لەقەڵەمدانی ئەوی تر و هیچکردنی خەباتەکەی و بەردەوام خۆبەڕاستزانی و خەباتی خۆشی بە تاکەخەباتی ڕەوا و سەرکەوتوو بزانێت، کە هەراسانبوون، کلۆڵبوون و پەرتەوازەبوونی جەستە و ڕۆحی نەتەوەی لێ کەوتۆتەوە. دەکرێ باشووری کوردستان لە سی ساڵی ڕابردوودا وەک نموونە بهێنینەوە، بەبێ ئەوەی باسمان لە ڕاستییە تاڵەکانی یەکترڕەتکرنەوە و یەکترکوژیی بەر لەو سی ساڵە کردبێ. زۆر بەکورتی و زۆر بەچڕی، ئەو دەسەڵاتەی کە حیزبە دەسەڵاتدارەکان بە دەسەڵاتی "نەتەوەیی"ی لە قەڵەم دەدەن، لە هیچ ئاست و ڕەهەندێکیدا بەکار نەهاتووە بۆ بەرهەمهێنانی نەتەوە، بەڵکوو لە ئاکامی بەحیزبیکردنی گووتاری نەتەوەیی، جەستە و ڕۆحی نەتەوە هەراسان و پەرتەوازە کراوە... لە ڕاستیدا ئەوەی ئەمڕۆ لە باشووری کوردستان دوو هێزی دەسەڵاتدار لەسەری دەژین و بەهێزیشی دەکەن، دیوارێکی (بەرلین)ە لەنێوان ناوچەی بادینان و سۆران و لە خراپترین حاڵەتیشدا بەرهەمهێنانی "دوو زمانی" بادینی و سۆرانییە. ئەمە تەواو پێچەوانەی، بۆ نموونە ئەزموونی جووەکانە، یا ڕاستتر بڵێین، ئەزموونی ناسیۆنالیزمی جوو واتە زایۆنیزمە، لە فەلەستین بەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل لە ١٩٤٨. لەو ئەزموونەدا، بە پێچەوانەی ئەزموونی کوردی، گووتاری ناسیۆنالیستی و کار و چالاکیی سیاسیی ڕۆژانەی ڕەوت و هێز و حیزبە سیاسییە جیاجیاکانی ناو زایۆنیزم یەکانگیر بوو لەگەڵ یەکتردا، کاتێک

شتەکە پەیوەندیی بە بوون و چارەنووسی نەتەوە و پڕۆژەی نەتەوەیییەوە هەبوو. بە مانایەکی تر، لە ئەزموونی کوردیدا نەک هەر ئەو یەکانگیرییە نەبووە، بەڵکوو دژایەتییەکی وێرانکار لەنێوان ئەوەی کە پێویست بە گووتار و کرداری نەتەوەیی لە لایەکەوە و ئەوەی کە گووتار و کردارێکی تەسکی حیزبیی هێزە باڵادەستەکان لە لایەکی ترەوە بووە.

٢- ئەمڕۆ کە باس لە کورد و نەتەوەبوونی ئەم گەلە دەکەین، لە زۆربەی زۆری حاڵەتەکاندا باس لە بەشە جیاجیاکانی کوردستان دەکەین، وەکوو ڕوانگەیەک و دانپێدانانێک، کە هیی حاڵەتی دابەشبوونی کورد و خاکەکەیەتی لە ژمارەیەک وڵاتدا. بەتایبەتی گووتاری "ناسیۆنالیستی" ئۆتۆنۆمیخواز گووتارێکە لە باوەڕبوون، لە ڕووی سیاسییەوە، بە "حاڵەتی بوونی چەند نەتەوەیەکی" کورد، دەڵێم ئۆتۆنۆمی، چونکە فیدراڵییەکەی باشووری کوردستانیش دەربڕە لە کولتووری سیاسیی ئۆتۆنۆمیزم و ئەو تەرتیبە ئیدارییەی پێی دەڵێن ئۆتۆنۆمی. لە ڕاستیدا ئەگەر هەندێک شت لە بەرچاو نەگرین، کە زادەی ئەمری واقیعە لە باشووری کوردستان تا تەرتیباتێکی دەستووری، ئەوا دەتوانین بڵێین ئۆتۆنۆمییەکەی ساڵی ١٩٧٠ ڕاشکاوانەتر گوزارشت و پێزانین بوو لە کێشەی خاک تا سیستمە فیدراڵییەکەی ئێستای ناو دەستووری عێراق: دەستوورەکەی عێراق پێزانینە بە دەسەڵاتی فەرمانڕەواییی کوردی لەو شوێنانەی تا ٢٠٠٣/٣/١٩ بەدەست کوردەوە بوون، نەک پێزانینێکی ڕاشکاوانە لە وڵاتی کورد، واتە کوردستان.

سەرچاوە: لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی نەتەوەدا، کورد ئیشکالی

لەگەڵ کام بنەمادا هەبووە بۆ ئەوەی لە بەراوردی لێکنەچوونی لەگەڵ ئەوی تردا نەتەوەبوونی خۆی بسەلمێنێت؟

ب. یاسین: دەتوانین سێ دانە ئیشکالیەت لە بەرهەمهێنانی نەتەوەدا، لە حاڵەتی کورددا باس بکەین، کە هەرسێکیان بە یەکەوە لە سێ ئاستی جیاجیادا کاریگەریی نێگەتیڤیان هەبووە لەسەر پرۆسەی بەنەتەوەبوون و خەملاندنی نەتەوە. هەرزووش دەبێ بڵێین، ئەم ئیشکالیەتانە دەکرێ پەیوەست بن بە بنەما کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردی لە لایەک و بنەمای فیکری و ژینگەی فیکری ناسیۆنالیزمی کوردی لە لایەکی ترەوە:
١- هۆز-عەشیرەت و کۆمەڵگە و ناسنامە لۆکاڵییەکان: ڕاستییەکی مێژوویی ئەوەیە، کە هۆز و عەشایر نەک هەر بێلایەن نەبووە لە پێشوەچوونی بزاڤی کوردایەتیدا، بەڵکوو بەتوندی و بەچڕی کاریگەریی هەبووە بەسەر ئەو پێشوەچوونەوە. بەو پێیەی کۆمەڵگەی کوردەواری وەک کۆمەڵگەکانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە کاتی سەرهەڵدانی فیکری نەتەوەیی لە ناوچەکەدا بەتوندی تەقلیدی بوون، ئەوا هەردەم ئەم حاڵەتی تەقلیدیبوونە، لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و بگرە فەرهەنگیشەوە، کاریگەریی جیددیی هەبووە لەسەر گەشەکردن و پێشکەوتنی ناسیۆنالیزمی کوردی. لە ڕاستیدا ئامادەییی هێز و توێژە کۆمەڵایەتییە تەقلیدییەکان لە لایەکەوە سەرچاوەی هێز بوون بۆ بزاڤی کوردایەتی و لە لایەکی تریشەوە سەرچاوەی لاوازی و پەرتەوازەیی و پووکانەوە بوون، ئەمەش خودی دژایەتییەکەیە. بەم مانایە بزاڤی کوردایەتی

بەتایبەتی لە باشووری کوردستان، دەرهاوێشتەی ئامادەبوون و ئاوێتەبوونی **تەقلیدە** لەناو **مۆدێرنیتەدا** بووە. ئەم دژایەتییە لە یەکبووندا لە چلەکانی سەدەی ڕابردوودا لە ئەنجامی نزیکبوونەوەی توێژی شار، تۆ بڵێ خوێندەوار – بە هەندێ مانا وردەبۆرژوا، لە بزاڤی خوالێخۆشبوو بارزانی، ئەو ئاوێتەبوون و یەکبوونەی لێ کەوتەوە لەنێوان توێژی تەقلیدی لە لایەک و توێژی "شار" لە لایەکی ترەوە. لە ڕاستیدا دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ١٩٤٦، لووتکەی ئەو یەکبوون و ئاوێتەبوونە بوو. لە ئاستی ئیشکالیەتی ناسنامەشدا، دیارە هۆز–عەشیرەت چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتییە، کە ناسنامەیەک و وەلائێکی ناوچەییی تەسک دەدات بە ئەندامانی عەشیرەت، کە دواجار ئەم جۆرە ناسنامەیە ڕێگرە لە بەردەم گەڵاڵەبوونی ناسنامەیەکی "گشتگیری" نەتەوەییی خۆڕاگر و بەهێز.

٢- ئیشکالیەتی دووەم هیی دەوڵەت - نەتەوەیە: بەم مانایەش کوردان بەردەوام هەر لە بیستەکانی سەدەی بیستەمەوە لەگەڵ دوو دانە ناسنامەدا، کە هەمیشە لەگەڵ یەکتردا لە دژایەتیدا بوون، ژیاون. نەک هەر ئەوە، بەڵکوو هەر وەک لە وەڵامی پێشتردا ئاماژەم پێکرد، گووتاری کوردی و ڕوانگەی ژیانی ڕۆژانەی کوردان، کاریگەرییەکی توندی بووە لە بەرهەمهێنانی ئیزدواجیەت لە گووتار و مومارەسەی ژیانی سیاسیدا: لە گووتاردا کورد هەڵگری دروشمەکانی کوردبوون و کوردایەتی بووە، کەچی لە لایەکی ترەوە "بە شانازییەوە" ئێرانی، عێراقی، سوری یا تورکی بووە. هەروەها لە مومارەسەشدا ئۆتۆنۆمیزم لە ساڵانێکی دوورودرێژی ئامادەبوون و باڵادەستبوونی لە مەیدانی سیاسیدا هەڵگر و بەرجەستەکاری ئەو دژایەتییە بووە!

٣- ئیشکالیەتی ئایدیۆلۆژییە گەردوونییەکان، بەتایبەتی چەپی نەتەوەی سەردەست: دەڵێم چەپی نەتەوەی سەردەست، چونکە من جیاوازییەک دەبینم لەنێوان بیری چەپ وەک ئاراستەیەکی گەردوونی، کە لە ئەزموونی زۆرێک لە بزاڤە ئازادیخوازەکانی جیهانی سێهەم ئامادەییی هەبووە و لە لایەکی ترەوە بیری چەپ لە ڕێگەی فیلتەری ئایدیۆلۆژی و کولتووری نەتەوەی سەردەست و زمانی ئەو نەتەوانە (تورک، عەرەب، فارس)ەوە خزابێتە ناو ناسیۆنالیزمی کوردی و بیرکردنەوە و کردەی ناسیۆنالیستە کوردەکان... لەسەر ئەم خاڵە دەتوانین زۆر ڕابوەستین، بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە، کە چەپی نەتەوەی سەردەست، هەمیشە ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە لە دوورخستەوەی کورد لە بیری سەربەخۆیی و هەوڵدانی بەردەوام بۆ باوەڕپێهێنانی کورد بە جیانەبوونەوەی: ئەو هەوڵانە هەندێ جار لە بەهانەی ڕووتی ئایدیۆلۆژییەوە پێی هەڵگرتووە و هەندێ جار لە بەهانەی سیاسەتی واقیعی، کە گوایە دەوڵەتی کوردی لەو ژینگە جوگرافییە سیاسییەی کە هەیە، ناتوانێ بژی، لەبەر ئەوە لە بەرژەوەندیی کوردە لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەدا بژی، کە ساڵانێکە تیایاندا دەژی!

سەرچاوە: لە پەیوەندیی نێوان ناسیۆنالیزم و ئاییندا دوو دیدی پێچەوانە بوونی هەیە، دیدێکیان پێی وایە ناسیۆنالیزم دەبێتە ئەڵتەرناتیڤی ئایین و کتومت جێگەی ئایین دەگرێتەوە، بە جۆرێک، ناسیۆنالیزم هاوشێوەی ئایین مانا دەبەخشێت بە مردن و بە هەمان شێوەی ئایین خاوەنی چەندان بۆنەی تایبەت و سروت و شوێنی پیرۆزە، ئەم جۆرە بیرکردنەوەهیە

لەنێوان ئایین و ناسیۆنالیزمدا دابڕان دروست دەکات، بەڵام لە بەرامبەردا بڕوایەکی دیکە پێی وایە لەنێوان ناسیۆنالیزم و ئاییندا پەیوەندیی قووڵ و هەمەلایەن هەیە و بەدەگمەن بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستی دەبینرێت پەیوەندیی تایبەتیی بە ئایینەوە نەبێت. لەنێوان ئەم دوو بۆچوونە جیاوازەدا بیروڕای بەڕێزتان چییە؟

ب. یاسین: لە ڕاستیدا هەردوو بۆچوونەکان لە ئاستی فیکری و ئاستی کردەییدا دروستن، بە جیاوازیی ئەزموون و حاڵەتە مێژووییەکان. لەبارەی بۆچوونی یەکەمەوە، لە پێشوەچوونێکی مێژوویيدا لە جیهانی ڕۆژئاوا، ناسیۆنالیزم تا ڕادەیەکی زۆر لە ئەرکە سیاسی و فیکری و کۆمەڵایەتییەکاندا، جێگەی دینی گرتەوە یا هەر نەبێ جێگەی بە دین لەق کرد. ئەمە بەگشتی پرۆسەیەک بوو، لە سەدەی هەژدەهەم دەستی پێ کرد و دەرهاویشتەی کۆمەڵێک پێشوەچوون یا پرۆسە بوو، کە دوو گرنگترینیان ئەمانە بوون: ١- چڕبوونەوەی گووتاری فەلسەفیی ڕەخنە لە فیکری مێتافیزیکی و دژ بە ئاین. ئەم گووتارە ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ جێگرەوە-ئەلتەرناتیڤێکی تر، کە ئەویش ناسیۆنالیزم بوو. هەر لەبەر ئەوەشە هەر لە ١٧٠٠کاندا، بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش باس لە ناسیۆنالیزم وەک "ئایینێکی عەلمانی" کراوە. ٢- گەشەکردنی دەوڵەت - نەتەوە، بەتایبەتی دوای ئاشتیی ویستڤالیا لە ١٦٤٨، ئەو ئاشتییەی کۆتاییی بە شەڕێکی سی ساڵانەی ئایینی هێنا و گووتاری ناسیۆنالیزمی وەک ئامراز و چوارچێوەی فیکری ئەو پرۆژەی دەوڵەت - نەتەوەیە بەکارهێنا. ئیتر لەو کاتەوە، خەسڵەتی شەڕەکانی سەر

گۆڕەپانی ئەورووپاش گۆڕا لە شەڕی ئایینی بۆ شەڕ بە ناوی نەتەوە و بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت – نەتەوە: جا چ شەڕی بەرگری بێت یا شەڕی هێرشبردنەسەر لایەن و دەوڵەتانی تر.

لێرەدا دەبێ ئەوەش بوترێ، کە نەک هەر ناسیۆنالیزم وەک ئایدیۆلۆژیا دەبێتە جۆرێک لە دین و لە هەندێک حاڵەتیشدا کتومت دەبێتە جێگرەوەی، بەڵکوو ئایدیۆلۆژیا بەگشتی ئەو خەسڵەتە بە خۆوە دەگرێ، هەر ئەوەشە، بۆ نموونە زۆر جار وا دەکات ئایدیۆلۆژیایەکی عەلمانی زۆر جار خەسڵەتی دین وەر دەگرێ بۆ نموونە لە گووتاری ڕەوابییدان بە "زەبروزەنگی شۆڕشگێڕی" یا هەر کردەیەکی تر لە چوارچێوەی مومارەسەکردنی حەرفییانەی ئایدیۆلۆژیایە...

پەیوەست بە بەشی دووەمی پرسیارەکەت، دەکرێ ئێمە زۆر نموونەی زیندوو بهێنینەوە، کە لەوێدا ئایین ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە و دەبینێ لە بەهێزکردنی ناسیۆنالیزم. لە لایەکی ترەوە نموونەش هەن کە لەوێدا بۆ خزمەتی خۆی، ناسیۆنالیزمێک خۆی دەخاتە خزمەت بەهێزکردنی ئایینێک یا مەزهەبێکی ئایینی دیاریکراو. لەو حاڵەتەدا شێوە یەکبوونێکی دژایەتییەکان (ناسیۆنالیزم وەک ئایدیۆلۆژیایەکی عەلمانی لە لایەک و ئایین لە لایەکی تر) لە بەرجەستەبوونێکی دیالێکتیکییانە، زۆربەی جار لەسەر بنەمایەکی پراگماتیکی نەک بە زەرورەت فیکری فەراهەم دەکرێ.

سەرچاوە: بەو حوکمەی دروستکردنی نەتەوە پێویستی بە هەموو شتێکە، ئایین هەمیشە یەکێک بووە لە ئامرازەکانی بەردەستی بزووتنەوە ناسیۆنالیستییەکان، ئایا بزووتنەوەی

ناسیۆنالیستیی کوردی توانیویەتی سوود وەر بگرێت لە ئایین بۆ خزمەتی نەتەوەکەی؟

ب. یاسین: بەڵێ، تا ڕاددەیەک. ئەمەش زیاتر لە هەندێک لە جووڵانەوەکانی سەدەی نۆزدەهەم و دەیە سەرەتاییەکانی سەدەی بیستەم دەر کەوتووە. ئەوەش بە مانای ئەوە نایەت، کە کورد سەرکەوتوو بووە لە بەکارهێنانی ئایین بۆ سەرخستنی بەتەواوەتی پڕۆژەیەکی نەتەوەیی لە کوردستانی مەزن یا لە هەر پارچەیەکی کوردستان. ئەمڕۆ ئایین (ئیسلام) لە کوردستاندا لە ڕێگەی ئیسلامی سیاسییەوە ڕۆڵێکی نوێ و بە شێوازی تر دەبینێ. بۆ ئەوەی گوتاری ئیسلامی سیاسی نەبێتە هۆی لاوازبوونی پڕۆژەی نەتەوەیی کوردستان، پێویستە لەسەر دوو پرنسیپی گرنگ، کە ئەوانیش کوردستانیبوون و دیموکراسین، هێزە عەلمانی و دینییەکانی کوردستان، نەک هەر وەک دژ تەماشای یەکتر نەکەن، بەڵکوو وەک تەواوکەری یەکتر، یەکتر بخوێننەوە و هەڵسوکەوت لەتەک یەکتردا بکەن.

سەرچاوە: کاتێک قسە لەسەر پەیوەندیی نێوان ناسیۆنالیزم و دیموکراسی دەکرێت، دەبینین لە هەناوی زۆربەی بزووتنەوە ناسیۆنالیستییەکاندا نەک دیموکراسی ئامادەیی نەبووە، بەڵکوو لە زۆر کاتدا گەشەی ناسیۆنالیزم هۆکاری سەرەکیی شکستی دیموکراسی بووە، بەڵام ناسیۆنالیزمی نەتەوە بندەستەکان لە زۆر کاتدا دیموکراسییان کردۆتە بەیداخی دروشمەکانیان، ئایا لە مێژووی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردیدا پەیوەندییەک دەبینین لەگەڵ دیموکراسیدا؟

ب. یاسین: ئەمە پرسیارێکی گرنگە و گوزارشتە لە پەیوەندییەکی پڕ ئیشکالیەت. سەرەتا دەبێ بڵێین: ١- لیبرالیزم و ناسیۆنالیزم لە هەمان کاتدا گەشەیان کردووە و هەندێک جاریش ناسیۆنالیزم وەکوو بەشێک و درێژبوونەوەی لیبرالیزم بینراوە، لەگەڵ بوونی هەندێک دژایەتییش لەنێوانیاندا. ٢- لە مێژوودا ناسیۆنالیزم بە زۆر شێوە خۆی دەر بڕیوە، ناسیۆنالیزم وەک ئیمپریالیزم، وەک درێژبوونەوەی شۆڤینیزم، وەک ئایدیۆلۆژیایەک بۆ ڕەواییدان بە دەستدرێژی بۆ سەر وڵات و نەتەوەی تر، بەڵام وەک ئایدیۆلۆژیایەک بۆ بزاڤی ئازادیخوازیش لە خەبات دژی کۆلۆنیالیزم یا داگیرکەری ناوخۆ. بەم مانایەش ڕاستترە ناسیۆنالیزم بە کۆ گوزارشتی لێ بکرێ نەک بە تاک، لە ڕاستیدا بەکارهێنانی هەردوو شێوەکە دروستە.

لە لایەکی ترەوە، لە ڕووی تیۆری و کردارییەوە، جۆرێک لە دژایەتی هەیە لەنێوان دیموکراسی لە لایەک و ناسیۆنالیزم بەگشتی لە لایەکی ترەوە. ئەم دژایەتییە چەند گرنگە و چەند جیددییە تەنها لە ئاستی تیۆریدا ناوەستێ، بەڵکوو تەواو لەسەر ئەکتەرە سیاسییەکان دەوەستێ لە نزیکبوونەوەیان لە ناسیۆنالیزم و دیموکراسی. هەڵبەتە جیاوازییش هەیە لەنێوان حاڵەتێک و ژینگەیەکی سیاسی بۆ حاڵەتێکی تر و ژینگەیەکی سیاسیی تر. لە ڕووی تیۆرییەوە ناسیۆنالیزم جەختکردنەوەیە و کارکردنە بۆ کەمکردنەوەی جیاوازییەکان لەنێوان گروپ و تاکەکانی کۆمەڵگە بە ئاراستەی یەکڕەنگکردنی نەک هەر کولتووری، بەڵکوو ئایدیۆلۆژی و سیاسیش. بە مانایەکی تر، گووتاری ناسیۆنالیستی تا بۆی دەکرێ بەشەکانی کۆمەڵگە بە یەکتر دەچووێنێ و زۆر جار دژی گووتاری جیاکاری لە ئاڕاستە و

بەرژەوەندیی توێژ و گروپە جیاجیاکانی کۆمەڵگە دەوەستێتەوە، بە بەهانەی پاراستنی یەکگووتاری و یەکڕیزیی "نەتەوە." ئەم گووتاری ناسیۆنالیستییە نەک هەر لە گرنگیی هەمەڕەنگیی ناو کۆمەڵگە کەم دەکاتەوە، بەڵکوو بەرامبەریشی دەوەستێتەوە، بگرە لە هەندێک حاڵەتدا ڕەواییش بە بەکارهێنانی زەبروزەنگیش دەدا بۆ کەمکردنەوە و لەناوبردنی ئەو هەمەڕەنگییە. بەپێی ئەم گووتارە، هەمەڕەنگی لاوازییە بۆ نەتەوە و یەکڕیزییەکەی، بەتایبەتی لە بەرامبەر هەڕەشەی دەرەکی ڕاستەقینە یا وەهمیدا. لە ڕاستیدا گووتاری یەکڕەنگکردنی کۆمەڵگە نەک هەر بێکێشە نییە، بەڵکوو ئەو گووتاری یەکڕەنگکردنە دەتوانێ پێ لە هەناسەیەکی فاشی هەڵگرێ، سەریش لە حاڵەتی بەرهەمهاتنی سیستمێکی ڕەفتارفاشی یا تەواوفاشی بدات. لە ڕاستیدا لە زۆرێک لە لێکۆڵینەوەکان ئەوە جەخت کراوەتەوە، کە ناسیۆنالیزمی تورکی بە مەفهومی ئەتاتورک و ناسیۆنالیزمی عەرەبی بە مەفهومی بەعس کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی فاشیزم و لەبەر ئەوەشە بەو ئاراستەیە مومارەسەیان کردووە.

لە لایەکی ترەوە، دژ بە ئەو گووتاری یەکڕەنگکردنە، گووتاری دیموکراسی جەختکردنەوەیە لەسەر هەمەڕەنگی و وردکرنەوەی کۆمەڵگە بۆ تاکەکان (یا ئەوەی هەر زوو لە باسوخواسی فەلسەفەی سیاسیدا لە ١٧٠٠کان پێی وتراوە (atom-ization) واتە "پارچە پارچەکردن." بەم شێوەیەش دیموکراسی ئیرادەی تاک و هەمەڕەنگیی ناو کۆمەڵگە لە بەرچاو دەگرێ و بەهێزیان دەکا بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی لەنێوان تاک و توێژ و گروپەکانیدا، لە ڕێگەی بە سیستمکردنی ئەو پەیوەندییانە لە چوارچێوەی بەها و میکانیزمە دیموکراسییەکانەوە. کەواتە

لە ئاراستە هەرە گشتییەکەدا، شێوازێک لە دژایەتی لەنێوان گووتاری ناسیۆنالیستی لە لایەک و گوتاری دیموکراسی لە لایەکی تر بەدی دەکرێ، هەڵبەتە بە جەختکردنەوە لەسەر جیاوازیی ئەزموون و حاڵەتە مێژووییەکان لە ئاستی جیهانیدا، لە جێگەیەک بۆ جێگەیەکی تر و لە ئەزموونێک بۆ ئەزموونێکی تر... ئەوەش بەو مانایە نایەت، کە ناکرێ ناسیۆنالیزم و دیموکراسی یەکانگیر بن: لە ئەزموونی جیهانی ڕۆژئاوادا، دەوڵەتی نەتەوە ئەو کاتە بەهێز بووە، کە توانیویەتی بەرژەوەندی و ئاسایشی نەتەوە و تاکەکان بپارێزی، کاتێک دەوڵەت نەتەوەی لەسەر بنەما و بەها دیموکراتییەکان ڕێک خستووە. زۆر بەکورتی و بەچڕی، ناسیۆنالیزم دەتوانێ ناوەڕۆک و ئاراستەیەکی دیموکراسییانەی هەبێ.

لە مێژووی بزاڤی ناسیۆنالیستی کوردی (تۆ بڵێ کوردایەتی) دا، دژایەتییەکی بەهێز هەبووە لەنێوان دوو گووتار و ئاڕاستەی ناسیۆنالیزم و دیموکراسی بەتایبەتی لەنێوان تیۆری لە لایەک و کردە لە لایەکی ترەوە. جگە لەمەش، ئەم ناسیۆنالیزمە ڕوو لە دەرەوە تا بۆی کراوە جەختی لەسەر دیموکراسی و مافە دیموکراسییەکان بۆ کورد کردۆتەوە و بەردەوام جەختی لەسەر دیکتاتۆری و فاشییەتی ڕژێمە ناوەندییەکانی وڵاتانی داگیرکاری کوردستان کردۆتەوە، بەڵام لەو جێگەیانەی پێویستی کردبێ هێزەکانی ئەو کوردایەتییە لەناو خۆیاندا، لەناو ڕێکخستنی خۆیاندا و لە پەیوەندییەکانی نێوان یەکتردا دیموکراسی بن، ئەم هێزانە تا بڵێی کورتیان هێناوە. نەک هەر ئەوە، بەڵکوو بەشەکانی ناوخۆی ئەو کوردایەتییە، واتە حیزب و هێزە سیاسییەکانی، ئەو بزاڤە نەیانتوانیوە پانتاییی خەبات و پانتاییی دەسەڵاتی سیاسی

بە شێوەیەکی دیموکراتییانە ڕێک بخەن، بەڵکوو لەو ڕێکخستنەدا ڕۆحی خۆبەزلزانی و خۆبەهەمووشتزانی و بەکەمزانی ئەوی تر و بگرە ڕەتکردنەوەی بەتەواوەتی ئەو ئەوی ترە، باڵادەست بووە. لە لایەکی تریشەوە، بزاڤی سیاسیی کوردستان تا بۆی کرابێت خۆی دوور گرتووە لە کرانەوەی ناوخۆی حیزب و کۆمەڵگە، بە بەهانەی ئەوەی هەڕەشەی دەرەکی لەسەر نەتەوە هەیە.

لە ڕاستیدا ئەم دژایەتییە بە تێکدەرترین شێوە خۆی دەر بڕیوە لە سێبەر و چوارچێوەی دەسەڵاتی "خۆماڵی" لە باشووری کوردستان لە ١٩ ساڵی ڕابردوودا.

زۆر بەکورتی و بەچڕی، کۆمەڵێک دژایەتی هەبوون لەناو ناسیۆنالیزمی کوردیدا، کە ئەو دژایەتییانە چڕ بوونەتەوە و ئاشکراتر بوون بە هۆی: ١- تەوژمی جیهانگیری. ٢- سەرنەکەوتنی دەسەڵاتی کوردی لە ئەزموونی دەسەڵاتی خۆماڵیدا، بەتایبەتییش لە بواری سیستمی دیموکراسی و زامنکردنی ئازادییەکان و ڕێکخستنی دیموکراتییانە و کوردستانییانەی پانتاییی سیاسیی کوردستان (تۆ بڵێ ماڵی کورد).

بە بۆچوونی من، ڕوو لە داهاتوو ناسیۆنالیزمی کوردی ڕووبەڕوو دەبێ لەگەڵ کۆمەڵێک تەحەددای جیددی و لە هەمووشی گرنگتر سەرلەنوێڕێکخستنەوەی گووتاری ناسیۆنالیستییە بە ئاراستەی چارەسەرکردنێکی تەندروستی ئەو دژایەتییانە لەسەر دوو پرنسیپ و بنچینەی دیموکراسی و کوردستانی بوون.

# هەڵبژاردنەکانی عێراق ٢٠١٠ و
# هەندێک پرسی دیکە

**دیمانەی ڕۆژنامەی ڕۆژنامە، ژمارە ٥٩٥، ٥٩٦، ٥٩٧، هەروەها**
**لە پێگەی سبەی لە ئابی ٢٠١٠دا بڵاو بۆتەوە**

سبەی: سەرەتا با لەو پرسیارەوە دەست پێ بکەین، ئێوە وەک کەسایەتییەکی سەربەخۆ بۆچی پشتیوانیی بزووتنەوەی گۆڕانتان کرد؟

ب. یاسین: لە ڕاستیدا من ساڵانێکی زۆرە یەکێکم لەو کەسانەی سڵم نەکردۆتەوە لە لایەکەوە لە ڕەخنەگرتن لە دەسەڵاتی کوردی و لە لایەکی تریشەوە لە بڵاوکردنەوە و پێشکەشکردنی کۆمەڵێک هەڵسەنگاندن و بۆچوون و پڕۆژە، بە ئومێدی ئەوەی دواجار خزمەت بە ڕەوتی گۆڕانکاری لە کوردستان بکەن. بۆ نموونە لە کۆمەڵێک لێکۆڵینەوە و بابەتدا، هەر لە سەرەتای ساڵانی ١٩٩٠کان، لە ئاوڕدانەوەیەکی ڕەخنەگرانە بۆ سەر بزاڤی سیاسی لە کوردستان و لە خوێندنەوەی

گۆڕانکارییەکانی کۆتاییی ١٩٨٠کان و سەرەتای ١٩٩٠کان و دانی هەندێ تەسەور ڕووو لە داهاتوو، کۆمەڵێک ڕەخنە و بۆچوونی جیددیم هەبووە، کە هەمووشیان دەخزێنە خزمەت پرۆسەی گۆڕین و نوێبوونەوە و تەندروستبوونی بزاڤی کوردایەتی: بۆ نموونە، لەو کاتەدا باسم لە گرنگیی بەدامەزراوەییکرنی بزاڤی سیاسیی کوردستان و نوێبوونەوە لەو بزاڤەدا لە لایەنی ئایدیۆلۆژی و ڕێکخراوەیی و سیاسی و ئامرازی خەبات و... هتد کردووە.

لەم پێشەکییە بۆ وەڵامی پرسیارەکەت، دەمەوێ ئەوە بڵێم، کە ساڵانێکە خۆم بە یەکێک لە دەنگە گۆڕانخوازەکان دەزانم و هەر لەم سۆنگەیەشەوە بە سروشتیم زانیوە، تا ئەو جێگەیەی دەکرێ پشتگیری لە بزاڤی گۆڕان بکەم.

لە لایەکی ترەوە، هەروەک لە بابەتێکمدا، کە بەر لە نزیکەی ساڵێک بڵاو بۆتەوە، باسم کردووە، دەرکەوتنی بزاڤی گۆڕان لە باشووری کوردستان ئەرزهەژێکی سیاسی بوو و ڕووداوێکی زۆر گرنگ بوو، بە ڕادەیەک گرنگ، کە دەکرێ بڵێین ئەو ڕووداوە مێژووی هاوچەرخی باشووری کوردستان دەکاتە دوو بەشەوە: بەر لە دەرکەوتنی گۆڕان و دوای دەرکەوتنی گۆڕان. هەر لەبەر ئەوەش بۆ خۆم سروشتیتر ئەوە بوو، کە هەڵوێستێکی پۆزەتیڤم هەبێ لەو ڕووداوە مێژووییە نەک بێهەڵوێست بم، یا خراپتر لەوە، هەڵوێستی نێگەتیڤم بەرامبەری هەبێ.

هەڵبەتە لە هەڵوێستی خۆمدا تا ئێستا زۆر تەحەفوزم لە چەند لایەنی ئەو بزاڤە لە ڕووی ئایدیۆلۆژی و سیاسی و ڕۆڵی ئەو پێکهاتەیەی بە کۆڵەکە و بڕبڕەی پشتی ئەو بزاڤە دەژمێردرێ، هەبووە.

لە دیدێکی کوردستانییەوە، من باوەڕم وایە، بزاڤی کوردایەتی لە هەموو پارچەکانی کوردستان پێویستی بە *نوێبوونەوە* هەیە. بە مانایەکی تر، ئەو کوردایەتییە لە ڕووی فیکرییەوە کۆن بووە، کە بۆ زەمەنێکی زۆر پێشتر و هەلومەرجە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو زەمەنە لە قاڵب دراوە. لەم سۆنگەیەوە، ئەگەر گۆڕان بەئاشکرا خۆی بکات بە ئامراز و پلاتفۆڕمی *نوێبوونەوەی کوردایەتی*، ئەوا سەرکەوتنی ئەو بزاڤە لەو ئەرکەدا ئاسۆیەک و دەروازەیەک دەکاتەوە، بۆ ئەوەی گۆڕین و نوێبوونەوە لە بزاڤی کوردایەتی بەشەکانی تری کوردستانیشدا بکرێ.

دەڵێم نوێبوونەوەی کوردایەتی لە کوردستانی گەورە، چونکە زۆرێک لەو بابەتانەی بزاڤی گۆڕان باسی لێوە کردوون، بە هەمان ڕادە بۆ بەشەکانی تری کوردستانیش گرنگن نەک تەنها بۆ باشووری کوردستان. ئەو بابەتانەی لە کۆیاندا دەکرێ ناوی بنێین *نوێبوونەوەی کوردایەتی*. بۆ نموونە گۆڕانکاری لە ماهیەتی حیزب و حیزبایەتی، گۆڕانکاری ئایدیۆلۆژی و سیاسی، بەمەدەنیکردنی *خەباتی کوردایەتی*، بەدامەزراوەییکردنی بزاڤی کوردایەتی، سەرلەنوێ *پێناسەکردنەوەی ئاسایشی نەتەوەیی*، بەرجەستەکردنی کولتوورێکی سیاسیی دامەزراو لەسەر بەها دیموکراسییەکان و چەمکە هەرە مۆدێرنەکەی کوردستانیبوون (هاووڵاتیبوون) و زۆر بابەتی تریش...

هەر لەو بۆچوونەوە، ئەگەرچی لە گووتاری سیاسیی سەرانی گۆڕان خۆیاندا ئەم ڕەهەندە، واتە ڕەهەندی گۆڕان لە سۆنگەی کوردستانی مەزنەوە، بەتەواوەتی غایبە، من وەکوو کوردستانییەک ڕۆڵی بزاڤی گۆڕان لەو ڕەهەندە کوردستانییەوە

بە پێویست و مێژوویی دەبینم. بۆ ئەوەشی ئەو ڕەهەندەی گۆڕان ببێ بە ڕاستی و بە پانتاییی تەواوی کوردستانی مەزندا بڵاو ببێتەوە، گرنگە سەرکردەکانی گۆڕان هەڵسەنگاندنێکی جیددی بۆ ئەم مەسەلەیە بکەن و لەو ڕۆشناییيەشەوە گووتارێک بخەملێنن، کە ئەو ڕەنگدانەوەیەی تیادا بەدی بکرێ. بە هەمان شێوە، کوردستانییانی پارچەکانی تر بەو گرنگییەوە لە بزاڤی گۆڕان بڕوانن و لێی نزیک ببنەوە.

ئاخر، بۆ نموونە، مەسەلەیەک کە گۆڕان ورووژاندویەتی و بۆ هەموو بەشەکانی کوردستان گرنگە، کلاسیکیبوونی بەشی هەرە زۆری حیزبە کوردستانییەکانە، کە زیاتر هەڵگری کولتووری سیاسیی حیزبی بەلشەفیزمن و بە کۆمەڵێک کێشەی ئایدیۆلۆژی و سیاسی و ڕێکخستنیەوە دەناڵێنن. زۆر بەکورتی ئەمڕۆ کولتوورێکی سیاسی لە کوردستانی مەزن باڵادەستە، کە هیی *بەکەمزانیی خەباتی ئەوی ترە*، *خۆنواندن لە ڕێگەی ئینکارکردنی بوون و خەباتی ئەوی تر* و زۆر کێشەی جیددیی تر، کە دەکرێ لە کولتوورێکی سیاسیدا کۆی بکەیتەوە، تیایدا دوو پرنسیپی هەرە گرنگی *کوردستانیبوون* و *دیموکراسیبوونی ڕاستەقینە* زۆر لاوازن و... هتد.

لێرەدا گرنگە ئەوەش بڵێین، لە گووتاری کوردستانیکردنی مەسەلەی گۆڕانکاری لە ئاستی کوردستانی مەزندا، پێویست ناکات بزاڤی گۆڕان خۆی بکات بە براگەورە و هەڵەی *کولتووریی براگەورەییی* ئەوانی تر دووبارە بکاتەوە، بەڵکوو ئەوە بەسە لە کات و بابەتی پێویستدا قسە و باسەکانی ئەو بزاڤە مەدا هەرە فراوانە کوردستانییەش وەر بگرن.

سبەی: تۆ لە هەڵبژاردنی٧ی ئازاری ڕابردوو، کاندیدی ئەم بزووتنەوەیە بوویت، بۆچی ئەو بڕیارەت دا؟

ب. یاسین: لە ڕاستیدا بڕیارێکی ئاسان نەبوو و تا ڕادەیەکی زۆر بەشێک لەوەی پێشتر وترا یاریدەدەرە لە ڕوونکردنەوەی بڕیارەکەم.

بەکورتی، بزاڤێک کە دروشمی ئۆپۆزسیۆنبوونی ڕاستەقینەی هەڵگرتووە و ئەندامان و لایەنگرانی ئامادەن قوربانیی پێویست بدەن بۆ ئەم مەبەستە، ناکرێ مرۆڤیش لە هەنگاوێکی عەمەلیدا، نەک هەر بە نووسین و قسەوباس، ئەوە دەر نەخات کە نەک هەر دڵخۆشە بەو پێشووەچوونە، بەڵکوو ئامادەیە بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرکە عەمەلییەی دەکەوێتە سەر شانی، جا با ئەو ئەرکە لە ئەنجامدانیدا خەتورەتی قوربانیدانی گەورەش لەخۆ بگرێ.

جگە لەوەش، ئەو پرسیارەی ئێوە مانایەکی تر یا پرسیارێکی تر لە ناواخنی خۆیدا هەڵدەگرێ. ئەویش ئەوەیە: چۆن دەکرێ بورهان یاسین باوەڕی نەبووبێ بە دەوڵەتی عێراق و تا ئێستاش باس لە باشووری کوردستان (نەک کوردستانی عێراق) بکات و بەئاشکرا لە بزاڤی ڕیفراندۆمدا داوای سەربەخۆییی باشووری کوردستانی کردبێ، خۆی بەربژێر کاندید بکات لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا. لەم سۆنگەی پرسیارەشەوە، دیسان خۆ بەربژێکردن بڕیارێکی ئاسان نەبوو، جگە لە قسەکانی پێشترم، لە وەڵامی ئەم بەشەی پرسیاریشدا دەتوانم بڵێم:

١- ساڵانێکی زۆرە بە نووسین و کۆڕ و سیمینار و چالاکییە مەدەنییەکان و زۆر شێوەی خەباتی تر لە دەرەوەی وڵات، وەک

کەسێکی بێلایەن، خۆم لە بزاڤی کوردایەتیدا خەریک کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا زۆر جار ڕووبەڕووی ڕەخنە بوومەتەوە لەبەر ئەوەی دواجار من لە کوردستاندا حزووری عەمەلیم نییە، ئەگەرچی دەسەڵاتێکی کوردیش حوکمڕانیی وڵات دەکات! لە وەڵام و چارەسەرکردنی ئەم پرس و پارادۆکسەدا دەڵێم، ئەوەم ڕەفز کرۆتەوە کە لە سێبەری دەسەڵاتێکی تا سەرئێسقانگەندەڵدا بژیم، دەسەڵاتێک، کە بەشێک لە سیاسییەکانی بەر لە نیوەڕۆ لە پۆستە سیاسی و ئیدارییە ڕەسمییەکاندا دەبینرێن، بەڵام دوای نیوەڕۆ خەریکی قاچاغچێتیکردنن بە کاڵایەکی نیشتمانیی ستراتیژیی وەک نەوت. لە لایەکی ترەوە، خۆبەربژێرکردنم مانای چوون بوو بۆ کوردستان لەژێر سێبەری بزاڤێکدا، کە خەباتێکی مەدەنییانەی ڕاگەیاندووە بەرامبەر ئەم گەندەڵییە. هەروەها ئەو هەنگاوەم وەک پشتگیری بوو لەو ئەندامانەی پەرلەمانی کوردستان، کە لە چوارچێوەی بزاڤی گۆڕانەوە خەباتێکی هێژا دژ بەو گەندەڵییە دەکەن.

٢- هەرگیز ڕازی نەبووم و نیم بەو دەستوورەی عێراق، کە هەیە و باوەڕیشم وا بووە و ئێستاش باوەڕم وایە، کە چۆن عەرەبی سوننە کاتی خۆی لە ڕێگەی بەشداریی حیزبی ئیسلامییەوە، کە بەشیکی کەمیش بوون لە کەمایەتیی سوننەی عەرەب، لە پرۆسەی سیاسی و هەڵبژاردنەکانی عێراق لە ٢٠٠٥ کۆمەڵێک مەرجی فەرز کرد، یەکێ لەوانە ماددەی ١٤٢ی دەستوور، بزاڤی گۆڕان دەیتوانی و ئێستاش دەرفەتی هەیە داوای سەرخستنی سەقفی دەستووری بکات، لەو جێگەیانەی باس لە مافی کورد و مەسەلە پەیوەندیدارەکان دەکرێ. گۆڕان دەتوانێ ئەو کارە بکات، بە بەهانەی ئەوەی گۆڕان وەک بزاڤ و وەک لیست

واژۆی لەسەر ئەم دەستوورە نەکردووە. هەر بەم لۆژیکەش، یەکێک لە خاڵەکانی پرۆگرامی تایبەتیی خۆم لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردن، مافی ڕیفراندۆم بوو بۆ خەڵکی کوردستان و خاڵێکی تریش گەڕانەوە بوو بۆ ئیرادەی ئەو خەڵکە (خەڵکی کوردستان) لە حاڵەتی هەر بەرەوڕووبوونەوەیەک و قەیرانێکی سیاسی لەگەڵ بەغداد.

٣- زۆر بوون ئەو ئەندامانەی پەرلەمانی عێراق و ئێستاش زۆرن، کە لە دەرەوەی دەستوور و هەموو ئەو شتانەی ڕێکەوتنی سیاسی لەسەر کراوە، باوەڕیان بە ئەجێندای تەواو جودا و "نەنووسراو" هەیە و زۆرن ئەو ئەندامانەی پەرلەمانی عێراق، کە بیر لە جۆرێک لە *شیعیستان* دەکەنەوە و زۆرن ئەوانەی دەخوازن لە ڕۆشناییی فکرێکی عروبییەوە هەرچی ئاساری فیدراڵی و دابەشکردنی دەسەڵات و پێزانین بە مافە نەتەوەیییەکانی کورد، بەتایبەتی مادەی١٤٠، بسڕنەوە و زۆریشن ئەوانەی تەنانەت بە ڕۆحێکی کودەتایی بە ئەجێندا شاردراوەکانیانەوە لە چوارچێوەی هەمان پەرلەمانی عێراقدا سیاسەت دەکەن. ئەم توخمانە هەموویان بۆ *سیاسەتکردن* چوونەتە پەرلەمانی عێراقەوە، نەک بە زەرورەت بۆ چەسپاندنی عێراقێکی "دیموکرات و فیدراڵ" کەواتە پرسیار ئەوەیە، ئایا بۆ ناکرێت منیش بە ئەجێندایەکی تر و بۆ مەبەستێکی تر بچوومایەتە پەڕلەمانی عێراق؟

بەکورتی، من دەمخواست وەک کوردستانییەکی واقیعبین، بە هەموو توانایەکم لە پێگەیەکی سیاسیی زۆر پێشکەتووەوە خەبات بۆ ئەو شتانە بکەم، کە باوەڕم پێیانە. هەر لێرەشەوە دەمەوێ ئەوە بڵێم، کاتی ئەوە هاتووە ئەو کەسانەی

خۆیان بە کوردستانی دەزانن، چەکی واقیعیبوون لە دەست ئۆتۆنۆمیخوازەکان دەر بێنن: تۆ دەکرێ *کوردستانی بیت و واقیعبینیش بیت*. بە مانایەکی تر، کاتی ئەوە هاتووە کوردستانیان پیشانی بدەن، ئەوان تەنها کۆمەڵێک خەڵکی ئایدیالیست نین، کە هەندێ خەونی خۆش دەبینن و بەس و ئارەزووە سیاسییەکانیان لە چەند پارچەشیعری جواندا دەر دەبڕن، بەڵکو ئەوان خەڵکێکن، کە لە مەرجە سەختەکانی سیاسەت و سیاسەتکردن دەگەن، هەر لەو سۆنگەیەشەوە، دەستەوئەژنۆ بە دیار هەندێ دروشمەوە دانانیشن، بەڵکوو دەتوانن، بگرە پێویستیشە، لە چوارچێوەی هەلومەرجە دژوارەکانیشدا سیاسەت بکەن!

سبەی: بۆچی کە خۆت و لیستەکەت لە دهۆک دەنگی پێویستتان نەهێنا یەکسەر گەڕایتەوە ئەورووپا، ئایا ئەمە نیشانەی بێئومێدبوونت بوو لە دەرنەچوونی خۆت و لیستەکەت لەو پارێزگایە و سەختیی بەردەوامبوونی ڕەوتی گۆڕین و گۆڕانخوازی لە ناوچەی بادینان؟

ب. یاسین: لە ڕاستیدا گەڕانەوەم بۆ ئەورووپا بە هۆی بێئومێدی نەبوو. خۆبەربژێرکردنم بەشێک و مەقتەعێک بوو لە نەفەسێکی درێژ لە خەباتی کوردایەتیمدا، هەر بەو پێیەش، مەسەلەی هەڵبژاردن هەر وەک ئەزموونە سیاسییەکانی ترم، بە پارچەیەکی دانەبڕاو لەو خەباتە ئەژمار دەکەم. جگە لەوەش، مامەڵەی من لەگەڵ مەسەلەی گۆڕان لە کوردستان لە نەفەسێکی درێژەوە بووە. لەو باوەڕەشدام، کە بەگشتی یەکێک لە کێشەکانی سیاسەتکردن نەفەسکورتییە.

هەروەها گەڕانەوەم بۆ ئەورووپا یەکسەر نەبوو، بەڵکوو بە مەبەستی ئەنجامدانی بەدواداچوونێک دەربارەی بزاقی گۆڕان لە دەڤەری بادینان، چەند هەفتەیەک مامەوە و بە یارمەتی و بەشداریی ستافەکانی گۆڕان لەو ناوچەیە، بەدواداچوونەکەم ئەنجام دا. دواجار، گەڕانەوەم بۆ ئەورووپا شتێکی سروشتی بوو: ١- من نەهاتبوومە کوردستان بۆ مانەوە، ئەگەر لە هەڵبژاردن دەر نەچووم، بە مانایەکی تر، هاتنەوەم بۆ کوردستان، تەنها لە چوارچێوەی بەرنامەی بەشداریکردنم بوو لە هەڵبژاردنەکاندا. تا ئێستا جێگە و ڕێگەی ژیانم لە ئەورووپایە. ٢- هەرچەندە بۆ مەبەستی بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا ئیجازەی شەش مانگم لە کارەکەم وەر گرتبوو، بەڵام بە شێوەی چاوەڕواننەکراو لە کارەکەمەوە هەندێ ئەرکم پێ سپێردرا، کە دەبێ بۆ ئەنجامدانی لە کۆتاییی مانگی پێنج و سەرەتای مانگی شەش لە سوید بوومایە. ٣- لە ڕاستیدا، بە پێچەوانەی بێئومێدبوون، من بەش بە حاڵی خۆم ئەو ئەنجامەی گۆڕان لە دەڤەری بادینان بەدەستی هێنا، سەرکەوتنێکی گەورە بوو، هەرچەندە بەداخەوە سەرکردەکانی گۆڕان ئەو پێزانینەیان نەبووە. بەتایبەتی لەو ڕاگەیاندنەی لە ڕێگەی (کەی ئێن ئێن)ەوە بڵاو بوویەوە، بە بۆنەی کۆتاییهاتنی هەڵبژاردنەکان، هیچ ئاماژەیەکی تایبەتی و شایستەی دەربارەی ئەو سەرکەوتنەی ناوچەی بادینانی تیا نەبوو.

سبەی: گۆڕان لەم هەڵبژاردنەدا لە سنووری پارێزگای دهۆک، دوو هێندەی هەڵبژاردنی٧/٢٥ ی ساڵی پار دەنگی هێنا، هەندێک لە چاودێران دەڵێن، بەرزبوونەوەی کێرڤی جەماوەریی

گۆڕان لە بادینان لەو هەڵبژاردنە، پەیوەندیی بە کەسایەتیی تۆوە هەبووە، ڕای بەڕێزت؟

ب. یاسین: بە باوەڕی من، ئەو دەنگانەی گۆڕان لە بادینان بەدەستی هێنان، بە پلەی یەکەم هیی بێزاریی جەماوەری ئەو دەڤەرە بوو، هەرچەندە ئەگەر بەپێی بێزاریی ڕاستەقینە بێت، کە لەو دەڤەرە هەیە، دەبووایە دەنگەکانی گۆڕان زۆر زیاتر و بگرە چەندبارە زیاتر بوونایە، بەڵام بەداخەوە خەڵک ئازاد نییە لە دەنگدان. هۆکارەکەی تری ئەو سەرکەوتنەی گۆڕان لەو دەڤەرە ڕۆڵی ماندوونەناسانەی ستافی گۆڕان بوو، لەناو دهۆک و لە قەزا و ناحیە و لادێکان لە دەڤەرەکە. بەتایبەتی دەخوازم ئاماژە بە ڕۆڵی بەڕێز کاوە بەرواری بکەم، کە وەک گۆڕانخوازێک بۆ جاری دووەم لە نەرویج گەڕابوویەوە و یارمەتییەکی زۆری داین لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا.

جگە لەوەش، ئێمە، واتە من و خوشک و برایانی ناو لیستەکەی گۆڕان لە سنووری پارێزگای دهۆک، بەبێ دوودڵی و سڵەمینەوە ئەو ئەرک و تەحەددایەمان قبوڵ کرد، لەگەڵ هەستیاریی لە ڕادەبەدەری چالاکیی سیاسییش لەدەرەوەی حیزبی دەسەڵاتیشدا لەم ناوچەیە. لە کاتی بانگەشەدا بەردەوام شانبەشانی ستاف و چالاکوانانی گۆڕان بووین و تا توانیشمان چووینە ناو جەماوەر بۆ سەرخستنی پڕۆسەی بانگەشەی هەڵبژاردن.

لە لایەکی ترەوە، پێویستە ئەو سەرکەوتنە بەجوانی ببینرێ و بەجیددی و گرنگی و بەهەندهەڵگرتنی زۆرەوە سەرکردایەتیی گۆڕان کار لەسەر ئەو ژمارەیە، کە لە دەڤەری بادینان بەدەست

هاتووە، بکات، کە من بەداخەوە بە ڕاشکاوانە دەڵێم نەکراوە، هەر وەک پێشتریش ئاماژەم بە لایەنێکی ئەم مەسەلەیە دا!

سبەی: بە ڕای ئێوە، کە ئەو ماوەیە لە سنووری پارێزگای دهۆک مانەوە، بۆچی خواست بۆ گۆڕان، هەڵبەتە گۆڕان وەک پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی نەک وەک حیزب، لە ناوچەی بادینان لاوازە؟ ئایا ئەم خواستە لای خەڵکەکەی لاوازە یا دەسەڵات لەو ناوچەیە ئاستەنگە؟

ب. یاسین: جارێ سەرەتا کەس ناتوانێ نکۆڵی لەوە بکات، کە لە ڕووداوە سیاسی و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکاندا، بەگشتی بادینان لەسەرخۆیی و درەنگکەوتنێکی پێوە دیار بووە. ئەگەر بشمانەوێ ئەو دیاردەیە هەندێ جوان بکەین، دەتوانین بڵێین جیا لە ناوچەکانی تر، بەتایبەتی جیاواز لە ناوچەی سلێمانی و دەوروبەری، دەڤەری بادینان نەفەسدرێژ-لەسەرخۆییەکی بەرچاوی پێوە دیار بووە، جا با ئەو نەفەسدرێژییە مانایەکی سلبییش بە خۆوە بگرێ، بۆ نموونە درەنگکەوتنی ئەو دەڤەرە لە ڕاپەڕینەکەی بەهاری١٩٩١دا. لە لایەکی ترەوە، ئەو دەڤەرە باجی دوو شت دەدات کە یەکێکیان بوونی دەسەڵاتی ڕەهای پارتییە و ئەوی تریشیان باجی دابەشبوونی باشووری کوردستانە لەنێوان دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی، کە ڕەگوڕیشەکانی بۆ ساڵانێکی دوورودرێژی دابەشکردنی ئەو بەشەی کوردستان بۆ دوو ناوچەی هەژموونی پارتی و یەکێتی دەگەڕێتەوە. بەداخەوە ئەو دابەشبوونە، کە دەکرێ وەکوو کاریسەیەکی سیاسی بۆ نەتەوەی کورد هەژمار بکرێ،

لە چوارچێوی ئەو *لەیەکگەیشتنە ناموقەددەسەی* پێی دەوترێ هاوپەیمانیی ستراتیژی (پارتی و یەکێتی) زیاتر بەرجەستە و قووڵتر کراوەتەوە.

لە لایەکی ترەوە، بەپێی ئەو ئاگادارییەی من هەمە لە باری سیاسیی ئەو دەڤەرە، بێزاری لە دەسەڵاتی پارتی و خواست بۆ گۆڕان، لەوە زۆر زیاترە کە تۆ بتوانی بە ژمارەی ئەو دەنگانە هەڵی بسەنگێنی، کە لە هەڵبژارنی٣/٧ دا گۆڕان بەدەستی هێناون.

هەر لە سۆنگەی ئەم بەشەی وەڵامەکەمدا، دەڵێم تەحەددایەکی هەرە گەورەی بەردەم بزاڤی گۆڕان ئەوەیە، ئەو دیوارەی نێوان "دەڤەری بادینان" و "ناوچەی سۆران،" کە من بە دیواری بەرلین ناوزەدم کردووە، ببینێ و بە ڕاشکاوانەتر باس لەو مەسەلەیە بکات و درووشمی ڕووخاندنی ئەو دیوارە بەرز بکاتەوە. بە خوێندنەوەیەکی ڕاستگۆیانە لەم ڕوانگە سیاسییە تاڵەوە و بە بەرزکردنەوەی درووشمی ڕووخاندنی ئەو دیوارە، گۆڕان دەتوانێ ببێ بە بزاڤی هەموو باشووری کوردستان و لەم ڕێگەیەوە مۆری "بەناوچەییبوون" و ناوچەگەرییش لەسەر خۆی لا بدا. نەک هەر ئەمە، بەڵکوو گۆڕان بشبێ بە هەڵگر و پەیڕەوکاری پڕۆژەیەکی نەتەوەیی لە خەملاندنی پانتاییی سیاسیی نەتەوەدا لە باشووری کوردستان. جگە لەوەش، بە کارێکی ئەوها، گۆڕان دەتوانێ یەکێک لە بنەماکانی جوگرافیای سیاسیی دەسەڵاتی دوو ئیدارە و گەندەڵ بهەژێنێ و بەجیددی لاوازی بکات.

سبەی: وەک لێکۆڵەرەوەیەکی سیاسی و بەئاگا لە بارودۆخی

کوردستان، کە بەردەوام بەدواداچوونتان هەیە و ئەگەرچی دووریشن لە سەرزەمینی ڕووداوەکان، بەڵام پێتان وایە لە ماوەی ساڵێکدا بزووتنەوەی گۆڕان لەکوێوە دەستی پێ کرد و بۆ کوێ گوزەر دەکات؟

ب. یاسین: بە باوەڕی من، بە زۆر پێوەر، ساڵێک و ئەوەندە لە تەمەنی گۆڕان زیاتر چیرۆکی سەرکەوتنە تا هەرشتێکی تر. هەر وەک لە بابەتێکمدا بەر لە نزیکەی ساڵێک ئاماژەم پێ کردووە، گۆڕان کۆمەڵێک میتۆدی کارکردن و جیهانبینیی سیاسیی بۆ خۆی هەڵبژارد، کە پێشتر تا ڕادەیەکی زۆر لە باشووری کوردستان بوونیان نەبوو یا زۆر لاواز بوون، لەوانەش بۆ نموونە ئۆپۆزسیۆن بوون، خۆڕاگەیاندن وەک بزاڤێکی مەدەنی، ڕەفزکردنی دیاردەی نێگەتیڤانەی پڕچەککردن و بەمیلیشیاکردنی حیزب، لە لایەکی تریشەوە بانگەشەکردن بۆ کولتوورێکی سیاسیی نوێ لەمەڕ تێگەیشتن لە سیاسەت و مەرجەکانی خەباتی و خۆڕێکخستنی سیاسی.

لە لایەکی ترەوە، وەڵامدانەوەی بەشی دووەمی پرسیارەکەت زەحمەتترە. بە هەرحاڵ، وەڵامەکە دەکرێ دوو شێوەی هەبێ، کە یەکێکیان هیواخواستنە و ئەوەی تریان تەواو جیایە، ئەویش دانی هەندێ پێشبینییە ڕوو لە داهاتوو. لە ڕاستیدا وەڵامدانەوەش لەو دوو سۆنگەیەوە، پێویستی بە قسەی زۆرە. زۆر بەکورتی، گۆڕان لە بەردەم کۆمەڵێکی زۆری تەحەددادایە، کە هەندێکیان ئاستی ئایدیۆلۆژی و هەندێکیان ئاستی ڕێکخراوەیی و هەندێکیشیان ئاستی سیاسەتی عەمەلی، بەتایبەت لە بەغداد یا بەرامبەر بەغداد، دەگرنە خۆ. بە باوەڕی من، ئەرکێکی هەرە

قورسی سەر شانی سەرکردایەتیی گۆڕان ئەوەیە، بەتەواوەتی خۆی ڕزگار بکات لە سێبەری قورسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئەمەش خۆی لە خۆیدا کۆمەڵێک هەنگاو دەخوازێ، کە هەندێکیان پەیوەندیی بە مەسەلە مێژووییەکانەوە هەیە و هەندێکیشیان ئایدیۆلۆژین و هەندێکیشیان پەیوەستن بە سیاسەتی عەمەلییەوە.

هەر بۆ نموونە، لە ڕووی سیاسەتی عەمەلییەوە، ئەوەی لە فەترەیەکی کەمدا ڕووی دا ئەوە بوو، کە پەیوەندییەکی "باشتری" گۆڕان لەگەڵ پارتی بە پەیوەندییەکی خراپتر لەگەڵ یەکێتی تەواو بوو، بەڵام دەکرێ بڵێین پێچەوانەکەشی ڕاستە: پەیوەندیی خراپ لەگەڵ یەکێتی، گۆڕانی پاڵ دا بەرەو پەیوەندیی باشتر لەگەڵ پارتی! لە ئاستی تەکتیکیدا ئەوە دەوترێ، کە گۆڕان ناتوانێ هاوکات ململانێی پارتی و یەکێتی بکات. ئەگەر ئەم تێزەش ڕاست بێت، ئەوا لە ئاستی ستراتیژیدا، بێگومان "موجامەلەی" زیادی گۆڕان لەگەڵ هەر لایەن و دەسەڵاتێکی گەندەڵ، لە ئاکامدا گران دەکەوێ لەسەر بزاڤی گۆڕان. دواجار گۆڕان نابێ شتێک بکات، کە حاڵەتێکی دژایەتی دروست ببێت لەگەڵ ئەو متمانە جەماوەرییە گەورەیە، کە ئەو بزاڤە بەدەستی هێناوە. یا بە واتایەکی تر، نابێ کارێک بکات، کە ببێتە هۆی هەژانی بنەما هەرە گرنگەکانی متمانەکە!

سبەی: بە دیاریکراوی ڕەخنەکانت لەسەر ماوەی یەکساڵی کارکردنی (فراکسیۆنی گۆڕان) لە پەرلەمانی کوردستان چییە؟

ب. یاسین: بەگشتی ئەم فراکسیۆنە چالاک بووە و توانیویەتی

وەک هێزێکی سەرەکیی ئۆپۆزسیۆن، ڕۆڵێکی چالاک ببینێ لە پەرلەماندا. بەتایبەتی لە مەسەلەی بوودجەدا فراکسیۆنی گۆڕان مێژوویان بۆ خۆیان و بزاڤەکەیان تۆمار کرد. بڕوام وایە ئەم سەرکەوتنە یاریدەدەری گۆڕان بوو لە هەڵبژاردنەکانی ٣/٧ دا.

لە لایەکی ترەوە، یەکێک لەو تێبینییانەی کە مرۆڤ دەتوانێ هەیبێت ئەوەیە، کە ئەم گروپە پەرلەمانییە کەمتر گرنگی داوە بە ڕەهەندەکانی دەرەوەی سیاسەتی هەرێم. بۆ نموونە لە سەروبەندی سەفەری سەرۆکی هەرێم بۆ تورکیا و قسەکردنی لە بەردەم پەرلەمانی کوردستان، لەدوای گەڕانەوەی، دەرفەت ڕەخسا بۆ فراکسیۆنی گۆڕان، کە هەڵوێستی خۆیان دەربارەی ڕەهەندی سیاسەتی دەرەوەی هەرێم، هەر نەبێ بۆ خەڵکی کوردستان، ڕوون بکەنەوە. دەکرا لەو ڕوونکردنەوەیەدا جگە لە دیدی گۆڕان دەربارەی ڕەهەندەکانی سیاسەتی دەرەوە، سیاسەتە کوردستانییەکانیشی، واتە سیاسەتی بزاڤی گۆڕان ڕوو لە کوردستانی مەزن، ئاشکرا بکەن. تا ئەو جێگەیەی من ئاگادار بم، فراکسیۆنی گۆڕان لەو بۆنەیەدا ڕوونکردنەوەیەکی بڵاو کردەوە، کە بۆچوونی ئەو فراکسیۆنەی تیادا دیاری کرد لەسەر یەکێک لە ڕەهەندەکانی قسەکانی سەرۆکی هەرێم، کە لە پەرلەماندا کردی، ئەویش بابەتی مێدیا بوو بە پەیوەندی لەگەڵ مەسەلەی تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان. لێرەشدا دەبێ ئەوە بوترێ، یەکێک لەو کارە باشانەی فراکسیۆنی گۆڕان و بزاڤەکە کردبێتیان، گرنگیدان بووە بەو بابەتە، کە تا ئێستاش ئەو گرنگیدانە هەر بەردەوامە. لە لایەکی ترەوە، گرنگ و پێویست بوو لەو دەرفەتەدا ئەو فراکسیۆنە بۆچوونی خۆی دەربارەی چوونی سەرۆکی هەرێم بۆ تورکیا ڕوون بکردایەتەوە. لە

ڕاستیدا ئێمە حەز بکەین یا نا، ئەوا بە شێوەیەک یا شێوەیەکی تر، لە دیدی دەوڵەتی تورکیاوە کێشەی کورد لە تورکیا بە باشووری کوردستانەوە گرێ دراوە، هەتا بگرە بابەتی بوونی بنکەکانی پەکەکەش لەو بەشەی کوردستان پەیوەندیدارە بە تورکیا و کێشەی کورد لەو وڵاتە. ئەی باشە لایەنە کوردییەکان بۆ ئەو بەیەکەوەگرێدانە نەبینن و هەوڵی خەملاندنی سیاسەتێکی پڕبەپێست نەدەن لەو بارەیەوە. دەبێ ئەوەش بڵێین، کە لە نەبوونی سیاسەتێکی ئەوهادا بەرپرسیارییەکی زۆر دەکەوێتە سەرشانی پەکەکەش. ئێستاش ئەم هێزە ئەسیری خۆبەزلزانی و جیهانبینیی سیاسیی ئایدیۆلۆژییەکە، کە بۆتە هۆی ئەو دابڕانەی لە هەڵوێستەکاندا هەیە.

سبەی: ئێستا بزووتنەوەی گۆڕان لە هەوڵی ئۆرگانیزەکردندایە، بە ڕای ئێوە پێویستە چی بکات بۆ ئەوەی پرۆژەی گۆڕان کامڵتر بکات؟

ب. یاسین: سەرەتا وا دەزانم گۆڕان لەوەدا سەرکەوتوو بوو کە پەلەی نەکردووە لە مەسەلەی خۆڕێکخستنی یا ڕاشکاوانەتر بڵێین، لە بەحیزبکردنی خۆی. لەگەڵ ئەوەشدا، لەوە دەچێت کە بەحیزببوون مەسەلەیەکی حەتمییە، دەبێ زوو یا درەنگ ڕوو بدا. ئەو شتەی تر کە ڕووی داوە و تەندروستە ئەوەیە، ئەم باسوخواسی بەحیزببوونە لەناو ژمارەیەکی کەم لە هەڵسووڕاوانی گۆڕان سنووردار نەکراوە، بەڵکوو بگرە شۆڕ بۆتەوە بۆ ناو جەماوەریش. ئەمە خۆی لە خۆیدا یارمەتیدەرە لەوەی تاکی چالاکڤانی گۆڕان خۆی وەک ژمارەیەکی سادە

نەبینێ لەناو ژمارەیەکی گەورەدا، بەڵکوو وەک چۆنایەتییەکی گرنگ، کە دەتوانێ کاریگەریی زۆری هەبێ لەسەر ڕەوتی بەحیزببوون. نەک هەر ئەوە، بەڵکوو داوەتکردنی گۆڕانخوازان بۆ ئەوەی بۆچوون و پڕۆژەی خۆیان لەمەڕ بەحیزببوون و پڕۆگرامی سیاسیی ئەو حیزبەی دروست دەکرێ، بخەنە ڕوو، ڕۆڵی گرنگی دەبێ لە بەدیموکراسیکردنی سیاسەت لە وڵاتی ئێمەدا. ئەگەرچی دەبێ ئەوەش بوترێ، کە بۆ سەرکردەکانی گۆڕان کارێکی یەکجار قورسە ئەو هەموو بۆچوون و پڕۆژانە پۆلێن بکەن و کەنالیزەیان بکەن بۆ کۆنگرەی دامەزراندن (یا کۆنگرەی یەکەم)ی گۆڕان.

سبەی: نەوشیروان مستەفا دەڵێت، ئێمە حیزبێکی عەقائیدیی ئایدیۆلۆژی نین،" دەکرێت جەنابتان، هەم ڕای خۆتان هەم ڕوونکردنەوەی زیاتر لەسەر ئەم بۆچوونە بدەن، ئایا دەبێت بزووتنەوەی گۆڕان خاوەنی ئایدۆلۆجیایەکی دیاریکراو بێت، یا خاوەن لائیحە، یا بڵێم، بەرنامەیەکی سیاسیی کۆمەڵایەتیی ڕۆشنبیریی بەرفراوان بێت؟

ب. یاسین: ئەو قسەیە بە شێوەی جیاجیا کراوە، یا هەر نەبێ خەڵکی بە شێوەی جیاجیا وەرگێڕان و تێگەیشتنی بۆ کردووە. دیارە بۆ تێگەیشتنی زیاتر لەو قسەیە، داوا لە خۆی، واتە ڕێکخەری گشتی بکرێت، باشترە بۆ ئەوەی ڕوونکردنەوەی زیاتر بدات لەم بارەیەوە، بەڵام بە بۆچوونی من، لەوانەیە مەبەست لە وشەی عەقیدی و ئایدیۆلۆژی، هەڵبەتە لەم حاڵەتەدا، زیاتر هەوڵ بێت بۆ خۆدوورگرتن یا ڕاستتر بڵێین،

دوورگرتنی گۆڕان لە هەوڵی یەکڕەنگکردنی ئایدیۆلۆژیی ئەو حیزبەی لە گۆڕینی بزاڤەکە بۆ حیزب دەر دەکەوێت. ئەگەر ئەوەش وا بێت، ئەوا بۆچوونەکە گرنگ و پێویستە، چونکە هەر زوو ئێمە دەزانین، لەناو بزاڤی گۆڕاندا، بۆچوونی ئایدیۆلۆژیی جوداجودا هەن، پاراستنی ئەم فرەڕەنگییەش ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی خۆدوورگرتن لە "یەکڕەنگکردنی ئایدیۆلۆژی" دەبێت.

لە لایەکی ترەوە، لە تێڕوانینێکی گشتیشدا، ناکرێ خۆت لە بۆچوونی ئایدیۆلۆژی دوور بگری، چونکە زۆربەی جار هەر بۆچوونێکی سیاسی خاڵی لێوەدەرچوونێکی فکری (تۆ بڵێ ئایدیۆلۆژی)، لەپشتەوەیە. بە مانایەکی تر، ئەو بۆچوونە فکرییە سەرچاوەی ئیلهام و خاڵی بۆ گەڕانەوە (reference)ە بۆ بۆچوون و پڕۆگرامی سیاسیی بزاڤەکە.

جگە لەوە، من زۆرتر پەنام بردۆتە بەر چەمکی بەلشەفی، یا حیزبی بەلشەفی، هەندێک جاریش حیزبی لینینی، لە باسکردنی حیزبەکانی سەر پانتاییی کوردستانی مەزن، نەک هەر باشوور. بە بۆچوونی من، ئەو چەمکە، واتە چەمکی بەلشەفی و بەلشەفیزم، لە فراوانکردنیدا دەکرێ گوزارشت بێت لە کۆمەڵێ شتی گرنگ لە مێژووی حیزبی شیوعیی سۆڤیەتی، شیوعییەکانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات و تەجرەبەی سۆڤیەت و وڵاتانی مەنزومەی سۆسیالیستی پێشوو لە دەوڵەتداری و سیستمی سیاسیدا. لە فراوانکردنی جوگرافیشدا ئەو ئەزموونە (سەرنەکەوتووە) لە جیهانی سێهەمیش بە فراوانی تاقی کراوەتەوە.

لە چەمکی بەلشەفی یا بەلشەفیزم، کۆمەڵێک دیاردە کۆ بوونەتەوە، کە ڕزگاربوون لێیان پێویستە: ١- خۆوێناکردن

وەک حیزبی سەرکردە، پێشڕەو و پێشەنگ. ٢- سەپاندنی ڕەوایەتیی سیاسی لەسەر بنەمای بۆچوونێکی ئایدیۆلۆژی (زۆر جار دۆگمایەکی ئایدیۆلۆژی)، نەک لەسەر بنچینەی ڕەوایەتی و نوێنەرایەتیی دیموکراسی. زۆر جاریش "ڕەوایەتیی شۆڕشگێڕی" کێشەیەکی جیددیە لەم جۆرە کولتوورە سیاسییەدا. ٣- سەپاندنی ئیرادەی تاکە حیزبێک لەسەر تەواوی پانتاییی کۆمەڵایەتی و سیاسیی نەتەوە، بە واتای یەکسانکردنی پانتایی و فەزای نەتەوە یا دەوڵەت بە پانتاییی حیزب، کە ئەمەش کۆمەڵێک گرژی و ململانێی توند، بگرە هەندێک جار خوێناوییشی لێ دەکەوێتەوە. ٤- خۆ، یا ڕاستتر بڵێین حیزبی خۆ، بەهەمووشتزانی و قبوڵنەکردنی ئەو ڕاستییەی، کە حیزبەکەی ئەو تەنها ژمارەیەکە لەناو ژمارەکان، واتە تەنها پانتاییەکی بچووک پێک دەهێنێت لەو پانتاییە گەورەیەی پێی دەوترێ نەتەوە یا نیشتمان. زۆر جار لە نوکتە سیاسییە کوردییەکاندا، هەر بۆ نموونە، دەوترێ حیزبی فلانی بە ئەندامان و سەرکردەکەیەوە بە یەک قابلەمە دۆڵمە تێر دەخۆن. بەداخەوە ئەم نوکتەیە دەربڕی کولتوورێکی سیاسیی سەقەتە و لەسەر بنەمای بەهیچزانین و بەهەندهەڵنەگرتنی ئەوی تر (حیزبەکەی تر، هێزەکەی تر) پێ هەڵدەگرێ. ٥- شتێک کە لە سایەی کولتووری حیزبە بەلشەفییەکان گەشەی کردووە، فەرزکردنی دەسەڵاتی حیزبە بەسەر دەوڵەتدا. دواجار لەسەر حسابی یا ڕاستتر بڵێین لەپێناو بەرهەمهێنانی حیزبی بەهێز دامەزراوەی بێهێزی دەوڵەت و کۆمەڵگەی بێهێز و تاکێکی بێهێز بەرهەم دەهێنرێت. ئەم پێشوەچوونەش زیاتر لە بۆچوونی مارکسی- لینینی پێ هەڵدەگرێ، لەوەی دەوڵەت

تەنها ئامرازێکە لە دەست چینێکی کۆمەڵایەتیدا، تۆ بڵێ دواجار لە دەستی حیزبی ئەو چینەدا دژ بە چینێکی تر، ئەوەش ئاسانکاری دەکات بۆ ئەوەی حزب کۆنترۆڵی دەوڵەت بکات. هەر لەو بۆچوونەوەیە کە ستالین بەتایبەتی لە١٩٣٠یەکاندا پرۆسەیەکی کۆمەڵکوژیی لەناو کۆمەڵگەی سۆڤیەتدا پیادە کرد، لە ڕێگەی بەکاربردنی ماکینەی دەوڵەت (تۆ بڵێ بیرۆکراسیی دەوڵەت بە هەموو بەشەکانیەوە) لە پرۆسەیەکی کۆمەڵکوژیدا، کە لە دیدی زۆرێک لە شارەزایان، تەنانەت ئەو پرۆسەیە وەک جینۆسایدیش تێگەیشتنی بۆ دەکرێت. ٦- دیموکراسیی مەرکەزی، کە پەراوێزی زۆر ناهێڵێتەوە بۆ گەشەکردنی ئیرادە و تواناکانی داهێنانی ئەندامان و جەماوەری حیزب.

بەش بە حاڵی خۆم، حەز دەکەم لەو بابەتەدا جگە لەو ڕوونکردنەوەیەی چەند خاڵی پێشتر، بە گرنگییەکی تایبەتییەوە جەخت لەسەر دوو چەمکی *کوردستانیبوون* و *دیموکراسیبوونی ڕاستەقینە* بکەمەوە، کە لە هەر هەوڵێکدا بۆ ڕێکخستنی تاکەکان، لە چوارچێوەی پانتاییی نەتەوەدا زۆر گرنگن. لێرەدا کوردستانیبوون نەک بە زەرورەت بە مانا ئێتنییەکەی، بەڵکوو بە مانا هەرە فراوانەکەی، هاووڵاتیبوون لە پانتایی و فەزای کۆمەڵایەتیی نیشتماندا، کە ئەویش بە دەستوور و یاسا ڕێک دەخرێ. لەو چوارچێوەیەشدا ماف و ئازادییەکانی تاکەکانی ئەو پانتاییە پارێزراو دەبێ و فەزای نەتەوەش بەم مانایە بەبێ جیاوازی سیاسی و ئایینی و ڕەگەزی و چینایەتی هیی هەموو تاکەکان دەبێ.

سبەی: گۆڕان کە دەڵێت من شێوازێکی نوێی حیزبایەتی پیا

دەدەکەم و لاسایی حیزبە ستالینی و تەقلیدییەکان ناکەمەوە، تێگەیشتنی تۆ بۆ ئەم مۆدێلە چییە و دەبێت چۆن بێت؟

ب. یاسین: باوەڕم وایە وەڵامی ئەم پرسیارە لە ناواخنی وەڵامی پێشووترمدا ڕوون بۆتەوە.

سبەی: گۆڕان چۆن دەتوانێت هەڵسوکەوت لەگەڵ نەوەی نوێ و نەوە کۆنەکەی پێش خۆی بکات، ئەم دووانە، کە ئێستا لەناو بزووتنەوەکەدا سەنگ و قورساییی خۆیان هەیە، بە چ میکانیزمێک کاری پێکەوەیی بکەن؟ یا پێکەوە میکانیزمی هاوبەش بۆ سەرخستنی بزووتنەوەکە بدۆزنەوە؟

ب. یاسین: پێشەکی ئەوە مەسەلەیەکی گەوهەرییە و کارلەسەرکردنیشی بۆ دواڕۆژی بزاڤی گۆڕان یەکجار گرنگە، بەڵکوو بگرە چارەنووسسازیشە.

هەڵبەتە لە ئەزموونی کاری حیزبی لە دیموکراسییە ڕۆژئاواییەکاندا، تۆ بڵێ سیستەمە لیبراڵ-دیموکراسییەکاندا ئەوە دەر کەوتووە، کە حیزبە سیاسییەکان توانای کۆکردنەوەی پیر (نەوەی کۆن) و گەنج (نەوەی نوێ)یان بە یەکەوە هەیە. جگە لەوەش، حیزبەکان زۆربەی زۆریان، ڕێکخراوی گەنجانی تایبەت بە خۆیان هەن، بەڵام نەک لە شێوەی سیستەمە بەلشەفییەکان، کە لە چوارچێوەیدا ڕێکخراوی گەنجان و ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەیییەکان تەواو دەکەونە ژێر سێبەری قورس و کۆنترۆڵی حیزب. لە دیموکراسییە ڕۆژئاواییەکاندا، ڕێکخراوی گەنجان

سەربەخۆییی زۆری هەیە بەرامبەر بە حیزب و زۆربەی جاریش دەنگی ڕەخنەگرانەیە بەرامبەر بە حیزب و داواکاری لێی بۆ نوێبوونەوە لە ڕێکخراوی لاوان دەر دەچێت.

بۆ ئەوەی ڕۆڵی گەنج (تۆ بڵێ نەوەی نوێ) بەسەرکەوتوویی دەستنیشان بکرێ و جێگە و پێگەی نەوەی گەنج لە باشووری کوردستان زامن بکرێ، پێویستە:

١- ڕێکخراوی گەنجانی گۆڕان، سەربەخۆییەکی زۆری هەبێ، نەک وەک ئەزموونی سیستمە تۆتالیتارییەکان یا ئەو حاڵەتەی ئێستا لە باشووری کوردستان و وڵاتانی ناوچە هەیە، لەژێر سێبەری قورسی حیزبدا هیچ پەراوێزێکی سەربەخۆیی بۆ نەمێنێتەوە.

٢- باوەڕهێنان بەوەی فکر کۆن دەبێ و لەوەش زیاتر زۆر جار کەسەکان هێزە سیاسییەکان و حیزبەکان *دەبن بە ئەسیری فکرێک*، کە بۆ زەمەنێکی زووتر، واتە بۆ هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووریی پێشتر بەرهەم هاتووە. لە لایەکی ترەوە، شتێکی سروشتییە، بگرە پێویستیشە، کە فکر و بەرنامە سیاسییەکان نوێبوونەوەی بەردەوامیان بەسەردا بێت.

لە لایەکی ترەوە، چونکە زۆر جار نەوەی کۆن دەبێ بە ئەسیری فیکر و بۆچوونە کاتبەسەرچووەکان، ئەو نەوە کۆنە توانای نوێکردنەوەی فکر و جیهانبینییەکانی خۆی نابێ، ئەگەرچی خواست و پێداویستییەکی لەو جۆرەش هەبێ. دەبێ نەوەی کۆن ئەوە قبوڵ بکات، کە ئەو نەوەیە پێویستی بە کەناڵ و دەروازەی کراوە هەیە، ڕوو لە بۆچوونە نوێکان، بۆ ئەوەی هەر نەبێ دەرفەتی "متربەکردنی" بۆچوونە نوێکان بە کۆنەکانی هەبێ، تەنانەت بگرە ئەم بۆچوونە نوێیانە، بواریشیان هەبێ بۆ

ئەوەی بەتەواوەتی جێگەی بۆچوونە کۆنەکان بگرنەوە.

٣- مەسەلەیەکی یەکجار گرنگ ئەوەیە، پەیوەندیی نەوەی کۆن و نوێ دەبێ لە سۆنگەی کولتووری سیاسی و بەها دیموکراسییەکانەوە ڕێک بخرێ و مامەڵەی لەتەکدا بکرێ. بۆ نموونە کاتێک سەرکردەیەک دەڵێ دەوڵەتی کوردی خەونی شاعیرانە، ئەوا لە دیدێکی دیموکراسییانەوە، جگە لەوەی ئەم بۆچوونە بەتەواوەتی مافی دیموکراسییانەی ئەو کەسانەی ئەمڕۆ لە ژیاندان و باوەڕیان بە دەوڵەتی کوردستانی سەربەخۆ هەیە، پێشێل دەکات، لە هەمان کاتیشدا هیچ پەراوێزێک بۆ نەوەی نوێ و نەوەی سبەینێ ناهێڵێتەوە، کە ئەو مافە بە خۆیان ڕەوا ببینن و خەباتی بۆ بکەن.

لەو بارەیەوە، ئەوەی گۆڕان پێویستە خوێندنەوەی جیددیی بۆ بکات ئەوەیە، کە لە باشووری کوردستان نەوەی ڕاپەڕین (ئەوانەی لە ساڵی ١٩٩١ و دەوروبەری ئەو ساڵە لەدایک بوون) سەری هەڵداوە، کە تەواو دوور و لە دەرەوەی هەژموون و کاریگەریی زمان و کولتووری نەتەوەی سەردەست گەشەی کردووە و پێگەیشتووە. لە ڕاستیدا سیاسەتی هەنووکە ئەمڕۆ لە هەرشتێکی تر زیاتر قسەیە دەربارەی سبەینێ و دواڕۆژی ئەم نەوەیە و خەباتە لەپێناو ژیانێکی باشتر بۆی. هەر ئەو نەوەیەشە کە سەرکردە و دەستڕۆیشتووەکانی سیاسەتی سبەینێی باشووری کوردستان پێک دەهێنن، دواڕۆژ هیی ئەوانە تا هیی نەوەی کۆن.

لەم بارەیەوە، هەر وەک لە هەندێ جێگەی تریش وتوومە، باشووری کوردستان بە بەراورد لەگەڵ بەشەکانی تری کوردستانی مەزن، لە بەردەم حاڵەتێکی مێژووییی ناوازەدایە:

کورد بەگشتی، واتە لەسەر ئاستی کوردستانی مەزن، بۆ یەکەم جارە دەبێت بە خاوەنی نەوەیەک، کە دوور لە هەیمەنەی زمان و کولتووری نەتەوەیی سەردەست و کاریگەریی نێگەتیڤانەی چەپی *نەتەوەی سەردەست* گەشەی کردووە. لەبەر ئەوە پێویستە نەوەی کۆن بزانێ، کە ئەو دوێنێی هەبوو و دەکرێ ئەمڕۆشی هەبێ، بەڵام مەرج نییە سبەینێی هەبێ، بێگومان سبەینێ هیی ئەو نەوە نوێیەیە!

سبەی: ئایا بزووتنەوەی گۆڕان دەتوانێت وەک حیزبێکی پەرلەمانی بۆ هەڵبژاردنەکان گەرموگوڕ و دواتر نیشتنەوە بێت؟ تۆ مۆدێلێکی وای حیزبایەتی بە سەرکەوتوو دەزانێت، مەبەستمە بڵێم، ئایا خەڵکی ئێمە لەگەڵ ئەم شێوە حیزبایەتییە سەروسەودایان چۆن دەبێت؟

ب. یاسین: لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ناگونجێ بزاڤی گۆڕان تەنها وەک حیزبێکی پەرلەمانی خۆی ڕێک بخات، واتە حیزبێک، کە تەنها کاتی هەڵبژادنەکان دەر کەوێ. تۆ وەک ئۆپۆزسیۆن لە باشووری کوردستان، لەگەڵ هەندێ هێزی دەسەڵات بەرەوڕوویت، کە خاوەنی جگە لە هەیکەلی حیزب، سازمانی سیخوڕی و هێزی چەکدار (تۆ بڵێ میلیشیا) و کۆمەڵێ کۆمپانیای زەبەلاحی ئاشکرا و وەهمین. لەبەر ئەوە تۆ لە بارێکی ئەوهادا، ناکرێ ناڕێکخراو بیت یا تەنها کاتی هەڵبژاردن دەر بکەویت.

لە ڕاستیدا ئەوە خۆی لە خۆیدا بار و ئەرکێکی قورسە، کە گۆڕان هەر لە سەرەتاوە ڕەفزی ئەوەی کردووە خاوەنی دەزگای سیخوڕی و میلیشیا و کۆمپانیا و چالاکیی ئابووریی

نایاسایی بێت. ئەوە تەحەددایەکی ناهاوسەنگ و گەورەیە، گۆڕان بەرامبەر حیزبەکانی دەسەڵات دەیکات، بەو مانایەی ناهاوسەنگییەکی یەکجار زۆر لە تەرازووی هێز، لە توانا ماددی و مرۆیییەکانی بزاڤی گۆڕان بەرامبەر بە حیزبەکانی دەسەڵات هەیە. لەبەر ئەوە گۆڕان پێویستی بە بنەمایەکی ڕێکخراوەیی هەیە بۆ لە چوارچێوەدانی هێز و تواناکانی خۆی.

لە لایەکی ترەوە، هەر لە ئێستاوە گرنگە بزاڤی گۆڕان چاوی لەوە نەبێ، کە کاتێک خۆی دەکات بە حیزب، هەر هەموو ئەوانەی پشتگیری لە بەرنامەی گۆڕان دەکەن، بە زەرورەت ئەندامی مولتەزیم و کارای ئەو حیزبە بن. لە ڕاستیدا لە سیستەمە دیموکراسییەکانی ڕۆژئاوادا، ژمارەی پشتگیرانی حیزبێک چەندەها جار زیاترە لە ژمارەی ڕاستەقینەی ئەندامانی ئەو حیزبە. بە هەرحاڵ، ئەوەش داهێنان دەبێت بۆ بزاڤی گۆڕان، ئەگەر پەیڕەویی ئەو شێوازە نوێیە لە حیزبایەتی بکات، بەو واتایەی مەرج نییە هەر هەموو لایەنگرانی حیزب، بە مانا تەقلیدییەکەی حیزبیبوون، حیزبی بن و ئەندامی چالاک بن. لە لایەکی ترەوە، لەم داهێنانە سیاسییەدا ئەرکی گۆڕان ئاسان نابێت، چونکە ئەمڕۆ نەک هەر لایەنگرانی حیزبەکانی دەسەڵات دەبێ حیزبی بن، بەڵکوو بە دەیان هەزار کەس لە باشووری کوردستان بە نادڵی و بگرە بە زۆرداری بە ئامرازی جۆراوجۆر دەکرێن بە حیزبی. ئەمەش لە زۆر ڕێگەوە دەکرێت، بۆ نموونە داخستنی دەرگای زۆرێک لە ماف و ئیمتیازەکان بە ڕووی خەڵکی ناحیزبیدا.

سبەی: گۆڕان چۆن دەتوانێت هاوسەنگی و هەماهەنگی

لەنێوان پرسە کوردستانی و عێراقییەکاندا بکات؟ کامیان بخاتە خزمەتی کامیانەوە؟

ب. یاسین: پێشتر لەسەر ئەم بابەتە، بەر لە ساڵێک، نووسیومە و وتوومە ئەو بەیەکەوەگرێدانە ئاسان نابێت. لە لایەکی ترەوە بەردەوام لایەنگری ئەوەش بووم، کە گۆڕان بەڕاشکاوانە بە حیزبەکانی دەسەڵات و بە جەماوەریش بڵێت، *ناکرێ گۆڕان لە کوردستان نانبڕاو بکرێت و لە بەغدادیش داوای برایەتیی لێ بکرێ*. لەگەڵ ئەوەشدا بەیەکەوەگرێدانی بەغداد و کوردستان، کۆمەڵێک پرنسیپ و تەرتیبات و میکانیزمی گەرەکە، کە دواجار کاری زۆری پێویستە.

بە هەرحاڵ زۆر جار سیاسەتکردن لەسەر بنەمای بەیەکەوەتەرتیبدانی دژایەتییەکان دەکرێ نەک جیاکردنەوەیان لە یەکتر و بەم شێوەیەش مەسەلەکان "بە ڕەش یا سپی" نامێننەوە. لەم چوارچێوەیەدا، هەر لە بابەتی ناوبراومدا ئەو بۆچوونەم پیادە کردبوو، کە گۆڕان لە کوردستان لە سیغەی ئۆپۆزسیۆنبوون بەولاوە هیچ ئەلتەرنەتیڤێکی تری نییە و پێویستە ئەوە بکات، بەڵام لە بەغداد پێویستی بە هاوکارییە لەگەڵ لایەنەکانی تر، بەبێ ئەوەی پێویست بکات بە یەک لیست لەگەڵ ئەو لایەنانە لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا دابەزێ: بە مانایەکی تر، لە بەغداد هاوکاری، بەڵام بە تەحەفوز و سیاسەتێکی سەربەخۆوە.

بۆ نموونە، لە بابەتی نەوتدا، کە ئەمڕۆ بە تاڵان دەبرێ و قاچاغچێتیی پێوە دەکرێ، دەبێ گۆڕان بەبێ ئەوەی ئەلتەرنەتیڤی تری هەبێ، بەرەوڕووبوونەوەیەکی ڕاشکاوانە،

بەڵام مەدەنیانە، لەگەڵ دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکە و دەسەڵاتی شاردراوەی باشووری کوردستان هەڵبژێرێ. دەبێ نەوت لە قاچاغچێتیپێکردن و تێرکردنی چاوبرسێتیی هەندێ هێز و کەسی باڵادەستی چاوبرسییەوە بکرێ بە مەسەلەیەکی نەتەوەیی، واتە نەوت بەنەتەوەیی بکرێت. لە مێژوودا بەنەتەوەییکردنی یا خۆماڵیکردنی نەوت زیاتر مانای بەخۆماڵیکردن و دەرهێنانی ئەم کاڵایە بووە لە چنگ کۆلۆنیالیست و کۆمپانیا بیانییەکان، بەڵام لە حاڵەتی باشووری کوردستان، دەرهێنانیەتی لە دەست *قاچاغچییەکان و دەسەڵاتی شاردراوەی خۆماڵی*. ئەم کاڵایە نیشتمانییە، لە حاڵەتی بەهەڵەمامەڵەکردن لەتەکیدا، دەکرێ لە ئاستە هەرە ستراتیژییەکاندا، پشتشکێن بێت بۆ کورد، لەبری ئەوەی ببێتە مایەی خێروخۆشی و گەیشتن بە ئامانجە سیاسییە باڵاکان. لێرەشدا ئەرکی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن، بەتایبەتی گۆڕان، زۆر قورسە لەوەی ئەو بەکاربردنە بخرێتە خزمەت خێروخۆشیی خەڵکی کوردستان و بەدەستهێنانی ئامانجەکانی.

زۆر پشتڕاست نیم لە تێگەیشتنی مەبەستی بەشی دووەمی پرسیارەکەت، کە دەڵێی کامیان بخاتە خزمەتی کامیانەوە، بە هەرحاڵ، هەردووکیان بخاتە خزمەت ئامانجە دیموکراسی و نیشتیمانییەکانی خەڵکی کوردستان.

سبەی: فراکسیۆنە کوردستانی و عێراقییەکەی گۆڕان چۆن دەتوانێت خەباتی پارلەمانی و شەقامی کوردی پێکەوە گرێ بدات؟ ئایا هەلومەرجی ئەو خەباتە لە ئارادایە؟ نموونەیەکمان بدەرێ؟

ب. یاسین: بەڵێ، دەکرێ، گەرچی ئاسانیش نییە. ئەو نموونەیەی پێمان دەڵێ ئەوە مومکینە و بگرە پێویستیشە، هەڵوێستەی پەرلەمانتارانی گۆڕان و لایەنگرانی گۆڕان بوو لە مەسەلەی تیرۆرکردنی خوێندکار و ڕۆژنامەنووس *سەردەشت عوسمان*. ڕاستە ئەم هەڵوێستەیە ئاسان نەبوو و گرژی و بگرە هەڕەشەشی هێنایە بەر دەرگای بزاڤی گۆڕان، بەڵام دواجار هەر ئەو قەیرانە کۆمەڵێک سەرئێشەی لە گۆڕان کردەوە و هەندێک گومان و نیشانەی پرسیاریشی لەسەر شێوازی کارکردنی سیاسییانەی ئەو بزاڤە لا برد. با ڕوونتر بیڵێین "نزیکبوونەوەی" گۆڕان لە پارتی بەر لەو ڕووداوە هەندێک نیگەرانی، هەتا بگرە لای هەندێک لە هەڵسووڕاوانی گۆڕانیش، دروست کردبوو. بە مانایەکی تر، ئەم قەیرانە بوو بە چارەسەر و وەڵام بۆ ئەم حاڵەتی نیگەرانییە.

بە مانایەکی تر، گۆڕان لەو هەڵوێستەیدا پیشانی دا کە ڕاستگۆیە لە مەسەلەی بەرگریکردن لە ئازادیی ڕادەربڕین و ڕۆژنامەوانی. لە لایەکی تریشەوە، ئەو جەماوەرەی سەر شەقامیشی بەتەنیا نەهێشتەوە کە داکۆککاری هەمان مەسەلە بوون، بەم شێوەیە، یەکانگیربوونێک لە هەڵوێستەکاندا دروست بوو.

لە بابەتی عێراقدا، لایەنی کوردی بەگشتی تا ئێستا سوودیان لە پشتگیریی جەماوەر، لە بەرەوڕووبوونەوەکان لەگەڵ بەغداد، وەر نەگرتووە. بەڕاستی ئەوە سوودوەرگرتن نییە لە هێزی جەماوەر، تۆ بڵێی هێزی شەقام، کە بەزۆرەملێ و بە چاوسوورکردنەوەی حزب خەڵک بێنیتە سەر شەقام. ئەم سیغەیە جەماوەر بێئیرادە دەکات لەبری ئەوەی سوودی نەتەوەیی

لە ئیرادەکەی وەر بگرێ. لێرەشدا گۆڕان ئەرکێکی قورسی لە بەردەم و لەسەر شانە، لە هەڵگێڕانەوە و سەرەوژێرکردنی ئەو کولتووورە سیاسییە سەقەتە و ئافراندنی کولتوورێکی سیاسی، کە تیایدا ئیرادەی جەماوەر، ڕووداوی سیاسی دروست دەکات و لە خزمەت بەدیموکراسیکردنی سیاسەت و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی جەماوەر و بەدەستهێنانی ئامانجە باڵاکان دەبێ نەک خواستی تەسکی حیزب یا خۆنواندنی سەرکردەکان.

سبەی: گۆڕان لە کوردستان ئۆپۆزسیۆنە، ئایا لە عێراقیش هەر وا بێت یا بەشداری حکومەت بکات؟ کامیان باشە؟

ب. یاسین: پێشتر هەندێک شتم وت لەم بارەیەوە. بەشداریکردنی گۆڕان لە حکومەت لە بەغداد بەقەدەر بەشداریکردن لە حکومەتی هەرێمی کوردستان پڕئیشکالیەت نییە، بگرە ئیشکالیەتی زۆر کەمتریشە، ئەگەرچی لە هەردوو حکومەتدا کێشەی گەندەڵی، بەم ڕادەیە یا ڕادەیەکی تر هەیە.

هەروەها لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەبێ مرۆڤ حسابێکی جیددی بۆ ئەو ڕاستییەش بکات، کە ئێستا گۆڕان گرێدراوی هاوکارییەکە ڕوو لە بەغداد لەگەڵ لایەنە کوردستانییەکانی تر و بەشداریی ئەو لایەنانە لە حکومەت، بەبێ بەشداریی گۆڕان بە ئەگەری زۆر ئیشکالیەت بۆ گۆڕان و بۆ میکانیزمەکانی ئەو هاوکارییە دروست دەکات. جگە لەوەش، بەشداریکردنی گۆڕان لە حکومەتی عێراقدا، پلاتفۆڕمێک و سەرچاوەیەکی هێز و کەناڵێکی کاریگەری لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان، بەو هێزە دەبەخشێ. بە پێچەوانەشەوە، بەشدارینەکردن لە

حکومەتی ناوەندیدا دەبێتە هۆی لەدەستدانی پلاتفۆڕمێکی ئاوا گرنگ.

لە لایەکی ترەوە دەبێ پرسی ئۆپۆزسیۆنبوونی هەموو کورد لە بەغداد، نەک تەنها هی گۆڕان بەتەنها، بە جیددی باس بکرێ لە چوارچێوەی هاوکارییە کوردستانییەکەدا و ڕوو لە شەقامیش ئەو باسە بە هەند وەر بگیرێ. بە باوەڕی من، گۆڕان دەرفەتی ئەوەی هەیە ئەم مەسەلەیە، واتە مەسەلەی ئۆپۆزسیۆنبوونی هەموو کورد لە بەغداد، وەک ئەلتەرنەتیڤێکی سیاسی بورووژێنێ. لە ڕاستیدا هەندێک جار "لەدەرەوەمانەوە" یا هەر نەبێ هەڕەشەکردن بە کارتی لەدەرەوەمانەوە، پەراوێزی سیاسەتکردن فراوانتر دەکات تا تەسکتر. جگە لەوەش، زۆر جار لە چوونەناوەوە باجێکی سیاسیی گرانتر دەدەی لەوەی لەدەرەوە بمێنیتەوە! وا دەزانم ئەگەر خستنەڕووی ئەو ئەلتەرنەتیڤە بۆ تاکتیکیش بێت ڕوو لە عێراقی عەرەبی لە کاتی گفتوگۆکاندا، ئەوا لە ئاکامدا بە ئەگەری زۆر لایەنەکان بە جیددیتر دەڕواننە کورد، چونکە لەو حاڵەتەدا لایەنەکان، عێراقی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی، دەزانن کورد *بێچارە* یاخود *بێ ئەلتەرنەتیڤ* نییە.

سبەی: سروشتی سیاسیی کوردستان و کەمیی لێبووردەیی، وای کردووە هەموو بۆچوونێکی جیاواز بە لادان یا بە یاخیبوون یا بە شەیتان سەیر دەکرێت... تەنانەت لەناو هەمان بزووتنەوەشدا وەک باڵباڵێن پێناسە دەکرێت... ئایا ئەگەر ئێمە بمانەوێت دیموکراسیەت بچەسپێنین، نابێت ئەم دیاردەی جیاوازییە بە دیاردەیەکی ئاسایی بزانین؟

ب. یاسین: هەڵبەتە ڕاستتر وایە بڵێین *کولتووری سیاسی*، نەک سروشتی سیاسی. بەم مانایەش تەحەمولکردنی ئەوی تر، دوو ڕەهەندی هەیە، *ناوەوە* و *دەرەوە*: ڕەهەندی دەرەوە، بە مانای قبوڵکردنی هێز و حیزبەکانی دەرەوەی حیزبی خۆت دێت، بەڵام لە ڕەهەندی ناوەوە، تەحەمولکردنی بۆچوونەکانی ناو حیزب لەناو خۆیدا، هەردوو ڕەهەندەکەش لە یەکتر جیا ناکرێنەوە. بەداخەوە ئەو کولتوورە سیاسییەی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا باو و باڵادەستە، زیاتر هیی تەحەمولنەکردن و ڕەتکردنەوەی ئەوی ترە تا قبوڵکردنی. ئەو ڕەتکردنەوەیەش شێوازی جیاجیا وەر دەگرێ، لەوانەش بۆ نموونە سڕینەوەی مێژووی ئەوی تر بەو مانایەش لە هەڵوەستەیەکی نادیموکراتییانەدا حیزب نەک هەر دەخوازێ پانتاییی سیاسیی هەنووکە (واتە ئەمڕۆ) پاوان و یەکڕەنگ بکات، بەڵکوو هەوڵ دەدات پانتاییی مێژووش بۆ خۆی قۆرخ بکات و ئەوی تریش، یا ئەوانی تر، دەکا بە *نامێژوویی* بێمێژوو، پەراوێزی مێژوو و تەواوی خەباتیشیان دەسڕێتەوە. لەم پێناوەشدا حیزب شتەکان وا وێنا دەکات، وەک ئەوەی لە مێژوودا هەر خۆی خەباتی کردووە و ئەوانی تریش نەک هەر نەبینراو و نەبیستراو دەکرێن، بەڵکوو زۆر جار مێژووەکەیان تاریک و ناشرین دەکرێت، لە ڕێگەی تەخوین و گوناهبارکردن بە بەکرێگیراوی و جاشایەتی و... هتد. هەر لەبەر ئەوەشە زۆر جار لە نووسینەوەی مێژوودا باس لە نووسینەوەیەکی دیموکراسییانە لە لایەک و نووسینەوەیەکی نادیموکراسییانە لە لایەکی ترەوە دەکرێت. ئەم پۆلێنکردنەی نووسینەوەی مێژووە لە جیهانی ئەکادیمیدا چەندە گرنگە، ئەوەندەش لە جیهانی سیاسەتیی عەمەلیدا گرنگە، بگرە گرنگتریشە.

جگە لەوەش، بەشێک لە کێشەی تەحەمولنەکردنی هێزە سیاسییەکان بۆ یەکتر، پەیوەندیی بە گووتاری ناسیۆنالیستییەوە هەیە، یا ڕاستتر بڵێین، پەیوەندیی بە بەچەوتبەکارهێنانی ئەو گووتارەوە هەیە، چونکە ئەم گووتارە زیاتر گووتاری یەکڕەنگکردنە تا فرەڕەنگکردن. بە مانایەکی تر، لە حاڵەتی خراپبەکارهێنانی گووتاری ناسیۆنالیستی، دەکرێ حیزبێک وا پیشانی بدات، کە فرەحیزبیبوون پەرتەوازەییی نەتەوەییی لێ دەکەوێتەوە و هەڕەشەشە بۆ سەر ئاساییشی نەتەوەیی. لەم سۆنگەیەوە، یا بەم بەهانەیەوە، ئەو حیزبە خۆی بە زامنکاری پاراستنی نەتەوە لە قەڵەم دەدات و بەم مانایەش ڕەوایەتیی نوێنەرایەتیکردنی تەواوی نەتەوە تەنها و تەنها بە خۆی ڕەوا دەبینێ. یا لەبەر ئەوەی خۆی بە حیزبێکی "مۆدێرن" یا "عەلمانی" دەزانێ، تەقلیدی و دینییەکان بە مەترسی بۆ مۆدێرنیزم و عەلمانیەت لە قەڵەم دەدات. هەر لەبەر ئەوەش، یا بەپێی ئەم لۆژیکە، نابێ هێزە "تەقلیدی" و "دینییەکان" بوونیان هەبێ.

لە باشترین حاڵەتدا لە بوونی ئەو دژایەتییەدا، قەیرانێکی بەردەوام وجودی دەبێت، کە هەندێک جار لە یەکلاکردنەوەی قەیرانەکە، پەنا دەبرێتە بەر گووتار و کرداری لەناوبردنی بەتەواوەتیی ئەوی تر.

ئەوەی وترا زیاتر قسەیەک بوو لە ڕەهەندی دەرەوەی مەسەلەی تەحەمولنەکردنی یەکتر، بەڵام ئەم ئیشکالیەتە، بە هۆی یەکبوونی کولتووری سیاسی و بەها گشتییە کولتوورییەکان، لە ڕەهەندی ناوەوەشدا قوت دەبنەوە و بە هەمان شێوە ململانێکان لە دەرەوەڕا دەهێنێتە ناوەوە، یاخود بە پێچەوانەوە. ڕاستتر

بڵێین، ئەم کولتوورە سیاسییە ئەو چوارچێوە و بنەمایەیە، کە ڕەهەندی دەرەوە و ناوەوەی دیاردەی تەحەمولنەکردنی یەکتر بە یەکەوە گرێ دەدات.

ئەگەر قسەکە لەسەر بزاڤی گۆڕانە، ئەوا بێگومان دیسانەوە ئەرکی ئەو بزاڤە قورسە لە پیادەکردنی گووتارێک و ڕەفتارێک، ڕوو لە دەرەوە و لە ناوەوە، کە بەرجەستەکردنی پرنسیپی فرەڕەنگییە، "فرەڕەنگی سەرچاوەی هێزە نەک لاوازی، هێزی نەتەوەش لە ئیرادەی ئازادیی تاکەکان پێ هەڵدەگرێ نەک لە پێچەوانەکەی."

بۆ ئەو بەرجەستەکردنەش وا باشە گۆڕان لە خۆیەوە دەست پێ بکات. ڕەخنەیەکی جیددی کە لەم بارەیەوە پێویستە لە گۆڕانی بگرین، ئەوەیە کە بەئاگا یا بەبێ ئاگا، بزاڤی گۆڕان شانازیی خەباتی مەدەنی تەنها و تەنها بۆ خۆی تۆمار ئەکات. ڕاستییەکەی ئەوەیە، کە پێشتر بە مەنهەجیەتێکی ئاشکرا و بەبێ دوودڵی و لە ئەزموونێکی چەند ساڵەییدا یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان دەسپێشخەریی خەباتی "مەدەنی،" یا تۆ بڵێ خەباتی دوور لە بەکارهێنانی زەبروزەنگی کردووە.

هەر پێزانینێک و حساببۆکردنێک، کە گۆڕان لە گووتاری خۆیدا بۆ ئەوانی تر بیکات، ئەوا گۆڕان ڕاستەوخۆ بەشداری لە بەرهەمهێنانی کولتوورێکی جیاواز، لەوەی تا ئێستا لە کوردستان باڵادەست بووە، دەکات. کولتووری سیاسیی باڵادەست لە فەزای کوردیدا، زۆربەی جار هیی نەخوێندنەوە و ناپێزانینی بوون و خەباتی مێژوویی ئەوی تر (ئەوانی تر) بووە.

سبەی: پێت وایە گۆڕان بتوانێت لە موعادەلەیەکی سەختی بەرهەڵستکاریی ناوخۆیی و پێویستیی هەماهەنگی لە بەغدادا سەرکەوتوو بێت؟ یا ئێمە دەزانین سەختترین موعادەلە ئەوەیە، لەناو خۆدا بەرهەڵستکارێکی سەرسەخت بیت لە دەرەوەش هەماهەنگ و تەبا، چۆن ئەم هاوکێشەیە چارەسەر دەکرێت بە ڕای تۆ؟

ب. یاسین: بەڵێ، کارێکی ئەستەمە، بەڵام *نامومکین نییە*. بە هەرحاڵ، باوەڕم وایە لە بەشێک لە وەڵامەکانی پێشترم ئاماژەم بەم مەسەلەیە کردووە. ئەوەی دەبێ بە ڕوونتر بیڵێین ئەوەیە، کە دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکە قاچاغچێتی بە نەوتەوە دەکەن و هەر خۆیان ڕێگری دەکەن لەوەی مەسەلەی پێشمەرگە مەسارێکی دەستووری و یاسایی وەر بگرێ، کەچی ڕوو لە بەغداد ئەم دوو حیزبە مەسەلەکان بە بەرگێکی "نەتەوەیی" دادەپۆشن، وەک ئەوەی، بۆ نموونە ڕێکنەخستنی پێشمەرگە لە هێزێکی یەکگرتوودا گوناهی بەغداد بێت، وەک ئەوەی بوونی دوو دەسەڵاتی گەندەڵ لە کوردستان، کە ناواخنی دەسەڵاتێکی بە ناو یەکگرتوون، لەم بارەیەوە هیچ گوناهیان نەبێت! وروژاندنی ئەم مەسەلانە و زۆر مەسەلەی تر وەکوو هەن، بەرامبەر دەسەڵاتی دوو حیزبەکە و شۆڕکردنەوەی ڕاستییەکان بۆ ناو جەماوەر، بۆ گۆڕان کارێکی ئاسان نابێت، چونکە دوور نییە پارتی و یەکێتی مەسەلەی سیاسەتی کورد بەرامبەر بە بەغداد وەک کارتی فشار بەکار بهێنن، لەپێناو بێدەنگکردن و چۆکپێدادانی گۆڕان لە کوردستان. بگرە ئامادەشن بۆ هەمان مەبەست ئەم هاوکارییە وەک بەهانە بۆ هەندێک ئاقاری قەیراناویی ترسناکیش پاڵ بدەن.

سبەی: پێت وایە گۆڕان بە گیرفانێکی هەژارەوە بتوانێت بەرگەی گوشاری یەکێتی و پارتی بگرێت لە ماوەی پێنجساڵی داهاتوودا؟ دوو حیزبی دەوڵەمەند... دوو حیزب بوودجەیەکی زەبەلاحیان لە بەردەستە، دوو حیزب تەنانەت پەنایان بردە بەر سزای سیاسییش!

ب. یاسین: نەخێر، ئاسان نییە، زۆریش ئەستەمە، *بەڵام مومکینە*. هەر وەک تا ئێستا بیستراوە و بینراوە، لایەنگرانی گۆڕان بەرەوڕووی گوشاری جوداجودا بوونەتەوە، کە ناکرێ بەشێک لەو گوشارانە نەشوبهێنین بە مەنهەجی سیاسیی ڕژێمە ڕەفتارفاشییەکانی ناوچە و جیهان!

# مەبەستی دەسەڵات کۆتوبەندکردن و سنووردارکردنێکی ترسناکی مافی خۆپیشاندانە

## دیمانەی پێگەی ڕادیۆی هاوپشتی،
## کانوونی دووەمی ٢٠١١

یاسای خۆپیشاندانەکان لە کوردستان لە ماوەی چەند هەفتەی ڕابردوودا شەپۆلێکی فراوانی لە "ناڕەزایەتی" لەنێو جەماوەری کوردستاندا خولقاند و زۆر شار و شارۆچکەی کوردستان، خۆپیشاندانی بێمۆڵەتی لە دژی ئەم یاسایە بە خۆیەوە بینی، هەروەها لەدەرەوەی کوردستانیش دەنگی ناڕەزایەتی لە شەقامەکانی ژمارەیەک لە پایتەخت و شارەکانی ئەوروپا لە بەرامبەریدا بەرز بۆوە. خودی دەرکردنی یاساکە و نیاز و مەرامەکانی پشت دەرکردنی و ئەو جووڵانەوەیە، کۆمەڵێک پرسیار دروست دەکەن، کە دەکرێت لە ڕوانگەی جیاوازەوە وەڵامی جۆراوجۆریان پێ بدرێتەوە. لە گفتوگۆی ئەم جارەی تەوەری ماڵپەڕی هاوپشتیدا، نووسەر و لێکۆڵەری سیاسی، بەڕێز د. بورهان یاسین وەڵامی پرسیارەکانی هاوپشتی دەداتەوە.

هاوپشتی: لە زۆر سۆنگەوە ڕەخنە لە یاساکە گیراوە، بە بڕوای ئێوە سەرەکیترین کەموکووڕی، یا لایەنە جێ ڕەخنەکانی ئەم یاسایە چین؟

ب. یاسین: بە بۆچوونی من، ناکرێ ئەو کار و کاردانەوانەی لە مەسەلەی یاسای خۆپیشاندان کەوتوونەتەوە، تەنها لە تێگەیشتنی دەقی خودی ئەو یاسایەوە خوێندنەوەیان بۆ بکرێت، چ لە ڕووی وردەکارییە زمانەوانییەکانی یا یاساییەکانی، بەڵکوو باشتر وایە لە ڕێگەی بینین و خوێندنەوەی زۆر دیاردەی سەر پانتاییی سیاسیی کوردستان و گرێدانی ئەو مەسەلە یاساییە بەو دیاردانەوە، تێگەیشتنێکی فراوانتری بۆ بکەین.

ئەو کەشوهەوا سیاسی و دەروونییەی ئەمڕۆ لە باشووری کوردستان دەبینرێ و هەستی پێ دەکرێ، خەریکە بەتوندی کۆمەڵگەی کوردی لەو بەشەی کوردستان بکا بە دوو بەرەوە: بەرەی دەسەڵات و حیزبە حوکمڕانەکان (پارتی و یەکێتی) لە لایەک و بەرەی ناڕازی و دواتر ئەم دابەشبوونە بەرەو ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ڕاشکاوانەتر و توندتر ببا. ئەوەشی گرنگە، ئەوەیە کە ئەم بەرە ناڕازییەش زۆر پێکهاتەی گرنگ لە خۆ دەگرێ: هەر لە ئۆپۆزسیۆن و میدیای ئازاد و خەڵکی بێزار و بەشێک لە ڕۆشنبیران و نووسەران و ئەو بەشەی کۆمەڵگەی مەدەنی، کە لەدەرەوەی بازنەی دەسەڵات خۆی دەبینێتەوە. لێرەدا گرنگە ئەوە بڵێین، کە ئەستەمە سنوورێک دیاری بکەین لەنێوان پێکهاتەکانی ئەو بەرەیە، کاتێک دەنگی ناڕەزایی لە ڕێگەی جۆرەها کەمپین و چالاکییە جەماوەرییەکان، بەتایبەتی لە ڕێگەی خۆپیشاندانەوە دەبیسترێ. بە واتایەکی تر، ناکرێ

ئەم هەموو دەنگ و شێوازانەی ناڕەزایەتی وەک ژمارەیەک دوورگەی لەیەکتردابڕاو ببینین. بە دیوێکی تردا، دەتوانین بڵێین بوون و چالاکییەکانی ئەم بەرەیە، هەر لەناو هۆڵی پەرلەمان دەست پێ دەکات بە لاپەڕەکانی هەندێک ڕۆژنامە و گۆڤار و پێگەی ئینتەرنێت و ئامرازەکانی تری مێدیای بینراو و بیستراودا تێپەڕ دەبێ تا دەگاتە بزاڤی شەقام.

بە مانایەکی تر، زۆر گرنگە ئەم هەموو جۆرە چالاکییانە بە لەیەکتردابڕاوی نەبینین و نەخوێنینەوە. ئەم جۆرە بۆچوونە چەندە گرنگە لە هەڵسەنگاندن و تێگەیشتنێکی زانستییانەی دیاردەکە، ئەوەندەش گرنگە لە ڕووی سیاسییەوە. دیارە ئاشکرایە کە دەسەڵات ئەم هەموو ڕەهەندانەی چالاکییەکانی ناڕەزایی بە یەکەوە گرێ دەدات بەتایبەتی لە چوارچێوەی تیۆری پیلانگێڕی (conspiracy theory)، کە ئەمەش دێواندنی تەواوی پانتاییی ناڕەزایەتییە، بە هەموو پێکهاتەکانی ئەو پانتاییەوە. لە لایەکی ترەوە، دەسەڵات حەز بە پەرتەوازەیی و بەشبەشبوونی پانتاییەکە دەکات، بگرە کاریش بەو ئاراستەیەدا دەکات، بەڵام بەرامبەر ئەم هەوڵەی دەسەڵات، گرنگە لە ڕووی سیاسی و ستراتیژییەوە پێکهاتەکانی ناڕەزایەتی خۆیان لەناو یەک پانتایی ببیننەوە: *هێز بە یەکتر بدەن و هێزیش لە یەکتر وەر بگرن*، هیچ پێکهاتەیەکیان لە بەهای پێکهاتەی تر کەم نەکاتەوە و هیچ پێکهاتەیەکیشیان هەوڵی داگیرکردن و قووتدانی پێکهاتەکەی تر نەدات و... هتد.

لە ڕۆشناییی ئەم بۆچوونەوە، دەتوانین بڵێین پێکهاتەکانی بەرەی ناڕازی چەندە زۆرن، کاردانەوەکانی دەسەڵاتیش بەو پێیە تەنها یەک جۆر نییە، بەڵکوو چەند جۆرێکە: هەر لە

تیرۆر و ترساندن و بە ناوی یاساوە بێدەنگکردن و تا دەکرێ سنووردارکردنی بواری چالاکیی سیاسی و ئازادییەکان و وەک دوژمن خوێندنەوەی چالاکییەکانی ئۆپۆزسیۆن، واتە دێواندنی ئەو ئۆپۆزسیۆنە و نانبڕین و تا دەشکرێ بەرجەستەکردنی مۆنۆپۆلکردنی دەسەڵاتی سیاسی و... هتد. ئەم هەموو جۆرە کاردانەوانەی دەسەڵات، دەربڕی ترسێکی جیددین و ئەو ترسەش شۆڕ بۆتەوە بۆ ناو قووڵاییە دەروونییەکانی دەسەڵاتی سیاسییەوە، ئەوەش وامان لێ دەکات، بڵێین ئەو ترسە دەربڕی ئەو ڕوانگەیەیە، کە دەسەڵات هەموو بەشەکانی بەرەی ناڕازی بە یەکەوە گرێ دەدات.

کەواتە گرنگە ئێمە لە ڕۆشنایی خوێندنەوەیەکی ئەوهادا لە مەسەلەی یاسای خۆپیشاندان نزیک ببینەوە، نەک بەدابڕاوی لە کار و هەنگاوەکانی دەسەڵات بە ئاراستەی تەسککردنەوەی پانتایی و پەراوێزی ئازادییەکان، ئەو یاسایە ببینین و هەڵی سەنگێنین.

دیارە زەقترین بەشی ڕەخنەلێگیراوی ئەو یاسایە ئەوەیە، کۆتوبەند دەخاتە سەر ئازادی و دەرفەتەکانی خۆپیشاندان، بە ڕادەیەک، کە ئەو ئازادییە ئیفلیج دەکا. هەڵبەتە ڕەخنەکە لە فراوانبوونیدا، ئەو یاسایە دەبەستێتەوە بە کۆمەڵێک "یاسا" و هەنگاوی تر، کە هەمووشیان دەخزێنە خزمەت تەسککردنەوەیەکی جیددیی ئازادییەکانی ڕادەربڕین و خۆپیشاندان و... هتد.

هاوپشتی: ئایا هەڵوێستی دروست، کە بە بڕوای ئێوە پێویستە ڕەخنەگرانی ئەم یاسایە و جەماوەری ناڕازی لەسەری

کۆک و یەکگرتوو بن، چییە؟ ئایا ئەم یاسایە هەموار بکرێتەوە، یا ڕەت بکرێتەوە و بەیەکجاری وەلا بنرێت؟

ب. یاسین: بە بڕوای من، ئەم هەڵوێستە دوو لایەنی گرنگی هەیە نەک هەر یەک: یەکەمیان لایەنی یاساییە، کەواتە ئەو یاسایە ئەسڵەن ببێ یا نەبێ؛ دووەمیشیان سیاسییە، بەو مانایەی ئایا ئەو یاسایە بە دابڕاوی، یا پێچەوانەکەی بە گرێدراوی، بە هەندێک یاسا و هەنگاوی تری دەسەڵات ببینرێ و کاری لەتەکدا بکرێ.

دیارە باشتر وایە ئەم یاسایە هەر هەمووی هەڵبوەشێتەوە و دەسەڵات بێتە سەر ئەو باوەڕەی، کە هیچ پێویست بەو یاسایە ناکات، بەڵام دەشکرێ ئەو یاسایە هەموار بکرێتەوە، بە مەرجێک، ئەو یاسا هەموارکراوەیە تەنها و تەنها ئەرکی ئاگاداركردنەوە (واتە ئاگاداركردنەوەی دەسەڵات لەلایەن ڕێکخەرانی خۆپیشاندان) دیاری بکات بەبێ هیچ جۆرە مەرج و کۆتوبەندێکی سەپێنراو. لە ڕاستیدا لە وڵاتانی بە سیستمدیموکراتیش، مەسەلەی ئاگاداركردنەوەی پۆلیس لە خۆپیشاندان هەیە، بەبێ ئەوەی بە زەرورەت ئەو خۆپیشاندانانەی بەبێ ئاگاداركردنەوە ئەنجام دەدرێن، خرابێتنە قاڵبی تاوانەوە... لە لایەکی ترەوە، لە ڕووی سیاسییەوە، گرنگە لایەنە ناڕازی و ڕەخنەگرەکان لە دەسەڵات، ئەم یاسایە لە هەنگاو و کاردانەوە و یاسا زۆرەملێکانی تری دەسەڵات جیا نەکەوە، چونکە هەر نەبێ، یەکێک لە باشییەکانی ئەو بەیەکەوەبەستنە ئەوەیە، دەرفەت نادات بە دەسەڵات پێکهاتەکانی بەرەی ناڕازی لە یەکتر جیا بکاتەوە.

هاوپشتی: مەرامی دەسەڵاتدارانی کوردستان لە دەرکردنی یاسای خۆپیشاندان چییە؟

ب. یاسین: دیارە بە شێوەیەکی گشتی، هەر وەک لەسەرەوە ئاماژەی پێدرا، مەبەستی دەسەڵات کۆتوبەندکردن و سنووردارکرنێکی ترسناکی مافی خۆپیشاندانە، ئەوەش لە کاتێکدا دێت، کە پرۆسەی بەهێزبوونی میدیای ئازاد و ئۆپۆزسیۆن و چالاکییە سیاسی و مەدەنییەکان ڕۆژ بە ڕۆژ بەرفراوانتر و بەهێزتر دەبن. وا دەزانم دوای ڕووداوەکانی تونس و وڵاتانی تر، ترسی دەسەڵاتی کوردی زۆرتر دەبێ، لەبەر ئەوەش دەرفەتی هەموارکردنەوەی ئەو یاسایە لەمڕۆدا کەم بۆتەوە.

هاوپشتی: هەندێک ناوەندی دەسەڵاتدارانی کوردستان دەڵێن، سەرەڕای کەموکوڕییەکان، ئەم یاسایە پێشکەوتووترین یاسایە لە ناوچەکە، ڕای ئێوە لەو بارەیەوە چییە؟

ب. یاسین: لە ڕاستیدا سەروبەری ئەو بەراوردە دروست نییە و دواجار کەس ناتوانێ تەنانەت لە حاڵەتی بەراوردیشدا ئەوە نەبینێ، کە لە بوارەکانی فەزای ئازادی و ڕۆڵی پەرلەمان و بواری چاودێریکردنی کارەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و زۆر بواری تر، عێراقی عەرەبی، باشووری کوردستانی جێ هێشووە. ئەم بەراوردەش دەبێ هەموو شانازییەکان لە دەسەڵاتی کوردی بسەنێتەوە. جگە لەمەش، لە هەر کۆمەڵگەیەکی مرۆییدا، گەر نوخبە و دەسەڵاتداران خۆیان بە

باشتر و پێشکەوتووتر بەراورد نەکەن، ئەوا بواری گەشەکردن و پێشکەوتنیان زۆر کەم دەبێتەوە، ئەوە ئەگەر ئەسڵەن بشبێ. بە دیوەکەی تریشدا، خۆبەراوردکردن بە ڕژێمە دیکتاتۆری و نیمچە دیکتاتۆرییەکانی ناوچە، کە دەسەڵاتی کوردی بەردەوام دەیکا، دەسەڵاتی کوردی لەو ڕژێمە دیکتاتۆری و نیمچە دیکتاتۆرییانە نزیکتر دەکاتەوە تا دوورخستنەوەی.

هاوپشتی: جووڵانەوەی ڕەتکردنەوەی ئەم یاسایە هێشتا بەردەوامە و لە گەلێک جێگە جەماوەر نەخێریان بەم یاسایە وت، ئەم جووڵانەوەیە چۆن هەڵدەسەنگێنن و ئاسۆی سەرکەوتنی چۆن دەبینن؟

ب. یاسین: بە باوەڕی من، ئەم جووڵانەوەیە تەنها لە بوارێکدا سنووردار نابێ. ڕاستە بەگشتی بزاڤەکە بۆ ڕەتکرنەوەی ئەو یاسایەیە، بەڵام لە ماهییەتیدا زۆر ڕەهەندی گرنگی تر لەخۆ دەگرێ. بە هەرحاڵ، دەکرێ گرنگیی ئەم بزاڤە لە چەند خاڵێکدا کۆ بکەینەوە، دەکرێ هەر کەس و لایەنێکیش گرنگییەکان بە شێوەیەکی جیا ببینێ، یا هەر نەبێ لە گرنگییاندا بە ڕیزبەندییەکی جیا ڕێک بخرێن: ١- ئەم بزاڤە بۆ یەکەم جار مانایەکی جیددی دەبەخشێتە شەقام و کاریگەرییەکانی لەسەر سیاسەت. ٢- خەڵک ڕادەهێنێ لە مومارەسەکردنی مافێکی خۆی، کە ئەویش دواجار تاک و پێکهاتەکان بە شێوازێکی تازە دەخاتە سەر نەخشەی سیاسیی کۆمەڵگەی کوردەواری. ٣- شێوازی خەباتی مەدەنی بەهێز و پڕ مانا دەکات. جگە لەمەش، چەند ئەو شێوە خەباتە مەدەنییەش گەشە بکات و پێش بکەوێ و هەندێ ئامانجی کۆنکرێتیی لێ دەست بکەوێ، ئەوەندەش خەڵک لە

گرنگیی بەکارهێنانی چەک و زەبروزەنگ، بۆ یەکلاییکردنەوەی ململانێکان، دوور دەکەوێتەوە. ٤- بەرجەستەبوونی ئیرادەی خەڵک. ٥- لە ڕێگەی بزاڤی شەقامەوە، هەریەک لە ئۆپۆزسیۆن و میدیای ئازاد، پشتگیرییەک بەدەست دەهێنن، کە بۆ بەردەوامی و تواناکانی بەرەوڕووبوونەوە و گەشەکردنیان زۆر گرنگە.

لەوانەیە ئاسان نەبێ شتێکی کۆنکرێتی دەربارەی ئاسۆکانی ئەو بزاڤە بڵێین، بەڵام بەگشتی دەتوانین بڵێین ئاسۆی سەرکەوتنی ئەم بزاڤە لە دوو ئاستەوە دەتوانرێ ببینرێ: ١- ئامانجە کورتخایەنەکان. ٢- ئامانجە درێژخایەن و "نەبینراوەکان." لەبارەی ئامانجە کورتخایەنەکانەوە دەتوانین بڵێین، کە هەرچەندە تا ئێستا دەسەڵات بڕیاری هەڵوەشانەوە یا هەموارکردنی یاسای خۆپیشاندانی نەداوە، بەڵام کۆمەڵێک هێمای جیدی هەن، کە لە ئاکامی ئەو خۆپیشاندانەدا دەسەڵات بەڕوونی کەوتۆتە ژێر کاریگەریی خۆپیشاندانەکان و بگرە پەشۆکاوییشی پێوە دیارە. خوێندنەوەی خۆم، بۆ قسەی یا ڕاستتر بڵێین بەهانەی سەرۆکی هەرێم، کە دەڵێ "من ئیمزام کرد، چونکە زۆرینەی پەرلەمان ئیمزای کردبوو" هێمای بوونی ئەو کاریگەرییەی خۆپیشاندانەکانە و نیشانەی پەشۆکاویی دەسەڵاتە. لەم بەهانە پەشۆکاوئامێزەدا، سەرۆکی هەرێم کۆمەڵێک هەڵەی جیددیی کرد: ١- ئەو ژمارەیەی کە ئیمزای کردووە، زۆرینەیە لە ٧٥ ئەندام، نەک زۆرینە لە تەواوی ئەندامانی پەرلەمان. ٢- دەبێ ڕاوێژکارە نزیکەکانی سەرۆکی هەرێم، تەنانەت ئەوەی کەمترین شارەزاییی لە سیستمە سیاسییەکان، بەتایبەت سیستمی دیموکراسی هەبێ، ئەوەیان

فێری سەرۆکی هەرێم کردبێ، کە لە سیستمی دیموکراسیدا شتێک هەیە پێی دەوترێت ”دیکتاتۆریەتی زۆرینە.“ لە ڕاستیدا هەر زوو لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم، *ئەلێکسیس دی توێکڤیلی*، کە یەکێکە لەو بیرمەندانەی بەشداریی هەرە گرنگی کردووە لە باسوخواس دەربارەی سیستمی دیموکراسی، بە گرنگییەوە باس لە مەترسیی *دیکتاتۆریەتی زۆرینە* دەکا و هەمووانیش لە ئاراستەیەکی ئاوا مەترسیدار ئاگادار دەکاتەوە. ٣- سەرۆکی هەرێم بە جەختکردنەوەیەکی زۆرەوە پێداگری لە پرنسیپی *سازان*-تەوافوق دەکاتەوە و تا دەشکرێ کاری بۆ دەکات، کاتێک باس دێتە سەر دروستکردنەوەی دەوڵەتی عێراق و سیاسەتکردن لەگەڵ نەتەوەی سەردەست (واتە عەرەب)، بەڵام لە کارکردن لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن لە کوردستان، ناخوازێ وشەی تەوافوق ببیستێ، چ جای ئەوەی کاری پێ بکات! ٤- ئیمزاکردنی زۆرینە بەهانەیەکی هەڵەیە بۆ بەرگریکردن لە هەنگاوێکی هەڵە. باشە گەر سەرۆکی هەرێم مافی ئەوەی نەبێ پڕۆژەیاسایەک بگەڕێنێتەوە پەرلەمان، کە لە ڕاستیدا ئەو مافەی هەیە و کردووشیەتی، ئەی کەواتە یاساکان بۆ دەنێردرێن بۆ لای ئەو. ٥- زۆر گرنگە سەرۆکی هەرێم ئەو ڕاستییە بە جەختکردنەوە لە بەرچاو بگرێ، کە ئەو سەرۆکی هەموو هەرێمی کوردستانە نەک تەنها سەرۆکی زۆرینەیەکی ”دەسەڵاتدار“ یا پێکهاتەیەکی سیاسیی تایبەتی، بەڵام جێگەی ئاماژە و بگرە نیگەرانیشە، کە سەرۆکی هەرێم زۆر جار لە قسەوباس و ڕەفتارەکانیدا چەند ڕۆڵێک تێکەڵاو بە یەکتر دەکا، حیزب، خێڵ، بنەماڵە، سەرۆکایەتیی هەرێم و... هتد. ٦- ئێستاش دوای ئەو هەموو ساڵە لە بوونی ئەزموونی حوکمڕانیی خۆماڵی

لە باشووری کوردستان، هێشتا پۆستی سەرۆکایەتیی هەرێم نەبووە بە *دامەزراو* و لە ڕاستیشدا هیچ بالاخانەیەکیش نییە بەو ناوەوە و ئەم سەرۆکایەتییە ئەدرەسێکی دیاری نییە، کە تایبەت بێت بە سەرۆک، یا سەرۆکایەتیی هەرێم. لە ڕاستیدا کردنی سەرۆکایەتیی هەرێم بە دامەزراویەکی مۆدێرن، کە تیایدا کۆمەڵێک ڕاوێژکاری بواری جیاجیا هاوکاری سەرۆکی هەرێم بن، پێداویستییەکی بەردەوام بووە، بەڵام ئەمە نەکراوە. من باوەڕم وایە، ئەگەر چەند ڕاوێژکاری زمانزان و شارەزا لە بواری کۆمەڵناسی و سیاسی... هتد بۆ سەرۆکی هەرێمیان ڕوون بکردایەتەوە، کە هیچ وشەیەک جێگرەوەی جێندەر نییە، چونکە تەنها ئەم وشەیە دەتوانێ بەکار بهێنرێت لە بواری لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی و دەقە سیاسی و یاساییەکاندا، زۆر بەتایبەتی لە بواری لێکۆڵینەوە ئەکادیمییەکاندا، کاتێک کە باس دێتە سەر سیاقی "ڕەگەزی" نێرینە و مێینە. لە ڕاستیدا ئەم وشەیە تەنانەت لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانیشدا تەمەنی بەکارهێنانی زۆر درێژ نییە، بەڵام داهێنانێکی نوێ و گرنگە. لە ڕاستیدا گەڕاندنەوەی ئەو یاسایەی ئۆپۆزسیۆنیش پشتگیریی لێ کردووە و تیایدا وشەی جێندەر بەکار هاتووە و سەرۆکی هەرێم گەڕاندوویەتیەوە پەرلەمان، ئاستی نائاگاییی سەرۆکی هەرێم لە مەسەلەیەکی گرنگ دەر دەخا. بە مانایەکی تر، ئەم گەڕاندنەوەیە لە خەمخۆریی ئەو بۆ توێژێکی کەمینە نییە کە لەگەڵ بەکارهێنانی ئەو چەمکە نین. دووریش نییە ئەم هەنگاوە تەکتیکیش بێت بۆ نزیککردنەوەی توێژێکی گرنگی کۆمەڵگەی کوردەواری (مەلاکان) بە مەبەستێکی سیاسیی تەسک، بە مەبەستی پەرتەوازەکردنی بەرەی ناڕازی و لاوازکردنی. بە

ئەگەری زۆر، ئەگەر بهاتایە سەرۆکایەتیی هەرێم دامەزراو بووایە و لەوێدا چەند شارەزایەک وشەی جێندەریان بۆ سەرۆکی هەرێم ڕوون بکردایەتەوە، ئەو کاتە پێویست نەدەبوو بۆ هەمان ڕوونکردنەوە یاساکە بنێردرێتەوە پەرلەمان. بەداخەوە لە وڵاتی ئێمە هێشتا دامەزراو "پڵینگی سەر کاغەزە" و ڕاوێژکاریش ئەرکی جوانکردنی دەسەڵاتێک دەبینێ، دەسەڵاتێک، کە بۆ بەدامەزراوکردنی خۆی بەرەو پێشەوە ڕادەکات بە مەبەستی خۆدزینەوە لە مامەڵەکردنێکی عاقڵانە لەگەڵ واقیعە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکەی کۆمەڵگەی کوردەواری.

لە لایەکی تریشەوە، مرۆڤ دەتوانێ پەشۆکاویی دەسەڵات ببینێ، هەتا ئەگەری سەرکەوتنی ئەو ناڕەزایەتییانەش بخوێنێتەوە لە ڕاگەیاندنەکەی نێچیرڤان بارزانیدا، کە باس لە ئامادەییی "دەسەڵات" دەکات، کە قسە لەسەر ئەو یاسایە بکات، ئەگەر وەک خۆی دەڵێ، "زۆرینە بەو یاسایە ڕازی نەبێت!"

جگە لەمەش، زۆر گرنگە لایەنی ناڕازی بە تەسکبینی و نەفەسکورتییەوە لەگەڵ ئەو دیاردەی خۆپیشاندانانەدا ڕەفتار نەکات، بەڵکوو گرنگییە درێژخایەنەکانی خۆپیشاندانەکان ببینێ و بیکا بە کولتووری خەباتی خۆی، هەر وەک لە وەڵامی پێشتر هەوڵم دا تیشک بخەمە سەر ئەم لایەنە گرنگە.

# گۆڕان لەنێوان فشاری شەقام و دەسەڵاتێکی داخراودا

**لە پێگەی سبەی، ٦ی شوباتی ٢٠١١دا بڵاو بۆتەوە**

## ناوەڕۆک


پێشەکی ........................................................... ٢٧٤
دەسەڵاتێکی تۆقێنەر، بەڵام ترساویش ...................... ٢٧٦
زهنییەتی داخران و ترس لە کرانەوە ........................ ٢٧٨
گۆڕان لەنێوان دەسەڵاتێکی تۆقێنەر و فشاری شەقامدا ........................................................ ٢٨٠

# پێشەکی

لە ماوەی ڕۆژانی دواییدا کەشوهەوایەکی سیاسیی زۆر گرژ ڕووی لە باشووری کوردستان کردووە. ئەم بارودۆخە زۆر نیگەرانئامێزە، بگرە ترسناکیشە. ترسناکە لەبەر ئەوە نا کە ئەگەری وەسەرخستنی داواکارییە جەماوەرییەکان هەیە بۆ ئاستی ڕاپەڕین، بەڵکوو لەبەر ئەوەی وڵاتی ئێمە ئێستاش پڕیەتی لە لۆردەکانی شەڕ.

لە ڕاستیدا ئەوانەی سەرمەشقی شەڕی کوردکوژی و خۆکوژییەکەی ١٩٩٠کانیان کرد، ئێستاش کاربەدەست و دەسەڵاتداری وڵاتن. لە وڵاتی ئێمە، کەسانێک کاربەدەستن، کە نەک هەر حوکمڕانیی وڵات تەنها بە خۆیان ڕەوا دەبینن، بەڵکوو دەیانەوێ لەوەش ڕامان بهێنن، کە نەک هەر کوڕەکانیان، بەڵکوو نەوەکانیشیان دەبێ ببن بە سەرۆک و سەرکردەی وڵات. هەندێک جار بە ئاشکراش پێمان دەڵێن، "*بە خوێن هاتووین و بە خوێنیش دەڕۆین.*"

ئەم وتارە هەوڵ دەدات خوێندنەوەیەکی بەپەلە بۆ ئەو پێشوەچوونانە بکات، کە ئەمڕۆ پانتاییی باشووری کوردستانیان تەنیوەتەوە، بە جەختکردنەوە لەسەر پەیوەندیداربوونی، یا لە هەندێک حاڵەتدا پێوەلکاندنی، ئەم پێشوەچوونانە لە کوردستان

بەو دیاردەی ڕاپەڕین و هەڵسانەسەرپێیەی بەشێک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتۆتەوە. هەڵبەتە ئەم بەیەکەوەگرێدانەی باشووری کوردستان بە ڕاپەڕینەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە دوو سۆنگەی تەواو جیاوازەوە دەکرێ: شەقامی کوردی ئەو بەیەکەوەگرێدانە دەکا لە ڕۆشناییی ئەو باوەڕەی کاتی گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە بنەماکانی دەسەڵاتی سیاسیدا هاتووە و ئیتر ئەو سیستمەی باشووری کوردستان بە جوانکاری یا دەستکارییەکی کەم، چاک و تەندروست ناکرێ. لە لایەکی ترەوە، هەر ئەو بەیەکەوەگرێدانە بۆتە سەرچاوەی دڵەڕاوکێ و ترسی دەسەڵاتی کوردی، بەو واتایەی ئەگەر هەیە ڕاپەڕینە جەماوەرییەکان کوردستانیش بگرنەوە!

گرنگە هەر زوو ئەوە بڵێین، کە ئەم پەیوەندیدارکردنەی باشووری کوردستان بە جۆشوخرۆشە جەماوەرییەکانەوە، لە ڕووی عەمەلییەوە دوو ئاراستەی هەیە، ئەگەریش هەیە ئەم دوو ئاراستەیە لە ئان و ساتێکدا یەکتر بگرنەوە و تێکەڵاوی یەکتر ببن:

١- لە دەرەوەڕا ڕاپەڕینەکانی وڵاتانی تر کاریگەری دادەنێن لەسەر کوردستان.

٢- لە ناوەوەشڕا مەزنبوونی هیوای خەڵکی کوردستان و بەهێزبوونی متمانەی جەماوەر بە خۆی پەرە دەسەنێت، بە واتای ئەوەی شەقامی کوردییش دەتوانێ وەک شەقامی وڵاتانی تر بنەماکانی سیاسەت و بگرە دەسەڵاتی سیاسییش لە کوردستان بەتەواوەتی بگۆڕێ!

# دەسەڵاتێکی تۆقێنەر، بەڵام ترساویش

ئەوەی ڕاستی بێت بوونی ترسێکی بەردەوام لە لای دەسەڵات، لە لایەکی ترەوە بەکارهێنانی ئامرازی تۆقاندن و ترساندن، دوو خەسڵەتی بەیەکەوەگرێدراوی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی بووە. لە حاڵەتی گشتاندنیشدا، ئەمە ڕێک خەسڵەتی سیستمە نادیموکراتییەکانە. ئەم جەدەلی ترس و هیستریای دەسەڵاتە لە لایەک و چاوسوورکردنەوە و تۆقاندن لە لایەکی ترەوە، بەئاشکرا لە زیاتر لە بۆنەیەک و ڕووداوێکدا خۆی دەر بڕیوە.

دەرکەوتنی بزاڤی گۆڕان بەر لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩/٧/٢٥ و دواتر کار و کاردانەوەکانی دەسەڵات لە بەرامبەر ئەو بزاڤە، ئەو جەدەلی *ترس لە لایەک و ترساندن لە لایەکی تری* بەجوانی دەر خست... بە هەرحاڵ، وا دەزانم ترسی دەسەڵات جارێکی تر بە لووتکە گەیشتەوە، کاتێک چەند ڕۆژێک بەر لە ئێستا لە ٢٠١١/١/٢٩ بزاڤی گۆڕان ڕاگەیەندراوێکی پێکهاتوو لە حەوت خاڵ، بڵاو کردەوە. کاردانەوەکانی دەسەڵات لەسەر ئەم ڕاگەیاندراوە، هەر لە بەیاننامە هاوبەشەکەی دوو مەکتەبی سیاسیی یەکێتی و پارتی و کۆمەڵێک جموجوڵی سیاسی و بگرە دانانی زرێپۆش و چەکی قورس بەرامبەر گردی زەرگەتە، بنکەی سەرەکیی بزاڤی گۆڕان، ڕێک دەربڕی ترس و هیستریای دەسەڵات بوون. بە هەرحاڵ، لەناو ئەو هەموو کاردانەوانەی دەسەڵات، هەڵچوونەکەی سەرۆکی حکومەت د. بەرهەم ساڵح، کە گوایە ڕووە هەرە مەدەنی و لیبراڵەکەی دەسەڵاتە، زۆر سەرنجڕاکێش بوو و ئاستی هیستریای دەسەڵاتی گەیاندە

ئاقارێکی ترسناک. لە کاتێکدا بەرهەم ساڵح خۆی بە لیبراڵێکی ڕاستەقینە دەداتە قەڵەم و ساڵانێک لە وڵاتانی ڕۆژئاوا دەرفەتی ئەوەی هەبووە لە نزیکەوە ئاشنا بێت بە سیستمی *لیبراڵ – دیموکراسی*، کۆنفرانسە چاپەمەنییەکەی ئەو لە سلێمانی، کە تیایدا داوای لە بزاڤی گۆڕان کرد گردی زەرگەتە چۆڵ بکات، زیاتر لە هەڵچوونی لۆردێکی شەڕ ئەچوو، تا کەسێکی مەدەنی و لیبراڵی. سەرۆکی حکومەت باش دەزانێ، کە لە بابەتی داگیرکردنی خانوو و زەوی و مومتەلەکات و سەرچاوەکانی دەوڵەمەندی و ئامرازەکانی وەبەرهێناندا پارتی و یەکێتی ماڵیان لە شووشەیە. مرۆڤ پێویست ناکات زۆر شارەزا بێ بۆ ئەوەی بزانێ قەڵاچوالان و دوکان و سەری ڕەش و بەشێکی هەرە باشی زەوی و بەرزاییە هەرە گرنگەکانی بادینان و زۆر شوێنی تر لەلایەن ئەو دەسەڵاتەوە داگیر کراون... لە ڕاستیدا کاتێک چاوپێکەوتنە هەرە دواییەکەی د. بەرهەم ساڵح لە سایتی ئاوێنەدا دەخوێنیتەوە، کۆمەڵێک شتت بۆ دەر دەکەوێ، دووان لەمانە:

١- یاریکردنێکی زۆر بە وشە و زمان لەلایەن د. بەرهەمەوە لەپێناو شاردنەوەی ڕاستییە تاڵەکانی دەسەڵاتێکی ناتەندروست و نغرۆ لە ناڕاستگۆیی و گەندەڵی، وەک ئەوەی هەوڵ بدات *فیل لە پێستەی مشکدا بشارێتەوە*.

٢- لەو دیمانەیەدا تراژیدیای بێدەسەڵاتیی سەرۆکوەزیرانێک دەر دەکەوێ...

کۆی کاردانەوەکانی دەسەڵات، واتە دوو حیزبەکە – پارتی و یەکێتی، زیاتر بانگەشەیە بۆ شەڕ و پێکدادان تا بینینی شتەکان وەکوو دەرفەت. لە ڕاستیدا سەرکردەی دیموکرات

و خاوەنتوانست و سیاسەتی عاقڵانە، قەیران وەکوو دەرفەت دەخوێنێتەوە تا وەک کێشە و تەنگژە، ئەوا ئەگەر لە خراپترین حاڵەتدا بۆچوونی دەسەڵاتمان قبوڵ بێ، کە ڕاگەیاندراوەکەی گۆڕان سەرەتای قەیرانە یا خودی قەیرانەکەیە! تراژیدیای دەسەڵات لەوەدایە، کە نە دان بەو ڕاستییەدا دەنێ کە خۆی و سیستم و کۆمەڵگەی باشووری کوردستان ساڵانێکە بەتەواوەتی لە قەیراندایە!

بەتایبەتی جێگەی سەرنجە کە مێدیاکانی ئەو دوو حیزبە دەسەڵاتدارە بەشدارییەکی چالاکانە دەکەن لە پاڵدانی بارودۆخەکە بەرەو تەنگژە و بارگرژی و سیناریۆیەکی ترسناک. لە ڕۆژنامەی (خەبات)دا زمانە ناشیرینەکەی دیواندن گەیشتۆتە لووتکە، بەڵام لەوە دەچێ ئەوانەی ئەمڕۆ بارودۆخەکە بەرەو هەڵدێرێکی ترسناک پاڵ دەدەن، ڕابردووە نزیکە خوێناوییەکەی باشووری کوردستانیان لەبیر چووبێتەوە و باکیشیان نەبێ لە چ دەرگایەکەوە لە داهاتوودا دەچنە ناو لاپەڕەکانی مێژووەوە، هەر وەک چۆن لە ڕابردووشدا باکیان لەوە نەبووە.

## زهنییەتی داخران و ترس لە کرانەوە

بەسەرهاتی ئەمڕۆی دەسەڵاتی کوردی، بەتایبەتی کار و کاردانەوەکانی ڕۆژانی دوایی ئەو دەسەڵاتە، ئەوەمان پێ دەڵێن، کە لەبەر ئەوەی ئەم دەسەڵاتە خوازیارە باشووری کوردستان بەداخراوی بهێڵێتەوە، هەر کرانەوەیەک، لە کوردستانەوە ڕوو بە دەرەوە و لە دەرەوە ڕاپەڕیوەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش ڕوو بە ناوەوەی کوردستان، ترس لای ئەو دەسەڵاتە دروست

دەکات. بەتایبەتی کاتێک هەردوو ئاراستەکەی کرانەوە هاوکات دەبن و یەکتر دەگرنەوە و تێکەڵاوی یەکتر دەبن، ئەوا بێگومان ترسی دەسەڵات دەگاتە لووتکە.

بەو مانایەش، شێوە خوێندنەوەیەکی ئەوها لە کات و سیاق و ئاراستەکانی کرانەوە ئەوەمان پێ دەڵێن، کە دەکرێ کات و چۆنێتیی دەرچوونی ڕاگەیاندراوەکە و سیاقەکەی، *لە ئاراستەی ناوەوە و دەرەوەدا*، کاریگەریی زیاتری بووبێ لەسەر دەسەڵات تا خودی ناوەڕۆکی ڕاگەیاندراوەکە لە ڕووە یاسایی و دەستوورییەکەیەوە. بەو مانایەی کە: ١- ڕاگەیاندراوەکە لە کاتێکدا دەر دەچێ، کە شەقامی وڵاتانێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، جۆشوخرۆشێکی جەماوەریی بێهاوتا لە مێژووی سیاسیی ئەم ناوچەیەدا بە خۆوە دەبینێ. ئەوەشی لەو ڕاگەیاندنەدا ترسی دەسەڵاتی زیاتر ورووژاند و تووڕەی کرد، دێڕەکانی دەستپێکی ڕاگەیاندراوەکەیە، کە ئاماژە بە ڕاپەڕینەکانی شەقامی وڵاتانی تر دەکات. بەو مانایەش، کرانەوە بە هەردوو ئاراستەی ناوەوە و دەرەوە و بگرە یەکگرتنەوەی هەردوو ئاراستەکە لە دەقی ڕاگایەندراوەکەدا، ترسی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتیی گەیاندۆتە لووتکە. دیارە ئەوەش یارمەتی نادات هەتا ئەگەر بزاڤی گۆڕان خۆشی بڵێ مەبەست لەو ئاماژەیەی دەستپێک تەنها پێشەکییەکی گشتییە بۆ ڕاگەیاندراوەکە، نەک خستنەسەرپێ و ڕاپەڕاندنی شەقامی کوردی! ئەوەش خۆی لە خۆیدا کێشەیەکی جیددیی سیاسەتە: تەنها ئەوە بەس نییە تۆ نیەت و مەبەستی سیاسیت چییە، بەڵکوو زۆر جار گرنگتر لەوە، شێوازی تێگەیشتنی بەرامبەرە لە نیەت و مەبەستەکانت، جا چ لە ڕێگەی خوێندنەوەی دەقەکانەوە بێ یا "خوێندنەوەی شتە

نەنووسراوەکان“ لەنێوان دێڕ و وشە و پیتەکاندا. بە مانایەکی تر، تێگەیشتنی دەسەڵات لە ڕاگەیاندراوەکە ئەوەیە، وەک ئەوەی مەبەستی گۆڕان ئەوە بووبێ، کە درزێکی جیدی بخاتە دیواری داخراوی دەسەڵات و بەم شێوەیەش باشووری کوردستان بکاتە بەشێک لەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەی کە هەڵساوەتە سەر پێ. ٢- ڕاگەیاندراوەکە لە کاتێکدا دەردەچێ، کە دوو ڕۆژ دواتر بڕیار وا بوو خۆپیشاندانێکی گەورە لە سلێمانی بکرێ و هەر زوو بۆچوونێکیش هەبوو، کە ئەو خۆپیشاندانە ئەگەری هەیە لە ماوەیەکی کەمدا هەموو کوردستان بگرێتەوە. ٣- ڕاگەیاندراوەکە تا ڕادەیەکی زۆر فاکتەری کتوپڕ (عاملی موفاجەئە)ی بە خۆوە بینی، کە ئەوەش لە کەشوهەوایەکی تەنراو بە گومان و گومانکاری و باڵادەستیی فکری پیلانگێڕی (لە خوێندنەوە سیاسییەکان و تێگەیشتنی دیاردەکان) ڕادەی ترس و گومانی لای دەسەڵاتداران زێدەتر کرد و کاردانەوەکانیان گەیشتە ئەو ڕادەیەی، کە ئەو ڕاگەیاندراوە بە بەشێک لە *کودەتایەکی گۆڕان بۆ سەر دەسەڵات لە قەڵەم بدرێ.*

## گۆڕان لەنێوان دەسەڵاتێکی تۆقێنەر و فشاری شەقامدا

دەکرێ بڵێین ئەمڕۆ گۆڕان بەشێکە لە سیاقێکی فراوانتر، کە چەند توخم و پێکهاتەیەک لە خۆی دەگرێ. ئەو پێکهاتانەش بریتین لە: ١- گۆڕان وەک ئۆپۆزسیۆن. ٢- ناڕەزایەتیی شەقام. ٣- میدیای ئازاد و هەندێ پێگە و ژووری پاڵتاڵک لە ئینتەرنێت. ٤- ئەو بەشەی کۆمەڵگەی مەدەنی، کە سێبەری قورسی دەسەڵات قبوڵ ناکات. ٥- نووسەر و ڕووناکبیرانێکی

کاریگەر و خاوەنهەڵویست و ڕەخنەگر. ئەم توخمانە هەموویان بە یەکەوە، هەریەکەیان بە جیاواز، سەرئێشەن بۆ دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی. ئەوەشی جێگەی جەختکردنەوەیە ئەوەیە، زۆر جار خوێندنەوەی دەسەڵات لەو پێکهاتانە ئەوەیە، کە دەستی یەکێکیان لەپشت ئەوەی ترەوەیە و بە شێوەیەکیش لە شێوەکان هەموویان بەشێکن لە *پیلانێکی فراوانتر* بەرامبەر بە دەسەڵات.

لەم بۆچوونەوە تێگەیشتنێک لە واقیعی پانتاییی سیاسیی باشووری کوردستان دەکرێ ببینی ئەو پانتاییە بێت وەک حاڵەتێکی دووجەمسەری، کە سەرێکیان دەسەڵاتە و سەرەکەی تریشیان ئەو پێنج پێکهاتەیەی سەرەوەیە.

لەگەڵ ئەو دووجەمسەرییەشدا، دەبێ پێگەی گۆڕان بە تایبەتمەندییەکی زۆر تایبەت و ئاڵۆزەوە ببینرێ: لە لایەک گۆڕان لە پەرلەماندایە، واتە لە دەسەڵاتی یاساداناندایە، بەو مانایەش دەسەڵات چاوەڕوانی ئەوەیە، گۆڕان لەم پێگەیەیدا پەیڕەوی "ئوسوڵەکانی یاریکردنی سیاسی" بکات، کە هەڵبەتە وەک پارتی و یەکێتی خۆیان دەخوازن، هێڵەکانی ئەو ئوسوڵی گەمەیە دیاری بکەن، بۆ ئەوەی بتوانێ بژی. لە لایەکی ترەوە، بزاڤی گۆڕان دەرهاوێشتەی شەقامی (جەماوەری) ناڕازییە. بۆ گۆڕان هەردووکیان گرنگن، بەڵام لە بارێکی تایبەتیدا دەکرێ هاوسەنگیی گرنگی بە لایەکیاندا بشکێتەوە. بە مانایەکی تر، دەسەڵات تا دەتوانێ کۆت و بەند بۆ گۆڕان دادەنێ بەوەی زۆر جار، بۆ نموونە دەڵێ، "دەبێ گۆڕان ئۆپۆزسیۆنێکی مەعقول بێت" یا "دەبێ گۆڕان ئۆپۆزسیۆنێکی پۆزەتیڤ بێت" جگە لە زۆر شێوەی تری نانبڕین و سزای سیاسی و... هتد. هەر بەم لۆژیکە، دەسەڵات تا لە توانایدا بووە پەراوێزی

سیاسیی گۆڕانی لە کاری پەرلەمانی و دەرفەتی بەشداریی لە بەغداد تەسک و کەم کردۆتەوە، بە ڕادەیەک، کە هەست بە خواستی ڕاشکاوانەی دەسەڵات دەکرێ بە ئاراستەی خنکاندنی سیاسییانەی گۆڕان بەتەواوەتی. لە ڕاستیدا هەوڵی ئەم خنکاندنە دەگاتە لووتکەیەکی زۆر ترسناک، کاتێک سەرۆکی هەرێم دەست لەگەڵ لایەنە عەرەبییەکان بەتایبەتی مالیکی، تێکەڵاو دەکات بۆ بێبەشکردنی گۆڕان "هەتا بگرە لە پێگەی پۆلیسێک" لە بەغداد. لە لایەکی ترەوە، ئەوە شاردراوە نییە کە ئەو متمانەیەی بە بزاڤی گۆڕان بەخشراوە لەلایەن شەقامی ناڕازییەوە و ئەو هەموو چاوەڕوانییەی ئەو جەماوەرە لەو بزاڤەی هەیە، ئەو بزاڤە دەخاتە حاڵەتێکی سیاسیی زۆر تایبەتی و بگرە ئیستیسنائییەوە.

کەواتە لەم دیدەوە ڕاگەیاندراوەکەی گۆڕان دەتوانێ ڕێک دەربڕی ئەو حاڵەتە بێت، پێیەک لەناو پەرلەمان و پێیەکەی تریشی لەناو جەماوەری ناڕازی، لە ڕووی ئامانجیشەوە، وا خویا دەکرێ – دەردەکەوێ، کە گۆڕان مەبەستی لە ڕاگەیاندراوەکە، بەکارهێنانی هەردوو پێگەکە بێ بۆ فشاری زیاتر، چونکە ڕاگەیاندراوەکە ڕووی قسەی لە دەسەڵاتە بە پشتئەستووری بە پێگەکەی لەناو جەماوەرە ناڕازییەکە. هەروەها دەکرێ ئەو ڕاگەیاندراوە هێمای جۆرێک لە بێهیوابوونیش بێت بەوەی کە "گۆڕان چیی تر ناتوانێ بە دیار خنکانی خۆی و بێدەنگکردنی نارەزایەتییەکانی جەماوەرەوە دەستەوئەژنۆ دابنیشێ" ئەگەرچی پێنج خاڵ لە ڕاگەیاندراوەکە دەربڕی پێگەیەتی لەناو پەرلەمان و کاری پەرلەمانیدا، بەڵام دوو خاڵەکەی تری هەوڵە بۆ وەڵامدانەوەی داخوازی و چاوەڕوانییەکانی شەقامی

ناڕازی لە باشووری کوردستان، بە گووتارێکی نوێ، کە لەوانەیە هێمای ڕاپەڕینی شەقامی لێ هەڵێنجرێ. بە هەرحاڵ، هەر وەک دەسەڵات کردوویەتی. لەم بۆچوونەشەوە لەوانەیە بەشێکی گرنگ لە "تراژیدیای" گۆڕان ئەوە بێ، کە ئیتر پێگە پەرلەمانییەکەی ناتوانێ وەڵامدەرەوەی چاوەڕوانییەکانی خەڵک بێت لەو بزاڤە، بەو مانایەی دەسەڵات بە سیاسەتێکی داڕێژراو، هیچ پەراوێزێکی بۆ ڕۆڵی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان و بەشداری و کاریگەریی ئەو بزاڤە لە بەغداد نەهێشتۆتەوە. دەسەڵاتیش باش دەزانێ، ئەگەر لەو سیاسەتی "خنکاندنەیدا" سەرکەوتوو بوو، کەواتە گۆڕان دەکرێتە "*پڵینگی سەرکاغەز*" و هەرچی متمانە و چاوەڕوانیی خەڵکیشە لەو بزاڤە، لەدەستی دەدات.

بەم مانایەش، لەوە دەچێ گۆڕان گەیشتبێتە ئەو دەرەنجامەی، کە ئەگەر زیاتر خۆی لە شەقام نزیک نەکاتەوە و بگرە خۆی نەکا بە بەشێکی چالاک لێی، لە ڕێگەی گووتارێکی "تازەوە،" ئەوا لە ئاکامدا نە پەراوێزی کاری پەرلەمانی و سیاسی بەدەست دەمێنێ، نە توانیویشیەتی متمانە و پشتگیریی شەقامیش لە بەردەوامیدا مسۆگەر بکات. دیارە لە بارودۆخێکی ئاواشدا، بزاڤی گۆڕان نە ئامادەیە بە دیار خنکاندنیەوە لەلایەن دەسەڵاتەوە دابنیشێ و نە ئامادەشە هەوڵی پاراستنی ئەو متمانەیە نەدا، کە بەدەستی هێناوە یا پشت لە شەقامی ناڕازی بکات. لە ڕاستیدا پاراستنی متمانەی جەماوەر و بەرزڕاگرتنی خواستەکانی جەماوەر و دانەبڕان لە شەقامی کوردی، زامنی ئاسۆیەکی باشترن بۆ گۆڕان و دەرفەتێکی باشتریشە بۆ بەهێزتر بوون و نوێبوونەوەی وزە سیاسییەکانی شەقام

خۆیشی: یا ئەوەتا بە ئاراستەی چاکسازییەکی بەپەلە و ڕاستەقینەی دەسەڵات، کە ئەوەش زۆر لە نامومکین نزیکترە تا لە مومکین، یا هەڵسانەسەرپێیەکی جەماوەری، کە تیایدا باشووری کوردستان دەبێتە بەشێک لە ئەرزهەژە سیاسییەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەر لە تونس و میسر و... هتد.

لە کۆتاییدا، بەکورتی و بەچڕی، دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان دەبێ هەر نەبێ دوو ڕاستی بزانن: ١- ئەوان چیی تر ناتوانن لەسەر حسابی مێژوو بژین، نەوەیەک سەری هەڵداوە لە باشووری کوردستان، کە نامۆیە بە ئەوەی پارتی و یەکێتی پێی دەبێژن "شانازی و سەروەرییەکانی" مێژوو، نەک بەو مانایەی مێژووی کورد سەروەری و شانازیی تیا نییە، بەڵکوو بە مانای ئەو ڕاستییەی کە دەسەڵاتدارانی گەندەڵ لەسەر ئەو مێژووە دانیشتوون و ناشرینیان کردووە. ئەو نەوەیە باشیش دەزانێت، کە ئەو مێژووە پڕیەتی لە خیانەتکاری و خوێنڕێژی و کوردکوژی و... هتد. هەر زوو پێویستە دەسەڵاتدارانی وڵاتی ئێمە ئەوە بزانن، کە هەتا سەر ئەوان ناتوانن لەسەر حسابی مێژوو بژین، ئەگەرچی تا ئێستا تا ڕادەیەکی زۆر توانیبێتیان ئەوە بکەن! ئەوانەی تەنها لەسەر مێژوو دەژین، بە ئەگەری زۆر دواڕۆژیان نییە. ٢- ئەو چاکسازییەی، کە گوایە هەر دوو حیزبی دەسەڵات دەیکەن، لە چەرخی فەیسبووکدا، بەڵام بە لەسەرخۆیی کیسەڵ، لە گاڵتەجاڕی دەچێ. چاکسازییە کیسەڵئاساکانی دەسەڵات، لە دیمانە ئاماژەپێکراوەکەی د. بەرهەم ساڵح جوان هەستی پێ دەکرێ... باشترین دەرسیش کە دەسەڵاتدارانی لای خۆمان لە حوسنی موبارەک فێری ببن ئەوەیە، کە "ناکرێ بە حوشتر بەرەنگاری فەیسبووک ببیتەوە."

# ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باشووری کوردستان: بیست ساڵ دواتر*

## لە ماڵپەڕی تاکەکەسیی نووسەردا، ئایاری ٢٠١١ بڵاو بۆتەوە

### ناوەڕۆک


**بەشی یەکەم: باس** ..................... ٢٨٦
دەستپێک و هەندێک خاڵی لێوەدەرچوون ..................... ٢٨٦
ڕژێمە ستەمکارەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ..................... ٢٩٢
ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەورووپای ڕۆژهەڵات ..................... ٢٩٩
بەهاری عەرەبی ..................... ٣٠٢
باشووری کوردستان، لەکوێوە بەرەو کوێ ..................... ٣٠٩
دەسەڵات، ئۆپۆزسیۆن، شەقام: ڕووداو و سیناریۆکان ... ٣١٤
**بەشی دووەم: پرسیار و گفتوگۆ** ..................... ٣٢٠


* ئەم بابەتە لە کۆنفرانسی ستۆکهۆڵم (دەربارەی پێشوەچوونەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کوردستان، ڕۆژانی ٢١-٢٢/٥/٢٠١١) پێشکەش کراوە. بابەتەکە بە زارەکی پێشکەش کراوە و دواتر لە دەنگەوە بە گۆڕانکاریی زۆر کەمەوە، بەتایبەتی لە ڕووی زمانەوانییەوە، گواستراوەتەوە بۆ ئەم دەقەی بەردەستت.

## بەشی یەکەم: باس

# دەستپێک و هەندێک خاڵی لێوەدەرچوون

دیارە باسەکەی من تایبەتمەندییەکی ئاوای نییە، کە بڵێین باسێکی سۆسیۆلۆژی یا زانستیی سیاسی یا مێژوویی یا ئابوورییە، بەڵکوو زیاتر ڕوانگەیەکی بەرفراوان و "فرەتایبەتمەندی" (in-terdisciplinary) هەیە. بە مانایەکی تر، باسەکە ئەو هەموو بوارانە لەخۆ دەگرێ.

لە ڕووی جوگرافییەوە، لەبری چەمکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا، بۆ کورتی و دووپاتنەکردنەوە، هەموو جارێک تەنیا لە چەمکی "ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست" کەڵک وەر دەگرم. بە هەرحاڵ، ئەو شێوە بەکاربردنە لەنێو توێژەرانیشدا باوە.

لە ناوونیشانی باسەکەمەوە دەست پێ دەکەم و دەڵێم "بیست ساڵ دواتر، بەڵام ناڵێم دوای بیست ساڵ." بیست ساڵ دواتر بەو مانایەی ئەوەی ئەمڕۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕوو دەدا، دەبوو بیست ساڵ پێش ئێستا ڕووی بدایە، یا دەتوانی بڵێی دەکرا ئەوەی ئێستا، بیست ساڵ پێش ئێستا ڕووی بدایە، وەک پڕۆسەیەکی هاوتەریب لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی لە

ئەورووپای ڕۆژهەڵات ڕوویان دا و بەتایبەتییش ڕووخانی سیستمی سۆڤیەتی. هەروەها ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر جیهاندا هاتن و بە شێوەیەک لە شێوەکان ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشی پەیوەندیدار کرد، بەڵام زۆر بەکەمی و بە شێوەیەکی گشتی ئەو پەیوەندیداربوونە زۆر سنووردار بوو.

بیست ساڵ دواتر، بە لایەنی کوردستانییەوە و بە بۆچوونی کوردییەوە، زیاتر مەبەست باشووری کوردستانە و بەتایبەتییش ئەو کێشمە کێشمە کە لەو بەشەی کوردستان هەیە، دەکرا بەر لە بیست ساڵ بە ڕۆحی ڕیفۆرم، دیموکراتیزەکردن، دامەزراندنی دەوڵەتی یاسا، کۆمەڵگەی یاسا و کۆمەڵگەی کراوە دەستیان پێ بکردایە. بە ئەگەری یەکجار زۆر، ئەگەر بهاتایە لەوێوە دەستیان پێ بکردایە، ئەمڕۆ باشووری کوردستان دوای بیست ساڵ واقیعێکی تری سیاسیی دەبوو لەوەی ئێستا هەیە.

من کۆمەڵێک پرسیارم هێناوەتە گۆڕێ، کە چوار پرسیاری سەرەکیین، هەروەها هەوڵ دەدەم لە باسەکەمدا وەڵامیان بدەمەوە. پرسیارێکیان دەربارەی مانەوەی ڕژێمە ستەمکارەکانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە کاتێکدا لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات و تەنانەت لە ئەمەریکای لاتینی و بگرە لە ئەفەریقیاش زۆرێک لە ڕژێمە ستەمکارەکان ڕووخان و کۆمەڵگەکانی ئەم وڵاتانە ڕوویان لە سیستمی دیموکراتی یا نیمچە دیموکراتی* کرد، کەچی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەو مەسەلەیەدا وەپاش کەوت. بە مانایەکی تر، پرسیار ئەوەیە: ئایا ئەوە چییە و چ میکانیزمێکە وای کردووە ڕژێمە ستەمکارەکان لە ڕۆژهەڵاتی

---

* **لەم باسەدا وشەی دیموکراتی وەک ئاوەڵناو و وشەی (دیموکراسی) ش وەک ناو بەکار هاتوون.**

ناوەڕاست بتوانن بیست ساڵی تریش بمێننەوە و ئەوجا گۆڕان ڕوو لەو ناوچەیە بکات، بەو شێوەیەی ئێستا دەیبینین؟ چۆن دەکرێ لەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە جەماوەرییانە بەتایبەتی لە وڵاتە عەرەبییەکان، کە ئێستا پێی دەگوترێ بەهاری عەرەبی، بگەین؟ چوارەمیشیان، چۆن دەتوانین لە بارودۆخی ئێستای باشووری کوردستان بگەین، دوای ئەو بزووتنەوە جەماوەرییە کۆمەڵایەتییە سنووردارە (واتە خۆپیشاندانەکان)، کە لە ١٧ی مانگی شوبات دەستی پێ کرد و تا ١٩ی نیسان بەردەوام بوو؟ ئەوە بە شێوەیەکی گشتی پرسیارەکانن.

دەتوانین لە هەندێک خاڵی گشتییەوە دەست پێ بکەین؛ پێشەکی نابێ چەمکی دیموکراسی لەوەدا قەتیس بکرێتەوە، کە کۆمەڵێک دامەزراوە دێنە بەرهەم لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە، بەڵکوو بەرجەستەبوونی سیستمێکی دیموکراتی پەیوەستە بە زۆر شتی ترەوە، یەکێک لەوانەش ڕادەی گەشەکردن و بەرجەستەبوونی کولتووری سیاسیی دیموکراسییە. مەسەلەیەکی تر وەک سەرەتای باس ئەوەیە، لەناو توێژەراندا، لە باسوخواسی دیموکراسیدا، دوو ئاراستەی سەرەکی هەن: کۆمەڵێک لە تیۆرییەکان باس لە *مەرجەکانی دیموکراتیزەبوونی* کۆمەڵگە دەکەن، کەچی هێندێکی تریان باس لە *ڕاگواستن* لە سیستمی ستەمکارەوە بۆ سیستمی دیموکراتی دەکەن. ڕاگواستن لە دیکتاتۆرییەوە بۆ دیموکراسی، بە شێوەیەکی گشتی، لە ڕووی تیۆرییەوە دەکرێ هەڵوێستەکان بخرێنە بەر باس و توێژینەوە، بەتایبەتی ئەو پرسیارەی ئایا خاڵی جەختکرنەوەیان لە چیدایە لە مەسەلەی ڕاگواستن؟ لەبەر ئەوە، لەمەڕ ڕاگواستن بۆچوونی جیا هەن، وەک جەختکردنەوە

لە بوونی بۆچوونێکی بوونیادگەرانە، کە زیاتر مەسەلە ئابوورییەکان و کۆمەڵایەتییەکان وەخۆ دەگرێ. ئەم بۆچوونە چۆنێتی بوونیادی کۆمەڵایەتی دێنێتە پێشچاو. دووهەمیان جەختکردنەوەیە لە ڕۆڵ و کاریگەریی ئەو ئەکتەرانە لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئەو سیستمە. سێهەمیان بۆچوونێکی کولتوورگەرایانەیە لە تێگەیشتن لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵگەی دیموکراتی و ڕاگواستنی کۆمەڵگە بەو ئاراستەیە.

بە شێوەیەکی گشتی، لە توێژینەوە دەربارەی جیهانی عەرەبی زۆر بەتایبەتی، باس لە سێ ڕووداو دەکرێ، کە گرنگ بوون لە هێنانەگۆڕێی وتووێژ و توێژینەوە دەربارەی نەبوونی سیستمی دیموکراتی و کزیی خواستی ئەنجامدانی ڕیفۆرمی سیاسی و دیموکراتیزەکردنی سیستمە سیاسییەکانی ناوچە. ڕووداوێک، کە هەر نەبێ لە سیاقی عەرەبیدا زۆر گرنگە، نسکۆی ساڵی ١٩٦٧ی وڵاتانی عەرەبییە لە شەڕ لەگەڵ ئیسرائیل. ئەوکات کۆمەڵێک باسوخواسی زۆر گرنگ کراون دەربارەی بابەتی جیاجیا، کە هەڵبەتە ئێرە جێگەی باسی وردەکارییەکانی ئەو باسانە نییە، بەڵام یەکێک لە ئاراستە هەرە گرنگەکانی باسوخواس ئەوە بوو، کە ئایا ئەو نسکۆ یا شکستە، بۆ ڕووی دا؟ هەوڵی هەرە جیددی بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە لەلایەن ڕووناکبیرانی سوری و میسری، بەڵام زۆر بەتایبەتی ڕووناکبیرانی میسری بوو. لە میسر گفتوگۆکان لە هیی هەموو وڵاتانی عەرەبی گەرمتر و جیددیتر بوون، بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی تری عەرەبی. بە خوێندنەوەی خۆم، سادات، کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ مردنی عەبدولناسر لە ئەیلوولی ١٩٧٠دا بوو بە سەرۆککۆماری میسر، لە بیرۆکەی کرانەوە

- ئینفیتاحدا سوودی لەو گفتوگۆ و باسوخواسانە وەر گرت و بوێریی پەیدا کرد، ئەو کرانەوەیە بکات و میسر لە جیهانی عەرەبی جیا بکاتەوە، لەسەر بنەمای ستراتیژێکی نویّ، لە ڕەهەندە نیشتیمانی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکاندا.

ڕووداوی دووهەمیان، لە مەسەلەی هێنانەگۆڕێی باسوخواسی ڕیفۆرمی سیاسی و مەسەلەی دیموکراسی، کۆتاییی شەڕی سارد و داگیرکردنی کوەیت لە لایەن عێراقەوە بوو. ئەم ڕووداوە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەستەگییەکی مێژوویی گرنگی پەیدا کرد، لەگەڵ ئەو هەژانە نێودەوڵەتی و گلۆباڵییە، کە لە ئاکامی کۆتاییی شەڕی سارد هاتبووە گۆڕیّ. بە بارێکی دیکەدا، دەتوانین بڵێین ئەگەر عێراق کوەیتی داگیر نەکردایە و عێراق لە سیاسەتی نێونەتەوەییدا هەڵوێستێکی تەواو جیاوازی گرتبایەتە بەر لەوەی کە کردی، ئەوا ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کوردستان، زۆر بەتایبەتییش باشووری کوردستان، هەرگیز بەو شێوەیە گریّ نەدەدرا بەو هەژانە گلۆباڵییەی لە تەواوبوونی شەڕی سارد کەوتەوە. جگە لەوەی کە قەیرانی کوەیت بووە هۆی هێنانەگۆڕێی باسوخواس دەربارەی زۆر کێشە و پێداویستیی ڕیفۆرمی سیاسی، هەر لەژێر کاریگەریی ئەو قەیرانەش، هەندیّ وڵاتی عەرەبی دەستیان هاویشتە ڕیفۆرمی سیاسی. لە لایەکی ترەوە، لە بۆچوونێکی کوردییەوە، ئەم ڕووداوە، واتە قەیرانی کوەیت، بۆ هەلومەرجی کوردی، بەتایبەتی باشووری کوردستان، یەکجار گرنگ بوو، بەو مانایەی کە قەیران بووە هۆی کرانەوە و دەرفەتێکی یەکجار مێژوویی بۆ کورد، کە دەتوانین بڵێین هاوشێوەی نییە.

سێهەمیان، ڕووداوی ١١، سێپتەمبەری ساڵی ٢٠٠١ە، کە ئەمەش جارێکی تر گوڕوتینێکی دایەوە بە باسوخواس لەمەڕ پێداویستیی بینین و تێگەیشتنی پشتی ڕووبەری ڕووداوەکەی تیرۆر، کە ئەویش گەڕانەوە بوو بۆ بنەما کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسییەکان. واتە بینین و تێگەیشتنی ڕوانگە ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی جیهانی ئیسلام و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بە شێوەیەکی گشتی، دەتوانین بڵێین لە سەرەتای ١٩٩٠کانەوە، لە جیهانی عەرەبیدا ویستێک هەبووە بۆ ڕیفۆرمخوازی، بەڵکوو هەر وەک وترا، هەندێک ڕیفۆرمیش، لێرە و لەوێ لە وڵاتانی عەرەبیدا کراون، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە، کە زۆربەی جار ڕیفۆرمی سیاسی بە مەبەستی ئەوە کراون، بۆ ئەوەی ڕژێمە ستەمکارەکان تەمەنی خۆیانی پێ درێژ بکەنەوە، لەبری ئەوەی ڕیفۆرمەکان ببنە ڕێگەخۆشکەر بۆ کۆتاییهاتن بە تەمەنی ئەو ڕژێمانە. جگە لەمەش، لێرە و لەوێ ژمارەیەک ناجێگیریی کۆمەڵایەتی و هەڵسانەسەرپێ – ڕاپەڕینی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە وڵاتانی عەرەبی لە کۆتاییی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکان ڕوویاندا، بەڵام لەو ڕادەیەدا نەبوون، کە ببنە هۆی ڕووخانی ڕژێمە ستەمکارەکان، یا هەندێک لەو ڕاپەڕینانە دزران، کە ئەمە باسێکە دواتر دێمەوە سەری. دەرچوونی ڕاپۆڕتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ٢٠٠٢، کە یەکەم جار بوو لە مێژووی ئەم ڕێکخراوەدا ڕاپۆڕتێکی ئاوا گرنگ لەمەڕ پێشوەچوونی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی لە جیهانی عەرەبیدا دەر بچێ. ئەو ڕاپۆرتە کاریگەرییەکی بەرچاوی کردە سەر توێژەران و ڕۆشنبیران و ئەوانەی خاوەنبڕیاری سیاسین لە ئاستە جیاجیاکاندا، هەم لە ناوچەکە

و هەمیش لە ئاستی جیهانیدا.

لێرەدا دەبێ ئاماژە بەو ڕووداو و دیاردانەی سەرەوە بدەین وەک حاڵەتێکی مێژوویی و سیاسی، کە لە یەکتر جیاکردنەوەیان ئەستەمە. هەڵبەتە بەبێ باسکردن و تێگەیشتن لە گلۆبالیزم، کە گرێتینێکی تایبەتیی دا بە ڕووداوەکانی نەوەدەکان و پێشوەچوونەکانی دواتر. (گلۆبالیزم چییە و کەی دەستی پێ کرد و چۆن دەستی پێ کرد باسێکی زۆر هەڵدەگرێ، من ئێستا ناچمە ناو ئەو باسەوە)، بەڵام ئەوەی گرنگە و دەشخوازم جەختی لێ بکەمەوە ئەوەیە، بەرهەمی گلۆبالیزم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەرەتای نەوەدەکاندا نەدوورایەوە و بیست ساڵی پێ چوو تا ناوچەکە لە ڕووی سیاسییەوە بەری گلۆبالیزم بدوورێتەوە. ئەوە مەسەلەیەکی گرنگە و پەیوەندیی بە زۆر شتەوە هەیە و هیوادارم بتوانم لە درێژەی باسەکەمدا بێمەوە سەری.

## ڕژێمە ستەمکارەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

لەم بەشەدا دەکرێ سەرەتا بپرسین ئایا چ تێگەیشتنێک هەیە لەوەی کە بۆ و چۆن ڕژێمە ستەمکارەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەردەوامییان هەبووە و بگرە ئەو ناوچەیە جیاواز بووە لە ناوچەکانی تری جیهان، بە بوونی کۆمەڵێک ڕژێمی ستەمکار، کە دەوڵەتی پۆلیسییان بەرهەم هێناوە و لەسەر ئەو دەوڵەتە پۆلیسییانەش ژیاون و بەردەوامییشیان هەبووە؟

لە هەوڵ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، بۆچوونی جۆراوجۆر دەر کەوتوون. بۆچوونێکیان جەخت دەکاتە

سەر لایەنی کولتووری، کە لە ڕاستیدا مەبەست لەو لایەنە کولتوورییە ڕۆڵی ئیسلامە وەک بنەمایەکی ڕۆشنبیری و فیکریی ڕژێمی ئیستیبدادی و وەک هۆکاری سەرەکی لە غیابی سیستمی دیموکراتی. هەڵبەتە من دەخوازم هەر زوو ئەو بۆچوونە ڕەت بکەمەوە. بۆیەش ڕەتی دەکەمەوە، کە ئەو بۆچوونە نەک هەر لەسەر ئاستی تیۆری، بەڵکوو بە کردەوەش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەد ساڵی ڕابردوودا خراپترین شێوازەکانی ستەمکاری و دەوڵەتی پۆلیسی لەسەر بناغەی بەناوپڕۆژە و ئایدیۆلۆژیای عەلمانی، دامەزراون، وەک ڕژێمەکانی ئەسەدی سوریا، ناسری میسر، سەدامی عێراق، بورقیبەی تونس و... هتد. لەسەر بنەمای بانگەشە بۆ پڕۆژەی عەلمانی و دامەزراندنی سیستمی سیاسی لەو ڕۆشناییەدا، ئەو دەوڵەتە ستەمکارانە توانییان ماوەیەکی زۆر دەوام بکەن و بژین. دەتوانین کەمالیزم وەک پڕۆژەیەکی عەلمانی، هەر نەبێ لە ماوەیەکی زەمەنیدا، وەک ڕژێمێکی ستەمکار، لە ڕاستیدا لە زۆر خەسڵەتی گرنگدا بە فاشیستیش ناوی ببەین.

هەندێک لە توێژەران، لە وەڵامی ئەو پرسیارەی سەرەوەدا، جەخت لەسەر لایەنی ئابووری دەکەنەوە. لە ڕاستیدا نامەوێ لایەنی ئابووری و ئەو شتانەی دکتۆر موعتەسەم باسی کردن دووپاتیان بکەمەوە، بەڵام مەسەلەیەکی گرنگ ئەوەیە، کە تەنها مەسەلەی بوونی نەوت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناتوانێت تاکە هۆ بێت بۆ بوونی ڕژێمی ستەمکار لەو ناوچەیە، بەڵکوو شێوەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە لەلایەن دەوڵەتەوە و هەڵسوکەوتی دەوڵەت لەگەڵ سەرچاوە ئابوورییەکان، دوو مەسەلەی یەکجار گرنگن. هەڵبەتە بوونی نەوت یارمەتیدەرێکی

گەورە بووە لە بەرهەمهێنانی شێوازێک لە حوکمڕانیی ستەمکار تایبەت بە خۆی. ئەم بۆچوونە لەلایەن زۆر توێژەرەوە، بەتایبەتی (Luciani Giacomo)یەوە توێژینەوەی لەسەر کراوە وەک دیاردەیەکی زۆر تایبەتی. بەو مانایەی کاتێک دەوڵەت لەسەر سەرچاوەیەکی داهاتی ئابووریی دیاریکراو، بەتایبەت نەوت، دەژی و بەتەواوەتی ئەو سەرچاوەیە کۆنترۆڵ دەکات.

هەڵبەتە ئەو حاڵەتە کۆمەڵێک ئاکامی لێ دەکەوێتەوە، کە لە چڕکردنەوەیاندا دەتوانین بڵێین خۆی لە دیاردەی سێبەری قورسی دەوڵەت بەسەر کۆمەڵگەوە دەبینێتەوە. گرنگترین دەرهاویشتەکانی ئەو حاڵەتەش بێهێزبوونی کەرتی تایبەتی و لاوازی و کەمتوانایی و کەمکاریگەریی چینی مامناوەندییە. بە مانایەکی تر، دەسەڵاتێکی ناوەندیی بەهێز، یا ناوەندێکی ستەمکاری *بەهێز*، هەیە بەرانبەر بە کۆمەڵگەیەکی بێهێز. وەختێک کۆمەڵگە *بێهێزە*، هەرگیز ناتوانێ داواکارییەکانی بەسەر دەوڵەتدا بسەپێنێ. بە مانایەکی تر، بوونی دەسەڵاتی ڕەهای دەوڵەت بەسەر پێشوەچوونی کۆمەڵایەتی و ئابووری و مۆنۆپۆلکردنی ئەو پێگە گرنگە، مەبەستێکی سیاسیی گرنگی لەپشتەوەیە. دەوڵەت، بە مەبەست دەخوازێ جۆرێک لە پەیوەندی لەگەڵ دانیشتووان دروست بکات، کە تیایدا دانیشتووان هاووڵاتیان بەردەوام سوپاسگوزار و منەتباری ئەو دەوڵەتە بن. بە ڕوویەکی تردا، چونکە هاووڵاتیان بەردەوام لە پەیوەندییەکی سوپاسگوزاریدان بەرامبەر بە دەوڵەت، ئەوا ئەوان خوازیاری ئەوە نابن داواکاریی سیاسی لەسەر دەوڵەت فەرز بکەن و ئەگەر خواستیش هەبێت، ئەوا هەرگیز توانای ئەوەیان نییە ئەو کارە بکەن. کەواتە، دەرئەنجام، کۆنترۆڵی دەوڵەت

بەسەر سەرچاوە ئابوورییەکان و شێوەی بەڕێوەبردنی ئەو سەرچاوانە لەلایەن دەوڵەتەوە، لە ئاراستەیەکدایە، کە خزمەت بە مانەوە و بەهێزبوونی ڕژێمی سیاسیی ئەو دەوڵەتە دەکات.

سێهەم بۆچوون لەمەڕ توێژینەوە لەو پرسیارە، واتە پرسی غیابی سیستمی دیموکراتی و بەردەوامیی سیستمە ستەمکارەکان، لە ڕووی تێگەیشتنی دامەزراوە و دامودەزگاکانی دەوڵەت و شێوازی مامەڵەکردنە لەتەکیاندا، ئەو دامەزراوانەی بەتایبەتی گرنگن بۆ مانەوە و بەهێزبوونی ڕژێمی ستەمکار، ئەوانەن کە *ئێڤا بێلین* لە لێکۆڵینەوەیەکیدا پێیان دەبێژێ coercive apparatus (دامەزراوەی زۆربۆهێنان)، کە مەبەست زیاتر هێزە چەکدارەکان و هەواڵگیرییە. هەڵبەت ئەم بابەتە ئاڵۆز و فراوانە، چونکە ئەو پرسیارانەمان لەپێش دادەنێ، کە ئایا پێکهێنان و گەشەکردنی دەوڵەت وەک دیاردەیەکی مۆدێرن، لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بە چ پڕۆسەیەکدا چووە و دەچێ؟ دامەزراوەکانی دەوڵەت چۆن گەشەیان کردووە؟ یەکێک لەو کێشانەی لەم بوارەدا جەخت کراوەتەوە ئەوەیە، لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لە ڕووکەش، فۆڕمی سیاسیی ڕەسمی و دامەزراوە و دەزگای ڕەسمیی دەوڵەت هەن، کەچی لە لایەکی ترەوە کاکڵ و ناوەڕۆکی کۆمەلایەتی و سیاسیی ئەو دەوڵەتە بنەمایەکی کۆمەلایەتیی تەقلیدی (تۆ بڵێ ناڕەسمی) بووە، وەک بنەماڵە، خێڵ، یا هەر شێوازێکی بەیەکەوەگرێدانی کۆمەلایەتیی تەقلیدی. بە مانایەکی تر، هیی کۆمەڵگەی تەقلیدی بەر لە دەوڵەت بووە. ئەو پێکهاتە کۆمەلایەتییە تەقلیدییانە بە شێوەیەک لە شێوەکان بەتوندی ئامادەییان لە ناو و کاریگەرییان لەسەر دەوڵەت هەبووە. لە حاڵەتی دەسەلات و بیناسازی "دەوڵەت"

لە باشووری کوردستان ئەو ئامادەیی و کاریگەرییە بەئاشکرا دەبینین. لە دەسەڵاتی سیاسی ئەو بەشەی کوردستاندا، دوو ڕوانگە و بنەمای سیاسی هەن: یەکێکیان بنەمایەکی "ڕەسمییە" و ئەوی تریشیان بنەمایەکی "ناڕەسمی." ئەو بنەمایە ناڕەسمییە، کە هیی بنەماڵە و خێڵ و ناوچەگەریێتیی تەقلیدییە، بەهێزترە لە بنەما ڕەسمییەکە و هەر ئەو بنەما ناڕەسمییەشە سەرچاوەی دروستکردنی دەسەڵاتێکە، کە من پێی دەبێژم "دەسەڵاتی شاراوە،" دواتر دێمەوە سەر ئەو باسە بە پەیوەندی لەگەڵ باسی باشووری کوردستان.

جگە لەو سێ ڕوانگانەی سەرەوە، لە توێژینەوە لە پرسی بەردەوامبوونی سیستمە ستەمکارەکان و غیابی سیستمی دیموکراتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، توێژەرانێک هەن، کە ڕازی نین بەوەی تەنها لە ڕوانگەی ئابووری، کولتووری (تۆ بڵێ ڕۆڵ و کاریگەریی ئایین) یا دامەزراوەیی لە مەسەلەکان ڕابمێنن. بە مانایەکی تر، بە باوەڕی ئەو توێژەرانە، باشتر وایە ئەو ڕوانگە یا فاکتەرانە بە یەکەوە گرێ بدرێن و بشبەسترێنەوە بە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی دەوڵەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بەو مانایەی، ئایا ئەو پەیوەندییە نێودەوڵەتییانەی دەوڵەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، جا لە سێبەری جەنگی سارد دەبێ یا لە سێبەری هەر دیاردەیەکی تری گلۆباڵی دەبێ، چین و چۆن تا ئێستا ئەو پەیوەندییانە لە خزمەتی بەرژەوەندی و دەسەڵاتی ڕژێمە ستەمکارەکاندا بوون؟ وێڕای ئەوەی من لەو باوەڕەدام، کە بەیەکەوەگرێدانی ئەو ڕوانگە و فاکتەرانە تێگەیشتنێکی باشترمان بۆ فەراهەم دەکەن، کەچی دیسانیش ئەوە ناڵێم، کە لە ڕووی زانستییەوە هەڵەیە، تەنها لەسەر

لایەنێک، تۆ بڵێ ڕوانگەیەک یا فاکتەرێک، بوەستێت و پرسە سەرەکییەکەی پێ وەڵام بدەیتەوە. لە لایەکی ترەوە، هەر وەک لەسەرەوە گوتم، من زۆرتر لایەنگری بەیەکەوەگرێدانی ڕوانگەکانم، وەکوو تەواوکەری یەکتر لە حاڵەتێکی مێژووییی سیاسیی سۆسیۆلۆژیدا، بۆ هێنانەبەرهەمی تێگەیشتنێکی "موتەکامیل" (integrated).

جگە لەو ڕوانگانەی سەرەوە، توێژەران ئاماژە بە شتێکی تر دەکەن، کە بۆ ئەم باسوخواسە گرنگییان هەیە، ئەویش ئەوەیە توێژەران قامک بۆ ڕۆڵ و کاریگەریی ململانێی عەرەبی- ئیسرائیلی ڕادەکێشن. ڕژێمە ستەمکارەکانی وڵاتانی عەرەبی، ئەو ململانێیەیان بەکار هێناوە بۆ بەهێزکردنی پێگە و ڕەوایەتیی سیاسییان لە حوکمڕانیدا، بە پەیوەندی لەگەڵ دانیشتووانی وڵاتەکانیان و جێگە و پێگەی ئیقلیمی و نێودەوڵەتییان. بە دیوێکی تریدا، ئەو ململانێیە گران کەوتووە لەسەر وڵاتانی عەرەبی، بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی ڕاستەوخۆ پەیوەندیدارن بە ململانێکەوە. بەدرێژاییی نزیکەی سێ نەوە توانا و وزەیەکی یەکجار زۆری سیاسی، ئابووری، دیپلۆماسی و گیانی لە بەردەوامی ئەو ململانێیە سەرف کراوە. لە ڕاستیدا هەندێک هێز و پڕۆژەی ئایدیۆلۆژی لەسەر ئەم ململانێیە کاریان کردووە و ژیاون، بۆ نموونە ئێستاش بۆچوونێک، هەر نەبێ لەناو هەندێک لە توێژەران هەیە، کە دەڵێ سوریا نەک هەر بە جیددی هەوڵی چارەسەری ململانێ لەگەڵ ئیسرائیل نادات، بەڵکوو لە بەرژەوەندیی ڕژێمە، کە سوریا بەردەوام لەگەڵ ڕادەیەک لە گرژی و ململانێدا بژی... بە هەرحاڵ، دەکرێ ئێستا بڵێین خەریکە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەو ئایدیۆلۆژییانە وەلا

دەنێ و خەریکە بە بیروباوەڕێکی جیاواز لەگەڵ هیی جەمال عەبدولناسر، حافز ئەسەد، سەدام حسێن و موعەممەر قەزافی، کە هەموویان لە بەهێزکردنی پێگەی خۆیان ئەم ململانێیەیان بەکار هێناوە، پێ دەنێتە گۆڕەپانی شێوە سیاسەت و خەباتێکی جیاواز.

هەر وەک دەزانرێت، کۆمەڵێک مەرجی تایبەتیی هاتوونەتە گۆڕێ، کە بەتایبەتی توێژی گەنج ڕۆڵ و کاریگەریی خۆی تێدا دەبینێتەوە. ئەم مەرجانە هیی سەردەمێکی نوێ و جیاوازە، کە ئەو گەنجانە تیایدا لەدایک بوون و گەشەیان کردووە. ئەو مەرجانە زۆر جیاوازن لە هیی سەردەمی دیسکۆڕس (گووتار) ی نەتەوەپەرستانەی هەندێ ڕژێمی ستەمکاری عەرەبی، کە لەسەر دەمارگیری، ململانێ، شەڕوشۆڕ و پێکدادان ژیان و گەشەیان کرد.

ئەم "پرۆژەیەی" ئێستا لە ڕاپەڕینە جەماوەرییەکانی جیهانی عەرەبیدا خەریکە فۆرم دەگرێ، دیسکۆرس و هەڵسوکەوتێکی جیاواز دەخوازێ. هەر لەبەر ئەوەشە لە مێژووی هاوچەرخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، باسی دوو پارادایم دەکەین. پارادایمێک ئەو ناسیۆنالیزم و ئایدیۆلۆژیایە، کە خۆی بە گرفتی ململانێ و گرژی خەریک کردووە و نەیویستووە جێگەی سیستمی دیموکراتی و کۆمەڵگەی مەدەنی و مافی مرۆڤ بکاتەوە. لە ڕاستیدا کاتێک حوکمڕانییشی بەدەست بووە، بە بەهانەی ململانێ و ناجێگیری و هەڕەشەی دەرەکی، بەردەوام لەسەر ئەوەی پێی دەوترێ "ڕەوایەتیی شۆڕشگێڕی" ژیاوە و بواری نەداوە ڕەوایەتیی دیموکراتی سەر هەڵبدا و جێگیر ببێ. ئەوەی تریان پارادایمێکی تازەیە، کە زۆرتر لەژێر کاریگەریی

گلۆبالیزم و دەرفەتە گەردوونییە نوێکاندا گەشە دەکات. وێڕای ئەوەی ئەم پارادایمە دەخوازێ لە چوارچێوەی گووتارێکی نوێدا خۆی بنوێنێ، دەخوازێ لە هەمان کاتدا بیشیسەلمێنی، کە ئایدیۆلۆژیای ناسر، سەدام، ئەسەد و قەزافی ئایدیۆلۆژیای ئافراندنی کۆمەڵگەیەکی داخراو بوون و بەکەڵکی ئەوڕۆ (تۆ بڵێ کۆمەڵگەی کراوە) نایەن. ئەم نەوە تازەیە بەم گووتارە نوێیەوە دەخوازێ کۆمەڵگە لەوپەڕی کراوەییدا بێ، هەم لە ناوخۆ و هەمیش ڕوو بە جیهانی دەرەوەی کۆمەڵگەدا. هەر لە ڕۆشنایی ئەم بۆچوونەوە، دەتوانین باس لەوە بکەین، کە هێدی هێدی دەوری ململانێی عەرەبی- ئیسرائیلی کەم دەبێتەوە، بەڵام هەرگیز ناڵێم تەواو بووە، چونکە هەندێک هێزی توندڕەو، کە بەری گوزەران و بەهێزبوونیان زیاتر لەگەڵ بارگرژی و ململانێ هەڵدەکات تا ئاشتی و هێوربوونەوە و گەشەکردنی ئاشتییانە، تا ئێستاش پەیڕەویی ئاراستەیەکی توندڕەو لەو ململانێیەدا دەکەن. هەندێک هێز و بزاڤی ئیسلامی و ڕژێمی ئیسلامیی ئێران دەخزێنە ناو ئەو قاڵبە سیاسی– ئایدیۆلۆژییەوە و هێشتا ڕۆڵ و کاریگەرییان بەسەر ڕووداوەکاندا هەر هەیە.

## ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوروپای ڕۆژهەڵات

دیاردەی جیاوازیی هەلومەرجە سیاسی، مێژوویی، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات، لەگەڵ ئەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆمەڵێک توێژەری بە خۆیەوە خەریک کردووە. باسوخواسی ئەم توێژەرانەش زیاتر پێ لەو پرسیارە هەڵدەگرێ، کە ئایا بۆ هەمان ئەو شتەی لە ئەوروپای

ڕۆژهەڵات ڕووی دا، لە ڕووخانی سیستمە ستەمکارەکان و پەڕینەوە بۆ سیستمی دیموکراتی لەگەڵ تەواوبوونی جەنگی سارد، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش ڕووی نەدا.

یەکێک لەو بۆچوونانەی جێگەی سەرنجن ئەوەیە، کاتێک ئەوروپای ڕۆژهەڵات سیستمی سۆڤیەتی وەلا نا، تەنها یەک دانە ئەلتەرناتیڤی ئایدیۆلۆژی هەبوو، کە ئەویش پرۆژەی لیبراڵ – دیموکراسی و بازاڕی ئازاد بوو، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کاتێک جەنگی سارد کۆتایی هات، و مەنزومەی سۆڤیەتی (سۆڤیەت خۆی بە ئەوروپای ڕۆژهەڵاتیشەوە) ڕووخا، نەک هەر یەک دانە ئەلتەرناتیڤ، بەڵکوو دوو دانە ئەلتەرناتیڤی سیاسی- ئایدیۆلۆژی هەبوون، یا ڕاستتر بڵێین، لەسەر پێ بوون و لە کاردا بوون: ئەلتەرناتیڤێک، ناسیۆنالیزم، بەتایبەتی بەو مانایەی لەپێشتر ئاماژەی پێ کرا، ئەوی تریشیان ئیسلامی سیاسی بوو. لە ڕاستیدا ئەوەی دووەمیان تازە، واتە لە سەرەتای نەوەدەکان، لە بەهاری گەشەکردنیدا دەژیا و بەتوندی گەشەی دەکرد. واتە بە مانایەکی تر، لەبەر نەبوونی ئەلتەرناتیڤێک بۆ کۆمۆنیزم و سۆسیالیزم لە حاڵەتی ئەوروپای ڕۆژهەڵات (بە ئیستسنای هەندێک حاڵەتی کەم)، کەچی بوونی دوو دانە ئەلتەرناتیڤ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وای کرد کە لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات بەئاسانی سیستمی دیموکراتی وەک تاکەئەلتەرناتیڤ خۆی بسەپێنێ. بە دیوەکەی تردا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەو دەرفەتەی بۆ نەڕەخسا، لەبەر بوونی ئەلتەرناتیڤی تر، سیستمی دیموکراتی وەک جێگرەوە هەڵبژێرێ و بەم مانایەش تا ڕادەیەکی زۆر کەوتە پەراوێزی ئەو هەژان و گۆڕانکارییە گەردوونییەی جیهان لە کۆتاییی

هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکان بە خۆیەوە بینیی.

جگە لەمە، زۆر شتی تر هەن بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری پێشوو، لە بەراورد لەنێوان ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەورووپای ڕۆژهەڵات، دەتوانن یارمەتیمان بدەن. هەڵبەتە جەختکردنەوە لەسەر لایەنی ئابووری، بەتایبەتی ڕۆڵ و کاریگەریی نەوت بوو. هەروەها فاکتەری "هەڕەشەی ئیسلامی،" بە هەردوو بارەکەی، ڕاستەقینە و تەسەورکراو، ڕۆڵێکی گرنگی بینی. ئەم "هەڕەشەیە" کاریگەرییەکی زۆری هەبوو، بەتایبەتی لە ورووژاندنی تەنانەت دەسەڵاتداران و ڕای گشتی لە جیهانی ڕۆژئاوا، بە مەبەستی بەدەستهێنانی پشتگیریی جیهانی ڕۆژئاوا بۆ ڕژێمە ستەمکارەکانی ناوچە، وەک نموونە پشتگیریی جیهانی ڕۆژئاوا، بەتایبەتی ئەمەریکا لە ڕژێمەکانی تونس، میسر، یەمەن، ئەردەن و وڵاتانی عەرەبی کەنداو، بۆ پاراستنی ئەو ڕژێمانە و بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا لە مەترسیی "هەڕەشەی ئیسلامییەکان." جگە لەوەش، هەر لەو چوارچێوەیەدا، یا ڕاستتر بڵێین هەر بەو هۆیەوە، ئاسان بوو بۆ ئەو ڕژێمانە، کە خۆیان بدزنەوە لە ئەنجامدانی ڕیفۆرمی سیاسی بە بەهانەی ئەوەی ڕیفۆرم دەبێتە هۆی ئەوەی بزووتنەوە ئیسلامییەکان ئەو ڕیفۆرمانە بقۆزنەوە بە مەبەستی گرتنەدەستی دەسەڵاتی سیاسی یا هەر نەبێ بۆ بەهێزکردنی پێگەیان لە هاوکێشە سیاسییەکاندا. دیارە بەتایبەتی هەردوو نموونەی بەهێزبوونی ئیسلامییەکان لە جەزائیر، لە سەرەتای نەوەدەکان، و دواتریش باڵادەستبوونی حەماس لە "فەلەستین" وەک بەهانە دەهێنرانەوە بۆ "ڕاستی و دروستیی" ئەو بۆچوونە. ئەوەشی بەتایبەتی گرنگە لێرەدا بوترێ ئەوەیە، کە زۆرێک

لە ڕژێمەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، توانییان بەم لۆژیکە وڵاتانی ڕۆژئاوا، بەتایبەتی ئەمەریکا، ڕازی بکەن لە دانی پشتگیری و یارمەتیی ئابووری و سەربازی بەو ڕژێمانە لەپێناو پاراستنیان لەو "هەڕەشە ئیسلامییە."

## بەهاری عەرەبی

لەبارەی ئەوەی پێی دەوترێ "بەهاری عەرەبی،" هەر لە ئێستاوە کۆمەڵێک بۆچوون و تێڕامان هەن. من بەش بە حاڵی خۆم، جەخت لەسەر لایەنی ئابووری- کۆمەڵایەتی و سیاسی لە سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی، کە ئێستاش لەسەر پێیە، دەکەمەوە. هەر لەبەر ئەوەش، دەخوازم هەر زوو ئەوە بڵێم، کە بە ئەگەری زۆر ئەو پێشوەچوونە، مەبەست سەرهەڵدانەکانی وڵاتانی عەرەبییە، درێژە دەکێشێ، چونکە ئەم بزاڤە زەخیرەیەکی کۆمەڵایەتیی بەرفراوان و بەهێزی هەیە، کە بە ڕادەی یەکەم توێژی گەنجی نێو ئەو کۆمەڵگەیانەیە، ئەو توێژە بە کۆمەڵێک هۆکار چاویان کردۆتەوە و بوونەتە خاوەن کۆمەڵێک ئامرازی کاریگەری، خۆڕێکخستن، پەیوەندیکردن و ئاشنابوون بە جیهانی دەرەوە، کە تەنانەت بەر لە دوو دەیە، ئەم ئامرازانە فەراهەم نەبوون. بە مانایەکی تر، ئەم توێژە خەریکە دەبێتە خاوەن پێگەیەک، کە لە ڕابردوودا بواری سازانی نەبووە. بۆ زیاتر ئاشنابوون بە پێگە و قورساییی کۆمەڵایەتیی ئەم توێژە، پێویستە جگە لە ڕەهەندی چۆنایەتی، کە لێرەدا ئاماژەی پێ کرا، لایەنی چەندایەتییش جەخت بکەینەوە.

ئەمڕۆ لە جیهانی عەرەبیدا، کەم یا زۆر، پەنجا لە سەدی

دانیشتووان تەمەنیان لەژێر بیستوپێنجساڵدایە، یا شەست لە سەد لەژێر تەمەنی سی ساڵیدایە. جگە لەوەش، ئەوانەی بەشی شێریان لە بێکاری لە وڵاتە عەرەبییەکاندا بەر دەکەوێ، هەر لەو توێژەن. دەبێ هەر لێرەشدا جەخت بکەینەوە، کە بەشی زۆرتری بێکاران لەو ڕێژەیەی کە هەیە، هیی ڕەگەزی مێیینەیە، کە ئەمەش بۆخۆی وێنەیەکی ڕوونتر دەدات بە دەستەوە، کە لە گۆشەبینینی جەندەردا مەسەلەیەکی گرنگە. بەکورتی و بەچڕی، ئەو توێژە، واتە ئەو توێژەی تەمەنی لەژێر بیستوپێنج یا سی ساڵدایە، لە سێ بواردا گرنگە: یەکەمیان، ئەم توێژە چاوی کردۆتەوە لە *دونیایەکی جیاواز* لەوەی نەوەی پێشوو. دووەمیان، دوارِۆژێکی باشتری دەوێ لەوەی کە هەیەتی، بە جەختکردنەوە لەسەر ڕۆڵی بێکاری و هەوڵدان بۆ بەدەستخستنی کار و مسۆگەرکردنی خۆشگوزەرانی. سێهەمیان، دەخوازێ پڕۆژەیەک یا پارادایمێکی جیاواز لەوەی پێشتر، واتە جیهانبینییە سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکانی ڕژێمە ستەمکارەکانی جیهانی عەرەبی، لەوانەش ناسیۆنالیزمی عەرەبی، بئافرێنێ. پڕۆژەی ئەو نەوە نوێیە زیاتر ئەوەیە، کە دەخوازێ خۆی لەگەڵ دونیای دەرەوە، بە ڕێگە و ئامرازەکانی گلۆبالیزمەوە، بسازێنێ، لە وەڵامدانەوەی پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیشدا، سوود و هێز و ئەزموون لەو جیهانە وەر بگرێ، تەواو بە پێچەوانەی ڕژێمە ستەمکارەکانی ناوچەکە، بەردەوام کاریان کردووە لەپێناو *بەدابڕاوی* و *بە* داخراویهێشتنەوەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەمەڕ کاریگەرییە پۆزەتیڤەکانی گلۆبالیزم.

جێگەی سەرنج و تێڕامانە، لە بەهاری عەرەبیدا باس لە

"هەڕەشەی ئیسلامی سیاسی" و تیرۆریزمی "ئیسلامی" دەکرێ، بەو مانایەی ئەم ڕاپەڕینانە دەستی تیرۆریستە ئیسلامییەکانی لەپشتە و هەندێک جار بگرە باس لە ڕۆڵی چالاکانەی ئەلقاعیدەش دەکرێ لەم بارەیەوە. دەسەڵاتدارانی ناوچە، بەتایبەتی لەو وڵاتانەی ڕاپەڕینی جەماوەری تیایدا ڕووی داوە، لەو شێوە جەختکردنەوەیە بەردەوامن، بە مەبەستی وروووژاندنی ڕای گشتی و ڕەسمیی وڵاتانی ڕۆژئاوا دژی ئەو ڕاپەڕینانە. لە ڕاستیدا جارێکی تر ئەو ڕژێمانە، هەر وەک چۆن لە کۆتاییی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکان ئەوەیان کرد، لە گووتاری بەرەوڕووبوونەوەیان لەگەڵ ڕاپەڕینە جەماوەرییەکان، چەکی ئەو بەهانەیان بەکار هێنایەوە بە مەبەستی شکستهێنان بەو سەرهەڵدانانە. لە ڕاستیدا دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستانیش هەر بە هەمان ئامانج و بە مەبەستی دێواندنی بەشە عەلمانییەکەی ئۆپۆزسیۆن و وروووژاندنی ڕای گشتی و ڕەسمی، بەهانەی "هەڕەشەی ئیسلامی سیاسی" بەکار دەهێنن. ئەم مەسەلەیە، تا ئەو جێگەیەی پەیوەندیی بە ڕووداوەکانی جیهانی عەرەبییەوە هەیە، قسە و گفتوگۆی زۆری لەمەڕ کراوە و لە بەردەوامییشدا گرنگیی دەبێت.

لە لایەکی ترەوە، هەر ئێستا بۆچوونێک هەیە لەمەڕ ڕۆڵ و گرنگیی ئیسلامی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی ڕوو لە داهاتوو، کە دەڵێ دەبێ ئێمە هەر لە هەنووکەوە باسی "پۆست ئیسلامیی سیاسی" بکەین. بە مانایەکی تر، بەپێی ئەم بۆچوونە، ئیسلامی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ڕۆژانی زێڕینی خۆی تێپەڕاندوە و ئەو نەوە نوێیەی هەڵساوەتە سەرپێ، نەوەی ئیسلامیی سیاسی نییە، بەڵکوو "نەوەی

گلۆبالیزمە،" یا بە هەر حاڵ هی شتێکی جیایە و جیاوازە. زۆر نزیک لەو بۆچوونە، دەکرێ هەر نەبێ ئەوە بڵێین کە "ڕادیکالیزمی ئیسلامی" خەریکە برەوی خۆی لەدەست دەدا و ئیسلامی سیاسی ڕەوتێکی هێورانە، دوور لە بەکاربردنی زەبروزەنگ و دوور لە ڕادیکالیزمی ئایدیۆلۆژی و سیاسی، بە خۆوە گرتووە و بووەتە باڵادەست لە چوارچێوەی ڕەوتی ئیسلامی سیاسی لە پانتاییی هەرە فراوانەکەیدا. لە ڕاستیدا پارادۆکسێک ئەوەیە، کە یەکێک لە هۆیەکانی ئەو پێشوەچوونە، واتە باڵادەستبوونی ئیسلامی میانڕەو، ئەزموونی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە، چونکە ئەم ئەزموونە سەرکەوتوو دەبێت لە ئافراندنی "سیستمی ئیسلامی"ی سەرکەوتوو. لە ڕاستیدا دەکرێ بڵێین تا ڕادەیەکی زۆر ئەوە ڕاستە، کە ڕژێمی ئیسلامیی لە ئێران "سەرکەوتوو" بووە لە "ناشیرینکردنی" وێنەی ئیسلامی سیاسی، هەتا بگرە ئیسلام بە گشتیش. بەسەرهاتی ئێران ڕێک ئەو حاڵەتە پشتڕاست دەکاتەوە، کە بیرمەندی پاکستانی ئیقبال ئەحمەد بەجوانی گوزارشتی لێ کردووە، کە دەڵێ "لە هەموو شتێک خراپتر، کە بەسەر هێزە ئیسلامییەکان بێت، ئەوەیە کە جەماوەرێکی زۆر لە خۆیان کۆ بکەنەوە، کاتێک لە دەرەوەی دەسەڵاتن، بەڵام دوای گرتنەدەستی دەسەڵات، ئەو جەماوەرە دڵشکاو بکەن و لەدەستی بدەن." بەم مانایەش، ئاسان نییە ئەزموونی ئێران جارێکی تر دووپات ببێتەوە، بەڵکوو ڕەوتەکە بەگشتی بەرەو "هێوربوون" و میانڕەوبوونی ئیسلامی سیاسی ڕێ دەکات. ئەمڕۆ لە زۆرێک لە ژینگە سیاسییەکانی جیهانی ئیسلامیدا، زیاتر ئاماژە بە ئەزموونی "ئیسلامی سیاسی" لە تورکیا وەک پۆزەتیڤ و سەرکەوتوو دەکرێ، تا ئەزموونی

کۆماری ئیسلامیی ئێران. من وای دەبینم، کە ڕەوتی ئیسلامی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو ئەوە دەچێ، وەک ئەوەی سامی زوبەیدە پێی دەڵێ ڕەوتی "نۆرماڵبوون و گونجاندن – routinization"* لەگەڵ پڕۆسە سیاسییەکاندا تا دەرکەوتن وەک ڕەوتێکی دژبەر لە ئاست ئەو پڕۆسەیە. بەڵام ئەوەی دەبێ بخرێتە سەر بۆچوونی زوبەیدە ئەوەیە، کە ئەم گۆڕانکارییە یەکسەرە-یەک لایەنە نییە، بەڵکوو بە هەمان شێوە هێزە عەلمانییەکانیش لێرە و لەوێ، هاتوونەتە سەر ئەو باوەڕەی، کە دەکرێ هێزە ئیسلامییەکان بەشێک بن لە پڕۆسە سیاسییەکانی ئافراندن و بەڕێوەبردنی سیستمی سیاسی. ئەوە خۆی لە خۆیدا دەتوانێ دیاردەیەکی ئەرێنی-پۆزەتیڤ بێت و بخزێتە چوارچێوەی ئەو بۆچوونەی کە دەمێکە هەندێک لە توێژەران، بەتایبەتی ڕۆژئاوایی، جەختیان لێ کردۆتەوە، ئەوەی کە پڕۆسەی دیموکراتیزەکردن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەرکەوتوو نابێت بەبێ بەشداریکردنی، یا بەشدارییپێکردنی ئیسلامی سیاسی. هەڵبەتە بە جەختکردنەوە لەوەی مەبەست ئەو بەشەی ئیسلامی سیاسییە، کە تەبەننای میتۆدی ئاشتییانە لە خەبات و فرەڕەنگیی سیاسی و هەمەڕەنگیی ئایدیۆلۆژی دەکات؛ بە شێوەیەکی گشتی، پلورالیزمی ئایدیۆلۆژی و سیاسیی لا پەسەندە. ئەوەش زۆر گرنگە جەخت بکەینەوە، کە ئەم باوەڕە، واتە بەشدارییپێکردنی ئیسلامی سیاسی میانڕەو لە پڕۆسە سیاسییەکاندا، ئەمڕۆ بە زۆر هۆوە لە جیهانی

* ئەم وشەیە، کە زیاتر چەمکێکی سۆسیۆلۆژییە، بەرامبەرێکی پڕبەپێستیی لە زمانی کوردیدا نییە. هەر لەبەر ئەوەش بە وەرگێڕانێکی تەقریبی دەکرێ، وەک پڕۆسە، بڵێین "گونجاندن و نۆرماڵبوون."

ڕۆژئاواش، واتە لە سیاسەتی ڕەسمیی وڵاتانی ڕۆژئاوادا، بەتایبەتی ئەمەریکا، بەرجەستەیە.

پرسیارێکی گرنگ ئەوەیە، کە ئایا ئەو سەرهەڵدانانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو کوێ دەچن؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئاسان نییە، لەبەر هۆیەکی سادە، ئەویش ئەوەیە کە هێشتا ڕووداوەکان لەسەر پێن.

بە هەرحاڵ، ناکرێ تەنها باس لە یەک دانە ئاراستە لەو ڕووداوانەدا بکرێ، بەڵکوو ئەگەری هەرە بەهێز ئەوەیە، کە سەرهەڵدانەکان ڕەوت و ئاراستەی جوداجودا وەر بگرن و بە دەرهاوێشتەی جوداجودا تەواو ببن. لانی کەم، هەندێک لە توێژەران گفتوگۆیان لەسەر ئەو پرسیارە کردووە و دەتوانین باس لە دوو ئاراستە بکەین لەناو ئەو توێژەرانەدا: یەکێکیان ئەو ئاراستەیەیە کە پێی وایە ئەم ڕاپەڕینانە بەرەو **ئاراستەیەکی دیاریکراو** (somewhere) گوزەر دەکەن، واتە ڕاپەڕینەکان ئامانجێکی دیاریکراو دەپێکن، کە ئەویش بەر لە هەرشتێک، گەیشتنە بە سیستمی دیموکراتی. بە مانایەکی تر، مەبەستی ئەو ڕاپەڕینانە هەر ئەوە نییە ڕژێمە ستەمکارەکان بڕووخێنن، بەڵکوو وەک ئەلتەرناتیڤ سیستمێکی دیموکراتییش بئافرێنن. دووەمیان، ئەو ئاراستەیەی دەڵێ، بەڵێ ڕاستە جەماوەری وڵاتانێک هەستاونەتە سەرپێ، بەڵام مەرج نییە ئەلتەرناتیڤێکی کامڵ و پێگەیشتوویان پێبێت. کە وا بوو، بەپێی ئاراستەی دووەمیان، ڕاستە ئەو ڕاپەڕینانە مەبەستیان، یا هەر نەبێ مەبەستی زۆربەیان، ڕووخاندنی ڕژێمە ستەمکارەکانە، بەڵام مەرج نییە هەڵگری ئەلتەرناتیڤێکی دیاریکراو بن، کەواتە **بە بێئاڕاستەیی** (nowhere) گوزەر دەکەن.

جگە لەو دوو ئاراستەیە، باشتر وایە لە گۆشەبینینیی فرەڕەنگیی ئایدیۆلۆژی و سیاسییەوە، گوزارشت لەو ڕاپەڕینانە بکرێ و بەو مانایەش باس لە سیناریۆی جوداجودا بکرێ: لە ڕاستیدا دەکرێ بڵێین لەناو هەناوی ئەو سەرهەڵدانانەدا پڕۆژەی جۆراوجۆری عەلمانی، ئیسلامی، لیبراڵ- دیموکراسی و هیی تر جێگەیان بۆتەوە. دەکرێ سیناریۆیەک ئەوە بێ، کە هەر نەبێ بەشێک لەو ڕاپەڕینانە لەلایەن، بۆ نموونە، دامەزراوەی سەربازییەوە یا لەلایەن هاوپەیمانییەک لەنێوان دامەزراوەی سەربازی و ڕەوتێکی "ئایدیۆلۆژی – سیاسییەوە" بدزرێ یا برفێنرێ، ڕێک لە چوارچێوەی ئەو دیاردە مێژووییی سیاسییەی بە دیاردەی «دزینی شۆڕشەکان" ناسراوە. لە ڕاستیدا هەر لە ڕۆژانی سەرەتای سەرهەڵدانەکانی تونس و دواتریش میسر، من ترسێکم هەبوو لەوەی ئەو سەرهەڵدانانە لەلایەن دامەزراوەی سەربازییەوە یا بە یارمەتیی ئەو دامەزراوەیە بدزرێن.* بە تەسەوری خۆم، ئەگەر ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی میسر هەر زوو نەدزرابێت لەلایەن دامەزراوەی سەربازی و گاردی کۆنەوە، ئەوا لە باشترین حاڵەتدا هێشتا ئەگەری دزرانی ئەو ڕاپەڕینە هەر لە ئارادایە. ڕاستە خەڵکی میسر بەرەو ڕیفراندۆم چوون بۆ نوێکردنەوەی دەستوور، بەڵام ئێستاش مەترسیی دزرانی *ئاراستەی ئەو شۆڕشە* هەر ئەگەرێکی کراوەیە. هێشتا ئەو شۆڕشە بە ئاکام نەگەیشتووە، لە پرۆسەیەکی ئاڵۆزدایە،

* لە ڕاستیدا ئەوەی پێشتریش لە ساڵی ١٩٨٧ لە تونس ڕووی دا، ڕێک دزینی، یا دەستبەسەرداگرتنی، ڕاپەڕین بوو لەلایەن زەین ئەلعابدین بن عەلییەوە، هەڵبەتە بە یارمەتی و پشتگیریی دامەزراوەی سەربازی و هەواڵگیری و بە قبوڵێکی، هەر نەبێ ناڕاستەوخۆی، وڵاتانی ڕۆژئاواوە، بەتایبەتی ئەمەریکا.

کە تیایدا واتە لەو پرۆسەیەدا، زۆر هێز و توانای ئایدیۆلۆژی و سیاسیی جوداجودا هەن، کە لە بەرانبەر یەکتر لە ململانێدان.

بە بۆچوونی من، ئەو گفتوگۆیەی سەرەوە گرنگە بە پەیوەندی لەگەڵ خۆپیشاندانەکانی باشووری کوردستان. ئایا ئەوەی باشووری کوردستان (واتە نارەزاییەتەکان) بەرەو ئاسۆیەکی دیاریکراو دەچێ واتە (somewhere)ە یا ئاسۆیەکی نادیار واتە (nowhere)ە، یا ئەسڵەن شتێکی ترە و پێویستی بە ڕۆشناییی تایبەتی هەیە بۆ باسکردن لە سیناریۆی تر؟

## باشووری کوردستان: لەکوێوە بەرەو کوێ

سەرەتا دەبێ زۆر بەکورتی و بەچڕی پەنجە ڕاکێشین بۆ هەندێ مەسەلەی گرنگ، کە پەیوەندیدارن بە مومارەسەکردنی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن کورد خۆیەوە، یا ڕاستتر بڵێین، لەلایەن یەکێتی و پارتییەوە، لە بیست ساڵی ڕابردوودا. بە تەسەوری خۆم، کۆمەڵێک خاڵ هەن پێویستیان بەوەیە ڕۆشناییيان بخرێتە سەر، بەڵام لەبەر کەمیی کات، تەنها پەنجە بۆ هەندێ دیاردەی ئەو دەسەڵاتی خۆماڵییە ڕادەکێشم. خاڵێکیان، کە بەر لە نزیکەی دوو ساڵ لە بابەتێکمدا* باسم کردووە، مەسەلەی پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسیی باشووری کوردستانە. بەپێی ئەم بۆچوونەم، هەر وەک پێشتر ئاماژەی پێ کرا، دەسەڵاتی باشووری کوردستان بە شێوەیەکی زۆر ئاڵۆز

* بڕوانە د. بورهان یاسین، "باشووری کوردستان دوای ٢٠٠٩/٧/٢٥: ئەرزهەژی سیاسی و ئەگەرەکان بە ڕووی داهاتوودا" لە www.burhanyassin.com

لە دوو بەش پێک هاتووە: یەکێکیان دەسەڵاتی ڕەسمی و ئەوی تریشیان دەسەڵاتی "ناڕەسمی – شاردراوەیە."* دەسەڵاتی ڕەسمی لە حکومەت و پەرلەمان و دامەزراوە ڕەسمییەکانی تری دەسەڵات پێک دێت، بەڵام دەسەڵاتی شاردراوە بە شێوەیەکی سەرەکی لە دەسەڵاتە "ناڕەسمییەکەی" دوو هێزە سیاسییە سەرەکییەکە، پارتی و یەکێتی و بنەماڵە و کەسە دەستڕۆیشتووەکانی ئەو دوو هێزە سیاسییە و مومارەسەکردنی ئەو دەسەڵاتە لە ڕێگەی کۆمپانیاکانیان و کۆنتراکت و چالاکییە نەوتییە ناڕەسمی، تۆ بڵێ نایاساییەکان، و زۆر شێوەی تر پێک دێت. لە ڕاستیدا لەبەر ئەوەی ئێستاش دیاردەی دووئیدارەیی پارتی و یەکێتی هەر هەیە، بە هەمان شێوە دوو دەسەڵاتی شاردراوەش هەن، هەر وەک چۆن دەسەڵاتی ڕەسمی لەنێوان ئەو دوو هێزە باڵادەستەدا دابەش کراوە، *دەسەڵاتی شاردراوەش* بە هەمان شێوە دابەش کراوە، هەریەکەیان خاوەن کۆمپانیا و بواری جۆراوجۆری وەبەرهێنان و چالاکییە ئابوورییە "ڕەشەکانی" خۆیانن. بەپێی ئەو پێکهاتە ئاڵۆزە، وەزیر پێش نیوەڕۆ وەزیرێکی ڕەسمی دەسەڵاتی کوردییە، کەچی دوای نیوەڕۆ هەمان وەزیر خەریکی قاچاغچێتیکردنە بە نەوتەوە، یا خەریکی چالاکییە ئابوورییە ناڕەسمییە شاردراوەکانە.

* دەسەڵاتی شاردراوە لە حاڵەتی تورکیا پێی دەگوترێ دەوڵەتی قووڵ، کە زیاتر پێکهاتەیەکی مافیاییە. بەم پێوەرە، دەکرێ بڵێین دەسەڵاتی شاردراوە لە باشووری کوردستان ڕێک دەکاتە دەوڵەتی قووڵ. لە کوردستان دەسەڵاتی شاردراوە حوکمی بەسەر دەسەڵاتی فەرمی یاخود ڕەسمیدا هەیە، هەر وەک چۆن لە تورکیاش ئەم حاڵەتە هەیە.

لە کوردستان دەسەڵاتی شاردراوە حوکمی هەیە بەسەر دەسەڵاتی ڕەسمیدا. لەوەش خراپتر، دەسەڵاتی شاردراوە خەریکی چالاکیی مافیاییە، کەچی لە لایەکی ترەوە مامەڵە بە سیاسەتی نەتەوەیی و مەسەلە ستراتیژییە کوردستانییەکانەوە دەکات و دەیانخاتە خزمەت بەرژەوەندییەکانی خۆی. لە ڕاستیدا مەسەلەی نەتەوەیی وەک کۆمپانیایەکی زەبەلاحی لێ هاتووە، کە دەسەڵاتی شاردراوە "وەبەرهێنانی" تیادا دەکات. ئەم دیاردەیە زۆر لەوە ترسناکترە، کە بتوانین تەنها لە چوارچێوەی چەمک و دیاردەی گەندەڵیدا سنوورداری بکەین. دەبێ لە ڕۆشنایی ئەم بۆچوونەوە، وشەی گەندەڵی لە چوارچێوەی زەمەنی و مەکانیی زۆر تایبەتدا، کە لەم حاڵەتەدا دەسەڵاتی سیاسیی باشووری کوردستانە لە بیست ساڵی ڕابردوودا، فراوان بکرێ و تێگەیشتنی بۆ بکرێ. لەو فراوانکردنەی چەمکی گەندەڵییشدا، دەبێ باس لە لایەنە ترسناکەکانی ئەو شێوەیە لە گەندەڵی بکەین، کە لە زۆربەی ئاستەکانی چالاکییە کۆمەڵایەتی، ئیداری و سیاسییەکاندا ڕەگوڕیشەی داکوتیوە. ئەوەش جەخت بکەینەوە، کە گەندەڵی بەپێی ئەو تێگەیشتنەی سەرەوە، پشتشکێنە بۆ دۆزی سیاسیی کوردستان لە ڕەهەندە ناوخۆیی، عێراقی (واتە پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی هەرێمی کوردستان بە بەغدادەوە)، ئیقلیمیی و نێودەوڵەتییەکان. چونکە لەو چوار ئاستەدایە، کە دیاردەی گەندەڵی خەریکە پشتی بزاڤی سیاسیی کورد و پرسە ڕەواکەی دەشکێنێ. لە ڕۆشنایی ئەم بۆچوونەدا، ئەمڕۆ مەسەلەی کورد لە بەغداد دوو مەسەلەیە، یەکێکیان مەسەلەی ڕەوای نەتەوەییی کوردستانە، بەڵام ئەوەی دیکەیان مەسەلە و سەرئێشەی تاقمێکە، کە چاوبرسی و تەماحی پارە

و دەسەڵاتە. ئەم توێژە لە دەرەوەی پڕۆسە ڕەسمییە ئابووری و دیپلۆماسی و سیاسییە ڕەسمییەکان و لەسەر حسابی دۆزە ڕەواکەی کوردستان دەژی. لەوە خراپتر، ئەم تاقمە سواری ملی ئەو مەسەلە ڕەوایە بووە و بە ئاقاری زۆر مەترسیداردا دەیبات: تەنیا مەبەست و ئامانجیش تێرکردنی چاوبرسێتیی تاقمەکە خۆیەتی.

ئەوەی لە کوردستان لە بیست ساڵی ڕابردوودا بەرهەم هاتووە، لە باشترین حاڵەتدا لاساییکردنەوەیەکی کرچوکاڵی سیستمی سۆڤیەتی و دەوڵەتە پۆلیسییەکانە. لەوەش خراپتر، دووپاتبوونەوەی ئەزموونی دەوڵەتانی، یا ڕاستتر بڵێین شێخنشینەکانی خەلیجە. بە مانایەکی تر، ئەوەی لە باشووری کوردستان هەیە، بەرماوەیەکی کرچوکاڵە لە سیستمی سۆڤیەتی و سەرەتای سەرهەڵدانی نەموزەجێکی خەلیجییە لە ڕێکخستنی سیستمی سیاسی و چالاکییە ئابوورییەکان... هتد. کردنی هەولێر بە دوبەی، مەبەستێکی باسنەکراو و شاردراوەی سیاسیی پەیوەندیدار بە سیستمی سیاسی و شێوازی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە لەخۆ دەگرێت، ئەگەرچی ئەو کاراکتەرە سیاسییانەی دەیانەوێ هەولێر بکەن بە دوبەی، بەئاشکرا ئەو لایەنەی مەسەلەکە دەر نابڕن. بەپێی خوێندنەوەی خۆم، ئەو قسەیە، واتە کردنی هەولێر بە دوبەی، یانی کتومتکردنی دەسەڵاتی باشووری کوردستان بە شێخنشین-مشیخەیە: لەسەر شێوازی شێخنشینەکانی کەنداو، کە بنەماڵە تیایاندا حاکم بێ، حیزب تیایدا داردەستی سەرۆکەکان و بنەماڵە بێت و دەوڵەتیش داردەستی حیزب یا شێخ - سوڵتان بێت، یا دەوڵەت وەک کۆمپانیایەکی مەزن بێت و بنەماڵە **وەبەرهێنانی**

تیادا بکات. لەبەر ئەوە، ئەو حاڵەتەی لە باشووری کوردستان هەیە، لەگەڵ گەوهەری سیستمی دیموکراتی و دەوڵەتی یاسا و ئەنجامدانی ڕیفۆرمی ڕیشەییانە لەو دوو ئاراستەیەدا یەکانگیر نییە، تەنانەت ئەستەمە بشبێ. لە ڕاستیدا پارتی دیموکراتی کوردستان، دوای شەست ساڵ لە بوونی، لە کۆنگرەی سیازدەیەمیدا، بەتوندی بوو بە حیزبی "شێخنشین." لە کۆمەڵێک هێما و ئاماژە و خەملاندنی سەرکردایەتییدا، ئەو حیزبە نەک هەر نیشانی دا کە ناتوانێ حیزبی پێداویست و گۆڕانکارییەکانی سەدەی بیستویەک بێت، بەڵکوو بەو هێما و ئاماژانەی لە کۆنگرەکەدا دەر کەوتن، بەتوندی گەڕایەوە بۆ سەدەی بیستەم و بگرە بۆ سەدەی نۆزدەهەمیش.*

لە لایەکی ترەوە، لە ساڵی ٢٠٠٩ شتێکی گرنگ لە باشووری کوردستان ڕووی دا، ئەوەی من پێی دەڵێم *"ئەرزهەژی سیاسی،"* واتە هەڵبژاردنەکانی ٧/٢٥ی ئەو ساڵە، کە دەرهاویشتەیەکی هەرە گرنگی دەرکەوتنی گۆڕان بوو وەک کاراکتەرێکی سیاسیی گرنگ و چوونی بۆ ناو پەرلەمان بە ٢٥ نوێنەرەوە. لە ڕاستیدا ئەو ئەرزهەژە سیاسییە، ڕووداوێکی تریشی بەدوادا هات، ئەویش ئەو خۆپیشاندانانە بوون کە لە ٢/١٧ دەستیان پێ کرد، کە دواتر بە سەرکوتکردنێکی پۆلیسییانە، لەلایەن دەسەڵاتێک، کە هەڵگری عەقڵیەتی دەوڵەتی پۆلیسییە، کۆتاییان پێ هات.

---

* یەکێک لە هێماکان ئەوە بوو کە گوتی ئەو خاوەنی ١٠٠٠ پیاوی بارزانییە، لەبەر ئەوەش باکی لە هیچ هەڕەشەیەک نییە.

# دەسەڵات، ئۆپۆزسیۆن، شەقام: ڕووداو و سیناریۆکان

سەرەتا دەمەوێ بڵێم یەکێک لە شتە هیوابەخشەکانی ئەو خۆپیشاندانەی باشووری کوردستان لە ٢٠١١ ئەوەیە، کە ئەو سەرهەڵدانە هیی نەوەیەکی نوێیە، نەوەی ڕاپەڕین. لە ڕاستیدا دوو جار نەوەی ڕاپەڕین: یەکێکیان ئەوەیە، کە ئەو نەوەیە لە ساڵی ڕاپەڕینی ١٩٩١، یا لە دەوروبەری ئەو ساڵە لەدایک بووە، ئەوەی تریشیان ئەوەیە، کە ئەو نەوەیە زەخیرە و وزەی هەرە سەرەکیی "ڕاپەڕینی" ٢٠١١، واتە خۆپیشاندانەکانی ١٧ی شوبات تا ١٩ی نیسان بووە. هەر وەک لە هەندێک وتار و چاوپێکەوتنندا ئاماژەم پێ کردووە، ئەو نەوەیە لە ڕووی چۆنایەتییەوە جیاوازیی زۆرە لەگەڵ نەوەی کۆن، واتە نەوەی شاخ و خەباتی چەکداری و ئۆتۆنۆمیخواز و... هتد. لە ڕاستیدا ئەم نەوەیە، یا هەر نەبێ بەشێکی زۆری، نامۆن بەو دەسەڵاتە. ئەوانە ناخوازن لە دەسەڵاتێکی گەندەڵدا بەنەتەوەبوونی خۆیان، بە مانای هاووڵاتیبوون لە قەوارەیەکی نیشتمانیدا ببیننەوە و بەرجەستەی بکەن، بەڵکوو دەخوازن لە ڕێگەی دەسەڵاتێک بە مانای وشە دەسەڵاتی یاسا و دادوەریی کۆمەڵایەتی و دیموکرات، بە نەتەوە و بەهاونیشتمانیبوونی خۆیان پێناسە بکەن.

هەوەڵین ئەگەرێک، کە من هەر زوو لە سەرەتای دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکانەوە باسم لێوە کرد، ئەوە بوو کە پێم وا بوو، دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان دوور نییە لە حوکمڕانانی تونس و میسر و یەمەن و سوریا و لیبیاش

دوورتر بڕۆن، لەپێناو دامرکاندنەوەی خۆپیشاندانەکان. من لەم بۆچوونەمدا مێژووی ئەو دەسەڵاتدارانە، کە زۆریش خوێناوییە، خوێنی کورد بە کورد بە کوشتدان، یا گەر حەز بکەی بڵێی کوردکوشتن، دەکەمە پێوەر. جگە لەوەش، ئەو بۆچوونە لە ڕاستییەکی تریش پێ هەڵدەگرێ، ئەویش ئەوەیە کە دەسەڵاتی باشووری کوردستان ئێستاش بە شێوەیەکی ئاڵۆزتر لە جاران، دوو ئیدارەیە و ترسێکی گەورەش هەر لە سەرەتای خۆپیشاندانەکان ئەوە بوو، کە جارێکی تر ئەو دووئیدارەییەی لەسەر بنچینەی دوو یەکەی جوگرافی، بێتەوە گۆڕێ، بەتایبەتییش هەر زوو هەندێ هێما هەبوون لەوەی کە یەکێک لە سیناریۆکانی بەردەمی پارتی، جیاکردنەوەی سلێمانی بوو، لە حاڵەتێکدا ئەگەر سیناریۆکانی تر سەریان نەگرت و پارتی لەوە پشتڕاست بوو، کە خۆپیشاندانەکان هەولێر و بادینانیش دەگرنەوە. هەر زوو دوای دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکان، فەلەکەدین کاکەیی، کەسە هەرە "کوردستانییەکەی" نێو پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ڕۆژنامەی *ڕووداو*دا، بە مانشێتێکی گەورە دەڵێ، "با ئۆتۆنۆمی بدرێتە سلێمانی"* ئەمە قسەی هەر کەسێک نییە و هێمایەکی زۆر مەترسیدارە، ئەوەشمان پێ دەڵێ، کە دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان ئامادە بوون بە مەبەستی تێکشکاندنی ئەو بزاڤە جەماوەرییە زۆر دوور بڕۆن و هەر هەڵوێستێکی نانەتەوەیی و نابەرپرسانە بگرنە بەر، لەوانەش، سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی باشووری کوردستان بۆ *دوو جوگرافیای سیاسی*، نەک هەر لەیەکتردابڕاو، بەڵکوو دوژمنبەیەکتر بە حەدی یەکترکوشتن، هەر وەک

* *ڕووداو*، ٢٠١١/٢/٢٨.

یەکترکوشتنەکەی ١٩٩٠کان؛ یەکترکوشتنێک، کە ئاڕاستە و ئامانج تیایدا سڕینەوەی بەتەواوەتی "ئەوی تر" لە نەخشەی سیاسی دەبوو.

شتێک، کە بە باوەڕی من، نە ئۆپۆزسیۆن و نە شەقامیش، هەر نەبێ بەئاشکرا و تا ئەو جێگەیەی من ئاگادارم، حسابی باشیان بۆ نەکردبوو، ئەوە بوو کە یەکێک لە سیناریۆکانی پارتی، بۆ کۆتاییهێنان بەو هەلومەرجە لە قازانجی خۆی و لە زەرەری ئۆپۆزسیۆن و بزاڤی شەقام، ئەوە بوو کە نێچیرڤان بارزانی وەک ئەلتەرناتیڤی بەرهەم ساڵح بە "پاکێجێکی" چاکسازییەوە وەک *فریادڕەس* و هەڵگری چارەسەریی ئەو هەلومەرجە، تەرح بکات.*

سیاسەتی دەسەڵات ڕوو بە شەقام و ئۆپۆزسیۆن زیاتر خۆی لە شەڕی (ئیستینزاف)دا دەبینێتەوە تا سیاسەتێک کە مەبەست لێی چارەسەری ئەو قەیرانە قووڵ و هەمەلایەنە بێت، کە باشووری کوردستان دەمێکە دووچاری بۆتەوە و لە ماوەی دواییشدا هەندێ ڕەهەندی نوێی بە خۆوە گرتووە. یەکێک لە بەشەکانی ئەو شەڕە، سیاسەتی پارچەکردن و کۆنترۆڵکردن بووە، واتە پارچەپارچەی بکە بۆ ئەوەی بتوانی کۆنترۆڵی

---

* ئەم بۆچوونەم هەر لە سەرەتای خۆپیشاندانەکاندا لە هەندێک پەیوەندی و پەیوەستەگیی تایبەتدا خستۆتە ڕوو. هەر لێرەش دەبێ بگوترێ، کە دواتر و دواتریش لە مێژووی ئەم کۆنفرانسە، ئەم سیناریۆیە بە پاکێجی بە ناو "چاکسازییەکەی" مەسعود بارزانی تەواو بوو. جا لێرەدا پرسیاری ئەوەی ئایا ئەو سیناریۆیە تەسەورکراوە بۆ بە مەسعود بارزانی تەواو بوو و بۆ نێچیرڤان بارزانی نا، گفتوگۆی زیاتر هەڵدەگرێ و دەبێ زیاتر لە ڕۆشنایی پەیوەندییەکانی نێوان (یا ڕاستتر بڵێین ململانێکانی) نێوان کارەکتەرەکانی بنەماڵەی دەسەڵاتدار شی بکرێنەوە تا هەر شتێکی تر.

بکەیت. دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی نەک هەر هەوڵی جیددیی داوە بۆ لەیەکتردابڕاندنی ئۆپۆزسیۆن و شەقام، بەڵکو هەوڵی بێوچانیشی داوە بۆ لەیەکتر جیاکردنەوەی پێکهاتەکانی هەر یەکێ لە شەقام و ئۆپۆزسیۆن. لەم حاڵەتەدا، بە ڕادەی یەکەم، ئۆپۆزسیۆن بەرەوڕووی تەحەدا و تاقیکردنەوەیەکی سەخت بۆتەوە. دیارە یەکێک لە ئامرازە کاریگەرەکانی دەسەڵات بۆ لێکدابڕینی پێکهاتەکانی ئۆپۆزسیۆن، دێواندن و ناشیرینکردنی هێزە ئیسلامییەکانی ناو ئۆپۆزسیۆن و وێناکردنیانە وەک مەترسی بۆ سەر "ئەزموونی دەسەڵاتی کوردی" و بەو شێوەیەش ئیحراجکردنی بزاڤی گۆڕانە.

لە لایەکی ترەوە، ئەگەر لە هەوڵەکانی دێواندنی ئیسلامییەکان سەرکەوتوو نەبوو، ئەوا دوور نییە هەوڵی ئەوە بدات، کە هەر دوو هێزە ئیسلامییەکەی ناو ئۆپۆزسیۆن بەشداری لە حکومەتدا پێ بکات و بەم شێوەیەش گۆڕان بەتەنیا بەدابڕاوی بمێنێتەوە. یەکێکی تریش لە ڕەگەزەکانی ئەم سیاسەتە ئەوەیە کە لە گفتوگۆ و دانوستاندن، تەنها کەمێک بدات، واتە کەمێک سازش بکات، کە تەنیا تێری ئەوە بکات شەقام و ئۆپۆزسیۆن و بگرە پێکهاتەکانی ناو خودی بزاڤی شەقام و هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن *لە یەکتر داترازێنێ*.

لەبارەی پەیوەندییەکانی ئۆپۆزسیۆن و شەقام، دەتوانین بڵێین هەڵوێستی ئۆپۆزسیۆن بەرامبەر شەقام و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەو بزاڤەدا، هەندێک پارادۆکسی لەخۆ گرتووە. لە لایەکەوە ئۆپۆزسیۆن پێی خۆشە لە ڕێگەی خۆپیشاندانەکان فشار لەسەر دەسەڵات زیاد ببێت، بەڵام بە مەرجێک ئەو شەقامە ئەوەندە سەربەخۆ نەبێت، کە ئۆپۆزسیۆن نەتوانێ

سوودی لێ وەر بگرێ لە دارِشتنەوەی هاوکێشەی پارسەنگی هێز لەنێوان خۆی و دەسەڵات. هەوڵی باڵادەستبوونی ئۆپۆزسیۆن، بەگشتی و هەریەکێکیش لە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن بەتەنیا، واتە هەریەکێکیان بۆ خۆی، لەناو خۆپیشاندانەکاندا و ئەو ئاراستەیەی وەری دەگرێ، یەکێک بوو لە موفارەقەکان، لەسەر ئەو باوەڕەی کە گەشەکردنی هێزی شەقام لە پانتاییەکی تەواوسەربەخۆدا دەتوانێ ببێتە هۆی ئەوەی دەستپێشخەریی سیاسی لەدەست ئۆپۆزسیۆن دەر بچێ. بە هەرحاڵ، ئیدارەدانی ئەو ئیشکالیەتانە و هیی تریش، ئاسان نەبووە بۆ ئۆپۆزسیۆن و لە داهاتووشدا ئاسان نابێت. ئەمە تاقیکردنەوەی یەکەمە لەو جۆرە، کە لە ئەزموونی سیاسیی باشووری کوردستاندا ڕوو دەدات، کە تیایدا جگە لە بوونی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن "ڕەوتێکی" تریش خۆی نواند لەسەر پانتاییی سیاسی، واتە *هێزی شەقام*. بەکورتی و بەچڕی، هەڵسانەسەرپێی شەقام لە باشووری کوردستان، هەڵبەتە سنووردار بە ناوچەیەکی دیاریکراو، تەنها بۆ دەسەڵات تەحەدا نەبوو، بەڵکوو بۆ ئۆپۆزسیۆنیش تاقیکردنەوەیەکی جیددی بوو. بەزیندووییمانەوەی شەقام، یا هەر نەبێ بەکراوەییمانەوەی ئەگەری دەستپێکردنەوەی خۆپیشاندانەکان لە هەر کات و ساتێک، زۆر پێویستە ئەگەر چاوەڕوانیمان هەبێ دەسەڵات هەندێ ڕیفۆرمی گرنگ ئەنجام بدا، ئەگەرنا، هێز و توانای ئۆپۆزسیۆن، لەوانەش کاری پەرلەمانی، بەتەنیا بەس نییە بۆ ئەوەی دەسەڵات وا لێ بکات هەندێ ڕیفۆرمی ڕیشەیی ئەنجام بدا...

کۆمەڵێک سیناریۆی تریش هەن، کە دەکرێ مرۆڤ باسیان

لێوە بکات، بەڵام من لێرە قسەکانی خۆم دەبڕمەوە. بە هیوای ئەوەی دەرفەتێکی تر هەڵکەوێ، لەو بیست دەقیقەیەی تر کە هەمانە بۆ بەشی پرسیار و وەڵام، لە خزمەتتاندا بم و گفتوگۆ بکەین...

## بەشی دووەم:

# پرسیار و گفتوگۆ

* لەم پرسیارەوە دەست پێ دەکەم کە دەڵێ: ئایا کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دوای ئەو شەپۆلەی گۆڕانکارییە بەرەو کوێ دەچن؟

جارێ با بەو پرسیارە دەست پێ بکەین، کە ئایا مەبەستی پرسیارەکەت کوردستانی گەورەیە یا باشووری کوردستانە؟ ڕەنگبێ زۆرتر مەبەستت باشووری کوردستان بێ. بە هەرحاڵ، زیاتر لە ڕۆشنایی باسەکەی خۆم، وەڵامی پرسیارەکە دەدەمەوە. یەکەم، جارێ زۆر گرنگە ئێمە گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ڕووداوێکی سادە دەر بکەین و وەکوو *دیاردە* بیانبینین. هەروەها پشوودرێژیشی دەوێ بۆ ئەوەی ئاکامی، یا ڕاستتر بڵێین ئاکامەکانی، ئەو سەرهەڵدانانە ببینین. ئەم دیاردەیە نە سبەینێ و نە لە ماوەیەکی کورتیشدا کۆتایی دێت. چونکە ئەم "دیاردەیە" گۆڕانکارییەکی بنەڕەتیی فرەڕەهەندییە، کە کۆمەڵێک مەسەلەی زۆر جیددیی بە خۆوە گرتووە، لەم کۆنفرانسەشدا باسوخواس لەمەڕ ڕەهەندی جۆراوجۆری ئەو

دیاردەیە کرا. ئەوەی دەمێنێتەوە، تا ئەو جێگەیەی کە باسەکە دەربارەی باشووری کوردستانە، بە باوەڕی من، قەیرانێکی قووڵی زۆر جیددی هەیە و کۆمەڵێک کاراکتەر تیایدا چالاکن، کە لەدوای ١٧ی شوبات، واتە دوای جووڵانەوەکەی شەقام، ئەو کاراکتەرانە لە پێکهاتەیەکی دووجەمسەرییەوە (دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن) بوونەتە سێجەمسەری (دەسەڵات، ئۆپۆزسیۆن و بزاڤی شەقام). بە هەرحاڵ، هاوکێشە سیاسییەکە لەوەش ئاڵۆزترە، چونکە ئۆپۆزسیۆنیش دوو قوتبی ئیسلامی و و غەیرەئیسلامیی تیایە. جگە لەوە، پەیوەندییەکی ئاڵۆزیش لەنێوان شەقام و ئۆپۆزسیۆن بەدی دەکرێ، کە دەبێ ئێستا و لە داهاتووشدا ئەو پەیوەندییە و شێوازی ئیدارەدانی بەهەند وەر بگیرێ.

* پرسیارێک کرا: ئایا ئەلتەرناتیڤ و چارەسەر چییە؟

بە باوەڕی خۆم، دوور نەڕۆیشتووم ئەگەر بڵێم باشووری کوردستان بەرەوڕووی دوو مەسەلەی بنچینەیی بۆتەوە، یەکێکیان کێشەی سیستم و دەسەڵاتی سیاسییە لەناو خودی "هەرێمی" کوردستان، ئەوی تریشیان ستراتیژی- سیاسییە، کە ئەویش زیاتر گوزارشتە لە چارەنووسی باشووری کوردستان لە پەیوەندییە چارەنووسسازەکانیدا، بەتایبەتی ڕوو لە بەغداد و دەوڵەتی عێراق. ئەوەی تێبینی دەکرێ، هەر نەبێ تا ئێستا، کێشمەکێشەکان لە گووتاری ئۆپۆزسیۆن و گووتاری شەقامدا، ڕوو بە مەسەلە ستراتیژییەکە، دیدێکی تەواو نوێ بەدی ناکرێ، هەرچەندە هەندێک لە کاراکتەرە گرنگەکانی بزاڤی شەقام مەسەلەی سەربەخۆییی باشووری کوردستانیان

هێناوەتە دەنگ. لە لایەکی ترەوە، دەکرێ ئەو نەوەیەی ڕاپەڕین، کە لەسەرەوە ئاماژەم پێدا، لە ناواخنیدا هەڵگریی گۆڕانکاری بنەڕەتی بێت لە ئاستە ستراتیژییەکەی سیاسەتدا، واتە چارەنووسی باشووری کوردستان ڕوو لە دەوڵەتی عێراق. هەر نەبێ ئەو نەوەیە خاوەنی ئەو توانا کۆمەڵایەتییە و فاکتەرە کولتوورییەیە، کە دەکرێ ببێتە سەرچاوەی پڕۆژەی گۆڕانکاری لە درووشمە ستراتیژییەکاندا، لە فیدراڵییەوە بۆ جیاکردنەوە و سەربەخۆیی تەواوەتیی باشووری کوردستان لە عێراق. نەوەی نوێ بە زمانی عەرەبی، کولتووری عەرەب و شووناسی عێراقی نامۆیە و شانازی بە زانینی زمانی عەرەبییەوە ناکات، هەر وەک زۆربەی سەرکردەکانی نەوەی کۆن دەیکەن و شانازییش بە شیعری عەرەبییەوە ناکات، هەر وەک بۆ نموونە مام جەلال بە شیعری جەواهیری و شاعیرەکانی تری عەرەبەوە دەیکات. ئەم نەوەیە ئەمڕۆ ناتوانێ لەگەڵ یا ڕاستتر، لەناو عێراقی عەرەبیدا سیاسەت بکات و لە دەورە داهاتووەکانی پەرلەمانی عێراق، ناتوانێ بەپێی پێویست نوێنەرایەتیی خۆی و کورد لەو پەرلەمانەدا بکات، لەبەر هۆیەکی زۆر سادە، ئەویش ئەوەیە کە لە ئامرازی سیاسەتکردن بێبەشە، کە ئەویش زمانی عەرەبییە. لە ڕاستیدا ئەگەر تا ئێستا زمانی کوردی لە پەرلەمانی عێراقدا بەکاریش هاتبێ بۆ ”جوانی“ و خۆنواندنی لایەنی کوردی بووە، ئەگەرنا ئەوەتا دوای بیست ساڵیش لە خۆبەڕێوەبردن، پەرلەمانی کوردستان ئێستاش هەندێک لە یاساکان بە عەرەبی یا ”کوردییەکی پڕ لە هەڵەی زمانەوانی“ دەر دەکات. ئەوەتا بەشێکیش لە وەڵامی پڕۆژەی

دەسەڵات بۆ ئۆپۆزسیۆن بە زمانی عەرەبییە.* بە مانایەکی تر، ئەم نەوەی نوێیە ئاسەوارێکی نەتەوەی سەردەستی پێوە نییە، بۆیە بۆ یەکەمین جار لە مێژووی هەرچوار پارچەی کوردستان، پۆتانسیاڵ (توانایەکی شاردراوە)ی ئاوا گەورە لەنێو ئەو نەوەیەدا لە باشووری کوردستاندا بەدیدەکرێ. بۆ سێ پارچەکەی تری کوردستان ئەو دەرفەتە هەڵنەکەوتووە، تەنها ئەوە نەبێ کە لە دەرەوەی وڵات لە تاراوگە نەوەیەک لەدایک بوون، لە دەرەوەی کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی نەتەوەی سەردەست، کە لەنێویاندا بەئاشکرا باڵادەستیی ئاراستەی بیری کوردستانێکی سەربەخۆ دەر دەکەوێ.

بە بۆچوونی من، ئەو مەسەلەیە کەمتر گرنگیی پێ دراوە. لە دوو کۆنگرەی جیای هەرە دواییی دوو حیزبی خاوەندەسەڵات لە باشووری کوردستان، واتە پارتی و یەکێتی، کە بەدوای یەکدا گیراون، کەم یا زۆر ئاماژەیەکی جیددی بە ڕەهەندی کۆمەڵایەتیی باشووری کوردستان، بە جەختکردنەوە لەسەر ئەو *نەوە نوێیە*، نەکراوەتەوە. لە ڕاستیدا ئەو دوو حیزبە زیاتر *لەسەر شانازییەکانی ڕابردوو دەژین* و ئەسیری فکرێکن کە *لە ڕابردوو و **بۆ ڕابردوو** بەرهەم هاتووە.*

* وەڵامی پێشتر بەم دوو پرسیارەوە گرێ دەدەم:

ئایا هەر هێزێکی ئۆپۆزسیۆن بەتەنیا بچێتە لای دەسەڵات و قسەی لەگەڵدا بکات؟ ئایا بەشداری لە حکومەتدا بکات یا نا؟

---

* ئەم ڕستەیە دواتر خراوەتە سەر دەقی وتار، چونکە ئاشکرایە کە وەڵامەکە دوای بەرواری بەستنی کۆنفرانس بڵاو کرایەوە.

هەرگیز بە تەنیا نا. بۆ پرسیاری دووەمیش؛ بە باوەڕی خۆم، بەشداریکردنی ئۆپۆزسیۆن لە حکومەتدا بەبێ ئەوەی هەندێک مەسەلەی ڕیشەیی و بنچینەیی گۆڕدرابن و ڕێککەوتن لەسەر هەندێ گۆڕانکاریی ڕیشەیی کرابێ، بۆ نموونە دەرهێنانی هێزی چەکدار لە دەست پارتی و یەکێتی، دەرهێنانی ئەو میدیا زەبەلاحە، کە بە دەیان کەناڵی تەلەڤزیۆن، گۆڤار و ڕۆژنامە و ئیمکانیاتی چاپکردنە، لە دەستی ئەو دوو حیزبە. هەروەها دەرهێنانی پاراستن و زانیاری و ئاسایش لە دەستیان و کۆمەڵێک مەسەلەی تری زۆر بنچینەیی، کە دەتوانن خۆیان لە پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی سێکوچکەی (حیزب - دەوڵەت – کۆمەڵگە)دا ببیننەوە، هەنگاو و مەرجی گرنگن بۆ بەشداریکردن. ئەمڕۆ هێز و توانای کاراکتەرەکانی مەیدانی سیاسی لە باشووری کوردستان لە ڕووی دەرفەت و توانای ماڵی و پەراوێزی کاریگەریخستنەسەر کۆمەڵگە و دامودەزگا ڕەسمییەکان، زۆر ناهاوتا و ناهاوسەنگە، هەڵبەتە لە بەرژەوەندیی دوو حیزبەکەی دەسەڵات. بەردەوامبوون بەم شێوەیەوە و چوونەناو هەر هەڵبژاردنێک لەم هەلومەرجەدا، جا چ پێشوەخت یا لە کاتێکی تردا، *بە ئەگەری زۆر لە زیانی ئۆپۆزسیۆن دەبێت*، بەتایبەتی گۆڕان. چونکە چیی تر ئەم بزاڤە خاوەنی فاکتەری موفاجەئە نییە و دەسەڵاتیش بەردەوام دەبێ لە بەکارهێنانی هەموو ئەو ئامرازانەی بەدەستیەوەیەتی بۆ بردنەوەی هەڵبژاردن. فاکتەری کتوپڕی (موفاجەئە) بەتایبەتی لە هەڵبژاردنەکانی یەکەمدا ٢٠٠٩/٧/٢٥ گرنگ بوو بۆ لیستی گۆڕان، کە لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا نابینێت.

بە مانایەکی تر، ئەگەر ئۆپۆزسیۆن بچێتە ناو حکومەتێکەوە،

بێ ئەوەی مەسەلە بنچینەییەکان بڕابێتنەوە، ئەوا بەکورتی و بەچڕی، دەست دەداتە خۆکوژی. بۆ خۆکوژێ؟ ئەگەرێکی یەکجار لاوازە و ئەستەمیشە کە پارتی و یەکێتی لای خۆیانەوە دەست لە کۆنترۆڵکردنی پاراستن، زانیاری، ئاساییش، هێزی "پێشمەرگە" و کۆنترۆڵکردنی دامودەزگاکانی دەوڵەت هەڵگرن. ئەمڕۆ هێزی چەکداری پێشمەرگە نزیکەی بە دووسەد هەزار، هەڵبەتە بە ناو چەکدار هەیە لە کوردستاندا، لەلایەن دوو هێزەکەوە بازرگانییان پێوەدەکرێ و وەک پێگەیەکی دەسەڵات، واتە ئامرازی تۆقاندن و ترساندن – بگرە کوشتن، بەکار دەهێنرێن. پێشمەرگە نەبۆتە بەشێک لە هێزی چەکداریی عێراق بەپێی دەستووری عێراق، دەسەڵاتیش بەردەوام بەغداد گوناهبار دەکات بەوەی ئەو پرۆسەیە بە جێ نەگەیشتووە. ڕاستییەکەی ئەوەیە، کە ئەو دۆخەی هەیە خزمەت بە هەژموونی دوو حیزبەکەی دەسەڵات دەکات و بەنیشتیمانیکردنی پێشمەرگەش، تەنها چەواشەکاری و ناڕاستگۆییەکی دەسەڵاتە، مەبەستی ڕاستەقینەش لێی، هێشتنەوەی هێزە چەکدارەکانی کوردستانە لەژێر ڕکێفی خۆیان بۆ پاراستن و بەهێزکردنی دەسەڵاتیان... کەواتە زۆر بەکورتی و بەچڕی، قبوڵکردنی ئەم دۆخە و چوونەناو ئەو شێوەیە لە دەسەڵات، خۆکوشتن نەبێ هیچی تر نییە...

ڕاستە شەقام لە ١٩ی نیساندا دامرکێندرایەوە، بەڵام ئەو دامرکانەوەیە کۆتایی نییە، با ئەو قسەیە پەیامێک بێ بۆ ئۆپۆزسیۆن و بۆ دەسەڵاتیش. لە لایەکی ترەوە، ئەگەر دەسەڵات وا باوەڕ بکا، کە توانیویەتی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ شەقامی کوردی بێدەنگ بکات، ئەوا بە هەڵەدا

چووه. کێشە بنچینەییەکانی شەقامی کوردی "چارەسەر" نەکراون. جگە لەوەش، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئێستاش لەسەر پێیە و باشووری کوردستانیش بەشێکە لەو حاڵەتە و بەشێکیشە لە تەوژمی گلۆبالیزم. بە هەرحاڵ، بۆ ئەوەی دەسەڵات ڕازی ببێت بە ئەنجامدانی ڕیفۆرمی ڕیشەیی، زۆر پێویستە ئەو خەیاڵەی دەسەڵات تێک بشکێت، کە گوایا هەتا هەتایە توانیویەتی شەقامی کوردی بێدەنگ بکات!

* پرسیارێکی، یا ڕاستتر بڵێم، کۆمێنتێکی تر.

بۆچوونەکەت جوانە کە دەڵێیت جگە لەو ڕووداوانەی باس کرا، ڕووداوی تریش هەن کە گرنگن لە پێشوەچوونی خواستی ڕیفۆرم و باسوخواس دەربارەی دیموکراتیزەکردن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. من عەرزم کردن، باسەکەی من زیاتر لە چوارچێوەی بەهاری عەرەبیدا بوو، چونکە من لە خزمەت ڕادیۆی *زایەڵە*شدا لە وتووێژێکدا هەر زوو لە سەرەتای خۆپیشاندانەکانی تونس و میسر، وتم من باوەڕ ناکەم ئێران بەئاسانی بکەوێتە ناو ئەو هەڵسانەسەرپێیە، چونکە ئێران بەپێی میکانیزمێک، کە تایبەت بە خۆیەتی، بەڕێوە دەچێ. بەو مانایەش، ڕەنگبێ ئێران هەڵسێتە سەرپێ، بەڵام عەرەب "دانیشتبێ،" یا عەرەب هەڵساونەتە سەر پێ کەچی ئێران "چاوەڕێیە." بەو شێوەیە، ئێران زۆر لە توێژەرانی بە خۆیەوە خەریک کردووە و ئەوەی تێبینیش دەکرێ لەو توێژینەوانەدا، ئەوەیە کە سیستمی سیاسی لە ئێران تایبەتمەندیی خۆی هەیە و لەبەر ئەوەش چەشنێک لە تێگەیشتنی تایبەت بە خۆی پێویستە... بە هەرحاڵ،

بە پرسیارەکەت دەرفەتی ئەوەت بە من دا کە جیاوازی لەنێوان عەرەب و کورددا جەخت بکەمەوە لەمەڕ شێوازی هەڵسەنگاندنی شکستە مێژووییەکان. من پێشتر گرنگیم دا بە شکستی عەرەب لە شەڕی حوزەیرانی ١٩٦٧، چونکە وەختێک عەرەب لە ساڵی ١٩٦٧دا شکست دەهێنێ، یەک دونیا گفتوگۆی جیددی لەسەر مەسەلەی دیموکراسی، بەتایبەتی نادیموکراتبوونی ڕژێمە عەرەبییەکان، لەسەر ناسیۆنالیزمی عەرەبی، لەسەر پێناسە، لەسەر... هتد دەکریێ. ئەوانە هەمووی زۆر گفتوگۆی دەوڵەمەند و گرنگ بوون. هەر وەک وترا، یەکێک لە ڕەهەندەکانی گفتوگۆ نەبوونی سیستمی دیموکراتی بوو لە وڵاتانی عەرەبی. لە باشووری کوردستان تەنها لە چل ساڵی ڕابردوودا دوو شکستی مێژووییمان هەیە، لە ساڵی ١٩٧٥ و ١٩٨٩دا. یەکێکیان، واتە شکستی ١٩٧٥، بە "خیانەتی" شای ئێران لێک دراوەتەوە و ئەوەی تریشیان بەوەی کە گوایە عێراق بۆتە خاوەنی چەکی کیمیاوی، لەبەر ئەوە کورد چیی تر بەرگەی بەرهەڵستکاریی چەکداری ناگرێ. لە ڕاستیدا هیچکام لەو بەهانە یاخود بۆچوونانە، تەواوی ڕاستییەکە نین، بەڵکوو لە باشترین حاڵەتدا تەنها بەشێکی کەمی ڕاستییە تاڵەکەی تێکشکانی خەباتی چەکداری بوون... من عەرزی خوێنەرانم کردووە لە باسێکمدا، کە لە ١٩٩٢دا بڵاو بۆتەوە (دەربارەی خەباتی چەکداری لە باشووری کوردستان) وەکوو میتۆدێکی سەرەکیی خەبات. کرۆکی باسەکەم ئەوە بوو، کە ئەو شێوە خەباتە چۆن کوردی کردۆتە دیل و وابەستەی *داگیرکارێک*، لە چوارچێوەی هاوپەیمانییەکی "ناموقەدەسدا، بۆ "خۆڕزگارکردن" لە چنگ *داگیرکارێکی تر*. ئەمە یەکێکە لە گەورەترین پارادۆکسە کوژەرەکانی بزاڤی کورد، کە ئێستاش

پێویستی بە ڕۆشنایی و پێداچوونەوەی زیاترە بۆ تێگەیشتن لێی... هەر لە ڕۆشناییی ئەو باسەشمدا، دواتر لە وتارێکمدا، ١٩٩٩، وەختێک عەبدوڵڵا ئۆجەلان کۆتایی دێ لە دیمەشق و پەکەکە تووشی قەیران دێ، من تەفسیری پیلان کۆمپلۆ یا گەلەکۆمەی نێودەوڵەتی لەو قەیرانە ڕەت دەکەمەوە و دەڵێم لە میکانیزمی هاوپەیمانیی نێوان پەکەکە و دیمەشقدا، ئەوە دیمەشق بوو بڕیاری دا ئەو هاوپەیمانییە هەڵوەشێنێتەوە، هەر وەک شای ئێران لە ١٩٧٥دا بڕیاری دا و کۆتاییی بە هاوپەیمانیی لەگەڵ بارزانی هێنا و بەو شێوەیەش بزاڤی چەکداری لە باشووری کوردستان دووچاری گەورەترین شکست هات. ئەوە دەڵێم بەو مانایەی کە ئێمە دوای شکستی ١٩٧٥، ئامادەییمان تێدا نەبووە تەنانەت بەو قەدەرەی خەڵکی عەرەبیش (بە پەیوەندی لەگەڵ شکستی ١٩٦٧) بە خۆماندا بچینەوە و پرسیار بکەین ئەرێ جگە لە "خیانەتی شا و چەکی کیمیاوی و گەلەکۆمەی نێودەوڵەتی" هۆکار و فاکتەری تریش دەبێ هەبووبن یا نا و ئەگەر ئا، ئەوا چی و چۆن؟

ئەگینا من لەگەڵت کۆکم، کە بۆ نموونە شۆڕشی دەستووریی ئێران، ناسراو بە مەشروتە، لە سەرەتای سەدەی ڕابردوو گرنگە، هەروەها بزاڤی د. موسەدەق ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە، نەک هەر بۆ ئێران بەڵکوو بۆ دیاردەی "رادیکاڵیزەکردنی سیاسەت" لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا.

جگە لەمانەش، پێشتر، ڕیفۆرمەکانی دەوڵەتی عوسمانی، ناسراو بە تەنزیمات، لە "پاکێجی" خەتی گوڵخانە ١٨٣٩ و "پاکێجی" خەتی هومایۆن ١٨٥٦، بەگشتی ڕووداوی گرنگن بۆ

تێگەیشتنی دیاردەی ڕیفۆرم و مۆدێرنیزەکردن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

* پرسیارێک کراوە دەربارەی پەنابردنی سیستمی "عەلمانی" بۆ ئایین؟

تەواو ڕاستە. یانی لە لایەک دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان ئەمڕۆ مەترسی لە یەکترنزیکبوونەوەی گۆڕان و دوو هێزی ئیسلامی لەبەرامبەر دەسەڵاتی پارتی و یەکێتیی گەورە دەکەنەوە و وەک مەترسییەک وێنای دەکەن، کەچی هەر خۆیان پێشتر، بەتایبەتی لە هەشتاکاندا ئەحزابی ئیسلامییان ساز کردووە یا پشتگیرییان کردوون. نموونەی تر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەن: ئەنوەر ئەلسادات لە حەفتاکان، دژی چەپی میسری و بە مەبەستی کەمکردنەوەی ڕۆڵ و کاریگەریی ناسریزم، پاڵپشتیی لە بەهێزبوونی ڕەوتی ئیسلامی کرد، ژەنەراڵەکانی تورک لە هەشتاکان دژی چەپی تورکی، بواریان کردەوە بۆ بەهێزبوونی ڕەوتی ئیسلامی. هەمان ڕەوت، کە دواتر لە بارودۆخێکی تر وەک هەڕەشە و مەترسی مامەڵەی لەگەڵدا کرا. لەبەر ئەوە مەسەلەی ڕەش و سپیکردنی عەلمانی بەرامبەر ئیسلامی، هەر نەبێ لە نەسەقی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نەک هەر هەڵەیە، بەڵکوو بگرە زۆریش مەترسیدارە. دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان، بە دیاریکراوتر پارتی و یەکێتی، سەرمەشقی پرۆسەی بەقبوڵدانی دەستووری عێراق بوون، ئەو دەستوورەی کە هەر نەبێ لە هەندێک لە ڕەهەندەکانیدا دەتوانێ زۆریش ئیسلامی بێت. لە ڕاستیدا هاوپەیمانە هەرە سەرەکییەکانی پارتی و یەکێتی لە

ئاستی عێراق، هێزە ئیسلامییەکانن، بەتایبەتی هێزە شیعییەکان. بۆیە پێویستە بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە سەیری شتەکان بکەین. ئایا ئەو بەهانەیەی پارتی و یەکێتی، کە گوایە هێزە ئیسلامییەکان هەڕەشەن بۆ سەر سیستمی "عەلمانی،" پێ لە ترس لە لەدەستدانی دەسەڵات هەڵدەگرێ یا لە پەرۆشییان بۆ پاراستنی ئەوەی پێی دەوترێ ئەزموونی سیاسیی باشووری کوردستان. بە باوەڕی من، یەکەمیانە، واتە ترسیان لەوەی دەسەڵات لەدەست بدەن! دواجار "ئەزموونەکەش" لەلایەن ئەو دوو هێزەوە دەستی بەسەردا گیراوە (دزراوە).

بە باوەڕی خۆم، پەرۆشی بۆ دواڕۆژی کورد و ئەزموونەکەی لە باشوور، دەکرێ لە ڕێگەی ئەوەی کە لە کۆمەڵێک نووسین و چاوپێکەوتندا باسم کردووە، بێ ئەویش ئەوەیە کە پێویستە دواڕۆژی کورد لەسەر بنەمای "یەکبوونی، یا یەککردنی دژایەتییەکان" ڕێک بخرێ. لە "یەکانگیرکردنی" دژایەتییەکاندا گرنگ نییە تۆ بۆچوونی ئایدیۆلۆژیت چییە، بەڵکوو گرنگ دوو پرنسیپە: ١- کوردستانیبوون، واتە هاونیشتمانیبوون. ٢- پرەنسیپی دیموکراسی، واتە ڕێکخستنی پانتایی و فەزای سیاسی، تۆ بڵێ پانتایی نەتەوە، لەسەر بنچینەی مافی یەکسان لە خۆڕێکخستن و بەشداریکردنی سیاسیدا، پشتئەستوور بەو دوو پرهنسیپە. بە مانایەکی تر، قبوڵکردن و پێزانینی پرنسیپی پارچەپارچەبوونی یا هەمەڕەنگبوونی کۆمەڵگە لە لایەک و یەککردنی ئارەزوومەندانە و دیموکراتییانەی ئەو پارچانە لە سیستمێکی سیاسیی پلوراڵ و تۆکمەدا، لە ڕێگاەی بەستنەوەی پرنسیپی دیموکراتیبوون بە پرنسیپی کوردستانیبوونەوە. جێگەی وەبیرهێنانەوەیە، کە لە چوارچێوەی چەند باسوخواسێکی

تریشدا، تیشکم خستۆتە سەر ئەم مەسەلانە، بۆ نموونە لە چوارچێوەی چەمکی *نوێبوونەوەی کوردایەتیدا*.

* پرسیارێکی تر: ئەوانەی لەسەر شەقامن عەلمانین یا نا؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە پێویستیم بە پێشەکییەک هەیە و باشتریش وایە بگەڕێمەوە سەر بابەتی سەرەوە بە جەختکردنەوە لەوەی، کە یەکبوونی، یا ڕاستتر بڵێین یەککردنی دژایەتییەکان لە چوارچێوەی "تەرتیبدانێکی" نەتەوەیی (هاونیشتمانیبوونی دیموکراتیدا)، تەنها چارەسەرە! دژایەتی بۆ؟ لە لایەکەوە دیموکراسی بە مانای پارچەپارچەکردن و وردکردنەوەی (atom-ization)ی کۆمەڵگە لەسەر هەموو ئاستەکان خۆی بەرجەستە دەکات، بەتایبەتی لە ئاستی تاکەکانی کۆمەڵگەدا، کەچی لە لایەکی ترەوە، ناسیۆنالیزم یەکرەنگکردن و *یەکپارچەکردنی کۆمەڵگەیە*. بەکورتی، ئەم دوو ڕەگەزە دوو شتی دژ بەیەکترن، بەڵام دەبێ کارێکی وەها بکرێ، کە ئەو دوو جەمسەرەی دژایەتییە لەگەڵ یەکتر بسازێن، نەک هەر بسازێن، بەڵکوو ئاوێتەی یەکتر ببن: تۆ ناکرێ بە ناوی عەلمانیەت ڕێگە بە خۆت بدەیت، کە ئەوەی وتی "ئەڵڵاهوئەکبەر" بدێوێنی و بە هەڕەشەی ناوزەد بکەیت و لەسەر ئەو بنچینەیەش لە مەیدانی سیاسی وەدەری بنێیت، چونکە لە ڕۆشناییی پرهنسیپی هاونیشتمانیبوون، ئەوانیش بە قەدەر "ئەوی تری" واتە عەلمانییەکە، هاونیشتمانین و ئەو پرنسیپە ئەو مافە لەو عەلمانییە دەستێنێ، کە بەپێی هەر بەهانەیەک بێت داوای وەدەرنانی ئیسلامییەکە لە پانتاییی سیاسی بکات و مافەکانی خۆڕێکخستن و ڕادەربڕین و... هتدی پێ ڕەوا نەبینێت.

جا لەم سۆنگەیەوە، یەکێک لە جوانی و هێژاییەکانی بزاڤی شەقام لە باشووری کوردستان، ئەوە بوو کە هەردوو ڕەهەندی عەلمانی و ئیسلامیی بە خۆوە گرتبوو، بەو مانایەش، ئەم بزاڤە بوو بە خاوەنی داهێنانێکی گرنگ لە شێوازی سیاسەتکردن بەرامبەر دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان، بگرە تاقیکردنەوەیەکیش بوو لە یەککردن و بگرە *ئاوێتەبوونی دژایەتییەکان*!

* ئایا دەکرێ ئەو شۆڕشانە، واتە ڕاپەڕینەکانی بەهاری عەرەبی، بە کودەتا یا شتێک لەو جۆرە تەواو ببن؟

من پێشتر وتم، دیاردەی دزینی شۆڕش هەبووە و هەیە و لێکۆڵینەوەی زانستییش لەسەر ئەم دیاردەیە کراوە. بۆ نموونە، شۆڕشی ئێران دوو ناوی هەیە: شۆڕشی ئێران و شۆڕشی ئیسلامی. لە ڕاستیدا لە سەرەتادا ئەم شۆڕشە هیی گشت ئێرانییەکان بوو، بەڵام لە قۆناغێکی زۆر هەستیاردا بوو بە ئیسلامی، واتە "دزرا." نموونەیەکی تر شۆڕشی بەلشەفی، واتە شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧یە، کە هەر نەبێ بە بۆچوونی ترۆتسکی و لایەنگرانی، ئەو شۆڕشە دزرا، بەتایبەتی لەلایەن ستالینەوە. هەروەها ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی تونس لە ناوەڕاستی ١٩٨٠کان و بەتایبەتی لە ساڵی ١٩٨٧، هەر وەک پێشتر باسم کرد، لەلایەن زەینەلعابدین بن عەلی و "بە یارمەتی"ی دامەزراوەی هەواڵگری "دزرا." بە مانایەکی تر، هیچ زەمانەتێک نییە، کە هەندێک لەو شۆڕشانە، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر پێن، نەدزرێن. من باسی ئەوەشم کرد، کە شۆڕشی میسر ئەگەری زۆرە هەر زوو دزرابێ یا لە حاڵەتی دزراندا بێ!

* جارێکی تر پرسیار دەربارەی ئەلتەرناتیڤ چییە؟

من پێم وایە باسی ئەلتەرناتیڤ بەرەو داهاتوو کرا. وەنەبێ خەڵکێک، نووسەر و ڕووناکبیر، هەوڵی ئەوەیان نەدابێ شتی جیددی پێشکەش بکەن لەم ئاراستەیەدا. بۆ نموونە، کۆمەڵێک باسی جیددی لە ساڵی ٢٠٠٠ لە ستۆکهۆڵم پێشکەش کران لە سیمینارێکی یەک ڕۆژەدا، کە دەربارەی کورد بەرەو سەدەی بیستویەک بوو. لە زۆر جێگەی تریش خەڵکی ڕۆشنبیر و ئەکادیمی شتیان نووسیوە، کە دواڕۆژی کورد بەرەو کوێ دەڕوا و چی بکرێ باشە. دیسان دەگەڕێمەوە و دەڵێم ئەو دابەشبوون و لەتلەتبوونەی کاک مەریوان قانعیش بە نیگەرانییەوە باسی دەکا، جیددییە، بەڵام من بێهیوا نیم. دەکرێ پڕۆژەیەکی "ئەلتەرناتیڤ" بۆ کورد یا هەر وەک لەسەرەوە وترا، یەککردنی کوردستانیبوون (نەتەوەیيبوون لەسەر بنەمای هاونیشتمانیبوون) بە دیموکراسی بێت. من ئەوە لە ڕووی تیۆرییەوە دەڵێم، جا بە کردار چۆن دەبێ ئەوە شتێکی ترە.

* پرسیارێکی تر: ئایا نەوت سەرچاوەی سیستمی ستەمکارە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟

هەڵبەتە لە باسەکەمدا من نەمگووت تەنها نەوت سەرچاوەی دەوڵەمەندییە. سەرچاوەی تریش هەن بۆ دەوڵەمەندیی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەرچەندە نەوت گرنگییەکی تایبەتیی هەیە لەو باسوخواسانەدا. دیارە هەر وەک وتم، سەرچاوەی دەوڵەمەندیی تریش هەن، کە دەتوانن دەوڵەت، یا ڕاستتر بڵێین

ڕژێمی ناوەندی بەهێز بکەن، بۆ نموونە داهاتی گەشتوگوزار، کە بۆ میسر و هەندێک وڵاتی تر، سەرچاوەیەکی گرنگە. هەروەها ئەو قازانجەی وڵاتانی نەوتفرۆش لە بواری وەبەرهێنانەوە دەستیان دەکەوێ، کە زیاتر ئەو وەبەرهێنانە لە دەرەوەی ناوچە دەکرێ، سەرچاوەیەکی گرنگی داهاتە. بۆ نموونە ئەمڕۆ کوەیت زیاتر لە ٢٠٠ ملیار دۆلاری لە بواری جیاجیای وەبەرهێنان خستۆتە گەڕ، کە زۆربەی هەرەزۆری لە جیهانی ڕۆژئاوادا کراوە و قازانجی زۆری لێ وەر دەگرێ. جگە لەمانەش، سەرچاوەیەکی تر، هەر نەبێ بۆ هەندێک وڵاتی عەرەبی، یارمەتیی ئەمەریکایە، بۆ نموونە یارمەتی لە بواری جیاجیادا بۆ تونس و میسر و یەمەن و ئەردەن، بەڵام بە جەختکردنەوە دەڵێم، کێشەی گەورە ئەوە نییە کە *دەوڵەت چەند سەرچاوەی دەوڵەمەندی هەیە*، بەڵکوو لەوە گرنگتر "*فەلسەفەی دەوڵەت لە بەڕێوەبردن*" کێشەی سەرەکی و هەرە گەورەیە. باڵادەستیی دەوڵەت، بەڵکوو بگرە مۆنۆپۆلکردنی بواری چالاکییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن دەوڵەتەوە (یا ئەوەی پێی دەوترێ ستێیتیزم، کە زیاتر بە چەمکە فەرەنسیەکەی étatism ناسراوە، واتە دەوڵەتگەرایی) مەسەلەیەکی زۆر گرنگە لە بەرهەمهاتنی سیستمی سیاسی، بگرە دەکرێ هەرە گرنگیش بێ. بە مانایەکی تر، ئێمە دەبێ مەسەلە لە ڕەهەندی ئابووری و سەرچاوەکانی دەوڵەمەندی فراوانتر ببینین و باس لە دید و ڕۆڵی دەوڵەت لە گەشەکردنی ئابووری - کۆمەڵایەتی و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە و... هتد بکەین.

# ئەو ژێدەرانەی کە ڕاستەوخۆ لەم باسەدا بەکار هاتوون

Avineri, Shlomo (2010) “Transformations in Eastern Europe and Lessons for the Middle East,” in *The Struggle over Democracy in the Middle East: Regional Politics and External policies,* Brown, Nathan J. & Shahin, Emad el-Din (eds), (London & New .(York: Routledge

Bayat, Asef (2007) *Making Islam Democratic: Social Movements and the Post-Islamist Turn,* (Stanford, California: Stanfor-.(dUniversity Press

Bellin, Eva (2005) “Coercive Institutions and Coercive Leaders,” in *Authoritarianism in the Middle East: Regimes and resistence,* Posusney, M. Pripstein & Angrist, M. Penner, (eds) (Colo-.(rado: Lynne Rienner publishers

Bill, James & R. Springborg, (2007) *Politics in the Middle* .*East,* 7th ed

Brown, Nathan J. & Hawthorne, Amy (2010) “New wine in old bottles?: American efforts to promote democracy in the Arab World,” in *The Struggle over Democracy in the Middle East: Regional Politics and External policies,* Brown, Nathan J. & Shahin, .(Emad el-Din (eds), (London&New York: Routledge

Brownlee, Jason (2002) “The decline of Pluralism in

Mubarak's Egypt," *Journal of Democracy,* vol. 13, no. 4, Oct. .2002

Brownlee, Jonas (2005) "Political Crisis and Re-estabilization: Iraq, Libya, Syria, and Tunisia," in *Authoritarianism in the Middle East: Regimes and resistence,* Posusney, M. Pripstein & .(Angrist, M. Penner, (eds) (Colorado: Lynne Rienner publishers

Brumberg, Daniel (2002) "The Trap of Liberalized Autocra- .cy,"*Journal of Democracy,* vol. 13, no. 4, Oct. 2002

Brumberg, Daniel (2005) "Liberalization versus Democracy," in *Uncharted Journey: Promoting Democracy in the Middle East,* Thomas Carothers, & Marina Ottaway (eds), (WashingtonD.C. : Carnegie Endowment for International Peace, cop).

Carothers,Thomas & Ottaway, Marina (2005) "Introduction: the New Democracy Imperative," in *Uncharted Journey: Promoting Democracy in the Middle East,* Carothers,Thomas & Ottaway, Marina (eds),(Washington D.C.: Carnegie Endowment for International Peace, cop).

De Muth, Suasan (2011) "Towards a new pan-Arabism," *The Middle East,* Issue 422.

Dalacoura, Katerina (2011)*Islamist Terrorism and Democracy in the Middle East.*

Diamond, Larry (ed.), (1994) *Political Culture and Democracy in Developing Countries.*

Entelis, John P. (ed.), (1997) *Islam, Democracy and the State in North Africa,* (Indiana Series in Arab and Islamic Studies).

Fuller, Graham (2005) "Islamists and Democracy," in *Un-*

*charted journey: promoting democracy in the Middle East,* Thomas Carothers and Marina Ottaway, (eds), (WashingtonD.C.: Carnegie Endowment for International Peace, cop).

Hamid, Shadi (2010) “The myth of the democratizing monarchy,” in *The Struggle over Democracy in the Middle East: Regional Politics and External policies,* Brown, Nathan J. & Shahin, Emad el-Din (eds), (London&New York: Routledge).

Hawthorne, Amy (2005) “The New Reform Ferment,” in *Authoritarianism in the Middle East: Regimes and resistance,* Marsha P. Possuney & Michele P. Angrist, (eds) (Colorado: Lynne Rienner publishers).

Karam, Azza (2010) “Democracy and faith: The continuum of political Islam,” in *The Struggle over Democracy in the Middle East: Regional Politics and External policies,* Brown, Nathan J. & Shahin, Emad el-Din (eds), (London&New York: Routledge).

Kazziha, Walid (2010) “The fantasy of Arab democracy without a constituency,” in *The Struggle over Democracy in the Middle East: Regional Politics and External policies,* Brown, Nathan J. & Shahin, Emad el-Din (eds), (London&New York: Routledge).

Kedourie, Elie (1994) *Democracy and Arab Political Culture*, (London: Frank Cass).

Keshavarzian, Arang (2005) “Contestation Without Democracy: Elite Fragmentation in Iran,” in *Authoritarianism in the Middle East: Regimes and resistance,* Posusney, M. Pripstein & Angrist, M. Penner, (eds) (Colorado: Lynne Rienner publishers).

Long, David E., et al (2010) *The Government and Politics of the Middle East and North Africa.*

Luciani, Giacomo (1990) “Introduction,” in *The Arab State,* .(Luciani, Giacomo (ed.) (London: Routledge

Migdal, Joel S. (1988) *Strong Societies and WeakStates: State-Society Relations and State Capabilities in the Third World,* .((Princiton; New Jersey: Princiton University Press

Milani, Abbas (2005) “Iran’s Peculiar Election: A Historical .Perspective”*, in**Journal of Democracy*, Vol.16 issue 4

Norton, A. Richard (2005) “The Puzzle of Political Reform in the Middle East,” in *International Relations of the Middle East,* .(Fawcett, Louise (ed.), (Oxford: Oxford University Press

Posusney, M. Prispstein, (2005) “Multiparty Elections in the Arab World: Election Rules and Opposition Responses” in *Authoritarianism in the Middle East: Regimes and resistance,* Posusney, M. Pripstein & Angrist, M. Penner, (eds) (Colorado: .(Lynne Rienner publishers

Posusney, Marsha Pripstein (2005) “The Middle East’s Democracy Deficit in Comparative Perspective,” in *Authoritarianism in the Middle East: Regimes and resistance,* Posusney, M. Pripstein & Angrist, M. Penner, (eds) (Colorado: Lynne Rienner .(publishers

Rubin, Barry (2006) “Dealing with Communalism,” *Journal .of Democracy*, Vol. 17 issue 1

Puddington, Arch; Piano, Aili, (2006) “Progress in the Middle East,” *Journal of Democracy*, Vol.17, issue 1

Shahin, Emad El-din, (2010) “Democratic transformation in Egypt: Controlled reforms… frustrated hopes,” in *The Struggle*

*over Democracy in the Middle East: Regional Politics and Ex-*
*,ternal policies*

Brown, Nathan J. & Shahin, Emad el-Din (eds), (2009) *The Struggle over Democracy in the Middle East: Regional Politics* .(*and External Politics,* (London&New York: Routledge

Tessler, Mark A.; Moaddel, Mansoor; Inglehart, Ronald, (2006) "What Do Iraqis Want?", *Journal of Democracy,* Vol.17, .issue 1

Vatikiotis, P. J. (1987) *Islam and the State,* (New York: Croom .(Helm

Yassin, Borhanedin A (1992) "Irak 1968-1992: stat, ideology, ledarskap" *konflikt och samarbete vid persiska viken,* Tägil, .(Sven (ed.), (Lund: Lund University Press

Youngs, Richard (2010) "Democracy and Security in the Middle East," in *The Struggle over Democracy in the Middle East: Regional Politics and External policies,* Brown, Nathan J. .(& Shahin, Emad el-Din (eds), (London&New York: Routledge

Zubaida, Sami (2000) "Trajectories of Political Islam: Egypt, .Iran and Turkey", *The Political Quarterly,* Vol. 71, Issue 1, 2000

# دەسەڵاتی کوردی:
# سووڕانەوە لە بازنەی گێژاو و بێئاراستەییدا

**لە ماڵپەڕی تاکەکەسیی نووسەردا**
**لە کانوونی یەکەمی ٢٠١١دا بڵاو بۆتەوە**

## ناوەڕۆک


دەستپێک ........................................................................ ٣٢٤
کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق .................. ٣٤٣
بەغداد و هەولێر: گەمەیەکی پڕ لە گومان .............. ٣٤٦
کۆنگرەیەکی نیشتمانی بۆ باشووری کوردستان:
بۆ نا؟ ................................................................. ٣٤٩
دەرئەنجام ...................................................................... ٣٥١

# دەستپێک

کەم جار هەموو ئاستەکانی سیاسەت، جیهانی، ئیقلیمی، عێراقی و کوردستانی ئەو هەموو ڕووداو و پێشوەچوونانەی لە یەک کاتدا بە خۆوە بینیوە وەک ئەوەی ئێستا. کشانەوەی ئەمەریکا لە عێراق و بەردەوامیی بەهاری عەرەبی و گەرموگوڕبوونی باسوخواس دەربارەی سیناریۆکانی بەرەوڕووبوونەوەی ئێران و پێشوەچوونەکانی ڕۆژانی دوایی عێراق و ڕووداوەکانی ئەم دواییەی باشووری کوردستان بەچڕی و لە زیاتر لە ئاستێکەوە تێکەڵاوی یەکتر دەبن.

ئەم وتارەی بەردەستیت تیشک ناخاتە سەر هەموو ئەو ئاستانەی سیاسەت، کە لەسەرەوە ئاماژەیان پێدرا، بەڵکوو زیاتر هەوڵدانە بۆ ئەوەی لە ڕۆشناییی ڕووداوەکانی چەند ڕۆژی دوایی نێوان بەغداد و هەولێر و هەندێک گرێدانیان بە ئاستەکانی ترەوە، قسەیەک لەسەر سیاسەتە ڕەسمییە کوردییەکان بکەم.

## کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق

کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لەم کات و ساتەدا قسەی زۆر هەڵدەگرێ و گۆشەنیگای جیاجیاش هەن بۆ تیشکخستنەسەری. ئەوەی بەکورتی و بەچڕی دەتوانرێ بوترێ، ئەوەیە کە ئەمەریکا لە ناگونجاوترین کات و ساتدا هێزەکانی لە عێراق کێشایەوە و بە ئەگەری زۆر ئەم خۆکێشانەوەیە کۆمەڵێک دەرهاویشتەی ئیقلیمی و عێراقی و کوردستانیی لێ دەکەوێتەوە. لە لایەکی ترەوە، هەموو ئاماژەکان ئەوە دەر دەخەن، کە لایەنی کوردی، بەتایبەتی دەسەڵات، کەمترین ڕادەی ئامادەکاریی پێوە دیارە بە ئاراستەکانی داهاتووی ناوچە و عێراق و کوردستان. نەک هەر ئەوە، بەڵکوو لە ڕاستیدا ڕاگەیاندنە ڕەسمییەکانی دەسەڵاتی کوردی، چ لە بەغداد و چ لە کوردستان، ڕوو بە مەسەلەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق، دژایەتییەکی ترسناک و بێئاڕاستەییی سیاسیی تیا بەدی کراوە: لە لایەکەوە ڕاگەیاندنی ڕەسمیی دەسەڵات زیاتر ئەوەی جەخت کردۆتەوە، کە هێزە چەکدارەکانی عێراق ئامادەییی تەواویان نییە لە پاراستنی خاک و سەروەریی عێراق، ئەوەش بە مەبەستی مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق، کەچی لە لایەکی ترەوە، بەردەوام ترسی لە بەهێزبوون و پڕچەکبوونی هەمان ئەو هێزانە هەبووە... بە بۆچوونی خۆم، پێویست بوو دەسەڵاتدارانی کورد لەبری ئەو گێژاوی بێئاڕاستەیییەی هەر نەبێ بە دوو خاڵ ئاراستەی ستراتیژیی خۆی خەملاندبایە: ١- بە دوو هێڵی هاوتەریب مامەڵەی لەگەڵ مانەوە یا نەمانەوەی هێزەکانی

ئەمەریکا بکردایە، لە بەغداد ناڕوونی و زیاتر بێدەنگی، بەڵام لە کوردستان بە ئاڕاستەی بەرژەوەندییەکانی کورد ڕوونی و ئاشکراییی لەمەڕ ئەو مانەوەیە لە کوردستان بە کۆمەڵێک مەرجەوە، کە دەبووایە ئەمەریکا لە بەرچاویان بگرێ، ئەگەر خوازیاری مانەوەیە لە باشووری کوردستان. ٢- باشترین شێوەی نزیکبوونەوەی سیاسی - مێژوویی لە مەسەلەی کشانەوەی ئەمەریکا لە عێراق ئەوەیە، کە لەیەکچوواندنێکی جیددی بکرێ لەنێوان کشانەوەی بەریتانیا لە فەلەستین لە ساڵی ١٩٤٨ و کشانەوەی ئەمەریکا لە عێراق لە ئێستادا. دیارە لە لایەکەوە ئەم بەرواردە پێویستە بکرێ، چونکە بەم بەراوردە دەکرێ خوێندنەوەیەکی هەرە دروست بەدەست بهێنین، هەر نەبێ لە ڕووی دەرهاویشتەکانی کشانەوەکە، کە گرنگترینیان ئەوەیە، بەم کشانەوەیە تەواوی پڕۆژەی دەوڵەتی یەکگرتووی عێراق و سەروبەری پڕۆسەی سیاسی لەو وڵاتە بەرەوڕووی کۆمەڵێک سیناریۆی نادیار و بگرە ترسناکیش دەبێتەوە.

بەراوردی ئەم دوو کشانەوەیە، واتە هیی بەریتانیا لە ١٩٤٨ و هیی ئەمەریکا لە ئێستادا، لە دوو ڕووی سەرەکییەوە گرنگە: ١- کشانەوەی بەریتانیا لە فەلەستین، جگە لەوەی دەرهاویشتەی لاوازی جێگە و پێگەی بەریتانیا بوو دوای کۆتاییی جەنگی دووەمی جیهانی، گرنگتر لەوەش، ئەم کشانەوەیە دەربڕی *بێهیوابوونی* بەریتانیا بوو لە *پڕۆژەی بەرهەمهێنانی دەوڵەتێکی یەکبوو لە فەلەستین بۆ جوو و عەرەب.* لێرەدا گرنگە ئەوە بڵێین، کشانەوەی بەریتانیا نەک هەر دەرفەتی دا بە جوووەکان، تۆ بڵێ زایۆنیزم، کە دەوڵەتی خۆیان (ئیسرائیل) لە سات و کاتی کشانەوە و بەبێ دواکەوتن، بۆ یەک کاتژمێریش،

لە ١٩٤٨/٥/١٤ ڕابگەیەنن، بەڵکوو ڕاستییەکەی جووەکان لە چوارچێوەی ستراتیژێکی دیار و نەخشەبۆکێشراو دەمێک بوو هەوڵی ئەو *بێهیوابوونەیان* دەدا. بەتایبەتی دوای تەواوبوونی جەنگی دووەمی جیهانی، لە ڕێگەی ڕاپەڕینێکی چەکدارییەوە جووەکان *بێهیوابوونی* بەریتانیایان لە ماوەیەکی کورتدا گەیاندە لووتکە و بێهیوابوونەکەش بە کشانەوەی تەواوەتیی بەریتانیا لەو وڵاتە خۆی دەر بڕی. لە لایەکی ترەوە، لەو بەراوردەدا نەک هەر ئەوە دەر دەکەوێ کە دەسەڵاتی کوردی کاری نەکردووە بۆ بێهیوابوونی (یا بێهیواکردنی) ئەمەریکا لە پڕۆژەی دەوڵەتی یەکبووی عێراق، بەڵکوو تەواو بە پێچەوانەشەوە، تا ئەم چرکەساتەش سەرکردەی ڕەسمیی کورد هیوای بە دەوڵەتی یەکبووی عێراق هەیە. لە ڕاستیدا نەک هەر ئەوە، بەڵکوو لەم ڕۆژانەدا نەک هەر لەبەر کشانەوەی ئەمەریکا، بەڵکوو لەبەر لێکترازانێکی زۆر جیددیی نێوان سوننە و شیعە، خەریکە سەروبەری ئەو پڕۆژەیە هەڵدەوەشێتەوە. کەچی سەیر ئەوەیە، دەسەڵاتی کوردی تا ئەو سات و کاتەش دژ بە پڕۆسەی هەڵوەشانەوە کار دەکات و ڕۆژانی دوایی شێوەی مامەڵەکردنی سەرکردایەتیی ئەو دەسەڵاتە، بەتایبەتی سەرۆکی هەرێم، لە شێوەی لەباوەشگرتن و حەواندنەوەی ئەو سەرکردە سوننییانەی لە بەغداد بڕیاری دەستگیرکردنیان لەلایەن دادگاوە بۆ دەر چووە، ئەم ئاراستەیە پشتڕاست دەکاتەوە.

## بەغداد و هەولێر: گەمەیەکی پڕ لە گومان

وا باشە ئەم بەشەی بابەت بە پرسیارێک دەست پێ بکەم: ئایا ئەوەی ئەمڕۆ بەرپرسانی باشووری کوردستان دەیکەن، گەمەیەکی دۆڕاوە یا عەقڵانیەتێکی سیاسی ئەوتۆیە، کە بۆ مرۆڤی عاقڵیش ئەستەمە تێگەیشتن لێی؟ مەبەست لەم پرسیارە تەنها ئەوە نییە چوارچێوەیەک بخەملێنم بۆ وەڵامدانەوە، بەڵکوو دیوی تری پرسیارەکە و خستنەڕووی بەم شێوەیە، بە هەردوو ڕەهەندەکەیەوەیە، واتە جەختکردنەوەی مەترسییەکانی ئەم سیاسەتە.

دوای ڕاکردنی سەرانی سوننە لە حکومەتی عێراق، بەتایبەتی تاریق هاشمی، جارێکی تر کوردستان دەرگاکانی کردەوە، نەک هەر بۆ هەوڵدان بە ئاراستەی ئەو سیاسەتە دۆڕاوەی کە هیواهەڵبەستنە بە عێراقی یەکبوو و مسۆگەربوونی مافەکانی کورد لەو چوارچێوەیەدا، بەڵکوو ئەم جارەیان بگرە یاریکردنی دەسەڵاتی کوردییە بە ئەو ئاگرەی لە بەغداد دەستی پێ کردووە و ئاراستەکانی تەشەنەبوون و بڵاوبوونەوەشی هەرچۆنێک بڕوات ترسناکن.

لە ڕاستیدا لایەنی کوردی شەڕێک لەپێناو سەرانی سوننە لە عێراق لەگەڵ بەغدادا دەکات، کە دژ بە دەستووری عێراق و ڕێسا و یاساکانی عێراقە، کە بێگومان کورد خۆی پابەند کردووە پێوەی و بەردەوام ئەوەی دووپات کردۆتەوە، کە لایەنی کوردی بەتەواوەتی پابەندە بە دەستوور و یاساکانی عێراقەوە. نەک هەر ئەوە، بەڵکوو لایەنی ڕەسمیی کوردی

بەردەوام ئەوەی دووپات کردۆتەوە، کە ئەوە لایەنی ترن، نەک کورد، کە پابەندبوونیان نییە بە دەستوورەوە. بەم مانایەش، ئەوەی دەسەڵاتی کوردی دەیکات، ڕێگەخۆشکەرە بۆ ئەوەی لایەنە عەرەبییەکان بەئاسانی ئەو ئاماژەیە بکەن، کە لایەنی کوردی نەک هەر پابەندبوون بە دەستوور و یاسا و ڕێساکانی عێراقەوە ناکات، بەڵکوو دالدەدانی تاوانبار هاشمی و ئەوانی تر، ڕاگەیاندنی جۆرە شەڕێکە دژی ئەو دەستوورە. نەک هەر ئەوە، بەڵکوو بەم هەنگاوەی دەسەڵاتی کوردی، دەکرێ ئاگرەکەی بەغداد، کوردستانیش بگرێتەوە.

دەکرێ زۆر بۆچوونی جودا بۆ ئەم یارییەی دەسەڵات هەبێ، کە باوەشکردنەوەیە بۆ هەندێ سەرکردەی سوننە، بەپێی زانیارییەکان و بڕیاری ڕەسمیی دەسەڵاتی دادوەری عێراقی، لە هەندێ کاری تیرۆریستییەوە گلاون و دواییینترینیشیان تەقینەوەکەی ناو ناوچەی سەوز بوو: ١- لە ڕووی مێژووییەوە دوو جار پارتی دیموکراتی کوردستان هاوکار بووە بۆ سەرکەوتنی دوو کودەتای حیزبی بەعس لە بەغداد (لە ١٩٦٣ و ١٩٦٨) لەسەر بنەمای ئەو بۆچوونەی گۆڕانکاری لە بەغداد دەکرێ، ڕێگە بکاتەوە بۆ چارەسەری کێشەی کورد! لەگەڵ ئەوەشی کە ناتوانین هەر ئێستا ئەوە بسەلمێنین، کە دەسەڵاتی کوردی تێکەڵاوی یارییەکە، مەبەست لێی گۆڕینی دەسەڵاتی سیاسییە لە بەغداد، بەڵام دوور نییە ئەو یارییانەی کە پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕابردوودا کردنی، بە ئاراستەی گۆڕانکاری لە بەغدا بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکانی کورد لەگەڵ بەغدا، هەر ئێستا و ئەمڕۆ خۆیان بە شێوازێکی تر و لە زەمەنێکی تردا دووبارە

بکەنەوە. ٢- ئەوەی سەرۆکی هەرێم دەیکات تەواو هەوڵێکە بۆ پەردەپۆشکردنی ئەو قەیرانە سیاسییە قووڵ و فرەڕەهەندەی باشووری کوردستانی تەنیوەتەوە، کە لە ڕاستیدا گەیشتۆتە ئاستێک، کە هەموو سنوور و مەوداکانی پێشووتری بەزاندووە.

لە کاتێکدا سەرۆکی هەرێم بە پەرۆشە بۆ بەستنی بە ناوکۆنگرەیەکی نیشتمانی بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکەی بەغداد، لە لایەکی ترەوە ڕۆژ دوای ڕۆژ خۆی دەدزێتەوە لە چارەسەرکردنی ڕاستەقینەی قەیرانەکەی کوردستان، کە بەر لە هەرشتێک، قەیرانی حوکمڕانیی خۆی و دەسەڵاتی خۆی و ناو حیزبی خۆیەتی. ٣- ئەگەر ئەو باوەشکردنەوەیەی سەرۆکی هەرێم بۆ گوناهبارانی بەغداد بە ئاماژە و قسەی ئەمەریکییەکان بێت، ئەوا هەرگیز دەسەڵاتی کوردی شتێکی ئەوتۆی دەست ناکەوێ بەرامبەر ئەو ڕۆڵە پڕ مەترسییەی کە دەیبینێ. نەک هەر ئەوە، دووریش نییە ئەو لەباوەشگرتنەی سەرکردە لەیاساڕاکردووەکانی بەغداد ببێتە هۆی تەشەنەبوونێکی ترسناک لە پەیوەندییەکانی کورد و ئێران، کە بێگومان دوای کشانەوەی تەواوەتیی ئەمەریکا، ڕۆڵ و کاریگەریی لە عێراق و لە ئاستی ئیقلیمیدا زیاتر و فراوانتر دەبێ.

ئەوەی جێگەی تێڕامان و سەرنجە ئەوەیە، هەڵوێستی ئۆپۆزسیۆن بە هەرسێ باڵەکەیەوە، گۆڕان و یەکگرتوو و کۆمەڵ، لە ئاست مەترسی و سیناریۆکانی کشانەوەی ئەمەریکا و بەتایبەتی ئەو هەنگاوەی دواییی سەرۆکی هەرێم بە لەباوەشگرتنی هەندێ سەرکردەی گوناهباری سوننە و دەرهاویشتە و ئەگەرەکانی بۆ کورد، لە ئاستی پێویست نەبووە. بۆ نموونە ڕاگەیاندنی سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە

بەغداد (شۆڕش حاجی)، کە دەڵێ ئەو کارەی سەرۆکی هەرێم دەیکات، نابێ هەر بۆ دەستخۆشی بێت، ڕاگەیاندنێکی لاوازە و ناتوانێ مەبەستە هەرە ستراتیژییە مەترسیدارەکان بپێکێ... لە ئاست ئەم گەمە مەترسیدارەی لایەنی دەسەڵاتی کوردی، کەم یا زۆر یەکگرتوو و کۆمەڵ بۆچوونێکی ئەوها گرنگیان نەبووە، کە جێگەی ئاماژە بێت.

## کۆنگرەیەکی نیشتمانی بۆ باشووری کوردستان: بۆ نا؟

ئەوەی لە دەڤەری بادینان ڕووی دا، نەک هەر دەربڕی قەیرانێکی هەمەلایەنی دەسەڵاتی باشووری کوردستانە، کە لەمێژوەختە تووشی بووە، بەڵکوو ئەو ڕووداوانە بوونە هۆی زیاتری بەرجەستەبوونی شپرزەیی و حاڵەتی ئیفلیجبوونی دەسەڵاتەکە. بەتایبەتی بۆ جاری یەکەم لە ماوەیەکی یەکجار دوورودرێژدا پارتی دیموکراتی کوردستان بە شێوەیەک تووشی پشێوی و بگرە سەرلێشێواوی بووە، کە دەکرێ چاوەڕوانی هەر شێکی ناعەقڵانی لێ بکرێ. لێدوانەکانی ڕۆژانی دوایی سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان فازڵ میرانی دەخزێنە خزمەت پرۆسەیەک، کە تەواوی باشووری کوردستان بەرەو سیناریۆی ترسناک و تاریک دەبات، بەتایبەتی ئەو ڕاگەیاندنانەی باس لەوە دەکەن، کە سەرۆکی هەرێم ٢٠٠٠٠ پاسەوانی شەخسیی خۆی هەن و پارتی خاوەنی ٣٠٠٠٠ چەکداری فیدائیی بارزانییە و جگە لە هێزی پێشمەرگە و... هتد. جگە لەمەش، وا هەست دەکرێت بۆ یەکەم جارە قەیرانەکانی دەسەڵاتی پارتی و تەنها لەنێوان ئەو

حیزبە و دەرەوەی خۆی نین، بەڵکوو بە شێوەیەکی جیددی بەرۆکی ناو خودی ئەو حیزبە خۆیی گرتووە. لەم بارودۆخەدا سیاسەتی ڕاکردن بەرەو پێشەوە و داپۆشینی شکست و قەیرانەکانی ناوەوە بە هەندێ بەناوجوانکاری سەرکەوتنی دیپلۆماسیی دەرەوە (وەک ئەوەی بەستنی کۆنگرەیەکی نیشتمانی عێراق) تەنها و تەنها قەیرانی ناو ماڵی کورد قووڵتر دەکات و لەوانەشە بەرەو ئاقارێکی ئەوها ترسناکی ببا، کە تا ئێستاش هیچ کەس و لایەنێک بە کراوەیی و ڕاشکاوانە باسیان لێوە نەکردووە، *وەک ئەوەی باسنەکردنی شتێک دەبێتە هۆی ڕوونەدانی ئەو شتە*!

لە کاتێکدا سەرۆکی هەرێم، مەسعود بارزانی، پێشنیاری بەستنی کۆنگرەیەکی نیشتمانی بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی بەغداد دەکات، بەڵام هەمان سەرۆک ڕوو لە قەیرانەکەی لەمەڕ ناو ماڵی کورد، کەم یا زۆر بێدەنگە، بگرە بەرپرسیارێتی و کارەکانی ئەو لیژنەیەی، کە بگرە خۆیشی بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکانی بادینان درووستی کردبوو، دایەوە بە حکومەت.

دەکرێ بپرسین، ئایا بۆ سەرۆکی هەرێم باشتر نییە و پێویستتر نییە، کە داوای کۆنگرەیەکی نیشتمانی بۆ پێکهاتەکانی ماڵی کورد بکات، کە بە شێوەیەکی سەرەکی هێزی شەقام و ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتی پارتی و یەکێتین؟ لەم قۆناغەدا نە بەردەوامیی حکومەتی د. بەرهەم ساڵح چارەسەرە و نە حکومەتێکی پارتی، کەسێک سەرکردایەتیی بکات، خاوەن دەسەڵاتێکی ئەوتۆ و خواستێکی ئەوتۆی چاکسازی نەبێت.

بە هەرحاڵ، بە باوەڕی خۆم، بەستنی کۆنگرەیەکی نیشتمانی بۆ باشووری کوردستان، کە تیایدا سەروبەری ئەو قەیرانەی

هەیە، تاووتوێ بکرێ و چارەسەری ڕیشەیی بۆ مەسەلەکان دابنێ و ستراتیژێکی کوردستانیی تیادا بخەملێنرێ، کە تیایدا هەموو ئاستەکانی سیاسەت، کە لە سەرەتای ئەم وتارە ئاماژەیان پێ کرا، جێگەی باسوخواس و هەڵوێستەلەسەرکردن بێ، پێداویستییەکی هەرە لەپێشە. هەنگاوێکی ئەوهاش، لە بەردەرگای دەسەڵاتە، بەتایبەت بارزانی، تا هەر لایەن و کەسێکی تر. خۆدزینەوەش لە هەنگاوێکی ئەوها نەک هەر دەبێتە ڕێگەخۆشکەر بۆ قووڵبوونەوەی قەیرانی دەسەڵات، بەڵکوو بارێکی ترسناک، کە ئەگەر هەیە تیایدا کورد بەتەواوەتی بکەوێتە هەڵدێرێکی سیاسیی مەترسیدارەوە. لە لایەکی ترەوە، هەر هەنگاوێک لە جۆری بەستنی کۆنگرەیەکی نیشتمانی بۆ باشووری کوردستان، ڕوو بە هەموو ڕەهەند و ئاستەکانی سیاسەت، نابێ بۆ جوانکردنی دەسەڵات و یارمەتیدانی دەربازبوونی ئەو دەسەڵاتە بێت لەو قەیرانەی تێی کەوتووە، بەڵکوو کەمترین مەرجی ئەم هەنگاوە لە کۆمەڵێک هەڵوەستەی پراکتیکی و بڕیار و قبوڵکردنی پرۆژەکانی ئۆپۆزسیۆنەوە دەست پێ دەکات.

## دەرئەنجام

لەم وتارەدا هەندێک بۆچوونی سەرپێیی خراونەتە ڕوو، کە مەبەست لێیان ورووژاندنی هەندێ ڕەهەندە لە قەیرانی باشووری کوردستان، بە پەیوەندی لەگەڵ هەندێ ئاستی تری سیاسەت، کە بەتوندی باشووری کوردستان پەیوەندیدار دەکەن. ئەو پێداویستییەی ئەو گۆڕانکارییانە دەیسەپێنن،

بۆ ئەوەی دەسەڵاتی باشووری کوردستان بە ئاراستەی بەرژەوەندییە نەتەوەییە کوردستانییەکان کار بکات، شتێکی حاشاهەڵنەگرە. بە پێچەوانەوە هەڵسوکەوتی دەسەڵاتی کوردی، بەتایبەتی سەرۆکی هەرێم، زیاتر خۆدزینەوەیە لە قەیرانێکی ڕاستەقینە و هێمایە بۆ حاڵەتێک، وەک ئەوەی کورد هیچ کێشەیەکی نییە و هەموو ئەگەرەکانی بەردەمیشی کۆمەڵێک سیناریۆن، کە بە زەرورەت لە بەرژەوەندیی کورد تەواو دەبن. دەرگاوالاکردن بۆ سەرانی سوننەی عەرەب، گوناهبارکراو بە کاری تیرۆریستی و هەوڵی کودەتا و تێکدان، یاریکردنە بە ئاگر و کورد پێویستی بەو گەمە پڕ مەترسییە نییە. پێشنیاری سەرۆکی هەرێم بۆ بەستنی کۆنگرەیەکی نیشتمانیی عێراقی، دیارە هەڵبەتە لە هەولێر، ڕاکێشانی باشووری کوردستانە بۆ ناو ئاگرێکی گەورە. ئەم هەنگاوە، کە بە ئەگەری زۆر ئامانجێکی تری سەرۆکی هەرێم لە هەنگاوەکە، جوانکردنی ڕووی دزێو و ناشیرینی دەسەڵاتی کوردییە، تەنها هەنگاوێکی تری سەرنەکەوتووانەیە بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی پرۆسە سیاسییە شکستخواردووەکەی عێراق و بێئاراستەکردنی لایەنی کوردی خۆیەتی لە ئاستە هەرە ستراتیژییەکاندا.

ئەگەر سەرکردەی باشووری کوردستان حیکمە و توانای هەڵوەشاندنەوەی پرۆژەی دەوڵەتی عێراقی نییە و کار بەو ئاراستەیەش ناکات، با هەر نەبێ لێگەڕێ ئەو شتە لەدەرەوەی حیکمە و ئیرادەی خۆی ڕوو بدات.

# دەربارەی دەوڵەتی سەربەخۆ

## دیمانەی پێگەی سبەی، ٢٠١٢/٣/٢٦
## سازدانی ڕۆژنامەنووس سیروان ڕەشید

سبەی: سەرەتا با لەوەوە دەست پێ بکەین، کورد وەک نەتەوە مافی ئەوەی هەیە خاوەن دەوڵەتی خۆی بێت، بە دیوێکی تردا، بەشێک لە نووسەرانی نەتەوەکانی سەردەستی کورد لە بۆچوونەکانیاندا ئەوە دەڵێن، کە کورد توانای دەوڵەتداریی نییە وەک نەتەوە، ئایا ئەمە ڕاستە؟

ب. یاسین: گومانی تێدا نییە کە نەتەوەی کورد وەک هەر نەتەوەیەکی تر، مافی دەوڵەتی سەربەخۆی هەیە. مافی چارەی خۆنووسین چەمکێکە پێشتر لە گووتار و گفتوگۆکانی ڕۆشنگەریدا جێگەی خۆیان کردۆتەوە و ئامادەییان لە باسوخواسە تایبەتەکان بە فەلسەفەی سیاسی هەبووە. دواتر مافی چارەی خۆنووسین لە پرۆسەی بەرجەستەبوون و گەشەکردنی دەوڵەتی نەتەوەییدا لە ئەورووپای ڕۆژئاوا و ئەمەریکای باکوور بەتوندی خۆی دەربڕی، وەک چوارچێوەیەکی فەلسەفەیی سیاسی بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی.

دواتریش وەک بەشێک لە دوو بۆچوونی دژ بەیەک، بەڵام یەکانگیر لە باسی مافی چارەی خۆنووسینی گەلان، لە لایەکەوە سەرکردەی شۆڕشی بەلشەفی لە ڕوسیا (لینین) و لە لایەکی ترەوە سەرۆکی ئەمەریکا *ودرۆ ویلسۆن* جەختیان لەسەر مافی چارەی خۆنووسینی گەلان کردەوە. دواتریش ئەم پرنسیپە لە پڕۆگرامی نەتەوە یەکگرتووەکاندا جێگەی کرایەوە و لە بەردەوامیشدا لە هەندێ ڕاگەیاندنی ئەو ڕێکخراوە جیهانییەدا جەختی لەسەر کراوەتەوە.

جا ئەگەر بەپەلە هەر لە زەمانی ڕۆشنگەرییەوە تا دواجەختکردنەوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕوانین، دەبینین هیچ مەرجێک دانەنراوە کە ئایا کام نەتەوەیە، بۆ نموونە ژمارەی چەند بێت و لە کام گۆشەی ئەم سەرزەمینە بژییێت و ئاستی پێشکەوتنی ئابووری - کۆمەڵایەتیی چەند و چۆن بێت و... هتد، ئەو مافەی هەبێ. بە دیوێکی تردا، ئەم مافە پرنسیپێکی گەردوونییە. چۆن مافی چارەی خۆنووسین لە ئاستی تاکەکان، دیسانەوە بە گەڕانەوە بۆ قسە و باسەکانی ڕۆشەنگەرایی بەتایبەتی نووسینەکانی *جان جاک ڕۆسۆ*، هیچ جیاوازییەک ناکات لەنێوان تاکەکان، جا بە هەر هۆیەکی چینایەتی یا هەر جیاکارییەکی کۆمەڵایەتیی تر بێت، هەروەها مافی چارەی خۆنووسین لە ئاستی گەل و نەتەوەکانی جیهان، هیچ جیاکارییەک ناکات لە چەند و چۆنایەتیی گەلاندا. دیارە پێویستە هەر لێرەشەوە ئەوە بڵێین، کە زۆربەی جار مافی چارەی خۆنووسین لە ئاستی نەتەوەکان بەو واتایە دێت، کە هەر نەتەوەیەک مافی ئەوەی هەیە ببێ بە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ و سەروەریی تەواوەتیی نەتەوەییی هەبێ.

دەربارەی بۆچوونی، هەر نەبێ بەشێکی هەرە زۆری نەتەوە سەردەستەکان، کە گوایە کورد توانای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی خۆی نییە، گرنگە ئەوە بزانین، ئایا نووسەر و ڕۆشنبیر و سیاسەتمەدارانی نەتەوەکانی سەردەست چۆن بیر دەکەنەوە لەمەڕ بابەتی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، بەڵام بە باوەڕی من، گرنگتر ئەوەیە، ئایا کورد خۆی چۆن بیر دەکاتەوە و چۆنیش بەرەوڕووی ئەو جۆرە بەهانە و هەڵوەستانە دەبێتەوە و لە ڕابردووشدا بۆتەوە. وەڵامێکی بەپەلە بۆ ئەم پرسیارە ئەوەیە، کە بزاڤە سیاسییەکانی هەرە باڵادەست لە کوردستان، بەتایبەتی لە چوارچێوەی درووشمی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان، کە دواتر بووە بە فیدڕاڵی، و دیموکراسی بۆ عێراق/ ئێران، لە باشترین حاڵەتدا ئەم بۆچوونەی نەتەوە سەردەستەکانی بەرجەستە کردووە. باوەڕنەبوونێکی کوردی بەوەی دەوڵەتی کوردی دەتوانێ لەسەر پێ بوەستێ، دەتوانێ کتومت سەرکەوتنی ئەو بەهانە و بۆچوونەی نەتەوە سەردەستەکان بێت لەمەڕ مەسەلەی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان. ئەم بۆچوونە کوردییە، باوەڕی بەوە هێناوە، کە دەوڵەتی کوردی گەر ڕاشبگەیەنرێ، ئەوا ناتوانێ لەسەر پێ بوەستێت نەک هەر لە ئاستی سیاسی، واتە لە درووشمی سیاسیدا بەرجەستە بووە، بەڵکوو لە ئاستە دەروونییەکانی سیاسەت و سیاسەتکردن، کوردی خستۆتە پێگەیەکی ترسناکی باوەڕبەخۆنەبوونەوە. لە ڕاستیدا ئەم پرۆسەیە لە بۆچوونێکی کۆمەڵناسییانەوە تەماشای بکەین، دەتوانین بڵێین کورد لە ڕێگەی ئەم باوەڕەوە بۆچوونی نەتەوەکانی سەردەستی **خۆماڵی کردووە**، واتە شتێکی لەدەرەوەی خۆی هێناوەتە

ناوەوەی خۆی، لە پرۆسەیەکی دوورودرێژی خۆماڵیکردن (domestication)دا. بە واتایەکی تر، داگیرکار سەرکەوتوو بووە لە بەرجەستەکردنی بۆچوونی خۆی لە ناو جیهانبینی و پێکهاتەی دەروونی و کولتووری سیاسیی داگیرکراودا، کە کوردە.

ئەگەر ئەم مەسەلەیە بەپەلە بەراورد بکەین لەگەڵ پرۆسەی داگیرکاری ئیمپریالی، دەبینین تیۆرییەکەی *فرانز فانون* لەناو هەموو تیۆرییەکان دەربارەی شیکردنەوە و تێگەیشتن لە ئیمپریالیزم، زۆر سەرنجڕاکێشە. بە بۆچوونی فرانز فانون، خراپترین و ترسناکترین شت کە ڕوو دەدات لە پرۆسەی داگیرکاری ئیمپریالیدا، ئەوەیە کە هێزە ئیمپریالییەکە سەرکەوتوو بێت لە تێکشکانی باوەڕبەخۆبوونی گەل و نەتەوەی داگیرکراو و سەرکەوتوو بێت لە باوەڕپێهێنانی گەلی داگیرکراو، کە ئەو بەبێ یارمەتیی داگیرکار ناتوانێ خۆی بەڕێوە ببا. لە بارێکی تردا، ئەوەی لەناو کورددا ڕووی داوە لە ٨٠-٩٠ ساڵی ڕابردوودا، ڕێک ئەو باوەڕلێسەندنەیە، یا تێکشکاندنی باوەڕبەخۆبوونەیە...

سبەی: لە ئێستادا باسوخواسی دروستبوونی دەوڵەتی کوردی گەرمە، بە ڕای بەڕێزت لێدوانی ڕۆژانەی سیاسییەکان، موزایەدەی سیاسییە یا بڕوابوونە بە بوونی دەوڵەتی کوردی؟

ب. یاسین: بە باوەڕی من، ناکرێ قسە و باسەکان هەر وا بەئاسانی یەکڕەنگ بکرێن، بەو مانایەی هەمووی موزایەدە بێ یا هەمووی قسەی جیددی و بڕوابوون بێت بە دەوڵەتی

کوردی. بە مانایەکی تر، دەکرێ بەشێکیان بۆ موزایەدەی سیاسی بن و مەبەستێکی سیاسییش لێی ئەوە بێت، لایەنێکی دیاریکراو *خۆی بکات بە خاوەنی دەستپێشخەری* و خۆی بکات بە ناوەندی بڕیاردانی سیاسی و دواجاریش مەبەست بەکاربردنی ئەم بابەتە بێت بۆ بەهێزکردنی جێگە و پێگە و هەژموونی خۆی لە ناوەوەی کوردستان. با بە ئاشکراتر و ڕاشکاوانەتر بڵێم، لە ماوەی یەک - دوو ساڵی دواییدا، چەند جارێک سەرۆکی هەرێم و ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئاماژەیان بە ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ داوە و بانگەشەیان بۆ کردووە، بەتایبەتی بەر لە نەورۆزی پار و نەورۆزی ئەمساڵ ئەو ئاماژانە گەرم و چڕ بوونەوە. لە ڕاستیدا لە هەردوو حاڵەتیشدا کاتێک ئەو باسانە گەرم و چڕ بوونەتەوە، کە قەیرانی دەسەڵات گەیشتۆتە لووتکە، ساڵی پار لە ئاکامی خۆپیشاندانەکان و ئەمساڵیش قەیرانێکی سیاسییە. بۆ چوار مانگ دەچێت پارتی حکومەتی پێ وەر نەگیراوەتەوە.

بەو مانایەش، ئەم ئاماژانە لە ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ زیاتر دەربڕی قەیرانی سیاسی و دەروونیی دەسەڵاتن تا دەربڕی بوونی دەسەڵاتێکی کارامە و لە ئاستە نەتەوەیییەکان ڕێکخراو و لە ئاستە ستراتیژییەکانیش ئامادە بۆ هاویشتنی هەنگاوێکی لەم جۆرە. ئەوەتا بۆ نموونە هەموو هێماکان ئەوە دەر دەخەن، کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، هاوپەیمانە ستراتیژییەکەی پارتی، لە حاڵەتی هاوئاهەنگیدا نییە لەگەڵ پارتی لەسەر مەسەلەی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ، ئەگەر نەڵێین جیاوازی و دژایەتییەکی توندیش هەیە لەنێوانیاندا لەم بارەیەوە. پرسیارێکی گرنگ ئەوەیە: ئایا ئەگەر مەسەلەی

دەوڵەتی سەربەخۆ شتێکی ستراتیژی نەبێت بە پەیوەندی لەگەڵ هاوپەیمانییە ستراتیژییەکەی پارتی و یەکێتی، ئەی چی ستراتیژییە؟ لە دیوی تری وەڵامی پرسیارێکی ئاوادا، مرۆڤ دەتوانێ بە پشتڕاستییەکی زۆرەوە بڵێ، کە ئەم هاوپەیمانییە بە زەرورەت لەسەر مەسەلە ستراتیژییەکان نییە، بەڵکوو زیاتر بۆ مۆنۆپۆلکردنی دەسەڵاتی سیاسی و مۆنۆپۆلکردنی جومگە هەرە گرنگە ئابوورییەکانە لە باشووری کوردستان، لە باشترین حاڵەتیشدا، ئەو هاوپەیمانییە ڕێگرییە لە دووبارەبوونەوەی تراژیدیای شەڕی براکوژی.

سبەی: سەبارەت بە باشووری کوردستان بەتایبەتی، ئایا تا چەند زەمینەسازیی دەوڵەتی کوردی کراوە، یا ڕوونتر، با پرسیارەکە لە پەیامەکەی نەوشیروان مستەفاوە بکەین، ئەو لە پەیامەکەی نەورۆزیدا بەڕاشکاوی دەڵێت، "لە باشووری کوردستان زەمینەسازی نەکراوە بۆ دروستبوونی دەوڵەت، پرسیارەکە ئەمەیە، ئایا دەوڵەت بە دروشم دروست دەبێت یا بە زەمینەسازیی ناوخۆیی و دروستکردنی پایەکانی دەوڵەت؟

ب. یاسین: سەرەتا سێ خاڵی لێوەدەرچوون گرنگن بۆ وەڵامێکی فراوانتری ئەم پرسیارە: ١- من باوەڕم وایە ئەم ڕاگەیاندنەی بزاڤی گۆڕان لەسەر زاری ڕێکخەری گشتیی بزاڤەکە نەوشیروان مستەفا، تا ڕادەیەکی زۆر دوا کەوت. من پێشتر لە ساڵی ٢٠٠٩ لە بابەتێکمدا گۆڕانم بەرەوڕووی کۆمەڵێک تەحەددا کردۆتەوە و یەکێک لەوانە خەملاندنی ناسنامە و ستراتیژێکی موتەکامل بوو بۆ ئەم بزاڤە. هەڵبەتە

ناسنامە و ستراتیژ لە زیاتر لە سۆنگەیەکەوە تێکەڵاوی یەکتر دەبن و مانا و هێز لە یەکتر وەر دەگرن. مەبەست لەو بەرەورِووکردنەوەیەش لەگەڵ ناسنامە و ستراتیژ لە پێنج ئاستەوە بوو، کە ناوخۆ و عێراقی و کوردستانی مەزن و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی بوو. جا لەم بارەیەوە لەو باوەڕەدام، کە لە ڕابردوودا لەبەر ئەوەی گۆڕان جەختی زیاتری لەسەر ئاستی ناوخۆیی، تۆ بڵێ سیستمی سیاسی لە باشووری کوردستان کردۆتەوە، بەر لە ئێستا لەسەر مەسەلەیەکی ئاوا گرنگ، واتە مەسەلەی سەربەخۆیی و دەوڵەتی نەتەوەیی، کەم یا زۆر قسەی نەبووە. لەگەڵ ئەوەشی کە بزاڤی گۆڕان دوا کەوت لە ڕوونکردنەوەی بۆچوونی خۆی لەبارەی مەسەلەیەکی یەکجار گرنگ و ستراتیژی، واتە سەربەخۆیی، بەڵام ڕاگەیاندنی بۆچوونی خۆی لە سات و کاتێکی یەکجار پێویستدا گرنگییەکی تایبەتی هەیە. ٢- ئەوەی کە دەکرێ نوێ بێت و دوو ئاستی ناوخۆ (باشووری کوردستان) و دەرەوەی (عێراقی) بکات بە یەک، ئەوەیە کە ڕاگەیاندنەکەی گۆڕان لەسەر زاری نەوشیروان مستەفا دوو ئاستی پرهنسیپی و عەمەلی بە یەکەوە گرێ دەدات و بۆ یەکەم جار بەم شێوە فراوانە مەسەلەی بەدەوڵەتبوون دەبەستێتەوە بە مەسەلەی ئامادەسازی بۆ هەنگاو و قۆناغێکی ئەوها. ٣- لەگەڵ ئەوەشدا، مەسەلەیەکی تیۆری هەیە، کە دەبێت ڕوون بێت و حاڵەتی گشتی (گەردوونی) لە مەسەلەی بەدەوڵەتبوون بە حاڵەتی تایبەتییەوە، واتە حاڵەتی باشووری کوردستان، ببەستێتەوە. لێرەشدا لە حاڵەتە گشتییەکەدا، دەکرێ بڵێین زۆرن ئەو گەلانەی یا ئەو ناوچانەی کە بوون بە دەوڵەت بەبێ ئەوەی

مەرجەکانی دەوڵەتبوونیان تیادا هەبێت. بۆ نموونە سعودیە بوو بە دەوڵەت لە ناوەڕاستی بیستەکان، بەڵام تا سەرەتای پەنجاکانیش تەنها خاوەنی دوو تا سێ وەزیر بوو، کاتێک لە ساڵی ١٩٢٠ ئوردن بوو بە دەوڵەت وەک مونتەدەبەی بەریتانی لەبەر نەبوونی خوێندەوار، کە ببن بە کارمەندی دەوڵەت، کارمەندیان لە وڵاتانی عەرەبیی ترەوە و لە بەریتانیا هێنا بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت... دیوی تری ئەو قسەیەم ئەوەیە، کە تۆ نابێ بە زەرورەت چاوەڕوانی تەواوکردنی بیناسازیی دەوڵەت بیت بۆ ئەوەی درووشمی بەدەوڵەتبوون بەرز بکەیتەوە. بەرزکردنەوەی درووشمی بەدەوڵەتبوون زۆر گرنگیی هەیە: یەکەمیان، ئەم درووشمە یا ڕاستتر بڵێین ئەم بیرۆکەیە، مرۆڤ دەکات بە خاوەن کولتوورێکی سیاسی یا تۆ بڵێ فەلسەفەیەکی سیاسی، کە باوەڕی بە بەدەوڵەتبوون هەیە. دووەمیان، درووشمی یا داخوازی بەدەوڵەتبوون هەر وا لە خۆوە نایەت، بەڵکوو ئەمە بەتایبەتی لە حاڵەتی باشووری کوردستاندا، ئاوێتەبوونی ئەزموونێکی دوورودرێژی تاڵ و تراژیدیاوییە لە شکستی دەوڵەتی عێراق لە تێگەیشتن و چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە ئاستی تیۆری، کە ئەویش گەیشتنە بەو قەناعەتەی، کە لە ڕاستیدا ئۆتۆنۆمی و فیدڕاڵی چارەسەری تەواوەتی نین بۆ کێشەی نەتەوایەتی، بەڵکوو لە باشترین حاڵەتدا، نیوە یا چارەکە چارەسەرین. سێهەمیان، بە باوەڕی خۆم، ئەو کەسایەتییەی کە بۆ ئۆتۆنۆمی (دواتر فیدڕاڵی) خەبات دەکات، زۆر جیاوازە لەو کەسایەتییەی داوای سەربەخۆیی دەکات لە ڕووی کولتووری سیاسی، لە ڕووی دەروونی، خۆناسین و ئەوی تر، واتە نەتەوەی سەردەست،

ناسین و... هتد. زۆر بەکورتی، هەر بۆ ئەوەی مەبەستەکە ڕوونتر بکەمەوە، کەسایەتیی ئۆتۆنۆمیخواز تەسلیمی جوگرافیا و بەهانە و بۆچوونەکانی نەتەوەی سەردەست دەبێ، بەڵام کەسایەتیی سەربەخۆخواز باوەڕی وایە، جوگرافیا *ڕێژەیەکی نەگۆڕ نییە* و بەهانە و بۆچوونەکانی نەتەوە سەردەستەکانیش بەوە وەڵام دەداتەوە، کە کەسایەتیی کورد توانای ئەوەی هەیە ببێ بە خاوەنی بەهانە و بۆچوونی خۆی، کە گوزارشتە لە خواستی جیابوونەوە و سەربەخۆبوون. بەو مانایەش، باوەڕبوون بە دەوڵەتبوون، کەڵەکەبوونێکە لە باوەڕ و جیهانبینیی سیاسی، کە دەتوانێ لەسەر هەڵوەشاندنەوە و ڕەتکردنەوە و قەبرکردنی بەهانە و جیهانبینییەکانی دوێنێ، نەتەوە بکا بە خاوەنی بەهانە و جیهانبینیی نوێ، کە هیی *بەدەوڵەتبوونە*. بە مانایەکی تر، ڕاگواستنی کەسایەتیی **ئۆتۆنۆمیخواز** بۆ کەسایەتییەکی **سەربەخۆخواز** پڕۆسەیەکی ئاڵۆزە و لە ئاستی تیۆری و پەروەردەی سیاسییەوە کاری زۆری دەوێ، بۆ ئەم مەبەستەش، بە زەرورەت ناکرێ چاوەڕێ بیت تا ئەو کاتەی نەتەوە دەبێ بە خاوەن ئەزموونی خۆی لە بەرهەمهێنان و بەرجەستەکردنی دامەزراوەی دەوڵەت.

لە لایەکی ترەوە، وەک دەرهاوێشتەیەک لەوەی پێی دەبێژرێ ئەزموونی باشووری کوردستان، نەک هەر ئەوەی لە ڕاگەیاندنەکەی نەوشیروان مستەفا گوزارشتی لێ کراوە، ڕاستە لە بیست ساڵی ڕابردوودا کار بۆ بیناسازیی دەوڵەتی سەربەخۆ نەکراوە، بەڵکوو زۆر خراپتر لەوە، دەسەڵاتی باشووری کوردستان زۆرێکی لە بنچینەکانی بەدەوڵەتبوون و بەنەتەوەبوونی لەبەر یەکتر هەڵوەشاندۆتەوە.

بەشێکی زۆر لە خەڵکی باشووری کوردستان لەبری شانازی بەو ئەزموونە، ئەو ئەزموونە وەک مۆتەکەیەک تەماشای دەکەن و بێزارییەکەیان هەموو ڕادەیەکی تێپەڕاندووە، هۆکەشی بە ڕادەی یەکەم گەندەڵیی تەواوی سیستەمەکەیە... دەرهاوێشتەی ئەو ئەزموونە ناکرێ باشتر بێت، کاتێک ناڕاستگۆیی دەسەڵاتداران هەموو پێوەرێک تێک دەشکێنێ، بەو مانایەی کە زۆر بەکورتی و بەچڕی، ئازادیخوازانی دوێنێی باشووری کوردستان بوونەتە *ستەمکار و زۆردارەکانی ئەمڕۆ*.

جگە لەمەش، نەوەیەکی نوێ ئەمڕۆ لە کوردستان بوونی هەیە، نەوەیەک، کە لە چیرۆکی دوێنێدا، چیرۆکی خەبات بۆ ئازادی و سەرفرازی، خۆی نابینێتەوە. نەک هەر ئەوە، بەڵکوو لە ئەزموونە شکستخواردووەکەی ئەمڕۆشدا حەز و ئارەزووەکانی پشتگوێ دەخرێن و لە وڵاتی خۆیدا نامۆ دەکرێ بە نەتەوە و نیشتمانی خۆی. ئەمڕۆ لەنێوان ئەم نەوەیە و چیرۆکی دوێنێی دەسەڵات لە لایەک و بەنەتەوەییبوون و هاونیشتمانیبوون لە هەنووکەدا لە لایەکی ترەوە دەسەڵاتێکی گەندەڵ هەیە...

ماوە ئەوە بڵێم، بۆ ئەوەی ڕاگەیاندنەکەی گۆڕان، لە زاری ڕێکخەری گشتی نەوشیروان مستەفاوە نەبێتە ڕووداوی یەکجارە و بۆ ئەوەی بەرجەستە ببێ لە ژیانی سیاسیی خەڵکی کوردستاندا و بەردەوامیی هەبێ لەپێناو نەک هەر کاری بیناسازیی دامەزراوەکانی دەوڵەت، بەڵکوو بۆ بەرهەمهێنانی کولتووری سیاسی و بەهانە و جیهانبینیی بەدەوڵەتبوونیش:

١- گرنگە ئەم باسەی لە نەورۆزدا دەرگای کرایەوە، تەنها **کاردانەوە نەبێ** لەو باسوخواسانەی سەرۆکی هەرێم لێرە

و لەوێ، بە موناسەبە و بێ موناسەبە کردوونی دەربارەی دەوڵەتی سەربەخۆ، بەڵکوو ڕاگەیاندنەکەی نەوشیروان مستەفا لەدوای بیرکردنەوە و پێداچوونەوەیەکی بنەڕەتیی هاتبێت بە کۆمەڵێ شت، کە گرنگترینیان ئەوەیە تەنها سەروەریی نەتەوەیی دەتوانێ کورد بکات بە خاوەن ئازادیی خۆی و کورد دەر بهێنێ لەژێر دەستی هەژموونی نەتەوەی سەردەست و بیکات بە بڕیاردەر لەسەر چارەنووس و دوارۆژی خۆی. بە واتایەکی تر، کەسانی تر، واتە نەتەوەی سەردەست، بەشدار نەبن لە بڕیاردان لەسەر چارەنووسی کورد، بەڵکوو تەنها خۆی بڕیاردەر بێت لەسەر چارەنووسی خۆی. بە مانایەکی تر، گرنگە مەسەلەی سەربەخۆیی ببێ بە بەشێک لە کەسایەتیی سیاسی و ناسنامەی بزاڤی گۆڕان بۆ ئەوەی لە قاڵبی کاردانەوەیەکی کاتی و سەرپێیی دەر بچێ و ببێتە خواست و ئامانجێکی ستراتیژیی درێژخایەن. ٢- ڕاگەیاندنەکەی نەوشیروان مستەفا پێویستی بە ڕوون کردنەوەی زیاتر هەیە لەلایەن بزاڤی گۆڕانەوە، بۆ ئەوەی هەموو دیو و ڕەهەندەکانی ئەو مەسەلە گرنگە ڕوونبکرێنەوە. شێوەیەکیش بۆ پەرەپێدانی ئەو باسە ئەوەیە، بە بەهایەکی تایبەتییەوە ئەم باسە بکرێ بە بەشێکی گرنگ لە باسوخواسەکانی کۆنگرەی یەکەمی گۆڕان، کە ماوەیەکی زۆرە باسی بەستنی دەکرێ و دەکرێ ئەم باسە بەشێک بێت لە باسوخواسی پڕۆژەیەکی زۆر فراوان، کە (پڕۆژەی نوێبوونەوەی کوردایەتی)یە، کە بەر لە زیاتر لە دوو ساڵ باسم لێوە کردووە. ٣- دوای ڕاگەیاندنی نەوشیروان مستەفا لە نەورۆزدا، یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامییش دوو ڕاگەیاندنی بەدوای یەکتریان داوە، کە هەردووکیان بە

شێوەیەک لە شێوەکان نیگەرانییە لە تاکڕەویی سەرۆکی هەرێم، یا هەر نەبێ لە ئاڵۆزییەکانی مەسەلەی دەوڵەتی سەربەخۆ بەو شێوەیەی سەرۆکی هەرێم نزیکبوونەوەی بۆ کردووە. بە هەرحاڵ ئەو دوو ڕاگەیاندنەش جەختکردنەوەیە لە گرنگیی مەلەفی دەوڵەتی سەربەخۆ. جا لێرەدا گرنگە هەر سێ هێزی ئۆپۆزسیۆن بە گرنگییەکی تایبەتییەوە گفتوگۆیەکی شایستە بکەن لەسەر ئەم مەلەفە گرنگە و بگەنە دەرئەنجامێک، کە تیایدا تەسەورێکی یەکبووی ئۆپۆزسیۆن لەمەڕ مەسەلەی دەوڵەتی سەربەخۆ بخەملێ و بەرهەم بهێنرێ. ئیتر کاتی ئەوە هاتووە، مەسەلەیەکی وا هەستیار و گرنگ لە ئاستە هەرە ستراتیژییەکان لە قاڵبی موزایەدەی حیزبی و تاکەکەسی دەر بهێنرێ و بکرێ بە مەسەلە و سەرئێشەی هەر هێزێکی سیاسی و کۆمەڵگەی مەدەنی و هەر تاکێکی وڵات. ٤- گرنگە لەو باسوخواسانەدا نەک هەر پەرلەمان بکرێ بە مەرجەع و سەرپشک بکرێ، بەڵکوو بەتایبەتی جەخت بکرێتەوە، کە مەسەلە و بڕیاری دەوڵەتی سەربەخۆ لە ڕاپرسییەکی گشتی - ریفراندۆمێکدا بڕیاری لەسەر بدرێ، کە تیایدا *هەر تاکێک* بەشداری لەو بڕیارە بکات و بەشداریی لە بەرهەمهێنانی *شانازییەکی مێژوویی* ئەوهادا هەبێ.

کاتێک تاکیش بەشداریی هەبوو لە بەرهەمهێنانی شانازییەکی ئەوهادا، ئەوا هەر ئەو تاکە ئامادەش دەبێ وەک سەربازێک بەرگری لەو بڕیار و هەنگاوەی خودی خۆی بکات و لە پێناویدا برسیبوون و هەر جۆرە قوربانییەک تەحەمول بکات.

لە ڕاستیدا لە دیدی عێراقی عەرەبی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتیدا، بە ئەگەری زۆر جیاکارییەکی زۆر دەکرێ لەنێوان

دوو حاڵەت: یەکێکیان ڕاگەیاندنی دەوڵەتە وەک موغامەرەی تاکەسەرکردەیەک لە لایەک و بڕیاری نەتەوەیەک بەتەواوەتی لە ڕێگەی ڕاپرسییەوە، کە نەک هەر دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن دەباتە سەر سندوقەکانی دەنگدانی ڕاپرسی، بەڵکوو کۆمەڵگە بەتەواوەتی بە هەموو ڕەنگەکانی و هەموو تاکەکانیشیەوە، بە حیزبی و نا حیزبی لە لایەکی ترەوە.

سبەی: هەمیشە سەرکردایەتیی کورد پاساوێکی هەبووە بۆ دروستنەبوونی دەوڵەتی کوردی، ئەویش ئەوەیە، چواردەورمان نەیاری کوردن، ئەگەر ئیعلانی دەوڵەت بکەین لە برساندا دەمرین و هەموو سنوورەکانمان لەسەر دادەخەن و گەمارۆی سیاسی و ئابووری کورد لەناو دەبات، ئەمە تا چەند ڕاستە؟

ب. یاسین: ترسناکیی ئەو بۆچوونە و بۆچوونی سیاسیی لەو جۆرە، لەوەدایە، کە زەمەن ڕووت دەکاتەوە لە مەرجە مێژووییە جۆراوجۆرەکانی. بە مانایەکی تر، **زەمەن دەوەستێنێ** لە هەلومەرجێکی تایبەتیدا، کە هیی ساڵانێکی زۆر زووی بەر لە ئێستان. بەپێی بۆچوونێکی ئەوها، لەگەڵ ئەوەی هەلومەرجەکان دەگۆڕێن، بەڵام لەبەر ئەوەی مرۆڤ هەڵگری بۆچوونێکی ئەوها نەگۆڕە، ناتوانێ گۆڕانکارییەکان لە هەنووکەی خۆیدا ببینێ و ڕوو بە داهاتووش ببێ بە خاوەنی بۆچوونێکی نوێ، جیا لەوەی دوێنێی. بە مانایەکی تر، ئەو بۆچوونەی لە مەرجە مێژووییەکانی چلەکان و پەنجاکان و شەستەکاندا بەرهەم هاتووە، بووە بە ڕێژەیەکی نەگۆڕ و

هەڵگرانیشی بوون بە *ئەسیری ئەو ڕێژە نەگۆڕە*.

دەرهاوێشتەی ئەو حاڵەتە، بە بارێکی تردا، ئەوەیە کە بۆچوونێکی سیاسیی بەرهەمهاتوو لە بارودۆخ و مەرجێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی زۆر تایبەتدا دەبێ بە جۆرێک لە "جیهانبینیی ئایینی" و ڕستەکانی ناو ئەو بۆچوونەش وەک ئایەتی پیرۆزی نەگۆڕاویان لێ دێت، کە دەستبۆبردنی نەک هەر ئەستەمە، بەڵکوو بە هیچ شێوەیەک ناکرێ. ئەمە لە حاڵەتێکی گەردوونیی گشتگیریشدا دەکرێ وەک دیاردەیەکی مرۆیی - ئینسانی ببینرێ، بەو مانایەش، نموونە زۆرن لە فیکر و فەلسەفە و زانستدا، کە تیایدا بۆ ماوەیەکی زۆر بۆچوونێک وەک *ڕێژەیەکی نەگۆڕی* لێ هاتووە و دەستبردن بۆ گۆڕینیشی کارێکی ئەستەم و پڕمەترسی و بگرە نەشیاو بووە.

لەوەی سەرەوە، وەک خاڵی لێوەدەرچوون، دەکرێ بەئاسانی بوترێ، لەگەڵ تەواوبوونی جەنگی سارد و تێکشکانی عێراق لە کوەیت و ڕاپەڕینی ١٩٩١ و کۆچڕەوە مێژووییەکەی هەر ئەو ساڵە، هەموو ئەم ڕووداوانە بە یەکەوە گۆڕانکارییەکی گەورەی بەرهەم هێنا، کە لە دەرهاوێشتە هەرە گرنگەکەیدا حاڵەتێکی نوێی هێنایە کایەوە، تیایدا زیاتر لە دەروازەیەک کرایەوە... بەڵام ئەوەی زۆر جیا بوو لە هەلومەرجەکانی پێشوو، تێکشکان و کەوتنی ڕژێمی بەعس بوو لە بەغداد لە ساڵی ٢٠٠٣دا. لە لایەکی ترەوە، ئەوەی ڕووی دا ئەوە بوو، کە: ١- سەرکردایەتیی کورد بە عەقڵیەتێکی **کۆن** کەوتە مامەڵەکردن لەگەڵ حاڵەتێکی **نوێ**، بەو مانایەش: بۆ ئەوەی دەرهاوێشتە ببێ بە شتێکی نوێ، دەبێ نەک هەر حاڵەت و هەلومەرج نوێ بن، بەڵکوو دەبێ بەر لە هەرشتێک، ئەوانەی مامەڵە لەگەڵ

ئەو حاڵەتەدا دەکەن، هەڵگری بۆچوون و جیهانبینیی نوێ بن، گەیشتبنە ئەو قەناعەتەی، کە بەڵێ لەبەر ئەوەی حاڵەت نوێیە، دەبێ بیرکردنەوەی کوردییش نوێ بێ، بۆ ئەوەی سەر لە شتێکی نوێ بدات، واتە شتێکی جیاواز بێت لە کۆنەکە.

بە مانایەکی تر، لەبەر ئەوەی سەرکردە کوردەکان ئەسیری جیهانبینییەک بوون کە هیی هەلومەرجێکی کاتبەسەراچوو بوو، نەیانتوانی هەلومەرجی نوێ ببینن و لێی تێبگەن.
٢- بە باوەڕی من، دەرهاوێشتەی کەوتنی ڕژێمی بەعس دەرفەتێکی مێژوویی گەورە بوو، کە دەکرا لەو دەرفەتەدا بەجیددی هەوڵی بەدەوڵەتبوون بدرێ. لە ٢٠٠٣دا، لە کاتێکدا نەک هەر دەوڵەتی عێراق هەڵوەشابوویەوە، بەڵکوو عێراق بەتەواوەتی لەژێر بەندی حەوتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بوو. بەو مانایەش، عێراق وڵاتێکی بێ سەروەریی نەتەوەیی بوو. لەوەش زیاتر، وڵاتە عەرەبییەکان دژی ئەوە بوون، کە بەزوویی بەشداری لە گەڕانەوەی ئەو سەروەرییە بۆ عێراق بکەن. جگە لەمەش، لە حاڵەتی ڕازینەبوونی لایەنی عەرەبی لە عێراق بە هەنگاوی جیابوونەوەی کوردستان لە عێراق، دەکرا کورد بە "ئاسانی" پەنا بۆ بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاساییشی نەتەوە یەکگرتووەکان ٦٨٨ و ٩٨٦ ببات، کە یەکەمیان واتە بڕیاری ٦٨٨، چوارچێوەیەک بووە بۆ پاراستنی کورد و لەوەش گرنگتر، بڕیاری دووەمیان بڕیاری ٩٨٦، دانی بەوەدا نابوو، کە ١٣٪ لە داهاتی نەوتی عێراق بۆ کورد بێت.

من پێشتریش وتوومە و نووسیومە، لە جیاتیی کارکردنی کورد بە ئاراستەی سێ بێهیوابوون، کە ئەوانیش بێهیوابوونی کوردە لە دەوڵەتی عێراق، بێهیوابوونی شیعە و سوننە لە

یەکتر و لەوانیش گرنگتر بێهیواکردنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بەتایبەتی ئەمەریکا بوو لە پڕۆژەی سەرلەنوێدامەزرانەوەی دەوڵەتی عێراق. دەڵێم لەبری ئەوە هەمووی، سەرانی کورد بەر لە هەموویان "سەرۆکی هەرێم،" کاری بێوچانیان کرد بۆ هیوا و باوەڕی کورد بە "عێراقی نوێ،" هیوای شیعە و سوننە بە یەکتر و بەهێزکردنی هیوای ئەمەریکا بە سەرکەوتنی پڕۆژەی دەوڵەتی عێراق، کە لە بنچینەدا پڕۆژەیەکی شکستخواردووی بەریتانییە...

بەکورتی، ئەمڕۆ ٩ ساڵ دوای پڕۆسەی دەوڵەتی عێراق، هەر ئەو سەرانەی کورد، کە ڕۆڵی سەرەکییان هەبوو لە دامەزرانەوەی دەوڵەتی عێراق، لە ترس و هەڕەشەی پڕچەککردنی عێراق ئاگادارمان دەکەنەوە و پێمان دەڵێن کوردستان بە شێوازی نوێ تەعریب دەکرێتەوە و هێزی سەربازیی عێراقیش لە کورد "پاکتاو" دەکرێ و بە ئاشکراش ئەو سەرکردانە پێمان دەڵێن ترس لە دووبارەبوونەوەی ئەنفالیش هەیە و... هتد. لە لایەکی ترەوە، هیچ سەرکردەیەک لەوانە نایەن بەڕاشکاوانە بە خەڵکی کوردستان بڵێن، کە هەڵەی گەورە هیی کورد بوو، چونکە ئەوە سەرانی کورد بوون نەیانتوانی مەرجە مێژوویی و سیاسییە نوێیەکان ببینن، لەبەر ئەوەی نەیانتوانی تەجاوزی بۆچوونە کاتبەسەرچووە کۆنەکانی خۆیان بن. بەو مانایەش، نەیانتوانی لەژێر درووشمێکی زۆر سادە بەرەوڕووی عێراقی عەرەبی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ببنەوە و بەڕاشکاوی بڵێن "ئێمەی سەرکردە ناتوانین لەبری خەڵکی کوردستان بڕیار بدەین و با کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بەر لە هەموویان نەتەوە یەکگرتووەکان، بچن/بێن لە خەڵکی

کوردستان بپرسن و بزانن دەیانەوێ لەگەڵ عێراق بمێننەوە یا نا." هەر نەبێ دەیانتوانی وەک *یاسر عەرەفات*، کە لە ساڵی ٢٠٠٠ لە چوارچێوەی گفتوگۆکانی ئاشتیدا بە ئەمەریکییەکانی وت: گەر منیش لەژێر فشارەکانی ئێوە بە سازش ڕازی ببم، ئەوا هەرگیز جەماوەر، واتە فەلەستینییەکان، بەو سازشە ڕازی نابن... بە هەمان شێوە سەرکردە کوردەکان دەیانتوانی بە هەموو لایەک بڵێن، گەر ئێمە وەک سەرکردە ڕازیش ببین، ئەوا بە زەرورەت خەڵکی کوردستان ڕازی نابێت!

لە لایەکی ترەوە، ڕاستییەکەی ئەوەیە، کە دوو لەو کەسایەتییە کوردانەی بە بێوچان کاریان بۆ ئەوە کردووە کە عێراق لە بەندی حەوتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەر بچێ و سەروەریی تەواوی بۆ بگەڕێتەوە، مام جەلال و هوشیار زێباری بوون.

بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە، کە هەر هەنگاوێک بەرەوپێشچوون لەم ئاراستەیەدا، واتە لە ئاراستەی گەڕانەوەی سەروەری بۆ عێراق، مانای مەحرومکردنی کوردە لە بەکاربردنی هەمان بەندی حەوت و بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان. بە واتایەکی تر دەرچوونی عێراق لەژێر بەندی حەوت، بە واتای نەمانی ئەو کەلێنانە بووە کە لە سەروەریی عێراقدا هەبوون و دواجار تۆکمەبوونی ئەو سەروەرییە بووە. لە لایەکی ترەوە، پارتی وەک لایەنێکی هاوپەیمانیی ستراتیژی و پشتگیرێکی سەرسەختی وەرگرتنی پۆستی سەرۆککۆماری لەلایەن مام جەلالەوە، بەشدارە لە هەموو بەرپرسیاریەتێکی زیندووبوونەوە و بەهێزبوونەوەی دەوڵەتی عێراق. هەر لەبەر ئەوەشە پارتی و سەرۆکەکەی مەسعود بارزانی، ناتوانێ

بەئاسانی خۆی بکات بە خاوەنی شانازیی دەوڵەتی سەربەخۆ و لایەنەکەی تری هاوپەیمانییش، یەکێتیی نیشتمانی وەک ڕێگر لەو شانازییە پیشان بدات، چونکە ئەم دوو حیزبە بەبێ جیاوازی بەرپرسن لە دەرچوونی عێراق لەژێر بەندی حەوت و دواجار بێبەشبوونی کورد لە بەکارهێنانی هەمان ئەو بەندە!

سبەی: بۆچوونێکی تر هەیە، کە دەڵێت دەوڵەتی کوردی تەنها زەمانەتی نێودەوڵەتیی دەوێت، زەمانەتی نێودەوڵەتی، دەوڵەتی کوردی دەکات بە واقیع و بەدەستهێنانی ئەو زەمانەتەش قورس نییە، چونکە کوردستان وڵاتێکی دەوڵەمەندە، دەتوانێت جۆرێک لەو ڕێکەوتنانە بکات، کە میر و پاشاکانی کەنداوی عەرەبی لەگەڵ ڕۆژئاوادا کردوویانە، ڕای تۆ لەم بارەیەوە؟

ب. یاسین: بە باوەڕی من، مەسەلە هەر پشتگیریی نێودەوڵەتی نییە، بەڵکوو سالانێکی زۆر بۆچوونی بالادەست لەناو بزاڤی چەکداریی کورد لە باشووری کوردستان ئەوە بووە، ئەم بزاڤە بەبێ پشتگیریی داگیرکەرێکی تر، واتە ئێرانی زەمانی شا و ئێرانی زەمانی ئایەتوڵلاکان، ناتوانێ لەسەر پێ بوەستێ. ئەم باوەڕە زۆر ترسناکترە لەوەی کورد بەبێ پشتگیریی نێودەوڵەتی ناتوانێ ببێ بە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی. ئەوەی مەبەستمە لەم ئاماژەیە ئەوەیە، کە بزاڤی کورد تا ڕادەیەکی زۆر بوون و هێزی خۆی لە هەمان هەلومەرجە ئیقلیمییەکان، بە پلەی یەکەم یارمەتی لە داگیرکەرانی کوردستانەوە، دیوە تا لە ئیرادەی خەڵکی کوردستان. بە زمانێکی ڕاشکاوانەتر، لە باشترین حاڵەتدا

ئیرادەی خۆی خستۆتە ژێر ڕەحمەتی داگیرکەرێکی تر و شەڕی خۆیشی بۆ "ئازادی" کردووە بە بەشێک لە ستراتیژی داگیرکەرێکی تر. دەرهاوێشتەیەکی زۆر گرنگی ئەو حاڵەتە، باوەڕبەخۆنەبوون و باوەڕ بە ئیرادەی خەڵکنەبوون بووە و ماهییەتی بزاڤەکەی لە بزاڤێکی ئازادیخواز گۆڕیوە بە بزاڤێک، کە بەشێکە لە سیاسەت و گەمە چەپەڵەکانی داگیرکەرێکی تری بەشێکی تری کوردستان.

بە پەیوەندی لەگەڵ مەسەلەی پشتگیریی نێودەوڵەتی، زۆرن ئەو نموونانەی پێمان دەڵێن کاتێک گەلێک بڕیاری خۆی دا، دەتوانێ ڕای جیهانیش بگۆڕێ و پشتگیریی نێودەوڵەتییش بەدەست بهێنێ. لە سەرەتای ۱۸۸۰کان، ژمارەی جوولەکەکان لە فەلەستین لە ۲۵۰۰۰ کەس زیاتر نەبووە، بەڵام هەر زووش بڕیاری ئەوەیان داوە، کە هەر لە فەلەستین *ببن بە خاوەنی دەوڵەتی خۆیان*. لەو کاتەدا هیچ پشتگیرییەکی نێودەوڵەتییەکان نەبوو، بەڵکوو ئەو پشتگیرییە دواتر بە خەبات و توانای دڵسۆزانەی سەرکردەکانی بزاڤی زایۆنیزم بەدەست هات. کاتێکیش ئەوان لە سەرەتای سەدەی بیستەم کەمایەتییەکی زۆر کەمی فەلەستین بوون، بە بێوچان کاریان کرد بۆ بوونیادنانی دەوڵەتی داهاتوویان، دامەزراندنی تەلئەبیب وەک پایتەختی دەوڵەتی داهاتوویان، دانیشگەی عیبری و بانک و پەروەردەی تایبەت بە خۆیان و کارکردن بۆ زمانی یەکبوو و زۆر شتی تر. هەمووی لە ۲۵ ساڵی یەکەمی سەدەی بیستەم ئەنجام دران، واتە زۆر زووتر بەر لە ڕاگەیاندنی دەوڵەتی ئیسرائیل... ئەم کارانە و زۆر کاری تری گرنگ لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئەلتەرنەتیڤ، بە واتای عیبری، (yishuv) ئەنجام

دران. ئەمانە هەمووی پێچەوانەی ئەزموونی کوردین لە بیست ساڵی ڕابردوودا، بەو واتایەی لە زۆربەی زۆری بوارەکان، لە چوارچێوەی ئەوەی پێی دەبێژن ئەزموونی کوردی، چوونەدواوە هەیە تا پێشکەوتن... ئەمڕۆ لە کوردستانی کەم یا زۆر ئازاددا، خەڵکی کوردستان بە دەرمان و خۆراکی کاتبەسەرچوو ئەنفال دەکرێتەوە، ئەوەتا لە ژمارەی هەرە دواییی گۆڤاری لڤیندا لەسەر زاری سەرۆکی هەرێم دەوترێ، ئەوەی لە بواری دەرمانی کاتبەسەرچوو دەکرێ، لە هەڵەبجە خراپترە...

جێگەی داخە ئێستاش لە وڵاتی ئێمە، بەتایبەتی بە هۆی هەژموونی چەپی نەتەوەی سەردەست، ئەو بۆچوونە باو و بگرە باڵادەستیشە، کە دامەزرانی ئیسرائیل پیلانێکی ئیمپریالی – زایۆنی بوو... جارێ ڕاستکردنەوەی ئەم بۆچوونە دەتوانێ زۆر یارمەتیدەر بێت لە پەندوەرگرتن لە ئەزموونێکی زۆر دەوڵەمەند، کە بەسەرهات و ئەزموونی جووەکانە لە دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەییی تایبەت بە خۆیان...

لە مێژووی زۆر نزیکیشدا، ئیدارەی ئەمەریکا دژایەتیی خۆی، لە سەرەتای ١٩٩٠ەکان دەربڕی، بۆ ئەگەری ڕاگەیاندنی ئۆکرانیا بۆ سەربەخۆییی خۆی، بەڵام کە ئۆکرانیا سەربەخۆییی خۆی ڕاگەیاند، ئەمەریکا بەر لە زۆرێک لە وڵاتان قبوڵی کرد و پێزانینی ڕەسمیی بەو وڵاتە نوێیە ڕاگەیاند... بە هەمان شێوە، هەر ئەو ئیدارەیە دواتر دژایەتیی خۆی لە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی لەلایەن گەلانی یوگوسلاڤیای پێشوو دەر بڕی، بەڵام هەر ئەو ئیدارەیە کەمێک دواتر بە هەموو توانا و هێزی سەربازی بەرگریی لەوانە کرد، کە سەربەخۆییی خۆیان لە

یوگوسلاڤیا ڕاگەیاندبوو! لە ڕاستیدا ئیدارەی ئەمەریکی بوو بە ئەندازیاری هەڵوەشاندنەوەی یوگوسلاڤیا لە چوارچێوەی ڕێکەوت و تەرتیباتی ئاشتی دایتۆن... زۆر بەکورتی، کێشەکە نەبوونی پشتگیریی نێودەوڵەتی نییە، بەڵکوو کێشەکە زیاتر ئەوەیە تا ئێستاش سەرکردەی زۆر هەن، باوەڕیان بە عێراقی دیموکراتی و فیدراڵی هەیە وەک تاکەچارەسەر. ئەو سەرکردانەی لە پرۆسەی دامەزراندنەوەی عێراق و نووسینەوە و قبوڵکردنی دەستووردا پێیان وتین ئیتر چیی تر کورد ئەنفال ناکرێتەوە و ئەو دەستوورەش ئەو زەمانەتەیە، هەر ئەو سەرکردانە لەم ڕۆژانەدا بە خەڵکی کوردستان دەڵێن، ئاگادار بن "ئێستاش زۆرن ئەو کەسانەی حوکمی عێراق دەکەن، بەڵام گەر بۆیان بکرێ، هەر ئەو کەسانە ئەنفالمان دەکەنەوە!"

نیوەی تر لە پرسیارەکەتان، باسی بەکارهێنانی سەرچاوەکانی دەوڵەمەندییە بە مەبەستی گەیشتن بە دەوڵەتی سەربەخۆ. بەداخەوە بەو شێوەیەی سەرانی کورد سەرچاوەکانی دەوڵەمەندی، بەتایبەتی نەوت و گاز، بەکار دەهێنن، تەنها لە خزمەتی توێژێکی ناو خودی دەسەڵات، کە بەتەماحە، چاوبرسی و چاوچنۆکە. ئەم توێژە لەپێناو حەز و خولیاکانی خۆی بۆ دەوڵەمەندبوون ئامادەیە هەموو بەرژەوەندییە نەتەوەیییەکانی خەڵکی کوردستان بخاتە ژێر پێ. لە ڕاستیدا ئەم توێژە تەماح و چاوبرسییە، ئەمڕۆ لە ڕێگەی مۆنۆپۆلکردنی زۆربەی جومگەکانی ئابووریی کوردستان، بەتایبەتی نەوت و گاز، مەترسیی هەرە گەورەیە لەسەر دواڕۆژی کورد و بەرژەوەندییە نەتەوەیییەکانی تا نەبوونی پشتگیریی نێودەوڵەتی.

زۆر بەکورتی، باوەڕم وایە، کورد یەکسەر دوای کەوتنی ڕژێمی سەدام دەیتوانی کار بکات بۆ بەدەوڵەتبوون. باشترین شێوەش بۆ هەنگاوێکی ئەوها، ئەوە بوو، کە بەرپرسیارێتیی بڕیارێکی ئەوها لە سەرکردەکان بگوێزرێتەوە بۆ خەڵکی کوردستان، نەک سەرکردایەتی خۆی بکرێتە تەرەف لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. هەر ئەو تەرەفبوونەش لەو "ململانێیەدا" دەکرا بە ڕیفراندۆم - ڕاپرسی یەکلایی بکرایەتەوە.

بەڵام کە ئەمەش نەکرا، دەکرا کورد لە ٢٠ ساڵی ڕابردوودا لە باشووری کوردستان کۆمەڵێک شتی زۆر گرنگ بکات، لە پرۆسەی بەنەتەوەبوون و بەدەوڵەتبووندا، کە هیچیان نە پێویستی بە پشتگیری و نە پێزانینی ڕەسمیی نێودەوڵەتی هەبوو، لەپێش هەموویانەوە کارکردن بۆ زمانێکی یەکگرتوو، کە بەداخەوە نەک هەر ئەوە نەکراوە، بەڵکوو لەبەر نەبوونی ڕوئیایەکی ڕوون لەمەڕ مەسەلەی بەنەتەوەبوون، خەریکە باشووری کوردستان دەبێتە دوو گەل، دوو نەتەوە. مرۆڤ دەتوانێ بپرسێ کێ لەو حاڵەتە بەرپرسە، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی یا دەسەڵاتدارانی کورد خۆیان؟

لەبەر ئەوە، کاتی ئەوە هاتووە خەڵکی کوردستان مەسەلەی سەربەخۆیی خۆی بکات بە مەسەلەی خۆی و دەسەڵاتدارانیش بەرەوڕووی بەرپرسیارێتیی مێژوویی بکاتەوە لە گەیشتنی شتەکان بەو ئاقار و ئاکامە نێگەتیڤانە.

سبەی: کۆتاپرسیارمان ئەوەیە، لە ساڵی ٢٠٠٥ بزوتنەوەی ڕیفراندۆم هاوشانی هەڵبژاردنەکانی عێراق دەنگدانی بۆ مافی چارەی خۆنووسین کۆ کردەوە و زیاتر ٩٨٪ی دەنگدەران

داوای سەربەخۆیییان کرد، ئەوکات سەرکردایەتیی کورد پشتی لەو داوایەی خەڵک کرد، بەڵام لە ئێستادا ئەو داوایە بۆتە درووشمی هەندێک لایەن، بۆچوونی تۆ لەم بارەیەوە چییە؟

ب. یاسین: ئەمە پرسیارێکی پڕمانایە و باسکردنیشی زیاتر لە گرنگییەکی هەیە. سەرەتا گەر سەرۆکی هەرێم جیددی بێت لە ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ، دەبێ بەر لە هەرشتێک، بەڕاشکاوی خۆی بەرەوڕووی مێژوو و ئەزموونە گرنگەکانی بکاتەوە، بەتایبەتی ئەو ڕووداوانەی پەیوەندییان بە مەسەلەی دەوڵەتی سەربەخۆوە هەیە. لە کاتێکدا زۆر لایەن و لێکۆڵەر و چاودێر بزاڤی ڕیفراندۆمی باشووری کوردستان و دەرهاوێشتەکانی، بەتایبەتی دەنگدان لە ڕاپرسییەکی نارەسمیدا بۆ سەربەخۆییی کوردستان، جێگەی گرنگیپێدان و تێڕامان بووە، سەرۆکی هەرێم لە هەموو کەس کەمهەڵوێستتر بووە لەو پڕۆسە و ئەزموونە دەوڵەمەند و گرنگەی ڕیفراندۆم. هەر ئەم تێبینییە بۆخۆی گومانێکی زۆر دەخاتە سەر جیددییەتی بانگەشەکانی سەرۆکی هەرێم لەمەڕ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ... مەسعود بارزانی بەئاسانی دەتوانێ بە عێراقی عەرەبی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بڵێ، ئەوە خەڵکی کوردستانە بە ڕێژەی ٩٨٪ دەنگی بۆ سەربەخۆییی خۆی داوە و منیش وەک سەرۆک و نوێنەری ئەو هەرێمە، تەنیا شتێکم لەسەرە، ئەویش سەردانەواندنە بۆ ئەو بڕیارەی خەڵک! لەبری ئەوەی بارزانی خۆی لەو ڕووداوە گرنگە، واتە بزاڤی ڕیفراندۆم و دەرهاوێشتەکانی و ئاماژەپێدانی، بشارێتەوە، جێی خۆیەتی

بە گرنگی و شانازییەوە ئاماژە بەم ڕاستییە بکات. ئاخر ئەو ئاماژەیە دەیتوانی زۆر یارمەتیدەر بێت، هەتا ئەگەر هەر نەبێ بۆ بەهێزکردنی بەهانەی خۆیشی بێت...

بە باوەڕی من، ئەمە هەر ئاماژەیەکی سەرپێی نییە و گرنگیی زۆری هەیە، چونکە بەر لە هەموو شتێک: ١- کاتێک سەرۆکی هەرێم خۆی لە باسکردنی ئەو ڕاپرسییە نادات و خۆی لەو ڕاستییە دەشارێتەوە کە ٩٨٪ی خەڵکی کوردستان دەنگیان بۆ سەربەخۆیی داوە، ئەوا بەئاسانی پێمان دەڵێ ئیرادەی خەڵک بۆ سەربەخۆیی شتێکی گرنگ نییە، بەڵکوو ئەوەی گرنگە تەنها و تەنها بڕیاری تاکڕەوانە. لە ڕاستیدا سەرۆکی هەرێم نەک هەر خەمی لەوە نەخواردووە کە پرسی سەربەخۆیی لە لای هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن، بەڵکو بگرە هەوڵی ئەوەشی نەداوە، ئەم پرسە لای هاوپەیمانە ستراتیژییەکەشی کە یەکێتیی نیشتمانییە، بەرجەستە بکات. لە ڕاستیدا، بەپێی هەندێک سەرچاوە، بارزانی هاوپەیمانەکەی خۆی لە باسوخواس و ئەگەرەکانی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ لە نەورۆزدا ئاگادار نەکردۆتەوە. ٢- ئاماژەیەکی تری ئەو هەڵوێستەی سەرۆکی هەرێم ئەوەیە، ئەو دەخوازێ شانازیی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستانی سەربەخۆ، تەنها بۆ خۆی، لە باشترین حاڵەتیشدا بۆ خۆی و حیزبەکەی خۆی بێت. بە واتایەکی تر، ئەمە شتێکی هەرە مەترسیدارە، کە خەریکە ڕوو دەدات. ٣- پڕماناکردن و بەرزڕاگرتنی ئیرادەی خەڵک ڕوو لە دەرەوە، لە مەسەلەی سەربەخۆییدا، وا دەکات ئیتر زوو یا درەنگ هەر ئەو ئیرادەیە ببێت بە سەرئێشە بۆ خودی خۆی و سیستمی سیاسی لە ناوخۆدا. واتە بۆ خۆپاراستن لەو

ئیرادەیە لە ناوخۆدا، پێویست دەکات هەمان ئەو ئیرادەیە ڕوو بە دەرەوەش کارا نەکرێت!

بە هەموو پێوەرێک و لە تێگەیشتنی دروست لە هەموو ئاماژەکان، ئەو کاتەی بزاڤی ڕیفراندۆم لەسەر پێ بوو، ئەوەمان بۆ پشتڕاست دەکاتەوە، کە ئەو بزاڤە دەیتوانی بگاتە پێگەیەکی زۆر گرنگ لە سەرکەوتن، ئەویش ڕێگرتن بوو لە دروستبوونەوەی دەوڵەتی عێراق و دواجار جیاکردنەوەی باشووری کوردستان لەو دەوڵەتە بوو. بەپێی ئاگادارییەکانم، کە یەکێک بووم لەوانەی لە دەرەوەی وڵات شەرەفی بەرپرسیارێتیم تا مانگی ٥ی ٢٠٠٤ لەو بزاڤەدا هەبوو، دەزانم چۆن بەگەرمی لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە جنێڤ لە سەرەتای مانگی ئازاری ٢٠٠٤ پێشوازی لە شاندی بزاڤی ڕیفراندۆم لە دەرەوەی وڵات کرا و بۆ ماوەی نزیکەی سێ کاتژمێر گفتوگۆیان لەگەڵدا کرا و دەرهاوێشتەی قسەکانی لایەنی نەتەوە یەکگرتووەکان سێ شت بوو: ١- هەموو گەلێک مافی چارەی خۆنووسین و ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی هەیە، بە کوردیشەوە. ٢- بەلای نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، گرنگە هەڵوێستی ئەرێنیی دوو هێزی سەرەکیی کوردستان (پارتی و یەکێتی) لە خواستی ڕیفراندۆم، یا هەر ئەلتەرناتیڤێکی تر، پشتڕاست بکرێتەوە. ٣- بە زووترین کات ئەو ئیمزایانە، کەم یا زۆر نزیکەی یەک ملیۆن و هەشت سەد هەزار ئیمزا، کە بۆ داوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆم کۆ کرابوونەوە، بگەیەندرێنە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئەوەی کاری لەسەر بکرێ... دیارە نەگەیشتنی ئیمزاکان لە کاتی پێویستدا و هەڵبژاردەی دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراق، لەبری ئەلتەرنەتیڤی تر، بە

پلەی یەکەم دەکەوێتە ئەستۆی پارتی و یەکێتی.

لە ڕاستیدا، لە کاتێکدا لە دوو بۆنەی جیاوازدا لە ساڵی ٢٠٠٤ *هاری شوت*، بەرپرسی مەدەنیی ئەمەریکی لە باکووری عێراق و *کۆندەلیزا ڕایس*، وەزیری دەرەوەی ئەو کاتەی ئەمەریکا، پرسیاریان دەربارەی مافی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە باشووری کوردستان لێ کرا، هیچ کامیان وەڵامی نێگەتیڤانەیان نەبوو، یەکەمیان تەنانەت ئەوەی وت، کە بەڵێ ئێمە هاتووینەتە ئێرە (هەولێر – کوردستان) بۆ ئەوەی گوێ لە ڕای خەڵکی بگرین و وەڵامی دووەمیشیان، واتە هی کۆندەلیزا ڕایس، ئەوە بوو، کە بەڵێ ئێمە دەزانین گەلان ئەو مافەیان مومارەسە کردووە و بگرە لای دراوسێکانمان* دوو جار ڕیفراندۆم ئەنجام دراوە. بە خوێندنەوەیەکی تر، دەکرێ بوترێ هەردوو بۆچوونەکان ڕوو لە ئەگەری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە باشووری کوردستان، پۆزەتیڤ بوو تا نێگەتیڤ.

لە لایەکی ترەوە، ئەو وەڵامانەی بە زارەکی و نووسراو دراونەتە نوێنەرانی بزاڤی ڕیفراندۆم لە دەرەوەی وڵات، لەلایەن وڵاتانی جیاجیا ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە: ١- بەگشتی هەڵوێستێکی پۆزەتیڤانە هەبوو بەرامبەر ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لەژێر چاودێریی نەتەوە یەکگرتووەکان. ٢- بەڵام لەبەر ئەوەی ڕای ڕەسمیی سەرکردە کوردەکان، دیسان زیاتر ئاماژە بە ڕای ڕەسمیی پارتی و یەکێتی دەکرێ، لەگەڵ عێراقێکی یەکبوودا بووە، ئەوا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش دەبێ ڕێزی ئەو بۆچوونە ڕەسمییە کوردییە بگرێ. لە ڕاستیدا کاتێکیش

* دیارە مەبەستی کەنەدا بوو لەسەر چارەنووسی ناوچەی کیوبک. نووسەر.

کۆمیتەی ڕیفراندۆمی کوردستان ئیمزاکانیان لە کۆتاییی شوباتی ٢٠٠٤ گەیاندە مەجلیسی حوکم، بەرپرسە کوردەکان گرنگییەکی ئەوتۆیان پیشان نەدا، لە باشترین حاڵەتدا، ئەو ئیمزایانە لەلایەن سەرکردە کوردەکان بەکار هێنران لەپێناو وەرگرتنی پلە و پایە لە بەغداد. جگە لەوەش، بە باوەڕی خۆم، ڕۆڵی کۆمیتەی کوردستانیی بزاڤەکە، خۆیشی هەر زوو کەوتە ژێر هەژموون و ڕکێفی دەسەڵاتدارانی کورد، زۆر بەتایبەتی مام جەلال، کە ئەمەش وای کرد تەواوی بزاڤەکە بکرێ بە بەشێک لە ستراتیژی دوو هێزە سەرەکییەکە، ئەویش خۆی لە زیندووکردنەوەی دەوڵەتی عێراق و لکاندنەوەی باشووری کوردستان بەو وڵاتەوە چڕ کردبۆوە.

# کاتێک سیاسەت ئاراستە ڕاست و دروستەکانی لەدەست دەدات

**لە پێگەی سبەی، لە ٢٠١٢/١١/٢٩ و لە ڕۆژنامەی هاووڵاتی لە ژمارە ٩٤٠ و ٩٤١دا بڵاو بۆتەوە**

## ناوەڕۆک


پێشەکی ........................................ ٣٨٢
سروشتی کێشەکان ........................................ ٣٨٣
پێگەی کورد ........................................ ٣٨٥
شەڕی هەولێر و بەغداد: کەی؟ ........................................ ٣٨٨
قەیران: ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات ........................................ ٣٩١

# پێشەکی

پێشـوەچوونەکانی ئـەم دواییيـەی پەیوەندییەکانـی هەرێمـی کوردسـتان و بەغداد و شـێوازی کاردانەوە سیاسـییەکان لەسـەر پانتاییی سیاسـیی باشـووری کوردسـتان، زیاتـر لـە ئەگەرێـک و پرسـیارێک لـە خۆیـان دەگرن. لـە کۆی تێبینـی و تێڕامانـەکان، وا دەر دەکەوێ ئەو بنبەسـتە سیاسـییەی پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغداد پێـی گەیشـتووە، ئەوەمـان پـێ دەڵـێ، کـە چیی تـر ئیمکانی نییـە ئـەو بنبەسـتە پاڵ بدرێتـە پێشـەوە یا خـۆی لـێ لا بدرێ، ئەگـەر ئـەم جارەش ئـەو بنبەسـتە پاڵ بدرێتـە پێشـەوە، ئـەوا لـە باشترین حاڵەتدا لەسەر حسابی لایەنی کوردی دەبێت. لایەنێکی گرنگـی کێشـەکەش ئەوەیـە، سیاسـەتەکانی دەسـەڵاتی کـوردی لە بەرامبەر بەغداد بەتەواوەتی بە بنبەسـت و شکسـت گەیشـتوون. بـە هەرحـاڵ، پارادۆکس ئەوەیـە، ئـەو دەسـەڵاتە دەیـەوێ هەمـان بنبەسـت و شکسـت بـۆ خـۆی، ڕوو لـە نـاوەوەی کوردسـتان، بەتایبەتـی بەرامبـەر بـە ئۆپۆزسـیۆن، بـکات بـە "سـەرکەوتن." ئەمەش خۆی لە خۆیدا تراژیدیایەکی تری سیاسەتە کوردییەکانە و بـە ئەگـەری زۆریـش لـە بەردەوامییدا بـە نەهامەتییەکی گەورە بـۆ خەڵکـی کوردسـتان تـەواو دەبـێ!

ئەم وتارە بە شـێوەی سـەرەکی هەوڵێکە بۆ تیشکخستنەسـەر

ئەو بارودۆخەی باشووری کوردستان دووچاری بۆتەوە، بەتایبەتی بە جەختکردنەوە لە بابەتی پەیوەندییەکانی نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن. بۆ فەراهەمکردنی باسەکەش، هەوڵ دەدەم کۆمەڵێک ڕەهەند و بابەت لە تابلۆیەکی یەکبوودا بخەمە ژێر ڕۆشناییی باس.

## سروشتی کێشەکان

زۆر جار کەس و لایەنەکان دەکەونە هەڵەیەکی زۆر جیددییەوە، کاتێک بۆ تێگەیشتن لەو قەیرانەی ئەمڕۆ بەرۆکی پانتاییی سیاسیی لە باشووری کوردستانی گرتووە، باس لە سەرەتای دروستبوونی ئۆپەراسیۆنی دیجلە یا هەندێ ڕووداوی تری لەو جۆرە دەکەن. لە بەرامبەردا دەمەوێ ئەوە جەخت بکەمەوە، کە تەواوی کێشەکە پێ لە کۆمەڵێک هەڵەی جیددی هەڵدەگرێ، کە هەر لە سەرەتای سەرلەنوێدامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراق، دوای کەوتنی دیکتاتۆر، سەرکردایەتیی سیاسیی باشووری کوردستان تێیان کەوت. ئەم هەڵە سیاسییانەش زیاتر دەربڕی گەشبینییەکی سیاسیی بێبنچینە و بێبنەما بوو. ئەو گەششبینییەش دەرهاوێشتەی خوێندنەوەیەکی بە هەڵەی سەروبەری ڕوانگە سیاسییەکە بوو. خوێندنەوەکەش بۆخۆی ڕەنگدانەوە و دەربڕی جیهانبینییەک بوو، کە هیی دوێنێیەکی زوو و کاتبەسەرچوو بوو، جیهانبینییەک، کە خۆی لەو بڕوایە دەبینییەوە، کە شێوەیەک لە شێوەکانی ئۆتۆنۆمی دەتوانێ چارەسەری کێشەی کورد بکات. دیوەکەی تری ئەو باوەڕەش ئەوە بووە، کە دیموکراسی دەتوانێ ئەو زامنە بێ کە

کورد لە چوارچێوەیدا بە مافەکانی بگات، بەبێ ئەوەی بیری لەوە کردبێتەوە، کە سیستمی هەڵبژاردن دەکرێ نەتەوەی سەردەست بکات بە خاوەنی پێگەی ***زۆرینەی دیکتاتۆری***. لە لایەکی ترەوە، لەم ڕۆژانەدا، دوای ئەوەی کورد زۆر درەنگ کەوت لە تێگەیشتنی ئەو مەسەلەیە، ترسێکی گەورە لەوە هەیە، کە حکومەتی داهاتوو هیی زۆرینە، تۆ بڵێ دیکتاتۆریەتی زۆرینە بێ و ئەگەرێکی هەرە بەهێزیش ئەوەیە، کورد بێبەش بکرێ لەو حکومەتە زۆرینەیە...

سەیر ئەوەیە، ڕاستییەکی تاڵ بۆ کورد بەردەوام ئەوە بووە، کە لەناو دامەزرێنەرە هەرە چالاکەکانی هێزی لەشکری عێراق لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی ڕابردوو، کۆمەڵێک ئەفسەری کورد هەبوون... ئەم ڕاستییە دەبوو ببوایە بە دەرسێک کە نەوەکانی دواتر سوودی لێ وەر بگرن و *ئەو مێژووە دووبارە نەکەنەوە*، بەڵام لە کاتێکدا، کە هەر ئێستا قەیرانی متمانە لەنێوان هەولێر و بەغداد دەگا بە ئاستێکی زۆر ترسناک، سەرۆکی هەرێم بەبێ ئەوەی هەست بە گوناهـ بکات و هیچ هێمایەکی دەر بڕیبێ لەمەڕ هەڵەکردنی لایەنی کوردی لە دامەزراندنەوەی سەرلەنوێی دەوڵەتی عێراق، بەڕاشکاونە باس لەوە دەکات، کە لە کاتێکدا شیعە و سوننە دوودڵ بوون لە دامەزراندنەوەی هێزی سەربازیی عێراق، "ئێمەی کورد" بووین بە سەرچاوەی سەرەکیی دامەزراندنەوەی ئەو لەشکرە! بەم مانایەش، کێشەی کورد لەگەڵ بەغداد ئەوە نییە کە کێ سەرۆکوەزیرانی عێراقە، بەڵکوو کێشەکە لەوەدایە لایەنی کورد لە ڕابردوودا بە هەڵەدا چوو، ئێستا لە پێگەیەکی هەڵەوە سیاسەت دەکات و بە ئەگەری زۆر لە داهاتووشدا باجی ئەو

هەڵانەی دەدات. ئێستا، بەو مانایە، هەڕەشەی گەورە بەغداد نییە، بەڵکوو هەڕەشە ئەوەیە، هەڵگرانی لۆژیکی سیاسیی هەڵە و جیهانبینییەکی چەوت و شکستخواردوو، سەرکردایەتیی کورد دەکەن، وەک مۆتەکە لەسەر کێشە جوان و ڕەواکەی دانیشتوون، خراپتریش لەوە، ئەو کێشە جوانەیان کردووە بە دیوارێک، خۆیانی لەپشت حەشار دەدەن و دەیکەن بە قەڵغانی بەرگریکردن لە خۆیان... بەردەوامیی هاوکێشەکان بەم شێوەیە، بە ئەگەری زۆر کاریسەیەکی نەتەوەییی گەورە بۆ کورد بەدوای خۆیدا دەهێنێ.

## پێگەی کورد

لە تێڕوانینێکی بەپەلە لە بارودۆخی باشووری کوردستان و سیستمە سیاسییەکەی، دەتوانین ئەوە بڵێین کە باشووری کوردستان لەم پێگە و بارودۆخەی تیایدا دەژی، نە ئامادەیە بگات بە ئاشتییەکی سەرکەوتوو و نە شەڕێکی سەرکەوتوو لەگەڵ بەغداد. بەهانە سەرەکییەکانی ئەو بۆچوونەش ئەوەن کە: ١- سیستمی سیاسی لە باشووری کوردستان لە ژمارەیەکی یەکجار زۆر ڕەهەندەوە شکستی هێناوە لە بەرهەمهێنانی بەرەیەکی ناوخۆیی، سیستمێکی سیاسیی بەهێز، کە تیایدا تاک متمانەی بە سیاسییەکانی هەبێ و وابەستەبوونێکی توندوتۆڵی بەو سیستمە هەبێ و لە ڕێگەی سەرکردایەتییەکی دڵسۆزەوە ئامادەی هەموو خۆبەختکردنێک بێت. ئامادەییی ڕۆژانی خەباتی شار و شاخی ڕابردوو لە خۆڕاگرییەکی بێوێنەدا بەرامبەر یەکێک لە دڕندەترین ڕژێمە ستەمکارەکان، چووە مێژووەوە و چیی تر بوونی نییە.

لە ڕاستیدا ئەو وابەستەییە بەهێزە بە نەتەوەوە و ئەو خواستی قوربانیدانە لەسەر دەستی دەسەڵاتێکی گەندەڵ لە ٢٠ ساڵی دواییدا، قەبر کرا. ٢- لەگەڵ ئەوەی هاوپەیمانییەکی ستراتیژی لەنێوان پارتی و یەکێتیدا هەیە، بەڵام بەشێک لەو قەیرانەی هەیە، زیاتر هیی پەیوەندییەکانی نێوان پارتی و یەکێتییە تا هیی کورد لە لایەک و بەغداد لە لایەکی تر. هەنگاوەکانی ئەو دوو حیزبە زیاتر هیی گومڕایی و پرسی ئەوەی کە ئایا لە هەنگاوی داهاتوودا یەکێتی چەند براوە دەبێ یا دۆڕاو، یا پارتی چەند سەرکەوتوو دەبێت یا چۆکشکاو. ٣- لە دەزگا ڕەسمییەکانی هەرێمدا، وەک بڵێی هەریەکە لە جیهانی خۆیدا بژی وایە، بە شێوەی جیاجیا هەڵسوکەوتیان لەگەڵ قەیرانەکەدا کردووە. پەرلەمان نەیتوانیوە بە جیددی ئەم کێشەیە تاووتوێ بکات، سەرۆکی حکومەت لە چەند قسە و ڕاگەیاندنێکی گشتی بەدەر، خۆی لەو باسوخواسانە نزیک نەکردۆتەوە، تەواوی فاییلی قەیرانەکە لە دەست سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، تۆ بڵێی سەرۆکی هەرێمدا بووە. ٤- لە پێگەی ئیقلیمیدا: پشتبەستن بەو بۆچوونەی کورد لە بەرەوڕووبوونەوەی سەربازیدا لەگەڵ بەغداد، جارێکی تر ئەوەی بەسەر نایەت کە لە ١٩٧٥دا بەسەری هات، *دەکرێ هەڵەیەکی زۆر کوشندە بێت*. هەرچەندە پەیوەندییەکانی باشووری کوردستان و تورکیا بەرەوپێشچوونی بە خۆوە بینیوە، بەڵام ئێستاش عێراق وەک وڵات، ئەو ئامرازانەی بە دەستەوە هەن، کە لە بادانەوەیەکی سیاسیدا و بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو لەگەڵ تورکیا بگاتە لەیەکگەیشتنێک لە شێوەی ئەوەی لە جەزائیر لە ٦ی ئازاری ١٩٧٥دا لەنێوان عێراق و ئێراندا کرا بۆ پشتشکاندنی کورد.

بەهانەیەکی گرنگ بۆ ئەو ئەگەری لەیەکگەیشتنەی تورکیا و عێراق، دەکرێ زیاتر بەرهەمی ئەو باوەڕەی تورکیا بێت، کە ئیتر ڕۆڵ و کاریگەریی پەکەکە بە پەیوەندی لەگەڵ پێشوەچوونەکانی خۆرئاوای کوردستان و زێدەبوونی ڕۆڵی پەکەکە لەوێ و تەشەنەبوون و زێدەبوونی ئۆپەراسیۆنەکانی پەکەکە لە باکووری کوردستان، وا لە تورکیا بکات لە عێراق نزیک ببێتەوە بۆ خەملاندنی تێگەیشتنێک لەسەر فاییلی کوردی، کە تیایدا زۆر بەکورتی عێراق ئامادەیی پیشان بدات لەوەی بە کردار ئامادەی هاوکارییە لەپێناو لێدان و لاوازکردنی پەکەکە. هەر لێرەشدا پرسیار ئەوەیە: ئایا لەنێوان قەندیل و هەولێر هیچ جۆرە لە یەکترگەیشتنێک هەیە بۆ ئەوەی ڕێگە لە ئەگەرێکی ئەوها بگیرێ؟ سەیر ئەوەیە، داگیرکەرانی کوردستان لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ مەسەلەی کورد، *هەولێر و قەندیلیان لە یەکتر جیا نەکردۆتەوە*، بەڵام ئەوە بزاڤە سیاسییەکانی کوردستان خۆیانن، کە هەولێر و قەندیل بە یەکەوە نابینن! هەر گرێدراو بەمەشەوە، دەکرێ بڵێین مەرجێکی ستراتیژیی خۆڕاگریی باشووری کوردستان بەرامبەر بەغداد، لە ئێستا و لە داهاتووشدا، ئەوەیە کە پەیوەندییەکانی ئەم بەشەی کوردستان لەگەڵ تورکیا نەک هەر گرنگە پارێزراو بن، بەڵکوو بەرجەستەتر و سەقامگیرتر بن، لەمەش گرنگتر، لەسەر هەندێ بنەمای درێژخایەن داڕێژراو بن. بە بۆچوونی خۆم، هەرکاتێک تورکیا لەگەڵ بەغداد ڕێک کەوت بۆ لێدانی باشووری کوردستان، ئەوا ئەو پێشوەچوونە بە پشتشکانی باشووری کوردستان تەواو دەبێ. دووریش نەڕۆیشتووین ئەگەر بڵێین پێشوەچوونێکی ئەوها باشووری کوردستان دەکات بە هەرێمێکی داخراو، وەک

کەرتی غەزەی فەلەستین.

هەر لێرەشدا دەبێ ئەوە بوترێ، ڕووداوێکی لەو چەشنە دەبێتە هۆی پاشوەچوونێکی زۆر جیددی بۆ دۆزی کورد لە باکووری کوردستانیش. لەو گۆشەبینینەوە و بەکارهێنانی ئەم لۆژیکە، پێویست دەکات هێزەکانی باکووری کوردستان و بە تایبەتی پەکەکە بەوپەڕی وشیارییەوە هەڵسوکەوت بکەن و هەولێر و قەندیل زۆر بەوردی و لە ئاستێکی هەرە جیددیدا تەواوی هەلومەرجەکان لە پێکهاتەیەکی فراوانی یەکبوودا، لە هاوکێشەیەکی ستراتیژیی موتەکامیلدا، شتەکان بخوێننەوە و تێگەیشتنی بۆ بکەن و بڕیار و هەنگاوەکانیانی لەسەر دابڕێژن.

## شەڕی هەولێر و بەغداد: کەی؟*

هەر وەک پێشتر ئاماژەم پێ کرد، بۆ تێگەیشتن لە قەیرانی ئێستا، ناکرێ و بگرە هەڵەیەکی گەورەشە، کە لە جووڵاندنی هێزی سەربازیی عێراقەوە، تۆ بڵێ لە ئۆپەراسیۆنەکانی دیجلەوە، دەست پێ بکەین. بە باوەڕی خۆم، هەر ئەو دەستوورەی بە چارەسەر دادەنرێ بۆ کێشەکانی هەرێم و بەغداد، لە هەمان کاتدا هەمان دەستوور سەرچاوەی کێشەکانیشە. زۆر بەکورتی و بەچڕی، ئەوەی ڕژێمی بەعس لە بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠دا تیایدا سەرکەوتوو بوو، کە چارەسەری کێشە بنچینەییەکان، ناوچە دابڕێنراوەکان و سنوور و... هتد دوا بخات بۆ دوای چوار ساڵ، ئەندازیارە کوردەکانی

* لێرەدا شەڕ تەنها بە مانای ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی نایەت، بەڵکوو بە مانا سیاسییەکەش.

نووسینەوەی دەستوور لە عێراقێکی تردا، واتە عێراقی دوای سەدام، قبوڵیان کرد *چارەسەری هەمان ئەو کێشە بنچینەیی و حەیاتییانە دوا بخرێن* بۆ کاتێکی تر. بە واتایەکی تر، دەتوانین بڵێین چارەسەری کێشەی کورد لە دەستووری عێراقدا، بە هەمان ڕۆحی بەیاننامەی ئازار داڕێژراوە! لە لایەکی ترەوە، ئەوەی زۆربەی زۆری کوردستانیان لەسەری کۆکن، ئەوەیە کە هەرگیز، نە لە کۆندا نە هەنووکە و نە لە داهاتووشدا، کێشەی کورد بەبێ بەچارەسەرگەیاندنی ئەو بابەتانە، ناوچە دابڕێنراوەکان و سنوور و... هتد *نە چارەسەر بووە و نە چارەسەریش دەبێ.*

لەوە دەچێت بەرەوڕووبوونەوەی سەربازی لەگەڵ بەغداد، کەم یا زۆر بووە بە شتێکی حەتمی و وای لێ هاتووە، کە پرسیار ئەوە نییە ئایا ئەو شەڕە* ڕوو دەدات یا نا، بەڵکوو پرسیار ئەوەیە، کەی ڕوو دەدات و لەوەش گرنگتر ئەوەیە، ئایا *کێ و کام لایەن* تەوقیتی ئەو شەڕە هەڵدەبژێرێ، ئەگەر ئەم جارەشیان نا ئەوا جارێکی تر... ئەگەری هەرە بەهێز ئەوەیە، لایەنی کوردی لە توانایدا نەبێ کاتی ئەو بەرەوڕووبوونەوەیە هەڵبژێرێ و ئەگەر هەر بیشیکات، ئەوا وەک خووی دێرینە و لەمێژینەی خۆی، جارێکی تر بانگەشە بۆ هەمان بەهانە کۆن و ئامادەکەی دەکات و دەڵێت، "*حەزمان لە شەڕ نەبوو، بەڵام چی بکەین دوژمنان ناچاریان کردین.*"

بۆ شیکردنەوەی ئەم بۆچوونە، بە پێویستی دەزانم ئەوە بڵێم، ژمارەیەکی زۆر مەرجی گرنگ هەن بۆ ئەوەی تۆ بتوانیت

---

* مەبەست لە "شەڕ" لێرەدا تەنها بە مانای بەرەوڕووبوونەوەی سەربازی نایەت بەڵکوو دەکرێ، بۆ نموونە شەڕی ئابووریییش بێت.

کاتی شەڕ هەڵبژێری و *لەو شەڕەشدا سەرکەوتوو بیت*: ١- بە بۆچوونێکی هەرە باو، کە سەرەتا هی ژەنەڕاڵی پڕوسی *کلاوسۆویچـ*ـە، ئەوەیە کە "شەڕ بەردەوامیی سیاسەتە، بەڵام بە ئامرازی تر" و هەر دامەزراو لەسەر ئەم بۆچوونە *ماوتسی تۆنگ* دەڵێ، "شەڕ سیاسەتێکی خوێناوییە و سیاسەتیش شەڕێکی ناخوێناوییە." هەر بیناکراویش لەسەر ئەو بۆچوونە و گرێدراو بەوەوە، دەکرێ بڵێین هەر وەک چۆن سیاسەتی دەرەوە درێژکراوەی سیاسەتی ناوەوەیە، هەر ئەوهاش دەکرێ بڵێین دەسەڵات و سیستمێکی سیاسیی شکستخواردوو لەناوەوەی باشووری کوردستان لە کاتی جەنگدا، لە باشترین حاڵەتدا، ئەو شکستەی خۆی لەناوەوە درێژ دەکاتەوە بۆ دەرەوەی خۆی. سیاسەتێکی ناسەرکەوتوو و ناکارامە لەناوەوە، ناکرێ سەرکەوتنی لێ بەرهەم بێت لە کاتی درێژکردنەوەیدا بۆ دەرەوەی خۆی. ٢- کاتێک وتاری ناسیۆنالیزم بوو بە وتاری *یاریکردن بە هەست و نەستی خەڵک*، ئەوا چوونبۆشەڕ لە چوارچێوەی ئەو جۆرە وتارەدا تەنها شکست و تراژیدیای لێ دەکەوێتەوە و بەرهەمەکەشی کۆمەڵێک نەهامەتی دەبێ. پێویست ناکات خەڵکی کورد بۆ چەند جارێکی تریش دووچاری شەڕ و پێکدادانی خوێناوی و کۆمەڵێک تراژیدیا ببێتەوە، ئەوجا بگەڕێتەوە و بڵێ هەست و نەست بۆ ناسیۆنالیزم بەس نییە، بەڵکوو ناسیۆنالیزم لە بەرەوڕووبوونەوەدا دەبێ پشت بە خوێندنەوەی عەقڵانی و کۆمەڵێ ڕاستی و فاکت و لێکۆڵینەوە ببەستێ. هەر بۆ پشتڕاستکردنەوەی ڕووە عەمەلییەکەی ئەو بۆچوونە، دەتوانین بڵێین گووتاری ناسیۆنالیزم لەناو چەقی ئەو قەیرانە جیددییەی بەغداد و هەولێردا، گووتارێکە لەسەر

بنچینەی هەندێ هەست و نەستی بێبنەما دامەزراوە. دەکرێ بۆ ئەم بۆچوونەش، تەنها وەک نموونە، ئاماژە بە ڕاگەیەندراوی بەر لە چەند ڕۆژێکی ڕابردووی بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە بکەین، کە دەڵێ بە سیاسەتی حەکیمانەی بارزانی، نەک هەر توانای بەرەوڕووبوونەوەی عێراقمان هەیە، بەڵکوو توانای بەرەوڕووبوونەوەی هەموو ئوممەی عەرەبیشمان هەیە. دەکرێ مرۆڤ بە فاکتێک لەو بریکارە بپرسێ، ئایا کاتێک بوودجەی هەرێمی کوردستان زیاتر لە نۆ ملیار دۆلار بوو و مووچەی پێشمەرگە لە دەرەوەی ئەو بوودجەیە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دابین دەکرا، دەسەڵاتی کوردی توانای ئەوەی نەبوو ژیانی ماددیی پێشمەرگە لە شێوەی کەمترین خۆشگوزەرانی فەراهەم بکات، ئەی ئەوە چییە وا دەکات، کە هەمان دەسەڵات لە کاتی بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ بەغداد و بڕانی ئەو هەموو بوودجە و ئیمتیازاتە ماددییانە، بتوانێ هێزێکی پێشمەرگەی تێر و شەڕکەر لەسەر پێ ڕاگرێ؟

## قەیران: ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات

بەگشتی لە دوو شێوە بۆنەدا سەرۆکی هەرێم کۆبوونەوەی هێزە سیاسییەکان ڕێک دەخات. یەکێکیان کاتێ سەفەرێکی دەرەوەی کردبێ بۆ گێڕانەوەی "سەرکەوتنەکانی خۆی" لە سەفەرەکانیدا و ئەوەی تریشیان کاتێ دەکەوێتە تەنگانە و قەیرانی جیددییەوە و پێویستی بەوەیە قەیران بەسەر ئامادەبووانی کۆبوونەوەدا "دابەش بکات" و بیانکات بە شەریکی قەیرانەکانی خۆی و دەسەڵات. لە ڕاستیدا ئۆپۆزسیۆن نە پێویستیەتی گوێبیستی

"سەرکەوتنەکانی دیپلۆماسیەتی سەرۆکی هەرێم" بێ و نە پێویستیەتی خۆی بکات بە "شەریک لە قەیرانێک" کە ڕێک دەرهاوێشتەی سیاسەتی چەوتی دەسەڵات خۆیەتی و بەرهەمی کاری تاکڕەوانەی هەندێک لە سەرکردە هەرە باڵاکانی ئەو دەسەڵاتەیە.

لەم گۆشەنیگایەوە، دەتوانین بڵێین ئامادەبوونی ئۆپۆزسیۆن لە کۆبوونەوەکەی سەرۆکی هەرێم لە ٢٢ی ئەم مانگەدا تشرینی دووەمی ٢٠١٢، هەنگاوێکی ناکارامە بوو و زیاتر بەرهەمی بزوانی هەندێ هەست و نەست بوو، کە لە سیاسەتێکی عەقڵانیدا جێگەی نابێتەوە: ١- بە باوەڕی خۆم، ئەم ئامادەبوونە، کەم یا زۆر، ئیمزاکردنی چەکێکی سپی بوو بۆ دەسەڵات، یا ڕاستتر بڵێین، بۆ سەرۆکی هەرێم. ئەگەرچی گرنگە هەر زوو ئەوە بڵێین، کە گومان لەوەدا نییە ئۆپۆزسیۆن ئەو تێگەیشتنە ڕەت دەکاتەوە، کە بۆ ئەو مەبەستە، واتە بۆ ئیمزاکردنی چەکێکی سپی، ئامادەی ئەو کۆبوونەوەیە بووبێت، بەڵام پرسیار ئەوەیە: ئایا گەر سەرۆکی هەرێم بەم شێوەیە لەو ئامادەبوونە گەیشت و هەنگاوەکانیشی بەرەو قووڵبوونەوەی تەنگژە لەسەر تێگەیشتنێکی ئەوها بینا کرد، ئەی ئەوکاتە چی؟ ٢- ئەوەی پەیوەندیی بە گۆڕانەوە هەیە، دەمێکە باوەڕم وایە کە دەسەڵات مەراقیەتی و لەسەر هەموو ئاستێک و بە هەموو ئامرازێک کار بۆ ئەوە دەکات گۆڕان لە ژمارەیەکی "موتەمەییز"ەوە بکات بە ژمارەیەکی نۆرماڵ، تۆ بڵێ ئاسایی و لە ژمارەیەکی "گەورە" بیکات بە ژمارەیەکی بچووک، هەڵبەتە مەبەست لە ژمارەی موتەمەییز و ژمارەی گەورە، هەردوو ڕەهەندی چۆنایەتی و چەندایەتییە. زۆر بەکورتی و بەچڕی، *مەبەستی دەسەڵات،*

*کاڵکردنەوە و بێرەنگکردنی* ئەو بزاڤەیە، بگرە لەوەش زیاتر لە ڕێگەی ئەوەی کە گۆڕان دەکا بە بەشێک لە سیاسەتێکی گشتگیرتر، بە بیانووی مەسەلە نەتەوەیییەکان، کە لە ڕاستی و بنەڕەتدا مەسەلەی نەتەوەیی نین، بەڵکوو درێژبوونەوەی سیاسەتە چەوتەکانی دەسەڵاتە لە ساڵانی ڕابردوودا، وا لە گۆڕان دەکات ڕێک *ڕەنگی دەسەڵات وەر بگرێ*. ئەوەش یارمەتیی نادات سەرکردەکانی گۆڕان هەر بەهانەیەک بهێننەوە، بەڵکوو گرنگ ڕێک دەرهاوێشتەکەیە کە ئەویش بوونی بزاڤی گۆڕانە بە شەریک لە سیاسەتە شکستخواردووەکانی دەسەڵات. ٣- بە باوەڕی خۆم، ئەو ڕاگەیەندراوەی لەو کۆبوونەوەیە کەوتەوە، تا بڵێی سەرپێی و گەواهیدان بوو بە دەسەڵات و لە ناوەڕۆکیشدا زۆر لاواز بوو، بە بەراورد لەگەڵ جیددییەتی ئەو سات و کاتەی کە ئێستا باشووری کوردستان بەرەوڕووی بۆتەوە. لە بەرامبەر ئەوەدا، بە باوەڕی خۆم، ئەوە کاتێکی زۆر گونجاو بوو، کە لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن ئەوها بەئاسانی و بەهەرزانی، واتە بەبێ ئەوەی دەسەڵات هیچ تەنازولی لە مەسەلە بنچینەیییەکاندا کردبێ، "شێکە سپییەکەیان" بۆ سەرۆکی هەرێم مۆر نەکردایە. نەک هەر ئەوە، بەڵکوو ئەوە ڕێک ئەو کاتە لەبارەیە بۆ ئۆپۆزسیۆن، کە دەسەڵات هوشیار بکاتەوە و بەئاگای بهێنێ، ئەوەیە ڕێک ئەو کاتەی کە تیایدا ئۆپۆزسیۆن کۆمەڵێ تەنازولی ناوخۆیی بە سەرۆکی هەرێم بکات. من باوەڕم وایە، بزاڤی گۆڕان لەژێر کاریگەریی هەست و نەستێکی ورووژێنراو و کەشوهەوایەکی سایکۆلۆژی تەشەنەبووەوە چووە کۆبوونەوەکە. ٤- لە ڕاگەیەندراوەکەدا، بۆ نموونە، ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە، هەڵبەتە بە ئۆپۆزسیۆنیشەوە،

پشتگیری لە هێزی "پێشمەرگە" دەکەن، ئەو هێزەی بەردەوام جێگەی ڕەخنەی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن بووە. بگرە کەمیش نین ئەو دەنگانەی لە ئاستی جیددییەت و بەرپرسیی بەرزدا لەناو ئۆپۆزسیۆن ئەوە ناشارنەوە، کە شتێک نییە بە ناوی پێشمەرگە و لەشکری نیشتمانی، بەڵکوو ئەوەی هەیە، کۆمەڵێک هێزی چەکداری حیزبن... ناشکرێ ئەو پرسیارەش نەکەین، ئایا ئەو هێزە پێشمەرگەیەی ئامادە بێ بچێتە سەر بارەگای هەندێک لە هێزە سیاسییەکانی ئۆپۆزسیۆن و بە چەکی قورس دەورەی بارەگاکانیان بگرێ و دەنگی خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان بە کوشتن و تێهەڵدان کپ بکات، ئایا هەر ئەو هێزە دەتوانێ پارێزگاری لە هەمان ئەو خەڵکە و خاکی وڵاتەکەیان بکات؟ ئایا دەکرێ هێزێک ببێ بە داردەستی دەسەڵات لە کپکردنی ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان، کەچی ڕوو لە دەرەوە ئەو هێزە ببێ بە ئامرازی بەدەستهێنان و پاراستنی ئازادیی هەمان خەڵک؟ دەشکرێ بپرسین، ئەو پشتگیریکردنەی ئۆپۆزسیۆن لە "پێشمەرگە" هیی هەست و نەستێکی بێبنەمای کوێرانە بوو یا هیی عەقڵانیەتێکی سیاسی؟ من باوەڕم وایە، هیی یەکەمیانە نەک دووەمیان. بە ڕاگەیەندراوێک، هێزی پێشمەرگە لە ئامرازی داپڵۆسین و بەرگریکردن لە عەرشی ستەمکار، ناتوانێت ببێت بە ئامرازی پاراستنی ئازادییەکانی خەڵک. بەڵێ دەتوانێ ببێ بە ئامرازی زامنکردنی ئاساییشی دەسەڵاتێکی گەوج و گەندەڵ، نەک پاراستنی ئاساییشی نەتەوە و تاکەکانی ئەو نەتەوەیە.

دەکرێ هەندێک کەس و لایەن پرسیاری ئەوە بکەن، ئایا گەر ئۆپۆزسیۆن، بەتایبەتی بزاڤی گۆڕان، نەچووایەتە ئەو کۆبوونەوەیە، ئەی چیی بکردایە؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە

زیاتر لە گریمانە پێ هەڵدەگرێ تا شیکردنەوەی شتێک، کە ڕووی دابێت و بیناکراو بێت لەسەر خوێندنەوە و تێگەیشتنی هەندێ هەلومەرج.

بە باوەڕی خۆم، لەبری ئامادەبوون لە کۆبوونەوەکە، دەکرا بزاڤی گۆڕان لە ئاستی بەرپرسە هەرە باڵاکانی و لەپێش هەموویانەوە ڕێکخەری گشتیی ئەو بزاڤە، نەوشیروان مستەفا، بەر لە دوو یا سێ کاتژمێر لە بەستنی ئەو کۆبوونەوەیە لە گەورەترین و شایستەترین کۆنفرانسی میدیاییدا تەواوی بۆچوون و خوێندنەوەی خۆی بۆ ئەو قەیرانە ڕاگەیاندایە و لەپێش هەمووشیانەوە جەختکردنەوەی ئەوەی کە بەڵێ ئەو قەیرانەی نێوان هەولێر و بەغداد درێژکردنەوە و بەردەوامی قەیرانی سیاسیی دەسەڵاتە لە ناوخۆی کوردستان. جگە لەوەش، بەڕوونی و بەڕاشکاوی هەر لەو کۆنفرانسەدا تەواوی بۆچوونەکانی گۆڕان لەمەڕ شێوازی چارەسەرکردنی ئەو قەیرانە و نەخشەڕێگەی ئەو بزاڤە لەو بارەیەوە بخرایەتە ڕوو. بە باوەڕی خۆم، هەنگاوێکی ئەوها، دەیتوانی: ١- ئەو بزاڤە لە ئاستی موتەمەییزبوون و گەورەییی هەڵوێستی خۆیدا خۆی ڕابگرێ و پێگەیەکی بەهێزتر بەدەست بهێنێت و بیکات بە خاڵی لێوەدەرچوون بۆ گفتوگۆکردن لەسەر چارەسەری قەیران و خەملاندنی ڕێگەچارەیەک. ٢- بە هەنگاوێکی ئەوها، گۆڕان دەیتوانی خۆی بباتە *سەرەوەی قەیرانەکە* و لە سەرەوەڕا دەیتوانی هێما دیپلۆماسی و سیاسییەکان ڕوو بە دەرەوەی خۆی و دەرەوەی باشووری کوردستانیشدا بڵاو بکاتەوە، بەڵام ئەوەی کرا پێچەوانەکەی بوو.

هەتا هەنووکە، لە ئاستی هەڵسوکەوتی دەسەڵات ڕوو

لە قەیران لەگەڵ بەغداد، کەمترین بنەمای عەقڵانیەت و لێوردبوونەوەی سیاسی بەدی ناکرێ، زۆر بەتایبەتی هەموو ئەو ڕاگەیاندنانەی لایەنەکانی دەسەڵات، کە زۆر جار لە موزایەدەیەکی ئەو لایەن و کەسانە تێپەڕ ناکات، کە خۆیان سەرچاوەی ئەو گێژاوە سیاسییەن، کە باشووری کوردستانی پیادا گوزەر دەکا.

# پارتی و سەرۆکەکەی هەست بە مەترسیی لەدەستدانی پێگەی سەرۆکایەتیی هەرێم دەکەن

**لە ڕۆژنامەی ئاوێنە،**
**ژمارە ٣٧٤، ٢٠١٣/٤/٢٣ بڵاو بۆتەوە**

ئەم دەقەی بەردەستت دیمانەی ڕۆژنامەی *ئاوێنە*یە، کە لە ڕۆژی ٢٠١٣/٤/١٩ ڕۆژنامەنووس *ئاری ئەبوبەکر* لەگەڵ نووسەردا ئەنجامی داوە، بەڵام بە کورتکراوە لە ڕۆژنامەکەدا بڵاو کراوەتەوە. ئەمە دەقی دیمانەکەیە وەکوو خۆی:

ئاوێنە: لە ئێستادا وەزعی سیاسیی کوردستان بەگشتی چۆن دەبینیت؟

ب. یاسین: وەڵامی ئەم پرسیارە دەکەوێتە سەر ئەوەی مەبەستت لە وەزع یا ڕاستتر بڵێین بارودۆخ چییە؟ بەگشتی ئەگەر مەبەست پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدادە، ئەوا لەم ڕەهەندەی سیاسەتەوە مرۆڤ دەتوانێ بڵێ ئەوپەڕی قەیراناوییە و لە ڕووی دەرفەتی سیاسیشەوە من باوەڕم وایە، هەرێمی کوردستان ڕێک لە پێگەیەکی چەقبەستووی سیاسیدا خۆی دەبینێتەوە. بەم مانایەش، نە بواری چوونەپێشەوەیەکی جیددیی لە بەردەمدایە، بە مانای جێبەجێکردنی دەستوور و بەدەستهێنانی کۆمەڵێک ئامانجی گرنگ و چارەسەری کۆمەڵێک پرسی چارەنووسسازی هەڵپەسێردراو و دواخراو، نە پەشیمانبوونەوەیەکی جیددییش لە تەواوی پڕۆسەی سیاسی و گرتنەبەری بژاردەیەکی تر، بۆ نموونە بژاردەی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی، بەدی دەکرێت. لە ڕاستیدا مرۆڤ دەتوانێ بڵێ، هەر وەک لە وتارێکمدا بەر لە چەند مانگێک نووسیم، دەسەڵاتی کوردی لە باشووری کوردستان لە پێگەیەکدایە، کە *نە دەتوانێ شەڕێکی سەرکەوتوو لەگەڵ بەغدادا بکات و نە دەشتوانێ بگات بە ئاشتییەکی سەرکەوتوو*. حاڵەتی کوردی لە

باشووری کوردستان، زیاتر لە هیی فەلەستینییەکان دەچێت، بە مانای ئیسرائیل سەر کەوت لە ئاشتیی ئۆسلۆدا ١٩٩٣ و ١٩٩٥، لەوەی مەسەلە و داواکارییە هەرە گرنگەکانی فەلەستینییەکان بۆ کاتێکی نادیار دوا بخات، تا بەتەواوەتی چارەسەریان بکات. لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین لایەنی عەرەبی، هەر وەک ئیسرائیلییەکان، سەرکەوتوو بوو لە دواخستنی چارەسەری مەسەلە هەرە بنچینەیی و چارەنووسسازەکان. بەم مانایەش دەتوانین بڵێین، تەواوی کێشەی کورد لە باشووری کوردستان، *بە بارمتە گیراوە* لە ڕێگەی دواخستنی چارەسەرکردنی ئەو کێشانە بۆ کاتێکی نادیار.

بەڵام لە ڕەهەندی ناوخۆدا باشووری کوردستان خەریکە بەرەو گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی دەڕوا. با ڕوونتر بیڵێم، دەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆنێکی کارا و جۆشوخرۆشی شەقام و بگرە ئەو جۆشوخرۆشەی ڕیزەکانی ناوەوەی یەکێتیی نیشتیمانیی دوای مام جەلال بە خۆیەوە دەبینێ و ئەو تەنگژە جیددییەی پەیوەندییەکانی پارتی و یەکێتی بە خۆیەوە دەبینێ و بە هۆی ئەمانە هەموویان خەریکە باشووری کوردستان، بەتایبەتی لە ڕەهەندی دەسەڵاتی سیاسییەوە، پێ دەنێتە قۆناغێکی نوێوە. هەر لەم سۆنگەیەوە واتە گرێدراو بەو هەموو ڕەهەندانەی گۆڕانکارییەوە، هەڵبژاردنەکانی داهاتوو دەکرێ لە زۆر ڕووەوە تایبەت بن و بگرە ناوازەش دەبن!

لە ڕووی ئیقلیمییەوە، یەکجار گرنگە پەیوەندییەکانی باشووری کوردستان و تورکیا پارێزراو بن، بەڵکوو دەبێ بەردەوام بەرەوپێشەوەچوون و گۆڕانکاریی ئەرێنی بە خۆوە ببینن. هەر لێرەش دەخوازم، مەترسییەکی خۆم، کە

لە وتارێکی پێشترمدا دەرم بڕیبوو، جارێکی تر بخەمەوە ڕوو، لەوەی کە باشووری کوردستان دەبێ زۆر حساب بۆ ئەگەری ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی ئەنقەرە و بەغداد، لەسەر حسابی کورد بکات. لە ڕاستیدا من لە سیناریۆیەکی ئەوهادا ئەوە دەبینم، کە نەک تەنها کورد لە باشوور، بەڵکوو لە باکووریش زیانێکی سیاسیی زۆری پێ بگات.

ئەوەی بەتایبەتی جێگەی نیگەرانییە، ئەوەیە کە لایەنێکی دەسەڵات، واتە پارتی، بەتەواوەتی مۆنۆپۆلی پەیوەندییەکانی باشووری کوردستان و تورکیای کردووە. بەم مانایەش لە جیاتی ئەوەی تەواوی کورد و ئەزموونەکەی لە باشوری کوردستان سوود لەو نەفەسە سیاسییە یا پەیوەندییەی لەگەڵ تورکیا لە ئارادایە، ببینێ، دەڵێم لە جیاتیی ئەوە لایەنێکی سیاسیی دەسەڵات، ئەو نەفەسەی داگیر کردووە و لە قازانج و بەرژەوەندیی خۆی بەکاری دەهێنێت.

ئاوێنە: لە ماوەی ڕابردوودا ئۆپەراسیۆنەکانی دیجلە یەکێک بوو لە تەنگژە سیاسی و تا ڕادەیەک سەربازییەکانی نێوان حکومەتی مەرکەزی لە عێراق و هەرێمی کوردستان، کەچی هەر زوو دەنگوباسی ئەم تەنگژەیە نەما، بە ڕای تۆ هۆکارەکانی چی بوو، هەر لە دروستبوون و کپبوونیشیدا؟

ب. یاسین: بە باوەڕی من، کاردانەوە بەرامبەر ئۆپەراسیۆنەکانی دیجلە و کپبوونەوە و بێدەنگبوونی تەنگژەکە، دەکرێ بە زۆر شێوە و لە زۆر ئاستی تێگەیشتنی سیاسی و ستراتیژیدا ببینرێ و ڕاڤە بکرێ. بە باوەڕی خۆم، ناردنی

هێزەکانی عێراق بەرەو کوردستان جا لەژێر هەر ناو و بیانوویەک دەبێت، ڕێک تەنگپێهەڵچنینە بە کورد و دەسەڵاتەکەی و ڕەهەندێکی نەبینراوی یا باسنەکراوی کێشەکەش ئەوە دەگەیەنێ، کە عێراقی عەرەبی دەخوازێ ئەوە بە کورد بڵێ، کە سنوورەکانی ئێوە هەر لەو سنوورە ئیدارییانەی ٢٠٠٣/٣/٢٠دا تەواو دەبێ، کە بەپێی دەستوور پێزانینی بۆ کراوە. بە دیوێکی تردا دەخوازرێ بە کورد بوترێ، *ناوچە کوردستانییە دابڕێنراوەکان لەبیر بکەن.*

تێگەیشتنێکی تر بۆ ئۆپەراسیۆنەکانی دیجلە ئەوەیە، کە ئیتر کورد و بەغداد گەیشتوونەتە ***بنبەست***، لە ڕاستیدا نەک هەر ئەوە، بەڵکوو تۆوی بنبەست لە ناواخنی دەستووری عێراقیدا چێنراوە، هەر وەک چۆن تۆوی بنبەست لەنێوان فەلەستینییەکان و ئیسرائیل لە ڕێککەوتنی ئۆسلۆدا چێندرا. مەبەستیش لێرە ئەو بەند و لایەنانەی دەستوورە، کە لایەنە عەرەبییەکان بەگشتی لەسەر جێبەجێنەکردنی کۆکن، جا هەندێکیان بەئاشکرا ئەو هەڵوێستە دەر دەبڕن و هەندێکیشیان هەڵگری ئەو هەڵوێستەن، بەڵام دەربڕینی ڕاشکاوانە و ئاشکرایان بۆ کات و ساتێکی لەبارتری سیاسی هەڵگرتووە!

بە دیوێکی تردا و بەپێی ئەو تیۆرییەی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە سیاسەتی دەرەوە بەردەوام دەربڕ و درێژکردنەوەی سیاسەتی ناوەوەیە، دەکرێ بەئاسانی ئەوە بڵێین، کە لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی کوردی لە ڕەهەند و دیوی ناوەوەی سیستەمی سیاسیدا ئەوپەڕی ناسەرکەوتوو بووە، لەبەر ئەوەش و بەپێی ئەم لۆژیکە لە سیاسەتی دەرەوەیدا سەرکەوتوو نابێت. کاردانەوەی دەسەڵاتی کوردی زیاتر

شپرزەیی و بێبەرنامەیی و پەرچەکرداریی پێوە دیارە، لەسەر بنەمای بەکارهێنانێکی ناعاقڵانەی "هەستونەست" هەڵوێستەکانی بینا کرد. هەر ئەوەشە دەکرێ هۆیەک بێت بۆ کپبوونەوەی ئەم تەنگژەیە بەو شێوەی کە بینیمان.

لە لایەکی ترەوە، دەکرێ مرۆڤ لە گرێدانی ئەو تەنگژەیە بە میتۆدێکی کلاسیکی، کە زۆرتر لە جیهانی سێهەم پەیڕەو کراوە، واتە نانەوەی تەنگژە لەپێناو پتەوکردنی پێگەکانی دەسەڵات. چونکە دەسەڵات لە ڕاستیدا خەریکە هەموو بژاردە سیاسییە ڕاست و دروستەکان لەدەست دەدات... لە بەشێک لە ئاماژەکانی ڕۆژانی دواییشدا ئەوە دەر دەکەوێ، کە دەسەڵاتی کوردی بەتایبەتی سەرۆکی هەرێم بەرەو ئەوە دەڕۆن پەیوەندییەکان لەگەڵ مالکی، ***بە هەر نرخێک بێت***، سروشتی بکرێنەوە وەک هەنگاوێک بۆ خۆئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنەکان... بۆ سەرکەوتنی مەسعود بارزانی لە هەڵبژاردنی داهاتوو، گرنگە هەر نەبێ پشتگیریی بەغداد و ئێران بەدەست بێت!

ئاوێنە: لە ئێستادا هیچ هەماهەنگییەک نییە لەنێوان حکومەتی مەرکەزی و حکومەتی هەرێمدا، بەتایبەتی کە کێشەکان لەسەر چوار ملیارد دۆلاری کۆمپانیا نەوتییەکانن، بەشێک لە بەرپرسانی کوردیش هەڕەشەی ئەوە دەکەن، ئەگەر بەغداد مل نەدات بۆ چارەسەر، ئەوا سەربەخۆیی و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی یەکێکە لە بژاردەکان، ئایا پێت وایە کورد دەوڵەت ڕادەگەیەنێت بەم زووانە؟ یاخود کێشەکان دەگەنە چارەسەر لەگەڵ بەغداد؟

ب. یاسین: لە کۆتاییی پرسیارەکەتەوە دەست پێ دەکەم. دەوڵەتی کوردی بەم زووانە بە ئەگەری یەکجار زۆر ڕاناگەیەنرێ و واش باشترە سەرانی کورد بە موناسەبە و بێ موناسەبە مەسەلەی دەوڵەتی کوردی هەر وا بەئاسانی نەورووژێنن. لەوەش گرنگتر، لە ڕێگەی گرێدانی ئەو مەسەلە ستراتیژی و هەستیار و گرنگە بە هەندێ مەسەلەی لاوەکییەوە، وەکوو پارەی کۆمپانیاکانی نەوت، ئەم بابەتە گرنگە سووک و بێبەها نەکرێ. ئەگەر ئێمە لە پڕۆسەیەکی ئەوهای بێبەهاکردنی مەسەلەی دەوڵەتی کوردی بەردەوام بین، ئەوا دەکرێ لە مەودایەکی دوورتردا نە خەڵکی کوردستان خۆی، نە عێراقی عەرەبی و نە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش چیی تر ئەو باسوخواسە بە جیددی و بەهەند وەر نەگرن و ئەگەر ئەمەش ڕوو بدات، ئەوا دەکرێ لە ئاکامدا باسوخواس و مەسەلەی بەدەوڵەتبوون و سەربەخۆیی، گرنگیی خۆی لەدەست بدات و ئەو سەرکردە و هێزانەی ئەو باسەش دەکەن، متمانەی خۆیان لەو ئاستانەی سیاسەتەوە لەدەست بدەن!

لە زۆر بۆنەی پێشتریش وتوومە و نووسیومە، کەمترین ڕادەی ڕاستگۆیی لە باسوخواسەکانی دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان لەمەڕ مەسەلەی سەربەخۆیی بەدی دەکرێت، ئەمەش لەبەر هۆیەکی زۆر سادە، ئەویش ئەو ڕاستییەیە، کە لە ڕێگەی دەسەڵاتێکی گەندەڵ و ناسەرکەوتووەوە زۆر لە بنەما سەرەکییەکانی بەنەتەوەبوون و بەدەوڵەتبوون لەبەر یەکتر هەڵوەشێندراونەتەوە... بێمتمانەییی خەڵکی کوردستان بە دەسەڵاتداران و سیستمی سیاسی گەیشتۆتە لوتکە و هۆکارەکانیش بۆ ئەم حاڵەتە لە هەژمار نایەن، کە زۆربەیان ئەمڕۆ لە کوردستان بۆ خەڵکی شتێکی شاراوە نین.

ئاوێنە: سەرۆکی هەرێم ٩/٢١ی وەک ڕۆژی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی هەرێم و پەرلەمان دیاری کرد، بە ڕای تۆ هەڵبژاردنەکان لەو وادەیەدا دەکرێت، ئایا هەڵبژاردنی ئەو تەوقیتە هۆکارەکەی چییە؟

ب. یاسین: ئەمە پرسیارێکی زۆر ئیفترازییە، لەبەر ئەوەش دەبێ وەڵامەکەی ئیفترازی بێت. لەم سۆنگەیەوە لە ئەمڕۆوە تا چەند کاتژمێرێکیش بەر لە دەستپێکردنی دەنگدان، دەکرێ دەسەڵات دەست بۆ هەر سیناریۆیەک ببا. هەر لەبەر ئەوەشە کە دەبێ ئۆپۆزسیۆن بیر لە هەموو سیناریۆکان بکاتەوە و هەنگاو و هەڵوێستی لەبار و پڕبەپێستیشی لە بەردەستدا بێت، بۆ بڕیار و هەڵسوکەوتی موناسب لە کاتی پێویستدا. سیناریۆیەک، کە باسی لێوە دەکرێت، ئەوەیە کە دەسەڵات سوود لەو چەند ڕۆژە وەر بگرێ کە دەکەونە نێوان ٨ی ئەیلوول و ٢١ی ئەیلوول، واتە ڕۆژی کۆتاییهاتنی ڕەسمیی ماوەی پەرلەمان تا ڕۆژی هەڵبژاردن. بە مانایەکی تر، ئەگەری ئەوەی دەسەڵات هەوڵ بدات سوود لە بۆشاییی دەسەڵات وەر بگرێ لە ماوەی ئەو ١٤ ڕۆژەدا، بەڵام بە باوەڕی خۆم، لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتدایە کە نە دەست بۆ سیناریۆی دەرەوەی چوارچێوە یاسایی و دەستوورییەکان ببا و نە هەوڵی ئەوەش بدات لە یاسا بسوورێتەوە و فێڵی لێ بکات. من ئەم قسەیە لەسەر بنچینەی حەز یا لەسەر بنەمایەکی ڕووتی مۆراڵی ناکەم، بەڵکوو تەواو لەو باوەڕەدام، کە ئەمڕۆ جیا لە ساڵانی پێشوو، ڕوانگەی سیاسی و هاوسەنگییە سیاسییەکان بە شێوەیەک گۆڕاون،

کە هەر سیناریۆیەکی فێڵکردن لە یاسا یا هەر سیناریۆیەک، کە بۆ نموونە بە مەبەستی نانەوەی ئاژاوە پیادە بکرێ، بە ئەگەری یەکجار زۆر بە زیانی دەسەڵات خۆی بشکێتەوە. ئەمڕۆ جگە لە بوونی ئۆپۆزسیۆنێکی کارا و بە چەند و چۆنییەکی بەهێزەوە، دەڵێم جگە لەوە بە ئەگەری زۆر لە ئاستی خوارەوەی سەرکردایەتی و هەتا بگرە لە ئاستی سەرکردایەتیشدا لەناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، هەست بە بێزارییەکی زۆر لە سیناریۆکانی لایەنێکی دەسەڵات، واتە لە سوورِانەوە و فێڵکردنی یاسایی دەکرێ. بەم مانایەش، باشتر وایە هەر زوو پارتی ئەوە بزانێ لە هەر سیناریۆیەکی نەخوازراو بە ئەگەری زۆر بەتەنیا دەمێنێتەوە، واتە دەستیان بۆ نەبات باشترە و لەبری دەستبردن بۆ هەندێ سیناریۆی نەخوازراو، لەگەڵ ئەو قەناعەتە کار بکات کە ئیتر ڕوانگەی سیاسی و هاوسەنگییە سیاسییەکان بە شێوەیەک گۆڕاون، کە ئیتر لەبری ئینکارکردنی ئەم ڕاستییە بە بۆچوونێکی کەمێ نوێتر و واقیعبینانەتر کاریان لەتەکدا بکات، بەڵام ئەمە وتنی ئاسانترە لە کردنی، چونکە بۆ حیزبێک ئەو نوێبوونەوەیە ئاسان نییە، کە ئەسیری مێژوویەکی کات بەسەراچوو بێت و لەسەر مێژوو و لە وەهمی مێژوودا بژی!

ئاوێنە: لە ئێستادا مشتومڕێکی سیاسی گەرم هەیە لە هەرێمی کوردستان، لە پەیوەند بە هەڵبژاردنەکانەوە، بەتایبەتی کە ئایا کاک مەسعود سێبارە خۆی کاندید دەکاتەوە یا نا، ئایا پێت وایە کاک مەسعود خۆی کاندید دەکاتەوە؟ بۆچی؟

ب. یاسین: ئەم مشتومڕانە جێگەی خۆیەتی کە هەن و دەکرێن، لە ڕاستیدا زۆریش گرنگن و ئاماژەیەکیشن بۆ جۆرێک لە زیندوویی کۆمەڵگەی کوردستان، یا هەر نەبێ هێمایەکن بۆ ئەو ڕاستییەی کە چیی تر کۆمەڵگەی کوردستان ڕازی نابێت هەندێ شتی بەسەردا تێبپەڕێندرێت، کە جێگەی قبوڵکردن نین. بە باوەڕی خۆم، سەرکردایەتیی پارتی و یەکێتی هەر زوو هەڵەیەکی گەورەیان کرد، کە ئەسڵەن داوای درێژکردنەوەی کاتی فەرمانڕەوایی مەسعود بارزانییان کرد، یا بە دیوێکی تردا، هەوڵیان دا بە فێڵێکی یاسایی ئۆپۆزسیۆن ڕازی بکەن، کە مەسعود بارزانی بۆ ماوەیەکی تر لە پۆستەکەی بمێنێتەوە یا مافی خۆکاندیدکردنەوەی بۆ جاری سێهەم بۆ پۆستی سەرۆکایەتیی هەرێم هەبێ. ئەوەشی پارتی چاوەڕوانی نەدەکرد ئەو کاردانەوەیە بوو نەک هەر لە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن، بەڵکوو لە حیزبەکەی تری هاوپەیمان، واتە لەناو ڕیزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، تەنانەت لە ئاستی سەرکردایەتیی ئەو حیزبەش. چیرۆکی ئەم ڕۆژانەی دوایی ئەوەمان پێ دەڵێ، کە نەک هەر بۆ مەسعود بارزانی ئاسان نییە یاسایەکی "نایاسایی" بەسەر خەڵکی کوردستان تێبپەڕێنێ، بەڵکوو ئەو هەوڵانەشی لەو دوو هەفتەی دوایی لەم ئاراستەیەدا داویەتی، بگرە بۆ خودی هەردوو حیزبەکەی دەسەڵات زیانبەخش بووە.

لە لایەکی ترەوە، لەلایەن ئۆپۆزسیۆنیشەوە، پەیوەندیدار بەم باسوخواسانە، هەر نەبێ دوو هەڵە کرا. یەکێکیان ئەوەیە کە ئەو جۆرە داواکارییانە کە لەلای دەسەڵاتەوە لێیان دەکرێ، دەبێ بە دۆکیۆمێنت و نووسراوی ڕەسمی بێت و ئەوەی تریان داواکارییەکە لە خودی مەسعود بارزانییەوە بێت.

بەتایبەتیش پێویست نەبوو گۆڕان لە ئاستی کەسی یەکەم، نەوشیروان مستەفاوە، لەگەڵ شاندەکەی پارتی و یەکێتی دانیشتایە، هەتا بگرە بۆ کۆمەڵ و یەکگرتووش باشتر بوو، لە ئاستی تری بەرپرسییەوە پێشوازیی لەو شاندەی دەسەڵات بکردایە. پارادۆکس ئەوەیە، هەندێ جار شێوازی هەڵسوکەوتی ئۆپۆزسیۆن خۆی دەبێتە هۆی خۆبەزلزانیی دەسەڵات، کە ئەو خۆبەزلزانییەش ڕێگرە لەوەی ئەو دەسەڵاتە ڕوانگە سیاسییەکان، *وەک هەن* ببینێت و بە دروستی قەوارەی خۆی و قەوارەی ئەوانی تر وەک هەن بزانێ. ئەم حاڵەتەش، واتە خۆبەزلزانیی دەسەڵات، *تەوەهومێکی سیاسیی* زیانبەخش بەرهەم دەهێنێ. خزمەتێکی، گەورە کە ئۆپۆزسیۆن بتوانێ بە خەڵکی کوردستانی بکات، کارکردنە بۆ تێکشکاندنی ئەو تەوەهومە!

لە کۆتاییی پرسیارەکەتدا دەڵێیت بۆچی؟ لە ڕاستیدا جارێ خەڵک غەدر دەکات باس لەوە دەکات، کە مەسعود بارزانی هەشت ساڵ حوکمی کوردستانی کردووە، وا باشترە بڵێین ئەوە بیستویەک ساڵی ڕەبەقە حوکم دەکات. ڕاستە کە دوو هەڵبژاردنی دوایی دەکاتە هەشت ساڵ، بەڵام هەر لە ساڵی ١٩٩٢ مەسعود بارزانی دەستنیشان کرا، تۆ بڵێ هەڵبژێردرا، وەک سەرۆکی "بزاڤی ئازادیخوازی کوردستان" و بە کردار کەسی هەرە باڵادەست لە دەسەڵاتی کوردیدا. لە ڕاستیدا لە هەر وڵاتێکی تر بووایە، مەسعود بارزانی وەک گوناهباری شەڕ تەماشا دەکرا و مامەڵەی لەتەکدا دەکرا تا هەرشێکی تر!

ئایا خۆی هەڵدەبژێرێتەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئاسان نییە. ئەوەی تا ئێستا ڕووی داوە ئەوەیە کە ئەو، واتە بارزانی، هەموو

هەوڵێکی خۆی داوە و دەدات بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، بەڵام ئایا ئەوەی بۆ دەچێتە سەر، ئەوە پرسیارێکی گرنگە. من باوەڕم وایە، هەر زوو مەسعود بارزانی باجێکی سیاسیی زۆری هەوڵی درێژکردنەوەی دەسەڵاتی خۆی داوە و تا کاتی هەڵبژاردن ئەو باجە زیاتر و زیاتر دەبێت و لەوانەشە ئەو باجە لە حاڵەتی بەردەوامی و درێژبوونەوەیدا زەربەیەکی جیددی لە دەرفەتی بارزانی لە سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنەکان بدات. بە لێکدانەوەی خۆم، بۆ یەکەم جارە پارتی و سەرۆکەکەی هەست بە مەترسییەکی جیددی لە لەدەستدانی پێگەی سەرۆکایەتی دەکەن و لەوانەشە زوو یا درەنگ، بگەنە ئەو باوەڕەی بۆ ئەوان باشتر بوو بۆ ئەوەی دوارۆژیان باشتر بێت، بە شێوەیەکی تر هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کۆی شتەکاندا بکردایە.

پارتی هەر بۆخۆشی باشترە ئەوە بزانێ، کە ئەوەی لە بیست، پازدە یا دە ساڵ بەر لە ئێستا بۆیان چووەتە سەر، *ئیتر بۆیان ناچێتەسەر*... بەو مانەیەش، هەر وەک پەندێکی سویدی دەڵێت، "ناتوانرێ میلی کاتژمێر بگەڕێندرێتەوە دواوە،" واتە کات بگەڕێندرێتەوە دواوە!

ئاوێنە: لە ئێستادا پارتی خەریکی ڕاوێژی یاساییە، بۆ ئەوەی بۆیان دەر بکەوێت، کە لە ڕووی یاساییەوە سەرۆکی هەرێم دەتوانێت بۆ جاری سێیەم خۆی کاندید بکاتەوە، ئایا پێت وایە یاساییە کە سەرۆکی هەرێم سێبارە خۆی کاندید بکاتەوە؟ لە کاتێکدا دەستوور پەسەند نەکراوە و کار بە یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم دەکرێت کە بەپێی ماددەکانی ٢ و١٧ لە یاسای ژمارە ١ی سەرۆکایەتیی هەرێم، سەرۆکی هەرێم مافی نییە بۆ جاری سێیەم خۆی هەڵبژێرێتەوە؟

ب. یاسین: من یاساناس نیم، بەڵام دەشزانم ئەمڕۆ لە وڵاتی ئێمە خەڵکێک هەن، ئامادەن بە ناوی یاسا و لە پێگەی یاساناسییەوە پێ لە زەمیری خۆیان بنێن و ڕاستیی شتەکان بشێوێنن و شێوە تەفسیرێک بکەن لە "یاسا،" کە دواجار خزمەتی خۆکاندیدکردنەوەی مەسعود بارزانی بکات، بەڵام بە باوەڕی خۆم، لە کاتی پەیڕەوکردنی هەنگاوێکی ئەوها، ئەگەری ئەوە زۆر بەهێزە، کە ناڕەزاییەکی جەماوەریی زۆری لێ بکەوێتەوە و قەوارەی خۆپیشاندانەکانی پێشووتر ببەزێنێ. جگە لەوەش، ئەو هەنگاوە زیانێکی زۆر بە متمانەی خەڵک بە مەسعود بارزانی دەگەیەنێ و بگرە دەرفەتی کاندیدەکەی ئۆپۆزسیۆن لە سەرکەوتن زۆر زیاتر دەکات. ئەوە جگە لەوەی هەنگاوێکی ئاوا دەبێتە هۆی دروستبوونی سەرهەڵدان و ناڕەزایەتییەکی زۆر لەناو ڕیزەکانی حیزبی هاوپەیمان، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کە لە غیابی مام جەلالدا بە خودی سەرکردایەتییەکەشی کۆنترۆڵ نەکرێ و ببێتە هەڕەشەیەکی جیددی لەسەر دواڕۆژی ئەو حیزبە!

ئاوێنە: یەکێتی دەڵێت، کاک مەسعود کاندیدی ئێمەشە، ئەمە تا چەند تەریبە لەگەڵ ڕێکەوتننامەکەی دەباشانی نێوان گۆڕان و یەکێتی، کە کەسی یەکەمی هەردوو لا واژۆیان لەسەر کردووە؟

ب. یاسین: لەوانەیە مەبەستت لە وشەی تەریب *یەکانگیر* بێت! ئەگەر ئەوەش وا بێت، دەتوانم بڵێم نەخێر یەکانگیر نییە. بە هەرحاڵ، گرنگە ئەوە بزانین، کە ڕێکەوتنی دەباشان، تا

ئەو جێگەیەی پەیوەندیی بە بڕیارەکانی یەکێتییەوە هەیەوە، بەرهەمی سیاسەتی مام جەلال بوو و لەدوای ئەو شتەکان گۆڕانیان بەسەردا هات. لە ڕاستیدا هەتا هاوپەیمانییە سیتراتیژییەکە، کە هەر مام جەلال خۆی ئەندازیاری سەرەکی بوو، ئەویش گۆڕانکاریی بەسەردا هات. لە هەردوو حاڵەتەکەدا وەکوو دیارە یەکێتی دوای مام جەلال، واتە یەکێتی بەبێ ئەو، پەراوێزی سیاسەتکردنی فراوانتر بووە، ئەمەش موفارەقەیەکی گەورەی سیاسەتە، بەڵام گرنگ ئەوەیە، ئایا یەکێتییەکەی دوای مام جەلال ئەو پەراوێزە لە سیاسەتکردن چۆن بەکار دەهێنێت و سوودی لێ وەر دەگرێ و چ جۆرە سیاسەتێکی لەسەر دەکا، بۆ تێرکردنی چاوبرسێتیی هەندێک لە سەرکردەکانی یا لەپێناو چاکسازیی بنەڕەتی، کە من خۆم *هیی دووەمیان بە دوور دەزانم*!

ئاوێنە: پێت وایە لە ئێستادا یەکێتی لەبەرامبەر ڕێکەوتننامەی ستراتیژیی نێوان یەکێتی و پارتی و ڕێکەوتننامەی دەباشانی نێوان یەکێتی و گۆڕان، کام ڕێکەوتنەیان ستراتیژییە و کامیان تەکتیکییە؟ بۆچی؟

ب. یاسین: لەوەی تا ئێستا لێی تێگەیشتبم، یەکێتی دەخوازێ هەردووکیان ڕاگرێ، بەڵام پرسیار ئەوەیە: ئایا دەتوانێ ئەوە بکات؟ لەوانەیە بتوانێ، لە باشترین حاڵەتدا، بەڵام تا ڕۆژی دوای هەڵبژاردن، بەڵام لەو ڕۆژە بەدواوە ئاسان نابێت. لە لایەکی ترەوە، پرسیارێکی گرنگ ئەوەیە: ئایا یەکێتی بۆ هەوڵ دەدات هاوسەنگی لەنێوان ڕێکەوتنی دەباشان لە لایەک و

هاوپەیمانیی ستراتیژی لە لایەکی تر ڕاگریٚ؟ دەکریٚ مرۆڤ باس لە دوو هۆی سەرەکی بکات: ١- یەکێتی بە بەراورد لەگەڵ پێگەی گۆڕان و پارتی لە پێگەیەکی لاوازدایە و لە ڕێگەی بەکارهێنانی کارتی پەیوەندییەکان *لەگەڵ یا بەرامبەر* ئەو دوو هێزە، یا حاڵەتی هەستیاری هاوسەنگیی نێوان ئەو دوو هێزە، لە خزمەت پێگەی خۆیدا بەکار بهێنێت. ٢- لەناو ڕیزەکانی یەکێتیدا، لە لایەکەوە ئەوانە هەن کە دڵیان بۆ ڕێکەوتنی دەباشان لێدەدات و ئەوانەش هەن کە دڵیان بۆ هاوپەیمانی لەگەڵ پارتی لێدەدات. هەر لەبەر ئەوەش یەکێتی پێویستی بە ڕاگرتنی هەردووکیانە...

لە لایەکی ترەوە، لەوانەیە لە بەرژەوەندیی گۆڕان نەبێت کە مەسەلەی دەباشان ئەوها بە نیوزیندوو و نیومردوو لێبگەڕێت، یا ئەو مەسەلەیە بۆ شەڕە تەفسیر لێبگەڕیٚ... تا ئەو جێگەیەی پەیوەندیی بە یەکێتییەوە هەیە، دوور نییە یاریکردن لە بازنە هەستیارەکەی هاوسەنگیی هێز لەنێوان ڕێکەوتنی دەباشان و هاوپەیمانیی ستراتیژی، هەموو شتێک لەدەست بدات، بەپێی ئەو پەندە عەرەبییەی دەڵێت، ئەوەی هەموو شتی بوێت، هەموو شت دەدۆڕێنیٚ (من أراد کل شی، خسر کل شی)!

تا ئەو جێگەیەی پەیوەندیی بە گۆڕانەوە هەیە، گرنگە ئەو بزاڤە هێمای دروست بدات بە یەکێتی، بەو مانایەی ڕێکەوتنی دەباشان تا ئەبەد بەکراوەیی نامێنێتەوە و گۆڕان بەوە ڕازی نابێت ئەو ڕێکەوتنە تەنها کارتێکی یاریکردنی دانوستاندنی سیاسی بێت لە دەستی یەکێتیدا تا لە هەر جێگە و پێگەیەک بۆی بگونجیٚ یاریی پیٚ بکات! بەو شێوەیەی خۆم لە ڕێکەوتنی دەباشان گەیشتووم بە ئەگەری یەکجار زۆر،

مەبەستی سەرەکیی مام جەلال لەو ڕێکەوتنە بەهێزکردنی پێگەی یەکێتی بوو بەرامبەر بە پارتی، بەتایبەتی کاتێک یەکێتی هەستی بە لاوازی دەکرد و پێویستی بە کارتێک هەبوو بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو ناهاوسەنگییە، کە دەمێک بوو هاوپەیمانییە ستراتیژییەکەی پارتی و یەکێتی تووشی هاتبوو، لە ڕاستیدا هەر لە ٢٠٠٩/٧/٢٥وە.

ئاوێنە: مام جەلال لەکوێی هاوکێشە سیاسییەکانی ئێستای کوردستاندایە لە پەیوەند بە هەڵبژاردنەکان و کاندیدی سەرۆکی هەرێمەوە؟

ب. یاسین: بە هەموو لێکدانەوەیەک و بە ئەگەری یەکجار زۆر، زەمەنی مام جەلال و کاریگەریی مام جەلال بەسەر مەسەلە سیاسییە چارەنووسسازەکاندا بەسەر چووە. یەکێتییش لە قەیرانی دوای مام جەلالدا دەژی و ئەوەی ئەو قەیرانەی زۆر قووڵتر کردۆتەوە، ئەوەیە کە یەکێتی بەتەواوەتی بە عەقڵیەتێکی کلاسیکیی سۆڤیەتی مامەڵەی لەگەڵ ئەو قەیرانەدا کردووە. یەکێتی ئێستاش لە *وەهم و چاوەڕوانیی* گەڕانەوەی مام جەلال بۆ تەندروستییەکی تەواو و ڕۆڵێکی کاریگەر لە سیاسەتدا، لە ئاستی یەکێتیدا، لە ئاستی باشووری کوردستان و عێراقدا و... هتد دەژی.

بە بڕوای خۆم، یەکێتی هەڵەیەکی گەورە دەکات، ئەگەر هەموو کارتە سیاسییەکانی بخاتە خزمەت مەسەلەی بەدەستهێنانی پێگەی سەرۆککۆماری و لەم پێناوەشدا تەنازولی زیاتر بۆ پارتی بکات. یەکێتی لە ڕابردوودا باجی

ئەو سیاسەتەی داوە، بەڵام لە بەردەوامیدا و بەبێ مام جەلال قەوارەی ئەم باجە گەورەتر و بگرە ترسناکتریش دەبێت بۆ ئەم حیزبە. بە لە بەرچاوگرتنی دوو ئەگەریش، لەدەرەوەی فاکتەرەکانی ناوخۆی خودی یەکێتی و فاکتەرە کوردستانییەکان، باش وایە یەکێتی دوو شتی گرنگ بخاتە حسابەوە: ١- بە ئەگەری زۆر عێراق بەرەو قەبرکردنی پرنسیپی سازان - تەوافوق دەڕوات، چونکە ئەم پرنسیپە نە لە دەستوور و نە لە هیچ بەڵگەنامە و پەیمانێکی گرنگدا نەچەسپاوە و لە حاڵەتی گۆڕانکاری لە هاوسەنگییە سیاسییەکاندا بە ئەگەری زۆر ئەو پرنسیپە بچێتە مێژووەوە و ببێتە بەشێک لە ڕابردوو. ٢- بە ئەگەری زۆر، عێراق بەرەو *فەرمانڕەواییی زۆرینە* دەڕوات و لەبەر ئەم هۆیەش، ئەگەری هەرە بەهێز ئەوەیە کە کورد ئەسڵەن ئەو پێگەیە، واتە پێگەی سەرۆککۆماری، لەدەست بدات. بەکورتییەکەی، لەوە دەچێ باشترین بژاردە بۆ یەکێتی ئەوە بێت، کە چیی تر حساب لەسەر پێگەی سەرۆککۆماری نەکات، بەڵام ئەگەر نا، ترسی جیددی هەیە لەوەی بەغدادیش لەدەست بدات و لە کوردستانیش بە هۆی پشتگیریکردن لە هەڵبژاردنەوەی مەسعود بارزانی ئەوەی هەیەتی، لە کوردستان، لەدەستی بدات!

ئاوێنە: پێت وایە ئۆپۆزسیۆن کاندیدی هەبێت بۆ سەرۆکایەتیی هەرێم، لە کاتێکدا کە داوای سیستمی پەرلەمانی دەکەن؟ ئەمە نابێتە دووفاقیی سیاسیی ئۆپۆزسیۆن ئەگەر کاندیدیان هەبێت؟ پێت وایە کێ کاندیدی ئۆپۆزسیۆن دەبێت؟

ب. یاسین: باوەڕم وایە ئاماژەکان بەرەو ئەوە دەچن، کە ئۆپۆزسیۆن بژاردە و کاندیدی خۆی هەبێت بۆ هەڵبژاردن و بە باوەڕی خۆم لە کاتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنێکی بێگەرد، هەتا بگرە بە فرتوفێڵێکی کەمیشەوە لەلایەن دەسەڵات، بەڵام بە بوونی کاندیدێکی بەهێزی ئۆپۆزسیۆن، ئەگەری زۆرە ئەو کاندیدە بباتەوە. کۆمەڵێک بەهانە هەن بۆ ئەو بۆچوونە کە لێرەدا دەرفەتی قسەکردن دەربارەیان نییە. لە بژاردەیەکی ئەوهادا، گرنگە کاندیدی ئۆپۆزسیۆن ڕەنگدانەوەی هەرە فراوانی پانتاییی سیاسی و ئایدیۆلۆژی بێت، لە ڕوانگەی پێدراوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ئەمڕۆی باشووری کوردستان.

بە باوەڕی خۆم، نەک هەر دووفاقی نییە کە ئۆپۆزسیۆن کاندیدی خۆی هەبێ، بەڵکوو زۆر پێویستە لەسەر بنچینەی تێگەیشتن و بەهانەیەکی تر، کاندیدی خۆی، بەبێ دوودڵی، بخاتە ناو گەمەی هەڵبژاردنەوە. گرنگە ئۆپۆزسیۆن، لەبری ئەوەی بکەوێتە دوودڵییەوە کە ئایا ئەمە دووفاقیی سیاسییە یا نا، لەو باوەڕەوە کاندیدی خۆی بەشداری پێ بکات، کە بەڵێ ئەگەر هات و ئۆپۆزسیۆن پێگەی سەرۆکایەتیی هەرێمی بەدەست هێنا، ئەوا ئەو کاتە لە پێگەیەکی زۆر بەهێزەوە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردندا دەتوانێ نەک هەر کار بۆ چاکسازیی بنەڕەتی بکات، بەڵکوو ڕێک و ڕاست هەر ئەو پێگەی سەرۆکایەتییە بەکار بهێنێت و سوودی لێ وەر بگرێ بۆ گۆڕینی سیستمی سیاسی لە باشووری کوردستان لە سەرۆکایەتی بۆ پەرلەمانی، کە ئەمەش یەکێک لە مەبەستە سەرەکی و ستراتیژییەکانی ئۆپۆزسیۆن بووە.

ئاوێنە: لە ئەگەری سێبارەخۆکاندیدکردنەوەی کاک مەسعووددا، پێت وایە ئۆپۆزسیۆن هەڵوێستی چی دەبێت، یا بە ڕای تۆ پێویستە هەڵوێستیان چی بێت؟

ب. یاسین: بە ڕای خۆم، جارێ پێویستە ئۆپۆزسیۆن لە پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانیدا بەردەوام لایەنە پەیوەندیدارەکان، بەتایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، لە هەموو ئەگەرەکان ئاگادار بکاتەوە و ئەو مەترسییانەش بەڕاشکاوی بەردەوام بگەیەنێ، کە لە حاڵەتێکی ئەوهادا دێنە پێشێ. من پێشتریش ئاماژەم بەوە دا، کە ئەگەری پەڕینەوەی ئەم بارودۆخە بۆ نارەزایەتیی جەماوەریی بەرفراوان، کراوەیە و *دەکرێ بڵێم بەهێزیشە*. لە لایەکی ترەوە، گرنگە هەر زوو پارتی ئەوە بزانێ، کە پێداگری لە هەڵبژاردنەوەی مەسعود بارزانی و لەوەش خراپتر دەستبردن بۆ هەندێ فرۆفێڵی یاسایی، یا سووڕانەوە لە یاسا، زیان بە خودی پارتی و مەسعود بارزانی دەگەیەنێ. دەبێ ئەو حیزبە و بارزانی ئەو بەراوردانە بەجیددی وەر بگرن، کە ئەمڕۆ لە میدیاکانی کوردستان دەکرێن لەنێوان مەسعود بارزانی و ئەو دیکتاتۆرانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفەریقا و شوێنی تر، کە دەستکاریی دەستووریان کردووە لەپێناو مانەوەیان لەسەر کورسیی فەرمانڕەوایی دیکتاتۆری!

ئاوێنە: بەشێک لە هاووڵاتییان پێیان وایە لە ئێستادا کاک مەسعود تاکەکاندید و تاکەزامنی ئەوەیە، کە بتوانێت سەرۆکایەتیی هەرێم بکات، بەتایبەت کە تا ئێستا کێشەکانی

نێوان هەرێم و بەغداد بەهەڵواسراوی ماونەتەوە، ئایا ناکرێت لەبەر بەرژەوەندیی نەتەوەیی سێبارە کاک مەسعود هەڵبژێرینەوە و جیاوازییەکانمان وەلاوە بنێین؟ بۆچی؟

ب. یاسین: جارێ من باوەڕم وا نییە مەسعود بارزانی لەو پێگەیەی کە لێیەتی بەو ڕادەیە خزمەتی بە تەواوی نەتەوە کردبێ. دەمێکە کاتی سەرکردەی تاک و سەرکردەی زەرورەتی مێژوویی بەسەر چووە. لەوەش زیاتر، بە باوەڕی خۆم، ئەوە ڕێک بچووککردنەوەی نەتەوەی کوردە، کاتێک خەڵکانێک ئەو باوەڕە دەخەنە ڕوو، کە گوایە تەنها مەسعود بارزانی دەتوانێ شایستەی ئەو بەرپرسیارێتییە بێ کە پێگەی سەرۆکایەتیی هەرێمە. خەڵکی کوردستان پڕیەتی لە خەڵکی شایستە، کە دەتوانێ خزمەتێکی زۆر زیاتر بەو خەڵکە بکات لەو پێگە و بەرپرسیارێتییەی سەرۆکایەتیی هەرێمەوە.

لە مەسەلەی پەیوەندیی کوردستان و بەغداد، من باوەڕم وایە مانەوەی بارزانی مەترسییە لەسەر ئەو پەیوەندییانە. بە بوونی ئەو لە لووتکەی دەسەڵات، نەک هەر ئەو پەیوەندییانە بەرەو باشتر نەڕۆن، بەڵکوو خراپتریش ببن. بارزانی لەو پێگەیەوە، بەپێی ئەوەی بەشێک لە ململانێکان بە شەخسەنە کراوە لەنێوان ئەو و مالکیدا، بووەتە بارگرانی بەسەر ئەو پەیوەندییانەوە...

ئاوێنە: لە ئێستادا ئۆپۆزسیۆن خەریکی گفتوگۆن بۆ کاندیدکردنی کەسێک بۆ سەرۆکایەتیی هەرێم، دەنگۆیەکیش هەیە، کە پەیوەندییان بە تۆوە کردبێت بۆ ئەوەی ببیتە کاندیدی

ئۆپۆزسیۆن بۆ سەرۆکایەتیی هەرێم، ئایا هیچ شتێک لەو بارەیەوە هەیە؟

ب. یاسین: نەخێر، هیچ شتێک لەو بارەیەوە نییە و من ئاگاداری هیچ شتێک نیم و لەلایەن هیچ کەس و لایەنێکەوە ئاگاداری هیچ شتێکی لەو شێوەیە نەکراومەتەوە.

# هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩ ڕوانگەی هاوسەنگیی هێزیان لەنێوان یەکێتی و پارتیدا لە بنچینەوە هەڵتەکاند و گۆڕی

**دیمانەی پێگەی چاوی گەل، ٢٠١٣/٥/٢٩، بڵاو بۆتەوە**
**سازدانی جیهاد محەممەد**

## پێشەکیی چاوی گەل بۆ دیمانەکە

بە وتە و لێدوانەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، دەستووری کوردستان هیچی نەماوە و تەواوە و تەنیا ڕاپرسیی ماوە. ئەم حیزبە دەڵێت، "بۆ ئامادەکردنی ئەو پڕۆژەیە، کەڵک لە دەستووری چل وڵات وەر گیراوە و حەوت ساڵی خایاندووە هەتا ئامادە کراوە و بۆچوونی پسپۆڕانی بیانی و ناوخۆیی وەر گیراوە و بەر لەوەی لە پەرلەمان دەنگی پێ بدرێت، ٥٠٠٠ پێشنیاریان لەلایەن چینوتوێژەکانی کۆمەڵگە پێ گەیشتووە،

پاشان لە پەرلەمانی کوردستان بە دەنگی ٩٦ ئەندام بڕیار درا بدرێتە ڕیفراندۆم و بە یاسایەک ڕەوانەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان کرا.“

هەروەها ٩٠٠ هەزار دانە لەو پڕۆژەیە چاپ کراوە و لە ڕێی بریکارەکانی خۆراکەوە بۆ هەموو خانەوادەیەک نێردراوە. دەستوور هەموو قۆناغەکانی بڕیوە و پێویستە ڕاپرسیی خەڵکی کوردستانی لەسەر بکرێت و تێپەڕێنرێت.

کۆدەنگییەکیش لەنێوان هەرسێ لایەنی ئۆپۆزسیۆن و دەرەوەی ئۆپۆزسیۆن و بەشێک لە سەرکردایەتیی یەکێتی و زۆرێک لە ڕۆشنبیران و خەڵکی گشتی و چاودێرانی سیاسی، پێیان وایە دەستوور ناتەواوە و پێویستە بگەڕێنرێتەوە ناو پەرلەمان بۆ هەموارکردنەوە، بەتایبەتی هەموارکردنەوەی هەندێک پرسی نیشتیمانیی وەک دیاریکردنی سنووری کوردستان، کە لە دەستووردا خراوەتە ژێر ڕەحمەتی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراقەوە و هەموارکردنەوەی دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێم بە جۆرێک، کە ئەو دەسەڵاتانە کەم بکرێتەوە تا ئەو ئاستەی سەرۆکی هەرێم لەژێر دەسەڵاتی پەرلەماندا بێت، نەک بە پێچەوانەوە وەک لە دەستووردا هاتووە، دیسان هەموارکردنەوەی هەندێک ماددە و بڕگەی تری ناو دەستوور.

پرسیار: لەم کێشمەکێشەدا بەڕێزت چی دەڵێیت و چ خوێندنەوەیەکت هەیە، تکایە وەک کەسێکی بێلایەن و ڕۆشنبیرێک ڕوونی بکەرەوە؟ کام لەم دوو لایەنە لەسەر حەقە و چۆن؟ کامیان دیموکراتییانەترە؟ ڕای کامیان زیاتر لە بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستانە بەگشتی؟

ب. یاسین: من باوەڕم وایە، مەسەلەکە بەم شێوەیە ڕەش یا سپییە نییە، بەو مانایەی ئایا دەسەڵات ڕاست دەکات یا ئۆپۆزسیۆن. لە ڕاستیدا کێشمەکێش و ناڕازیبوون دەربارەی دەستوور شتێکی نوێ نییە، بەڵکوو هەر لە سەرەتاشەوە بۆچوونی جودا هەبوو دەربارەی ئەم بابەتە گرنگ و هەستیارە. ئەو دەنگانەی لە ڕۆژانی دواییدا دەر کەوتوون، بە پەیوەندی لەگەڵ باسوخواسی دەستوور، ئەوە دەر دەخەن، کە هەر لە سەرەتاوە ناڕەزایی هەبووە و یەکێک لەو شارەزایانەی لە سەرەتاوە بەشدارییەکی بەرچاوی هەبوو لە نووسینەوەی دەستووردا (مەبەست د. نوری تاڵەبانی)یە، لە قۆناغێکی هەستیاری پرۆسەی نووسینەوەی دەستووردا دەستی لەو پرۆسەیە کێشاوەتەوە. جگە لەوەش، لە ڕۆژانی دواییدا هەندێ زانیاریی گرنگ ئاشکرا بوون، وەکوو ئەوەی کاتی خۆی یەکێتی بەزۆرەملێ ئەو ڕەشنووسی دەستوورەی قبوڵ کردبێ. شتێکی تر کە زۆر گرنگە ئەوەیە، لە کاتی پەسەندکردنی ڕەشنووسی دەستوور، کۆمەڵی ئیسلامی و یەکگرتووی ئیسلامی بەشێک بوون لە پەرلەمان و دەنگیان دا بە ڕەشنووسەکە، بەڵام ئەمڕۆ ئەم دوو هێزە شانبەشانی بزاڤی گۆڕان، بە شێوەیەکی ڕەسمی داوای گەڕاندنەوەی ئەو ڕەشنووسە دەکەن بۆ پەرلەمان، بۆ ئەوەی ئەم دامەزراوەیە سەرلەنوێ هەمواری بکاتەوە. ئەم خاڵانە تەنها بەشێکن لە پێکهاتەیەکی زۆر لە بەهانە، کە باسوخواسەکان لە ڕەش یا سپی دەر دەکەن و دەیانبەن بۆ ئاستێکی ئاڵۆزتر.

لە لایەکی ترەوە، دەتوانین بڵێین چەند شتێکی نوێ هەن، زیاتر گوزارشت لە گۆڕانکاری لە ڕوانگەی سیاسی و خەملانی

هاوسەنگییەکی نوێی هێز لە باشووری کوردستان دەکەن و ئەم گۆڕانکارییانەش دەرهاوێشتە و کاریگەرییان هەبووە لەسەر بۆچوون و هەڵوێستەکان لەمەڕ مەسەلەی دەستوور. بە باوەڕی خۆم، سێ شت بەتایبەتی لەم بارەیەوە گرنگن مرۆڤ جەختیان لەسەر بکاتەوە، کە ڕاستەوخۆ کاریگەرییان هەبووە لەسەر هەڵوێستە لە مەسەلەی دەستوور: ١- دەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆنێکی کارا و بەهێز لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩دا. بەتایبەتی بزاڤی گۆڕان، کە هەر لە سەرەتاوە بۆچوونێکی جیاوازی هەبووە لە هیی دەسەڵات لەمەڕ دەستوور، ڕۆڵێکی ناوەندی و بەرچاوتری بینیوە لەم بارەیەوە. دەبێ ئەوەش بە جەختکردنەوە بوترێ، کە مەسەلەی گۆڕینی سیستم لە سەرۆکایەتییەوە بۆ پەرلەمانی یەکێک بووە لە ڕەهەندە هەرە گرنگەکانی هەڵوێستەی ئۆپۆزسیۆن، بەتایبەتی هیی گۆڕان، دەربارەی دەستوور. ٢- نزیکبوونەوەی سەرۆکی هەرێم لە کۆتاییی خولی دووەمی فەرمانڕەواییی خۆی لە سەرۆکایەتیی هەرێمدا و نەبوونی دەرفەت نە بەپێی یاسای سەرۆکایەتی و نە بەپێی ڕەشنووسی دەستوور. بە مانایەکی تر و وەک دەرهاوێشتە، نەبوونی دەرفەت بۆ خۆکاندیدکردنەوەی بۆ خولی سێیەم، تەنها لە یەک حاڵەتدا نەبێت، ئەویش قبوڵکردنی تۆ بڵێ تێپەڕاندنی، دەستوورە لە ڕاپرسییەکی گشتیدا بەر لە هەڵبژاردنەکان، لە ڕاستیدا تەنانەت بەر لە کۆتاییهاتنی وادەی خۆکاندیدکردن و ناونووسکردنی قەوارە سیاسییەکان. ٣- هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩ ڕوانگەی هاوسەنگیی هێزی لەنێوان یەکێتی و پارتیدا لە بنچینەوە هەڵتەکاند و گۆڕی. هەرچەندە ئەم گۆڕانکارییە لە شەو و ڕۆژێکدا دەر نەکەوت

و ماوەیەکی درێژتری پێویست بوو بۆ ئەوەی خۆی دەر ببڕێ لە شێوەی جیاجیادا، بەتایبەتی سەرلەنوێخەملاندنەوەی "هاوپەیمانیی ستراتیژی،" بەڵام دواجار ئەم گۆڕانکارییە لە هاوسەنگیی هێزدا هۆکارێکی زۆر گرنگ بوو بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی نوێ پەیوەندییە درێژخایەنەکانی نێوان یەکێتی و پارتی بخەملێنەوە. ئەوەی لەم بارەیەوە گرنگە، ئەوەیە کە لە ڕێگەی ڕێککەوتنی دەباشانەوە، لەنێوان نەوشیروان مستەفا و جەلال تاڵەبانی، یەکێتی هەڵوێستێکی هەرە گرنگی خۆی دیاری کرد، کە نەک هەر نزیک بوو لەگەڵ هەڵوێستی بزاڤی گۆڕان، بەڵکوو بەتوندی یەکانگیریش بوو لەگەڵی، کە ئەویش گۆڕینی سیستمی سەرۆکایەتییە بۆ سیستمی پەرلەمانی. لە ڕاستیدا دەرهاوێشتەیەکی زۆر گرنگی ئەم ڕێکەوتنە، واتە ڕێکەوتنی دەباشان، لە حاڵەتی پابەندبوون پێیەوە و جێبەجێکردنی، یانی بەڕاشکاوی سەرلەنوێهەمووارکردنەوەی دەستوور لە ڕێگەی گەڕاندنەوەی بۆ پەرلەمان. بەتایبەتی دوای دوورکەوتنەوەی جەلال تاڵەبانی لە مەیدانی سیاسی، ڕۆژ دوای ڕۆژ یەکێتی لە بۆچوونی ئۆپۆزسیۆن نزیکتر بۆتەوە، تا بگرە دواجار ئەمڕۆ هەڵوێستی یەکێتی زۆر لە ئۆپۆزسیۆن نزیکترە تا لە هیی پارتی. ئەگەرچی بە تێبینییەکی گرنگەوە، ئەم نزیکبوونەوەیە بۆ یەکێتی بێکێشە نەبووە و لە داهاتووشدا بێکێشە نابێ. ٤- یەکێک لە دەرهاوێشتەکانی بزاڤی شەقام ئەوە بوو، کە خودی دەسەڵات ڕازی بوو بەوەی دەستوور لە ڕێگەی پەرلەمانەوە هەموار بکرێتەوە، بەڵام کە دواتر دەسەڵات لە بڕیارەکەی پاشگەز دەبێتەوە، ئەوە شتێکی ترە.

لێرەدا، جگە لەو تێبینییانەی ئاماژەیان پێ کرا، گرنگە ئەوە

جەخت بکەینەوە، کە دەستوور لە هەوا و کەشێکدا تێپەڕێندرا، کە لە ڕاستیدا پەرلەمان کاتی بەسەر چووبوو و کوردستان لە هەڵبژاردنێکی تر، واتە هەڵبژاردنی ٢٠٠٩، نزیک دەبوویەوە.

بە ڕای خۆم، گرنگ نییە سوود لە ئەزموونی چەند دەوڵەت وەر گیرابێ و چەند تێبینی نووسرابێ یا خوێندرابێتەوە، بەڵکوو گرنگ چەند شتێکی ترە: ١- کامانەن ئەو ئەزموونانەی سوودیان لێ وەر گیراوە. ٢- زۆر جار دەستوورەکان جوان دەر دەکەون، بەڵام لە جێبەجێکردندا شتێکی ترن. ٣- دەکرێ دەستوور لە ڕێگەی چەند ماددەیەکیەوە خاڵی بکرێتەوە لە سروشتە دیموکراتییەکەی. ٤- جێگەی تێگەیشتنە، گەر هەموو لایەنێک بە مەترسی و نیگەرانیی زۆرەوە لە دەستوورێک بڕوانن کە کەم یا زۆر، زۆرێک لە ماددەکانی دەربارەی کۆمەڵێک دەسەڵاتی زۆر بەهێزی سەرۆک بن. ٥- لە ڕاستیدا لە ماوەی فەرمانڕەواییی سەرۆکی هەرێمدا کۆمەڵێک شتی ترسناک ڕوویان داوە، کە هێمای بەرهەمهێنانی سیستمێکی ستەمکاریی کوردییان لێ کەوتۆتەوە. یەکێک لە هەنگاوە هەرە ترسناکەکان، لەژێر سێبەری ئەو دەستوورە، کە هێشتا ڕەشنووسیشە، یاسای ئاسایشی نیشتمانی بوو کە دامەزراندنی ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانیی لێ کەوتەوە، کە دواجار سەرۆکی هەرێم بە یارمەتیی هەمان ئەو ڕەشنووسە کوڕەکەی خۆی کرد بە سەرۆکی ئەو دەزگا گرنگ و پڕدەسەڵاتە. لە خوێندنەوەیەکی وردی ئەو یاسایەدا ئەوە دەر دەکەوێ، کە کۆمەڵێک دەسەڵات دراوە بەم دەزگایە، لە سیستمە دیموکراسییەکان نەک هەر بەرچاو ناکەون، بەڵکوو لەو وڵاتانەش بەرچاو ناکەون، کە هەندێ هەنگاویان لە ئاراستەی دیموکراتیزەکردنی

کۆمەڵگەکانیان بڕیوە و هێشتا نیمچەدیموکراسین. دیوێکی تری ئەم ئاماژەیەم ئەوەیە، ئەو دەستوورەی هێشتا بەتەواوەتی قبوڵ نەکراوە، کەچی ئەو هەموو دەسەڵاتەی داوە بە سەرۆکی هەرێم، ئایا گەر ئەو دەستوورە بەتەواوەتی و وەک خۆی هەموار کرا بەم شێوەیەی کە هەیە، ئەو کاتە چی ڕوو دەدات؟ لە ڕاستیدا ئەم گومان و مەترسییانە بەهانە و پشتگیریی گرنگن بۆ داواکاریی گەڕاندنەوەی ڕەشنووسی دەستوور بۆ پەرلەمان.

چاوی گەل: بە ڕای بەڕێزت، ئەگەر دەستوور بخرێتە بەردەم ڕاپرسییەوە، ڕێژەی دەنگدانی یاسایی خۆی دەهێنێت؟ ئەگەر ئەو ڕێژەیەی هێنا، ئەوا دەبێت بە شکست بۆ ئۆپۆزسیۆن و سەرکەوتن بۆ پارتی لە هەڵبژاردنەکاندا؟ ئەگەر ئەو شکست و سەرکەوتنە لەلایەن پارتی و ئۆپۆزسیۆنەوە خوێندنەوەی بۆ کراوە و وا وەر گیراوە! کەواتە ڕاپرسی لەسەر دەستوور لەم کاتەدا جۆرێکە لە بانگهێشتیی هەڵبژاردنەکان؟ ئەگەر وایە؟ ئەمە بە سیاسیکردنی دەستوور نییە کە بە دایکی هەموو یاساکان دادەنرێت؟

ب. یاسین: سەرەتا من باوەڕم وایە، کە خستنە ڕاپرسیی دەستوور، لەم قۆناغەدا هەڵەیەکی هەرە گەورەیە کە پارتی بیکات. پارتی هەر لە سەرەتای مانگی نیسانەوە کۆمەڵێک هەنگاوی هەڵەی نا، کە هەمووشیان لەپێناو دانەوەی دەرفەتە بە سەرۆکی هەرێم کە بۆ خولی سێیەم لە دەسەڵاتەکەی بمێنێتەوە، بەڵام باشترە هەر ئێستا پارتی ئەوە بزانێ، سەرکێشیکردنی لەوەی ڕەشنووسی دەستوور بخاتە ڕاپرسییەوە، بە ئەگەری

زۆر هەڵەکانی بە لووتکەیەکی هەرە ترسناک دەگەیەنێ، کە نە لە خزمەتی ئەزموونی باشووری کوردستان دەبێ و نە لە خزمەتی پارتی خۆی. دەڵێم پارتی، چونکە ئەو حیزبە تا ڕادەیەکی زۆر بەتەنیا ماوەتەوە لە پێداگری لە مەسەلەی نەگەڕاندنەوەی ڕەشنووسی دەستوور بۆ پەرلەمان و جەختکردنەوەی کە بە هەر بەها و نرخێک بێت بخرێتە ڕاپرسییەوە. بە هەرحاڵ، ئەمڕۆ دوای ئەو هەموو گفتوگۆیانە و پێداگریی پارتی لەسەر ڕاپرسی دەربارەی دەستوور، ڕۆژ بە ڕۆژ لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنەکان و بەتایبەتییش کاتێک بۆ خودی پارتی ئەوە ساغبوویەوە، کە سەرۆکەکەی ناتوانێ خۆی بۆ سەرۆکایەتیی هەرێم هەڵبژێرێ، ئەم هەوڵانە، ئەگەرچی هەڵەن و بە ئەگەری زۆر سەر لە هەڵە و کاریسەیەکی سیاسیش دەدەن، زۆر زیاتر چڕبوونەتەوە.

ڕێک لەم سات و کاتە هەستیارەدا یەکلابوونەوە و پێداگریی یەکێتی لەسەر گەڕاندنەوەی دەستوور بۆ پەرلەمان، گرنگییەکی تایبەتی هەیە. لەم حاڵەتەدا پێداگریی پارتی لەسەر ئەوەی کە بەبێ پشتگیریی یەکێتی ڕەشنووسی دەستوور بخاتە ڕاپرسییەوە، بە ئەگەری زۆر بە کاریسەیەکی سیاسیی بێهاوتا بۆ پارتی و سەرۆکەکەی تەواو دەبێ. لە حاڵەتێکی تردا، ئەگەر بە فەرز لە ڕاپرسییەکەدا ڕەشنووسەکە قبوڵ کرا، ئەوا لەو حاڵەتەدا ئەزموونی کورد لە باشوور و خەڵکی کوردستان زەرەرمەندی هەرە سەرەکی دەبن، چونکە لە باشترین حاڵەتدا، ڕەشنووسی دەستوور، هەتا بگرە لە حاڵەتی سەرکەوتنی لە ڕاپرسیدا، ئەوا ئەو سەرکەوتنە بە ئەگەری زۆر کۆمەڵگەی کوردی بەتوندی دوولەت دەکات بۆ دوو بەشی دژبەر،

جگە لەوەش، دەرفەت دەدات بە سەرۆکی هەرێم، کە خۆی کاندید بکاتەوە بۆ سەرۆکایەتیی هەرێم، کە ئەوەش بێ هیچ گومانێک هەنگاوێکی ترسناکە لە بەرجەستەکردنی ستەمکاری و بگرە دەسەڵاتی دیکتاتۆریەتی کوردی، دەسەڵاتێک کە زیاتر لە مەشیەخەکانی ناوچەی کەنداو دەچێ تا لە دەسەڵاتێکی دیموکراسی.

لە لایەکی ترەوە، بە خوێندنەوەی خۆم، پارتی باش لە مەترسییەکانی تاکڕەوی لەو مەسەلە هەستیارەدا گەیشتووە، هەرچەندە بەئاشکرا ئەو مەترسییانە دەر نابڕێ. جگە لەوە ئەوەی ئەمڕۆ ڕۆڵێکی گرنگ لە تەنگژەکانی باشووری کوردستان دەبینێ و بەتایبەتی لە بابەتی دەستووردا ئەوەیە، کە پارتی لە وەهمی گەورەیی و بەهێزییەکدا دەژی، کە لە ڕاستیدا دەمێکە بنەماکانی لەدەست داوە لە ڕوانگەی سیاسیی کوردستاندا، بەتایبەتی لە گۆشەبینینی هاوسەنگیی هێزەوە. پارتی هەڵەیەکی گەورە دەکات، ئەگەر بەردەوام گووتار و هەڵوێستە سیاسییەکانی بەپێی پێوەر و ڕوانگەکانی سەرەتاکانی ١٩٩٠کان بخەملێنێ. بەم مانایەش، مانەوەی پارتی لە زەمەنێکی تردا، کە خودی ڕوانگە و هاوسەنگیی هێزی ئەو زەمەنە بوو، کە کاتی بەسەر چووە، کێشەی هەرە گەورەی پارتییە و بە ئەگەری زۆریش قەتیسبوونی پارتی لەو بازنەیەدا و نەتوانستی لە بینینی مەرج و ڕوانگە تازەکانی سیاسەت و سیاسەتکردن، دەبێ بە سەرچاوەی شکستە سیاسییەکانی داهاتووی پارتی. لە لایەکی ترەوە، گرنگە ئۆپۆزسیۆن لە خوێندنەوەیدا بۆ ڕوانگەی سیاسی و هاوسەنگییەکان ئەوە بەجوانی ببینێ، کە توانا و پەراوێزەکانی کاریگەریی سیاسیی پارتی زۆر سنووردار بووە.

گرنگە ئەوەش جەخت بکرێتەوە، کە چیی تر تواناکانی پارتی ئەو ڕەهایە نین کە تا چەند ساڵێکی کەمیش پێش ئەمڕۆ ڕاستییەکی مەیدانی سیاسیی کوردستان بوون...

بە هەرحاڵ، جێگەی سەرسووڕمان و بگرە مەترسییەکی زۆریشە کە ئەمڕۆ پارتی بەبێ پێچوپەنا و بگرە بە شانازیشەوە، دواجار لەسەر زاری قسەکەری ڕەسمییان *جەعفەر ئێمینکی*، باس لەوە دەکات، کە ڕەشنووسی دەستوور هەر نەبێ پەنجاویەک لە سەدی ٥١٪ی دەنگی خەڵکی کوردستان بەدەست دەهێنێ! لێرەدا گرنگە بەراوردێکی بەپەلە بکەین لەنێوان هەڵسوکەوتی پارتی لە لایەک و هەڵسوکەوتی دەسەڵاتدارانی تورکیا لەمەڕ مەسەلەی هەموارکردنەوەی دەستوور لە هەردوو حاڵەتی باشووری کوردستان و تورکیا. لە کاتێکدا دانیشتووانی کورد لە باکوری کوردستان بە ژمارە زۆر کەمترن بە بەراورد لەگەڵ دانیشتووانی تەواوی تورکیا و لەگەڵ ئەو ڕاستییەشی کە کوردان خاوەنی دەسەڵاتی سیاسی نین و تەنانەت لە ڕێگەی پارتی ئاشتی و دیموکراتیی (بەدەپە) تەنها ٦٪ی ئەندامانی پەرلەمانی تورکیا پێک دەهێنن، کەچی ئەوەتا ئەندامبوونی ئەو حیزبە، کە بە هەموو پێوەرێک لە ئاستی هەموو تورکیا، نوێنەرایەتیی ژمارەیەکی زۆر کەمی دانیشتووان دەکات، لە کۆمیسیۆنی پێداچوونەوەی دەستووری تورکیا جێگەی کرایەوە بۆ ئەوەی بەشداریی چالاکانە لە هەموارکردنەوەی دەستووری تورکیادا بکات. پرسیار ئەوەیە: ئایا دەسەڵاتی کوردی و زۆر بەتایبەتی پارتی، ناتوانێ بەقەدەر دەسەڵاتی ڕەسمیی تورکیا بەرامبەر بە کێشە سیاسییەکانی کورد و ئۆپۆزسیۆنەکەی دیموکرات بێت و بەشداری بە ئۆپۆزسیۆن بکات لە پڕۆسەی پێداچوونەوەی

ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان؟ دەسەڵاتدارانی تورکیاش ساڵانێکی زۆر بە لووتبەرزییەکی زۆرەوە و دوور لە ڕوانگە سیاسی، مرۆیی، ئیتنیکی و کۆمەڵایەتییەکانی تورکیا هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کورددا کرد، بەڵام دوایی بۆیان دەر کەوت، هەمان ئەو لووتبەرزییە ڕێگر بووە لە بینینی ڕاستی و ڕوانگە ڕاستەقینەکان!

جێگەی داخە کە سەرۆکی هەرێم بە ڕۆحێکی زۆر حیزبییانەی تەسک و بە لەخۆباییبوونێکی زۆرەوە لە ٢٦ی ئام مانگە (٢٠١٣/٥/٢٦) تاکلایەنانە و بەبێ حسابکردن تەنانەت بۆ هاوپەیمانەکەی، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بە لووتبەرزییەکی زۆرەوە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە دەبێ ڕەشنووسی دەستوور بخرێتە ڕاپرسییەوە.

چاوی گەل: کێشەیەکی تری ئەمڕۆی ناو حیزبە سیاسییەکانی کوردستان و خەڵک بەگشتی، قسەکردنە لەسەر ئەوەی کە پارتی دیموکراتی کوردستان دەیەوێت هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لە خەڵکەوە بێت، بەڵام ئۆپۆزسیۆن و فراکسیۆنی هەرسێ حیزبە ئۆپۆزسیۆنەکە دەیانەوێت لە پەرلەمانەوە بێت، ئەگەر هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لەلایەن خەڵکەوە بێت یا لەلایەن پەرلەمانەوە بێت، چ جیاوازییەکی سیاسی و یاسایی هەیە؟ بە ڕای بەڕێزت کامیان بۆ بەدیموکراسیزەکردنی کۆمەڵگەی کوردستان باشترە و چۆن؟

ب. یاسین: بە باوەڕی من، مەسەلەیەکی هەرە گرنگ ئەوەیە، کە ئایا دەسەڵاتەکانی سەرۆک چەندن و چین؟ نەک بە

زەرورەت شێوەی هەڵبژاردنی. لە ڕاستیدا ئەوەی لە کوردستان هەیە، کێشەکە لەوەدا نییە ئایا سەرۆکی هەرێم لە پەرلەمانەوە هەڵبژێردراوە یا لەلایەن خەڵک، واتە ڕاستەوخۆ. بە مانایەکی تر، کێشەکە لەوەدایە، کە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم لە هەشت ساڵی ڕابردوو و بەپێی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم، هەندێ بڕیاری داوە و بە کردار هەندێ هەڵوێستی وەر گرتووە، کە تەنها لە وڵاتە دیکتاتۆرییەکاندا هەیە. هەر بۆ بەراوردێکی سەرپێی، لە ئەمەریکا سیستم سەرۆکایەتییە و سەرۆکیش ڕاستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێ، کەچی سەرۆک بۆی نییە بەبێ قبوڵکردنی کۆنگرێس سەفیرێکیش دەستنیشان بکات! جگە لەوە، سەرۆکەکانی ئەمەریکا تەنانەت لەبەر هەندێک هەڵسوکەوت، بۆ نموونە پەیوەندیی سێکسی لە دەرەوەی چوارچێوە عورف و یاساییەکانی بواری ڕێکخستنی خێزان، دەکرێ بخرێنە بەر بژاردەی دەستلەکارکێشانەوە. کەچی لە وڵاتی ئێمە، ئەوەتا دواجار، تەنها بۆ نموونە، خەڵکی لە ڕێگەی بەکاربردنی "دەرمانی هەڵەوە" بە کۆمەڵ چاویان لەدەست دەدەن و دووچاری مردن دەبنەوە، کەچی سەرۆکی هەرێم هەر باسیشی ناکات. بە مانایەکی تر، سەرۆکێک بە دەسەڵاتێکی کەمیشەوە، گەر لە بنەڕەتدا ئاراستەی تاکڕەوی تیایدا باڵادەست بێت، دەتوانێت وڵات بەرەو سیستمی ستەمکاری و دیکتاتۆریەت ببا، بەڵام سەرۆکێکی خاوەن دەسەڵاتی زۆر، ئەگەر باوەڕی بە بنەماکانی دیموکراسی هەبێ، ئەوا بە دەسەڵاتێکی زۆریشەوە وڵاتەکەی بەرەو دیکتاتۆریەت نابات.

دەتوانین ئەوەی کە وترا بە شێوەیەکی تر بەکورتی و بەچڕی بیڵێینەوە: بەو دەسەڵاتانەی کە لە ڕەشنووسی دەستووری

هەرێم، ئەگەرچی سەرۆک لە پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێت، واتە بە هەمان دەسەڵاتەوە، هیچ لە هیچ ناگۆڕێ. مەسەلە بنەڕەتییەکە دەسەڵاتەکانی سەرۆکن تا میکانیزمی هەڵبژاردنی!

با بە ڕاشکاوانەتر بڵێین، نموونەی زۆر زیندووی پێگە و دەسەڵاتەکانی جێگری سەرۆکی هەرێم، لە ڕۆشناییی ئەزموونی هەشت ساڵی ڕابردووی فەرمانڕەواییی مەسعود بارزانی و مامەڵەی لەگەڵ جێگرەکەی، بەتوندی تاکڕەویی سەرۆکی هەرێم دەر دەخات. خەڵک دەتوانێ بپرسێ، ئایا جێگە و پێگە و دەسەڵاتی ڕاستەقینەی جێگری سەرۆکی هەرێم (کۆسرەت ڕەسوڵ) لەو هەموو ساڵانەدا چی بووە، بەتایبەتی کاتی دیارنەمانی سەرۆکی هەرێم، هەندێک جار بۆ ماوەی کەم یا زۆر-سێ هەفتە. ئەوەی ڕاستی بێت، پێگەی ئەو جێگرە لە هەشت ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە پێگە فەرمییە کارتۆنییەکانی ڕژێمە دیکتاتۆرەکان چووە تا لە سیستمێکی سیاسی، کە کەمترین ڕێز بۆ پێوەرە دیموکراتییەکان دادەنێ. لە هەشت ساڵی ڕابردوودا، جێگری سەرۆکی هەرێم بە ڕادەیەک دەسەڵاتی کەم بووە، هەتا دەتوانی بڵێی ئەو جێگرە بێدەسەڵات و بێئەدرەسێکی ڕەسمی بووە. لە ڕاستیدا وڵاتی ئێمە لە هەشت ساڵی ڕابردوودا خاوەنی سەرۆکێک بووە، کە تەنانەت دوای حەوت ساڵ، دوای ئەوەی کەوتۆتە شپرزەییی سیاسی، بۆ جاری یەکەم ڕازی دەبێت یەکێک لە چالاکییەکانی جێگرەکەی لە ماڵپەڕی ڕەسمیی سەرۆکایەتیی هەرێم بڵاو بکرێتەوە. ئەوەتا دوای ئەم هەشت ساڵە، تازە بە تازە باس لەوە دەکرێ، کە کۆسرەت ڕەسوڵ دەسەڵاتە ئیداری و داراوییەکانی زیاد بکرێ و یەکینەیەکی سەربازیی ئەو بخرێتە سەر وەزارەتی

پێشمەرگە! دەشکرێ مرۆڤ بپرسێ، ئایا لە پێداگری و بڕیار لەوەی کە ڕەشنووسی دەستوور بخرێتە ڕاپرسییەوە، سەرۆکی هەرێم چەندە بەهای بۆ بۆچوونی جێگرەکەی داناوە، پرسی پێ کردووە و ئەگەر لە هەردوو حاڵەتەکەشدا نا، ئایا کۆسرەت ڕەسوڵ تەنانەت ژمارەیەکی بێچارە و بێدەسەڵات نییە لە سێبەری سەرۆکێکی تاکڕەودا!

بە پێچەوانەی بۆچوونی دەسەڵات، زۆر بەتایبەتییش بۆچوونی پارتی بۆ ئەمڕۆی کوردستان، سیستمی پەرلەمانی سیستمی هەرە گونجاوە، چونکە لە ڕێگەی دەسەڵاتی پەرلەمانەوە دەکرێ بە باشترین شێوە ڕێگە لە هاتنەکایەی سیستمی تاکڕەوی و دیکتاتۆری بگیرێ و هەر لە ڕێگەی ئەم سیستمەشەوە خەڵکی کوردستان دەتوانێ بە باشترین شێوە بەشداری لە بڕیاری سیاسیدا بکات. بەتایبەتی گرنگیی ئەو سیستمە و دەسەڵات و ئیرادەی خەڵک تیایدا لە بڕیارە چارەنووسساز و ستراتیژییەکاندا زۆر گرنگە. هەر وەک نموونە مرۆڤ دەتوانێ بپرسێ، ئایا لە دوو قەیران و تەنگژەی ساڵی دواییدا، یەکێکیان دەربارەی ئۆپەراسیۆنەکانی دیجلە و ئەوی تریشیان دەربارەی پارەی کۆمپانیا نەوتییەکان، چەندە پەرلەمانی کوردستان ئیرادە و قسەی خۆی لەو دوو قەیرانەدا هەبوو. ئەم دوو قەیرانە، بەتایبەتی یەکەمیان، کوردستانیان پاڵ دا بۆ لێواری شەڕ. لەوەش زیاتر، ململانێی سەرۆکی هەرێم لەگەڵ بەغداد زیاتر دەربڕی میزاجی خۆی و حیزبەکەی و بەرژەوەندییەکانیان بوو تا بەرژەوەندییە باڵاکانی خەڵکی کوردستان. بەهانەیەکی تری گرنگ بۆ سیستمی پەرلەمانی، ئەوەیە کە وڵاتی ئێمە ساڵانێکە دووچاری پەرتەوازەییی ئیداری و سیاسی بۆتەوە و لە ڕێگەی پەرلەمانێکی خاوەن دەسەڵاتێکی ڕاستەقینەوە دەتوانرێ پانتاییی سیاسی لە

ڕێگەی سازانی نیشتمانی و بڕیاری بەکۆمەڵ بە باشترین شێوە ڕێکبخرێ، ڕێکخستنێک کە دەربڕی ئیرادەی گەلە لە ڕێگای پەرلەمانەکەیەوە. لەوەش زیاتر، وڵاتێک، کە هێشتا نەبۆتە خاوەنی کولتووری سیاسیی دیموکراسی و بنەماکانی دەوڵەتی یاسا و بەهاکانی هاونیشتمانیبوون و تیایدا هێشتا کۆمەڵگەی مەدەنی ڕەگ و ڕیشەی دانەکوتیوە، باشتر وایە بژاردەی سیستمێکی پەرلەمانی هەڵبژێرێ. بە هەرحاڵ، دووپاتی دەکەمەوە، کە تەنها چەند ڕۆژێک بەر لە ئێستا، لە ٥/٢٦ سەرۆکی هەرێم بەڕاشکاوی ئەوەی پشتڕاست کردەوە، کە سەرۆکێکی تاکڕەوە و جێگەی خۆشیەتی خەڵکی کوردستان بە مەترسییەوە لە ئاراستە و خواستە سیاسییەکانی ئەو سەرکردەیە بڕوانێ، مەترسییەکەش لەوەدایە: ١- دەستوورخستنەڕاپرسییەوە مافی یاسایی پەرلەمانە. ٢- خستنەڕووی ئەم داخوازییە لە بۆنەیەکی تەواو حیزبیدا. ٣- بە پێچەوانەی ئیرادە و خواستی هێزە سیاسییەکانی خاوەن پێگە لە پەرلەمانی کوردستاندا، بە هاوپەیمانەکەی پارتیشەوە (واتە یەکێتی)، بارزانی تاکڕەوانە پێداگری لەسەر نەگەڕانەوەی ڕەشنووسی دەستوور بۆ پەرلەمان دەکات.

چاوی گەل: زۆرێک لە چاودێرە سیاسییەکان پێیان وایە، هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و سەرۆکی هەرێم و ئەنجوومەنی شارەکانی کوردستان لە ٢٠١٣دا بۆ چوار ساڵی ئایندە چارەنووسسازە؟ ئایا ئەوە وایە بە خوێندنەوەی بەڕێزت؟ ئەگەر وایە، چۆن و لە چیدایە ئەو چارەنووسسازییە؟ ئایا بەشێک لەو چارەنووسسازییە پەیوەندیی بە گۆڕانکارییەکانی ناوچەکەوە هەیە؟

ب. یاسین: لە کۆتاییی پرسیارەکەتانەوە دەست پێ دەکەم، لە ڕاستیدا زۆر بەر لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو، واتە هەر زوو، ئەو گۆڕانکارییانەی وڵاتانی عەرەبیی تەنیوەتەوە، بە زیاتر لە شێوەیەک و هۆکارێک کاریگەری ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆی خستۆتە سەر باشووری کوردستان. کۆمەڵێک نموونەی بەرچاومان هەن لەو کاریگەرییە و دیارترینیان بزاڤی شەقام (لە شوباتی ٢٠١١)یە و زۆر شتی تریش. ئەوەی ئێستا لە ناوچەکەدا دەگوزەرێ، دیسانەوە لە دوو ڕووەوە کاریگەریی بەردەوامی هەیە بەسەر ڕاگوزەری سیاسی لە کوردستان بە هەردوو ڕەهەندەوە، واتە ڕەهەندی دەسەڵات و ڕەهەندی ئۆپۆزسیۆنەوە. لە ڕەهەندی دەسەڵاتەوە ئەو باوەڕە دروست بووە، کە ئیتر ئەو حاڵەتی داخران و بەتەنیا و بەدابڕاویمانەوەی دەنگی ناڕازی لە کوردستان کۆتایی هات و ئەو دەنگە ناڕازییە جگە لە هێز و توانای خۆی، هێز و پشتگیریی مەعنەوی لەو جۆشوخرۆشە وەر دەگرێ، کە بەشێکی زۆری وڵاتانی عەرەبیی گرتۆتەوە؛ لە ڕەهەندی ئۆپۆزسیۆنەوە هەر زوو ئەوە ئاشکرا بوو، کە ئیتر پەیوەستبوونی کوردستان بەو جۆشوخرۆشە و کاریگەریی ئەو بزاڤە جەماوەرییە هەڵتەکێنەرە، گوڕوتینێکی زیاتر دەدات بە ئۆپۆزسیۆن. هەر بەو مانایەش، یا دەتوانین بڵێین هەر لەبەر ئەو هۆیەش، گووتاری هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن بەردەوام ئاماژەکانی ڕوو لە بەهاری عەرەبی دووپات کردۆتەوە و هەر نەبێ لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە بۆ بەهێزکردنی خۆی بەرامبەر بە دەسەڵات سوودی لێ وەر گرتووە.

بە هەرحاڵ، با بگەڕێمەوە بەشی یەکەمی پرسیارەکەت. بەڵێ هەڵبژاردنی داهاتوو جیاواز دەبێ لە هەڵبژاردنەکانی

پێش هەڵبژاردنی ٢٠٠٩ و دەکرێ تەنانەت لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٩ش. لە لایەکی ترەوە جێگەی خۆیەتی ئەو ڕاستییە بڵێین، کە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩ یەکجار گرنگ و جیاواز بوون، بە ڕادەیەک، کە من هەر ئەو کاتە لە وتارێکمدا وەکوو ئەرزهەژێکی سیاسی گوزارشتم لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩ کرد. لە ڕاستیدا هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩ بەتەواوەتی ڕووی سیاسیی ئەزموونی کوردستانی لە بنەڕەتدا گۆڕی لە ئەزموونێکی چەقبەستوو و نادینامیکی و بگرە گەنکردوو بۆ ئەزموونێک، کە دوای ئەو مێژووە هەست دەکەیت ژیانێکی نوێ وەبەر ئەزموونەکە کەوتووە. بە مانایەکی تر، لەم هەڵبژاردنەدا ئەو جیاوازییانەی لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩ کەوتنەوە، لە هەڵبژاردنەکانی ئەم جارەدا فراوانتر و قووڵتر دەبنەوە.

بە باوەڕی خۆم، یەکێک لە جیاوازییەکانی ئەم هەڵبژاردنە ئەوەیە، دەرفەتێکی جیددی هەیە کە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن ئەوەندە دەنگ بهێنن، کە بتوانن دەسەڵات، واتە حکومەت بگرنە دەست. هەڵبەتە یەکێکیش لە جیاوازییەکان ئەوەیە، یەکێتی تا ئێستاش هەر لەسەر ئەو ئاراستەیە بەردەوامە کە بە لیستێکی سەربەخۆ بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بکات. ئەوەش مانای وایە، جگە لەوەی ئەگەری ئەوە کراوە دەبێت کە یەکێتی بژاردەی دروستکردنی حکومەت لەگەڵ هەندێک لایەنی تر هەڵبژێرێ نەک لەگەڵ پارتی، بەڵام گرنگییەکی تریش لەوەدایە، کە بە ئەگەری زۆر ئەو بەجیادابەزینەی یەکێتی دەرفەتی تەزویر و فرتوفێڵ لە هەڵبژاردنەکاندا لەلایەن پارتییەوە بە ڕادەی زۆر، کەم بکاتەوە. گرنگیی ئەو خاڵەش لەوەدایە، کە تا ئێستا شتێک کە پارتی لە هەڵبژاردنەکاندا پشتی پێ بەستبێت، تەزویر بووە!

لایەنێکی تری جیاوازی ئەوەیە، کە بۆ یەکەم جار دەرفەتێکی جیددی لەبەردەم ئۆپۆزسیۆن هەیە، کە کاندیدی خۆی بۆ سەرۆکایەتیی هەرێم هەبێ. بە باوەڕی خۆم، ئەگەری زۆر بەهێزیش هەیە کە ئەو کاندیدە براوە بێت، گەر ئۆپۆزسیۆن بە وردەکاری و شارەزاییەکی سیاسییەوە دەست بۆ ئەو بژاردەیە بەرێت. بەهانەیەکی زۆر گرنگ بۆ ئۆپۆزسیۆن، کە بۆ سەرۆکایەتیی هەرێم بژاردەی هەبێ ئەوەیە، گەر ئۆپۆزسیۆن بۆی نەکرا لە ڕێگەی پەرلەمانەوە سیستم لە سەرۆکایەتی بۆ پەرلەمانی بگۆڕێ، ئەوا بێگومان لە حاڵەتی بەدەستهێنانی پێگەی سەرۆکایەتیی هەرێم ئاسانتر دەتوانێ کار بۆ ئەو ئامانجە بکات و ئەو پێگەیە بخاتە خزمەت بەهێزکردنی سیستمی پەرلەمانی لەبری سیستمی سەرۆکایەتی.

جیاوازییەکی تری یەکجار گرنگ ئەوەیە، پارتی بەئاسانی ناتوانێ دەست بۆ سیناریۆی پشێوی و نانەوەی شەڕ و ئاژاوە ببا. ئەوە بە مانای ئەوە نایەت کە پارتی دواجار ئەو سیناریۆیەی دانەناوەتە بەردەم خۆی وەک یەکێک لە بژاردەکان، بەڵام ئەوەی ئەم جارە جیاوازە ئەوەیە، کە نە هۆکارە ناوخۆییەکان و نە ئیقلیمییەکان و نە نێودەوڵەتییەکانیش زۆر یارمەتیدەر نین بۆ پیادەکردنی ئەم بژاردەیە. بەم مانایەش، هەتا بگرە لە حاڵەتی دۆڕانیشدا، پارتی ئەو ئامراز و دەرفەتە زۆرانەی لە بەردەست نییە، کە دەست بۆ سیناریۆی پشێوی ببا. لە لایەکی تریشەوە، گرنگە بۆ ئۆپۆزسیۆن کە خۆی لەو دڵەڕاوکێ و وەهمە نەجات بدات، کە بەڵێ پارتی بەئاسانی دەتوانێت دەست بۆ سیناریۆی پشێوی ببا، هەرکاتێک بخوازێت.

بە باوەڕی خۆم، هەنگاوێکی گرنگ بۆ ئۆپۆزسیۆن هەر

ئێستا ئەوەیە، کە لایەنە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان، بەتایبەتی تورکیا و ئەمەریکا، ئاگادار بکاتەوە کە زەرەرمەندی یەکەم ئەوان دەبن لە هەر پشێوییەک، کە لە کوردستان ڕوو بدات، بۆ سەرخستنی پڕۆژە ئابوورییەکانی لە باشوری کوردستان و سوودوەرگرتن لێیان، تورکیا پێویستی بە هێمنی هەیە لەو هەرێمە. بە پێچەوانەشەوە هەر پشێوییەک دەکرێ بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی ئەو وڵاتە بخاتە مەترسییەوە و زیانی پێ بگەیەنێ تا ڕادەی ملیارەها دۆلار... لە ئاستی نێودەوڵەتییەوە، ئەمەریکا نەک هەر سوودی بەر ناکەوێ لە پشێوی لە کوردستان، بەڵکوو بەرژەوەندییەکانی زیاتر دەکەونە مەترسییەوە بە هۆی پشێوییەکی لەو جۆرە.

گرنگیی تایبەتی ئەو خاڵەی سەرەوە لەوەدایە، کە ئیتر پارتی پەراوێزی خۆدزینەوەی لە دەرهاوێشتەکانی هەڵبژاردن کەمتر دەبێتەوە و ئۆپۆزسیۆنیش بە دڵەڕاوکێی کەمترەوە و بە باوەڕبەخۆبوونێکی زیاترەوە بەرەو هەڵبژاردنەکان دەڕوا.

چاوی گەل: کاتی خۆی بڕیار وا بوو لە ٢٠٠٩/٧/٢٥دا، لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و سەرۆکایەتیی هەرێمدا، ڕاپرسییش لەسەر دەستووری هەرێم بکرێت، بەڵام کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان ڕای گەیاند، لە توانایدا نییە ئەو ڕاپرسییە ئەنجام بدات. بۆیە بە یاسای ژمارە١٠ی ساڵی ٢٠٠٩، کاتی ڕاپرسییەکە خراوەتە ڕۆژێکی نادیار، بە ڕای بەڕێزت بۆچی دوای ئەو هەموو کاتە، دوورودرێژە ئێستا لەم کاتەدا کە چەند مانگێکی ماوە بۆ هەڵبژاردنەکان، پارتی هێندە سوورە لەسەر ڕاپرسیی دەستوور؟ ئەگەر ئەو دواخستنە وەک سیناریۆیەکی

سیاسی لەلایەن پارتییەوە ئەنجام درابێت! ئەی هەرسێ حیزبی ئۆپۆزسیۆن کەمتەرخەم نین لەوەی لەو ماوە دوورودرێژەدا نەیانتوانیوە پێ دابگرن لەسەر گەڕانەوەی دەستوور بۆ ناو پەرلەمان؟ لە کاتێکدا بەگوێرەی بڕگەی ٢ی ماددەی یەکەمی هەمان یاسا، واتە یاسای ژمارە ١٠ی دواخستنی ڕاپرسییەکەی دەستوور، دیاریکردنی ڕۆژی ڕاپرسی لە دەسەڵاتی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمدایە.

ب. یاسین: جارێ بەشێک لە پرسیارەکە پێویستی بە هەندێ ڕۆشنایی تر هەیە، ئەویش ئەوەیە، کە ڕاستییەکەی هۆی سەرەکیی ئەوەی ڕەشنووسی دەستوور نەخرایە ڕاپرسییەوە، جگە لەوەی ناڕازیبوونی ناوخۆیی هەبوو لێی، زیاتر لە ئاکامی فشاری عێراق و بەتایبەتی سەرۆکوەزیرانی عێراق، مالکی بوو، کە توانی پشتگیریی ئەمەریکاش بەدەست بهێنێ، کە نابێ کوردستان ببێ بە خاوەنی دەستوری خۆی. لە ڕاستیدا ئەو کاتە دەسەڵاتدارانی هەرێم ئەو ڕاستییەیان لە خەڵکی کوردستان شاردەوە، لەبەر هۆیەکی سادە، ئەویش ئەوەیە کە تەسلیمبوون بەو فشارە لە دیدی خەڵکەوە بە شکست بۆ ئەو دەسەڵاتە لەقەڵەم دەدرا.

ئەوەی پەیوەندیی بە بەشی دوایی پرسیارەکەتەوە هەیە، ئەوەیە کە ئەمڕۆ باوەڕێکی گشتی دروست بووە، کە پەلەکردن لە مەسەلەی خستنە ڕاپرسیی دەستوور، هەر نەبێ سێ ڕەهەندی گرنگ لەخۆ دەگرێ: ١- بۆ ئەوەی مەسعود بارزانی بتوانێ نەک هەر بۆ جاری سێهەم بەڵکوو بۆ هەشت ساڵی تریش، واتە بۆ دوو خولی تریش، هەر سەرۆکی هەرێم بێت،

دوای ئەوەی هەوڵەکانی درێژکردنەوەی دەسەڵات و بە ڕێگەی یاسایی مافی خۆکاندیدکردنی بەدەست نەهات. ٢- پارتی و بارزانی ترسی جیددییان هەیە لەوەی هەر ڕۆژێک بڕوات، ئەوا بە ئەگەری زۆر ڕۆژێک لە گۆڕینی سیستمی سیاسی لە سەرۆکایەتی بۆ پەرلەمانی نزیک دەبینەوە، لەبەر هۆیەکی زۆر سادە، ئەویش بە زیادبوونی بەردەوامیی ئەو داواکارییەیە و ئەوەی تریشیان ئەگەری دۆڕاندنی تەواوەتیی پارتییە لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا. ٣- مانەوەی بارزانی لە پێگەی سەرۆکایەتیی هەرێم بەو هەموو دەسەڵاتەی لە ڕەشنووسی دەستووردا هەیە، لە قەوارە و کاریگەریی نەرێنیی دۆڕانی پارتی لە هەڵبژاردنی پەرلەماندا کەم دەکاتەوە و دەرفەتێکی جیددیش دەدات بەو حیزبە، کە لە ڕێگەی پاراستنی خۆی لە پێگەی سەرۆکایەتیی هەرێم، هەر نەبێ دەتوانێ بەشێک لەو پێگە سیاسییەی ئەمڕۆ هەیەتی، بپارێزێ. ناکرێ تەسەور بکرێ، کە پارتی، هەڵبەتە لە دید و جیهانبینیی ئەو حیزبە خۆیەوە، لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا هەردوو پێگەی سەرۆکی هەرێم و زۆرینەی پەرلەمانی لەدەست بدات!

چاوی گەل: دوای بیستوسێ ساڵ لە ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان و دە ساڵیش دوای ڕووخانی ڕژێمی فاشیی بەغداد و سەدام حسێن، دیموکراسیەت و ئازادییەکان چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟

ب. یاسین: بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارە کات و مەودایەکی زۆرتری پێویستە بۆ وەڵامدانەوەی، بەڵام ئەوەی لێرەدا دەکرێ

بوترێ، ئەوەیە کە بە چەند خاڵێکی کورت هەندێ ئاماژە بدەین، کە ورووژاندنیان گرنگیی تایبەتیی هەیە: ١- ئەزموونی کوردی لەو ماوە زۆرەدا ناڕاستی و ناڕاستگۆیی، بەشێکی یەکجار زۆری ئەو بەرپرسانەی دەر خست، کە گوایە لە خەباتی شاخیاندا ئەوپەڕی ڕزگاریخواز و دیموکراتخواز بوون و هەڵگری خەونی بەدەستهێنانی دەسەڵاتی نیشتمانی بوون. لە ڕاستیدا بەشێکی یەکجار زۆری چیرۆکی ئەو بیستوسێ ساڵە پێچەوانەی ئەو درووشم و بانگەشانە بووە، هەر لە شەڕی خۆکوژی و یەکترکوژی و نەتەوەکوژی تا دەگاتە تیرۆرکردنی سەردەشت و سۆرانی مامە حەمە و زۆرێکی تر. هەڵسوکەوتی دەسەڵاتی کوردی بە شێوەیەکی جیددی پرسیارێکی جیددی هێنایە پێشەوە، ئەویش ئەوەیە کە ئایا گەر کەسانێک لە شاخ بۆ ئازادیی ئەو خەڵکە خەباتیان کردبێ، چۆن دەکرێ لە کاتی بەدەستهێنانی دەسەڵاتدا هەمان ئەو کەسە "ئازادیخوازەی" دوێنێی شاخ، بە تیرۆر و ترساندن و تۆقاندن تەنگ بە ئازادیخوازان هەڵبچنێ؟ ئەگەر ئەمانە لە حیزبە جیاجیاکاندا لە شاخ بۆ هەمان ئامانج خەباتیان کردبێ، چۆن دەکرێ دوای بەدەستهێنانی دەسەڵات بە ڕق و کینەیەکی بێهاوتاوە یەکتر بکوژن؟ ئەم پرسیارانە و زۆر پرسیاری تریش نەک هەر نیشانەی پرسیار و گومان دەخەنە سەر شانازییەکانی ئەو دەسەڵاتدارانە، بەڵکوو بەتەواوەتی ئەو شانازییانەیان لێ دەسێنێتەوە... ٢- لە لایەکی ترەوە، ئەو بیستوسێ ساڵە بوارێک بوو، کە ئاراستەیەک لە مێدیای چالاک، کەم یا زۆر، لەدەرەوەی هەیمەنەی دەسەڵاتی پارتە باڵادەستەکان (یا تۆ بڵێ دژ بەو هەیمەنەیە) سەر هەڵبدات، کە دواجار ڕۆڵی

خۆی بینی لە وشیارکردنەوەی خەڵک و ڕێگەخۆشکردن بۆ سەرهەڵدانی دەنگێکی ئازا و ئازادتر لە دەرەوەی بازنەی دەسەڵات و یارمەتیدەریش بوو لە سەرهەڵدانی ئۆپۆزسیۆنێکی کارا. ٣- بە باوەڕی خۆم، شتێکی یەکجار گرنگ، کە لەو هەموو ماوەیەدا ڕووی دا، سەرهەڵدانی ئۆپۆزسیۆنێکی کارا بوو، لەم ئۆپۆزسیۆنبوونەشدا دەخوازم تەنها دوو شت جەخت بکەمەوە، کە بە بۆچوونی خۆم یەکجار گرنگن: ١- ئۆپۆزسیۆن، بە تایبەتی بزاڤی گۆڕان، ئەوەی سەلماند کە خەباتی مەدەنی نەک هەر مومکینە، بەڵکو خەباتێکی ئەوپەڕی شایستە و کاریگەر و بگرە گونجاوترینیشیانە بۆ گەشەکردن و پێشخستنی کۆمەڵگەی مرۆیی، بەتایبەتی کاتێک قسە دێتە سەر ئافراندنی کۆمەڵگەی یاسا و یەکترقبوڵکردن و سیستمی فەرمانڕەواییی دیموکراسی. ٢- لایەنێکی هەرە گەشی ئۆپۆزسیۆن دوای هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩ ئەوە بوو، کە هاوکاریی نێوان جەمسەرەکانی ئۆپۆزسیۆن، وەهمی دوژمنایەتیی نێوان عەلمانیەت و ئیسلامی سیاسی تا ڕادەیەکی باش پووچەڵکردەوە. بە باوەڕی من، هاوکاریی نێوان ئەم دوو جەمسەرەی ئۆپۆزسیۆن نابێ تەنها لە ئاستی تاکتیکی سیاسیدا قەتیس بکرێ، بەڵکوو یەکجار گرنگە ئەو هاوکارییە بە بنەما وەر بگیرێ بۆ ستراتیژێکی درێژخایەن. ئەم ستراتیژە دوو بەهای یەکجار گرنگی هەن: یەکەمیان کوردستانیبوونی هەمووان، بە مانا و لەسەر بنەمای نیشتمانیبوون، لەسەر ئەو بنچینەیەش هەمووان خاوەنی ئەو پانتاییەن کە پێی دەوترێ پانتایی یا فەزای نەتەوە (نیشتمان) و دووهەمیشیان بەهای دیموکراتیبوونە، بەو مانایەی هەموو تاکێک لەسەر بنچینەیەکی سادە (یەک تاکەکەس، یەک دەنگ) مافی بەشداری و کاریگەریی

لە خەملاندنی فەزای سیاسیی کۆمەڵگەدا هەیە، جا ئەو تاکە هەڵگری هەر بۆچوونێکی ئایدیۆلۆژی یا سیاسی بێت.

چاوی گەل: ئەو کرانەوە سیاسییەی حکومەتی تورکیا بە ڕووی گەلی کورددا چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟ پێت وانییە ئەمڕۆ کورد بە قۆناغێکی زۆر ناسک و هەستیاری وادا تێدەپەڕێت، کە ئەگەر بە عەقڵانی و دووربینی و بیرکردنەوەیەکی ستراتیژییانە کاری بۆ بکرێت لەلایەن سیاسییەکانی کوردەوە، بەگشتی لە هەرچوار پارچەکەی کوردستاندا، کورد دەگەیەنێتە ئەو قۆناغە باڵایەی کە ١٠٠ ساڵ زیاترە خەونی پێوە دەبینێت؟ ئەگەر وایە، بە ڕای بەڕێزت کورد لە ئاستی ئەم ڕووداوە سیاسییانەدایە؟ سیاسییە دەسەڵاتدار و حیزبییەکانی کورد دەتوانن بە ڕووسووری مێژوویەک بۆ خۆیان و گەلی کورد بەگشتی تۆمار بکەن؟ سیاسی و حزبەکانی گەلی کورد چی بکەن باشە لەم ڕۆژەدا، بۆ ئەوەی ئەو قۆناغە لەدەست نەچێت و خەونە نەتەوەیی و مرۆییەکانی گەلی کورد بێتە دی؟

ب. یاسین: بە باوەڕی خۆم، ئەو پرسیارە یەکجار گرنگە و کۆمەڵێک تەوەری زۆر هەستیار و گرنگ لەخۆ دەگرێ، کە ئەستەمە بە یەک وەڵام یا تەنانەت لە دیمانەیەکی تایبەتیشدا وەڵامی پڕبەپێستی بدرێتەوە.

جارێ سەرەتا من وای بۆ دەچم، کە خەریکە بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش سێ دانە پێشوەچوون، پێشوەچوونەکانی تورکیا و باکووری کوردستان بە ئاراستەی کرانەوەی سیاسی ڕوو بە مەسەلەی کورد، پێشوەچوونی پەیوەندییەکانی باشووری

کوردستان و تورکیا و هەروەها پێشوەچوونەکانی خۆرئاوای کوردستان، هەموویان بە یەکەوە خەریکە دەرفەتێکی بێهاوتا لە سەد ساڵی ڕابردوودا بۆ کورد بهێنێتە کایەوە. لەگەڵ ئەوەی لەناو هەناوی ئەم دەرفەتەدا ترس و گومانێکی زۆریش لە پاشەکشێ هەیە، بەڵام ئەوەی گرنگە، هەر وەک خۆت لە پرسیارەکەدا جەختی لەسەر دەکەیتەوە، بۆ کورد بوارێکی سیاسەتکردن ڕەخساوە، کە هیچ کات پێش ئێستا بەدی نەکراوە. لەم دەرفەتە مێژووییەدا دوو شت یەکجار گرنگن: یەکەمیان لە لایەنی تورکیاوە، پێویستە دەسەڵاتدارانی تورک بە عەقڵێکی کراوە و گونجاو لەگەڵ خەونەکانی تورکیادا، کە بۆ نموونە ئامانجێکی ئەو وڵاتە ئەوەیە کە بۆ کەم یا زۆر، دە ساڵی تر ئەو وڵاتە ببێتە هێزی ئابووریی هەشتەم لە جیهاندا. تورکیا دەبێ ئەوە بزانێ، کە لە ستراتیژە نوێکەیدا، کە دامەزراوە لەسەر بیرۆکەی "ئاستی سفر لە کێشە" لەگەڵ دەوروبەر و هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەکوو بازاڕێکی گەورە و دەرفەتبەخش، پێویستی بە کۆمەڵێ شت هەیە، کە یەکێکیان ئاشتی و ئارامییە لە لایەک و ئەوی تریشیان، هەر گرێدراو بە مەسەلەی ئاشتییەوە، چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا و پەیوەندیی باشترە لەگەڵ باشوور و خۆرئاوای کوردستان. تورکیا ئەمڕۆ یەکێکە لەو وڵاتانەی، کە هەرە تینووی سەرچاوەی وزەیە (تۆ بڵێ نەوت و گاز) و باشووری کوردستان دەتوانێ لەم ڕووەوە زۆر یارمەتیدەر بێت. دواجار بەرابەرکردنی ئەم پێداویستییە لەلایەن باشووری کوردستانەوە، دەکرێ ببێتە هۆی سەرلەنوێداڕشتنەوەی پەیوەندییەکانی تورکیا و ئەو بەشەی کوردستان. تا دوێنێیەکی

نزیک سەرچاوەی مەترسی و نائارامی، بکرێ بە سەرچاوەی ئارامی و یارمەتیدەر لە بەدەستهێنانی خەونەکانی.

بە باوەڕی خۆم، ئەوەی پێویستە بوترێ ئەوەیە کە یارییەکی ستراتیژی و گەورە و چارەنووسساز بەردەرگای کوردی لە سێ پارچەی کوردستان گرتووە و کارکردن لەو ئاستە ستراتیژییەدا پێویستی بە عەقڵانیەتێکی سیاسیی زۆر هەیە، کە لەپێش هەموویانەوە ڕزگاربوون لە قورسایی مێژوو و کارکردن لەگەڵ هەنووکە بە عەقڵێکی کراوەترە. بە بۆچوونی خۆم، ئەوەی گرنگە بوترێ و بکرێ: ١- دەبێ لایەنی کوردی بەقەدەر گەورەیی یارییەکە تێگەیشتنێکی گەورە گەڵاڵە بکات و بەو مانایەش خۆی لە دوو شێوەی بچووککردنەوە دوور بخاتەوە، یەکێکیان بچووککردنەوە بۆ ئاستی هەر بەشێکی کوردستان و بەدابڕاوی بینینی شتەکان و مامەڵەکردن لەگەڵیان، دووەمیشیان بچووککردنەوەی لەسەر بنەمای بەحیزبیکردنی شتەکان. ٢- زۆر گرنگە پەکەکە مەسەلەکان لە ئازادکردن و ڕۆڵی سیاسیی عەبدوڵڵا ئۆجەلاندا کورت نەکاتەوە و سنووورداری نەکات و ئەوەش باش بزانێ، کە جگە لە *دەسەڵاتی ڕەسمیی* تورکیا، حکومەت و پەرلەمانی وڵات و... هتد، *دەسەڵاتێکی* تری *شاردراوە* (ناسراو بە دەوڵەتی قووڵ)، مافیاکان و نەتەوەپەرستە توندڕەوەکان و بەشێک لە میت و هێزی لەشکر و... هتد هەیە، کە هەرگیز بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ ئاشتیدا نییە. نەک هەر ئەوە، بگرە ئەو دەسەڵاتە شاردراوەیە گوزەرانی لەگەڵ شەڕوشۆڕ و بەبێچارەسەرمانەوەی کێشەی کورددایە و بەتایبەتییش بەردەوامی و درێژەدانی شەڕ لە کوردستان. لەبەر ئەوەش بە باوەڕی من، شەڕێکی نەبینراو

ئەمڕۆ لەنێوان دەوڵەتی ڕەسمیی تورکیا لە لایەک و دەسەڵاتی شاردراوەی تورکیایە، کە کامیان دەتوانێ کلیل و چارەنووسی کێشەی کوردی لە دەست دا بێت، دەوڵەتی ڕەسمی یا دەوڵەتی شاردراوە. هەر لەبەر ئەوەش جێگەی خۆیەتی لایەنی کوردی بە گومانی زۆرەوە بڕوانێتە ئەو گفتوگۆیانەی بەداخراوی لەگەڵ عەبدوڵڵا ئۆجەلاندا دەکرێن، چونکە بە باوەڕی خۆم، نەک هەر دەوڵەتی ڕەسمی لەو گفتوگۆیانەدا ڕۆڵی هەیە، بەڵکوو دەوڵەتی شاردراوەش بە شێوەیەک یا شێوەیەکی تر ڕۆڵی خۆی دەگێڕێ... ٣- پەیوەندییەکانی باشووری کوردستان لەگەڵ تورکیا، دژایەتییەکی ترسناک لەخۆ دەگرن، لە لایەکەوە ئەم پەیوەندییانە دەکرێ هەڵگری ئاستێکی ستراتیژی زۆر ئەرێنی بن، کە لەوانەیە لە پرۆسەی گەشەکردنیاندا هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عێراقی لێ بکەوێتەوە، بەڵام لایەنەکەی تری، کە مەترسیدارە، ئەوەیە کە حیزبێکی سیاسی، با بە ڕوونتر بڵێین پارتی، لەسەر چارەنووسی ئەو پەیوەندییانە دانیشتووە و خستوویەتیە خزمەت خۆی و خواستی ئەوەی نییە ئەو ڕاستییە ببینێ، کە ئەگەر ئەو پەیوەندییانە نەخرانە قاڵبی نەتەوەیی و بچووککرانەوە و لە بەرژەوەندیی حیزبێک و بنەماڵەیەک بەکار هێنرابن، ئەوا ئەگەری کاریسە بۆ کورد کراوەیە. ئەوەی لەو بارەیەوە لەسەر ئۆپۆزسیۆن پێویستە بیکات، ئەوەیە کۆمەڵێک هێمای جیددی بدات بە دەوڵەتی تورکیا، کە گرنگترینیان ئەوانەن:

١- بەرژەوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ باشووری کوردستان لە ئاستە هەرە ستراتیژیەکەیدا بە باشترین شێوە پارێزراو دەبن، ئەگەر هات و ئەو پەیوەندییانە درێژخایەن بن و لەسەر بنچینەی مامەڵە لەگەڵ تەواوی پانتاییی سیاسی لە باشووری

کوردستان دابمەزرێ تا بەشێکی سنووردار لەو پانتاییە، واتە تەنها لەگەڵ پارتی. ٢- ئەگەر تورکیا دەخوازێ کورد هەمووی هۆکارێکی ئەرێنی بێت بۆ پەرینەوەی ئەو وڵاتە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوا پێش هەموو کەس و لایەنێک لە بەرژەوەندیی تورکیایە بۆ میتۆدێک و شێوەیەکی کارکردن بگەڕێ، کە ئەو پارچانە بە یەکەوە بخوێنێتەوە و مامەڵەیان لەتەکدا بکات، ئەگەرنا پارچەپارچەکردنی کورد دەبێتە پڕکێشەبوونی ئەو پردەی تورکیا پێویستیەتی، کە بەسەلامەتی بەسەریدا تێبپەڕێ بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

# گۆڕان هێزێکی سیاسیی ئۆپۆزسیۆنیی جیاواز (موتەمەیز)ە و بگرە ئەلتەرنەتیڤێکی جیددیشە بۆ دەسەڵات

**دیمانەی پێگەی سبەی، لە ٢٠١٢/٦/٢٠ بڵاو بۆتەوە**
**ڕۆژنامەنووس سیروان ڕەشید ئەنجامی داوە**

سبەی: لە ئێستادا ژینگەی سیاسیی هەرێمی کوردستان لە دۆخێکی ناتەندروست و قەیراناویی قووڵدایە، بەڕێزت وەک چاودێر و لێکۆڵەرێکی سیاسی، چۆن وێنای بارودۆخەکە دەکەن؟

ب. یاسین: شاردراوە نییە کە ماوەیەکی دوورودرێژە دەسەڵاتی سیاسی و لەگەڵ ئەویشدا تەواوی کۆمەڵگەی باشووری کوردستان لە قەیرانێکی قووڵدا دەژین. لە لایەکی ترەوە، چارەسەرنەکردنی بنەڕەتیی ئەو قەیرانە لەلایەن دەسەڵاتەوە، یا ڕاستتر بڵێین، لەلایەن دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکە، قەیرانەکەی ڕۆژ دوای ڕۆژ بەرەو ئاقاری ترسناکتر و هەڵدێری

سیاسیی ترسناکتر پاڵ داوە. ئەوەی ڕاستی بێت، ئەمڕۆ تەواوی ڕەهەندەکانی سیاسەت و سیاسەتکردن لە باشووری کوردستان، جا چ ڕەهەندی سیستمی سیاسی و باری ناوخۆی هەرێمی کوردستان بێت یا سیاسەتی دەرەوەی هەرێم، بەتایبەتی لەگەڵ بەغداد، لە کۆمەڵێک کێشەی چارەسەرنەکراوی قووڵدا دەژی.

لە لایەکی ترەوە، ئەوەی بەتایبەتی لەم ڕۆژانەدا ڕوو دەدات، ئەوەیە کە باسوخواسی هەڵبژاردنەکان ڕادەی بارگرژی و نیگەرانی و مەترسی لە سیناریۆی نەخوازراو زیاتر کردووە. هەرچەندە ئەوە جاری یەکەم نییە، کە لە ڕۆژانی بەر لە هەڵبژاردنەکان بارگرژی و کەشوهەوای قەیراناوی دەبنە سیمای ڕۆژانەی سیاسەت لە باشووری کوردستان، بەڵام بەتایبەتی ئەم جارەیان چەند جیاوازییەکی هەیە لە جارانی پێشوو: ١- نەبوونی دەرفەتی یاسایی و دەستووری لە بەردەم مەسعود بارزانی، کە خۆی بۆ سەرۆکایەتیی هەرێم کاندید بکاتەوە. ٢- دوورکەوتنەوەی تاڵەبانی لە مەشهەدی سیاسی و بڕیاری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکان بە لیستی سەربەخۆ. ٣- ئەوەی زۆر گرنگە ئەوەیە، کە چیی تر ئەولەویاتی پارتی و یەکێتی ڕوو لە هەڵبژاردنەکان یەکانگیر نین لەگەڵ یەکتردا و بگرە دوو ئاراستەی جیاش دروست بوون لەنێوان ئەم دوو حیزبەدا. ئەگەرێکی کراوەش ئەوەیە، ئەم حاڵەتە ببێتە بنەمایەکی گرنگ، کە دەرهاوێشتەی زۆر جیا دەر هاوێژێ، نەک هەر لە شێوازی دەنگدان، بەڵکوو بگرە لە بژاردە سیاسییەکانی ئەو دوو حیزبەشدا لەمەڕ هاوپەیمانییەکانی دوای هەڵبژاردنەکانیش. ٤- بوونی ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز و ئەگەری ئەوەی ئەو ئۆپۆزسیۆنە نەک هەر لە هەڵبژاردنەکان پێگەیەکی

بەهێز بۆ خۆی مسۆگەر بکات، بەڵکوو بگرە ئەگەری ئەوەش هەیە، ئۆپۆزسیۆن دەسەڵات بگرێتە دەست، واتە حکومەتی داهاتوو دامەزرێنی. جگە لەوەش ئەوەی کە نوێیە ئەوەیە، ئۆپۆزسیۆن بژاردەی خۆی (واتە کاندیدی خۆی) هەبێ بۆ هەڵبژاردنەکان و ئەو ئەگەرەی کە ئەو کاندیدە زۆر بەهێز بێ و لە هەڵبژاردنەکاندا براوەش بێت...

لە لایەکی ترەوە، ئەوەی قەیرانەکە قووڵتر دەکاتەوە و بە ئەگەری زۆر بارودۆخەکە بەرەو ئاقاری نەخوازراویش ببا ئەوەیە، کە: ١- چیی تر مۆنۆپۆلی دەسەڵات لەلایەن پارتی و یەکێتییەوە ئەو ئاسانە نییە، ئەگەر ئەسڵەن مومکینیش بێت. ٢- ئێستاش پارتی هەڵگری زهنییەتێکی ترسناکە، ئەویش ئەوەیە کە ئەو حیزبە بە کەمتر لە دەسەڵات ڕازی نابێ، واتە هەموو شتێک دەکات بۆ پاراستنی پێگەی خۆی لە دەسەڵات جا لەسەر حسابی هەر شتێک دەبێ با ببێ، هەتا بگرە ئەگەر لەسەر حسابی بەرژەوەندییە هەرە باڵاکانی خەڵکی کوردستان و ئەزموونە سیاسییەکەشی بێت. پارتی بە کەمتر باڵادەستی لە دەسەڵاتدا و پێگەی سەرۆکایەتیی هەرێم بۆ سەرۆکەکەی ڕازی نییە.

دەرەنجامی ئەم شێوە بۆچوونە ئەوەیە، کە پارتی لە ڕابردوودا دوودڵیی نەکردووە لە دەستبردن بۆ هەندێ بژاردەی نەخوازراو و بگرە تەنیو بە تاوان و خیانەت، ئێستاش و لە داهاتووشدا دوودڵی ناکات. هەر ئەوەشە کە سەرچاوەی نیگەرانی و دوودڵی و مەترسییەکانی خەڵکی کوردستانە لە سیناریۆکانی ڕۆژانی داهاتوو. لە لایەنی ترەوە، گرنگە خەڵک و بەتایبەتی ئۆپۆزسیۆن ئەو باوەڕە بەڕاشکاوی بخەنە ڕوو،

کە لەگەڵ ئەو ڕابردووەی پارتی هەیەتی، چیی تر ئەو حیزبە ناتوانێ بە هەوەسی خۆی و هەرکاتێک ویستی کوردستان پاڵ بدات بۆ ئاقاری شەڕێکی تری براکوژی.

سبەی: کێشمەکێشی دەستوور بۆتە چەقی ململانێی نێوان گۆڕان و ئۆپۆزسیۆن و یەکێتی لە لایەک و پارتی دیموکراتی کوردستانیش لە لایەکی ترەوە تەنها کەوتووە. بە دیدی ئێوە، سەرئەنجام پارتی مل بۆ ڕێگە ڕاستەقینەکە، کە دەستوورێکی سەردەمانەمان هەبێت، دەدات، یا نەخێر، سەرکێشیی پارتی دۆخەکە بەرەو ئاقارێکی دیکەی مەترسیدار دەبات؟

ب. یاسین: لە ڕاستیدا مرۆڤ ناتوانێ وا بەئاسانی و کتومت یەکێتی بخاتە بەرەی ئۆپۆزسیۆن لەمەڕ مەسەلەی دەستوور و ڕەهەندە پەیوەندیدارەکان. ئەمڕۆ دەتوانین باس لە دوو دانە هەڵوێستی ڕوون و ئاشکرا بکەین، یەکێکیان هیی پارتییە، کە هێشتا پێداگرییە لەسەر خستنەڕاپرسیی ڕەشنووسی دەستوور، ئەوی تریشیان دژەکەیەتی، کە هەڵوێستی ئۆپۆزسیۆنە لە پێداگری لەسەر هەمووارکردنی ڕەشنووسەکە، بەر لەوەی بخرێتە ڕاپرسییەوە. هەڵوێستی یەکێتی لە ئێستادا دەربارەی دەستوور و مەسەلە پەیوەندیدارەکان دوو خەسڵەت لەخۆ دەگرێ، کە یەکێکیان ناڕوونیبوونە لە هەڵوێست و ئەوی تریشیان ئەوەیە، تا بکرێ سوودوەرگرتنە لە پەیوەندییە هاوتەریبەکانی (لە لایەک لەگەڵ پارتی و لە لایەکی تریشەوە لەگەڵ گۆڕاندا). بە مانایەکی تر، ئەمڕۆ یەکێتی زیاتر سیاسەت لەسەر *ناڕوونی* لە هەڵوێست و گۆڕانکاری لە هەڵوێست لە ماوەیەک بۆ ماوەیەکی تر و

دوالیزم لە هەڵوێست دەکات. ئەم هەڵوێستەی یەکێتی پەیوەندیی بە کۆمەڵێ فاکتەرەوە هەیە، کە گرنگترینیان: ١- نەبوونی یەکهەڵوێستی لە سەرکردایەتیی یەکێتیدا لەبەر کۆمەڵێک هۆ، کە گرنگترینیان غیابی تاڵەبانییە لە ماکینەی بەرهەمهێنانی بڕیار. ٢- هەر نەبێ لە ئێستادا، تا بکرێ یەکێتی هەوڵی ئەوە دەدات ئەو هاوسەنگییە زۆر هەستیارەی نێوان هاوپەیمانیی ستراتیژی لەگەڵ پارتی لە لایەک و "ڕێککەوتنی" دەباشان لەگەڵ گۆڕان لە لایەکی ترەوە ڕابگرێ. ئەم هاوسەنگیڕاگرتنەش لەبەر کۆمەڵێک هۆیە، یەکێک لە هۆیەکان ئەوەیە، یەکێتی هەوڵ دەدات ئەو پێگەیەی لەدەستی داوە لە ڕێگەی ڕاگرتنی ئەو هاوسەنگییە، یا گەر حەز بکەیت بڵێیت یاریکردن بەو هاوسەنگییە، بە دەستی بهێنێتەوە. بە مانایەکی تر، ئەو هاوسەنگییە بکات بە بنەمای بەهێزکردنی پێگەی خۆی لە ڕێگەی سوودوەرگرتنی سیاسی لەو ڕاستییەی کە پارتیش و ئۆپۆزسیۆنیش هەوڵی ئەوە دەدەن یەکێتی لە هەڵوێستی خۆیان نزیک بکەنەوە و لە هەنگاوە گرنگەکاندا پشتگیریی ئەو حیزبە بەدەست بهێنن. ٣- ئەم سیاسەتی هاوتەریبەی یەکێتی ڕۆڵێکی گرنگتر دەبینێ لە ڕاگرتنی تۆکمەیی و یەکڕیزی لە ناوخۆی حیزبدا، هەم لە ئاستی سەرکردایەتی و هەمیش لەناو ڕیزەکانی کادیرە مامناوەندی و ئەندام و لایەنگرانیدا. بە مانایەکی تر، پێگەی لاوازتر و بارودۆخی ڕێکخراوەیی و جیاوازی لە هەڵوێستەکان لەناو ڕیزەکانی یەکێتیدا، ڕێگە نادات ئەو حیزبە وا بەئاسانی یەکێک لەو دوو بژاردەیە ڕێککەوتنی دەباشان یا هاوپەیمانیی ستراتیژی هەڵبژێرێ.

نەک هەر ئەوە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە یەکێتی بە

ئاگادارییەوە ناخوازێ یەکێکیان هەڵبژێرێ و خۆی بخاتە بەرەی دژ لەگەڵ لایەنەکەی تر. ئەمەش ڕێک شێوەیەکە لە کارکردن بە تیۆرییەکەی *ڕۆبەرت پوتمان*، تیۆری دانوستانی دوودیو (مێزێک لە دیوێک و مێزێکی تریش لە دیوەکەی تر). لە ڕاستیدا ئەم تیۆرییە زۆرتر بۆ تێگەیشتنی پەیوەندییەکان و هاوسەنگییەکانی نێوان سیاسەتی ناوخۆ و سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان بەکار دێت. بەپێی تێگەیشتن لە هەڵوێستی یەکێتی، لە ڕێگەی بەکاربردنی ئەم تیۆرییە، لەنێوان دوو مێزی دانوستاندا یەکێتی خۆی دەبینێتەوە. لەسەر یەکێک لەو مێزانە یەکێتی لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن دانوستاندن دەکات و بگرە کۆکە لەگەڵی و لەسەر مێزەکەی تر لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان دانوستان دەکا و بگرە کۆکیشە لەگەڵی.

پرسیارێکی گرنگ ئەوەیە: ئایا ئەم شێوە سیاسەتکردنەی یەکێتی لەنێوان ئۆپۆزسیۆن لە لایەک و پارتی لە لایەکی ترەوە، تا کەی بەردەوام دەبێت؟

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە هەر وا ئاسان نییە و گرێدراوی کۆمەڵێک شتە، کە گرنگترینیان: یەکەم، هاوسەنگییە ناوخۆییەکانی یەکێتییە و دووەم شێوەی هەڵسوکەوتی گۆڕان و ئۆپۆزسیۆنە بەگشتی لەگەڵ یەکێتی و هەڵوێستەکانی و سێهەمیشیان ئەوەیە، کە پارتی بە *چەند و چی* ڕازی دەبێت کە بیدات بە یەکێتی بۆ ئەوەی ئەو حیزبە بۆ بەرەی خۆی ڕابکێشێ. لە لایەکی ترەوە، شتێک کە مرۆڤ تا ڕادەیەکی زۆر دەتوانێ بە پشتڕاستییەوە پێشبینی بکات، ئەو ئەگەرەیە کە لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا بەرەوڕووبوونەوەی هەرە چارەنووسساز لەنێوان پارتی و یەکێتی ڕوو بدات، زۆر

بەتایبەتیش لەسەر مەسەلەی تەزویر، لەبەر ئەوەی چیی تر شتەکان لەسەر بنچینەی پەنجا بە پەنجا نییە لەنێوان ئەو دوو حیزبە و لەبەر ئەوەشی کە یەکێتی بە لیستی جیاواز دادەبەزێ، ئیتر یەکێتی بە ڕادەی ئیسراری ئۆپۆزسیۆن، بگرە زیاتریش، چاودێریی چالاکییەکانی پارتی بکات لە مەسەلەی تەزویر و فرتوفێڵ لە هەڵبژاردنەکاندا. هەتا بگرە ئەگەرێکی کراوەیە کە یەکێتی بکەوێتە شێوەیەک لە هاوکاری و لەیەکگەیشتن، با ئەمە نە ڕەسمی و نە نووسراویش بێت، لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن لە مەسەلەی ڕێگەنەدان بە پارتی بە شێوەیەک تەزویر بکات، کە ئیتر دەرهاوێشتەکانی هەڵبژاردن بەتەواوەتی لە قازانجی خۆی، واتە پارتی، و بە زیانی ئەوانی تر بشکێنێتەوە.

سبەی: یەکێتیی نیشتمانی، هەم بە هۆی هاوپەیمانی لەگەڵ پارتی و هەمیش بە هۆی دوورکەوتنەوەی تاڵەبانی، لە دۆخێکی وڕبوون و نەبوونی دیدێکی نارۆشندایە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداوەکان. بە بڕوای ئێوە، هەڵوێستی دروست و گرنگ بۆ یەکێتی خۆی لە بەرامبەر پرسی دەستوور دەبێت چۆن بێت؟

ب. یاسین: لەو باوەڕەدام لە وەڵامی پرسیارەکەی پێشترت، بەشێکی زۆری وەڵامی ئەم پرسیارەی تیایە. ئەوە ماوەتەوە بڵێین، پارادۆکس یا موفارەقە لەوەدایە، کە یەکێتی لەم ڕۆژانەدا ڕێک ئەو ناڕوونییەی بۆ خۆی کردووە بە ستراتیژ، "سیاسەتی لەگەڵ هەمووان و دژی هەمووان." لە لایەکی ترەوە، نامەوێ نەسیحەتی یەکێتی بکەم چی بکات باشە، چونکە وەک هەندێک لە سەرکردەکانی یەکێتی دەڵێن، "حیزبەکەیان سەرکردایەتییەکی

هەیە، بیر دەکاتەوە و پێویستی بەوە نییە خەڵک نەسیحەتیان بکات،" بەڵام دەکرێ شتێک بە پشتڕاستییەکی زۆرەوە بڵێین، ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر یەکێتی دەخوازێ دوارۆژی هەبێ و تەندروستبوون و تۆکمەییی خۆی بپارێزێ و حیزبی دوارۆژ و دڵسۆز و چاکسازیخوازان بێ، نەک حیزبی هەندێ سەرکردەی چاوچنۆک و چاوبرسی، ئەوا هیچ بژاردەیەکی تری نییە، تەنها ئەوە نەبێ، قبوڵی بەرنامەی چاکسازی ڕیشەیی بکات و ستراتیژە دوارۆژییەکانیشی لەو چوارچێوەیەدا بخەملێنێ!

سبەی: ئێستا لە کوردستان دەسەڵات پرسی هەڵبژاردنەکانی بەستۆتەوە بە پرسی دەستوورەوە، لە کاتێکدا دەبووایە بەدەر لە مەسەلەی دەستوور، هەڵبژاردنەکان بەئاسایی لە کاتی خۆیدا ئەنجام بدرانایە، بەڕێزت چۆن لەو سیناریۆیەی دەسەڵات دەڕوانیت؟

ب. یاسین: بە باوەڕی خۆم، ئەم پرسیارە، یا ئەم بابەتە، دوو ڕەهەندی گرنگی هەن، یەکێکیان ترسی پارتی لەوەی ئەمە دوایین دەرفەتیانە بۆ تێپەڕاندنی دەستوور، ئەگەرنا لەدوای هەڵبژاردنەکانی داهاتوو هاوسەنگییەکان لەناو پەرلەمان بە شێوەیەک دەگۆڕێن، کە چیی تر بۆ پارتی فەراهەم نابێت، دەستوورێکی "بە دڵی خۆی" تێپەڕێنێت. ڕەهەندەکەی تر ئەوەیە، پارتی هەموو هەوڵێکی خستۆتە گەڕ بۆ سێبارە هەڵبژاردنەوەی مەسعود بارزانی، دوای ئەوەی لە چەند هەوڵێکی پێشوویان سەرکەوتوو نەبوون، کە بۆ هەمان مەبەست دایان. ئێستا وای لێ هاتووە، کە بە لایەنی پارتییەوە، ئیتر یا ئەوەتا قبوڵکردنی

هەڵبژاردنەوەی بارزانی یا ئەوەتا هەر سیناریۆ و بژاردەیەکی تر، کە یەکێک لەوانە دواخستنی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمە بۆ کاتێکی نادیار. لەم بارەیەشەوە، دوایین یاری کە پارتی کردی، ئەوە بوو کە وەڵام و تێبینییەکانی هێزە سیاسییەکان، لەسەر نامەیەکی سەرۆکی هەرێم، لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە نێردران بۆ پەرلەمان. مەبەستێکی شاردراوەی ئەم یارییەی سەرۆکی هەرێم ئەوە بوو، یەکێتی نزیک بکرێتەوە لە هەڵوێستی پارتی، چونکە هەڵوێستی یەکێتی میانڕەو بوو نە تەواو وەک هیی ئۆپۆزسیۆن بوو، نە وەکوو هیی پارتی بوو و بەئاسانی دەکرا گۆڕانکاریی بەسەردا بێت و پارتی سوودی لێ وەر بگرێ. لە ڕاستیدا ئەم هەنگاوەی سەرۆکی هەرێم بووە هۆی کرانەوەیەک لەو قەیرانەی پارتی و سەرۆکەکەی لە سەرەتای مانگی نیسانەوە تێی کەوتبوون و پڕۆسەیەکیش دەستی پێ کرد، کە زیاتر هیی کاتکوشتن و فرتوفێڵ بوو تا هەرشتێکی تر. لەم سیاقەشدا، پێویست نەبوو کە هەر زوو، ڕاستەوخۆ دوای ناردنی وەڵامی هێزە سیاسییەکان بۆ پەرلەمان، ڕەنگدانەوەکان لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە بەو شێوەیە پۆزەتیڤ بن، چونکە هەر زوو دەرکەوت کە هەر لە سەرەتاوە پێویست بوو ئۆپۆزسیۆن ئەو دەرفەتە نەدا بە دەسەڵات و جگە لەمەش، هەر زوو تۆپەکەی بخستایەتەوە یاریگەی سەرۆکی هەرێم، لە ڕێگەی داواکردن لێی، کە مەبەستی خۆی لە ناردنی ئەم وەڵامانە بۆ پەرلەمان، تەواو بێ پێچوپەنا ڕوون و ئاشکرا بکات، بەر لەوەی ئەسڵەن ئۆپۆزسیۆن قسەیەک بکات یا هەڵوەستەیەک وەر بگرێ لەو بارەیەوە. ئەگەرنا ئەوەی ڕووی دا، زیاتر جۆرێک بوو لە بواری هەناسەدان و کرانەوە لەو قەیرانەی پارتی و

سەرۆکەکەی تێی کەوتبوون. لە ڕاستیدا هەر زوو دەر کەوت، مەبەستێکی سەرۆکی هەرێم لەو هەنگاوە ئەوە بوو، کە دەستی واڵا بێ لە ئەنجامدانی هەندێ کاری تر، وەک سەردانەکەی بۆ ڕوسیا و دواتر کۆبوونەوە لەگەڵ وەزیری دەرەوەی تورکیا، کە وەک هەر جارێکی تر، سەردانێکە لە خزمەت خۆی و حیزبەکەی، لە کاتێکدا کە توانیی هەر نەبێ بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت پەرلەمان و مەیدانی سیاسی لە کوردستان بە پرسی گفتوگۆ لەسەر مەسەلەی دەستوور لە پەرلەمان خەریک بکات، دوور لە گرنگیدان بە هەندێ مەسەلەی تر. ئەوەی پێویستیشە بوترێ، ئەوەیە کە کۆی هەڵسوکەوتە دیپلۆماسییەکانی پارتی و سەرۆکی هەرێم لە ماوەی دواییدا ڕوو لە بەغداد و ناوچە و جیهان بە یەک مەبەست دەچێتە پێش، ئەویش ئەوەیە کە سەرۆکی هەرێم لە ڕێگەی ئەم هەنگاو و چالاکییانەی دەخوازێ بە ناوخۆ و دەرەوە بڵێ، کە کلیلەکانی سیاسەتکردنی هەرێم لە دەست ئەودان و لە داهاتووشدا بەرژەوەندییەکانی ئەو لایەنانە لەوەدایە، ئەو لەو پۆستەی ئێستایدا بمێنێتەوە و بەبێ ئەو، ئەو بەرژەوەندییانە دەکەونە مەترسییەوە!

بە هەرحاڵ، لە خوێندنەوەیەکی بەپەلەی ئەوەی لە ماوەی دواییدا گوزەرا و ئێستاش دەگوزەرێ لەسەر مەیدانی سیاسی لە کوردستان، من گومان دەکەم هەر نەبێ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی هەرێم لە کاتی خۆیاندا بکرێن. بۆ ئەوەی ئەم شتەش ڕوو نەدات و هەڵبژاردنەکان لە کاتی خۆیاندا بکرێن، هەر نەبێ دوو شت پێویستن: یەکێکیان ئەوەیە کە ئۆپۆزسیۆن ئەم مەترسیە بە جیددی وەر بگرێ و لە هەموو ئاستەکانی سیاسەت و دیپلۆماسی بەچڕی و وردی کاری لەگەڵدا بکات

و ئـەوەی تریشـیان پێویسـتە یەکێتـی خـۆی نـەکات بـە ئامرازێکی دواخسـتنی هەڵبژاردنـەکان. یەکێتـی هەڵەیەکـی کوشـندە دەکات، ئەگـەر وا بزانـێ تەنهـا زەرەرمەنـد لـەو دواخسـتنە ئۆپۆزسـیۆنە، بەڵام خۆی براوەیە، چونکە لە دواخستنێکی ئەوهادا، ئۆپۆزسیۆن و یەکێتییـش زەرەرمەندن! دواجـار ئەگـەر ئـەو یارییانـەی پارتـی دەیانـکات، بـۆی بچنـە سـەر، ئـەوا بـێ سـێ و دوو ئەزموونـی باشـووری کوردسـتان نـەک هـەر زەرەرمەنـدی یەکـەم دەبـێ و پاشـەکشـەیەکی جیددیـی بـەر دەکـەوێ، بگـرە ئەگـەری ڕۆچوونی ئەو بەشـەی کوردسـتان بەرەو هەڵدێرێکی سیاسـیی مەترسـیدار، ئەگەرێکـی کـراوە دەبـێ.

سـبەی: تـەزویـر و سـاختـەکاری و پێشـێلکاریی یاسـایی لـە هەڵبژاردنەکانی هەرێمدا، بەشـێکن لـە سـیمای دەسـەڵات لـە هەرێـم و بەتایبـەت پارتـی... بەڕێـزت چـۆن لـەم ڕەفتـارەی هەرێم دەڕوانیـت؟

ب. یاسـین: تـەزویـر و فرتوفێـڵ لـە هەڵبژاردنەکانـدا لـەوە دەر چـووە، کـە ڕووداوێکـی گرێـدراو بێـت بـە یەکێـک لـە هەڵبژاردنـەکان. ئـەوەی ڕاسـتی بێت هـەر لـە یەکـەم هەڵبژاردنـی پەرلەمانـی کوردسـتان لـە ١٩٩٢ ئاشـکرا بـوو، کـە بـە شـێوەیەکی بەرفـراوان تـەزویـر ئەنجـام دراوە، زۆر بەتایبەتییـش پارتـی ئەنجامـدەری سـەرەکیی ئـەو تـەزویـرە بـووە. هـەر لـەو کاتـەوە لە هەمـوو هەڵبژاردنـەکان تـەزویـر بـووە بـە *کولتـوور* بەتایبـەت بـۆ پارتی دیموکراتی کوردسـتان. ئەم کولتـوورە دەربڕی زۆر شـتە، کـە گرنگترینیـان باوەڕنەبوونـە بـە سـەرەتاییترین و سـادەترین

پرنسیپەکانی سیستمی دیموکراسی، کە ئەویش پرنسیپی (یەک کەس یەک دەنگ)ە. جگە لەوەش، تەزویر لە هەر تاکە دەنگێکدا خیانەتێکی سیاسی و پاشقولگرتنێکی خاڵی لە مۆڕالی سیاسییە، کە لەوانی تر دەکرێ و خەسڵەتی هەڵبژاردن دەگۆڕێ لەوەی کێ و کام هێز دەتوانێ باشترین پرۆگرامی هەڵبژاردن پێشکەش بکات، بۆ پێشبڕکێیەک کە تیایدا تەزویر و فرتوفێڵ ئامرازی بردنەوەیە و پێوەری سەرکەوتنە. لە ڕاستیدا تەزویر لە هەڵبژاردن، ناشیرینترین شێوەی پیادەکردنی پرنسیپی ماکیاڤیللییە لەوەی کە ئامانج ڕەوایی دەدات بە ئامراز. لەبەر ئەوەی لەم حاڵەتەدا گەیشتن بە دەسەڵات، یا ڕاستتر وایە بڵێین مانەوە لە دەسەڵات لە حاڵەتی پارتیدا، ئامانجی هەرە گرنگە، کەواتە بەکارهێنانی هەر ئامرازێک ڕەوایە، جا با ئەو ئامرازە ئەوپەڕی نادیموکراتیانە و پڕیش بن لە خیانەتکردن بە هێز و دەنگدەرانی تر.

بە بۆچوونی خۆم، ئەم جارەیان پارتی نەک هەر دەست بۆ تەزویر دەبات، بەڵکوو بگرە بە شێوەیەکی زۆر چڕتر و تا ئەو ڕادەیەی بۆی دەچێتە سەر، تەزویر دەکات. بەهانەیەکی سادەش بۆ ئەو بۆچوونە ئەوەیە، کە ئەم جارە پارتی، بۆ یەکەم جار لە ماوەیەکی دوورودرێژدا، ترسی جیددیی هەیە لە لەدەستدانی دەسەڵات، ئەمەش لەبەر کۆمەڵێک هۆ، کە گرنگترینیان بەهێزبوونی ئۆپۆزسیۆن و زیادبوونی ناڕەزاییەکانی خەڵکە و ئەوی تریشیان دابەزینی یەکێتییە بە لیستی جیاواز. هەرچەندە لە ئێستاوە ئێمە نازانین دوای هەڵبژاردن هاوپەیمانییەکان بۆ دامەزراندنی حکومەت بە چ ئاراستەیەکدا دەچن و چۆن دەخەملێن، بەڵام ئەوەی دەکرێ لە ئێستادا بوترێ ئەوەیە، کە

دەرگا بۆ هەر ئەگەرێک، خوازراو یا نەخوازراو، کراوەیە.

دواجار دەکرێ بپرسین، ئایا گەر حیزبێک لە ٣١ی ئابدا بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆی لەشکری سەدامی هێنابێتە سەر کەرامەتی نەتەوەی کورد، دەبێ چەند سروشتی بێت هەمان حیزب تەزویر و ئامرازی نادیموکراتییانەی تر بەکار بهێنێت بۆ مانەوەی خۆی لە هەمان ئەو دەسەڵاتەدا؟

سبەی: وەک ڕای شەخسیی بەڕێزت، ئەگەر بە هەر شێوەیەک لە شێوەکان بارزانی خۆی کاندید کردەوە بۆ سەرۆکی هەرێم، پێت وایە ئەم جارە لە بەرامبەر کاندیدێکی هاوبەشی ئۆپۆزسیۆندا چارەنووسی چیی لێدێت؟

ب. یاسین: مرۆڤ دەتوانێ بەئاسانی بڵێ، یەکێک لە جیاوازییە هەرە پێشچاوەکانی ئەم هەڵبژاردنانە، بە ئەگەری زۆر، مەسەلەی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم دەبێت. لە جارانی پێشوودا، ئەلتەرنەتیڤێکی بەهێز لە ئۆپۆزسیۆنێکی ڕێکخراو بە کاندیدێکی بەهێزەوە نەبووە بۆ ئەوەی خەڵک دەنگی پێ بدات. هەرچەندە لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩دا ئەو دەنگانەی د. کەمال میراودەلی هێنای، کەم یا زۆر ٢٥٪ی دەنگەکان بوو، بەڵام کۆمەڵێک هێمای زۆر گرنگی بەخشی و چەند شتێکیشی جەخت کردەوە، یەکێک لەوانەش تێکشکاندنی ئەو ئەفسانەیەی پارتی بوو، کە گوایە هیچ کەسێک و بژاردەیەک ناتوانێ ڕکابەری لەگەڵ مەسعود بارزانیدا بکات.

بە بڕوای خۆم، کۆمەڵێک شت هەن وا دەکەن مرۆڤ بۆ ئەو باوەڕە بڕوات، کە کاندیدی ئۆپۆزسیۆن دەرفەتێکی گەورەی لە

بەردەمە نەک هەر بۆ هێنانی دەنگێکی زۆر بەرامبەر بە بارزانی، بەڵکوو سەرکەوتووش بێت لە بردنەوەی پێگەی سەرۆکایەتیی هەرێم لە هەڵبژاردنەکان. هەرچەندە ئەمە بابەتێکی هەستیارە و من ناخوازم باس لە هەموو وردەکارییەکانی مەرج و پێداویستییەکان بۆ سەرکەوتنی کاندیدی ئۆپۆزسیۆن بکەم، بەڵام مرۆڤ دەتوانێ بەئاسانی بڵێ، بۆ یەکەم جار دەرفەتێکی ڕاستەقینە هەیە بۆ بردنەوەی هەڵبژاردن لە مەسعود بارزانی. تۆکمەییی ئۆپۆزسیۆن، کە بەتایبەتی ئەو تۆکمەیییە وەک ئەلتەرنەتیڤ، توانیویەتی دڵنیاییبوون و متمانەی بەشێکی باش لە خەڵکی کوردستان بەدەست بهێنێت، هەروەها دابەزینی یەکێتی بە لیستی سەربەخۆ، دوو شتی پۆزەتیڤن لەم ئاراستەیەدا. هەرچەندە ناکرێ لە ئێستاوە بزانین ئەندامان و لایەنگرانی یەکێتی لە هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم چۆن دەنگ دەدەن، بەڵام دەکرێ ئەوە بڵێین، کەسایەتیی کاندیدی ئۆپۆزسیۆن دەتوانێ ڕۆڵێکی گرنگ ببینێت لە یەکلاکردنەوەی بەشێکی زۆری دەنگەکانی لایەنگران و ئەندامانی یەکێتی بە قازانجی خۆی، واتە بە قازانجی ئۆپۆزسیۆن. هەڵبەتە شتێک کە ئاسانکاری بکات بۆ ئەوەی جەماوەری یەکێتی بە ئازادییەکی زۆرتر دەنگ بدەن، ئەوەیە یەکێتی خۆی ڕزگار بکات لەو وەهمەی لە داهاتوودا وا بەئاسانی دەتوانێ کورسیی سەرۆککۆماری، بەتایبەتی دوای مام جەلال، بەدەست بهێنێت. ڕوونتر بڵێین: چیی تر یەکێتی وا بەئاسانی و بەو ئۆتۆماتیکییەتە کورسیی سەرۆکی هەرێم نادات بە پارتی، چونکە لە بەرامبەردا پارتی یارمەتی یەکێتی دەدات بۆ بەدەستهێنانی کورسیی سەرۆککۆماری! ئازادبوون لە وەهمێکی تریش بەدەستهێنانی پێگەی جێگری سەرۆکی

هەرێمە بە کۆمەڵێک دەسەڵاتی ڕاستەقینەوە، کە کەمێک کەمتر بن لە هیی سەرۆکی هەرێم و لە غیابی سەرۆکی هەرێم هەمان دەسەڵاتی هەبن، پێداویستییەکی ترە. لە ڕاستیدا لە ماوەی ٨ ساڵی ڕابردوودا، بەو شێوەیەی سەرۆکی هەرێم مامەڵەی لەگەڵ جێگری خۆی (کۆسرەت ڕەسوڵ)دا کردووە، نەک هەر بەرجەستەکردنی کۆمەڵێک دەسەڵاتی گرنگ و ڕاستەقینە نەبووە لە پێگەی ئەو جێگرەدا، بەڵکوو ڕێک بە پێچەوانەوە، تا کراوە لە ڕێگەی *بێدەسەڵاتیی* ئەو جێگرەوە سەرۆکی هەرێم و پارتی بەردەوام بێڕێزیی بەو جێگرە و بە یەکێتی کردووە! پێویستە ئەمڕۆ بەر لە هەر کەس و لایەنێک، یەکێتییەکان خۆیان لە جێگری سەرۆکی هەرێم، کۆسرەت ڕەسوڵ، بپرسن ئایا ئەم جێگرە چەندە ئاگاداری وردەکاری و ئەجێندای ئەو سەردانەی دواییی سەرۆکی هەرێمە بۆ ڕوسیا و کۆبوونەوەی لەگەڵ وەزیری دەرەوەی تورکیادا؟ لە ڕاستیدا ئازادبوونی یەکێتی لەم دوو *وەهمە* و بگرە لە هەندێ وەهمی تریش، دەتوانێ یارمەتیدەر بێت بۆ ئەوەی یەکێتی لە پێگەیەکی بەهێزترەوە بەرامبەر بە پارتی ڕەفتار بکات و جیهانبینییەکەی لە جیهانبینییەکی زۆر ناواقیعبینانەوە بکات بە جیهانبینییەکی واقیعبینانە، بۆ ئەوەی دواجار ئەم جیهانبینییەش بکات بە بنەمای سیاسەتێکی زۆر جیاواز لەوەی تا ئێستا پەیڕەو و پیادەی کردووە.

سبەی: ئەی بۆچوونتان سەبارەت بە ئاستی جەماوەریی بزووتنەوەی گۆڕان و چارەنووسی ئەم هێزە لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا چۆنە؟

ب. یاسین: نایشارمەوە، کەم یا زۆر ساڵێک بەر لە ئێستا، هەندێک نیگەران بووم لەوەی دەسەڵات خەریکە سەرکەوتوو دەبێت لەوەی بزاڤی گۆڕان بکات بە هێزێکی سیاسیی نۆرماڵ، واتە هێزێکی ئاسایی و ناجیاواز، بزووتنەوەیەک کە ڕەنگ و سیمای سیاسیی کاڵ و بێڕەنگ بووبێتەوە. بەڵام دواتر ئەم بزاڤە پیشانی دا کە ناخوازێ و ئامادەش نییە ببێ بە ژمارەیەکی نۆرماڵ لە هاوکێشەی سیاسیدا. لە ڕاستیدا لە ماوەی دواییدا ئەم بزاڤە نەک هەر توانیی هەوڵەکانی دەسەڵات لە نۆرماڵکردن تێک بشکێنێ، بەڵکوو بە ڕادەیەکی زۆر جیاوازییەکانیشی جەخت بکاتەوە و بۆ خەڵکیش بەجوانی جیاوازییەکانی ڕوون بکاتەوە. دەشتوانین بەئاسانی بڵێین مێدیاکانی خەملێنراو لە چوارچێوەی پەیوەندییەکی تایبەتی لەگەڵ ئەو بزاڤە، بەتایبەتی کەناڵی (کەی ئێن ئێن) و ژوورەکان، بەتایبەتی ژووری ئابووری، ڕۆڵێکی یەکجار گرنگیان بینیوە لە جەختکردنەوەی ئەو ڕاستییەی، کە بزاڤی گۆڕان هێزێکی سیاسیی ئۆپۆزسیۆنیی جیاواز-موتەمەییزە و بگرە ئەلتەرنەتیڤێکی جیددیشە بۆ دەسەڵات.

خۆڕێکخستنی ئەو بزاڤە لە ماوەی ڕابردوودا ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە تۆکمەکردنی ڕیزەکانی ئەو بزاڤە. جگە لەوەش، شتێک کە ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە لە زیادبوونی جەماوەری هەرسێ هێزی ئۆپۆزسیۆن، ئەوە بووە کە ئەم هێزانە بەردەوام برەویان داوە بە کاری هاوبەش، هەرچەندە دەسەڵات لە لای خۆیەوە هەموو هەوڵێکی داوە بۆ پەرتەوازەکردن و تێکدانی یەکڕیزیی ئەو هێزانە. پەیامێکی گرنگ و بێ پێچوپەنا لەلایەن ڕەمزە هەرە گرنگەکانی ئۆپۆزسیۆن ئەوە بووە کە بە ڕوونی جەختیان کردۆتەوە کە شتێک نییە بە ناوی ئۆپۆزسیۆنی

سیکولار-عەلمانی لە لایەک و ئیسلامی (یا دینی) لە لایەکی ترەوە، بەڵکوو یەک دانە ئۆپۆزسیۆن هەیە.

دەرەنجام لەوەی کە وترا، وەک خاڵی لێوەدەرچوون، مرۆڤ دەتوانێ بڵێ بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو بزاڤی گۆڕان بە ئەگەری یەکجار زۆر نەک هەر ئاستی دەنگەکانی، کە لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٩دا بەدەستی هێنا دەپارێزێ، بگرە زۆریش زیاد دەکات.

سبەی: لەم ڕۆژانەدا نەوشیروان مستەفا پەردەی لەسەر هەندێک حەقیقەتی مێژوویی هەڵدایەوە دەربارەی چارەنووسی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان لە لایەک خواستی تاڵەبانی بۆ بەدەستهێنانی پۆستی سەرۆککۆماری حەز و خولیای بارزانی لە بەدەستهێنانی سەرۆکایەتیی هەرێم لە لایەکی ترەوە. جەنابت چۆن لە بۆچوونەکانی نەوشیروان مستەفا دەڕوانیت، کە پێم وایە بەڕێزیشت پێش چەند ساڵێک بەر لە ئێستا ئاماژەتان بەوە دابوو، کە وەرگرتنی پۆستی سەرۆککۆمار بێ زەریبەی گەورە نییە؟

ب. یاسین: بە باوەڕی خۆم، وتارەکانی ڕێکخەری گشتیی بزاڤی گۆڕان، نەوشیروان مستەفا، لە کۆنفرانسەکانی ئەو بزاڤەدا لە ڕۆژانی دواییدا بەتایبەتی ئاماژەکانی دەربارەی هەولێر و ناوچەی بادینان و ناوچە دابڕاوەکان ئاماژە و هێمای زۆر گرنگیان تیا بوو. لە ڕاستیدا دەبووایە هەر لە سەرەتادا ئەم هێمایانە دەربارەی ستراتیژی گۆڕان بەڕاشکاوی بگەیەندرانایەتە خەڵکی کوردستان، بەتایبەتی کە بەردەوام گومڕاییەک لەسەر ناوچەییبوونی بزاڤی گۆڕان هەبووە.

قسەکانی نەوشیروان مستەفا دەربارەی ئەوەی دواخستنی چارەسەری ناوچە دابڕاوەکان باجێک بوو کورد دای بۆ بەدەستهێنانی کورسیی سەرۆککۆماری، ئاماژەیەکی ترسناک بوو، بەڵام بە بارێکی تردا بۆ خۆم ئەوە نەک هەر شتێکی نوێ نەبوو، بەڵکوو زۆریش پێشبینیکراو بوو. بەندە بەر لە هەشت ساڵ، واتە لە ساڵی ٢٠٠٥، پرسیارێکی گرنگم وروووژاندووە لە بابەتێکمدا بە ناوی "هەڵبژاردنەکانی عێراق و پۆستی سەرۆککۆماری لە گۆشەبینینی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە" کە لە ٢٠٠٥/٥/١دا بڵاو کراوەتەوە و دواتر لە پەرتووکێکمدا بە ناوی "*عێراقی دوای سەدام و چارەنووسی باشووری کوردستان*" لاپەڕە ١٢١-١٥٣ پرسیارێکی گرنگم وروووژاندووە. پرسیارەکەش ڕێک ئەوها بوو "ئایا کورد وەکو گەل لە چوارچێوەی عێراقدا دەبێ باجێکی سیاسی و ستراتیژیی چەندە گەورە بداتە لایەنی عەرەبی لە عێراق، بۆ ئەوەی ئەم لایەنی عەرەبییە قبوڵ بکات کوردێک ببێ بە سەرۆککۆماری ئەو وڵاتەی خۆیان بە وڵاتێکی عەرەبیی لە قەڵەم دەدەن و قبوڵیش ناکەن ئەو ناسنامەیەی بگۆڕدرێ؟" (بڕوانە لاپەڕەی ١٣١ لە پەڕتووکی ناوبراو). دەکرێ بە شێوەیەک لە شێوەکان قسەکەی نەوشیروان مستەفا وەکوو وەڵامێکی بێپێچوپەنای ئەم پرسیارە تەماشا بکرێ و تێگەیشتنی بۆ بکرێ. گەر حەز بکەی بڵێی قسەکانی نەوشیروان مستەفا پشتڕاستکردنەوەی ئەو نیگەرانی و مەترسیەیە کە خۆی لە قووڵاییی فکریی پرسیارەکەدا حەشار داوە. لە ڕاستیدا نەک هەر ئەم پرسیارە، بەڵکوو کە وتارە ناوبراوەکەم دەخوێنیتەوە، تەماشا دەکەی بەندە لە سەروبەری پرۆسەی لکاندنەوەی باشووری کوردستان بە

دەوڵەتی عێراقەوە، بە ترس و گومانێکی زۆرەوە لە تەواوی پرۆسە سیاسییەکەم ڕوانیوە، نەک هەر لە مەسەلەی ناوچە دابڕاوەکان، بەڵکوو لە سەروبەری مەسەلەکان. نەوشیروان مستەفا لە وتارەکەیدا ئەو چارەسەرییەی لە ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراقیدا هاتووە، بە هیی بەیانی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ چوواندووە، بەڵام بە بۆچوونی خۆم، سەروبەری تەرتیبە فیدراڵییەکان لە دەستووری عێراقدا، تا ئەو جێگەیەی پەیوەندیی بە چارەسەری تەواوی کێشەی کوردەوە هەیە، بەتەواوەتی دیوێکی تری بەیانی ١١ی ئازارن. بەم مانایەش، ئەو خاڵەی من بەردەوام جەختم لەسەر کردۆتەوە، ئەوە بووە کە فیدراڵی بەو مانایەی لە دەستووری عێراقدا هاتووە ناوێکی ترە بۆ ئۆتۆنۆمی و زیاتر نییە. نەک هەر ئەوە، لە لێکۆڵینەوە و قسە و باسەکانی پێشوومدا ئەوەم جەخت کردۆتەوە کە ئەم فیدراڵییە لە هەندێکیش لە ئۆتۆنۆمییەکانی دونیا لاوازترە. لە ڕاستیدا هەر لەو بابەتەی لەسەرەوە ناوی برا، بۆچوونێکی پێشتری خۆمم جەخت کردۆتەوە کە ئەویش گومانێکی خۆم بووە لە سەروبەری مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەی کورد و شێوازی چارەسەرکردنی بە ڕێگەی لکاندنەوەی باشووری کوردستان بە عێراقەوە کاتێک دەڵێم، ”خەڵکی کورد لە باشووری کوردستان، بەشدارییان کرد لە دامەزراندنەوەی دەوڵەتێک، کە دواجار بچن داوای مافەکانیان لە هەمان دەوڵەت بکەن!“ (بڕوانە لاپەڕە ١٢١ لە هەمان پەڕتووکدا). وا دەزانم ئەم دەربڕینە بە شێوەیەکی پوخت نەک هەر کێشەی ناوچە دابڕاوەکان، بەڵکوو تەواوی کێشەکانی کورد لەگەڵ بەغداد و شێوەی چارەسەرکردنیان کۆ دەکاتەوە. جێگەی خۆیەتی هەر لێرەدا خوێنەر ئاگادار بکەمەوە،

کە من لە دوو نامەی بەدوای یەکتردا بۆ حکومەتەکانی پارتی و یەکێتی لە ٢٠٠٣/٤/١٠ وە ٢٠٠٣/٤/١١دا، واتە ڕاستەوخۆ دوای کەوتنی ڕژێمی سەدام، ئەو دوو حکومەتەم لە سیناریۆی دامەزراندنەوەی سەرلەنوێی دەوڵەتێک و دواتر "پاڕانەوە" لە هەمان دەوڵەت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی، خسۆتە ڕوو. (بۆ بینینی دەقی هەردوو نامەکە بڕوانە پاشکۆی هەمان پەڕتووکی ناوبراو).

## دەربارەی "کۆنگرەی نەتەوەییی کورد"

### دیمانەی گۆڤاری سپی میدیا، ژمارە ٣، ٢٠١٣/٨/١٢

سپی میدیا: ئایا بەستنی کۆنگرە لەم هەلومەرجەدا لەبارە، ئایا دوا کەتووین؟ یا هێشتا کات ماوە بۆ سازدانی؟

ب. یاسین: پێش هەموو شتێک، نەتەوەی کورد زۆر دواکەوتووە لە خەملاندنی چوارچێوەیەک، کە لە ناوخۆیدا ئەم نەتەوەیە، بە جیاوازیی ئایدیۆلۆژی و سیاسی لەگەڵ بوونی داگیرکاری و حاڵەتی دابەشبوونی کوردستان، کۆ بکاتەوە. هەر نەبێ پێویست بوو هەر لە سەرەتای ١٩٢٠کانی سەدەی ڕابردوودا لە چوارچێوەیەکی نەتەوەییدا پرۆژەی دەوڵەتە سەپێندراوەکان و حاڵەتی دابەشبوونی کوردستان، هەر نەبێ لە ڕووی تیۆرییەوە، ڕەت بکرایەتەوە. بە مانایەکی تر، لە پرۆژەیەکی سیاسەتی هاوتەریبدا هەر لە سەرەتای ١٩٢٠کانی سەدەی ڕابردوو هەر نەبێ دوو ئاست یا شێوازی سیاسەتکردنی هاوتەریب پێویست بوون، یەکێکیان سیاسەتکردن لە ئاستی

هەر وڵاتێک کە کوردی تیادا دەژی و بەشێک لە کوردستانیان داگیر کردووە، لە لایەکی تریشەوە پێداگری لەوەی کورد یەک نەتەوەیە و بۆ ئەم مەبەستەش پێویستی بە چوارچێوەیەکی هاوئاهەنگی نەتەوەییە بۆ زیندووڕاگرتنی بیرۆکەی یەکبوونی کورد وەک نەتەوە و کوردستان وەک نیشتمان...

بە هەرحاڵ، لە کۆتاییی ١٩٨٠کان و سەرەتای ١٩٩٠کان بە کۆمەڵێک هۆ، هەندێکیان جیهانی، هەندێکیان ئیقلیمی و هەندێکیشیان ناوخۆیی، پێداویستیی سازدانی کۆنگرەیەکی کوردستانی بەتوندی سەری هەڵدا. دەبێ هەر لێرەشدا بوترێ، کە بەتایبەتی لە دەیەی ١٩٩٠کاندا کۆمەڵێک هەوڵ دران لەو ئاراستەیەدا، کە دەکرێ بە پەیوەندی لەگەڵ پرسیارێکی ترتان تیشکی زیاتر بخەینە سەر ئەو هەوڵانە.

لە لایەکی ترەوە دەبێ بڵێین، کە ئێستا باشترین و گونجاوترین کات نییە بۆ بەستنی ئەو کۆنگرەیە، باشوری کوردستان لە کەشوهەوای بەر لە هەڵبژاردندا دەژی و پێویست بوو ئەم کۆنگرەیە چەند مانگێک دوا بخرایە، *بۆ ئەوەی نە خودی کۆنگرە بکەوێتە ژێر کاریگەریی هەڵبژاردنەکان و نە هەڵبژاردنەکانیش بکەونە ژێر کاریگەریی کۆنگرە*... بەپێی هەر نەبێ دوو ئەزموونی پێشووی خۆم، کە لەگەڵ هەوڵەکانی دامەزراندن و سازدانی کۆنگرەی نەتەوەیی هەمە، هەروەها بەپێی تێگەیشتنی خۆم لە ئەزموونی هەندێک پڕۆژەی تر لەم ئاراستەیەدا، دەکرێ بوترێ پڕۆسەی بەرهەمهێنانی کۆنگرەیەکی نەتەوەییی شایستە بۆ هەر چوار پارچەی کوردستان، پێویستی بە ئامادەکاریی زیاتر هەیە. لە ڕاستیدا نامەکەی بارزانی بۆ هێزە سیاسییەکان، لە سەرەتای مانگی ڕابردوودا، زۆر کتوپڕ بوو. پێویست بوو ئەو

نامەیە هەر نەبێ دوای جەولەیەک لە گفتوگۆ و ڕاوێژکاری و پرسکردن لەنێوان لایەنە پەیوەندیدارەکان بنێردرایە. وا هەست دەکەم پەلەکردنێکی زۆر بەم هەوڵەوە دیارە، کە دواجار لەوانەیە ئەو پەلەکردنە بە زیانێکی زۆر بۆ خودی پڕۆژەی کۆنگرەی نەتەوەیی بگەڕێتەوە، کە ئەمەش جێگەی داخە. بەتایبەتی جێگەی داخە بۆ ئەوانەی ساڵانێکی زۆرە چاوەڕوانی ڕۆژێکی ئەوهان و بگرە خەباتیشیان لەپێناویدا کردووە.

کۆی ئەم وەڵامە: کورد دەبووایە ساڵانێکی زۆر لەمەوبەر خاوەنی چوارچێوەیەکی نەتەوەیی/نیشتمانی بووایە، بەڵام ئەم هەوڵەی ئێستا لەسەر پێیە، پەلەکردن و شێوازێک لە ئیلحاح و بگرە ناڕوونییشی پێوە دیارە. ئەوەش وا دەکات لەبری گەشبینی، سەرئەنجام ئەم هەوڵە بە کۆمەڵێک دڵەڕاوکێ و مەترسی و گومان بتەنرێتەوە. زۆر بەکورتی، ئەو پڕۆژە و هەوڵەی ئێستا لەسەر پێیە، بەسەر کۆمەڵێک پێشمەرجدا بازی داوە، بازدانێک، کە دەکرێ دواتر بۆ خودی پڕۆژەکە چۆکشکانی لێ بکەوێتەوە!

سپی میدیا: چۆن کۆنگرە دەتوانێت ستراتیژێک دابڕێژێت بۆ ئەوەی کۆنگرە لەپێناو کۆنگرە و کۆبوونەوەدا نەبێت؟

ب. یاسین: بە باوەڕی خۆم، کۆمەڵێک ڕەهەند (یا مەرج) هەن بۆ ئەوەی پڕۆژەی کۆنگرەی نەتەوەیی ببێ بە پڕۆژەیەکی سیاسیی ستراتیژی، لەمانە سێ دانەیان زۆر گرنگن:

١- زەخیرە و کەرەسەی کۆنگرەی نەتەوەیی: بۆ ئەوەی کۆنگرەی نەتەوەیی ستراتیژی بێت، پێویستە حیزبە سیاسییەکانی کوردستان بە تەنها تاکە کەرەسەی پێکهێنەری کۆنگرە نەبن. لە

ڕاستیدا جگە لە حیزبە سیاسییەکان، دەبێ و پێویستە کۆمەڵگەی مەدەنی، ئەکادیمیکاران، ڕۆشنبیران و کەسانی خاوەنئەزموونی بێلایەن و سەربەخۆ ڕۆڵی گرنگ و چالاکانەی خۆیان ببینن. لە توێژە کۆمەڵایەتییەکانیش، ئافرەتان و نەوەی نوێ پێویستە بواری بەشداریی چالاکانەیان لە هەوڵێکی ئەوهادا بۆ بڕەخسێ. کورد لە ڕابردوودا کۆمەڵێک ئەزموونی تاڵی هەبووە لە هاوپەیمانیی حیزبە سیاسییەکان، کە دواتر هاوپەیمانییەکان بە شەڕی براکوژی تەواو بووە. لە ڕاستیدا کاتێک پارتی و یەکێتی لە ساڵی ١٩٩٤دا بوو بە شەڕیان لەسەر دەسەڵات، نەک یەک دانە، بەڵکوو گرێدراوی یەکتر بوون بە کۆمەڵێک هاوپەیمانی و تەرتیباتی کاری هاوبەش. هاوپەیمانیی دوو مەکتەبی سیاسی، هاوپەیمانیی دوو سەرۆک، بەرەی کوردستانی و... هتد.

زۆر بەکورتی و بەچڕی، لەبەر ئەوەی نەتەوەیەک تەنها لە کۆمەڵێک حیزبی سیاسی پێک نایەت و مەیدان و فەزای نیشتمانیی نەتەوە تەنها بە کۆمەڵێک حیزبی سیاسی پڕ ناکرێتەوە و لەبەر ئەوەشی دواڕۆژی نەتەوە، هەمووان، نەک هەر تەنها حیزبە سیاسییەکان پەیوەندیدار دەکات، لەبەر ئەوە هەمووی پێویستە هەمووان لەو فەزا و مەیدانەدا، قسە و ئامادەیی و بەشداری و کاریگەرییان هەبێت.

٢- ئامانجە ستراتیژییەکان: بۆ ئەوەی کۆنگرە ببێ بە چوارچێوەیەکی ستراتیژی، پێویستە باسوخواسەکانی ناو کۆنگرە و دەرهاوێشتەی هەرە کۆتایی لە شێوەی بەڵگەنامەیەکی ستراتیژیدا ڕەنگبداتەوە، بەڵگەنامەیەک، کە ببێتە نەخشەڕێگەیەکی ستراتیژی بۆ نەتەوە. بە مانایەکی تر، پێویستە ئەم کۆنگرەیە بۆ مەبەستێکی کاتی، لەوەش خراپتر تاکتیکی (حیزبی یا تاکەکەسی)

نەبێ و نەخرێتە خزمەت هەندێک ئەجێندای حیزبی، کە بۆ نموونە بۆ یەکێکیان کۆنگرە ببێ بە ئامرازی زێدەکردنی هەژموونی خۆی، بۆ ئەوەی تریان ببێ بە ئامرازی چارەسەرکردنی قەیرانەکانی خۆی و بۆ ئەوی تریشیان شاردنەوە و داپۆشینی شکستەکانی خۆی و... هتد. لەمانەش هەمووی خراپتر ئەوەیە، کۆنگرە ببێ بە ئامرازی بەجێگەیاندنی ئەجێندای هێزێکی ئیقلیمی، با ڕوونتر بڵێین، ئەجێندای تورکیا. بەم مانایەش، ئەگەری هەیە کۆنگرەی نەتەوەیی ببێ بە کاریسەیەکی ستراتیژی، ئەگەر هات و هەر زوو ئەو کۆنگرەیە لە ئەجێندایەکی پشتی پەردەدا درێژکردنەوەی خواست و ویستی یەکێک یا هەندێک لە هێزە ئیقلیمییەکان بێت و بەو مانایەش ببێتە هۆی بەرجەستەکردنی حاڵەت و ڕوانگەی دابەشبوونی کوردستان تا هێمایەک و ئاماژەیەکی جیددی بە ئاراستەی یەکگرتنەوەی. لەوەش هەمووی خراپتر، کۆنگرە ببێتە ئامرازی ناردنەدەرەوەی تەسدیرکردنی کێشەی کورد لە باکووری کوردستان و تورکیا بۆ باشووری کوردستان و بۆ ئەم مەبەستەش دەسەڵاتی سیاسی لەو بەشەی کوردستان و کۆنگرەی نەتەوەیی دوو ئامرازی گرنگ بن!

٣- بەرجەستەکردنی دەزگا و دامەزراوەیەکی ستراتیژیی نەتەوەیی: لێرەدا پرسیارێکی گرنگ ئەوەیە: ئایا ئەو کۆنگرەیەی بڕیارە لە هەولێر ببەسترێ، دەبێتە هەنگاوی یەکەم لە بەدامەزراوکردنی چوارچێوە کولتوورییەکەی نەتەوە. بە مانایەکی تر، ئایا ئەم کۆنگرەیە دەکرێ ببێتە ئامرازێک بۆ ناسیۆنالیزمی کوردی بۆ ڕاگواستنی نەتەوە لە حاڵەتێکی کولتووری بۆ حاڵەتێکی سیاسیی هاوچەرخ؟ ئایا کۆنگرە دەبێتە ئامرازی بەکاربردن و یاریکردن بە هەست و نەستی خەڵکی

کوردستان، کە هەندێک حیزب و سەرکردە بە ئارەزووی خۆیان یاریی پێ دەکەن، یا دەبێ بە چوارچێوەیەک لە کاری ستراتیژی، کە باسکردنە لە لەقاڵبدانی تیۆرییانەی بەرژەوەندییە هەرە باڵاکانی نەتەوە و بە دامەزراوکردنی ئەم چوارچێوەیە؟ بۆ نموونە ئەگەر تەماشای زایۆنیزم بکەین، وەک کۆنگرەیەکی نەتەوەییی جووەکان، دەبینین ڕۆڵی زایۆنیزم نەک هەر جۆشوخرۆشدانی هەست و نەستی جووەکانە لە سەرانسەری جیهان و ئاگادارکردنەوەیان کە ئەمان لەگەڵ پەرشوبڵاویشیان هەڵگری کۆمەڵێک بەهای کولتووریی هاوبەشن، بەڵکوو هەر لە سەرەتای دروستبوونیەوە ئەو بزووتنەوەیە ئامانجێکی ستراتیژیی بۆ خۆی دیاری کرد، کە ئەویش دەوڵەتی نەتەوەییە یا ئەوەی لە کۆمەڵێک بەڵگەنامەی گرنگدا پێی بێژراوە "ماڵی نەتەوەییی جووەکان." لەمەش گرنگتر، هەر لە سەرەتای دروستبوونیەوە ئەم بزووتنەوەیە دانەنیشت بە دیار چاوەڕوانی لە دەرفەتی مێژوویی، بەڵکوو تا بۆی کرا بە خەباتی خۆی بەشدارییەکی کارای کرد لە فەراهەمبوونی ئەو دەرفەتە مێژووییە، کە دواجار بە بەرهەمهێنانی یا ڕاگەیاندنی دەوڵەتێکی تایبەت بە جووەکان لە فەلەستین تەواو بوو.

کۆنگرەی نەتەوەییی کوردستان دەبێ ڕێک ئەو دامەزراوەیە بێت کە لە ئاستی هەرە ستراتیژی و لە دوو ڕەهەندەوە، *ڕەهەندی ناو نەتەوە خۆی و ڕەهەندی پەیوەندیی نەتەوە بە جیهانی دەرەوە*، ڕۆژانە و بەپێی ستراتیژێکی درێژخایەن کار لەگەڵ مەسەلە هەرە چارەنووسسازەکاندا بکات.

دەرەنجام لە کورتکردنەوەی وەڵامی ئەم پرسیارەدا، گرنگە ئەوە بەڕاشکاوانە جەخت بکەینەوە، کە کۆنگرە بۆ ئەوەی

نەتەوەیی و ستراتیژی بێ، نابێ ببێ بە ئامرازی بەدیهێنانی خەونی چەند هێزێک لە بەرجەستەکردنی دەسەڵاتی تاکڕەوییانە و گەیشتن بە هەندێک خواست لە مۆنۆپۆلکردنی دەسەڵات (تا ئەمڕۆ لە بەشێکی کوردستان، بەڵام دواتر بە ئامرازی کۆنگرەی نەتەوەیی لە هەموو پانتاییی کوردستانی گەورەدا). لەمەش گرنگتر، هەرگیز نابێ ڕێگە بدرێ کۆنگرەی نەتەوەییی کوردستان ببێ بە ئامرازی بەجێگەیاندنی ئەجێندایەکی ئیقلیمیی شاردراوە. ئەگەر کۆنگرەیەک ئەو ئامرازە، بێت ئەوا بێگومان نەبوونی باشترە.

سپی میدیا: ئەو گووتارە سیاسییە چییە کە دەبێت کۆنگرە ستراتیژی خۆی لەسەر دابڕێژێت، ئایا هەر ئەوەندە بەسە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت کە پێویستە چارەسەری دۆزی کورد لە ڕێگەی ئاشتییەوە بکرێت، ئایا لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات بوارێک هەیە بۆ ئاشتی، جگە لە لۆژیکی چەک و هێز؟

ب. یاسین: دیارە ئەم پرسیارەشتان فرەڕەهەندە و کۆمەڵێک هێمای گرنگ لەخۆ دەگرێ. بە هەرحاڵ، بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەش، دەبێ جارێکی تر دەست بۆ لۆژیکی یا فۆرمولەی *نەتەوە ڕوو لە ناوەوە و نەتەوە ڕوو لە دەرەوە* ببەین. جەختکردنەوەی ئەو بەیەکەوەگرێدانە یەکجار گرنگە و نزیکبوونەوەیەکی ئەوها لە ستراتیژی سیاسیی نەتەوەییدا، بەر لە هەرشتێک، ئەوە دەخوازێت هێزە کوردستانییەکان بەر لەوەی داوای دایەلۆگ و ئاشتی و پێکەوەژیان و پلورالیزم لە داگیرکارانی کوردستان بکەن، دەبێ لە ناوخۆیاندا توانییێتیان

لانی کەم ئەم ئامانجانەیان لە خەبات و ئەزموونە سیاسییەکانیاندا بەرجەستە کردبێت. بەداخەوە بەتایبەتی ئەزموونی باشوری کوردستان پێچەوانەی ئەم بەرجەستەکردنەمان بووە و زیاتر ئەزموونی پاوانخوازیی سیاسی و شەڕی براکوژی و قبوڵنەکردنی یەکتر و فڕوفێڵکردن لە پرۆسە دیموکراسییەکان و بەدەستهێنان و مانەوە لە دەسەڵات بە شێوە و ئامرازی نایاسایی و ناڕەوا بووە. ئاخر ئەوە تورکیا و سوریا و ئێران و عێراق نین کە نۆ ساڵە ناخوازن هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە باشووری کوردستان بەڕێوە بچێ، بەڵکوو لە پارادۆکسێکی سەرسووڕهێنەردا، ڕێک ئەو دوو هێزەن (واتە پارتی و یەکێتی) کە ئەمڕۆ داینەمۆی سەرەکیی هەوڵی بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی لەو بەشەی کوردستان دەدەن. بە مانایەکی تر، بازدان بەسەر ناوخۆدا بۆ وروژاندنی نەتەوە ڕوو لە دەرەوە هەوڵێکی سەرکەوتوو نییە. چیی تریش ئەو ناوەوەیە داخراو نییە ڕوو بە دەرەوە، ئەوانەی لە ناوەوەی نەتەوەن جوان دەرەوەی خۆیان دەبینن، ئەوانەشی لە دەرەوەن جوان ناوەوەی ئەو نەتەوەیە دەبینن. دواجار ئەزموونی دەوڵەتانی عەرەبی لە ماوەی کەم یا زۆر ٩٠ ساڵی ڕابردوودا لە خواست و خەبات بۆ بەرهەمهێنانی یەکێتییەکی نەتەوەیی ڕێک لەبەر ئەوە سەرکەوتوو نەبووە، چونکە ویستراوە باز بدرێت بەسەر ناوەوەیەکی ناتەندروست (پێکهاتوو لە کۆمەڵێک لە ناشیرینترین ڕژێمی ستەمکار و تاکڕەو) بۆ دەرەوەی خۆی بۆ بەدەستهێنانی یەکێتییەکی نەتەوەییی تەندروست و شایستە. نەتەوەی کورد پێویستی بە دووبارەکردنەوەی ئەو هەموو ئەزموونە تاڵەی وڵاتانی عەرەبی بۆ ئەوەی دوای ساڵانێکی تر بگات بە هەمان

سەرئەنجام نییە، دەرەوەیەکی تەندروست بەرهەمی ناوەوەیەکی تەندروستە، بە مانایەکی تر، نەتەوەیەک لە ناوخۆیدا شکستی هێنابێ لە بەرجەستەکردنی بەها هاوچەرخەکان، ئەستەمە سەرکەوتوو بێت لەو بەرجەستەکردنەدا لەگەڵ دەرەوەی خۆی!

بە باوەڕی خۆم، دوو پرنسیپ دەبێ بکرێن بە ڕۆحی هەر پڕۆژەیەکی نەتەوەییی کوردستانی، یا بکرێن بە کۆڵەکەی سەرەکی و بنچینەیی لە ڕێکخستنی مەیدان و فەزای نەتەوەدا لە چوارچێوەی پڕۆژەیەکی ئەوهادا: یەکەمیان **کوردستانیبوون** بە مانای هاونیشتمانیبوون و وابەستەبوون بەو نیشتمانەوە، نەک هەر لە ڕێگەی ورووژاندنی کۆمەڵێ بەهای کولتووریی هاوبەش، بەڵکوو ڕێک لەسەر کۆمەڵێک بەهای هاوچەرخ لە هاونیشتمانیبوون و دووەمیشیان **دیموکراتیبوونی** ڕاستەقینە. دەبێ هەر لێرەشدا ئەوە بڵێین، ئەم دوو پرنسیپە، کوردستانیبوون (واتە هاونیشتیمانیبوون) و دیموکراتیبوون، وەک خوێن و گۆشت تێکەڵاوی یەکترن بەپێی تێگەیشتن لێیان لە ڕۆشناییی تیۆرییە هەرە نوێیەکانی تێکەڵاوبوونی سیستمی دیموکراسی بە دەوڵەتی هاوچەرخ و دامەزراوەکانی. بەو مانایەش، ئاوێتەکردنی ئەو دوو توخمە لە چوارچێوەیەکی تۆکمە لە فەلسەفەی سیاسی دەتوانێ نەک هەر بەرجەستەکردنێکی تەندروستانە لەناو خودی نەتەوە فەراهەم بکات، بەڵکوو ئەم بەرجەستەکردنە تەندروستانەیە دەشبێ بە ئامرازی کارئاسانی لە بەدەستهێنانی ئامانجەکانی نەتەوە ڕوو لە دەرەوە. (هەر بۆ ئاگاداریی خوێنەر، ئەم باسەم لە کۆمەڵێک وتار و چاوپێکەوتنی پێشوومدا ورووژاندووە، کە هەموویان لە ماڵپەڕی تاکەکەسیمدا دەست دەکەون).

پوختەی ئەم وەڵامە: ئەوەندەی کە پڕۆژەی کۆنگرەی

نەتەوەیی هەڕەشەی دەرەکیی لەسەرە، بەو بەقەدەر، بگرە زیاتریش، هەڕەشەی ناوخۆییی لەسەرە. لە ڕاستیدا ئەو هێزە سیاسی و سەرکردانەی کۆنگرەی نەتەوەیی وەک ئامرازێک دەبینن بۆ بەرجەستەکردنی سەرۆکایەتی و دەسەڵاتی تاکڕەوانەی خۆیان، دەتوانن لەگەڵ دەستی دەرەوەش یەک بگرن و ببن بە پرد و ئامرازی پەڕینەوەی یا پەڕاندنەوەی هەڕەشەی دەرەوە بۆ ناوەوەی نەتەوە خۆی. لەم بارەیەشەوە، بەداخەوە کورد خاوەنی زۆرێک لە ئەزموونی تاڵ و تراژیدیاوی و ناشیرینە!

سپی میدیا: ئەجێندای تورکیا و ئێران چۆن دەخوێنیتەوە سەبارەت بە بەستنی کۆنگرە و تێڕوانینی ئێستایان بەرامبەر مەسەلەی کورد لە ناوچەکەدا چۆنە؟ نەرمبوونی تورکیا لەمەڕ بەستنی کۆنگرە لە چییەوە هاتووە؟

ب. یاسین: پێشەکی پرسیارەکەت سەرنجڕاکێشە، بەو مانایەی باس لە سوریا و عێراق ناکەیت، کە هەریەکێکیان بە هۆیەک یا چەند هۆیەکەوە ناپەرژێنە سەر ئەم مەسەلەیە، بەڵام بە هەرحاڵ، پێویستە بەتایبەتی حساب بۆ کاردانەوەکانی عێراق (لە ئێستا و لە داهاتوودا) بکرێت. لە لایەکی ترەوە، پێویستە ئێمە کۆمەڵێک جیاوازی لەنێوان تورکیا و ئێراندا ببینین، کە لە هەمووشیان گرنگتر ئەوەیە، بە مانا هەرە زانستییەکەی، ئێران هێشتا سیاسەتەکانی ناوەوە و دەرەوە لە چوارچێوەی ئەوەی پێی دەوترێ دەوڵەتی شەڕ(war state) دەخەملێنی، بەو مانایەی ئێرانی ئیسلامی هێز و توانای دەوڵەت لە چاوی هێزی

چەکداری و پڕچەکبوون و بەکاربردنی هەڕەشە و زەبروزەنگ دەبینێ و ئامادەیە گەشەکردنی ئابووری و خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی بکات بە قوربانیی بەهێزبوون لە ڕێگەی هەژموونی سەربازییەوە، بەڵام تورکیا ئەمڕۆ زۆر نزیکترە لەو جۆرە دەوڵەتەی پێی دەوترێ دەوڵەتی بازرگانی (trade state)، یا هەر نەبێ **تورکیا هەوڵ دەدات ببێ بەو جۆرە دەوڵەتە**، بەو مانایەی هێزی دەوڵەت لە بەختەوەریی کۆمەڵایەتی و بەهێزبوونی پێگەی ئابووریی دەوڵەتدا دەبینرێ. ئەم ئاراستەیە هەر نەبێ لە ١٩٨٠کاندا لە تورکیا لە گەشەسەندندا بووە، بەتایبەتی لە دە ساڵی ڕابردوودا بە جەختکردنەوە ئەم ئاراستەیە بووە بە ستراتیژی دەوڵەت، بەتایبەتی ڕوو لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی ئیسلامی. ئاراستەی ئەحمەد داود ئۆغلو، وەزیری دەرەوەی تورکیا، لە کتێبەکەیدا بە ناوی "قووڵایی ستراتیژی،" کە لە ٢٠٠١دا بڵاوی کردۆتەوە، بەجوانی باس لەو قووڵاییە ستراتیژییەی تورکیا دەکات وەک چوارچێوەیەکی هەرە گرنگی تیۆری لەو دەوڵەتی بازرگانییەی باسی دەکەین.

زۆر بەکورتی و زۆر بەچڕی هەڵسوکەوتی ئێران ڕوو لە پڕۆژەی کۆنگرەی نەتەوەیی هەڵقووڵاوی: ١- خواستی ئەو وڵاتە لە هەژموونی لە عێراقدا و بەهێزبوونی ئەو خواستە لەگەڵ مەترسیی لەدەستدانی ئەو هەژموونەیە لە سوریا. ٢- هەموو هەوڵێک بە ئاراستەی لەدەستنەدانی سوریا. ٣- لەسەر ئاستی ناوەوەش، بەردەوامبوون بە عەقڵیەتی دەوڵەتی شەڕ لەگەڵ کێشەی کورد، بەم مانایەش، نە لە ئێستادا نە لە داهاتوویەکی نزیکیشدا ئاسۆی گۆڕانکاری لە زهنیەتی ڕەسمیی دەوڵەتی ئێراندا ڕوو لە کێشەی کورد بەدی ناکرێ، نە لەو

وڵاتە و نە لەمەڕ ئەو کێشەیە لە ئاستی کوردستانی مەزندا.

لە لایەکی ترەوە، تورکیا کۆمەڵێک خاڵی لێوەدەرچوونی هەیە، کە زۆر لە خاڵەکانی لێوەدەرچوونی سیاسیی ئێران جیاوازن: ١- ئەمڕۆ بەتوندی ڕوانگەی هەنووکەی سیاسیی و داهاتووی سیاسی سێ پارچەی کوردستان، لە عێراق و سوریا و تورکیا، بەتوندی بە تورکیاوە گرێ دراون. بە مانایەکی تر، بە شێوەیەک لە شێوەکان ئەوەی پێش جەنگی یەکەمی جیهانی پێی دەبێژرا "کوردستانی عوسمانی،" واتە سێ بەشەکەی کوردستان، ئەمڕۆ خەریکە تورکیا لە چوارچێوەی (عوسمانیزمی نوێ)دا وەکوو سێ بەشی بەتوندی بەیەکەوە بەستراو و گرێدراو مامەڵەیان لەتەکدا دەکات. ٢- لە چوارچێوەی چەمکی قووڵاییی ستراتیژیدا، کە وەک وترا ئەندازیارەکەی وەزیری دەرەوەی ئێستای تورکیایە، دەکرێ کورد پێداگری لەسەر ئەوە بکات، کە پەرینەوەی تورکیا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کردنی ئەو ناوچەیە بە بازاڕێکی فراوانی بازرگانی و وەبەرهێنان بۆ تورکیا، بەدەستهاتنی مومکن نییە بەبێ چارەسەرکردنی کێشەی کورد. باشترین شێوەی نزیکبوونەوەش ئەوەیە، تورکیا بگاتە ئەو باوەڕەی قووڵاییی ستراتیژیی تورکیا لەسەر سنوورەکانی عێراق و سوریا دەست پێ ناکات، بەڵکوو ڕێک و ڕاست لەناو تورکیا و لە کێشەی کوردەوە ئەو قووڵاییییە دەست پێ دەکات. هەروەها کورد ئەوە جەخت بکاتەوە، کە بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی باشتر پارێزراون ئەگەر لە نزیکبوونەوەدا مامەڵە لەگەڵ هەرسێ پارچەی کوردستان (کوردستانی عوسمانی)، وەک یەکەیەکی یەکبوو نەک وەک سێ پارچەی دابڕاو لە یەکتر بکات. ٣- بە شێوەیەکی زۆر

سەرنجڕاکێش، خەریکە ڕۆژئاوای کوردستان دەبێ بە خاڵی لێوەدەرچوون و خاڵی بەیەکەوەگرێدانی چارەنووسی ئەو سێ بەشەی کوردستان و هەڵسوکەوتی تورکیا لەم سیاقەدا گرنگە، بەڵام شێوازی تێگەیشتنی لایەنە کوردییەکانیش زۆر گرنگە.

ئەم سێ خاڵەی سەرەوە، پەیوەندیدار بە ڕۆڵی تورکیا، دەکرێ وەک خاڵی ئەرێنی ببینرێن، بەڵام دوو خاڵی نەرێنی هەن، کە مەترسیدارن و هەڕەشەن لە ڕۆڵی ئەرێنیی تورکیا، یەکێکیان پەیوەستە بە تورکیا و ئەوەی تریان بە کورد خۆی:

١- بە باوەڕی خۆم، ناڕوونییەکی زۆر هەیە لەوەی پێی دەوترێ "پڕۆسەی ئاشتی" لە تورکیا. نەک هەر ئەوە، بەڵکوو من تا ڕادەیەکی زۆر لەوە پشتڕاستم، کە لە تورکیا یارییەکی شاراوەی زۆر ترسناک بەڕێوە دەچێ دەربارەی کێشەی کورد. ئەم یارییە شاراوەیە بە پلەی یەکەم دەرهاوێشتەی ئەو ڕاستییەیە، کە کێشەی کورد لە تورکیا تەنها کێشەیەک نییە لەنێوان کورد لە لایەک و دەوڵەت لە لایەکی ترەوە، بەڵکوو ڕێک لەنێوان دوو شێوە لە دەوڵەت لە تورکیا، دەوڵەتی دەسەڵاتی ڕەسمی لە لایەک و دەوڵەتی شاراوە یا قووڵ لە لایەکی ترەوە، دەوڵەتی ڕەسمی واتە پەرلەمان و حکومەت، بەڵام دەوڵەتی شاراوە قووڵ واتە بەشێک لە میت و بەشێک لە هێزی چەکداری و مافیا و هێزە ناسیۆنالیستە توندڕەوەکان و بەشێک لە بیرۆکراتیای تورکی و شێوەیەک لە تێگەیشتن لە کەمالیزم چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیی دەوڵەتی شاردراوەیە. دژایەتی لەنێوان ئەم دوو شێوازەی دەوڵەت یا دەسەڵات، دەکرێ لە چەند وشەیەکدا کۆ بکرێتەوە، *دەوڵەتی ڕەسمی بەرژەوەندیی لە ئاشتیدایە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی*

*"دەوڵەتی بازرگانی" و گەیشتن بە قووڵاییی ستراتیژی، بەڵام تەواو بە پێچەوانەوە، دەوڵەتی شاردراوە بەرژەوەندیی لەگەڵ شەڕوشۆڕ و نائارامیی وڵاتدایە، چونکە شەڕوشۆڕ و نائارامی باشترین ژینگەن بۆ بەهێزبوونی دەوڵەتی شاردراوە.* دەبێ ئەوەش جەخت بکەینەوە، کە هەردوو شێواز لە دەوڵەتداری، شێوازی ئاشتی لە لایەک و شێوازی بەردەوامیی شەڕ لە لایەکی ترەوە، کاریگەریی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، ئاشکرا و شاردراوەیان هەیە بەسەر لایەنی کوردیدا. هەر لەم سیاقەدا و هەر بەم هۆیەشەوە دەبێ ئەوە بڵێین، ئاڵۆزی و ناڕوونییەکی زۆر هەیە لە سیاسەتی پەکەکە خۆیدا لەمەڕ ئەوەی پێی دەوترێ پرۆسەی ئاشتی، بەردەوام هەنگاوێک بۆ پێشەوە و هەنگاوێک بۆ دواوە. دەبێ ئەوەش بۆ هەموو لایەک جێگەی پرسیار بێت، کە چۆن دەکرێت سەرکردەیەک گوناهبار کرابێت بە کوشتن و لەدەستچوونی نزیکەی چل هەزار کەس لە تورکیا و لە هەمان کاتدا ئەو کەسە بتوانێ ئەندازیاری ئاشتی بێت لەناو گرتووخانەوە؟ ئایا سەرکردەیەک ڕێگەی پێ نەدرێ لە ماوەیەکی زۆر دووررودرێژدا چاوی بە پارێزەرانی خۆی بکەوێ، چۆن ڕێگەی پێ دەدرێ ببێ بە ئەندازیاری پرۆسەیەکی ئەوها هەستیار، کە چارەسەرکردنی کێشەیەکی ئاڵۆزی وەک کێشەی کوردی لێ بکەوێتەوە؟ ٢- ئەوەی زۆر جێگەی مەترسی و نیگەرانییە ئەوەیە، کە لایەنێکی کوردی لە باشووری کوردستان، ڕاشکاوانەتر پارتی، کلیل و نهێنییەکانی پەیوەندیی باشووری کوردستان و تورکیای لە دەستدایە. مانەوەی شتەکان بەم شێوەیە هەڕەشەیە بۆ سەر پرۆژەی نەتەوەیی، بۆ سەر دواڕۆژی پەیوەندییەکانی باشووری کوردستان لەگەڵ تورکیا،

دواڕۆژی ڕۆژئاوای کوردستان و بە تایبەتیش لەسەر دۆزی کورد لە باکور و دواڕۆژی "ئاشتی" لەوێ و مەلەفی کۆنگرەی نەتەوەیی... هتد. پرسیارێکی هەرە گرنگ ئەوەیە: ئایا ئەو لایەنە کوردییە، واتە پارتی، ئامادەیە هەموو نهێنی و کلیلەکانی مەلەفە ئاڵۆزەکەی پەیوەندییەکانی سێ بەشی کوردستان و تورکیا و زۆر بەتایبەتییش پەیوەندییەکانی دەسەڵاتی کوردی لە باشووری کوردستان لە لایەک و تورکیا لە لایەکی تر بخاتە سەر مێزی کۆنگرەی نەتەوەییی کوردستان؟ یا ئەوەتا "جارێکی تریش" بە ئامادەبووانی کۆنگرە دەوترێ، "لەبەر هەستیاریی ئەو مەلەفە،" هەر وەکوو بەردەوام لە مەلەفی نەوتدا وتراوە، بەرژەوەندیی نەتەوەیی وا دەخوازێت ئەم کلیل و نهێنییانە هەر وا لە تاریکیدا بمێننەوە؟

پوختەی ئەم وەڵامە: زەروورێ نییە کورد بەردەوام پشتشکاوی هەڵوێستی دوژمنانە و نامرۆییانەی یاریکارە دەرەکییەکان و داگیرکاران بێت، بەڵکوو ڕێک پشتشکاوی کولتوورێکی سیاسیی ئەوپەڕی ناتەندروست و ناشایستە بە نەتەوە و بە نەتەوەبوونە، ئەگەر ئێمە ئەوەمان قبوڵ بێت، کە ناوەوە و دەرەوەی نەتەوە بە شێوەیەکی ئۆرگانیکی بە یەکەوە گرێدراون. پرسیار ئەوەیە: ئایا بەشداربووانی کۆنگرە دەتوانن ڕاشکاوانە و بەبێ قبوڵکردنی هێشتنەوەی سیاسەتە چارەنووسسازەکان لە تاریکیدا، ئەم پرسیار و بابەتانە بورووژێنن، یا جارێکی تریش لە کۆنگرە دەر دەچن بۆ گەڕانەوە بۆ سیاسەتێکی پڕ لە نهێنی و گومان و تێپەڕاندنی شتەکان لە تاریکیدا. بەڕاشکاوی و بەئاشکرا دەڵێم، تێکەڵاوبوونی دوو ناڕوونی، یا دوو تاریکی، یەکێکیان هیی لایەنە کوردییە

پەیوەندیدارەکان و ئەوی تریشیان هیی لایەنی تورکی لەمەڕ مەسەلەی کورد، لە سەر ئەرزی کۆنگرەی نەتەوەیی، دەتوانێ ببێ بە گەورەترین مەترسی نەک هەر لەسەر ڕۆڵی کۆنگرە خۆی، بەڵکوو بۆ تەواوی دواڕۆژی دۆزی کورد، زۆر بەتایبەتییش لە باکووری کوردستان!

سپی میدیا: ئایا مەترسیی ئەوە لە ئارادایە، کە حیزبە گەورەکان بەتایبەتی پارتی و پەکەکە، ئەجێندای خۆیان بەسەر کۆنگرەدا بسەپێنن؟

ب. یاسین: پرسیارکردن دەربارەی ئەم دوو حیزبە، دەبێ زیاتر پرسیار بێت دەربارەی زهنیەت و کولتووری سیاسیی ئەو دوو حیزبە، نەوەک قەوارەیان. زۆر بەکورتی و بەچڕی، هەردوو حیزب تا ئێستاش باوەڕێکی بەهێزیان بە حیزبی سەرکردە و حیزبی پێشەوا هەیە، حیزبی بە بنەما بەلشەفی، کە باوەڕی بە قۆرخکردنی مەیدان و پانتاییی کۆمەڵایەتی و فەزای نەتەوە هەیە. لەپێشدا ئەو دوو حیزبە بە کردار ئەوەیان بەرجەستە کردووە، "یا ئەوەتا دەبێ شتەکان لە بەردەست و لەژێر کۆنترۆڵی ئەوان بن، یا ئەوەتا ئەو شتانە نابێ ببن." بە باوەڕی من، هەر لە سەرەتاوە دیار بوو ئەجێندای ئەم هەنگاوە بۆ بەستنی کۆنگرە لەلایەن ئەم دوو حیزبەوە گەڵاڵە کراوە و هێشتا کۆمەڵێک ناڕوونیی تیایە. قورساییی پەکەکە هەر لە سەرەتادا زۆر بەرچاو بووە و نەک هەر خۆی وەک حیزب، بەڵکوو ژمارەیەک حیزبی تر هەم لە باکوور و هەم لە بەشەکانی تری کوردستان، ئامادەیییەکی قورسیان هەبووە و

هەیە لەم پڕۆسەیەدا. جێگەی پرسیار و سەرنجە، یەکێک لە ڕێکخراوە بەشدارەکان لە چالاکییەکانی ئامادەکاریدا (کنک)ەیە، واتە کۆنگرەی نەتەوەییی کوردستانە، کە پەکەکە لە برۆکسلی پایتەختی بەلجیکا لە ١٩٩٨ دای مەزراند. بەردەوام پەکەکە بانگەشەی ئەوەی کردووە، کە زیاتر لە سی هێز و ڕێکخراو لە هەرچوار پارچەی کوردستان ئەندامن لە (کنک)دا و ئەگەر وایە، ئایا کورد پێویستی بە کۆنگرەیەکی نەتەوەییی تر هەیە؟ مرۆڤ دەتوانێ بپرسێ، مادام هەر زوو لە کۆتاییی ١٩٩٠کانەوە کۆنگرەیەکی نەتەوەیی هەبووە و هەیە، بەڵام ئەمڕۆ ناتوانێ چیی تر کۆنگرەی نەتەوەیی بێت، ئایا ئەوە مانای ئەوە نییە کۆنگرەی نەتەوەیی وەک بیرۆکە و کردار تەنها پرۆژە و ئامرازێکی حیزبییانەی پەکەکە بووە و هیچی تر تەنها لەپێناو بەرجەستەکردنی هەژموونی خۆی، نەک هەر لە باکووری کوردستان، بەڵکوو لە تەواوی کوردستانی گەورەدا؟ ئایا ئەوە چییە وا دەکات ئەمڕۆ پەکەکە ببێتە خاوەنی بۆچوونێکی نوێی زیاتر دیموکراتییانە لەمەڕ کۆنگرەی نەتەوەیی، کۆنگرەیەک، دوور لە هەژموونی حیزبی، کۆنگرەیەک لە هەمووانەوە بۆ هەمووان و لەپێناوی ئامانجی هەمووان! ئایا ئەگەر پارتی دوای ئەو هەموو ساڵە ئامادە نەبێت بە شێوەیەکی ئاشتییانە و لە پرۆسەیەکی کراوە و دیموکراسییانەدا لە باشووری کوردستان دەستاودەستی دەسەڵات بکات، چۆن ئامادە دەبێت دەسەڵات و کاریگەریی سیاسی لە چوارچێوەی کۆنگرەی نەتەوەییدا بە شێوەیەکی دیموکراسییانە دەستاودەست بکرێ و ڕێک بخرێ؟

پوختەی ئەم وەڵامە: پەکەکە و پارتی لەسەر دەسەڵات و کاریگەری لەناو کۆنگرەدا، لە باشترین حاڵەتدا، هەڵوێستیان

یەکانگیرە، بەڵام لەسەر هەمان شتیش، لە کاتێکی تر و بارودۆخێکی تردا دەبێ بە کێشەیان. ئەم پەیوەندییە کە پڕاوپڕە لە زهنیەتێکی سیاسییانەی ناتەندروست و دووفاقی، ڕێک ئەو شێوە پەیوەندییە بووە، کە ساڵانێکی زۆرە سێبەری قورسی بەسەر پەیوەندییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و تەواوی ئەزموونی سیاسی لەو بەشەی کوردستاندا گرتووە.

سپی میدیا: ئایا ئەم کۆنگرەیە کۆنگرەی حیزبەکان دەبێت؟ چی بکرێت بۆ ئەوەی کۆنگرەی کۆمەڵگەی کوردستانی بێت؟

ب. یاسین: لە ڕاستیدا پێشتر تا ڕادەیەک وەڵامی ئەم پرسیارە دراوەتەوە. بە هەرحاڵ، بۆ ئەوەی ئەم کۆنگرەیە تەنها کۆنگرەی حیزبەکان نەبێت و بە شێوازێکی دیموکراتییانەتر بخەملێ و دەرفەتی سەرکەوتنی زیاتر بێت، نابێت تەنها لە حیزبە سیاسییەکان پێک بێت. لە چەمکی هاوچەرخ و دیموکراتییانەدا کۆمەڵگەی مەدەنی، ئەکادیمیکاران، میدیاکاران، ڕۆشنبیران، توێژە هەرە گرنگەکانی کۆمەڵگە، ناوەندە کولتووری و تایبەتمەند بە توێژینەوە و حیزبە سیاسییەکان هەموویان بە یەکەوە پێک دەهێنن و پێویستە هەر هەمووشیان بە یەکەوە، لە پرۆسەیەکی دیموکراتییانە و کراوەدا، مەیدان و فەزای نەتەوە ڕێک بخەن. هەر لێرەشدا دەرفەتە ئەوە بڵێم، ساڵانێکی زۆرە من هەڵگری ئەو باوەڕە بووم، کە پرۆژەیەکی نەتەوەیی ڕاستەقینە دەبێ لە ساغکردنەوەیەکی فکرییەوە دەست پێ بکات و دواتر هەنگاو هەڵێنێ بۆ بەرجەستەکردنێکی پرۆژەکە لە ئاستی

سیاسیدا. تا ئێستا کۆمەڵێک هەوڵی زۆر دراوە بە ئاراستەی بەرهەمهێنانی کۆنگرەیەکی نەتەوەییی ڕاستەقینە، بەداخەوە تا ئێستا هیچیان وەک پێویست سەرکەوتوو نەبوون، بەشێکیان بە داگیرکراوی، لەلایەن حیزبێکەوە لەدایک بوون، بەشێکیان لەلایەن تاکەکەسێکەوە داگیرکران و دەستیان بەسەردا گیرا و بەشێکی تریشیان لەگەڵ ئەوەی هەوڵی دڵسۆزانە بوون، بەڵام لەبەر کۆمەڵێک هۆ دیسان لە ئامانجی هەرە گەورەیاندا سەرکەوتوو نەبوون.

پوختەی قسە: ئەگەر ئەم هەوڵەی بەردەستت بە پشوودرێژییەکی زۆرتر، ئەجێندایەکی ڕوونتر و بە ئامادەیی و کاریگەرییەکی ڕاستەقینەی توێژی ڕۆشنبیران و ئەکادیمیکاران و مێدیاکاران و سیاسەتزانانی سەربەخۆ و بەئەزموون دەوڵەمەند نەکرێ و لە پرۆسەیەکی ئەوپەڕی کراوەدا بەرهەم نەیەت، ئەوا جارێکی تریش ئەو ئەزموونە وەک زۆر ئەزموونی پێشووتر، بە ئەگەری زۆر ئامرازی لەگۆڕنانی خۆی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ.

سپی میدیا: ئەو میکانیزمانە چین کە سەرکردایەتییەکی کارا و دیموکراسی بۆ کۆنگرە دیاریی بکات؟

ب. یاسین: لە وەڵامی پرسیاری سەرەوەدا ئاماژەم بە هەندێ شت کردووە لەم ئاراستەیەدا. بە هەرحاڵ، بە باوەڕی من، کۆمەڵێک مەرج هەن دەبێ بوونیان هەبێ بۆ سەرکەوتنی ئەم ئەزموونە، کە دووانیان لە هەموویان گرنگتر: ١- کولتووری سیاسی: بەپێی ئەم مەرجە، دەبێ هەر لایەنێکی سیاسی ئامادە

بێت واز بێنێت لە زهنیەتی حیزبی سەرکردە و پێشڕەو و پاوانخوازیی سیاسی و ئامادە بێت دەستبەرداری ئەو زهنیەتە ڕووخێنەرە بێت کە دەڵێت، یا دەبێ شتەکان لەژێر ڕکێفی مندا بن، یا نابێ ببن. بەو مانایە، باوەڕبوون بە پلورالیزمی ڕاستەقینە و باوەڕبوون بەوەی مەیدان و فەزای نەتەوە لە یەک ڕەنگی ئایدیۆلۆژی و سیاسی پێک نایەت، بەڵکوو لە ژمارەیەکی زۆر ڕەنگ پێک دێت، کە دواجار لە تابلۆیەکی جواندا نەتەوە دەخەمڵێنن. ٢- دامەزراوەیی: ئەمەش پەیوەستە بە کۆمەڵێک میکانیزمی ئیدارەدانی کۆنگرە بۆ ئەوەش ئەو شێوە ڕێکخستنەی یەکێتیی ئەوروپا نموونەیەکی سەرکەوتووە ڕەچاو بکرێت. یەکەمیان، پێویستە سەرۆکایەتیی کۆنگرە دەوری خولی بێت و شەش مانگ جارێک بگۆڕدرێت، بەم پێیەش، حیزبێک یا ڕێکخراوێکی ئەندام چەند بچووکیش بێت، وەک هەر حیزبێک یا ڕێکخراوێکی گەورەی ناو کۆنگرە بۆی هەبێت شەش مانگ بە هەمان دەسەڵاتەوە، سەرکردایەتیی کۆنگرە بکات. بۆ نیەتپاکی و ڕەواندنەوەی گومان و ترس وا باشترە، ئەگەر ئەم کۆنگرەیە هەر بەسترا، سەرکردایەتیی کۆنگرە لە شەش مانگی یەکەمدا بدرێ بە حیزبێکی بچووک یا کەسایەتییەکی سەربەخۆی لێهاتوو ئەم ئەرکەی پێ بسپێردرێ. دووەمیشیان ئەو ڕاستیەیە، کە لەبەرئەوەی ئەوانی تر ئامادەن بەشێک لە سەروەریی سیاسیی خۆیان بخەنە ژێر کاریگەریی تۆ لە بڕیار و کاروباری کۆنگرەدا، ئەوا تۆش بە هەمان پێوەر دەبێ ئامادە بیت بەشێک لە بڕیار و سەروەریی خۆت بخەیتە ژێر کاریگەریی ئەوانی تر. سێهەمیان، هەر هێز و ڕێکخراوێکی ئەندام لە کۆنگرەدا دەبێ مافی ڤیتۆی هەبێت و لە بڕیارەکاندا زیاتر پەیڕەویی سازان

بکرێت تا بڕیار لەسەر بنچینەی زۆرینەی سادە. لۆکسمبۆرگی بچووک لەناو یەکێتیی ئەوروپادا دەتوانێ ڤیتۆ بەرامبەر بە ٢٦ ئەندامەکەی تر لەناو ئەو یەکێتییە بەکار بهێنێ.

سپی میدیا: چۆن کۆنگرە دوور بخرێتەوە لە هەڵمی هەڵبژاردنی باشووری کوردستان و نەبێتە بەشێک لەو ململانێیەی لە باشووردا هەیە؟

ب. یاسین: بە باوەڕی من، هەر زوو دەبووایە کارێکی ئاوا بکرایە، کە ئەم دوو شتە، واتە هەڵبژاردن و کۆنگرەی نەتەوەییی کورد، لە ڕووی زەمەنییەوە تێکەڵاوی یەکتر نەبن، لە ڕاستیدا تێکەڵبوونی ئەم دوو پرۆسەیە، نە خزمەت بە ئامادەکارییەکان و بەستنی کۆنگرە دەکات و نە خزمەت بە هەڵبژاردنەکانیش دەکات. لەم بارەیەشەوە پێویستە بوترێت: ١- باوەڕم وایە لە سەرەتادا نیەتێکی باش نەبووە لەم بارەیەوە و بگرە خواستێکیش هەبووە کە مەسەلەی کۆنگرە بخرێتە خزمەت بەهێزکردنی جێگە و پێگەی کەسایەتییەک و حیزبێکی سیاسی لە باشووری کوردستان. ٢- بە باوەڕی من، پێویست بوو، بەر لە کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆکی هەرێم، ئۆپۆزسیۆن کۆمەڵێک مەرجی لە بەردەم بارزانی دانایە، کە گرنگترینیان ئەمەیە: لەبەر ئەوەی هەموومان لە باشووری کوردستان سەرقاڵی هەڵبژاردنین و هەمووشمان وا دەزانین بۆ ئەوەی لە ئامادەکاری بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی سەرکەوتوو بین، ئەوا بێگومان کاتێکی زیاترمان پێویستە. هەروەها پێویست بوو ئۆپۆزسیۆن ئەو جەختەی کردبایەتەوە، کە لەپێناوی پاراستنی

هەڵبژاردنەکان لە کاریگەرییەکانی کۆنگرە و پاراستنی کۆنگرە لە کاریگەرییەکانی هەڵبژاردن، ئێمە وەک ئۆپۆزسیۆن پێمان باشە سەروبەری ئەو ئامادەکارییانە دوا بخرێن بۆ دوای هەڵبژاردنەکان، کە لە ئێستادا کۆمەڵێک گومان و مەترسی لە ئەنجامدان و شێوازی بەڕێوەبردنیان لە ئارادایە. ئاخر ناکرێ لە لایەکەوە دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێم لە ٢١ی ئابەوە ببێ بە "دەسەڵاتێکی سەپێندراو لە ڕووی یاساییشەوە ناڕەوا،" بەڵام هەر تۆش وەک ئۆپۆزسیۆن ئامادەیی و بەشداریی کارات هەبێت لە کردنی ئەو سەرۆکە بە "سەرۆکی نەتەوەیی." هەر بۆ نموونە ئەگەر دوای ٢١ی ئاب ئۆپۆزسیۆن دەست بۆ بژاردەی خۆپیشاندان یا هەر چالاکییەکی تر دژی "سەرۆکی سەپێنراو" ببا، ئەوا لە هەمان کاتدا دەستبردنیشە بۆ کردارێک دژ بە "سەرۆکێکی نەتەوەیی" کە تۆ وەک ئۆپۆزسیۆن ڕۆڵت هەبووە لە بەرجەستەکردنی و ڕەواییپێدانی. کەواتە هەر لە سەرەتاوە پێویست بوو ئۆپۆزسیۆن بە ئاگادارییەکی زۆرەوە هەڵسوکەوتی بکردایە و نەبووایەتە هۆی بەرهەمهێنانی دژایەتییەک، کە لەوانەیە خۆی دواتر باجێکی زۆری ئەو دژایەتییە بدات.

سپی میدیا: وەک پێشتر ئاماژەت پێدا، خۆشت هەندێ ئەزموونت هەیە لەگەڵ هەوڵدان بۆ ئەنجامدان و دامەزراندنی کۆنگرەی نەتەوەییی کوردستان، دەکرێ لەم بارەیەوە شتێک بڵێیت؟

ب. یاسین: لە ڕاستیدا هەر نەبێ دوو ئەزموونم هەیە لەو بارەیەوە. یەکەمیان شانبەشانی کۆمەڵێکی زۆر لە کوردستانیان

ئەزموونی دامەزراندنی کۆنگرەی نەتەوەییی کوردستان بوو لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوید لە مانگی کانوونی دووەمی ١٩٩٦دا، کە بەداخەوە ئەم کۆنگرەیە، دوای هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر بۆ گەشەکردن و فراوانبوونی وەک ڕێکخراو، لە ساڵی ٢٠٠١دا کاری ڕێکخراوەییی خۆی ڕاگرت. یەکێک لەو بڕیارانەی کە بە باوەڕی خۆم هەرە گرنگ بوو لە ژیانی ئەو ڕێکخراوەدا، ئەوە بوو ئەم کۆنگرەیە نەچووە ناو کۆنگرە نەتەوەییەکەی پەکەکە و سەربەخۆییی خۆی پاراست، زیاتر بەو هۆیەی ئێمە پێمان وا بوو کۆنگرەکەی پەکەکە پڕۆژەیەکی حیزبییە و هیچی تر...

دواتر لەگەڵ دوو هاوڕێی تردا، کاک تەحسین قادر و کاک سەلیم بابان، بە ناوی دەستەیەک لە ڕووناکبیرانی کوردستانی، دەستمان دایە هەوڵێک لە ٢٠٠٥دا بۆ بەستنی کۆنگرە یا کۆنفرانسێکی کوردستانی لە هەولێر. ئەم هەوڵە بە پێشکەشکردنی پڕۆژەیەک بە مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی لە مانگی حوزەیرانی ئەو ساڵەدا دەستی پێ کرد. هەوڵەکە لەلایەن نێچیرڤان بارزانییەوە بەگەرمی پشتگیریی لێ کرا و لە ڕێگەی خۆی و نوێنەرێکی تایبەتی خۆیەوە بەشداریی بەردەوامی لە ئامادەکارییەکان بۆ بەستنی کۆنگرە هەبوو. لە ڕووی ماددیشەوە هەموو ئاسانکارییەکی بۆ ئەو هەوڵە فەراهەم کرد. بەڵام زۆر بەداخەوە، دوای هەوڵ و ئامادەکارییەکی زۆر، کە نزیکەی سێ ساڵی خایاند و کاتی بەستنی کۆنگرەکەش دیاری کرابوو، کە ١٦، ١٧ و ١٨ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٨ بوو، لەگەڵ ئەوەی هەموو ئامادەکارییەکان تەواو بووبوون و میوانەکانی کۆنگرەش، کە زیاتر لە ٢٠٠ کەس دەبوون، بە نامەی ڕەسمی بانگهێشت کرابوون و بگرە ژمارەیەک لە میوانە بیانییەکان و ئەکادیمیکارانی کوردیش گەیشتبوونە کوردستان،

کەچی لەناکاو دەسەڵات بڕیاری دا ئەم کۆنگرەیە نەبەسترێت! بەداخەوە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، هۆکاری ئەم بڕیارە و شکستپێهێنانی ئەم هەوڵە لەلایەن دەسەڵاتەوە ڕوون نەکراوەتەوە. دەربارەی ئەم ئەزموونە، سێ تێبینیی گرنگ: ١- لە خەمڵاندنی کۆنگرە ئامادەبوونی ئەکادیمیکار و چالاکوانانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ناوەندە گرنگە کولتووری و زانستییەکان و کەسایەتییە ناودارەکان و هێزە سیاسییەکان لە هەرچوار پارچەی کوردستان لە بەرچاو گیرابوون و بانگهێشت کرابوون، هەروەها ژمارەیەک میوانی بیانی لە ئەکادیمی و دیپلۆماتکار بانگهێشت کرابوون. ٢- دروشمی سەرەکیی کۆنگرە (*ئاشتی لە ناوەوە، ئاشتی لەگەڵ دەرەوە. دایەلۆگ لە ناوەوە، دایەلۆگ لەگەڵ دەرەوە*) بوو. دیارە ئەم دروشمە لە وتارەکەی بارزانیدا لە یەکەم کۆبوونەوە لەگەڵ هێزە سیاسییەکاندا، بە شێوەیەکی کرچوکاڵ ڕەنگی داوەتەوە! ٣- لەم هەوڵەدا جگە لەوەی ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتیی سیاسی و ئەکادیمیکار و ڕۆشنبیر و چالاکوانی بواری کۆمەڵگەی مەدەنی گرتە خۆی، هەوڵەکە ژمارەیەکی یەکجار زۆری لە سەردان و چاوپێکەوتنی هێزە سیاسییەکانی هەرچوار پارچەی کوردستانی بە خۆوە بینی. ئەم سەردان و چاوپێکەوتنانەش نەک هەر بە مەبەستی بانگهێشتکردن بوون، بەڵکوو بۆ ئەوەی بەتێروتەسەلی باس لە هەموو ڕەهەندەکانی کۆنگرە بکرێت و باری بۆچوونی ئەو هێز و کەسایەتییانە وەر بگیرێ... بۆ بینینی دەقی پڕۆژەکە و دوو ڕاگەیاندنی گرنگ لەم بارەیەوە، بەتایبەتی لە بەسەرهاتی شکستپێهێنان بەو هەوڵە، خوێنەر دەتوانێ تەماشای ماڵپەڕی تاکەکەسیم بکات، بەشی *پڕۆژە و بەڵگەنامە*:

www.burhanyassin.com

# هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٣/٩/٢١ و دامەزراندنی حکومەتی داهاتوو

**لە پێگەی سبەی، لە ٢٠١٣/١٠/٥ بڵاو بۆتەوە**

## ناوەڕۆک


دەستپێک ........................................................ ٤٩٢

پێشینەیەکی پێویست .................................................... ٤٩٦

هەڵبژاردنەکانی ٢١ی ئەیلوول ..................................... ٤٩٩

ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ٩/٢١ و پێکهێنانی حکومەت ... ٥٠٤

حکومەتی بنکەفراوان و سیناریۆکانی ......................... ٥٠٧

دەرەنجام ........................................................ ٥١٣

# دەستپێک

مەبەست لەم نووسراوە، ئەوە نییە کە لە هەموو ڕەهەندەکانی هەڵبژاردنەکانی هەرە دوایی بڕوانم و گفتوگۆیان لەسەر بکەم، بەڵکوو مەبەست زیاتر ئەوەیە، هەندێک تیشک بخەمە سەر مەسەلەیەکی هەرە هەنووکەیی، ئەویش پێکهێنانی حکومەتە. لەم بارەیەشەوە هەوڵی ئەوە نادەم هەموو سیناریۆ* و ئەگەرەکانی دروستکردنی حکومەتی داهاتوو، کە هەنگاوێکی ئاڵۆزە، باس بکەم، بەڵکوو هەوڵی ئەوە دەدەم، زیاتر یەکێ لە سیناریۆکان، کە ئەویش سیناریۆی حکومەتی بنکەفراوانە، بکەمە ئامانجی باس.

تێزی سەرەکیی ئەم وتارە ئەوەیە، هەرچەندە ئەم هەڵبژاردنە بە شکستێکی گەورەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تەواو بوو، بەڵام هەر یەکێتییش لە زۆر ڕووەوە دەتوانێ هێزی یەکلاکەرەوە بێت لە سیناریۆی پێکهێنانی حکومەتی بنکەفراواندا. ئەمەش بۆخۆی پارادۆکسێکی سیاسییە، بە مانای ئەوەی، لە لایەکەوە ئەم حیزبە شکستێکی گەورەی

---

* بۆ بینینی وتارێک دەربارەی ژمارەیەک سیناریۆ بڕوانە: هەستیار قادر، "هاوکێشەی پێکهێنانی حکومەت ئاڵۆز دەبێت،" لە : http://www.hawla-ti.co/archives/12682, axcessed: 3-10-2013

لـە هەڵبژاردنەکانـدا بـەر کەوتـووە، کەچـی لـە لایەکـی تـرەوە، هەڵوێسـتی ئـەم حیزبـە یەکلاکـەرەوە دەبێـت لـە دامەزراندنـی حکومەتـی داهاتـوو. دیوێکـی گرنگـی ئـەو تێـزەش ئەوەیـە، کـە هـەر هەنگاوێکـی یەکێتـی لـە ئاراسـتەی دروسـتکردنی حکومەتـی داهاتـوودا کاریگەریـی لەسـەر کۆمەڵێـک ڕەهەنـد دادەنێـت. یەکێکیشـیان ئەوەیـە، هـەر بژاردەیـەک، کـە یەکێتـی دەسـتی بـۆ ببـا، دەبێتـە هـۆی دەرهاوێشـتەیەکی جیـاواز، ڕوو لـە ئەگـەری هەڵسـانەوەی یەکێتـی یـا دژەکـەی، واتـە دارمـان و شکسـتی زیاتـری ئـەو حیزبـە.

دیوێکـی جەختکردنـەوە لەسـەر باسـی حکومەتی بنکەفراوان ئەوەیـە، سـیناریۆکانی دەرەوەی سـیناریۆی حکومەتـی بنکەفـراوان، تـا ڕادەیەکـی زۆر بـژاردەی لاوازن، *بـەڵام نائێـم مومکیـن نیـن یـا ڕوو نـادەن.* گرنگتریـن بەهانەکانـی لەدەرەوەهێشـتنەوەی سـیناریۆکانی تـری دەرەوەی سـیناریۆی حکومەتـی بنکەفـراوان ئەمانـەن: ١- نـە پارتـی قبوڵـی دەکات بەبێ ئـەو حکومـەت دروسـت بکرێ و نـە لـە ڕووی کردارەوە ئاسـانە حکومـەت بەبێ ئـەو حیزبـە پێـک بهێنرێـت. ٢- لەوانەیـە چارەسـەرێکی بـاش بـۆ یەکێتـی، هەڵبژاردنـی ئەلتەرنەتیڤـی ئۆپۆزسـیۆنبوون بێـت، بـەڵام لـەو بـاوەڕەدا نیـم ئـەم بژاردەیـە بـۆ یەکێتـی ئاسـان بێت. ئەگـەر لـە ڕووی تیۆریشـەوە بخـوازێ ئـەوە بکات، بەڵام بـە کـردار ئەسـتەمە ئەوەی بـۆ بچێتـە سـەر. بەهانەیەکـی ئـەم بۆچوونـەش ئەوەیـە، ئـەم حیزبـە خاوەنـی لەشـکرێکە لـە مووچەخـۆر و دامـەزراوە، کـە ناتوانـێ لـە ئۆپۆزسـیۆنبووندا لـە ڕووی ئابوورییـەوە دەسـتیان پێـوە بگـرێ و بیانپارێـزێ، تـۆ بڵـێ بیانژێنـێ. ٣- لـە دروسـتکردنی هـەر

حکومەتێکدا، ئاسان نییە ئۆپۆزسیۆن (واتە هەرسێ هێزەکە) لە دەرەوەی پرۆژەی دامەزراندنی حکومەت بهێڵرێنەوە، زۆر بەتایبەتی گۆڕان، بەو قورسایی و کاریگەرییە تایبەتەی هەیەتی. ٤- بەشداریی گۆڕان لە هەر حکومەتێک، بە ئەگەری زۆر دوو هێزەکەی تری ئۆپۆزسیۆنیش لەگەڵ خۆی دەباتە ناو حکومەت. نەک بەو مانایەی بە زەرورەت ئەم دوو هێزە وابەستەی بڕیاری گۆڕانن، بەڵکوو لەبەر ئەو لۆژیکەی دەخوازێ بڵێ "ئەگەر گۆڕان لەسەر هەندێ مەرج بۆ دروستکردنی حکومەت ڕێک کەوت، ئەوا بۆ دوو لایەنەکەی تری ئۆپۆزسیۆنیش ئاسانە بچنە ناو ئەو جۆرە لە حکومەت." بە مانایەکی تریش، ئیتر ئەگەر گۆڕان بژاردەی وەرگرتنی دەسەڵاتی حکومەتی هەڵبژارد، مانەوەی ئەو دوو هێزە لە دەرەوەی حکومەت ئەستەم دەبێ، یا هەر نەبێ ئاسان نابێ. ٥- ئەگەرچی هەرێمی کوردستان لە قۆناغی بەدامەزراوکردنی کۆمەڵگە و ڕاگواستنی دیموکراسیدایە، بەڵام لە لایەکی ترەوە ئەم هەرێمە، ڕوو لە دەرەوە، هێشتا لە قۆناغی بزاڤی ڕزگاریخوازیدایە، بەتایبەتییش مەسەلەی گەڕاندنەوەی، کەم یا زۆر، ٤٠٪ی خاکی هەرێمی کوردستان. ئەمەش یەکێکە لە بەهانە گرنگەکانی دەستبردن بۆ بژاردەی حکومەتی بنکەفراوان لەبری حکومەتێکی کەمینە یا حکومەتی زۆرینەی سادە. ٦- بە ئەگەری یەکجار زۆر، حکومەتێکی بنکەفراوان، کە هەرسێ لایەنەکەی ئۆپۆزسیۆن لەخۆی بگرێ، دەتوانێ ببێ بە سەرچاوەی بەهێزکردنی پێگەی هەرێمی کوردستان ڕوو لە بەغداد و ببێتە هۆی درێژکردنەوەی کاری هاوبەش لە کوردستان و بردنی بۆ ناو حکومەت و

پەرلەمانی ناوەندی، لە بەغداد. بە مانایەکی تر، حکومەتێکی بنکەفراوانی بەهێز و تۆکمە، دەتوانێ پێگەی نوێنەرایەتیی کورد لە بەغداد بەهێز بکات و چارەسەرێکی باش بێت بۆ پەرتەوازەییی سیاسیی کورد لە ڕەهەندە عێراقییەکەیەوە. ئەم بۆچوونە دەکرێ بەئاسانی بخزێنرێتە ناو ئاستە ئیقلیمی و جیهانییەکانی پێگە و پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستانیش.

لەگەڵ ئەو شەش بەهانەیەشی لەسەرەوە ئاماژەیان پێ کرا، کە دەکرێ وەک بانگەشە بۆ حکومەتی بنکەفراوان تێگەیشتنی بۆ بکرێ، نووسەری ئەم وتارە ناخوازێ بڵێ *بە هەر بەها و نرخێک* دەبێ حکومەتێکی بنکەفراوان پێک بهێنرێ. نەک هەر ئەوە، بەڵکوو لە ڕووی سیاسییەوە *نەبوونی* حکومەتێکی بنکەفراوانی خراپ، کە دەبێتە هۆی بەرجەستەکردنی هەموو ناتەندروستی و گەندەڵی و گەوجییەکانی فەرمانڕەوایی، *زۆر لە بوونی باشترە*...

دامەزراندنی حکومەتێکی بنکەفراوان بە مەرجەکانی دەسەڵاتی کۆن، یا ڕاستتر بڵێین بە مەرجەکانی پارتی و یەکێتی، بەتایبەتییش بە مەرجەکانی پارتی، نەک هەر ڕێگەخۆشکەر نابێ بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتێکی تەندروست، بەڵکوو بە ئەگەری زۆر دەشبێتە هۆی ئەوەی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن، بەتایبەتی بزاڤی گۆڕان، جوانییە بەدەستهاتووەکانی دوێنێیان لەدەست بدەن! جوانترینی جوانییە بەدەستهاتووەکانیش ئەو متمانە پڕ بەها و هێژایەیە، کە بەشێکی زۆری جەماوەری خەڵکی کوردستان بەم بزاڤە و لایەنەکانی تری ئۆپۆزسیۆنیان بەخشیوە.

# پێشینەیەکی پێویست

لە کۆتاییی ٢٠٠٩ نووسراوێکم بڵاو کردەوە، تیایدا ئەوەم جەخت کردەوە، کە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩/٧/٢٥ ئەرزهەژێکی سیاسی بوون،* بە کۆمەڵێک دەرهاوێشتەوە، کە خەڵک لە چوارساڵی ڕابردوودا توانییان شایەدحاڵیان بن و هەستیان پێ بکەین. هەڵبەتە یەکێک لە دەرهاوێشتە هەرە گرنگەکان، بوونی ئۆپۆزسیۆنێکی چالاک و کارا بوو، زۆر بەتایبەتی بزاڤی گۆڕان، کە بەشێکی گرنگی لە فەزا و پانتاییی سیاسی لە کوردستان پڕ کردەوە و بۆ یەکەم جار سیستمی سیاسی پێی نایە قۆناغی گواستنەوە لە سیستمێک، کە یەکڕەنگ بوو و بەتەواوەتی کەوتبووە ژێر ڕکێف و هەژموونی دوو هێزی باڵادەست، بۆ سیستمێک، کە بۆ یەکەم جار جۆرێک لە هەمەڕەنگی و هاودەنگیی سیاسیی تیادا بەدی کرا...

یەکێکیش لە دەرهاوێشتەکان، ئەو ڕاستییەیە کە ئیتر خەڵک دوای چوار ساڵ لە بوونی ئەم ئۆپۆزسیۆنە، بە زۆر لایەنی شاردراوە و نەزانراوی ژیانی سیاسیی وڵاتەکەیان ئاشنا بوون... ئیتر دوای چوار ساڵ، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ئازادییەکان و مافی تاکەکان و بوودجە و زۆر شتی تر، بوونەتە وێردی ڕۆژانەی سەر زمانی خەڵکی کوردستان.

* بۆ بینینی ئەم بابەتە بڕوانە: د. بورهان یاسین، "باشووری کوردستان دوای ٢٠٠٩/٧/٢٥: ئەرزهەژی سیاسی و ئەگەرەکان بە ڕووی داهاتوودا،" لە:
http://burhanyassin.com/Helbijardinekan-dr.%20Burhan%20Yassin.pdf

یەکێک لە هەرە جوانییەکانی ئەزموونی بوونی ئۆپۆزسیۆنێکی کارا، بەتایبەتی بزاڤی گۆڕان، لە چوار ساڵی ڕابردوودا ئەوە بووە، کە ئیتر خەباتی مەدەنی لە ژیانی سیاسیی کۆمەڵگەی باشووری کوردستاندا، *بە جوانترین شێوەکانی بەرجەستە بووە.* ئەمڕۆش دوای چەند ساڵێک لە تاقیکردنەوەی ئەم شێوە خەباتە، ئیتر ئەو ڕاستییە باش سەلمێنرا، کە تۆ پێویست ناکات خاوەنی هێزێکی چەکداری زۆر و زەبەند و کۆمەڵێک ڕێکخراوی هەواڵگری و سیخوڕیکردن و ئاساییشی حیزبی و ئامرازی ترساندن و تۆقاندن بیت، بۆ ئەوەی بتوانی لە باشووری کوردستان سیاسەت بکەیت. دوای ئەم چوار ساڵە لە خەباتی مەدەنی، ئیتر کاتی ئەوەیە ڕوو لە چوار ساڵی ڕابردوو ئەم جۆرە خەباتە وەک یەکێک لە هەرە جوانی و دەستکەوتە سیاسی و کولتوورییەکانی کایەی سیاسیی باشووری کوردستان ببینرێ. کاتی ئەوەش هاتووە، ئیتر ڕوو لە داهاتوو، خەباتی مەدەنی وەک *ستراتیژ* نەک تەنها وەک *تاکتیک*، هەروەها وەک *فەلسەفە و کولتووری سیاسیی ناتوندوتیژی*، نەک تەنها وەک میتۆدێکی کاتی و کورتخایەنی خەباتکردن ببینرێ و مامەڵەی لەتەکدا بکرێ. کاتی ئەوەش هاتووە، ئەم بەها گرنگە شۆڕ بکرێتەوە بۆ ناو جومگە گرنگەکانی کۆمەڵگە، کە گرنگترینیان بوارەکانی میدیا و پەروەردەن.*

ئەمڕۆ دوای چوار ساڵ لە بوونی ئۆپۆزسیۆنێکی کارا و کاریگەر، بەئاسانی دەتوانین ئەوە بڵێین، کە یەک دانە

---

* ناکرێ لێرەدا، لە دەرەوەی هەوڵەکانی ئۆپۆزسیۆن، ئاماژە بە هەوڵێکی گرنگی ڕادیۆی نەوا نەکەین، کە لە پرۆگرامێکی تایبەتدا و بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ فکر و فەلسەفەی ناتوندوتیژی (non-violence) کردە بواری سەرەکیی گفتوگۆ و قسەلەسەرکردن.

ئۆپۆزسیۆن هەیە، ئەویش ئۆپۆزسیۆنێکی نیشتمانییە، نەک وەکوو ئەوەی دەسەڵات بەردەوام هەوڵی داوە ئۆپۆزسیۆن ئەوها وێنا بکات، وەک ئەوەی دوو دانە ئۆپۆزسیۆنی جیاواز بوونیان هەبێ، یەکێکیان ئۆپۆزسیۆنی عەلمانی و ئەوەی تریشیان ئۆپۆزسیۆنی دینی، یاخود ئیسلامی. پلاتفۆڕمێک کە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن لەسەری کۆ دەبنەوە، ئەوەیە کە خواست و باوەڕێکی قووڵی هاوبەش لە لای هەریەک و لەنێوان هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن هەیە، کە بەڵێ وڵاتی ئێمە دەبێ ببێ بە خاوەنی دەسەڵاتێکی نیشتیمانی و دادپەروەر و تەندروست و چاکساز، دەسەڵاتێک، کە پارێزەری ئازادی و مافە بنەڕەتییەکانی هاونیشتمانییان بێت... ئەمڕۆ دوای چوار ساڵ، ئەم ئۆپۆزسیۆنە کەوتۆتە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی زۆر گرنگ، ئەویش مەسەلەی پەڕینەوەیە لە ئۆپۆزسیۆنبوون بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات. سەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆن لە پاراستنی یەکڕیزیی خۆی، زۆر گرنگە بۆ بەرهەمهێنانی حکومەتێک، کە هەر نەبێ زۆربەی زۆری پێداگیرییەکانی ئۆپۆزسیۆن، لە چاکسازی و گۆڕانکاری و تەندروستکردنی دەسەڵاتی سیاسی، لەخۆ بگرێ. شکستی ئۆپۆزسیۆن لە ڕۆژانی داهاتوودا لە پاراستنی ئەو یەکڕیزییە، زیانێکی زۆر بە هەریەکێک لەو هێزانە و ئۆپۆزسیۆنیش وەکوو کۆ، بەتایبەتییش بە ئەزموونی باشووری کوردستان دەگەیەنێ. مەرجێکیش بۆ ئەوەی ئەم لێکترازانە ڕوو نەدات ئەوەیە، پێویستە ئەمڕۆ هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن پێشبڕکێیان لەسەر پاراستنی ئەو پێداگیرییانە بێت، نەک هەڵپەکردن و پێشبڕکێکردن بۆ چوونەناودەسەڵاتەوە. بەم مانایەش، ڕازیبوون بە هەندێک پێشمەرجی پارتی، کە

بە ئەگەری زۆر قبوڵکردنی ئەو پێشمەرجانە نەک هەر دەبێتە ڕێگر لە بەردەم بەدەستهێنانی هەندێ جوانیی تر لە کایەی سیاسیدا، بەڵکوو بگرە دەشبێتە هۆی لەدەستدانی زۆرێک لەو جوانییانەش، کە لە چوار ساڵی ڕابردوودا بەدەست هاتوون!

## هەڵبژاردنەکانی ٢١ی ئەیلوول

بە هەڵبژاردنەکانی هەرە دواییی پەرلەمان، باشووری کوردستان هەڵبژاردنێکی تریشی خستە سەر ژمارەی ئەو هەڵبژاردنانەی پێشتر ئەنجام دراون... ئێستا دەتوانین بەئاسانی بڵێین، کە ئەرزهەژەکەی ٢٠٠٩/٧/٢٥ فراوانتر و قووڵتر بوویەوە و ئەو گۆڕانکارییەی لە هەڵبژادنەکانی ٢٠٠٩دا بەسەر پانتایی و کایەی سیاسی و مەرجەکانی سیاسەتکردن لە باشووری کوردستاندا هاتن، ئەمڕۆ وەک دەرهاوێشتەی هەڵبژاردنەکانی هەرە دوایی، جێگیر بوون و بوون بە دیاردە. ئیتر لەوە دەر چووە، هەر وەک دوو هێزەکەی دەسەڵات بەردەوام ویستوویانە بڵێن، کە گوایە ئەوەی لە ٢٠٠٩/٧/٢٥دا ڕووی دا، تەنها کەفوکوڵێکی کاتی بوو. ئەوەی ڕووی دا، نەک هەر کەفوکوڵ نەبوو، بەڵکوو وەرچەرخانێکی زۆر پێویست و گرنگ بوو و سەرەتایەکی سەرکەوتوو بوو بۆ دانان و جێگیرکردنی هەندێک بنەمای گرنگ لە سیاسەتکردن و شێوازی ڕێکخستن و ئیدارەدانی فەزای سیاسی لە کوردستان، کە دواجار مەبەستی سەرەکی لێی، دیموکراتیزەکردنێکی ڕاستەقینەی ئەو فەزا و پانتاییەیە.

ڕەهەندێکی گرنگی ئەم بۆچوونەش ئەوەیە، ئیتر نەفەسدرێژی لە داهێنانی سیاسی و سیاسەتکردندا جێگەی

بە نەفەسکورتییەکەی دەسەڵات لە "کەفوکوڵ" و بیرکردنەوە لەسەر بنەماکانی پیلانگێڕی و کودەتا و کودەتاکاری لەق کردووە. سەرقافڵەی دیاردە سیاسییە جوانەکان، کە پێویستی بە نەفەسی درێژ هەیە، گۆڕانکارییە لە میتۆد بۆ ئامرازی خەباتی سیاسی، واتە خەباتی مەدەنی، خەباتێک، کە لەبری کوشتن و بێدەنگکردنی توانا و وزەکان، دەخوازێ توانای داهێنانی تاکەکان ئازاد بکات و پەرەیان پێ بدات... نەک هەر ئەوە، بەڵکوو ئەوەی لەم هەڵبژاردنەدا ڕووی دا، ئەوە بوو کە ئیتر بۆ هەڵبژاردنی چوار ساڵی داهاتوو، بە ئەگەری زۆر فەزای سیاسیی باشووری کوردستان گۆڕانکاریی ئەوهای بەسەردا بێت، کە ئەمڕۆ تەسەورکردنی ئاسان نییە. بەکورتی، ئەگەر ئەم هەڵبژاردنە بە شکستێکی مێژوویی بۆ یەکێتی تەواو بوو، دەکرێ هەڵبژاردنی داهاتوو بە پاشەکشەیەکی مێژوویی بۆ پارتیش، هەڵبەتە پارتی بەبێ دەرفەتی ساختەکاری لە هەڵبژاردندا، تەواو ببێ. هەر لە ئێستاشەوە باشترین بژاردە لە بەردەم پارتی ئەوەیە، ئیتر واز لە پەتای لووتبەرزیی سیاسی و داگیرکردن و شێواندنی مێژوو و خوێندنەوەی ڕووداوەکان بە نەفەسی پیلانگێری و دوژمناندن و تەخوینکردنی ئەوانی تر بهێنێ و خۆشی ڕابێنێ لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی ڕوویان لە ناوچە و کۆمەڵگەی کوردەواری کردووە. چیی تر پارتی ناتوانێ دەرگای ژوورێک، کە دیوارەکانی ڕووخاون، مەحکەم بکات!

دەتوانین بڵێین، یەکێک لە دەرهاوێشتە هەرە گرنگەکانی هەڵبژاردنەکانی هەرە دوایی ئەوە بوو، کە سیستمی پەنجا بە پەنجای پارتی و یەکێتی، بە هەرحاڵ، وەکوو ژمارە، تێک شکا.

ئیتر ئەمڕۆ پانتاییی سیاسی هەمەڕەنگییەک بە خۆوە دەبینێ، کە بە ئەگەری یەکجار زۆر، تەنها دوو لایەن ناتوانن بەتەنیا و بەبێ لایەنەکانی تر حکومەت لەو پانتاییە هەمەڕەنگەدا پێک بهێنن...

ئەگەر لە چوار ساڵی ڕابردووشدا بۆ پارتی و یەکێتی چووبێتە سەر، کە مۆنۆپۆلی دەسەڵات لە شێوەی پەنجا بە پەنجا بکەن، ئەوا لە باشترین حاڵەتدا لەسەر حسابی چۆکپێدادان و پاشکۆییبوونی یەکێتی بۆ پارتی بووە، ئەو پاشکۆییبوونەی لە ٣٠ی حوزەیراندا گەیشت بە یەکێک لە لووتکە هەرە ترسناکەکانی. ئێستا ئیتر یا ئەوەتا ئەم دابەشکردنی دەسەڵاتە لەنێوان پارتی و یەکێتیدا کۆتایی هات، یا گەر ئەمڕۆش سەرلەنوێ بەردەوامیی پێ بدرێ، ئەوا بێگومان جارێکی تر لەسەر حسابی یەکێتی و ئەزموونی دیموکراتیزەکردنی باشووری کوردستان دەبێت. بگرە ئەم جارەیان چۆکپێدادانەکانی یەکێتی بە ئەگەری زۆر بە لووتکەی ترسناکتریش لەوەی ٣٠ی حوزەیران دەگات و یەکێک لەو لووتکانەش دەکرێ تێپەڕاندنی دەستوور بێت، بەو ناوەڕۆک و شێوازەی پارتی دەیخوازێت. بەم مانایەش، ئەگەر ئەم جارە یەکێتی قبوڵ بکات لەگەڵ پارتی و *بە مەرجەکانی پارتی* حکومەت دروست بکات، ئەوا بە ئەگەری زۆر بۆ چوار ساڵی تر یەکێتی شکستێکی بەر دەکەوێ، کە ئیتر لەوانەیە ببێ بە حیزبێک لە قەوارەی زەحمەتکێشان و سۆسیالیست و حیزبە هاوقەوارەکانیان.

تێکشکانی ئەو مۆنۆپۆلەی پارتی و یەکێتی و گەیشتنی بزاڤی گۆڕان بە پێگەی دووەم لە ڕیزبەندیی حیزبە سیاسییەکان و پاڵدانی یەکێتی بۆ پێگەی سێهەم، پێشوەچوونێکی گرنگ

بوو. ئاکامێکی ئەو جێگۆڕکێیە ئەوەیە، کە ئیتر هەر لایەنێک حکومەت دابمەزرێنێ، ناتوانێ ئۆپۆزسیۆن، زۆر بەتایبەتییش بزاڤی گۆڕان، نادیدە بگرێ.

لە لایەکی ترەوە، هەر زوو وا باشە بزاڤی گۆڕان پەیامێکی بێ سێ و دوو و ڕاشکاوانە بدات بە هەموو لایەک، بە ئەندام و لایەنگرانی، بە لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن، بە دەسەڵات – بە تایبەتی پارتی، کە بەڵێ ڕاستە گۆڕان هەر بەر لە هەڵبژاردنەکان باسی ئەوەی کردووە، دەسەڵات وەر دەگرێ و ئەوەش ڕاستە کە وتراوە بەبێ گۆڕان ناکرێ حکومەت دروست بکرێ. بەڵام لە لایەکی ترەوە، پێویستە گۆڕان بەر لە هەمووان ئەوە جەخت بکاتەوە، کە ناچێتە ناو حکومەتێکەوە ببێتە هۆی چۆکپێدادانی، ببێتە هۆی دوورکەوتنەوەی لە پرنسیپ و پەیامە سەرەکییەکانی، ببێتە هۆی ئەوەی بۆ هێزێکی تر ببێ بە پاشکۆ. بەکورتی، گرنگە بوترێ گۆڕان ئامادە نییە ئەزموونی یەکێتی دووبارە بکاتەوە، بەڵکوو چۆن لە ئۆپۆزسیۆنبووندا ژمارەیەکی جیاواز بوو، هەر بە هەمان شێوەش دەخوازێ لە دەسەڵاتیشدا بەردەوامی بەو "جیاوازییەی" خۆی بدات. گۆڕان پێویستە هەرچی زووە ئەوە بە هەموو بارێکدا ڕوون بکاتەوە، کە بەلای گۆڕانەوە ئەوە گرنگە، پرۆگرام و پرنسیپە سیاسییەکانی خۆی بپارێزێ و بیانخاتە بواری جێبەجێکردنەوە بۆ خزمەتکردنی خەڵکی کوردستان. ئەگەر ئەم خزمەتەش لە ڕێگەی دەسەڵاتێکی تەندروست و دادپەروەرەوە بێت، ئەوا هەرگیز لە وەرگرتنی دەسەڵاتێکی ئەوها دوودڵی ناکات.

کەواتە دیوەکەی تری پەیامەکە ئەوەیە، "ئەگەر دەسەڵاتێکی ئەوها فەراهەم نەبوو، ئەوا ئەو بزاڤە هەرگیز دوودڵی ناکات

لەوەی بە شێوەی ئۆپۆزسیۆنێکی کارا و پڕمەبەست و پڕمانا بمێنێتەوە."

لە لایەکی ترەوە، مەخابن ئەم جارەش نەتواندرا لە هەڵبژاردنەکاندا ڕێگری لە ساختەکاری، بەتایبەتی ساختەکاریی پارتی بگیرێ، ئەگەرچی هەوڵی جیددیش لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە درا بە ئاراستەی ڕێگری لەو ساختەکارییە. ئەمڕۆش دوای ٢١ یا ٢٢ ساڵ لە فەرمانڕەواییی خۆماڵی کوردی، ئەوەتا ئێستاش وەک هەرکاتێک، بگرە ئەمڕۆ زیاتریش لە هەرکاتێکی تر، بڕبڕەی پشتی بردنەوەی پارتی لە هەڵبژاردنەکان ساختەکارییە. ئەم ساختەکارییە لە قەوارە و ئاستێکدایە، کە ئیتر دەتوانین بڵێین دەسەڵاتی کوردی، بەتایبەتی دەسەڵاتی پارتی، بووەتە هۆی داهێنانی چەمکێکی نوێ لە زانستی سیاسی، کە ئەویش (ساختەکراتی)یە، واتە فەرمانڕەوایییەک، کە سەرچاوەی هێزی خۆی لە ساختەکاریدا دەبینێتەوە. بەشێکیش لەو سیستمی (ساختەکراتی)یە ئەوەیە، کە ئەگەری ئەوە دەکرێ، "لە جیاتی و بە ناوی" مردووان بە ژمارەیەکی ئەوەندە دەنگ دراوە، کە ئیتر دەتوانین بڵێین دەسەڵاتی کوردی بووە بە سەرچاوەی داهێنانی چەمکێکی تریش، کە ئەویش (مردووکراتی)یە،* واتە "فەرمانڕەواییی مردووەکان"! هەڵبەتە یەکێکیش لە ئامرازەکانی ساختەکاری، بەخراپبەکارهێنانی کوردانی بەشەکانی تری کوردستانە.**

---

* ئەم دوو چەمکی "ساختەکراسی" و "مردووکراسی"یە بۆ یەکەم جارە بەکار دەهێنرێت و نووسەری ئەم وتارە لە ڕووی ئەکادیمییەوە بەرپرسە لە گونجان یا نەگونجانیان.

** بۆ نموونە بڕوانە شارپرێس، "شار بە بەڵگە دەیسەلمێنێت: دەیان هەزار کوردی پارچەکانی تر لە هەڵبژاردنەکەی هەرێم مافی دەنگدانیان

## ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ٩/٢١ و پێکهێنانی حکومەت

لە هەڵبژاردنەکاندا بەدەستهێنانی ژمارەیەک لە کورسی شتێکە، بەڵام توانست لە کارکردن و یاریکردنی سیاسی بەو ژمارانە بەرەو پێکهێنانی حکومەت بەتەواوەتی شتێکی ترە. یەکسەر لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا، واتە هەڵبژاردنی ٢٠٠٩/٧/٢٥، دامەزراندنی حکومەت کارێکی زۆر ئەستەم نەبوو، چونکە بەبێ هەڵبژاردنیش دەکرا لەسەر بنچینەی پەنجا بە پەنجا دەسەڵات لەنێوان پارتی و یەکێتی دابمەزرایە، بەتایبەتی لەسەر بنچینەی ئەوەی پێی دەوترێ هاوپەیمانیی ستراتیژی، بەڵام ئەمجارەیان زۆر جیاوازە، جیاوازییەکەش لەوەدایە، گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە هاوسەنگیی هێز ڕووی داوە، وەک دەرهاوێشتەی هەڵبژاردنەکانی هەرە دوایی.

---

هەبووە،" لە:
http:www.sharpress.net/Direje.aspx?Jimare=6973, access: 4-10-2013

هەر وەک پشتڕاستکردنەوەیەکیش بۆ ڕوودانی ساختەکاریی ڕێکخراو (سیستیماتیک) لە شەوی ٩/٢٣دا، یاخود ئەو ڕووداوەی بە "ئەلبیسەکە" ناسراوە، د. بەرهەم ساڵح، جێگری دووەمی سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە کاردانەوەیەکی توند و ڕاشکاوانەدا ڕاگەیەندراوێکی لەسەر ئەم ڕووداوە بڵاو کردوە، کە بە باوەڕی خۆم، ناوونیشانی بڵاوکراوەکە زۆر شت لەسەر بابەتی ساختەکاری لە هەڵبژاردندا پشتڕاست دەکاتەوە. بڕوانە بەرهەم ساڵح، "هەرکەسێک بڕیاری خەڵک بگۆڕێت، شەرمەزاری و ڕسوایی بەخۆی دەگەیەنێت." لە: http://www.hawlati.co/archives/11290, acceess: 24-9-2013

بەم مانایەش، ئەمجارەیان دامەزراندنی حکومەت نەک هەر ئاسان نابێت، بەڵکوو لەوە دەچێت زۆر قورس و پڕ لە کێشمەکێش بێت. یەکێک لەو کێشانەی لە هەڵبژاردنەکان کەوتۆتەوە، نەک هەر ئەوەیە لایەنێکی دەسەڵات، واتە یەکێتی، بە شێوەیەکی ڕیشەیی بچووک بۆتەوە و جێگەکەشی لە ڕیزبەندیی هێزە سیاسییەکان بۆ بزاڤی گۆڕان جێ هێشتووە، بەڵکوو لەوە گرنگتر ئەوەیە، کە لایەنەکەی تری دەسەڵات، واتە پارتی، لەسەر دوو بنەمای زۆر ناتەندروست لە مەسەلەی دروستکردنی حکومەت نزیک دەبێتەوە، کە هەردووکیشیان کێشەن و دەشتوانن ببن بە بەربەستی هەرە گەورە لەسەر ڕێگەی دامەزراندنی حکومەتی داهاتوو، ئەوانیش: ١- لووتبەرزیی سیاسیی پارتی. ٢- مەترسیی پارتی لە قەوارە و کاریگەریی هێزەکانی تر، بەتایبەتی هیی بزاڤی گۆڕان.

یەکەمیان دەتوانێ هەڵقووڵاوی کۆمەڵێک ڕاستی بێت، کە گرنگترینیان باوەڕبوونی پارتییە بەوەی ئەو حیزبە "هێزە هەرە مێژوویییەکەیە" و گەورەییی ئەو لە مێژوودا ڕێگە بە بچووکبوونەوەی ئەم حیزبە لە کایەی سیاسیدا نادات.* بە

* لە ئاهەنگی دەستپێکردنی بانگەشەی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان، مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕای گەیاند، "ماوەیەکە مێژوو و سەروەریی پارتی کەوتۆتە بەر ڕق و کینە و دوژمنکاری." بەکارهێنانی ئەم سێ وشەیە (ڕق و کینە و دوژمنکاری) بۆ حاڵەتێک، کە دەکرێ زۆر سروشتی بێت، واتە سەرلەنوێهەڵسەنگاندنەوەی مێژوو بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە، هەر نەبێ هێمایەکی ترسناکە لە شێوازی دەستپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردن، کە دەگاتە ئاستی شێوازێک لە ڕاگەیاندنی شەڕ لە بەرامبەر ئەوانەی هەڵگری ئەو هەڵوێستی دوژمنکاری و ڕق و کینەیەن. بڕوانە: http://www.hawlati.co/?p=7826, access: 3-9-2013

مانایەکی تر، پارتی دەخوازێ بڵێ، لەبەر ئەوەی لە مێژوودا ئەو حیزبە گەورە بووە، دەبێ لە پانتایی و ڕوانگەی سیاسیشدا، ئەمڕۆ و لە داهاتووشدا، هەر بەگەورەیی و باڵادەستیی سیاسی بمێنێتەوە. ئەوەی دووەمیشیان، واتە بەربەستەکەی تریشیان، ڕوانینی ئەو حیزبەیە بە ترس و گومانێکی زۆرەوە، لە هەر باسێک، کە هێزەکانی تر لەمەڕ دروستکردنی حکومەت بیکەن و هەر هەوڵێک لەم ئاراستەیەدا بیدەن. لە ڕاستیدا زۆریش مەترسیدارە ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی پارتی (محەممەد مەحمود) بەر لە چەند ڕۆژێک بۆچوونێکی زۆر مەترسیداری جەخت کردەوە، کە پارتی هەر هەوڵێک، کە لەلایەن ئۆپۆزسیۆن و یەکێتی بۆ دروستکردنی حکومەت بدرێ، ئەم هەوڵە بە پیلانگێڕی دژی خۆی لە قەڵەم دەدات. ئەمە ڕێک ئەو عەقڵیەتەیە کە پێمان دەڵێ، نەک هەر پارتی حکومەتێک قبوڵ ناکات کە خۆی تیایدا نەبێ و تیایدا باڵادەست نەبێت،

---

نێچیرڤان بارزانی، جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، هەر لە وتاری سەرەتای بانگەشەی هەڵبژاردن، ئەو زمانی "بە دوژمناندنی" ئۆپۆزسیۆنی جەخت کردەوە و ڕێگەشی لەبەر ئەگەری بەرەوڕووبوونەوە واڵا کرد، کاتێک وتی، "گوێ نادەینە ڕەخنەی دووژمنکارانە و هەڵبەستراو... وەک پارتی لە ئامادەباشیداین بۆ هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەک." بۆ بینینی دەقی وتارەکە، بڕوانە: http://skurd.net/Dreje.aspx?B=1&id=7130, access: 3-9-2013

لە ڕاستیدا تەنانەت چەند کاتژمێرێک دوای ئەم وتارەی بارزانی، وەکوو ئەوەی ئەم قسەیە داگیرساندنی چرای سەوز بووبێ لەلایەن بارزانییەوە، کەشوهەوایەکی پشێوی لە هەولێر هاتە ئاراوە و بگرە مەترسییەکی جیددیش هەبوو لە هێرشکردنەسەر بارەگاکانی بزاڤی گۆڕان و ئۆپۆزسیۆن بەتایبەتی لە هەولێر. هەر نەبێ بە بۆچوونی هەندێک لە بەرپرسانی گۆڕان، ئەم هەڕەشە و گرژییە یەکسەر پەیوەندیی بەو وتارەی بارزانییەوە هەبوو.

بەڵکوو ترسناکتر ئەوەیە، پارتی ئەو جۆرە هەوڵانە بە "پیلان دژی خۆی" لە قەڵەم دەدا و لەسەر ئەم بۆچوونە پڕاوپڕ لە ترس و گومانە، بۆچوونی خۆی بینا دەکات. ئەم شێوە گووتارە هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ ئەو لایەنانەی تەنانەت "بیر لەوە دەکەنەوە" لە دەرەوەی ئیرادەی پارتی باس لە دروستکردنی حکومەت دەکەن. لە ڕاستیدا دەتوانین هەندێک دوورتر بڕۆین و بڵێین ئەم جۆرە زمانە هیی ڕاگەیاندنی ناڕاستەوخۆی شەڕە لە بەرامبەر ئەو لایەنانەدا، کە ئەسڵەن "بوێری دەکەن" باس لە دروستکردنی حکومەت بەبێ پارتی بکەن!

## حکومەتی بنکەفراوان و سیناریۆکانی

نووسەری ئەم وتارە یەکێک بووە لەوانەی لە چوار ساڵی ڕابردوودا دەستپێشخەرییەکانی دەسەڵاتی لە دامەزراندنی حکومەتی بنکەفراوان بە فێڵێکی سیاسی بەرامبەر بە ئۆپۆزسیۆن، بەتایبەتی بەرامبەر بە بزاڤی گۆڕان زانیوە. بەڵام ئەمڕۆ دوای هەڵبژاردنەکانی هەرە دوایی، ڕوانگەی سیاسی ئەوەندە گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە، باسکردن لە بژاردەی "وەرگرتنی" دەسەڵات لە ڕێگەی قبوڵکردنی حکومەتی بنکەفراوان، ئەو بژاردە نەخوازراوە نییە، بەتایبەتییش لەبەر چەند هۆیەک: ١- تێکشکانی هاوکێشە سەقەتەکەی پەنجا بە پەنجای یەکێتی و پارتی. هەرچەندە دووریش نییە جارێکی تر پارتی بژاردەی پەنجا بە پەنجا بخاتەوە بەردەستی یەکێتی، بەڵام ئەوەی جێگەی پرسیارە، هەر نەبێ دوو شتن: یەکێکیان، ئەوەی ئەمجارەیان ئاسان نییە لایەنی یەکێتی، هەر نەبێ بەشێک لە

سەرکردایەتییەکەی و کادیرەکانی، بەوە ڕازی ببن لەگەڵ پارتی بەتەنیا حکومەت دروست بکەنەوە و دووهەمیشیان ئەوەیە بارودۆخێ سیاسیی کوردستان و ئەو کێشە چارەنووسسازانەی لەپێشەوەن و پێویستیان بە چارەسەری هەیە، وەک ئەوەی دەستوور، وا دەکات ئەستەم بێت بە زۆرینەیەکی سادە (٥٠+١) حکومەت دابمەزرێ. ٢- ئەمڕۆ بەشێکی زۆر لە ئەندامانی یەکێتی لەوە باش ئاگادارن، کە قبوڵکردنی دامەزراندنی حکومەت لەگەڵ پارتی بە مانای خۆکوژییەکی سیاسی دێت. ڕاستە ئەم بژاردەی دروستکردنی حکومەتە لەگەڵ پارتی، بەرژەوەندیپەرست و پێگە و پارەپەرستانی ناو سەرکردایەتیی یەکێتی پڕپارەتر و "تێرتر" دەکات، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەبێتە هۆی دارمانی زیاتری ئەو حیزبەش. ٣- بزاڤی گۆڕان، لە چوار ساڵی ڕابردوودا قۆناغی خۆتۆکمەکردنی بڕی، نەک هەر متمانەی بەشێکی لە خەڵکی کوردستان، بە بەراورد لەگەڵ بەدەستهاتووەکانی هەڵبژاردنی ٢٠٠٩ لەدەست نەدا، بەڵکوو ئەو متمانەیەی زیاتر و تۆکمەتر کرد. جگە لەوەش، دەتوانین بەئاسانی بڵێین ئەمڕۆ ئەو بزاڤە دەتوانێ بە پشتڕاستییەکی زۆرەوە حکومەت وەر بگرێ و لە تەندروستکردن و سەرخستنیشیدا ڕۆڵی کارای هەبێ.

وەک پێشتر وترا، مەبەستی سەرەکی لەم نووسراوەی بەردەستدا ئەوەیە، تیشک بخرێتە سەر سیناریۆکانی حکومەتی بنکەفراوان، نەک هەموو سیناریۆکان:

١- *حکومەتی بنکەفراوان کە دەستپێشخەرەکەی پارتی بێت:* لەو پێگەیەی بەدەستی هێناوە، کە یەکەمە لە ڕیزبەندیی هێزەکاندا، پارتی بە ئەگەری زۆر دەستپێشخەرییەک دەکات بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی بنکەفراوان. ئەوەی هەر ئێستا، بە

دڵنیاییەکی زۆرەوە دەتوانین بڵێین، ئەوەیە کە لە سیناریۆیەکی ئاوادا پارتی کۆمەڵێک مەرج دادەنێ، بەتایبەتی بۆ هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن قبوڵکردنیان ئەستەمە، کە گرنگترینیان بوارەکانی دەستوور، چاکسازیی بنەڕەتی، جیاکردنەوەی حیزب لە دەوڵەت و دەستکاریکردنی هەندێک فایلی زۆر هەستیارە، وەک نەوت و ئاسایش و... هتد. ئەگەر پارتی ئەم دەستپێشخەرییە بکا و پێداگری لەسەر مەرجەکانی خۆی بکات، ئەوا هەر زوو دەکرێ باس لە بنبەستێک بکەین، کە خۆلادان لێی و بازدان بەسەریدا ئاسان نابێت و کێشەیەکیشە، کە چارەسەرکردنی ئەستەم دەبێت. لە سیناریۆیەکی ئەوهادا هەڵوێستێکی یەکێتی "نزیکتر لە هەڵوێستی پارتی تا لە هەڵوێستی ئۆپۆزسیۆن" دەتوانێ سیناریۆکە ئاڵۆزتر بکات و کاری ئۆپۆزسیۆن لە مامەڵەکردن لەگەڵ بژاردەکە قورستر و ئاڵۆزتر بکات. لەوە دەچێ شتێکی باش کە سێ لایەنەکەی ئۆپۆزسیۆن بیکەن ئەوە بێ، هەر زوو گفتوگۆکانیان لەگەڵ یەکتردا چڕ بکەنەوە و هەر نەبێ ئەو ئاماژە و پەیامە بەڕوونی بدەن بە لایەنی پارتی. گرنگترینیشیان ئەوەیە، ئۆپۆزسیۆن چۆن یەک دانە بووە، هەر واش بەیەکڕیزی دەمێنێتەوە و لە دروستکردنی حکومەتیشدا هەر نەبێ کۆکن لەسەر کۆمەڵێک هێڵی گشتی، بەڵام لە هەمان کاتدا زۆر پرنسیپی گرنگ، کە بۆ دەسەڵاتی داهاتوو چارەنووسسازن. گرنگە هەر زوو ئەوە لە پارتی بگەیەندرێ، ئەوەی بۆ پارتی لەگەڵ یەکێتی چووە سەر، هەرگیز لەگەڵ ئۆپۆزسیۆندا بۆی ناچێتە سەر و باشترین پەیامیش لەو ئاراستەیەدا ئەوەیە، هەموو پڕۆژە و دروشم و پەیامەکانی چاکسازی، کە ئۆپۆزسیۆن لە ماوەی ڕابردوودا بەرزی کردوونەتەوە، تەنها بۆ ئەوە نەبووە

جەماوەری پێ کۆبکاتەوە و جۆشوخرۆشی بدات، بەڵکوو ڕێک بۆ ئەوە بووە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی جێبەجێکاریدا بیانخاتە بواری کردار و کارپێکردن.

٢- *حکومەتی بنکەفراوان بە دەستپێشخەریی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان:* من بە دووری نازانم، کە یەکێتی، یا ئەوەتا وەک هەوڵێک بۆ خۆدەربازکردن لەو شکستەی تێی کەوتووە، یا بە پاڵدانی ناڕاستەوخۆی پارتی، ڕۆڵی "ناوبژیوانی" یا "دەستپێشخەر" ببینێ لە بانگهێشتکردنی لایەنەکان بۆ حکومەتی بنکەفراوان. هەوڵێکی ئاوا، یەکەم هەوڵ نابێ لەو جۆرە کە یەکێتی لە ڕێگەیەوە ویستبێتی پێگەی خۆی لە ڕێگەی نواندنی "هێزی میانڕەو" بەهێز بکات. کێشمەکێشەکانی دەستوور، ماوەیەکی کەم بەر لە هەڵبژاردنەکان، کە تیایدا دوو هێڵی زۆر لەیەکترجیا، یەکێکیان ئۆپۆزسیۆن و ئەوی تریشیان پارتی، دەر کەوتن، بەڵام سێهەمیان هیی یەکێتی بوو، کە لە "هەڵوێستێکی زۆر تەماویدا" پێداگریی لەسەر سازانێکی "تەماوی" هێنایە گۆڕێ. ئەم هەوڵە نەک هەر پەیوەندیی بە خودی دەستوورەوە هەبوو، بەڵکوو تەماوییبوونی هەوڵەکە شێوەیەکیش بوو لە سیاسەتکردن، کە لە ڕێگەیەوە یەکێتی وای دەزانی دەتوانێ "لەیەکگەیشتنی دەباشان" لە لایەک و هاوپەیمانیی ستراتیژی لە لایەکی ترەوە بپارێزێ و گونجاندنێک لەنێوانیاندا فەراهەم بکات، بەڵام دەرهاوێشتەکەی ٣٠ی حوزەیران لە درێژکردنەوەی دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێم و سپاردنی دەستووریش بە *ناڕوونی و تاریکییەکی زۆر،* شکستی یەکێتی لەو سیاسەتە تەماوی و "میانڕەوەدا" گەیشتە یەکێک لە لووتکە هەرە ترسناکەکانی. دواجار بەپێی هەندێکیش لە دەنگەکانی ناو سەرکردایەتیی یەکێتی و کادیرانی ئەو

حیزبە، هەر ٣٠ی حوزەیرانە کە بەرپرسە لە شکستی یەکێتی لە هەڵبژاردنەکانی هەرە دواییدا.

لە لایەکی ترەوە، بە تەقدیری یەکجار زۆر، دەستبردنی یەکێتی بۆ هەوڵێکی تری میانڕەوی، بەڵام تەماوی، جا بە مەبەستی بەدەستهێنانی پێگەیەکی باشتر بێت لە چاوی خەڵکدا یا بە پاڵدانی پارتی، وەک پاڵدانەکەی ٣٠ی حوزەیران، ئەو کارە بکات، دەرەنجام لە ٣٠ی حوزەیران زۆر باشتر نابێت.

٣- *حکومەتی بنکەفراوان* بە دەستپێشخەریی یەکێتی و ئۆپۆزسیۆن بە یەکەوە: لەوانەیە لە سەرەتادا بۆ هاوێشتنی هەنگاوێکی ئاوا، ڕێگرییەکی نەفسی لای یەکێتییەوە هەبێ، بەتایبەتییش ئەگەر بزاڤی گۆڕان بە سەرچاوەی شکستی خۆی لە هەڵبژاردنەکاندا بزانێ. ڕێگرێکی تری گرنگیش دەکرێ ئەوە بێ، کە ئایا پارتی کاردانەوەی چی دەبێ کاتێ ببینێ یەکێتی لەگەڵ ئۆپۆزسیۆندا گفتوگۆ دەکات بە مەبەستێکی ئەوها. بە باوەڕی خۆم، ئەگەر ئۆپۆزسیۆن بیری لە هاوکاری لەگەڵ یەکێتی کردبێتەوە، باشتر وایە بە ئاراستەی یەکڕیزی لەگەڵ یەکێتی، بەڵام *بە مەبەستی حکومەتی بنکەفراوان بیکات*:

١- لە ڕووی ستراتیژییەوە حکومەتێکی بنکەفراوان، لەسەر بنچینەی پێکهاتنێکی پێشوەخت لەنێوان یەکێتی و ئۆپۆزسیۆن لەسەر بنەمای بەرنامەیەکی چاکسازیی بنەڕەتی و گشتگیر، دەتوانێ زۆر شت بەدەست بهێنێت و ئاشتەوایی بپارێزێ.

٢- لە ڕووی تاکتیکییەوە، پارتی ناتوانێ ئەو نزیکبوونەوەیەی یەکێتی لە ئۆپۆزسیۆن بە "خیانەت و پاشقولگرتن" بەرامبەر خۆی بزانێ، یا هەر نەبێ ئەو ئاسانە نابێ شتێکی ئەوها بە ڕای گشتی بڵێ، چونکە مەبەست لەم نزیکبوونەوەیە،

دواجار "پێکهێنانی حکومەتی یەکێتی و ئۆپۆزسیۆن نییە، بەڵکوو مەبەست دامەزراندنی حکومەتێکی بنکەفراوانە." واتە بەم مانایە، هەنگاوی یەکەم تۆکمەکردنی بەرەی یەکێتی و ئۆپۆزسیۆنە بە ئاراستە و ئامانجی دوایی، کە ئەویش لە هەنگاوی دووهەمدا بانگهێشتکردنی پارتییە بۆ دروستکردنی حکومەتی بنکەفراوان، بەڵام ئەگەر لە هەنگاوی دووهەمدا پارتی ڕازی نەبوو بە مەرجەکانی ئۆپۆزسیۆن و یەکێتی بۆ دروستکردنی حکومەتی بنکەفراوان، ئەوا ئەو کاتە هەنگاوی سێهەم ئەوە دەبێ، ئۆپۆزسیۆن و یەکێتی، بەبێ پارتی، هەوڵی دروستکردنی حکومەت بدەن! لە هەموو حاڵەتێکدا بۆ نیشاندانی نیەتی پاک لەلایەن یەکێتییەوە، پێویستە ئەو حیزبە پەیمانی ئەوە بدات، کە لە سێ مانگی یا شەش مانگی یەکەمی حکومەتدا یەکێتی ئامادەیە هەموو هێزە چەکدارەکان و ئاسایشی خۆی بخاتە ژێر کۆنترۆڵ و فەرمانی حکومەت، بەمەش بۆ یەکەم جار هەنگاوێکی چۆنایەتی دەهاوێژرێ لە داپلۆسینێکی ڕاستەقینەی هێزە سیاسییەکان لە هێزە چەکدارەکان و دەزگا هەواڵگرییەکانیان. لە هەنگاوێکی ئەوهادا، یەکێتی دەتوانێ براوە بێت، چونکە ئەو سیناریۆیە تاکە سیناریۆیەکە، یا هەر نەبێ باشترینیانە، کە تیایدا یەکێتی هاوسەنگی لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ پارتی لە لایەک و ئۆپۆزسیۆن لە لایەکی ترەوە بپارێزێ و خۆی لە پێگەیەک نەبینێتەوە، کە تیایدا یا دەبێ "لەیەکگەیشتنی دەباشان" یا هاوپەیمانیی "ستراتیژی" هەڵبژێرێ، بەمەش ڕیزەکانی ناوخۆی حیزبەکە باشتر بپارێزێ.

٤- *حکومەتی بنکەفراوان بە دەستپێشخەریی ئۆپۆزسیۆن:*
ئەمەش شێوازێکی ترە لە هەوڵدان بۆ دامەزراندنی حکومەتی

بنکەفراوان، کە دەکرێ هەر لە سەرەتادا بەرەوڕووی هەندێ گرفت و کۆسپی جیددی ببێتەوە. یەکێکیان پاڵدانێکی نەخوازراوی یەکێتییە بە ئاراستەی نزیکبوونەوەی زیاتر لە پارتی. ئەم دەرهاویشتە نەخوازراوەش دەکرێ خۆی لێ بەدوور بگیرێ، لە ڕێگەی، هەر زوو خوێندنەوەی یەکێتی وەکوو، هێزێکی نزیکتر لە ئۆپۆزسیۆن تا لە پارتی. بە هەموو بارێکدا پێویست ناکات ئۆپۆزسیۆن چاوەڕوانی دەستپێشخەریی پارتی بێت بۆ دروستکردنی حکومەت، بەڵکوو خۆی چالاکانە هەوڵی ئەوە بدات خۆی خاوەنی دەستپێشخەری بێت. لە سیاسەتدا هەندێک جار خۆت بەئەنقەست قسە دەکەیت بۆ ئەوەی ئەوانی تر بە قسە بێنیت و هەندێک جاریش ئەو کارە دەکەیت بۆ ئەوەی خۆت بکەیت بە ناوەندی گەڕانەوە بۆی، تا ئەوانی تر خۆیان نەکردووە بەو ناوەندە!

## دەرەنجام

هەڵبژاردنەکانی هەرە دواییی پەرلەمانی کوردستان کۆمەڵێک دەرهاویشتەی گرنگی لێ کەوتنەوە، کە گرنگترینیان بەرجەستەکردن و تۆکمەکردن و فراوانکردنی کۆمەڵێک گۆڕانکاری بوو، کە هەر زوو لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩دا دەر کەوتن. مەسەلەیەکی زۆر گرنگیش تێکشکاندنی هاوکێشەی دزێویی دەسەڵاتداری و مۆنۆپۆلکاریی فەرمانڕەوایی بوو، لە شێوەی کۆتاییهێنان بە پەنجا بە پەنجا، هەر نەبێ لەسەر ئاستی خودی ژمارەکان.

لە لایەکی ترەوە، کاری قورس دوای هەڵبژاردنەکان دەست

پێ دەکات، ئەویش مەسەلەی بەرجەستەکردنی ئەو ژمارانەیە لە هەڵبژاردندا بەدەست هاتوون، لە شێوەی دەسەڵاتێکی جێبەجێکاری نوێ.

لەم ئاراستەیەشدا شتێکی سەرنجڕاکێش ئەو ڕاستییەیە، کە هەرچەندە یەکێتی شکستی هەرە گەورەی بەر کەوتووە، بەڵام لە لایەکی ترەوە، دەکرێ لە هەوڵەکانی دامەزراندنی حکومەتدا ببێ بە یاریکەرێکی یەکلاکەرەوە. ڕاستە ئەمە پارادۆکسێکی سیاسییە، بەڵام هەندێک جار لە جیهانی سیاسەتدا هێزە سیاسییەکان نەک بە حوکمی ئەو ژمارەیەی لە هەڵبژاردن بەدەستیان هێناوە، بەڵکوو بە هۆی کۆی پێدراوەکانی هاوکێشە هەرە فراوانەکە، هەندێ هێزی سیاسی پێگەیەکی گرنگتریان دەبێ لەوەی تەنها لە ڕێگەی ژمارەوە تێگەیشتنی بۆ بکرێ. پرسیارێکی هەرە گرنگ ئەوەیە: ئایا یەکێتی بە چ ئاراستەیەک دەخوازێ سوود لەو پێگەیەی وەر بگرێ. وەڵامی ئەم پرسیارە هەر وا ئاسان نییە، بەڵام مرۆڤ دەتوانێ بە دڵنیاییەکی زۆرەوە ئەوە بڵێ، کە دەرهاوێشتەکە وابەستەی هەرە کۆتایی هاوسەنگییەکانی هێزە لەناو خودی یەکێتیدا. باڵادەستبوونی گرووپی سوودمەند، لە پەیوەندی و هاوپەیمانی لەگەڵ پارتیدا، بە ئەگەری زۆر یەکێتی پاڵ دەدات بە ئاقاری هەڵدێرێکی ترسناکتر، بەڵام لە بەرامبەردا، باڵادەستبوونی ئەوانەی بە دڵسۆزییەکی زۆرەوە دەخوازن یەکێتی دوارۆژێکی گەشتر و باشتری هەبێت، بە ئەگەری زۆر یەکێتی پاڵ دەدەن بەرەو هەڵسانەوە و گەڕاندنەوەی "عافیەتی" سیاسیی خۆی.

بۆ ئەوەی نەکەوێتە هەڵەوە، پێویستە ئۆپۆزسیۆن، بەتایبەتی بزاڤی گۆڕان، وتارێکی هاوتەریبی هەبێ، ئەویش

ئەوەیە لە کاتێکدا بزاڤی گۆڕان باس لەوە دەکات کە دەسەڵات وەر دەگرێ، گرنگە لە هەمان کاتدا، لەبەر زۆر هۆ، ئەوەش بڵێت کە ئەگەر بەشداربوون لە دەسەڵات چۆکدادان بێت و ئەگەر ئۆپۆزسیۆنبوون زیاتر خزمەت بە خەڵک بکات لەوەی چوونەدەسەڵاتەوە، ئەوا بەبێ دوودڵی ئۆپۆزسیۆن هەڵدەبژێرێ... لە کۆتاییدا گرنگە ئۆپۆزسیۆن ئەوە جەخت بکاتەوە، کە "خزمەتکردن و بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان لە چ پێگەیەک و جێگەیەک بێت ئێمە لەوێین، جا ئەو پێگەیە ناو دەسەڵات بێت یا دەرەوەی دەسەڵات!"

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین، لە ئەگەری سەرکەوتنی گروپی باڵادەستی ناو مەکتەبی سیاسیی یەکێتی، کە ناسراوە بە نزیکی لە پارتی و پاراستنی هاوپەیمانیی ستراتیژی و بەرژەوەندییەکانی تاکەکەسیی خۆیان، بە ئەگەری زۆر دەبێتە هۆی دروستکردنی حکومەت لەسەر دەستی پارتی و یەکێتی. شتێک کە ئەو ئەگەرە بەهێز دەکات ئەوەیە، بەر لە هەڵبژاردنەکان ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی (مەلا بەختیار) ئەوەی نەشاردەوە، کە ڕاستە پارتی و یەکێتی بە لیستی جیاوازەوە بەشداریی هەڵبژاردنەکان دەکەن، بەڵام دوای هەڵبژاردن "دەگەڕێنەوە سەر ڕێچکەی جارانیان" واتە دەگەڕێنەوە سەر هاوپەیمانیی ستراتیژی.

# کوردستان لە ڕووبەڕووبوونەوەی داعشدا: ڕووداو و ئەگەرە فرەڕەهەندەکان*

**لە ماڵپەڕی تاکەکەسیی نووسەر**
**لە ٢٠١٥/١/٢٠ بڵاو بۆتەوە**

## ناوەڕۆک


دەستپێک ........................................ ٥١٨
پێشڕەوییە سەربازییەکانی داعش .............................. ٥١٩
داعش لە نەخشەی جیۆستراتیژیی ناوچەکەدا .......... ٥٢١
داگیرکردنی موسڵ و مەسەلەی کورد ...................... ٥٣٢
هەڵچوونێکی سیاسی ................................................... ٥٣٥
کارەساتی شەنگال: هۆکار و دەرهاویشتە ................ ٥٤٠
تورکیا: شەنگال و ڕووداوە پەیوەندیدارەکان ........... ٥٤٩
خۆرئاوای کوردستان: تورکیا، پارتی و پ ک ک ..... ٥٩٩
ئێران .................................................................. ٥٦٧
دەرەنجام ............................................................... ٥٧٠


* ئەم بەبەتە بە هەمان ناوونیشان دواتر لەلایەن ئەندێشەوە وەک نامیلکە بڵاو کرایەوە.

## دەستپێک

ڕووداوەکانی چەند مانگی دوایی، بە پەیوەندی لەگەڵ شەڕ و پێکدادان و هەڕەشەکانی داعش، کۆمەڵێک ڕووداوی هەڵتەکێنەر بوون لە ئاستە جیاجیاکانی سیاسەت و مەسەلە ستراتیژییەکان. یەکێک لە ڕەهەندە هەرە گرنگەکانی ئەم پێشوەچوونانە ئەوە بوو، سێ بەشی کوردستان، پێشتر ناسراو بە کوردستانی عوسمانی (باکووری کوردستان، خۆرئاوای کوردستان و باشووری کوردستان)، بە شێوەیەکی چڕ و لە کۆمەڵێک ئاستی فرەڕەهەندەوە تێکەڵاوی یەکتر بوون. ئەم تێکەڵاوبوونە تێکهەڵکێشییەکی سیاسی و ستراتیژییە، کە لە ئاستێکی دابڕاوی کوردستانیدا نەماوەتەوە، بەڵکوو ئاستە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان بەتوندی تێکەڵاوی ئاستە کوردستانییەکە بوون.

لە ڕۆشنایی ئەوەی وترا، ئەم بابەتەی بەردەست تەنها تایبەت نییە بە باسکردن لە ڕەوشی یەک بەشی کوردستان، بەڵکوو زیاتر هەوڵدانە بۆ تێگەیشتن لە ڕووداوەکان لە پانتاییە هەرە فراوانەکەی کوردستانی گەورەدا، بەتایبەتی ئەو سێ بەشەی کوردستان، کە پێشتر بە یەکەوە، بە کوردستانی عوسمانی ناسرابوون. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕۆشنایی زیاتر

دەخرێتە سەر خۆرئاوا و و باشووری کوردستان.

لە ڕووی زەمەنییەوە ئەم بابەتە زیاتر کۆمەڵێک سەرنج و تێبینین لەمەڕ ڕووداوەکانی هەرە دوایی. بە واتایەکی تر، بابەتەکە زیاتر باسوخواسی قۆناغی دوای داگیرکردنی موسڵ و ڕووداوەکانی هەرە دواییی خۆرئاوای کوردستانە. جگە لەوەش، لە هەندێ حاڵەتدا هەوڵ دەدەم بابەتەکە لە ڕووی زەمەنییەوە فراوانتر بکەم و بگەڕێمەوە دواوە بۆ چەند نموونەیەک لە مێژوو و ڕووداوی پەیوەندیدار.

## پێشڕەوییە سەربازییەکانی داعش

هەرچەندە باسکردن لە هێزی داعش و ئەو پێشڕەوییەی بەو خێراییی و لەو ماوە کەمەدا کردی، ئاسان نییە، بەڵام دەتوانین بەگشتی بڵێین هەندێک هۆ هەن بۆ ئەم بەهێزبوون و پێشڕەوییە خێرایە: ١- بەهاری عەرەبی وەک ژینگەیەکی لەبار بۆ خۆنماییشکردن و خۆڕێکخستنی ئیسلامی توندڕەو، بەتایبەتی لە سوریا. لەم وڵاتەدا *دەوڵەتی ئیسلامی لە وڵاتی شام* لە چوارچێوەی بەهاری عەرەبیدا سەری هەڵدا و هەر لەم چوارچێوەیەشدا پشتگیریی هەندێ لایەنی ئیقلیمی و نێودەوڵەتیی بەدەست هێنا. ئەو شتەی دەوڵەتی ئیسلامی لە وڵاتی شام سوودی لێ بینی، ئەوە بوو، کە لەنێوان خۆی و هێزە توندڕەوە چەکدارە ئیسلامییەکانی تردا، لە چوارچێوەی بەرهەڵستکاری سوریدا، نەک هەر سنوورێکی تەماوی هەبوو، بەڵکوو تەنانەت شێوەیەک لە هاوکاری و هاوپەیمانییش لێرەو لەوێ بەدی دەکرا. ٢- کەوتنی ڕژێمی سەدام و بۆشاییی ئەمنی لە عێراق و سەرهەڵدانی بەرهەڵستکاری دژی ئەمەریکا لە عێراق. هەڵبەتە

بەشێک لەم بەرهەڵستکارییە هیی قاعیدە و دواتر هیی دەوڵەتی ئیسلامی بوو. دیارە ئاشکرایە کە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق، ئیتر ئەو بۆشاییە ئەمنییە چووە ئاستێکی ترەوە و دەرفەت لە بەردەم دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق زۆر فراوانتر بوو بۆ گەشەکردن و خۆبەهێزکردن. ٣- بەرهەڵستکاریی سوننە لە عێراق و سوودوەرگرتنی دەوڵەتی ئیسلامی لەم بەرهەڵستکارییە. یەکێکیش لە شێوازەکان سوودوەرگرتن بووە لە جۆرێک لە هاوئاهەنگی لەگەڵ بەعس یا پاشماوەکانی بەعس، بە هەمان مەبەستی سەرەکی بۆ هەردووکیان، واتە دەستبەسەرداگرتنی بەغداد، بەڵام لە ڕاستیدا بە دوو ئەجێندای زۆر جیاوازەوە. ٤- لاوازیی دەوڵەت لە عێراق و سوریا، بگرە شکستی ئەو دوو دەوڵەتە لە چوارچێوەی ئەوەی پێی دەوترێ دەوڵەتی شکستخواردوو (the failed state). لە ڕاستیدا ئەم حاڵەتە، واتە دەوڵەتی شکستخواردوو، تەنها لە سوریا و عێراق بەدی ناکرێ، بەڵکوو لەکوێ لە جیهانی ئیسلامیدا دەوڵەت لاوازە، هەر لەوێش گروپە ئیسلامییە توندڕەوەکان بەهێزن، وەک نموونەی یەمەن، فەلەستین، سۆماڵ، ئەفغانستان، لیبیا... هتد. ٥- پشتگیریکردن لە داعش و هەندێک گروپی دیکەی توندڕەوی ئیسلامی سوننی لەلایەن هەندێک هێزی ئیقلیمییەوە، وەک *تامپۆنێکی ئیسلامی سوننی* بەرامبەر بە ئێران و ڕێگرتن لە زیادبوون و پەرەسەندنی هەژموونی ئەم وڵاتە لە ناوچە و تەنگپێهەڵچنینی. بۆ ئەم مەبەستە و لەم ئاراستەیەدا، زۆر لایەن لە کاتی جیاجیا ڕۆڵیان هەبووە لەو پشتگیریکردنەی ئیسلامی سوننی. لە ڕاستیدا ئەم خاڵە پێویستی بە ڕوونکردنەوەی زۆرترە و هەر لێرەدا هەوڵ دەدەم ئەم ڕەهەندە بخەمە چوارچێوە ئیقلیمییەکەی.

## داعش لە نەخشەی جیۆستراتیژیی ناوچەکەدا

بۆ تێگەیشتن لەم مەسەلەیە دەبێ کەمێک بگەڕێینەوە دواوە، بۆ ئەوەی وێنەیەکی گشتی و فراوانمان لە ڕۆڵی ئێران بۆ ڕوونتر ببێتەوە، ئەو ڕۆڵەی ئەم وڵاتە هەر لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی و لە بەردەوامیشدا بینیویەتی. یەکێکیش لە مەسەلە هەرە گرنگەکان لەم ڕۆڵەدا، پشتگیریکردن بووە لە هێزە ئیسلامییە توندڕەوەکان لە دەرەوەی ئێران و هەڕەشەکردن بووە لە ئاساییشی ڕژێمەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی ڕژێمە عەرەبییەکانی ناوچەی کەنداو. ئەم ئاراستە سیاسی و ڕۆڵەی ئێران لەژێر درووشمی *ناردنەدەرەوەی شۆڕشی ئیسلامی* (صدور انقلاب) بەڕێوە چووە و کۆمەڵێک کاردانەوەی توند و ململانێی خوێناوییشی لێ کەوتۆتەوە. نموونەیەکیش لە کاردانەوەکان بەرامبەر ئەم درووشمە جەنگی عێراق و ئێران بوو، بەبێ ئەوەی ئەوەم وتبێ، کە درووشم و ستراتیژی ناردنەدەرەوەی شۆڕشی ئیسلامی تەنها هۆکارێک بووبێت بۆ دەستپێکردنی شەڕەکە.

یەکێک لە هۆکارەکانی پشتگیریکردنی لایەنە ئیقلیمی و جیهانییەکان لە داعش لە چوارچێوەی سیاسەتی تەنگپێهەڵچنین بە ئێران و ڕێگرتن لە زیادبوونی کاریگەریی ئەم وڵاتە بەسەر پێشوەچوونەکانی ناوچەکەدا بووە. جگە لەوەی پێشتریش ئەم پشتگیرییە لە سوریاش لەو گروپە توندڕەوە کرا، بە مەبەستی خستنی ڕژێمی ئەسەد، بەڵام پێویستە لێرەدا ئەوەش بڵێین، ڕەهەندێکی جەختکردنەوە لەسەر لەناوبردنی ڕژێمی سوریا،

بەتایبەتی لەلایەن ئەمەریکا و وڵاتانی عەرەبی کەنداو، دیسان پەیوەندیدار بووە بە مەترسیی قەڵەمڕەویی شیعە، لەژێر سێبەر و بە سەرکردایەتیی ئێران لە ناوچەکەدا. بە واتایەکی تر، ئەم جەختکردنەوەیە لەو بۆچوونەوە پێ هەڵدەگرێ، کە سوریا بەشێکی گرنگ لە پشتێن (یا هیلالی) شیعی لە ناوچەکەدا پێک دەهێنی و کەوتنی ڕژێمی سوریا پچڕانێکی یا لاوازبوونێکی جیددی دەبێت بۆ ئەو پشتێنە، دەرەنجام دەبێتە هۆی لاوازبوونی ڕۆڵی ئێران لە ناوچەکەدا بەگشتی.

بەپێی ئەم بۆچوونە، دەتوانین بڵێین، ئەوەی پێشتر واتە بەر لە داگیرکردنی موسڵ لە سوریا و عێراق ڕووی دەدا، کەم یا زۆر، شەڕێک بوو لەنێوان دوو هیلالی ئیسلامیدا. یەکێکیان *هیلالی سوننی* و ئەوەی تریشیان *هیلالی شیعی*. دەڵێم پێشتر، چونکە بە هۆی پێشڕەوییەکانی داعش لە عێراق، هەروەها توندڕەویی لەڕادەبەدەری ئەم هێزە ئیسلامییە و گۆڕانکاری لە وتار و بژاردە ستراتیژییەکانی ئەم گروپە توندڕەوە، بوونەتە هۆی دابڕانێکی زۆر لەنێوان داعش و هیلالی سوننی. لە ڕاستیدا نەک هەر دابڕان، بەڵکوو بگرە دژایەتی و ململانێیەکی زۆریش لەناو خودی ئەم هیلالەدا سەری هەڵداوە. بە واتایەکی تر، ئەو وڵاتە سوننییانەی تا دوێنێیەکی نزیک، ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ، هاوکار و پشتگیری داعش بوون، ئەمڕۆ دژی دەوەستنەوە.

لێرەوە پێویستە پرسیاری ئەوە بکەین، ئایا کامەن ئەو دەوڵەتانەی ڕۆڵی ناوەندی ئەم دوو هیلالە، واتە هیلالی سوننی و هیلالی شیعی دەگێڕن و بزوێنەری سەرەکییانن؟

بەگشتی دەستنیشانکردنی ناوەندی هیلالی شیعی ئاسانە،

که ئەویش کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. ئەم هیلالە خۆی لە شیعەکانی پاکستان و ئەفغانستانەوە درێژ دەکاتەوە و بە عێراق و سوریادا تێدەپەڕێ تا دەگاتە لوبنان،* واتە تا دەگاتە سەر سنووری ئیسرائیل، بەتایبەتی لە ڕێگەی ڕۆڵی گرنگی حیزبوڵڵای لوبنانییەوە. بەم شێوەیە هیلالی شیعی، بەتایبەتی ئێران، تێکەڵاوی ململانێی عەرەبی –ئیسرائیلی، یا ململانێی فەلەستینی – ئیسرائیلی دەبێ و کاریگەریی ڕاستەوخۆ لەسەر ئەم ململانێ گرنگە دادەنێت.

له لایەکی ترەوە، ئاسان نییە ناوەند و چەقی هیلالی سوننی دیاری بکەین. تا ئێستا لەم بارەیەوە باسی سعودیە و تورکیا کراوە.

بە هەرحاڵ، هەرچی سعودیەیە وەک ناوەندێکی هیلالی سوننی، ئەوا کاراکردنی فاکتەری ئیسلامی و بەکاربردنی لە سیاسەتی دەرەوەی ئەم وڵاتەدا تا ئێستا بە دوو قۆناغی سەرەکیدا تێپەڕیوە: ١- قۆناغی ١٩٥٠کان تا کۆتاییی ١٩٧٠کانی سەدەی ڕابردوو: لەم قۆناغەدا مەبەست لە بەکارهێنانی فاکتەری ئیسلامی، وەستانەوە بوو بەرامبەر بە تەوژمی ڕادیکالیزمی نەتەوەییی عەرەبی بە سەرکردایەتیی میسر و دواتریش سوریا و عێراق. بەگشتی مەبەست لەو بەکارهێنانی فاکتەری ئیسلامی، بەهێزکردنی ڕۆڵی سعودیە بوو لە چوارچێوەی جیهانی ئیسلامی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا. ٢- هەر نەبێ لە ساڵی ١٩٧٩ بەدواوە، واتە هەر لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی

* بەپێی هەندێک بۆچوون، هیلالی شیعی لە کەمایەتییە شیعییەکانی وڵاتە عەرەبییەکانی کەنداو دەست پێ دەکات و دەپەڕێتەوە ئێران و دواتر لە ڕێگەی لوبنانەوە دەگاتە سەر سنووری ئیسرائیل.

ئیسلامیی ئێران، شانشینی سعودیە بە شێوەیەکی چالاکانە هەم لە ڕێگەی هاوکاریی ئابووری و هەم لە ڕێگای گەشەپێدان و بڵاوکردنەوەی مەزهەبی وەهابی لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی، ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە لە بڵاوبوونەوەی توندڕەوی ئیسلامی. لە بۆچوونێکی گشتیشدا، هۆکارێکی دیکەی گرنگ بۆ ئەم ستراتیژەی سعودیە، واتە بەکارهێنانی فاکتەری ئیسلامی، ئەوە بووە کە توندڕەوی لە ناوەوەی وڵاتەوە بنێرێتە دەرەوە. مەبەستی سەرەکییش لەم ناردنەدەرەوەیە، پاراستنی ئاساییشی خۆی بووە لەم توندڕەوییە ئیسلامییە، لە ڕێگەی ڕزگاربوون بوون لێی. بەم واتایەش، دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتە پێیان باش بووە، توندڕەوە ئیسلامییەکانی سعودیە پاڵ بدەنە دەرەوەی ئەم شانشینە و بەمەش سعودیە بە کردارێک دوو ئامانجی پێکاوە: بەدەستهێنانی مەبەستی سەرەکی، کە پاراستنی ئاساییشی ناوخۆی ڕژێمە، چونکە ئەگەر ئەم توندڕەوانە نەچنە دەرەوەی سعودیە، ئەوا بە ئەگەری زۆر ڕژێمی ئەم وڵاتە خۆی دەبێتە ئامانجیان. جگە لەوەش، ئەم توندڕەوانە، کە هەڵگرانی مەزهەبی وەهابین، کە مەزهەبی ڕەسمیی وڵاتە، "ناردراونەتە" دەرەوە بە مەبەستی *بڵاوکردنەوەی مەزهەبەکە*.* بێگومان، لە چوارچێوەی بەهاری عەرەبیدا، سعودیە ڕۆڵێکی گرنگی بینی لە پشتگیریکردنی ئیسلامی توندڕەو لە سوریا، بە دوو مەبەستی سەرەکی: ١- هەوڵ بۆ کۆتاییهێنان بە ڕژێمی ئەسەد، ئەمەش زیاتر بۆ شکستپێهێنانی پێگەیەکی ستراتیژیی ئێران لە ناوچەکەدا. ٢- بەگشتی لەپێناو بەهێزکردن و سەرخستنی

* Thomas Hegghammer, (2009). "Jihad, yes, but not revolution: Explaining the extraversion of Islamist violence in Saudi Arabia". in *British Journal of Middle Eastern Studies*, 36(3), 395-416.

هیلالی سوننی لە ناوچەکەدا.*

لە لایەکی ترەوە، هەر وا ئاسان نییە لە هیلالی سوننیدا ڕۆڵی ناوەندبوون بدەین بە تورکیا، چونکە ئەم ڕۆڵە *نەگونجاوی و دژایەتییەکی بەهێز* لەناو پرۆژەی (ئاکەپە)دا دروست دەکات: لە لایەکەوە ئەم ڕۆڵە پڕ بە پێستی تیۆرییەکەی (ئەحمەد داود ئۆغلو)ە لە چەمکی *قووڵایی ستراتیژیدا*، کە زیاتر مەبەست لێی ڕۆڵی چالاکانەی تورکیایە لە قووڵایی سوننیدا لە جیهانی ئیسلامی، بەتایبەتی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. کەچی لە لایەکی ترەوە، هەمان ڕۆڵی *ناوەندبوون لە هیلالی سوننیدا* تورکیا بەرەوڕووی کۆمەڵێک ململانێ، دژایەتی و بگرە دوژمنایەتی دەکاتەوە، بەتایبەتی ئەگەری بەرەوڕووبوونەوەیەکی سەربازی لەگەڵ ئێران، تۆ بڵێ ناوەندی هیلالی شیعی. تورکیا بەردەوام خۆی لەم بەرەوڕووبوونەوەیە پاراستووە، بەتایبەتی لە چوارچێوەی چەمکی *کێشە لە ئاستی سفردا*، واتە بێکێشەکردنی پەیوەندییەکانی تورکیا لە ناوچە تا ئاستی سفر، کە دیسان

* بەڵام دەبێ بگوترێت، ئەم سیاسەتی ناردنەدەرەوەی جیهادییە بۆ سعودییەکان بێکێشە نەبووە، بەڵکوو ئەم سیاسەتە بۆتە بنەمایەکیش بۆ نائارامی لەناو خودی ئەم، شانشینە کاتێک ئەم جیهادییانە گەڕاونەتەوە بۆ سعودیە. ئەم حاڵەتە بەتایبەتی ڕووی دا دوای کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئەفغانستان. بڕوانە:

Patrick Conge and G. Okruhlik, "The Power Narrative: Saudi Arabia, the United States and the Search for security" in Matteo Legrenzi, *Security in the Gulf: Historical Legacies and Future Prospects*, Routledge, 2010, p. 32.

بۆ خوێندنەوەیەکی گرنگ دەربارەی چۆنیەتیی بەکارهێنانی فاکتەری ئیسلامی لەلایەن سعودیەوە بە مەبەستی پاراستنی ئاسایشیی نەتەوەییی خۆی و بەهێزکردنی پێگەکەی لە چوارچێوەی جیهانی ئیسلامی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بڕوانە: Pinar Bilgin, Regional Security in the Middle East: A Critical Perspective, Routledge, 2011, pp. 67-111.

خاوەنەکەی هەر داود ئۆغلوە.

بە دیویکی تردا، دەکرێ بەئاسانی بڵێین ڕۆڵی تورکیا لە "پشتگیریکردنی" داعش، ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ، مەسەلەیەکی ئاڵۆزە و تا ئێستا ڕۆشناییەکی ئەوتۆی نەخراوەتە سەر، ڕۆشناییەک کە دوور بێ لە پڕوپاگاندەی شەڕ و خاڵی لێوەدەرچوونی لایەنگیرانە. بە هەرحاڵ، زۆر پێویستە ئەم ڕۆڵەی تورکیا لە دوو ئاستی جیاوازەوە بخوێنینەوە و تێگەیشتنی بۆ بکەین: ١- ڕۆڵی *"دەوڵەتی تورکیای ڕەسمی"** و بەتایبەتییش حکومەتی ئاکەپە. لێرەشدا گرنگە ئەم پرسیارانە بکەین: ئایا ئەم ڕۆڵە چەند بووە، چۆن بووە، چی بووە و لە چ ئاستێکدا بووە؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە لەم دەرفەتەدا هەر وا ئاسان نییە. ٢- ڕۆڵی *"دەوڵەتی قووڵ"* یا دەوڵەتی شاردراوە، کە هێزی چەکداری، (میت)ی تورکی، بەشی شاراوە لە زۆرێک لە دامودەزگاکانی وڵات و هێزە ناسیۆنالیستە تورکە توندڕەوەکان دەگرێتەوە.** دەوڵەتی قووڵ ڕۆڵی سەرەکیی هەبووە لە پشتگیریکردنی داعش.*** بەم واتایەش، زۆر بەچڕی

* دیارە مەبەست لە چەمکی دەوڵەتی ڕەسمی، هەموو ئەو دامودەزگایانەن، کە بە شێوەیەکی ڕەسمی و بینراو لە چوارچێوەی سیستمێکی سیاسی دامەزراو و بە شێوەیەکی ئاشکرا ئیدارە و نوێنەرایەتیی دەوڵەتی تورکیا دەکەن. هەندێک جار دەوڵەتی ڕەسمی وەک باڵی "مەدەنی" لە پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسی گوزارشتی لێوە دەکرێ، لە بەرامبەریشدا دەوڵەتی قووڵە، کە زیاتر یەکسانە بە باڵی "سەربازی"ی ئەو دەسەڵاتە.

** جگە لەم ڕەگەزانە، مافیا و هەندێ گروپ و کەسی چالاک لە دەرەوەی یاسا یا لە یاساڕاکردووش دەگرێتە خۆی. دەوڵەتی قووڵ هەندێک جار وەک دەوڵەتی هاوتەریبیش گوزارشتی لێ دەکرێت...

*** باسوخواسێکی زۆر کراوە دەربارەی ڕۆڵی ڕاستەوخۆی (میت)ی تورکی لە پشتگیریکردنی داعش و سەرچاوەی زۆرێک لەو باسوخواس

و بەکورتی: پشتگیریکردن لە ڕووە تورکییەکەیەوە لە داعش دژ بە خۆرئاوای کوردستان و لێدانی کانتۆنەکان، پێش هەرشتێک، ئاراستە و کاری *دەوڵەتی قووڵی* تورکیا بووە. ئەم ئاراستەیەش، بەشێکە لە هەوڵی ئەم دەوڵەتی قووڵە بۆ لاوازکردنی پێگە، ڕۆڵ و کاریگەریی پەکەکە. جگە لەوەش، ئەمە هەوڵێکە بۆ بێبەشکردنی پەکەکە لە هەر سەرکەوتنێک لە خۆرئاوای کوردستان. هەر بەم واتایەش، لە تێڕامانێکی گشتیدا ئەم دوو مەسەلەیە، واتە باکوور و خۆرئاوا، لە یەکتر جیا ناکرێنەوە و ڕووداوەکانی پەیوەندیدار بە خۆرئاوای کوردستان هەر زوو، بەڵام بەتایبەتی لە ماوەی دواییدا، ئەوەیان دەر خست، کە بەیەکەوەگرێدانی ئەم دوو دیوەی هاوکێشە، بەتایبەتی لە دیدی دەوڵەتی قووڵی تورکیاوە گرنگ بووە، بەڵام ئەوەی ئەم بەیەکەوەگرێدانە دەباتە ئاستێکی تری گرنگ، ئەوەیە دەوڵەتی ڕەسمیی تورکیاش ئەم بەیەکەوەگرێدانە دەکات و لە ڕۆشناییی ئەم بەیەکەوەبەستنەوەیەش پەکەکە و پەیەدە دەخاتە یەک قاڵبەوە. ئەوەتا سەرۆکی تورکیا-ڕەجەب تەیب ئەردۆگان جەخت دەکاتەوە، کە "پارتی کرێکارانی کوردستان و پارتی یەکێتیی دیموکراتی هەمان شتن، خەمی ئەوان دروستکردنی دەوڵەتێکە لە باکووری سوریا و ئێمەش بە گەشبینییەوە سەیری ئەمە ناکەین."* بە مانایەکی دیکە، جیاکاری لە ئاراستەی

---

و هەواڵانە پەکەکەیە، یا دەزگاکانی ڕاگەیاندنی نزیکی ئەو حیزبەن. بۆ نموونە لە ڕاگەیاندنی پەکەکە لە کۆتاییی ساڵی ڕابردوو، باس لەوە دەکرێ، کە توانراوە پێنج کوژراوی کەسانی سەر بە میت لەناو کوژراوانی داعش لە عێراق بدۆزنەوە:

*http://www.sharpress.net/Direje.aspx?Jimare=24571* access: 10-12-2014

* http://rudaw.net/sorani/middleeast/turkey/070120151

دوڵەتی ڕەسمی و دەوڵەتی قووڵ، زیاتر لە ئاستی میتۆدی کار و ئامرازە بەکارهێنراوەکانە تا ئاراستە و خوێندنەوە گشتییەکە.

هەڵبەتە هەر بۆ بیرهێنانەوە، دەوڵەتی قووڵ ئامرازێکی گرنگی ئەو شەڕە بوو، کە تورکیا لە بەرامبەر بە کورد و پەکەکە لە باکووری کوردستان لە ١٩٨٠کان و ١٩٩٠کانی سەدەی ڕابردوو، بەرپای کرد. لە ڕاستیدا دەوڵەتی قووڵ نەک هەر ئامرازی شەڕەکە بوو، بەڵکوو ڕۆڵی گرنگیشی لە ئاراستەکردن و داڕشتنی پلان و ستراتیژی شەڕەکەش هەبوو. لە شەڕی دەوڵەتی قووڵدا نەک هەر دامەزراوەیەکی "شاردراوەی" وەک ژیتەم* و هێزێکی ئیسلامیی توندڕەو وەک حیزبوڵڵای تورکی ڕۆڵی گرنگیان بینی، بەڵکوو بگرە مافیاکانی تورکیا و هەندێک

* ژیتەم (JITEM) کورتکراوەی تورکییە بۆ دەزگای *هەواڵگری و دژەتیرۆری هێزی جەندرمە* (-Jandarma İstihbrat ve Terörle Mtü cadele) کە بەتایبەتی لە ١٩٩٠کان لە کوردستان چالاک بوو.
لە سەرەتادا بەرپرسانی دەوڵەتی تورکیا ئینکاریی بوونی ئەم دەزگایەیان دەکرد، بەڵام لە ساڵی ١٩٩٧ بە هۆی ڕووداوێک (کە ناسراوە بە ڕووداوی سوسورلوک) دەوڵەتی قووڵی تورکیا (بەتایبەتی دەزگای ژیتەم) بۆ هەمووو لایەک ئاشکرا بوو و نەکرا چیی تر ئینکاریی بوونی بکرێت. بولاند ئەجەڤید (کە ئەو کاتە سەرۆکوەزیران بوو) و مەسعود یەڵماز (سەرۆکی پارتی دایک ١٩٩١ تا ٢٠٠٢) ڕاشکاوانە ئەوەیان ڕاگەیاند، کە ژیتەم بوونی هەبووە و هەیە، بەڵام بۆ یەکەم جار لە ساڵی ٢٠٠٨ زانیاری بە وردەکارییەکی زۆرەوە لەسەر ئەم دەزگایە بڵاو بوویەوە، ئەوەش بە پەیوەندی لەگەڵ دادگاییکردنی لایەنگران و چالاکوانانی *ئەرگەنەکۆن* (بەشی ڕێکخراو و سەربازی دەوڵەتی قووڵی تورکیا). هەر لەم دادگایەشدا بۆ یەکەم جار پەردە لەسەر زۆرێک لە چالاکییەکانی ژیتەم لا درا و ئەوەش پشتڕاست کرایەوە، کە مەیدانی سەرەکیی کار و چالاکییەکانی ئەم دەزگا هەواڵگری و تۆقێنەرە، باکووری کوردستان بووە. هەڵبەتە ئامانجی ئەم چالاکییانەش تێکشکاندنی بەرهەڵستکاری کوردان بووە لەو بەشەی کوردستان.

ڕەگەزی دەرەوەی یاسا و یاخیبوو لە یاسا و دەوڵەتیش، وەک ئامراز دژ بە کورد لە شەڕەکەدا بەکار هێنران. زۆر بەتایبەتی ڕۆڵی ئەم ئامرازە لە کاتی حوکمڕانیی سەرۆکوەزیران *تانسو چیلەر* زۆر چڕ بوویەوە.*

هەڵبەتە پێگەی عێراق لە شەڕی دوو هیلالیی شیعی و سوننیدا یەکجار گرنگە و لە ئاستی هەرە گرنگی ستراتیژیدایە، بگرە ڕۆڵی ئەم وڵاتە لەم سیاقەدا دەتوانێ یەکلاکەرەوەش بێت. گرنگیی پێگەی جیۆستراتیژیی عێراق لە هاوسەنگیی هێزی ئیقلیمی و هاوکێشە ئاڵۆزەکانیدا نوێ نییە، بەڵام تا ئەو جێگەیەی پێگەی عێراق پەیوەندیی بە گەشەکردنی ئیسلامی سیاسی و ڕۆڵی ئیقلیمیی ئێرانی ئیسلامی (تۆ بڵێ شیعی)یەوە هەبێ، بۆچوونێکی گرنگ هەیە لە هزری ستراتیژیی ئەمەریکیدا، کە هەر نەبێ پێشینە مێژوویییەکەی بۆ ساڵی ١٩٧٩ دەگەڕێتەوە، واتە بەدیاریکراوی بە پەیوەندی لەگەڵ یا یەکسەر دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی. بە بۆچوونی *زبیگنیو برزێزنسکی*، ڕاوێژکاری ئاساییشی نەتەوەیی لە زەمانی سەرۆک جیمی *کارتەر*، هەر لەیەکترنزیکبوونەوەیەک، یا لەوە زیاتر هەر هاوپەیمانییەک لەنێوان ئێران و عێراق و سوریا، هەڕەشەیەکی جیددی و ڕاستەوخۆ دەبوو بۆ سەر ستراتیژی ئەمەریکا و بەرژەوەندییەکانی. هەروەها پێشوەچوونێکی ئەوها، هەڕەشەش دەبوو بۆ سەر دۆستان و هاوپەیمانانی ئەمەریکا

---

* ڕۆڵی دەوڵەتی قووڵ لە شەڕ دژی کورد لە باکووری کوردستان و لە تورکیا بەگشتی کەمتر بۆتە ئامانجی لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی. یەکێک لەو لێکۆڵەرانەی دەربارەی ئەم بابەتەی نوسیووە (مایکل گونتەر)ە. بڕوانە:
Michael M. Gunter, *The Kurds Ascending: The Evolving Solution to the Kurdish Problem in Iraq and Turkey,* Palgrave, 2008, .2nd ed, pp. 107-131

لە ناوچە، بەتایبەتی ڕژێمە عەرەبییەکانی ناوچەی کەنداو. برزێزنسکی ناوی ئەو لەیەکترنزیکبوونەوەیە (هاوپەیمانییە)ی ناوە *پشتێنی غەزەب*. لە ڕۆشنایی ئەم بۆچوونەوە، وەک خوێندنەوەیەکی جیۆستراتیژی لە ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا، هەر لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامییەوە، پێویست بوو ئەم پشتێنە تا بکرێ *بەپچڕاوی بهێڵرێتەوە*. واتە ئەمەریکا لێنەگەڕێ عێراق بکەوێتە دەست هێزگەلێک، کە یەکسەر ئەم وڵاتە، واتە عێراق، بکات بە بەشێک لە هاوپەیمانییەکی سێلایەنیی توندڕەو و دژەئەمەریکی. بە واتایەکی دیکە، تا بکرێ چارەنووسی ئەم وڵاتە بەتەواوەتی نەکەوێتە دەست شیعە. دیارە، لە گۆشەبینینی ئەم بۆچوونەوە، باشتر وا بوو نەک ئەم پشتێنە هەر بەپچڕاوی بمێنێتەوە، بەڵکوو عێراق بە دژایەتی و ململانێ لەگەڵ دوو پارچەکەی تری پشتێنەکە، سوریا و ئێران، بمێنێتەوە. دیارە لە ئاوڕدانەوەیەکی مێژووییدا ئەوە دەر دەکەوێ، جەنگی عێراق و ئێران ١٩٨٠–١٩٨٨ ئەم ئامانجەی ئەمەریکای بەباشی پێکا. بەبێ ئەوەی ئەوەم وتبێ، کە شەڕەکە پیلانێکی ئەمەریکیی لەپشتەوە بووبێت!

دەمەوێ هەر لەم سیاقەدا ئەوە بڵێم، پێداگریی بەردەوامی ئەمەریکا لەوەی عێراق بەیەکپارچەیی بمێنێتەوە و تیایدا هاوسەنگییەکی سیاسی لەنێوان سوننە و شیعە لە لایەک و عەرەب و کورد لە لایەکی دیکە پارێزراو بێت، تا ڕادەیەکی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ ئەم خوێندنەوەیە. واتە تا بکرێ عێراق خاڵی هەرە لاواز بێت لەو هیلالە شیعییەدا و پرۆژەی ئێران سەد لە سەد سەرکەوتوو نەبێت لە تۆکمەکردنی هیلالەکەدا. دیارە پێداگریی ئەمەریکییەکان، لە دوازدە ساڵی ڕابردوودا – واتە

لەدوای کەوتنی ڕژێمی سەدامەوە، لەوەی کە کورد دەبێ لە چوارچێوەی عێراقدا بمێنێتەوە، دەربڕ و چڕبوونەوەی خواست و هەوڵی ئەمەریکا بووە بۆ ئەوەی عێراق بەتەواوەتی نەکەوێتە دەست شیعە. بەتایبەتی ڕۆڵی ئەمەریکا لە پێکهێنانی حکومەتی عەبادی، دیسان چڕبوونەوەیەکی دیکەی هەوڵەکانی ئەو وڵاتە بوو بۆ هێشتنەوەی عێراق بە یەکپارچەیی لە ڕێگەی پاراستنی هاوسەنگیی مەزهەبی و ئیتنی، بەم شێوەیەش مسۆگەرکردنی ئەوەی عێراق بەتەواوەتی نەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی شیعە، تۆ بڵێ نەکەوێتە ژێر هەژموونی ئێران.

هەر لێرەشەوە دەتوانین بەئاسانی ئەوە بڵێین، کە پشتگیرییە سنووردارەکەی ئەمەریکا لە کورد، پشتگیرییەکی زیاتریش لە عەرەبی سوننەی عێراق دوای کەوتنی ڕژێمی سەدام، ئامرازێکی کاریگەر بووە بۆ سنووردارکردنی دەسەڵاتی شیعە لە عێراق. لەم پڕۆژەیەدا ئەمەریکا تا ڕادەیەکی کەم "سەرکەوتوو" بووە، هەر وەک چۆن بەریتانییەکان لە دامەزراندنی عێراقدا "سەرکەوتوو بوون" لەوەی کە ئەو وڵاتە نەکەوێتە دەست شیعە. ئەگەرچی خودی پڕۆژە ئەمەریکییەکە، واتە هێشتنەوەی عێراق بە یەکپارچەیی بەبێ هەژموونی شیعە، زۆر گران لەسەر خودی ئەم پێکهاتانە، واتە کورد و سوننەی عەرەب کەوتووە، بەو واتایەی بەشێکی زۆری بەرهەڵستکاری بەرامبەر هەژموونی شیعە لە عێراق بە کورد و سوننەی عەرەب "سپێردراوە" یا لە ڕێگەی ئەوانەوە بەجێ دەگەیەندرێت، بەڵام ئێستا لەوە دەچێ چیی تر ئەمەریکا لە قۆناغی دوای داعش بەئاسانی نەتوانێ هاوسەنگییەکان لە عێراقدا، لە شێوە کۆن و تەقلیدییەکەیدا ڕاگرێ.

## داگیرکردنی موسڵ و مەسەلەی کورد

هێشتا زووە بۆ ئەوەی بتوانین خوێندنەوەیەکی ورد و دروست لەسەر بابەتی داگیرکردنی موسڵ لەلایەن داعشەوە بکەین و بەئاسانی بتوانین وەڵامێکی تەواو بۆ پرسی شکستی لەشکری عێراق بدەینەوە، بەڵام لە هەوڵێکی سەرەتاییدا دەتوانم بڵێم ئەم پێشڕەوییەی داعش فەراهەم بوو بە هۆی: ١- سوودوەرگرتنی داعش لە نارەزایەتییەکانی سوننە. ٢- لاوازیی هێزی سەربازیی عێراق. ٣- شێوەیەک لە شێوازەکانی پاشقولگرتنی لایەنێک لەناو هێزی سەربازی، یا لەناو دەسەڵاتی سیاسی لە عێراق، لە لایەنەکەی تر. ٤- گومانی تێدا نییە، کە بەتایبەتی لە قۆناغەکانی پێشوودا، داعش و بەعس بە شێوەیەک لە شێوەکان هاوکاری یەکتر بوون. بەم واتایەش، دەکرێ کەوتنی موسڵ لە چوارچێوەی جۆرێک لە هاوپەیمانیی نێوان داعش و بەرهەڵستکاری سوننی بووبێت، زۆر بەتایبەتیش ڕۆڵی بەعس لەم بارەیەوە ناوەندی و گرنگ بووە، بەڵام بە بۆچوونی خۆم، دوای کەوتنی موسڵ لەنێوان بەعس و داعش، سوننە و داعش بەگشتی، شێوازێک لە شێوازەکانی دابڕان و بگرە تەنگژەش لە ئامانج و ئاراستەدا سەری هەڵداوە.

بە هەرحاڵ، بە ئەگەری زۆر ئێستاش بەعس چاوی لەوەیە، بگرە کاریش بۆ ئەوە دەکات، سوود لە تواناکانی داعش وەر بگرێ بۆ ئەوەی جارێکی تر دەسەڵات لە عێراق بگرێتەوە دەست. دەکرێ شەڕ لەسەر بەغداد پرسێکی هەرە یەکلاکەرەوە بێت بۆ ئەم پەیوەندییانەی نێوان بەعس و داعش، جا چ ئەم

یەکلابوونەوەیە خوێناوی و بە لادانی لایەکەی تر تەواو دەبێت، یا لە ڕێگەی شێوازێک لە لەیەکترگەیشتن. دوور نییە ڕۆڵێکی زیاتر و چالاکانەتری ئێران لە شێوەی بەشدارییەکی ڕاستەوخۆ لە شەڕ لە عێراق ببێتە یەکێک لە هۆکارە یەکلاکەرەوەکانی نزیکبوونەوەی زیاتر و بگرە هاوپەیمانییەکی ئاشکرای بەعس و داعش، بەگشتیش لەنێوان داعش و سوننە لە عێراق لە لایەکی ترەوە. بەم واتایەش، ئەگەرێکی بەهێز ئەوەیە، کە ڕۆڵێکی ئاشکرا و هێرشبەرانەی ئێران لە عێراق بە زیانی خودی ئێران تەواو ببێت!

ڕاستەوخۆ دوای داگیرکردنی موسڵ لەلایەن داعشەوە، دارمان و تێکشکانی هێزی سەربازیی عێراق بە ناوچەکانی تری سوننەنشیندا بڵاو بوویەوە، هاوتەریبیش پێشڕەوییەکانی داعش بووە هۆی داگیرکردنی زۆر ناوچەی تر لەلایەن ئەم ڕێکخراوە توندڕەوەوە. ئەم ڕووداوانە بوونە هۆی ئەوەی هێزی پێشمەرگەش لەلای خۆیەوە بکەوێتە پێشڕەوی، یەکێک لە لێکەوتەکانی ئەم پێشڕەوییە ئەوە بوو، پێشمەرگە زۆرێکی لە ناوچە دابڕێنراوەکان گەڕاندەوە. لەڕاستیدا کۆنترۆڵکردنی ئەم ناوچانە لەلایەن پێشمەرگەوە، زیاتر لە ئاکامی دارمانی هێزی سەربازیی عێراق بوو تا هەرشتێکی تر. بە واتایەکی تر، ئەم پێشڕەوییە بە زەرورەت دەربڕی هێز و توانای پێشمەرگە نەبوو!

ڕەهەندێکی ئەم پێشڕەوییەی پێشمەرگە لە ناوچە دابڕاوەکان ئەوە بوو، هەندێک شت ڕوویان دا وایان کرد یەکێک لە گەورەئایەتوڵڵاکانی شیعە بڵێت *قبوڵی ناکەین کورد لەسەر زامەکانمان هەڵپەڕێ*... یەکێ لەو شتانەی ڕووی دا ئەوە بوو،

بەئاشکرا پێشمەرگە ئاڵای عێراقی هێنایە خوارەوە وەک ئەوەی ئەم هێزانە چووبێتنە ناو خاکی وڵاتێکی تر، کە لە حاڵەتی شەڕدایە لەگەڵیدا، نەک وڵاتێک کە تۆ لە ڕێگەی دەستوورێکەوە پێیەوە بەسترابیتەوە. دەستوورێک، کە کورد خۆی دە ساڵ بەر لە ئێستا لە ڕیفراندۆمێکدا ڕەزامەندیی لەسەر دەر بڕی. بە بۆچوونی خۆم، ئەم گوزارشتەی کەسایەتییەکی شیعە، گوزارشت بوو لە دەربڕینی هەستێکی گشتی و بەرفراوانی شیعی. ئەم ڕووداوانە دەکرێ بۆ داهاتوو کاریگەریی نەرێنی-نێگەتیڤ بەجێ بهێڵێ لەسەر پەیوەندییەکانی شیعە و کورد!

جگە لەوەش، هەر زوو لەسەر پانتاییی سیاسیی باشووری کوردستان، ڕەسمی و ناڕەسمی، بۆچوونێک لەلایەن دەسەڵاتەوە سەری هەڵدا، ئەویش ئەوەبوو کە ئیتر ناوچە دابڕێنراوەکان گەڕانەوە باوەشی بۆ کوردستان و کوردیش لەو ناوچانە ناکشێتەوە، بەڵام هەر زوو لە دیمانەیەکی پێگەی مالمۆکورددا لە ٢٩-٦-٢٠١٤، وتم ئەم مەزەندە و خوێندنەوەیە دروست نییە، چونکە زۆر بەسادەیی لەگەڵ ڕۆحی دەستووری عێراق یەکانگیر نییە. دەستوورێک کە کورد خۆی ئیمزای کردووە، واتە لە ڕێگەی ڕیفراندۆم خەڵکی کوردستان دەنگی بۆ داوە.* جگە لەوەش، لایەنی کوردی بەردەوام ئەوەی دووپات کردۆتەوە، کە ئەوە دەسەڵاتدارانی عێراقن، تۆ بڵێ عێراقی عەرەبین، دەستوور پێشێل دەکەن، بەڵام چۆنە لایەنی کوردی خۆی ئەو دەستوورە "پێشێل بکات،" *پێشێلکردنی دەستوور شانبەشانی هەڵپەڕین لەسەر برینەکانی ئەوانی تر!*

---

* https://www.youtube.com/watch?v=MaowC5Wnmwc&feature=youtu.be

# هەڵچوونێکی سیاسی

تەسەورێکی هەڵە لە ڕووداوەکان، ڕاستەوخۆ دوای کەوتنی موسڵ و پێشڕەوییەکانی پێشمەرگە لە ناوچە دابڕێنراوەکان ئەوە بوو، کە بۆ نموونە مەسعود بارزانی هەر زوو وتی ئیتر ماددەی ١٤٠ وەک ئەمری واقیع جێبەجێ بووە و چیی تر پێویست ناکات باسی ئەم ماددەیە بکەین، بەڵام دواتر دەر کەوت کە هەر نەبێ بۆچوونی یەکێتیی نیشتمانی پێچەوانەی ئەم بۆچوونە بوو، یا لە باشترین حاڵەتدا زۆر جیاواز بوو لێی. بە هەرحاڵ، هەر زوو لایەنی کوردی پاشەکشەی لەم بۆچوونەی مەسعود بارزانی کرد و جارێکی تر ماددەی ١٤٠ی کردەوە بە بەشێکی سەرەکی لە گفتوگۆکانی لەگەڵ بەغداد.

بۆچوونێکی تری هەڵە ئەوە بوو، کە گوایە داعش هێرش ناکاتە سەر کوردستان! لایەنی پارتی لە دەسەڵاتدا زیاتر هەڵگری ئەم بۆچوونە بوو، نەک یەکێتیی نیشتمانی. دەکرێ هۆکارێکی ئەم بۆچوونەش ئەوە بووبێت، کە پێشتر جۆرێک لە لەیەکگەیشتن لەنێوان پارتی و سوننە، بەتایبەتی بەعس هەبووبێ، بەڵام لە قۆناغێکدا بە هۆی کێشەکانی ناو "هاوپەیمانی"ی داعش و سوننە، بەتایبەتی بەعس، یا بە هۆی گۆڕانکاریی چاوەڕواننەکراو لە ئاراستە ستراتیژییەکانی داعشدا، لێکپچڕانێکی سوننی لەگەڵ داعشدا ڕووی دابێت.*

* بۆ بۆچوونێکی ئەوها، بڕوانە:
https//:www.youtube.com/watch?v=MaowC٥Wnmwc&feature=youtu.be

دواجار بە ئەگەری زۆر، هەر ئەم لێکدابڕانەش وای کردبێ داعش ئاراستەی هێرشەکانی بەرەو کوردستان بگۆڕێ!

ڕەهەندێکی تری کاردانەوەی لایەنی کوردی بە هۆی داگیرکردنی موسڵ ئەوە بوو، هەر زوو هەندێک لە بەرپرسە هەرە باڵاکانی کوردستان ئەوەیان جەخت کردەوە، کە ئیتر دوای ئەو ڕووداوە، عێراق، بەتایبەتی پەیوەندییەکانی کورد و بەغداد، کەوتە قۆناغی "دوای موسڵ." پەیامێکی ئەم بۆچوونەش ئەوە بوو، کە ئیتر دوای داگیرکردنی موسڵ، ناکرێ پەیوەندییەکانی کورد لەگەڵ بەغداد هەر لەسەر بنەماکانی بەر لە داگیرکردنی ئەو شارە بەردەوام بن. هەر زوو لە ڕۆشناییی ئەم بۆچوونەوە، مێژووی پەیوەندییەکانی کورد و بەغداد کرایە دوو بەشەوە: قۆناغی *بەر لە داگیرکردنی موسڵ* و *دوای داگیرکردنی*، بە واتای ئەوەی ئیتر کورد بە چوارچێوەکانی قۆناغی بەر لە داگیرکردنی موسڵ ڕازی نابێت.*

لە لایەکی ترەوە، هەر زوو بۆچوونی خۆم وا بوو، کە بۆچوونی دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان، کە گوایە ئیتر باشووری کوردستان دوای داگیرکردنی موسڵ قۆناغی

---

لە لایەکی دیکەوە، لەوە دەچێ بۆچوونێکی جێگیر بەر لە داگیرکردنی شەنگال لەلای سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان هەبووبێ، کە داعش هاتووە بۆ ئەوەی "شەڕ دژی مالکی و شیعە بکات" نەک کوردستان. بۆ نموونە نوری مالیکی، سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق، لە زیاتر لە بۆنەیەکدا جەختی کردۆتەوە، کە بەتایبەتی مەسعود بارزانی هەڵگری بۆچوونێکی ئەوها بووە. بڕوانە:
http://www.lvinpress.com/dreja.aspx?=hewal&jmare=13922-&Jor=2,access 8-12-2014

* بۆ نموونە، بڕوانە:
http//:www.sbeiy.com/Detail.aspx?id&3580=LinkID4=

پێش موسڵی تێپەڕاندووە، لە باشترین حاڵەتدا خوێندنەوەیەکی نادروست و گەشبینییەکی بێبنەما بوو. بە واتایەکی دیکە، ئەم خوێندنەوەیە زیاتر پەرچەکردارێکی بەپەلە بوو، هەروەها حوکمدان بوو لە مەسەلەیەکی گرنگ لەسەر بنەمای هەست و نەست، نەک خوێندنەوەیەکی ڕاستگۆیانە و عەقڵانی لە سیاسەت و ڕوانگەکانی.*

لە ڕاستیدا هەر زوو نادروستیی ئەم بۆچوونەی دەسەڵاتداران دەر کەوت، بەو مانایەی کە بەشداریی کورد لە حکومەتەکەی حەیدەر عەبادیدا لە قۆناغی دوای موسڵ، نەک هەر لە پێگەیەکی بەهێزترەوە نەبوو بە بەراورد بە بەشدارییەکانی پێشتری کورد، بەڵکوو بگرە ئەو بەشدارییە نسکۆیەکی سیاسیش بوو، لە ڕاستیدا کورد بە چۆکداداوی و بێچارەیییەوە ئەم هەنگاوەی هاوێشت.**

گرنگە لێرەدا ئەوەش جەخت بکەینەوە، کە ئەم چۆکدادانە نابێ هەر بخرێتە چوارچێوەی شکست و کارەساتی شەنگال و لاوازیی پێگەی کورد دوای ئەو ڕووداوە، بەڵکوو باشتر وایە ئەم لاوازییە بخەینە چوارچێوەیەکی فراوانترەوە. بۆ تێگەیشتن لەم پێگە لاوازە، پێویستیمان بە تێڕامان و خوێندنەوەیە لە

* بۆ ئەم بۆچوونەی نووسەر بڕوانە:
https://www.youtube.com/watch?v=MaowC5Wnmwc&feature=youtu.be

** ئەو هەواڵانەی دەربارەی ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکەی ٢٠١٤/٩/٨ی "سەرکردایەتیی سیاسیی کورد" بڵاو کرانەوە، ئەوەیان پشتڕاست کردەوە، کە بڕیاری بەشداری لە حکومەتی عەبادی، بڕیارێکی بێبژاردەیی و بێچارەیی بوو. بۆ نموونە بڕوانە:
http://www.sharpress.net/Direje.aspx?Jimare=22598access 17-10-2014

سەروبەری ئەو سیستمە سیاسییەی لە عێراقی دوای سەدام هاتە کایەوە، کە هەر کورد خۆیشی لایەنێکی چالاکی بەرهەمهێنانی ئەم سیستمە بوو. بەبێ ئەوەی لێرەدا بچمە ناو وردەکارییەکانی ئەم بابەتەوە، گرنگە بە شێوەیەکی سەرەکی ئەوە بڵێین، کە ئەم سیستمە دواجار لە باشترین حاڵەتدا لەسەر بنەمای *کەمینە* و *زۆرینە* دامەزراوە، کورد کەمینە و لایەنی عەرەبییش زۆرینە. هەر ئەم ڕاستییەش یارمەتیمان دەدات بۆ ئەوەی لەوە بگەین، کە چەندە ئاسان بوو بۆ لایەنی زۆرینەی عەرەبی، بە سوننە و شیعەوە، چۆک بە کورد–کەمینەدا بدات، لە ئاکامی بڕیارێکی هاوبەشی سوننە و شیعە کە بڕیاری پێشوەختەیان دابوو، "هەتا بەبێ بەشداریی لایەنی کوردییش ئەوان حکومەت هەر پێک دەهێنن."* ئاکامی ئەم هەڵوێستەش ئاشکرایە، ئەویش ئەوەیە، کە لە "بێچارەیی" واتە بەبێ بوونی هیچ ئەلتەرنەتیڤێک لە بەردەم کورددا، بەرامبەر ئەم *دیکتاتۆریەتی زۆرینەیە،*** لە

* هەر نەبێ دوو نموونەی تری زەق هەن لە خۆسەپاندنی لایەنی عەرەبی لە پەرلەمانی عێراق، چونکە زۆرینە بوون بەرامبەر بە "کەمینەی" کوردی. یەکەم یاسایەکی گرنگ دەربارەی کەرکوک، کە ناسراوە بە یاسای ژمارە ٢٣ لە ڕێگەی زۆرینەی عەرەبییەوە بەسەر کورددا سەپێندرا، دووەمیشیان تێپەڕاندنی بوودجەی ٢٠١٤، لەگەڵ ئەوەی کورد هۆڵی پەرلەمانی جێ هێشت، وەک هەڵوێستێک دژی دەنگدان بە بوودجەکە.

** بۆ خوێندنەوەی هەندێک توێژینەوە و دیمانە دەربارەی ئەو سیستمە سیاسییەی کە دوای کەوتنی ڕژێمی سەددام هاتە کایەوە و ڕۆڵی کورد لەو بارەیەوە، بڕوانە: د. بورهان أ. یاسین، *عێراقی دوای سەددام و چارەنووسی باشووری کوردستان: کۆمەڵێ لێکۆڵینەوە و چاوپێکەوتن،* دهۆک، مەتین ٢٠٠٨. ئەوەی بە تایبەتی لە بەشێک لەو توێژینەوە و دیمانانەدا جەختکراوەتەوە ئەوەیە کە ئەو سیستمەی بەرهەمهات سیستمی *دیکتاتۆریی زۆرینە (ستەمکاری زۆرینە)ی* عەرەبی بوو، بەڵام لە ڕێگای دەستور و ئامرازی "دیموکراتیانەوە"!

دواچرکەدا پەرلەمانتارە کوردەکان چوونە ناو هۆڵی پەرلەمان و دەنگیان بە حکومەتەکەی عەبادی دا.

دوای ئەم ڕووداوە، جارێکی تر لایەنی کوردی دەرفەتێکی تری هەیە، کە بۆ تێگەیشتن لە حاڵەتی بنبەست و پەیوەندییەکی پڕ لە تەنگژە و قەیراناوی لەگەڵ بەغداد پەنا بۆ بیرکردنەوەیەکی جیاوازتر ببا لە بەرەوڕووبوونەوەی عێراقی عەرەبیدا، واتە عێراق بەبێ باشووری کوردستان. بیرکردنەوەیەکی جیاوازتریش لەسەر بنەمای پێداچوونەوەی تەواوی پەیوەندییەکانی کورد و بەغداد دەبێت. ڕاستییەکەش ئەوەیە، کە لەسەر بنەمای دەستووری عێراق، کورد بەر لە کەم یا زۆر، دە ساڵ بەوە ڕازی بوو، دەسەڵاتەکان لەگەڵ بەغداد بەش بکات، دەسەڵاتی نەتەوەیەک، واتە دەسەڵاتی کورد، بەسەر چارەنووسی خۆیدا کەم کراوەتەوە لە ڕێگەی دەستوورەوە، کە ئەویش *باڵادەستیی نەتەوەی زۆرینەیە* لە بڕیارە هەرە گرنگەکان، بەتایبەتی ئەوانەی پابەندن بە سەروەریی نیشتمانی، ئابووری و سیاسەتی دەرەوە. بەم پێیەش کورد خۆی بەوە "ڕازی بووە" بکەوێتە ناو گەمەیەکەوە، کە تیایدا کورد کەمینەیە و بەم پێیەش لە هەموو ئەو مەسەلانەی بەبێ چارەسەری ماونەتەوە و لەو مەسەلانەشی لە دەستووردا یەکلایی نەکراونەتەوە، شەڕێکی بەردەوامی تەفسیر و دژەتەفسیر لەنێوان کورد و بەغداد هەیە. چاوەڕوانکراوە کە زۆرجار کورد دووچاری غەدری ئەو *دیکتاتۆریەتی زۆرینەیە* ببێتەوە، کە پێشتریش لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا دووچاری بۆتەوە. ئەوەتا لە بەشێکی زۆری ساڵی ٢٠١٤دا کورد کەم یا زۆر نانبڕاو کرا لەلایەن بەغدادەوە، هێما و دەربڕی دەسەڵاتی نەتەوەی سەردەست و دیکتاتۆریەتی زۆرینە!

دەرەنجامێکی ئەم بۆچوونە ئەوەیە، کە تا کورد لە چواچێوەی عێراقدا مابێتەوە، ئەو چوارچێوەیەی تیایدا نەتەوەی سەردەست خاوەنی پێگەیەکی بەهێزترە لە بڕیاری سیاسیدا، ئەوا دەبێ کورد لە حاڵەتی بگرە و بەردە، بنبەست و قەیران و ململانێی بەردەوامدا بێت لەگەڵ بەغداد. هەر لێرەشدا دەتوانم بڵێم هۆکارەکانی بەرەوڕووبوونەوەی سەربازی لەنێوان کورد و بەغداد، دوای ڕووداوەکانی ئەم چەند مانگانەی دوایی، زیاتر بوون و کەمتر نەبوونەتەوە. ئەوەشی "نوێیە" و پێویستە لایەنی کوردی بە نیگەرانییەکی زۆرەوە لێی نزیک ببێتەوە ئەوەیە، کە شیعە لە ڕێگەی ناردنی هێزەکانی بۆ ناوچە دابڕێنراوەکان، بەتایبەتی ناوچەی کەرکوک، هەڕەشەکانی خۆی لە "دوورەوە" هێنایە ناوماڵی کورد، نەک هەر بەردەرگای ئەو ماڵە. نەک هەر بە ئەگەریش، بەڵکوو تا ڕادەیەکی زۆر دەتوانم بەدڵنیاییەوە بڵێم ئەم *هێرش و* پاڵەپەستۆ *شیعی – ئێرانییە*، کە ئێستا لەسەر پێیە، ئاکامی مەترسیداری دەبێ بۆ سەر ئارامی و ئاسایش و یەکڕیزیی سیاسی لە باشووری کوردستان...

## کارەساتی شەنگال: هۆکار و دەرهاوێشتە

پێویستە لە سەرەتادا ئەوە بوترێ، کە وشەی شەنگال ئیتر بووە بە سیمبولێکی تری تراژیدیای کوردی، تراژیدیاکەش لە تەواوی شکستەکانی دەسەڵاتی باشووری کوردستان جیا ناکرێتەوە، هەر لە شەنگال تا جەلەولا. جگە لەوەش، هەر یەکسەر دوای کەوتنی شەنگال، هەڕەشەی جیددی لەسەر کەوتنی هەولێر و دهۆکیش هەبوو، لە ڕاستیدا دەکرا ئەم هەڕەشەیەی سەر

هەولێر و دهۆک، *تەنها بە جیاوازیی چەند کاتژمێرێک*، بە کارەساتێکی زۆر گەورەتر بۆ کورد تەواو ببێ.

شەنگال شکستی سەروبەری دەسەڵاتی ٢٣ساڵەی کوردی بوو، هەروەها پشتڕاستکردنەوەیەکی جیددی بوو لە کلۆڵیی ئەو دەسەڵاتە و کلۆڵیی ناسیۆنالیزمی کوردی. ئەم کارەساتە بوو بە سەلماندنێکی دیکە بۆ ئەو بۆچوونەی بەردەوام جەختی لە پێداویستیی بەدامەزراوکردن و بەنیشتمانیکردنی تەواوی دامەزراوەکانی دەسەڵاتی کوردی کردۆتەوە، بەتایبەتی بەدامەزراوکردنی هێزی چەکداری لە کوردستان، یا ڕاستتر و ڕاشکاوانەتر بڵێین، هێزە *چەکدارەکانی* کوردستان، بەو واتایەی تا ئێستا بەشێکی زۆری ئەم هێزانە نەک هەر هیی دوو حیزبی سەرەکیی دەسەڵاتن، بەڵکوو بگرە زۆرێک لە سەرکردەکان یەکەی سەربازی و لیوا و فەوجی تایبەت بە خۆیانیان هەیە. ئەمە جگە لەو ڕاستییەی، کە تا ئێستاش پانتاییی نەتەوە لە باشووری کوردستان، نەک هەر لە ڕەهەندی هێزی سەربازییەوە، بەڵکوو لە زۆربەی زۆری ڕەهەند و کایەکانی حوکمڕانییەوە دابەش کراوە. لەمەش خراپتر، جگە لە دابەشبوونی دەسەڵات لە ڕووە ڕەسمی و بینراوەکەیدا، دابەشبوونێکی تری شاردراوە، قووڵ و نادیار، لەنێوان پارتی و یەکێتی هەیە، بەتایبەتی لە بواری چالاکییە ئابوورییەکان و دەستگرتن بەسەر سەرچاوەکانی دەوڵەمەندی لە دەرەوەی سنوورەکانی یاسا و ڕێسا ڕەسمییەکان، بەتایبەتی بوونی دوو دانە *ئابووریی ڕەش*، بۆ نموونە کۆمپانیا وەهمییەکانی دوو حیزبی دەسەڵات.*

---

* بۆ خوێندنەوەیەکی لەم جۆرە بە شێوەیەکی فراوانتر، بڕوانە د. بورهان

دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی کارەساتی شەنگال و دەرهاویشتەکانی، کارێکی هەر وا ئاسان نییە. بە هەرحاڵ، لەمەڕ هۆکارەکانی ئەم کارەساتە، دەتوانین باس لە دوو شێوەی بۆچوون بکەین، کە یەکێکیان هیی دەسەڵاتە و ئەوەی تریشیان هیی دەرەوەی دەسەڵاتە.

هەر زوو دوای کارەساتی شەنگال، لەو ڕوونکردنەوانەی لە دەسەڵاتەوە دەر کەوتن، بە شێوەیەکی تایبەتی دووانیان جێگەی سەرنجن:

أ- جەختکردنەوە لەوەی کشانەوەی هێزی پێشمەرگە لە شەنگال لە بەرامبەر هێرشی داعش "تاکتیک" بوو و ئامانج لێی خۆڕێکخستنەوە بوو، بۆ ئەوەی دواتر پێشمەرگە خۆی هێرش بکاتەوە.

لەسەر مەسەلەی ئەو پاشەکشە "تاکتیکییە،" هەر زوو کاردانەوەی دەسەڵات، بەتایبەتی مەسعود بارزانی، ئەوە بوو لیژنەیەک پێک هێنرا بۆ لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکانی کارەساتەکە، بەتایبەتی دەستنیشانکردن و بەدادگاگەیاندنی ئەو بەرپرسە سەربازییانەی هۆکاری شکستەکە، تۆ بڵێی کشانەوە تاکتیکییەکە بوون، بەڵام ئێستاش دوای ئەم هەموو ماوەیە کە بەسەر کارەساتەکەدا تێپەڕیوە، خەڵکی کوردستان بۆی ڕوون نەبۆتەوە، کە ئایا بەرپرسانی ئەم کارەساتە کێ بوون و ڕاستی و دروستیی ئەوەی بەسەر ئەم شارە و دەوروبەریدا هات چی بوو!

---

أ. یاسین، "باشووری کوردستان دوای هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩/٧/٢٥: ئەگەرەکان بە ڕووی داهاتوودا،" بەتایبەتی ل٤-٦. ئەم بابەتە لە تشرینی یەکەمی ٢٠٠٩دا بڵاو بۆتەوە:
http://burhanyassin.com/Helbijardinekan-dr.%20Burhan%20Yassin.pdf

بە باوەڕی خۆم، بەرپرسی سەرەکی دەشێ مەسعود بارزانی خۆی بێت، بە سیفەتی ئەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە و سەرکردەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی هەرێمیشە. جگە لەوەش، هەر خۆیشی سەرۆکی پارتییە، ئەو حیزبەی کە هەتا دوای کەوتنی شەنگالیش، "بە شانازییەوە" ئەوەی جەخت کردۆتەوە، کە بەڵێ شەنگال "زۆنی زەردە، واتە زۆنی پارتییە."* نەک هەر ئەوە، بەڵکو دواتریش هەندێک لە بەرپرسانی پارتی ئەوەیان دووپات کردەوە، کە پارتی خۆی بەرپرسە لە پلاندانان بۆ ئازادکردنەوەی شەنگال و دەرهێنانیشی لە چنگی داعش هەر بەرپرسیارێتیی ئەو حیزبەیە. یەکێک لە سەرکردە سەربازییەکانی پارتی، عومەر عوسمان یا ناسراو بە زەعیم عەلی، بەڕاشکاوی ئەم بۆچوونە جەخت دەکاتەوە و دەڵێت، "پلانی ڕزگارکردنی ئەو بەشەی قەزای شەنگال کە ئێستا ڕزگار کراوە، تەنها لەلایەن پارتییەوە ئەنجام دراوە و هەر ئەویش دەتوانێت بیپارێزێت." هەروەها دەڵێت، "ئەو هێزەی یەکێتییش کە بەشدارییان کردووە، کەمبوون و ڕۆڵیان نەبووە،"** بەڵام

* ئەندامێکی سەرکردایەتیی پارتی (هێمن هەورامی) بە شانازییەوە دەڵێ، "شەنگال هەموو کات قەڵای زەردی پارتی بووە، هەر بە زەردییش دەمێنێتەوە." بڕوانە:

http//:www.lvinpress.com/dreja.aspx=?hewalHYPERLINK "http://www.lvinpress.com/dreja.aspx?=hewal&jmare=10360&-Jor=1"&HYPERLINK "http://www.lvinpress.com/dreja.aspx-?=hewal&jmare=10360&Jor=1"jmare=10360HYPERLINK "http://www.lvinpress.com/dreja.aspx?=hewal&jmare=10360&-Jor=1"&HYPERLINK "http://www.lvinpress.com/dreja.aspx-?=hewal&jmare=10360&Jor=1"Jor=1 access 13-9-2014

** بڕوانە:

جێگەی سەرنجە بەپێی ئەم سەرکردەیە، مەسعود بارزانی وەک سەرۆکی پارتی سەرپەرشتیی بەرەی جەنگی لە شەنگال کردووە، نەک فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی هەرێم، کاتێک دەڵێت، "پلانی ڕزگارکردنی شەنگال، تەنها پارتی کردوویەتی بە سەرپەرشتیی سەرۆک بارزانی."*

لە لایەکی تریشەوە، دەبێ ئەوەش جەخت بکەینەوە، شکستەکەی شەنگال لە زەمەنێکدا ڕووی دا، کە تیایدا ئۆپۆزسیۆنی دوێنێ بووەتە بەشێک لە دەسەڵات. لەوەش گرنگتر، لە کاتی ڕوودانی کارەساتەکەی شەنگال، وەزارەتی پێشمەرگە، یا *ڕاستتر بڵێین پۆستی وەزیری پێشمەرگە*، بە دەستی بزووتنەوەی گۆڕانەوە بوو. بە باوەڕی خۆم، کەوتنی شەنگال چەندە ئەزموونێکی تاڵی شکستخواردووی دەسەڵاتدارانی پێشووی پشتڕاست کردەوە، ئەوەندەش ئۆپۆزسیۆنی دوێنێی کە ئەمڕۆ بەشێکە لە دەسەڵات، بەرەوڕووی ئەزموونێکی تاڵ لە حوکمڕانی کردەوە و بەرەوڕووی تاقیکردنەوەیەکی کردەوە، کە دەرچوون لێی هەر وا ئاسان نییە. دەتوانین مەسەلەکە بەم شێوەیە چڕ بکەینەوە: ١- ئۆپۆزسیۆنی دوێنێ خۆی خاوەنی ئەو دەسەڵاتە نییە کە بۆ خۆی جڵەوی ڕووداوەکان بگرێتە دەست و بەرپرسیارێتییان هەڵبگرێ. ٢- خراپتر لەوە، هەر ئەو کاتە ئەم بەشەی دەسەڵات، واتە ئۆپۆزسیۆنی پێشوو، نەیتوانی پرسیاری "تاکتیکی کشانەوە" بوێرانە و بەبێ پێچوپەنا بەرەوڕووی پارتی و زۆر بەتایبەتی سەرۆکی ئەو حیزبە مەسعود بارزانی، بکاتەوە و لەوەش دەچێ ئێستا و لە

http://hawlati.co/%d8%a6%db%95%d8%b1%d8%b4%d-b%8c%da%a4%db%95%da%a9%d8%a7%d9%86/63025

* هەمان سەرچاوە.

داهاتووشدا نەتوانێ ئەم پرسیارە بکا!

لێرەدا پێویستە بوترێت مەسەلەی بەناو "کشانەوەی تاکتیکی" دەکەوێتە ملی وەزیری پێشمەرگەش، تا ئەو کاتەی خۆی بۆ ڕای گشتی ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە چەند و چۆن و تا چ ڕادەیەک ئەم وەزیرە ئاگاداری ئەو کشانەوە تاکتیکییە بووە! بە هەردوو دیویدا پێویستە شتەکە ڕوون بکاتەوە، جا چ بەشدار بووبێ لە بڕیاری کشانەوە یاخود بەبێ ئاگاداریی ئەو بڕیارەکە درابێ!

بە باوەڕی خۆم، ئەم پرسیارە هیی ئەوەیە کە لە ئاستی هەرە باڵای سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆنی پێشوو بکرێ و خودی مەسعود بارزانی بەرەوڕووی ئەو بەرپرسیارێتییە بکرێتەوە! ئەگەر ئەوەش نەکرێ، ئایا ئۆپۆزسیۆنی دوێنێ، بەتایبەتی بزاڤی گۆڕان، ئامادەیە لە داهاتوودا باجێکی زۆر گرانی هەڵە، هەڵوێست و بڕیارە تەماوییەکانی ئەوانی تر بدات، ئەو باجەی کە هەر زوو پێویست بوو، ئێستاش پێویستە ئەوانی تر کە *دەسەڵاتدار و بەرپرسی ڕاستەقینەن*، بیدەن.

ئەم مەسەلەیە نەک هەر کێشەیە بۆ ئۆپۆزسیۆنی دوێنێ، بەڵکوو مەسەلەیەکی گرنگە لەمەڕ ئەو پرسیارەی کە ئایا ڕۆڵ و ئاگاداریی هاوپەیمانە ستراتیژییەکەی پارتی، واتە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە بڕیار و کرداری کشانەوەکە چەند بووە، پێویستە ئەم حیزبە ڕاشکاوانەتر هەڵوێستی خۆی ڕوون بکاتەوە، کە ئایا ئەم ئاگاداری و ڕۆڵە چۆن بووە و لە چ ئاستێکیش بووە، یا یەکێتی ئەسڵەن هەر ئاگادار نەبووە!

ب- بەهانەی دەسەڵات کە گوایە چەکەکانی پێشمەرگە کۆن بوون: هەر زوو دوای کارەساتی شەنگال، لەسەر زاری زۆرێک

له‌ به‌رپرسانی ده‌سه‌ڵات پڕوپاگه‌نده‌ی ئه‌وه‌ کرا، كه‌ گوایه‌ له‌به‌ر ئه‌وه‌ی چه‌كه‌كانی داعش مۆدێرنتر بوون و به‌و واتایه‌ش چه‌كی پێشمه‌رگه‌ كۆن بوون، هێزی پێشمه‌رگه‌ نه‌یتوانی به‌رگری بكات. دواتر به‌رپرسانی هه‌رێم، به‌تایبه‌تی سه‌رۆكی هه‌رێم مه‌سعود بارزانی، به‌ جه‌ختكردنه‌وه‌ ئه‌وه‌یان دووپات كردۆته‌وه‌، كه‌ گوایه‌ داعش به‌ "چه‌كی دوو ده‌وڵه‌ت" شه‌ڕی كورد ده‌كات.

له‌ لایه‌كی دیكه‌وه‌، ده‌توانین ئاماژه‌ به‌ بۆچوونی جیاواز له‌ هی ده‌سه‌ڵات بكه‌ین، به‌ واتای: ١- بۆچوونی كه‌سانی شاره‌زا ئه‌وه‌یان پشتڕاست كردۆته‌وه‌، كه‌ شكستی پێشمه‌رگه‌ هیی نه‌بوونی چه‌كی مۆدیرن نه‌بوو، به‌ڵكوو به‌ هۆی زۆر فاكته‌ری دیكه‌وه‌ بوو.* ٢- به‌ به‌راوردێكی به‌په‌له‌ له‌نێوان هێزه‌كانی خۆرئاوای كوردستان، به‌تایبه‌تی له‌ حاڵه‌تی به‌رخودانی بێوێنه‌ی شه‌ڕڤانان له‌ كۆبانێ له‌ لایه‌ك و جێهێشتنی شه‌نگال له‌لایه‌ن هێزی پێشمه‌رگه‌وه‌ به‌بێ هیچ به‌رگرییه‌ك له‌ لایه‌كی تره‌وه‌، ئه‌وه‌مان بۆ ده‌ر ده‌كه‌وێت، كه‌ نه‌ له‌ ڕووی ژماره‌ و چه‌ك و نه‌ له‌ ڕووی لۆجستییه‌وه‌ هیچ به‌راوردێك نییه‌ له‌نێوان ئه‌و هه‌موو توانسته‌ی پێشمه‌رگه‌ له‌ چه‌ك و كه‌ره‌سه‌ی شه‌ڕ و توانا لۆجستییه‌كان و ئه‌و توانا زۆر *سنووردار‌ه‌ی* شه‌ڕڤانان

---

* هه‌روه‌ها له‌ دیمانه‌یه‌كدا له‌گه‌ڵ نووسه‌ری ئه‌م وتاره‌ له‌ هاوینی پار ٢٠١٤، به‌ر له‌ داگیركردنی شه‌نگال، شاره‌زای بواری سه‌ربازی فه‌ریق سه‌روه‌ر قادر به‌رزنجی گومانی له‌وه‌ هه‌بوو پێشمه‌رگه‌ له‌ توانایدا هه‌بێ به‌رامبه‌ر داعش بوه‌ستێته‌وه‌، به‌هانه‌كه‌شی ئه‌وه‌ بوو، ئه‌و دیارده‌یه‌ی له‌ناو پێشمه‌رگه‌دا (كه‌ هه‌فته‌یه‌ك له‌ ده‌وام بێت و سێ هه‌فته‌ له‌ ماڵه‌وه‌ بێت) له‌ هێزی چه‌كداریی وڵاتانی دیكه‌دا نییه‌. هه‌ڵبه‌ته‌ ئه‌مه‌ ته‌نها به‌هانه‌یه‌كه‌ و زۆر هۆكاری دیكه‌ بۆ شكستی هێزی پێشمه‌رگه‌ هه‌ن، كه‌ مرۆڤ ده‌توانێ باسیان لێوه‌ بكات، كه‌ گرنگترینیان به‌نیشتمانینه‌بوون و به‌دامه‌زراونه‌بوونی ئه‌و هێزه‌ چه‌كداره‌یه‌.

لـه خۆرئـاوا هەیانبـوو. لەگـەڵ ئەوەشـدا، هەمـوو جیهـان نەک هەر کـورد خـۆی، شـاهێدی ئـەو هەمـوو بەرخودانـه سـەرسـوورهێنەره بـووه کـه هێزەکانـی خۆرئـاوای کوردسـتان کردوویانـه و دەیکەن.

٣- بۆچوونێـک کـه دەمێکـه لـه بـواری تیـۆری جەنگـدا جەختـی لەسـەر کراوەتـەوه ئەوەیـه، کـه جەنـگ دوو ڕەهەنـدی سـەرەکی و هـەره گرنگـی هەیـه، یەکێکیـان ڕەهەنـدی چـەک، تەکنۆلۆژیـای جەنـگ و لایەنـی لۆجسـتی، بـەڵام ڕەهەندەکـەی تریـان تـەواو جیاوازه، کـه ئەویـش ئـەو "ڕێکخسـتنه کۆمەڵایەتییـه" (social organization)ەیـه کـه جەنـگ پشـتی پـێ دەبەسـتێت، واته ئـەو ڕەهەنده کۆمەڵایەتییەیه کـه دەبێتـه قووڵایـی و پشـتگیر بـۆ جەنگەکـه و هەر لەو قووڵاییيـەش هێـز و وزه بـه ماکینەی جەنـگ دەدرێ. له ڕاسـتیدا نـەک هـەر هێـز و وزه بـه مانـا فیزیکـی، یـا ماددییەکـەی، بەڵکوو ئـەم ڕێکخسـتنه کۆمەڵایەتییـه چوارچێوەیەکیشـه بـۆ خەمڵاندنـی گووتـاری جەنـگ و ڕەواییـدان بـه جەنـگ و مۆبیلیزەکردنـی توانـا مرۆیيیەکان، بـه بەهانـەی بەرگـری لـه سـەروەری و ئاسایيشـی نیشـتمانی و هەندێـک بەهـای گرنـگ کـه بنەمـای ئـەو ڕێکخسـتنه کۆمەڵایەتییـەن، بـۆ نموونـه دەوڵەتـی مۆدێرن.*

جگـه لەوەش، دەبـێ بـه جەختکردنـەوه ئـەوه بوتـرێ، کـه ڕووداوەکانـی شـەنگال و ئـەو قەیرانـه ئابـووری و بنبەسـته سیاسـییەی هەرێـم لەگـەڵ بەغـداد تێـی کەوتـووه، بەجوانـی ئەوەیـان پشـتڕاسـت کـردەوه، کـه مەسـەلەی کوردسـتانی سـەربەخۆ تەنهـا هەڵدانـی درووشـم نییـه و تەنهـا و تەنهـاش بـه

* بۆ بۆچوونێکی ئەوها، بڕوانه:
Harry Holbert Turney-High, *Primitive War; Its Practice and Concept*, Columbia, University of South Caroline Press, 1971.

بزواندنی *هەستوسۆزی* خەڵکی کوردستان نایەتە دی. ئەم شکستە و کۆی قەیران و کێشەکان ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە، کە مەسەلەی سەربەخۆیی *دەبێ بە ناوەڕۆک بکرێ* و لە بۆچوونێکی فرەڕەهەندی و فرەئاستیدا وردبوونەوە و تێگەیشتن و ئامادەکاریی بۆ بکرێ.*

ئەوەی لە شەنگال ڕووی دا زەربەیەکی کوشندە بوو لە بیرۆکەی جیاکردنەوەی باشووری کوردستان لە عێراق و ڕاگەیاندنی ئەو بەشەی کوردستان وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ، نەک هەر لە واتا جوگرافییەکەیدا، واتە لەدەستدانی هەندێ شوێن، بەڵکوو لە ناخ و ماهییەتی بیرۆکە و پێشمەرجەکانی سەربەخۆیی و دەوڵەتی سەربەخۆدا. هەرچەندە ئەم نووسراوە خۆی لەوە بەدوور دەگرێ، کە لەمبارەیەوە بەدووروودرێژی شێوازی چارەسەر بخاتە ڕوو، بەڵام ئەوەی دەکرێ بە پەیوەندی لەگەڵ تێبینییەکانی سەرەوە بیڵێین، ئەوەیە کە ناسیۆنالیزم، وەک پرۆژەیەکی ئایدیۆلۆژی - سیاسی و بزاڤێکی کۆمەڵایەتیی فرەڕەهەند، ئەو کاتە سەرکەوتوو دەبێ، کە توانیبێتی کۆمەڵگەیەکی مرۆیی، تۆ بڵێ نەتەوە بە واتا کولتوورییەکەی، واتە لە حاڵەتی بەیەکەوەگرێدان لەسەر بنچینەی هەست و

* بە باوەڕی خۆم، وتارەکەی ڕێکخەری گشتیی بزاڤی گۆڕان (نەوشیروان مستەفا)، بە بۆنەی نەورۆزی ٢٠١١، هەوڵێکی جیددی بوو بۆ بەناوەڕۆککردن و بەکێشەبینینی مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان و هەوڵێکی گرنگ بوو بۆ تێگەیشتن لەو کێشانەی پەیوەندییان بە بڕیار و ڕاگوزەری بەدەوڵەتبوونەوە هەیە. ئەم ڕاگەیاندنە دەکرێ بە زۆر شێوە بخوێندرێتەوە و تێگەیشتنی بۆ بکرێ. یەکێک لەو شتانەی بەزەقی لە وتارەکەدا دەر دەکەوێ، ئەوەیە کە ئیتر مەسەلەی بەدەوڵەتبوون تەنها بە بزواندنی هەست و نەستی جەماوەر ناکرێ. لە ڕاستیدا دەکرێ بزواندنێکی ئەوها زۆریش مەترسیدار بێت بۆ پرۆسەی بەدەوڵەتبوون.

نەست و مێژووی هاوبەش و... هتد بگوازێتەوە بۆ حاڵەتی بەدەستهێنانی سەروەریی نەتەوەیی لە شێوازی دەوڵەتی مۆدێرندا. ئەم سەروەرییەش ئاوێتەبوونێکی فرەڕەهەند و ئۆرگانیکییە لە نێوان ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی، تۆ بڵێ نەتەوە بە واتا سیاسییەکەی لە لایەک و پانتایی و فەزای جوگرافیی نەتەوە، کە پێی دەوترێ نیشتمان، لە لایەکی ترەوە. هەڵبەتە باشترین شێوازی ئەو ئاوێتەبوونەش لەنێوان فەزای جوگرافی و فەزای کۆمەڵایەتی، بوونی دەستوورێکی پێشکەوتووە، کە لە ناوەڕۆکیدا، بۆ نموونە، حوکم و سەروەریی یاسا، مافی مرۆڤ، ئازادییەکان، هاووڵاتیبوون و بەها دیموکراتییەکانی بەرجەستە و پارێزراو بن. تا ئێستا دەستوورێکی ئاوا لە کوردستان نییە و بەوەش دەتوانین بڵێین هێشتا میکانیزم و چوارچێوەی ئاوێتەکردنی ئەو دوو فەزایە (*جوگرافی و کۆمەڵایەتی*)یە بوونی نییە، بەو مانایەش ئەمە لاوازییەکە لە بوونیادی دەسەڵاتی کوردیدا، لە حاڵەتی ئاشتی و جەنگدا، بەڵام لە حاڵەتی جەنگدا ئەم لاوازییە زیاتر دەر دەکەوێت و ڕەنگ دەداتەوە.

## تورکیا: شەنگال و ڕووداوە پەیوەندیدارەکان

داگیرکردنی شەنگال و هەندێ ناوچەی دیکە لەلایەن داعشەوە، تەنانەت دروستبوونی مەترسییەکی جیددیش لەسەر کەوتنی هەولێر و دهۆک، لە زۆر ڕووەوە زەنگێکی یەکجار مەترسیدار بوو.

دەشکرێ بڵێین کەوتنی شەنگال و بەسەرهاتی کوردە ئێزدییەکان، لە واتا و ڕەهەندە ستراتیژییەکەیدا، بە هەردوو واتا سەربازی و سیاسییەکەی، کارەساتەکەی ئازاری ١٩٧٥ی

بیرخستینەوە. لەم بەراورد و بیر خستنەوەیە، مەبەستمە زۆر بەکورتی بڵێم بەسەرهاتی شەنگال شکست و داڕمانی کۆمەڵێک "وەهم" بوو، هەر وەک چۆن نسکۆی ١٩٧٥یش داڕمان و واڵابوونی کۆمەڵێک *وەهم* بوو.

بەم واتایەش، کارەساتەکەی شەنگال و ڕووداوە پەیوەندیدارەکان، تا ڕادەیەکی زۆر دووبارەبوونەوەی تەرتیباتە ستراتیژییەکانی خەباتی چەکداری بوو، هەرچەندە زەمەنێکی زۆر بەسەر خەباتی چەکداریدا تێپەڕیوە و بە قسەی زۆرێک لە سەرکردەکانی باشووری کوردستانیش زەمەنی خەباتی چەکداری بەتەواوەتی بەسەر چووە.* بەپێی ئەم بۆچوونە، تۆ بڵێی

* مەبەست لە تەرتیباتە ستراتیژییەکانی خەباتی چەکداری، ئەو پێکهاتە بازنەییەیە کە لەنێوان جووڵانەوەی چەکداریی کوردی لە لایەک و ڕژێمێکی داگیرکاری کوردستان لە شێوەی هاوپەیمانییەکی بازنەیی (تۆ بڵێی هاوپەیمانییەکی ناموقەدەس) دروست دەبێت. بە واتای ئەوەی نیوەی بازنەکە لەو هاوپەیمانییەدا لە جووڵانەوەیەکی "ئازادیخوازی" پێک دێت، بەڵام نیوەکەی تری بازنەکە وابەستەیی، خۆبەدەستەوەدان و تەسلیمکردنی ئیرادەی جووڵانەوەکەیە بە داگیرکار. ئەمە یەکێک بووە لە دژایەتییە هەرە کوشندەکانی خەباتی چەکداری. ئەم شێوازی تیۆریزەکردنەی خەباتی چەکداری، نەک هەر یارمەتیمان دەدات لە تێگەیشتن لە بۆ نموونە، نسکۆی ١٩٧٥ و هەندێ شکستی دیکەی پشتشکێن، بەڵکوو بوونی ئەم شێوە هاوپەیمانییە لە ماوەیەکی دوورودرێژدا بۆتە هۆی بەرهەمهێنان و بەرجەستەکردنی شێوازێک لە *کولتووری سیاسی* لە بزاڤی سیاسی کوردستاندا، کە کولتووری وابەستەییە بە داگیرکارەوە، لە هەمان کاتدا *ڕەواییدانێکی مەترسیداریشە* بەو کولتووری وابەستەییە. ئەوە بۆ نموونە ڕێک ئەو کولتوورەیە کە ڕێگە دەدات، یا ڕاستتر بڵێین ڕەوایەتی دەدات، بە هێزێکی کوردستانی کە یارمەتی لە لەشکری ئەنفال (واتە لەشکری بەعس) وەر بگرێ بۆ بەناو "ئازادکردنی" هەولێر لە هێزێکی دیکەی کوردستانی. ئەم کولتوورە سیاسییە هۆکارێکی گرنگ و ناوەندییە لە کلۆڵیی ناسیۆنالیزمی کوردی، ئەگەرنا، ئایا دەکرێ تۆ (هەر وەک پێشتر

ئەم بەراوردە، بەتایبەتی خەسڵەتێکی سەرەکیی ئەزموونەکانی خەباتی چەکداری لە باشووری کوردستان (١٩٦١ تا ١٩٧٥) و (١٩٧٦ تا ١٩٨٩) و دواتر لە باکووری کوردستان لە (١٩٨٤ تا ١٩٩٩) کۆ دەکاتەوە، لە لایەکەوە جووڵانەوەکە ئازادیخوازە و جەنگی بەرامبەر بە داگیرکار بەرپا کردووە، بەڵام لە لایەکی ترەوە، هەمان ئەم جووڵانەوەیە "ئازادیخوازە" تا سەر ئێسقان وابەستەیە بە داگیرکارێکی دیکەوە. بەپێی ئەم تێڕوانینە تیۆرییە، دوێنێ لە باشوور لەنێوان شای ئێران و بارزانیدا، ئایەتوڵڵاکان و جووڵانەوەی چەکداریی باشوور و لەنێوان ڕژێمی ئەسەد و پەکەکەدا، لەگەڵ ڕووداوەکانی شەنگال و هەڕەشەکانی سەر خودی هەولێر و دهۆک لەنێوان پارتی و تورکیادا. دەڵێم لەنێوان پارتی و تورکیا، چونکە:

١- هەر لە سەرەتای ١٩٩٠کانەوە، زۆر بەتایبەتی دوای کەوتنی ڕژێمی سەدام، پەیوەندییەکی تاکلایەنە لەنێوان پارتی و تورکیادا پەرەی سەندووە. بە واتایەکی تر، ماوەیەکی زۆرە لەنێوان باشووری کوردستان، تۆ بڵێی پارتی دیموکراتی کوردستان و تورکیا، شێوەیەک لە "هاوپەیمانێتی"ی ڕانەگەیەندراوی هەمەلایەنە دروست بووە. لە ماوەی چەند ساڵی کەمی ڕابردووشدا، ئەم پەیوەندییانە هەندێک مەدای

---

لە جێگە و بۆنەی دیکەدا گووتومە) تەنها پێنج دانە کەسی جوو پەیدا بکەیت، کە *تەنها تەسەور بکەن* حیزبێکی جوولەکە (یا ئیسرائیلی) یارمەتی لە لەشکری نازی بە سەرکردایەتیی هیتلەر وەر بگرێ بۆ "ئازادکردنی" تەلئەبیب لە دەستی حیزبێکی دیکەی جوولەکە؟ بۆ دوو باسی نووسەر دەربارەی بابەتی خەباتی چەکداری و مەسەلە پەیوەندیدارەکان بڕوانە: د. بورهان أ. یاسین، *ئەوەی ئەوڕۆ سیاسەتە.. سبەی مێژووە*، سلێمانی، ٢٠٠٢، لاپەڕە ١٠٥- ١٤٢ و ١٤٣- ١٦٨.

ستراتیژیی هەستیاریان وەر گرتووە، لەپێش هەمووشیانەوە، پەیوەندییە ئابوورییەکان و لەوێشدا زۆر بەتایبەتی فایلە هەرە هەستیار و مەترسیدارەکەی نەوت و گاز، کە ئێستاش لە دیوە کوردییەکەیدا فایلێکی تەماوی و ناڕوونە و هەر بەدەست پارتیشەوەیە.

هەڵبەتە بەشێکی کێشەکەش ئەوەیە، ئەمڕۆ وەک سالانی سەدەی نۆزدەهەم* دوو هێزی سەرەکی لە کوردستان بوونەتە درێژکراوەی دوو هێزی ئیقلیمی، ئێران و درێژکراوەی بەرژەوەندییەکانی و پەیوەندییەکانی لە قوولاییی باشووری کوردستاندا لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، لە لایەکی ترەوە، بە هەمان شێوە تورکیا و درێژکراوەی بەرژەوەندییەکانی و پەیوەندییەکانی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان.

٢- پەیوەندییەکانی تورکیا و پارتی لە مەسەلەی ئابووری دەر چووە و چووەتە خانەیەکی سیاسیی زۆر هەستیارەوە، کە ئەویش پەیوەندیداربوونی دوو فایلی باکووری کوردستان، بەتایبەتی پەکەکە و خۆرئاوای کوردستان، بگرە تێکەلاوبوونی ئەم دوو فایلە لە قاڵبێکی یەکبووشدا. لە دوو دیدی جیاوازەوە، بەلام تا ڕادەیەکی زۆر یەکانگیر، تورکیا و پارتی هەردووکیان لە ڕۆڵی چالاکانەی پەکەکە لە خۆرئاوای کوردستان نیگەرانن. دیوەکەی تری گرنگیی ئەم هاوکێشەیەش ئەوەیە، پەکەکە نەیشاردۆتەوە کە خۆرئاوای کوردستان بۆ ئەو حیزبە مەسەلەیەکی "*ستراتیژییە*." هەر بەم پێیەش، ئەو

---

* لە ڕاستیدا نەک هەر لە سالانی سەدەی نۆزدەهەم، بەڵکوو بگرە لە سەرەتای سەدەی شازدەهەمەوە، کورد، بەتایبەتی ئیمارەتە کوردییەکان، بەسەر دوو هەژموونیدا دابەش ببوون، یەکێکیان سەفەوی (دواتر قاجاری) و ئەوەی تریشیان عوسمانی.

بەیەکەوەگرێدانەی لەنێوان باکوور و خۆرئاوای کوردستان دروست بووە، نەک هەر بۆ پەکەکە، بەڵکوو بە هەمان ڕاددە، بگرە کەمێکیش زیاتر، بۆ پارتی و تورکیاش گرنگە.*

هەروەک پێشتر ئاماژەی پێ کرا، بۆچوونی پارتی، بەتایبەتی لەبارەی خۆرئاوای کوردستان، زۆر لە بۆچوونی تورکیاوە نزیک بووە تا لە هیی پەکەکە. بەم واتایەش، دیوەکەی تری هاوکێشەکە ئەوەیە، نەک هەر یەکانگیری نەبووە لەنێوان بۆچوونی پارتی و پەکەکە، بەڵکوو بگرە دژایەتییەکیش هەبووە لە مەسەلەی خۆرئاوادا. ئەوەتا دوای ڕووداوەکانی کۆبانێ، یەکەم جار ساڵح موسلیم بەڕەسمی داوەتی ئەنقەرە دەکرێ و لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی ئەو وڵاتە ئەحمەد داودئۆغلودا کۆ دەبێتەوە، بەڵام کەم یا زۆر، هەفتەیەک دوای ئەم کۆبوونەوەیە، ئینجا موسلیم بانگهێشت دەکرێ بۆ سەردانیکردنی باشووری کوردستان بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ مەسعود بارزانی. بە خوێندنەوەی خۆم، بە پلەی یەکەم بەرخودانی شەڕڤانانی ڕۆژئاوا و ئەو کاردانەوە نێودەوڵەتییانەی لەم بەرخودانە کەوتنەوە، ڕێگەیان بۆ موسلیم خۆش کرد سەردانی باشوور بکات و لەگەڵ بارزانی کۆ ببێتەوە.

* لەم بارەیەوە دەمەوێ بڵێم یەکێک لەو هۆیانەی وای کرد کۆنگرەی نەتەوەیی، (کە بڕیار بوو لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٣ ببەسترێ) دوا بخرێ و دواتریش نەبەسترێ، ئەوە بوو کە ئەگەری ئەوە هەبوو بۆچوون و ڕۆڵی تورکیا و پارتی لەو کۆنگرەیەدا دەربارەی چارەنووسی خۆرئاوای کوردستان و هەندێک مەسەلەی دیکەی گرنگ، بۆ نموونە سەرۆکایەتیی کۆنگرە، باڵادەست بێت. بەم واتایەش، مەترسیی پەکەکە ئەوە بوو، کە ئەم باڵادەستبوونەی پارتی لە کۆنگرەدا ببێتە هۆی کەمبوونەوەی ڕۆڵ و کاریگەریی پەکەکە لە کۆنگرە و لەو بڕیار و تەرتیباتانەشی لە کۆنگرەکە دەکەوتنەوە.

٣- هەندێک لە ڕاگەیاندنە ڕۆژنامەوانییەکانی دەسەڵاتدارانی باشوور، بەتایبەتی ڕوونکردنەوەکانی مەسعود بارزانی و فوئاد حسێن، ڕووی گلەییيان لە تورکیا بووە، بەو واتایەی ئەم وڵاتە بەرامبەر بە کەوتنی شەنگال و ناوچەکانی تر بێهەڵویست بوو و کاردانەوەی *چاوەڕوانکراوی* نەبووە.* بەرپرسانی پارتی دیموکراتی کوردستان، هەڵوێستەکەی تورکیایان بەلاوە سەیر بوو، هەر وەک چۆن کاتی خۆی سەرکردایەتیی ئەم حیزبە، بڕیاری شای ئێرانیان بە پشتشکاندنی بزاڤی چەکداری لە ئازاری ١٩٧٥ لا سەیر بوو و وەک "خیانەتێکی" شایان بەرامبەر بە کورد لە قەڵەم دا.**

بەڵام لە ڕاستیدا، لانی کەم بەلای خۆمەوە، ئەم هەڵسوکەوتەی تورکیا چاوەڕواننەکراو نەبوو، یا ڕاستتر بڵێین چاوەڕوانکراو بوو، زووتر، زۆر بەر لە کارەساتەکەی شەنگال، هەر نەبێ لە دوو وتارمدا لە ٢٠١٢ و لە گفتوگۆیەکی

* بۆ نموونە بارزانی دەڵێ: "چاوەڕوانیی زیاترمان لە تورکیا هەبوو." بڕوانە:
http//:www.lvinpress.com/dreja.aspx=?hewal&jmare=15510-& Jor=1 access 23-12-2014

** لە ڕاستیدا سەیرە چەمکی خیانەت بۆ داگیرکار و دوژمن بەکار بهێنرێ. دواجار شای ئێران داگیرکاری بەشێکی تری کوردستان و دوژمنی سەرسەختی *کوردایەتیی ڕاستەقینە* بوو، تا بۆی کرا گەلی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەناو پرۆژەی ئاریانیزم (تۆ بڵێ فارسیزم)دا تواندەوە و هەر بە بڕیاری ئەویش کاتی خۆی سەرۆکی یەکەم کۆماری کوردستان لە سێدارە درا. بە واتایەکی دیکە، ئەوە شای ئێران نەبوو کە لەپڕێکدا لە داگیرکارێکی کوردستان بوو بە فریادڕەس، بەڵکوو ئەوە بزاڤی چەکداریی باشووری کوردستان بوو، کە لەسەر بنەمای *وەهم، خوێندنەوەیەکی تەماوی و کولتووری سیاسیی وابەستەییی* شای ئێرانی لە *داگیرکارەوە* کردبوو بە *فریادڕەس*!

ڕاستەوخۆ لەگەڵ یەکێک لە بەرپرسە سیاسییە هەرە باڵاکانی باشووری کوردستان لە ئابی ٢٠١٣، مەترسیی ئەوەم خستۆتە ڕوو، کە ئەگەر هەیە تورکیا لەناکاو شتێک بکات، هەر وەک ئەوەی شای ئێران کردی لە ١٩٧٥دا، بەم شێوەیەش شکست بە دەسەڵاتە کوردییەکەی باشوور بهێنێ!* لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین ئەو هەڵوێستەی تورکیا هەیبوو لە کاتی کەوتنی شەنگال و دروستبوونی هەڕەشەی جیددی لەسەر هەولێر و دهۆک، دەیتوانی بە جیاوازیی چەند کاتژمێرێک، زۆر پشتشکێنتر بێت و کارەساتێکی سیاسی و مرۆییی زۆر گەورەی لە جۆری کارەساتەکەی ١٩٧٥ی لێ بکەوێتەوە.

٤- پرسیارێکی گرنگیش ئەوەیە: ئایا بۆچی یەکێتی بە هەمان شێوەی پارتی لەسەر ڕۆڵی تورکیا، زۆر یا ڕاستتر بڵێین هیچ سەرسووڕمانییەک دەر نابڕێت. ئایا ئەم دەنگهەڵنەبڕینەی یەکێتی پێزانینێکی ڕاستەوخۆ نییە لەو ڕاستییەی پەیوەندییەکانی باشوور لەگەڵ تورکیا هیی هەموو دەسەڵاتی کوردی، بە هەموو لایەنەکانەوە نین، بەڵکوو پەیوەندیی پارتی و تورکیان؟ لە ڕاستیدا لە یادداشتێکی چوارخاڵیی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیدا، کە ئاراستەی مەکتەبی سیاسیی پارتی کراوە، دەتوانین تا ڕادەیەکی زۆر وەڵامی ئەم پرسیارە گرنگە وەدەست بخەین. لە یادداشتەکەدا یەکێتی ڕاشکاوانە داوا دەکات "پارتی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا

---

* بۆ باسێکی فراوانتر لەم بارەیەوە بڕوانە: د. بورهان یاسین، "کاتێک سیاسەت ئاراستە ڕاست و دروستەکانی لەدەست دەدات،" لە:
http://burhanyassin.com/qeyrany%20syasy-%202012.pdf
ئەم بابەتە هەروەها لە پێگەی سبەی و ڕۆژنامەی هاووڵاتی (بە دوو بەش) لە تشرینی دووەمی ٢٠١٢دا بڵاو بۆتەوە.

سنووردار بکات، چونکە ئەو پەیوەندییە چڕە لە زۆر باردا بە زیانی خەڵک شکاوەتەوە."* بە هەرحاڵ، شتێکی شاردراوە نییە کە یەکێتیی نیشتمانی لە پەیوەندییە ئیقلیمییەکانیدا پشت بە تورکیا نابەستێ، بەڵکوو تەواوی پشتبەستوویی ئەو حیزبە بە ئێرانەوەیە، ئەوەش دیوەکەی تری هاوکێشە و تراژیدیای سیاسەتی هێزە کوردییەکانە.**

لە لایەکی ترەوە دەتوانین بشپرسین، ئایا دیدی ئەو هێزانەی تا دوێنێ ئۆپۆزسیۆن بوون، لەمەڕ ئەو پەیوەندییانەی یەکێتی و پارتی لەگەڵ ئێران و تورکیا، چییە و چۆنە؟ بە هەرحاڵ، دەتوانم بڵێم جێگەی مەترسییە کە ئۆپۆزسیۆنی دوێنێ زۆر خۆی بە مەسەلەی پەیوەندییە ئیقلیمییەکانەوە خەریک نەکردووە، ئەمەش نەنگی و نوقسانییە لە ئاستێکی زۆر ستراتیژی و چارەنووسسازدایە. کرۆکی مەترسییەکەش ئەمەیە: ئەگەر پاپۆڕەکە، واتە تەواوی باشووری کوردستان و دەسەڵاتەکەی، *بە هۆی شکستی هاوپەیمانییەکی ئیقلیمییەوە* غەرق بوو، ئەوا

* http: //hawlati.co 59599 access 30-10-2014

** بۆ نموونە ڕاوێژکاری مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (دڵشاد عەبدولڕەحمان) لە چاوپێکەوتنێکدا، کە لە کۆتایی مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤ ساز کراوە، ڕاشکاوانە دان بەوەدا دەنێت، کە "حیزبەکەی لە زۆر بڕیاری چارەنووسسازی هەرێمی کوردستاندا بەشدار نەبووە و پارتی بڕیاری داوە". هەروەها ئەم ڕاوێژکارە ئەم حاڵەتە دەبەستێتەوە بە ڕێکەوتننامەی ستراتیژیی نێوان حیزبەکەی و پارتی دیموکراتی کوردستان و دەڵێت، "لەو کاتەوەی ڕێکەوتننامەی ستراتیژی هەبووە، بڕگەیەکی تێدا نەبووە لەسەر ستراتیژیەتی هاوبەشی هەردوولا بۆ هەرێم... هێزە سیاسییەکان ڕوئیا و تێگەیشتنیان جیاوازە." بڕوانە:
http://hawlati.co/%d8%a6%db%95%d8%b1%d8%b4%d-b%8c%da%a4%db%95%da%a9%d8%a7%d9%86/59022

واتای ئەوەیە ئەوە نەک هەر غەرقبوونی بەشێکی دەسەڵات، واتە دەسەڵاتی پێشووە، بەڵکوو غەرقبوونێکە، کە هەموو خەڵک و دەسەڵات، بە ئۆپۆزسیۆنی دوێنێشەوە، لەگەڵ خۆیدا ڕاپێچ دەکات! ئەو کاتە درەنگە بۆ گلەیی و گازندەکردن، شکستەکەش *هیی هەمووانە*. لە ڕاستیدا ئەو کاتە باس لە ڕیفۆرم و چاکسازی واتایەکی بۆ نامێنێتەوە، کاتێک پاپۆڕەکە بە هەموویەوە، گەندەڵکار و چاکساز و ڕیفۆرمخوازەوە غەرق دەبێ.

دەرەنجام، ئەوەی لێرەدا دەبێ بەڕوونی بوترێ، ئەوەیە کە چەندە گرنگە لە مەسەلە ئابووری و ئیداری و سیاسییەکانی *ناوخۆییدا* شەفافیەت هەبێ، ئەوا بە بۆچوونی *من*، *زۆر* گرنگترە کە چیی تر فایلەکانی *سیاسەتی دەرەوەی هەرێم* مۆنۆپۆلی ئەو حیزب یا ئەم حیزبە نەبێت، چونکە گەر گەندەڵی هۆکارێک بێت بۆ غەرقبوونی تەواوی پاپۆڕەکە، ئەوا پەیوەندییە ئیقلیمییەکان، کە نەک هەر پەیوەندیی حیزبین، بەڵکوو لەسەر بنچینەیەکی ناتەندروست و بە میکانیزمێکی *گەندەڵ* و لە کۆمەڵێک فاییلی

تەماویدا خەملێندراون،* هۆکارێکی زۆر گرنگتر و پشتشکێنترن.**

---

* لە ڕاستیدا تەماویبوونی فایلە هەرە هەستیارەکان لە پەیوەندییە ئیقلیمییەکان، ڕاستییەکە کە خودی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کە هاوپەیمانییەکی ستراتیژی بە پارتییەوە دەیبەستێتەوە، دانی پێدا دەنێ و بە نیگەرانیشەوە لەم ڕاستییە دەڕوانێ. بەپێی جەختکردنەوەیەکی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی، "پارتی تاکڕەوانە بڕیاری فرۆشتنی نەوتی هەرێمی داوە، ئەوەش هۆکارێک بووە لە قووڵبوونەوەی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، کە زیاتر لە نۆ مانگە کوردستانی ڕووبەڕووی قەیرانی دارایی کردۆتەوە." بڕوانە:- http: //hawlati.co 59599 access 30-10-2014

لە ڕاستیدا تەماویبوونی فایلی نەوت، بگرە لەلایەن ڕۆژنامەنووسێکی نزیک لە پارتی (ڕێبوار کەریم وەلی)، پشتڕاست کراوەتەوە. لە وتارێکیدا بە ناوونیشانی "پارتی و پەتای نەوت" وەلی دەنووسێ نەوت "سەرچاوەی داهاتێکی نادیارە" و "ڕووی قسەکە لە مەسەلەی نەوتدا لە پارتییە نەک حکومەتی هەرێمی کوردستان یا یەکێتیی نیشتمانی و حیزبە بەشداربووەکانی دیکەی ناو حکومەت، چونکە پارتی لە ٢٠٠٥ەوە کۆنترۆڵی کەیسی نەوتی کردووە، ئەگەرچی لە دوای ٢٠٠٩ و لە کابینەی شەشەمدا حکومەت دەستاودەستی پێ کرا، بەڵام لەو دوو ساڵەشدا... کەیسی نەوت هەر لە دەستی پارتیدا مایەوە." بڕوانە:
2-12-2014 access 021220141/opinion/sorani/net.rudaw//:http

** لە بابەتێکی ترمدا تیشکم خستۆتە سەر ئاستە جیاوازەکانی سیستمی سیاسی لە باشووری کوردستان و ئەو بۆچوونەم جەخت کردۆتەوە، کە ناتەندروستیی سیستم و ڕادەی مەترسیداریی گەندەڵی تەنها لە ئاستی ناوخۆیی (تۆ بڵێ ناوخۆییی هەرێم) ڕەنگی نەداوەتەوە، بەڵکوو لە ئاستەکانی پەیوەندیی هەولێر و بەغداد، کوردستانی مەزن، ئیقلیمی و نێودەوڵەتییشدا ئەم ناتەندروستبوون و گەندەڵییە بە شێوەیەکی زۆر نێگەتیڤانە کاریگەریی خستۆتە سەر ئەو سیستمە. بڕوانە: د. بورهان أ. یاسین، "باشووری کوردستان دوای هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩/٧/٢٥: ئەگەرەکان بە ڕووی داهاتوودا،" بەتایبەتی ل٤-٦. ئەم بابەتە لە تشرینی یەکەمی ٢٠٠٩ دا بڵاو بۆتەوە:
http://burhanyassin.com/Helbijardinekan-dr.%20Burhan%20Yassin.pdf

## خۆرئاوای کوردستان: تورکیا، پارتی و پەکەکە

هەر زوو، لە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی خەڵکی سوریا دژی ڕژێمی ئەسەد، هەوڵ و تەقەلاکان چڕکرانەوە بۆ ڕزگارکردنی خۆرئاوای کوردستان و دواتر دامەزراندنی ئیدارەیەکی کوردی لە چوارچێوەی ئەوەی پەکەکە و ئۆجەلان پێی دەبێژن "خوەسەریا دیموکراتیک." ئەم پێشوەچوونە بەتایبەتی سێ ئەکتەری سیاسیی گرنگی بە خۆوە پەیوەندیدار کرد، واتە تورکیا، پەکەکە و باشووری کوردستان، زۆر بەتایبەتییش پارتی دیموکراتی کوردستان.

بەم واتایەش، هەر زوو لێکترازان، بگرە ململانێی بەرژەوەندییەکان، لە خۆرئاوای کوردستان سەری هەڵدا. ئەوەی کە ڕووی دا، هەر وەک پێشتر ئاماژەی پێ درا، ئەوە بوو کە پێشوەخت پەکەکە ئەوەی نەشاردەوە، خۆرئاوای کوردستان بۆ پەکەکە "*مەسەلەیەکی ستراتیژییە*." هەر لە ڕۆشناییی ئەم بۆچوونەشەوە، پەکەکە هەموو هەوڵێکی خستە گەڕ لەپێناو ئەوەی دەستکەوتەکانی خۆرئاوا بکات بە *سەرکەوتنی خۆی* و *هیچ لایەنێکی تر پشکی لەم سەرکەوتنەدا نەبێت*. بە واتایەکی دیکە، ئەم حیزبە هەر زوو هەوڵی دا خۆرئاوای کوردستان بکات بە ئەزموونێکی سیاسی، کە خۆی تیایدا باڵادەست بێت و قەڵەمڕەوی تەواو، تۆ بڵێی سەد لە سەدی، تیادا هەبێت و ئەم فەزایە لە ڕۆشناییی جیهانبینییەکانی پەکەکە ڕێک بخات. مەبەستێکی دیکەی گرنگی ئەو حیزبە ئەوە بوو، "سەرکەوتنەکەی" خۆی لەو بەشەی کوردستان بکات بە

کارتێکی فشاری سیاسی بەرامبەر بە تورکیا.

لە بەرامبەر ئەوەدا، هەر زوو تورکیا هەستی بەوە کرد، کە یەکەکە دەخوازێ لەسەر سنوورەکانی ئەو وڵاتە ئیدارەیەکی درێژکراوەی سیاسەت و جیهانبینیی خۆی دابمەزرێنێ، ئەمەش لە دیدی ئەم وڵاتەوە ڕێگەپێنەدراو بوو. لە لایەکی ترەوە، هەر زوو پارتی هەوڵی دا تێکەڵاوی ئەو ئەزموونە ببێ، یا هەر نەبێ تا بۆی بکرێ کاریگەری بخاتە سەر ئەو ئەزموونە، ئەمەش لەبەر کۆمەڵێک هۆ: ١- بەلای پارتییەوە جێگەی ڕەزامەندی نەبوو ببینێ یەکەکە ببێ بە خاوەنی سەرکەوتنێکی ئەوها، کە دواجار دەبێ بە هۆی زیادبوونی قەڵەمڕەویی یەکەکە، نەک هەر لە باکوور و خۆرئاوای کوردستان، بەڵکوو لە تەواوی کوردستانی مەزن. ٢- پارتی دەیخواست هەر نەبێ پەنجا لە سەد، بەڵکوو بگرە زیاتریش، لە ئەو ئیدارەیەی لە خۆرئاوا بەرهەم دێت، هیی ئەو بێت، یا ڕاستتر بڵێین، هیی ئەو حیزبانە بێت کە لە خۆیەوە، واتە لە پارتییەوە، نزیکن یا کەم یا زۆر سەر بەو حیزبەن. ٣- پارتی بە پەیوەندی لەگەڵ خۆرئاوای کوردستان، ڕۆڵی "سەمامی ئەمانی" بۆ تورکیا گێڕاوە، بەتایبەتی بە مەبەستی هاوبەش لە سنووردانان بۆ سەرکەوتن و قەڵەمڕەویی *سەد لە سەدی* یەکەکە لەو بەشەی کوردستان.*

* بۆچوونی ڕەسمیی یەکێتی دەربارەی سیاسەتی پارتی لە خۆرئاوای کوردستان ئەو بۆچوونە پشتڕاست دەکاتەوە، کە ڕۆڵی پارتی لەو بەشەی کوردستان نەرێنی و نیگەرانئامێز بووە. لە یادداشتێکی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیدا، کە بەرەوڕووی پارتی کراوەتەوە، ئەوە هاتووە کە "پارتی بە هەڵوێستە سلبییەکانیدا بچێتەوە دژی پارچەکانی ڕۆژئاوا و باکووری کوردستان، دەست هەڵبگرێت لە دەستوەردان لە کانتۆنەکانی ڕۆژئاوا و سەپاندنی ویستی خۆی بەسەر لایەنە کوردییەکانی ئەو پارچەیەدا." http: //hawlati.co 59599 access 30-10-2014

هەر وەک لە پێشەکیی ئەم وتارەدا جەخت کراوەتەوە، ڕووداوەکانی سوریا لە ٢٠١١ەوە بەچڕی و بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش بوونەتە هۆی تێکەڵاوبوونی سێ بەشی کوردستان بە یەکتر (باکوور، خۆرئاوا و باشوور). لەگەڵ ئەوەی ئەو تێکەڵاوبوونە زۆر لایەنی گەش و ئەرێنیی هەبووە، بەڵام لە چوارچێوە هەرە فراوانەکەیدا زۆر ڕەگەزی نێگەتیڤیشی لەخۆ گرتووە. ئەم ڕەگەزە نێگەتیڤانە بە یەکەوە کڵۆڵیی ناسیۆنالیزمیی کوردیی پشتڕاست دەکەنەوە. زۆرێکیش لەو کێشە و ڕەگەزە نێگەتیڤانە، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندییان بە کڵۆڵیی ناوماڵی کوردەوە هەیە، شتێکی نوێ نین، بەڵکوو دووبارەبوونەوە و درێژبوونەوەی *کولتوورێکی سیاسیی ناتەندروستە*، کە هەم خۆی لە باشوورەوە بەرەو خۆرئاوا و هەمیش لە باکوورەوە بەرەو خۆرئاوا درێژ کردۆتەوە. دەشکرێ ئەم کولتوورە سیاسییە لە کۆمەڵێک توخم و بەها و جیهانبینیدا چڕ بکەینەوە، کە ئەویش پاوانخوازی، خۆبەهەمووشتزانی، قبوڵنەکردنی ئەوی تر و مۆنۆپۆلکردن و یەکڕەنگکردنی فەزای نەتەوە بە ڕەنگی تاکە حیزب و تاکە سەرکردەیەک و... هتد.

لێرەدا دەکرێ ئەو کولتوورە سیاسییەی، ساڵانێکی یەکجار زۆرە بۆتە چوارچێوەی کار و پەیوەندییە سیاسییەکان لەنێوان حیزبە سیاسییەکانی کوردستان، بە چوارچێوەیەک بخەینە ڕوو، کە لە چڕکردنەوە و کورتکردنەوەیدا بەم شێوەیەیە: حیزبی أ هەر سەرکەوتنێکی حیزبی ب بە زەرورەت بۆ خۆی بە شکست دەزانێ، و شکستی ب بە زەرورەت بە سەرکەوتنی خۆی دەزانێ، بە پێچەوانەشەوە. ئەم شێوە پەیوەندی و جیهانبینییە بە گەمەی

سفری(zero-sum game) ناسراوە.* ئەوەی کە ڕووی دا، بە پەیوەندی لەگەڵ شکستەکانی شەنگال و جەلەولا، ئەم لۆژیکی گەمەی سفرییەی بەجوانی پشتڕاست کردەوە، پارتی تەنها خاوەنی سەرکەوتنەکانە و خۆیشی لە شکستەکان دەدزێتەوە، یەکێتییش هەروەها. لە ئاکامی ئەم لۆژیکەشدا نەتەوەی کورد و دۆزی کورد زەرەرمەندە، هەر وەک ئەم حاڵەتە لەلایەن سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان (فازڵ میرانی)ش پشتڕاست کرایەوە کاتێ دەربارەی "شەڕی جەنەڕاڵەکانی"** پارتی و یەکێتی وتی: "هەردوو لامان زەرەر لە کورد دەدەین."*** نموونەیەکیش لەم شەڕەی جەنەڕاڵەکان

---

* ئەوەی زانراوە و زۆر جار ئاماژەی پێ دەکرێ ئەوەیە، "گەمەی سفری" میکانیزمی هەرە گرنگ بوو لە ململانێی یەکێتیی سۆڤیەت و هاوپەیمانانی لە لایەکەوە و ئەمەریکا و هاوپەیمانانی لە لایەکی ترەوە، لە چوارچێوەی جەنگی سارد. بەم واتایەش، گەمەی سفری، زیاتر میکانیزم (ئالیەت)ی پەیوەندییەکانی دوو دژ یا دوو دوژمنە نەک ئالیەتی پەیوەندییەکانی دوو هێزی سیاسی، کە هەردووکیان بانگەشەی هاوخەباتی، کوردستانیبوون (تۆ بڵێ نیشتمانیبوون) و دیموکراتیبوون دەکەن. بۆ بۆچوونێکی نووسەر دەربارەی ئەم گەمە سفرییە بڕوانە: د. بورهان أ. یاسین، *ئەوەی ئەورۆ سیاسەتە... سبەی مێژووە*، سلێمانی، ٢٠٠٢، لاپەڕە ٢٠٢-٢٠٣.

** ئەم چەمکە سەرنجڕاکێشە لە سەردێڕی هەواڵێکی *سپی میدیادا* هاتووە بە ناوی "دوای شەڕی پەرلەمانتاران، شەڕی جەنەراڵەکانی پارتی و یەکێتی دەستی پێ کرد." بڕوانە:
http//:www.speemedia.com/dreja.aspx=?hewalHYPERLINK "http://www.speemedia.com/dreja.aspx?=hewal&jmare=12135&Jor=1"&HYPERLINK "http://www.speemedia.com/dreja.aspx?=hewal&jmare=12135&Jor=1"jmare=12135HYPERLINK "http://www.speemedia.com/dreja.aspx?=hewal&jmare=12135&Jor=1"&HYPERLINK "http://www.speemedia.com/dreja.aspx?=hewal&jmare=12135&Jor=1"Jor=1 access 29-8-2014

*** http://www.sharpress.net/Direje.aspx?Jimare=21959access: 30-9-2014

ئەمەیە: کاتێک مەخمور ڕزگار کرا، شەڕی جەنەڕاڵەکانی ئەو دوو حیزبە گەرمتر بوویەوە و واڵاتر بوو لەسەر ئەوەی ئایا سەرکەوتن هیی کێیە و شکستیش هیی کێ؟ بەرپرسێکی پارتی ڕای دەگەیەنێ، کە هێزەکانی سەر بە پارتی مەخموریان ڕزگار کرد، بەڵام لە وەڵامیدا بەرپرسی دژەتیرۆری یەکێتی دەڵێت، "ئێمە لە کاتی چۆڵکردنی مەخمور لەوێ نەبووین، بەڵام لە کاتی ڕزگارکردنی لەوێ بووین."* لە ڕاستیدا ئەم جۆرە گوزارشتە لە بۆچوونی دوو هێزی سەرەکیی کوردستان، کە ئێستاش خاوەنی هێزێکی چەکداریی زۆرن، زیاتر لە نەفەسی شەڕی براکوژی و سڕینەوەی یەکتر نزیکە تا گووتاری دوو هاوپەیمان و دوو هاوخەبات!

هەر لە چوارچێوەی ئەم بۆچوونەدا، بە پەڕینەوە بۆ بەشێکی

* http://www.speemedia.com/dreja.aspx?=hewalHYPERLINK "http://www.speemedia.com/dreja.aspx?=hewal&jmare=12135&Jor=1"&HYPERLINK "http://www.speemedia.com/dreja.aspx?=hewal&jmare=12135&Jor=1"jmare=12135HYPERLINK "http://www.speemedia.com/dreja.aspx?=hewal&jmare=12135&Jor=1"&HYPERLINK "http://www.speemedia.com/dreja.aspx?=hewal&jmare=12135&Jor=1"Jor=1

لە ڕاپۆرتێکی شیکاریدا ڕۆژنامەنووس محەمەد ڕەئوف بە سەروتارەکەی ئەم شەڕەی جەنەڕاڵەکان جوان دەپێکێ، کاتێک دەنووسێ، "پرۆسەکە کرا بە سەروەریی حیزبێک: ڕزگارکردنی شەنگال لەنێوان پاڵەوانەکانی ئەمڕۆ و هەڵهاتووەکانی دوێنێدا." بڕوانە:

http//:sharpress.net/Direje.aspx?Jimare 25033=access23-11-2014

مرۆڤ دەتوانێ بڵێ خودی سەرۆکی هەرێمیش تێکەڵاوی ئەم شەڕی جەنەڕاڵانە بووە، دوای دوو ڕۆژیش لە ئازادکردنی جەلەولا و سەعدیە "بە دێڕێکیش پیرۆزباییی لە خەڵکی ناوچەکە و پێشمەرگەکان نەکردووە."

http://www.speemedia.com/dreja.aspx?=hewal&jmare=14254&Jor=1 access 25-11-2014

تری کوردستان، بەڵام لە چوارچێوەی هەمان کولتووره ناتەندروستەکە و ناسیۆنالیزمە کلۆڵەکەدا، کێشەی هەره گەوره لە خۆرئاوای کوردستان ئەوەیە پەکەکە، وەک پێشتر ئاماژەی پێ کرا، دەخوازێ ئەو بەشەی کوردستان بکات بە: ١- سەرکەوتنێک تەنها و تەنها بۆ خۆی، بە واتایەکی تر، سەد لە سەدی دەسەڵات بۆ خۆی بێت. ٢- ئەم سەرکەوتنە بکات بە بەشێک لە شەڕی خۆی بەرامبەر بە تورکیا. لە لایەکی ترەوە، بەشەکەی تری کێشەکە ئەوەیە، کە پارتی پەنجا لە سەدی، بگره کەمێک زیاتریشی لە دەسەڵات لە خۆرئاوای کوردستان بۆ لایەنگرانی خۆی دەوێت، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت نە سەد لە سەدەکەی پەکەکە دروستە و نەش پەنجا لە سەدەکەی پارتی. بە واتایەکی دیکە، ئەو پشتگیرییەی پەکەکە لەو بەشەی کوردستان هەیەتی، کەمترە لە سەد لە سەد و ئەوەشی پارتی هەیەتی ناگاتە پەنجا لە سەد! لە ڕاستیدا هەم مۆنۆپۆلە سەد لە سەدەکەی پەکەکە جێگەی مەترسییە بۆ ئەزموونی خۆرئاوا، هەمیش پەنجا بە پەنجا (فیفتی بە فیفتی)یەکەی پارتی.

زۆرێک لە هێماکان ئەوەمان پێ دەڵێن، کە خەریکە لە هەرچوار پارچەی کوردستان، واتە لە کوردستانی مەزن، بەڵام زۆر بەتایبەتی لە باکوور، باشوور و خۆرئاوا، جەمسەرگیرییەکی نیگەرانئامێز جێگیر دەبێ، لە لایەکەوە پارتی و هێزە هاوکارەکانی، پشتئەستوور بە پەیوەندییە ئیقلیمییەکانی، لە لایەکی ترەوە پەکەکە و ئەو هێزانەی لەدەوری ئەو حیزبە کۆ بوونەتەوە، پشتئەستوور بە قووڵایییەکی ئیقلیمی.* ئەم جەمسەرگیرییە

* بۆ نموونە بڕوانە: ”کوردستان بەسەر دوو بەرەدا دابەش دەبێت: بەرەیەک داوای سەربەخۆیی دەکات و بەرەیەکیش دژی دەوەستێتەوە.“

لە هەناویدا ململانێیە لەسەر هەژموون لە چوارچێوەی ناسیۆنالیزمی کوردیدا و بە ئەگەری زۆر چ لە دابەشکردن و قۆرخکردنی فەزا و پانتاییی نەتەوەیی لە شێوازی پەنجا بە پەنجا، لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و هاوکارانی لە لایەک و پەکەکە و پشتگیرانی لە لایەکی ترەوە، چ لە شێوەی مۆنۆپۆل بەسەر ئەو فەزایەدا لەلایەن یەک تاکە حیزب زیانێکی زۆر بە گەشەکردنێکی دیموکراتییانەی ناسیۆنالیزمی کوردی دەگەیەنێت. هەر وەک لەسەرەوە ئاماژەی پێ درا، هەردوو شێوازی خەملاندنی فەزای نیشتمانی، واتە مۆنۆپۆل و پەنجا بە پەنجا، لە باشوور تاقی کراونەتەوە و هەردووکیشیان تا بڵێی زیانبەخش بوون بۆ ئەزموونە سیاسییەکەی ئەو بەشەی کوردستان.

بە باوەڕی خۆم، بۆ ڕێگەگرتن لە مۆنۆپۆلێکی تەواوەتی لەلایەن پەکەکەوە لە خۆرئاوای کوردستان، تورکیا و پارتی، هەردووکیان بە یەکەوە یا بە جیا، لەبەر هۆی هاوبەش یا هۆی جیا، هەموو هەوڵەکانیان خستۆتە گەڕ. ئەگەر پارتی لە پەیوەندییە "داخراو و تەماوییەکان" لەگەڵ تورکیا ئەو پەیمانەی بە تورکیا دابێت، کە بەڵێ ئەو، واتە پارتی، *سەمامی ئەمانە* لەوەی کە ڕێگر دەبێت لەوەی پەکەکە دەست بگرێت بەسەر هەموو جومگەکانی ژیانی ڕۆژئاوای کوردستان و ئەزموونە سیاسییەکەی، ئەوا بەو واتایە ڕۆڵی پارتی لە خۆرئاوا دەبێ بە دووان، یا بە واتایەکی تر، ئەم ڕۆڵە دووانەیەکی ئۆرگانیکییە، یەکێکیان لە ڕۆشناییی *بەرژەوەندییە حیزبییەکانی خۆی* و

---

*ماڵپەڕی شارپرێس*٢٠١٥/١/٩: http://sharpress.net/Direje.aspx?-Jimare=25623

ئەوەی تریشیان بە پەیوەندی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی تورکیا، واتە بەپێی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیان. بەم واتایە، کارکردن بۆ پاراستنی ئەو پەیوەندییە ستراتیژییەی لەنێوان ئەو دوو لایەنە، واتە تورکیا و پارتی، لە ماوەیەکی دوورودرێژدا پەرەی سەندووە، کە لە ماوەی دواییدا گەیشتۆتە ئاستی هەرە هەستیار و "مەترسیدار."*

گرنگە لێرەدا ئەوە بەبیر بهێنینەوە، هەر وەک لەسەرەوە وترا، هەر دوو میتۆدی قۆرخکاریی سیاسی و پەنجا بە پەنجا پێشتر لە باشووری کوردستان تاقی کراونەتەوە، بەڵام هەردووکیان نەک هەر ئەزموونی شکستخواردوو بوون، بەڵکوو سەرچاوەی نەهامەتی بوون بۆ خەڵکی کوردستان و هۆیەکی سەرەکیش بوون لە سەرنەکەوتوویی ئەزموونی "دیموکراتیزەکردن" لە باشووری کوردستان. بۆ یەکەم جار دوای سەرهەڵدانی بزاڤی گۆڕان و ئۆپۆزسیۆنێکی کارا، خەریکە هەم مۆنۆپۆلی سیاسی، هەمیش پەنجا بە پەنجا گۆڕانکاریی بەسەردا دێت. بەم واتایەش، ناڵێم ئەم دوو دیاردە وێرانکار و نێگەتیڤە، مۆنۆپۆل و پەنجا بە پەنجا، بەئاسانی کۆتاییان پێ دێت.

زۆر گرنگە ئەوەش جەخت بکرێتەوە، کە لە حاڵەتی باشووری

---

* ئەم بۆچوونە بەشێکە لە نووسراوێکی فراوانتر بە ناوی نەخشەڕێگەیەک بۆ سیاسەتێکی کوردستانییانە ڕوو لە خۆرئاوای کوردستان: سیاسەتی "لەدەرەوە" و "لەسەرەوە"، کە هەم نیگەرانییەکان دەربارەی پێشوەچوونەکانی خۆرئاوای کوردستان دەخاتە ڕوو، هەمیش چارەسەری و باشترین شێوازی ڕێکخستنی فەزای کوردستانی (نەتەوەیی و نیشتمانی) بۆ ڕێگرتن لە دوو شێوازی نەرێنی و وێرانکاریی مۆنۆپۆلی سیاسی لەلایەن یەکێک لە هێزەکان – پارتی یا پەکەکە و پەنجا بە پەنجا لەلایەن هەردووکیانەوە وەک دوو شێوازی سەرنەکەوتوو و زیانبەخش، دەخاتە ڕوو. بەهیوام لە داهاتوودا نووسراوی ناوبراو بڵاو بکەمەوە.

کوردستان تەنها هەندێک ڕیفۆرم لە ئاستی *ناوخۆی* سیستمی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا بە ئاراستەی کۆتاییهێنان بەم دوو دیاردە نێگەتیڤە *بەس نین*، بەڵکوو دەبێ بنەماکانی مۆنۆپۆل و پەنجا بە پەنجا لە ئاستەکانی، پەیوەندییەکانی کوردستان و بەغداد، پەیوەندییە کوردستانییەکان - واتە پەیوەندییەکان لە ئاستی کوردستانی مەزن، پەیوەندییە ئیقلیمییەکان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیش بنبڕ بکرێن. بە واتایەکی دیکە، سەرکەوتوویی، حکومەتی بنکەفراوان بەندە بەوەی لە هەموو ئاست و ڕەهەندە سیاسییەکاندا بەشداری و کاریگەریی چالاکانەی هەموو لایەنە بەشداربووەکان لە گشت کار و چالاکییەکانی ئەو حکومەتە، لە هەموو ئاستەکانی سیاسەتکردندا، ڕەنگ بداتەوە.

## ئێران

یەکێک لەو مەترسییانەی ئێستا هەن، ئەوەیە کە ئێران بەوەی تا ئێستا کردوویەتی، بۆ نموونە بەشداریی لە شەڕ دژی داعش بە شێوەی ڕاوێژکار و بەشدارییەکی سەربازیی سنووردار نەوەستێت، بەڵکوو لە داهاتوودا کاردانەوەی ئەم وڵاتە بگاتە ڕادەی شەڕێکی گەورە و ڕاستەوخۆی بەرە لەگەڵ داعش. هەڵبەتە سیناریۆیەکی ئاوا گرێدراوی زۆر پێشوەچوونە، کە یەکێکیان پەیوەندیی بە بژاردە و ڕادەی پێشڕەوییەکانی داعشەوە هەیە. جگە لەوەش، دەکرێ گۆڕانکاری لە هەڵوێست و ستراتیژی ئەمەریکا، ڕوو لە عێراق و شەڕی داعش، کاریگەریی ڕاستەوخۆ لەسەر بژاردەکانی ئێران و ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەی توندتر و ئاشکراتر لەنێوان ئێران و ئەو

هێزە توندڕەوەدا دابنێت.

هەڵبەتە لەم بارەیەوە یەکێک لە هۆکانی ئەگەری زیادبوونی ڕۆڵی ئێران لە عێراق و ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ داعش ئەوەیە، ئێران سنوورێکی دووردرێژی هاوبەشی لەگەڵ عێراق هەیە. جگە لەوەش، عێراق بە بوونی دوو شاری پیرۆزی شیعی و حزورێکی شیعیی بەهێز، وەک زۆرینەی دانیشتووان لەو وڵاتە ناسراوە. هەروەها لە ڕەهەندی ئیقلیمی و جیهانییەوە، ئێران وا دەزانێ کە سەروبەری داعش پیلانێکی (ئیسرائیلی- ئەمەریکی- سعودی)یە بەرامبەر بە ئێران.* هەر لە ڕەهەندی ئیقلیمییەوە، ئەگەر هات و ئێران هەستی بەوە کرد، کە ئیتر ڕژێمی ئەسەد دۆڕاوە و بەم واتایەش پێگەی ئێران لەو وڵاتە شتێکی لەدەست چووە، ئەوا بێگومان ئێران هەوڵەکانی خۆی زۆر چڕ دەکاتەوە بۆ ئەوەی بە هەر نرخێک بێت پێگەی خۆی لە عێراق بەهێزتر بکات و بەرگری لەو پێگەیە بکات و دەستی پێوە بگرێ. بەم واتایەش، بە ئەگەری زۆر عێراق لە ئایندەدا چاوەڕوانی شەڕی گەورەتر و فراوانتر و چارەنووسسازتر دەکات، کە تیایدا ئەم وڵاتە دەبێتە ناوەندێکی هەرە گرنگی شەڕەکە.

بەڵام دەتوانین بپرسین، ئایا ئەم هەموو ئەگەرانە چ پەیوەندییەکیان بە کوردەوە هەیە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە

* بۆ نموونە، عەلی لاریجانی سەرۆکی پەرلەمانی ئێران لە وتارێکیدا لە زانکۆی بەیروت، لە کۆتاییی ساڵی ڕابردوو، ئەوەی دووپات کردەوە، کە ئەمەریکا لە عێراق گفتوگۆی لەگەڵ داعش کردووە و ئیسرائیل و هەندێک وڵاتی عەرەبیی بە پشتگیریی داعش دژی ئێران گوناهبار کرد. بڕوانە:
http//:knnc.net/Drejeyhawal.aspx?id&38370=LinkID&6=video-=False&leguaid.#= VJk1Id0MBg access 23-11-2014

پێویستی بە هەڵوەستەکردن و لەسەروەستانێکی زۆر زیاترە، بەڵام لێرەدا دەکرێ ئەوە بڵێین، کە چڕبوونەوەی ڕۆڵی ئێران لە عێراق لە زیاتر لە ڕوویەکەوە کورد پەیوەندیدار دەکات. دیارە یەکێک لە ئەگەرە هەرە مەترسیدارەکان ئەوە بێت، کە ئێران لەمەو دوا هەوڵەکانی بۆ "بەئێرانیکردن و بەشیعیکردنی" عێراق زۆر چڕتر بکاتەوە و یەکێکیش لە دەرهاویشتەکانی ئەم ئەگەرە بەشیعیکردنی زیاتری ململانێی عەرەبی – کوردی دەبێت. یەکێکیش لە ئاکامەکانی سیناریۆیەکی لەم جۆرە، چڕبوونەوەی هەوڵەکانی ئێران دەبێت بۆ فشارخستنەسەر باشووری کوردستان، وەک دەرهاویشتەیەکی "پرۆژەی" بەهێزکردنی پێگەی خۆی لە عێراق.

دیارە بەشێکی ڕاستەوخۆ و هەرە گرنگ لە ستراتیژی ئێران لە ئێستادا، بەرەوڕووبوونەوەی هەڕەشەکانی سەر ئێرانە لە دەرەوەی ئێران خۆی، یا ڕاستتر بڵێین، ستراتیژی *شەڕ لە دەرەوەی ئێران، بەڵام لەپێناوی ئێران خۆی.* ئەمە ڕێک ئەو ستراتیژەیە، کە لە ئێستادا ئێران، بۆ نموونە لە سوریا و عێراق سەرسەختانە پیادەی دەکات. وەک پشتڕاستکردنەوەیەکی ئەم بۆچوونە، ئەحمەد ڕەزا پوردستان، فەرماندەی هێزە وشکاییەکانی سوپای کۆماری ئیسلامیی ئێران دەڵێت، "تا قووڵاییی ٤٠ کیلۆمەتری خاکی عێراق، هێڵی سووری ئێرانە."*

* http://www.speemedia.com/dreja.aspx?=hewal&Jor=&jmare=15283 access: 7-1-2015

# دەرەنجام

داگیرکردنی موسڵ لەلایەن داعشەوە ڕووداوێکی زۆر گرنگ بوو، بەڵام کە باس دێتە سەر دەرفەتی دوای داگیرکردنەکە، من باوەڕم وایە ئەو دەرفەتە بچووککراوەی دەستی کورد خۆیەتی، بەو واتایەی دە ساڵ بەر لە ئێستا ڕازی بوو بە دەستووری عێراق، کە لە ڕێگەیەوە خۆی خستۆتە گەمەیەکەوە، کە دواجار *کەمینە تیایدا زۆر جار دۆڕاوە و زۆرینەش براوە*. بەم واتایەش بە دەستی خۆی، تۆ بڵێ بە ئیرادەی خۆی، دەرفەتەکانی دواتری، واتە دەرفەتەکانی قۆناغی دوای ئیمزاکردنی دەستووری بچووک کردۆتەوە!

کارەساتی شەنگال دەچێتە مێژووەوە، وەک یەکێک لە تراژیدیا مرۆیییەکان کە بەسەر کورددا هاتووە، جێگەیەکی هەرە تایبەت وەر دەگرێت لە تۆماری تراژیدیاکانی مێژووی مۆدێرنی کورددا. جێگەی خۆیەتی خودی سەرۆکی هەرێم بەبێ هەڵسوکەوتی تەماوی و پشتبەستن بەوەی لە سبەینێیەکی نزیکدا کارەساتەکە لەبیر خەڵک دەچێتەوە، هەڵوێستی ڕاشکاوانەی خۆی لەمەڕ کشانەوەی بە ناو "تاکتیکی" لە شەنگال، ڕوون و ئاشکرا بکات.

بە هەرحاڵ، شکستی دەسەڵات لە شەنگال ئەوەی پشتڕاست کردەوە، کە ٢٣ ساڵە سیاسەتەکانی دەسەڵات و ئەوەی پێی دەوترێ ئەزموونی کوردی، چیرۆکی ناسەرکەوتوویی و ناکارامەیی بووە. ئەم کارەساتە و زۆر شکستی تر لە ڕاگوزەری ئەم دەسەڵاتە، کلۆڵییەکی زۆر مەترسیداری هەمەڕەهەند لە قووڵایی و ماهییەتی ئەم دەسەڵاتەدا دەر

دەخات. پێویستە هەر لێرەشدا ئەوە بڵێین، کە لەبەر ئەوەی ئەم کلۆڵییە فرەڕەهەندە، دەبێ چارەسەرەکەشی فرەڕەهەند بێت. لە حاڵەتی چارەسەرنەکردنی ئەم کلۆڵییەش، ئەگەرەکان بە ڕووی ڕوودانی کارەساتی دیکە لە جۆری ئەوەی شەنگال بەکراوەیی دەمێننەوە.

ئەگەرچی ئەوە ئاشکرایە، وەک بەشێک لە ستراتیژی بەرەوڕووبوونەوەی داعش لە عێراق، ئەمەریکا هەموو هەوڵێکی خستە گەڕ بۆ ئەوەی بە زووترین کات و بە بەشداریی هەرسێ پێکهاتە سەرەکییەکە (شیعە و سوننە و کورد) حکومەتی عەبادی پێک بهێنرێت، بەڵام هەر زوو ئەوە دەر کەوت، کە پێکهێنانی حکومەت بەس نییە بۆ ئەو بەرەوڕووبوونەوەیە.

بۆ ئەوەی ئەمەریکا بتوانێ لە ناوچەکە، بەتایبەتی لە عێراق و سوریا، شەڕێکی سەرکەوتوو دژی داعش بکات، ئەوا ئەم وڵاتە پێویستی بە کۆمەڵێک هەنگاوی دیکەیە: ١- بەشداریکردن لە شەڕ بە قەوارە و ژمارەیەکی زۆر لە هێزی وشکانی. ٢- ڕۆڵێکی چالاکتری تورکیا و ئامادەییی ئەم وڵاتە بۆ بەشداری لە شەڕ دژی داعش، بە شێوەی جۆراوجۆر. بۆ ئەم مەبەستەش، گرنگە ئەمەریکا هەوڵ بدات کۆمەڵێک دژایەتی و ئاستەنگ، کە لە بەردەمی ئەم بەشداریەدان، چارەسەر بکات، لەمانەش، بەتایبەتی هەوڵدان بۆ نەهێشتنی دژایەتی و گرژی لە هەڵوێستی تورکیا لە بەرامبەر خۆرئاوای کوردستان. ٣- لە بەرامبەریشدا ئەمەریکا پشتگیری لە داواکاریی تورکیا بکات بۆ لابردنی ڕژێمی ئەسەد لە سوریا. ٤- پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆتر و ڕاشکاوانەتر پێویستە لەنێوان دەسەڵاتە کوردییەکەی خۆرئاوای کوردستان و وڵاتانی هاوپەیمان، بەتایبەتی ئەمەریکا بخەملێنرێ. ٥-

فەراهەمکردنی ڕۆڵێکی چالاکتری ناتۆ و نەتەوە یەکگرتووەکان لەپێناو لەناوبردنی داعش. ٦- زۆر پێویستە ڕێگە نەدرێ ئێران قەڵەمڕەوی خۆی لە سێبەری شەڕی داعشدا بە ڕادەیەک زیاد بکات، کە دواجار لە داهاتوودا، زۆر یا کەم، پێویست بە شەڕێکی تر بکات بۆ *دەرهێنانی عێراق لە چنگی ئێران*.

هەڵوێستی تورکیا بەرامبەر بە خۆرئاوا نامۆ و ناسروشتی نییە، هەڵبەتە لە گۆشەنیگای دەوڵەتی تورکیاوە. ئەم وڵاتە دەبینێ پەکەکە بەئاشکرا دەخوازێ ئەزموونی خۆرئاوا درێژکردنەوەی سیاسەت و جیهانبینیی خۆی بێت و بگرە خۆیشی قەڵەمڕەویی تەواوی بەسەر ئەو بەشەی کوردستاندا هەبێت، بۆ تورکیا ئەوەش جێگەی قبوڵکردن نییە. هۆیەکی گرنگی ئەم بۆچوونەی تورکیاش، بە ڕادەی یەکەم ئەوە بووە، کە سەرکەوتنی پەکەکە لە خۆرئاوای کوردستان کاریگەریی زۆری لەسەر هاوسەنگیی هێز، لەنێوان پەکەکە و تورکیا دەبێت. جگە لەوەش، مەترسیی تورکیا لەوەشەوەیە، کە خواستی درێژکردنەوەی ئەزموونی خۆرئاوا بۆ باکووری کوردستان سەر هەڵبدات و بەم واتایەش "خوەسەریا دیموکراتیک،" زوو یا درەنگ، ببێتە داواکاریی کوردانی باکووریش.

بەڵام ئەوەی ئەستەمە مرۆڤ تێگەیشتنی بۆی هەبێ، ئەم هەمووگە*مە سفرییەیە* لەنێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستان، بەتایبەتی لە باشوور و خۆرئاوا، هاوتەریب لەگەڵ ئەو ڕاستییەی، کە ئەمڕۆ کورد هەر نەبێ لە دوو بەشی کوردستان ڕووبەڕووی دوژمنێکی دڕندە دەبێتەوە. بە بڕوای من، ئەو کولتوورە سیاسییە ناتەندروستەی تا ئەمڕۆش بە شێوەیەکی بەربڵاو باڵادەستە لە پەیوەندییەکانی نێوان هێزە سیاسییەکانی

کوردستان، زۆر بەتایبەتی حیزبە گەورە و کاریگەر و خاوەنهێزی چەکداری، هێشتا هەر گەمەی سفرییە، بەو واتایەی پەیوەندیی هێزە سیاسییەکان لە کوردستان بەردەوام لە شێوازە نێگەتیڤەکەیدا دەخولێتەوە. هەر وەک لە ناواخنی بابەتەکە ئاماژەی پێ دراوە، بەپێی ئەم کولتوورە سیاسییە ناتەندروستە، حیزبی أ وا دەزانێ شکستەکانی ب *بە زەرورەت* سەرکەوتنە بۆ ئەو، بەپێچەوانەشەوە. دیوێکی تری ئەم پەیوەندی و جیهانبینییە نەرێنی-نێگەتیڤە ئەوەیە، کە زۆرێک لە هێزە سیاسییەکان بەردەوام هەوڵی ئەوە دەدەن، هەموو سەرکەوتنەکان بکەن بە هیی خۆیان و شکستەکانیش بخەنە پاڵ ئەوی یا ئەوانی تر. لە ئاستی کوردستانی مەزن، ئەم کولتوورە سیاسییە لە ماوەیەکی زۆر دوورودرێژدا باڵادەست بووە.

لە لایەکی دیکەوە، بۆ ئەوەی کار و خەباتی هێزە کوردستانییەکان بچێتە ئاستێکی تەندروستتر و ناسیۆنالیزمی کوردی و کەسایەتیی کوردییش لەو کلۆڵییە ڕزگاری ببێت، پێویستە هەرچی زووە زهنییەت و شێوازی پەیوەندی گەمەی سفری تێپەڕ بکرێت. لێرەدا دەتوانین بڵێین کە دوو شێواز لە پەیوەندی و جیهانبینیی سیاسی دەتوانن ببنە هۆی ئەو تەندروستبوونە لە پەیوەندییەکانی نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستان و دواجاریش ببنە هۆی تەندروستبوونی ناسیۆنالیزمی کوردی و تەواوی بزاڤی سیاسی لە کوردستان و ڕێکخستنێکی دیموکراتییانەتری فەزای نەتەوە:

شێوازی یەکەم؛ *بێلایەنکردنی شکست و سەرکەوتنەکان*: بەم پێیە حیزبی أ وا بزانێ نە سەرکەوتنی حیزبی ب بە زەرورەت شکستە بۆ خۆی واتە بۆ أ، نە شکستەکانی ب سەرکەوتنە بۆ

خۆی {واتە بۆ أ، بە پێچەوانەشەوە.

شێوازی دووەم: *بەنەتەوەییکردن و بەنیشتمانیکردنی سەرکەوتن و شکستەکان*: بەرژەوەندییەکانی نەتەوە پێوەری ڕاستەقینەی هەر شکست و سەرکەوتنێکن. بەم واتایەش، شکست و سەرکەوتنی حیزب، شکست و سەرکەوتنی نەتەوەیە. بەم پێیە، حیزبی أ وا بزانێ لەبەر ئەوەی حیزبی ب هێزێکی کوردستانییە و بەشێکی چالاک و دانەبڕاوی فەزای نەتەوە پێک دەهێنێ، هەر سەرکەوتنێکی حیزبی ب، بنچینەیەکە بۆ سەرکەوتنی کورد، شکستەکەشی شکستە بۆ کورد. بە واتایەکی دیکە، پێوەری قازانج و زیانی أ و ب بە پەیوەندی لەگەڵ یەکتردا، بەرژەوەندیی نەتەوەی کورد و دۆزی کوردستان و بەرهەمهێنانی ڕێکخستنێکی دیموکراتییە، وەک گونجاوترین شێوازی ڕێکخستنی فەزای نەتەوە. ئەم شێوازە لە پەیوەندی و جیهانبینی دەبێ بەرزترین ئایدیاڵ بێت، کە حیزبە سیاسییەکان لە پڕۆسەی *دیموکراتیزەکردن* و *کوردستانیکردن*، خەباتی جیددیی بۆ بکەن،* بەڵام بۆ گەیشتن بەم شێوازە ئایدیاڵە (واتە شێوازی دووەم)، پێویستە سەرەتا هەر نەبێ ڕاگوزەری بکرێ بە شێوازی یەکەمدا لە پەیوەندی و جیهانبینی.

بە هەرحاڵ، لێرە و لەوێ تێبینی دەکرێ، کە هەوڵێک هەیە بۆ هەر نەبێ پەڕینەوە لە شێوازی گەمەی سفری بۆ شێوازی

* ئەم دوو شێوازەی پەیوەندیی سیاسی و جیهانبینییە وەک بەشێک لە کولتوورێکی سیاسی جیاوازترە، کە دەتوانێ ببێتە بنەما بۆ ڕێکخستنی باشتری ئەو پەیوەندییانە و دواجار ڕێکخستنێکی تەندروستی فەزای نەتەوە. پێشتر لە کتێبێکی نووسەردا گفتوگۆی لەسەر کراوە، بڕوانە: د. بورهان أ. یاسین، *ئەوەی ئەوڕۆ سیاسەتە... سبەی مێژووە*، سلێمانی، ٢٠٠٢، لاپەڕە ٢٠٢-٢٠٣.

یەکەم (سەرەوە)، واتە شێوازی *بێلایەنکردن و بێلایەنبینینی سەرکەوتن و شکستەکانی خۆ و هیی ئەوی تر (ئەوانی تر).* دەتوانین بڵێین لێرە و لەوێ، لەلای ئەم حیزب یا ئەو حیزب، ئەم پەڕینەوەیە تا ڕادەیەکی باش ڕووی داوە، بەڵام تا ئێستا پەیوەندییەکان نەیانتوانیوە بپەڕنەوە شێوازی دووەم، کە ئەویش کردنی نەتەوە و بەرژەوەندییەکانیەتی بە پێوەر بۆ شکست و سەرکەوتنەکانی هەر هێز و لایەنێک.

بە بڕوای خۆم، باشترین و شیاوترین سیاسەت و هەڵوێستی کوردستانییانە، تۆ بڵێی کوردانە، ئەمڕۆ، بەتایبەتی ڕوو لە خۆرئاوای کوردستان، ئەوەیە هەوڵ بدرێت سیاسەتێکی کوردستانییانە بخەملێنرێ، سیاسەتێک، کە خۆی لە ئاوێتەبوونی دوو چەمکدا دەبینێتەوە: لە ***دەرەوە*** *و* لە ***سەرەوە،*** کە هەردووکیشیان بەتوندی گرێدراوی یەکترن لە یەک چوارچێوەدا. مەبەست لە وشەی *دەرەوە* ئەوەیە، کە لە پەیوەندییە *ئاسۆیییەکاندا* حیزب خۆی دوور بگرێ لە هەر شێوازێکی "بە ڕەش یا سپی دیتنی شتەکان،" بەم واتایەش، خۆدوورگرتن لە هەر جەمسەرگیرییەکی حیزبی کە دواجار زیانی بۆ نەتەوەی کورد و بەرژەوەندییە باڵاکانی دەبێت. جگە لەوەش، لە *دەرەوەی* چوارچێوەی سنووردارکراوی حیزب، چواچێوەیەکی هەرە فراوانی نیشتیمانی، تۆ بڵێی دەرەوەیەک، هەیە و ئەوە ئەم *دەرەوەیەیە* کە هەمووان بە جیاوازیی ڕەنگی ئایدیۆلۆژی و بەرژەوەندیی حیزبی کۆ دەکاتەوە. مەبەست (لە وشەی *سەرەوە*)ش ئەوەیە، کە لە ڕۆشناییی گووتارێکی نیشتمانیدا، جیهانبینی و پەیوەندییە سیاسییەکان *وەسەر بخرێن* بۆ ئاستی هەرە سەرەوە، واتە *ئاستی سەرەوەی حیزب،*

ئاستە هەرە باڵاکەی بەرژەوەندی و ستراتیژە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان. بە باوەڕی خۆم، بەتایبەتی ئەو حیزبانەی پێشتر شەڕی براکوژییان نەکردووە و تا ڕادەیەک توانیویانە لە گەمەی سفری دوور بکەونەوە، گووتاری نیشتمانی لەبری گووتاری حیزبی جەخت بکەنەوە، ئەو حیزبانە بە ڕادەی یەکەم ئەو بەرپرسیارێتییەیان دەکەوێتە سەر شان، کە هەوڵی جیددی بدەن بۆ خەملاندنی ئەو چوارچێوە هەرە فراوانەی من پێی دەبێژم، "لە دەرەوە و لە سەرەوە." خۆدوورگرتن لە هەموو شێوەیەکی جەمسەرگیری "زلحیزبەکان،" مەرجێکە بۆ ئەوەی ئەم حیزبانە بتوانن یارمەتیدەر بن بۆ خەملاندنی ئەوها چوارچێوەیەک، کە تەواوی نەتەوە کۆ دەکاتەوە و ناسیۆنالیزمی کوردییش تەندروست و بەهێز دەکات.

لە کۆتاییدا ئەوەی ئەمڕۆ جێگەی نیگەرانییە، هەر نەبێ بە بۆچوونی خۆم، ئەوەیە کە دوو هێزی سەرەکی لە ئاستی کوردستانی مەزن لە گەمەیەکی سفریی زۆر نەرێنی و مەترسیداردان، ئەو دوو حیزبەش پەکەکە و پارتین. پەڕینەوەی پەکەکە لە باکوور و خۆرئاوا بۆ باشووری کوردستان و ئامادەیی و کاریگەریی لەو بەشەی کوردستان، دوو ڕەگەزی دژبەیەکتر دەگرێتە خۆی: لە لایەکەوە لێکنزیککردنەوەی سێ بەشی کوردستان، واتە کوردستانی عوسمانی پێشوو بەچڕی، کە ئەمەش زۆر ئەرێنییە، بەڵام لایەنە نەرێنییەکەی ئەوەیە، کە ئەگەر ئەم پەڕینەوەیە لە چوارچێوەی گەمەی سفریدا بکرێ، ئەوا ئەو پەڕینەوەیە زۆر نەرێنی و مەترسیدار دەبێت. ئەگەر هەموو لایەک ئاگادار و یارمەتیدەر نەبن، ئەوا بەرەوڕووبوونەوەی سەربازییش لەنێوان ئەو دوو هێزە نابێ بە دوور بگیرێ!

# کۆماری کوردستان لە سیاق (context)ی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا

**لە گۆڤاری هاڤیبوون، ژمارە ٦، ساڵی ١٩٩٩دا بڵاو بۆتەوە**

**ناوەڕۆک**


١- پێشەکی ........................................................... ٥٧٩
٢- پێشینەیەکی مێژوویی .............................................. ٥٨١
٣-کوردلەسیاسەتی‌زلهێزەکاندادوای‌داگیرکردنی‌ئێران..... ٥٨٥
٣-١ قۆناغی یەکەم ....................................................... ٥٨٥
٣-٢ قۆناغی دووەم ....................................................... ٥٩٠
٤- کۆماری کوردستان و سیاسەتی زلهێزەکان ....... ٥٩١
٤-١ بەرەو دامەزراندنی کۆماری کوردستان ........... ٥٩١
٤-٢ ڕاگەیاندنی دامەزراندنی کۆماری کوردستان .... ٥٩٤

٤-٣سیاسەتی زلهێزەکان بەرامبەر کۆماری کوردستان...٥٩٧
٥- ڕووخانی کۆماری کوردستان .............................. ٦٠٥
٦-ڕووخانی کۆمار لە چوارچێوە نێودەوڵەتییەکەیدا ... ٦٠٩
٧- دوا بە دوای ڕووخانی کۆمار ............................... ٦٢١
٨- دەرەنجام ............................................................... ٦٢٤

## ١- پێشەکی

هەر نەبێ لە حەفتا ساڵی دواییی ئەم سەدەیەدا (سەدەی بیستەم)، ئاستی یا ڕەهەندی نێودەوڵەتیی کێشەی کوردستان، لایەنێکی یەکجار گرنگ و کاریگەر بگرە چارەنووسسازیش بووە بۆ کێشەکە. دیارە سیاسەتی زلهێزەکان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتی بەرامبەر ئەو وڵاتانەی کوردستان لەنێوانیاندا دابەش کراوە و ڕاستەوخۆ بەرامبەر بە کورد، مەسەلەی هەرە گرنگە لە ئاستی نێودەوڵەتیی کێشەی کوردستاندا.

لێکۆڵینەوە لە کێشەی کوردستان لە ڕۆشنایی سیاسەتی زلهێزەکان، گرنگییەکی تایبەتیی هەیە لە ساڵانی جەنگی دووهەمی جیهانیدا، بەتایبەتی بە پەیوەندی لەگەڵ تەواوبوونی ئەم جەنگە و دەستپێکردن و سەرەتا زووەکانی جەنگی سارددا.*

---

* بڕوانە، بۆ نموونە: Mehrdad Izady, *The Kurds: A Concies Hand-Book,* Washington: Taylor & Francis International Publisher, 1992) p. 201; George Lenczowski, *Russia and the West in Iran, 1918-1948: A Study in Breat Power Rivalry,* (New York: Ithaca Press, 1949), p. 249. دیارە لەناو مێژوونووسان و سیاسەتزانان بۆچوونی زۆر جیاواز و بگرە زۆر جار دژبەیەکتر هەن دەربارەی هۆی دەستپێکردنی جەنگی سارد و کاتی دەستپێکردنی. بۆ باسێک لەم

لە لێکۆڵینەوەی بەردەستدا دیارە هەندێ گیروگرفتی تیۆری و میتۆدی هەن. گرفتێک لەوانە لێرەدا باسکردنە لە کورد لە سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا وەکوو نەتەوەیەکی بێدەوڵەت. لێرەدا دەتوانرێ ئەم ئیشکالیەتە چارەسەر بکرێ، بە ڕێگەی پشتبەستن بە بۆچوونێکی تازە لە لێکۆڵینەوەی مێژوویی و سیاسیدا، کە ئەویش حسابکردنی نەتەوە بێدەوڵەتەکانە وەکوو ئەکتەر لەسەر مەیدانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان.* دیارە هەڵبژاردنی بابەتێک وەکوو ئەمەی بەردەست، سروشت و جۆری سەرچاوە ئەسڵییە مێژووییەکانیش دیاری دەکات. لەم باسەی بەردەستدا کورد وەکوو ئەکتەرێکی نادەوڵەتی(non-state actor)ی سەر مەیدانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان تەماشا دەکرێ، بەو پێیەش، سەرچاوە ئەسڵییەکان زیاتر بەڵگەنامە ڕەسمییەکان دەبن، کە لە ئەرشیڤی بەریتانی و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەست دەکەون، لە بەریتانیا public record office، لە لەندەن و لە ئەمەریکاش national archives لەWashington D.C..

هەڵبەتە گرفتێکی تری میتۆدی لەم باسەدا ئەوەیە، تا ئێستا ئەرشیڤێکی ڕێکوپێکی ڕووسی (سۆڤێتی پێش ئێستا) نییە، ئەمەش کەم یا زۆر کەلێنێک دەخاتە ناو لێکۆڵینەوە لەمەڕ

---

بارەیەوە.Borhanedin A. Yassin, *Vision or Reality? The Kurds in thePolicy of the Great Powers, 1941-1947,* (Lund: Student Litteratur, 1995), pp. 100-103.

* بۆ دوو دیتنی جیاواز لەمەڕ ئەو پرسیارەی ئایا نەتەوە نادەوڵەتییەکان وەکوو ئەکتەر لەسەر مەیدانی سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەتوانرێ حسابیان بۆ بکرێ، بڕوانە: Yassin, 1995, pp. 20-23.، و هەروەها بڕوانە چاوپێکەوتنێک لەگەڵ نووسەری ئەم وتارە لە گۆڤاری گزنگ، ژمارە ١٢، هاوینی ١٩٩٦، ل. ٥.

پرسی کوردستان لە سیاسەتی زلهێزەکاندا (بەریتانیای مەزن، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و یەکێتیی سۆڤیەت). بە هەرحاڵ، لە پێداچوونەوەیەکی وردی سەرچاوە بەریتانی و ئەمەریکییەکان، شتێکی زۆر دەست دەکەوێ لەمەڕ سیاسەتی سۆڤیەتی دەربارەی کێشەی کوردستان.

یەکێ لەو پرسیارانەی لەم وتارەی بەردەست هەوڵی وەڵامدانەوەی دەدرێ، ئەمەیە: ئایا جووڵانەوەی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەتایبەتی سەرکردەی حیزبی دیموکراتی کوردستان - ئێران و سەرکردەی کۆماری کوردستان* بە ئیختیاری تەواو سۆڤیەتیان هەڵبژارد وەکوو "دۆست" و پشتگیر یا ئەم حاڵەتی "بەدۆستبوون" و پشتگیرییە ئاکامی هەندێ ڕووداو و پێشوەچوونی مێژوویی بوون؟

لەم وتارەدا کۆماری کوردستان (لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان - مەهاباد) دەخەینە ناو سیاق و چوارچێوەی نێودەوڵەتی.

## ٢- پێشینەیەکی مێژوویی

ساڵی ١٩٣٩ ئاگری جەنگی دووهەمی جیهانی هەڵگیرسا، لە ئاکامی تا ڕادەیەکی زۆر، سیاسەتی ئەڵمانیای نازی بە سەرکردایەتی ئەدۆڵف هیتلەر. جەنگ لە ئەورووپاوە دەستی پێ کرد، بەڵام هەر زوو زۆربەی هەرە زۆری جیهانی گرتەوە و

* تا ئێستا ناوی جیاجیا بەکار هاتوون لە ناوهێنانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد: کۆماری کوردستان، کۆماری دیموکراتی کوردستان، کۆماری مەهاباد، کۆماری گەلی کوردستان، کۆماری کورد... هتد. بۆ بۆچوونێک دەربارەی ئەم باسە، بڕوانە: مەحمود مەلا عزەت "با بۆچوونە شێواو و هەڵەکان ڕاست بکەینەوە،" گزنگ، ژمارە ١٣، پاییزی ١٩٩٦، ل. ٣٩-٤٤.

بوو بە جەنگێکی جیهانی.

ئەڵمانیا لە مانگی حوزەیرانی ١٩٤١، هێرشی کردە سەر یەکێتی سۆڤیەت و سەر کەوت لە داگیرکردنی بەشێک لەم وڵاتە و بگرە هەڕەشەی کرد لە خودی پایتەخت مۆسکۆ. لەم کاتەدا ترسێکی زیادە هەبوو، کە هێزەکانی ئەڵمانیا بەرەو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شۆڕ ببنەوە، بەو مەبەستەی ناوچە نەوتییەکان لە کەنداوی فارسدا بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە. دیارە پلانێکی وا هەبوو، کە ئەم هێرشە ببێتە ڕاستی و کوردستانیش (بەشەکانی تورکیا، ئێران و عێراق) ببێتە مەیدانێکی ڕاستەوخۆی جەنگ.* دیارە سەرنەکەوتنی ئەڵمانیا لە تێکشکاندنی یەکێتیی سۆڤیەت بەتەواوەتی، هۆیەکی گرنگ بوو بۆ جێبەجێنەبوونی ئەم پلانەی ئەڵمانیای نازی.

بە هەرحاڵ، هێرشی ئەڵمانیا بۆ سەر یەکێتیی سۆڤیەت، پێداویستی و گرنگیی هاوپەیمانیی بەریتانیای مەزن و یەکێتیی سۆڤیەتی هێنایە پێشەوە، کاتێک ئەم هاوپەیمانییەش هاتە کایەوە، هەر زوو گرنگیی ئێران بۆ ئەم دوو هێزە هاوپەیمانە خۆی نواند وەکوو زەرورەت.** زۆری پێ نەچوو بەریتانیا و سۆڤیەت کەوتنە پلاندانان بۆ داگیرکردنی ئێران. بۆ ڕەواییدان بەم داگیرکردنەش، ئەم دوو هێزە کەوتنە "بەهانە"هێنانەوە،

* United States Department of the Army, "The German campaign in Russia, planing and operations (1940-1942), in *Department of the Army Pamphlet,* No. 20+21a (Washington, D.C., March, 1955, p. 110.

** دەربارەی گرنگیی ئێران بۆ بەریتانیا و سۆڤیەت لە سیاقی جەنگی دووهەمی جیهانیدا، بڕوانە:
Barry Robin, *Paved with Good Intentions,* (New York: Pengium Books), p. 18; Winston Churchill, *The Second World War: The Grand Alliance,* Vol. III, (Boston: Houghton Mifflin Company), p. 423.

کە گوایە ژمارەیەکی زۆر ئەڵمانی هەن لە ئێران و بوونیان مەترسییە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەم دوو هێزە لە ناوچە و بۆ سەر هەوڵەکانیان لە جەنگدا دژی ئەڵمانیا.

زۆری نەخایاند، لە ڕۆژی ٢٥ی ئابی ١٩٤١، هێزەکانی بەریتانیا و سۆڤیەت هاودەم هێرشیان کردە سەر ئێران، یەکەمیان لەخوارووی ئێرانەوە و دووهەمیشیان لەسەرووی وڵاتەوە. لە ئاکامدا بەشی باکووری ئێران کەوتە ژێر دەستی سۆڤیەت و بەشی باشووریش کەوتە ژێر دەستی بەریتانیا و بەشی ناوەڕاستی ئێرانیش وەکوو ناوچەیەکی ئازاد (free zone) مایەوە. بەگشتی کوردستانی ئێرانیش بوو بە سێ بەشەوە: ناوچەی ژێر دەستی سۆڤیەت، ناوچەی ژێر دەستی بەریتانیا و ناوچەی "ئازاد."*

هێرشی هاوبەشی بەریتانیا و سۆڤیەت بووە هۆی هەڵوەشانەوەی لەشکری ئێران، لەسەرکارلادانی ڕەزا شا و زۆرلێکردنی بۆ ئەوەی وڵات بەجێ بهێڵێ و کەمبوونەوەی کۆنترۆڵی دەوڵەت بەتایبەتی لە ناوچەکانی دوور لە پایتەخت-تاران.** ئەم بارودۆخە ڕاستەوخۆ بووە هۆی ئەوەی خەڵکی کورد هەست بە ئازادی بکەن و بگرە هیوای دواڕۆژێکی باشتریش لایان سەر هەڵبدات. چەکێکی زۆر کەوتە دەست خەڵکی کوردەوە، بەتایبەتی خێڵەکان، کە لەو کاتەدا هێزێکی

* Lenczowski, 1949, pp. 169-175.

** بڕوانە:
Grant, C. "Iran: Test of Relations between Great and Small Nations" in, *Foreign Policy Reports,* (April 15, 1945), p. 32: K. Tabari, *Irans Policies Towards the United States During the Anglo-Russina Occupation,1941-1946*, (Unpublished ph.D. Dissertation, Columbia University, 1967), p. 12.

گرنگی سۆسیۆ – سیاسیی ناو کۆمەڵگەی کوردەواری بوون. جووڵانەوەیەکی هاتووچۆ و ئاخافتنی ئازاد، دوور لە کۆنترۆڵی کاربەدەستانی ئێران کەوتە ناو خەڵکەوە.*

لەگەڵ هاتنی هێزەکانی بەریتانیا و سۆڤیەت بۆ ناو خاکی ئێران، ژمارەیەک لە کاربەدەستانی باڵیۆزخانەی ئەڵمانیا لە تاران، بە نهێنی کەوتنە کارکردن و هەر زوو ئاکامی کارەکە پەیوەندیکردن بوو بە کەسانێکی ئێرانی، کە جوڵانەوەیەکیان دروست کردبوو بە ناوی *مللیونی ئێران. لە ئاکامدا* هاوکارییەکی زۆر چڕ هاتە کایەوە لەنێوان ئەڵمانەکان و ئەم جووڵانەوەیە. ئەوەی زۆر گرنگە لەم مەسەلەیەدا ئەوەیە، زۆر لە ڕۆژهەڵاتناس و ئێراناسان تا ئێستا بۆچوونێکیان هەبووە، کە گوایە ئامانجێکی هەرە گرنگی جووڵانەوەی *مللیون* و هاوکارە ئەڵمانەکانیان ئەوە بوو، کوردەکان هان بدەن بۆ ڕاپەڕین. بەم پێیەش گوایە کورد جێگەیەکی گرنگی هەبوو لە پلانەکانی *مللیوندا*،** بەڵام دوای ڕاڤەکردنی بەڵگەنامەکانی جووڵانەوەی *مللیون*، کە زیاتر لە سەد دانە بەڵگەنامەیە، بۆمان دەر کەوت کەوا کورد جێگەیەکی زۆر گرنگی نەبووە لە پلانەکانی جووڵانەوە و هاندانی کوردیش

---

* بۆ باسێکی فراوانتر بڕوانە: Yassin, 1995, pp. 68-69; و لەوێشدا سەرچاوە هەرە گرنگەکان. بۆ باسێک دەربارەی خێڵە کوردییەکانی ئەو کاتەی کوردستانی ئێران بڕوانە:

William Eagleton, Jr. *The Kurdish Republic of 1946,* (London: Oxford University Press), pp. 16-21; Izady, 1992, p. 73-86.

** بڕوانە:

George Kirk, *The Middle East in the War: Survey of International Affairs 1939-1946,* (London: Oxford University Press, 1949), p. 157; Lenczowski, 1949, pp. 163-164; Peter Avery, *Modern Iran,* (London: Ernest Benn Ltd, 1965), p. 363.

بۆ ڕاپەڕین، جێگەی تایبەتی نەبووە لە ئامانجەکانی ملیوندا.*

## ٣- کورد لە سیاسەتی زلهێزەکاندا دوای داگیرکردنی ئێران

### ٣-١ قۆناغی یەکەم

لەگەڵ داگیرکردنی ئێراندا، هەردوو هێزەکە بەریتانیا و سۆڤیەت هەستیان بە گرنگیی ئەو هێزە سیاسی و گروپە ئێتنیکی و دینی و هێزە سۆسیۆ - سیاسییانە کرد کە لە ئێران هەبوون. گەلی کورد لە ئێراندا ڕاستییەکی پڕ هێز و توانای سەر مەیدانی سیاسی بوو، هەر لەبەر ئەوەش، هەر هێزێکی بەرژەوەندیدار لە ئێران بۆی نەدەکرا ئینکاریی بوونی ئەم ڕاستییە بکات، بەڵکوو پێویست بوو کار لەگەڵ مەسەلەکەدا بکات و سیاسەتێکی گونجاوی بۆ دابڕێژێ.**

پەیوەندیی ڕاستەوخۆی هێزەکانی بەریتانیا و سۆڤیەت بە گەلی کوردەوە، بووە هۆی ئەوەی هەردوو لا واتە خەڵکی کورد لە لایەک و ئەو دوو هێزە لە لایەکی دیکەوە، هەڵوێست لە

---

* ئەم بەڵگەنامانە بە ناوی(Mayer Docummetns)ن لە-National Archives دەستم کەوتن، بەوردی کاری *ملیون ئێران* دەر دەخەن لە ماوەی مانگی شوبات تا تشرینی یەکەم لە ساڵی ١٩٤٢ و بەریتانییەکان لە شاری ئەسفەهان بەدەستیان هێناون و کۆپییەکیان دراوە بە ئەمەریکییەکان.*RG. 59, 891.00/2050. June 4, 1943. Department of State, National Archives*.

** بڕوانە:

Rezun, M. *The Soviet Union and Iran: Soviet Policy in Iran from the Beginning of the Pahlavi Dynasti until the Soviet Invasion in 1941,* (Genève: Sijth off & Noordhoff International Publisher BV Alphen aan den Rijn), p.82, n. 74.

یەکتر وەر بگرن، بەڵام هەرچی خەڵکی کورد بوون بە چاوێکی پۆزەتیڤانە و دۆستانەتر تەماشای سۆڤیەتییەکانیان دەکرد.* لە لایەکی ترەوە، لە سەرەتای داگیرکردنی ئێران تا کۆتاییی ١٩٤٣ و بەشێک لە ساڵی ١٩٤٤، سیاسەتی بەریتانیا و سۆڤیەت لە بەرامبەر کورد تا ڕادەیەک لە یەکتر دەچوون، لەبەر سەرقاڵیی ڕاستەوخۆی ئەم دوو هێزە بە جەنگەوە لەگەڵ ئەڵمانیادا، بەڵام هەر زوو لە پاییزی ١٩٤١ سیاسەتی بەریتانیا ڕوون بوویەوە، کە ئەویش پشتگیریکردنی ڕاستەوخۆی حکومەتی مەرکەزی بوو و لە هەمان کاتدا پشتکردن بوو لە گەلی کورد (بە زمانی ڕەسمیی بەریتانییەکان، خێڵەکانی کورد)،** بەڵام سیاسەتی سۆڤیەتییەکان بەرامبەر بە کورد تا ١٩٤٣-١٩٤٤ ناڕوونییەکی پێوە دیار بوو. ئەم سیاسەتە لەسەر ئەوە بینا کرابوو، کە باشتر وایە دڵی خەڵکی کورد، بەتایبەتی سەرەک کوردە خاوەندەسەڵاتەکان، لە سۆڤیەت نەڕەنجێندرێ، بەڵکوو لە دواڕۆژیشدا کورد وەکوو ئامرازێک لە ململانێی سیاسیدا بەکار بێت.***

دیارە بەگشتی سیاسەتی بەریتانیا و سۆڤیەت بەرامبەر بە کورد مەسەلەیەکی ڕوون نەبوو، بەڵکوو سیاسەتەکانیان زیاتر ڕەنگدانەوەی هەڵوێستی ئەم دوو وڵاتە بوو: ١- لەو

---

* Memo, NE, Department of State, March 19, 1942, (Department of State's Decimal File) *DSDF, 891.00/1827, NA.*

** *Foreign Office (FO) 371/27244, Persia 1941, Public Record Office (PRO)*; Sir R. Bullard, *The Camels Must Go: An Autobiography,* (London: Faber and Faber, 1961), pp. 232-233; From the Foreign Office to the British Legation in Tehran, Aug. 1, 1943, *FO 371/35072, Persia 1943, PRO.*

*** Yassin, 1995, pp. 82-83.

ناوچانەی داگیریان کردبوو. ٢- بەرامبەر حکومەتی مەرکەزی لە تەهران. ٣- بەرامبەر بە یەکتر. ٤- لەمەڕ بەرژەوەندییەکانیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ٥- مەسەلەیەکی زۆر گرنگیش، کە کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لەسەر داڕشتنی ئەم سیاسەتە و دەربڕینی عەمەلیی ئەم سیاسەتە، هاوسەنگیی هێز بوو لە جەنگیاندا لەگەڵ ئەڵمانیا.

سەردانی وەفدێکی کوردی، کە لە ٣٠ کەس پێک هاتبوو، بۆ باکۆ، پایتەختی ئازەربایجانی سۆڤیەتی، لە کۆتاییی ١٩٤١ بووە هۆی ئەوەی دەنگی گلەیی لەلایەن ئێرانییەکان و بەریتانیا و تورکیا بەرز ببێتەوە.* هەرچەندە ئەم سەردانە بەپێی ڕوونکردنەوەی سۆڤیەتییەکان تەنها سەردانێکی کولتووری بوو.**

---

* From British Legation in Tehran to Foreign Office, Jan 14, 1942, *FO 371/31388, Persia 1942 PRO;* From Bullard to Eden, Jan. 21, *FO 371/31394, Persia 1942, PRO.*

** From Maisky to Eden, Jan. 4, 1942, *FO 371/31388, Persia, PRO;* Bullard, 1961, p. 239.

هەندێک سەرچاوەی کوردیش جەخت لەسەر ئەوە دەکەن، کە سروشتی سەفەرەکەی وەفدی کوردی بۆ باکۆ، کولتووری بووە و ئامانجی سۆڤیەتییەکانیش ئەوە بووە زیاتر شارەزایی و ئاشنایی پەیدا بکەن لەگەڵ کورد: د. عبدالرحمن قاسملۆ، *چل ساڵ خەبات لەپێناو ئازادی: کورتەیەک لە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران،* بەشی ١ چاپی دووەم (؟ ؟)، ل. ٦٢. دیارە مەبەستێکی سەردانیش ئەوە بووە، کوردەکان شارەزایییەک پەیدا بکەن لەمەڕ ژیانی خەڵک لە یەکێتیی سۆڤیەت. بڕوانە Eagleton, 1963, p. 23. و قاسملۆ، ١٩٨٨، ل. ٦٠-٦١. لە لایەکی تریشەوە، وەفدە کوردییەکە ئامانجێکی سیاسیی نەبوو کە بیناسێنێ بە دەسەڵاتداران لە باکۆ و بگرە هیچ شێوە هاوئاهەنگییەکیش نەبوو لەنێوان ئەندامانی وەفددا. بڕوانە، نەوشیروان م. ئەمین، *حکومەتی کوردستان، ڕێبەندانی ١٣٢٤-سەرماوەزی ١٣٢٥: کورد لە گەمەی سۆڤیەتدا،* (هۆڵەندا، ؟، ١٩٩٣)، ل. ٤٤-٤٥.

سەردانەکە و ڕێگەنەدانی هێزەکانی سۆڤیەت (لەشکری سوور) بە ژاندرمەی ئێرانی، کە بەئازادی بێنە ناو کوردستانەوە و لە هەمان کاتدا ڕاپەڕینی هەندێ خێڵی کورد لە بەهاری ١٩٤٢، ئەم ڕووداوانە هەمووی بوونە هۆی ئەوەی گومان بخرێتە سەر سۆڤیەتییەکان، کە گوایە پشتگیری لە جووڵانەوەی جیاخوازیی کورد دەکەن.* کاربەدەستانی ئێران و تورکیا، سۆڤیەتییەکانیان بەوەش تاوانبار کرد، کە گوایە سۆڤیەتییەکان پشتگیری دەکەن لە خەملاندنی جووڵانەوەیەکی کوردی - ئەرمەنی- ئاسوری جیاخواز بە ناوی Liberation (ڕزگاری).**

بەڵام لەوە دەچێ ئەم بۆچوونە لە بنچینەدا هیی دەسەڵاتدارانی تورکیا بووبێت و بە پلەی یەکەم ترسیان لەو ئەگەرەی کە هەر جووڵانەوەیەکی کوردی لە ئێران، ڕاستەوخۆ کاری دەکردە سەر کوردەکانی تورکیا.*** بە بۆچوونی بەریتانییەکان ئەم بۆچوونەی تورکەکان زیاتر لەژێر کاریگەریی پڕوپاگەندەی ئەڵمانیا و دۆستانی خەملابوو، کە گوایە سۆڤیەت پشتگیری دەکەن لە ڕاپەڕینێکی سەرانسەری لە ئازەربایجانی ئێراندا.**** دیسان بەریتانییەکان لەم باوەڕەدا بوون، تورکیا قەوارەیەکی زۆر مەزنتری لەوەی کە پێویستە،

* Bullard, 1961, p. 235; Avery, 1945, p. 384-385.

** From Dreyfus to Secretary of State, Jan. 5, 1942, *Department of State's Deciman File (DSDF), 891.00/1822, NA;* From the British Legation in Tehran to the Foreign Office, Jan. 9, 1942, *FO 371/31388, Persia 1942, PRO.*

*** From the British Embassy in Ankara to the Foreign Office, May 6, 1942, *FO, 371/31414 Persia 1943, PRO.*

**** From Ankara to London, March 12, 1942, *FO 371/31390, Persia 1942, PRO.*

داوە بە ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.* ئەمەش لە ڕاستیدا ڕەنگدانەوەی حەساسیەتێکی تەقلیدیی تورکەکان بوو لەمەڕ مەسەلەی کوردستان بەگشتی. لە لایەکی ترەوە، گوناهبارکردنی سۆڤیەتییەکان لەلایەن ئێرانییەکانەوە، کە گوایە هێزە سۆڤیەتییەکان ڕێگە بە هێزی ئێرانی دەگرن بچنە ناو کوردستانەوە** تەنانەت بەهانەیەک بوو بۆ ئەوەی ئێرانییەکان بتوانن ئەمەریکییەکان ڕابکێشنە ناو ململانێی ئێران و سۆڤیەت. لە ڕاستیدا، بە پێزانینی ئەمەریکییەکان خۆیان، مەسەلەکە نەک ڕێگەنەدان بوو بە هێزی ئێرانی، بەڵکوو ئێرانییەکان نە ئەو توانا لەشکرییە پێویستەیان هەبوو و نە باری سیاسییان گونجاو بوو کە بە شێوەیەکی کاریگەرانە بچنە ناو کوردستان و دەست بەسەر بارودۆخەکەدا بگرن.*** ئەم کەمتوانایییەی هێزە چەکدارەکانی ئێران، نەدەکرا تەنانەت لەلایەن ئێرانییەکان خۆشیانەوە بشاردرێتەوە. بۆ نموونە، ژەنەڕاڵ درەخشانی، سەرلەشکری ئێران لە تەبریز، لە بەهاری ١٩٤٥ ئەو ڕاستییەی دەر خست، کە ئیتر ئێرانییەکان هێزێکی زۆر زیاتریان پێویست

---

* From the British Embassy in Ankara to the Foreign Office, May 8, 1942, *FO 371/31414, PRO.*

** Yassin, 1995, pp. 92ff.

*** From the American Delegation in Tehran to the Department of State, Nov. 10.1943, *DSDF, 891.00/2066, NA.*

شایانی تێبینیکردنە، ئەمەریکییەکان لە ساڵی ١٩٤٢ هێزێکی زیاتر لە ٣٠٠٠٠ سەربازیان ناردە ئێران، بە بەهانەی پارێزگاریکردن لە ڕێگەی شەمەندەفەر، کە لە کەنداوی فارسەوە دەچووە ناو یەکێتیی سۆڤیەت. بەم شێوەیە ئێران بووە یەکەم دەوڵەت لە جەنگی دووهەمی جیهانیدا، کە هێزە بەریتانی، ئەمەریکی و سۆڤیەتییەکانی تیادا کۆ بووبووەوە؛ بەم شێوەیەش ئێران بوو بە حاڵەتی تاقیکردنەوە(test case) بۆ چۆنێتیی بەڕێوەچوونی پەیوەندیی نێوان ئەم سێ زلهێزە.

بوو لەوەی هەیانبوو، بۆ ئەوەی بینێرن بۆ شاری مەهاباد بۆ دەستبەسەرداگرتنی.*

## ٣–٢ قۆناغی دووەم

سیاسەتی زلهێزەکان بەرامبەر بە کورد لە ئێران، بەتایبەتی هیی یەکێتیی سۆڤیەت ئاشکراتر بوو لەم قۆناغەدا، کە دەتوانرێ بوترێ لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٣وە تا دەهات ڕوونتر دەبووەوە. هۆیەکەشی تەنها ئەو قەیرانە سیاسی و دیپلۆماسییە نەبوو کە لەنێوان ئێران و سۆڤیەت ڕووی دا لەسەر مەسەلەی نەوت، کە دەستپێکی لە پاییزی ١٩٤٤ بوو و هەر زوو بەریتانیا و ئەمەریکاش ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ تێوە گلان، بەڵکوو هۆیەکی زۆر گرنگی ئەم گۆڕانکارییە سەرکەوتنی سۆڤیەت بوو لە بەرەی شەڕدا، کە بە شکاندن و دەرکردنی هێزەکانی ئەڵمانیا لە وڵاتدا تەواو بوو. ئەم سەرکەوتنە ڕێگەی بۆ ئەوە خۆش کرد، کە ئیتر سۆڤیەت لە بەرەی دیپلۆماسیشدا، لە ئاستی جیهانیدا، بەتایبەتی لە ئاستی ئێران و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بکەونە حاڵەتی "هێرشی" دیپلۆماسییەوە. زۆر بەکورتی، لەم قۆناغەدا بۆ زلهێزەکان، لەمانیش یەکێتیی سۆڤیەت، وا پێویست بوو سیاسەتەکانیان خۆئامادەکردن بێت بۆ کۆتاییی جەنگ و خەملاندنی نەخشە بەرژەوەندییە ستراتیژییەکان لە جیهاندا، لە زەمانی دوای جەنگدا.** لە لایەکی تریشەوە ئەمەریکی و

---

* From Leland Morris to the Secretary of State, May 5. *Foreign Relations of the United States (FRUS), Diplomatic Papers, The Near East and Africa, 1945,* Vol. VIII. (Washington D.C: Government Printing Office, 1969), p. 368.

** بڕوانە: Yassin, 1995, pp. 114-115 و لەوێشدا سەرچاوە هەرە

بەریتانییەکان تا دەهات گرنگیی زیاتریان دەدایە پەیوەندیی سۆڤیەت بە کوردەوە و ناڕەحەتیی خۆیان دەر دەبڕی بەرامبەر سۆڤیەتییەکان، کە گوایە پشتگیریی کورد دەکەن لە هەوڵدانیان بۆ جیابوونەوە لە ئێران. ئێرانییەکان، هەر وەک پێشتر، هەوڵی تەواویان بۆ ئەوە بوو سۆزی ئەمەریکی و بەریتانییەکان بۆ خۆیان ڕابکێشن، لەپێناو فشارخستنەسەر سۆڤیەت، کە ئەمانە ڕێگە بدەن بە لەشکری ئێران، بچێتە ناو کوردستانەوە بە مەبەستی سەرکوتکردنی هەر هەوڵ و جووڵانەوەیەک لەوێدا.*

## ٤- کۆماری کوردستان و سیاسەتی زلهێزەکان

### ٤–١ بەرەو دامەزراندنی کۆمار

هەر وەکوو لە پێشوودا باس کرا، بێهێزبوونی ئێران لە ئاکامی داگیرکردنی لەلایەن بەریتانیا و سۆڤیەتەوە، دەرفەتێکی لەباری هێنایە کایەوە بۆ جووڵانەوە و کۆبوونەوە و دەربڕینی ڕای ئازاد لەناو ڕیزەکانی خەڵکی کوردستاندا. زۆریشی پێ نەچوو، کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ.ک.) لە ساڵی ١٩٤٢ هاتە کایەوە. کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، بەپێی زۆر سەرچاوە، یەکەم ڕێکخراوی سیاسیی نەتەوەیی بوو، کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

---

گرنگەکان دەربارەی ئەم مەسەلەیە.

* From Leland Morris, the American Ambassador in Iran, to the Secretary of State, Feb 22, 1945, *FRUS, 1945,* Vol. VIII pp. 361-362I.

لیلاند مۆریس باڵیۆزی ئەمەریکا بوو لە تاران لە شوبات تا حوزەیرانی ١٩٤٥.

سەری هەڵدا.* زۆر بەکورتی، (ژ.ک.) ڕێکخراوێکی نەتەوەیی بوو و گۆڕینی کۆمەڵگەی کوردەواری یەکێک لە ئامانجەکانی بوو.** لە ڕووی کوردستانی مەزنەوە، دروستبوونی ئەم ڕێکخراوە دابڕاو نەبوو، بەڵکوو لە کۆبوونەوەی دامەزراندنی (ژ.ک.) دا بەشداریی چالاکانەی حیزبی هیوا (باشووری کوردستان ١٩٣٩–١٩٤٥) لەلایەن میرحاج و مستەفا خۆشناو بەرچاو بوو.*** هەروەها زۆری پێ نەچوو، (ژ.ک.) پەیوەندیی لەگەڵ باشوور و باکووری کوردستان دروست کرد. بۆ نموونە گرنگییەکی تایبەتیی بە ڕاپەڕینەکەی مستەفا بارزانی بەرامبەر حکومەتی عێراق دا.**** لەمەڕ پەیوەندییەکانی (ژ.ک.) لەگەڵ زلهێزەکان بەتایبەتی سۆڤیەت و بەریتانیا، بەڵگەنامەی یەکجار کەم لە بەردەستدایە. بە هەرحاڵ، لە کۆبوونەوەیەکی سەرکردایەتیی (ژ.ک.)دا لە ساڵی ١٩٤٣، بڕیار درا پەیوەندی بە سۆڤیەتەکانەوە بکرێ و داوای یارمەتییان لێ بکرێ،***** بەڵام هیچ بەڵگەیەک

* بڕوانە: قاسملۆ، ١٩٨٨، ل. ٢٥، بەڵام بەپێی مەحمود مەلا عزەت، بەر لە ژ.ک. ڕێکخراوێکی تر بە ناوی "کۆمەڵەی ئازادیخوازانی کوردستان" دروست ببوو لە ساڵی ١٩٣٩. بڕوانە مەحمود مەلا عزەت، *کۆماری میللی کوردستان: لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی و مێژوویییە*، (ستۆکهۆڵم: جەمال تاهیر، ١٩٨٦)، چاپی دووەم، ل. ٦١.

** قاسملۆ، ١٩٨٨، ل. ٤٧؛ مەلا عزەت، ١٩٨٦، ل. ٦٦.

*** مەلا عزەت، ١٩٨٦، ل. ٦٤؛ قاسملۆ، ١٩٨٨، ل. ٢٧؛ هەروەها کەریم حوسامی، *کۆماری دیموکراتی کوردستان یا خودموختاری؟* (ستۆکهۆڵم: بنکەی چاپەمەنیی ئازاد، ١٩٨٦) چاپی دووهەم، ل. ٤٣.

**** بڕوانە: ئەمین، ١٩٩٣، ل. ٧٢–٧٣. بۆ دەقی نامەی ژ.ک. بۆ بارزانی بڕوانە هەمان سەرچاوە، ل. ٤٣.

***** بڕوانە، Eagleton, 1963, p. 35 لە لایەکی ترەوە یەکێ لە دامەزرێنەرانی ژ.ک. (مەلا قادر مودەرسی) دەڵێ، سۆڤیەتییەکان گرنگییەکی زۆریان دەدا بە ژ.ک. بڕوانە ئەو چاوپێکەوتنەی مودەرسی لە س.م. سەمەدی، ژ.ک.

لە بەردەستدا نییە کە ئایا ئەم پەیوەندییە کرابێ و ئەگەر کرابێ ئایا ئاکامی پەیوەندییەکە چی بووبێ. لە لایەکی ترەوە، دیارە (ژ.ک.) لە دیتنی سیاسیدا بۆ بەریتانیا و سۆڤیەت زیاتر واقیعبینانە بووە، بە واتایەکی تر، هەر زوو خۆبەستنەوە نەبوو بە لایەنێکەوە. (ژ.ک.) پۆزەتیڤانە باسی لە هەردوو زلهێزەکە دەکرد، ئەمەش لە خوێندنەوەی گۆڤاری نیشتمان، زمانحاڵی (ژ.ک.)، دەر دەکەوێ.

بە هەرحاڵ، لەبری (ژ.ک.) ڕێکخراوێکی تر (حیزبی دیموکراتی کوردستان – ئێران حدک) لە شازدەی ئابی ١٩٤٥ دامەزرا.*
ئەم حیزبە تازەیە قازی محەمەدی هەڵبژارد وەک سەرۆکی خۆی. حدک کەوتە پەیوەندیکردن لەگەڵ سۆڤیەتییەکان و هەر زوو وەفدێکی ئەو حیزبە، لەسەر داواکاریی دەسەڵاتدارانی ئازەربایجانی سۆڤیەتی، سەریان لە باکۆ دا. باسی هەرە گرنگ لەم سەردانەدا، لەنێوان وەفدی کوردی و سۆڤیەتییەکان، مەسەلەی مسۆگەرکردنی پشتگیریی سۆڤیەتی بوو لە خواستێکی کوردی بۆ دامەزراندنی قەوارە–کیانێکی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. زۆر بەکورتی، دیارە بۆچوونی سۆڤیەتییەکان، بەتایبەتی هیی جەعفەر باقیرۆڤ، سکرتێری پارتی کۆمۆنیستی ئازەربایجانی سۆڤیەتی و سەرۆکوەزیرانی ئازەربایجان ئەوە بوو، کە کوردەکانی ئێران دەبێ پەلە نەکەن و وا باشترە ڕازی بن بە وەرگرتنی هەندێک لە مافەکانیان لەناو

---

*چی بوو؟ چیی دەویست؟ چیی لێ بەسەر هات؟* (مەهاباد: ؟١٩٨١)، ل. ١٦–١٧.

* ڕێکنەکەوتنێکی ئاشکرا هەیە لەنێوان سەرچاوەکان دەربارەی مێژووی دامەزراندنی حدک – ئێران. بۆ باسێکی لەو بابەتە: Yassin, 1995, p. 150-152.

سنووری ئازەربایجانی ئێراندا، کە ڕۆژی دوازدەی کانوونی یەکەم دامەزرا.* لە ڕاستیدا ئەم بۆچوونە هیی حیزبی دیموکراتی ئازەربایجان – ئێران (ناسراو بە فرقە) و سەرکردەی کۆماری ئازەربایجانی سۆڤیەتیش بوو. بۆ نموونە لە چاوپێکەوتنێکی جەعفەر پیشەڤەری، سەرۆکی کۆماری ئازەربایجانی ئێران، لەگەڵ ڕۆبەرت ڕۆسۆ، جێگری قونسوڵی ئەمەریکی لە تەبرێز، بەر لە دامەزراندنی کۆماری کوردستان، پیشەڤەری جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە کوردەکان دەبێ بە هەندێک ماف ڕازی ببن لە چوارچێوەی کۆماری ئازەربایجاندا. پیشەڤەری ئەوەی ڕوون کردەوە، کە لەسەر ئەو پێویستە دۆستایەتیی کورد بکات، ئەگەرنا حکومەتی تاران بەئاسانی کوردەکان دژی ئازەرییەکان بەکار دەهێنێ.** لەوە دەچێ سۆڤیەتییەکانیش، بەتایبەتی جەعفەر باقیرۆڤ، ترسێکی وایان هەبووبێ، کە ئەگەر سۆڤیەتییەکان پشت لە کوردەکان بکەن، ئەوا بۆی هەیە بەریتانییەکان ئەم دەرفەتە بقۆزنەوە بۆ بەکارهێنانی کوردەکان دژی پلانەکانی سۆڤیەت لە ئێران بەگشتی و دژی کۆماری ئازەربایجانی ئێران بەتایبەتی. بە مانایەکی تر، ئازەربایجانی ئێران، نەوەک کوردەکان، مەبەستی سەرەکیی سۆڤیەتییەکان بوو.

### ٤–٢ ڕاگەیاندنی دامەزراندنی کۆماری کوردستان

هەر وەک وترا، لە ڕۆژی دوازدەی کانوونی یەکەمی ١٩٤٥، ئازەرییەکان دامەزراندنی کۆماری خۆیان لە تەبرێز ڕاگەیاند.

---

* Eagleton, 1963, p. 44.

** From Rossow to the Secretary of State, Jan. 2, 1946, *DSDF, 891.00/1-246, NA.*

ئەم ڕووداوە ڕێگەخۆشکەرێکی گرنگ بوو لە ڕووی سایکۆلۆژی – سیاسییەوە بۆ ئەوەی کوردەکانیش، بە سەرکردایەتیی حدک، کۆماری خۆیان لە مەهاباد ڕابگەیەنن. دیارە لە کۆتاییی ١٩٤٥ و دەستپێکی ١٩٤٦، ڕووداوەکان زۆر بەپەلە دەڕۆیشتن لەمەڕ جووڵانەوەی نەتەوەییی کورد، لە ڕووی بارودۆخی ئێران و لە ڕووی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا. ئا لەم بارودۆخەدا، دامەزراندنی کۆماری کوردستان لەلایەن قازی محەمەدەوە لە ٢٢ی کانوونی دووهەمی ١٩٤٦ لە مەیدانی چوارچرا لە مەهاباد ڕاگەیەندرا.

مەسەلەیەکی گرنگ لە بابەتی کۆماری کوردستان لە سیاسەتی زلهێزەکاندا ئەوەیە، کە ئایا کۆمار چۆن دەبینرا لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و بەریتانیای مەزنەوە.

بۆچوونی هەرە باو لەلای کاربەدەستانی ئەمەریکا ئەوە بوو، کە کۆماری کوردستان قەوارەیەکی سیاسیی دەستکردی سۆڤیەتییەکان بوو.* لە ڕاپۆرتێکدا ڕۆبرت ڕۆسۆ (جێگری قونسوڵی ئەمەریکا لە تەبرێز) دەڵێ، ئامانجێکی نەناسراوی سەرکردە کوردەکان ئەوە بوو، کە کۆمارەکەیان ڕۆڵی نوقتەی لێوەدەرچوون ببینێ بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی، کە بەشەکانی کوردستان لە ئێران، عێراق، تورکیا و سوریا بگرێتەوە و خاکی ئەم وڵاتە بڵاو ببێتەوە تا دەگاتە ئەسکەندەرۆن لەسەر دەریای ناوەڕاست. لە ڕێگەی ئەم دەوڵەتەوە، یەکێتیی سۆڤیەت دەتوانێ بوونی ستراتیژیی خۆی

* Rosow, R. Jr. The Battle of Azerbaijan, in *The Middle East Journal,* Vol. X, No. 1, Winter 1956, pp. 18, 29.

لە ناوچەدا سەقامگیر بکات. هەروەها ڕۆسۆ جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ئەگەر سۆڤیەتییەکان ناوچە کوردییەکەش، بە هەمان شێوەی، ئازەربایجانی ئێران وەکوو پردێک بەکار بهێنن، بۆ گەیشتن بە ناوچەی کەنداوی فارس و قووڵبوونەوە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەوا ئەوان –سۆڤیەتییەکان دەتوانن ئامانجەکانیان لە ناوچەکەدا بەدەست بهێنن.* کەچی ئەمە لە کاتێکدا، کە قازی محەمەد بەڕاشکاوی دەری بڕی، کە ئەو نەک هەر باس لە دامەزراندنی کوردستانێکی گەورە ناکات، بەڵکوو ناشخوازێ هیچ شێوە هاوکارییەکیش بکات لەگەڵ کوردەکانی عێراق و تورکیا بۆ ناردنی وەفدێکی هاوبەش بۆ هەر کۆنفرانسێکی ئاشتی، کە لە چوارچێوەیدا کێشەی کوردستانی مەزن باس بکرێ.** بە هەرحاڵ ئەمەریکییەکان لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام بوون لە دەربڕینی ئەو ترس و گومانەی کە گوایە ئامانجی کوردەکان دروستکردنی کوردستانێکی مەزنە. ئەم بۆچوونە ئەمەریکییە، لە ڕاستیدا لەو بۆچوونەوە هەڵقووڵابوو، کە هاتنەکایەی دەوڵەتی کوردستانی مەزن بە پشتگیریی یەکێتیی سۆڤیەت، لە بەرژەوەندیی سۆڤیەتییەکاندا دەبێ. لەمەش زیاتر، هەندێ ڕاپۆرتی دیپلۆماسیی ئەمەریکی باس لە هەندێ پلانی کوردی و هەندێ کرداری سۆڤیەتی دەکەن بۆ هەڵسان بە کارێکی سەربازیی هاوبەش بەرەو تورکیا و عێراق. بەپێی ئەم ڕاپۆرتانە، ئامانج لەم کردارە سەربازییانە، بەتایبەتی دەستبەسەرداگرتنی تەواوەتیی باکووری کوردستان

* From Rosow to the Secretary of State, Jan. 2, 1946, *DSDF, 891.00/1 – 246, NA.*

** From Gerald Doohr, the American Vice Consul to the Secretary of State, Apr. 26, 1946, *DSDF, 891.00/4-246, NA.*

(کوردستانی تورکیا) بوو. نەک هەر ئەوە، بەڵکوو بۆچوونێکی ئەمەریکیی واش هەبوو، کە گوایە کوردستان سەروەریی خۆی ڕاگەیاندووە بەسەر تەواوی ڕۆژهەڵات و خوارووی ڕۆژهەڵاتی تورکیادا. لەگەڵ ئەوەی کە هیچ دەلیلێک نەبوو لەسەر ئەم بۆچوونانەی ئەمەریکییەکان، ئەوان واتە ئەمەریکییەکان، هەر بەردەوام بوون لەسەر جەختکردنەوە لەسەر ئەم بۆچوونە، ئەمەش بە پشتبەستن بە هەندێ ڕاپۆرت، کە گوایە هێزەکانی سۆڤیەت لە باکووری ئێرانەوە بەرەو سنوورەکانی تورکیا و عێراق دەچوون،* بەڵام لە ڕاستیدا زانیارییەکانی بەریتانییەکان ئەوەیان سەلماندووە، کە ڕاپۆرتە ئەمەریکییەکان دەربارەی جووڵانەوەی هێزە سۆڤیەتییەکان، تەنها گەورەکردن (exagger-ation)ی مەسەلەکە بووە و هیچ بنچینەیەکی ڕاستی نەبووە.** بە هەرحاڵ، لەیەکچوونێک و نزیکییەکی زۆر هەبوو لەنێوان بۆچوونی ئەمەریکییەکان و سیاسەت و بۆچوونی ڕەسمیی ئێران لەمەڕ ڕووداوەکانی کوردستان، پەیوەندیدار بە هەڵوێست لە سیاسەتی سۆڤیەت لە ناوچە و هەڵوێستی بەرامبەر بە کێشەی کوردستان.***

## ٤–٣ سیاسەتی زلهێزەکان بەرامبەر کۆماری کوردستان

لەگەڵ تەواوبوونی جەنگ، یەکێتیی سۆڤیەت هەوڵەکانی خۆی

* From Rossow to the Secretary of State, March 5, 1946, *FRUS, 1946,* Vol. VII, p. 340; Rossow, 1956, p. 21; From Kennan to the secretary of State, 1946, *FRUS 1946,* Vol. VII, p. 356.

** From the Secretary of State to Rossow, March 15, *FRUS,* Vol. VII, pp. 359-360.

*** M. R. Pahlavi, *Mission for my Country,* (London: Hutehinson, 1966), p. 144.

زۆر زیاتر کرد، بۆ ئەوەی کاریگەریی خۆی زیاتر بکات لە ئێران. دوو ڕێگەی هەرە گرنگ بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، پشتگیریکردنی چەپی ئێران، بەتایبەتی حیزبی تودە، هەروەها ئازەری و کوردەکان بوو، کە دوو هێز بوون داوای ئۆتۆنۆمییان دەکرد. لێرەدا پێویستە بوترێ، کە هەردوو لای هاوکێشە پێویستی بە سوودوەرگرتن بوو لە لاکەی تر بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان، لە لایەک سۆڤیەتییەکان پێویستیان بە ئازەری و کوردەکان هەبوو، لە لایەکی تریشەوە ئازەری و کوردەکان پێویستیان بە یارمەتیی سۆڤیەتییەکان بوو. بە مانایەکی تر، لەم قۆناغەدا لە ئامانجەکانیاندا هەردوو لا، هەر نەبێ بە شێوەیەکی کاتییش بێت، هاوئاهەنگ بوون لەگەڵ یەکتردا. لە ڕاستیدا ئەمە ڕێک بۆچوونی هەر نەبێ هەندێک سەرکردەی کورد بوو لەو کاتەدا.*

بەر لە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، قازی محەمەد هەوڵێکی زۆری دا کە سۆڤیەتییەکان ئیقناع بکات پشتگیری بکەن لە کۆمار و بە شێوەیەکی ئاشکرا لە کاتی ڕاگەیاندنیدا. هەتا چەند ڕۆژێکیش بەر لەم ڕاگەیاندنە، دیسانەوە قازی محەمەد هەر بۆ ئەم مەبەستە لە پەیوەندیدا بوو لەگەڵ سۆڤیەتییەکان.**

لە لایەکی ترەوە، ئەوەی تا ئێستا ئاشکرایە، یەکێتیی سۆڤیەت هیچ پێزانین ئیعترافێکی ڕەسمیی نەکردووە بە کۆماری

* بۆ نموونە، مستەفا بارزانی بۆچوونێکی ئاوا بەڕاشکاوی ڕادەگەیەنێ لە ساڵی ١٩٤٧، لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ ئەفسەری ئازەربایجانی عبدالحسن تفریشیان لەدوای ڕووخانی کۆماری کوردستان. بڕوانە: عبدالحسن تفریشیان، *قیام أفسران خراسان*، (؟.؟، ١٩٦٧)، ل. ٨٥،٨٧.

** F. dehkordi, *The Republic of Kurdistan: Its Rise and Fall*, (Unpublished Ma. Dissertation, University of Oxford, 1986), pp. 62-63.

کوردستان، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، هەندێک مێژوونووسی بیانی و بەتایبەتی ئێرانی هەن، ئیدعا دەکەن، کە یەکێتیی سۆڤیەت ڕاستەوخۆ پێزانینی ڕەسمیی خۆی بە کۆماری کوردستان ڕاگەیاندووە.* لە ڕاستیدا ئەم مێژوونووس و نووسەرانەی ئەم شێوە بۆچوونەیان هەبووە، تەنانەت تەواوی بۆچوونیان دەربارەی کۆماری کوردستان پێ لەو بۆچوونە چەوتە هەڵدەگرێ، کە دەڵێ باری سیاسیی کورد لە ساڵانی جەنگی دووهەمی جیهانی و کۆماری کوردستان دەبێ تەنها لە ڕۆشناییی سیاسەتی سۆڤیەتییەوە هەڵبسەنگێندرێ.** لە لایەکی ترەوە، زۆر بۆچوونی ڕەسمی لای زلهێزە ڕۆژئاواییییەکانی ئەو کاتە و لای لێکۆڵەرانی مێژوو و سیاسەت ئەوەیان دەر خستووە، کە جگە لە سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی یەکێتیی سۆڤیەت لەم پەیوەندییەدا، دەبێ سیاسەتی چەوساندنەوە و پشتگوێخستنی کوردەکان و ئازەرییەکان لەلایەن دەسەڵاتدارانی تارانەوە جەختیان لەسەر بکرێتەوە.*** نەک هەر ئەوە، بەڵکوو سۆڤیەتییەکان لایان وا بوو ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، پێشوەخت (premature) بوو، یا بە مانایەکی تر، هێشتا کاتی

* بۆ نموونە بڕوانە: R. Irani, *American Diplomacy: An Option Analysis of the Azerbaijan Crisis 1945-1946,* (Strategic Studies Institute, US Army war Colege, 1978), p. 22.

** Nader Entessar, *Kurdish Ethnonationalism,* (Boulder, London: Lynne, Rienner Publisher, 1992), p. 14.

شایانی باسە ئەم شێوە بۆچوونەی ئینتیسار، یەکجار نزیکە لە بۆچوونی ڕەسمی ئەو کاتەی دەوڵەتی ئێران.

*** From the American Embassy in London to the Department of State, Nov. 21, 1945, *DSDF, 891.00/11-2145, NA.*

نەهاتبوو.*

لە لایەکی ترەوە، بۆچوونی ئەمەریکییەکان و دەسەلاتدارانی تەهران زۆر لە یەکتر نزیک بوو، بەڵکوو لە هەندێک بازنەشیاندا وەکوو یەک بوون، بەلام لەگەڵ ئەم لەیەکچوونەشدا سیاسەتەکان لە دوو دید و خاڵی لێوەدەرچوونی جیا هەڵدەقوولان: حکومەتی ئێران جووڵانەوەی سیاسیی ڕۆژهەلاتی کوردستان و کۆماری کوردستان وەکوو کۆمۆنیست لە قەڵەم دەدا، لە هەمان کاتدا ئەمەریکییەکانیش هەمان بۆچوونیان هەبوو.** هەڵبەتە ئەم شێوە بۆچوونەی ئێران دەربڕی سیاسەتێکی حساببۆکراوی تەهران بوو بۆ ئیقناعکردنی ئەمەریکییەکان و بەریتانییەکان، کە بەڵێ خەتەرێکی کۆمۆنیستی- سۆڤیەتی لەگۆڕێیە بۆ سەر ئێران. بەلای ئەمەریکییەکانەوە، لایەنی هاوسەنگیی هێز و ئەو گۆڕانکارییانەی بوونە هۆی هاتنەکایەی جەنگی سارد، کە تێیدا بۆ ئەمەریکییەکان خاڵی زیادبوونی ڕۆڵ و قورساییی یەکێتیی سۆڤیەت و سیستمی کۆمۆنیستی مەسەلەی هەرە گرنگ بوو، بەلام ڕاستییەکەی سەرکردەکانی کۆمەڵەی (ژ.ک.) و حدک و کۆماری کوردستان، کۆمۆنیست نەبوون و لاشیان گرنگ بوو کە نەکەونە ژێر کۆنترۆڵی بەردەوامی سۆڤیەتییەکان. ئەوەی ڕاستی بێت، ڕەوتی جووڵانەوەی سیاسی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، نەک هەر کۆمۆنیست نەبوو، بەڵکوو ڕاست نییە بە

* W. N. Howell, Jr. *The Soviet Union and the Kurds: A Study of National Minority Problems in Soviet Policy,* (Unpublished ph.D. Dissertation, University of Virginia, 1965), p. 368.

** Rossow, 1956, p. 17; L. Fawcet, *The Struggle for Persia: The Azerbaijan Crisis of 1946,* (Unpublished ph.D. Dissertation, University of Oxford, 1988), p. 278; Pahlavi, 1961, pp. 114-115.

هیچ شێوەیەک سیفەتی چەپ و ڕادیکاڵبوونیشیان بخرێتە پاڵ.*
سەرانی کۆماری کوردستان و شاندی دیپلۆماسی ئەمەریکی لە تەبرێز، گرنگیپێدان و بەرژەوەندییەکی هاوبەشیان هەبوو لە بوونی هەندێک پەیوەندی و ڕاگۆڕینەوە، دیارە ئەم لە یەکترنزیکبوونەوانە لە توندی و گەرمییان و لە ئاستی شاندی هەردوو لا و لە خواستی هەر لایەک بۆ ئەم پەیوەندییانە جیاوازیی هەبوو لە کاتێک بۆ کاتێکی تر. لەوەش گرنگتر، لە خواست و ویستی پەیوەندیکردن لەگەڵ یەکتردا، هەردوو لایەنی کوردی و ئەمەریکی خاڵی لێوەدەرچوون و ئامانجی زۆر جیایان هەبوو. بۆ نموونە لە بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی نیشتیمانیی ئەمەریکا بۆمان دەر دەکەوێ، کە لە مانگی شوباتی ١٩٤٦ (نزیکەی مانگێک دوای ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان) سەرۆکی کۆماری کوردستان قازی محەمەد، سێ جار پرسیاری لێ کراوە لەلایەن ڕۆبەرت ڕۆسۆ، جێگری قونسوڵی ئەمەریکی لە تەبرێز، کە چاویان بە یەکتر بکەوێت، بەڵام قازی محەمەد ئەم داواکارییەی ڕۆسۆی ڕەت کردۆتەوە،** بەڵام دوای ماوەی دوو مانگێک، قازی محەمەد چاوی بە *دوهر*، جێگرێکی تری قونسوڵی ئەمەریکی لە تەبرێز کەوت، لە بارەگا کاتییەکەی کورد لە تەبرێز، کە دەکەوتە نزیک قونسوڵیەی ئەمەریکی لەو شارە.

---

* George Lenczowski, *Soviet Advance in the Middle East,* (Washington D.C: American Enterprice Institute for public policy Research, 1971), p. 26; M. R. Ghods *Iran in the Twentieth Century: a Political History,* (London: adamantine Press Ltd., 1989), p. 143; W. Eagleton, Jr. *An Introduction to Kurdish Rugs and other Weavings,* (N.Y.: Interlink Books, 1988), p. 17.

** From Doohr to the secretary of state, Feb. 20, 1946, *DSDF, 891.00/2-2046, NA.*

لەو چاوپێکەوتنەدا قازی محەمەد دەری دەبڕێ، کە ئەو زۆر حەز دەکات بزانێ ئایا سروشتی سیاسەتی ئەمەریکی بەرامبەر بە کورد چییە. قازی خواستی هەبوو ئەمەریکییەکان کاریگەریی خۆیان لەسەر حکومەتی تاران زیاتر بکەن بۆ دیموکراتیزەکردنی سیستمی ئێران، بەڵام دوهر وەڵامی دایەوە، کە ئەمەریکییەکان ناخوازن دەست لە کاروباری ناوخۆی ئێران وەر بدەن. لەگەڵ ئەوەشدا قازی هەر سوور بووە لەسەر باوەڕەکەی، کە ئەگەر ئەمەریکییەکان ئەم هەنگاوە بهاوێژن، ئەوا ڕێزی ئەمەریکییەکان لای کوردەکان زیاد دەبێ، بەڵام ئەم بۆچوون و خواستەی قازی بۆ دوهر "سەرسووڕهێنەر بوو."* لە هەمان کاتدا بەپێی سەرچاوە بەریتانییەکان، قازی دەیخواست ئەمەریکییەکان پشتگیری بکەن لە کۆماری کوردستان، بەتایبەتی لە بواری پیشەسازی و کشتوکاڵ و پەروەردەدا.** جێگەی سەرنجە کە قازی محەمەد ئەو چاوپێکەوتنەی کردووە لەگەڵ دوهر، تیایدا خواستی یارمەتیی ئەمەریکییەکانی بۆ کۆماری کوردستان کردووە، کە کۆتاییی مانگی نیسانە، دیارە قازی محەمەد و سەرکردایەتیی کۆماری کوردستان، ئا لەم کاتەدا هەستیان کردووە بەوەی لەیەکترنزیکبوونەوەی چڕ و بەپەلە بووە لەنێوان مۆسکۆ و تەهران بۆ گەیشتن بە پەیمانێک و خۆکێشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئێران. دیارە ئەم ترسە بۆتە هۆی ئەوەی بەلای قازییەوە گرنگ بێت. گەرچی ئیشارەتێکی کەمی یارمەتی و دەستگرتنیش بێت لەلای ئەمەریکییەکانەوە، ئەوا ئەوە وەکوو

* From Doohr to the Secretary of State, April 26, 1946, *DSDF, 891.00/4-2646, NA.*

** From the British Embassy in Tehran to the Foreign Office, April 28, 1946, *FO 371/52702, Persia 1946, PRO.*

یارمەتیدەرێک دەبێ بۆ زامنکردنی مانەوەی کۆمار، هەتا ئەگەر ئێران و سۆڤیەتیش بگەن بە یەکتر. ئەمە لە لایەک، کەچی لە لایەکی ترەوە دوهر وا دەزانێ خۆنزیککردنەوەی قازی لە ئەمەریکییەکان هۆکەی دەگەڕایەوە بۆ هەستی سەرکردایەتیی کۆماری کوردستان، بەوەی کە سۆڤیەتییەکان پەیمانی خۆیان بە یارمەتیدانی کۆمار بە چەکی قورس بەجێ نەگەیاندبوو.*

گومانی تیا نییە کە خۆدوورگرتنی ئەمەریکییەکان لە دانی هەر جۆرە پەیمانێک لەمەڕ یارمەتیدانی کۆماری کوردستان، هەر نەبێ بە بیانووی ئەوەی نایانەوێ دەست لە کاروباری ناوخۆی ئێران وەر بدەن، ڕێک دەربڕی سیاسەتی پشتگیریکردنی حکومەتی ئێران بوو. بەو مانایەی ئێرانێکی بەهێز و دۆست بۆ ئەمەریکییەکان باشتر بوو و بە شێوەیەکی مسۆگەرتر بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لە ناوچەی کەنداوی فارس و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەپارێزران. جگە لەوەش، ئێرانێکی لاواز و کەمهێز، ڕێگەخۆشکەر و یارمەتیدەر دەبوو بۆ زیادبوونی ڕۆڵ و کاریگەریی(influence)ی یەکێتیی سۆڤیەت لە ناوچەکەدا، بە پێچەوانەشەوە، ئێرانێکی بەهێز و وەستاو لەسەرپێی خۆی، دەتوانێ ببێ بە ڕێگر و کۆسپ لە بەردەم سۆڤیەتییەکان لە هەوڵەکانیاندا بۆ زیادکردنی ڕۆڵیان لە ناوچەکەدا. هەڵبەتە، بۆ نموونە لە بۆچوونێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا ئەوە دەر دەکەوێ، کە سیاسەتی ئەمەریکا بەرامبەر ئێران خۆی لە چەند خاڵێکدا دەر دەبڕێ: ١- مسۆگەرکردنی سەربەخۆییی ئێران، بەتایبەتی لە پەیوەندییەکانی دەرەوەیدا. ٢- وەدەستهێنانی

* From Doohr to the Secretary of State, April 26, *DSDF, 891, 00/4-2646, AN.*

ئاشتی و ئارامی لەناو ئێران بۆ ڕێگرتن لە دەستوەردانی دەرەکی (هیی یەکێتیی سۆڤیەت) لە کاروباری ناوخۆی ئەم کیشوەرەدا. ٣- کارکردن بۆ پێشخستنی باری ئابووریی ئێران. ٤- گەشەپێدانی دامەزراوە دیموکراسییەکان.*

سیاسەتی بەریتانیا بەرامبەر بە کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەر لە ڕۆژانی سەرەتای داگیرکردنی ئێران لەلایەن بەریتانیا و یەکێتیی سۆڤیەتەوە لەسەر یەک شێوە و هەڵوێست بەردەوام بوو، ئەویش پشتگیریکردن بوو لە حکومەتی مەرکەزی لە تەهران و پشتکردن بوو لە خواستەکانی جووڵانەوەی سیاسی لە کوردستان. ئەو هێڵە سەرەکییانەی بۆ سیاسەتی بەریتانیا کێشرابوون لە تشرینی یەکەمی ١٩٤١، هەر وەک لەپێشتر باس کرا، هەر بەردەوامییان هەبوو تا جەنگیش کۆتایی هات. بۆ جەختکردنەوە لەسەر ئەم هەڵوێستەی بەریتانیا جارێکی تر، تەنها چەند ڕۆژێک دوای تەواوبوونی جەنگ لە ئەوروپا، باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە تاران دەنووسێ، هۆیەکی گرنگ بۆ نەدانی هەر جۆرە یارمەتییەک بە کوردەکان، دەگەڕێتەوە بۆ ئەزموونی بەریتانییەکان لەگەڵ خێڵە کورد و عەرەبەکانی عێراق لە ساڵی ١٩٢٠. جارێکی تریش دووپات کرایەوە، کە خەباتی بەریتانیا لە جەنگی دووهەمی جیهانیدا و بەرژەوەندییەکانی ئەم وڵاتە بە باشترین شێوە دەپارێزران لە ڕێگەی پشتگیریکردنی حکومەتی مەرکەزی لە تەهران. جگە لەوەش، لە گۆشەبینینی بەریتانییەکانەوە، جووڵانەوەی نەتەوەییی کورد بە شێوەیەکی سەرەکی سیفەتێکی عەشیرەتیی

* Policy and Information Statement on Iran, prepared by the Department of State, July 15, 1946. *FRUS, 1946,* Vol. VII, p. 507.

دەگرتە خۆی و دەوڵەتێکی کوردییش هیچ بنچینەیەکی نەهەژاو (solid)ی نەبوو.* هەروەها هاتنەکایەی کۆماری کوردستان وەکوو فاکتەرێکی هەڕەشەکردن لە بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا لە عێراق دەبینرا. بە مانایەکی تر، هەر پێشوەچوونێکی پۆزەتیڤانە لە باری کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕاستەوخۆ کاریگەریی نێگەتیڤانەی دەبوو بۆ سەر باری بەریتانییەکان لە عێراق، بە مانای لەقبوونی جێگەپێی بەریتانییەکان بوو، بەتایبەتییش ناڕەحەتیی بەریتانییەکان لەوەدا بوو، لەناو کوردەکانی عێراقدا قەناعەتێکی بەهێز سەری هەڵدا، کە ئیتر زلهێزێکی تازە (یەکێتیی سۆڤیەت) هاتۆتە مەیدان و دەکرێ پشت بەم زلهێزە ببەسترێ لەبری بەریتانییەکان.** کەچی ئەم ترسەی بەریتانییەکان و ئەو ڕاستییەی کە لەودیوی سنووریش، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەیەکترنزیکبوونەوەیەکی چڕیش هاتبووە کایەوە لەنێوان سۆڤیەتییەکان و کوردەکان، نەبوونە فاکتەرێک بۆ ئەوەی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی یا هەر گۆڕانێکی کەمیش بەسەر سیاسەتی بەریتانیا لەمەڕ کورددا بێت.

## ٥- ڕووخانی کۆماری کوردستان

لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٤٦، حکومەتی ئێران بە سەرکردایەتی ئەحمەد قەوام ئەلسەلتەنە و لەسەریشیەوە شای ئێران، بە بڕیارێکی نادووڵانە کەوتنە هەوڵ و تەقەللای

* From the American Embassy in London to the Department of State, May 14, 1946, *DSDF, 891.00/5-1446, NA.*

** Deputy Assistant Political Adviser, Arbil, *Tour Notes Rawanduz-Rayat,* 6-9 January, 1946, *FO 371/52369, Iraq 1946, PRO.*

گەڕانەوەی ئازەربایجان و کوردستان بۆ ژێر ڕکێفی ئێران. شا محەمەد ڕەزا پەهلەوی، بڕیاری گەڕانەوەی کۆنترۆڵی سەربازیی بۆ سەر ئازەربایجان و کوردستان دا و لە ئاکامیشدا تێکشکاندنی هەردوو کۆمارەکە.* لە ١٧ی تشرینی دووەم، لەشکری ئێران توانیی شاری زنجان، کە دەکەوێتە نێوان تەهران و تەبرێز، داگیر بکات. ئەم ڕووداوە نەک هەر مانایەکی ڕەمزیی هەبوو، بەڵکوو ئینزارێکی ڕاستەوخۆش بوو بۆ هەردوو کۆمارەکە و بگرە سەرەتای کۆتاییشیان بوو.

دیارە ئەم ڕووداوە پڕ لە مانایە، کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی هەبوو بۆ سەر باری سیاسی و لەشکری و سایکۆلۆژیی بەڕێوەبەرانی کۆماری کوردستان. هەر ئەمەش وای کرد، کە لە سەرەتای کانوونی یەکەمی ١٩٤٦، شاندێک لە حکومەتی کوردستانەوە بنێردرێ بۆ لای دیپلۆماتکارانی سۆڤیەتی لە ڕەزایە-ئورمیە. لە چاوپێکەوتنەکەدا قونسوڵی سۆڤیەتی لەو شارە، هاشیمۆڤ، شاندە کوردییەکەی دڵنیا کردەوە، کە چوونی هێزەکانی ئێران بۆ ئازەربایجان و کوردستان تەنها بۆ ڕێکخستنی هەڵبژاردنە لەو دوو ناوچەیەدا و هیچی تریش لە پلانی دەسەڵاتدارانی تەهراندا نییە.** هەڵبەتە لێرەدا گرنگە بوترێ، کاردانەوەی قونسوڵی سۆڤیەتی بەم شێوەیە شتێکی سەرسووڕهێنەرە و دەکرێ بۆ سەرکردایەتیی کۆماری

---

* From Allen, the American Ambassador in Tehran, to the Secretary of State, Nov. 8, 1946, *FRUS, 1946,* Vol. VIII, p. 545; Pahlavi, 1961, p*. 117.*

جۆرج ئالن لە مانگی ئایار ١٩٤٦ کرا بە سەفیری ئەمەریکا لە تەهران و لە مانگی حوزەیرانی ئەو ساڵە لە تەهران وەک سەفیر دەستبەکار بوو.

** Eagleton, 1963, pp. 107-112.

کوردستانیش وەڵامێکی ئەوها، هیواتێکشکاندن نەبێ هیچی تر نەبوو. لە ڕاستیدا دوور نییە سۆڤیەتییەکان لە ناخیانەوە لەسەر ئەو قەناعەتە بووبن کە مەسەلەی چوونی لەشکری ئێران بۆ ئازەربایجان و کوردستان، تەنها بۆ ڕێکخستنی هەڵبژاردن نەبوو، بەڵکوو مەبەست کۆتاییهێنان بوو بە هەردوو کۆمارەکە. ئەمە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی بەدرێژاییی ساڵانی بوونی هێزەکانی سۆڤیەت لە باکووری ئێران، دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتە هەوڵی بەردەوامیان بۆ گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی مەرکەزی بوو بۆ سەر ئازەربایجان و کوردستان. بۆ ئەم مەبەستەش، ئێران چ لە قۆڵی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی ڕاستەوخۆ لەگەڵ سۆڤیەت، چ لە ڕێگەی بەکارهێنان و سوودوەرگرتن لە فشاری زلهێزە ڕۆژئاواییییەکان، زۆر بەتایبەتییش هیی ئەمەریکا، دواییش سوودوەرگرتن لە نەتەوە یەکگرتووەکان* و چ بە شێوەی بێنەوبەردەیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ سەرانی ئەم دوو کۆمارەدا، بەتایبەتی هیی ئازەربایجان، هەوڵی بێوچانی دەدا بۆ گەڕانەوەی هێزەکانی بۆ ئازەربایجان و کوردستان. مرۆڤ دەتوانێ پرسیار بکات، ئەگەر پرۆسەی سیاسی و پێشوەچوونە مێژووییییەکە بەم شێوەیە بووبن، چۆن دەکرێ یەکێتیی سۆڤیەت لەم هەموو کێشمەکێشە نامۆ بووبێت، ئەگەر نامۆ نەبووە، چۆن دەکرێ ئاوها بەئاسانی بە ئەو تەفسیرە ڕەسمییەی ئێران، کە

* شایانی تێبینییە سکاڵای ئێران لەلای نەتەوە یەکگرتووەکان (دژ بە بوونی هێزەکانی سۆڤیەت لەو وڵاتە) یەکەم کێشە بوو کە نەتەوە یەکگرتووەکان کاری لەگەڵدا کرد و بەمەش کێشەی ئێران بەتەواوەتی لەسەر کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت بوو، وەک حاڵەتێکی تاقیکردنەوە (test case)یکی زۆر گرنگ تەماشا دەکرێ لە سەرەتای دەستبەکاربوونی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان.

گوایە هێز دەنێرن بۆ ڕێکخستنی هەڵبژاردن، بەبێ سێ و دوو قانیع دەبێ؟

دوابەدوای کەوتنی زنجان و هێرشی هێزەکانی ئێران بەرەو تەبرێز، بەڕوونی بۆ کاربەدەستانی کۆماری کوردستان دەر کەوت، کە بەبێ هیچ پشتیوانییەک، بەتەنیا بەرەوڕووی هێزەکانی ئێران دەبنەوە و لەو قەناعەتەشدا بوون مەسەلەی مان و نەمانی کۆماری کوردستان پابەندە بە مان و نەمانی کۆماری ئازەربایجان. لە ڕاستیشدا هەر لەگەڵ کەوتنی تەبرێز، بەشی هەرە گرنگ لە سەرکردایەتیی کۆماری کوردستان، کە هەرسێ قازی (قازی محەمەد، حوسەین سەیفی قازی و سەدری قازی) و باباشێخ خۆیان لە ١٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٦ دایە دەست لەشکری ئێران. هەر ڕۆژی دوایی، واتە ١٧ی مانگ، هێزەکانی ئێران هاتنە ناو مەهابادەوە و بەمەش کۆتایی بە کۆماری کوردستان هات. لێرەدا پێویستە بوترێ، هەرچەندە کەسانێکی زۆر، لەمانیش مستەفا بارزانی و سەرۆککۆماری ئازەربایجان، جەعفەر پیشەڤەری، داوایان لە قازی محەمەد کردبوو خۆی نەداتە دەستەوە و قازی خۆیشی دەیزانی بە ئەگەری زۆر لە سێدارە دەدرێ، لەگەڵ ئەوەشدا هەر "خۆی دایە دەستەوە."*

* تفریشیان، ١٩٦٧، ل. ٩٦-٩٧؛ الحزب الدیمقراطی الکردستانی، *المسیرە التاریخیە الی الاتحاد السوفیاتی*، (قسم الاعلام فی المکتب السیاسی للحزب الدیمقراطی الکردستانی – العراق، ١٩٨٢)، ل. ٩.

## ٦- ڕووخانی کۆمار لە چوارچێوە نێودەوڵەتییەکەیدا

بێگومان ڕووخانی کۆماری کوردستان جگە لە چوارچێوە نێودەوڵەتییەکەی، چەند ڕەهەند و لایەنی تری گرنگ هەن بەتایبەتی هۆکارە ناوخۆیییەکان (ناوخۆی کوردستان) و هۆکارە ناوخۆیییەکانی ئێران بەگشتی لەخۆ دەگرێ. ئەم لایەنی ناوخۆیییە لە شوێنی جۆراوجۆر لەلایەن نووسەر و لێکۆڵەری جۆراوجۆر باسی لێوە کراوە.* بە مەبەستی دەرنەچوون لە چوارچێوەی ئەم باسە، لایەنە نێودەوڵەتییەکەی کەوتنی کۆماری کوردستان دەکەین بە بابەتی ئەم بەشەی باس. هەڵبەتە لەم بەشەی باس، پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی ئێران و هەڵە دیپلۆماسییەکانی ئەو وڵاتە بۆ کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت و تێکشکاندنی کۆماری کوردستان لەناو چوارچێوە نێودەوڵەتییەکەیدا هەڵدەسەنگێندرێ و باسی لێوە دەکردێ.

یەکێک لە مەسەلە هەرە گرنگەکان، کە ڕاستەوخۆ بابەتێکی سەرەکییە لەناو پەیوەندییەکانی ئێران بە زلهێزەکانەوە و پەیوەندیی سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی ئێران بە یەکترەوە و پەیوەندییەکانی هەرسێ زلهێزەکە بە یەکترەوە، بابەتی کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەتە لە ئێران. هەر لێرەشەوە پێویستە ئەوە بوترێ، کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئێران چارەنووسساز بوو بۆ ڕووخانی کۆماری کوردستان. دیارە ئەم

* بۆ لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی ڕەهەندی ناوخۆیی (کۆماری کوردستان) و ڕەهەندی ئێرانی (ناوخۆی ئێران) لە کەوتنی کۆماری کوردستان، بڕوانە: Yassin, 1995, pp. 188-191.

هەموو ڕەهەندانە بە یەکەوە، کە لە ناوەڕاستەکەیدا مەسەلەی کشانەوەی هێزە سۆڤیەتییەکان جێ دەگرێ، ڕاستەوخۆ ئامانجی ئەم بەشەی باسی بەردەستن.

ماوەیەکی کەم دوای داگیرکردنی باکوور و باشووری ئێران لەلایەن سۆڤیەت و بەریتانیاوە، ڕوونتر بڵێین لەساڵی ١٩٤٢ەوە، ئێران بە شێوەیەکی چڕ و بەردەوام جەختی دەکردەوە لەسەر مەسەلەی دەستتێوەردانی سۆڤیەت لە کاروباری ناوخۆی ئێران. هەر لەگەڵ تەواوبوونی جەنگی دووهەمی جیهانی، مەسەلەی کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەتی ڕاستەوخۆ بەستەوە بە کێشەی دەستتێوەردان.* هەڵبەتە مەسەلەیەکی هەرە گرنگ لە بابەتی کشانەوەی سۆڤیەت لە ئێران ئەوە بوو، کە ئێران هەر زوو توانیی ئەم بابەتە بەنێودەوڵەتی–تدویل بکات. بە مانایەکی دیکە، هەر لەناو گەرمەی بەردەوامیی جەنگدا، ئێران توانیی پشتگیریی ئەمەریکا مسۆگەر بکات لەمەڕ کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت و بەریتانیا، هەرکاتێک جەنگ کۆتایی بێت. ئەم پێشوەچوونە لە شێوەیەکی بەرجەستەبوو خۆی دەر دەبڕی لەوەی کە ئەمەریکا مەسەلەی کشانەوەی سۆڤیەت و بەریتانیای لە خاکی ئێران خستە سەر خشتەی کاری ((agenda ی کۆنفرانسی تاران، ١٩٤٣.** لە ڕاگەیاندنی کۆتاییی کۆنفرانس دەربارەی ئێران، هەرسێ زلهێزەکە، کە کۆنفرانسەکەیان لێ پێک دەهات (ئەمەریکا، بەریتانیا و یەکێتیی سۆڤیەت) جەختیان کردەوە، کە هەرسێ هێزەکە ڕایان یەکە لەگەڵ حکومەتی ئێران لە خواستی ئەم حکومەتەدا بۆ (مانەوەی سەربەخۆیی و

* Yassin, 1995, pp. 191-192.

** Memorandum by Jahn D Jernegan, Jan. 23 1943, *FRUS, 1943*, Vol. IV, p. 334.

سەروەری و یەکپارچەییی خاکی ئێران).*

لەگەڵ نزیکبوونەوەی کۆتاییی جەنگ، ئێران بە شێوەیەکی ڕەسمی و بەبەردەوامی داوای کشانەوەی هێزەکانی وڵاتانی هاوپەیمان، بەتایبەتی هێزی بەریتانی و سۆڤیەتی، دەکرد. لە لایەکی ترەوە، بەریتانییەکان ترسیان هەبوو لەوەی هەرچەندە گەر ئەوان هێزەکانیشیان بکێشنەوە، ئەوا دوور نییە سۆڤیەتییەکان هەر بمێننەوە لە ئێران. لەبەر ئەوە بەریتانییەکان پێشنیاری ئەوەیان کرد، یا ئەوەتا ئەمان و سۆڤیەتییەکان لە یەک کاتدا هێزەکانیان بکشێننەوە، یا ئەوەتا ئەم دوو هێزە ئێران دابەش بکەن بەپێی هێڵەکانی دابەشکردنی ١٩٠٧. بە هەرحاڵ، لەگەڵ تەواوبوونی جەنگ لە ئەورووپا لە سەرەتای مانگی ئایاری ١٩٤٥، ئێران بە گڕوتینێکی زیاتر بەردەوام بوو لە هەوڵەکانی بۆ کشانەوەی هێزە بیانییەکان. بۆ نموونە لە کۆنفرانسی مۆسکۆ (٣٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٥) دیسان مەسەلەی کشانەوەی هێزەکان و بەگشتی کێشە ناوخۆ و دەرەکییەکانی ئێران بوونە خاڵێکی گرنگی باسلێوەکردن. ئەوەی جێگەی سەرنجێکی تایبەتییە، لەم کۆنفرانسەدا، لەسەر پێشنیاری *ئێرنست بێڤین* وەزیری دەرەوەی بەریتانیا، لیژنەیەکی سێقۆڵی (Tri-Partite Commission) کە لە نوێنەرایەتیی سۆڤیەت و ئەمەریکا و بەریتانیا پێک دەهات، دامەزرا. واش بڕیار درا، کە

* US Department of State, *A Decade of American Foreign Policy: Basic Documments, 1941-1949,* (Washington: Government Printing Office, 1950), p. 24.

بەپێی هەندێک بۆچوون، ئەم گرنگیدانەی ئەمەریکا بە بابەتی ئێران و ڕاگەیاندنی کۆنفرانسی تەهران، ڕاستەوخۆ دەربڕی قەناعەتێکی نوێ بوو لەمەڕ بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لە ئێران.

ئەم لیژنەیە کار بکات لەگەڵ کێشە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی ئێران و یارمەتیی ئەم وڵاتە بدات بۆ چارەسەرکردنیان. جێگەی سەرنجی تایبەتییە، یەکێک لە ئامانجەکانی ئەم لیژنەیە دامەزراندنی ئەنجوومەنی ئیقلیمی (provincial councils) بوو لە کوردستان و ئازەربایجان، وەکوو بەشێک لە چارەسەرکردنی مەسەلەی کەمە نەتەوایەتییەکان. هەڵبەتە ئەم ئەنجوومەنانە لە ڕۆشنایی دەستووری ئێران دادەمەزران، یا ڕاستتر بڵێین، دامەزراندنیان یەکانگیر بوو لەگەڵ دەستووری ئێران.* لەم دەرفەتەدا، دەتوانین زۆر بەکورتی بڵێین، لەبەر ئەوەی ئەم سێ زلهێزە بۆچوونی جیاجیایان هەبوو لەمەڕ کار و ئامانجەکانی ئەم لیژنەیە، بەتایبەتی لەبەر ئەوەی ڕۆڵی ئێران ڕوون و ئەرێنی نەبوو لەبارەی ماهییەتی ئەم لیژنەیە، کاری لیژنە بە هیچ ئاکامێک نەگەیشت.**

لەگەڵ ئەوەی ئەمەریکا لەگەڵ دامەزراندنی لیژنەکەدا بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەم زلهێزە دەیخواست ئێران کێشەکەی لەمەڕ کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت بخاتە بەردەم نەتەوە یەکگرتووەکان، لەم حاڵەتەشدا ئێران دڵنیا کرابوو، کە تەواوی پشتگیریی ئەمەریکای مسۆگەرە.***

---

* Fawcett, 1990, pp. 193-194; Bullard, 1961, pp. 266-267.
بۆ ئەم لیژنەیە ناوی جیاجیا بەکار هاتوون، وەکوو لیژنەی سێلایەنی یا سێقۆڵی (tri-partite commission) لیژنەی سێ هێز (three powers commission). لەم باسەی بەردەستدا زۆر بەکورتی ئاماژە بۆ ئەو لیژنەیە دەکەم، بەڵام لەبەر گرنگیی مەغزا و ڕۆڵی چاوەڕوانکراو و چارەنووسی ئەم لیژنەیە، بە هیوای ئەوەم لە دەرفەتێکی تردا باسێکی تایبەتی دەربارەی لیژنەکە بنووسم.

** بۆ باسێکی تێروتەسەلتر بڕوانە:.Yassin, 1995, pp. 196-198

*** Memorandum of Conversation by Deam Acheson, the Under

لە ١٩ی تشرینی دووەمی ١٩٤٥، واتە هەردوو ڕۆژ دوای کردنەوەی یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئێران سکاڵاکەی خستە بەردەم ئەم دامەزراوە نێودەوڵەتییە، کە ناوەڕۆکەکەی دوو شت بوو: ١- دەستوەردانی سۆڤیەت لە کاروباری ئێران، بەتایبەتی بە ڕێگەی پشتگیریکردنی کورد و ئازەرییەکان. ٢- مەسەلەی نەبوونی خواستی سۆڤیەتییەکان بۆ کشانەوە لە ئێران.* هەرچەندە لەم کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشدا بڕیار درا، کە وا باشترە مەسەلەکان دوولایەنی (لەنێوان ئێران و یەکێتیی سۆڤیەتدا) گفتوگۆی لەسەر بکرێ،** بەڵام دیسان ئێران هەر بەردەوام بوو لە هەوڵەکانی، کە لە ڕێگەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، سۆڤیەت وا لێبکات هێزەکانی خۆی بکێشێتەوە لە ئێران. بە هەرحاڵ، ئاشکرایە یەکێک لە هۆکانی پێداگرتنی ئێران لەسەر کشانەوەی هێزەکانی یەکێتیی سۆڤیەت ئەوە بوو، کە حکومەتی ئێران، بگرە کوردەکان و ئازەرییەکان و زۆر لایەنی نێودەوڵەتییش بەتایبەتی ئەمەریکییەکان، هەر زوو بەتەواوەتی لەو باوەڕەدا بوون، چارەنووسی کوردستان و ئازەربایجان یەکسەر پەیوەست بوو بە مەسەلەی مانەوە یا کشانەوەی

---

Secretary of State, Jan. 3, 1946, *FRUS, 1946,* Vol. VII, p. 294.

* United Nations, *Official Records,* First Series, Suplement No. 1, pp.16, 25, 73.

بۆ لێکۆڵینەوە لەم بارەیەوە بڕوانە، بۆ نموونە: Tabari, 1967, pp. 235-238; Thomas L. & R. Frey, *The United States and Turkey and Iran* (Cambridge, Massachuset: Harvard University Press, 1952), p. 237.

** G. Nollau, & H. Wiehe, *Russias South Flank: Operations in Iran, Turkey and Afghanstan,* (London, Dunmow: Pall Mall Press, 1963), pp. 32-33.

هێزە سۆڤیەتییەکان لە ئێران.*

لە ٤ی نیسانی ١٩٤٦، سۆڤیەتییەکان و ئێرانییەکان گەیشتنە ڕێککەوتنێک، کە تیایدا سۆڤیەتییەکان قبوڵیان کرد لە ماوەی پێنج تا شەش هەفتە لە ئێران بکشێنەوە و مەسەلەی ئازەربایجان** بە مەسەلەیەکی ناوخۆیی لە قەڵەم درا و یەکێتیی سۆڤیەت ئیمتیازاتی نەوتی لە باکووری ئێران بەدەست هێنا. لە

---

* From Rossow to the Secretary of State, Feb. 11, 1946, *FRUS, 1946,* Vol. VII, p. 333; From Ebling to the Secretary of State, Feb. 24, 1945, *DSDF, 891.00/2 – 945 05/EG, AN;* From Ebling to the Secretary of State, Feb 24, 1945, *DSDF, 891. 00/2 – 2445 05/EG, NA;* From the American Embassy in Tehran to the Secretary of State, April 27, 1946, *DSDF, 891.00/4-2746, NA.*

** ئاشکرایە کە *وشەی کوردستان* یا *کێشەی کوردستان* لەناو دەقی ڕێککەوتنی سۆڤیەت و ئێراندا بەکار نەهاتووە. ئەوە مانای ئەوە ناگەیەنێ ئێران و سۆڤیەت حسابیان بۆ کوردستان و کێشەی کوردستان نەکردووە، بەڵکوو بە ئەگەری زۆر لەناو وشەی *ئازەربایجان* یا *کێشەی ئازەربایجان* بە شێوەی *زیمنی* یا ناڕاستەوخۆ جێگەیان کراوەتەوە و شاردراونەتەوە. لەمەشدا، واتە لە شاردنەوەی وشەی کوردستان و کێشەی کوردستان لە ناواخنی وشەی ئازەربایجاندا، بەتەنیا نەبوون، بەڵکوو بەگشتی هەموو لایەنەکانی پەیوەندیدار بە قەیران و کێشەی ئێران و ئازەربایجان، دەستەواژەی ئازەربایجان و قەیرانی ئازەربایجانیان بەکار دەهێنا وەکوو دەربڕینێک لە هەردوو کێشەی کوردستان و ئازەربایجان. تەفسیری ئەم حاڵەتەش دەتوانرێ بە زۆر شێوە بکرێ: بەلای هەندێک لە ئەکتەرەکانەوە، کێشەی ئازەربایجان گرنگتر و سەرەکیتر بوو. لە هەندێک حاڵەتی تردا ویستراوە کوردستان و کێشەکەی بە پەراوێز بکرێ. ئەمە بەتایبەتی ڕاستە کە باس دێتە سەر دەسەڵاتدارانی تەهران و ئازەرییەکان و شێوەی تێڕوانینی ئەو دوو ئەکتەرە لە دۆزی کورد. لە هەندێک حاڵەتی تریش بە مانای ئەوە هاتووە، کە بەڵێ هەر جۆرە تێکشکان و کۆتاییهاتنێکی جووڵانەوەی سیاسیی ئازەربایجان و کۆمارەکەیان، بەبێ سێ و دوو، تێکشکانی ڕاپەڕینی کوردەکان و کۆمارەکەیانی مسۆگەر دەکرد.

ڕۆشنایی ئەم پەیمانە، هێزەکانی سۆڤیەت کشانەوە لە ئێران.*

هەر وەک پێشتر باس کرا، کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت، ڕاستەوخۆ کاریگەریی خستە سەر بەهێزبوونی پێگەی حکومەتی مەرکەزی لە تەهران و دەرەنجام هێرشکردنەسەر هەردوو کۆماری ئازەربایجان و کوردستان و کۆتاییپێهێنانیان. لە ڕاستیدا پشتگیرینەکردنی یەکێتیی سۆڤیەت لە کۆماری کوردستان و ئازەربایجان، لەو چرکەساتەی ئەم دوو کۆمارە بەرەوڕووی هێرشی لەشکری ئێران دەبوونەوە، نەک هەر چاوەڕواننەکراو بوو بۆ چاودێرانی سیاسی و کاربەدەستانی ئەو کاتەی ئێران و ئەمەریکا، بەڵکوو بگرە جێگەی سەرسووڕمانیشیان بوو.** گرنگە لێرەدا بوترێ، کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئێران، قسەوباس و لێکۆڵینەوەی زۆری دەربارە کراوە و ئاماژە بە هۆی جۆراوجۆر کراوە، بەڵام لە ئاکامی لێکۆڵینەوەی زیاتر، بۆمان دەر کەوتووە، کە نەک هەر مێژوونووسان بۆچوونی جیاجیایان هەیە لەمەڕ گرنگی و تێگەیشتنی ئەم مەسەلەیە، بەڵکوو کاربەدەستان و دیپلۆماتکارە ئەمەریکییەکانی ئەو کاتەش بۆچوونێکی یەکبوویان لەم بارەیەوە نییە، هەتا بگرە دژایەتیش لە بۆچوونەکانیاندا بەدی دەکرێ.***

هەڵبەتە پێشتر ڕۆڵی یەکێتیی سۆڤیەت و پەیوەندییەکانی

---

* From Murray to the Secretary of State, April 4, 1946, *FRUS, 1946,* Vol. VII, pp. 405-406; Sir R. Bullard, *Britain and the Middle East: From the Earkiest Times to 1950,* (London: Hutchinson Hiuse, 1951), p. 142.

** From Allen to the Secretary of State, Dec. 23, 1946, *FRUS, 1946,* Vol. VII, p. 565.

*** بۆ باسێکی دوورودرێژتر لەم بارەیەوە بڕوانە: Yassin, 1995, pp. 200-201.

لەگەڵ کۆماری کوردستان باس کرا و هەر لەوێشدا، کەم یا زۆر، ئاماژە کرا بە ڕۆڵی ئەمەریکا و بەریتانیا، بەڵام ڕۆڵی ئەم دوو هێزە ڕۆژئاواییە پێویستی بە ڕوونکردنەوەیەکی زیاترە و لێرەدا هەوڵ دەدەم ڕۆشناییی زیاتر بخەمە سەر ئەم مەسەلەیە.

ئەوەی ڕاستی بێت لە زۆر لە لێکۆڵینەوەکان چەمکی هێزە ڕۆژئاواییەکان (ئەمەریکا و بەریتانیا)مان بەرچاو دەکەوێ، وەکوو ئەوەی ئەم دوو زلهێزە ڕۆڵێکی نێگەتیڤی یەکسانیان دیبێ لەمەڕ ڕۆڵیان لە کەوتنی کۆماری کوردستان.* لە کاتێکدا ئێمە هیچ بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوەمان لە بەردەستدا نییە پشتڕاستی بکاتەوە، بەریتانییەکان چالاکانە ڕۆڵیان بووبێ لە ڕێگەخۆشکردن بۆ خستنی کۆمار، کەچی ئەمەریکا ئەم ڕۆڵە چالاکەی بینیوە. جگە لەوەی ئەمەریکییەکان فشاری زۆر، ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆیان، خستە سەر یەکێتیی سۆڤیەت بۆ کشانەوە لە ئێران، ئەمەریکییەکان ڕاستەوخۆ پشتگیریی ئێرانیشیان کرد لە هەڵمەتی کۆتاییهێنانی بوونی کۆماری کوردستان. بۆ نموونە سەفیری ئەمەریکا لە تەهران *جۆرج ئالن*، ڕۆڵێکی گرنگی بینی لە ڕێکخستنی چاوپێکەوتنێک لەنێوان سەرۆکوەزیرانی ئێران قەوام ئەلسەلتەنە و *عەمەر خانی شکاک*، کە سەرکردەیەکی گرنگی لەشکری کۆمار بوو و خێڵەکەشی هێزێکی پشتگیری گرنگی کۆمار بوو. مەبەست لەو

---

* Koohi-Kemali, F. "Nationalism in Iranian Kurdistan" in Philip G. Kreyenbruek, & Sperl, S. (eds) *The Kurds: A Contemporary Overview,* (London, New York: Biddles Ltd., 1992), pp. 177-179; Jwaideh, W. *The Kurdish National Movement: Its Origins and Development,* (Unpublished Ph.D. Dissertation, Syracuse University, 1960), p. 851.

چاوپێکەوتنە ئەوە بوو، کە هەر زوو عەمەر خان واز لە کۆمار بهێنێ بەر لە دەستپێکردنی هەڵمەتی سەربازیی ئێران بەرامبەر بە کۆمار.* ئەوە بوو هەر زوو کاتێک کۆماری ئازەربایجان کەوت، خێڵی شکاک و هەرکی وازیان لە کۆماری کوردستان هێنا.** لە ڕاستیشدا ئەمەریکییەکان هەوڵەکانیان یەکجار چڕ و هەمەلایەنتر کرد بۆ بەهێزکردنی ئێران لەو کاتەی ململانێ چڕتر بوویەوە لەسەر بوون یا نەبوونی کۆماری کوردستان و ئازەربایجان. یارمەتیی ئەمەریکا بۆ ئێران، بۆ نموونە بواری ئابووری و ئاسایشی دەگرتەوە، جگە لە پشتگیریی سیاسی و دیپلۆماسی. هەڵبەتە هۆیەکی گرنگی ئەو هەموو یارمەتی و پشتگیرییەش بۆ قەناعەتی ئەمەریکییەکان دەگەڕایەوە، کە بەڵێ ئێرانێکی بێهێز ناتوانێ بەرامبەر فشاری سۆڤیەت و بەریتانیا بوەستێ.*** هەروەها ئێرانێکی بەهێز باشتر خزمەتی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکای دەکرد.****

مەسەلەیەکی تر، کە ڕاستەوخۆ ڕۆڵێکی گرنگی بینی لە کشانەوەی سۆڤیەتییەکان لە ئێران ئەو گەمە دیپلۆماسییە بوو کە ئێران کردی. ئەم دیپلۆماسییە، بە شێوەیەکی زۆر کورت، دوو شێوەی یا ڕووی بە ڕواڵەت دژبەیەکتری هەبوو، بەڵام تەواوکەری یەکتریش بوون: ئەم دیپلۆماسییە لە لایەکەوە تا دەکرا هەوڵی فشارخستنەسەر و زۆربۆهێنان بوو بۆ سۆڤیەتییەکان بۆ کشانەوەیان لە ئێران، بەتایبەتی لە ڕێگەی

---

* Memorandum of Coversation by Allen, enclosure to Dispatch No, 312, Feb. 27, 1947, *DSDF, 891.00/2547, NA.*

** Eagleton, 1963, p. 112.

*** Yassin, 1995, pp. 202-204.

**** Fawcett, 1988, pp. 301-302.

تێکەڵاوکردنی ئەمەریکا و مسۆگەرکردنی پشتگیرییەکەی، لە لایەکی تریشەوە تا دەکرا نیشاندانی ڕووی نەرمی و لەیەکترگەیشتن لە پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ سۆڤیەتییەکان. لە ڕووی نەرمینواندنەوە ئێران هەوڵی دەدا وا لە سۆڤیەتییەکان بگەیەنێ، کە ئەم وڵاتە دەتوانێ جیرانێکی چاک بێ و بەرژەوەندییەکانی سۆڤیەت ڕەچاو بکات. پێشتر، لەسەرەوە تیشک خراوەتە سەر لایەنی یەکەم، بەڵام لێرەدا هەوڵ دەدەم تیشک بخەمە سەر لایەنی دووهەم.

هەر زوو لە تشرینی یەکەمی ١٩٤٥، شای ئێران بیری لەوە کردەوە، کە سەرۆکوەزیران (ئیبراهیم حەکیمی) بگۆڕێ بە یەکێکی تر، کە ئەویش قەوام ئەلسەلتەنە بوو. لە کۆتاییی کانوونی دووەمی ١٩٤٦، قەوام کرا بە سەرۆکوەزیرانی ئێران. هەر وەک سەفیری ئەو کاتەی ئێران لە لەندەن دەڵێ، ڕوسەکان پێشوەخت قەوامیان دەویست کە ببێ بە سەرۆکوەزیرانی ئێران.* ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە قەوام هەرچیی سۆڤیەتییەکان ویستوویانە کردوویەتی، بەڵکوو بە پێچەوانەوە، بەتوندی پێی داگرت لەسەر هەندێ لەو خاڵانەی بۆ ئێران قبوڵ نەبوون، بەڵام لە هەمان کاتیشدا بەردەوام هەوڵی ئەوەی دەدا جێگەیەکیش بدات بە داواکارییەکانی سۆڤیەت. ڕاستە لە سەردانی یەکەمی بۆ مۆسکۆ لە شوباتی ١٩٤٦ (کە سێ هەفتەی خایاند)، داواکارییەکانی سۆڤیەتی ڕەت کردەوە کە بریتیبوون لە: ١- ئێران بەڕەسمی حکومەتی ئازەربایجان بناسێ. ٢- کۆمپانیایەکی هاوبەشی ئێران - سۆڤیەتی، نەوتی باکووری ئێران دەر بهێنێ. ٣- هەندێک هێزی سۆڤیەتی لە

* *The New York Times,* Dec. 2, 1945.

ئێران بمێنێتەوە.* گرنگە لێرەدا ئەوە بوترێ، کە وشەی کورد و ناوی کۆماری کوردستان، نە بە زۆر نە بە کەم، لەم داواکارییانەی سۆڤیەت لە ئێرانی هەبوون، نەهاتووە.** بە هەرحاڵ، هەر ئەو کاتە قەوام ئەلسەلتەنە لەو باوەڕەدا بوو، کە ئەگەر سۆڤیەتییەکان کەوتنە ئەمری واقیعەوە، ئەوا نەوت تەفزیل دەکەن لەسەر مەسەلەی ئازەربایجان. بەم واتایەش، یەکێتیی سۆڤیەت ئامادە بوو ئازەربایجان بکات بە قوربانیی بەرژەوەندییە نەوتییەکانی خۆی لە باکووری ئێران.***

لە لایەکی ترەوە، بەر لە گەڕانەوەی قەوام لە مۆسکۆ، ئەمەریکییەکان شای ئێرانیان هان دا کە خۆڕاگر بێت بەرامبەر داواکارییەکانی یەکێتیی سۆڤیەت و هەروەها قەوامیشیان هان دا بۆ هەمان مەبەست، دوای گەڕانەوەی لە مۆسکۆ.**** بە هەرحاڵ، لەگەڵ ئەم هەڵوێستە توندەی ئەمەریکا و پشتگیریی ئەم وڵاتەش بۆ ئێران، دیسان قەوام و دیپلۆماسی ئێران بەردەوام بوون لە دوو هێڵی هاوتەریب: لە لایەک هەوڵ بۆ گەیشتن بە لەیەکترگەیشتنێکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت، بەڵام لە لایەکی ترەوە بەکارهێنانی هەر شێوە فشارێک بۆ سەر ئەو

* Lenczowski, 1949, pp. 295-296.

** وردبوونەوەیەکی بەپەلە لەم سێ خاڵە، جارێکی تر ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە، کە فاکتەری کوردی پەراوێز خراوە و کورد و کێشەکەی خراونەتە ناواخنی کێشەی ئازەربایجان بەبێ ئەوەی بە هیچ شێوەیەک ناوی کورد بهێنرێت.

*** From Allen to the Secretary of State, Sep. 6, 1946, 1946, *FRUS, 1946,* Vol. VII, p. 514.

**** From Allen to the Secretary of State, March 10, 1946, *FRUS, 1946,* Vol. VII, pp. 346.

وڵاتە بۆ کشانەوە لە ئێران.* لە ڕاستیدا هەڵوێستی ئێران لە گفتوگۆکانیدا لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت توندتر و بەهێزتر کەوت، کاتێک ئێرانییەکان بۆیان دەر کەوت کە ئەمەریکییەکان بەبێ سێ و دوو پشتیان دەگرن، بەتایبەتی لەسەر ئاستی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ قەیرانی ئێراندا لە چوارچێوەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکاندا.** بەم پێیە، لە کاتێکدا ئێران بەردەوام بوو لە گفتوگۆ لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت، ئێران جارێکی تر بە پشتگیریی ئەمەریکا و بەریتانیا، لە مانگی ئازاری ١٩٤٦ کێشەی لەگەڵ سۆڤیەتییەکاندا خستەوە سەر مێزی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان. وەک فشارێکی تازە و جیددی بۆ سەر یەکێتیی سۆڤیەت، ئەم وڵاتە داوای لە نەتەوە یەکگرتووەکان کرد، کە گفتوگۆکانی ئەنجوومەنی ئاسایش دوا بخرێن بۆ ١٠ی نیسان. بەم پێیە لە ٤ی نیساندا، لەسەر هەندێک پێشنیاری نوێ، ئێران و یەکێتیی سۆڤیەت گەیشتن بە سیغەیەکی لە یەکترگەیشتن لەسەر بنچینەی کشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەت لە ئێران و ئیعتبارکردنی مەسەلەی ئازەربایجان وەکوو کێشەیەکی ناوەوەی ئێران. بەرامبەر ئەمە یەکێتیی سۆڤیەت ئیمتیازی نەوتی لە باکووری ئێران پێ بدرێ. بەمەش بۆچوونە سەرەتاییەکەی قەوام دەر کەوت، ئەوەی کە ئێران لە هەموو حاڵەتێکدا یەکێتیی سۆڤیەت نەوت لەسەر مەسەلەی ئازەربایجان تەفزیل دەکات.*** بەپێی

* Yassin, 1995, pp. 204-208.

** From Allen to the Secretary of State, March 10, 1946, *FRUS, 1946,* Vol. VII, pp. 346.

*** UN, *OR, Supplement,* No. 2, p. 44; Hess, G. "The Iranian Crisis of 1945-1946 and the Cold War," in *Political Scince Quarterly,*

ئەم لەیەکترگەیشتنە، هێزەکانی یەکێتیی سۆڤیەت لە مانگی ئایار دەستیان کرد بە کشانەوە لە ئێران.*

## ٧- دوابەدوای ڕووخانی کۆمار

لەگەڵ کەوتنی کۆماری کوردستان، وا پێدەچوو چەکدارە بارزانییەکان بە سەرکردایەتیی بارزانی، بەرپەرچی هێرشی لەشکری ئێرانی دەدەنەوە، بەڵام تەنها چەند ڕۆژێکی کەم دوای کەوتنی مەهاباد و ڕێک لە ڕۆژی ٢٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٦، بارزانی نامەیەکی خۆبەدەستەوەدانی بۆ ئێرانییەکان مۆر کرد، دوای ئەوەی داوای چاوپێکەوتنی ژەنەراڵ هومایۆنی کردبوو.** بارزانی لە کۆتاییی کانوونی دووەمی ١٩٤٧، چوو بۆ تەهران و ماوەی زیاتر لە مانگێک لەوێ مایەوە و لەو ماوەیەدا چاوی کەوت بە قەوام و شای ئێران. باسەکان

---

Vol. 89, No. 1, 1947), pp. 137-138; Mark, E. "Allied Relations in Iran, 1941-1947: The Origins of a Cold War Crisis," in *Wisconsin Magazine of History,* No. 59, (Autumn 1975), pp. 61-62.

* فاکتەرێکی تریش کە یارمەتیی کشانەوەی سۆڤیەتی لە ئێران دا، ئەوە بوو کە هێزەکانی ئەمریکا هەر زوو لە مانگی کانوونی دووەمی ١٩٤٦ و دواتریش لە ٢ی ئازاری ١٩٤٦، دواهێزەکانی بەریتانیاش ئێرانیان جێ هێشت. ئەمە نەک هەر سۆڤیەتییەکانی بێبەش کرد لە هەر جۆرە بیانوویەک، بەڵکە دەشێ ئەم هەنگاوەی بەریتانی و ئەمەریکییەکان جۆرە دڵنیاییەکی لای سۆڤیەتییەکان خوڵقاندبێ، کە بەڵێ ئیتر لەشکری ئەم دوو وڵاتە لە سنووری یەکێتیی سۆڤیەت دوور کەوتوون، بەم شێوەیەش، بوونی سەربازییان لە ئێراندا، کە سنوورێکی هاوبەشی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەتدا هەیە، هیچ گرنگییەکی نەما.

** Eagleton, 1963, p. 116.

بەگشتی لە چوارچێوەی دواڕۆژی بارزانییەکان دەخولایەوە، بەڵام گفتوگۆکان نەگەیشتن بە هیچ ئاکامێک. هاوکات بارزانی هەوڵی زۆری دا چاوی بکەوێ بە دیپلۆماتەکانی بەریتانیا لە تەهران بۆ زەمانکردنی بووردن-ئەمنێستی لە بارزانییەکان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، بەڵام لە هەوڵەکانیدا سەرکەوتوو نەبوو. لە لایەکی ترەوە، بارزانی چاوی کەوت بە باڵیۆزی ئەمەریکی لە تەهران و داوای لێ کرد لەلای خۆیەوە داوا بکات لە حکومەتەکانی عێراق و بەریتانیا بۆ بەخشینی بووردن بە بارزانی و پیاوەکانی، بەڵام سەفیری ئەمەریکی جۆرج ئالن، وتی حکومەتەکەی لەم بارەیەوە ناتوانێ هیچ کارێک بکات.* کەچی لە لایەکی ترەوە ئالن بۆ شای ئێرانی دەر بڕی، کە عێراق بەرپرسیی هەیە لەمەڕ بارزانییەکان و باشترە وەریان بگرێتەوە. ئالن لەوە دەترسا مانەوەی مەسەلەی بارزانییەکان بەبێ چارەسەری، کاریگەرییەکی نێگەتیڤی دەبێ بۆ سەر تەواوی کوردستان و ڕێگە خۆش دەکات بۆ خۆتێهەڵکوتانی سۆڤیەتییەکان.** هەروەها لە واشنتۆن ئەمەریکییەکان هەوڵیان دا بەریتانییەکان ئیقناع بکەن، کە وا باشترە بارزانی ڕێگەی پێ بدرێ بگەڕێتەوە عێراق و ئەم وڵاتەش بەرامبەر بە کوردەکان سیاسەتێکی کراوەتر پیادە بکات.*** بە هەرحاڵ، گفتوگۆکانی بارزانی لەگەڵ ئێرانییەکان بە هیچ نەگەیشت و لەدوای بەرەوڕووبوونەوەیەکی سەخت لەگەڵ لەشکری ئێران،

---

* Yassin, 1995, pp. 213-214.

** From the American Embassy in Tehran to the Department of State, Jan. 28, 1947, *284- DSDF, 891- 00/1, NA.*

*** Memorandum of Conversation, From Washington to Tehran and Baghdad, Feb. 8, 1947, *DSDF, 891- 00/1-2847, NA.*

بارزانی خۆی و پیاوەکانی و خێزانەکانیان گەیشتنە ناو خاکی باشووری کوردستان و لەوێش دوای هێنەوبێنەیەکی زۆر لەگەڵ حکومەتی عێراق، بارزانی خۆی و زیاتر لە ٥٠٠ لە چەکدارەکانی لە ڕێپێوان-مسیرەیەکی مێژووییدا دوای ٥٢ ڕۆژ گەیشتە خاکی یەکێتیی سۆڤیەت.

مەسەلەیەکی گرنگ لێرەدا چارەنووسی قازی محەمەد و هەندێک لە هاوڕێکانیەتی، بەتایبەتی سەیفی قازی و سەدری قازی. تا بەر لە چەند ساڵێکیش ڕۆڵ و هەڵوێستی ئەمەریکا لەمەڕ مەسەلەی لەسێدارەدانی قازییەکان، بەتایبەتی قازی محەمەد، وەکوو لوغز مابوویەوە. دوای لێکۆڵینەوە لە بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی نیشتمانی (national archives) بۆمان دەر کەوت ئەمەریکییەکان نەک هەر ڕۆڵێکی خراپیان نەبووە لە لەسێدارەدانی، بەڵکوو زۆر لە دیپلۆماتکارە ئەمەریکییەکان، لە تەهران ناڕەحەتیی خۆیان دەر بڕی دوای بەجێگەیاندنی حوکمی لەسێدارەدان لە ٣١ی ئازاری ١٩٤٧. قونسوڵی ئەمەریکی لە تەبریز دەڵێ، قازییەکان ”گوناهیان هەرچی بێت، ئەمانە سەرکردەی ڕێزلێگیراوی گەلەکەیان بوون.“* بە هەرحاڵ، بڕیاری لەسێدارەدانی قازی محەمەد و هاوڕێکانی بە پلەی یەکەم بڕیاری لەشکری ئێران بووە و شای وڵاتیش ڕەزامەندیی لەسەر داوە. لە دەمەتەقێیەکی شا لەگەڵ باڵیۆزی

* From Sutton to the Department of State, April 19, 1947, *DSDF, 891.00/4-1947, NA.*

شایانی گوتنە کە د. عبدالرحمن قاسملۆ لە گفتوگۆیەکی تایبەتی لەگەڵ نووسەری ئەم وتارەدا، ماوەیەکی کەم بەر لە تیرۆرکردنی، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، بۆچوونێک هەبووە کە گوایە ئەمەریکییەکان ڕۆڵی خراپیان بووە لە مەسەلەی لەسێدارەدانی قازی محەمەد و بەلایەوە ساغکردنەوەی ئەم مەسەلەیە گرنگییەکی تایبەتی هەبووە.

ئەمەریکا لە تەهران، شا ئەوەی دەر بڕی کە زۆر سەرەکخێڵی کورد داوای لەسێدارەدانی قازییان کردبوو، بەڵام هەر ئەو کاتە بۆ ئەمەریکییەکان دەر کەوت، کە ئەمە ڕاستییەکی تیا نییە و ئەو چەند کەسانەی داوایەکی ئاوهاشیان کردبوو، ئاشکرا بوو بۆ ئەمەریکییەکان، کە لەژێر فشاری لەشکری ئێران کردوویانە.*

## ٨- دەرەنجام

لە ساڵانی جەنگی دووهەمی جیهانیدا، بەتایبەتی دوای داگیرکردنی بەشی زۆری ئێران لەلایەن هێزەکانی بەریتانیا و یەکێتیی سۆڤیەتەوە ساڵی ١٩٤١، بارودۆخێکی بابەتیی لەبار ڕەخسا بۆ گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەم دەرفەتە مێژووییە لە ماوەیەکی کەمدا هەندێک گۆڕانکاریی لێ کەوتەوە، بە مانای هاتنەکایەی جووڵانەوەیەکی سیاسیی ڕێکخراو لەو بەشەی کوردستان، کە بە دامەزرانی کۆماری کوردستان گەیشتە لووتکە هەرە بەرزەکەی.

ڕاستەوخۆ دوای داگیرکردنی ئێران لەنێوان کوردەکان لە لایەک و لەشکر و شاندە دیپلۆماتییەکانی بەریتانیا و یەکێتیی سۆڤیەت لە ئێران لە لایەکی تر، پەیوەندیی جۆراوجۆر هاتنە کایەوە. کورد لە هاوکارێک و پشتگیرێک دەگەڕا. دیارە هەر زوو دەر کەوت کە ئەم هێزە یەکێتیی سۆڤیەت دەبێت. لەگەڵ نزیکبوونەوەی کۆتاییی جەنگ پەیوەندیی کوردەکان و یەکێتیی سۆڤیەت چڕتر و توندوتۆڵتر بوو، بەتایبەتی دوای کۆتاییهاتنی جەنگ. ئەم پەیوەندییانە ئەوە دەر ناخەن، کە هۆکاری ئایدیۆلۆژی

* Yassin, 1995, pp. 214.

لەپشت ئەو پەیوەندییانەوە بووە، بەڵکوو پەیوەندییەکان زیاتر سروشتێکی پراگماتی (قازانجی هەردوولا)ی هەبوو. بەکورتی سۆڤیەتییەکان پێویستیان بە هەندێک کارتی دیپلۆماسی هەبوو بۆ بەکارهێنانیان بەرامبەر حکومەتی تەهران و بەرامبەر دوو زلهێزە ڕۆژئاواییەکە، واتە بەریتانیا و ئەمەریکا.

یەکێک لەو ئاکامانەی لەم وتارەدا پێی گەیشتووم، ئەوەیە کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی کورد بە زلهێزەکان لە ساڵانی جەنگی دووهەمی جیهانیدا و ماوەیەکیش دوای تەواوبوونی ئەم جەنگە، بەس نییە بۆ تێگەیشتنی ڕەهەندی نێودەوڵەتی لە کێشەی کورد، بەتایبەتی هیی کۆماری کوردستان، پەیوەندیی کورد لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی لە تەهران، پەیوەندیی تەهران لەگەڵ زلهێزەکان، پەیوەندیی کورد ڕاستەوخۆ بە زلهێزەکانەوە، هەروەها سیاسەت و ستراتیژی ئەم زلهێزانە لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهاندا، دەبێ وەکوو دینامیزمێکی یەکبوو تەماشا بکرێ، واتە بەشەکانی ئەم دینامیزمە یەکتر تەواو دەکەن. ئەم شێوە بۆچوونەش، بەتایبەتی لە ڕووی میتۆدی لێکۆڵینەوە، یارمەتیمان دەدات بۆ تێگەیشتنی قووڵتری بابەتی کورد و کۆماری کوردستان لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا.

لەگەڵ بوونی هەندێک حاڵەت و خاڵی ململانێ و گرژیش لە پەیوەندییەکانی نێوان بەریتانیا و ئەمەریکا، بەتایبەتی لەمەڕ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کەچی بەگشتی لەیەکچوون و لەیەکترنزیکییەکی زۆر هەبوو لە سیاسەتی ئەم دوو زلهێزە بەرامبەر ئێران و ڕووداوە پەیوەندیدارەکان بە سیاسەتی ناوەوە و دەرەوەی ئەم وڵاتە. ئەم سیاسەتە بریتی بوو لە پشتگیریکردنی حکومەتی مەرکەزی لە تەهران بۆ: ١- دەرکردنی

هێزەکانی یەکێتیی سۆڤیەت لە ئێران. ٢- یارمەتیدانی تەهران بۆ گەڕانەوەی کۆنترۆڵی تەواوەتیی حکومەتەکەی بەسەر هەموو ناوچەکانی ئێراندا، بەتایبەتی کوردستان و ئازەربایجان.

هەرچەندە کێشەی کورد لە ئێران گرنگییەکی تایبەتی هەبوو بە بۆچوونی هەرسێ زلهێزەکە، بەتایبەتی لەبەر بوونی کورد و کێشەکەی لە ژمارەیەک لە وڵاتانی تر و لەناو خاکی یەکێتیی سۆڤیەتی ئەو کاتە، بەڵام دیسان مەسەلەی کورد و ڕۆڵی سیاسیی گەلی کورد لە تەواوی هاوکێشەکەدا بە پەراوێز کراوە. دەڵێم *کراوە*، چونکە هەر نەبێ حکومەتی ئێران و ئازەرییەکانی ئێران و سۆڤیەتییەکان خۆشیان کوردیان وەک پەراوێزێک بۆ ئازەربایجانی ئێران و کۆمارەکەی تەماشا دەکرد و لە ڕۆشناییی ئەم تێڕوانینەش، هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکرد. هەر لێرەدا پێویستە بوترێ، پەراوێزکردنی گەلێک (واتە گەلی کورد) لە هەڵسوکەوتی سیاسیدا لە ئاکامدا دەبێ بە هۆی بەپەراوێزبوونی لە مێژووی نووسراویشدا.

# جیاوازیی پێشکەوتنی ئابووری - کۆمەڵایەتی لەنێوان باکوری کوردستان و تورکیا و کێشەی کورد*

## لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە ٣٦٢٧، ئازاری ٢٠٠٥ بڵاو بۆتەوە

### ناوەڕۆک


هەندێک خاڵی گشتی ............................................... ٦٢٨
چەند پرسیارێکی گرنگ ............................................... ٦٢٩
بۆچوونی تیۆری ............................................... ٦٢٩
هەندێک زانیاریی مێژوویی ............................................... ٦٣٠
جیاوازیی پێشکەوتنی ئابووری – کۆمەڵایەتی ......... ٦٣٢
پرۆگرامی مۆدێرنیزەکردنی تورکیا ............................ ٦٣٦


* ئەم بابەتەی بەردەست لە (کۆنفرانسی نەتەوەییی باکووری کوردستان) پێشکەش کراوە. ئەم کۆنفرانسە لە نزیک شاری ئەمستەردام لە ڕۆژانی ٢٥ تا ٢٧ی شوباتی ٢٠٠٥، لەلایەن پلاتفۆڕما کوردێن ئەوروپاوە ڕێک خرابوو. بابەتەکە کورتکراوەیەکی چڕی هەندێک بۆچوون و زانیارین، کە لە لێکۆڵینەوەیەکی بڵاونەکراوەی خۆم، کە ماوەی چەند ساڵێکە خەریکیم و دەربارەی پڕۆژەی (GAP)ە وەر گیراون، ئەم پڕۆژەیە بە مەبەستی سوودوەرگرتن لە سەرچاوەی دەوڵەمەندیی ئاو، تورکیا لە بەشێک لە باکووری کوردستان ئەنجامی دەدات.

# هەندێک خاڵی گشتی

هەر لە سەرەتای دامەزرانی دەوڵەتی تورکیاوە هەتاکوو ئێستا، جیاوازییەکی گەورە لە ڕووی پێشکەوتنی ئابووری – کۆمەڵایەتی لەنێوان باکووری کوردستان* و بەشی خۆرئاوای تورکیادا هەبووە، ئەو جیاوازییە زۆرە کاریگەریی نێگەتیڤی کردۆتە سەر کوردستان و پەیوەندییەکانی کورد و دەوڵەتی تورکیا.

ئەو جیاوازییە ئابووری – کۆمەڵایەتییە، هەموو لایەنەکانی ژیانی گرتۆتەوە، هەر لە پێشکەوتنی پیشەسازی و کشتوکاڵ و گواستنەوە و ئاستی خوێندن و کۆچکردن و... هتد.

لە ناواخنی کێشەی کورددا لە تورکیا، سێ کێشە و مەسەلەی سەرەکی هەن: ١- هەوڵەکانی دەوڵەتی تورکیا بۆ ئینکارکردن و تواندنەوەی نەتەوەیی گەلی کورد لە تورکیا.

---

* لەم وتارەدا چەمکەکانی باکووری کوردستان لە لایەک و ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵات لە لایەکی ترەوە بەکار هاتوون. لە ڕووی ڕووبەری جوگرافییەوە ئەم دوو چەمکە بەتەواوەتی یەکانگیر نین و بە مەبەستی جیاواز بەپێی ئەو کەس یا لایەنەی ئەم چەمکانە بەکار دەهێنن، دەگۆڕێن. مەبەستی بەکارهێنانی ئەم چەمکانە لە ڕووی مانای جوگرافی و سیاسییەوە، ئامانجی تایبەت دەپێکن، بۆیەش بە شێوەی جوداجودا هەردوو چەمکەکە لەم وتارەی بەردەستدا هاتوون.

٢- جیاوازی لە ئاستی پێشکەوتن و گەشەکردنی ئابووری - کۆمەڵایەتی لەنێوان کوردستان و تورکیادا. ٣- خواست و خەباتی گەلی کورد لە باکووری کوردستان بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوەیییەکانی.

## چەند پرسیارێکی گرنگ

لێرەدا پێویستە چەند پرسیارێک بکەین: ١- ئایا جیاوازیی ئابووری - کۆمەڵایەتی چەندە و چۆنە و بۆچی ئەم جیاوازییە هەیە؟ ٢- مۆدێرنیزەکردنی تورکیا چ ڕۆڵێکی هەبووە لە چارەسەرکردن و کەمکردنەوەی ئەو جیاوازییە؟ ٣- ئایا تورکیا دەتوانێ چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیا بکات بە ڕێگەی چارەسەرکردنی گرفتی ئابووری - کۆمەڵایەتی؟ لەم وتارەدا هەوڵ دەدەین وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە.

## بۆچوونی تیۆری

لە لێکۆڵینەوە زانستی (مێژوویی و کۆمەڵایەتی و سیاسی) یەکاندا، زۆر جار جیاوازیی ئابووری -کۆمەڵایەتی لەنێوان دوو ناوچەدا لەژێر ڕۆشناییی تیۆریی کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی (in-ternal colonialism)و یەکێک لە گرنگترین چەمک لەم بۆچوونە تیۆرییەدا مەرکەز – ڕۆخە. پەیوەندییەکانی مەرکەز - ڕۆخ ئاڵۆزتر و پڕناکۆکیتر دەبن، کاتێک سنوورەکانی ئەو مەرکەز- ڕۆخە لەگەڵ سنوورە ئیتنیکییەکاندا تێکەڵ دەبن، یاخود یەکانگیر

دەبن. هەروەها جیاوازیی پێشکەوتنی ئابووری - کۆمەڵایەتی لە حاڵەتی باکووری کوردستان و سیاسەتی ڕەسمیی دەوڵەتی تورکیا لە ئینکارکردن و تواندنەوەی نەتەوەییی گەلی کورد لە باکووری کوردستان، بەچڕی یەکتر بەهێز دەکەن. بە مانایەکی تر، حاڵەتی دواکەوتوویی ئابووری - کۆمەڵایەتی لە ڕووی سیاسی و دەروونی و ئایدیۆلۆژییەوە، بەچڕی تێکەڵاو بە ناسنامەی ئیتنیکی کورد لە لایەک و بۆچوونە ڕەسمییەکانی دەوڵەتی تورکیا دەبێت. بەو مانایە، ئێمە دەتوانین پەیوەندییەکانی باکووری کوردستان لەگەڵ دەوڵەتی تورکیادا لە چوارچێوەی کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی تەماشا و ڕاڤە بکەین. ئەمە لە کاتێکدا ئەم بۆچوونە تیۆرییە باس و لێکۆڵینەوەی زۆر هەڵدەگرێت، کە دواجار بۆ بەکارهێنانی ئەم چوارچێوە تیۆرییە بە شێوەیەکی ڕاست و دروست لێکۆڵەر پێویستی بە ئاگاداری و وردەکارییەکی زۆر هەیە.

## هەندێک زانیاریی مێژوویی

بۆچوونی ئایدیۆلۆژیی دەوڵەتی تورکیا و حیزب و هێزە کۆمەڵایەتی و دامەزراوە ڕەسمییەکانی تورکیا بەگشتی هەڵگری ئەو باوەڕە بوون، کە بەڵێ دەوڵەت دەتوانێت بە ڕێگەی گەشەپێدانی باری ئابووری و کۆمەڵایەتیی باکووری کوردستان، مەسەلەی کورد یا ئەوەی خۆیان بە زمانی ڕەسمی پێی دەبێژن کێشەی باشووری ڕۆژهەڵات، چارەسەر بکات. بەڕاستی ئەگەر ئێمە بۆ نموونە تەماشای دۆکیۆمێنتە دیپلۆماسییە بەریتانی و ئەمەریکییەکانی سالانی جەنگی دووەمی جیهانی بکەین،

بەئاسانی دەتوانین ببینین، کە تورکەکان جار لە دوای جار بە ئەمەریکی و بەریتانییەکانیان وتووە، هیچ مەسەلەیەک لە تورکیا بە ناوی مەسەلەی کورد نییە و مەسەلەی سەرەکییش، بەپێی ئەم بۆچوونە، تەنها دواکەوتوویی باشووری ڕۆژهەڵاتە و هیچی تر. لە دیدی ئەم بۆچوونەوە، چارەسەری کێشە لەم وڵاتە خۆی، تەنها لە پێشخستنی ئابووری - کۆمەڵایەتی، بە مانایەکی تر لە مۆدێرنیزەکردنی ناوچەکەدا دەبینێتەوە.

لە ساڵی ١٩٥٠کان و ١٩٦٠کاندا، هەر نەبێت بەشێکی بزووتنەوەی سیاسی لە باکووری کوردستان، کە بۆخۆیشی کەوتبووە ژێر کاریگەریی ئەو بۆچوونە، ئامانجی بەرەوپێشبردنی باری ئابووری و کۆمەڵایەتی لە کوردستان لە ئەجێندای سیاسیدا بە پلەی یەکەم دەهات. هەڵگرانی ئەو جۆرە دیتنە ئایدیۆلۆژییەی ناو کۆمەڵگەی کوردی، لەو کاتەدا بە*گەشەکردنخوازان* (developmentists) ناسراون. بە هەرحاڵ، هۆکارە هەرە گرنگەکانی ئەم جۆرە بۆچوونە کوردییە، کە باوەڕی هەبوو بە پێشخستنی باری ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆ چارەسەری کێشە سیاسییەکانی، ئەمانە بوون: ١- کاریگەریی بۆچوونی چەپی تورکی لەسەر پەیڕەوکارانی ئەم ڕێڕەوە. ٢- کاریگەریی بۆچوونی ڕەسمیی دەوڵەتی تورکیا. ٣- نەبوونی هیچ جۆرە پەراوێزێکی "سیاسی" لە تورکیا بۆ کورد، کە تیایدا بتوانن گوزارشت لە ئامانجە سیاسی و نەتەوەیییەکانیان بکەن. ئەم حاڵەتە جۆرێک لە پراگماتیزمی لەسەر هەر نەبێ بەشێک لە جووڵانەوەی کوردایەتی سەپاند، کە ئەویش خۆدوورخستنەوە بوو لە درووشمی سیاسی و نەتەوەیی و پێداگرتن بوو لەسەر گەشەپێدانی باری ئابووری و کۆمەڵایەتیی کوردستان.

٤- لە ساڵانی ١٩٤٠ەکان و بەتایبەتی لە ساڵانی ١٩٦٠کاندا، گەشبینییەکی تیۆریی گشتی (ئەکادیمی و سیاسی) هەبوو، کە مۆدێرنیزەکردنی کۆمەڵگە یارمەتیدەر دەبێت بۆ چارەسەرکردنی گرفتە سیاسییەکانی ئەو کۆمەڵگەیە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی. بە هەرحاڵ، لە ساڵانی ١٩٧٠کاندا خەباتی سیاسیی کورد لە باکووری کوردستان بە شێوەیەکی ڕاشکاوانەتر کەوتە قۆناغی جەختکردنەوە لەسەر گوتاری ناسیۆنالیستی.

## جیاوازیی پێشکەوتنی ئابووری - کۆمەڵایەتی

لە گووتاری فەرمیی دەوڵەتی تورکدا، جەخت کراوەتەوە سەر دوو هۆ بۆ جیاوازیی ئابووری – کۆمەڵایەتی لەنێوان باکووری کوردستان و ڕۆژئاوای تورکیادا: ١- هەبوونی تیرۆریزم. ٢- قەیرانی کوەیت.

لە ڕاستیدا هەرچەندە شەڕ و ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان لە کوردستان بەتایبەتی لەدوای ١٩٨٤ەوە، هەروەها قەیرانی کوەیت زۆر زیانیان بە پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە کوردستان گەیاندووە، بەڵام ئەوە ئەو ڕاستییە ناشارێتەوە، کە جیاوازیی ئابووری، لەنێوان باکووری کوردستان و ڕۆژئاوای تورکیا، زۆر کۆنە و هەموو لایەنەکانی ژیانیشی گرتۆتەوە. ئەم جیاوازییە فراوانتر و قووڵتر بووە. هەر وەک *حسێن چەلیک*، ئەندامی پەرلەمانی تورکیا، لە کۆتاییی ١٩٩٠کاندا دەڵێت، "ڕاستییەکەی ئەوەیە، کە پێشنەکەوتنی ئابووری لە ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵات دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی خواستێکی سیاسیی ڕاستەقینە لەلایەن بەرپرسانی تورک بۆ

بەرەوپێشبردنی ئەو ناوچەیە."

بۆ تێگەیشتنی جیاوازیی ئاستی پێشکەوتنی ئابووری - کۆمەڵایەتی لەنێوان کوردستان و تورکیا، پێویستمان بە تێڕوانینێکی مێژوویی ساڵانی پێش دروستبوونی دەوڵەتی تورکیا هەیە. لە ڕاستیدا ئەو جیاوازییە هەر لە سەردەمی عوسمانییەکاندا هەبووە و کۆنترە لە مێژووی بوونی دەوڵەتی تورکیا. هەندێک تەفسیری گرنگ هەن بۆ هەبوونی ئەو جیاوازییە لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا: ١- نزیکیی جوگرافیی ڕۆژئاوایی، ئەو ناوچەیەی ئەمڕۆ پێی دەوترێ تورکیا، لە ئەوروپا. ئەم حاڵەتە یارمەتیدەر بووە بۆ ئەوروپییەکان، بۆ ئەوەی چالاکییە ئابوورییەکان و وەبەرهێنانیان بخەنە گەڕ لە ڕۆژئاوای تورکیا. ٢- ئەستەنبوڵ، کە کەوتبووە ڕۆژئاوای تورکیا، مەرکەزی سیاسی و ڕۆشنبیری و کولتووری و دیپلۆماسی و ئابووریی ئەو کاتەی دەوڵەتی عوسمانی بوو. هەر بۆ نموونە لە ساڵی ١٩١٥دا، ٣٠٠ یەکەی پیشەسازی لەناو سنووری ئەو ناوچەیەی ئەمڕۆ پێی دەوترێ تورکیا، هەبوو. ئەو ٣٠٠ یەکە پیشەسازییە بە تێکڕایی لە ڕۆژئاوا و باکووری کوردستان و ڕۆژئاوای تورکیادا بوون و بگرە ٥٥٪ لەو یەکانە لە ناوچەکانی دەڤەری ئیستەنبوڵ بوون. لە ساڵەکانی دواییی تەمەنی دەوڵەتی عوسمانیدا، نزیکەی ٢٠٠٠ میل ڕێگەی شەمەندەفەر هەبووە، بەڵام بەشی هەرە زۆری ئەو ڕێگەیە لە بەشی ڕۆژئاوای تورکیا بوو، بەو پێیەش کوردستان لێی بێبەش بوو.

جیاوازیی پێشکەوتنی ئابووری - کۆمەڵایەتی لەنێوان باکووری کوردستان و تورکیا، زۆربەی هەرە زۆری لایەنەکانی

ژیان دەگرێتەوە. بۆ نموونە بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی نەتەوە یەکگرتووەکان، نزیکەی ١٥٪ی خەڵک لە تورکیا هەژارن، بەڵام بە جوداکردنەوەی کوردستان لە ڕۆژئاوای تورکیا، ئەوا دەر دەکەوێت لە ناوچەی مەڕمەڕە و دەریای ئیجەی ڕۆژئاوای تورکیا ڕێژەکە تەنها ١,٤٪ە، کەچی ڕێژەکە لە کوردستان نزیکەی ٣٠٪ە. هەر لەو ڕاپۆرتەدا ئەوە هاتووە، هۆی بەشێک لە گرفتی ئابووری لە تورکیا و هەبوونی ڕێژەیەکی زۆر لە هەژاری تیایدا، نەبوونی پێشکەوتنێکی ئابوورییە لە "ڕۆژهەڵات و خوارووی ڕۆژهەڵاتی تورکیا." بە مانایەکی تر، هۆیەکە دەگەڕێتەوە بۆ پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتیی ناهاوسەنگ (development unequal) لەنێوان ڕۆژهەڵات و خوارووی ڕۆژهەڵات لە لایەک و ڕۆژئاوای تورکیا لە لایەکی تر. هەروەها هەندێک لە پسپۆڕان لەو باوەڕەدان، یەکێک لە گرفتە هەرە گەورەکانی تورکیا ئەوەیە، دەوڵەت هیچ جۆرە سەرکەوتنێکی بەدەست نەهێناوە لە ڕووی پێشکەوتنی ئابووری لە باکووری کوردستان. ئەنجامی ئەو ڕاستییەش ئەوەیە، توانا مرۆیی و سامانە سروشتییەکانی کوردستان بەباشی بەکار نەهاتوون. بەگوێرەی هەندێک زانیاری، داهاتی تاکەکەسێک لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا ٦٣٣,١ دۆلارە لە ڕۆژێکدا، کەچی لە تورکیا بەگشتی ١٧٦,٣ دۆلارە. بەم مانایە لە ڕۆژئاوای تورکیا داهاتی تاکەکەسێک زیاترە لە ٦ دۆلار. لە هەمان کاتدا هەندێک حاڵەتی ئەوپەڕیش هەن، بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٨٦دا داهاتی تاکەکەسێک لە گوندێکی هەکاری ٦٪ی داهاتی تاکەکەسێک بوو لە کوجایلی، لە نزیک بۆسفۆر – بۆغازیجی. هۆیەکی گرنگی هەبوونی ئەم حاڵەتە ئەوەیە، پیشەسازیی قورس لە تورکیا لە

ڕۆژئاوای ئەو وڵاتەن. جگە لەوە، لە کاتێکدا شارێکی وەکوو دیاربەکر، کە شاری هەرە گەورەی باکووری کوردستانە، هیچ جۆرە پیشەسازییەکی قورسی تیادا نییە. بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕەسمیی دەوڵەتی تورکیا، لە دیاربەکر ٤,٦١٪، لە ئەرزەڕوم٤,٥٩٪ و لە ئورفا (ڕەحا) ٣,٤٦٪ لەو کچانەی تەمەنیان لەنێوان ٧-١٣ ساڵدایە، چوونەتە قوتابخانە و تەنها ٩,٦٨٪ی منداڵانی ڕۆژهەڵاتی تورکیا و ٩٤,٧٠٪ی منداڵانی باشووری ڕۆژهەڵات دەچنە قوتابخانە، کەچی لە ڕۆژئاوای تورکیا ئەو ڕێژەیە لە ٩٥٪ زیاترە.

بواری تەندروستی بوارێکی گرنگە بۆ هەڵسەنگاندنی جیاوازیی پێشکەوتنی ئابووری - کۆمەڵایەتی لەنێوان ڕۆژئاوای تورکیا و باکووری کوردستان. لە ڕاپۆرتێکی ڕەسمیی تورکیادا لە ساڵی ١٩٩٨دا، ڕێژەی دکتۆر- نەساغ (واتە هەر دکتۆرێک چەند نەساغی بەر دەکەوێت) دیاری کراوە، بۆ نموونە لە ئیزمیر یەک پزیشک بۆ ٣٢٩ نەساغ بووە. کەچی لە هەمان کاتدا ڕێژەکە لە شەرناخ یەک دکتۆر بۆ ٤٥٠٠ نەساغ بوو. بەگشتی نەبوونی پزیشک لە دەڤەرەکەدا دیاردەیەکی بەرچاو بووە. هەر لەو ڕاپۆرتەدا هاتووە، کە زۆرێک لە ناوەندە تەندروستییەکانی ناوچەکە بەتەواوەتی بێبەش بوون لە کادیری پێویست بۆ خزمەتە تەندروستییە پێویستەکان.

بەگشتی، یەکێک لە ئەنجامە نێگەتیڤەکانی جیاوازیی پێشکەوتنی ئابووری - کۆمەڵایەتی لەنێوان تورکیا و کوردستاندا ئەوە بووە، ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی کوردستان جێگەی ژیانیان جێ هێشتووە و ڕوویان کردۆتە ڕۆژئاوای تورکیا. لە ساڵەکانی دواییدا لێکۆڵینەوەکان دەری دەخەن، کە لانی کەم

٤٠٪ی خەڵکی کورد لە تورکیا لەدەرەوەی سنووری کوردستاندا دەژین. دەبێت بشوترێت، جگە لە جیاوازیی ئابووری، دوو هۆی تری ئەم کۆچکردنە ئەمانەن: ١- سەختیی مەرجەکانی ژیان بە پەیوەندی لەگەڵ ناعەدالەتی لە ڕووی موڵکییەتی زەویدا، بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٨٥، تەنها ٢٪ی دانیشتووانی باکووری کوردستان خاوەنی ٥,٣٠٪ی زەوی بوون لەو ناوچەیەدا، ئەوەش زیاتر پێگەی ئابووری و کۆمەڵایەتیی خاوەنزەوی (ئاغاکان)ی لە بیست ساڵی دواییدا بە هۆی شەڕ و پێکدادان بەهێزتر کردووە، بەهێزتریش بووە بە هۆی پشتگیرییەکی زیادی دەوڵەت بۆ ئاغا و سەرۆکعەشیرەتەکان. ٢- هۆیەکی تری ئەم کۆچبەرییەی کورد بۆ ڕۆژئاوای تورکیا، شەڕی نێوان پەکەکە و هێزەکانی دەوڵەت بووە.

## پرۆژەی مۆدێرنیزەکردنی تورکیا

هەر زوو دوای دروستبوونی دەوڵەتی تورکیا، سەرکردەکانی دەوڵەتی تازە بەتایبەتی لە قۆناغی ١٩٢٣-١٩٣٠دا، بە ئاگادارییەوە کەوتنە هەوڵدان بۆ پیادەکردنی ستراتیژی ڕێکخستنی فەزای نەتەوەیی (national space) لە دەوروبەری پایتەختی نوێ، ئەنقەرە. هەڵبەتە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، بەدەستهێنانی هاوسەنگی لە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی - ئابووری لە تەواوی تورکیا، بە باکووری کوردستانیشەوە، زۆر پێویست بوو.

پرۆگرامی مۆدێرنیزەکردنی تورکیا، پرۆژەی هەرە گەورە و گرنگە لە مۆدێرنیزەکردنی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بە ڕاستیش تورکیا یەکەم وڵات بوو لە ناوچەکەدا، کە هەر

زوو لە ساڵانی سییەکانی سەدەی بیستەمدا دەستی کرد بە سەرمایەخستنەکار لە بواری پیشەسازیی قورسدا. میسر، کە ئەویش خاوەن پرۆگرامێکی مۆدێرنیزەکردنی گەورەیە، زۆر دوای تورکیا و بە دیاریکراوی لە ساڵانی ١٩٥٠کاندا دەستی کرد بە خستنەکاری سەرمایە لە بواری پیشەسازیی قورسدا.

هەڵبەتە مرۆڤ دەتوانێت بپرسێت، ئایا بەشی کوردستان لە پرۆگرامی مۆدێرنیزەکردنی تورکیادا، بەتایبەتی لە پیشەسازیی قورسدا، چی و چەند بووە؟ بەگوێرەی هەندێک لێکۆڵینەوە، لەنێوان ساڵانی ١٩٣٠ و ١٩٤٥دا، دەوڵەت بەشی هەرە زۆری، ئەگەر نەڵێین هەموو، سەرمایەخستنەگەڕی تورکیا بۆ بەپیشەسازیکردنی ئەو وڵاتە بووە. لە لایەکی ترەوە، هەر لەو ماوەیەدا هیچ سەرمایەیەک نەخراوەتە گەڕ لە بواری کشتوکاڵ لە ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵات، کەچی کشتوکاڵ سەرچاوەی بژێوی و چالاکیی ئابووریی هەرە سەرەکی بووە لەو ناوچەیە... جگە لەوە، ئەو پێشکەوتنەی لە پرۆگرامی لیبرالیزەکردنی ساڵانی ١٩٨٠کانی ئابووری لە تورکیا کەوتەوە، ئەوە بوو کە نەک هەر جیاوازییەکان لە بواری پێشکەوتنی ئابووری – کۆمەڵایەتی لەنێوان خۆرئاوای تورکیا و باکووری کوردستان زیاتر بوون، بەڵکوو جیاوازییەکانی نێوان دەوڵەمەند و هەژار لە باکووری کوردستان زۆر زیاتری کرد بە بەراورد لەگەڵ پێشوو، هەر بە هۆی ئەو پرۆگرامی لیبرالیزەکردنی ئابوورییەوە.

بە شێوەیەکی گشتی، نەبوونی سەرچاوەی داراییی پێویست، هەر وەک وەزیری داراییی تورکیا *زەکەریا تەمزەل* دەڵێت، یەکێکە لەو گرفتە هەرە گەورانەی ڕێگە لە پێشکەوتنی

ناوچە، واتە ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵات دەگرێت، بەڕاستی ئەمڕۆش ئەگەر تورکیا بخوازێت ئاستی پێشکەوتنی ئابووری – کۆمەڵایەتیی باکووری کوردستان بگەیەنێتە ئاستی پێشکەوتنی ڕۆژئاوای تورکیا، ئەوا هەر نەبێت ٢٠٠ – ٣٠٠ ملیار دۆلاری پێویستە. پرسیارێکی گرنگ ئەوەیە، گریمان ئەگەر تورکیا سەرچاوەی داراییی پێویستیشی هەبێت بۆ پێشخستنی کوردستان، ئایا دەوڵەت ئەو خواست و ئارەزووەی هەیە بۆ پێشخستنی کوردستان؟

ئەنجامێکی زۆر نێگەتیڤی جیاوازیی پێشکەوتنی ئابووری – کۆمەڵایەتی ئەوە بووە، کە بە هۆی لایەنەکانی کولتووری و سیاسی و دەروونییەوە، ڕۆحگەورەیی (arrogance)ی نەتەوەی سەردەست (واتە تورکەکان) زیاتر بووە بەرامبەر بە کورد. پەیوەندی و تێڕوانین لە حاڵەتی پێشکەوتنی ڕۆژئاوای تورکیا و دواکەوتوویی باکووری کوردستان حاڵەتێکی لە تێڕوانینی "ئایدیۆلۆژی – سیاسی – کولتووریدا" هێناوەتە گۆڕێ. بەڕاستی بەکەمزانین و ئیحتقارکردن، هەڵبەتە تا ڕادەیەکی زۆر بە هۆی دواکەوتنی ئابووری – کۆمەڵایەتی، لەلایەن نەتەوەی سەردەست (نەتەوەی پێشکەوتووتر، واتە تورک)ەوە بەرامبەر نەتەوەی بندەست (دواکەوتوو)، نەک تەنها زوڵم و چەوساندنەوەی نەتەوەییی لەسەر نەتەوەی بندەست ئاسانتر کردووە، بەڵکوو لە لایەنی سیاسی و ئایدیۆلۆژییەوە ڕێگە بۆ نەتەوەی سەردەست خۆش دەکات بۆ جینۆسایدکردنی نەتەوەی بندەست و وێرانکردنی وڵاتەکەی.

بەڕاستیش، بەپێی هەندێک بۆچوونی ئەکادیمی لە بواری جینۆسایددا، هەرچەند ئەو جیاوازی پێشکەوتنە

زیاتر بێت، ئەوەندەش پڕۆسەی "لەمرۆڤایەتیخستنی، یا لە مرۆڤایەتیڕووتکردنەوە" (dehumanization)ی نەتەوەی بندەست بۆ جەللادەکانی نەتەوەی سەردەست ئاسانتر دەبێت. ئەم لەمرۆڤایەتیخستنەش پێشمەرجێکی گرنگە بۆ بەئەنجامگەیاندنی پڕۆسەی جینۆساید، چونکە بەکورتی و بەچڕی: مرۆڤی دواکەوتوو کەمبەهاترە و لەبەر ئەوەش لەناوبردنی ئاسانترە.

## دەرەنجام

لەم بەشەی وتاردا، بە شێوەی خاڵبەند، جەخت دەکەمەوە سەر هۆکارە گرنگەکانی فراوانبوونی جیاوازیی ئابووری - کۆمەڵایەتی لەنێوان باکووری کوردستان و ڕۆژئاوای تورکیا، بە پەیوەندی لەگەڵ کێشەی کورد لە تورکیا: ١- پاشکەوتوویی باکووری کوردستان، ڕاستییەکی مێژوویی دوورودرێژە، کۆنترە لە بوونی کۆماری تورکیا. ٢- لە مۆدێرنیزەکردنی تورکیادا، باکووری کوردستان تا ڕادەیەکی یەکجار زۆر پشتگوێ خراوە و بێبەش کراوە. ٣- هەڵوێستی دوژمنکارانەی تورکیا بەرامبەر بە کورد، وای کرد تا سەرەتای ١٩٩٠ەکان ناوچەی کوردستان بەرامبەر جیهانی دەرەوە بەتەواوەتی داخراو بێت. هەتا لە ساڵانی دواییشدا (کۆتاییی ١٩٩٠ەکان و سەرەتای ٢٠٠٠ەکان) کاتێک ئەمەریکا و یەکێتیی ئەورووپا ویستوویانە بیرۆی نوێنەرایەتی، بۆ نموونە بە ناوی بازرگانییەوە، لە کوردستان بکەنەوە یاخود سەرمایە لەو هەرێمە وەگەڕ بخەن، ئەوا دەوڵەتی تورک بەتەواوەتی ڕێگر بووە. ٤- شەڕ و پێکدادانە سەربازییەکان لە باکووری

کوردستان لە بیست ساڵی دواییدا زیانێکی زۆری گەیاندۆتە پێشکەوتنی ناوچەی باکووری کوردستان و بیانوویەکی گرنگی داوەتە دەست دەسەڵاتدارانی تورک، کە گوایە بە هۆی بوونی ئەوەی خۆیان پێی دەبێژن (تیرۆریزم)، ئەوان نەیانتوانیوە سەرمایە لە کوردستان بخەنە گەڕ. ٥- نەبوونی مەرجە هەرە پێویستەکانی خستنەگەڕی سەرمایە لە باکووری کوردستان. بۆ نموونە ناهەمواریی باری گواستنەوە و پەیوەندی، کەمیی وزەی کارەبا یا گرانیی بۆ بەکارهێنانی لە بواری پیشەسازیدا، نەبوونی ئاسایش و سەقامگیری، وەک پێشمەرجێکی گرنگی وەبەرهێنان و خراپیی مەرجەکانی پێشبڕکێ لە بەرامبەر ڕۆژئاوای کوردستان، کۆمەڵێک کۆسپ بوون لەسەر ڕێگەی پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتیی باکووری کوردستان. ٦- بەگشتی چارەسەرنەبوونی کێشەی کورد گەلێک ئەنجامی نێگەتیڤی لە بواری پێشکەوتن لێ کەوتۆتەوە. ٧- ئایدیۆلۆژیای دەوڵەتی تورکیا بەرامبەر مەسەلەی کورد، ئایدیۆلۆژیایەکی نوقسان و سەقەت (هەتا بگرە ڕەگەزپەرستیش) بووە. ئەم بۆچوونە ڕەسمییە پێداگیری بووە لەسەر ئەو باوەڕەی، کە شتێک نییە بە ناوی ”مەسەلەی کورد،“ بەڵکوو ئەوەی هەیە گرفتی ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتە لە ڕووی پێشکەوتنی ئابووری - کۆمەڵایەتییەوە، چارەسەری ئەم بوارەش دەکاتە چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد. ٨- پشتگیریکردنی دەوڵەت و حیزبە سیاسییە دەسەڵاتدارە تورکیاییەکان بۆ هەندێک لە هێزە کۆمەڵایەتییەکانی باکووری کوردستان، کە لە ڕاستیدا ئەو هێزانە خۆیان ئاستەنگن لە ڕێگەی مۆدێرنیزەکردنی کوردستان. شایانی باسە هاوپەیمانیی دەوڵەت و حیزبە دەسەڵاتدارەکان

لەگەڵ هێزە کۆمەڵایەتییە تەقلیدییەکان لە باکووری کوردستان بەهێزتر کەوت دوای دەستپێکردنی شەڕی چەکداری لە باکووری کوردستان لە ساڵی ١٩٨٤دا. ٩- نەبوونی سەرمایە و خواستی پێویست بۆ بەرەوپێشبردنی باکووری کوردستان.

## گەڕانەوە لە لێواری کاریسەیەکی گەورە!

### لە ژمارەیەک سایتی کوردیدا، لە ١٦ و ١٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٥دا بڵاو بۆتەوە

ڕێگریکردنی هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەدەرەوەی هەموو یاسا و ڕێسایەک، لە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و ستافەکەی و ژمارەیەک پەرلەمانتار لە ١٢ی ئەم مانگەدا، دەستدرێژییەکی ئەوپەڕی مەترسیدار بوو بۆ سەر ڕەوایەتیی دیموکراتی و ئاشتەواییی کۆمەڵایەتی و تەواوی ئەزموونی ٢٣ ساڵەی باشووری کوردستان.

خۆم وەک یەکێک لە ستافی سەرۆکی پەرلەمان، شاهیدی بینینی ئەو دەستدرێژییە هۆڤانەیە بووم، تابلۆیەکم بینی بەقەد شەڕی براکوژی قێزەون بوو. لە ڕاستیدا دەتوانم بڵێم باشووری کوردستان بە جیاوازیی چەند چرکەیەک لە لێواری کاریسەیەکی گەورە گەڕایەوە؛ کاریسەیەک، کە دەیتوانی شەڕێکی تری براکوژی بێت و دەرئەنجامەکانیشی بگرە ترسناکتر بن لە شەڕە براکوژییەکەی ١٩٩٠ەکان. بۆ مێژووش دەڵێم، بە ڕادەی یەکەم حیکمە و خۆبەدوورگرتنی سەرۆکی پەرلەمان لە هەر جۆرە کاردانەوەیەک قبوڵکردنی ئەوەی بەبێ سێ و دوو بگەڕێتەوە

سلێمانی، ئەم هەرێمەی لەم لێوارە ترسناکە گەڕاندەوە!

***

ئەزموونە ٢٣ ساڵییە ناجێگیرەکەی باشووری کوردستان، هەر لە سەرەتاوە بە کۆمەڵێک کێشەی جیددییەوە لە ١٩٩٢دا دەستی پێ کرد. کێشەکانیش بەشێکیان جێماوێک بوون لە مێژووی پێشتر هەندێکیشیان پەیوەندیان هەبوو بە شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ واقیعی سیاسی دوای ڕاپەڕین، کە زیاتر هیی گرتنەدەستی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی بوو. بەکورتی و بەچڕی، کێشەکان تێکەڵاوییەکی فرەلایەن بوون، لە لایەکەوە **مێژوو** و گرێکوێرە چارەسەرنەکراوەکانی، لە لایەکی ترەوە **سیاسەت** (بە مانای پێدراوە سیاسییەکان و ئەو کولتوورە سیاسییەی حیزبە سیاسییەکان هەڵگری بوون). لەدوای ئەم هەموو ساڵە، تا ئێستاش ئەم کێشانە (بە هەردوو ڕەهەندە مێژوویی و سیاسییەکەیەوە) نەک هەر چارەسەر نەکراون، بەڵکوو بەردەوام وەک مۆتەکە بەسەر ئەزموونەکەوە بوون. بەدرێژاییی ئەم ٢٣ ساڵەش ئەم کێشانە هۆکاری سەرەکی بوون بۆ سەرهەڵدانی شەڕی خۆکوژی و هێنانی لەشکری ئەنفالکردنی کورد بۆ سەر کەرامەتی نەتەوەییی کورد لە ٣١ی ئابدا و دوو ئیدارەیی و... هتد.

وەک ئاماژەی پێ درا، هۆکارێکی سەرەکیی ئەم کێشانە، پێکهاتەیەکی ئاڵۆز بووە لە زهنییەت و کولتووری سیاسی. لەم زهنییەت و کولتوورە سیاسییەدا، بەردەوام قۆرخکاریی سیاسی و قبوڵنەکردنی سەرکەوتنی ئەوی تر و خۆبەزلزانی و زاڵبوونی

ئەو بۆچوونە نادیموکراتییەی پێداگری لەو جیهانبینییە دەکات، کە دەڵێ *ئەوەی لەگەڵ مندا نەبێ دژی منە و سەرکەوتنی ئەوانی تریش بە زەرورەت شکستی منە...* یەکێکیش لە خەسڵەتەکانی ئەم جیهانبینییە زیانبەخشە ئەوە بووە، کە حیزب بەردەوام هەوڵ دەدات پانتایی و فەزاکەی خۆی یەکسان بکات بە تەواوی پانتایی و فەزای نەتەوە. هەر لەبەر ئەوەشە زۆر جار وەهمی ئەوەی ئەو حیزبە بەقەدەر پانتاییی نەتەوە گەورەیە، بەم پێوەرەش دەبێ بەقەدەر ئەو گەورەیییە وەهمییە باڵادەست بێ و قورساییی سیاسیی هەبێت، سەرچاوەی هەرە گرنگی کێشەکان بووە. بە مانایەکی تر، حیزب گەورەییی خۆی لە گەورەییی وەهمیی خۆیدا دەبینێتەوە، نەک لە ژمارەی ڕاستەقینەی ئەو دەنگدەرانەی پشتگیری لەو حیزبە دەکەن، یا ژمارەی ئەو کورسییانەی ئەو حیزبە لە پەرلەماندا هەیەتی. هەر لەبەر ئەوەشە هەڵگری ئەم شێوازە لە جیهانبینی، ناتوانێ بەئاسانی **گەورەیی** و **کاریگەری** و **سەرکەوتنی** ئەوانی تر قبوڵ بکات: بەپێی ئەم لۆژیکە، چاوەڕوانیی ئەم هێزە گەورەیە ئەوەیە، لایەنەکانی تر، چەندیش گەورە بن، دەبێ ئەوە قبوڵ بکەن، کە بەبچووکی مامەڵەیان لەتەکدا بکرێ.

زۆر بەکورتی و بەچڕی، دیموکراتیخوازیی ئەم جۆرە حیزبە، کە بەردەوام لەسەر وەهمی "گەورەیی" خۆی و "بچووکی" ئەوانی تر دەژیی و بەردەوام سیاسەتیشی لەسەر دەکات، ڕووکەشە و حیزبەکەش بوونەوەرێکی خاڵییە لە بەها هەرە گرنگەکانی دیموکراسی. زۆر بەڕاشکاوی، ئەمە ڕێک خەسڵەتی یەکێک لە هێزە سیاسییە سەرەکییەکانی باشووری کوردستانە، ئەویش پارتی دیموکراتی کوردستانە، کە بەردەوام

بە لۆژیکی *"پێویستە ئەوەی هەیە لەژێر ڕکێفی من بێت، ئەگەرنا لێناگەڕێم ببێت"* کار دەکات. کێشەی تری ئەم حیزبە بەتایبەتی لەدوای دەرکەوتنی بزاڤی گۆڕان لە ٢٠٠٩وە، ئەوە بووە کە پارتی بەردەوام بە وەهمی زۆرینەبوون مامەڵەی لەگەڵ واقیعێکی گۆڕاودا کردووە. پارتی تا ئێستاش ناتوانێ ئەوە هەزم بکات، کە لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٢ بەرامبەر بە یەکێتی ٥٠+١ی دەنگەکانی بەدەست هێنا، بەڵام ئەمڕۆ هەر ئەم حیزبە نوێنەرایەتیی کەمێک زیاتر لە یەک لەسەر سێی خەڵکی کوردستان دەکات. هەرچەندە پارتی، لەدەرەوەی پەرلەمان، زۆربەی هەرە زۆری جومگەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکاری و دادوەریی بەدەستەوەیە، بەڵام لە ٢٣ی حوزەیران پشتڕاست بوویەوە کە پێگەی ڕاستەقینەی پارتی هیی **کەمایەتییە** نەک زۆرینە، هەروەها زوو یا درەنگ دەبێ ئەو حیزبە ئەو ڕاستییە قبوڵ بکات. لە ڕاستیدا لە کەمایەتیشدا زۆرینەی هەرە زۆری کورسییەکانی پارتی (کەم یا زۆر ٢٦ لە کۆی کورسییەکانی لە پەرلەمان) هیی دەنگدەرانی پارێزگای دهۆکە. کەواتە هێزی پارتی دوو جار کەمایەتییە، یەکێکیان کە فراکسیۆنەکەی پارتی بەرامبەر فراکسیۆنەکانی تر کەمایەتییە و ئەوی تریشیان ئەوەیە کە زۆرینەی هەرە زۆری ئەم کەمایەتییە نوێنەرایەتیی تەنها یەک پارێزگا دەکەن، کە ڕێژەی دانیشتووانی لە هەر یەک لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی کەمترە.

بەکورتی و بەچڕی، ئەسڵی کێشەکە ئەوەیە، پارتی نایەوێ ئەو ڕاستییە قورسە قبوڵ بکات، کە لە پەرلەماندا کەمایەتییە. ئەمە ڕێک ئەو حاڵەتە بوو کە بەڕوونی لە ٢٣ی حوزەیراندا دەر کەوت. لەدوای ئەم مێژووەوە، پارتی بۆ بەرەوڕووبوونەوەی

ئەم واقیعە تاڵەی دوای ئەم مێژووە، تەنانەت ئامادە بووە هێزیش بەکار بهێنێ: گرنگ پێکانی ئامانجەکەیە، ئەویش گەڕاندنەوەی هاوسەنگییە بۆ دابەشبوونی هێز لە هاوکێشەی سیاسیی باشووری کوردستاندا، کە بەتایبەتی لە ٢٠٠٩وە ناهاوسەنگییەکی جیددیی بە خۆوە بینیوە، بەڵام بەڕوونی لە ٢٣ی حوزەیراندا دەر کەوت.

***

بە باوەڕی من، پێویستە ئەوەی لە چەند مانگی ڕابردوودا ڕووی دا، وەکو بەشێک لە ململانێی دوو ڕەوت تەماشا بکەین، کە بەدرێژاییی ئەم خولەی پەرلەمان بە شێوازی جۆراوجۆر ئامادەییان هەبووە و لەگەڵ یەکتردا لە دژایەتیدا بوون:

ئاراستەی یەکەم: ئەم ئاراستەیە هی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو هەوڵی بێوچانی دا لە ڕێگەی خۆدزینەوە لە ڕەوایەتیی دیموکراتی و کوشتنی کات و بە بەکارهێنانی کۆمەڵێک فرتوفێڵی سیاسی، مەسەلەکان بگەیەنێ بە کۆتاییی ڕێگە و بنبەست. ئەو کاتەش (واتە ڕێک لەو بنبەستەدا) لە بەرژەوەندیی خۆی واقیعێک لەدەرەوەی ڕێسا و یاسا بە ئەوانی تر بداتە قبوڵکردن، واقیعێک، کە تیایدا بەتایبەتی بە بەهانەی نەبوونی کات، ١- نە هەرێم بووبێتە خاوەنی دەستوور. ٢- نە یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم هەموار کرابێتەوە؛ ٣- سەرباری ئەمەش، بۆ دوو ساڵی تریش لە ڕێگەی هەندێک "ئالوێر و فرتوفێڵی سیاسییەوە" بوار بڕەخسێت بۆ مەسعود بارزانی وەک سەرۆک بۆ دوو ساڵی تریش بە هەموو دەسەڵاتەکانیەوە بمێنێتەوە.

ئاراستەی دووەم: ئەم ئاراستەیە هەموو هەوڵەکانی بۆ گەڕانەوەی هەیبەت و شەرعیەت بۆ پەرلەمان بوو. کارەکتەرەکانی ئەم ئاراستەیەش، بەتایبەتی لە چەند مانگی ڕابردوودا، بەگشتی چوار فراکسیۆنی (کۆمەڵ و یەکگرتوو و یەکێتی و گۆڕان) بوون. ناشبێ ئەوە لەبیر بکەین، کە بزاڤی گۆڕان، زۆر بە تایبەتییش ڕێکخەری گشتیی ئەم بزاڤە، نەوشیروان مستەفا، داینەمۆی هێنانەکایەی یەکڕیزیی ئەم چوار فراکسیۆنە بوو؛ یەکڕیزییەک، کە دواجار خۆی لە خوێندنەوەی یەکەمی پڕۆژەیاسایەکی هاوبەشی ئەم چوار هێزە لە ٢٣ی حوزەیران دەر بڕی. دەبێ ئەوەش بگوترێ، کە زۆر بەتایبەتی ئەم ئاراستە و ئیرادەیە خۆی لە شەخسی سەرۆکی پەرلەمان (دکتۆر یوسف محەمەد)دا دەر بڕی، کە بەردەوام لایەنگرێکی سەرسەختی ئەوە بوو، مەسەلەکان لە پەرلەمان و بە شێوەیەکی یاسایی یەکلا بکرێنەوە. هەر ئەوەشە وای کردووە هەر زوو پارتی دیموکراتی کوردستان، بە ڕادەی یەکەم سەرۆکی پەرلەمانی کردە ئامانج باوەڕی وا بوو بە لابردنی ئەو، دەکرێ بەشێک لەو ناهاوسەنگییە ڕاست بکاتەوە و **شکستی خۆشی لە ٢٣ی حوزەیراندا بەو لابردنە بکات بە سەرکەوتن**. چونکە بەلای پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، سەرۆکی پەرلەمان بەرپرسی یەکەمی **شکستەکەی** ئەو حیزبە بوو لە ٢٣ی حوزەیران.

بەکورتی و بەچڕی، دەتوانین بڵێین ئێستگەیەکی هەرە گرنگ، کە تیایدا کاری ئەم چوار فراکسیۆنە بە لووتکە گەیشت، بەڵام لە هەمان کاتدا بووە هۆی هەراسانبوونی پارتی دیموکراتی کوردستان، کۆبوونەوەی پەرلەمان بوو بە نیسابی یاسایی لە ٢٣ی حوزەیرانی ٢٠١٥ و بەسەرکەوتوویی ئەنجامدانی

خوێندنەوەی یەکەم بۆ یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم لەو کۆبوونەوەیەدا. مرۆڤ دەتوانێ بەئاسانی تێبگات، ئەو ڕۆژە پارتی هەستێکی وای لا دروست بوو، کە پڕ بوو لە شپرزەیی و ئەوپەڕی هەستکردن بە تاڵییەکانی شکست: پارتی بۆ یەکەم جار لە ٢٣، ساڵی ڕابردوودا بوو بە ***کەمایەتی***، پارتی بۆ یەکەم جار چووە ***پێگەی ئۆپۆزیسیۆنبوونەوە*** هەر لەو پێگەیەشەوە زۆر "بێدەسەڵات" دەر کەوت، لەبەر ئەوەش تەنها ئەلتەرنەتیڤێک لە بەردەمی مابوویەوە، ***بایکۆتکردنی*** کۆبوونەوەکە بوو.

جگە لەمەش، ئەوەی بەلای پارتییەوە بە هیچ شێوەیەک جێگەی قبوڵ نەبوو، ئەوە بوو لە کارێکی پەرلەمانیدا، کە تیایدا چوار فراکسیۆنی پەرلەمان گۆڕان، یەکێتی، یەکگرتوو و کۆمەڵ هاوکاری یەکتر بوون، پرۆسەکە گەیاندرایە قۆناغی کۆتایی لە ١٩ی ئاب، وەک هەوڵێک بۆ خوێندنەوەی دووەم بۆ یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم.

دەرئەنجام: لێرەدایە کە هەستکردنی پارتی بە تاڵیی شکستهێنان لە ٢٣ی حوزەیراندا بە لووتکە دەگات. لە ڕاستیدا کەم جار پارتی لە مێژوویدا ڕووبەڕووی حاڵەتێکی ئەوها بۆتەوە و ئەو ڕادەی **تاڵیی شکستەی** چێشتووە. لەلایەن پارتیشەوە، تەواوی بەرپرسیارێتی لەم شکستەدا زیاتر وەک دەرهاوێشتەی کار و هەوڵەکانی بزاڤی گۆڕان و سەرۆکی پەرلەمان (د. یوسف محەمەدا) خوێندرایەوە. هەر لێرەشەوەیە بەلای پارتییەوە بۆ خۆدەربازکردن لەو هەستکردن بە تاڵیی شکستە و خۆپاککردنەوە لەو "عەیبە" سیاسییە، تەنها چارەسەر "ڕۆیشتنی گۆڕان و سەرۆکی پەرلەمان" بوو.

***

ئەوەی جێگەی نیگەرانییە ئەوەیە، جگە لە هەندێک دەنگ لێرە و لەوێ، من وا دەزانم کاردانەوەی هێزە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان لەمەڕ زۆرهێنان، بە زەبری چەک بۆ سەرۆکی پەرلەمان، کە لە بازگەی پردێوە بگەڕێتەوە سلێمانی، **پڕبەپێست نەبوو**. نەک هەر ئەوە، بەڵکوو هەر وەک چۆن دوای ماوەیەک خیانەتەکەی ٣١ی ئاب، کەم یا زۆر، لەبیر کرا، ئەوهاش کاردانەوانەکان بەرامبەر گێڕانەوەی سەرۆکی پەرلەمان بۆ سلێمانی ئەوەندە لاواز بوون، کە ئیتر پرۆسەی لەبیرچوونەوەیان هەر ئێستا دەستی پێ کردووە. لە ڕاستیدا تەنانەت مەترسیی ئەوەش هەیە کە ئەسڵەن ڕووداوی ١٢ی ئۆکتۆبەری بازگەی پردێ، لەبەر هۆیەک یا هۆیەکی تر، ئەسڵەن نەچووبێتە ناو یادەوەری - زاکیرەی بە کۆمەڵی خەڵکی کوردستان! ئەمە نەک هەر مەترسییەکی گەورەیە، بەڵکوو ڕێک کاریسە ڕاستەقینەکەیە: ئەگەر لەبیرچوونەوەی هەڵە و خیانەت و چەوتی و گوناهەکانی ڕابردوو هەر وا ئاسان بێت، ئەوا دووبارەبوونەوەشیان لە پرۆسە سیاسییەکاندا بە هەمان ڕاددە ئاسان دەبێت.

بەداخەوە بە بەهانەی بوونی هەڕەشە و مەترسی لەسەر باشووری کوردستان، دەبێ ترسناکترین ئەتککردنی یاسا بەسەرماندا تێبپەڕێت، دەبێ قبوڵی بکەین و دەبێ لێشی بێدەنگ بین. دەبێ قبوڵ بکەین هێمای گرنگترین دامەزراوەی دیموکراسی (واتە سەرۆکی پەرلەمان) بە بەرچاوی هەمووانەوە لەژێر هەڕەشەی چەکەوە، زۆری بۆ بهێنرێ بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە

سلێمانی. لێرەدا دوو پرسیار دێنە پێشەوە: ئایا بەڕاستی هێزە سیاسییەکان لە قەوارە و مەترسیی سیاسییانەی ئەم ڕووداوە گەیشتوون؟ ئەگەر لە ڕووداوەکەش گەیشتوون، ئایا ئامادەن چاوپۆشیی لێ بکەن بە بەهانەی "بوونی شەڕی داعش و مەترسی لەسەر ئەزموونی سیاسیی باشووری کوردستان؟"

***

لەوە دەچێت ئەزموونی باشووری کوردستان هێشتا ئەزموونە شکستخواردووەکەی وڵاتانی عەرەبی لە زیاتر لە نیوسەدەی ڕابردوو تێپەڕ نەکردووە: قبوڵکردنی ئەتککردنی سیمبولی ڕەوایەتی دیموکراتی (واتە پەرلەمان) بە بەهانەی بوونی مەترسیی شەڕ لەسەر کوردستان، دووبارەبوونەوەی ئەزموونە شکستخواردووەکەی وڵاتانی عەرەبییە.

لە ژیانی سیاسیی گەلانی عەرەبیدا بۆ ماوەی ٦٠ – ٧٠ ساڵ، ستەمکار و دیکتاتۆرەکانی وڵاتانی عەرەبی سەرکەوتوو بوون لە دواخستنی ڕیفۆرم و چاکسازی بە بەهانەی بوونی مەترسی و هەڕەشە و پیلانگێڕیی زایۆنیزم و ئیمپریالیزم لەسەر ئەم گەل و وڵاتانە! ئا لەم پرۆسەیەدا، وەک دەرهاوێشتەیەکی ئەم سیاسەتەی دەسەڵاتدارانی عەرەب، گەلانی عەرەب گەورەترین باجیان دا لە شێوەی دەیان ساڵ دواکەوتنی پرۆسەی گەشەکردنی سیاسی و مرۆیی، مۆدێرنیزەکردن، دیموکراتیزەکردن و مافی مرۆڤ و ئازادییەکان و... هتد.

بەکورتی و بەچڕی، وەک دەرئەنجامی ئەم سیاسەتە، ئەوەی بەرهەم هات، کۆمەڵێک سیستمی ستەمکار بوو، کە تیایدا

لەپێناو بەدەستهێنانی ئاساییشی ڕژێمە ستەمکار و تاکڕەوەکان، ئاساییش و ئازادییەکانی هاووڵاتییانی ئەم وڵاتانە کرایە قوربانی. لە ڕاستیدا بۆ مسۆگەرکردنی ئاساییش و ئارامی بۆ ڕژێمەکان، دەبووایە گەلەکانی وڵاتانی عەرەبی بەردەوام لەژێر هەڕەشەی دەرەکی و ترس و تۆقاندندا بژین. پرسیار ئەوەیە: ئایا لە کاتێکدا ئەم ئەزموونە لە مێژوو لە بەردەستمانە و بەبێ هەژماریش لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ئەکادیمی لە چوارچێوەی ئەم وانە مێژووییەدا لە بەردەستن، بۆ دەبێت ئێمەی کورد نەتوانین لەو وانەیە فێر ببین و ئەو فێربوونەش لە خزمەت ئاراستەیەکی سیاسی ڕاست و دروستدا بەکار بهێنین؟ بۆ دەبێ ئێمەی کورد ئەو ئەزموونە شکستخواردووەی وڵاتانی عەرەبی دووبارە بکەینەوە، لە کاتێکدا کە دەزانین ئەزموونی وڵاتانی عەرەبی لەو ماوە دوورودرێژەدا یەکسان بووە بە کاریسەیەکی ڕاستەقینە بۆ گەلانی ئەو وڵاتانە. بۆ دەبێ ئێمە لەژێر هەڕەشە و مەترسییە دەرەکییەکان، کە زۆر جار دروست کراون تا ڕاستەقینە بن، خەڵکی باشووری کوردستان ڕێگە بە دامەزرانی سیستمێکی دیکتاتۆری بدات، سیستمێک، کە تیایدا لەپێناو دەسەڵاتێکی دوور لە ڕەوایەتیی دیموکراتی، هەموو یاسا و ڕێسا و ئیرادەی خەڵک بنپێ بکرێن!

بە باوەڕی من، ئەوەی لە ماوەی ٢٣ی حوزەیران تا ١٢ی ئەم مانگە ڕووی دا، بەدەستهێنانی لووتکەیەکی سیاسیی بەرز بوو بە ئاراستەی بەرجەستەکردنی بەها دیموکراتییەکان و شەرعییەتی دیموکراتی و پەرلەمانی. ئەم دەرەنجامە لە ئاکامی کاری یەکگرتوویی چوار فراکسیۆنەکە و کار و خەباتی سەرۆکی پەرلەمان بەدەست هات. لەم ئاراستەیەدا، بەتایبەتی

ڕۆڵ و پێداگیریی سەرۆکی پەرلەمان ڕەگەزێکی زۆر گرنگ بوو. جا ئەوەی ئێستا لەسەر چوار هێزەکە پێویستە ئەوەیە، ئەم لووتکەیە بپارێزن. تاکە ئامرازیش لەم پێناوەدا پاراستنی یەکڕیزیی ئەو چوار هێزەیە. ئەگەر ئەوە هەر نەکرا، ئەوا چاوەڕوانیم ئەوەیە هەموو هەوڵەکانی سەرۆکی پەرلەمان ئەوە بێت، کە خۆی ڕێگە نەدات ئەم لووتکەیە تێک بشکێندرێت و ئەزموونیش ببرێتەوە دواوە بۆ چوارگۆشەی ژمارە یەک! لە لایەکەوە دەزانم ئەم کارە بۆ سەرۆکی پەرلەمان ئاسان نییە، بەڵام ئەگەر ئەوەی بۆ نەچووە سەر، ئەوا پێویستە ڕێگە نەدات ئالوێر و مامەڵەی سیاسی بە پێگەکەی و چارەنووسی ئەو پێگەیەوە بکرێ. بە بۆچوونی خۆم، نابێ سەرۆکی پەرلەمان لە پاراستنی ئەم هەڵوێستە دوودڵ بێت، تەنانەت ئەگەر ئەم پاراستنی هەڵوێستە بە وازهێنانێکی شەرەفمەندانەش بێت، نەک هەر لە سەرۆکایەتیی پەرلەمان، بەڵکوو لە تەواوی کاری پەرلەمانیش! بە هەرحاڵ، پێویستە دواجار هەر دەستلەکارکێشانەوەیەکی سەرۆکی پەرلەمان، لە ڕووی سیاسی و جەماوەری و مەعنەوییەوە، نەک تەنها لەسەر ئەوانەی لە ١٢ی ئۆکتۆبەردا دەستدرێژییان کردە سەر شەرعیەتی دیموکراتی، گران بکەوێت، بەڵکوو لەسەر ئەوانەشی ئەو دەستدرێژییە قبوڵ دەکەن و دەبن بە بەشێک لە تەرتیباتی دوای دەستدرێژییەکە یا لێی بێدەنگ دەبن!

# پاشکۆکان

## ١

# ناسیۆنالیزمی کوردی لەنێوان بەهاکانی سەردەم و قەتیسبوون لە کۆنەپەرستیدا:
# کوشتنی دوعا(کان) وەکوو کێشە

**لە ماڵپەڕی تاکەکەسیی نووسەر،**
**لە ٢٠٠٧/٥/١دا بڵاو بۆتەوە**

کوشتنی کچە جوانەمەرگی ئێزدی بەو شێوە بەربەری و هەمەجییەی بۆ هەموو لایەک ئاشکرایە، جێگەی شەرمەزاریکردنی دەسەڵاتی کوردییە و جێگەی سەرکۆنەکردنی هەر هێزێکی سیاسیی باشووری کوردستان و هەر ڕێکخراوێکی مەدەنییە، کە بێدەنگی لە ئاست ئەم ڕووداوە هەڵدەبژێرێ، جا بە هەر بیانوو و هۆیەک بێت. ئەم ڕووداوە چەرخە تاریکەکانی ئەم جیهانەمان بیر دەخاتەوە. ئەم ڕووداوە پێمان دەڵێ، کورد لە هەمان سات و کاتدا لە چەرخە تاریکەکان لە لایەک و لە سەردەم و هاوچەرخدا لە لایەکی ترەوە دەژی.

کوشتنی دوعا بەم شێوەیە، بەوپەڕی دڵڕەقی و سادیستییەوە، ڕووداوی یەکەم نییە لە کوشتنی کچان و ژنانی کورد بە بیانووی "شەرەف." بەداخیشەوە لەوە دەچێ ڕووداوی کۆتاییش نەبێت.

لە ناوەڕاستی ئەم ڕووداوە دڵتەزێنەدا، ترووسکاییەک لە بەجیهانیبوون و ڕۆڵی پۆزەتیڤانەی ئامرازی پەیوەندییەکان لە ڕێگەی تەکنۆلۆژیای سەردەمەوە بەدی دەکرێ. مرۆڤەکان توانییان بە وێنە ڕووداوی کوشتنی بەربەرییانەی دوعا ببینن و بگرە ئاشنایی پەیدا بکەن لەگەڵ دڵڕەقی و سادیزم لە شێوە هەرە "نامرۆییەکانیدا." بەم مانایەش، ئەم ڕووداوە نەک هەر بە مانای لێدانی زەنگی نیگەرانییە، بەڵکوو لەوە دەچێ ببێتە "ڕووداوی ئێستگە،" ئێستگەیەک، کە لە کێشەی ئافرەت لە کوردستاندا و بەتایبەتی تراژیدیای کوشتن بە بیانووی "شەرەف" کاتمان بۆ بکات بە دوو بەشەوە، بەشی یەکەمیان کاتی بەر لە ڕووداوی دوعا و ئەوەی تریشیان کاتی دوای ئەو ڕووداوە. ئاخر ناکرێ ڕووداوێکی ئەوها وشیارکردنەوەی هەتا بێئاگاکانیش نەبێ و یارمەتیی ئەوەشمان نەدات، کە لە هەموو ئاست و ڕەهەندەکانی کێشەیەکی وەکوو کوشتن "لەسەر شەرەف" نزیک ببینەوە.

بە باوەڕی من، کێشەیەک کە بەردەوام ئامادەییی هەیە و ناکرێ خۆمانی لێ لا بدەین، ئەو پرسیارەیە کە ئایا ناسیۆنالیزمی کوردی و ئەو دەسەڵاتەی باشووری کوردستان، کە هەرگیز ناخوازێ لە سیفەتی نەتەوەییبوون کەمتر بۆ خۆی قایل بێت، دەکرێ هەندێک بەهای هەرە کۆنەپەرستیی کاتبەسەرچوو بپارێزێ و لە هەمان کاتیشدا بانگەشەی سەردەمیبوون و

پاراستنی بەها گەردوونییە مرۆیییەکانی سەردەمیش بکات. بە باوەڕی من، کێشەیەکی زۆر جیددیی دەسەڵاتی کوردیی باشووری کوردستان ئەوەیە، لە پراکتیکدا کۆنەپەرستیی بۆ خۆی هەڵبژاردووە و لە ئاست درووشم و پرۆگرامە نووسراوەکان و گۆڕینی هەندێک یاساشدا، سەردەمیبوون. یەککردنی ئەم دژایەتییە لە بەیەکەوەگونجاندن و قبوڵکردنی سەردەمە تاریکەکان لەگەڵ سەردەمی هەنووکەماندا، بە واتایەکی تر، بەیەکەوەگونجاندنی ئەوپەڕی کۆنەپەرستی لە لایەک و پێشکەوتنخوازیی مرۆیی لە لایەکی ترەوە، بە ناوی ناسیۆنالیزم و لە چوارچێوەی دەسەڵاتی نەتەوەیی یا "کەلتوری کوردەواری"، خەتەرێکی هەرە جیددییە لەسەر خودی ئەم ناسیۆنالیزم و دەسەڵاتە... ناسیۆنالیزم لە ئاستی هەڵدانی هەندێک درووشم و دەربڕینی هەندێک هێما ناوەستێتەوە، کە دواجار لە بەرزکردنەوە و بانگەشەبۆکردنیان خەملاندنی کۆمەڵگەیەکی نەک هەر دەستکرد و لاواز، بەڵکوو کۆمەڵگەیەکی مزەوەرە و لە باشترین حاڵەتیشدا پڕلەدژایەتیی لێ دەکەوێتەوە. نەک هەر ئەوەش، بەڵکوو ئەم جۆرە کۆمەڵگەیە لە ناخی خۆیدا ئەوپەڕی ناتەندروستە. لە ڕاستیدا ناسیۆنالیزم (بە مانا هەرە فراوانەکەی) دوای ئەو هەموو پێشکەوتن و گۆڕانکارییانەی بەسەر کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا هاتوون و بەسەر ئاستە تیۆری و پراکتیکییەکانی خودی ناسیۆنالیزمدا هاتووە، ناکرێ باس لە کێشەیەکی گرنگی وەکوو ئەوەی ***ناوەڕۆکی ناسیۆنالیزم*** نەکەین.

هەڵبەتە یەکێک لە ڕەهەندەکانی کێشەی (یاخود ئیشکالیەتی) ئەم ناوەڕۆکە، جێگە و پێگەی تاک و کۆمەڵە لە گووتار و

پرۆگرامی "نەتەوەییدا." لێرەدا هەڵەیەکی گەورە دەکەین ئەگەر تەنها تەماشای کوشتنی دوعا وەکوو "تاکێکی" موجەڕەد بکەین. دابڕینی ئەو هێما و واتایانەی لە کوشتنی ئەم مرۆڤە دەکەونەوە، لە کێشەیەک کە لە پەیوەندییە ئاسۆیییەکانیدا هەموو کۆمەڵگەی کوردی، بە ئەو بەشەی هەندەرانیشەوە، دەگرێتەوە و لە ڕووی پەیوەندییە شاقووڵی و زەمەنییەکانیشەوە بەقەد کۆنیی کۆمەڵگەی "کوردەواری" کۆنە و کەڵەکەبوونی بەها کولتوورییەکانیەتی، لە کۆنێکی زۆر کۆنەوە تا دەگاتە ئامادەبوونێکی بەهێز لە هەنووکەی "سەردەمدا." ئاخر گەر ناسیۆنالیزم و دەسەڵاتی نەتەوەیی گوزارشت لە ئیرادە و ویست و خواستی تاکەکان نەکات و لە کات و ساتی بەدەستهێنانی ئەم دەسەڵاتەدا ماف و ئیرادەی تاکەکان نەکات بە کێشەی خۆی و بەوپەڕی پەرۆشییەوە نەیانپارێزێ، ئەوا لە باشترین حاڵەتدا ئەم دەسەڵاتە دەبێتە پاوانی چەند کەس و لایەنێک، کە دواجار کێشەی تاکەکان بە هیی خۆیان دەزانن.

لە زۆرێک لەو گفتوگۆ و لێکۆڵینەوانەی دەربارەی پێشوەچوونی کۆمەڵگە *لە قۆناغی تەقلیدی بۆ قۆناغی مۆدێرن* کراون و دەکرێن، ئاماژە بە ئیشکالیەتی ئامادەبوونی *تەقلید و مۆدێرن* دەکرێ لە هەمان سات و کات، لە حاڵەتێکی کۆمەلایەتی و کولتووریی ئاڵۆزدا. لە بۆچوونێکی سۆسیۆلۆژیانەدا ململانێیەکی بەردەوام لەنێوان ئەم دوو پێکهاتەیە (تەقلیدی و مۆدێرن)دا، لە ئاستی بنەما کۆمەلایەتی و ئابوورییەکان و بەها کولتوورییەکاندا هەیە. لەوە دەچێ دەسەڵاتی کوردی ئەوەی بۆ خۆی هەڵبژاردبێ، کە لە هەردوو بەرە خۆی ببینێتەوە و بەم مانایەش لە هەمان کاتدا خەسڵەتی (*ناهاوەدەمیی هاوەدەمی*)ی

بۆ خۆی هەڵبژاردبێ. ناهاودەم بە مانای *تەقلید* (واتە بوونیاد و بەها تەقلیدییەکان) و هاودەمیش بە مانای *مۆدێرن* (واتە بوونیاد و بەها مۆدێرنەکان). ئەمەش جارێکیان بە بیانووی ئەوەی ئاسایشی نەتەوەیی کورد لە مەترسیدایە و جارێکی تریشیان بە بیانووی *پاراستنی ڕیزەکانی کۆمەڵگەی کوردی و بەهاکانی و...* هتد. کەچی لە ڕاستیدا بوونیادنانی کۆمەڵگەی کوردی لەسەر بنچینەی هێشتنەوە و پاراستنی بنەما و بەها کولتوورییە کاتبەسەرچووەکاندا هەڕەشەی هەرە جیددییە لەسەر ئاسایش و دواڕۆژی کورد: ئاخر چۆن دەکرێ ئاسایشێکی نەتەوەیی گونجاو لەگەڵ بەهاکانی سەردەم، لەسەر بنەماکانی کۆمەڵگەی تەندروست لە لایەک و هەندێ بەهای کولتووریی زۆر کۆن و ناتەندروست لە لایەکی ترەوە، بسازێنرێ. دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان و ئەوانەشی بیانوو بۆ هەڵوێستە شەرمنانەکەی ئەم دەسەڵاتە لەمەڕ کوشتنی دوعا دەهێننەوە، دەبێ ئەوەش بەبیر خۆیان بێننەوە، کە سیاسەتی قڕکردنی کورد لە شاڵاوی ئەنفالە بەدناوەکان و کیمیابارانکردنی کورد و... هتد، لە چوارچێوەی ئەوەی ڕژێمی بەغداد پێی دەگوت (*پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی*)دا هات. کوردیش لە تورکیا زیاتر لە ٨٠ ساڵە دووچاری سیاسەتێکی ڕەگەزپەرستانە بۆتەوە، کە لە سیاسەتی ئاپارتایدی ئەفەریقیای خوارووی ئەفەریقیای پێشووی تێپەڕکردووە، بە بیانووی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیای "کەمالی" بووە... پاراستنی ئاسایشی کێ؟ هیی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە، یا هیی دەسەڵاتێک، کە بە ناوی نەتەوەوە ڕێگە دەدات بە بەربەریترین شێوە کەمترین ڕادەی مافەکانی تاکەکان، کە مافی

ژیانە، پێشێل بکرێن؟

ویڕای شەرمەزارکردنی ئەو هەڵوێستە شەرمنانەی تا ئێستا لە دەسەڵاتەوە دەر چووە لەمەڕ کوشتنی دڵڕەقانە و سادیستانەی دوعا، گرنگە کە ئەو دەسەڵاتە بزانێ:

١- ناسیۆنالیزمی کوردی و دەسەڵاتە سیاسییەکەی لە باشووری کوردستان، دەبێ لەنێوان کۆمەڵگەیەکی ناتەندروست و ناسەردەم لە لایەک و کۆمەڵگەیەکی سەردەم و تەندروست لە لایەکی ترەوە یەکێکیان هەڵبژێرێ. بۆ ئەو هەڵبژاردنە و خۆساغکردنەوەیە، چیی تر هەڵدانی هەندێ درووشم و گۆڕینی هەندێک یاسا بەس نییە. ڕاستییەکەی لەو شازدە ساڵەی ڕابردوو و لەژێر سێبەری هەمان ئەو دەسەڵاتەدا، زێدەڕۆیی نییە گەر بڵێین "قەتلوعامی" ژنان و کچانی کورد، بە هەر ئامراز و شێوەیەک بووبێت بەردەوام بووە، جارێکیان بە کوشتنێکی دڵڕەقانە و سادیستانە و جارێکی تریشیان زۆربۆهێنان بۆ "خۆسووتاندن."

٢- ئەم دەسەڵاتە بەر لە هەر کەس و لایەنێک، بەرپرسە لەوەی سنوورێک بۆ ئەم تراژیدیا کۆمەڵایەتی - مرۆییە دابنێت و لەنێوان بەرەی کۆنەپەرستی و سەردەمیبوون، ئەوەی دووەمیان بۆ خۆی هەڵبژێرێت. ناکرێ ناسیۆنالیزمی کوردی و دەسەڵاتی کوردی لە هەمان کات و ساتدا هەردووکیان بێت، جەستەی کۆمەڵایەتیی نەتەوەیەک ناکرێ لە هەمان کات و ساتدا تەندروست بێت و لە هەمان کاتدا ئەوپەڕی ناتەندروست.

٣- بەش بە حاڵی خۆم، حاشا لە نەتەوەبوونێک و "دەسەڵاتێکی نەتەوەیی" دەکەم، کە بە بیانوو و لەژێر پاساوی پاراستنی ئاساییشی نەتەوەیی و "یەکڕیزیی" نەتەوە، بەها و

بنەماکانی کۆمەڵگەی چەرخە تاریکەکان و بەها کولتوورییەکانی بپارێزێ.

٤- کاتێ دەسەلآت چاوپۆشیی لە دلڕەقیی بکوژانی دوعا(کان) هەڵبژێرێ، ئەوا گومان لەوەدا نییە بەرەی ***بەربەر و دلڕەقەکانی*** بۆ خۆی هەڵبژارد بەرامبەر بەرەی بەرگریکردنێکی یاساییانە لە تاکە بێدەسەڵاتەکان.

٥- زۆر گرنگە کوشتنی دوعا بخرێتە چوارچێوە هەرە فراوانەکەی و لە مەودا شایستە سیاسی و کولتووری و مێژووییەکانیدا ببینرێت و هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت. هەڵوێستە لە کوشتنی دلڕەقانەی دوعا، هەڵوێستەیە لە تراژیدیایەکی نەتەوەیی و مرۆیی لە مەودا هەرە فراوانەکانیدا.

## ٢

# قسەیەک لەسەر قسەیەکی درەنگکەوتوو: نامەیەکی کراوە بۆ فەلەکەدین کاکەیی*

**لە ڕۆژنامەی ڕووداو،**
**تشرینی دووەمی ٢٠١٠دا بڵاو بۆتەوە**

زۆر هێژا کاک فەلەکەدین کاکەیی
سڵاوێکی کوردستانییانەی گەرم

ئەوەی ڕاستی بێت گفتوگۆیەکی بەڕێزتان لەگەڵ ڕۆژنامەی ڕووداو (ژمارە ٦٧ بە بەرواری ٢٠١٠/١٠/١٩)، وای لێکردم ئەم نامەیەتان بۆ بنووسم، بە هیوای ئەوەی بەشدارییەک بێت لە ورووژاندنی یا ڕاستتر بڵێم ورووژاندنەوەی هەندێک بابەت، کە لە دیمانەکەتاندا باسیان لێوە کراوە و پێشتریش خۆم گرنگیم پێ داون و کاریشم لە بواری سیاسەتی عەمەلیدا لەگەڵ هەندێکیاندا کردووە.

* شایانی ئاماژەپێدانە، ئەم نامەیە بێوەڵام ماوەتەوە.

بەڕێز...

لە گفتوگۆکەتدا کۆمەڵێک بابەتت وروروژاندووە، کە لە لایەکەوە جێگەی ستاییش و دەستخۆشیکردنە، لە لایەکی ترەوە باسوخواسەکەتان مرۆڤ نیگەران دەکات، بەتایبەتییش کاتێک ئاماژەکان لە ڕۆشناییی سیاسەتی سەرکردایەتیی کورد لە باشووری کوردستان خوێندنەوە و تێگەیشتنیان بۆ دەکرێ، کە بڕوام وایە زیاتر سیاسەتی خۆهەڵواسین بە ڕووداوەکان و ژیانکردن لەسەر حسابی ڕووداوەکانە تا ئافراندیان. بە مانایەکی زۆر کورت، ئەو سەرکردایەتییە بێ سیاسەت و بێ ئاسۆی سیاسییە.

هەرچەندە لەو بڕوایەدام هەموو دەرفەتەکان بۆ باشووری کوردستانێکی سەربەخۆ لەدەست نەچوون، بەڵام ئەمە ٢٠٠٣ نییە، بەڵکوو ئەمڕۆ ٢٠١٠یە. بۆ سیاسەت و سیاسەتکردن نەک ٧ ساڵ زۆرە، بەڵکوو هەر وەک *لینین* و *دیڤید بنگوریۆن* و *هیلمۆت کۆل* ڕاست بۆی چوون (لە سێ مەقتەعی مێژوویی زۆر جیادا – یەکەمیان دەربارەی کاتی ئەنجامدانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر، دووەمیان دەربارەی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی ئیسرائیل و سێهەمیان لەسەر بڕیاری یەککردنی هەردوو ئەڵمانیاکە)، کە یەک دانە سەعاتیش بۆ سیاسەت زۆرە...

بۆ زیاتر قسەکردن لەسەر ئەم تێزانەی سەرەوە و قسەکردنیش لەسەر ئاخافتنەکانی جەنابت (کە لێرەدا بە قسەی درەنگوەخت ناویان دەبەم)، بەتایبەتی ئەو پەیڤانەی پەیوەندییان بە بابەتی ڕیفراندۆمەوە هەیە، ئەم چەند تێبینییەی خوارەوە دەخەمە ڕوو:

١- کاریسە سیاسییەکەی دوای کەوتنی دیکتاتۆر لەوەدا بوو، سەرکردایەتیی کورد لە باشوور و بە تەسکبینییەکی زۆرەوە، *بە هزر و بیرێکی کۆن، کاری لەگەڵ حاڵەتێکی تەواو نوێی مێژوویی و ستراتیژیدا کرد*... من تێدەگەم لە حاڵەتە سیاسییە ئاڵۆزەکەی عێراقی دوای سەدامدا بۆ ئەمەریکییەکان زۆر شت چاوەڕواننەکراو بوو، بەڵام هەرگیز ئاسان نییە مرۆڤ لەوە بگات، سەرکردایەتیی کوردیش کۆمەڵێک ناشارەزایی و ناکارامەیی و کورتبینیی پێوە دیار بوو، هەرچەندە کورد ٨٢ ساڵ بوو بەزۆر بەو دەوڵەتەوە لکێندرابوو، ئەو هەموو ماوەیە لە خەباتی بەردەوامدا بوو بەرامبەر ڕژێمەکانی ئەو دەوڵەتە. بەم پێیەش، دەبێ سەرانی کورد لە هەموو کەس و لایەنێک ئاگاداری و شارەزاییی زیاتریان هەبێت بۆ چارەسەری یەکجارەکیی کێشەی کورد لە ڕێگەی کۆتاییدانانێک بۆ بوونی ئەو دەوڵەتە، یا هەر نەبێ کارکردن بەو ئاراستەیە لەبری ژیاندنەوەی سەرلەنوێی. با ئەم مەسەلەیە زیاتر ڕوون بکەمەوە:

بەندە هەر ڕۆژێک دوای کەوتنی دیکتاتۆر، دوو نامەم بەدوای یەکتردا (لە ڕۆژانی ٢٠٠٣/٤/١٠ و ٢٠٠٣/٤/١١) بۆ هەردوو حکومەتەکەی پارتی و یەکێتی ناردووە. بەبێ ئەوەی سەرتان بە گێڕانەوەی تەواوی نامەکان بئێشێنم، تەنها چەند ئاماژەیەک دەکەم بەو شتانەی لە نامەکاندا هاتوون و پەیوەندیدارن بە ناوەڕۆکی دیمانەکەتان: ١- لە نامەی یەکەمدا هاتووە، کە ڕازیبوون بە لکانەوەی باشوور بە عێراق، گەڕانەوەیە بۆ چوارگۆشەی ژمارە یەک (واتە گەڕانەوەیە بۆ حاڵەتی ساڵی ١٩٢١...). ٢- هەر لە نامەی یەکەمدا دەڵێم، "لەوە دەچێ سەرانی باشوور باوەڕیان کردبێ، کە ئەوان میعماری دەوڵەتی داهاتووی

عێراق دەبن. ئەگەر وا تێگەیشتبن، ئەوا بە حیسابێکی مێژوویی چەوتدا چوون، کورد لە عێراقی داهاتوو ناتوانێ میعمار بێت. لە باشترین حاڵ وەک ساڵانی ١٩٢١-١٩٩١دەبێ... عێراقی داهاتوو، عێراقی ململانێ دەبێت لەنێوان پڕۆژەیەکی شیعی بەرامبەر سوننیی عەرەبی... بەکورتی عێراقی دوای سەدام، عێراقی ململانێ دەبێت، نەک هیی ئەزموونی دیموکراسی.“ هەر لەم بارەیەوە لە نامەی دووهەمدا نووسیومە، ”ئەگەر کورد ڕابکێشرێتە ناو گەمەیەکی لەم جۆرە، خەتەری هەیە کوردستانیش لەدەست بدات و عێراقیش بەدەست نەهێنێت.“ بەڵێ ئەوە ڕۆژەکەیە کە لە دیمانەی بەرێزتانەوە ئەو جەدەلە، کەم یا زۆر، هەستی پێ دەکرێت. ٣- لە خاڵی حەوتی هەمان نامەدا (واتە نامەی یەکەم)دا دەڵێم، ”وا دەزانم ئەگەر بە زووترین کات پارتی و یەکێتی و بە کارێکی زۆر بەپەلە هەوڵی ئەوە نەدەن باسی مافی چارەی خۆنووسین و ڕیفراندۆم و پرسکردن بە ڕای خەڵکی کوردستان لەمەڕ دوارۆژیان بکەن، ئەوا لە باشترین حاڵەتدا کورد دووچاری دوارۆژێکی ناڕوون و نادیار دەبێتەوە... کورد دەگەڕێتەوە چوارگۆشەی ژمارە یەک.“ هەر لەم بۆچوونەوە، بەندە بە هاوڕێیەتیی چوار کەسی تر ڕۆژانی ٤ و ٥ی مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٤ سەردانی هەردوو سەرکردە مەسعود بارزانی و مام جەلالمان کرد (هەڵبەتە لە دوو دیداری جیادا) و لە بەردەمیا وتم، ”کورد لەژێر لووتکەیە، گەر پاڵ نەدرێ بۆ سەر لووتکە ئەوا بە ئەگەری یەکجار زۆر بەرەو هەڵدێر دەگەڕێتەوە“ و پێشنیاری بەندە بۆ ئەو پاڵدانە (ڕاستتر بڵێین ئامرازی ئەو پاڵدانە) ڕیفراندۆمێکی سەرانسەری بوو. داخەکەم وا دەر کەوت کە (هەڵبەتە بۆچوونی خۆم ئەو

کاتەش وا بوو): سەرکردایەتیی کورد لە مامەڵەکردنی عیراقی دوای سەدام، *هێشتا هەر ئەسیری کوردایەتی و بیری سیاسیی عێراقی کۆن* و بەر لە ڕووخان بوو، لە ڕاستیدا بیری ١٩٥٠کان و ١٩٦٠ەکانی سەدەی ڕابردوو بوو. ئەم سەرکردایەتییە ئەسیری ئۆتۆنۆمیزم بوو (بەم مانایە، فیدراڵیش هەر دەکەوێتە چوارچێوەی تەرتیباتی ئۆتۆنۆمییەوە): لە ڕاستیدا هەندێک سیستمی ئۆتۆنۆمی هەن لە جیهاندا، لە زۆر ڕووەوە بەهێزترن لەو فیدراڵییەی لە چوارچێوەی دەستووری عیراقدا هاتووە، بەڵام لەوەش خراپتر، لایەنی عەرەبی بەمەش ڕازی نییە... ٤- لە خاڵی شەشەمی هەمان نامەدا هاتووە، "قەوارەی تراژیدیاکە گەورەترە و مەداشی فراوانترە، کاتێک دەبینین ئەو ڕۆڵی هاوسەنگیکارەی بەریتانییەکان بەزۆر بەسەر کوردیان سەپاند ساڵی ١٩٢١، ئەمڕۆ دوای ٨٢ ساڵ، کورد شانازی بەو ڕۆڵەوە دەکات، کە هەیبێت لە عێراقی دوای سەدام." ٥- هەر لە نامەکەدا هاتووە، پێویستە سەرکردایەتیی کورد ئەم پرسیارە جیددییە لە خۆی و ئەمەریکییەکانیش بکات: ئایا کە پڕۆژەی بەریتانی لە عێراقی یەکبوودا لە ماوی ٨٢ ساڵدا سەر نەکەوت، ئەوە چییە وا دەکات ئەمەریکییەکان لە هەمان پڕۆژەدا سەرکەوتوو بن؟ داخەکەم سەرکردایەتیی کورد نەک هەر ئەو پرسیارە جیددی و پێویستەی نەکرد، نە لە خۆی و نە لە ئەمەریکییەکانیش، بەڵکوو خۆی کرد بە سەری ڕمی مومکینکردنی نامومکین (کە پڕۆژەی دەوڵەتی عێراق)ە... ئاخر کاک مەسعود دوای ٥٠ ڕۆژ مانەوە لە بەغداد لە کاتی پڕۆسەی نووسینەوەی دەستوور، کە گەڕایەوە کوردستان ڕای گەیاند، شانازی نەک هەر بە چەسپاندنی مافەکانی کورد لە دەستوردا دەکات، بەڵکوو شانازییش دەکات

کە شیعە و سوننەشی لە یەکتر نزیک کردۆتەوە. هەر ئەو کاتە سەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان بە شانازییەوە ڕایان گەیاند، کە زیاتر لە ٢٥ کۆبوونەوەی نزیککردنەوەی سوننە و شیعە لە یەکتر تەنها لە ماڵی، یا ڕاستتر بڵێین لە بارەگای کاری، کاک مەسعود لە بەغداد ئەنجام دراون. جگە لە کۆبوونەوەی تر لە شوێنی تر. ئەمە دەچێتە مێژووەوە وەک یەکێک لە پارادۆکسە گەورەکانی سیاسەتی کوردی، کە لە ڕاستیدا ئەو سیاسەتە پڕیەتی لە موفارەقەی کوژەر و سەیروسەمەرە! لێرەدا نامەوێ موفارەقەکان بژمێرم، بەڵام سەیر ئەوەیە زۆر جار لایەنە کوردییەکان لەگەڵ بەرامبەرە دوژمن و داگیرکارەکان "دیموکراتیزەترن" تا لەگەڵ برا و خوشکە کوردستانییەکانیان! هەر وەک خۆی دەخوازێ وا بێت، مام جەلال ئەو شانازییەی بە ٤ ساڵی سەرۆکایەتیی کۆماری عێراقەوە دەیکات، بەتەواوی خەباتی پێشوویەوەی ناکات! ئەوەتا مام جەلال هەر کەمێک بەر لە کەوتنی دیکتاتۆر لە ٢٠٠٣/٣/٢١ دەڵێت، "من خەون بە عێراقەوە دەبینم، نەک بە کوردستانەوە." ئەمە هەر لەخۆوە نەهاتووە و کەسیش مام جەلالی مەجبوور نەکردووە بەو جۆرە فیکر بکات، بەڵام ئەمە ڕێک بەرهەمی مەدرەسەیەکە لە بیرکردنەوە و جیهانبینییەک و خۆناسین و ئەویترناسینێکە (کوردایەتیی کات بەسەرچوو و کلاسیکییەکە) و... هتد، کە تا ئەمڕۆش بەتوندی باڵی بەسەر ئەندێشە و فەلسەفەی سیاسیی سەرکردایەتیی ئەو بزاڤەدا گرتووە و لێناگەڕێ هاوکاتی خۆی ببینێ...

٢- لە دیمانەکەتدا باستان لە مەسەلەی ڕیفراندۆم کردووە. حەز دەکەم لەم بارەیەوە چەند تێبینییەک بخەمە ڕوو: ١-

جێگەی داخە تا ئێستاش سەرکردایەتیی سیاسی، بەتایبەتی هیی پارتی و یەکێتی، بەڵام هیی ئۆپۆزسیۆنیش، لە ماهییەت و ڕەهەندەکان و گرنگیی پرنسیپی ڕیفراندۆم نەگەیشتوون. دەڵێم پرنسیپ، چونکە هەڵوێستی پارتی و یەکێتی لە بزاڤی ڕیفراندۆمی ساڵی ٢٠٠٤ باسێکی ترە، کە هەر لەم تێبینییانەی بەردەستدا دەگەڕێمەوە سەری. ڕیفراندۆم بەو شێوەیەی بەندە تێی گەیشتووم: أ- ڕووی دراوێکە لە دوو ڕوو پێک هاتووە، ڕوویەکیان لەسەری نووسراوە مافی چارەی خۆنووسین و لە ڕووەکەی تریش ڕیفراندۆم. لە ڕاستیدا مافی چارەی خۆنووسین لە تەرجەمەی عەمەلیدا دەکاتە یا دەبێتە ڕیفراندۆم. ب- تەنها لە ڕێگەی ڕیفراندۆمەوە خەڵکی دەتوانن گوزارشت لە ئیرادەی تاک بە تاکی خۆیان بکەن لە هەنگاوێکی گشتگیری چارەنووسسازدا. ج- ڕیفراندۆم تاکی کوردستانی چالاک دەکات و پەیوەندیداری دەکات بە چارەنووسەکەیەوە، کە هیچ پرۆسەیەکی تر ناتوانێ ئەو ئەنجامەی هەبێت. د- ڕیفراندۆم ناحەزانی بیرۆکەی سەربەخۆبوون ئیحراج دەکات، بەڵام جیا لە زۆر ئامرازی تری خەبات، بەهانە ناداتە دەست دوژمن بۆ تۆڵەسەندنەوە... ح- ڕیفراندۆم بە شێوەیەکی نوێ، جیا لە شێوازە تەقلیدییەکە، سەرنجی ڕای گشتیی جیهانی بۆ خۆی ڕادەکێشێ و ئەو ڕایە گشتییە بە شێوازێکی هاوچەرخ و تەندروست بە چارەنووسی کوردەوە پەیوەندیدار دەکات... خ- لە ڕێگەی ڕیفراندۆمێکی گشتییەوە، دەکرێ بە شێوەیەکی زۆر جیا نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە جیهانییە پەیوەندیدارەکان بخرێنە بەردەم ئەمری واقیع و بە شێوەیەک پەیوەندیدار بکرێن، کە زۆر جیایە لەوەی ئەو پەیوەندیدارکردنە لە ڕێگەی

بڕیارێکی سیاسیی دەسەڵاتی کوردی یا حیزبێکی سیاسیی کوردییەوە هاتبێ. س- ڕیفراندۆم مۆری ئەمەریکی (وەک بارگرانییەکی سیاسی)، لەسەر هەر هەوڵێکی سەربەخۆییی کوردستان لا دەبات و ئەو هەوڵە، هەرچەندە بە پشتگیریی ئەمەریکاش بێت، شاراوە یا ئاشکرا، دواجار وەک هەنگاوێکی خۆماڵی و ئیرادەی خەڵک دەر دەکەوێ، کە ڕەتکردنەوەی یا دژایەتیکردنی ئاسان نابێت. جگە لەمەش، ئەمەریکا لە بەردەم دۆستانیدا لە ناوچە (تورکیا و وڵاتانی عەرەبی) ئیحراج نابێت، چونکە ئەم هەنگاوی سەربەخۆییە لە ڕێگەی ئیرادەی خەڵکەوە (بە هەنگاوی ڕیفراندۆم) هاتووە نەک لە ئاکامی پیلانێکی ئەمەریکا و ڕۆژئاوا بۆ دابەشکردن و لەتوپەتکردنی ناوچە. ش- لەگەڵ هەر ئەگەرێکی زیندووبوونەوەی بزاڤی ڕیفراندۆم لە داهاتوویەکی نزیک یا دووردا، گرنگترین شت ئەوەیە پارتی و یەکێتی دەست لەو بزاڤە هەڵگرن. با بۆ یەکەم جار کورد ببێ بە خاوەن پرۆژەیەک، کە *لە هەموو نەتەوەیە و هیی نەتەوەیە و بۆ هەموو نەتەوەشە.* بزاڤێکی ڕیفراندۆم ناتوانێ خەبات بۆ ئازادی و سەربەخۆییەکی ڕاستەقینە بکات، ئەگەر بێت و لە بوون و ماهییەتیدا ئازاد و سەربەخۆ نەبێت. ٢- من بەڕاشکاوی دەڵێم، شکستی بزاڤی ڕیفراندۆم لە باشووری کوردستان، دەرهاوێشتەی ڕاستەوخۆی سیاسەتی چەوت و کورتبینیی پارتی و یەکێتی بوو. ئەوان لەبەر زۆر هۆ چۆکی بزاڤی ڕیفراندۆمیان شکاند: أ- لە ڕۆشنایی پرنسیپێکی سەقەت و نادیموکراتییانە "ئەوەی لەژێر دەستی خۆم نەبێ، نابێ بوونی هەبێ." ب- پارتی و یەکێتی بزاڤی ڕیفراندۆمیان وەک هەڕەشە بینی بۆ هەیمەنەی سیاسیی خۆیان، نەک وەک سەرچاوەی

هێز بۆ ناسیۆنالیزمی کوردی و خەڵکی کوردستان. ت- ئەو دوو هێزە لەوە ترسان، کە دواجار بزاڤی ڕیفراندۆم ململانێی سیاسی لە باشووری کوردستان (ڕوو لە ناوخۆ) لە قازانجی هێزێکی ئەلتەرنەتیڤ یەکلا بکاتەوە و وایان زانی ئەم بزاڤی ڕیفراندۆمە دەبێتە ئەو ئەلتەرنەتیڤە، کە لە ڕاستیدا مەبەستی ڕاستەوخۆی ئەو بزاڤە ئەوە نەبوو. بە مانایەکی تر، ئەوان سەرئێشەی سەرەکییان ئەوە بوو، ئایا ڕیفراندۆم لە *ڕووی ناوەوە چ هەڕەشەیەک دەبێ لە هەیمەنەی سیاسیی ئەوان، تا تەماشاکردنی ئەو بزاڤە وەک سەرچاوەی هێزێکی مێژوویی یەکلاکەرەوە لە پرۆژەی بوون یا نەبوونەوەی عێراق* (واتە ململانێی بەخۆبوون و سەربەخۆبوونی باشووری کوردستان لە لایەک یا جارێکی تر بەتوندیلکانەوەی بە عێراق لە لایەکی ترەوە). ج- بزاڤی سیاسیی باشووری کوردستان بەردەوام لە ئاستی داواکاریی سەربەخۆیدا، خۆی بچووک بینیوە. هەر ئەوەش بوو سەرچاوەی خوێندنەوە و هەڵوێستەی ئەو دەسەڵاتە لە بزاڤی ڕیفراندۆم. لە ڕاستیدا پەیامی هەرە سەرەتاییی کاک مەسعود لە بەرامبەر بزاڤی ڕیفراندۆم ئەوە بوو، کە "بەردی گەورە نیشانەی نەهاوێشتنە!" ئەمە ئەو پەیامەی بارزانی بوو، کە لە ڕێگەی نوێنەری پارتییەوە لە کۆبوونەوەیەکی گەورە و گرنگی کوردستانییانی خوارووی سوید، کە لە شاری مالمۆ لە ٢٠٠٣/٨/٢٢ ڕاگەیەندرا. د- هەر مام جەلال بەرپرسە لە ڕاگرتنی بەرنامە نایابەکەی *کوردسات* (بەرەو ڕیفراندۆم)، ئەو بەرنامەیەی توانیی جوانترین خزمەت بە بزاڤی ڕیفراندۆم بکات. س- لە ڕاستیدا کاتێک نوێنەرانیی کۆمیتەی ڕیفراندۆم چوون بۆ بەغداد لە کاتی ئیدارەی مەجلیسی حوکم، تەنها چەند

ڕۆژێک بەر لە دەرچوونی یاسای ئیدارەی دەوڵەت (ناسراو بە دەستووری کاتی)، هەندێ کەسایەتیی عەرەبی (لەوانەش ئەحمەد چەلەبی) پێشوازیی گەرمتریان لەو نوێنەرانە و بیرۆکەی ڕیفراندۆم کرد تا کاک مەسعود و مام جەلال، بەڵام دەبێ ئەوەش بوترێ، شێوازی کارکردنی کۆمیتەکە خۆیشی بە ڕادەی یەکەم خۆکوژانە بوو، چونکە قبوڵی کرد بکەوێتە ژێر سێبەری قورسی ئەو دوو حیزبە حوکمڕانەی باشوور و نەشیتوانی لە مەدرەسەی ئۆتۆنۆمیزم ڕزگاری ببێت. ش- دەسەڵاتی کوردی لەوە دەترسا، کە ئەگەر ئیرادەی کورد لە باشووری کوردستان لە ڕێگەی بزاڤێکی ڕاستەقینەی ڕیفراندۆمدا چالاک کرا، ئەوا دواجار هەر ئەو ئیرادەیە بە ئەگەری زۆر بەرەوڕووی خودی خۆیان، واتە دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان، دەبێتەوە.

٣- لە دیمانەکەتدا لەگەڵ *ڕووداو*، ئەوە ڕوونە کە ئێوە گەیشتوونەتە هێڵی "*بێئومێدی*" لە پرۆژەی دەوڵەتی عێراق و چارەنووسی باشووری کوردستان لەم پەیوەندییەدا. هەر لەم ڕۆشناییەوە دەڵێیت، "لە سەربەخۆیی زیاتر هیچ ڕێگەیەکمان لەپێش نییە. لەم بارەیەشەوە حەز دەکەم چەند تێبینییەک بدەم: أ-جێگەی ستاییش و دەستخۆشییە کە بەرپرس و کەسایەتییەکی سیاسی بە پێگەی ئێوە ئەو ڕادەیەی لە ڕاشکاویی تیا بێ، کە بەو ڕوونییە گوزارشت لە کێشەکان بکات. مخابن بەشی زۆری سەرانی کورد لە باشوور بە شێوەیەکی تر گوزارشت لە شتەکان دەکەن و لە ڕاستیدا هەر ئاواش هەڵسوکەوت دەکەن، ئەویش بەو مانایەی پرۆسەی سیاسی لە کوردستان هێشتا هیوابەخشە. دیارە ئەو جۆرە سەرکردانە کاتێکی زیاتریان پێویستە تا بگەنە هەمان ئەو دەرەنجامانەی جەنابت. ب- لە

بەراوردێکی بەپەلە لەنێوان ناسیۆنالیزمی کوردی و زایۆنیزمدا، جیاوازییەک بەقەد ئەوەی ئەرز و ئاسمان دەر دەکەوێ، لە ڕاستیدا جوولەکان لە فەلەستین لە سەرەتای ١٩٢٠ەکانەوە هەوڵی *نامومکینکردنی* فەلەستینێکی یەکبوویان دەدا، ئەمەش ڕێک لە ڕێگەی *بێهیواکردنی بەریتانییەکان لە پرۆژەی دەوڵەتی فەلەستین بەدەست هات.* ئەو بۆچوون و ستراتیژەی جوولەکان لە سەرەتای ١٩٢٠ەکانەوە بەچڕی جێگیر بوو، کە دواتر بۆشیان چووە سەر، بەریتانیا بێهیوا بوو (یا ڕاستتر بڵێین، زایۆنیستەکان وایان لێ کرد هیوا بە فەلەستینی یەکبوو لەدەست بدات) و بەم هۆیەش بڕیاری کشانەوەی یەکجارەکی لە فەلەستین بدا لە ساڵی ١٩٤٧ و لە ساڵی دواتریش بەفیعلی کشایەوە و دەوڵەتی ئیسرائیلیش بەبێ دواکەوتنی یەک دانە کاتژمێریش ڕاگەیەندرا... ئەمە لە کاتێدا کە هێشتا جوولەکان بەو هەموو ئەزموونە لەگەڵ عەرەب تێپەڕنەبووبوون... کەچی سەرانی کورد دوای ٨٢ ساڵ لە ئەزموونێکی تاڵ و خوێناویدا (ئەنفال و هەڵەبجە و... هتد) لەگەڵ دەوڵەتی عێراق، هەتا لەدوای ڕووخانی دیکتاتۆریەتیش، ئەوجا نەک هەر بە بەرنامەی بێهیواکردنی ئەمەریکییەکان لە پرۆژەی دەوڵەتی عێراق کاریان نەکرد، بەڵکوو تەواو بە پێچەوانەوە بە بەرنامەی سێ دانە *بەهیوابوون و بەهیواکردن* کاریان کرد، لەسەر ئەو بڕوایەی تەنها چارەسەر بۆ کێشەی کورد، عێراقی "دیموکراتی و فیدراڵییە" (واتە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان و دیموکراتی بۆ عێراق)! ئەم سێ بەهیوابوونەش ئەمانەن: یەکەمیان، هیوا دروستکردن لای خەڵکی کوردستان، کە تەنها چارەسەر عێراقی دیموکراتی و فیدراڵییە و دەنگدانیش بە دەستووری هەمیشەییی عێراق،

”دەنگدانە بە ڕێگرتن لە دووبارەبوونەوەی ئەنفال و هەڵەبجە.“ دووەمیان، هیوادروستکردن لای ئەمەریکییەکان، کە باشترین چارەسەر عێراقی دیموکراتی و فیدراڵییە. *سەرکردایەتیی کورد هەرگیز زاتی ئەوەی نەکرد بەڕاشکاوی بە ئەمەریکییەکان بڵێ هیچ ئامراز و فاکتەرێک نییە ئێوە لە پڕۆژەکەی بەریتانیا سەر بکەون، کە خۆی ٨٢ ساڵە شکستی هێناوە و بەشی کوردیش لەو پڕۆژەی بەریتانیاییەدا هەرماڵوێرانی و کۆمەڵێک تراژیدیا بووە.* بەهیوابوون یا بەهیواکردنی سێهەمیشیان، بریتی بوو لە دانی هەموو هەوڵێک بۆ ڕازیکردنی شیعە و سوننەی عەرەب و نزیککردنەوەیان لە یەکتر. ئاخر بۆ مومکینکردنی ئەو پڕۆژەیەی دامەزراندنەوەی سەرلەنوێی عێراق، سەرانی کورد دەیان هەڵەیان کرد، یەکێک لەو هەڵانە ئەوە بوو، هەموو هەوڵێکیان دا لەپێناوی بەشداریکردنی سوننەی عەرەب لە هەڵبژاردنەکانی پێشووی عێراقدا، لەم پێناوەشدا سەرانی کورد بەوەش ڕازی نەبوون ماددەی ١٤٢ لە ڕەشنووسی دەستوور زیاد بکرێ (کە مەبەست لەو ماددەیە ئەوە بوو، دوای هەڵبژاردن گۆڕانکاری لە دەستووردا بکرێت، ئەو هەمووە لەپێناوی بەشداریی سوننە، یا ڕاستتر بڵێین، بەشێک لە سوننەی عەرەب واتە تارق هاشمی و جەماعەتەکەی) لە پرۆسەی سیاسیدا. هەموو ئەوەش لەپێناو سەرخستنی پرۆسەی سیاسی لە عێراق و مومکینکردنی پڕۆژەی سەرلەنوێئاوەدانکردنەوەی عێراق و تەواوکردنی تەوق و قەفەس بەدەوری کورددا لەو وڵاتە. شایانی وتنە، لە وتارێکمدا، کە لە ٢٠٠٥/١٠/١دا بڵاو بۆتەوە، بەدووردرێژی باسی ئەم ئیشکالیەت و موفارەقەی سێ دانە بەهیواکردنەم کردووە، کە تەواو بە پێچەوانەوە پێویست بوو هەوڵدان بێت

بۆ سێ دانە بێهیواکردن. هەر لەوێ و لە زۆر بۆنەی تریش باسم لەوە کردووە، کە *هیوای ڕاستەقینەی کورد ڕێک لە سێ بێهیوابووندایە...* داخەکەم ئێستا هەندێک درەنگە، دەتوانێ زۆریش درەنگ بێت، بۆ ئەو سێ بێهیوابوونە... بە هەرحاڵ، وا دەزانم هەموو دەرفەتێک لەدەست نەچووە! ب- دوو کەسایەتیی کورد (هوشیار زێباری و مام جەلال) هەڵسوکەوتیان لەمەڕ مومکینکردنی دەوڵەتی عێراق نیگەرانئامێز و ترسناک بووە. لێرەدا تەنها وەک نموونە باس لە هەوڵی بێوچانی ئەو دوو کەسە دەکەم بۆ دەرهێنانی عێراق لەژێر بەندی حەوتی پرۆگرامی نەتەوە یەکگرتووەکان. ئەم دەرهێنانەش بە مانای کۆتاییهاتنە بەتەواوەتی بە بڕیارەکانی ٦٨٨ و ٩٨٦ی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە لە کاتی کاراکردنەوەی هەردووکیان، کورد دەبێ بە خودی *ئامراز و ئەلتەرنەتیڤ* بۆ جیابوونەوە لە عێراق. ئاخر دەرهێنانی عێراق بەتەواوەتی لە بەندی حەوت، مانای گەڕانەوەی تەواوی سەروەرییە بۆ عێراق و بەم مانایەش کاملبوونی تەوقە لەسەر وجودی کورد لە عێراق. بە مانایەکی تر، تا عێراق مابێتەوە لە چوارچێوەی ئەو بەندە، ئەوا ئەگەر زۆرە کورد بتوانێ ڕاستەوخۆ سوود لە بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان (ژمارە ٩٦٨ – واتە نەوت بەرامبەر خۆراک و دەرمان، کە ١٣٪ی یەکسەر بۆ کوردستان بوو لەژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکاندا) وەر بگرێ، لە کاتی هەر دابڕانێک لەگەڵ بەغداد یا هەر قەیرانێکی جیددی، کە دابڕانی تەواوەتیی نێوان کوردستان و عێراقی عەرەبیی لێ بکەوێتەوە... بە هەرحاڵ، کە ناوی ئەو دوو بەرپرسە کوردە دەهێنم، مانای وا نییە تەنها ئەوان لەو موفارەقە کاریسەئامێزە بەرپرسن، بەڵکوو تەواوی

سەرکردە کوردەکان، جا ئەو سەرکردانە هەر پلەوپایەیەکیان دەبێ با ببێ. ئەوەی من ئاگادار بم، تا ئێستا نەمبیستووە بەرپرسێکی کورد لەسەر ئەو بابەتە ڕابوەستێ و ختورەتی دەرچوونی عێراق لەژێر ئەو بەندە-پەرەگرافە بەڕاشکاوی بخاتە ڕوو و بەبێ دوودڵی بڵێ "دەرچوونی عێراق لەژێر ئەو پەرەگرافە، بە مانای پاشەکشەیەکی جیددی و بگرە کاریسەش بۆ کورد دێت." ج- هەموو ئەو بەرپرسە کوردانەی لە بەغدادن و بەوانەی کوردستانیشەوە، نەیانتوانی وردەکارییەکانی ڕێکەوتنی ئەمەریکا و عێراق ببینن، کە هەر نەبێ لە سێ ماددەیدا ئەو ڕێککەوتنە دەتوانرێ بەرامبەر یا دژی کورد بەکار بهێنرێ... مرۆڤ دەتوانێ بپرسێ بۆ ئەو حاڵەتە؟ وەڵامێک دەتوانێ ئەو ڕاستییە بێت کە سەرکردایەتیی سیاسیی کورد لە عێراقی دوای سەدام، نەک هەر هیوایەکی مزەوەری بە خۆی و خەڵک بەخشی (بەو مانایەی کە هەموو شتێک نوێیە و هەموو شتێک باشە و هەموو مافەکان لە دەستووردا چەسپاون و هەموو شتێک بە دڵی کوردە، ئەمەریکا لەگەڵ کوردە و... هتد)، بەڵکوو بە دەستی خۆی، خۆی و خەڵکی کوردستانی بەنج کرد!

زۆر بەڕێز،

لە کاتێکدا ئەم تێبینییانە دەنووسم بە پەیوەندی لەگەڵ دیمانەکە، ئەو ڕاستییەش دەزانم کە جەنابت یەکێک بوویت لەو سەرکردە دەگمەنانە لە ماوەی ساڵانی دواییدا گوزارشتتان لە کۆمەڵێ نیگەرانی کردووە و هەوڵی ئەوەشتان داوە دەرهاوێشتەکان لە ماتماتیکی سیاسەتی کوردیدا هەر بە یەک هاوکێشە دەر نەهاوێژرێن، بەڵکوو دەکرێ هاوکێشەی تریش

تاقی بکرێنەوە. وتارەکەت بەر لە دوو ساڵێک (پەشیمانم، پەشیمانم، پەشیمانم) و ئەو ئاماژەیەش بە سەربەخۆیی کە لە دیمانەکەی *ڕووداو*دا کردووتە، نموونەی گرنگن...

تێبینی: بۆ بینینی نامەکان و وتارەکانم *دەربارەی ڕیفراندۆم* و باسوخواسی تر، تکایە بڕوانە ماڵپەڕی تاکەکەسیم burhanyassin.www. com یا کتێبی *عێراقی دوای سەدام و چارەنووسی باشووری کوردستان*، (کوردستان، ٢٠٠٨). ئەگەر هەڵە نەبم، نوسخەیەکم لەو کتێبە ناردووە بۆتان لە ڕێگەی برای هێژام، کاک تەحسین قادرەوە!

لە دواییدا سوپاس بۆ ئەم دەرفەتە

هەر شاد و تەندروست بن

براتان، بە ڕێزێکی زۆرەوە

بورهان أ. یاسین

لوند، سوید ٢٠١٠/١٠/٢٨

## ٣

# تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان تیرۆرکردنی نەتەوەیەکە لە بوونیدا و تراژیدیاکەش هیی هەمووانە

**لە ماڵپەڕی تاکەکەسیی نووسەر**
**لە ٢٠١٠/٥/١٠دا بڵاو بۆتەوە**

لە مێژووی میللەتاندا زۆرن نموونەی ئەو ڕووداوانەی لە ڕواڵەتدا بوویەری تاکەکەسین، بەڵام لە ماهییەت و ماناکانیاندا ڕووداوی نەتەوەیین و بەم مانایەش تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی هەژاندووە و پەیوەندیداری کردوون. تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس و خوێندکار سەردەشت عوسمان، هەر زوو بووە یەکێک لەو ڕووداوانەی سنوور و پانتاییی تاکەکەسی دەبەزێنن و بەم مانایەش بووەتە ڕووداوێک، کە بە کۆمەڵ گوزارشتی لێ دەکرێ، بووەتە تراژیدیای نەتەوەیەک.

ئەو گوللانەی ئاراستەی سەردەشت عوسمان کراون، لە ڕاستیدا ئاراستەی نەتەوە کراون لە هەرسێ ڕەهەندی بوونی نەتەوە و نەتەوەییبووندا، ڕەهەندی دوێنێ، ڕەهەند و ڕوانگەی

ئەمڕۆ و ڕەهەندی داهاتووی نەتەوە: ١- گوللەکان ئاراستەی دوێنێی نەتەوە کراون، ئەو دوێنێیەی تیایدا ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە خەڵکی وڵاتەکەمان گیانیان بەخشی لەپێناو دواڕۆژێکی ئازاد و ژیانێکی باشتر و ئاسوودە بۆ کوڕ و کچانی نەتەوە، بەڵام ئەوەتا بە ڕۆژی نیوەڕۆ ئاراستەی هەمان ئەو نیمچە ئازادییە دەکرێ، کە لە باشووری کوردستان هەیە، کە دەسەڵاتداران لە پارادۆکسێکی بەردەوامدا پێمان دەڵێن، "بەرهەمی خەباتی شەهیدەکانمانە." کەواتە تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان کردەیەکە، کە شەهیدانی وڵاتەکەمان لە قووڵاییی خاک و مێژووی ئەم نەتەوەیەدا تیرۆر دەکاتەوە. ئەوان بۆ ڕۆژێکی باشتر و ئازادییەکی ڕاستەقینە خەباتیان کرد، نەک بۆ ڕۆژێک و وڵاتێک، کە تاکەکان تیایدا تیرۆر بکرێن لەپێناو مانەوەی دەسەڵاتدارانێکی بەتەماح و چاوبرسی. ٢- لە ڕەهەندی یا ڕوانگەی ئەمڕۆ و هەنووکەشیدا ئەم ڕووداوە ئەو ڕوانگە سیاسییە و ئەو نیمچە ئازادییەی ئەمڕۆ لە بەشێکی وڵاتەکەماندا، لە باشووری کوردستاندا هەیە، دەخاتە ژێر مەترسییەکی جیددی و جۆرێک لە تاریکی، لە ڕاستیدا هەڕەشەیەکی جیددی لە بوون و ماهییەتی ڕوانگەکە دەکا. دەبێ دەسەڵاتدارانی وڵاتی ئێمە ئەوەش بزانن، ئەو گوللانەی ئاراستەی سەردەشت عوسمان کراون، لە ڕاستیدا ئاراستەی ئەو ئاسایش و هێمنییە کراون، کە تاکە ناز و شانازیی دەسەڵاتی باشووری کوردستانە. ٣- جگە لەمەش، هەڕەشە لە ڕوانگەی سیاسیی ئەمڕۆی نەتەوە لە باشووری کوردستان، دواجار بە ئەگەری زۆر دەبێتە وێستگەیەک لە پرۆسەی تاریککردنی سبەینێ و داهاتووی ئەم نەتەوەیە و هەڕەشەیەکی جیددیشە لەم ئاراستەیەدا.

لە ڕێگەی تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمانەوە، جارێکی تر ئەو تێزە چەواشەکارانەی ڕژێمە دیکتاتۆری و تۆتالیتارەکان سەر هەڵدەداتەوە، کە گوایە کۆمەڵگە بەبەردەوامی و لە زۆر لاوە دەوری بە کۆمەڵێک هەڕەشە گیراوە و بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو هەڕەشانەش، دەبێ تاکەکان ئامادە بن مەسەلەی باسکردن لە ئازادییە تاکەکەسییەکان دوا بخەن! لە ڕوانگەی دیکتاتۆرییشەوە، هەڕەشە دەرەکییەکان بەردەوام هەن و کۆتاییشیان نایەت. خۆ ئەگەر هەڕەشەی ڕاستەقینەش نەبوو، ئەوا هەر نەبێ دەسەڵاتە تاکڕەوەکان کۆمەڵێک هەڕەشەی دەرەکیی وەهمی بەرهەم دەهێنن و وەک هەڕەشەی ڕاستەقینە بە خەڵکی دەدەنە قبوڵکردن. لە جیهانبینیی ئەو کەسانەی باوەڕیان بە حوکمڕانیی دیکتاتۆری و تۆتالیتاری هەیە، دەبێ تاکەکانی کۆمەڵگە ئامادە بن ئازادیی خۆیان بکەنە قوربانی بۆ پاراستنی سەروەریی نەتەوە. لەو جیهانبینییەشدا، شتێک نییە بە ناوی ئاساییشی مرۆیی یا ئاساییشی تاکەکان-هاووڵاتیان، بەڵکوو ئەمە هەمووی دەکرێتە قوربانی، گوایە بۆ ئاساییش و سەروەریی نەتەوە. کەچی ڕوانگە ڕاستییەکە ئەوە بووە، کە مەسەلە نە ئازادی نەتەوەیە و نە سەروەرییەتی، بەڵکوو ڕێک و ڕاست مەبەست پاراستنی دەسەڵات و درێژکردنەوەی تەمەنی عەرشی دیکتاتۆرە. لە ڕاستیدا دیکتاتۆر لەپێناو پاراستنی ئەو عەرشە، نەک هەر دەخوازێ تاکەکان لە ئازادییەکان بێبەش بکات، بەڵکوو بە لۆژیکی ئەو (واتە دیکتاتۆر)، ترساندن و تۆقاندنی تاکەکان زامنی وەدەستهاتنی ئەو هێمنی و ئاساییش و یەکڕیزییەیە، کە گوایە نەتەوە پێویستیەتی بۆ خۆپاراستن لە "هەڕەشە دەرەکییەکان." ئەم لۆژیکە سالانێک بالادەست

بوو لە ئەزموونی حوکمڕانیی سۆڤیەتی پێشوو و سیستمە هاوشێوەکانیدا، هەر ئەو لۆژیکەش بووە بۆ ساڵانێکی زۆر باڵادەست بووە لە حوکمڕانیی ڕژێمە تاکڕەوەکانی جیهانی سێهەم و جیهانی عەرەبیدا. بەم مانایە، هەر ئەمڕۆ لە وڵاتی ئێمە دەسەڵاتدارانێک هەن، هەڵگری هەمان ئەو کولتوورە سیاسییەن کە لە ڕێگەی بەرهەمهێنانی بیرۆکەی بوونی هەڕەشەی وەهمی بۆ سەر نەتەوە و وڵات و بگرە وێناکردن و گوناهبارکردنی کاری ڕۆژنامەوانیی ئازاد و دەربڕینی وشەی ئازاد، وەکوو ئەوەی بەشێک بن لە هەڕەشە بۆ سەر ئاساییشی نەتەوەیی، دەخوازن کۆمەڵگەیەکی داخراو و تاکێکی تۆقیو بەرهەم بهێنن. لە ڕاستیدا هەندێ لە دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان، هەر بەوە نەوەستاون میدیا و ڕۆژنامەوانیی ئازاد بە هەڕەشە لەسەر ئاساییش و هێمنیی ناوخۆی کۆمەڵگە بدەنە قەڵەم، بەڵکوو بەشێکیان لە سابیقەیەکی زۆر ترسناکدا، ئەو جۆرە میدیایەیان ڕاستەوخۆ بە هەڕەشەی دەرەکیی ئیقلیمی و دەزگا سیخوڕییەکانی ئەو هێزە دەرەکییانەوە پەیوەندیدار کردووە. ئەوەی لەم لۆژیکە بەرهەم دێت، حەڵاڵکردنی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆی خوێنی ئەکتەرەکانی ئەو ڕۆژنامەگەری و میدیایەیە، هەر ئەو لۆژیکەشە دەخوازێ پێمان بڵێ، ئەوانەی بەپێی خواست و حەزی دەسەڵات قسە نەکەن "جێگەیان لە کوردستان نابێتەوە." بەمەش ترسناکیی ئەو لۆژیکە دەگاتە لووتکە!

وەڵامدانەوە بۆ ئەم لۆژیکە، دەبێ نەک هەر دەرخستنی نادروستیی جیهانبینییەکە و ڕەتکردنەوەی بێت، بەڵکوو دەبێ پێداگرییش بێت لەسەر ئەلتەرنەتیڤێک بۆ سەرلەنوێپێناسەکردن

و تێگەیشتن لە سەروەری و ئاساییشی نەتەوەیی. ئەم ئەلتەرنەتیڤە هیی ئازادیخوازان و دیموکراسیخوازانە و پێ هەڵدەگرێ لە دوو بنەما و چەمکی هاووڵاتیبوون (لە حاڵەتی ئێمەدا کوردستانیبوون) و دیموکراسی. لە ڕاستیدا، بەتایبەتی لە کەم یا زۆر سی ساڵی دواییدا، لە زۆر لێکۆڵینەوەی بەرفراواندا پێداچوونەوەی *ڕەخنەگرانە* بۆ چەمکەکانی سەروەریی نەتەوەیی و ئاساییشی نەتەوەیی کراوە. لەم پێداچوونەوەیەدا جەخت لەسەر ئەوە کراوەتە، کە هەرچەند هاووڵاتییان ماف و ئاساییشی تاکەکەسی و ئازادییەکانیان پارێزراو بێت و تاک توانیبێتی دەربڕینی ئازادانە لە سەروەریی خۆی بکات و تاکەکانی نەتەوە لەسەر بنچینەی سیستمێکی دیموکراسی بە یەکەوە بەسترابنەوە، ئەوەندە ئاساییشی نەتەوە پارێزراوتر و خۆڕاگرتر و تەندروستتر دەبێ. بە مانایەکی تر، ئاساییشی نەتەوە لە کۆی ئاساییشی هاووڵاتییەکان پێک دێت و ئازادیی نەتەوەش، کۆی ئازادی تاکەکانیەتی لە ڕێگەی بەیەکەوەگرێدان لە چوارچێوەی سیستمێکی دیموکراسیدا.

لە لایەکی ترەوە، لە دەرهاوێشتەی تراژیدیا مرۆیی و نەتەوەیییەکەی سەردەشت عوسماندا، شتێک بەدی دەکرێ، کە دەبێ بۆ کوڕ و کچانی وڵاتی ئێمە، هەڵبەتە لە ڕووی سیاسییەوە، "دڵخۆشکەر" بێت و بۆ ئەو دەسەڵاتدارانەی تا ئەمڕۆش باوەڕیان بە تیرۆر و تۆقاندن هەیە جێگەی ترس و نیگەرانی بێت، دەڵێم دڵخۆشکەر بۆ کوڕان و کچانی وڵاتی ئێمە، چونکە ئەم ڕووداوە تراژیدیاییە فرەڕەهەندە، نەک هەر بۆتە هۆی تووڕەبوون و بێزاریی خەڵکی کوردستان، بەڵکوو بۆتە هۆکاری جۆشوخرۆشدانێکی سەرنجڕاکێشی توێژە جیاجیاکان هەر لە

ڕۆژنامەنووسان و ڕۆشنبیران و نووسەران و خوێندکاران و... هتد، کە بە شێوەی جۆراوجۆر خۆی دەر دەبڕێ، کە لە ئاراستە گشتییەکەشیدا یەکانگیرە. بەم مانایەش، تراژیدیایەکی مرۆیی بووەتە کەرەسەی هەژان لە هۆشیاری و ویژدان و هەڵوێستەی سیاسیی بەکۆمەڵدا... لە هەمووشی گرنگتر، ئەوەیە ئەم جۆشوخرۆشدانە بە ئاراستەیەکی تەندروستدا دەبێتە وزە و دەربڕینێکی داهێنەر بۆ ڕێگرتن لە تاریککردنی زیاتری ژیان و ڕوانگەی سیاسیی ئەمڕۆ و سبەینێی وڵاتەکەمان. لەم جۆشوخرۆشانەدا، گوزارشت لە پەیامێکی گرنگ دەکرێ، ئەویش ئەوەیە کە ئیتر خەڵکی کوردستانیش هەر وەک خەڵکی ئۆکرانیا و جۆرجیا و زۆر وڵاتی تر لە بەرامبەر دەسەڵاتدارانێکی ملهوڕ و تیرۆرکردنی بیروڕادەربڕین و پێنووس و وشەی ئازاد بێدەنگی هەڵنابژێرێ، بەڵکوو دەتوانێ هەر وەک نەتەوە زیندووەکانی جیهان لە ڕێگەی بزواندنی کۆڵان و شەقام و گۆڕەپانەکانی کوردستانەوە سنوورێک بۆ ئەو دەسەڵاتدارانە دابنێت، کە ئەمڕۆش باوەڕیان بە بەهاکانی کۆمەڵگەی داخراو و تیرۆرکردنی پێنووس و وشەی ئازاد هەیە. لە لایەکی ترەوە، هەر ئەو ڕاستی و ئەگەرانەن دەسەڵاتدارانی وڵاتی ئێمە لە ناخیاندا دەتۆقێنن، دەڵێم دەتۆقێنن، چونکە هەڵگرانی کولتووری سیاسیی ستەمکاری و باوەڕبوون بە پاراستنی دەسەڵات لە ڕێگەی تیرۆرەوە، نەک هەر هەڵگری پرنسیپ و میتۆدی تۆقاندنی جەماوەرن، بەڵکوو هەر خۆشیان زۆر لە جەماوەر و هێزی لەبننەهاتووی دەترسن. هەر ئەوەشە ڕێک ئەو جەدەلەی بوونی دیکتاتۆرەکانی پێوە بەندە، دیکتاتۆر دەتۆقێنێ، چونکە خۆی لە ترس و تۆقانێکی بەردەوامدا دەژی. ئاخر شێوازی

تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان تا بڵێی "ترسنۆکانە" بوو، لە ڕاستیدا ترساندنێکی ترسنۆکانە بوو لە وشە و پێنووسی ئازاد!

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی ڕۆژنامەنووس و خوێندکار سەردەشت عوسمان، کە لە ڕێگەی تراژیدیای قوربانیدان بە گیانی خۆی، سەرلەنوێ دەرفەتی ئاخافتن دەربارەی و هەڵوەستەکردن لە مەسەلەگەلێکی زۆر گرنگ وەک ئازادیی ڕادەربڕین و کێشەی ئازادییەکانی بەگشتی بۆ کوڕان و کچانی وڵاتەکەی ڕەخساند. ستاییش بۆ ئەو ڕۆحە کە لە ڕێگەی نەمانیەوە دەروازەیەک بۆ مەسەلەی بوونی نەتەوە و گوزارشتکردن لە کێشەکانی، لە ڕەهەندەکانی ڕابردوو و هەنووکە و داهاتوویدا، کرایەوە. دەروازەیەک، کە لە ڕێگەیەوە ئیرادەی بەرگریکردن لە دەنگ و پێنووسی ئازاد، بە جوانترین و پڕماناترین شێوە خۆی دەنوێنێ.

گرنگە دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان ئەوە بزانن، کە ئەمڕۆ نەک هەر ڕۆحی سەردەشت عوسمان بەتەنیا نییە، بەڵکوو هەموومان سەردەشت عوسمانین...

# ٤

# نامەیەکی کراوە بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان، مەسعود بارزانی

## لە ماڵپەڕی تاکەکەسیی نووسەردا، لە تەممووزی ٢٠١٣دا بڵاو بۆتەوە

بەڕێز مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان

سوید، ٢٠١٣/٧/٦

نامەیەکی کراوە

دوای سڵاو و ڕێز...

بەر لە زیاتر لە ٩ی ساڵ، ڕێک لە سەرەتای مانگی ١ی ٢٠٠٤دا، لەگەڵ چوار بەڕێزی تر بە نوێنەرایەتیی ژمارەیەکی زۆر لە نووسەر و ڕۆشنبیر و چالاکوانی مەدەنی و سیاسی سەردانی تۆمان کرد لە سەری ڕەش، بە مەبەستی پێشکەشکردنی پڕۆژەیەکی گرنگ، کە لە ١٦ خاڵ پێک هاتبوو و پڕاوپڕ بوو لە هەڵسەنگاندن و پێشنیار و بۆچوونی گرنگ و دڵسۆزانە. لەو سەردانەدا بەندە کەمتر لە ٢ خولەکی بەر کەوت بۆ ئەوەی قسەکانم بکەم. شتێک کە پێشتریش ئاماژەم

پێ کردووە ئەوەیە، من قسەیەکم زۆر بەڕاشکاوی بەرەوڕووی ئێوە کردەوە، ئەویش ئەوەبوو کە وتم، ”کورد لە باشووری کوردستان لەژێر لووتکەیە و پاڵێکی کەمی دەوێ بۆ سەر لووتکە. ئێوە و مام جەلال، پارتی و یەکێتی، بەرپرسن لەوەی دەست لەناو دەست ئەو پاڵەی کورد بدەن بۆ سەر لووتکە، بەلام ئەگەر ئەوە نەکرێ، ئەوا بە ئەگەری یەکجار زۆر، کورد جارێکی تر بەرەو هەڵدێرێکی ترسناک شۆڕ دەبێتەوە.“

هەرچەندە ڕاستییەکەی گومانم لەوە هەبوو کە ئێوە دەتوانن ئەو پاڵەی کورد بدەن بۆ سەر لووتکە، بەلام هەندێک جار مرۆڤ هەندێ شت دەکات بۆ مێژوو و لە گۆشەی دڵسۆزییەوە...

***

من نامەکەم بە گێڕانەوەی ئەو ڕووداوەی سەرەوە دەست پێ دەکەم، بۆ ئەوەی هەر لە سەرەتادا ئەوە بڵێم کە لەو ڕۆژەوە ئێوە نەک هەر ئەو هێز و توانا و دڵسۆزییە نەبوون کە کورد پاڵ بدەن بۆ سەر لووتکە، لووتکەی سەرکەوتن و حەسانەوە، بەڵکوو لە ساڵانی دەسەلاتدا و لە پێگەی هەرە بەرپرسیارییەوە (واتە لە پێگەی سەرۆکایەتیی هەرێمەوە) نەک هەر نەتانتوانی کورد پاڵ بدەن بۆ لووتکەی سەرکەوتن، بەڵکوو بگرە بە ڕادەی یەکەم، ئێوە و هاوپەیمانەکەتان (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) بەرپرسن لە شۆڕبوونەوەی کورد بەرەو هەڵدێرێک، کە ئەگەر بە جیددی و دڵسۆزانە ڕێگیریی لێ نەکرێ، ئەوا بە ئەگەری زۆر ئەو هەڵدێرە بە تراژیدیایەکی سیاسی و کۆمەلایەتیی گەورە

بۆ باشووری کوردستان کۆتایی دێت! پڕۆسەی شۆڕبوونەوە بەرەو هەڵدێر، نەک هەر ڕەهەندی سیستمێکی سیاسیی تا سەر ئێسقان شکستخواردوو و ناتەندروست و گەندەڵ لەخۆ دەگرێ، بەڵکوو کۆمەڵێک ڕەهەندی تر هەن، کە بەشێکن لەو سیاسەتە شکستخواردووە، هەر لە پەیوەندییەکانی هەرێم و بەغداد، پەیوەندییە کوردستانییەکان و پەیوەندییە ئیقلیمییەکان تا دەگاتە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی هەرێمی کوردستان.

بە باوەڕی خۆم، سەفەرەکەی هەرە دواییت بۆ ڕوسیا و فەرەنسا و نەمسا و (...) بەرجەستەکردنێکی ئاشکرای ئەو شکستەی دەسەڵاتی هەرێمە. بەر لە هەرشتێک، ئەو سەفەرەی ئێوە بەتوندی گرنگینەدان و بەهەندوەرنەگرتنی ئەوەی لە کوردستان ڕووی داوە و ڕوو دەدات، بەرجەستە کرد. لە عورفی سیاسەتکردن، بەردەوام سەرۆکی وڵاتان لە کاتی قەیران و بگرە لە کاتی ڕوودانی هەندێ ڕووداوی نەخوازراوی سروشتی، یا هەتا بگرە ڕووداوێکی هاتووچۆ، یا ئەوەتا بە زوویی سەفەرەکانی دەرەوەیان کۆتا پێ دەهێنن و یەکسەر دەگەڕێنەوە وڵاتەکانیان، یا ئەگەر ئەو قەیرانە هەر لە زووەوە دەستی پێ کردبوو، واتە بەر لە سەفەر، ئەوا بەبێ سێ و دوو سەفەرەکانیان بۆ کاتێکی تر دوا دەخەن. لە ڕاستیدا وەرگرتنی ڕای هێزە سیاسییەکان لەمەڕ دەستوور و ناردنی بۆ پەرلەمان و یەکسەر بەدوایدا سەفەرکردن بۆ دەرەوە و هێشتنەوەی وڵات لە قەیرانێکی قووڵدا "بەبێ سەرۆک و بەبێ جێگرێکی خاوەن دەسەڵات" ئەوپەڕی کێماسی بوو لە شێوازی بەڕێوەبردنی وڵات. هەموو ئەوەی کردتان لەوە زیاتر نەبوو، کە ئەو تۆپی یاریی سیاسییەی ماوەیەکی زۆر بوو لە یاریگەی

ئێوەدا گیری خواردبوو و نەتدەزانی چۆن یاریی پێ بکەی، لە دواهەوڵتدا ئەو تۆپەت فڕێ دایە ناو پەرلەمانەوە و خۆشت یەکسەر سەفەرەکەت دەست پێ کرد وەک ئەوەی هیچ شتێکی نیگەرانئامێز و قەیرانێکی سیاسیت لە وڵات جێ نەهێشتبێت! مرۆڤ دەتوانێ بپرسێ، ئایا حیکمەت چییە لەلایەکەوە هەموو هەوڵێک دەدەیت بۆ مانەوەت لە پێگەی سەرۆکایەتیی هەرێم، بەڵام لە لایەکی ترەوە ئەو هەموو ماوە زۆرە (واتە هەر نەبێ لە سەرەتای مانگی نیسانەوە) خۆت لەپشت هێڵی مەکتەبی سیاسییەکەی خۆت و مەکتەب سیاسییەکەی یەکێتی حەشارداوە، بەبێ ئەوەی هەڵوێستی ڕاستەقینەی خۆت ئاشکرا بکەیت؟ لە کاتێکدا خۆت لە زۆر بۆنەدا ئەوەت دووپات کردۆتەوە، کە ئێوە خولیای پێگە و پۆست نین، کەچی لە لایەکی ترەوە هەردوو مەکتەب سیاسییەکانی یەکێتی و پارتی کۆڵان بە کۆڵانی کوردستان گەڕاون و هەموو سیناریۆکانیان تاقی کردۆتەوە بۆ هێشتنەوەی تۆ لەو پلەوپایەی کە ماوەیەکی یەکجار زۆر و بە دەسەڵاتێکی یەکجار زۆرەوە بەدەستتەوە بووە. دواجار شانۆگەرییەکە بە کودەتای ٣٠ی حوزەیرانی ناو "پەرلەمان" تەواو بوو. ئەوەی دەکرێ بۆ زۆر کەس جێگەی سەرسووڕمان بێت ئەوەیە، دوای ئەو هەموو هەوڵ و کۆششانەی دوو مەکتەب سیاسییەکە، لە سەفەر دەگەڕێیتەوە و دوودڵیت لە ئیمزاکردنی دوو یاسا نایاساییەکەی ٣٠ی حوزەیران. ئایا دەتەوێ بەم هەڵسوکەوتەت ناشیرینییەکانی پرۆسەکە ببەخشیتە ئەوانی تر و جوانییەکان بۆ خۆت بهێڵیتەوە، یا چی؟ ئاخر ئەمڕۆ مرۆڤ بە کەمترین ڕادەی خوێندەواریشەوە ئەوە دەزانێت، کە لە دونیای بچووککراوەی ئەمڕۆماندا مرۆڤ دەتوانێ لە مۆسکۆ و

پاریس و ڤیەننا یا لە هەرشوێنێکی دونیا بەشدار بێت لە هەموو چالاکییە سیاسییەکانی وڵاتەکەیدا لە ڕێگەی ڤیدیۆ-کۆنفرانس و چەندەها ئامرازی پەیوەندییەکان و میدیا کۆمەڵایەتییەکانەوە... دواجار، ئایا دەکرێ کەسێک هەبێ باوەڕت پێ بکات کە ئێوە لە سەفەرەکەتاندا ئاگاداری ورد و درشتی ئەو هەموو مەهزەلە سیاسییە نەبوون کە بە کودەتاکەی ٣٠ی حوزەیران کۆتایی هات؟

لە لایەکی ترەوە دەبێ ئەوەش بڵێم، کە ئۆپۆزسیۆنیش هەر لە سەرەتاوە هەڵەیەکی گەورەی کرد، کە لە سەرەتای مانگی نیسان قبوڵیان کرد لە ئاستی بەرزی هەرسێ حیزبەکە (واتە کەسی یەکەمی ئەو حیزبانە) چاویان بە مەلا بەختیار و فازڵ میرانی بکەوێت و گفتوگۆ لەسەر مانەوەی ئێوە، بە شێوەیەک لە شێوەکان، لە سەرۆکایەتیی هەرێم بکەن بەبێ ئەوەی ئەم هێزانەی ئۆپۆزسیۆن هەڵوێستی ***شەخی بێ سێ و دووی*** تۆیان زانیبێ. واتە هەر لە سەرەتادا هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن بەوە ڕازی بوون، باسی ئەم مەسەلە هەستیارە بکەن بەبێ ئەوەی هەڵوێستی ڕاستەقینە و بێپێچوپەنای شەخسیی ئێوەیان زانیبێ. ئەم هەڵەیەی ئۆپۆزسیۆنیش یارمەتیی ئێوەی دا بۆ ئەوەی خۆت بۆ ئەو هەموو ماوە زۆرە لەپشت هێڵی دوو مەکتەب سیاسییەکەی خۆت و یەکێتی حەشار بدەیت! هەر وەک پێشتر وتوومە، دەبووایە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن ئەو هەموو کاتە گرانبەها و پڕ لە قەیرانەیان بە ئێوە نەبەخشییایە و یەک پرسیاری ڕاشکاوانەیان بەرەوڕووی ئێوە بکردایە: ئایا خۆت هەڵوێستت چییە لەو هەموو باسوخواسە و ئایا خۆت کاندید دەکەیتەوە یا دەتەوێ دەسەڵاتت بۆ ماوەیەکی تر درێژ

بکرێتەوە؟ پێویست بوو بۆ زانینی ئەو هەڵوێستە شەخسییەی ئێوە، بە کەمتر لە بینینی ئێوە (ڕووبەڕوو) ڕازی نەبوونایە. ئاخر لەو هەموو ماوە زۆرەدا لە لایەکەوە خۆت بەردەوام جەختت کردۆتەوە کە خولیای پلەوپایە نیت، کەچی لە لایەکی ترەوە بەردەوام قسەکەری حیزبەکەت و بەرپرسانی تری پارتی ئەوەیان دووپات کردۆتەوە، کە "سەرۆک بڕیاری کۆتاییی خۆی نەداوە." باشە گەر سەرۆک بڕیاری کۆتاییی نەداوە ئەی ئەو دوو مەکتەب سیاسییە لەو هەموو ماوەیەدا خەریکی چی بوون و ئایا کودەتاکەی ٣٠ی حوزەیران دەربارەی چییە، ئەگەر دەربارەی درێژکردنەوەی سەرۆکایەتیی ئێوە نییە؟

***

دەمەوێ لەسەر ڕەهەندی نێودەوڵەتیی سەفەری هەرە دواییت قسەیەک بکەم، دوای ئەوەی پێشتر ئەو سەفەرەم گرێ دا بەو قەیرانە ناوخۆیییەی کە باشووری کوردستان دووچاری بۆتەوە، قەیرانێک، کە گەیشت بە لووتکەیەکی زۆر ترسناک لە کاتی ئەو سەفەرەدا.

زۆر سەیرە ڕێک لە کاتی سەفەرەکەی ئەو دواییەتدا بۆ ناو قووڵاییی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، کەچی لە هەمان کاتدا گورزێکی هەرە ترسناک لە جێگە و پێگەی نێودەوڵەتیی باشووری کوردستان دەدرێ بەبێ ئەوەی ئێوە و سەرکردایەتیی کورد بەگشتی باسیان لەو گورزە ترسناکە کردبێ، چ جای ئەوەی هەوڵی ئەوەتان دابێ ڕێگری لەوە بکەن ئەو گورزە کوشندەیە بەر کوردستان و پێگە سیاسییەکەی بکەوێ.

مەبەست لێرە ئەوەیە، ڕێک لە کات و ساتی سەفەرەکەی ئێوە بوو، کە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری ئەوەی دا عێراق دەر بهێنێ لەژێر پەرەگرافی ٧ی پەیڕەو و پرۆگرامی ئەو ڕێکخراوە (واتە نەتەوە یەکگرتووەکان). بە باوەڕی خۆم، ئەم بڕیارە گورزێکی کوشندە بوو لە پێگەی سیاسی و ستراتیژیی باشووری کوردستان، لەبەر هۆیەکی زۆر سادە، ئەویش ئەوەیە کە بەراورد بە پێشوو، ئەم بڕیارە دەرگا و پەنجەرەکان لەنێوان کورد و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دادەخات، یا هەر نەبێ ئەو بڕیارە ئێستگەیەکی ترسناکە لەو ئاراستەیەدا...

لایەنێکی گرنگی مانەوەی عێراق لەژێر بەندی ٧ی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەوە بوو، کە باشووری کوردستان تا ڕۆژێکیش بەر لە دەرچوونی ئەو بڕیارە، دەرفەتی ئەوەی هەبوو لە کاتی قەیرانێکی جیددی لەگەڵ بەغداددا هەوڵی ئەوە بدات هەر لە چوارچێوەی بەندی ٧ی بڕیارە مێژووییەکانی ٦٨٨ (بڕیارلەسەردراو لە ٥ی نیسانی ١٩٩١) و ٩٨٦ (بڕیارلەسەردراو لە ١٤ی نیسانی ١٩٩٥)ی ئەنجوومەنی ئاسایش زیندوو بکرێنەوە. (هەر بۆ ئاگاداریی ئێوە و خوێنەر، بڕیاری ٦٨٨ بۆ یەکەم جار لە مێژووی نەتەوە یەکگرتووەکان بەڕاشکاوی ناوی کوردی هێناوە وەک خەڵکێکی چەوساوە لەژێر حوکمی سەدامدا و بڕیاری ٩٨٦ ئەو چوارچێوەیە بوو کە فرۆشتنی نەوتی عێراقی ڕێک خست بەرامبەر بە خۆراک و دەرمان کە ١٣٪ لەو فرۆشی نەوتە لەژێر سەرپەرشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بەر کوردستان دەکەوت).

ئێمە دەتوانین کۆمەڵێک شت بورووژێنین دەربارەی

هەڵوێستی ئێوە لەو گورزە کوشندەیە کە بەر کورد کەوت، لە ڕێگەی دەرکردنی عێراق لەژێر پەرەگرافی حەوت و بەو مانایەش گەڕانەوەی سەروەریی تەواوەتی بۆ دەوڵەتی عێراق، کە گرنگترینیان نائاگاییی ئێوەیە لە جیددییەتی ئەو گورزە کوشندەیە کە بەر کورد کەوتووە لە ڕێگەی لابردنی عێراق لەژێر بەندی حەوت. کاتێک مرۆڤ ڕاگەیاندنەکەی سەرۆکایەتیی هەرێم دەخوێنێتەوە، کە بەو بۆنەیەوە ڕاگەیەندرا، بەئاسانی لەوە دەگات کە سەرکردایەتیی دەسەڵاتی کوردی بە هیچ شێوەیەک لەو هەنگاوەی نەتەوە یەکگرتووەکان نیگەران نییە، بگرە خۆشحاڵیشە پێی! ڕاگەیاندنەکەتان بە هیچ شێوەیەک باس لە مەترسییەکان و دەرهاوێشتە ترسناکەکانی ئەو ڕووداوە ناکات و بگرە هیچ تێبینییەکی جیددیشی لەسەر بڕیارەکە نییە.

لە لایەکی ترەوە، پارادۆکسێکی گەورە ئەوەیە، سەفەرەکەی ئێوە ڕێک بۆ ئەو وڵاتەش فەرەنسا بوو، کە ئەندازیاری هەرە سەرەکیی بڕیاری ٦٨٨ بوو، کە دواتر لەژێر سێبەری هەمان ئەو بڕیارە، گەڕانەوەی خەڵکی کوردستان بۆ شار و لادێکانیان و پاراستنیان لە دەستدرێژییەکانی سەدام و دامەزرانی دەسەڵاتی خۆماڵی فەراهەم کرا. بەو پێیە، فەرەنسا ئەو وڵاتەیە کە لە هەموو وڵاتانی تری جیهان ئاشنایە بە ئەو بەسەرهات و تراژیدیایانەی بەسەر کورد هاتوون و هەر ئەو وڵاتەش بوو ڕۆڵێکی گرنگی بینی لە کەمکردنەوەی ئێش و ئازارەکانی ئەو گەلە، بەتایبەتی لە ڕێگەی کۆششیان بۆ دەرکردنی ئەو بڕیارە (واتە بڕیاری ٦٨٨)ی نەتەوە یەکگرتووەکان. موفارەقەکە لەم پرسیارە گرنگەدایە: ئایا لەو سەفەرەتدا چەندە هەوڵی ئەوەت دا لە فەرەنسییەکان بگەیەنیت، کە دەرچوونی عێراق لەژێر

بەندی حەوت هێشتا کاتی نەهاتووە، بگرە زۆریش زووە. فەرەنسییەکان خۆیان باش لەوە دەگەن کە هێشتا نزیکەی ٤٠٪ خاکی باشووری کوردستان مەترسیی جیددی لەدەستچوونی لەسەرە و کێشەیەکی زۆریشی لەسەرە. فەرەنسا ئەوەش دەزانێ، کە عێراق بە هێزی سەربازیی خۆی هەڕەشەی لە کورد کردووە، کەچی ئەو هەڕەشەیە لە کاتێکدا بووە، کە هێشتا عێراق لەژێر بەندی ٧ی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بوو! پرسیارێکی لۆژیکی ئەوەیە ئایا گەر عێراق دەرچوو لە ژێر ئەو بەندە، بەو پێیەش دەرفەتی خۆبەهێزکردن و پڕچەککردنی هەبوو، ئەو کاتە چی ڕوو دەدات؟ ئەوە و زۆر بابەتی تر کە هێشتا کێشمەکێشیان لەسەرە لەنێوان بەغداد و هەولێر و فەرەنسا بەر لە هەر وڵاتێکی تر باش ئاگاداری ئەو شتانەیە و هەر نەبێ لە ڕابردووشدا زۆرترین ڕادەی هاوکاری و پشتگیریی لە کورد کردووە. دەتوانم لەوە دوورتر بڕۆم و بڵێم ئەم بابەتە (واتە بابەتی دەرچوونی عێراق لەژێر بەندی حەوت) نە لە مۆسکۆ و نە لە پاریس بۆ ئێوە جێگەی باس و گرنگیپێدان نەبووە، بەڵکوو ئەوەی جێگەی باس بووە، فرۆشتنی نەوت و هەندێ ئاڵوێری بازرگانی و ئابووری بووە. ئەوەتا بەپێی دوایین هەواڵەکان، ئێوە لە مۆسکۆ خەریکی دروستکردنی "لۆبی سەرمایەداری" بوون! دواجار هەمووشمان باش دەزانین، کە لە فرۆشتنی نەوت، خەڵکی کوردستان نەک هەر داهاتەکەی بەر ناکەوێ، بەڵکوو ئەوەی بەری دەکەوێ کۆمەڵێک نەهامەتییە و کۆمەڵێک باجە کە لە ئاستە هەرە سیاسی و ستراتیژییەکانی کێشەکەیدا دەیدات: ١- ئەو داهاتی نەوتە کۆمەڵێک سەرکردەی تەماحکار و هێزی سیاسیی کردووە بە مۆتەکە بەسەر

ژیانی خەڵکی کوردستانەوە و گەندەڵی و دەرهاویشتەکانی گەندەڵییشی گەیاندۆتە ئاستە ستراتیژییە هەرە ترسناکەکانی. ٢- ئەو داهاتی نەوتە بەشێکی زۆری لە کۆمەڵگە کردووە بە توێژێکی مشەخۆر (لەوانەش بەشێک لە توێژی ڕۆژنامەنووس و نووسەر و مامۆستا و یاساناس و پەرلەمانتار و... هتد) ئەمەش ڕێک شێوازی بەکارهێنانی داهاتە ئابوورییەکانە بۆ لاوازکردنی سیاسییانەی کۆمەڵگە و لێکترازاندنی لە شێوەی "مەشیەخە" عەرەبییەکانی ناوچەی کەنداو. ٣- ئەو داهاتە بووەتە ڕێگرێکی گەورە لە بەردەم چارەسەرکردنی ڕاستەقینەی کێشە "هەڵپەسێردراوەکانی" نێوان بەغداد و هەولێر. ٤- نەوت و بەرژەوەندییە ئابوورییەکان بە شێوەیەکی ترسناک و ناهاوسەنگ و بیناکراو لەسەر بنچینەی بەرژەوەندییەکانی تاکە حیزبێکی سیاسی، پەیوەندییەکانی باشووری کوردستان و تورکیایان ڕێک خستووە. لەو پەیوەندییانەشدا یەک شت گرنگە (هەڵبەتە لە دیدی ئێوە و حیزبەکەتانەوە) ئەویش ئەوەیە، کە تورکیا بگاتە ئەو قەناعەتە، کە تەنها و تەنها پارتی و سەرکردەکانی، بەتایبەتی خۆت و بنەماڵەکەت، دەتوانن زامنی ئەوپەڕی قازانج و دەستکەوت بن بۆ ئەو وڵاتە و بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسییەکانیشی ئەوپەڕی پارێزراو بن، بە ڕادەیەک، کە ئەگەر پارتی دەسەڵات لەدەست بدات، ئەوا ئیتر زیانی هەرە گەورە بەر تورکیا دەکەوێت! ٥- شێوازی مامەڵەکردنی دەسەڵاتی سیاسی لەمەڕ کەناڵەکانی پەیوەندی لەنێوان باشووری کوردستان و جیهانی دەرەوەدا بە شێوازێک بووە، کە ئیتر بەئاسانی مرۆڤ دەتوانێت بڵێت ئەم مامەڵەیە کاریسەئامێز بووە. بەکورتی و بەچڕی ئەم کەناڵانە، کە

دەبێ هیی دانوستاندن بێت لە خزمەت دۆزی ڕەوای خەڵکی کوردستان، ڕێک گۆڕدراوە بە کەناڵێکی زەبەلاحی نەوتفرۆشتن و هەموو شێوەیەکی قۆرخکاریی ئابووری و بازرگانی بۆ دەوڵەمەندکردنی کۆمەڵێک لە چاوبرسییەکانی دەسەڵات و بەهێزکردنی پێگە و پایەی هەندێ سەرکردە و هێزی سیاسی، لەپێش هەمووشیانەوە بنەماڵە و حیزبەکەی خۆت...

دواجار ئێوە دەرچوونی عێراق لەژێر بەندی حەوت نەک هەر بە گورزێکی کوشندە لە کورد نازانن، بەڵکوو خۆتان باش لەوە ئاگادارن، کە لە ساڵانی پێشوودا بەردەوام دوو ئەندازیاری هەرە گرنگ لە هەوڵ و کۆشش بۆ بەئاکامگەیاندنی ئەم کاریسەیە (واتە دەرهێنانی عێراق لەژێر بەندی حەوت) دوو سەرکردەی کورد بوون، یەکێکیان ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی حیزبەکەتان (هوشیار زێباری)یە و ئەوەی تریشیان سەرۆککۆماری عێراق (مام جەلال) بووە...

***

لەم بەشەی نامەکەمدا دەخوازم باس لە هەندێک لە ڕەهەندەکانی شێوازی ئیدارەدانی سیاسی لەژێر دەسەڵاتی ئێوەدا بکەم.

لەژێر فەرمانڕەوایی ئێوەدا بەردەوام پارتی و حیزبە هاوپەیمانە ستراتیژییەکەتان (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) شانازیتان بە هەرچی شتی باش هەیە کردووە، بەڵام بەکورتی ئێستاش هەر ئەو هاوپەیمانییە، کە ناوتان ناوە ستراتیژی تا سەر ئێسقان هیی مۆنۆپۆلکردنی دەسەڵاتە، بە کۆمەڵێک شتەوە ڕاگیراوە، کە هیچیان جێگەی شانازی نین:

١- ئێستاشی لەگەڵدا بێت، خەڵکی کوردستان و قەواعیدی ئەو دوو حیزبە هاوپەیمانە بەردەوام بەوە ترسێندراون، بەتایبەتی لایەنی یەکێتی، کە ئەگەر بەو تەرتیباتانە ڕازی نەبن کە پارتی داوایان دەکات لە چوارچێوەی ئەو هاوپەیمانییە، ئەوا ئەلتەرنەتیڤ گەڕانەوەیە بۆ دوو ئیدارەیی، کە تیاییدا پارتی فەرمانڕەوایی بەسەر زۆربەی زۆری کوردستاندا دەبێت و "ئۆتۆنۆمیش بە سلێمانی" دەدرێت. لە ڕاستیدا بەپێی هەندێ هەواڵ، لە گفتوگۆکانی بەر لە ڕێکەوتنی هەرە دوایی لە ٢٩ی حوزەیران لەگەڵ یەکێتی، باس لەوە دەکرێت، یەکێتی بەوە ترسێندراوە کە گەڕانەوە بۆ دوو ئیدارەیی یەکێکە لە بژاردەکان، ئەگەر لەلایەن یەکێتییەوە پشتیوانی لە داخوازییەکانی پارتی نەکرا.

٢- لە لایەکی ترەوە ئێستاشی لەگەڵدا بێت، باشووری کوردستان بە شێوەی دوو ئیدارە بەڕێوە دەبرێت. لە ڕاستیدا نەک هەر ئەوە، بەڵکوو دوای یەکگرتنەوە ڕووکەشەکەی هەردوو ئیدارەی سلێمانی و هەولێر، کوردستان نەک هەر نەبووە خاوەنی یەک ئیدارە، بەڵکوو بووە خاوەنی سێ جۆر لە ئیدارە لە چوارچێوەی یەک ئیدارەدا: أ- حکومەتێکی بەهێزی پارتی خاوەنی یەکێک لە فاییلە هەرە هەستیارەکانە، ئەویش فاییلی نەوتە. لە ڕاستیدا ئەو فاییلە نەک هەر بۆ خەڵک سندوقێکی ڕەشە، بەڵکوو بۆ پەرلەمان و هاوپەیمانەکانت و بگرە ئەو بریکاری وەزارەتی نەوتیش (لەسەر میلاکی یەکێتیی هاوپەیمان) وەک مەتەڵێک لە سندوقێکی ڕەشدایە و لە دەست پارتیدایە. دواجار ئەم بریکارە، کە بەر لە کەم یا زۆر، ٧ مانگ پۆستەکەی پێدرا، دواتر بەر لە ماوەیەکی زۆر کەم نەمانزانی

ئایا ئەو بریکارە وەک زەلیلکردنی هاوپەیمانەکەتان دەر کرا یا خۆی بە "خواستی خۆی" وازی هێنا، دوای ئەوەی گەیشتە ئەو باوەڕەی لە پۆستەکەیدا "هیچ بە دەستە؟" ب- حکومەتێکی لاوازی یەکێتی. نموونەیەکی سادە و ئاشکرای لاوازی و بێدەسەڵاتیی ئەو حکومەتە، ئەو ڕاستییەیە کە دوای ٧ ساڵ لەوەی کۆسرەت ڕەسوڵ جێگرتان بووە، دەڵێم دوای حەوت ساڵ، ئەوجا بۆ یەکەم جار لە ماڵپەڕی "سەرۆکایەتیی هەرێم" باسی یەکێک لە چالاکییەکانی ئەو جێگرەت دەکرێ بە وێنەی خۆیەوە. ج- حکومەتێکی بەناویەکگرتوو بۆ خۆڵەچاوکردنی خەڵک. بەداخەوە ئەمڕۆش دوای ئەو هەموو ساڵە، زۆر جار لەسەر زاری بەرپرسان خۆیان (دەسەڵاتداران نەک ئۆپۆزسیۆن) دەبیستین، لە کوردستان هێشتا دوو ئیدارەیی بوونی هەیە، "بەڵام هەوڵ دەدەین ئەو یەکگرتنەوەیە بە کۆتا بگەیەنین."

٣- بەردەوام خەڵکی بەوە ترسێندراوە، بەتایبەتی جەماوەری یەکێتی، کە ئەگەر ئەو هاوپەیمانییە نەبێت، ئەوا مەترسیی شەڕی براکوژی لە بەردەرگایە، هاوپەیمانی بە ئامرازی تۆقان و مەترسی لە شەڕی براکوژی ڕاگیراوە.

دواجار یەکێک لە شانازی و نازە هەرە گەورەکانی دەسەڵاتتان (لە چوارچێوەی ئەو هاوپەیمانە ستراتیژییە) ئەوە بووە، کە گوایە ئاساییش و هێمنی لە سێبەری ئەو دەسەڵاتەدا بەرقەرارە، بەڵام ئایا دەکرێ لە وڵاتێک ئاساییش و هێمنی بەرقەرار بێت، بەڵام بە ڕۆژی نیوەڕۆ، لە ناوەڕاستی پایتەختی ئەو دەسەڵاتە و لە بەردەرگای حەرەمی زانکۆ خوێندکار و ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان بڕفێندرێ و دواتر بە هەمەجیترین شێوە تیرۆر بکرێ؟ حەز دەکەم ئەوەتان بیر بخەمەوە، کە یەکێک

لە درێژترین و خوێناویترین شەڕە ناوخۆکانی جیهان شەڕی ناوخۆی لوبنان بوو، کەچی بەدرێژاییی ئەو هەموو ساڵانەی شەڕی ناوخۆیە لە لوبنان، تەنها یەک کەس لەناو حەرەمی زانکۆ (زانکۆی ئەمەریکی لە بەیروت) کوژرا، ئەویش کەسێکی بە ناسنامە ئەمەریکی بوو! لەگەڵ تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان پایتەختی ناز و شانازی گۆڕدرا بە پایتەختی ترس و تۆقاندن و تیرۆر. لەگەڵ لەگۆڕنانی جەستەی سەردەشت، ناز و شانازیی دەسەڵاتی ئێوەش لەگۆڕ نرا! دواجار دەخوازم لەسەر ئەم بابەتە بۆچوونی خۆم بخەمە ڕوو: کەسانێک پێویستیان بە ترساندنی ئەوانی ترە کە خۆیان هەر زوو لە ناخی خۆیاندا تۆقاون و ترساون!

بەندە لە ڕێگەی ئەم نامەیەوە **نامەوێت** داوات لێ بکەم خۆت سەرکردایەتیی هەوڵێکی نیشتمانی ڕاستەقینە و جیددی بکەیت بۆ ڕێگرتن لە غلۆربوونەوەی باشووری کوردستان لەو نشێویی هەڵدێرە. ئەم جارە دەمەوێ (دوای نۆ ساڵ لە ئەزموونی پێشووم) بڵێم، من تێگەیشتنم هەیە بۆ ئەو بۆچوونە و بگرە خۆشم لەسەر ئەو بۆچوونەم کە ئێوە لەم هەڵدێرەی باشووری کوردستان بەرپرسی یەکەمن. بەداخەوە ئەو هەموو شانۆگەرییانەی دەسەڵات، لەژێر سەرکردایەتی و سێبەر و ئاراستەی ئێوە، کە لە ماوەی دواییدا دەربارەی هەڵبژاردنەکان کراون، ئەو تراژیدیا کوردییە دەباتە ئاستێکی هەرە مەترسیدار و ترسناک، تراژیدیایەک، کە لە سەروبەریدا ***خۆکردە***. ئەم شانۆگەرییانە کۆمەڵێک دەرهاوێشتەی پشتشکێنیان دەبێ، هەر لە نەمانی متمانە بە سیاسەت و سیاسەتکردن و ئەوەشی ناوی ئەزموونی دیموکراسییە تا دەگاتە ئەوەی ناشیرینکردنی

ئەو ئەزموونە و بێبەشکردنی لە هەموو جۆرێکی متمانە لە چاوی دۆستانی دەرەوە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا. چۆن دەکرێ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی باوەڕتان پێ بکات، کە ئێوە خەمخۆری ئەزموونی دیموکراسین، کاتێک هەموو لایەک ئەوە دەزانن، کە ماوەی نۆ ساڵە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان نەکراوە و دواجار دوای ئەو هەموو ماوەیە خۆت بڕیار دەدەی هەڵبژاردنەکان لە ٢٠١٣/٩/٢١ بکرێ دواییش هەر خۆت و هاوپەیمانەکانتان جارێکی تر هەڵبژاردنەکان هەڵدەوەشێننەوە و بۆ کاتێکی نادیار دوای دەخەنەوە؟

***

لە ڕاستیدا مەبەست لەم نامەیەی بەردەست زیاتر ئەوەیە، ڕای خۆم بەڕاشکاوانە بە خۆتان بگەیەنم و لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەشی وەک نامەیەکی کراوە لەگەڵ هاونیشتیمانییانی خۆشم بدوێم! داواکاری لێتان بۆ ئەوەی هەوڵی جیددی بدەیت بۆ دانانی سنوورێک بۆ ئەو قەیران و ڕۆچوونە لە هەڵدێرێکی زۆر مەترسیدار، بۆ سەدان هەزار کەسی ڕەشپۆش و جگەرسووتاو لە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان و قوربانییانی چەکی کیمیاوی و خەڵکی کوردستان بەگشتی بەجێ دەهێڵم. پێویستە ئەوەش بڵێم، کە گوێنەدانە داواکاری و نیگەرانییەکانی ئەو هەموو خەڵکە، بە ئەگەری زۆر دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو خەڵکە بە شێوەیەکی تر، لە شێوازی میسر و تونس و هەندێ وڵاتی تر داواکارییەکانی بخاتە بەردەمت! هەر لەو ڕۆشناییەشەوە، تکا دەکەم سەفەری داهاتووتان با بۆ میسر و تونس و یەمەن و (...) بێت، بەڵکوو

ئەم جارەیان لە نزیکەوە لە ڕێگەی ئەو سەفەرەتەوە باشتر لە هێز و توانای جەماوەر و شەقامی تووڕە حاڵی ببیت!

سڵاو و ڕێزی دووبارەم!

د. بورهان أ. یاسین
زانکۆی لوند، سوید
٢٠١٣/٧/٦

۵

# ئاگاداری و ڕوونکردنەوە بۆ ڕای گشتی دەربارەی "کۆنگرەی نەتەوەییی کورد"

## ئەم ڕاگەیەندراوە پێشتر لە هیچ بڵاوکراوەی تردا بڵاو نەبۆتەوە

ماوەیەکە دەزگاکانی ڕاگەیاندن باس لە "کۆنگرەی نەتەوەییی کورد" دەکەن و هەندێک کاریش لەم ئاراستەیەدا ئەنجام دراون. کۆنگرەکە بڕیارە لە ٢٤ی ئەم مانگەدا (مانگی ٨ی ٢٠١٣) لە شاری هەولێر ببەسترێت.

بەر لە ٨ ساڵ ***دەستەیەک لە ڕووناکبیرانی کوردستانی*** دوو دانە پڕۆژەی کوردستانییان پێشکەش بە بەڕێزان مەسعود بارزانی و مام جەلال کرد. یەکێک لەو دوو پڕۆژەیە پێشنیارێک بوو بۆ بەستنی کۆنگرەیەکی کوردستانیی سەرتاسەری (ئەکادیمی – سیاسی). بەپێی ئەو پڕۆژەیە، دەبووایە کۆنگرەکە لە هەولێر بە بەشداریی هێز و لایەن و کەسایەتییە کوردستانییەکان ببەسترێ.

یەکێک لە مەبەستە سەرەکییەکانی ئەو کۆنگرەیە، ئەوە بوو کە لە ڕێگەی دیالۆگی ئەکادیمی - سیاسییەوە باس و گفتوگۆ دەربارەی دۆزی کورد لە هەرچوار پارچەی کوردستان بکرێ. مەبەستێکی تری کۆنگرە ئەوە بوو، ژمارەیەک بڕیار لەسەر کۆمەڵێک پرنسیپ و پێوەری نەتەوەیی (کوردستانی) بدرێت، کە دواجار ببن بە بنەمای سیاسەت و دیپلۆماسی کوردستانی... جگە لە ژمارەیەک گووتاری ئەکادیمی، کە دەبوو لەلایەن شارەزایانی کورد و بیانی پێشکەش بکرێن، بڕیار بوو بەشێکی گرنگ لە کاتی کۆنفرانس بۆ چوار وۆرکشۆپی هاوتەریب (بۆ چوار پارچەی کوردستان) تەرخان بکرێن.

پڕۆژەی ناوبراو پەسەند کرا و زۆربەی زۆری لایەنە سیاسییەکانی کوردستان پشتگیرییان لێ کرد و ئامادەییان دەر بڕی بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرەکەدا، بەڵام کتوپڕ (تەنها چەند ڕۆژێک بەر لە بەستنی ئەو کۆنگرە نەتەوەییە، کە بڕیار بوو لە تشرینی یەکەمی ٢٠٠٧ ئەنجام بدرێ) لەلایەن دەسەڵاتەوە بڕیار درا ئەو کۆنگرەیە نابێ ببەسترێت، هەر ئەو دەسەڵاتەی پێشتر پشتگیریی لە کۆنگرەکە کردبوو.

لە لایەکی ترەوە، تەنها چەند مانگێک دوای بڕیاری شکستپێهێنانی کۆنگرەکە، جارێکی تر ئەم بیرۆکەیە، ئەم جارەیان لەلایەن دەسەڵات خۆیەوە، ئەو دەسەڵاتەی خۆی شکستی بە هەوڵەکەی *دەستەیەک لە ڕووناکبیرانی کوردستانی* هێنابوو، سەری هەڵدایەوە... ئێستاش هەمان دەسەڵات پێشڕەوی هەوڵێکی سەرلەنوێ بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد دەکات، کە بە بۆچوونی ئێمە، لە زۆرێک لە ئامانج و وردەکارییەکانیدا لەیەکچوونێکی یەکجار زۆری لەگەڵ ئەو

کۆنگرەیەی ئێمە لە ٢٠٠٥دا پێشنیارمان کردبوو هەیە. جا نەک هەر لەبەر ئەم ڕاستییە، بەڵکوو لەبەر زۆر هۆی تر بە پێویستمان زانی، ڕای گشتیی کوردستانی لە کۆمەڵێک ڕاستی ئاگادار بکەینەوە، بەو هیوایەی ئەم ڕوونکردنەوەیە نەک هەر تیشک بخاتە سەر هەوڵەکانی ڕابردوو، بەڵکوو بشبێ بە بەرچاوڕوونی بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان و هاونیشتمانییانی ئازیز:

١- دوای ساڵێک لە پێشکەشکردنی پڕۆژەی کۆنگرەی کوردستانی بە بەڕێزان تاڵەبانی و بارزانی، ڕێک لە هاوینی ٢٠٠٦، شاندێک لەلایەن *دەستەیەک لە ڕووناکبیرانی کوردستانییەوە* چاوی بە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی کەوت بە مەبەستی بەرجەستەکردنی بیرۆکەی کۆنگرەی کوردستانی لای ئەو و بەدەستهێنانی پشتگیرییان بۆ ئەو پڕۆژەیە. بەڕێزیان زۆر بەگەرمی و بە پەرۆشییەکی زۆرەوە پێشوازیی لە بیرۆکەی کۆنفرانس کرد و بەڵێنی دا هەرچی لە توانایدایە بیکات لە پشتگیریکردنی پڕۆژەی کۆنگرە و سەرخستنی. لە ڕۆشناییی ئەم بەڵێنە، کۆمیتەیەکی ئامادەکاری بە مەبەستی ئەنجامدانی لایەنە پراکتیکییەکان و ئامادەکاری بۆ کۆنگرە پێک هێنرا، کە *دەستە* خۆشی بوو بە بەشێک لەو کۆمیتەی ئامادەکارییە. کۆمیتەکە کارەکانی بەڕێوە برد بە بەشداریی نوێنەرێکی خۆی، واتە نوێنەرێکی نێچیرڤان بارزانی.

٢- بۆ ئەوەی ئامادەکاریی باشتری بۆ بکرێت، کۆنگرەکە دوو جار دوا خرا و دواجار بڕیار بوو لە ڕۆژانی ١٦ و ١٧ و ١٨ی مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٨دا لە شاری هەولێر ببەسترێت. بڕیار وا بوو لەم کۆنگرەیەدا زۆربەی هەرە زۆری

حیزبە کوردستانییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان، ژمارەیەکی زۆر لە نوێنەرانی کۆمەڵگەی مەدەنی و توێژی ئافرەتان و کەسایەتیی سیاسی و ئەکادیمی و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە و دەسەڵاتی سیاسی لە باشووری کوردستان بە هەرسێ دەسەڵاتەکەیەوە (پەرلەمان، حکومەت و سەرۆکایەتی هەرێم) بەشدار ببن.

بەڵام بە داخێکی زۆرەوە، دوای ئامادەکارییەکی یەکجار زۆر بۆ کۆنگرەکە، کە کات و وزەیەکی زۆری پێویست بوو، دوای ئەوەی بە ڕەسمی بانگهێشتی میوانەکانیش کرابوو و ئامادەییی جێگە و ڕێگەی کۆنفرانس تەواو بووبوو، بگرە دوای ئەوەی ژمارەیەک لە میوانانی کۆنگرە (بە مەبەستی بەشداریکردن لە کۆنگرەکەدا) گەیشتبوونە کوردستان، لەناکاو لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەم، کە دەکاتە تەنها دوو هەفتە بەر لە بەستنی کۆنگرە، بڕیاری شکستپێهێنانی کۆنگرە لەلایەن دەسەڵاتەوە بە کۆمیتەی ئامادەکار ڕاگەیەندرا!

٣- ئەوەی بەردەوام جێگەی داخە، ئەوەیە کە تا ئێستاش دوای ئەو هەموو هەوڵە دڵسۆزانەیە، *دەستەیەک لە ڕووناکبیرانی کوردستانی ئێستاشی* لەگەڵدا بێت، ئاگادار نەکراونەتەوە لە وردەکارییەکانی بڕیاری ڕاگرتنی کۆنگرەی کوردستانی و تا ئێستا لەگەڵ چاوەڕوانییەکی زۆر، *دەستەیەک لە ڕووناکبیرانی کوردستانی* بە نووسراو لە وردەکارییەکانی ئەو بڕیارە ئاگادار نەکراوینەتەوە، تەنیا ئەوە نەبێ، بە شێوەیەکی زارەکی وتراوە کە گوایە "بارودۆخ" ڕێگا نادات بە بەستنی کۆنگرەیەکی لەم شێوەیە لە هەولێر.

٤- گرنگە لێرەدا ئەوە بڵێین، لە ماوەی کار و چالاکییەکانی

ئامادەکاری بۆ کۆنگرە، ژمارەیەک کۆبوونەوەی چڕوپڕ و دوورودرێژ لەگەڵ ئەو کەس و لایەنانە کراوە کە مەبەست بوو هەڵوێستیان بزانرێ و بۆ کۆنگرە فەرموویان لێ بکرێ. دیارە ناکرێ لەم ڕاگەیاندنەی بەردەستدا ناوی هەر هەموو ئەو کەس و لایەنانە بهێنرێ، کە بۆ ئەم مەبەستە سەردانیان کراوە و گفتوگۆیان لەگەڵدا کراوە. بە هەرحاڵ ئەوەی بەتایبەتی پەیوەندیی بە هێزە سیاسییەکانی باشووری کوردستان و دەسەڵاتی سیاسی هەیە، گرنگە ناوی هەندێک کەس و لایەن بهێنین، کە سەردانیان کراوە، بگرە هەندێکیان زیاتر لە دوو یا سێ جار بینراون، لەوانەش جێگری سەرۆکی هەرێم کۆسرەت ڕەسوڵ، عومەر فەتاح، فازڵ میرانی وەک سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، د. کەمال فوئاد لەبری مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانی، سەلاحەدین بەهائەدین ئەمینداری گشتیی یەکگرتووی ئیسلامی، قادر عەزیز سکرتێری حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، کەمال شاکر سکرتێری حیزبی کۆمۆنیستی کوردستان، عەلی باپیر ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی، محەممەدی حاجی مەحمود سکرتێری حیزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان، قوباد تاڵەبانی نوێنەری حکومەتی هەرێم لە ئەمەریکا و نوێنەری مام جەلال، عەدنان موفتی و کەمال کەرکوکی سەرۆک و جێگری سەرۆکی پەرلەمان و ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرس و کەسایەتیی سیاسی و ئەکادیمی و ڕۆشنبیر و بواری کۆمەڵگەی مەدەنی کوردستانی، لەوانەش بەتایبەتی چالاکوانانی بواری ئافرەتان.

بە هەرحاڵ، دەبێ پەرۆشی و هەڵوێستی پۆزەتیڤانەی زۆربەی هەرە زۆری هێزە سیاسی و کەسایەتییەکانی ڕۆژهەڵات

و باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان بەرامبەر بیرۆکەی کۆنگرە و ئامادەییی تەواویان بۆ بەشداری تیایدا بەرز بنرخێنرێت و جەخت بکرێتەوە.

لێرەدا، جێگەی جەختکردنەوەیە، بڵێین هەر هەموو ئەو بەڕێزانە بەگەرمی، دیارە بە هەندێک جیاوازیی کەمەوە، پشتیوانیی خۆیان بۆ ئەو پڕۆژەی کۆنگرەیە دەر بڕی، جگە لە متمانەی تەواویان بە نیاز و کاری دەستە و کۆمیتەی ئامادەکار، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسووڕمان و دڵگرانییە، ئەوەیە کە دوای بڕیاری شکستپێهێنانی کۆنگرەکە، بە هەمان ڕادەی پەرۆشییەوە گرنگییان بە مەسەلەی نەبەستنی کۆنگرە و هۆکارەکانی نەداوە. جێگەی خۆیەتی ئەم بەڕێزانە، کاتێک ئەمڕۆ باس لە بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی لە هەولێر دەکرێ، بەڕاشکاوی و جەختکردنەوە باس لەو هەوڵەی *دەستەیەک لە ڕووناکبیرانی کوردستانی* بکەن، ئەوە لەبەر ئەوە نا کە ئەو دەستەیە لە ڕووناکبیرانی کوردستانی پێویستیان بە ستاییش بێت، بەڵکوو لەبەر مەسەلەیەکی سیاسیی یەکجار گرنگ ئەویش ئەوەیە کە ئەم کۆنگرەیەی بڕیارە لەم مانگەدا ببەسترێت، بە هیچ شێوەیەک یەکەم هەوڵی نییە و لە ژمارە *سفری مێژووەوە* دەست پێ دەکات، چونکە بەهەڵەخوێندنەوەی مێژوو، دەکرێ کاریسەی سیاسیی لێ بکەوێتەوە... بەتایبەتی بێدەنگی و کارنەدانەوەی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی و پارتی لە ئاست بڕیاری نەبەستن و شکستپێهێنانی کۆنگرە پێنج ساڵ بەر لە ئێستا، لەگەڵ ئەوەی خۆیان بە ڕادەی یەکەم بەرپرسن لە مەسەلەی نەبەستنی کۆنگرەکە لە تشرینی یەکەمی ٢٠٠٨دا. ئەم هەڵوێستە بە لایەنی کەمەوە ناشایستەیە...

٥- دەبێ ئەوەش جەخت بکرێتەوە، کە مەبەستێکی سەرەکی ئەوە بوو، کۆنگرە نەک هەر بە گفتوگۆیەکی تێروتەسەل لەسەر دۆزی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان ڕابوەستێ، بەڵکوو لە ڕاگەیەندراوێکی کۆتاییدا دەستنیشانی کێشەکان و چارەسەریان لە سیاسەت و دیپلۆماسیی کوردستانی بکات، بەبێ جیاوازیی پارچەکان. نەک هەر ئەوە، بەڵکوو لە کاتی خۆئامادەکردندا بۆچوونێک گەڵاڵە بوو، ئەویش ئەوە بوو کە کۆنگرە نابێ تەنها ڕووداوی یەک جار بێت. بەم شێوەیە بڕیار وا بوو کە مونتەدا یا کۆبەندێکی کوردستانی، وەک دامەزراوەیەکی نەتەوەییی هەمیشەییی کوردستانی، دابمەزرێ و لە دوارۆژیشدا ببێتە کۆمکارێکی یا کۆنگرەیەکی نەتەوەییی کوردستانی.

٦- کرۆکی ئەو گووتار و درووشمەی بۆ کۆنگرە ئامادە کرابوو ئەمە بوو (*ئاشتی لە ناوەوە و ئاشتی لەگەڵ دەرەوە؛ دیالۆگ لە ناوەوە و دیالۆگ لەگەڵ دەرەوە*). بە مانایەکی تر، ئاشتی و دیالۆگی کوردی - کوردی و ئاشتی و دیالۆگی کوردی لەگەڵ دەرەوە، بەڵام ئەوەی پێویستە جەخت بکرێتەوە ئەوەیە، بە هیچ شێوەیەک مەبەست لەم درووشمە ئەوە نەبوو، کە چەکفڕێدان بەسەر پەکەکەدا بسەپێنرێ. بە مانایەکی تر، ئێمە لەو باوەڕەدا بووین بەم شێوە گووتار و درووشمە دەکرێ کۆمەڵێک مەبەستی نەتەوەیی (واتە ناوخۆییی کوردی - کوردی) و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی بپێکێندرێ...

٧- لە کاتێکدا باسی بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی لە هەولێر لەم ڕۆژانەدا گەرموگوڕە، پێویستە چەند خاڵێکی تر دەربارەی ئەم بابەتە بخرێنە ڕوو:

أ- پێویستە لەلایەن ئامادەکارانی ئەو کۆنگرەیەی چاوەڕوانکراوە، زۆر بەتایبەتی سەرکردایەتیی پارتی و یەکێتی، پێزانینێکی ئاشکرا و ڕەسمی پیشان بدەن لەمەڕ کار و خەباتی پێشووی *دەستەیەک لە ڕووناکبیرانی کوردستانی* و ئەزموونەکانی پێشووتر لە بواری بوونیادنانی کۆنگرەی نەتەوەیی و لەشکرێک لە سەربازی ون، کە لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات ساڵانێکی زۆرە خەبات لەپێناوی دامەزراندنی کۆنگرەیەکی نەتەوەییی گشتگیر دەکەن. جگە لەمەش، بۆ خەڵکی کوردستانی ڕوون بکەنەوە، ئایا هۆی چی بوو کاتی خۆی دەسەڵاتی ئەو دوو حیزبە شکستیان بەو کۆنگرەیە هێنا، کە بڕیار بوو لە هەولێر لە تشرینی یەکەمی ٢٠٠٨دا ببەسترێت.

ب- دەبێ جەخت بکرێتەوە، کۆنگرەی نەتەوەییی "کوردستان" دەبێ ئامرازێک بێت بەدەست نەتەوەوە بۆ ئەوەی بەکاری بهێنێ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی لە بەدەستهێنانی دەسەڵاتی نەتەوەیی و پاراستنی بەرژەوەندییە نەتەوەیییە هەرە بەرزەکانی. بۆیە لایەنی کەمی چاوەڕوانی لەو هێز و کەسایەتی و ڕۆشنبیرانەی بڕیارە بەشدار بن لە کۆنگرەی چاوەڕوانکراودا، ئەوەیە کە نەبن بە بەشێک لە گەمەیەک، کە دواجار لەبری سوودی نەتەوەیی، زیانی زۆری نەتەوەیی لە کۆنگرەکە بکەوێتەوە... لەپێناوی ئەوەی شتێکی ئاوهاش ڕوو نەدات، پێویستە هەموو لایەنە بەشدارەکان بەتایبەتی هێزە سیاسییە سەرەکییەکان، هەرچییەکیان لە هەگبەدا هەیە لەمەڕ پەیوەندییە ئیقلیمییەکان، بە ڕوون و ئاشکرا و ئەوپەڕی کراوەیییەوە بیخەنە سەر مێزی گفتوگۆی کۆنگرە. لەپێناوی ئەوەی هیچ تاکە سەرکردەیەک نەبێتە تاکە سەرۆکی نەتەوەیی و پڕۆژەی یەکێتیی نەتەوەیی

وا باشە میتۆدی ***کۆسەرۆک*** (واتە سەرۆکایەتییەکی بەکۆمەڵ بەبێ تاکە سەرۆک) بۆ سەرکردایەتیی داهاتووی کۆنگرە بەکار بهێنرێت و ئەو کۆسەرۆکایەتییە لە ژمارەیەک ***کۆسەرۆک*** (هاوسەرۆک) پێک بێن، کە تیایدا نەک هەر مافی هەر بەشێکی کوردستان، بەڵکوو مافی ئافرەتان و گەنجانیش ڕەچاو بکرێت.

دەستەیەک لە ڕووناکبیرانی کوردستانی
کوردستان – سوید، ٢٠١٣/٨/٥

تێبینی:
١- تکایە بۆ بینینی ئەو پرۆژەیەی کە بەر لە ٨ ساڵ پێشکەش بە لایەنە پەیوەندیدارەکان کرابوو، بڕوانە:
http://www.burhanyassin.com/Rageyandin%20u%20herdu%20projeke%20PDF.pdf
٢- نووسەری ئەم کتێبە یەکێک بوو لە *"دەستەیەک لە ڕووناکبیرانی کوردستانی."*

# ٦

# تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس کاوە گەرمیانی نیشانەی پرسیارە لەسەر شانازییەکانی دوێنێی دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان

**وتاری نووسەر لە کۆڕی ماتەمینیی ڕۆژنامەنووس کاوە گەرمیانی، لە شاری مالمۆ — سوید، ٢٠١٣/١٢/٨**

سەری ڕێز و نەوازش بۆ گیانی پاکی ڕۆژنامەنووس کاوە گەرمیانی دادەنەوێنم. ئەم ڕۆژنامەنووسە بوێرە بووە ئامانجی دەستی تیرۆری ڕەش، تیرۆرێک، کە خۆکردە و هەڵقووڵاوی دەسەڵاتێکی کوردیی ناتەندروست و گەوجە، دەسەڵاتێک، کە سەرتاپاکەی ناکارامەیی و قەیرانە.

لە ڕێگەی ئەم کۆڕی ماتەمینییەوە، بۆ بەرزڕاگرتنی گیانی پاکی ڕۆژنامەنووس کاوە گەرمیانی و ناڕەزایی بەرامبەر تیرۆرکردنی ساز کراوە، خەم و ماتەمینیی خۆم ئاراستەی دایک و خێزانی کاوە گەرمیانی و خۆشەویستانی و هاوپیشەکانی و هەموو بەرگریکارانی پێنووس و وشە و بیری ئازاد دەکەم.

ئیجازەم بدەن دەنگی خۆم بخەمە پاڵ دەنگی ئێوە لە ناڕەزایەتیدەربڕین و شەرمەزارکردنی ئەو کارە قێزەونە. بە ستاییش و ڕێزێکی زۆریشەوە، سوپاستان دەکەم شەرەفی ئەوەتان پێدام لەم دەرفەتەدا بە چەند قسەیەک بەشداری خەم و ماتەمینی و هەڵوێستە جوامێرانەکەتان بکەم.

وا جارێکی تر دەستی ڕەشی تیرۆری خۆکرد بۆی چووە سەر، کە تاوانێکی تر بخاتە پاڵ تاوانەکانی پێشووی لە تیرۆرکردنی هەڵگرانی وشە و پێنووسی ئازا و ئازاد. لەم بۆنە پڕ مانا و پڕ بەهایەدا حەز دەکەم بە چەند خاڵێک هەڵوێست و بۆچوونی خۆم ڕوون بکەمەوە:

**یەکەم**: تیرۆری کاوە گەرمیانی ڕووداوێکی دابڕاو نییە لە ڕووداوەکانی پێشووتر، کە هەم هاوشێوەن و هەمیش لە خاڵی لێوەدەرچوون و ئاراستەدا هەمان تایبەتمەندی و کارەکتەریان هەیە. تیرۆرکردن و بێسەروشوێنکردنی کۆمەڵێک ڕەمز و چالاکوانی سیاسی لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، بەتایبەتی لە ناوچەی قەڵەمڕەوی پارتیدا و دواتر تیرۆرکردنی سۆرانی مامە حەمە و سەردەشت عوسمان و عەبدولسەتار تاهیر شەریف و دواتریش ڕەشبکوژییەکەی ١٧ی شوبات و بێدەنگکردنی سەید ئەکرەم، زنجیرەیەکە لە ڕووداو، کە هەمووی بە ئاراستەی تۆقاندن و ترساندنی ئازادیخوازاندا ڕۆیشتووە. زۆر گرنگە هەر لەبەر ئەوەش لە ڕووی پەیوەندییە ئاسۆییەکانەوە، واتە لە ڕووی جوگرافیای تاوانەوە، تیرۆرکردنی کاوە گەرمیانی لە سنووری ناوچەی گەرمیان و جوگرافیای دەسەڵاتی یەکێتیدا قەتیس نەکەین. هەروەها بە هەمان پێوەر زۆر گرنگە لە ڕووی زەمەنییەوە ئەم تیرۆرە ڕەشە بە دابڕاوی نەبینین و

هەڵی نەسەنگێنین، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندیی بە ڕابردووی تۆقاندن و ترساندن و تیرۆرکردنەوە هەبووە لەژێر دەسەڵاتی ٢١ ساڵەی خۆماڵی کوردی.

**دووەم:** گومانی تێدا نییە خەڵکی ئێمە ڕاهێنراوە لەوەی دەسەڵاتداران هەرکاتێ کردارێکی تیرۆرکردن، لە چەشنی ئەوەی تیرۆرکردنی کاوە گەرمیانی ڕوو دەدات، هەر زوو دەکەونە قسە و ڕاگەیاندن و دەنگیان دەخەنە پاڵ دەنگی خەڵک لە دەربڕینی خەم و دڵتەنگییان. ئەم دیاردەیە نەک هەر ڕۆحی کاوە گەرمیانی و خۆشەویستانی و هەموو ئازادیخوازانی کوردستان ئەزیەت دەدات، بەڵکو ئەمە لە ڕووی سیاسییەوە دیاردەیەکی زۆر ترسناکە. بە مانایەکی تر، دەسەڵات خۆی بەرپرسە لە کاری تیرۆر و تۆقاندن کە لە کوردستاندا ڕوو دەدات، بەڵام لە لایەکی ترەوە لە ڕێگەی ئەو دەربڕینی خەم و دڵتەنگییەی ڕێگە لەوە دەگرێ کە تووڕەییی خەڵک بگاتە ئاستێک، ئیتر بەبێ سێ و دوو و بەوپەڕی ڕاشکاوانە دەسەڵاتداران ڕووبەڕووی بەرپرسیارێتی بکاتەوە. دیوێکی تری ئەم هەڵسوکەوتە دزێوەی دەسەڵات ئەوەیە، کە ئیتر جار دوای جار بۆی چۆتە سەر، کە هەم خۆی حەشارگەی تاوانبار و جەللادەکان بێت و هەم خۆیشی لەگەڵ قوربانییەکان دەنگی غەم و پەژارەیی بەرز بکاتەوە. ئەم هەڵسوکەوتەی دەسەڵات دەبێتە هۆی خاوکردنەوەی تووڕەییی خەڵک و دزینی ئەم تووڕەییییە.

**سێهەم:** تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس کاوە گەرمیانی، جارێکی تر ئەوەی پشتڕاست کردەوە، کە ئیدی گومانی تێدا نییە، هاوپەیمانییە ستراتیژییەکەی پارتی و یەکێتی هاوپەیمانییە

لەسەر سیاسەتی قۆرخکردنی دەسەڵات و سیاسەتی تۆقاندن و ترساندن و کپکردنی دەنگی ئازاد بە ئاراستەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵگەیەکی داخراو و دواجار فەرمانڕەواییکردن لە ڕێگەی ئەم داخراوەییی کۆمەڵگەیەوە...

بەم مانایەش، هاوپەیمانیی ستراتیژی، یانی هاوپەیمانییەکی بێدەنگیی یەکێتی و پارتی لە تاوانەکانی یەکتری، بە مانایەکی تر، بێدەنگیی یەکێتی لە بەرامبەر تاوانەکانی پارتی و بێدەنگیی پارتیش لە بەرامبەر تاوانەکانی یەکێتی. ڕێک ئەمەیە ڕۆح و ماهییەتی هاوپەیمانییەکە.

**چوارەم:** لە ڕێگەی تیرۆرکردنی کاوە گەرمیانییەوە، هەر وەک پێشتریش لە ڕێگەی تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان و ئەوانی ترەوە، *ناڕاستگۆییەکی گەورەی زۆرێک لە دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان یەکلا بوویەوە*. ناڕاستگۆییەکەش ئەوەیە، دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان بەردەوام وەکوو منەتکردنێک بەسەر خەڵکی کوردستانەوە، پێمان دەڵێن ئەوان *دوێنێ لە شاخ ئازادیخواز بوون و ئامادەی هەموو قوربانییەک بوون لەپێناو بەدەستهێنانی ئازادیی تاکەکانی ئەم نەتەوەیە*، بەڵام دەبێ ئەمڕۆ ئیتر بە دەنگی بەرز ئەوە بڵێین، کە نەخێر ئێوەی دەسەڵاتدار ئەوێ ڕۆژێش ئازادیخواز نەبوون. ئەگەرنا *ئەوە خێرە هەر ئێوەی ئازادیخوازی دوێنێیەکی نزیک ئەمڕۆ ڕێکخەر و ئەندازیاری بەرهەمهێنانی کۆمەڵگەی ترس و تۆقاندن و نانبڕین و تیرۆرن*؟ ئیتر دەبێ دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆی کوردستان ئەوە بزانن، ئەوەی ئەمڕۆ دەیکەن ***سڕینەوەی ئەو دوێنێیەی خۆیانە کە شانازیی پێوە دەکەن***.

پێویستە دەسەڵاتدارانی کوردستان ئەوەش باش بزانن،

نەتەوەی ئازاد لە کۆی تاکە ئازادەکان پێک دێت و دەسەڵاتێک سیاسەتەکەی بریتی بێت لە تۆقاندن و ترساندن، ئەوا هەرگیز ناتوانێ ببێ بە بەرهەمهێنەری نەتەوەیەکی ئازاد. نەک هەر ئەمە، بەڵکوو هەمان ئەو دەسەڵاتە دەبێ بە هۆی تێکشکاندنی هەموو شانازییە نەتەوەیییەکان. نەک هەر شانازییەکانی ئەمڕۆ، بەڵکوو شانازییەکانی دوێنێش!

هەر لەبەر ئەوەشە بێدەنگکردنی هەر دەنگێکی ئازادیخواز و کوشتنی هەر تاکێکی ئازادیخواز، ڕێک کوشتنی نەتەوەی ئازادە لە ناوەڕۆک و مانا و ماهییەتیدا.

**پێنجەم:** جێگەی سەرسووڕمانە لەدوای تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس کاوە گەرمیانی، دەبیستین لێرە و لەوێ دەسەڵاتدارانی کوردستان هەر لە سەرۆکایەتیی هەرێمی سەپێندراو و حکومەتی هەرێم و مەکتەبی سیاسیی یەکێتی تا دەگاتە زۆرێک لە بەرپرسانی تر، دڵگرانی و خەم و دڵتەنگیی خۆیان دەر دەبڕن لە بەرامبەر ئەو تیرۆرکردنە. ئەمە نەک هەر ناڕاستگۆیییەکی تری دەسەڵاتە، بەڵکوو سیاسەتێکی ترسناکیشە، چونکە ئەم سیاسەتە یارمەتیدەرە بۆ تێپەڕاندنی ئەم تاوانە و ڕێگەخۆشکەریشە بۆ یەکسانکردنی قوربانی لەگەڵ جەللاد و خۆدزینەوەشە لە بەرپرسارێتی. ئەمە ڕێک سیاسەتی بێنرخکردن و بێبەهاکردن و کاڵکردنەوەی نارەزایەتیی ئازادیخوازان و توورەییی خەڵکی کوردستانە.

حەز دەکەم هەر لەم بارەیەوە ئەوە بڵێم، ئێمە نابێ بەوە ڕازی ببین کە دەسەڵاتداران خۆیان بکەن بە شەریکی غەمی ئازادیخوازانی کوردستان و خێزانی کاک کاوەی تیرۆرکراو. دەشبێ بەڕوونی و بەبێ دوودڵی ئەوە بە دەسەڵاتداران بڵێین،

ئێوەی دەسەڵاتدار ناتوانن شەریکی غەمی ئازادیخوازان و خێزانی قوربانییان بن، کاتێک خۆتان تاوانبارانی ١٧ی شوبات و تاوانبارانی تر داڵدە دەدەن و لەژێر سێبەری دەسەڵاتی ئێوەدا سەردەشت عوسمانەکان و کاوە گەرمیانییەکان تیرۆر دەکرێن.

- نا بۆ کۆمەڵگەی داخراو، بەڵێ بۆ کۆمەڵگەیەکی کوردستانیی کراوە و ئازاد.
- نا بۆ نەتەوەبوونێک کە تیایدا بنەماکەی ترساندن و تۆقاندنی تاکە ئازادیخوازەکانیەتی. نەتەوەیەک هەرگیز لە ناوەڕۆک و ماهییەتیدا ئازاد نییە، کە تاکەکانی بێدەنگ دەکرێن. نەتەوەیەک هەرگیز ئازاد نییە ئەگەر تاکەکانی ئازاد نەبن.
- کاتی ئەوە هاتووە، بگرە درەنگیشە، بڵێین ئیتر بەسە. ئەوەش بڵێین کە تەنها یادکردنەوە و خۆپیشاندان و کۆڕ و کۆبوونەوە بەس نین بۆ ڕاگرتنی ئەم شەپۆلی تیرۆرە. ئەم بارودۆخە پێویستی بە کار و خەباتێکی زۆرتر هەیە، ئەگەرنا هێز و تواناکانی تۆقاندن و تیرۆر بەردەوام دەبن لە پاڵدانی کوردستان بەرەو هەڵدێرێکی ترسناکتر لەوەی کە هەیە....
- با لێنەگەڕێین چیی تر دەسەڵات ناڕاستگۆییەکانی بەسەرماندا تێبپەڕێنێ، لە لایەکەوە پشتگیر و حەشارگەی تاوانباران بێت و لە لایەکی تریشەوە بە دەربڕینی دڵتەنگی و پەژارەکەی تووڕەییی خەڵکی کوردستان مایەپووچ بکات.
- هەزار سڵاو لە گیانی پاکی کاکە کاوە گەرمیانی، ڕۆحی ئاسوودە و شاد بێت.

## ٧

# دواجار گۆمە سیاسییەکەی باشووری کوردستان شڵەقا: ڕاگەیاندراوێک دەربارەی کاندیدبوونم!

### لە ماڵپەڕی تاکەکەسیی نووسەردا لە ١٧ی حوزەیرانی ٢٠١٥دا بڵاو بۆتەوە

ئەزموونە سیاسییەکەی باشووری کوردستان، کە ئێستاشی لەگەڵدا بێت، لە مەسەلە هەرە چارەنووسساز و گرنگەکاندا ئەزموونێکی سەرکەوتوو نەبووە، چووەتە قۆناغ و ئێستگەیەکی زۆر هەستیار و بگرە یەکلاکەرەوەش.

کەم جار هەبووە لە ماوەی ٢٣ ساڵی ڕابردوودا بەم ڕادەیە و بەم پلەیە لە چڕبوونەوە مەسەلە یەکلاکەرەوەکان بووبن بە جێگەی قسە و باس. ئەم قسە و باسە لە فەزا گشتییەکەدا نەماوەتەوە و چووەتە ئاستی هەرە باڵا لەناو کۆمەڵگەی سیاسیدا، واتە لەناو دامودەزگاکانی دەسەڵات، بەتایبەتی پەرلەمان و لەلای یاریکەرە سەرەکییە سیاسییەکان.

بێگومان ئەم شڵەقانە لە لایەکی ترەوە، کۆمەڵگەی ئەکادیمی و کۆمەڵگەی مەدەنیی بەتوندی بە کۆی پڕۆسەکەوە

پەیوەندیدار کردووە.

مەبەست لە نووسینی ئەم چەند دێرەی بەردەست دوو شتە، یەکێکیان پەیوەندیی بە ناوهێنای بەندەوە هەیە، **گوایە** وەک ئەوەی کاندید بم بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی هەرێم و ئەوەی تریشیان چەند تێبینیەکی پێویستە لەسەر مەسەلەی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم:

١- دەربارەی ناوهێنانی بەندە وەک کاندید بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم:

أ- بە جەختکردنەوەوە ئەوە دەڵێم، کە لە ڕووی ڕەسمییەوە ***لە ئێستادا*** هیچ شتێک لە ئارادا نییە بۆ خۆکاندید کردنم یا بۆ ئەوەی لایەنێک یا چەند لایەنێکی سیاسی منیان بۆ ئەو مەبەستە کاندیدکردبێ؛

ب- لە کۆی ئەو قسە و باسانەی لەم بارەیەوە، بەتایبەتی لە سۆشیال میدیادا پشتگیری و بەخشینی متمانە بە بەندە بەدی دەکرێت. من لێرەدا بە ئەرکی خۆمی دەزانم لە ئاست ئەم متمانە هێژا و جوان و پڕبەهایە بێدەنگ نەبم. بە بۆچوونی خۆم، متمانەی خەڵک (جا با ئەو خەڵکە بگرە با ١٠ کەسیش بێت) گەورەترین سەرمایەیە کە مرۆڤی سەرکردە و سیاسەتکار و نوێنەری خەڵک بەدەستی بهێنێت. جا لێرەوە هەموو ئەو متمانە جوانە کە دەر بڕاوە بەرامبەر بە بەندە، بەرز دەنرخێنم، لە بەرامبەریدا دەچەمێنمەوە و بە ئەمانەتێکی گەورەی دەزانم. بە ئەرکی خۆشمی دەزانم، ئەم متمانەیە وەک ڕۆشناییی چاوم بپارێزم... ئەم پەیامەم بەشێکە لە هەڵوێستەیەکی بنەڕەتی و نەگۆڕاوم، ئەویش ئەوەیە کە لە سیاسەتی ڕێکخستنی فەزای نەتەوە و نیشتمان و لە ڕێکخستنی پەیوەندیی دەسەڵات و

خەڵک لە لایەک و پەیوەندیی هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم فەزایەدا لەگەڵ یەکتردا، دەبێ مۆڕاڵ (هەڵبەتە ئەخلاق بە مانا سیاسییەکەی) بخرێتە سەر تەپڵی سەری سیاسەت و نەریتی سیاسەتکردن... بەم مانایەش، گەڕاندنەوەی مۆڕاڵ بۆ سیاسەت، ئەفزەڵیەتێکی لەپێشینەی منە و کۆڵەکەیەکی گرنگیشە لە تەواوی جیهانبینیم.

٢- دەربارەی مەسەلەی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم، دەخوازم ئەم نووسراوە بکەم بە دەرفەت بۆ ئەوەی چەند تێبینییەک بخەمە ڕوو:

أ- بە باوەڕی خۆم، گوناهێک و غەدرێکی گەورە بە دەرهەق خەڵکی باشووری کوردستان دەکرێت، کاتێک بۆچوونێکی ئەوها، جا لەلایەن تاکەکەسانێک بێت یا هێزی سیاسی، کە گوایە لەناو ئەم هەموو خەڵکەدا تەنها و تەنها تاکەکەسێک هەیە، جا بە هەر بیانوویەک بێت، کە دەتوانێت جڵەوی پرۆسەی سیاسی لە باشووری کوردستان بەدەستەتەوە بگرێ و بەم واتایەش بەبێ ئەو کەسە پاپۆڕی کورد نەک هەر ناگات بە کەناری ئارام، بەڵکوو بگرە نقومیش دەبێت! لە لایەکی ترەوە مەترسییەکی جیددی هەیە کە نەبوونی خواست، هەر نەبێ تا ئێستا، لەلای هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی پێشوو و یەکێتیی نیشتمانی بۆ خستنەڕووی کاندیدی خۆیان بۆ سەرۆکی هەرێم ئەو بۆچوونە مەترسیدارە پشتڕاست دەکاتەوە و هەر ئەوەشە قەوارەی کاریسەکە گەورەتر و مەترسیدارتر دەکات. کاتی ئەوە هاتووە ئەم هێزانە و کۆمەڵگەی مەدەنی و کەسە دڵسۆزەکانی ئەم نیشتمانە بە دەنگێکی زوڵاڵ و بەبێ هیچ دوودڵیەک بە خەڵکی کوردستان بڵێن، کە بەڵێ ئەم نیشتمانە

پڕاوپڕیەتی لە کوڕ و کچی دڵسۆز و لە خەڵکی بەتوانا کە بەوپەڕی شایستەییەوە دەتوانن سەرۆکی ئەم هەرێمە بن لە کاتی پێویستیشدا بژاردەی خستنەڕووی کاندیدی تر بژاردەیەکی کراوە و هەرەلەپێشە! کاتی ئەوە هاتووە کار لەسەر ئەم پەیامە بکرێ و باوەڕبەخۆبوون بۆ تاکی ئەم وڵاتە بگەڕێنرێتەوە.

ب- نەریتێک، کە بۆتە مۆتەکە و دێوەزمە بەسەر کولتووری سیاسیی ئەم وڵاتەدا، ئەوەیە کە دەسەڵاتدار کورسییەکەی بە هەر بەهایەک بێت دەپارێزێ. وڵاتی ئێمە پێویسی بە نموونەیەکی نوێ هەیە لە سەرکردە، سەرکردەیەک، کە لە ناخی خۆیدا گەیشتبێتە ئەو باوەڕەی بەبێ سەرکردایەتی و سەرۆکایەتیی ئەو پاپۆڕی نەتەوە نەک هەر نقوم نابێت، بەڵکوو بگرە دەگات بە کەناری ئاراممییش! بۆ ناکرێ سەرۆک و سەرکردەکان شتێک، تەنها بۆ نموونە، لە یەکەم سەرۆکی تەیموری ڕۆژهەڵات، خەنانا گۆسماو فێر ببن، کاتێک هێشتا ساڵی یەکەمی لە خولی یەکەمی سەرۆکایەتییەکەی تەواو نەبووبوو، بە تکاوە داوای لە هاووڵاتییانی وڵاتەکەی کرد، کە لێی گەڕێن بگەڕێتەوە سەر پیشە کۆنەکەی خۆی، ***کە ماسیگرتن بوو!***

ج- کاتی ئەوە هاتووە خەڵکی کوردستان بە دەنگێکی بەرز ئەوە بڵێین، کە شەڕی براکوژی و دووئیدارەیی و نانەوەی پشێوی، بە هیچ شێوەیەک ڕێگەپێدراو نییە و نابێ وەک بژرارده لەژێر هیچ پاساوێک و بە هیچ بیانوویەک دەستیان بۆ ببردرێ!

د- گوناهێکی گەورە لە بیرۆکە و ڕەوتی سەربەخۆیی

دەکرێ، ئەگەر بێت و ئەم مەسەلە ستراتیژی و هەستیارە لە گەمەیەکی زۆر بچووکتردا، کە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی هەرێم و بوون یا نەبوونی سەرکردەیەکە لەسەر کورسیی فەرمانڕەواییی سەرۆکایەتی، بچووک بکرێتەوە و سنوور داربکرێت.

د. بورهان أ. یاسین
هەولێر، ٢٠١٥/٦/١٧

# کتێبە چاپکراوەکانی ئەندێشە

١. بنەڕەتەکانی فەلسەفە-حەمید عەزیز
٢. کورد لەدیدی ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە (چ٢)-فەرهاد پیرباڵ
٣. ڕێبازە ئەدەبییەکان (چ ٢)-فەرهاد پیربال
٤. مۆزەخانەی پاکیزەیی-ئۆرهان پامۆک- و.بەکر شوانی
٥. نەتەوەی زێرابەکان-جەبار جەمال غەریب
٦. ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی (چ٢)-جەعفەر عەلی
٧. سۆفیزم و کاریگەری لەسەر بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی...-جەعفەر عەلی
٨. مەحوی لەنێوان زاهیرییەت و باتینییەت و... (چ٢)-ئەحمەدی مەلا
٩. نهێنییەکانی ژیان-ئۆشۆ-و. ئازاد بەرزنجی
١٠. کورتیلەیەک لە مێژووی کات -ستیڤن هۆکینگ و لیۆنارد ملۆدیتۆ-و. حوسەین حوسەینی و هیوا عومەر
١١. کۆشک-فرانتس کافکا-و. عەتا نەهایی
١٢. فەصلول مەقال- ئیبن ڕوشد-و. مەریوان عەبدول
١٣. شۆڕشی ئەیلوول لەبەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکادا-وریا ڕەحمانی
١٤. دەسەڵات و جیاوازی-مەریوان وریا قانع
١٥. لە چ ئێستایەکدا دەژین-مەریوان وریا قانع
١٦. شوناس و ئاڵۆزی-مەریوان وریا قانع
١٧. سیاسەت و دونیا-مەریوان وریا قانع
١٨. جەمشید خانی مامم-بەختیار عەلی
١٩. کەشتی فریشتەکان (کتێبی١)-بەختیار عەلی
٢٠. کەشتی فریشتەکان (کتێبی٢)-بەختیار عەلی
٢١. لە دیارەوە بۆ نادیار (چ٢)-بەختیار عەلی
٢٢. وەک باڵندەی ناو جەنگەڵە ترسناکەکان-بەختیار عەلی
٢٣. چێژی مەرگدۆستی (چ٢)-بەختیار عەلی
٢٤. مەعریفە و ئیمان-بەختیار عەلی و هێمن قەرەداخی

٢٥. دۆزی کورد لە بازنەی پەیوەندییەکانی ئەمریکاو...-گۆران ئیبراهیم صاڵح
٢٦. سەمەرقەند (چ٢)-ئەمین مەعلوف-و. ئەحمەدی مەلا
٢٧. وێستگەیەک لە گەشتێکی فەلسەفی-فاروق ڕەفیق
٢٨. ئەخلاقناسی-تەحسین حەمە غریب
٢٩. گەشەسەندنی ڕامیاری...-د. ک. پێسچانی-و. د. ئارام عەلی
٣٠. مێژووی کۆنی کورد (چ٢)-جەمال ڕەشید فەوزیە ڕەشید-و. ملکۆ کەلاری
٣١. منداڵانی گەڕەک-هیوا قادر
٣٢. مرۆڤی یاخی-ئەلبێر کامۆ-و. ئازاد بەرزنجی
٣٣. پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێم و دەوڵەتانی...-هێرش جەوهەر مەجید
٣٤. مێژووی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و سیاسی... (چ٢)-فریشتە نورائی-و. هەورامان فەریق کەریم
٣٥. سلێمانی لەنێوان ساڵانی (١٩٤٥-١٩٥٨)-توانا ڕەشید کەریم
٣٦. شاری سلێمانی (١٤ی تەموزی ١٩٥٨-١٧ی تەموزی ١٩٦٨)-هەوراز جەوهەر مەجید
٣٧. کتێبی پەراوێزنووسان-عەتا محەمەد
٣٨. فیکر و دونیا (بەرگی ١)-مەریوان وریا قانع
٣٩. فیکر و دونیا (بەرگی ٢)-مەریوان وریا قانع
٤٠. دین و دونیا (چ٢)-مەریوان وریا قانع
٤١. کتێب و دونیا (چ٢)-مەریوان وریا قانع
٤٢. کۆمەڵگەی ڕەش-د. عادل باخەوان
٤٣. زستانێکی درێژ-کولم تویبێن-و. دلاوەر قەرەداغی
٤٤. فرانسیسکۆس قەدیسی من (چ٢)-نیکۆس کازانتزاکیس-و. دلاوەر قەرەداغی
٤٥. ئاهەنگی تەگەکە-ماریۆ بارگاس یۆسا-و. جەلیل کاکەوەیس
٤٦. شەوی لیشبۆنە-ئێریش ماریا ڕیمارک-و. کەریم پەڕەنگ
٤٧. من و ئەو-ئەلبێرتۆ مۆرافیا-و. کارزان عەلی
٤٨. میرنامە (چ٢)-جان دۆست-و. سەباح ئیسماعیل
٤٩. ڕووخسارە بەندکراوەکەم-لەتیفە-و. ڕووناک شوانی
٥٠. قەپێلک-مستەفا خەلیفە-و. هەورامان وریا قانع
٥١. خەونی پیاوە ئێرانییەکان و کەوتنی بۆرە قەڵا-و. ماردین ئیبراهیم
٥٢. گرگن-پێر لاگەرکڤیست-و. خەبات عارف
٥٣. ١٩٨٤ (چ٢)-جۆرج ئۆروێل-و. حەکیم کاکەوەیس
٥٤. سوور و ڕەش-ستانداڵ-و. سیامەند شاسواری
٥٥. دەستنووسە دۆزراوەکەی ئەکرا (چ٢)-پاولۆکۆیلۆ-و. سیروان مەحمود
٥٦. جادەی مێخەک (١)-دلاوەر قەرەداغی
٥٧. جادەی مێخەک (٢)-دلاوەر قەرەداغی
٥٨. ئێوارستان-پێر لاگەرکڤیست-و. خەبات عارف
٥٩. دارستانی نەرویجی-هاروکی موراکامی-و. تارا شێخ عوسمان

٦٠. ئێوارەی پەروانە (چ٧)-بەختیار عەلی
٦١. شاری مۆسیقارە سپییەکان (چ٤)-بەختیار عەلی
٦٢. مەرگی تاقانەی دووەم (چ ٥)-بەختیار عەلی
٦٣. کۆشکی باڵندە غەمگینەکان (چ٤)-بەختیار عەلی
٦٤. تا ماتەمی گوڵ... تا خوێنی فریشتە (چ٣)-بەختیار عەلی
٦٥. سێوی سێهەم (چ٣)-بەختیار عەلی
٦٦. ئاورەکەی ئۆرفیۆس-بەختیار عەلی
٦٧. غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ (چ٢)-بەختیار عەلی
٦٨. ئەی بەندەری دۆست، ئەی کەشتی دوژمن (چ٣)-بەختیار عەلی
٦٩. دواهەمین هەناری دونیا (چ٧)-بەختیار عەلی
٧٠. ئێمەی پەنابەر-کۆمەڵێ نووسەر
٧١. گرەوی بەختی هەڵاڵە (چ٢)-عەتا نەهایی
٧٢. عێراقییەک لە پاریس-سەمۆئێل شەمعون-و. سەباح ئیسماعیل
٧٣. جیهانی سۆفیا و فەرهەنگی سۆفیا (چ ٥)-یۆستاین گاردەر-و. بەهرۆز حەسەن
٧٤. کچەی پرتەقاڵ (چ ٥)-یۆستاین گاردەر-و. بەهرۆز حەسەن
٧٥. لە ئاوێنەیەکدا، لە نهێنییەکدا (چ٣)-یۆستاین گاردەر-و. بەهرۆز حەسەن
٧٦. کچی بەڕێوەبەری سێرک (چ٣)-یۆستاین گاردەر-و. بەهرۆز حەسەن
٧٧. نهێنی یاری کاغەز (چ٣)-یۆستاین گاردەر-و. بەهرۆز حەسەن
٧٨. مایا (چ٢)-یۆستاین گاردەر-و. بەهرۆز حەسەن
٧٩. ئینسایکلۆپیدیایەکی مێژوویی وێنەدار-کۆمەڵێ نووسەر-و. هەورامان وریا قانع
٨٠. فەلسەفەی بوون-د. محەمەد کەمال
٨١. وەک ڕووبارە بەخورەکە-پاولۆکۆیلۆ-و. سیروان مەحمود
٨٢. دیارییە مەزنەکە-پاولۆکۆیلۆ-و. سیروان مەحمود
٨٣. سیشەممان لەگەڵ مۆریی (چ٢)-میچ ئەلبۆم-و. جوتیار ژاژڵەیی
٨٤. دوالیزمی دژ یەک لە هۆنراوە لیریکییەکانی مەولانای ڕۆمی و...-لهۆن قادر عەبدولڕەحمان
٨٥. ڕووناک وەک ئەوین، تاریک وەک مردن-مەمەد ئوزون-و. وریا غەفووری
٨٦. کاندید-ڤۆڵتێر-و. بەیان سەلمان
٨٧. باوکە گۆریۆ-بەلزاک-و. ئەحمەدی مەلا
٨٨. زێبرا-جەبار جەمال غەریب
٨٩. منداڵی سووتاو-ستیگ داگەرمان-و. دلاوەر قەرەداغی
٩٠. ورێنە-ئەنتۆنیۆ تابوکی-و. عەتا محەمەد
٩١. مردن لە ڕوانگەی ئایینەکانەوە (چ٢)-بوساحە ئەحمەد-و. دانا مەلا حەسەن
٩٢. گویێ بگرە، پیاوی بچووک (چ٤)-ویلهێلم ڕایش- و.خەبات عارف
٩٣. ڕێبەری کتێبسازە کوژراوەکان-عەتا محەمەد
٩٤. کچە فیلم گێڕەرەوەکە-هێرنان ڕیڤێرا لێتێلیێر-و. عەتا محەمەد

٩٥. باوکی ئەو-پەرینوش سەنیعی-و. ڕووناک شوانی
٩٦. داوێنپیسی-پاولۆکۆیلۆ-و. سیروان مەحمود
٩٧. کیمیاگەر (چ٢)-پاولۆکۆیلۆ-و. سیروان مەحمود
٩٨. ڕۆژهەڵاتی عەدەن، ڕۆژئاوای خودا-محەمەد ماغوت-و. حسەین لەتیف و کارزان عەلی
٩٩. خۆشی پیشەی من نییە (چ٢)-محەمەد ماغوت-و. حسەین لەتیف و کارزان عەلی
١٠٠. خیانەت لە نیشتمانەکەم دەکەم-محەمەد ماغوت-و. حسەین لەتیف و کارزان عەلی
١٠١. ڕۆژژمێری کیژۆڵەیەک-ئان فرانک-و. عەلی عوسمان یاقووب
١٠٢. جیهانی ڕۆمان-دکتۆر هاشم ئەحمەدزادە
١٠٣. نەفرەت لە دۆستۆیڤسکی (چ٢)-عەتیق ڕەحیمی-و. ئازاد بەرزنجی
١٠٤. فایدۆن (چ٢)-ئەفلاتون-و. ئاوات ئەحمەد سوڵتان
١٠٥. گۆرگیاس (چ٢)-ئەفلاتون-و. ئاوات ئەحمەد سوڵتان
١٠٦. سیاتیتۆس-ئەفلاتون-و. ئاوات ئەحمەد سوڵتان
١٠٧. مەسیح لە خاچ دەدەنەوە (چ٢)-نیکۆس کازانتزاکیس-و. دلاوەر قەرەداغی
١٠٨. تۆ مەچۆ بۆ شەڕ (چ ٢)-ماردین ئیبراهیم
١٠٩. سەگوەڕ (چ ٧)-محەمەد موکری
١١٠. چاوەکانی (چ١١)-بوزورگ عەلەوی-و. ئازاد بەرزنجی
١١١. A-6171 من لە ئاوشفیتز دەرباز بووم-فێرێنک گوێندوێر-و. عەتا محەمەد
١١٢. باراباس-پیێر لاگەرکڤیست-و. خەبات عارف
١١٣. تۆڵە (چ٥)-محەمەد موکری
١١٤. سڵاو؟ کەس لەوێیە؟ (چ٢)-یۆستاین گاردەر-و. سیروان مەحمود
١١٥. هیچ-کۆچەر ئەبوبەکر
١١٦. هەورەکانی دانیال-بەختیار عەلی
١١٧. ئێمە زەریامان بەزاند-جولی ئوتسوکا-و. دلاوەر قەرەداغی
١١٨. بەناوی ژیانەوە-ئەریک فرۆم (چ٥)-و. ئازاد بەرزنجی
١١٩. کوردستان لە ڕووبەڕووبوونەوەی داعشدا-د. بورهان أ. یاسین
١٢٠. دڵرەقیی و بێ ماڵیی-مەریوان وریا قانیع
١٢١. دزێکی ڕاستگۆ- دۆستۆیڤسکی-کاروان مەحمود
١٢٢. تیمساح-دۆستۆیڤسکی-کاروان مەحمود
١٢٣. سۆفیست-ئەفلاتوون-و. ئاوات ئەحمەد سوڵتان
١٢٤. چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی-د.کەساس جەباری
١٢٥. نهێنیی کریسمس (چ٢)-یۆستاین گاردەر-و. سیروان مەحمود
١٢٦. دوایین ڕۆژەکانی سۆکرات-ئەفلاتوون-و. ئاوات ئەحمەد سوڵتان
١٢٧. یەکەمین مەکتووب-پاولۆ کۆیلۆ-و. سیروان مەحمود
١٢٨. ئاگرەکەم مەسڕنەوە- ئازاد سوبحی
١٢٩. تامیتامی- ئەنتوان چیخۆف-و. دلاوەر قەرەداغی

١٣٠. کۆلۆنێل-مەحموود دەوڵەتئابادی-و. ئازاد بەرزنجی
١٣١. شەوانی ئادەم-بەیان سەلمان
١٣٢. کێشەی بوونی مرۆڤ-ئومێد حەمەعەلی
١٣٣.قەموورەکەی نۆتر دام-ڤیکتۆر هیگۆ-و.جەوهەر مەحموود داراغا
١٣٤. بەدوای عەشقا (چ٢)-بەهجەت یەحیا
١٣٥. دەربارەی باوکە گۆریۆ-و.حەمەکەریم عارف
١٣٦. دەربارەی برایانی کارامازۆف-و.حەمەکەریم عارف
١٣٧. دەربارەی بێنەوایان-و.حەمەکەریم عارف
١٣٨. دەربارەی داستانی ئیلیادە-و.حەمەکەریم عارف
١٣٩. دەربارەی دۆن کیشۆت-و.حەمەکەریم عارف
١٤٠. دەربارەی دیکامیرۆن-و.حەمەکەریم عارف
١٤١. دەربارەی شەڕ و ئاشتی-و.حەمەکەریم عارف
١٤٢. دەربارەی فاوست-و.حەمەکەریم عارف
١٤٣. دەربارەی کاندید-و.حەمەکەریم عارف
١٤٤. دەربارەی کۆمیدیای یەزدانی-و.حەمەکەریم عارف
١٤٥. دەربارەی هاملێت-و.حەمەکەریم عارف
١٤٦. هەتا چاو بڕ بکات... تاریکی-فەرهاد مستەفا
١٤٧. جوانییەکانی نارێکی-بەختیار عەلی
١٤٨. ڕەخنە لە عەقڵی فاشیستی-بەختیار عەلی
١٤٩. نەرسیسی کوژراو-بەختیار عەلی
١٥٠. یادەوەری و زەمەن-بەختیار عەلی
١٥١. ئیمان و جەنگاوەرانی (چ٢)-بەختیار عەلی
١٥٢. قەلەندەر و قەڵا-یەحیا یەسریبی-و. ئازاد بەرزنجی
١٥٣. ئاوریشم (چ٣)-ئەلێساندرۆ باریکۆ-و.ئازاد بەرزنجی
١٥٤. ئەفسانەی ١٩٠٠ یان نۆڤێچێنتۆی پیانۆژەن (چ٢)-ئەلێساندرۆ باریکۆ-و.ئازاد بەرزنجی
١٥٥. کوشتنی باڵندەی لاساییکەرەوە-هارپەر لی-و.لۆنا دڵشاد مەریوانی
١٥٦. شەو گەڕەکان-میران ئەبراهام
١٥٧. دەبێت شتێک بگێڕمەوە-باران
١٥٨. نامەکانی فیرناندۆ-ئەژین عەبدولخالق
١٥٩. پرۆتاگۆراس-ئەفلاتوون-و.ئاوات ئەحمەد سوڵتان
١٦٠. ڕۆژانێک من ئۆکۆردیۆنم ئەژەند-دلاوەر قەرەداغی
١٦١. لەبارەی ئیسلام و جیهانگیری و خۆرئاواوە-د. شاکر نابلوسی-و. شوان ئەحمەد
١٦٢. مارتن لوتەر-د. هاشم ساڵح-و. شوان ئەحمەد
١٦٣. هەزار و یەک شەوە (چ٣)-و.جەوهەر مەحموود داراغا
١٦٤. کاتێک ماسییەکان تینوو دەبن-حەلیم یۆسف-و. سەلاحەدین بایەزیدی

١٦٥. هانیٚ سالٚح ئەوە چاوم و پێی بروانە-یاشار کەمال-و. ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل
١٦٦. ئەسپێک لە پەڕەی گوڵاڵە (چ٢)-شێرکۆ بێکەس
١٦٧. دەربەندی پەپوولە (چ٣)-شێرکۆ بێکەس
١٦٨. خێراکە... مردن خەریکە بگات! (چ٢)-شێرکۆ بێکەس
١٦٩. ئێستا کچێک نیشتمانمە-(چ٢)-شێرکۆ بێکەس
١٧٠. یادەوەری پاسکیلێکی کەرکوکی-شێرکۆ بێکەس
١٧١. ژیان و ئەزموونی شیعریم-ئەدۆنیس-و.شوان ئەحمەد
١٧٢. پارادۆکسی نووسن (چ٢)-ڕەبیع جابر-و.شوان ئەحمەد
١٧٣. پیاوێکی تێکشکاو (چ٢)-تاهیر بن جەللون-و.ئازاد بەرزنجی
١٧٤. نامۆ-ئەلبێر کامۆ-و.سەلاحەدین بایەزیدی
١٧٥. لەبارەی ئازادییەوە-جۆن ستیوارت میل-و.ئاوات ئەحمەد سوڵتان
١٧٦. گوزەرێک بۆ یادکردنەوەی ڕابردوو-نیکۆلاس سپارکس-و.بەرزان عوسمان
١٧٧. دابرانی ئیپستمۆلۆژی لە فیکر و ژیاندا-د.هاشم ساڵح-و.شوان ئەحمەد
١٧٨. لە قوڵایی سیاسەتدا-د.بورهان أ. یاسین